نوری کەریم

بەرگی دووەم

بەشی ٥ ـ ٧

# پانۆراما
## دیرۆکی دێرین و نوێی کورد
٤٠٠٠ پز. ـ ١٩٧٥ ز.
کورد
نەتەوە،نیشتمان،ناسنامە،کولتوور

مێژووی دێرین
جوگرافیا
ئاین و ئاینزاکان
زەردشت و ئاینی زەردەشتیی
میر و میرنشینەکانی کورد
حکومەتی کوردستانی خوارو، کۆماری کوردستان
شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد
زمان و زارزمانەکان
بەختی رامیاریی

سلێمانی ـ کوردستان
٢٠١٦
هەمو مافەکانی نوسەر پارێزراون

# بەرگی دوەم
## بەشی ٥ ـ ٧

پانۆڕامای

دیرۆکی دێرین و نویی کورد

٤٠٠٠ پز. ـ ١٩٧٥ ز.

کورد

نەتەوە، نیشتمان، ناسنامە، کولتوور

مێژووی دێرین
جوگرافیا
ئاین و ئاینزاکان
زەردەشت و ئاینی زەردەشتیی
میرو میرنشینەکانی کورد
حکومەتی کوردستانی خوارووو، کۆماری کوردستان
شۆڕش و را پەڕینەکانی کورد
زمان و زارزمانەکان
بەختی رامیاریی

سلێمانی ـ کوردستان

٢٠١٦

هەمو مافەکانی نوسسەر پارێزراون

ناوی کتێب : پانۆڕامای دیرۆکی کورد٤٠٠٠ پز. ــ ١٩٧٥ ز.
بابەت : دیرۆکی دێرین و نوێی کورد و دراوسێکانی
بەرگی : دوەم
نووسەر: نوری کەریم
تایپ و هەڵەچنی : نوری کەریم
هەڵەچنیی : نوری کەریم
دیزاینی بەرگ : ئارام عوسمان
دیزاینی ناوەوە : چوارچرا ؟
چاپکردن: چاپخانەی چوارچرا ـ سلێمانی
چاپی یەکەم، کوردستان، سلێمانی ٢٠١٦
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی ( ) سالّی ٢٠١٦ی پێدراوە

نوری کەریم

بەرگی دووەم

بەشی ٥ ـ ٧

# پانۆرامای
# دیرۆکی دێرین و نوێی کورد

٤٠٠٠ پز. ـ ١٩٧٥ ز.

نەتەوە، نیشتمان، ناسنامە، کولتور

مێژووی دێرین

جوگرافیا

ئاینو ئاینزاکان

زەردشتو ئاینی زەردەشتیی

میرو میرنشینەکانی کورد

حکومەتی کوردستانی خواروو، کۆماری کوردستان

شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد

# زمان و زارزمانەکان
# بەختی رامیاریی

## سلێمانی ـ کوردستان
## ٢٠١٦

**ناوەڕۆکی بەرگی دووەم ( بەشی ٥ ـ ٧ )**

**بەشی پێنجەم**


زنجیرەی شۆڕشەکانی کورد ٠٨

کۆمەڵە و رێکخراوە نیشتمانییەکانی کورد ـ ١١

نێوان ١٩٠٨ ـ ١٩٤٧

خەبات و راپەڕینی بەدرخانەکان ٢٢

شۆڕشی یەزدان شێر ١٨٥٣ – ١٨٥٦ ٢٧

یەکەمین شۆڕشی دەرسیم ١٨٧٧ – ١٨٧٨ ٣١

شۆڕشی نەهری ١٨٨٠ ٣٥

نیشانە هەرە دیارەکانی شۆڕشەکەی نەهریی ٣٨

شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ٣٩

شۆڕشی ئاگری ـ ئارارات ٤١

دووەمین شۆڕشی دەرسیم ١٩٣٧ ٤٥

راپەڕینی بەدرخانەکان ١٨٤٣ـ ١٨٤٧ ٤٦

دوا وشە ٥١

میری شکۆداری کورد عەبدالخان ٥٥

پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم ٦٧


## بەشی شەشەم


چەندین قەڵەمی نەناسراو ٧٠

چەند ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی کوردەواری: میر شەرەفخانی بتلیسیی ٧٥

شێخ مارفی نودێ ٧٧

مەولانا خالیدی نەقشبەندی ٧٩

چیرۆکی مامەیارە ٨١

جوامێریی مامە یارە ٨٢

ئەحمەدی خانی ٨٣

ئەمین زەکی بەگ ٨٥

دوانزەسوارەی مەریوان ٨٦

ئیسماعیل شاوەیس ٩٥

داستانی قەڵای دمدم ١٠٢

چیرۆکەکە ١٠٣

نوسیتەوەیەکی دیکەی داستانی قەڵای دمدم ١١٠

گەلی باشکورد و کۆماری باشکورد بەرچاوترین نموونەی راگوێزان ١١٥

بەرکوڵێك لە مێژووی گەلی ئەرمەن ١٢٠

ئاڵۆزکردنی پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەن ١٣١

پەراوێزەکانی بەشی شەشەم ١٣٥


## بەشی حەوتەم


شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان ١٩١٤ـ ١٩٣١ ١٣٩

بنەماڵەی شێخانی سلێمانی ١٤٢

شڵەقانی بار و دۆخی رامیاریی و ئابوری کوردستان ١٤٩

ئەگەرەکانی بەردەم شێخ مەحموود ١٥٦

رووسەکان باکوور و ئینگلیز باشووری ئێران داگیر دەکەن ١٥٧

کوردو شەڕەکەی شوعەیبە ١٥٨

پەیمانی سایکس بیکۆ و ویلایەتی موصڵ "باشووری کوردستان" ١٦٤

شێخ مەحموود لە نێوان هەڕەشە و دڵنەواییکردنی تورکدا ١٦٦

رێککەوتنەکەی بەغدا لە نێوان بەریتانیاـ شای عێراق ـ شێخ مەحمووددا ١٦٩

یەکەمین کابینەی وەزیرانی حکومەتی مەلیك مەحموود ١٧٦

پەیوەندییەکانی نێوان شێخ و رووسیا و نامەو نامەکاریی ١٧٨

تەرازووی هێزە سەربازییەکانی بەریتانیا و عوسمانی ـ ١٨٣
نێوان سالانی ١٩١٥ ـ ١٩١٧

داگیرکردنی ئەستەمبوول ١٩٤

روبەڕووبونەوەکەی دەربەندی بازیان ١٩٦

ئازادکردنی شێخ لە زیندان و گەڕانەوەی بۆ کوردستان ٢٠٦
شێخی کوردان دەگەڕێتەوە سلێمانی ٢١٠
یەکەمین فەرمانی فەڕمی ٢١١
دوەمین کابینەی حکومەتەکەی مەلیکی کوردستان ٢١٢
کۆتایی شۆڕشەکانی شێخ ٢١٦
کێشەی مووصڵ و چارەنووسی باشوور ٢١٩
ئەفسەرانی بەریتانیا بە ئاشکرا و بەنهێنی لە کوردستان ٢٢٤
بیرۆی هند و بیرۆی قاهیرە ٢٢٧
بارودۆخی ئابووری و کۆمەلآیەتی کوردستان ٢٢٩
داوە قرچۆکەکەی نێوان شێخ و بەرپرسانی بەریتانیا ٢٢٨
ڕێککەوتنەکەی بەغدا ٢٣٦
ماسی لە گەرووی نەهەنگدا ٢٤٠
ئاش لە خەیاڵێك و ئاشەوان لە خەیاڵێك ٢٤٦
کۆتایی شۆڕشەکانی شێخ و داخستنی فایلی کوردستانی باشوور ٢٤٨
هۆزی جاف ٢٥٠
پڕوپاگەندە و بالۆرەی دامەزراندنی حکومەتی کورد ٢٥٧
ڕێککەوتن و پەیماننامەکانی سیڤەر، لۆزان، سایکس بیکۆ ٢٦٠
پەیمانی نهێنی سایکس بیکۆ ١٩١٥ ٢٦٨
شێخ مەحموود، سمکۆی شوکاك، حەمدی بابان ٢٦٩
شێخ مەحمود بەتەنها باڵ , سەرەتای دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە ٣٠٤
ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ٦ ئەیلوول ١٩٣٠( شەڕی بەردەرکی سەرا ) ٣١٢
بنەماڵەی دەسەلآتدارانی دەشتەکانی حیجاز ٣٣٤
ئەشرافەکانی شاری مەککە
وەهابییەکان ٣٣٦
کێشەکانی نێوان حسێن کوڕی عەلی و عەبدولعەزیز کوڕی سعوود ٣٤٠
ڕۆڵی ئەفسەری دەسگای هەوالگری بەریتانیا، ئێدوارد لۆرانس ٣٤١
کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان و پەیمانە نێوخۆییەکان: ٣٤٣
پەیمانی ئاماسییە ١٥١٢ـ١٥٢٣ ٣٤٤
پەیماننامەی زەهاو ١٠٤٨/١٦٣٨/١٦٣٩ز. ٣٤٥
پەیماننامەی گوڵستان ٣٤٦

په یمانی ئەرزرۆم ، ئەرز رۆمی دووەم ٣٤٦
دامەزراندنی شانشینی عێراق ٣٥٤
په یماننامەی مودروس ٣٤٨
په یمانی نێوان عوسمانی و کورد ٣٥٢
چەند نمونەیەك لە هەڵوێستی عەرەبەکانی عێراق ٣٥٥
پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم ٣٦٠

# بەرگی دووەم

# بەشی ٥

**زنجیرەی شۆڕشەکانی کورد**
**کۆمەڵە و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان**
**١٩٠٨ – ١٩٤٧**

**چی سنووری دنیا هەیە بیسڕنەوە**
**زەوی هەمووی وەکو لۆکە شیکەنەوە**
**کە سنووریان کێشایەوە دووبارە**
**هەردێمەوە بۆ ئەم شارە**
**هەر کوردستان**
**ئەکەمەوە بە نیشتمان**

(لەتیف هەڵمەت)

بزاڤی رزگاریخوازی کـورد لـه کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەوە هەردرێژەپێـدانی زنجیرە نەپسـاوەکەی خـەبات و قوربانیدانه له پێناو ناسنامەی نەتەوەیی و مافه پێشێلکراوەکانیدا بەڕابەرایەتیی شۆڕشـگێڕانی وەك شـێخ عەبدولسەلامی یەکەم، شێخ عوبێدوڵڵای نەهری، مەلا سەلیم، سەیید رەزای دەرسیمیی،میر بەدرخان، شێخ سەعیدی پیران، کوڕان و نەوەکانی میر بەدرخان، شێخ مەحموودی مەلیك، سمکۆی شوکاك، شـێخ ئەحمـەدی بارزان، بارزانی مستەفا، پێشەوا قازی محەممەد، هەر شۆڕشێکیش لەو شۆڕشـانه لەسـەر ئێسـك و پروسـکی شـەهیدان و مـاڵوێرانیی و ناکـامیی و نسـکۆی شۆڕشـەکانی پێشـتر و هـەر بـەخوێنی شـەهێدان و ئـاواتی سەربەخۆیی و پشت بە تاکه دۆست و پشتیوان، چیا بەرزو سەرکەشەکان هەڵدەگیرسان، شۆڕش و راپەڕینێك لەزەمینەیەکی کۆمەڵایەتی فشەڵ یا وەك قارچك و دوومەڵانی بـەهار لـە خـۆوە هەڵـتۆقیوە، بـەڵام یـەك بەدووای یەکتردا بۆ هەمان ئامانج و بەهەمان بەرنامە و پلان و جۆرەها سەرکردەوە رادەپەڕین، لە بارووذۆخ و هەل و مەرجی گونجاو نەگونجاودا دەستیداوەتە چەك و روو لە چیا جەنگی ژیان و مردنی کردووە. شۆڕش و راپەڕینـەکانیش، جارهـەبووە لـە پێنـاو زامنکردنـی چـەند داواکارییـەك یـا ئامـانجی بەرتەسـکی کەسێك،هۆزێك،یابەدەست تێوەردان و پیلانی دەرەکیی یا تەها شۆرشش لەپێناو شۆرشدا... هەرهەموو ئەو شۆڕش و راپەڕینانەش لە سفرەوە دەستیان پێدەکرد ولە ئەنجامیشدا دەهاتنەوە سەرسفر.

١- شۆڕشی کوڕی جونبولاّت (میر عەلی) ١٨٠٥ز.

٢- شۆڕشی بلباس ١٨١٨ز.

٣- شۆڕشی هەکاریی ١٨٢٨ – ١٨٢٩ ز.

٤- راپەڕینی ئیسماعیل پاشای بادینی ١٨٣٥ – ١٨٤٢.

٥- شۆڕشی میر بەدرخان ١٨٤٣ – ١٨٤٧ز.

٦- شۆڕش و بزوتنەوەکانی بەدرخانەکان ١٨٤٧ – ١٩٣٧ز.

٧- شۆڕشی یەزدان شێر (عیزەددین شێر) ١٨٥٣ – ١٨٥٦ ز.

٨- یەکەمین شۆڕشی ١٨٧٧ – ١٨٧٨ز.

٩- شۆڕشی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری ١٨٨٠ز.

١٠- راپەڕینی هەکاریی ١٨٩٥ز.

١١- راپەڕینی زیلان بەڕابەرایەتیی فەرزندە.

١٢- راپەڕینی کوڕانی غەوسی هیران، شێخ بەهادین و موحەممەد شیرین.

١٣- بزوتنەوەی پشتکۆ بەفەرماندەیی قەدەم خێر).[١]

١٤- راپەڕینی بتلیس ١٩١٣ بەسەرکردایەتی شێخ سەلیم، شەهابەددین، عەلی.

١٥- شۆڕشەکانی ئیبراهیم پاشای میللی و تەیموور پاشای میللی و نەوەکانیان ١٩٠٤ز.

١٦- شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستانی باشوور ١٩١٤ – ١٩٣١ز.

١٧- شۆڕشی سمایل خانی سمکۆ ١٩١٤ – ١٩٣٠/٦/٢١ز.

١٨- بزوتنەوەی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم ١٩١٤ ز.

١٩- راپەڕینی زاخۆ و هۆزەکانی دۆسکی، گوڵی (کولی)، سندی ١٩١٩/٧/١٥ بەسەرکردایەتی حاجی شەعبان، تایەر ئاغا، صدیق برۆ (پەڕۆ)، سلێمان موفتی.

٢٠- راپەڕینی ئیبراهیم خانی دلۆ ١٩١٩ – ١٩٢١ ز. باشووری کوردستان.

٢١- شۆڕشی ئارارات (ئاگری داخ) ١٩٢٧ – ١٩٣١ ز. بە رابەرایەتی رێکخراوی خوێبوون، باکووری کوردستان.

٢٢- راپەڕینی سەید رەزای دەرسیمیی ١٩٣١ – ١٩٣٣ ز. باکوور.

٢٣- شۆڕشی جوتکارانی خۆراسان ١٩٣٠ خۆرهەڵات.

٢٤- یەکەمین راپەڕینی بەرزان ١٩٣١ – ١٩٣٢ ز. باشوور.

٢٥- دووەم راپەڕینی ١٩٣٧ز. باکوور.

٢٦- دووەم راپەڕینی بارزان ١٩٤٣ ز. باشوور.

٢٧- سێیەم راپەڕینی بارزان ١٩٤٥ز باشوور.

٢٨- شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی ١٩٦١ – ١٩٧٥ ز. باشووری کوردستان.

٢٩- شۆڕشی نوێ ١٩٧٦ – ١٩٩١ز. باشوور.

٣٠- شۆڕشی خۆرهەڵاتی کوردستان ١٩٧٩ بەڕابەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە، کە هێشتا بەردەوامە و رۆژانە قوربانیدەدات.

٣١- راپەڕینە مەزن و سەرکەوتووەکەی کوردی باشووری کوردستان لە بەهاری ١٩٩١ دا کە گیان لەسەر دەست و سەرسەخت بەخوێن و قوربانیدان و وورەیەکی پۆڵایین تەواوی هێزە سەربازی و دامەو دەزگا تۆقێنەر و داپڵۆسێنەرەکانی رژێمی بەعسی تارومارکرد و بۆ هەتا هەتایە لە باشووری کوردستان وەدەرینان و ئەوەی مابووەوە لەولەشکرە زەبەللاحە خۆیان خستە بەختی کوردەوە.

٣٢- راپەڕینی مەلا خەلیل: مەلا خەلیل خەڵکی گوندی میراوێی سەردەشتە لە هۆزی مەنگور، پێشەوایەکی ئاینیی و خاوەن دەستەڵاتێکی کۆمەڵایەتی بوو لە مەنگور، کەوڕك، سەردەشت و سابڵاخ. نامەی بۆ هەباسی مەحموود ئاغا ناردبوو چەکداری میراودەلی دەگەڵ بخەن عەشیرەتەکانی دیکەش چاویان لێدەکەن. پشدەری لە وەڵامدا وتیان (ئینگلیز و عێراق پێیان خۆش نییە، ناتوانین یارمەتیتان بدەین، بەڵام بێت و مامش و دیبوکری و عەشیرەتەکانی تر بەشداری شۆڕشەکەیان بکەن ئەوانیش ئامادە دەبن بە ئاشکرا یارمەتی پێبگەیەنن. هاتوو خوا نەکردە مەلا خەلیل بشکێ و بیەوێ بێتە دیوی عێراق، حازرن وەخۆی بگرن و بیحەوێننەوە).(٢) دیارە شۆڕشەکە سەرکەوتوو نەبووە و مەلا خەلیل و یارمەتیدەرانی هاتوونەتە ئەمدیو (مەلا خەلیل و دەستوو پێوەندەکەی ماوەیەك لای مەلای گەورەی کۆیە مانەوە هەتا

لێبوردنی بۆ دەرچوو، دووانزە گوندی پێبەخشرا و دانیشت)[٣].

٣٣- راپەڕینی جەوهەر سوڵتان لە پایزی ١٩٣١ لە باشوری هەمەدان.

٣٤- راپەڕینی دەڤەری بۆکان لە زستانی ١٩٥٢ دا دژی دەرەبەگەکان.

٣٥- لە بەشی خواروی رۆژهەلاتی کوردستانیش (کوردستانی رۆژهـەلات دەبێت بـە ٣ بەشـەوە، بەشی سەرو بریتیە لە دەڤەری سابلاخ – مەهاباد کە ئازربایجانی خۆرئاواشی پێدەڵێن، بەشی ناوەڕاست بریتیە لە دەڤەری سنە – سنندج کە کوردستانیشی پێدەڵێن، بەشی خوارو بریتیە لە دەڤـەری کرماشـان ن.ك) چەند بزوتنەوەیەك رویاندا و رۆژنامەکانی سەر بە حکومـەت بـە هەڵـەداوان نوسـیان "جوتیـارانی کـورد زەنگی دابەشکردنی زەوی لێدەدەن،ئەو رۆژنامانە دەرەبەگەکانیش بانگدەکـەن وشـیاربن،لەژێر ناونیشـانی (ئاسـۆی خوێناوی شۆڕش لە دورەوە دیارە)، (کوردستان بۆتە کۆمۆنیست) (د. قاسملو، هەمان سەرچـاوەی پێشـو، ل ٢٠٧)

## کۆمەڵە و رێکخراوەکانی کورد

### ١٩٠٨ ـ ١٩٤٧

چەند لایەنێکی بەرپرسیاری بزاڤی کوردایەتی لە کۆتایی سـەدەی نـۆزدەدا بەبەرنامەیـەکی نوێـوە هاتنـە گۆڕەپانی خەباتەوە، وەك قەلاچۆکردنی دەردی نەخوێندەواریی، کردنـەوەی خوێنـدنگا و چـاپکردنی کتێبـی فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە کـوردی، دامـەزرانـدنی چـەندین کـۆڕ و کۆمـەڵ و رێکخـراوی رامیـاریی، کۆمەلایـەتیی، کولتـووریی بـۆ ووشـیارکردنەوەی جـەماوەری کـورد لـە ئـەرك و مافـەکانی لـەو ولاتانـەدا کوردستانی بەسەردا دابەشکراوە و کورد بزانێت لە خاك و ولاتـی خۆیـدا دیـل و چەوسـاوە و دەسـندەخۆری داگیرکارە ملهوڕەکانن، خێروبێری کوردستان دەدزن و کـورد دادەدۆشـن و دەیکەنـە سـوتەمەنی جـەنگ لـە پێناو سوڵتانەکانی تورك و شاکانی ئێراندا و لـە زیـان و تێداچـوون و مـاڵوێرانی بـەولاوە بەرژەوەندییـەکی کوردی تێدانییە، داگیرکارانی کوردستان هەرکامیان سەرکەوتووبێت یا دۆڕاو، کورد هەر چەوساوە و دیـل و کەرت و پەرتە.

ڕووداوە گرنگـەکانی سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم وەك راپـەڕینی بەشـێك لـە هێزەکـانی دەریـایی کایزەر(قەیسەر)ی رووسیا، بزوتنەوە رامیـاریی و کۆمەلایەتییەکـەی ئێـران ١٩٠٥ بەسـەرۆکایەتی دکتـۆر موصـەدیق و دوواتـر لـە تورکیـا و لەسـەردەمی سـوڵتان عەبدولحەمیـدا بەسـەرۆکایەتی مەدحـەت پاشا کەچاکسازێکی مەزنی ئەو سەردەمە بوو لە تورکیا،ئالای نوێخوازیی، دەستەلاتی یاسـا، یەکسـانیی، دادی کۆمەلایەتیی و دیاریکردنی دەستەلاتەکانی سوڵتانی بەرزکردەوە و هەر لـەو رێگەیەشـدا بـوو بـەقوربانیی. ئەو بزوتنەوە پێشکەوتنخوازە لە ئێران و تورکیاش بە بزوتنەوەی (مەشروتە) ناسرا، کە خەباتی دەکـرد لـە پێناو دەستەلاتی یاسا و (شروتەکان ـ مەرجەکان)ی پابەندبوونی دانیشتوان بە دەستەلاتی شا ـ سـوڵتانەوە، کە دەبێت دیاریبکرێن و پەرلەمان پەسەندی بکات.

بزوتنەوەی مەشروتە لـە راپـەڕین وداواکارییـەکانی هێـزی دەریاوانـەکانی نێکـۆلای کـایزەری رووسـیا وە

سەرچاوەی گرتبوو، بوون بە سێ راپەڕین دژی سێ دەستەڵاتی ملهووڕ لە ڕۆژهەڵات و بەشێکی ئەورووپاشدا و زەنگی وورياکردنەوەی گەلانی ژێر دەستەڵاتی تاکەکەسی شاو سولتانەکان بوو، عەرەب، کورد، ئەرمەن، بلووژ و ئازادیخوازانی فارس و تورکیش، لە چەندین هەڵوێستیشدا خەباتی ئەو گەلانەی پێکەوە گرێدا و یەکدەست و بەکوڵ و دڵ ڕووبەڕووی دەستەڵاتی تاکەکەسی شا و سولتان دەبوونەوە، وەك هاریکاریی تورك و کورد لەدامەزراندنی کۆمەڵەی یەکێتی و سەرکەوتن (الأتحاد و الترقي) کە چەند دروشمێکی زەق و بە باقووبریقی هەڵخەڵەتێنەری بەرزکردبووەوە، ئازادی، برایەتی، یەکسانی، دادی کۆمەڵایەتی، کە هەموو مرۆڤێکی پیشکەوتنخوازی رادەکێشا، بەڵام هەر دروشم بوون بۆ گەیشتنە دەستەڵات. سەرانی کوردیش کەوتنە خۆ، چەندین کۆڕو کۆمەڵ و رێکخراوی رامیاریی، کۆمەڵایەتیی و کولتوورییان دامەزراند هەرچەند پڕ بە پێستی واتای جەماوەریی، جەماوەریی نەبوون و پشت بە هێزی چینە چەوساوەکانی کۆمەڵی کورد ببەستن، بەڵکو لە شێخانی خاوەن گوند و فێودال و خاوەن زەوی وزارەکانی وەك شێخانی شەمزین شێخ عوبێدوڵڵا و شێخ عەبدولقادری شەمزین ـ نەهری، شێخ سەعید و سەرکردە کوردەکانی نێو سوپای عوسمانی وەك ئیحسان نووری پاشا، قوماندان خالید بەگی جوبری، ژەنەراڵ ئیسماعیل و چینی ئۆرستۆکراتی کورد و دەوڵەمەندەکان وەك بنەماڵەی بەدرخانەکان و خاوەن بڕوانامە و رووناکبیران و خوێندکارانی زانکۆکانی ئەستەمبوول بوون وەك دکتۆر فوئاد، موحەممەد تۆفیق و حاجی ئەختی و رووناکبیرانیش وەك مەمدووح سالم، ئامانجیشیان دامەزراندنی کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی بوو لە ژێر سایەی سولتاندا. خەباتکارانی کورد هەرچەند بەئامانج نەگەیشتن، بەڵام توانییان کورد وورياکەنەوە و چینەکانی کۆمەڵی کوردەواری هۆشیاربکەنەوە و دەمارە سڕوستەکانی بیری ئازادیی دەبزوێنن و چەندین کۆمەڵە و رێکخراوی رامیاریی، رووناکبیریی دادەمەزرێنن و گۆڤار و (ڕۆژنامە) و بڵاوکراوە چاپ و پەخش دەکەن و چەند فێرگەیەکیش دەکەنەوە بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بەزمانی کوردی، وەك:

١ـ کۆمەڵەی یەکێتی و سەرکەوتن (پێشکەوتن)- ئیتحاد و تەرەقی: کۆمەڵەیەکی رامیاری بوو ١٨٨٩ بەهاوبەشی تورك و کورد دامەزرا و ١٩٠٢ یەکەمین کۆنگرە لە پاریس دەبەستن بەئامادەبوونی دوو نوێنەری کورد عەبدولڕەحمان بەدرخان و حیکمەت بابان. دووای کۆنگرەی دووەم ١٩٠٨ رێبازی کۆمەڵەکە گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بەسەردا هات و روویکردە دەستەڵاتی تاکەکەس و تۆرانیزم.

٢- عەزمی کورد یەکەمین رێکخراوی رامیاریی کوردە، شێخانی نەهری ١٩٠٨ دژی شۆڤێنزمی تورك دایانمەزراند.

٣- کۆمەڵەی بەرزیی و پێشکەوتنی کورد (تعالی و ترقی کرد) ١٩٠٨/٩/٢٥ بەرابەرایەتیی ئەمین عالی بەدرخان و شەریف پاشای خەندان و شێخ عەبدولقادری شەمزین و خەلیل خەیالی و داماو، دامەزرا و لقەکانی کۆمەڵە لەشارەکانی ئامەد، بتلیس، وان، ئەرزرۆم چالاکییەکانی دەنواند. رۆژنامەوان و مێژوونووسی فەرەنسایی و دۆستی کورد، کریس کۆچیرا دەڵێت: ئەو کۆمەڵەیە (داوای سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد لە چوارچێوەی یەکێتی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ژێر سایەی سولتان وەحیددین و

جیانەبوونەوەی لە تورك دەكرد) سوڵتانەكانی عوسمانیش بنكە جەماوەرییە فراوانەكەی گەلانی دەوڵەتی عوسمانییان دۆڕاندبوو، وەحیددین دەیویست ئەگەر بە رووكەشیش بێت پشتیوانیی كۆمەڵەكە بكات و لەو رێگەیەوە دڵسۆزیی و هاوكاریی چەند ملیۆنێك كورد زامندەكات بۆ درێژەپێدانی دەستەڵاتی خۆی.

دكتۆر بلە چ شێركۆ (سورەییا بەدرخان) دەڵێت: سوڵتان فەرمانیدا لیژنەیەكی بالا بەسەرۆكایەتی شەیخولئیسلام(موفتی ولاتی عوسمانیی) ئیبراهیم حەیدەریی و ئەندامێتی دوو نوێنەری سوڵتان،عەبووق پاشا و عەونی پاشا و نوێنەرانی كورد عەبدولقادر شەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان و موراد بەدرخان و مەولانازادە رەفعەت و دوو ئەفسەری كورد، ئەمین زەكی بەگ و عەونی بەگ كۆببنەوە بۆ پلاندانان و ئەنجامدانی سەربەخۆیی كوردستان. وەك ئاشكرایە ئەو پڕۆژەیەش بەرهەمی نەبوو، هۆكاریی هەرە كاریگەریش بیروبۆچوونی جیاواز و پێكنەهاتنی بنەماڵەی شێخان و بنەماڵەی بەدرخانەكان لەلایەك و دروست نەخوێندنەوەی بارودۆخی نێودەوڵەتیی بوو بەوشێوەیەی شەریف پاشا لە نزیكەوە ئاگاداربوو. كۆمەڵەكە لە رووكەشدا بەیەكگرتوویی مابووەوە، بەڵام ناكۆكییەكان قوڵدەبوونەوە، ئەمین عالی بەدرخان رۆژنامەی (پەخشنامە)ی (هاوكاری و پێشكەوتنی كورد) و شێخ عەبدولقادریش (هەتاوی كورد)ی بلاودەكردەوە و لە شەڕە دەنووكی نێوانیاندا نهێنییەكانی یەكتریان ئاشكرا دەكرد. هەوڵ و كۆششی بەردەوامی نوێنەری كورد ژەنەراڵ شەریف پاشای خەندان لەوەدا خەستدەبێتەوە ئەنجامی كارەكانی لەگەڵ كۆنگرەی ئاشتیدا بخاتە بەردەم سەركردەكانی كۆمەڵە: ئەو ناوچانەی ئەرمەنەكان داوای دەكەن خاكی كوردە.سەرفرازیی كوردیش (لەبارودۆخی ئێستادا . ن.ك) لەوەدایە پاڵبدەین بە توركیاوە و لە ژێر سایەی ئۆتۆنۆمی بەڕێوەبردنی كاروباری ناوخۆی كوردستاندا لە چوارچێوەی توركیادا بمێننەوە. ئەگەر پشتگیریی ئەو پڕۆژەیە نەكەن، دەست لەكار دەكێشێتەوە (ئیستیقالە[٤]).

بەڵام نازانین مەبەستی دەستكێشانەوەیە لە نوێنەرایەتی كورد یا دەستبەرداربوونە لە كۆمەڵە؟ (شەریف پاشا ١٨٦٥ ـ ١٩٤٥ناوی موحەممەد كوڕی سەعید پاشای كوڕی حسەین پاشای كوڕی ئەحمەد ئاغای خەندانە و لەشاری سلێمانی لە دایكبووە . سەعید پاشای باوكی لەناو عوسمانیاندا پلەو پایەی بەرزو دیاری هەبووە، بنەماڵەكەشیان هاوكارێكی نزیكی پاشاكانی بابان بوون ودووای رووخانی بابانیش چوونەتە ئەستەمووڵ .شەریف پاشاهاوپۆلی شێخ مەحموود بوو لە حوجرەكەی خواجە ئەفەندی، دووای ئەوە لە ئەستەمووڵ درێژە بە خوێندن دەدات و ١٨٨٥دەچێتە پاریس وخوێندنی سەربازی تەواودەكات و دەبێتە ژەنەراڵ وزمانەكانی ئیتالی وفەرەنساوی ویۆنانی فێربووە . ١٨٩٠بۆتە هاوسەری (ئامینە خانمی . ن. ك .) كچی عەباس حیلمی ئامۆزای فارووقی پاشای میسر، ١٨٩٨ـ ١٩٠٨ دەبێتە باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی لە سوید،١٩٠٨ گەڕاوەتەوە ئەستەمووڵ و لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان و شێخی شەمزینیدا كۆمەڵەی تەعالی تەرەقی كورد دادەمەزرێنن،١٩٠٩لەپاریس، حزبی رادیكاڵی عوسمانیی دادەمەزرێنێت و هەمان ساڵیش گۆڤاری (مەشروتییەت) لەپاریس دەردەكات. كۆتایی ١٩٥١لە شاری ناپۆلی ئیتالیا كۆچیدواییكردو تەرمەكەی گوێزرایەوە بۆقاهیرە و لە گۆرستانی خدێوییەكان نێژراوە، هەرچەند وەسییەتی كردبوو لاشەكەی

بسوتێنن و خۆڵەمێشەکەی بکەنە دەریاوە چونکە خاك وڵاتی نیە. بڕوانە کارزان یاسین، ڕۆژنامەی هەولێر، ژ/١٣٤١ ڕۆژی ٢٠١٢/٥/٢٢) ئەکرەم جەمیل پاشای ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە ڕۆژی ١٩٢٠/٢/١٨ لە ڕۆژنامەی جاگادامارد بڵاویکردەوە زۆربەی کورد بەووریەکی بەرزەوە داوای سەربەخۆیی دەکەن. دڕندەیی مستەفا کەمال بەرامبەر کورد شتێکی لە قەلاچۆکردنی ئەرمەن کەمتر نییە، ئێمەش نێزیکەی ملیۆنێك قوربانیمان داوە. شێخ عەبدولقادریش دەیوت: ئەرمەن داوای شەش هەرێمەکەی خۆرهەلاتی تورکیا دەکەن کە پێنج هەرێمیان کوردستانە، بۆ داوای ئۆتۆنۆمی دەکەین؟ بەهێزو توانای خۆمان سەربەخۆیی تەواو بەدەست دەهێنین، چوونە پاڵ ئەرمەنیش دژی تورك کارێکی پووچەڵ و شێوە ناپاکییە.(٥)

٤- کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری کورد (جمعیت معارف کرد) عەبدولرەحمان بەدرخان ١٩٠٨ لە ئەستەموولْ دایمەزراند، زۆرینەی ئەندامەکانی خوێندکاری پەیمانگا و زانکۆکانی بوون و دەوڵەمەند و دەستڕۆشتووەکانی کورد یارمەتییاندەدا. خەلیل خەیالی چالاکترین ئەندامی کۆمەڵەکە بوو. ساڵی ١٩٠٩ دەستەڵاتدارانی تورك قەدەغەی دەکەن. کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهان کە هاوپەیمانەکان هاتنە ئەستەموولەوە، کۆمەڵەش بووژایەوە.

٥ - کۆمەڵەی جیهاندانیی، سمکۆی شوکاك و عەبدولڕەزاق بەدرخان ساڵی١٩١٣لە شاری (خۆی) خۆرهەلاتی کوردستان دایانمەزراند و ١٩١٣/١٠/٢٧ بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی بەزمانی کوردی یەکەمین خوێندنگە لەوشارەدا دەکەنەوە.

٦- کۆمەڵەی هێڤی ١٩١٠/١/٩ خەلیل خەیالیی دایمەزراند، ئەندامەکانی کۆمەڵێك خوێندکاری پەیمانگای کشتوکاڵ بوون لە ئەستەموولْ، ١٩١٣/٦/١٩ قەدری پاشا و مەمدووح سالم یەکەمین ژمارەی (ڕۆژی کورد) بەهەردوزمانی کوردیی و تورکیی بڵاودەکەنەوە و فێرگەیەکیش لە ئەستەموولْ دەکەنەوە بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردیی لە ژێر دروشمی (قەڵەم بەر لە شمشێر)، خوێندکارانی زانکۆ خۆبەخش کاریان تێدادەکرد. ١٩١٣/١٠/١٤ یەکەمین ژمارەی هەتاوی کورد لە جێگەی ڕۆژی کورد بڵاوکرایەوە(٦).

٧ـ کۆمەڵەی بەرزی کوردستان (جمعیت تعالی کردستان) ١٩١٧/١١/١٩ دامەزراوە، بڵاوکراوەی (ژین)ی دەردەکرد، ڕێبازێکی نەتەوەیی هێمنی پیادە دەکرد بۆ دابینکردنی مافەکانی کورد لە ڕێگەی خەباتی ڕامیاریی و دیالۆگەوە ـ یەکەمین هەنگاو پەیمانێك لەگەڵ حیزبی ئازادیی و پێکهاتن دەبەستن کە گەیشتنە دەستەڵات شێوە سەربەخۆییەك لە چوارچێوەی تورکیادا بۆ کورد بسەلمێنن.

٨ـ کۆمەڵەی بەرزیی ئافرەتی کورد ١٩١٩/١١/٢ ئەمینە خانم هاوسەری شەریف پاشا دایمەزراند بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی لە نێو ئافرەتاندا و هۆشیارکردنەوەیان و خەباتکردن لە پێناو یەکسانیدا.

٩ـ کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد (جمعیت استقلال کرد) ١٩٢٢ لە سلێمانی بەسەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ مستەفا پاشای یامۆڵکی دامەزراوە، لە پێناو گەیاندنی دەنگی کورد و مافەکانی کورددا. مارتی ١٩٢٠ داواکارییەکانی گەلی کوورد پێشکەش بە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان دەکات (کوردستانێکی سەربەخۆی یەکگرتوو بە کوردستانی بندەستی ئێرانیشەوە.. بەڵام هاوپەیمانان لەبەرنامەیاندا نەبوو بەهیچ شێوەیەك

دەستکاریی یەکێتیی خاکی ئێران بکەن کە لە جەنگەکەدا بێلایەن بوو).
١٠ ـ کۆمەڵەی خۆیبوون: ئەنجامی یەکگرتنی ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانە دامەزرا:
أـ بەرزیی کوردستان ١٩١٧ دامەزرابوو (ڕۆژنامەی)ی ژینی دەردەکرد.
ب ـ کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد ١٩١٨ دامەزرابوو،(ڕۆژنامەی) هاوار و رووناکیی چاپ و بڵاودەکردەوە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان.
ج ـ ڕێکخراوی کوردستان.
دـ کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد.
هـ ـ کۆمەڵەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی (جمعیت تشکیلات اجتماعیە).
صاڵی١٩٢٧ هەموو ڕێکخراوەکانی کورد (لە باکور ن.ك.) لە حیزبی خۆیبوون دا یەکدەگرن بە دەست پێشخەریی دەربەدەرەکانی وڵات کە زۆربەیان دەرەبەگ،خاوەن موڵك، روناکبیربوون و یەکەم کۆنگرەی لەهەمان ساڵدا لە هاوینەهەوارێکی (جبل حمدون — لبنان) بەست و یەکێك لە سەرکردەکانی ئەرمەن بە نێوی پاپا زیان بەشداریی کاروبارەکانی کۆنگرەکەی کرد. بیرتەسکیی و بەرژەوەندیی تایبەتیی سەرکردەکانی(خۆیبوون) ڕێگربوون لە گەشەکردنی ڕێکخراوەکە و پشتیان بە زلهێزەکان بەستبوو کە دەیانویست کێشەی کورد بکەنە کارتی فشار بۆ سەر تورکیا. فەڕەنسا لە جموجۆڵەکانی خۆیبوون بێ ئاگا نەبوو بەلاّم بەریتانیا دەستی تێوەردابوو، جگە لەوەی خۆیبوون راستەوخۆش کەوتبووە ژێر نفوزی داشناق (ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی ئەرمەن)داشناق کۆمەکیی سیاسیی و سەربازیی و دارایی بەخۆیبوون دەکرد.
خۆیبوون دوو هەنگاوی مێژوویی زۆر گرنگی بۆ هەتا هەتایە کردۆتە شانازیی بۆ خۆیبوون و بۆ کورد، نەخشاندنی ئالاّی کوردستان و نەخشەی کوردستان وسڕینەوەی هەستی نائومێدیی دوای شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران کە نەبێتە هۆی خاوبوونەوەی تەوژمی بەرگریی و وورەبەردانی کوردو ڕێگە بۆ تورك ئاسانبکات قەلاچۆیان بکەن و لە نێو تورکدا بتوێنەوە. لەبواری میدیا و راگەیاندن و ووشیارکردنەوەدا خۆیبوون بەڕادەیەك چالاك بوو، بنیتۆ مۆسۆلۆنی ١٨٣٥ — ١٩٤٥ سەرۆکی ئیتالیا لە ١٩٢٢دا ئامادەیی پیشانداوە یارمەتی کورد بدات. ئیتالیا و تورکیا ناکۆکبوون هەردووکیان چاویان لەوڵاتانی بالکان بڕیبوو، تورکیا لە ترسان خۆی بە پەیمانی سەعد ئابادەوە هەڵواسی و ئیتالیاش بۆ راگرتنی باڵانس، کوردی لەدژی تورکیا تیژدەکرد.. شۆڤێنزمی تورك و وڵاتە دراوسێکان بە جۆرێك هەموو ڕێگاکانی ئاشتی و خەباتی دیموکراتیانەودیالۆگ و لەیەکتر تێگەیشتن لە رووی خۆیبووندا دادەخەن، ناچاردەبێت بەرنامە رامیارییەکەی بگۆڕێت و دەست بداتە چەك و پاڵبدات بە تاکە دۆست و پشتیوانەوە،چیاکانی کوردستان و داکۆکی لە مان و بوونی کورد بە شۆڕشی چەکدار بکات کە دوژمن زمانی ئاشتی و دیالۆگ تێنەدەگەیشت.
صاڵی ١٩٢٧ هەرهەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کورد کە لە سنووری تورکیادا کاریاندەکرد و شاری ئەستەموولیشیان کردبووە بنکەی چالاکی بەگرووپی (تشکیلات اجتماعیە) شەوە خۆیان لەیەك ڕێکخراوی رامیاری چەکداردا تواندەوە بە نێوی کۆمەڵەی خۆیبوون بەسەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشا

١٨٩٣ – ١٩٧٦ز. كە زۆربەی ئەندامەکانی لە رووناکبیر و خاوەن بڕوانامەکان و خوێندکارانی زانکۆکانی ئەستەموولّ و بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکانی کووردبوون ئەگەر نەڵێین فیوداڵ و خاوەن سامان و دەوڵەمەنە قورسەکان نەبووبن!

ڕێکخراوە نوێیەکە(خۆیبوون) کەوتە چالاکیی و زەمینە خۆشکردن بۆ شۆڕشی چەکدار

ـ شۆڕشی ئارارات ١٩٢٧ ـ ١٩٣٠رادەگەیەنێت بە سەرۆکایەتی ئیحسان نوری پاشا و لەو رووەوە هەنگاوی سەرکەوتووی دەنا.

ـ دڵی ئەرمەنەکانی لە کورد پاککردەوە.

ـ گفتی یارمەتیی و هاوکاریی لە رەزا شای ئێران وەرگرت.

ـ هۆزێکی جەلالی یاخیبوو لە تورك دەکاتە هاوپەیمان و هاوسەنگەر دژی تورك.

ـ لە هەوڵداندا بوو لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بۆ پیادەکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی سیڤەر و دامەزراندنی حکومەتی کوردستان .

ـ پەیوەندی بەکوردی سووریاشەوە کردبوو، بەگەرمیی بەپیر شۆڕشەوە هاتن.

ـ شێخ ئەحمەدی بارزان ١٩٣٠/٦/٢١ هێزێکی چەکدار دەنێرێت و لە ئۆراما پەلاماری لەشکری تورك دەدەن و بەردەوامیش هاوکاریی شۆڕشی دەکرد و بەرادەیەك زیانی بە تورك دەگەیاند، ناچار بن لای نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراق سکاڵانامەیەك پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی لە سنووری عێراقدا گورزێکی کوشندە لە هێزەکانی شێخ ئەحمەد بوەشێنن لە بارزان، دەستەڵاتدارانی بەریتانیا داوا لە شێخ ئەحمەد دەکەن دەست نەخاتە کاروباری ناوخۆی تورکیاوە، شێخ گوێ بەو داواکارییەی ئینگلیز نادات کە لەشێوەی فەرماندابوو، لەوەڵامدا دەڵێت ئەوە کاروباری ناوخۆی کوردە، ئێمە نەتەوەیەکین،دەستمان لەکاروباری بێگانە وەرنەداوە...هەربەو هۆیەوەش نێوانی لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیز تێکچوو، درندانەش لە ئاسمان و زەوییەوە پەلاماری بارزانیان دا.. لە هەموو سامان و دارایی و خۆشییەکانی ژیاندا، شێخی بارزان چەند شتێکی زۆر بەلاوە خۆشەویست بوو، بارزان و بارزانیان، مەشخەڵانی ئاگری زستانەی بارزان و ترێ کێویلەی بارزان. خۆیبوون و شۆڕشی ئارارات (ئاگری داغ) دوژمن شپرزە دەکەن زۆریان بۆ هات و کەوتنە فرتوفێڵ، بڕیاری لێبوردنی گشتیی، گێڕانەوەی راگوێزراوە کوردەکان بۆ شوێنی خۆیان و پێکهێنانی لیژنەیەکیش بۆ سەرپەرشتیی کاروباری کوردستان. هەردوو لیەنەکەش بەڵێنیان دا:

١ـ کورد پەلاماری بایەزید نەدات.

٢ـ تورکیش پەلاماری چیای ئارارات و لوتکەی ئاگری داغ نەدات.

بەڵام تورك کە هەرگیز خاوەن پەیمان و بەڵێن نەبوون لەگەڵ کورددا و تەنها بۆ چاوڕاوو کەڵك وەرگرتن لە کات و خۆکۆکردنەوە پەیمانیان لەگەڵدا بەستووە، لە مایسی ١٩٣٠دا، بە هێزێکی قەبەوە پەلاماری چیای ئاگری دەدات و مانگێك بەردەوام ئاگربارانی شۆڕشگێڕانی کورد دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بە جۆرێك دەشکێن وبە سەرشۆڕیی گەڕانەوە، بوون بە پەندی زەمانە، زیانیشیان گەلێك زۆربوو، دەستکەوتی

شۆڕشگێڕانی کوردیش:

١٧,٠٠٠هەزار سەرباز خۆیان دابەدەستەوە.

٦٠٠ شەش صەد گوللە پرژێن (شەست تیر).

٢٤ بیست و چوار تۆپهاوێژی قورس.

١٢ فڕۆکەش سەرنگونبوون.

ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی شۆڕشی ئاگری لە کاتێکدا بوو، سەرکردایەتی بڕیاریدابوو دووای ئامادەکاریی تەواو شۆڕش لەکات و شوێنی گونجاوودا هەڵگیرسێت، بەڵام سەرهەنگ خالید بەگی جوبران فەرماندەی سەربازگەی تورك لەئەرزروم ئاگاداریان دەکات تورکی دوژمن نیازی خراپە و هاکا هێرشیان هێنا. تورك ئەو شکستە ئابڕوبەرەی بەسەرخۆیدا نەهێنا و بێشەرمانە رەزامەندیی ئێرانی دوژمنە خوێنخۆرەکەیان وەردەگرن (بەزۆر یا بە پیاوەتی) هێزەکانیان بە نێو خاکی ئێراندا دزەدەکەن و ترسنۆکانە لە پشتەوە پەلاماری شۆڕشگێڕانی کورد دەدەن و راپەڕینەکە دامرکایەوە و ١٦٥ گوند و ٨١٦،٦ خانوو وێران بوون (بە کەڵك وەرگرتن لە د.قاسملو). ئەوە یەکەمین جار و دوواجاریش نییە دوژمنانی کورد هەموو کێشەو ناکۆکییەکانیان دەخەنە لاوە و دەست دەخەنە دەستی یەکتر بۆ سەرکوتکردنی کورد، ئەمە لە باکوور، لە باشووری کوردستانیش بەریتانیا و عێراق و ئێران شێخ مەحموودیان بێدەنگ کرد، پەیمانە رەشەکەی حەمە رەزاشای ئێران و صەددام حوسەینیش نوێترین نموونەیە و بە پێوانەی مێژوو هەردوێنێ بوو.

ژیلەمۆی فەرمانڕەوایی قەوارە لە نێوچووەکانی باووباپیران لە دەروونی سەران و رووناکبیرانی کووردا دەگەشایەوە، هەر بۆنموونە میرنشینی بادینان ١٣٠٠ – ١٨٤٢ز. یەکێك لەوەچەکانی خەلیفەی عەباسیی موعتەصیم بیللا (المعتصم بالله) بە نێوی بەهائەددین دایدەمەزرێنێت و هەربەناوی ئەویشەوە ناودەنرێت میرنشینی بەهائەددین– بەهادین – بادینان و لەماوەی پێنج سەد ساڵێکدا بیست و پێنج میری بنەماڵەکە بە دووای یەکدا میرنشینەکە بەڕێوەدەبەن، دووەمین میریان بە سەرداری ئامێدی (صاحب العمادیە) ناودەبرا و سنووری دەستەڵاتی ئاکرێ و زاخۆشی دەگرتەوە، بنکەی فەرمانڕەوایی بادینان شاری ئامێدی بوو کە یەکێکە لە شارە هەرە دێرینەکانی مێژوو، نزیکەی ٣،٠٠٠ سێ هەزار ساڵ دەبێت دروستکراوە. میر حەسەنی کوڕی سەیفوددین لە میرە بەهێزەکانی بادینانە، بەسەر، لەشکری مەڕدارە سپییەکانی تورکدا (ئاق قۆینلی) سەرکەوت.. دووای خۆی میر حسێنی کوڕی١٥٣٤ـ١٥٧٦جێگەی دەگرێتەوە و بایەخی زۆری بەئاوەدانیی وڵات دەدا، منارە بەنێوبانگەکەی ئامێدی لە سەردەمی ئەودا بەرزکرایەوە، کە مردیش لە قوببەیەکی مزگەوتەکەدا نێژراو هەتا ئەمڕۆش هەرماوە لە پاڵ چەندین شوێنەواری کۆنی زەردەشتیی، دیان، جوولەکەدا. ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە چەند میرێکی لاواز دێنە سەرکار و پارێزگاریی میرنشینەکەیان بۆ ناکرێت و لە ١٨٤٢ دا دەڕووخێت. میرەکانی بادینان پەیوەندیی دۆستانەیان بە میرەکانی بابانەوە هەبووە کە ئەوانیش ١١٩١ك/١٧٨٤ز. شاری سلێمانیان دروستکردووە.

ئامانجی سەرەکیی رێکخراوەکانی کورد لە باکوور، بەدەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کورد لە

چوارچێوەی تورکیا و لە ژێر سایەی سوڵتاندا وەك نەتەوەیەکی سەرەکیی هاوشان و یەکسان لەگەڵ تورکدا لە هەموو ئەرك و مافەکاندا، وەك پرۆژەی پەیمانەکەی مەلا ئیدریسی بتلیسی؟ - ١٥٢٠ز. لەگەڵ سوڵتان سەلیمی یاوزدا ١٥١٢ — ١٥٢٠ز.کە بریتیبوو لە سەربەخۆییەك کورد هەموو کارێکی لە دەست خۆیدا بێت جگە لە سیاسەتی دەرەوە کە لە دەستەلاّتی حکوومەتی ناوەندا دەمێنێتەوە. یەکەمین بەرهەمی ئەو پەیمانە و پشتگیریی و دڵسۆزانەی کوورد لە وڵاتی هاوبەش سەرکەوتنی سوڵتان سەلیم بوو بەسەر شا ئیسماعیلی سەفەویدا لە جەنگە بەنێوبانگەکەی چاڵدیران دا و جەنگاوەرانی تورك و کورد شانبەشان قوربانییان دەدا و بەخوێنی گەش ئەو سەرکەوتنە مەزنەیان لە مێژووی تورکدا تۆمارکرد کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی بەسەر تەرازووی هێزەکان و پەیوەندیی تورکیا و ئێراندا هێنا.

سوڵتان سەلیم نامەیەکی دوورو درێژی پڕ لە رێزو نەوازشی بۆ مەلا ئیدریس بتلیسی ناردووە دووای ئەوەی لەشکری یەکگرتووی میرەکانی کورد، شاری ئامەد (دیاربەکر) دەگرن: ...مەولانا مەلا ئیدریس نامەکەتان گەیشت کە مژدەی رزگارکردنی هەموو ویلایەتی دیاربەکری تێدایە، ئەوەش بەهۆی ئاینپاکی و دەستپاکیی و ئەوپەڕی دۆستایەتیی راستەقینە و سەرڕاستیی ئێوەوە، خوا یاربێت دەبنە هۆیەکی ئەکتیڤ بۆ رزگارکردنی گشت ویلایەتەکان. چاوی سەرپەرشتیی و دەستگیرۆیی ئێمەتان لەسەرە، لەگەڵ موچەی مانگانەدا دووهەزار جونەیهی زێڕو بەرگێکی سمۆرە وشمشێرێکی زێڕپۆشمان بۆناردن.. هەربمێنن لە سایەی ئێمەدا کە شایان و شیاوی هەموو جۆرە سۆزێکمانن بۆ بەرزنرخاندنی خزمەتەکانتان و پاداشتی سەرڕاستیی و دڵسۆزیتان)[٧].

(.. مولانا حكيم الدين (أدريس) أدام الله فضائله ليعلم عند وصول الفرمان العالي الهمايوني، ان كتابكم وصل الآن الى سدتي السعيدة مفيداً بشرى تسببكم فتح ولاية دياربكر كلها على مقتضى حسن ديانتك و أمانتك و فرط صداقتك و استقامتك.. و ان شاء الله تكون سبباً فعالاً في فتح سائر الولايات و أنواع عناياتي العلية متوجهةٌ اليك و مبذولة في حقك، وقد أرسل مع مخصصاتكم ألفا جنيه ذهب و فروة سمور.. و سيف مذهب .. دمت ممتعا بما أنت جدير به من أنواع تعطفاتي.. تقديراً لخدماتك و مكافأةً لاستقامتك و إخلاصك)[٨] بەڵام تورك وەك پیشەی دێرینیان بێ پەیمان و بەڵێن بوون، ئەمجارەش لە پاداشتی دڵسۆزیی و قوربانیدانی کووردا لە ئاسیا و ئەفەریقا و ئەوروپای خۆرهەڵات و گەمارۆدانەکەی شاری ڤییەنا — نەمساشدا لە پێناو سوڵتاندا بێ مروەت بوون. لەو رۆژگارانەوە خوێنی کوردو تۆوی کورد بە جیهاندا بڵاوبووەوە. جا لە جەنگە خوێناوییەکان نەگەڕانە دوواوە یا لەدەست جەور و ستەمکاریی سەری خۆیان هەڵگرت یا دوورخرانەوە و بەدەستبەسەریی ئاوارەی وڵاتان دەکران. ئەوانەش کە مانەوە لەسەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی کوڕی سوڵتان سەلیم کوڕی سوڵتان بایەزیدەوە کەوتنە بەرشمشێری بەرنامەی قڕکردن و توانەوەی کورد و تیژکردنی میرەکان لە یەکتر و هاوکاریکردنی میرە بێهێزەکان دژی بەهێزەکان لە پێناو لەناوبردن یا خۆبەدەستەوەدان و ملکەچ کردنیاندا. مێژوونووسی کورد مەلا جەمیل رۆژبەیانی دەڵێت: (مەلا ئیدریسی بتلیسی، میرنشینی حەسەن کێف دادەمەزرێنێت و مەلیك خەلیلی بەسەرەوە دادەنێت و

نەیهێشت کوانووی ئەیوبیان کوێربێتەوە).[٩]

وەك پێشتر وتمان سەربەخۆیی و نیمچە سەربەخۆیی میرنشین و دەوڵەتەکانی کورد لە رابردوودا و بزوتنی دەماری سڕبووی (سڕکراوی) هەستی وڵاتپارێزیی و سەربڵندیی نەتەوەیی لە ژێر کاریگەریی ئاین و فرت و فێڵی جەنگی پیرۆز دژی گاوران (کافران) لە پێناو ئامانج و پلانەکانی بەناو خەلیفەکانی پەیامبەردا بۆ دەستبەسەرداگرتنی وڵاتان و ژێر چەپۆککردنی گەلان و دادۆشین و تاڵانکردنی سامان و فەرپیتی خاکیان و ناردنیان بۆ بەرەی جەنگە خوێناوییەکان کە هەر نەدەبڕانەوە و تیژتر دەبوون و هەربەگیانی مرۆڤی دەستبەستراوو دیلیش سوتەمەنی بەردەوامی بۆ دابیندەکرا، نیشتمانپەروەرانی کورد لە چینەکانی سەرۆك هۆزو ئەفسەرانی نێو سوپای تورك و رووناکبیرانی کورد رادەچڵەکێنێت بیرێك لە ئێستا و داهاتووی گەلەکەیان بکەنەوە و نەبنە دوواکەوتەی دوواکەوتووان و رەوڕەوەی مێژوو بیانپلیشێنێتەوە.ئەوەندەی لە تواناشیاندا بوو، ئایدۆلۆژیای تایبەت و پلەو پایەی کۆمەڵایەتیی و خۆپەسەندیش رێگەی پێدەدان کەمتەرخەم نەبوون و کوردی باکوور چەندین لاپەڕەی راپەڕین و شۆڕشی تۆمارکرد.

١ـ شۆڕشی بەدرخان بەگ (دامەزرێنەری بنەماڵەی بەدرخان) میربەدرخان ١٨٤٣ – ١٨٤٧ز. ئاڵای خەبات و راپەڕین بەرزدەکاتەوە لە پێناو یەکخستنی میرو میرنشینەکانی کوردا بۆ دامەزراندنی کوردستانێك هەموو میرو سەران و رووناکبیرانی کورد بەگیانی دڵسۆزیی و برایەتیی و بەرژەوەندیی باڵای کوردەوە بەشداریی تێدا بکەن و گیانیی ناکۆکیی و ململانێی دەستەڵات بخەنە لاوە و دەرمانی دەردە مێژووییەکەی کورد (دەردەکورد) بکەن. نیشتمانپەروەرو خەمخۆرو دڵسۆز و مێژوونووسی گەورەی کورد ئەمین زەکی لە مێژووی کورد و کوردستاندا دەڵێت: (ئەم میرە، ١٨١٢ هێشتا لە تەمەنی هەژدەساڵاندا بوو حکومەتی جزیرە (بۆتان)ی بەرێوەدەبرد، هەوڵیدەدا پیلانەکانی تورك پووچەڵ بکاتەوە و سەرانی کورد لە یەکگرتنێکی برایانەی بەهێزدا کۆبکاتەوە لەپێناو رزگارکردنی گشت وڵاتی کورد لە بندەستی تورك، لەڕاستیشدا میرەکانی هەکاری، هیزان، مووش و چەند زانایەکی ئاین پشتی دەگرن. کارگەیەکی بەرهەمهێنانی تفەنگ و تەقەمەنی لە شاری جزیرە دامەزراند، حکومەت دوو نوێنەری نارده لای دەست لەوکارانە هەڵبگرێت.. میر هێزەکانی تورك شڕ دەکات و ١٨٤٢ سەربەخۆیی کوردستانی راگەیاند و دراوی تایبەتی خۆیشی لێدا، دەستەڵاتی میری بۆتان دەگەیشتە وڵاتی وان، سابلاخ، رەواندز، موسڵ، قەڵا جەنگییەکانی سنجار (ژەنگار – شەنگاڵ)، قەڵای دیاربەکر داگیر دەکات، دەستدەگرێت بەسەر هەردوو شاری شنۆ، ورمێ. تورك دووەم هێرشی دەکەنە سەر بەسەرکردایەتی عوسمان پاشا و جەنگ لە دەوروپشتی ورمێ هەڵگیرسا، بەڵام عیزەدین شێر و پیاوەکانی دایانە پاڵ دوژمن و میر بەدرخانیش دەکشێتەوە قەڵای ئەرووخ، بەڵام دوژمن هێزەکەی شکاند و میر و دووان لە کوڕەکانیشی دەگرێت و ١٨٤٢ز. ناردنی بۆ ئەستانە. [١٠] (مەبەستی ئەستەمووڵە ن.ك). دکتۆر بلە چ شێرکۆی بەدرخانیش لە کتێبی (دۆزی کورد، رابردوو و داهاتوویان)دا دەڵێت: پێشەواکانی کورد چوون بە پیر بانگەوازەکەی میرەوە و هاتنە نێو پەیمانە پیرۆزەکەوە، لە پێشەواکانی وان، مستەفا، دەروێش بەگ و مەحموود خان. نووروڵڵا بەگ، خالید بەگی

سەرۆکی میزان و شەریف بەگ لە سەردارانی مووش. لە هەرێمی فارس و ئاجاریش حسێن بـەگ کـوور کـە سەرۆکی هۆزەکانی هەرێمەکە بوو. جگە لە میری ئەردەڵانی ئێران و شێخ موحەممەد. لـە زانایـانی ئـاینیی بەنێوبانگیش شێخ موحەممەد لە مووصڵ و شێخ یووسف لە زاخۆ. شۆڕشەکەی میر بەدرخان لەوەدا نوێ بوو دروشمی سەرەکی رزگارکردنی کوردستان بـوو، دەسـگای پیشەسـازی و بەرهـەمهێنانی چـەك و پەرەپێـدانی پیشەگەری دامەزراند و پەیوەندی بەئیبراهیمی کوڕی موحەممەد عەلی میصریشەوە دەکات.

نووسەری کتێبی کردها وکوردستان، درك کینان نوسیوێتی میری بۆتان لە ١٨٤٣وە چوار ساڵ لە پێناو دامەزراندنی حکومەتی کورددا دەجەنگا، مژدەهێنەرانی دیانەکان دەڵێن بە پێی یاسـاو دادی کۆمەڵایـەتی وڵاتی بەڕێوەدەبرد[١١]. دکتۆر ئەورەحمان قاسملۆ دەڵێت کە صـاڵی ١٨٤٢ هـات مـیر بـەدرخان هـەرێمێکی یەکگرتووی دامەزراند لە باکوورەوە لە گـۆمی وان بـۆ گـۆمی ورمـێ و لـە باشووریشـەوە هـەتا موصـڵ و رەواندزی دەگرتـەوە. تـورك عیسـاییەکانی هانـدەدا دژایـەتی بکـەن و بـاجی پێنـەدەن، میریـش سـزایەکی توندیدان، بەریتانیا و فەرەنساش هاتنە پێشەوە و داوا لە سوڵتان دەکەن پارێزگارییان بکات[١٢]. پرۆفسیۆر مێنورسکی لە بارەی میر بەدرخانی میری بۆتانەوە لە کتێبی (کوردەکـان)دا دەڵێـت داگیرکارییـە نوێکـەی تورك (مەبەستی لە لەنێوبردنی میرنشینەکانی سۆران، بادینان، بابان و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانێتی لەگەڵ ئێراندا) پاڵنەر بوو کورد بە رابەری میر بەدرخان ١٨٤٣ – ١٨٤٦دەست بدەنە چەکی بزوتنەوەی نەتەوەیی، بەڵام بەخت یارنەبوو، دەستگیر کراو رەوانەی دوورگەی کریت دەکرێت [١٣](دورگەیەکە لە دورگەکانی یۆنـان . ن.ك).

دکتـۆر ن. ئـە. خـالفین لـە یـەکێك لـە کتێبەکانیـدا بـەنێوی ململانـێ لـە سـەر کوردسـتان نووسـیوێتی شۆڕشێکی نوێ کە یەکێکە لە گەورەترین شۆڕشەکانی سەدەی‌نۆزدەیەمین لە چیاکانی کوردستان هەڵگیرسا بەڕابەری میر بەدرخان کە سەربە بنەماڵەیەکی فیوداڵی ناسراوە، لە بزوتنەوەکەی سییەکانیشدا بەشداربوو، بە پێچەوانەی سەرکردە ناکۆکەکانەوە بەدرخان باوەڕی بە یەکێتی و یەکدەستی و خەباتی هاوبـەش هـەبوو، دیپلۆمات و رامیارێکی چاکیش بوو، پێشەوای هەکاری، نـوورولڵا، سـەرۆکی کوردەکـانی خـنس، حـەننان مەحموود پشتیانگرت[١٤]، ناوچەیەکی بەرفراوانی (کوردسـتان) رووە و خۆرهـەڵات لـە دامێنـی گـۆمی وان هـەتا سـنووری ئێـران و بـەرەو خۆرئـاواش هـەتا دیاربـەکر و مووصـڵ هـەر بـەناو لـە ژێـر دەسـتی عوسمانییەکاندابوون. ئەرمەن و کلدان و ئاشووری و جگە لەوانیش هاوکارییان دەکرد، وڵاتەکە لە ژێر بـاڵی ئاسـایش و هێمنیـدا بـەرەو سـەربەخۆیی هەنگاویـدەنا. مژدەهێنـەرە عیسـاییەکان بەتایبـەتیش ئەوانـەی ئەمەریکا هاوکاری تورکیایان دەکرد لە تیژکردن و هاندانی نەتەوەکان لە یەکتر. بەدرخان لە هەوڵەکانیدا بۆ پڕکردنەوەی خاڵێکی گرنگی لاوازی شۆڕشـەکانی کـورد و دابینکردنـی هاوکـاری و پشـتیوانیی دەوڵـەتێك تووانی پەیوەندی بە دۆق نێکۆلا سەرکردەی رووسـەوە دەکـات و کێشـەی کـورد و چەوسـاندنەوەی بەدەست تورکەوە بۆ رووندەکاتەوە و ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد دەخاتە بەردەستی کە لە پێناویـدا ناچـارکراوە چەك هـەڵبگرێت. ئـەو هەوڵـە ئەگـەری سـەرکەوتنێکی بـەدوواوە بـوو، دوورنـەبوو درەختـی هیـوای کـورد

بەربگرێت ئەگەر بەهۆی سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بەسەر کایزەری رووسیادا هێزەکانیان لە بتلیس، وان، لە باکووری کوردستان و ورمێ، قەسری شیرین، هەمەدان، تەورێزو تاران - کوردستانی باشوور و ئێران و شارەبان و رەواندز لە باشووری کوردستان نەکێشایەتەوە بەرەو قەفقاس. بەوئاکامە بەڕێوەبەرایەتییەکەی میرنشینی بتلیس — میر بەدرخان بەگ لاوازو بێ پشتوپەنا مایەوە، لە ١٩١٨ دا میر عەبدلڕەززاقیش دەستگیرکراو هەرچەند لێبوردنیشی بۆ دەرچووبوو عەلی ئیحسان پاشای فەرماندەی گشتی هێزەکانی تورك لە رۆژهەلاتی تورکیا لە شاری موصلّ لە سێدارەی دەدات. مێژەرنۆئێل لەبارەی لە نێوبردنی عەبدولڕەززاق بەدرخانەوە دەڵێت: تورك دەرمانخواردی کرد.

شۆڕشەکەی بەدرخان بەگشتیی دامرکایەوە و دوژمن میربەدرخان و هاوکارەکانی دوورخستەوە بۆ هەردوو دورگەی ڤارنا، کریت لە یۆنان و ئەوانەی دەربازیش بوون لە ئێران و قەفقاسیا گیرسانەوە و میربەدرخان بەگیش بەناکامیی و دڵ پڕ لە ناسۆر ١٨٧٠ لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا سەردەنێتەوە و لە گوندی صالّحیەی نێزیك دیمەشق- سووریا لە تەنیشت پاڵەوانی مەزنی کورد و ئیسلامەوە، صەلاحەددینی ئەیووبی بەخاك دەسپێردرێت.

بەدوای ئەو کۆمەڵە و رێکخراوە رامیاریی، رووناکبیریی، کۆمەڵایەتییانەی لە سەردەمی یەکەمین جەنگی گەورە و کۆتاییەکەیدا هاتنە دامەزراندن و کارکردن دووای دووەمین جەنگی گەورەش چەند حیزبێك لە باشوور و خۆرهەلاتی کوردستان دامەزران لە رووی چەندێتییەوە فراوانتر و لەڕووی چۆنێتیشەوە ئامانجەکانیان ئاشکراتر و رێکخستننەکان پتەوتر بوون وەك:

١- حیزبی هیوا بە سەرۆکایەتی رەفیق حلمی کە درێژەپێدانی کۆمەڵەی دارکاران بوو ١٩٣٧ لە سلێمانی کۆمەڵێك رووناکبیر و خوێندکار دایانمەزراندبوو.

٢- ژیانەوەی کورد (ژێ — کاف) رێکخراوێکی نەتەوەیی توندوتۆڵ و بە بەرنامە بوو، ١٩٤٢/٨/١٦ ئەوڕەحمانی زوبیحی، عەزیز زەند، حسێنی فرووهەر، مەلا عەبدوڵڵای داوودی، قاسمی قادری، میر حاج ئەحمەد نوێنەری حیزبی هیوا، هێمن موکریانی، هەژاری موکریانی لە شاری سابلاخ — مەهاباد دایدەمەزرێنن لە باروودۆخێکی هەلکەوتوودا کە هاوپەیمانەکانی دووەمین جەنگی جیهان ١٩٤١/٨/٢٥ بەریتانیا و ئەمەریکا باشوور و شۆڤیەت باکووری ئێران داگیر دەکەن و کەشوو هەوایەکی گونجاو و بۆ ئازادیی و چالاکیی رامیاریی لە کوردستانی خۆرهەلات دەڕەخسێت.

١٩٤١/٩/١٦ رەزا شا داگیرا و لە ئێران وەدەرنرا و حەمە رەزای کوڕی بوو بە شای ئێران.

پارتی دیموکراتی کوردستان — ئێران ١٩٤٥/٨/١٦ لە جێگەی ژێ کاف بەسەرۆکایەتیی قازی موحەممەد دامەزرا و ١٩٤٦/١/٢٢ یەکەمین کۆماری کوردستان و١٠٤٦/٢/١١ یەکەمین کابینەی وەزارەت لە مێژووی کووردابلاوکرانەوە جگە لە رێکخستنی لەشکر، بلاوکردنەوەی رۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری هەلالە، هاواری نیشتمان، دەنگی یەکێتی لاوانی کورد، یەکەمین گۆڤاری منداڵانی کورد (گڕوگاڵی منداڵان)، دامەزراندنی شانۆی کورد و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ١٩٤٦/٣/١٤ بەسەرۆکایەتی مینا خانم هاوسەری

پێشەوا قازی موحەممەدی سەرکۆمار.

٣- پارتی دیموکراتی کورد ١٩٤٦/٨/١٦ بەسەرۆکایەتی بارزانی مستەفا.

٤- پارتی دیموکراتی کورد — سوریا ١٩٥٧ نورەددین زازا و عوسمان صەبری دامەزرێنەری بوون.

٥- حیزبی ئازادیخوازی کوردستان ٩٣٩ — ١٩٤٣ دکتۆر عەزیز زەند دایمەزراند بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ئازادیی و برایەتیی لە نێو کورد و ئەرمەن و ئاشووری و عەرەب و تورکدا.

٦- یەکێتی موحەممەدی بەسەرۆکایەتی سەعید نەورەسیی بۆ بوژاندنەوەی کورد لە ژێر ئاڵای ئیسلامدا.

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین بەلای کەمەوە چوار (ڕۆژنامە) لە چوار شوێن و سەردەمی جیاوازدا بە نێوی کوردستان دەردەچوون[١٥]:

١- ڕۆژنامەی کوردستان چاپی قاهیرە بەهەوڵ و کۆششی میقداد بەدرخان ١٨٩٨/٤/٢٢ یەکەمین ژمارەی چاپ و بڵاوکرایەوە و هەرجارەی دوو هەزار دانەی دەنارده کوردستان بە خۆڕایی بڵاوبکرێتەوە. لەسەردێڕێکی ژمارەی سێدا نووسیوێتی (بێ عیلم و خوێندن نوێژو ڕۆژوو تەمام نابن). دووای هەرەسی میرنشینی بۆتان، بنەماڵەی بەدرخانەکان ڕۆژنامەگەریی دەکەنە چەکی خەبات بۆ هۆشیارکردنەوە و کۆڵنەدان و بەرگریکردن. ئەو کارە پیرۆزەشیان بە پارە و پوولی خۆیان رادەپەڕاند و چاپخانەکەیان بەهەزار کوێرەوەری و دەردەسەری وڵاتە و وڵات دەگوێزایەوە. ژمارەکانی (١-٥ قاهیرە، ٦-١٩ جنێڤ، سویسرا، ٢٠- ٢٣ دووبارە قاهیرە، ٢٤ لەندەن، ٢٥-٢٩ فۆلکستۆن — ئەڵەمانیا، ٣٠-٣١ دووبارە جنێڤ و بەمجۆرە میقداد بەدرخان و عەبدولڕەحمانی برای ٣١ ژمارەیان چاپ و بڵاوکردەوە. لە وتارێکی ژمارە سێ و یەکدا میقداد دەنووسێت: (ئێوە ئەزانن من کوڕی ئەو پیاوەم بە شیر (شمشێر) بۆ سەعادەتی ئێوە غیرەتی زۆری نواند، منیش ئەمڕۆ بە موقتەزای زەمان بەقەڵەم ئەو خزمەتانە ئیفا ئەکەم)[١٦].

٢- کوردستان — مەهاباد. کۆماری کوردستان چاپ و بڵاویدەکردەوە.

٣- کوردستان، ڕژێمی شای ئێران دژی ڕژێمی کۆماری عێراق بڵاویدەکردەوە.

٤- کوردستان، خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لە فێبروەری ١٩٦٥ ەوە بڵاویاندەکردەوە.

## بنەماڵەی بەدرخان

خەبات و راپەڕینی بەدرخانەکان لە هەندێك لایەنەوە لە شۆڕش و راپەڕینەکانی دیکەی کورد جیاواز بوو:

١- پڕۆژەی سەربەخۆیی کوردستان.

٢- بەرنامەی دامەزراندنی لەشکرێکی مۆدێرن.

٣- راگەیاندنی سەربەخۆییکردنی کوردستان١٨٤٢.

٤- دامەزراندنی کارگەی دروستکردنی چەك و باروت لە جزیرە.

٥- کارگەی داڕشتنی دراو، ڕوویەکی دراوەکە (میربەدرخانی بۆتان) و ڕووی دووەمیشی ساڵی(١٢٥٨ك) لەسەر نوسرابوو.

٦- سنووری دەستەڵاتی میر لە(وان)ەوە بۆ سابلاخ و ڕەواندز و لە موسڵەوە هەتا ئامەد فراوانبوو.

**خەبات و راپەڕینی کوڕانی بەدرخان بەگ**

بنەماڵەی بەدرخان لە ١٨٤٣ وە هەتا ١٩٣٧ز. بەردەوام و چالاك لە چەندین لایەنی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و کردنەوەی خوێندنگا، هەوڵدان بۆ رێنووسی کوردی بە پیتی لاتینی، رۆژنامەگەریی، پەیوەندی بەرفراوان بە دەوڵەتەکانی رووسیا، بەریتانیا، ئەمەریکا، ئیتاڵیا و گەلانی ئەرمەن و عەرەبەوە بۆ هاوکاریی و پشتگیریی بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لەپاڵ راپەڕین و شۆڕشی چەکداریشدا.

مینۆرسکی دەڵێت جەنگی ١٨٧٧ – ١٨٧٨ز، نێوان رووس و تورك هێشتا بەردەوامبوو کە بزوتنەوەیەکی نوێ لە هەکاریی، ئامێدی و بۆتان بە رابەری کوڕانی بەدرخان بەگ کە یەکێکیان ئەفسەرێکی سەرکردایەتیی گشتیی لەشکرەکانی عوسمانیی بوو بە پلەی سەرهەنگ، دەست پێدەکات لە پێناو دەستخستنەوەی سەربەخۆیی لە دەست دەرچوو، بەڵام هەرزوو لە (سعرت) کپکراو سەرکردەکانی دەستگیر دەکرێن[١٧]. دکتۆر ن. ئە. خالقین دەڵێت: دەتوانین ئەو بزوتنەوەیەی پایزی ١٨٧٧ لە جزیرەوە دەستی پێکرد بەوە لێکبدەینەوە، ویستی کورد بوو ئەو سەربەخۆییەیان دەستبکەوێتەوە بەدرخان بەگ لە سەردەمی سوڵتان مەحموودی عوسمانیدا هەیبوو وەك نامەیەکی کونسوڵی گشتیی رووسیا (ئۆبرمیلۆ) لە ئەرزرۆم نووسیوێتی بۆ کونسوڵی وڵاتەکەی لە ئەستەموول. بزوتنەوەکە دوو ئەفسەری سەرکردایەتیی گشتیی سوپای تورك، حسێن بەگ و عوسمان سەرکردایەتییان دەکرد، تورك بە سەرکردایەتی تابان پاشا، هێزەکانی سعرت، ئەرزرۆم، دیاربەکر و ئەرزنجان پەلاماری شۆڕشگێڕان دەدەن و توانییان پانتاییەکی بچووك داگیر بکەن، (دیخ) کە شۆڕشگێڕان تێیدا دامەزرابوون، هەرلەوێدا (٣٥) سی و پێنج شۆڕشگێڕ گوللەباران دەکەن، بەڵام هێزێك فریا دەکەوێت حسێن بەگ ئابلۆوقەی هێزەکەی سعرت دەدات و خۆیان بەدەستەوە دەدەن، شۆڕش هەڵدەکشاو تیژتر دەبوو، بەڵام بەهۆی نابەرامبەریی شەڕەکەوە نەیانتوانی پارێزگاریی سەرکەوتنەکانی بکەن.. حسین بەگ خۆی بەدەستەوە دەدات و شۆڕشگێڕانیش بڵاوەیان لێکرد[١٨]. هەرلەبارەی ئەو راپەڕینەوە مێژوونووسی کورد ـ سۆڤێت، جەلیلی جەلیل دەڵێت: ١٨٧٨ پشێویی ناوچەکانی موش، وان، بتلیس دەگرێتەوە، هۆزەکانی موتکانلی، سالکی و کوڕەکانی بەدرخان، حسێن و عثمان، جزیرە دەگرن و لەشکری تورك راودەنێن و چەك و تەقەمەنیی و ئازووقەی زۆریان دەستکەوت و رووداکەنە ناوچەکانی دیکە، خەزێنەی دارایی و دەبۆی چەك و تەقەمەنیی شاری (دیە) دەکەوێتە دەستیان و ژمارەیەك شێخەدێ و دەرەبەگ دانیان پێدادەنێن.. تورك حەڤدە کەتیبە لەهێزەکانی سعرت، دیاربەکر، ئەرزنجان و ئەرزرۆم و هێزێکی عەرەب لە بەغداوە و سێ کەتیبە لە سووریاوە دەنێرێتە سەریان، حسین بەدرخان ئەو سێ کەتیبەیە دەشکێنێت و خۆیان دا بەدەستەوە.

دەنگ و باسی سەرکەوتنەکانی شۆڕش دەگەیشتە هەموو لایەکی کوردستان و پێویستیی بەرەنگاریکردنی تورك و باوەڕی سەرکەوتنی تیژدەکرد. بۆ رێگەگرتن لە شۆڕشگێڕانی پەیوەندی بە شۆڕشگێڕانی جزیرەوە نەکەن، هێزەکانی موش، بیبوت و ئەرزنجان دەخەنەکار، بەئاگر و ئاسن دەکەونە وێرانکردنی ناوچەکە، عوسمان بەگ لە شیرینە دەشکێت و دەکشێتەوە بۆ جزیرە، لەوێش لە هەموو لاوە

کەوتە بەرهێرش و دەکشێنەوە چیاکان.. سوڵتانیش کەوتە فرۆفێڵ و نوێنەر دەنێرێت ئەو بەدرخانیانەی بەهۆی شۆڕشەکەی ١٨٤٣ — ١٨٤٧ی بەدرخان بەگەوە لە زینداندابوون ئازاد دەکات و کێشەکە بەگفتوگۆ چارەسەر دەکەن، بەڵام سەرەتای گفتوگۆ حسێن بەگ دەستگیر دەکەن و عوسمان بەگیش داندەنێت بە دەستەڵاتی تورکدا.

ئەمین زەکی لە پوختەی مێژووی کوردو کوردستاندا دەڵێت: (١٨٧٧ جەنگی نێوان رووسیا و عوسمانی هەڵگیرسا (جەنگێکی نێوان رووس و عوسمانی ن.ك) و عوسمانییەکان هێزێکی گەورە لە خۆبەخشانی کوردستان کۆدەکەنەوە بەسەرکردایەتی کوڕانی بەدرخان بەگ (دژی رووسیا) عوسمان پاشا و حسین کەنعان پاشا کە هەردووکیان ئەفسەری تورك بوون ئەو هەلە دەقۆزنەوە و لەگەڵ چەند ئەفسەرێك و پێشەوای هۆزدا بە نهێنی پێکدێن بەوهێزەوە بگەڕێنەوە کوردستان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی باپیرەگەورەیان خەباتی بۆ کردو سەرنەکەوت. ئەو دوو میرەی کورد ١٨٧٩ دەگەنە کوردستان و دزە دەکەن بۆ جزیرە و سەربەخۆیی میرنشینەکەیان راگەیاند، لە رووی هێزەکانی تورکدا دەوەستن و چەند جارێك شەڕیان دەکەن، دەستەڵاتیان بەسەر چوڵەمێرك، زاخۆ، ئامێدی، ماردین و نەسیبین دا هەبوو. عوسمان پاشا بەفەرمی بووبە میری وڵات و وتاری نوێژی هەینی لە مزگەوتەکاندا بەنێوی ئەوەوە دەخوێندرایەوە (لەبری سولتان ن.ك). کوڕانی میر بەدرخان ئەمین عالی بەدرخان و مەدحەت بەگ ١٨٨٩ دەچن بۆ ئەستەموول، لە رێگادا سەرێك لە ترابزۆن دەدەن بۆ پەیوەندی و نامە گۆڕینەوە لەگەڵ سەرۆك و پێشەوایانی کورد لە هەموو لایەکی کوردستان، هەموویان بڕیاریاندا هێزێکی کورد لە جویزبەکی نزیك بە ترابزۆن ئامادە بکەن و پەیوەندی بەو دوو میرەوە بکەن، بەڵام هەواڵەکانی پلانەکەیان دەگاتەوە بە حکومەت، لە درێژەپێدانی هەوڵ و کۆششەکاندا بەدرخانەکان کۆڵیان نەدەدا، هەموو شێوەکانی خەبات دەگرنەبەر، میقداد بەدرخان رۆژی ١٨٩٨/٤/٢ یەکەمین (بڵاوکراوە)ی نیوەمانگانە بەزمانی کوردی چاپدەکات و کۆڵ بەکۆڵەوە ئەم چاپخانەیە لە نێوان ئەفەریقا و ئەوروپادا دەگێڕێت (رۆژنامەی کوردستان بەئەرك و ماندووبوونی بنەماڵەی بەدرخان، مەدحەت، ئەورەحمان، جەلادەت، قەدری و جەمیل پاشا کە ماوەیەکی زۆر لە ئەستەموول و ئەوروپا دەژیان، زمانێك یا زیاتری ئەوروپاییشیان دەزانی، جەلادەت زمانی کوردی، عەرەبی، تورکی، فەرەنساوی، ئینگلیزی و رووسی بەڕەوانی دەزانی بەدەربەدەری ژمارەکانی کوردستان ١ـ٥ لە قاهیرە، ٦ـ ١٢ جنێف ـ سویسرا، ٢٠ـ ٢٣ دیسان قاهیرە، ٢٤ لەندەن، ٢٥ـ ٢٩ فۆلکستون ـ بەریتانیا و ژمارە ٣٠ـ ٣١ دووبارە لە جنێف بە ٤٧ مانگ و ٢٢ رۆژ ٣١ ژمارەی لێدەرچوو لەبری ٩٦ ژمارەی دوو هەفتە جارێك)(١٩).

ئەوە هەر بەدەم خۆشە لە ئەفەریقاوە بۆ ئەوروپا و شاربەشار دڵسۆزانی کورد ووشەی کوردی و چاپخانەیەك بەکۆڵەوە بگرن و بەماندووبوون و شەونخوونی و پارەی خۆیان و دڵفراوانییەوە بەردەوامی بەو کارە پیرۆزە بدەن کە لاپەڕەیەکی پرشنگدارە لە مێژووی کورددا سەدو یازدە ساڵ بەر لەئەمڕۆ لەو بارودۆخە نالەبارەشدا هێشتا کورد لەکاروانی پێشکەوتنی کولتووری زۆر دوانەکەوێت و خاوەنی چاپەمەنی خۆی بێت کە ژمارەکانی ١- ٣١ ی کوردستان لە کتێبخانەی ماربۆرگ پارێزراون. بڵاوکراوەی کوردستان لە

ژماره ۳ دا نووسیوێتی (بێ عیلم و خوێندن نوێژو ڕۆژوو تەمام نابن). هۆنەری نیشتمان پەروەری کورد ئەحمەد موختار جاف ۳۰سی ساڵێك دووای میقداد بەدرخان، کورد ووریا دەکاتەوە و بۆ خوێندن و زانست هانیاندەدات کە دەڵێت:

**بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان *** هەمو ئان و زەمانێك چەشنی قەڵغان و سۆپەرتانە.**

**هونەری میللی کوردیش قانعی دەستکورت و داماو دەڵێت:**

**مامە صۆفی وای تەمایە هەربەڕیشی پانەوە *** قەسری بۆ حازرکرابێت پڕ لە حۆریی جوانەوە**

کامەران بەدرخان ۱۹۹۵ — ۱۹۸۷ و جەلادەت عالی بەردخانی برای ۱۸۹۷/٤/۲٦ ـ ۱۹٥۱/۷/۱٥ ئەو جوتە برایە ۱۹٤۱ ـ ۱۹٤٤ پێکەوە گۆڤاری هاوار، ڕووناهی لە وڵاتی شام دەردەکەن، ۱۹٤۳ یش (ڕۆژنامەی) ڕۆژانی نوێ دەردەکەن، ۱۹٤۲/٥/۱٥ ـ ۱۹٤۳/۸/۱٥ پەنجا و حەوت ژمارە لە گۆڤاری هاوار بەزمانی کوردی و عەرەبی لە بەیروت چاپ دەکەن، یەکەمین کەسیش ووشەی گۆڤاری بەکارهێنا جەلادەت بەدرخان بوو. ئەوڕەحمان بەدرخانیش ئەندامی یەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی تورکانی لاو بوو کە ۱۹۰۲ بەسترا[۲۰]، سەرنووسەری کوردستان بوو، حاشا لە عوسمانی کوڕی دەکات، چونکە لە کوشتاری ئەرمەندا بەشدار بوو[۲۱]. کامەران بەدرخانیش مامۆستای زمانی کوردی بوو لە زانکۆی سۆربۆن ـ فەرەنسا و بەهەوڵ و کۆششی ئەو بەشی زمان و وێژە و مێژوو و کەلەپووری کورد لەو زانکۆیەدا دامەزرا. ئەمین عالی بەدرخان و شەریف پاشای خەندان و شێخ عەبدولقادری نەهریی لە دامەزرێنەرانی یەکەمین ڕێکخراوی ڕامیاریی کوردن لە سەدەی بیستەمدا [۲۲]. بەدرخانەکان چاوکراوە و دنیادیدەتر بوون، بە بەرنامەیەکی نوێوە داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد، شێخ عەبدولقادریش هەست و سۆزی ئیسلامەتی بەهێزتر بوو، بە بەرنامەیەکی کلاسیکەوە داوای ئۆتۆنۆمی دەکرد لە ژێر سایەی سوڵتاندا، ئەوکاتەی پێویست بوو هاوکاریی یۆنان و ئەرمەن بکات کە وەك کورد ژێر چەپۆکی تورك بوون نەیکرد، لەوخاڵانەدا لەگەڵ بەدرخانەکان پێکنەدەهاتن و کێشەی نێوانیان قووڵتر دەبووەوە و گەیشتە ئاستی دژایەتیی ئاشکرا و ململانێی دەستەڵات (سەردەمی کۆمەڵەی یەکێتی و سەرکەوتن (اتحاد و ترقی)، تورك سیخووڕەکانی لە خۆرهەڵاتی تورکیا تۆوی ناکۆکی کورد و کورد، کوردو ئەرمەنیان دەچاند، ئەڵەمانیاش هاوکاری تورکیای دەکرد بەوەی هەستی ئاینی بەهێز بکەن بۆ جیهاد دژی بەریتانیا، هەرچەند ئەگەر خۆیان لەو وڵاتەدا بوونایە (لە جێگەی ئینگلیز لە تورکیا باڵادەست بوونایە. ن.ك) ئەو هەستەیان کپ دەکرد.

ئەمین عالی بەدرخان دەیوت شێخانی شەمزین تەنها شێخ و سەیید خاوەن تەکیە و دەروێشن، ئێمە لە کۆنەوە خاوەن ئەمارەتی بۆتان بووین. لایەنگرانی شێخ عەبدولقادریش دەیانوت، بۆتان (میرنشینی بۆتان) هەرئەوەندەی لەدەستهاتووە سەرکردەی سوپا دروست بکات نەك حوکمدار، هەردوولاش لای کاربەدەستانی تورك بۆ یەکتریان تێدەچاند.[۲۳] شەریف پاشای خەندانیش ڕامیار و دیبلۆماتێکی بەئەزموون بوو، سەردەمێك باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانیی بوو لە ستۆکهۆڵم ـ سوید، لە کۆڕو کۆمەڵانی ڕامیاریی ئەوروپادا ناسراو بوو، گوێیان لێدەگرت، دووای یەکەمین جەنگی گێتی لە پاریس دەژیا، پەیوەندی بە کۆمسیۆنی

ئاشتی و نوێنەرانی دەوڵەتە گەورەکانەوە هەبوو، بەڵام ئاگاداری باروودۆخی ناوخۆی کوردستان نەبوو، لە کێشەی نێوان شەمزینی و بەدرخانیدا پشتگیری شێخانی دەگرت. شێخ عەبدولقادر لەگەڵ باوکیدا دوورخرانەوە بۆ حیجاز و سەردەمی کۆمەڵەی (یەکێتی و پێشکەوتن)ی تورك گەڕایەوە تورکیا و بەشداری شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیرانیش دەکات و لەگەڵ کۆمەڵێك لە شۆڕشگێڕە سەرنەکەوتووەکاندا لە دیاربەکر لە سێدارە دەدرێت، بەدرخانەکانیش بەهەر هۆیەکەوە بوو لە هەندێك هەڵوێستدا بەهەڵەدا دەچوون، بۆ نموونە (ئیبراهیم پاشا ١٧٨٩ – ١٨٤٨ کوڕی موحەممەد عەلی مەزن کە وڵاتی میسری لە ژێر دەستی عوسمانییەکان دەرهێنا و پشتاوپشت هەتا دامەزراندنی کۆماری میسر ١٩٥٢ بەسەرۆکایەتی جەمال عەبدولناصر، بنەماڵەی موحەممەد عەلی بەرەگەز کوردن، ئیبراهیم لە شاری رەملە هاتۆتە دنیاوە و لە قاهیرە مردووە، سەرکەوتنە بەرچاوەکانی بەسەر مەمالیکدا لە هەرێمی سەعیدی میسر، وەهابییەکان لە حیجاز، بۆتان لە مورە، جگە لە سەرکەوتنەکانی شام و ئەنەدۆڵ بەسەر تورکدا) میر بەدرخان ١٨٣٨ لە پاڵ هێزەکانی تورکدا بە ٥٠٠ سواری کوردەوە بەشداری گەمارۆدانی ڤییەننا دەکات، عوسمانییەکان بۆ بەرەنگاریکردنی ئیبراهیمی کوڕی،موحەممەد عەلیش لە شەڕی نسیبین دا پەنا بۆ میر بەدرخان دەبەن، تورك لەو میرە کوردە زیرەکتر بوو، دوای چەندین پێکدادانی خوێناوی دەکەوێتە دەست دوژمن و رەوانەی دوورگەی کریت دەکرێت لەگەڵ ٢٠٠ جەنگاوەردا، لە راپەڕینی یۆنانەدا ١٨١٦ ئازادی دەکەن بۆ دامرکاندنەوەی راپەڕینەکەی ئەرمەن).

موحەممەد عەلی لە ١٨٠٥ دا جڵەوی کار دەگرێتە دەست لە میصرو سەربەخۆیی خۆیی و وڵاتەکە رادەگەیەنێت لە دەستەڵاتی عوسمانیی و دوژمنێکی بەهێزو سەرسەختی تورك و چقڵی چاوی سوڵتان بوون، دەستی یارمەتییان بۆ هەموو ئەوانە درێژ دەکرد دژی عوسمانییەکانن کە یەکێکیان کوردە، ئاخۆ دەبوو میر بەدرخان دژایەتی بکات؟ هاوبەشی دامرکاندنەوەی راپەڕینی یۆنانەکان بکات؟

خەباتگێڕێکی دیکەی بنەماڵەی بەدرخان، میر عەبدولڕەزاقە (١٩١٢ – ١٩١٣) بەیاوەری شاندێك دەچێتە شاری سان پوترۆسپۆرغ (لینینگراد)ی رووسیا و لەگەڵ نێکۆلا ـ قەیسەری رووسدا لەبارەی کێشەی نەتەوەی کوردەوە لە رۆژهەڵاتی تورکیا، گفتوگۆ دەکەن و بەڵێنی یارمەتی و کۆمەکی وەردەگرێت بۆ دامەزراندنی حکومەتی کوردستان، بەمەرجێك مافەکانی ئەرمەن و کلدان و ئاشووریی بپارێزن. شەمزینی و بییەکانیش هاودەنگی میر عەبدولڕەزاق بوون لەگەڵ لوتفی بەگ کە سەرۆکی نەقابەی (سەندیکای) پارێزەرانی عوسمانی بوو، هاوکار بوو.. رۆژنامە تورکییەکانی سەر بە (اتحاد و ترقی)، ئەستەمووڵ، وەقت، سەباح، ئیقدام، تەسویری ئەفکار، کەوتنە پڕوپاگەندە دژی میر عەبدولرەززاق کە ناپاکە بەرامبەر خەلافەتی عوسمانی و لە دین وەرگەڕاوە و لەگەڵ رووسە کافرەکاندا رێککەوتووە و چەك و پارەیەکی زۆری وەرگرتووە حکومەتی کوردستان دابمەزرێنێ لەژێر چاودێری رووسدا. تورك چەکی ئاینی بەکارهێنا، حکومەتی تورك فەرمانیدەرکرد کە ئەو سێ خێزانە (مەبەستی لە بەدرخان، شەمزینی و بییە.ن.ك) دۆستی کافران و دوژمنی ئیسلامن. سەرەتای جەنگی یەکەم و لە پایزی ١٩١٤ دا رووس دێنە نزیك وان و ورمێ و عەبدولرەززاق لە

شاری چاڵدیران کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی وان، حکومەتی کوردستان دادەمەزرێنێت (پێشەوا قازی موحەممەدیش دووای ٤٢ صاڵ هەلێکی وەها دەقۆزێتەوە و کۆماری کوردستان لە ژێر سایەی سۆڤێتدا دادەمەزرێنێت، بەڵام لە بەدرخانەکان سەرکەوتوتر بوو لەو بوارەدا. ن.ك) و لەشکرێکی بچووك لەو خێڵانەی دەوروپشتی وان: حەیدەری، میللی، شوکاك پێکدەهێنێت و سمکۆ و شێخ تەهای شەمزینی (ئەوە شێخ تەهای کوڕەزای شێخ تەهای شەمزینی گەورەیە. ن.ك) لەسەر داواکاریی عەبدولرەززاق لە زیندانی باکۆ ئازاد دەکرێت، لەبەرامبەریشدا عەبدولرەززاق لە بەیاننامەیەکدا بڵاوی کردەوە کە شەڕی رووس ـ تورك، شەڕی ئاینی ئیسلام نییە، شەڕی تۆرانیزمە، شەڕی ئەڵمانیا و رووسیایە لە ژێر پەردەی ئیسلامدا و بەچاودێریی ئیمپراتۆڕ ڤلهیلم (بەڕووکەش دۆستی ئیسلام و تورك و سوڵتان و رایدەگەیاند کە بووە بە موسوڵمان! ن.ك).

ئیسماعیل شاوەیس دەڵێت: (ڕووس، ئیسلام نین، بەڵام دڕندەش نین وەك تورك بڵاوی دەکاتەوە و دوژمنی کورد نین و دانیان ناوە بە مافەکانیدا). شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستانی باشووریش نامە بۆ باڵوێزی رووسیا لە تەورێز دەنێرێت، داوای یارمەتی لە لینین دەکات و خراپەکارییەکانی ئینگلیز دەخاتە بەرچاو، لینین دەستدرێژیەکانی ئینگلیز پرۆتستۆ دەکات، وێرانکردنی بارزان و بۆردومانی سلێمانی دەنگدەداتەوە، پەرلەمانی بەریتانیا کردەوەکانی نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراق بەتوندی پرۆستۆ دەکات، بەڵام فەرمانڕەوای رامیاریی ئینگلیز لە عێراق پاکانە بۆ خۆی و دەستدرێژییەکانی دەکات (تەنها دزو جەردە و رێگرەکانمان بۆردوومان کردووە کە شێخ مەحموود سەرۆکیانە). کامیل بەدرخان و عەبدولرەززاق بەدرخان پەنا دەبەنە بەر رووسیا و بە پشتیوانیی رووس ١٩١٧ — ١٩١٨ دەکرێن بە والی بتلیس و ئەرزرۆم.. دواتر عەبدولرەززاق دەگیرێت و لە شاری مووسڵ دەرمانخوارد دەکرێت و وەك هەموو سەرانی شۆڕشەکانی کورد بەناکامی سەردەنێتەوە[٢٣]. لێرەدا پێویستە لاپەڕەیەکی پرشنگداری خەباتی هاوبەش و پێشکەوتنخوازی کورد و دراوسێکانی و بەرنامەی برایەتی و هاوکاری نێوان کورد و عەرەب و دیان بەبەشداریکردنی کوردی عێراق و تورکیا و ئێران، میر سەعدونیش سەرکردایەتی هۆزەکانی عەرەبی عێراقی دەکرد دژی دوژمنی هاوبەش وەك پێکەوە گرێدانی شۆڕشی کورد بە رابەریی شێخ عوبێدوڵڵا و ڕاپەڕینی عەرەب لە عێراق بە سەرکردایەتیی میر سەعدوون لە ١٨٨١دا،کە رووداوێکی مێژوویی و بەڵگەیەکی دەمکوتکارە بۆ بەرپەرچدانەوەی شۆڤێنزمی عەرەب.

تێکۆشەرێکی دیکەی بنەماڵەی بەدرخان، سوورەیا بەدرخانە، برا گەورەی جەلادەت بەدرخان و دکتۆر کامەران بەدرخانە. ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری (خۆیبوون)یشە، چەند زمانێکی دەزانی، هەوڵیدەدا بۆ روونکردنەوەی کێشە رەواکەی کورد، پەیوەندی بە دەوڵەتانی پەیوەندیدار بە دۆزی کوردەوە بکات، سۆڤێت، بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتالیا، یۆنان و سووریا و عێراقیش، سەردانی ئەمەریکاش دەکات و ئەو ١٠ـ ١٢ هەزار کوردەی لەوێ دەژیان قایل دەکات بێنە ریزەوە و هەریەکەی هەفتانە دۆلارێك وەك پشتگیریی سەرکەوتنی بزاڤی گەلەکەیان پێشکەش بکەن نەك بیدەن بە دوژمنی خوێنخۆری کورد مستەفا

کەمال.

جگە لەوانە بەهاوکاریی گریگۆر ڤارناتیان ئەریڤانی کە ئەندامێکی چالاکی کۆمیتەی کارگوزاریی ئەرمەن بوو لە ئەمەریکا، بەریتانیا، ئیتالیا، یۆنان و فەرەنسا و هەمانکات پیاوی رووسیاش بوو، پەیوەندیی بەچەندین بەرپرسی ئەو وڵاتەوە دەکات، سوورەیا بەدرخان کتێبێکیشی بەنێوی (دۆزی کورد ـ القضیة الکوردیة) بەعەرەبی نووسیوە. میر جەلادەت بەدرخان لەنامەیەکی واڵادا بۆ مستەفا کەمال ناردوویەتی قەرزاربارییی زمانی تورکی بۆ زمانی کورد دەرخستووە کە زمانێکی دێرینە و بەرامبەر زمان و کولتووری ئارامی، گریك، رۆمان، لاتینی، ئاشوور، کلدان، عەرەب خۆیگرت و نەتوایەوە و تورك خەرمانێك ووشە و دەربڕینی لێوەرگرتووە و زمانە هەژارەکەیی پێ بووژاندەوە، نەك هەرئەوە کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتنی تورکیش (ئیتحاد و تەرەقی) خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنەکەی خوێندکارێکی ئەلبانیی زانکۆی پزیشکیی سەربازیی بوو لەگەڵ دوو خوێندکاری کورد لە هەمان زانکۆدا، ئیسحاق سکوتیی کوردی ئامەد و عەبدوڵلا جەودەت کوردی (عەرەب گیر) و تورکێك کۆمەڵەکەیان دامەزراندوو لەگەڵ رۆژنامەوانی ناسراوی کورد ئیسماعیل بابان ئەندامی یەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵەکە بوون کە فێبروەری ١٩٠٢ لە پاریس بەسترا[٢٤]. خۆ ئەوەش ئاشکرایە دامەزرێنەری پارتی کۆمۆنیستی سووریا خالید بەگداش و ژمارەیەك لە سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراقیش، بەهادین نووری، ئەحمەد حەللاق، عەزیز حاج، عەزیز موحەممەد، کەریم موحەممەد، کوردن[٢٥].

## شۆڕشی یەزدان شێر ١٨٥٣ـ١٨٥٦

دوژمنانی کورد هەرچەند لە رووی سەربازیی و جەنگەوە بە لەشکری زۆر و چەکی نوێ و جبەخانەی پڕ و گەلەکۆمەکەی دراوسێکان و دەستێوەردان و هاوکاریی ئەکتیڤیی بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیاش لە نوێکردنەوەی لەشکرەکانی تورك و فارس و عەرەبدا و ناردنی پسپۆڕ و ژەنەراڵە بەئەزموونەکانیان بۆ چاودێری و پلاندانان و سەرکوتکردنی کورد، بەتایبەتیش بەریتانیا و ئەڵمانیا کە پسپۆڕ و جەنەراڵەکانیان سەرپەرشتیی لەشکرەکانی ئێران و تورکیایان دەکرد و سەرکردایەتیی دامرکاندنەوەی شۆڕشەکانی کورد و لەنێوبردنی میرنشینەکانیان دەکرد.بەریتانیا لە کوژاندنەوەی شۆڕشەکانی باکوور و باشوور و ئەڵمانیاش لە رووخاندنی میرنشینەکاندا وەك میرنشینی سۆران ـ رەواندز و میرنشینی بابان. کورد وەك گەلێکی جەنگاوەر هەمیشە لەلایەنی جەنگیدا (باڵاو) لەلایەنی رامیاریی و پەیوەندیی دەرەوەدا (نەوی) بووە. بەدرخانەکان، میری بتلیس، سەید رەزای دەرسیمی، یەزدان شێر، شێخ مەحموود، سمکۆی شوکاك، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، شێخ ئەحمەدی بارزان، مستەفا بارزانی، قازی موحەممەد لە گۆڕەپانی بەرگریدا سەرکەوتووبوون، بەڵام دەوڵەتێك دۆست و پشتیوانی راستەقینەیان نەبوو، چ رەخنەیەکیان لێبگرین کە دەبینین ئەمڕۆ خۆمان چیمان ئەنجامداوە، لەکاتێکدا کە ئەمڕۆ بە بەراورد لەگەڵ هەل و مەرجی ئەو سەردەمەدا جیاوازیی ئاسمان و رێسمانە... لە هەموو سەردەمەکاندا هەر لە ئەلێکساندەری یۆنانەوە بۆ لەشکرەکانی ئیسلام و هۆلاکۆ و تەیمووری لەنگ و رووسیا و بەریتانیاوە بەسەر کورددا سەرکەوتوون، بەڵام

پارێزگاریی سەرکەوتنەکانیان بۆ نەکراوە، کوردیان بۆ دەستەمۆ نەکراو گەردنی بەرزی وەك چیاکانی نەوینەکرد. لە بواری زمان و کولتووردا کورد جێگەی شانازییە، لەپاراستنی نەشێواندنی دیمۆگرافیای وڵاتەکەشیدا ئەوەندەی شێری بریکرد کەمتەرخەم نەبوو، ئەوەش مایەی شانازییە رێژەی دانیشتوانی بێگانە لەسەر خاکی کورد بەگشتیی لە ٥٪ کەمترە، لە ئێران و تورکیادا سەرژمێریی دروست بکرێت نەتەوەی فارس و تورك زۆرینە نین، لە پلەی دووەمدان وەك رێژەی کورد لە چاو لە چاو دانیشتووانی عێراقدا.

داگیرکاران و دوژمنانی کورد بەخۆشیی خۆیان و لەبەر خاتری کورد نەبوو کەمیرنشین و دەوڵەتە (قەوارە) سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆکانی کورد مابوونەوە، ئەوە هەستی مانەوە و ویستی لە نێو نەچوون بوو داگیرکارانی ناچار دەکرد چاو بنووقێنن هەر میرێکی بەهێزی کورد فەرمانڕەوایی سنوورەکانی خۆی بکات و ساڵانە سەر بقەبڵێنن و باج بدەن. زۆر نووسراوی سوڵتانەکانی مەغۆل دوزراو نەتەوە بەخەتی ئیگۆری نووسراون کە نامە و تۆمارەکانی خان و سوڵتانەکانی پێدەنووسران، بۆ میرەکانی کوردیان ناردووە فەرمانڕەوایی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆیان بکەن.

یەزدان شێر ناوی عیززەددین وشێر نازناوەکەیەتی، لە بنەماڵەی بەدرخان و لەگەڵ میربەدرخاندا خاڵ و خوارزان (خوشکەزای میر بەدرخانە) سەردارێکی هەڵکەوتووبوو، بەڵام لەگەڵ خاڵۆیدا نەدەگونجا و ململانێ و رکەبەرییەکی توند لە نێواندا بوو، تەنانەت ناپاکییش لە میر بەدرخان دەکات وساڵی١٨٤٢لە شەڕەکەی دەوروپشتی ورمێ دژی تورك ریزەکانی لەشکرەکەی چۆڵ کرد و دەچێتە نێو لەشکری دوژمنەوە لە . ئەوە پەڵەیەکی رەشە بە مێژووی ئەو سەرکردەیەی کوردەوە، بەتایبەتیش وورەی شۆڕشگێڕانی نەویکردوو لەشکر بەپرش و بڵاوی دەکشێتەوە،میربەدرخان و دوو کوڕیشی کەوتنە دەست دوژمن. ئاخۆ لە لاپەڕەکانی مێژووی کورددا هەر ئەو شایانی نازناوی شێر بێت یا ئەویش لەبەردەم دادگای مێژوودا پاساوی خۆی هەیە؟[٢٦] لێرەشدا دەکەوینە بەردەم پرسیارێك،ناپاکی هەر ناپاکییە، هۆکارو پاساودانەوەی هەرچییەك بێت، یا دەشۆردرێتەوە؟ ئەوەش لێکۆڵینەوە و پشکنین و بەراوورد و ساغکردنەوەی دەوێت، چونکە مێژوو بەزەیی بەکەسدا نایەت، بڕیارەکانیشی گردە بڕن.

ڕاپەڕینەکەی یەزدان شێر هاوکاتە لەگەڵ جەنگی قرم ١٨٥٣ – ١٨٥٦ ی نێوان رووسیا و عوسمانیدا. مینۆرسکی دەڵێت: ڕاپەڕینەکەی یەزدان شێر (بزوتنەوەیەکی میللی راست و رەوانە).[٢٧]

دکتۆر ئەوڕەحمان قاسملۆش دەڵێت: (گەورەترین ڕاپەڕینی سەردەمی جەنگی رووسیا ـ عوسمانی ١٨٥٣ – ١٨٥٦ بەسەرکردایەتی یەزدان شێر لە هەکاری و بۆتان هەموو چین و توێژەکانی گەل هاوکاریان دەکرد، عیسایییەکان چەکیان هەڵگرت و کۆمەکی لۆجستیشیان پێشکەش دەکرد. سەرەتای ١٨٥٥ ژمارەی چەکدار لە ٣٠سی هەزارەوە گەیشتە شەست هەزار کە عەرەب و یۆنانەکانیش هاتنە پاڵ شۆڕش، یەزدان شێر لەشکرێکی سەد هەزاری لە ژێر فەرماندا بوو، بەڵام هاوکاری رووسیای بەدەست نەهێنا. تورك توانییان لە خشتەیبەرن و بەناوی گفتوگۆ و چارەسەرکردنی کێشەکەوە دەچێتە ئەستەموول)[٢٨] . عوسمانییەکان زۆر لەوە دەترسان میر و سەردارەکانی کورد یەکبگرن و ئەلبانیایەکی نوێ دروست بکەن. یەزدان شێر هەوڵیدەدا

پەیوەندی بە لەشکری رووسباوە بکات بەڵام سەرکەوتوونەبوو .

ئەمین زەکی بەگیش وەها لە یەزدان شێرو شۆڕەکەی دەڕوانێت (یەزدان شێر میرێکی بەهێزی هەرێمی بۆتان و ناحەزی میر بەدرخان بوو، ناپاکی لێدەکات و میرنشینەکەی دووای جەنگەکەی قرم دەپووکێتەوە[٢٩] . (سەرەتای جەنگەکە . ن.ك) یەزدان شێر ئالآی یاخیبوون دژی دەوڵەت بەرز دەکاتەوە و سەربەخۆ ولآتی بۆتان بەڕێوە دەبات و لەشکرەکانی تورکی شکاند، ١٨٦٦ شۆڕشەکەی دامرکایەوە).[٣٠] هەروەها مینۆرسکی بەڵگەیەکی سەلمێنەر دەخاتە بەردەست لەمەر رۆڵی کاریگەر و بڕیاری لەندەن لێدانێك لە کورد بدەن هەناسە نەدات (کۆنسوڵی رووسیا لە ئەرزرۆم ئوبەر میللەر نووسیویێتی لەم کێشەیەی ئێستەی کوردەکاندا نەك عوسمانی ئینگلیزەکانیش دەوری سەرەکییان هەیە، کونسوڵی ئینگلیز لە ئەرزرۆم فەرمانی پێدراوە هەوڵبدات بەرهەڵستیی کوردەکان بەجۆرێك لە ناوبەرێت راست بوونەوەی بۆ نەبێت)[٣١] .

ن.ئە. خالفین دەڵێت: سەردەمی جەنگی قرم شۆڕشێکی جەماوەریی بەسەرکردایەتی یەزدان شێر، ناحەزی بەدرخانی خالۆی لە هەکاریی باشووری قەفقاس هەڵگیرسا بەکەڵك وەرگرتن لە سەرکەوتنی تورك بەسەر خالۆیدا، تورکیش لەپاداشتدا بەفەرمانڕەوای کوردستانی تورکیا دایدەمەزرێنێت، بەڵام لە ترسی بووژاندنەوەی بیری جیابوونەوە لە تورکیا، پاشایەکی تورك دەخەنە شوێنەکەی. کورد لە یاسای سەربازگیریی و باربووکردنی لەشکر و جۆرەها باج و سەرانە و تالآنکاریی و چەوساندنەوە زۆر پەست و نیگەران بوون و ئەوەش هانیدەدان بۆ بەرگریی. ئاسوورییەکانیش بەڕێوەبردنەکەی یەزدان شێر بەلایانەوە چاکتر بوو وەك لەوەی تورك، دەچنە پاڵی و هاریکاریی دەکەن، نەك هەر ئەوان (گەلانی خۆرهەلآتی ئەوروپاش!)، پشتیوانیی گەلی ئەرمەنیش بزوتنەوەکەی بەهێزتر کرد. یەزدان شێر کۆتایی ساڵی ١٨٥٤ بە دوو هەزار چەکدارەوە هێزێکی سەربازیی تورك بە سێ هەزار سەربازەوە تێکدەشکێنێت و شاری بتلیس دەگرێت و لەوێوە رووەو مووصڵ پێشڕەوی دەکات، مووصڵیش دەگرێت، کەکارگەیەکی بەرهەمهێنانی چەك و دەبۆ (جبەخانە)یەکی گەورەی گوللەتۆپی تێدابوو. ژمارەیەکی زۆر چەکدار پەیوەندیی پێوە دەکەن، ژمارەی لەشکرەکەی گەیشتە ٣٠سی هەزار و بەوهێزەوە هێرش دەکاتە سەر سعرت و لەگەڵ هێزەکەی کەنعان پاشای والی بەغداروبەڕوودەبنەوەو شڕودڕیان دەکات. لەشکری سەرۆك هۆزەکانی کوردیش هاتنە نێو شۆڕشەوە، هەر لە بەڕێوەبەرانی ناوچەکان شازدە بەڕێوەبەر دەکوژن، ژمارەی لەشکر گەیشتە شەست هەزار. (یەزدان شێر فاکتەرێکی گرنگی کەمبوو، دەوڵەتێك نەبوو پشتگیریی بکات. ن.ك) بەهەموو شێوەیەك هەوڵیدەدا پەیوەندی بەنێزیکترین بنکەی سەرکردایەتیی جەنگیی رووسیاوە بکات لە یەریڤان. لەیەکێك لە نامەکانیدا داوا لە رووسیا دەکات پێکەوە گورزێکی جەرگ بڕ لە هێزەکانی دوژمن لەئەرزرۆم بوەشێنن. بەڵام هێزەکانی یەریڤان لە سنووری ولآتی عوسمانیی دەکشێنەوە و چالاکیی دیبلۆماسیی و (هەواڵگریی و سیخوری .ن.ك) بەریتانیا دژی شۆڕش پەرەیسەند و پارەی پێویست بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕش دەخاتە کار. سیخورێکی کونسوڵخانەی بەریتانیا لە مووصڵ (رەسسام) لە ژێر پەردەی ناوبژیوانیدا لەگەڵ یەزدان شێر و چەند سەرۆك هۆزێکی فیۆداڵ دەکەوێتە پەیوەندیی و تێکەڵاوی و بەچوار سەد کیسە

دراو تۆوی ناکۆکی لەوناوەدا دەوەشێنێت.

لەولاشەوە هێزەکانی تورك بەچەکی نوێی ئینگلیز و پشتیوانیی تۆپخانەکەیان بەسەرکردایەتیی ماکۆن چەند شوێنێکی ستراتیژیی بەشۆڕشگێڕان چۆڵ دەکەن. یەزدان شێر دەکشێتەوە بۆ (وان) لە باشووری جزیرە و لە قەڵاکەی کۆشکی ئاقای سەنگەر دەگرێت[٣٢]، هاوکات لەگەڵ گەیشتنی نوێنەرەکەیدا بۆ لای فەرماندەی لەشکری یەریڤان یەزدان شێر دەستگیر دەکرێت و لە زیندانی دەپەستن. بەریتانیا و تورك لەسەر ئەوە پێکهاتبوون نەیکوژن. ئاڤریانۆڤ لە کتێبی (کوردەکان) دا لاپەڕی (٥٠٠) دەڵێت: نامەیەکی ئافرام ئەوە دەگەیەنێت باڵوێزی بەریتانیا بەفێڵ یەزدان شێری فراندبێت. جا ئەوەی ئاڤریانۆڤ لەو نامەیەی ئەفرام وەریگرتووە چی دەگەیەنێت؟ داوی بۆ یەزدان شێر ناوەتەوە و بەتەڵەکەبازی و چاوبەست فراندوویەتی یا ئەو کارەی بۆ چاوڕاوو خەڵەتاندنی تورك کردووە و کوردوتەنی لەناڵ و بزماریش دەدات.

پرۆفسیۆر مینۆرسکی لە کتێبی (کوردەکان، چەند سەرنج و تێڕوانینێك) دا بۆچوونەکانی خالفین دەسەلمێنێت و ئەویش دەڵێت: صاڵانی جەنگی قرم، لە هەکاری و بۆتان ١٨٥٥ بزوتنەوەیەکی میللی بەڕابەری یەزدان شێر لە کاتێکدا دەتەقێتەوە لەشکری تورك بۆ بەرەنگاریکردنی هێزەکانی رووسیا رووە و باکوور پێشڕەوی دەکرد. یەزدان شێر لە خزمانی بەدرخانە، شارەکانی بتلیس و مووسڵ دەگرێت و لەوێوە رووە و باشوور دەکشێت و بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی نێوان وان و بەغدا. یۆنانییەکان و عیسایییەکان لەژێر ئاڵای سەرکردایەتی ئەودا دژی تورك دەجەنگان، تورك زۆر خراپ دەشکێن. یەزدان شێر پەیوەندی بە رووسیاوە دەکات هێزەکان بخاتە پاڵ هێزەکانی روسیا.. ئەنجامی پلان و گفتێکی درۆی بەکرێگیراوێکی باڵوێزخانەی بەریتانیا (نەمروود رەسسام) ١٨٥٥ یەزدان شێر خۆیی بەدەستەوەدا و رەوانەی ئەستەموول دەکرێت.

ئەوەی لێرەدا ئاشکرا دیارە، شۆڕشەکەی یەزدان شێر شۆڕشێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز بوو زۆرکاری و بێگار و چەوساندنەوەی تێدا نەبوو، بۆیە عەرەب و ئەرمەن و یۆنان و عیسایی لەژێر باڵیدا کۆدەبنەوە لەژێر سەرکردایەتیی ئەودا بەرگریی لە مافی خۆیان دەکەن. بۆ یەکەمین جاریش لە مێژووی شۆڕشەکانی بەرلەخۆی هاوکاریی یۆنان دابین دەکات و لەو چوار ساڵەی تەمەنی شۆڕشەکەدا سەرکەوتنی مەزنی بەدەست هێنا، سەد هەزار جەنگاوەری لە پشتەوەبوو، هەرێمێکی بەرینی کوردستانی لە چنگی تورك رزگار کرد و بەچاك بەڕێوەبردنی کاروباری دانیشتوان بۆ یەکەمین جار لە مێژووی شۆڕشەکاندا گەلانی بێگانە بەوفراوانییە پاڵپشتی و بەشداری شۆڕشێکی کورد بکەن. گرتنی شاری موسڵیش کارێکی ئاسان نەبوو، بەغدا لە تورکەوە دووربوو، موسڵ لە پەنایدا بوو لە سنووری دەستەڵاتی لە شکری شەشەمدا، پێدەچێت هەر ئەو جارە بووبێت یا دەستبەسەراگرتنێکی پێشوتری کورد بووە بەسەر مووسڵدا، شاعیرێکی شۆڤێنی عەرەب وەك (ابن الأثیر) ئەوەندە کورد سووك و بێنرخ دەبینێت دەیکاتە بەڵگەی سەرسوڕمان و نەگبەتی مووسڵ بەڕادەیەك کوردیش ببێتە گەورە و سەردار و خاوەن فەرمان.

ما رأی الناس لهذا الدهر من کانوا شبیها

ذلت الموصل حتى أمر الاكراد فيها .[٣٣]

واتاكەی: لەم سەردەمەدا كەسێك رۆژگارێكی وەهای نەبینیوە، مووسڵ ئەوەندە سەرشۆڕ و زەبوون بێت بكەوێتە ژێر دەستی كوردیشەوە.

## یەكەمین شۆڕشی دەرسیم ١٨٧٧ – ١٨٧٨

## بەسەركردایەتی مەلا سەلیم

شاری دەرسیم دەكەوێتە ناوچەیەكی شاخاوی سەختەوە لە نێوان رووباری كاراس و رووباری موراد چایە، كاراس هەر لە كوردستانی باكووردا دەڕژێتە رووباری فوراتەوە. مەلا سەلیم زانایەكی ئیسلام و نیشتمان پەروەرێكی دڵسۆز و خاوەن رابردوویەكی پاك بوو، جگە لە دیالێكتەكانی زمانی كوردی، عەرەبی و توركی و فارسیشی بە رەوانی دەزانی، دیوانی حەسنەوی بوخاری بەزار زمانی كرمانجی ژوور و لێكداوەتەوە. مەلا سەلیم هەرچەندە ناوی شێخی پێوەنەبوو، وەك مەلا مستەفای بارزان، بەڵام لە شێخە مەزنەكانی هیزانە و وەك جێگری شێخ سوبغەتوڵڵای هیزانیی،رابەری رێبازیی سۆفیگەریی نەقشبەندیی باكووری كوردستان تەماشا دەكرا. مەلا سەلیم، حاجی مووسا خوتبەلی، شێخ عەبدولقادری شەمزینی كوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریی بەهۆی بیری كوردایەتیی و چالاكیی رامیارییەوە ساڵی١٨٩٤ سوڵتان عەبدولحەمید دووریاندەخاتەوە بۆ شاری مەدینە ـ یەثریب، چەند سەردارێكی دیكەی كوردیش بۆ دەشتەكانی حیجاز. دوورخراوەكان لە یەكتر دانەبڕان، لە نێو خۆیاندا و لەگەڵ حاجییە كوردەكاندا كۆدەبوونەوە لە پارچەكانی كوردستان و وڵاتی بێگانەوە هاتبوون وەك میسر، شام، مەغریب، جەزائیر.. لە رۆژانی حەجدا شێوە كۆنگرەیەكیان دەبەست، گرنگترینیان ئەوە بوو لە مزگەوتی پەیامبەر سازدرا، لەو شوێنە هەرە پیرۆزەی موسوڵمانانندا سوێند دەخۆن بە دڵ و بەگیان و سەروسامان خەبات بۆ جیابوونەوە لە تورك و سەربەخۆیی كوردستان بكەن و كە دەگەڕێنەوە هەریەكە و لە دەوروپشتی خۆیەوە دەست بە ووشیاركردنەوەی جەماوەر و زەمینە خۆشكردن بكات.

دووای دوو ساڵ دەربەدەری لەو گەرما سوتێنەرەی دەشتەكانی حیجازدا، سوڵتان ١٨٩٦ لێیان خۆشدەبێت و دەگەڕێنەوە كوردستان و لەسەر پەیمان و پلانەكەی مزگەوتی پەیامبەر، ئەوانیش لە هەرێمەكانی مووش، وان، بتلیس، ئامەد (دیاربەكر) و باشقەلا بزوتنەوەیەكی چڕوپڕ گەرم دەكەن بۆ خۆئامادەكردن بۆ راپەڕین. لەم هەوڵەشدا فاكتەری ئایین ـ رێبازی قادریی و نەقشبەندیی دەبێتە كۆسپ. شێخانی قادریی هاوكاریی مەلا سەلیمی نەقشبەندیی ناكەن، تەنانەت شێخ ئەورەحمانی تاگی دژی ئەوان چەك بۆ سوڵتان هەڵدەگرێت. رابەری نەقشبەندییەكانی باكوور دەمرێت، مەلا سەلیم جێگری بوو، بەڵام شێخ شەهابی كوڕی شێخ دیاریدەكرێت بۆ رابەرایەتیی، هەرچەند هێشتا تەمەنی دە ساڵان بوو[٣٤]، مەلا سەلیم لە هەوڵێكی بەردەوام و بەدڵسۆزیی مامێكی بەئەمەك و پێزان ئامادەی دەكرد بۆ رابەریكردن، فێری زانستەكانی سۆفیگەریی و دەستگرتنی موسوڵمانانی دەكرد لە شێوەی ئامۆژگاریی و رێنیشانداندا، لە نێو موریدەكانیشدا جەختی لەسەر ئەوە دەكرد سۆفیی و پیاوی خواناس پێویستە لە خۆشەویستیی یەزدان و

مرۆڤایەتیی و نیشتماندا بتوێتەوە، بەباوەڕی من ئەو دروشمە ساکارەی شێخێك، شۆڕشگێڕێك، رابەرێکی کورد هەرهەموو فەلسەفەی کتێبە ئاسمانییەکان و فەلسەفەی بلیمەتەکانی یۆنان و رۆما و مارکس و ئینگلیسیشی لە تەنها چوار ووشەدا کۆکردۆتەوە، خۆشەویستی، یەزدان، مرۆڤ، نیشتمان.. یەکەمیان راسپاردەی پەیام هێنەرەکانی یەزدانن لە برگەیەکدا (خاس بکە و خەراو مەکە) دووەمیان هەمو پەیوەندییە کۆمەلایەتیی و ئابوورییەکان و شەڕ و ئاشتیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و نێوان گرووپ و کۆمەڵەکان و نێوان نەتەوەکانیش دەگرێتەوە. سێهەمیشیان هەرهەموو ململانێ و جەنگ و کارەساتە خوێناوییەکان و ماڵوێرانیی مرۆڤ دەگرێتەوە لە نێوان گەلانی بندەست و داگیرکارانی ولاتەکانیاندا لە پێناو رزگارکردنی نیشتمان و ژیانێکی ئازاددا و لەولاشەوە لە نێوان داگیرکارە بچووك و گەورەکان و کۆلۆنیزمی جیهانیدا خۆبەخۆی یەکتر لە پێناو هەڵلوشین و حوولدانی بەشی شێر لە خێر و بێر و سامانی کۆلۆنیەکان و مژینی خوێنی مرۆڤەکانی و بەگەرخستنی کارگە و پرۆژە پیشەسازییە زەبەلاحەکانیان و دابینکردنی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان یا ئەگەر بۆیان بلوێت بەشی پڵنگ و گورك و وورچ و سەگ و کەمتیاریش بەتەنها بخۆن. شەڕی قرم ١٨٧٧ – ١٨٧٨ ی نێوان رووسیا و تورکیا هەڵگیرسا، رابەرانی کورد لە باکوور چاوەڕوانی هەلێکی لەبار بوون دەستبدەنە چەك و بەشۆڕشێکی نوێ مافەکانی کورد بەسەر تورکدا بسەپێنن. باڵوێزی رووسیا لە ئەرزرۆم لە بارەی خۆئامادەکردنی کوردەوە بۆ کونسوڵی ولاتەکەیی نووسیووە لە ئەستەموول (بڕوام وایە کوردستان بیر لە راستبوونەوە ئەکاتەوە و بگرە خۆی بۆ ئامادە دەکات).[٣٥] سوڵتان عەبدولحەمیدیش دەیزانی سەرانی کورد سەرگەرمی چین، وەك پیشەی هەموو داگیرکاران تۆوی دووبەرەکی دەوەشاند، کورد و ئەرمەنی دەکرد بەگژ یەکتردا، بەریتانیا و چارێکۆلای کایزەری رووسیاش ئەرمەنەکانیان لە کورد تیژ دەکرد، لەو میانەدا توانیان سەرەك هۆزێکی نیشتمان پەروەر و هاودەنگ و هاوکاری مەلا سەلیم، (مووسا بەگی هیزان بەدەستی کۆمەڵەی تاشناقی ئەرمەنی لە ١٨٩٤ دا تیرۆر بکەن)[٣٦]، لە لایەکی دیکەشەوە ئاگری شەڕی کورد و کوردیان خۆشدەکرد، هێزی باشیان درووست دەکرد، یەکێك لە سەرانی کورد (بەگە دەسەلاتدارەکەی کۆزان رازی نەبوو هێزێکی بیست و پێنج هەزاری کۆبکاتەوە بۆ عوسمانی، بەڵکو رێگاکانی قارس و تۆکاتا و سیواس و ئەرزرۆمیش لە هێزەکانی تورك دەگرێت)[٣٧]، شۆڕش هەڵگیرسا و بە پێی پلانەکان بەڕیوەدەچوو.. (ئەو هێزەی لە شکری چواری تورك ناردیانە (ناردی یە) سەر بۆ (تەمێکردن)، دانیشتوان بەتوندی بەرهەڵستیان کرد)[٣٨]، بیروبۆچوونەکانی مەلا سەلیم بەدەورو پشتی دا بلاوبووبوە و کاری لە هەڵوێستی کوردانی ئەو ناوچانە کردبوو. یاریدەدەری باڵوێزی تراپزۆن، بیلیۆت هەرچەند ناحەزی ییەکانیش بوو لە نامەیەکیدا بۆ کۆنسوڵی ولاتەکەی لە ئەستەموول نووسیوێتی: (کوردەکان بۆ ئامانجی سەربەخۆیی راپەڕیون و حەیفە رووداوەکانی بەجەردەیی و تالانکردن لە قەڵەم بدرێن)[٣٩]. ئامانجەکانی شۆڕشی یەکەمی بریتیبوون لە:

١ـ دامەزراندنی فەرمانڕەوایەتیی ئیسلام لە کوردستان بە پێی شەرع.

٢ـ فەرمانبەر و لێپرساوانی کورد کاروباری ناوخۆ بەڕێوەبەرن.

٣ـ برایەتیی و هاوخەباتیی لەگەڵ گەلانی دراوسێ، ئەرمەن، عەرەب، ئەوە بەتایبەتی، بەگشتیش مافی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریای عوسمانیی و لەژێر ئالآی خەلیفە ـ سوڵتاندا.

(کۆمەڵێك زانای شیعە بۆ پشتگیریی شۆڕش و سەلماندنی ئەو راستییەی شۆڕش دژی ئاین و خەلیفەی راستەقینەی موسوڵمانان ناجەنگێت، فەتوا دەدەن زاناکانی ئاین لە کوردستان ناشێت خزمەتی عوسمانییەکان بکەن، تەنانەت پێشنوێژ، قازی شەرع، موفتی، لەژێر سایەی تورکدا نەگرنە ئەستۆ، چونکە عوسمانییەکان پێچەوانەی ئاین و شەرعی ئیسلام کاردەکەن و ئالآی قەلاچۆکردنی جەعفەرییەکانیان بەرزکردۆتەوە. کورد لە شەش ویلایەتەکەی کوردستان، ئەرزرۆم، خەرپوت، ئال عەزیز، ئامەد ـ دیاربەکر، بتلیس، وان راپەڕین بەزۆریش ئەرزرۆم و بتلیس و وان، سەربازانی کوردیش لە نێو سوپای تورکەوە هاتنە پاڵ شۆڕش، مانگی حوزەیرانی ١٩١٠ مەلا سەلیم لەسەر رێگەی وان ـ بتلیس دەکەوێتە دەست دوژمن، شێخ شەهاب بە سەد تفەنگەوە فریایدەکەوێت، هێرش دەکەنە سەر دوژمن و مەلا سەلیم رزگار دەکەن. دووا بەدووای ئەو سەرکەوتنە هێرش دەکەنە سەر شاری بتلیس کە چوار تابوور سەرباز، یەك بەتەرییە تۆپ، دووازدە مەترەلۆز پارێزگارییان دەکرد، تورك شکا، جگە لە کوژراو (٣٢٠) سەربازیش دیلکران، دەستکەوتیش دوو تۆپ، دە مەترەلۆز، سێ سەد تفەنگ و پاشماوەی هێزەکە بەرە و ئامەد هەڵهاتن و والیش خۆی دەربازکرد، زیانی شۆڕشیش پەنجا شەهید بوو، زۆری نەخایاند، دوژمن لە مانگی ئاب ١٩١٠ بەهێزێکی قەبەوە زۆربەیان ئەرمەنی بوون، بەوهۆیەوە پێشڕەوی هێزەکەبوون زۆریان کوژران، کوردیش بیست شەهیدی هەبوو، شێخ شەهاب دووای ماوەیەك بتلیس رزگار دەکاتەوە.

شێخانی قادریی لە قەزای کفرا، شێخ عەبدولباقی، شێخ حسین قادریی دژی شێخ شەهاب لە پاڵ تورکدا هێرش دەکەنە سەر بتلیس، شێخ شەهاب بەرگری ناکات و بێ تەقە دەکشێتەوە دوواوە رووە و موکس ـ سعرت)[٤٠]. بزوتنەوەکەی مەلا سەلیم هەتا بەهاری ١٩١٣ دەستەڵاتی بەسەر ناوچەکانی دەورووپشتی بتلیسدا هەبوو، تورك تەنها شارەکەی بەدەستەوە مابوو، هیچ لایەکیشیان هێرشیان نەدەکرد هەتا مانگی نیسان ١٩١٤ تورك بە سێ تیپ سەربازەوە لە سێ قۆڵەوە هێرش دەکاتە سەر شێخ شەهاب و مەلا سەلیم زازا، شێخ موحەممەد شیرین برای شێخ شەهاب، سەید عەلی ئامۆزای و دە چەکدار کەوتنە دەست دوژمن و لە بتلیس لە سێدارە دران. مەلا سەلیم بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی شەهیدەکان بە چل تفەنگەوە بە سەرگەرمی، شەوێك پەلاماری بتلیس دەدەن، دوای پێنج کاتژمێر شەڕێکی سەخت و نابەرامبەر لە نێو شاردا دوو سەرلەشکر، پێنج ئەفسەر و سەد و چل سەرباز دەکوژرێت، بەڵام کە خۆر هەڵدێت دۆست و دوژمن ئاشکرا دەبن گەمارۆیان دەدەن و لەوەشدا بەخوێنی دە شەهید مەردانە بەرگرییان دەکرد. بیست چەکدار دڕ بەهێزی دوژمن دەدەن و دەرباز دەبن، مەلا سەلیم و دە هاوکاریشی پەنا دەبەنە بەر کۆنسولخانەی رووسیا و هەتا هەڵگیرسانی ئاگری یەکەمین جەنگی گێتی ١٩١٤ لە پەنای رووسیادا مانەوە، کە تورك لە پاڵ ئەڵەمانیادا دەچێتە جەنگەکەوە پەلاماری کونسولخانەکە دەدەن، کونسوڵ و کارمەندەکان دیل دەکەن و تورکە دڵڕەش و چنگ و پەل سوورەکان بەخوێنی کورد مەلا سەلیم لە تەمەنی

شەست و پێنج صالێدا و هەڤاڵەکانی هەر لەو شوێنەدا رۆژی ١٩١٤/٤/٣ لە سێدارەی رق و قین دەدەن. بەر لە سێدارەدان والی بتلیس بە مەلا سەلیم دەڵێت: تۆ دەتوت ئێمە خوا یارمەتیمان دەدات، کەچی ژێر کەوتن؟ مەلا سەلیم لە وەڵامدا وتی خوا یارمەتیی داین، بەڵام کە ناپاکمان کەوتە ناو یەزدانیش سەرکەوتنی لێسەندینەوە! هەموو هەر دەبێت بمرین، بەڵام تۆ دۆزەخییت، من هاتم هەق تەلقینی تۆ بکەم، لێت نەسەلماندم. دڵنیابە رۆڵەکانمان خوێنمان وون ناکەن، ئێوەش دوژمنانی کورد لە دنیا و قیامەتدا هەر رووڕەش و شەرمەزارن، حوکم و سەڵتەنەت بەدرۆ و تەڵەکەبازیی و جەور و ستەم ناچێتە سەر و هەق بەژێرەوە ناکات. لەو ماوەیەشدا شێخ عەبدولسەلامی بارزانی بۆ هەندێك لە مافەکانی کورد لە بادینانەوە راپەڕیبوو، پەیوەندی بەمیر ئەمین عالی بەدرخان و شێخ عەبدولقادری شەمزینی دامەزراندبوو،نێوەراستی ساڵی١٩١٤ دووای شەهید کردنی مەلا سەلیم و هەڤاڵانی،شێخ عەبدولسەلام دەکشێتەوە بۆ ورمێ، لە رێگەی گەڕانەوەیدا لە دیدەنی سمکۆی شوکاك لە ماڵی سۆفی یا دەروێش عەبدوڵڵا ناوێك لادەدات، خانە خوێکەی ناپاکیی لەگەڵ میوانەکانیدا دەکات و جەندرمەی تورکی دەهێنێتە سەریان و لە موسڵ لە سێدارەدران.

سەردەمی جەنگی نێوان رووسیاو عوسمانییەکان وڵات پەرێشان بوو بەدەست نەخۆشیی، هەژاریی، برسێتیی و باج و سەرانەی زۆر و چاوبرسێتیی و دڵڕەقی بەرپرسانی لەشکری تورکەوە.. سەرەتای جەنگەکە هێزەکانی رووسیا لەودیوی هەکاری و بتلیسەوە دێنە ناوەوە، تورك داوا لە سەرانی کورد دەکات لەشکر کۆبکەنەوە، یەکێك لەو سەرۆك هۆزانە قۆزان بەگ بوو، تورك داوای ٢٥.٠٠٠ هەزار چەکداری کوردی لێدەکرد، کوردی ناوچەکە بەگشتیی نەچوونەنە ژێر ئەو بارە قورسە،لە ئەنجامیشدا سەربکەون یا ژێر بکەون هەرژێر دەستە و چەوساوەن.گوندەکان چۆڵ دەکەن و روویانکردە چیاکان بۆ بەرگریکردن و تورکیش گوندەکانی سوتاندن. لە رووبەڕووبوونەوە خوێناوییەکانی دامێنی چیای نوژێك چەند جارێك دوژمن بەسەرشۆڕیی دەگێڕنە دوواوە، بەڵام سەرکردەکانی شۆڕش ناکۆکیی و دووبەرەکیی روویان تێدەکات بەتایبەتیش کە تورك هێزێکی قەبە پیشدەخات و ئابڵووقەی شۆڕشگێڕان دەدات. شۆڕش داوای هاوکاریی لە رووسیا دەکات، هێڵەکانی چەك و ئازووقە و بەرێکردنی لەشکری تورك بەگوندەکانماندا تێدەپەڕن دەتوانین ئەو رێگایانە ببەستین، بەڵام هیچ سەرکردەیەکی لەشکری رووسیا بایەخێکی پێنەدان. کورد و ئەرمەن پێکەوە بەبەشداریی ئافرەتانیش جەربەزەیی ولە خۆبوردن دەنوێنن وزیانی گەورەیان بەدوژمن گەیاند.بەڵام لەسەرەوە سەرکردایەتیی بوو بەدووبەشەوە، بەشێکیان پلانی کشانەوەی بەلاوە دروست بوو بەرەو (تیرس) بەشی دووەمیش لەو باوەڕەدابوون کشانەوە تووشی پەرش و بڵاویی و سەرکەوتنی دوژمنیان دەکات، لە ئەنجامدا بەشێکی هێزەکە کشایەوە و هەلێکی گونجاو بۆ دوژمن دەرەخسێت پەلامارێکی دڕندانەی بەربڵاو لە هەموو لاوە بدات، کۆتایی جەنگەکەی رووسیا و تورك و رێککەوتنی ئاشتیی بەهاری ١٨٧٨ کە بە پەیمانی سان ستیڤانۆ ناسرا، پتر شۆڕش بێهێز و کەمدەست دەکات، ئەو شۆڕشەش دەردی دووبەرەکیی سەری خوارد.

## شۆڕشی نەهریی ١٨٨٠
## شێخ عوبێدوڵڵای نەهریی ـ شەمزینیی
## دامەزرێنەری یەکەمین کۆمەڵەی رامیاریی کورد (یەکێتی کوردان)

شێخ عوبێدوڵڵای نەهریی کوڕی شێخ تەهای شەمزینە، ئەو دوو نازناوە جیاوازەی باوك و کوڕ لەوەوە هاتووە شێخ تەها لەگوندی شەمزین — کوردستانی خۆرهەڵات و شێخ عوبێدوڵڵای کوڕی لە گوندی نەهر ـ باکووری کوردستان لە دایکبوون و ژیاون. شێخ تەها زانایەکی ئاینیی ناسراوو شێخی تەریقەتی قادریی و خاوەنی پلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرزبوو، دۆست و دوژمن بەرز دەیانخوێندەوە، شا موحەممەدی قاجار یەکێك بوو لە موریدەکانی شێخ و رێزو خۆشەویستیی زۆری بۆ دەنواند، بەراتی پێنج گوندی دەڤەری مەرگەوەری بەرەو رووەدەکاتەوە بۆ خزمەتی خانەقاکەی.

شای ئێران بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە خزمایەتیشی لەگەڵ کورددا هەبوو، یەکێك لە هاوسەرەکانی کە دایکی شازادە عەبباس میرزایە، کوردە، شێخ ١٨٨٠ لە گوندی نەهرییەوە بە پشتیوانیی تورك دژی ئێران ئالای شۆڕش بەرز دەکاتەوە بۆ دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی گەورە، دووسەد نوێنەری کوردی خۆرهەڵات و باشووری کوردستان پشتگیری شۆڕش رادەگەیەنن و دەکەونە خۆسازدان و ووشیارکردنەوەی گەل و بووژاندنەوەی هەستی کوردایەتیی.. بەڵام لە ناکاوو لە ماوەیەکی کورتدا دەشکێن و پەرش و بڵاودەبنەوە. ناصرەددین شای ئێران دڕندانە دەکەوێتە گیانی کورد و چل هەزار تمەنیش سزای رووڕەشی (وەجهی سیاهی) لە دانیشتوانی موکریان دەسەندێت! شێخ ١٨٨٥ لە تورکیا دەژیا، داوایان لێکرد شەڕی غەیرەدینەکانی ناوچەی ورمێ بکات، بەڵام شێخ نەخەڵەتا و نەکەوتە ئەو داوەوە کە دوژمن زۆر ئامانجی ئاشکرا و نهێنی لە ژێردا حەشاردابوو دژی کورد. شێخ هەستی دەکرد تورك هەتا مقاش هەبێت دەستی خۆی ناسوتێنێت، بۆیە بە هاوکارەکانی دەڵێت: (دڵنیام دووای ئەوان دەکەونە گیانی ئێمەش).

کلایتۆن جێگری کونسوڵی وان ١٨٧٩ بەناوی فریاگوزاریی ودابەشکردنی خۆراکەوە دێتە هەکاریی، چەك و تەقەمەنی و پارەی زۆریشی بۆ شێخ هێنابوو، لە ئامانج وتووێژیشدا نامەیەکی شێخ بە لێپرسراوانی دەوڵەت دەگەیەنێت کە دانیشتوانی کوردستان ئامانجی ئازادیی و یەکگرتن کۆیکردوونەتەوە، تورکیش شێخ هاندەدەن دژی ئێران، هەربە هاوکاریی ئێرانیش کێشەکانی نێوان هۆزەکانی مامش، مەنگوڕ و پیران چارەسەرکران. تورك لە دەرەوە و ناوەوەی ئێران پڕوپاگەندەی دژی ناصرددین شا دەکرد و نەك هەر کوردی ئێران، کلدان و ئەرمەنیشی لێ هاندەدا، مار شەمعوونی سەرۆکیشیان بەوپێیە دەجوولایەوە، چەند سەرکردەیەکی کورد دەیانویست لەئەرمەن بدەن، بەڵام شێخ عوبەیدوڵڵا بەرپەرچیان دەداتەوە، ئەو کارە لەبەرژەوەندیی تورکە و لە ئەرورووپاش ناوی کورد دەزڕێت و نەك هاوکاریمان ناکەن بەڵکو دوژمنایەتیشمان دەکەن. زۆربەی سەرکردەکانی شۆڕش بڕیاریاندا بە پێی پلانێك لە هەردوو دیوی ئێران و تورکیا شۆڕش هەڵگیرسێنن، غازی موحەممەد صددیق کوڕە گەورەی شێخ پەلاماری رەواندز و لەوێشەوە بەرەو بەغدا، عەبدولقادری کوڕی دووەمی شێخ کۆنترۆڵی ئامێدی و موسڵ بکات، باوکیشیان دەستبەسەر شاری وان

بگرێت. هێزەکانی شۆڕش حەفتا هەزار چەکدار دەبوون، دانیشتوانیش بەتایبەتی هۆزەکانی بڵباس، هەرکیی، سابڵاخ، میاندوواو مەراغە دڵسۆزانە یارمەتیان دەدان، هێرشەکەی سەر ئێران سەرکەوتووبوو، عەبدولقادر و هەمزاغای سەرۆکی هەکاریی بەرەو تەوریز، غازی موحەممەد صددیق وخەلیفە موحەممەد سەعید لە ورمێ، خۆی(خوی) شەڵماش و ماکۆ سەرکەوتنی چاکیان بەدەست هێنا، دەستی شۆڕش ئەوەندە قوورس بوو، زیانی دوژمن ئەوەندە زۆر بوو شای ئێران داوای یارمەتی لە رووسیا دەکات. رووسیا نەیدەویست راستەوخۆ بەشدار بێت، تورکیا هاندەدات لە کورد بدات، بەڵام نۆفیکۆف کونسوڵی رووسیا لە ئەستەموڵ بۆ کایزەر ئەسکەندەری دووەم دەنووسێت.. شێخ عوبیدوڵڵا پلەوپایە و رێزێکی تایبەتیی لە دەروازەی باڵا هەیە! پاڵەپەستۆی بەردەوامی رووسیا و پڕوپاگەندە دژی شێخ کە جیاوازیخوازە و بە پلانی بەریتانیا دەجووڵێتەوە، شێخ ناچارکرا بگەڕێتەوە مەرگەوەر. سوڵتان عەبدولحەمیدیش دەیویست لابەلا ئاژاوە و سەرئێشە بۆ ئێران پەیدا بکات بەهۆی کوردەوە، لە سنوورێکی دیاریکراودا یارمەتیی شێخ دەدات، ٣٩ سنووق تفەنگی هنریی مارتین نیشان و ١٢ سنووق فیشەك دەنێرێت کە روون وئاشکرا یارمەتیدانی تورکیای دیاردەخست بۆ شێخ.

جەلیلی جەلیل دەڵێت: ژەنەڕاڵی لەشکری رووسیا ئافریانۆڤ ئاماژەی بەوەکردووە شێخ عوبیدوڵڵا لە وتووێژەکانی ١٨٨٠ دا تورك بەلاوازو بەرەو لەنێوچوون دەبینێت و دەیەوێت کوردستان جیابکاتەوە، شێخ دوو نوێنەریش دەنێرێت بۆ وان و ئەرزرۆم کەهۆیەکانی شۆڕش بۆ رووسیا و بەریتانیا روونبکەنەوە وئاگاداریان بکات تورك و فارس چۆن کورد دەچەوسێننەوە، داوای چارەسەرکردنی کێشەی کوردیشیان بخاتە بەردەم. لە نامەکەیدا بۆ کونسوڵی بەریتانیا نووسیوێتی (کورد گەلێکی ئازا و شەیدای ئازادییە، رەوشت بەرزو خاوەنی داب و نەریتی خۆیەتی، بەڵام دوژمنان دەیانەوێت بە رێگر و جەردە و پیاوکوژ و دڕندە لەکەدارمان بکەن. دەستەڵاتدارانی تورکیا و ئێران بۆ لە نێوبردنی کورد کۆك و تەبان، بۆیە پێویستە بەزوویی چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد بدۆزنەوە ئەگەرنا، کورد چارەسەری گونجاو دیاری دەکات، خۆڕاگرتن لەبەردەم جەور و ستەم و کوشت و بڕی دوژمندا لە توانادا نەماوە. بەسەر و ماڵ و هەتا دووا هەناسە قوربانیی دەدەین دژی تورکیا و ئێران و داواکردنی مافەکانمان.)بەڵام هیچ دەوڵەتێك ئاوڕی لە کورد نەدایەوە، مەگەر هاندان،ئەویش بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان هەر جارەودژی تورك،ئێران،رووسیا دەجەمگان لە بری لەشکرەکانی ئەوان خۆیان بەکوشت دەدا. چەکدارانی کورد لە شەمزین، موکریان، بادینان، وان، سابڵاخ، ورمێ دەهاتنە پاڵ شۆڕش و گەلێك ناوچەشیان رزگار کرد، بەڵام چوار ملۆزمەکەی ئەو سەردەمەی گیانی کورد و ئامانجەکانی کلکیان پێکەوە گرێدا و بەریتانیا و رووسیا داوایان لە ئێران و تورکیا کرد بەهاوئاهەنگیی و بەیەکدەست کورد و راپەڕینەکەی سەرکوت بکەن کە داوای کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو دەکەن. سەرۆکی شۆڕش لە نێو ئەو گەلە کۆمەکییەدا رێگەیەکی لەبەردەمدا نەبوو، رووەکاتە ئەستەموڵ بۆ رێککەوتن، بەڵام خۆی لە زینداندا بینییەوە. ئەمین زەکی دەڵێت ئەوکاتەی شێخ عوبێدوڵڵا هەستا، تورك زۆر لاواز بوو، لە توانایدا نەبوو ئەو هێزانەی جاران دەیکردە سەر میری رەواندز و

میر بەدرخان بیکاتە سەر عوبێدوڵڵاش، بەڵام رووسیا سنووری بەڕووی شۆڕشدا داخست، ئێران هێزێك لە جاش کۆدەکاتەوە و داوا لە تورك دەکات هێزێك بنێرن و پێکەوە بزوتنەوەکە بپروێنن.

ئەم هۆیانە بوون بە هۆی گەمارۆدانی شێخ و کشانەوەی بۆ شەمزینان و دوواتریش لە ١٨٨٣ دا خۆیدا بە دەستەوە و دووای ماوەیەك دەچێت بۆ حیجاز و لەوێش دەمرێت و بەخاك دەسپێردرێت. عەبدولقادری کوڕیشی دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی پیاوماقوڵان لە ئەستەموول. شێخ گەر سەربکەوتایە شاری موسڵی دەکردە پێتەخت، موفتی وان بەلێنیدا داواکارییەکانی شێخ جێبەجێبکرێن، سەمیح پاشا سەرکردەی لەشکرەکانی خۆرهەڵات چەند جارێك لەگەڵ عوبێدوڵڵا کۆدەبنەوە، دانیشتوان بەدەست فەرمانبەرە دزو دڵڕەقەکانەوە پەرێشان بوون، پاشاش داکۆکیی لێدەکردن. کونسوڵی رووسیا کامساراکان دەڵێت: ئەو فەرمانبەرانەی تورك لە کوردستان هەتا بینەقاقایان تاوانە و سەمیح پاشاش پاکانەیان بۆ دەکات، سەرکردەکانی رووسیاش پاکانەیان بۆ هەڵوێستی خۆیان دەکرد دژی کورد، وەك مینۆرسکی دەڵێت شێخ عوبێدوڵڵا ١٧٧٨ لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا لە پاڵ لەشکری توركدا دژی رووسیا دەجەنگا و هەمان کاتیش داوای رزگاریی کوردستانی دەکرد. هەربەوهۆیەشەوە رووسیا گوێ بە داواکارییەکانی نادەن کە هەمیشە بەگوێیدا دەدات کورد و رووسیا دراوسێن و باوەڕیان بە ئێوە زۆرترە وەك لە بەریتانیا، ئەگەر هاوکاریمان نەکەن رووبدەکەینە ئەوان، بەڵام کامساراکان گوێ بەو قسانە نادات و نامەیەك بۆ کۆنسوڵی وڵاتەکەی لە ئەستەموول دەنێرێت کەهاوکاریی شێخ نەکەن. مێژوونووسی عەرەب دکتۆر شاکر خەصباك شۆڕشەکەی شێخ عوبێدوڵڵا بەمجۆرە دەخوێنێتەوە:

ساڵی ١٨٨٠ شۆڕشێکی دی لە شەمزینان هەڵگیرسا بەسەرۆکایەتیی شێخ عوبێدوڵڵای نەهریی کە دەستەڵاتێکی فراوانی لە ناوچەکەدا هەبوو، هەوڵیدەدا دەوڵەتێکی کورد دابمەزرێنێت تەنها بەناو لە ژێر سایەی توركدا بێت. بە بەشداریی سەرۆك هۆزەکانی کورد کۆنگرەیەك لە گوندی نەهریی دەبەستێت و کۆمەڵەی هۆزەکان دادەمەزرێنن بۆ سەرکردایەتیکردنی شۆڕشەکە. دکتۆر عەزیز شەمزینیی مێژوونووسی کوردیش لەنەوەکانی شێخ عوبێدوڵڵایە و هەڤاڵێکی بارزانی مستەفاش بوو کە دووای هەرەسیی کۆماری کوردستان پەنا بۆ سۆڤێت دەبەن و هەرلەوێش باوەڕنامەی دکتۆرای وەرگرت و ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، دەڵێت: شێخ عوبێدوڵڵا لەبەردەم کۆمەڵەی هۆزەکاندا دەڵێت: عوسمانییەکان پێنج سەد ساڵە فەرمانڕەوان و ئیتر بەرە و رووخاندن دەچن، رۆڵە خۆشەویستەکانم باهەر لەژێر جەور و ستەمییی توركدا نەمێنینەوە، نەك هەر ئێمە لە تورکیا، کوردی ئێرانیش پێکەوە لەو دوو حکومەتە راپەڕین کەکۆسپیی رێگەی پێشکەوتنمانن و پەیڕەویی فەرمانی باووباپیران بکەین لە قوربانیدان لە پێناو ئاین و سەربەخۆیی نیشتماندا.

دکتۆر ئەورەحمانی قاسملو دەڵێت: شێخ عوبێدوڵڵای نەهری ساڵی ١٨٨٠ بەنفووزی خۆی عەشیرەتەکانی یەکخست و نێوان ناوچەکانی وان و ورمێی رزگار کرد. شێخ دەیزانی هەتا کورد یەکنەخات و دۆستایەتی لەگەڵ کەمایەتیە ئیتنیەکان دانەمەزرێنێت سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، بۆیە ساڵی ١٨٨٥ بەرامبەر

پێشنیاری تورك بۆ کوشتاری مەسیحیەکان وتی: "تورکەکان دەیانەوێت ئێمە لە مەسیحیەکان بدەین و کە ئەوان بڕانەوە بابدەنەوە سەر ئێمە" لە بەرامبەر هەوڵەکانی بەریتانیاشدا لە ڕێگەی کونسوڵیانەوە لە شاری وان شێخ دەڵێت: "گوێ بۆ قسەی بێگانە شل ناکەم، ئەمن لەو باوەڕەدام ئێستا سەرۆکە کوردەکان کەوتنونەتە بەر پەلاماری ئێران، ئێمە نابێت ئەو دەرفەتە لەدەست بدەین کە بۆ سەندنەوەی هەموو مەڵبەندە کوردشینەکانی تورکیا و ئێران هەڵکەوتوە و دەبێت ڕزگاریان بکەین و میرنشینێکی سەربەخۆی کورد دابمەزرێنین. (د. قاسملو، هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٤٥)

## نیشانە هەرە دیارەکانی شۆڕشەکەی ١٨٨٠

شێخ عوبێدوڵڵای نەهری پێشەوایەکی ئاینی بەرزو ناسراو و خاوەن ڕێزو دەستەڵات بوو لە هەرێمەکەدا و لە کۆشکی سوڵتانیش ڕێزی لێدەگیرا، بەوهۆیەوە کوردی باکوور و خۆرهەڵات بەهەست و سۆزی ئاینەوە چەك هەڵدەگرن و ژمارەشیان زۆربوو، بەڵام ئەوان بەگشتی و شێخ عوبێدوڵڵا لەبیروبۆچوون و هەڵوێستەکانیاندا جۆرە ناتەباییەك هەبوو لە ململانێی دەروونی نێوان هەستی کوردایەتی و سەربەخۆیی و سۆزی ئاینیدا دەخولایەوە.

بۆ بەرژەوەندی سوڵتان بەگژ ڕووسیادا دەچوو، دوواتریش داوای کۆمەکی و پشتگیری لە ڕووسیا و بەریتانیا دەکرد و دەیویست کەڵك لە ناکۆکی دوژمنان وەربگرێت، بەڵام وانەکەوتەوە، بە پێنج هەزار چەکدارەوە گەمارۆی شاری بایەزید دەدات، جگە لە ١٤٤٣ چەکدار هەموویان سەنگەر چۆڵ دەکەن و دەکشێنەوە، ئەویش ناچار دەکشێتەوە.

شۆڕشەکەی شێخ عوبێدوڵڵا وەك زۆربەی هەرەزۆری شۆڕشەکانی کورد لە بارودۆخێکدا هەڵگیرسا فاکتەرەکانی دەرەوە و ناوەوە بۆ سەرکەوتن لە بارنەبوو جگەلەوەی ستراتیژێکی ڕوون و ئاشکرا و بەرنامەیەکی درێژخایەن و دارێژراویشی نەبوو بەردەوامی بۆ سەرکەوتن زامن بکات، بەڵکو کاردانەوە و بەرپەرچدانەوەی بەرنامە چەوت و چەپەڵەکانی داگیرکارانی کوردستان بوو بۆ سڕینەوەی ناوی کوردستان و بیربردنەوەی سەربەخۆیی و کپکردنی دەنگی ئازادیخوازان و چەواشەکردنی سەرکردەکان و لە ئەنجامیشدا تواندنەوەی کورد لە بۆتەی تورك و فارس و عەرەبدا. ڕاستە توانییان هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدە میرنشینە سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆکان بڕووخێنن و مەشخەڵی شۆڕشەکان بۆ ماوەیەك بکوژێننەوە، بەڵام هەرگیز بەو ئاواتە نەگەیشتن ئەو بۆ شاییانە پڕبکەنەوە و هەستی کوردایەتی سڕ بکەن و خولیای شۆڕش و ڕاپەڕین بمرێنن، بەڵکو زنجیرەی شۆڕشەکان و کاروانی قوربانیدان هەربەردەوام بوو، ئارامی و هێمنی ناوچەکە و سنوورەکانی بەڕادەیەك ئاڵۆزتر دەکرد تورکیا و ئێرانی دوژمنی خوێنە خۆری یەکتر و دوواتریش عێراق ناچاربن لە پێناو سەرکوتکردنی کورد و بنبڕکردنی کێشەکانی سنووری نێوانیان هاودەنگ و هاوکاربن.

دەوڵەتی عوسمانی بۆ پیادەکردنی دەستەڵاتی یاسا لە باکووری کوردستان هەزاران لێپرسراوو فەرمانبەری تورك بە شار و شارۆچکە و گوندەکاندا بڵاودەکاتەوە، بە پێی یاسای خزمەتکردنی ئاڵا، لاوانی کورد

راپێچی بەرەکانی جەنگ دەکران، بۆ پڕکردنەوەی خەزێنە چۆڵەکەی سوڵتان باج و سەرانە و روتاندنەوەی دانیشتووان و دزینی بەرهەمی کشتوکاڵ و مەڕو ماڵاتی جوتیاران هەموو سنوورێکی دادۆشین دەبەزێنێت و گرانی و برسێتی و بەرزبوونەوەی رێژەی مردن بە دووای خۆیدا دەهێنێت. لە لایەکی دیکەشەوە پەیمانی سان ستیڤاتۆ و کۆنگرەی بەرلین ١٨٧٧ پرۆژەی وڵاتانی ئەوروپا بوو بۆ دابینکردنی مافەکانی گەلی ئەرمەن لە سەر حسابی خاك و ئاوو مافەکانی کورد هەرچەند لە ناوەڕۆکدا چاوبەستبوو لە سوڵتان و گەلی ئەرمەنیش بۆ دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی تورکیا و لە ئەنجامیشدا ئەرمەن مایەپووچ و هەرێمی قارس و دەوروپشتەکەی کەوتنە بندەستی رووسیا. ئەو بارودۆخە دژووارەی کوردستانی باکوور شێخی شەمزین لە ناخەوە دەهەژێنێت و بەهەست و سۆزێکی ئاینییەوە کۆتایی ١٨٨٠ لە گوندی نەهری ناوچەی شەمزینان سەربەهەرێمی هەکاری ٢٢٠ سەرۆك هۆز، دەرەبەگ، ئاغا و ریش سپی کۆدەبنەوە و بڕیاری شۆڕشێکی چەکدار دەدەن، بەڵام:

١- سەرکردایەتی شۆڕش بەدەست چینی مشەخۆری کۆمەڵگای کوردەوە بوو کە هەمیشە هێڵێکی سوور لەنێوان بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان و چینە چەوساوەکان و ئامانج و بەرژەوەندی شۆڕشدا دەکێشن.

٢- سەرکردایەتی شۆڕش لەو باوەڕەدابوو دەوڵەتی قاجار لە ئێران لە دەوڵەتی عوسمانی بێهێزترە و خۆرهەڵاتی کوردستان لە بارترە بۆ دابینکردنی ئازووقە و پێداویستەکانی شۆڕشگێڕان و کوردی خۆرهەڵاتیش بەتایبەتی دووای کۆمەڵکوژکردنی هەردوو هۆزی مەنگوڕ و بڵباس لەلایەن فەرمانداری سابلاخ لوتف عەلی میرزاوە گەیشتوونەتە ئاستی تەقینەوە بەڕووی دەوڵەتی قاجاردا. بەو هۆیانەوە بڕیاردەدەن بنکەی سەرکردایەتی لە خۆرهەڵات دابمەزرێنن و دژی قاجار و عوسمانی بجەنگن.

٣- راپەڕین و شۆڕش دژی ئێران و تورکیا لە یەککاتدا وەك شۆڕشێکی سەرانسەری بۆ ئەو قۆناغە ستراتیژێکی نادرووستبوو و بارودۆخی نێودەوڵەتی ناوچەکەش بۆ کورد ئەوەندە نالەبار بوو، بۆ ئەمڕۆش هێشتا سەرکەوتوونییە.

٤- هێزەکانی شۆڕش بەشێوەیەکی عەشایەری و لەژێر سەرکردایەتی سەرۆك هۆزەکاندا کۆکرابوونەوە و هەرهێزە و پابەندی فەرمانەکانی سەرۆك هۆزەکەی بوو، بێگوێدانە دیسپلین و لێپرسینەوە.

٥- ئامانجە سەربازییەکان و رزگارکردنی ناوچەی موکریان هەتا تەورێز، ناوچەی ورمێ، خۆی، سەلماس، لە توانای شۆڕشدا نەبوو کە لە پراکتیکدا شارێکی وەك سنەی بۆڕزگار نەکرا.

٦- هاوکاری نهێنی و ئاشکرای رووسیا، فەرەنسا، نەمسا لە رێگەی کۆنسوڵگەری و ئەفسەرەکانیانەوە لە سوپای ئێراندا هەموو دەرووەکانی لە شۆڕش گرتبوو.. لە ئەنجامدا شێخ عوبێدوڵلا دەگەڕێتەوە باکوور و لەوێشەوە چوو بۆ ئەستەموول و ماوەیەك دەستبەسەربوو بەرلەوەی هەلێکی بۆ هەڵکەوێت و بەنهێنی بگەڕێتەوە نەهری و دووبارە دەستگیر دەکرێت و دوورخرایەوە بۆ حیجاز و ساڵی ١٨٨٣ لە شاری تایف کۆچیی دواییکردو لە مەککە نێژراوە.

**شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥**

شۆڕشی شێخ سەعید ١٩٢٥ چەند کۆمیتەیەکی بۆ راپەڕاندنی کاروباری شۆڕش لەشارەکانی حەڵەب و ئەرزرۆم دامەزراند، کۆمیتەکەی حەلەب کە شێخی تێدابوو لەهەموان چالاکتربوو، بەلاٚم کۆمیتەکەی ئەرزروم زیاتر خۆی راگرت. دروشمی سەرەکی شۆڕشەکە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆبوو لەژێر چاودێری تورکیا و هێنانەوە سەرکاری حکومەتی سوڵتان. سەرۆکی ئەو دادگایەی حوکمی ئیعدامی ٥٣ کەس لە رێبەرانی وەك شێخ سعید و دکتۆر فوادی ئیمزا کرد رۆژی ١٩٢٥/٦/٢٨ لەگەرمەی دادگایکردندا وتی: "هێندێك لە ئێوە ئاکاری خراپیی حکومەت و دیفاع لە خەلافەتیان کردۆتە بیانو بۆ ئەم راپەڕینە بەلاٚم هەموتان لەسەر دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ یەکدەنگ بوون." رابەری شۆڕشگێڕیی هندستان جەواهیر لال نەهرۆ لە کتێبەکەیدا (لمحات من تأریخ العالم) دەڵێت: "تورك لە خەباتی رزگاریاندا سەرکەوتن، بەلاٚم دەستیانکردە لێدانی خەباتی رزگاریخوازی کورد، ئەمەش زۆر سەیرە نەتەوەیەك تا دوێنێ بەرگری لە مافی خۆی دەکرد ئێستا دەستدرێژی دەکاتە سەر مافی نەتەوەکانی دیکە".

راپەڕینی ١٩٢٥ زەبرێکی گەورەی لە تورکیا وەشاند بەجۆرێك پێویستی بە ٣٥٠٠٠ سەرباز و ١٢ فڕۆکەی جەنگی هەبوو بۆ کوژاندنەوەی راپەڕینەکە کە مانەوەی تورکیای وەك دەوڵەت خستبووە مەترسیەوە بۆیە ٨٠٠٠٠ سەربازی لە کوردستان مۆڵدا، هێزەکانیان کوردستانی خاپورکرد، ١٥٢٠٠ کەس کوژران کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، ٢٠٦ گوند وێران کران، ٨٧٥٨ خانوو سوتێنران و حکومەتیش ٢٠ ملیۆن لیرەی زیان بەرکەوت. (د. قاسملو، هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٥٩)

سەرۆك وەزیرانی ئێران موحەممەد عەلی فرووغی، پێشتر و لە ساڵی ١٩٢٧دا کونسوڵی وڵاتەکەی بوو لە تورکیا، لە نامەیەکی نهێنیدا دەڵێت: (گیروگرفتی کورد لێرە زۆر لەوە گرنگترە کە ئێمە بیرمان لێدەکردەوە، نەبوونی یەکرەنگی نەتەوایەتی تورك، یانی بوونی یۆنانەکان، ئەرمەنەکان، سربەکان، بولگارەکان وعەرەبەکان و هیتر بەهۆکاری بنەڕەتی بەدبەختی خۆیان دەزانن لە رابوردودا و هەوڵدەدەن لە ژیانی تازەیاندا خۆیان لەو بەڵایە رزگاربکەن و نایانەوێ عونسوری فەساد لە خاکی خۆیاندا بهێڵنەوە . ئێستا سرب و بولغارو عەرەبیان لە دەستچووە، ئەوەش بە سەرکەوتن دەزانن، ئەرمەنییان لە تورکیا خەلاس کردووە و یۆنانەکانیش وەدەردەنێن . لەو وەزعەدا پێیان وابوو بە ئاواتی خۆیان گەیشتوون بەڵام لەناکاو ٣سێ ساڵ لەمەوبەرتووشی گیروگرفتی شێخ سەعید بوون، ئەم ئاژاوەیە زۆر گرنگ بوو، بوونی تورکیای خستە مەترسییەوە بەچەشنێك ٨٠ هەشتاهەزار سەربازیان لەکوردستان کۆکردەوە وەدە ملیۆن دراویان خەرجکرد، بەڵام چونکە هەڵەیان زۆرکرد، گرفتەکە دوایی نەهات وتورکەکانیش هەست بەوە دەکەن.روداوی دومانگ لەمەوبەر برینێکی تازە بوو لەسەردڵی تورکەکان)د.قاسملو،سەرچاوەی پێشوو ل.٢٨٣

# شۆڕشی ئاگریی ـ ئارارات
## کۆمەڵەی خۆیبوون یەکەمین ئاڵا و نەخشەی کوردستان دەنەخشێنێت
## ئیحسان نوری پاشا ١٩٢٧/١١/٢٨ ئاڵای کوردستان بەرز دەکاتەوە
## ساڵی ١٩٤٥نەخشەی کوردستان دەخاتە بەردەم
## کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ

### شۆڕشی ئا گری ـ ئارارات ١٩٢٧ـ ١٩٣١

زنجیرە چیای ئارارات لە قەفقاسیاوە بە ئێراندا درێژ دەبێتەوە بۆ تورکیا، بەرزترین لوتکەی ئەو چیا بڵند و سەرکەش و هەڵموتە، لوتکەی ئاگری یە لە سێ سنووری رووسیا، ئێران، تورکیا، شۆڕشەکەش بە ئارارات، یان ئاگری، ناسرا، چونکە سەرکردایەتی، ئەو دەڤەرەی کردە بنکەی شۆڕش و بەرگریی.

دوابەدوای کپکردنی شۆڕشەکەی شێخ سەعید و لەسێدارەدانی خۆی و شێخ عەبدولقادر و سەید موحەممەدی کوڕی، ژەنەراڵ ئیسماعیل، فەخری بەگ، پارێزەر حاجی ئەختی، پارێزەر موحەممەد تۆفیق، دکتۆر فوئاد، (٩١) رابەری کۆمەڵەی بەرزی کوردستان، جگە لە (٩٣) خەباتگێڕ، ١٩٢٥/٦/٢٨ لە بەردەم مزگەوتی (وەلی چامی) شاری ئامەد لەسێدارەدران، بەرپرسێکی تورکیا بە دکتۆر فوئاد دەڵێ: تۆ کە کوردی نازانیت چیتە بەسەر کوردستانەوە؟ دکتۆر دەڵێ: راستە کوردی نازانم، بەڵام دڵم بە کوردیی لێدەدات!

جەواهیر لال نەهرۆ لە نامەکەیدا بۆ ئەندیرا، دەڵێ: "مستەفا کەمال پاشا دڵڕەقانە بەسەر کورددا سەرکەوت، دادگاکانی سەربەخۆیی بەتایبەتی بۆ دادگاییکردنی هەزاران کورد دامەزراند، هەروەها سەرکردە شێخ سەعید و دکتۆر فوئاد لە سێدارە دەدات کە ئاواتی سەربەخۆیی کوردستان بەسەر لێویانەوە بوو". محەمەد رەسووڵ هاوار لە گۆڤاری باسکار، ژمارە٤/ ٢٠٠٠ لاپەڕە٧٥دانووسیویێتی: ئەنجامی ئەو دڕندایەتییەی لە دووشەردا، دژی شۆڕشگێڕانی ئارارات و دەرسیم لەگەڵ کورداکرا، هەواڵی ئەوشەڕانە گەیشتە ئەورووپاو رۆژنامەی دەیلی تێلگراف نووسینی کاربەدەستێکی بەریتانیا بڵاودەکاتەوە(ئیمرۆ تورکیا سەرخۆشێك و١٠کەسی تر دەیبەن بەڕێوە.) مستەفا کەمال کە دەیبیستێتەوە،تەلگرافێك دەنێرێت:(جەناب ئێوە زۆر یاغنیشن، چونکە تورکیا تەنها سەرخۆشێك دەیبات بەڕێوە.) دیارە دەنگوباسەکانی بەردەوام سەرخۆشیی و بەدمەستیی مستەفاکەمال وهەواڵی ئەوکارگەی دروستکردنی (ڤۆدگا)یەش کە لینین بەدیاری بۆی ناردبوو ئەو راستییە دەسەلمێنن کە خۆیشی نەیتوانیوە نکۆلی لێبکات.

صالێك تێنەپەڕی دڵسۆزانی کورد نەیانهێشت ئاگردانی شۆڕش سارد بێتەوە و کوانووی کوردایەتی کوێربێتەوە و دوژمن بسرەوێت، نوێنەرانی کۆمەڵە و رێکخراوەکان لە قۆچگیریی، خەرپوت، ئال عەزیز،

ئامەد، مووش، وان، ماردین، ئورفە، باتمان، هەکاری، بەئامادەبوونی سەرۆك هۆزەکان و سەردارانی دەڤەرەکە کۆنفرانسێك دەبەستن بۆ پلاندانان و دابینکردنی پێویستییەکانی شۆڕشی نوێ.

گرنگترین دەستکەوتی کۆبوونەوەکە ئەوەبوو هەرهەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان خۆیان هەڵوەشاندەوە و خۆنەویستانە لە ڕێکخراوی خۆییبووندا خۆیان جۆشدا و دەستەیەکی سەرکردایەتی هەڵدەبژێرن بۆ ڕابەرییکردنی لایەنی رامیاری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی و ووشیارکردنەوە، ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشاش ڕابەریی لایەنی جەنگیی بکات.

لە دەمەدەمی دامەزراندنی خۆییبووندا ڕۆڵەیەکی ئازا و دڵسۆز و دڵ بریندار ی کورد، سەلاحەددین کوڕی شێخ سەعیدی پیران، دوای کپکردنی شۆڕشەکەی باوکی و شەهیدکردنی، ئەویش لە (١٩٢٥)ەوە لە عێراق پەنابەر بوو، بە پەلە دەگەڕێتەوە و پەیوەندیی بە خۆییبوون و بزوتنەوەکە بکات و لە کاروانی خەبات دوانەکەوێت، بەڵام دەکەوێتە دەست دوژمن و بەهەمان شێوەی باوکی، بە سێدارەی جەور و ستەمی تورکاندا هەڵیدەواسن، هۆنەری بەرزی کورد (سالم) دەبێت زۆری لەو (ئازایەتی)یەی کورد بیستبێت و بینیبێت بۆیە فەرمویەتی:

**چاوی عیبرەت هەڵبڕە ئەی دڵ لە وەزعی دەوری دوون**

**سەیرکە، سا تورکی دەڵەك چی کرد بە قەومی کورد زوبان**

چەخماخەی شۆڕش لە ئارارات و هەرە لوتکە سەربڵندەکەی ئاگرییەوە برووسکە دەدات و سەرلەنوێ تاریکایی ڕۆژی کورد ڕووناك دەکاتەوە و هیوا و ئومێدی سەربەخۆیی دەبووژێتەوە.

سەپتەمبەری (١٩٢٧)، تورکیا بۆ ئەوەی شۆڕش پەرەنەسێنێت و تەوژمەکەی خاوبکاتەوە پێشنیازی گفتوگۆ دەکات.. شاندێکی تورك و نوێنەری شۆڕش، ئیحسان نوری پاشا کۆدەبنەوە، هەگبەکەی تورك هەر ئەوەندەی تێدا بوو، ئێوە چەك دابنێن و ئێمەش لە بەرامبەردا لێبووردنی گشتییتان بۆ دەردەکەین! خالە عەزیز "عەزەبابی" وتەنی: ماڵی باراشی بێ، های گلەسەر"[٤١]، تەنانەت لەوەشدا تورك نیازپاکی نەبوو، گریمان شۆڕشگێڕانی ئارارات چەکیش فڕێ بدەن، سەرکردەکانی دەکرد بە داردا .. شەڕ داگیرسایەوە، مانگی مای ـ جونی (١٩٣٠) هێزێکی قەبە لە دەوروپشتی ئاگری کۆدەکەنەوە، هێرشێکی بەربلاویان کرد، هۆزی جەلالی هۆزێکی گەورە و بەهێزی کوردن، لە هەردوو دیوی خۆرهەڵات و باکووری کوردستان دەژین، لە دەڤەری (ماکۆ) بندەستی ئێران، (بایەزید) بندەستی تورك، مەردانە هاتنەدەست لە ڕووی هێرشەکانی دوژمندا سەنگەری کوردایەتی دەگرن و گاڵیان بە تورك کرد و تەختاییەکانی زیلان، مورادییە و چاڵدێران ڕزگار دەکەن و زیانی گیانیی زۆریشیان بە دوژمن گەیاند، شەقاوی پێشڕەوییکردنی شۆڕش گەیشتە ئامەد، تفەنگی مارتینی دەستی شۆڕشگێڕان لەوێندەر شریخەی دەهات، تورکیش چوار چاو ببوو لە کاری ترسنۆکانە و نامەردی بەولاوە ئازایەتییەکی لە گۆڕەپانی جوامێراندا نەنواند، شەڵم کوێرم ناپارێزم، دەکەوێتە سوتاندن و کاولکردنی گوندەکان و کوشتنی ئافرەت و پیر و منداڵان و لەو بوارەدا دەستی نەدەپاراست، تەنها نموونەیەکی "قارەمانێتی" لەشکری تورك دەخەمە بەرچاوی خوێنەری هێژا، نەبا،

ناحەزێك، تورکدۆستێك، چڵکاوخۆرێك، بڵێت قەڵەمەکەم دژی تورك خستۆتە کار، هەرچەندە پڕبەدڵ ئەو کارە دەکەم، بەڵام لە بواری نووسینەوەی مێژوودا نا، کە پێویستە قەڵەم بێلایەن راستی نووس بێت.. هێزێکی تورك لە شاری وان چەند رووناکبیرێکی کورد دەستگیر دەکەن، تاوانیان هەر ئەوەندەیە کوردن، چەکی دەستیشیان هەر پێنووسەکانیانە، لەسەر هەمان شێوەی درندانەی، ببوورن درِندە، کاری وەها ناکات، لەسەر هەمان شێوەی نامرۆڤانەی لەنێوبردنەکەی میری رەواندز، میرموحەممەد لە ترابزۆن، لە توورەکەیان دەدوورن و لە گۆمیان دەهاون! ئاسمان هاوار، موسوڵمانان دەنگێك، مرۆڤایەتیی، ئاوڕێك، بەزەییەك.. وەك هۆنەری مەزنی کورد (ئەحمەد هەردی) دەڵێ:

**نییە، هەردەنگی هیچ نایە**

**لە هیچ شوێنێ لە هیچ لایە**

**لەرەی پووشێك، شنەی بایە**

ئێرانی حەمە رەزای شاش لەو نامەردییانەی بەرامبەر کورد خۆی بێبەش ناکات، رێگە بە دوژمنە مێژووییە سەرسەختەکەی دەدات کە نێزیکەی حەوتسەد ساڵ خوێنی یەکتریان دەخواردەوە، سوپای تورك بەنێو خاکی ئێراندا پشت لە شۆڕشگێڕانی ئارارات بگرێت و لەوێشەوە پەلاماریان بدات، هەمان ئەو نامەردییەی لەگەڵ شۆڕشە مەزن و سەرکەوتووەکەی ئەیلوولی باشووری کوردستان کردی لەگەڵ سەدام حسێندا.

باووباپیرانی کورد هەروا ماشەڕایی ناڵێن خوویەك بیگری بە شیری، تەرکی ناکەی بە پیری، سەرکردایەتی شۆڕشی ئارارات روونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە بە کوردستاندا و کۆپیشی بۆ دەوڵەتانی عێراق، سووریە، لوبنان، فەرەنسا و کۆمەڵەی گەلانیش دەنێرێت (برایانی کورد ئێوە شایەنی ئەوەن نەتەوەیەکی مەزن دروست بکەن، چۆن رێگە دەدەن کوردی سەربەرز بەندە و کۆیلەی تورك بێت، ئەوان پەیمانی ناوچەیەکی فراوانی وڵاتەکەمانیان پێداین لە نێوان ئێران و عێراقدا، بەڵام هەر ئاگر و ئاسنمان بەسەردا دەبارێنن، وڵاتمان وێران دەکەن، پەتی سێدارەیان هەمیشە بۆ هەڵخستووین.. یەکبگرن و بەردەوامیی بەم خەباتە بدەن، ئێمە دەستمان پێکردووە بۆ رزگارکردنی کورد لەژێر چنگ و پەلی سوور و کەڵبەی تیژی تورك)، ئارارات چەك و تەقەمەنیی کەم نەبوو، ژمارەی پێشمەرگە و لایەنگرانیشی زۆر بوون (حاجۆ ئاغای هەڤیرکر لە دامەزرێنەرانی خۆیبووون و سەرکردەیەکی شۆڕش بوو، ساڵی (١٩٢٩) تەنها لە جزیرە و شەڕناخ هەشت پەل پێشمەرگەی هەبوو) سەرکردایەتییش چەندین رووناکبیر و زمانزان و ناسراو و سەر بە دەرەوەی تێدا بوو، لایەنی جەنگیش کۆنە ژەنەراڵێکی بەئەزموونی لەشکری تورك سەرکردایەتیی دەکرد. ئەی بۆ مەترسیی رووی تێکرد؟خۆ کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە بەشدارییانکرد، یان باوەشی گەرمیان بۆ شۆڕش کردەوە، هۆزی جەلالیی زۆریکرد، شێخ ئەحمەدی بارزانی هێزێکی کرد بەو دیودا، کوردی ئێران و سووریا و لوبنان کەمتەرخەمییان نەکرد، راستە وڵاتانی سۆڤێت، بەریتانیا و فەرەنسا و عێراقیش پێکەوە، هەریەکەیان لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیدا زەوی و ئاسمانیان لە شۆڕش تەنیبوو، فەرەنسا

ڕێگریی دەکرد لە بەشداریی و کۆمەکیی کوردانی سووریە و لوبنان، بەریتانیا و عێراق نەیاندەهێشت شێخ ئەحمەدی بارزان هاوکارییان بکات، سۆڤیەت ڕێگەی نەدەدا شۆڕشگێڕانی کورد بپەڕنەوە ئەرمەنستان و ئێرانیش بە هەڕەشە و گوڕەشە و فشاری تورك فسی دابووەوە. ئەوانە هەمووی ڕاستن، بەڵام شێخ ئەحمەدی بارزان (١٩٣٠/٧/٢١) هێزێکی بارزانیی ناردە ئەودیو سنوور و دەستیان لە لەشکری تورك دەوەشاند دەستێك لەناوچەی ئۆرامار هێند قورس وکاریگەر و بە زیان بوو، تورکیا بە شێوەیەکی فەرمیی شکات لە شێخی بارزان دەکات لای بەریتانیا و عێراق و داوا دەکات دەستێکی قورس لە بارزان بووەشێنن.کوردی سووریا و لوبنانیش هەرچۆنێك بوو لەشکری فەرەنسا خافڵگیر دەکەن، بەشێکیان پەیوەندیی بە شۆڕشەوە دەکەن و چەند ناوچەیەکیشیان ڕزگارکرد و دانیشتووانیان هان دەدا یارمەتیی برا کوردەکانیان بدەن کە لە ئارارات گیان دەبەخشن لەپێناو ئازادیی و سەربەخۆیی کورددا.ئەی کەواتە مەترسییەکە بۆ وا زوو ڕووی لە شۆڕش کرد ؟دوژمنەکانی مستەفا کەمالی تورك(گورگە بۆر)، لە دوژمنانی شۆڕشی ئارارات پتر بوون،سوڵتان، بەریتانیا، فەرەنسا، سۆڤیەت، ئیتالیا، یۆنان، کورد، ئەرمەن، عەرەب، گەلانی باڵکان! عەردوبەردیشیان لێگرتبوو،لە کوردیش بێکەس و تەنیا باڵتر بوو، خۆی گرت، هەر هەموو دوژمنەکانیشی بە پشتدا خستە چاڵەوە وبەسەریاندازاڵبوو، تورکەکانی لە ڕۆژە ڕەشەکان ڕزگارکرد و بوو بەمەزنترین پاڵەوانی نەتەوەیی سونبولی ڕزگاربوون و سەربەخۆیی گەل و نیشتیمان و بەشایستەییش بووبە باوکی گیانیی تورك و یەکەمین سەرۆك کۆماری تورکیای نوێ! کەواتە دەبێ بەپێی لۆجیك و یاساکانی مێژوو و کۆمەڵناسیی بڵێم: "دار کرمی لەخۆی نەبێت هەزار ساڵ دەژی"

مانگی مای (١٩٣٠) تورك بە هێزێکی فرەوە پەلاماری لوتکەی ئاگریی دەدات بۆ دەستبەسەرداگرتنی بنکەی سەرکردایەتیی شۆڕش، دوای مانگێك پەلامار و بەرگرییکردن، تورك بە جۆرێك دەشکێن لە ناوچەکەدا سووك و ترۆ دەبن، زیانەکانیان جگە لە کوژراو، (١٧٠٠) دیل، (٦٠٠) گوللە پڕژێن، (٢٤) تۆپهاوێژ، (١٢) فڕۆکە، تورکیای ناچار کرد یاسای دواخستنی سزا بڵاوبکاتەوە، ئەمجا لێبووردنی گشتیی و گێڕانەوەی ڕاگوێزراوەکان و دانانی لیژنەیەك بۆ سەرپەرشتیی کاروباری کوردستان و هەردوولاش لەسەر ئەوە پێکهاتن:

کورد پەلاماری بایەزید نەدات.

تورکیش پەلاماری ئاگری نەدات.

بەڵام ئەوە ڕێکەوتنێکی تاکتیکیی فشەڵ و بێبناغە بوو، کەمالییەکان بەرنامەی قەڵاچۆکردن و تواندنەوەی کوردیان داڕشتبوو لە نێو تورکدا، بۆ شۆڕشیش مانای خۆ قەتیسکردن بوو لە بازنەیەکی تەسکدا، بۆیە تا دەهات تەقەمەنیی و ئازووقەیان کەم دەبووەوە و هێرش و پاڵەپەستۆی کەمالییەکانیش قورستر دەبوو.داینەمۆی بەردەوامیی شۆڕش و پشت و پەناشی هەر گوند و گوندنشینەکان بوون، دوژمن بە هەموو جۆرە چەکێکی کوشندەی نوێ گوندەکانی وێران دەکرد، ڕانە مەڕ و بزن و مانگایان بەتاڵان دەبرد، لە کوشتنی کورددا جیاوازیی چەکدار و بێ چەك و ئافرەت و منداڵیان لەگەڵ پیاواندا نەدەکرد، هەزارەها

مرۆڤی کوردیان لە دۆڵی گەلی زیلان کۆکردەوە و بەر شیلگەی تفەنگیان دان، سەدان لاویشیان بە دەست بەستراوی فڕێدایە گۆمەوە.. بنەمای شۆڕش لاواز و شیرازە تێکچوو، ئەوانەی دەربازبوون پەنا بۆ ئێران دەبەن، یەکێکیان ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا بوو هەر لە ئێران مایەوە هەتا (١٩٧٦) لە رووداوێکی هاتوچۆدا دەبێت بە ژێر مۆتۆڕێکەوە و گیان لەدەست دەدات.

شۆڕشی ئارارات (١٩٣٧) کوژایەوە، تورک گەیشتە لوتکەی ئاگری، ئاڵای کوردستانیان سوتاند و ئەفسەرێکی کەمالیست پێ دەخاتە سەر گۆڕی شەهیدێك و لەسەر کێلەکەی دەنووسێت: کوردستان خەوێك بوو لێرەدا خرایە ژێرگڵ.ئەوە هەڵوێستی دوژمن، سەرکردەیەکی هەرەناسراوی کوردیش دوای (٧٢) ساڵ و لە (٢٠٠٩)دا ئەو "فەرمایشتە"ی دوژمن دەجوێتەوە و رووبەڕوو مژدە بە ئۆردۆغان دەدات: "بێخەم بە، دامەزراندنی دەوڵەتی کورد خەونێکی شاعیرانەیە"، لەکاتێکدا شاعیری پێشکەوتنخواز و هەرەمەزنی عەرەب، جەواهیری بە گەلی کورد و دۆست و دوژمنانی رادەگەیەنێت:

**( شعب دعائمه الجماجم والدم تتحطم الدنيا ولا يتحطم )**

واتە: **گەلێك خوێن و کاسە سەری شەهیدان رایگرتبێت، هەموو دونیا بڕووخێت، ئەو ناڕووخێت**.

شۆڕشی ئارارات هەرەسی هێنا، بەڵام لاپەڕەیەکی شانازییش لە مێژووی کورددا تۆمار دەکات و ئەڵقەیەکی نوێ لە زنجیرەی خەبات و شۆڕشەکان دەبەستێت لەپێناو سەربەخۆییدا و دەستکەوتی بەرچاویشی هەبوو، لەوانە:

١ـ بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا، ئیحسان نوری پاشا ئاڵا سێ رەنگەکەی کورد کە کۆمەڵەی خۆیبوون بە رەنگی سوور و سپی و کەسك، نەخشاندبووی لەسەر لوتکەی ئارارات "ئاگری" دەچەقێنێت.

٢ـ وەك شۆڕشێکی نەتەوەیی لە هەموو پارچەکانی کوردستان خەباتی رزگارییخوازی کوردی پێکەوە گرێدا و بە کردەوە بەشداریی شۆڕشەکەیان دەکرد.

٣ـ سەرکردەکانی رێکخراوی خۆیبوون،توانییان ناکۆکیی و دڵکرمیی بوونی نێوان کورد و ئەرمەنی نەهێڵن، لاپەڕەکانی ناحەزیی و دوژمنایەتیی دەپێچنەوە و لاپەڕەیەکی نوێ دەکەنەوە بۆ برایەتیی و هاوکاریی، بۆ خەبات و راپەڕین بە رووی دوژمنی هاوبەشدا لەپێناو رزگاربوونی هەردوو نەتەوەکە لە کۆت و زنجیری کۆیلایەتی تورك.

٤ـ پەیوەندیی بە هەردوو دەوڵەتی عێراق و سووریاوە دەکەن بۆ جێبەجێکردنی بڕیار و راسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلان لەمەڕ مافی نەتەوەژێردەستەکان .

بە دامرکاندنەوەی شۆڕشی ئارارات، مستەفا کەمال سەرۆك کۆماری تورکیای نوێ هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵدەمژێت و دەڵێت: ئێستا لە وڵاتدا کێشەی ناوخۆیی نەما جگە لە کێشەی دەرسیم .

## دووەمین شۆڕشی دەرسیم ١٩٣٧

## بەسەرکردایەتی سەید رەزای دەرسیمیی

دەرسیم لە قەڵا سەختەکانی راپەڕین و بەرخۆدان بوو دژی داگیرکارانی کوردستان لە هەردوو سەردەمی

عوسمانیی و کەمالییەکاندا، قوچگیرەکان لە پێناو سادەترین مافەکانی مرۆڤی سەردەمدا راپەڕین، شۆڤێنزمی تورك بەئاگر و ئاسن پەلاماریدان، هەموو توانای سەربازیی خۆی خستەکارو دڕندانە دەستی لە زارۆك و ئافرەت و پیر و پەککەوتەش نەدەپاراست. هێرشەکە ئالپ ئۆغلۆ سەرکردایەتی دەکرد، ئەو ئەفسەرە دڵڕەشەی ئاواتێکی مستەفا کەمالی ئاغای دێنێتەدی کە ساڵی ١٩٣٦ لە کۆبوونەوەیەکی (بیوك مەجلیسی ـ کۆمیتەیباڵا) دا وتی: (گرنگترین کێشەی ناوخۆی تورکیا، کێشەی دەرسیمە، بۆیە بۆ ریشەکێشکردنی ئەو ماکە کوشندەیە بەزوترین کات، پێویستە دەسەڵاتێکی فراوان بە حکومەت بدرێت) سەرکردەی راپەڕینەکە سەید رەزای دەرسیمیی ١٨٦٢ ـ ١٩٣٧ دەیویست لە رێگەی دیالۆگ و لەیەکتر تێگەیشتنەوە دەوڵەت چاوێك بەباروودۆخی داتەپیووی کشتوکاڵ و گوزەرانی دانیشتوان و نەخۆشیی و هەژاریی و نەخوێندەواریی و وێرانیی کوردستاندا بگێڕێت و دەست لە قەدەغەکردنی زمان و کولتووری کورد هەڵبگرێت.دووای ناردنی چەند نامەیەك یەکێك لە کوڕەکانی دەنێرێت بۆ گفتوگۆ، بەڵام نامەردانە کوشتییان. سەید رەزا دڵنیا بوو دوژمن زمانی دیالۆگ و رێککەوتن تێناگەن، بەهێزی خۆیان دەنازن و هیچ مافێکی کورد ناخوێندنەوە، ناچار بوو دەستیدایە چەك و زستانی ١٩٣٧ شۆڕشی هەڵگیرساندەوە و سەرەتا لەچەند پێکدادان و رووبەڕووبوونەوەیەکدا سەردەکەوێت، بەڵام ئەو هێزە قەبەیەی بەسەرکردایەتیی عیصمەت ئین ئینۆ بەنوێترین چەکی ئەو سەردەمەوە ناوچەیەکی بەربڵاوی باکووری کوردستانی ئاگردا و تەڕو ووشکی پێکەوە دەسوتاند، هێزی شۆڕش لە هیچ روویەکەوە بەهێزی دوژمن بەراوورد نەدەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا شەڕی ژیان و مردن بوو، چۆکیان نەلەرزی، مەردانە دەجەنگان، بەڵام سەختیی زستانەکەی ئەو ساڵە و سوتاندنی گوندەکان و نەبوونی ئازوقە و تەقەمەنیی و قوربانیدانێکی زۆر و کەمبوونەوەی ژمارەی پێشمەرگە و زامداربوونی سەیید رەزاش بەحەفتا و پێنج ساڵ تەمەنەوە ئەگەری بەردەوامبوونی خەباتی بەدەست شۆڕشەکەوە نەهێشت. سەیید رەزا بەدووای نامەیەکی دوژمندا دەست لە گیانی خۆی دەشوات و دەچێتە ئەرزنجان بۆ گفتوگۆکردن، هەمان تەپکە و هەمان ئەنجام دووبارە دەبێتەوە و دەستەڵاتدارانی تورك ئەمجارەش دەیسەلمێنن لە نامەردیدا پاڵەوانن! ڕۆژی ١٩٣٧/٩/٥ لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستانی تورکدا دەستگیرکراو دوای چەند ڕۆژێك سەیید رەزا و یازدە هەڤاڵی لە سێدارەدران. هۆنەری بەرزی کورد سالم داخی تورك (ڕۆم) چزاوە بەجەرگیدا.. مەڵێن تورك لە داگیرکردنی وڵاتاندا ئازا و گورجن،ئەوە لە بێبەختیی کوردە کە ئەو داگیرکارییانە بۆ ئەوان بە ئازایەتیی بنووسرێت .

**کەس نەڵێ ڕۆمیی لە تەسخیری مەمالیك چابوکن     ***     سستی بەختی عەشیرەت بوو بە چالاکیی ئەوان**

## گەڕانەوەیەك بۆ شۆڕش و میرنشینەکان و دواوشە ڕا پەڕینی بەدرخانەکان ١٨٤٣ ـ١٨٤٧

سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم تا کۆتایی سەدەی بیستەم دژ بە دەسەڵاتی ملهوڕی تورکە عوسمانییەکان و

جەور و ستەمی بێئەندازە و پێشێلکردنی سادەترین مافەکانی گەلانی ژێردەستیان و بە ئاشکرا روو لە تورکخوازیی و بەکارهێنانی رۆڵەکانی گەلانی موسوڵمان وەك سوتەمەنییەکی هەرزان و بگرە بێنرخ و راپێچکردنیان بۆ جەنگە نارەوا و بەردەوامەکانیان لە داگیرکاریی و فراوانخوازیی و پاوانکردن و دەست بەسەرداگرتن و دادۆشینی هەر هەموو گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپای خۆرهەڵات و گەلانی نێوچەکانی قەفقاس، دژ بە ملهوڕیی شۆڤێنزمی تورك زنجیرەیەك شۆڕش و راپەڕینی گەلانی ژێرچەپۆك بە رووی ئەو (تاغوتە)دا بەرپابوو وەك پێشتر بەپێی زنجیرەی ساڵەکانیان خستمانە بەرچاو.. ئەوەی جێگەی تێڕامان بێت راپەڕینی بەدرخانەکانە لە ١٨٤٣ـ ١٨٤٧دا،کە میر بەدرخان ناوچەیەکی فراوانی باکووری کوردستان بەنێوی میرنشینی بۆتانەوە سەربەخۆ بەڕێوە دەبات و هەوێنی بەرنامە رامیارییەکەشی بە کاریگەریی بزوتنەوەی "مەشروتە"ی ئێران و بزوتنەوەی ریفۆرمخوازان لە تورکیا بەڕابەرایەتیی مەدحەت پاشا و خستنەکاری دژی بەرنامە رەگەزپەرستییەکەی فەرمانڕەوایانی تورك بەناوی ئیسلامەوە.ئەمە جگە لە کاردانەوەی بەشداری کردنی بەدرخانەکان لەپاڵ لەشکرەکانی عوسمانیدا دژی رووسەکان لە ئازەربایجان، بەڵام هەر زوو بۆیان دەرکەوت ئاسنی سارددەکوتن و خێرێك بەنێوچاوانی عوسمانییەکانەوە نییە کەوتنە رێکخستنی جەماوەری باکوور و کۆکردنەوەیان لە رێکخراوێکی رووناکبیریی و رامیارییدا وهاندانیان بە هۆی بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکانیانەوە کە بە زمانی کوردی چاپیان دەکرد بۆ داواکردنی مافە رەواکانی گەلی کورد. بزوتنەوەی بەدرخانەکان کە خۆیان چینێکی ئۆرستۆکراتی بوون و بە ناز و جیاز پەروەردە بووبوون و پشتی بە چینە چەوساوە و رەشوڕوتەکەی کۆمەڵی کوردەواریی نەبەستبوو، چونکە ئەو چینانە لەژێر کاریگەریی ئەفسووناوی هەست و سۆزی ئاینی ئیسلام و پابەند بوون بە فرمانەکانی جێگری پەیامبەری موسوڵمانان، سوڵتانی عوسمانییەوە بوون و بێ چەند و چوون ملکەچی هەموو فەرمانەکانی سوڵتان بوون.

چینی سەرووی کۆمەڵی کوردەواری، بەتایبەتیش لە باکووری کوردستان و کۆمەڵە کوردەکانی ئەستەمبووڵ بیر فراوانتر و کراوەتر بوون بە رووی جیهانی نوێدا و بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیشیان نەخستبووە لاوە، روونتر بڵێم کوردایەتیشیان دەکرد و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیشیان دەپاراست، بەو هەڵوێستەش چەند هەنگاوێك پێش میرەکانی میرنشینەکانی کورد و رابەرەکانی دیکەی بەر لەخۆیات کەوتبوون! با ناهەقی لە کەس نەکەین، بەتایبەتیش مەبەستم بنەماڵەی بەدرخانەکانە کە لەسەروو توانای هەر کوردێکی دڵسۆز و خەمخۆری ئەو رۆژگارەوە ماندوو بوون و جێگە دەستیشیان دیارە، وەك: چاپکردن و بڵاوکردنەوەی یەکەمین رۆژنامەی کوردستان (١٨٨٩) لە قاهیرە، کە دەتوانم بڵێم بە کوڵی خۆیان مەکینەکانی چاپخانەکەیان لە نێوان هەرسێ کیشوەری ئاسیا و ئەفەریقیا و ئەوروپادا دەگواستەوە!! ئەوەی بەلامەوە زۆر گرنگە لەو بارودۆخە نالەبارەی کورددا هەر راپەڕین و شۆڕش و بزوتنەوەیەکی کولتووریی کورد بەناوی داکۆکیکردن لە مافە رەواکانی کورد و دوارۆژێکی چاکترەوە بووبێت، جا بە خۆڕسکی و لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورددا بووبێت، یان ئاڵۆزبوونی بەرژەوەندیی تایبەتیی سەردارێکی

کورد بووبێت لەگەڵ دوژمندا، جا ئەو دوژمنە عوسمانیی بووبێت، یان بە پلان و دەست تێوەردانی بێگانە بووبێت، وەك: بەریتانیا و رووسیا، کەم و زۆر هۆیەك بوون بۆ مانەوەی گەلی کورد بە زیندوویی و راپەڕیویی و پاراستنی زمان و کەلەپوور و کولتووری نەتەوایەتیی و ڕێگەخۆشکردنیش بۆ بەردەوامبوونی راپەڕین و شۆڕش و فراوانکردنی داواکاریەکانی، بەڵام دووبەرەکیی و ململانێی بەردەوام و خوێناویی نێوان میرەکانی کورد، وڵاتی کوردانی وێران و دانیشتووانی شپرزەترو هەژارتر و دەستکورترکرد و ئاستی پیشەسازیی (پیشە دەستییەکان) و بازرگانیی (هێنان و بردنی کاڵاکان) کە دەکاتە نزمترین ئاستی پیشەسازیی وئابووریی سست ولاواز کە خۆی لە چەند پیشەسازییەکی دەستیی سەرەتایی وەك: ئاسنگەریی، دارتاشیی، دیوارهەڵچنین و دارەرا، ناڵبەندیی، مسگەریی، خوماخانەچێتی بەولاوە پیشەسازییەك لە کوردستاندا نەبوو، ژێرخانی ئابووریی سفر بوو، سەر تا خواری قەڵەمڕەوی میرنشینێکی وەك بابان، شارێکی ئاوەدانی تێدا نەبوو، ئەوەی هەبوو گوندەکانی قەڵاچوالان، سورداش و قەرەداغ بوون.شاری سلێمانی کە صالّی (١٧٨٤) دروستکرا، بە دار و پەردووی پێتەختە کۆنەکەی قەڵاچوالان دروستکرا، مەحموود پاشا سەرایەکی لە نێزێك گوندی مەڵکەندی دروستکرد بەو نیازەی بیکاتە مەڵبەندی فەرمانڕەوایی خۆی، بەڵام تەواوی نەکرد، لێخرا، ئیبراهیم پاشا تەواویکرد و مزگەوت و خان و دووکان و بازاڕ و خانووی تێدا دروستکرد و بنکەی فەرمانڕەوایی لە قەڵاچوالانەوە گواستەوە و مەڵبەندی نوێ ناودەنێت شاری سلێمانی (١١٩٩)ك بە ناوی بابا سلێمانی باپیرە گەورەیەوە یان بە نێوی سلێمان پاشای والی بەغداوە؟ با ئەوەش نەکەین بەژێر لێوەوە لەگەڵ ئەو هەموو دواکەوتووییەشدا، باری ئاسایش و هێمنیی وڵاتی بابان خراپ نەبوو، دزی، ماڵبڕین، روتکردنەوە و کوشتن، کەمبوون.

سەرەتای سەدەی بیستەمین چەند دیاردەیەکی شۆڕشگێڕانە و نوێخواز بۆ یەکەمجار لە ناوچەکەدا و لەنێزیك کوردەوە وەك مەشخەڵ، زەنگی وریاکردنەوە خۆیان ناساند:

یەکەم: شۆڕشی مەشروتەی صالّی (١٩٠٥) لە ئێران بە سەرۆکایەتی دکتۆر موسەدیق کە گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان رۆڵی بەرچاویان تێدابینی.

دووەم: بزوتنەوەی یاسایی(ریفۆرم خوازان) صالّی (١٩٠٨) لە تورکیا لەپێناو ژیانی دیموکراسیی و یاسایی و جڵەوگیرکردنی دەستەڵاتە بێسنوورەکانی سوڵتاندا.

سێهەم:راپەڕینەکەی صالّی (١٩٠٥) لە رووسیا دژ بە نێکۆلای قەیسەری رووسیا بە دەستپێشخەریی بەشێك لە هێزی دەریاوانیی کە دواتر بە شۆڕشی مەنشفێك "کەمینە" ناسرا بەرلەوەی لینین لە ئەڵەمانیا بگەڕێتەوە رووسیا و ئاڵای سووری شۆڕشی بەلشەفیك "زۆرینە" بەرز بکاتەوە و سەرکەوتنێکی مێژوویی بۆ شۆڕشێکی گەلێك مەزن لە مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤایەتییدا تۆمار بکات بە ناوی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧. لێرەوە سەرانی شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد روو دەکەنە شوورەوی "یەکێتی سۆڤیەت"، بەتایبەتیش بەدرخانەکان، هەروەهامەلیکی کوردستانی باشوور شێخ مەحمودی نەمر، سمکۆی شکاك، بەڵام چەند هۆکارێك و لە هەموویان گرنگتر شۆڕشەکان بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز، رووس، عوسمانیی

نەخستبووە مەترسییەوە و بریتیبوون لە شۆڕش لە پێناو شۆڕشدا، کوردم و شۆڕش دەکەم، کەواتە بوونم هەیە! ئەنجامەکانیشی قوربانیی وماڵوێرانیی و نووچدان و پاشەکشە وکوژاندنەوە بوون. زۆر جێگەی تێڕامانێکی قووڵە تەنها شۆڕشێکی کورد، میرنشینێکی دامەزراو و خاوەن دەسەڵات لەو هەمووە بە پێوە نەمێنێت ببێتە ناوەڕۆکی قەوارەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆ، ئەمە پرسیارێکی زۆر زەقە و بەرچاوخستنی هۆکارەکان ئەوەندەی خوێنی گەشی چەند شەهیدێك مەرەکەبی دەوێت و پێویستە پەنجە لەسەر راستییەکان دابنێین، هەرچەندە تاڵ و بەئازاریش بن... نێزیکەی دووسەد ساڵ تەمەنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی میرنشینی بابان، تاك و تەرا لاپەڕەی گەشی تێدایە نەوەکان شانازیی پێوەبکەن، مێژوویەکی پتر لە دوو سەد ساڵی لێواو لێو دووبەرەکیی، ململانێی خوێناوی نێوان میرەکان، برا دژی برا و ئامۆزا، ئامۆزاش دژی برا و ئامۆزا پلانیان دەگێڕا، ئاویان دەکردە ژێر یەکتر، دەستە و دامێنی تورکیای عوسمانیی، یان ئێرانی سەفەوی دەبوون و لەشکریان دەهێنایە سەر وڵاتی بابان و میریك میرێکی هەڵدەکەند و چاونزمی بەردەرگای دوژمنانی دەکرد و بە شانازییەکی بێناوەڕۆکەوە کە هەر شەرمەزاریی بوو دەچووە شوێنەکەی و بۆ ماوەیەك کە زۆرتر هەر کورت و کەمخایەن بوو بە ئاواتی دەسەڵات دەگەیشت هەتا برایەك، یان ئامۆزایەك دەریدەپەڕاندن و تراژیدیاکە بەو جۆرە خۆی دووبارە دەکردەوە، ئەوە جگە لەوەی بەو حاڵەشەوە هەرکاتێك بەخۆیاندا رادەپەرموون، یان دوژمن پاڵی پێوەدەنان پەلاماری میرنشینە دراوسێ هاوخوێنەکانیان دەدا و ئەگەر سەربکەوتنایە بە قارەمانێتیی و شانازیی مێژووییان دەزانی، شێخ رەزای تاڵەبانیی شاعیر و رووناکبیرێکی سەردەمی خۆی بوو، شانازیشی بە کوردەوە دەکرد،لە سێ بۆنەی جیاوازدا،لەبۆنەی یەکەمدا وتوویەتی:

**بە بیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو**

**نە مەحکومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو**

**لەبۆنەی دووەمیشدا دەڵێ:**

**عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم، ئەفزەڵن ئەمما**

**سەلاحەددین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو**

**کەچی لە ململانێی نێوان میرنشینەکانی کورددائەویش هەروەك میرەکان بیری کردۆتەوە، تەماشاکە لە بۆنەی سێیەمدا کە بابان بەسەر ئەردەڵاندا سەردەکەوێت وتوویەتی:**

**کە ئەحمەد پاشا لەشکری والی سنەی شڕکرد**

**رەزا ئەوکاتە پێنج و شەش تفلی دەبیرستان بوو**

ئاخۆ دەبێت چ شانازییەك لەوەدا بێت میرێکی کورد، میرێکی دیکەی کورد شڕ بکات، لەشکری لایەنێکی کورد لەشکری لایەنێکی دیکەی کورد پەرێشان و سەرگەردان و رووزەردی بەردەرگای دوژمن بکات ؟

میری سۆران، میر موحەممەدی رەواندز (پاشا کۆرە) ئەو کێشە ناوخۆییانەی بەرۆکی بابانی

گرتبوو،بەئامان و سامان بەری نەدەدا، لای ئەو سەری هەڵنەدابوو، لەوپەڕی فراوانخوازیی و سەرکەوتنیشدا بوو، بەڵام ئەویش دەردی خۆی هەبوو، هەموو درەختێك کرمی خۆی هەیە، پاشا کۆرە لە رادەبەر توندوتیژ و دڵرەق بوو، هێز و توانای جەنگیی خۆی زۆر لەوە گەورەتر دەهاتە بەرچاو کە هەیبوو، پشتێنی ئیسلامەتیشی زۆر توند بەستبوو جگە لە لوتبەرزیی و خۆبەزلزانین، نەفسی سەرکەش رێگەی بدایە کە سوڵتان لە هەموو سەرپێچییەکانی خۆش بوو، فەرمانی میرایەتیی سۆرانیشی بۆ نوێکردەوە،ئەو(نەفسی سەرکەش)ە رێگەی بدایە کە لە ئەستەمبوڵەوە گەڕایەوە سەرێك لە بەغداد بدات و سلاوێك لە عەلی رەزای والی بکات، بەو جۆرە ماڵی خۆی و ماڵی کوردیشی وێران نەدەکرد.

میرنشینی بۆتانیش ململانێی نێوان بنەماڵەی بەردرخانەکان کە روناکبیر و کراوە بوون و خۆیان بە چمکی ئاینەوە نەدەبەستەوە رێگە لە کوردایەتیی بگرێت و پڕ بە پڕی واتای رامیاریی ئەمڕۆ، رامیارییان دەکرد، بەرژەوەندیی لە سەروو هەموو شتێکەوەیە و نەدۆستی هەتا سەر و نە دوژمنی هەمیشەییش لە فەرهەنگی رامیارییدا بوونیان هەیە، وەك باڵی چەپی نێو سەرکردایەتیی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردی باکورلەگەڵ بەرەی شێخانی شەمزیندا پێکنەدەهاتن و دانوویان لە مەنجەڵێکدا نەدەکولاند....

مێژوونووسی گەورەی کورد (محەممەد ئەمین زەکی بەگ) دەڵێ: میرێکی کورد(مەبەستی لە مەحمود پاشای بابانە .ن.ك) لای میستەر ریچ سکالا دەکات: حەسوودی بەینی ئۆمەرای ئێمە بۆتە هۆی ماڵوێرانی بەبە، بەراستی ئەگەر نیفاق و حەسادەتی بەینی ئۆمەرای بەبە نەبوایە، نە تورك و نە ئێران نەیاندەتوانی زەفەرمان پێ بەرن[٤٢].

رەفیق حیلمیش هەر لەو رووەوە دەڵێت: میرە کوردەکان هەمیشە خۆیان زیاتر (زیاتر خۆیان) لەپێناو عوسمانی و ئێراندا بەختکردووە و خوێنیان بۆ رشتوون، یان بە فرمان و پلانی ئەوان دژی یەکتر راستبوونەتەوە، ئەم کارەش ئەوەندەی تر لە بەرچاویاندا سووکی کردوون، تەنانەت زۆریان بوون بە ژێردەستە و کەوتوونەتە تەنگانەوە، بوون بە دەسکەلای دەستیان و لەناوبردنی میرە کوردەکان و میرنشینەکانیان مەبەست و ئامانجی بەرووددوایان بووە.[٤٣] هەندێك جار والییەکانی بەغدا روویەکی خۆشیان بە میرەکانی کورد دابێت، دۆستایەتیی کورد نەبووە، مەبەستی ئاشکرا و نهێنیان هەبووە، میرەکانیش پێ بە پێیان رۆیشتوون، هەرچەندە نیازی دڵی دوژمنیش تێگەیشتوون و لە ئامانجەکانیان بێئاگا نەبوون! (ئەم تەوجیه و دڵنەواییەی سلێمان پاشا(مەبەستی والی عوسمانییەکانە لە بەغداد .ن.ك)، کە خیلافی طەبعی بوو، جارجاری رووی ئەکردە بەعضێ ئومەرای بەبە، لە حیسێکی ئینسانیی زیاتر بە مەقصەدی..)[٤٤] ئەمە یەکێك لە بۆچوونە وردو بەسەلیقەکانی محەمەدئەمین زەکیبەك بوو. هەروەها دەڵێ(ئەم سەبەبانە بوو بە هۆی "بوون بە هۆی" ئەوەی ئیتر لە ساڵی ١٨٤٨ هیچ میرنشینێکی کورد بە سەربەخۆیی نەمێنێ و دوا ئیمارەتی کورد کە ئیمارەتی بابان بوو لە دوای ٢٠٠ ساڵ فەرمانڕەوایی لە ساڵی ١٢٦٧ك/ ١٨٥١ز. بە تەواوی لەناوچوو)[٤٥] عەلی سیدۆ گۆرانیش لە کتێبەکەیدا بە زمانی عەرەبی (من عمان الی عمادیة) نووسیویەتی (ئەگەر میرنشینی ئەردەلان و بابان و باقی میرنشینەکان یەکیان بگرتایە، هیچ هێزێك

نەیدەتوانی زەفەریان پێبەرێت و لەناونەدەچوون)[٤٦].

لەم تەنکە بوارەدا پێویستە هەر لایەنە تەڵخ و تاریك و نێگەتیڤەکان پێشان نەدەین ولایەنە رووناك و پۆزەتیڤەکان بکەین بەژێرەوە، میرایەتیی بابان لایەنی پڕشنگداریشی هەیە (مێشە هەنگ هەنگوینی لەدەمدایە و چزووشی لە کلکیدایە)هەر بۆ نموونە سەردەمی میرایەتی بابان بەردی بناغەی وێژەی کلاسیکیی کورد لەسەردەستی چەند شاعیرێکی وەك شێخ ئەحمەدی نیشانیی ناسراو بە مەلای جزیری ١٥٧٠ـ ١٦٤٠ ز.کە زۆر شانازیی بە خۆیی و بە کوردبوونی خۆیەوە دەکرد، بڕوانە لە هۆنراوەیەکدا دەڵێت :

**أنا وردة فی بُستان أرم بُهتان**[٤٧] **أنا السراج فی داجیە لیالٍ کوردستان**[٤٨]

**واتە : من گوڵی باخچەی ئیرەمی بۆتانم من چرای شەوە تاریکەکانی کوردستانم**

هەروەها شاعیرانی دیکەی سەردەمی بابان، وەك عەلی هەریریی ١٤٢٥ـ ؟، فەقێ تەیران ١٥٩٠ـ ١٦٦٠ خاوەنی چیرۆکی شێخی سەنعان، عەلی تەرماخیی لە ١٥٩١ عیسابییدا یەکەمین رێزمانی زمانی عەرەبیی بە کوردی نووسیوە، مەلا یونسی هەلەکتینی ؟ـ١٧٨٥ز. سێ لێکۆڵینەوەی بە زمانی کوردی لەسەر رێزمانی عەرەبیی نووسیوە، مەلا ئەحمەدی باقی ١٤١٤ ـ ١٤٩٥.[٤٩]ئەو نووسەر و شاعیرە پێشەنگانە بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی نووسیوە،رێچکەیان شکاندووە،هانی نووسەران و شاعیران و زاناکانی کوردیان داوە بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی بنووسن و بایەخ بە زمانەکەیان بدەن و بەکاریبهێنن،کەلەپووری نەتەوەکەیان بپارێزن و شانازیی پێوە بکەن، کورد،نە زمان و نە مێژووی رابردووشی (کەچ)ی لە زمان و کەلتوور و مێژووی نەتەوە سەردەست و داگیرکارەکانی کوردستان کەمتر نییە. لەو سەردەمانەی میرایەتیی باباندا، زار زمانی (دیالێکتی) کوردی موکریان پەرەیسەند و لە هۆنراوەی کوردیشدا رەنگیدایەوە کە تا ئەو سەردەمە دیالێکتی هەورامیی (گۆرانی) بەزۆری و کرمانجی ژوور و کەمتر، زمانی شیعر و شاعیران بوون. باڵادەستیی زارزمانی هەورامییش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناوچەی هەورامان ناوچەیەکی شاخاوی سەخت و چەپەك و دوورەدەستی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان بوو، زمانی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن، کە یەکێکیان زمانی تورکە، بەڵام چ زمانێك، هەزار خۆزگە بە زمانی فارسی، سەرکردە تورکچییەکانی کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن دروشمە سەرەکییەکەیان چوار وشەیە(حریت،مساوات،عدالت،حریت) هەرچواریان عەرەبین و بە رێنوسێکی هەڵەش دەیاننوسیی.

## دوا وشە

مێژووە هەژارەکەی کورد ئەمسەری بگریت و ئەوسەری بگریت تەنها و تەنها بەرگرییکردن و ململانێ خوێناوییەکەیە دژی دوژمن و داگیرکارەکانی کوردستان و پێداگرتن لەسەر مانەوە و ژیان وەك کورد و خۆبەدەستەوە نەدان و تواندنەوە و سڕینەوەی ناونیشان. پەیوەندییەکانی نێوان تورك و کورد لە بوارەکانی بەڕێوەبردن،رامیاریی، جەنگیی دوای لەنێوبردنی میرنشینەکانی کورد پچڕا و هەر بە پچڕاوییش مانەوە هەتا راپەڕینە مێژووییەکەی بەهاری (١٩٩١)، بەرنامە شۆڤێنییە چەسپاو و نەگۆڕەکەی تورك بەرامبەر کوردی باکوور بریتییە لە: لەم وڵاتەدا تەنیا و تەنیا یەك نەتەوە هەیە و تورکی رەسەن و عەیاری بیست و

یەکن، هەمووشیان یەك زمان و یـەك مێـژوو، کولتـوور و ئایینیـان هەیـە "ئـای کـە وانییـە"، بۆیـە هـەر هاونیشتمانییەك وەك تورکێکی رەسەن بیرنەکاتەوە لێرە جێگەی نابێتەوە، زمانی تورك زمانێکی شـیرین و زمانی سوڵتان و خەلیفەکانە و هەموومان هەر بەو زمانە دەدوێـین و دەنووسـین، بەرنامـەی رامیارییشـمان (پاراستن و پەرەپێدانی ئاشتیی و هێمنییـە لـە نـاوخۆ و دەرەوەی وڵاتـدا) ئۆبـاڵ بـە گـەردنم لـە رووکەشـدا درووشم و بەرنامەیەکە "چ عەیبی نییە"، وەك برایانی هەولێری دەڵێن[٥٠]، بەڵام لە نـاوەڕۆك و پڕاکتیکـدا نەك هەر "عـەیبی هەیە"، بەڵکو پڕا و پڕ تاوان و تاوانکاریی و پێشێلکردنی مافەکانی کورد وی عارەبە و لەو وڵاتـەدا هەر جموجووڵ و دەنگی ناڕەزاییەك بەنێوی تورکـەوە دەشـێت، بـەڵام بـە هـەر زمـان و نـاوێکی دیکـەوە بێـت بڤـە و مەترسـیدارە و "سـاغڵەمیی تورکیـا" تێکـدەدات، بـەکارهێنانی زارزمـانی تورکـە چیانشینەکانیش دیالێکتێکی زمانی تورکە و لە رووی نەزانینەوە شێوێندراوە و بەکارهێنانیشی قەدەغەیـە چونکە زیان بە زمانە رەسەنەکە دەگەیەنێت و ناشیرینی دەکات "مەیموون زۆر جوانـە، ئاوڵـەش دەربـدات" ئەوە لە ناوەوەی تورکیادا، لە دەرەوەش (پاراستنی هێمنیی و ئاسایش) ئەوەیە وڵاتانی دراوسێ، سـووریا و عێراق و ئێران بە دەستێکی ئاسنین لە هەر بزوتنەوە و جموجوڵێکی کورد بسرەوێنن و بەردەوام لێپرسـراوانی هەر چوار دەوڵەت لە پەیوەندیی رامیاریی و هەواڵگرییدان بـۆ تاسـاندنی هـەر جموجـووڵ و سـەربزێوییەکی کوردو سنوورەکانیشمان ئـاوەڵا دەبێـت بـۆ یـەکتر بـۆ راونـان و دەسـتگیرکردنیان و دانـەوەیان بـە دەوڵـەتی پەیوەندییدار. ئـەم تێـزە لێـوان لێـوە لـە شـۆڤێنیزمیی تـورك و گەیشـتۆتە ئاسـتێك هـەموو سـنوورەکانی یاساکانی ئاسمان و زەوی بەزاندووە، کوردێکی موسـوڵمان و روو لـە خـودا، بـە زمـانی زگمـاك لـە یـەزدان بپاڕێتەوە بۆ خێر و خۆشیی موسوڵمانان و ئاوەدانیی وڵات بە تاوانێکی هێنـد گـەورە دەژمێردێـت دەچـێتە سنووری کفرەوە، لەیلا زانای شۆڕشگێڕ بە چ تاوانێك بیسـت و پێـنج سـاڵ زینـدانییان بەسـەردا سـەپاند؟! دواتریش پازدە ساڵ زیندان کاتێك وەك پەرلەمانتارێك سوێندی یاسایی بە زمانی کوردیی دووبارە کـردەوە کە دڵسۆزی تورکیا و رژێمی تورکیا و ژیانی دیموکراتیی و پەرلەمانیی بێت! بەراسـتیی سـەیر و سـەمەرەو سەرسوورهێنەرە.

دوابەدوای راپەڕینە مەزنەکەی بـەهاری ١٩٩١ی جـەماوەری باشـووری کوردسـتان، مێـژوو نەقیزەیـەکی تیژی لە کەلەکەی تورك سرەواند و هۆشیاری کردەوە کە دنیا گۆڕاوە، کوردی باشوور یەکدەست و یەکـدڵ و یەك ئامانج راپەڕیون و لەشکری عێراق تووشی شکستێکی سەربازیی شەرمهێنەر بووە و ژمـارەی تانـك و زرێپۆش و فڕۆکەی میـك و سـیخۆ و کۆپتـەری ئاپاتشـی و تۆپهاوێـژ و کـامیۆنی سـەربازهەڵگرە سـوتاو و تێکشـکاوەکان سـەدجار و پتریـش لـە ژمـارەی سـەرباز و ئەفسـەرە کوژراوەکـان زۆرتـرن، چـونکە زۆربـەی کەرتەکانی سووپا خۆیان لەبەر زریانی هێرشی جـەماوەر و پێشـمەرگەدا رانـەگرت، خۆیـان بەدەسـتەوەدا و کورد نەك نەیاندەکوشتن، وەك لێقەوماوی جەنگ هەر خێزانێکی کورد بەپێی توانا و دەرامـەت سـەربازێك و دووان و سیان و پتری لەخۆدەگرت و وەك میوان دەیحەواندەوە هەتا خودا دەرووبەکیان لێدەکاتـەوە، بـاوەڕ ناکەم لە هەموو مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤدا جـوامێریی وەهـا روویـدا بێـت... سـەددام دامودەسـگاکانی

بەڕێوەبردنی لەناوچە رزگارکراوەکان کێشایەوە و سێبەری رژێمی بەغدا لـە زۆربـەی هەرێمـەکانی باشـووری کوردستاندا نەما، رژێمی تورکیا و دەزگاکانی "میت" باوەڕیان نەدەکرد، بەڵام چیتان دیوە؟ هەڵبژاردنێکی پاك و ئازاد بەڕێوەچوو، نوێنەرانی گـەل هەڵبـژێردران، یەکـەمین پەرلـەمانی کـورد لـە مێـژوودا دامـەزرا، حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکەمین کابینەی وەزیران[٥١].. تورك لـە کـوردی رانـەدەبینی شـارێکی بـۆ بەڕێوەببرێت، دڵی خۆی بەوە خۆش دەکرد (گرنگ نییە، وەك بڵقی سـەر ئـاو زۆر نابـات پـووچ دەبێتـەوە و نامێنێت وەك ئەوانەی پێشتر، سەردەمی شێخ مەحمود و سـەردەمی قـازی موحەممـەد! بـەڵام ئـەو خـەوەش نەهاتەدی، کورد شارە گەورەکان سلێمانی، هـەولێر، کـەرکوك، چەمچـەماڵ،دهۆك، پێنجـوێن، هەڵەبجـە، سەیدسادق، دەربەندیخان، کفری و کـەلار و خانـەقین، ئـاکرێ، زاخـۆ، شـەنگال، رەوانـدز، ئامێـدی، زێبـار، چوارتا، ماوەت، تەوێڵـە و بیـارە ...هتـد بـە سـەرکەوتوویی بـەڕێوە دەبـەن[٥٢].) نـەك هـەر ئەوەنـدە، لـە رووخاندنی رژێمی سەددام و رزگارکردنی عێراقیشدا پێشمەرگەی کـورد گـەورەترین هێـز بـوون و بـە تـەنها توانیان هەر بستێکی باشـووری کوردسـتان لـەژێر دەسـتی رژێمـدا مـابوو وەك کـەرکوك و دەڤـەرەکانی و خانەقین و دەڤەرەکانی رزگـار بکـەن. تـورك لەسـەر ئاسـتی دەوڵـەت و جـەماوەریش ئەبڵـەق بووبـوون، بـە حەپەساوی و ترس و دڵەڕاوکەوە لەو گۆڕانکارییە گرنگانەیان دەڕوانـی لـە پەنایانـدا روودەدات.. کـورد لـە سەرانسەری عێراقدا، لە دەستەڵاتی نێوەنددا لە بەغدا لایەنێکی بەهێزی سێ لایەنە سەرەکییەکەیە، شیعە و سوننە و کـورد، کارەسـاتە کارەسـات، پێشـەوای بـاڵێکی کـوردە یاخییـەکانی عێـراق سـەرۆك کۆمـاری عێراقە، کارەسات! یەکەمین جێگری سـەرۆك وەزیـران، دووەمـین جێگـری سـەرۆکی پەرلـەمان، سوپاسـالار "سەرۆکی ئەرکان"، وەزیری دەرەوەی عێراقی فیدراڵ، شەش، حەوت وەزیـری سـەرەکیش هـەموو کـوردن و لەسەر لیستی کوردستان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆشکی سپی بە فـەرمیی پێشـوازیی لێـدەکرێ، کارەسات! مەسعود بارزانی زنجیرەیەك گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆك جۆرج دەبلیو بۆش و گـەورە بەرپرسـان ئـەنجام دەدات و لە کۆبوونەوەیەکی (یـو، ئـێن)دا بـە بـەرگی نەتـەوەیی کـورد و بـە زمـانی کـوردی وتـار دەدات. حکومەتی ئەنقەرە خۆی گێل دەکا، وەك ئەوەی نەزانن چییە، دەپرسن: بەڕێز سەرۆك بۆش بە چ ناوێکـەوە پێشوازیی لە سەرۆکی تاقمێکی کـوردی عێـراق دەکـەن؟ وەڵام: بـەڕێز سـەرۆکی تورکیـا بـەناوی سـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشوازییمان لە بەڕێز مەسعود بـارزانی کـرد. "دەبخۆ دەی". کـورد وای لێهات؟ بەڵێ، ئەوانەی ژیری و یاساکانی لۆژیك فێریان نەکات، شـەقی رۆژگـار فێریـان دەکـات، رەوڕەوەی مێژوو بە سەروپێچە زلـەکانی سـوڵتانەکانی عوسمـانیی و ئەسـتێرە و میـداڵیا و نیشـانەکانی سـەر شـان و بەرۆکی ژەنەراڵە قرخـەکانی تورکـەوە نەبەسـتراوە، چیـتان دیـوە!؟ هێشـتا خـاوەن تەڵـە نـەهاتووە، ئەوسـا بەزمەکـەی مـام رێـوی خۆشـە. ١٩٩١ بـەدواوە بەرنامـە دوژمنکارییەکـەی تـورك و رژێمەکـەی ئەنقـەرە بەرامبەر کوردی باشوور بەگشتیی جۆرە خاوبوونەوەیەکی بەسەردا هـات و لـە هەڵکشـان و داکشـاندا بـوو هەتا کۆتایی ٢٠٠٩ کە وەزیری دەرەوەی تورکیا بە سەردانێکی فەرمیی هاتە هەولێری پێتەختی کوردستان و کونسـولگەریی تورکیـا لـە هـەولێر و کـەرکوك دەکاتـەوە و دان بـەوەدا دەنێـت پەیوەنـدیی دۆسـتانە و

هاوکاریی نێوان تورکیا ، هەرێم کلیلی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانە، دیارە مەبەستی لە کێشەی کوردی باکوور و کێشەی کەرکووکە کە چاویان تێبڕیوە و بە پێگەی ستراتیژیی خۆیانی دەزانن لە عێراق بۆ زیندووکردنەوەی داواکارییە کۆنەکەیان لە خاوەندارێتیی ویلایەتی موسڵ کە هەتا ساڵی ١٩١٨ هەموو کوردستانی باشووری دەگرتەوە، کردنەوەی کونسولگەرییەکیش لە کەرکوك لەپاڵ هەولێردا نامەیەکە بۆ هەرێم و بەغدا و پتر لە ناوەڕۆکێکیشی تێدایە.

بەرنامەکانی تورکیا هەمەلایەنە گۆڕانکاریی بەرچاوی بەسەردا هاتووە، ئەوەش بۆ تورکیای چەقبەستوو لە بازنەیەکی نەگۆڕدا جێگەی بایەخ و خاڵێکی پۆزەتیڤە، تورکیا هەتا چەند ساڵێك لەمەوبەر دانیان بە بوونی کورددا لە تورکیا نەدەنا، رێکخراوی رزگاریخوازیی پێکەکەشیان (پارتی کرێکارانی کوردستان) بە باندێکی تیرۆریست دەژمارد، نەك پارتێکی رامیاریی خاوەن بنکەیەکی جەماوەریی فراوان لە کوردستان و ئەوروپاشدا، لێرەدا شتێکم بیر دێتەوە، نێوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوو پێشەوای عەرەب، جەمال عەبدولناسر ئێستگەیەکی رادیۆی لە قاهیرە کردبۆوە، رۆژانە چەند کاتژمێرێك بەرنامەی بە زمانی کوردیی پەخش دەکرد، دکتۆر فوئاد مەعسوم کارمەندێکی ئەو ئێستگەیە بوو، ئامانجی میسر لەو پەخشە هاندانی کوردی عێراق بوو لە رژێمی شا فەیسەڵی دووەم و شای ئێران، بەڵام تورکیا تەنگەتاو بوون، پەیوەندیی بە عەبدولناسرەوە دەکەن و نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن، عەبدولناسر دەپرسێت ئایا لە تورکیا کورد هەیە؟ دەڵێن نەخێر! ناسر دەڵێ: کەواتە بۆ دەترسن؟! دەڵێن: لەنێو گشت زیندەوەردا تەنها مرۆڤ تەریق دەبێتەوە، چونکە هەر ئەو کاری وا دەکات شیاوی تەریقبوونەوە و شەرمەزاریی بێت، ئاخۆ سەرۆکی تورکیا شەرمەزار نەبوبێت؟.

ئەمرۆ دەبینین لەژێر پاڵەپەستۆی خەباتی چەکداریی پەکەکە و خەبات و چالاکیی هێمن و دیموکراسییانەی رێکخراوەکانی کورد و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و رەخنە و پڕۆتستۆکردنی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیادا لە لایەن وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکاوە، تورك سەری بەر بەردی ئەلحەد کەوت و شایەتمانێکی بەهەقیان هێنا ، بەڵێ کێشەی کورد هەیە و کێشەی هەرە گرنگ و سەرەکیی تورکیاشە و دەمێکە پێوەی دەناڵێنین و زۆریش کەوتووە لە سەرمان و پێویستە بە هەمووان جگە لە پەکەکە لە هەوڵی پەرلەماندا چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزینەوە.. کوردی تورکیا بۆی هەیە بەرگ و پۆشاکی خۆی بپۆشێت و ئەوە رادیۆ و کەناڵێکی تەلەفزیۆنییش بەرنامەکانیان بە کوردیی پەخش دەکەن و ئاخاوتن بە کوردی سزای لەسەر نییە(٥٣) "دە وا بڵێ رەحمەت لە خۆت بەولاوەتر، موویەك لە بەراز ببێتەوە هەر باشە"، ئەم دەستکەوتانە هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاستی پەروەردە و فێرکردن بە زمانی کوردیی، کوردی باکووریش بەو فشەمافانە دڵخۆش نین و باوەڕ بە پەیمان و بەڵێنی تورك ناکەن، لە کوردستانی بچووکیش، رژێمی سووریا بە کورد دەڵێن: ئێوە کوردن، تورکن، هەرچییەکن، سەدان ساڵ لەمەوبەر لەدەست ستەم و زۆرداری تورك راتانکردووە و لێرە گیرساونەتەوە، ئێوە میوانن و پێویستە رێز لە یاساکانی میوانداریی و خاوەن ماڵ بگرن، میوان میوانە و خاوەن ماڵ خاوەن ماڵە، میوان هەرچەند مانەوەی درێژبێتەوە دەشێت ببێتە سەپان،

جوتیار، کرێکار، زاوا، بووك، بەڵام هەرگیز نابێتە خاوەن ماڵ، خاوەن ماڵیش دەبێتە دۆست، هاوکار، خزم،، بەوپێیەش زۆرمان بەسەرتانەوە هەیە و صاڵ بە صاڵیش پتر قەرزاربارمان دەبن، بەڵام هیچمان ناوێت، تەنها سنووری خۆتان بزانن و سەربزێویی نەکەن.

بەپێویستی دەزانم لێرەدا بڵێم تورکیا لە هەموو بوارەکاندا لە سنوورە کلاسیکەکەی دێتە دەرەوە و پەلەقاژەیەتی وەك رژێمێکی مۆدێرن لە کۆت و زنجیرەکانی رژێمەکەی مستەفا کەماڵ رزگار بێت، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، یان سەری خۆی دادەنێت، یان سەری رژێمە وشکهەڵاتووەکە دەخوات، ئەمڕۆ تورکیا بە رابەریی ئەردۆغان هاتۆتە ناوجەرگەی رووداوەکانی ناوچەکەوە، ناوبژی عارەب و ئیسرائیل دەکات، بۆ فەلەستینییەکان دەگری و پەیمانی سەربازی و مانۆڕی هاوبەشی جەنگی دەریاییش لەگەڵ ئیسرائیلدا دەکات، لە ئێران و سووریاش نێزێك دەبێتەوە، کارتی ئاویش وەك فشار دەخاتە سەر سووریا و عێراق و دەیەوێت سەرچاوەکانی ئاوی چیاکانی باکووری کوردستان بکاتە سەرمایەی سامانی نەوت و لە داهاتوودا بە نرخی نەوت بە وڵاتانی دراوسێی بفرۆشێت کە ئاوی شیرینیان نییە وەك: ئوردن، سعوود، کوێت، کەنداو، ئیسرائیل، فەڵەستین.

جگە لەوەش دەستی خستۆتە کاروباری ناوخۆی کۆمارەکانی قەفقاس و کێشەی کەرکووکەوە، ئەندامی پەیمانی ناتۆیە و پەلەیەتی ببێتە ئەندامێکی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا، کەچی دژی جەنگی ئەفغانستان و هێزەکانی بێگانەیە لەو وڵاتە و لە عێراق، پڕۆتستۆی جەنگی یەمەن و سعوودیە دەکات دژی حوسییەکان، پڕۆتستۆی قەدەغەکردنی لەچك و سەرپۆشینی ئافرەت دەکات لە کارگە و فەرمانگەکانی هەندێك وڵاتی ئەوروپا، پڕۆتستۆی سویسراش دەکات کە رێگە بە بەرزکردنەوەی منارە نادات لەسەر مزگەوتە نوێیەکان... گروپە توندڕەوەکان و ژەنەراڵەکانی سوپاش لە بەرنامەی ئۆردوغان رازی نین و بە چاوی پڕگومانەوە تەماشای دەکەن، پلانی کودەتایەکی سەربازیشییان داڕشتبوو، بەڵام ئاشکرابوون، دران بە دادگا.

## میری شکۆداری کورد عەبدالخان

هەتا ئەم دواییانەش واماندەزانی هەموو میرنشینەکانی کورد وەك میرنشینەکەی بابان وڵاتێکی وێران و دوور لە پێشکەوتن و تەنانەت میرەکانیش کۆشك و سەرای خۆیان و فەرمانڕەواییان نەبووە.

میستەر جێمس ریچ ١٨٢٠ کە دیدەنی مەحمود پاشای بابان دەکات، وڵاتەکە ئاوەدانیی تێدا نەبووە، میر لە دەری شار لە خێوەتێکدا بووە! بەڵام ئەو زانیارییە وردانەی ئەولیا چەلەبی لە ماوەی دە رۆژ مانەوەدا لای میری برادۆست تۆماری کردوون، هەستێکی شانازیکردنی وەهامان لادروستدەکات ئەگەر بەرهەمی نووسەرێکی کورد بووایە دەموت لە راستیی لایداوە و زۆر زۆری پێوەناوە، میرێکی کورد چۆن گەیشتووە بەو پایە بەرزەی زانست و رووناکبیریی و هونەر و دەستڕەنگینیی و ئەو هەموو ئاوەدانیی و کۆشك و سەراو ژیانی شاهانە و شکۆمەندییە؟ بەڵام خۆشبەختانە نووسەرێکی تورك، کارمەندێکی بەردەستی ئەحمەد پاشای زاوای سوڵتانی عوسمانیی کە پێشتر لە پۆستی سەرۆك وەزیران و دەروازەی باڵای ئەستەموولٚ (سەدری ئەعزەم ـ سەروك وەزیران) و دواتر لێخراوە و بووە بە والی هەرێمی وان و ئەولیا

چەلەبییش بە ویژدانێکی زیندووەوە ئەوەی بە چاوی خۆی بینیویەتی لە شکۆمەندیی میرنشینی برادۆست و میر عەبدالّخان (عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵا)[٥٤] بە دەستپاکیی تۆماری کردوون.

ئەولیا چەلەبیی تا ئەوکاتە کە پێیدەچێت ١٠٦٠ک/ ١٦٥٠ عیسایی بوبێت، چل ساڵی ڕەبەقی بە گەشت و گەڕان و پشکنیندا بەسەر بردبوو، ماوەی ئەو دە ڕۆژەی لەگەڵ ئەحمەد پاشادا میوانی عەبدالّخانی میری پایەبەرزی کورد بووە، بەمجۆرە تۆمار کردووە:

حکومەتی بەتلیس حکومەتێکی سەربەخۆیە لە ئەیالەتی (ویلایەتی .ن.ك) وان، عەبدالّخان حەفتا هۆز و عەشیرەتی لەژێر دەستدایە، تەنها عەلی بەگ سەرۆك هۆزی مودەلە، حەوتسەد تفەنگ بەدەستی هەیە، خان هەرکاتێك بیەوێت حەفتا هەزار شەڕکار کۆدەکاتەوە. سەروەری گەورەمان جەنابی عەبدالّخان پیاوێکی شاعیر و وشەڕەوان و نووسەر و زانا و لە هەموو هونەرێکدا وەستایە، لە فەلسەفە و زانیاریی سەیر و عەجایبدا و لە کیمیا و سیمیا شارەزایە، خۆی کردووە بە پزیشکێك جالینۆس و بۆقرات و سۆقرات و فیلۆسی بەلاوە هیچە، نەبزناس (لێدانی دڵ .ن.ك) و دەرماندەر و خوێنگرێکی تەواوە، لە برینکارییدا هەر وێنەی نییە، ئەوانەی لاقیان دەشکێ، یان لەجێ دەچێت، دەستی بیانگاتێ بە حەوت ڕۆژ دەیانخاتەوە سەر پێ و بە لاقی خۆیان دەڕۆن، لە دەرد و ئازاری ولاخان باش دەزانێت، ڕاوکەر (ڕاوکار، نێچیروان .نە.ك) و نیشان ئەنگێوێکی بێ هاوتایە، پازدە جۆر باڵندەی نێچیرگر پەروەردە دەکات، ساڵی یەکجار لە دۆڵەکانی بەتلیسدا ڕاوە کەو دەکرێ، سێ ڕۆژ کوردەکان کێو و دۆڵەکان دەتەقێننەوە، باڵندە و گیانلەبەرەکان بەرەو لای ڕاوگەکان دنە دەدەن، لە ڕۆژی سێیەمدا خان و پیاوەکانی و خەڵکی دیکەش دەست بە ڕاو دەکەن، هەر باڵندەیەکی نێچیرگر برینداربێت، خان دادەبەزێت تیماری دەکات، لە یەکێك لەو ڕۆژانەی ڕاودا بە دەفتەر حەفتا هەزار کەو ڕاوکراوە، هەتا سێ مانگ کەو دەفرۆشرێت و خەڵك گۆشتی مەڕ و بەرخیان بۆ ناخورێت، خان لە دەرمانکردنی چاودا ئەوەندە شارەزایە، ئەو کەسەی چل ساڵ لەمەوبەر (لەوەوبەر .ن.ك) پێش چاوەکانی ئاوی ڕەشی هێنابێ، میلێکی زۆر باریك دەخاتە ژێر چاوی (ژێر گلێنەی چاوی .ن.ك) و ئاوەڕەشەکەی لێدەردەهێنێت و چاوی کابرا ڕوون دەبێتەوە، من بە چاوی خۆم دیم ئەو چاوانەی تانەیان هاتۆتە سەر، (دەهنەج)ی هیندیی و نێرکی شیاف بە میلێکی تۆزێ هێلکاوی پێدا هێنا و پەردەیەکی وەکو توێکڵە تەنکەکەی پیوازی لەسەر لابرد، لە زانیاریی بەنناییشدا (تەلارسازیی ن.ك) شارەزایە، زۆربەی شوێنەکانی ئەم سەرا گەورەیە خۆی نەخشەی کێشاوە. لە بەرگتێگرتنی کتێب، وێنەکێشان، خەتخۆشییدا (خۆشنووسیی .ن.ك) دەستێکی باڵای هەیە، جارجاریش لە سوورمەی باش، سەرزین دەچنێ و دەینەخشێنێ، یەکی بە دوو هەزار قرۆش دەفرۆشرێ، ساڵی دو دانەی بە دیاریی بۆ سوڵتان دەنارد، خانی بەتلیس سەعاتسازێکی بلیمەتە، سەعاتی ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە و سەعاتی سەر بورج و سەعاتی ژمارە زێڕ و سەعاتی وریاکەرەوە دروست دەکات، لەسەر نقێمی ئەنگوستیلەکەی پەنجەی سەعاتێکی ئەوەندە ورد و جوانی داناوە، زیاتر لە کاری جادوو دەچێ، لە هونەرەکانی: مۆرهەڵکەندن، مۆسیقا و گۆرانییدا هەر باس ناکرێت، مەقامی ڕەست و دووگا زۆر باش دەزانێ هەرچەندە دەنگی زۆر زلە، بەلام کە

دەست دەداتە ئامێرێکی مۆسیقا و شیعری حافز بە (٢٤) ئوسولّەوە دەڵێ، مەل بە ئاسمانەوە رادەگرێ[55]، لە جۆلاییشدا زۆر شارەزایە، بەرماڵێکی دەستکردی خۆی پێشکێش مەلیك ئەحمەد کرد مەگەر وێنەی لە میسر و ئەسفەهاندا دەست بکەوێ، خوای گەورە ئەوەندەی هۆش و زیرەکیی و وریایی و زانایی و تێگەیشتن داوە بەم پیاوە لە سەدان پیشە و هونەر و وەستاییدا کەس نایگاتێ، جەمشیدێکە بۆخۆی، ئەگەر تەواوی زانیارییەکان (زانستەکانی .ن.ك) لێرەدا باس بکەین دەبێتە کتێبێکی زل.

خان چوارده کوڕی زرنگ و وریای هەیە: زیادین، بەدرەدین، نووروددەهر، شەرەف، ئیسماعیل، شەمسەدین، حەسەن، حسێن و ئەوانی دیکەش، بەتلیس بەپێی دەفتەری میراوی خان، دە هەزار باخی تێدایە (بەنێوبانگترینیان .ن.ك) باخی خیابانی پایەبەرزە و تیرهاوێژێك لەولای سەرای خانەوەیە، ئەوەندە جێگایەکی **خۆشە** کەس ناتوانێت تاریفی بکات، دارمێوەکانی بە ریزی هەندەسەیی (ئەندازەیی. ن.ك) چەقاون، تەنیا دار خورما و جەمیز و مۆزی تێدا نییە، لەناو ئەم باخەدا چەند کۆشکێك کراوە، هەریەکەی خەزێنەیەکی لێ خەرج کراوە.

ئەو حەوز و فیچقانەی لێرە بەرچاو دەکەون لە وڵاتی رۆمدا هاوتایان نییە، لە ناوەڕاستی ئەو حەوزانەدا باوەشێك ئاو لە دەمی شێر، لە زاری ئەژدیها دەڕژێتە حەوزەکانەوە، هەندێك لە فیچقەکان ئاو هەڵدەدەن، هەندێکیان چەرخیان لێبەستوون و دەخولێنەوە، هەندێکیش تۆپێکی ناو هلۆڵی خراوەتە سەر، بەهێزی ئاوەکە بەرز و نزم دەبێتەوە و ناشکەوێت، پلووسکی ئاویشی تێدایە، ئاوێکی پێدا دێتە خوارەوە بەر کاسەیەکی پەڵ دەکەوێت، دەنگێکی نەرمی بەسۆز بڵاودەکاتەوە، بۆ میوەجاتیش، خان، باخەوانی لە ئیسفەهان و تەورێز و نەخچەوان راهێناوە و ئەم باخەی بە جۆرێك پێ رازاندۆتەوە سوڵتانی عوسمانیی کە هاتووە و چاوی پێکەوتووە لە سەرسوڕماندا دەمی داچەقاندووە[56] (حەپەساوە. ن.ك)، لە پشت ئەم باخەوە کانیاوی تەفلەیان هەیە. خان لای بەرەوەی ئەو شێوەی کردووە بە بەنداو و دەریاچەیەکی گەورەی لێ پێکهێناوە و کە جۆرەها ماسی تێدایە، بەدەستی خۆیشی بەلەمی جوانی دروستکردووە، هەندێکجار لەگەڵ ماڵ و منداڵیدا بە بەلەم دەگەڕێن و خۆی سەوڵ لێدەدا. (بەشێکی دیکەی پڕۆژە ئاوەدانییەکانی خانۆی بەتلیس) گەرماوی باخە، سێلای گەرماوەکە روویان لە باخەکەیە و پەنجەرەکانی بەسەر باخدا دەڕوانن، پەنجەرەکان شووشەی نەخشاویان تێگیراوە و چوارچێوەکانیش بە نەخش هەڵکەنراون و خانەکانی عەجەم لە تەورێزەوە بە دیاری بۆیان ناردووە، جێی خۆ روتکردنەوە کاشی چینی و فەخفورییە، بنمیچی گومبەزەکەی و قەراغەکانی ژووروی لەسەر کاشیی چینی بە دەسخەتی موحەممەد رەزای تەورێزی، قەسیدە (چامە ن.ك) بەناوبانگەکەی فزوولی لە بارەی حەمامەوە لەسەر نووسراوە، ناوەڕاستی جەمەخانە (شوێنی خۆ روتکرنەوە) لە سێسەد لاوە بە پلوسك ئاوهەڵدەڕژێ، بەردە مەڕمەڕەکانی تەختەکەی بە چەشنی فەرشی میری نەخشاون و هەر پارچەی لە رەنگێکە، لە ناوەڕاستی حەوزەکەدا فیچقەیێك ئاو هەڵدەداتە بنمیچی سەرێ و لەوێوە دەرژێتەوە خوارێ، ئەو خزمەتکارانەی لەم جاخانەیەدا خزمەت دەکەن خولامی چەرکەس و گورجین و وەکو مانگ دەبریسکێنەوە، هەریەکەیان بایی هەزار قروش خەنجەر و چەقۆی جەوهەرداریان لەبەر پشتینە

ئاوریشمەکانیان چەقاندووە، بەسۆلی سەدەفکارەوە دێن و دەچن دەڵێی تاوسی بەهەشتن، خاولی و پەشتماڵی ئاوریشم و سۆلی سەدەفکار دەبەن بۆ خۆشۆرەکان، لە جاخانە چوویە ئەودیو، ژوورێکی گەورەیە بەناوی سارخانە (ژووری سارد)، گومبەزێکی گەورەی بەسەرەوەیە، ئاوی حەوز و پلووسکەکەی ناوەڕاستی شلەتێنە، تەواوی دیوارەکانی کاشیی چینیە و هەزار چلچرای پێدا هاتووەتە خوارەوە، لێرەوە دەچیە ژووری گەرماو، وا دەزانی کەوتوویە ناو دەریای ڕۆشناییەوە، چونکە گومبەزەکەی ئەوەندە بەرزە سەری لە ئاسمانە و دیوارەکانی لەسەر ئەو کۆڵەکانەیە کە ناویان بە بلوور و شووشەی ئەستوور و قەندیل و چلچرا پڕکراوە و سەرەوەشیان یەکپارچە شووشەیە، حەوزێکی گەورە لەناو گەرماوەکەدایە رووی ئاوەکەی پڕە لە گەڵا مێخەك و گوڵەباخ، لە هەموو ژوورە بچووکەکانیش قولەتێن هەیە (حەوزی تێکەوتن ـ خۆنقومکردن ـ ن.ك)، جوڕنەکان بەردی مەڕمەڕن، هەندێکیان لە شەوە، پیرۆزە، کارەبا، گوڵی، گوێ ماسی، یاقیقی یەمەنی و بەردی سیلانین، گوڵەکانی جاخانەکەش لە بەردی سماق و مەڕمەڕ و وەستاکان ئاویان بە ناو ئەو کۆڵەکانەدا راکێشاوە، هەموو لوولەکان (بەلوعەکان .ن.ك) و تاسی ئاوبەخۆداکردن زێڕ و زیون، هەواکەی ئەوەندە ساف و ساغە پیاو لە دوای کەمێك دانیشتن هەست دەکات عومری تازە بۆتەوە، زۆر شیعری خۆش سەبارەت بە گەرماو گوتراو، لە دامێنی گومبەزەکە بە خەتی خۆش نووسراون، ئەو ناترە ناسك و نازدارانەی لەشی نەرم و شلیان بە فۆتەی ئاوریشم داپۆشیوە و کاکۆڵیان پەرێشان کردووە، بە کیسەی (لفکەی) نەخشین و سابوونی بۆنخۆشەوە بە دەورتدا دێن و دەچن و پیاو هۆش لە کەللەیدا نامێنێت، لە زۆر لاوە مەنقەڵی بخوور و عوودو عەمبەر دەسوتێ و بۆنی خۆش بڵاودەکاتەوە.

بە کورتی بڵێم: زمان و قەڵەم لە وێنەکێشانی ئەم سەرا گەورە و باخە بەهەشتە و گەرماوە بێهاوتایەدا دەستەوستانە، ئەو وردەکاریی و ناسکیی و زەریفییەی تیایاندا بەخت کراوە، وێنەی نییە، من خۆم چل ساڵە خەریکی گەشتم، شتی وام لە هیچ کوێیەك نەدیوە، وەستاکانی ئێوە دەستیان داوەتە هەر شتێك ناتەواوییان تێدا نەهێشتۆتەوە، جا ئەم هەموو شتە چەندی تێچووە؟ هەر خودا خۆی دەیزانێ، کە سوڵتان مرادی داگیرکەری (داگیرکاری .ن.ك) بەغدا هاتۆتە ئەم گەرماوە خۆی بشوا دەبینێ ئاوە ساردەکەی بۆنی گوڵاوی لێدێ و ئاوە گەرمەکەی بۆنی بوخوور (کورد دەڵێ بۆنی بوغورد، وەك بۆنی بووغورد و داری عوود ن.ك) لە ژوورێکدا پێنج خوڵامی چاوڕەشی کاکۆڵ درێژ بۆ ناتریی و لە ژوورێکی دیکەدا پێنج کیژی ناسکۆلەی هێشتا نەپشکوتوو ئامادەی خزمەتن، سوڵتان ئەوەندە شاد دەبێ دەڵێ: (ئەرێ چ دەبوو ئەستەموڵی منیش گەرماوێکی ئاوای تێدا بووایە!) ئێمەش کە لەگەڵ مەلیك ئەحمەد پاشادا هاتینە ئەم گەرماوە، پاشا گوتی (وێنەی ئەم گەرماوە لە هیچ کوێیێکی دنیادا نییە!) کە پاشا لە گەرماو هاتەدەر، لەسەر دەستووری خانی پایەبەرز، سفرە ریز کرا، دەوریی زیوی پڕ لە خواردنی خۆش و بۆنخۆش داندران، زۆربەی خواردنەکان بریتی بوون لە کووکی پلاو، زەعفەران پلاو، پلاوپلاو[٥٧]، بریان پلاو، دەور پلاو، شلە پلاو[٥٨]، دەرمان پلاو[٥٩]، بادام پلاو، کشمیش پلاو، کفتەپلاو، فستق پلاو، قاورمە پلاو، ماستیا چووبەرە، قرتی چووبەرە، لاکشە چووبەرە و گەلێك چووبەرەی دی، خۆ پلاوی گۆشتی کەو و هەنار پلاو[٦٠] و کەبابی

هەمەجۆر، هەر باسی ناکرێ[٦١].

خولامەکانی خان کە بە سەد تەرزە رازابوونەوە پەشتەمالی سوورمەداریان بەستبوو و یەکی یەك سینی بەدەستەوە دەیانهێنایە بەردەمی ئەحمەد پاشا، چۆکیان دادەدا و پێشکێشیان دەکرد، ئەو خاولی و کەوچکی نقێمدار و کاسە و قاپی چینییەی لێرە ریز کرا بوون، من ناتوانم باسیان بکەم، لە کوڕەکانی خانیش، زیادین و نوورەددین و شەرەفەدین لەملاولای پاشا لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوون، پاش نانخواردن مەسینە و لەگەنی زێڕ هات و بە سابوونی بۆنخۆش دەست شۆرا، دوابەدوای ئەوە سفرەیەکی دیکە راخرا، کەوچکی سەدەف و دارگوێز و ئاسن و سیلان و یاقیق داندرا، پەنجا خزمەتکاری ئێسك سوك، پەنجا کاسە بەدەستەوە هاتنە ژوورەوە، پەنجا جۆر خۆشاویان هێنا بە قەندی شام و نەباتی حەما گیرابوونەوە، لە پاش خواردنەوەی ئەوەش مەسینە و لەگەنی دیکە هات کە فەخفووری نقێمدار بوون، جا لە فنجانی چینیی قاوەی یەمەنی و سەحلەب و فڕنی و چای بادیان و پالوودە و شی هات و خورایەوە[٦٢]، هەموو رۆژێك بەیانیان چەند جۆرە شیرینی و مرەبا و دۆشاوی رێواس و کەبادی سوێرکراو و شەفاقیر و خەیارچەمبەر و ئەم جۆرە شتانە دەهات، بۆ نیوەڕۆش ئەو بەزمە رێکدەخرایەوە کە باسمان کرد و شەوانەش هەروا.

ئەو دە رۆژ و شەوەی پاشا میوانی خان بوو بەم جۆرە خزمەت کرا، سێ هەزار و شیست ئاغا و سەگوان و ساریجە و تا دەگاتە مەیتەرەکانیش خواردنیان لە لایەن خانی پایەبەرزەوە بۆ دەهات و تەنانەت یەك بارگیریش ژەمێکی بێ توورەکە و ئالیك نەبووە، قاوەی ئەم عالەمەش هەر لەسەر خان بووە.[٦٣]

گۆڕی پڕ لە رووناکیی یەزدان بێت جەنابی ئەولیا چەلەبی، لاپەڕەکانی مێژوویەکی بۆ تۆمار کردووین، ئەو پیاوە مەزنە نەبووایە هەرگیز نەدەچووینەوە سەری و وەکو هەزارەها لاپەڕەی پڕشنگداریی مێژووی دێرینمان لە تارکیدا دەمانەوە، ئەوە جگە لەوەی ئەو شایەتییە گرنگەش بۆ پێشکەوتنی شارستانێتی کورد و هەلکەوتوویی میرێکی کورد دەدات و بیەوێت، یان نەیەوێت هەموو دوژمنانی کورد شەرمەزار دەکات کە گەلی کورد نە کوردی شاخاوی و نە جەردە و رێگر نەبوون و بەری خۆر بە بێژنگ ناگیرێت و راستییەکان زوو، یان درەنگ، پەردەیان لەسەر لادەدرێت کە کورد بە ژێردەستیی و بێکەسییش لە سەردەمی مەزنەکانیدا، نەك سەردەمی سەرکردە گرگن و کورتەبالاکاندا ئەگەر لە دوژمنەکانی لەپێشتر نەبووبێت لە دواتریش نەبووە، ئەوە شاهیدحالێکی تورك (سولتانی عوسمانیی بە بینینی خانۆی بتلیس، دەحەپەسێت) سولتان موورادیش کە لە گەرماوەکەی خانۆی کوردان خۆی دەشوات، دەلێ: (ئەرێ چ دەبوو ئەستەمولی منیش گەرماوێکی ئاوای تێدا بووایە!)[٦٤] ئەوە نیشانەی ئەوە نییە میرنشینێکی کورد لە ئەستەمولی پێتەختی عوسمانیی پێشکەوتوتر بووە؟ خۆ ئەوانە بەلگەی هەلبەستراو نین و لە دەمی مێژوونووسێکی تورکەوە دەیگێڕینەوە ئامادە بووە و بە چاو و گوێی خۆی شتەکانی بینیوە و بیستووە .

لێرەدا راوبۆچوونی گەریدەی فەرەنسایی (مسیۆ بارنتاوارنێ)ش دەخەمە بەرچاو کە ئەویش بێلایەن و بەویژدانەوە باری سەرنجی خۆی تۆمار کردووەو رووناکبیرو خەمخۆرێکی مێژووی کورد، بەهەشتیی حەسەن فەهمی بەگی جاف بۆمانی تۆمار کردووە بەناونیشانی شازادەی بتلیس (سالی١٦٣٥ــ ١٦٦٠شاران

گەردێکی بەناوبانگی فەرەنساوی (مسیۆبارانتاوارنیێ)لەسەردەمانی شاصەفی، شا عەبباسی دووەم وشا سلێماندا، ٣سێ جارو هەرجارێك بەرێگەیەکدا لەپاریسەوە چۆتە ئەصفەهان وهەموو قەڵەمڕەوی عوسمانی، عەرەبستان، ئەرمەنستان، کوردستان، ترکستانی ئێستا، روسیە و زۆری لە وڵاتی هیندستانیش دیوە . ناوبراو لەدەرباری سەفەویدا زۆر قەدرگیراو بووە تا دەرەجەیەکی وا، شا ئەوەندە خۆشی ویستووە خەڵاتی کردووە و فەرمانی بۆدەرکردووە کە هەر شتوومەکێ ئیبات و ئەیهێنێ لە رەسمی گوومرك بەخشراوبێت، بەتایبەتیش هیوای هەرئەوەبووە شتۆمەکی رۆژهەڵات بەرێ بۆ ئەورپاوهی ئەورپایش بهێنێ بۆ رۆژهەڵات .

جا لەم هاتووچۆیەیدا جارێکیان رێی ئەکەوێتە بتلیس و ئەچێتە فەرمانرەوا(حاکم)ی ئەو شارە و هەروەکو خوارەوە سەرگوزشتەی خۆیمان بۆدەگێڕێتەوە ((لە (کاراکان)ەوە رێکەوتین رووەو بتلیس، کە شارێکە لەژێر حوکمی شازادەیەکدایە لەهەموو دەسەڵات دارەکانی ئەو ناوە بە دەسەڵات نرە، چونکە هێشتا سەری بچوکی (بچووکایەتی) نەبەرانبەر شاهی ئێران و نە بۆ پادشای عوسمانی بەهیچ بەهیچ جۆرێك دانەنەواندووە و بەسەربەستیەکی تەواو ئەژیا، بەپێچەوانەی سەردارەکانی تر کەهەموو مل شۆڕی شاهی ئێران و پادشای عوسمانین، بەڵام بەناچاری و لەترساندا (خونگی)بۆ دەکەن (خونگی: مەرایی ن . ك .) چونکە شازادە ئارەزووبکات دەتوانێت رێی لەشکر لەحەڵەبەوە بۆ تەبرێز زۆر بە ئاسانی بەیەکجاری ببەستێ چونکە لەدنیا هیچ دەربەندێك لە سەختیدا هاوتای ناکات کە لەژێر حوکمی ئەم شازادەیەدایە و ئەتوانم بڵێم ئەگەر دە کەسی تیابێت ئەتوانێ بەرهەڵستی هەزار کەس بوەستێ و نەیەڵێ تێپەڕکەن. لە حەلەبەوە بۆ بتلیس ڕۆژە رێگەیەکەو پێویستە ئینسان بە ناو کەژ و کێوێکی سەخت و لاپێ و هەڵدێرگەدا تێپەڕ بکات ئینجا بگاتە بتلیس... ئەم کەژە دورو درێژە کەوتۆتە نێوان دوو چەم و ئاوەوە و رێگای هاتوچۆیش رێگەیەکی باریکە بە دەست کرد لە ناو کەژەکەدا هەڵکەنراوە ... شاری بتلیس کەوتۆتە نێوان دوو کێوەوە کە بەینیان تفەنگ هاوێژێکە، قەلای ناوشا لەسەر لوتکەی کێوێکی بەرزە لە نێوان ئەم دوو کێوەدا و لە شێوەی کەللە شەکرێکدا (قوچەك ن.ك) هەڵکەوتووە. رێگەی ئەم قەلایە زۆر توش و سەختە، بۆ سەرکەوتن ئەسپی زۆر پشوو درێژ و بەهێزی پێویستە، بێجگە لە شازادە و میرئاخوڕەکەی نابێت کەسێکی تر بچێتە سەرەوە ... شازادە دەتوانێ بیست تا بیست و پێنج هەزار سوار و ژمارەیەکی زۆر پیادە بەکاتێ ئامادە بکات بۆ شەڕ.

لەگەڕانەوەی سەفەرێکدا لەگەڵ کاروان هاتمە بتلیس (بینینی فەرمانڕەوایەك لەخاکی ئێران و عوسمانی دا هەروا سوك و ئاسان نی یە) دەستم خاڵی نەبوو، دوو تۆپ ئەتلەسی میل میل یەکێکیان میلەکانی ئاڵتون و یەکێکیان زیو بوو لەگەڵ چەند دەستە سرێکی ئاوریشم و دوو کلاو بە دیاری بۆ برد، زۆری پێ خۆش بوو ئەویش دوو مەڕی قەڵەو و هەندێ ناسکە نان و چەند شوشەێ شەرابی نایەبی لەگەڵ چەند هێشوویەك تریی تازە کە دەست کەوتنی لەو وەرزەدا ئاسان نەبوو ... هەندێ کەل و پەلیشم بە چەند پیاو ماقولێ فرۆشت کە ئارەزوی فرۆشتنیانم نەبوو بەلاّم ئەوەندە بە گران کە تۆڵەی دیاری ئاغاکەیانم لێ کردەوە. لە خزمەتی شازادەدا خەریکی قاوە خواردنەوەبووم راسپێردراوێکی پاشای حەلەب عەرزی شازادەی کرد کە تیمارکەر (جراح)ێکی فەرەنساوی لە شەڕی (کاندی) بەدیل گیراوە رایکردووە و خۆی هاوشێتۆتە پەنای شازادە، تکا

دەکات بینێرنەوە. شازادە بە تورەییەوە وتی ئەگەر کوشتنی ڕاسپێردراو ناشرین نەبوایە ئەموت پارچە پارچەت بکەن. لە وەڵامی پاشای حەلەبیشدا نووسی بەرانبەر ئەم بێ ئەدەبییەی کردوتە لای پاشای عوسمانی شکاتت لێ بکەم ئەگەر ملی نەکردی بە تەنافا شەرتە ئەم تۆڵەیە خۆم بیسێنم. بەڕاستی گەشت و گوزاری وڵاتی کوردستان زۆر خۆش و دڵگیرە هەرچەندە ڕێگاکان زۆر توش وسەخت و هەڵدێرگەن بەلاّم چەشم ئەندازێکی زۆر خۆشی هەیە، داری بەڕو و گوێز و زۆر داری گەورەی تر و مێوی دێم یان پێوە ئالاّوە، پیاو حەز دەکات سەیریان بکات و دەشتایی زۆریشی هەیە گەنم و جۆی لێ دەڕوێنن (حەسەن بەگ لە پەڕاوێزدا دەڵێت: ڕەنگە ئەم گەشتانە ڕێککەوتی دەورەی کوڕ یا کوڕەزای حوکمداری بتلیس شەرەفخانی بتلیس دانەری شەرەفنامەی کردبێت) (حەسەن فەهمی بەگی جاف، نوسین و وەرگێڕاوەکان، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا ١٩٩٩)

دەبا ئەم دوو نموونەیە و دەیەها نمونەی دیکە بکەینە هاندەرێك بۆ گەڕان و پشکنین بە دووی زیندووکردنەوەی رابردووی نەتەوەکەماندا بەهەموو لایەنە رووناك وتاریکەکانییەوە، بەهەموو رووداوە تاڵ و شیرینەکانەوە، بەئاشکراو شاردراوەکانییەوە، شتێکیان لێدەزانین یا هەر سەرەداویکمان بەدەستەوەیە یا بەدەستەوە نییە .! ماندا کە کەمتەرخەمیی خۆمان و بێ مروەتی بێگانە لە گۆشەکانی لەبیرچوونەوەی خزاندوون، ئەگەر هەر بە تەواوی لەناوی نەبەردین و بپرسین، کورد لە بەرەبەیانی مێژووی مرۆڤەوە لە ناوچە جیاجیاکانی خۆرهەڵاتی نێزیك و نیوەندا ژیاوەو هەتا شوێنی خۆی لەو سەرزەمینەدا کردۆتەوە کە بە کوردستان ناسراوە، ملیۆنەها ساڵی خایاندووە، ئەی کوا ڕۆڵ و جێگەدەستیان بە رووداوەکانی ناوچەکەوە بۆ دیار نییە، تۆ بڵێیت وەك ئەصحابولکەهف لە هەر سەردەمێکداو حەوت صەد ساڵ لە ئەشکەوتێکدا نووستبن؟ کورد لەوەتەی مرۆڤ لە ئاسمانەوە پێدەنێتە سەرزەوی، یا لەسەر زەوی پەیدا بووەو بڵاو بۆتەوە ڕاستەو ڕاست لە کوردستان ژیاوە، ئەوە ملیۆنەها ساڵی لە سەدەکانی مرۆڤی سەرەتاییو چەرخی بەردینو ئاگر و کشتوکاڵ و نیشتەجێبوونو کۆبوونەوەو دامەزراندنی گرووپو کۆمەڵو تیرەو هۆزو گەلی تێپەڕاندووە، بۆیە نەتەوەی کورد مێژووی کەلەپوورو شارستانێتی خۆی بە بەشێك لە مێژووی شارستانێتی مرۆڤ دەزانێت و کولتووری مرۆڤایەتیش وەك نەتەوەیەکی هاوبەشو کاریگەر لە مێژوودا بە مێژووی خۆی دەزانێت، بەلاّم مەخابن مێژووی تۆمارکراومان لەو ڕووەوە زۆر زۆر هەژارەو لە جێگەی نەبووەو کە نەتەوەکان بەڵگەو دۆکۆمێنتە نووسراوەکانی خۆیان هەڵدەدەنەوە، کورد شتێکی ئەوتۆی بە دەستەوە نییە و دەکەوێتە دەرەوەی سنووری مێژوو و پەراوێزی ئەو گەل و نەتەوانەوە کە بەدەستو بازووی خۆیان مێژوویان دروستکردووە ولاپەڕەکانیشیان نەخشاندووە، ئێمە مەگەر بەوە دڵ خۆشکەین وەك پوور مریەمی گوندی سیرەمێرك یادی بەخێر دەیوت کە دەستت بگاتە هەنارو هەنجیر، چ لە نێو ڕەزی بێت یا دەری ڕەزی، یەکسانە! ئەوەش زۆر ئاشکرایە بە درێژایی مێژوو هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت لە تۆمارکردنی مێژوودا چەند کەمتەرخەمو بێباك بووین، با دوور نەڕۆین، سەرکردەکانی شۆڕشی باکوور، باشوور، خۆرهەلاّت لەو

خەرمانە زانیاریو نهێنیانەی لەبەردەستیاندا بووە هیچیان تۆمار کردووە؟

چەند کاربەدەستو ڕووناکبیری سەردەمی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان جگە لە پیرەمێرد، ڕەفیق حیلمی، جەمیل صائیب، ئەحمەد خواجا، ئەحمەد تەقی، ئیسماعیل شاوەیس، شێخ لەتیفی کوڕی شێخ، حسێن نازم، بۆرەکەیی، حەمە بۆر. یا ئەوانەی لە نیزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکانی کۆماری کوردستان بوون جگە لە ڕەحیمی قازی، بەکرعەبدولکەریم حوێزی، هەژار، هێمن وهەروەها د. ئەورەحمانی قاسملو . سەرانی شۆڕشی ئەیلوول ۱۹٦۱ و شۆڕشی نوێیش جگە لە مەسعوود بارزانی، نەوشیروان مستەفا، موحەممەد رەسوول هاوار، محەمەدی حاجی مەحموود، سەید کاکە، حەسۆ میرخان ژاژۆکی، ئیبراهیم جەلال، ئەحمەد دلزار، ڕەشید حەمە ناسکە (باوکی تارا)، بیرەوەرییە چاپ نەکراوەکانی نووری شاوەیس، (دکتۆر مەحموود عووسمان و سامی عەبدلڕەحمان)، ئەیووب بارزانی، ئەحمەد بانیخێلانی، بیرەوەرییەکانی لیوا فوئاد عارف، شتێکیان بۆ نەوەکانیان تۆمار کرد؟ گەلانی پێشکەوتووی وەك چینو ژاپۆن هیچ نەماوەتەوە لە مێژووو کەلەپووری نەتەوەیی تۆمار نەکرابێت، ئەوەتە مێژووی(بەرچاپی بەیانی) نەتەوەکانیان چاپو بلاودەکەنەوە.

هەر تفێك هەڵدەین ڕووی خۆمان دەگرێتەوەو دەبێت هەر گلەیی لە خۆمان بکەین، کێ ڕێگر بوو، ئەمین زەکی بەگ و ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد خواجا و ئەحمەد تەقی کە هەریەکەو دڵسۆزانە چمکێکو پتری مێژووی گەلەکەیان نوسییەوەو بلاویان کردەوە؟ هەر بۆ نموونە چیرۆکی پاڵەوانێکی میللی وەك خولە پیزە "مەحموودی کوڕی پیرۆز" لە ڕووی ستەم و زۆرداری هێزەکانی پۆلیسی ڕژێمی بەغدای سەردەمی نووری سەعیددا دەست دەداتە چەك و لەگەڵ چەند چەکدارێکدا لە هەردوو هەرێمی سیوەیلو شارباژێڕ زۆر سەرکەوتوو شەڕی پارتیزانی دژی هێزەکانی ڕژێمی شای عێراقی دەکەنو دەستی قورس و کاریگەریان لە عێراقو جارجار ئێرانیش دەسرەواند، بە جۆرێك هەموو هێزەکانی پۆلیسی عێراق بەدەست چەند چەکدارێکی کوردەوە کە ژمارەیان دە چەکدار کەمتر بوو، لە شارەکانی عیراقەوە دەهێنرانە سلێمانیّ و لەوێوە بۆ ناوچەکانی شەڕەکانوبەتایبەتیش بۆ چیای(تاریەر) ڕەوانە دەکرانو دەستەپاچەو دۆش داماو بەزیانێکی زۆرەوە دەگەڕانەوە دوواوە. یەکێك لەو پۆلیسە عارەبانە، حسێن ئیبراهیمی باوکی صەددام بوو، کە هاوبەشی ئەو شەڕانەو شەڕەکانی بارزانی کرد بوو، یەکێك لە کوڕەکانیشی بە نێوی (بارزان)ەوە ناو دەنێت، حسێن ئیبراهیم پۆلیسی هێزی گەڕۆك (ألقوه السیاره) بوو، سەردەمی شۆڕشەکانی بارزان رەوانە دەکرێت بۆ دەڤەری بادینان، ئەویش لە شاری سلێمانی ولە گەڕەکی کانیسکان، کۆلانی دووەمی مزگەوتی قامیشان (ئێستا شوێنی وەستانی پاصەکانی کانی کوردەیە)، هۆدە و هەیوانێك بۆ خێزانەکەی بە کرێدەگرێت لە ماڵی پیاوێك بەناوی شێخ صالح، وەك بێتەوە یادم ئەویش ئەو کاتە پۆلیس بووە .

شەوێکی بەهاری ساڵی ۱۹۸۰ چووین بۆ ماڵی خەزوورم، خوالێخۆشبوو حاجی مەلا عومەری دەباغچی کە دراوسێی مزگەوتەکە بوون و شێخ صالحیش بەماڵ منداڵەوە هاتبوونە دیدەنی ماڵی خەزوورم، لەدانیشتنەکەداو قسەیەك لێرەو باسێك لەوێ ئەم بەسەرهاتەی گێڕایەوە و وتی ((لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە زۆر گوێم لە ناوی صەددام دەبوو، زۆر گەورەیە لە بەغدا، هەموو جارێك بە خێزانەکەم دەوت ئەرێ ئافرەت

وەك بیێتەوە یادت ئێمە زوو، زوو کرێچیەکی عارەبمان هەبوو، پۆلیس بوو لـەو خوارانـەوە هـاتبوو کـورێکی جزداشە لەبەری سەرخڕی بزێوو زیانبەخشی هەبوو نـاوی صـەددام نـەبوو ؟ دەڵـێن ئێسـتا زۆر گەورەیـە لـە بەغدا. خێزانەکەم دەیوت پیاوەکە خوا سەری لێتێکداویت، پۆلیسێکی قوڕ بـە سـەرکەوتبووە ئـەو شـاخانە خوادەزانێت لە چ بنبەرێکدا کوژراوە و منداڵەش خوا دەزانێـت مـاوە یـا مـردووە، ئەوەکـەی هـی ئـەوەبوو ببێتە گـەورەی بەغـدا ؟ لێگـەرێ دووای کـلاوی بابردوومەکـەوە، خـوا بکـات وانـەبێت قورئـان بـە هـەقت دەمانکوژێت، چیمان پێنەکردن لەسەر دەرو دراوسێ. ئافرەت دڵم خەبەری داوە ئەوە هەر ئەو سـەر خڕەیـە، ناوی صەددام نەبوو ؟ بەڕێ وەڵلا صەددام و ئوم صـەددامم لـەبیر مـاوە، سـازندەیەك بـوو مەپرسـە. شـێخ بەردەوامبوو لە چیرۆکەکەیدا و وتی چووم بۆ حوکمەتی سلیمانی وتم من ئەو پاشایەی عیراق دەناسم و پەنجا ساڵ لەمەوبەر کرێچی من بوون و دەمەوێ ببینم. ((صەددام ژمارە تەلەفوونی تایبەتی بڵاوکردبـۆوە هـەر کەسێك داواکارییەکی هەیە راستەوخۆ پەیوەندی پێوە بکات)) بەکورتی رۆژێکیان بۆ دیاریکردم و هاتن بـە دوومدا بۆ ماڵەوە یەکسەر بۆ بەغدا و لە ئوتێلێك دایاننام و وتیان بحەسێوە هەتا سبەی کاتژمێر نۆی سـەر لە بەیانی دێینەوە بە دوتدا. لە کاتی دیاریکراودا هاتنەوە بە دوومدا و بردمیانە کۆشکێکی گەورە هەر لە هیقایەتدا بیستبووم دووای نیو سەعاتێك پشکنینێکی ووردیان کردم و لە هۆڵێکی گەورە چاوەڕوانم دەکـرد ئەو کابرایە هات لە تەلەفزیۆندا دەمبینی، وتی تۆ لە سلیمانییەوە هاتوویت، فەرموو کارێکت هەیـە بـۆت بکەم ؟ وتم وەڵلاهی من کاتی خۆی، زوو، زوو، کرێچییەکم هەبوو، عارەب، پۆلیس بـوو، کـورێکی هـەبوو شەش حەوت ساڵان ناوی صەددام بوو، لە تەلەفزیۆندا دەیبینم بۆ تە پادشای عێراق زۆرم حـەزدەکرد بێمـە خزمەتی، وتی هەر ئەوەندە ؟ وتم بەڵێ.زۆری پرسیار کرد هەتا لە کۆتایدا وتی ئـەوە بـە بـیرم هاتـەوە مـن منداڵ بووم هەموو رۆژێك دەرتـدەکردین و دەتـوت بگوێزنـەوە کورەکـەتان دراوسـێکانی هەراسـان کـردووە سەری منداڵ دەشکێنێت، بەردەلاستیك دەگرێتـە پەنجـەرەی مـاڵان، بگوێزنـەوە شڕوشـیتاڵتان فرێدەدەمـە کۆڵان، کرێم ناوێت دڵی دراوسێکانم مەبەستە. ئێ ئێستە مام سەید داواکاریت چیە؟ وتم خوا بـەو سـەرەوە ئاگادارە هیچ داواکارییەکم نیە، دەڵێن بوییتە پاشای عێراق حەزمدەکرد بێمە خزمەتت. وتی پاشای عیراق نیم زۆر لەسەرو پاشاوەم! خواحافیز، خواحافیز. لە دڵـی خۆمـدا وتم بـەخوا چـاك تـووش بـووم، سـا بـەوەی کەسی لە رەنگ نیە نابینێتەوە. بردیانمە دەرەوە لە شـوێنێك دایاننـام ئـاوو چایان هێنـا، شـەیتان دەیـوت نەگبەت ژاری تێدایە دەرمانخواردت دەکەن. جگەرەکێشێك رابورد زەرفێکیان پێدام و وتیـان بـابڕۆین! دەی خوا بەردی تۆی لێبوارێ خۆم تووشی چ رۆژێکی رەشکرد.. لەو نامەیەدا نووسراوە بیکوژن بـە منـدالی زۆر ئازاری پاشای بەغدای داوە! بە گوێی دایکی منـداڵانم نـەکرد، ئەمـە ئـەو رۆژەیـە لێـی دەترسـام. بردیانمـە دەرەوە، سوواری ماشێنێك بووین بۆ هەمان ئوتێل. وتیان بەیانی کاتژمێر هەشت ئامادەبە دەتبەینـەوە بـۆ سلێمانی. باوەڕم نەدەکرد، زەرفەکەم بە ترس و دەستی لەرزۆکەوە کردەوە، پڕبوو لە بیست و پێـنج دینـاری ئەسپ صەددام، دەهەزار دینار، باوەربکەم باوەرنەکەم، کە گەیشتمەوە ماڵەوە ئەوجا باوەڕمکرد نامکوژن.

ماوەیـەکی کـورت لـە گونـدی بێـوری ـ ناوچـەی شـاربازێڕ بـووم، پـیرە پیـاوێکی بـە دەمـوو دوو،

بەسەرهاتەکانی خولە پیزەی دەگێڕایەوەو هەر بە مەحموود ناوی دەبردو وەك فلیمێکی سینەما ڕووداوەکانی بە هەموو ووردەکاریەکانیەوە دەهێنایە بەرچاوو دیدەی بیسەران، شێوەی و ڕوخساری مەحموود، جلو بەرگو تفەنگو دەمانچەو فیشەکدانەکەی، شێوەی ئاخاوتنی، پەیوەندی لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا و بەتایبەتیش تایەری برای (تالە پیزە). بەجۆرێك هۆگری ئەو پیرە پیاوە هونەرمەندە بووم کە بەزمانی چیرۆکنووسێکی بەتواناو دەرهێنەرێکی بە ئەزموون بەرجەستەی چیرۆکەکانی دەکرد، هەفتەیەك لەسەر یەك، هەموو شەوێك دووای نانی شێوان هەتا شەو درەنگانێك بە تامو چێژەوە، چاو لە دەمی خاڵۆی هونەرمەندو بیرو هۆش لای ڕووداوەکان دەمایەوە، بەڵام دەستی شکاوم شتێکم لێ تۆمار نەکردن، کەچی بێگانەیەکی وەك شوکری عەزراوی بۆ مەبەستێکی ئاشکرا ڕووداوەکانی لە گۆشەنیگای خۆیەوە، یا ڕاپۆرتە فەرمییەکانەوە لە دوو تویێی کتێبێکدا بەناونیشانی (کتێبە ڕەشەکە ــ الکتاب الاسود) دا تۆمارکردو چاپیکرد . ماڵی ئاوەدان بێت .

لەم صاڵانەی دووایییدا هونەرمەندی ناسراوی کورد، ئەکتەری شانۆ و سینەما مستەفا عەلی (لە بەرهەمە کۆنەکانیدا کە کۆن نابن سەرکەوتوو بوو) هەوڵیدا خولە پیزە بکاتە فلیمێکی سینەما، بەڵام بەداخەوە لە دەقو دارشتن، جلو بەرگ، سیناریۆ و دەرهێناندا لە ئاستی هونەریدا نەبوو، هۆیەکی سەرەکی سەرنەکەوتنەکەش، نەبوونی سەرچاوەی ڕەسەن و بەهێزوو پێزە .

جاوەرە تۆ تەماشا! منێکی لەهیچەوە دیارنیم، هەڵەوکەمتەرخەمییەکی وەها گەورەم کردبێت، ئەگەر نەڵێم (گوناهێك) ی گەورە، ئاخۆ دەبێت سەرکردەو رابەرەکانمان و ئەوانەش لەنزیکەوە ئاگاداری ڕووداوو بەسەرهاتەکان بوون وهەن بەڵام قەڵەمیان نەخستە سەر کاغەز، چەند کۆڵ گوناهی کەمتەرخەمی بکەوێتە سەرشانیان .

لە نێو گەلانی دراوسێو پێدەچێت لە نێو هەموو گەلانیشدا کورد لە پلەی یەکەمدا بێت لە دوواکەوتنو خەمساردی و بایەخ نەدان بە مێژووی و پاراستنی ئەوەی تۆمار کراوەو دۆکۆمێنت و شوێنەوارە دێرینەکان و کۆتەڵ و نەخشو نیگاری سەردیوارو دەرگاو پەنجەرەو گۆزەو دیزەو دەستنووسی دیوانی هۆنەر و زاناکان و کتێبی سەر ڕەفەو تاقی مزگەوتەکان. ئێستەش ئەو هەستەمان لا دروس نەبووە، بۆ نموونە بایەخ بە بەڵگەنامەیەکی ئاسایی کڕینو فرۆشتن نادەین، صەد صاڵێك لە مەوبەر لە نێوان فرۆشیارو کڕیاردا مۆرکراوەو لە قوژبنێکدا دەیدۆزینەوەو سوكو ئاسان دەیدڕێنینو دەڵێین ئەوە باسی تمەنو قرانو گەزی شا عەباس دەکات بە کەڵکی چی دێت؟ نازانین زۆر لایەنی سەردەمی خۆی ڕوون دەکاتەوە وەك دراوو و نرخی دراوەکان بەرامبەر زێڕ، نرخی دانەوێڵە، زەوی، خانوو، جۆگەو کانی، پێوانەکانی ئەو سەردەمە، باڵ، گەز، گوریس، ولك، مەن، هۆقە، باتمان، بازاڕو بازرگانی کوردەوارە بە سیستمی بازرگانی و ئابووری کام وڵاتی دراوسێوە بەستراوە، شێوەنووسینی سەردەمەکە، ووشەو زاراوەکان، ئاستی خوێندەواری میرزاکان، شێوەی خەتو خۆشنووسی باو لەو دەمەدا، ڕوقعە، فارسی، دیوانی، شکستە، موعەللەق، نوسخ، کامیان بەکارهاتووە. کورد دەڵێت خوا دەلیلی داماوە، میر شەرەفخانی بتلیسو شەرەفنامە ١٥٤٣ــ ١٦٠٤ز،

ئەحمەدی خانی‌و مەم‌و زیـن ۱٦٥۰ ـ ۱۷۰۷ز. فـەقێ تـەیران ۱۳۰۷ــ ۱۳۷٥ز. مـەلا پەرێشـان ۱۳۹۸ــ ۱٤٥٦، ئەوانەی سەردەمی نوێیش هەر بـۆ نموونـە حـاجی قـادری کـۆیی ۱۸۲٥ــ ۱۸۹۷ز. ئـەمین زەکـی ۱۸۸۰ـ ۱۹٤۸ز، پیرەمێرد ۱۸٦۷ ـ ۱۹٥۰ز. نالی و سالم و حەمدی و ئەحمەد موختـار جـاف، بێکـەس، فایەق تۆفیق (فایەقی تاپۆ)، ئەحۆل، نەبوونایە سەرچاوەکانی مێژووی کورد تـاریکتر دەبـوو، ئـەو مەزنانـە هەریەکەو کەم‌و زۆر بە بەرهەمـەکانیان کـەل‌و کـون‌و دەلاقـەی مێـژوویان بـۆ پـڕ کردووینـەوەو بـارودۆخی سەردەمەکەو ژیانی دژواری کورد بە دەست ستەم‌و زۆرداری داگیرکارانەوە بە چاوی کامێرا تۆمـار دەکـەن. میری شاعیرانی عارەب ئەحمەد شەوقی کە بەرەگەز کوردە هۆنراوەی بە بـالآی داگیرکـارانی ولآتـی عارەبـدا وتووە، زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی عارەبی عێراقیش، ئینگلیزو تورك هەرکامیان بەغـدای داگیر دەکـرد هۆنراوەی (حەمدو سەناو شوکرانە)یان بە بالآدا دەوتن، لێرەدا جێگەی ئەو باسە نییـە، لـە شـوێنی خۆیـدا نموونەی لێدەخەمە بەرچاو. ئەو دیاردەیە لای هۆنەرانی عارەب باو بوو کە نیشانەی هەلپەرستی‌و بـەپیرەوە چوونی دوژمنە، بەلآم بۆ هۆنەرانی کورد شانازییە لەو سەرشۆڕییە دوور بوون‌و ئەوەندەی من بـزانم دەگمـەن یەکێکیان لە سەنگەری دوژمندا بوو بێت یا بە بالآی داگیرکارێکیدا وتبێـت، ئەگەرچی (چـەم بـێ چـەقەڵ نابێت).

ئیتر بۆ دەبێ کورد شانازیی بە ئێستا و رابـردووی خۆیـەوە نـەکات، شـانازییکردن بـە مێژوویەکـەوە نـا، نیوەی راست و نیوەی هەڵبەستراوە، وەك عارەبەکان کە خۆیان زۆر بە مەزن دێتە بەرچاو، خاوەنی مێـژووی جەنگ و ململانێن و زانست و هونەر و وێژە و هۆنراوە و پێشکەوتنە زانسـتییەکان هـەر ئـەوانن و هـەموو مرۆڤایەتیی قەرزاریانـە، یـان تـورك کـە هـەموو مێژووەکـەیان جـەنگ و کوشـتار و داگیرکردنـی ولآتـان و چەوساندنەوەی گەلان بووە وئەوکولتوورە بە جۆرێك لـە ویژدانیانـدا رەگ و ریشـەی داکوتـاوە، ئـەمڕۆش وا دەزانن هەر سەردەمەکانی جەنگیزخانە و هەموو گەلانی ناوچەکە دەبێت سەرکز و دەستبەسـتراو ملکەچـی ئەوان بن، ئەمەش زەقترین نیشانەی مێشك وشکی و دواکەوتنیانە بە جۆرێك کە تێـر تێـر بـە قسـەی ئـەو کابرا قۆشمەچییە پێبکەنین کە وتوویەتی " تورك هەر بە لەش مرۆڤن، ئەگینا مێشکیان مێشـکی ئێسـترە "، ئەوە من لێرەوە وەك شانازیی بە سەردەمی زێڕینی خانۆ، میری بتلیسەوە و بـۆ ئاگـادارکردن و بەرچـاو روونکردنــەوەی خوێنــەری عــارەب و بەرزنرخانــدنی بەرهەمــە ناوازەکــەی ئــەولیا چــەلەبی، گەڕیــدە و مێژوونووسی بەویژدانی تورك، دەرفەت هەبێت خودا یاربێت لە دەقە کوردییەکـەوە، لـە کوردییـە پوخـت و پاراوەکەی نووسەر و رامیار و کوردناس و کوردیزان، سەعید ناکام بگۆڕمە سەر زمانی عارەبی.

سـیمای هــەرە بەرچــاوی شــۆڕش و راپــەڕین و قــەوارەی میرنشـینەکانیش، چـینی سـەرەوەی کۆمـەڵ سەرکردایەتی و رابەرییان دەکردن و بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان و بنەماڵەکانیان کردبووە هیوا و ئامـانج و بۆ بـەهێزکردنی دەسـەلآت و فراوانکردنـی سـنوورەکانیان و داگیرکردنـی زەوییـەکانی بندەسـتی میرنشـینە کوردەکانی دراوسێیان چەند توانای دەستدرێژییان هەبوو درێغییان نـەدەکرد، وەك چـۆن بـەردەوام لـە نێـوان میرنشینی بابان و ئەردەڵان، بابان و سۆراندا دەقەوما و هەر لایەکیشیان پەلی بە پەلی عوسمانییەکان، یـان

فارس بەگشتیی و سەفەوییەکان بوو بە تایبەتی، جگە لە میرنشینی ئەردەڵان کە بەدرێژایی دوو سەدو پەنجا ساڵ تەمەنی خۆی، ۱٦۱۲ـ۱۸٦۷ توندوتۆڵ و پابەندی ئێران بوو، چارەنووسی خۆیشیشی هەر بە شاکانی ئێرانەوە بەستبوو.

میرەکانی کورد جارجارەش هەلیان بۆ هەڵدەکەوت و کە پەیوەندییەکانی نێوان فارس و عوسمانیی ئاڵۆز دەبوو، سەربەخۆ فەرمانڕەوایی میرنشینەکانیان دەکرد و چاوەڕوانی دەست و ملکەچی فەرمانی شای ئێران، سوڵتانی عوسمانیی نەدەبوون، وەك شێخ رەزای تاڵەبانیی دەڵێ:

بەبیرم دێ سلێمانی کە دارولملکی بابان بوو

نە مەحکومی عەجەم نە سوفرەکێشی ئالی عوسمان بوو

ساڵی ۱٥٥٤ز بە فەرمانی سوڵتان سلێمانی عوسمانی، هەرێمی شارەزوور (ویلایەتی شارەزوور) پێکهێنرا لە ناوچەکانی سەر بە (سلێمانی، کەرکووك و هەولێر)، بنکەی بەڕێوەبردنیشی شاری کەرکووك بوو، بەڵام لە جێگەی والی، موتەسەڕیف بەڕێوەی دەبرد، میرنشینەکانی باکوور و باشووری کوردستان لەوێوە بەرووددوا هاتنە دامەزراندن و گەشەکردن و فراوانی و هەرەیەکەیان بەپێی هێز و توانای جەنگیی و ململانێ دەست بەسەر ناوچەیەکی فراوان، یان بەرتەسکا گرتبوو، بەهێزترینیشیان بابان و سۆران بوون، جگە لە ئەردەڵان.میرەکانی کورد بۆ بەرژەوەندیی تایبەت و رەزامەندیی شا، یان سوڵتان، جگە لە ململانێ و جەنگی نێوخۆیان کە هەمیشە بە زیانی کورد و قازانجی دوژمن دەشکایەوە، بۆ جێگیرکردنی دەسەڵات و جۆرە سەربەخۆییەك و هەڵمژینی شنەبایەکی سەربەخۆیی بەشداریی جەنگەکانی دەرەوەشیان دەکرد و بە قوربانییدان و خوێنی کورد رۆڵی بەرچاویان تێدا دەبینین وەك جەنگە چارەنووسسازەکەی چاڵدێران ۱٥۱٤/۸/۲۳ز. نێوان عوسمانیی و فارس و جەنگی قرم ۱۸۷۷ز نێوان عوسمانیی و رووسەکان لە دەوروبەری دەریای رەش و سەرووی خۆرهەڵاتی تورکیا.

(بەپێی قانوون فەرماندەی سی و حەوت سنجاق لە ویلایەتی وان هەیە، بەڵام ئەو سنجاقانەی دانان و لابردنیان بەدەست حکومەتی عوسمانییە بیست سنجاقن، وەك ئەرجیش، عادلجەواز، مووش، بارگر، گەرگەڕ، کسانیی، هێزان، سعرت، ئاغاکێش، شرویی ـ شیروانی، کوردەکانی قەتوور، قەڵای بایەزید، بەردەع، ئەرەجك، کورد ـ لادایيك، چۆپانلوو، شۆرگر، دانەگێڕ، زریقیی. پاشای ئەم سنجاقانە لە وان دادەنیشن، هەرچی خاسە و باجی ئەوانە هەیە هەمووی دێتە وان، حەوتسەد گوندی هەیە کە بە زەعامەت و تیمارەوە بەستراوە و دەیەکیان لێدەستێنرێ، ئەو حکومەتانەش لابردنیان بۆ نییە (سوڵتانی عوسمانیی دەستەڵاتی بەسەریاندا نییە و سەربەخۆن ن.ك) نیمچە حکومەتی هەکاریی کە کەوتۆتە لای قیبلەی وان و خان لە جوولەمێرگ دادەنیشێ و خاوەنی چل و حەوت هەزار سەرباز، هەموویان ردێن تاشراو، چوارشانە، زرتەبۆز و ناشیرین و ئازان، وەکو هۆڵەندییەکان تەنیا لەسەر چەناگەیان نەختێ ریش دێڵنەوە، سمێڵ قیتن و وەکو قازاقەکانی ئاخمێخ کاکۆڵێکی تەنك بە ناوچاوانیانەوەیە، کەللەی سەریان بەقەدەر مەنجەڵێکە، ئەوەندە نیشانچین کێچ دەنگێون، یەکی قەڵخانێکی کوردییان بە پشتەوە و گۆپاڵێك بەدەستەوە، جلکیان شاڵ و

شەپکە، زۆربەیان گوێیان بە چەقۆ کون دەکەن و پەڕێکی شاهێن، هەڵۆ، یا کەڵەشێری تێڕا دەکەن، کاڵەی پووچەکلی پێنسەدی، هەزاری، سەدی و کەپکەپلی لە پێ دەکەن هەر تاکەی دوو هۆقە قورسە، ڕێدەکەوێ لە شەڕدا قەڵخانیان پێ نابێ، کاڵەکەیان لەپێ دادەکەندن و بە دەستێ دەیگرن و بە دەستەکەی دی خەنجەر یا شیر دەوەشێنن، (یەکێکیان . ن.ك) لە دە کەس پشت ناکەنەوە (پشت ناکاتەوە .ن.ك) لە شاری وان وابلاوبۆتەوە کە یەکێك زۆر تووڕە دەبێ و پەلاماری خەنیمەکەی خۆی بدا، دەڵێن (وەك چەلۆی هەکاری کاڵەی بەدەستەوە گرت و هات!) هەکاری دە هەزار تفەنگچی لەم بابەتەی هژەیە و لە کاتی شەڕدا دەیگەینێتە چل، پەنجا هەزار، بەڵام ئەم دە هەزارەیان مەعاشخۆرن، بۆم دەرنەکەوت مەزەبیان چییە[٦٥].

ئەم گێڕانەوەیەی ئەولیا چەلەبی ئەوە دەردەخات ئەو جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەی دوژمن تایبەتە بە کورد.

**سەرکردەکانی کورد**

**دۆست و دوژمنیان دروست جیانەکردۆتەوە،**

**سڵەمینەوەش لە( دوژمنی گاور )**

**هەمیشە**

**لە بەرژەوەندیی ( دراوسێ داگیرکارەکان ) بووە**

**پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم**

١ـ عەبدولڕەقیب یوسف، بانگەوازێك بۆ **ڕووناكبیرانی** كورد، سلێمانی ١٩٨٥ ل٣٧.
٢ـ بڕوانە مەحمود ئەحمەد موحەممەد، مێژووی بڵباس، ل١٤١.
٣ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ل٢٥٠.
٤ـ فەرهاد پیرباڵ، دكتۆر. كورد لە دیدی بێگانەكانەوە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٤٩.
٥ـ هەمان سەرچاوە، ل١٥١.
٦ـ ڕۆژی نوێ، بڕوانە ژمارە پێنج، ساڵی ١٩٦٠، سلێمانی.
٧ـ وەرگێڕانی بەشێكی دەقی نامە عارەبییەكەی سوڵتان سەلیمە، ١١/١٥١٥ز.
٨ـ جمال نبز، الأمیر الكردي میر محمد الرواندزي، ترجمة فخري سلاحشوور من الألمانیة الى العربیة، ستوكهولَم، ١٩٩٤/ ٢٦٠٦ كوردی.
٩ـ مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە/٧٤ی ساڵی ١٩٩٤.
١٠ـ بڕوانە لمحات من تأریخ الإنتفاضات الكردیة.
١١ـ درك كینان، كورتەیەكی مێژووی كورد، ئیبراهیم نوشی لە فارسییەوە كردوویە بە كوردی، چ ا، ١٣٧٢، ك.هـ (هـ.ف).
١٢ـ عبدالرحمن قاسملو، الدكتور. كردستان والأكراد، ص٤٨.
١٣ـ هەمان سەرچاوە ل٢٦.
١٤ـ پێدەچێت دكتۆر خالفین ئەو ناوەی دروست تۆمار نەكردبێت.
١٥ـ ڕۆژنامە وەك بەناوەكەیدا دەردەكەوێت ڕۆژانە چاپ و بڵاوبكرێتەوە، ئەگەرنا دەبێتە هەفتەنامە (هەفتانە، مانگنامە (مانگانە)، وەرزنامە (وەرزیی)، بەوپێیەی ئەو چوارە ڕۆژنامە نەبوون).
١٦ـ فەرهاد پیربال، دكتۆر. سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.
١٧ـ مینورسكي، الأكراد. ترجمة الدكتور كمال مظهر من الروسیة الى العربیة، ص٢٧.
١٨ـ ن. أ. خالفین، الصراع على كردستان. ترجمة أحمد عثمان أبوبكر، بغداد ١٩٦٩ ص١١٧.
١٩ـ كەمال مەزهەر، دكتۆر. تێگەیشتنی ڕاستی. بغداد، ١٩٧٨، ل٥١، ٦١.
٢٠ـ جەلادەت بەدرخان ١٩٥١/٧/١٥ لە نەخۆشخانەیەكی فەرەنسییەكان لە شام مرد.
٢١ـ كمال مظهر أحمد، الدكتور. كردستان في سنوات الحرب العالمیة الأولى. ترجمة محمد الملا عبدالكریم، ط٢، بغداد، ١٩٨٤، ص٦٥.
٢٢ـ ئیسماعیل شاوەیس دەڵێ: یەكەمین ڕێكخراو لە مێژووی كورددا خالید بەگی جوبری دایمەزراند بە نێوی جمعیت إستقلال كرد، بەڵام هەندێك سەرچاوە دەڵێن میقداد مەدحەت بەدرخان دایمەزراندووە.
٢٣ـ لازاریف، المسألة الكردیة، گۆڕینی لە ڕووسییەوە دكتۆر كاوس قەفتان. بەغدا، ١٩٨٩، ل٦٦.
٢٤ـ نوئێل، مێجەر، یاداشتەكانی مەیجەر نوئێل لە كوردستان، وەرگێڕانی بۆ كوردی حسێن أحمد جاف/ حسێن عثمان نێرگسەجاڕی، بەغداد، ١٩٨٤، ل١٤٩.
٢٥ـ كەمال مەزهەر، دكتۆر. سەرچاوەی پێشوو ل١١٥ـ١١٧، پەراوێزی ژمارە/ ١١٦.
٢٦ـ بەگداش و بەكتاش گرووپێكی ئەتنی (ئاینزا) بوون لە سەردەمی سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانییدا پەیدابووە و خزمەتی زۆری بە سوڵتانەكان كرد بە ڕابەری حاجی موحەممەدی بەكتاش.

٢٧ـ ئاخۆ نازناوەکە (یەزدان شێر)، یان (یەزدان شیر)ە کە شێر و شیر (شمشیر)، هەردووکیان نازناوی ئیمام عەلین.

٢٨ـ مینۆڕسکی، ڕاپەڕینی کوردەکان، وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان. بەغداد، ١٩٨٧، ل١٣.

٢٩ـ قاسملو، کردستان والأکراد. ترجمة ثابت منصور. بیروت، ١٩٦٨، ص٤٨.

٣٠ـ أمین زکی، خلاصة تأریخ الکرد وکردستان. ترجمة محمد علي عوني. القاهرة، ١٩٤٥، ل٢٤٨.

٣١ـ مینۆڕسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل.... .

٣٢ـ جوتکەوانەکان و نیشانەکانی پرسیار من دامناون (ن.ك).

٣٣ـ کۆشکی ئاکای، تورکی عوسمانیی پیتی ق بەکاردەهێنا لە جێگەی پیتی ك، وەك فارسەکان کە پیتی ق لە جێگەی غ بەکاردەهێنن.

٣٤ـ المسعودي، مروج الذهب. بیروت ١٩٦٦، ص٢٤٩.

٣٥ـ کەڵکم لە بیرەوەرییەکانی شاوەیس، نۆئێل و شۆڕشی نەتەوەی کورد، صاڵح قەفتان، وەرگرتووە.

٣٦ـ صاڵح قەفتان، مێژووی نەتەوەی کورد. بەغدا، ١٩٥٩، ل٥٥.

٣٧ـ ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ژیان و بەرهەمەکانی، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا. هەولێر، ٢٠٠٣، ل٥٥، ٥٦.

٣٨ـ هەمان سەرچاوە، ل٥٦.

٣٩ـ هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٤٠ـ هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٤١ـ هەمان سەرچاوە، ل١١، ١٢.

٤٢ـ باراش ئەو گەنمەیە کە دەبرێت بۆ ئاش و دوای هاڕین دەبێت بە ئارد، پیاوێك بە گوێدرێژێکەوە بە کۆڵانەکانی سلێمانی "سەرەتای سەدەی بیست" دەگەڕا و چەند کیسەیەك "گلەسەر"یش لە جەواڵەکەیدا بوو بۆ فرۆشتن کە گڵێکی سپییە و ئافرەتان قژیان پێدەشت! کابرا هاواری دەکرد بۆ هەردوو ئیشەکە: کێ باراشی هەبێت، های گڵەسەر، ئەم بانگەوازە بووە بە پەندێکی نێو کوردەواری بۆ دوو شت لە یەکترەوە دووربن.

٤٣ـ ئەمین زەکی، تأریخ سلێمانی و وڵاتی، بغداد، ١٩٣٩، ل١٦.

٤٤ـ ڕەفیق حیلمی، یادداشت.

٤٥ـ ئەمین زەکی، سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

٤٦ـ صاڵح قەفتان، مێژووی نەتەوەی کورد. بەغدا، ١٩٥٩، ل٣٢.

٤٧ـ عەلی سید ۆ گۆرانی. من عمان الی عمادیة. عمان، ١٩٣٩، ص٩٧.

٤٨ـ بُهتان = بۆتان.

٤٩ـ الملا أحمد الزفتکي، العقد الجوهري في شرح دیوان الشیخ الجزري، ج٢، قامشلي، ١٩٥٩، ص٢٤، کذلك جمال نبز، المستضعفون الکرد وإخوانهم المسلمون. منشورات کوردنامة، لندن، ١٩٩٧، ص١٠٦، حاشیة ٥٢.

٥٠ـ بڕوانە هەمان سەرچاوە (نەبەز) ل٣٢، ٣٣.

٥١ـ ئەو دەربڕینە لە ناوچەکانی هەولێر بەکاردێت، وشەی عەیبە لە زمانی کوردییدا (خەوش)ە، وەك وەلی دێوانە بە (شەم) دەڵێ:

مِن بووم موشتەری خاڵ بێ خەوشەکەت

مِن بووم بەسەرگەرد گەردی کەوشەکەت

٥٢ـ ئەوە چوارەمین کابینەی وەزارەت بوو لە مێژووی کورددا دوای کابینەکەی حکومەتی مەلیك مەحمود، کۆماری کوردستان.

٥٣ـ ماوەیەك دوای راپەڕینی یەکەم، هێزی پێشمەرگە ـ جەماوەر، خانەقین چۆڵ دەکەن و شارەکە دەکەوێتەوە بندەستی رژێمی بەغدا.

٥٤ـ کوردێکی باکوور هاوینی ٢٠٠٩ کۆرپەکەی ناودەنێت کوردستان و لە فەرمانگەی ناونووسینی لەدایکبووانیش تۆماری دەکات و لە کەناڵی رۆژ تیڤی وتی: ئەوە منداڵێکی کورد بەنێوی کوردستان تۆمار کراو کۆماری تورکیاش نەڕووخا!.

٥٥ـ عەبدولڕەقیب یوسف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.

٥٦ـ مەبەستی لە هۆنەری مەزنی ئێران و خۆرهەڵات حافیزی شیرازیە.

٥٧ـ ئەوە سوڵتان مورادی چوارەمە.

٥٨ـ پڵاوکەباب، کەباب بە پڵاوی برنجەوە.

٥٩ـ پڵاوی برنج و شلە.

٦٠ـ پڵاوی برنج بە داوودەرمان (پڵاوکاری ـ کاری پڵاو).

٦١ـ پڵاوی برنج بە خۆشاوی هەناری ترش.

٦٢ـ جێگەی داخە کورد وادەزانێت خاوەن (خوان) نییە، وەك تورك و فارس و عارەب.

٦٣ـ سەحلەب پاودەرێکە دەبێتە هۆی بەستنی ئاو، شیر، شەکر، رەنگ، تام لە شێوەی دۆندرمەدا.

٦٤ـ گوڵبژێرێکی سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، گۆڕینی لە تورکیەوە بۆ کوردی، سەعید ناکام، بەغدا ١٩٧٩، ل١١٨ـ١٣١.

٦٥ـ سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٨ ـ٢٠٩.

# بەرگی دووەم
# بەشی شەشەم

**چەندین قەڵەمی نەناسراو**

**رستێک ئەستێرەی پرشنگدار**

**شێخ مارفی نودێ، مەولانا خالیدی نەقشبەندی**

**مامەیارە، ئەحمەدی خانی، دوانزەسوارەی مەریوان،**

**ئیسماعیل شاوەیس**

**بەرکوڵێک لە مێژووی گەلی ئەرمەن**

**ئاڵۆزکردنی پەیوەندیی نێوان کورد و ئەرمەن**

بۆ بەسەرکردنەوەیەکی مەزنەکانی کورد لە بوارە جیاجیاکانی وەك زانستەکانی ئاین و تەریقەت، مێژوو، وێــژە، رامیــاری، بەپێویســتمزانی هەنــدێکیان بــە کــورتی و ئەوەنــدەی زانیــارییم لەبەردەســتدایە، بەسەربکەمەوە، کە بەشێکن لە دەستەی یەکەم و پێشەنگەکانی کاروانی رووناکبیریی کورد، بۆ نموونە شەرەفەدینخانی بتلیسی ١٥٤٣ ـ ١٦٠٤، ئەحمەدی خانی ١٦٤١ـ ١٦٩٩، موحەممەد ئەمین زەکی ١٨٨٠ـ ١٩٤٨، مەستوورەی کوردستانی ١٨٠٥ـ ١٨٤٨، بێسارانی ١٦٤١ـ ١٧٠٢، مەولەوی ١٨٠٦ـ ١٨٨٢، نالی ١٨٠٠ـ ١٨٥٦، سالم ١٨٠٥ـ ١٨٦٩، حاجی قادری کۆیی ١٨٢٥ـ ١٨٩٧، مەحوی ١٨٣٠ـ ١٩٠٤، پیرەمێرد ١٨٦٧ـ ١٩٥٠، قانیع ١٨٩٨ـ ١٩٦٥، شێخ رەزای تاڵەبانی ١٨٣٧ـ ١٩٠٩، بێکەس، گۆران، هەردی، دیلان، کامەران موکری، ئەخۆل.... هتد.

بەڵام ئەوانە لەسەر ئاستی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر فراوان ناسراون و هەر لە منداڵی کوردەوە بیگرە تا شەقام و گۆڕەپان و خوێندنگا و تیپی هونەر و مۆسیقا و وەرزش و دوکان و بازاڕەوە زۆریان بە نێوەوە ناونراوە، بەڵام زۆر شۆڕەسواری دیکەشمان هەن ئەستێرەیان ئاوا بووە و ناویان نییە و هەندێکیان لە بواری خۆیدا کەچیان لە مەزنەکان کەمتر نییە و زۆربەشمان نایانناسین و نەوەی نوێش بە گشتی ناویشیانی نەبیستووە. هەر بۆ نموونە سێ زانای هەر مەزنی ئاینی ئیسلام لەسەر ئاستی هەموو جیهانی مسوڵمانان کوردن و خۆمان شتێکیان لەبارەوە نازانین، دۆست و دراوسێ ئەوانمان بەبیر دێننەوە. ئیمام غەزالی ١٠٥٨ـ ١١١١ز. بەمجۆرە نرخاندوونی و دەڵێت: رووناکبیریی ئیسلام لەسەرشانی چوار زانای مەزن دامەزراوە، سێ لەوانە کوردن، شارەزووری، ئامێدی، دەینووری.

سێ هۆنەری هەرەمەزنی خۆرهەڵات، نیزامی گەنجەیی (گەنجەوی) هۆنراوەکانی بە زمانی فارسی هۆنیوەتەوە، فزوولی بەغدایی بە تورکی و ئەحمەد شەوقی بە عەرەبی و یەکێکیان تەنها دێڕە هۆنراوەیەکی بە زمانە کوردییەکەی خۆی نەنووسیوە. نیزامی گەنجەیی نەك فارس، هەموو گەلانی ئێران شانازی پێوە دەکەن، تورکیش زۆر خۆیان بە فزووڵی هەڵدەکێشن، ئەحمەد شەوقیش ئەوەندەی بەسە، عەرەب نازناوی میری شاعیرانی عەرەبی پێداوە، ئێمەی کوردیش زۆربەمان هەر ناشزانین کوردو کوردی رەسەنن.

دەستڕەنگینترین هونەرمەندی هونەری خۆشنووسی بەپیتی عەرەبی و بە هەرسێ زمانی عەرەبی، فارسی، تورکی، لەسەرتاخواری خۆرهەڵاتدا، خۆشنووسی هەڵکەوتووی کورد ئامەدی (دیاربەکری)یەو نازناوەکەی سەلمێنەری ناسنامەکەیەتی کە کورد کوڕی کوردە. بۆ نموونەی بەهرە و توانای ئامەدی ئەوەندە بەسە، لەسەر تەنها یەك دەنك برنج سورەتی فاتیحەی بە جوانترین شێوە نووسیوە!

جوانترین شێوەکانی نەخشو نیگارو خەتی کووفی بەرهەمی هونەرمەندانی کوردی سەردەمی دەوڵەتی

دۆستکی هەتا ئەمڕۆش بەسەر شوورای شارەکەی ئامەد (دیاربەکر)ەوە ماونەتەوە[1]. نەك هەر ئەوانە، چەندین ئەستێرەی گەشی ئاسمانی کوردەواری هەوری ڕەشی کەمتەرخەمی شاردوونیەتەوەو بوونەتە ئەستێرە ئاوابووەکان (کە ئاوا نابن). لێرەدا ڕووی گلەییم لە نەوەی نوێیە ئەگینا قەڵەمی دڵسۆز و خەمخۆریشمان هەیە بە هەزار کوێرەوەری و شەونخونی توانیویانە ناوێك زیندووبکەنەوە، پارچە هۆنراوەیەك ساغبکەنەوە، مێژووی ژیانی هەڵکەوتوویەك ڕاستبکەنەوە، هەر بۆ نموونە مەلا عەبدولکەریمی بیارە، ئەمین زەکی بەگ، موحەممەد عەلی عەونی، دکتۆر مارف خەزنەدار، هێمن و هەژاری موکریانی، فەرهاد پیربالیش لەم دواییانەدا کاری چاك و بەرچاوی لەو بوارەدا کردووە و مەلا مەحموودی بایەزیدمان پێ دەناسێنێ.

مەلا مەحموود ١٧٩٧ـ ١٨٦٧ خزمەتێکی مەزنی پەخشان، چیرۆك، مێژوو، زمانەوانی کوردی کردووە و بەرهەمیشی زۆرن. کوردناسی ڕووس ئەلێکسەندەر ژابا ١٨٠٣ـ ١٨٩٤، چلوچوار بەرهەمی وێژەیی زیندوو کردەوە کە سێ لەسەر چواری پەخشانی کوردی سەدەی نۆزدە پێکدەهێنن و زۆربەیان بە هاوکاری بایەزید بووە.

بەرهەمەکانی بایەزیدی:

١ـ تاریخ جدید کردستان، نزیکەی هەزار لاپەڕەیە، ١٨٥٧ نووسیوێتی بۆ تەواوکردنی شەرەفنامە لەو شوێنەوە شەرەفخان کۆتایی پێ هێناوە، ئەلکسەندەر ژابا ساڵی ١٨٦٥ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی.

٢ـ صەفحەی صبیان (لاپەڕەی نەوجەوانان) یەکەمین کتێبی ئەلفبای کوردیە بە لاتینی بە پێنووسی کوردێك.(د.قاسملۆ دەڵێت یەکەمین کتێبی ڕێزمانی کوردی لەساڵی ١٧٨٧ دەرچووە) .

٣ـ رسالة نحلان في زمن کردان، ١٨٦٦ ئەرزرۆم، زمانی کوردی لە ڕووی ڕێزمانەوە بەسەر ناو، کردار، پیت، دابەش دەکات.

٤ـ چیرۆکەکانی (درّ المجالس) گەوهەری کۆڕەکان، مەلا موسای هەکاری بەفارسی نووسیویەتی وەك شیرین و فەرهاد، یوسف و زلێخا، زوحاك، ڕۆستەم، نەوشیروان، دارەوان....بایەزید کردوونی بە کوردی و ژابا بە فەرەنسایی.

٥ـ چواردە چیرۆکی فۆلکلۆریی فارس، مەلا مەحموودی بایەزیدی کردوونی بە کوردی و ژابا لە کوردییەوە کردوونی بە فەرەنسی.

٦ـ چل چیرۆکی فۆلکلۆری وەك سیامەندو شەمسێ، بایەزیدی هەندێکیانی لە تورکییەوە وەرگێڕاوە وەك لەیلو مەجنوون لە نووسینی فزوولی. ئەمە یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکە بە زمانی کوردی لە کتێبێکدا، زانای ڕووس، ژابا ئەم بەرهەمەشی گۆڕیوەتە سەر زمانی فەرەنسایی و لە دوو کۆمەڵەدا بە کوردی و فەرەنسایی ساڵی ١٨٦٠ لە پەتروسبورگ چاپ و بڵاویکردووەتەوە. خۆرهەڵاتناسی ڕووس چیخاییف دەڵێت لە نێو ئەو بەڵگەنامانەدا کە چەندین ڕەفەی کتێبخانەکەی ژابای پڕکردبوو، چیرۆکی سیامەندو شەمسی بەرچاو دەکەوت[2].

لێرەدا زنجیرەیەك ناوی ئەو (ناودارانە) زۆر بە کورتی دەخەمە بەرچاوی نەوەی نوێ:

١ـ بابە تاهیری هەمەدانی (عوریان) ٩٣٥ـ ١٠١٠ز. هۆنراوەکانی بە دیالێکتی لوڕ نووسیوە و تێگەیشتنیان ئاسان نییە. لە بیروباوەڕدا دژی فەلسەفەی خەییامە، وەك عەتتار و جەلالەدینی رۆمی و حافیزی شیرازی بە (وەلی) و پیاوچاك دەژمێردرێت و کۆڵەکەیەکی پتەوی بنەماکانی ئاینی ئەهلی هەقە و دیوانەکەی خۆی و دیوانەکەی بیبی فاتیمە (فاتیمە لەیلا)ی خوشکی لەناو ئەهلی هەقدا پیرۆزییەکی تایبەتییان هەیە.

٢ـ ئیبن ئەلئەثیر ١١٦٠ ـ ١٢٣٣ز، لە جزیرو بۆتان لە دایك بووە.

٣ـ ئیبن ئەلموستەوفی ١١٦٩ ـ ١٢٣٩ز.، لە قەڵادێرینەکەی هەولێر هاتۆتە دونیاوە، ساڵی ١٢٣٩ز مێژووی هەولێر (تأريخ أربيل)ی لە چل بەرگدا نووسیوە.

٤ـ ئیبن ئەلحاجیب ١١٦٤ـ ؟، نووسەری کتێبی رێزمانی عەرەبی (کافیە وشافیە)یە.

٥ـ ئەبولفەلا (أبو الفلا) مێژوونووس و جوگرافیاناس ١٢٧٣ـ ؟

ئەبو وەفای ئەیوبی ١٢٧٣ـ ١٣٣١ز، بەناوبانگترین بەرهەمەکانی کورتەیەك لە مێژووی مرۆڤ (المختصر من تأريخ البشر) چوار بەرگە، ١٨٢٩ لە ئەستەمبووڵ و ١٨٣١ لە لایبزیك ـ ئەڵەمانیا وەرگێڕان و چاپکراوە. ساڵی ١٧٢٢ زانکۆی ئۆکسفۆرد گۆڕیویەتییە سەر زمانی ئینگلیزی و چاپیکردووە، چاپە فەرەنسییەکەشی لە ١٨٣٧دا بوو، بەڵام کتێبی (تقويم البلدان) هەڵسەنگاندن یان نرخاندنی وڵاتان ٧٢١ك. تەواویکردووە و بەزمانە بێگانەکان چاپ کراوە[٣].

٦ـ ئیبن خەلەکان ١٢١١ لە هەولێر لە دایکبووە، دوو کتێبی بەناوبانگی (وفيات الأعيان) مردنی پیاوماقووڵان و (مشاهير و معارف) ناوداران و ناسراوان(ناسراوان زانستەکان).

٧ـ فەقێ تەیران (میر موحەممەد) ١٣٠٧ـ ١٣٧٥ لە مکسی هاتووەتە دنیاوە و لە فنك خوێندوویەتی، نووسەری چیرۆکی شێخی سەنعان و چیرۆکی ئەسپەڕەش. گۆڕەکەی لە (وارەزوو) یان ناوچەی هیزانە[٤].

٨ـ مەلای جزیری (شێخ ئەحمەدی نیشانی) ١٤٠٧ ـ ١٤٨١ دیوانێکی هەیە، هۆنراوەکانی سۆفیگەرین و زۆر سەخت داڕێژراون.

٩ـ عەلی حەریری ١٤٢٦ ـ ١٤٩٥ز.

١٠ـ عێل بەگی شارەزووری ١٤٩٨ـ ١٥٤٨ز. لە سەردەمی صەفەویەکاندا ژیاوە، لە تایەفەی یارسان ـ ئەهلی هەقە و سۆفییەکی ناسراوی ئەو سەردەمەیە، دیارترین هۆنراوەکانی هۆنراوەیەکە کە کۆمەڵێك پێشبینی بۆ داهاتوو کردووە کە جێگەی سەرسوڕمانن!

**من بە قەولی کۆران دەکەم — قسە لە ژێر هەوران دەکەم**

**ئیتاعەتی دەوران دەکەم — هەروابووە و هەروا دەبێ**

**خاسان وەبێ وەتەن دەبێ — شاهان وەبێ کفن دەبێ**

**زەمان وەکامی ژن دەبێ — هەروا بووە و هەروا دەبی**

**فەرەنگستان زنجیر دەبێ** **ڕۆم و عەجەم یەخسیر دەبێ**
**ئەوسا فەزا تەسخیر دەبێ** **هەروابووە و هەروا دەبێ**
**تەیری وەك ڕەعد و بەرق دەبێ** **گوێچکەی لە دوکەڵ غەرق دەبێ**
**دەشت و دەری پێ لەق دەبێ** **هەروابووە و هەروا دەبێ**(٥)

١١ـ عەلی تەرماخی صالّی ١٥٩١ دەستووری زمانی کوردی نووسیوە.

١٢ـ ئیسماعیلی بایەزیدی ١٦٥٤ـ ١٧٠٩ز. فەرهەنگێکی کوردی ـ عەرەبی ـ فارسی بە هۆنراوە داناوە بە نێوی گولزار.

١٣ـ شێخ حەسەنی گلەزەردە ـ قەرەداخ ١٦٧٢ـ ١٧٦٢ز. ئەستێرەناس، حسابی بورجەکان لە شێوەی چەند تاقێکدا لەسەر دیواری مزگەوتەکەی گلەزەردەی باشووری خۆرهەڵاتی سلێمانی،دروست کردبوو.

١٤ـ عەبدولڕەحمان ئەختەری ١٨٨٤ـ ؟، هۆنراوەی بەسەر پەیامبەرو کوردستاندا وتووە.

١٥ـ خانای قوبادی ١٧٠٠ـ ١٧٥٠ز. سڵاوات نامەیەکی بەدیالێکتی گۆران ـ هەورامی نووسیوە، لە هۆنراوەکانیدا بەراوردی کوردو فارس دەکات.

١٦ـ مەلا نەبی سەدەی شازدە لە گوندی بارێی بچووك لە بناری چیای سورێن و لە گردی تەرازە حسابی کەشەکانی صالّی بە دانانی کۆمەڵێك بەرد لە شێوەی کەللە شەکردا (هەرەمی) ڕێکدەخست(٦).

١٧ـ ئەحمەدبەگی کۆماسی ١٧٩٥ـ ١٨٧٦ز، بە هۆنراوەی (گلکۆی تازەی لەیل) ناسراوە، شین و لاواندنەوەیە بۆ مردنی هاوسەرەکەی.

لە دوورەوە هاتووم بناسە دەنگم تۆزی کەژو کێو نیشتووە لە ڕەنگم

١٨ـ مەلا فەتاحی جەباری ١٨٠٦ـ ١٨٧٦ز. بەهەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی، فارسی هۆنراوەی هۆنیوەتەوە.

١٩ـ سەی یاقوو (سەید یاقووب) ١٨٠٨ـ ؟ . بیست هەزار دێڕ شیعری بە چەند زمانێك داناوە.

٢٠ـ مەلا وەلەدخان ١٨٧٦ـ ١٨٨٥ز. چیرۆکی لەیل و مەجنونی بە کوردی نووسیوەتەوە، بەکەڵکوەرگرتن لە هەمان چیرۆك کە پێشتر نیزامی گەنجەیی بە فارسی، فزوولی بەغایی بە تورکی و ئەحمەد شەوقی بە عەرەبی بە هۆنراوە هۆنیبوویانەوە.

٢١ـ قەرە فاتم (فاتمەڕەش) ئافرەتێکی چەکدار و شەڕزانی کوردە، لە جەنگەکەی نێوان رووسیا و عوسمانی ١٨٧٧ـ ١٨٧٨ز دا لە ئەرزرۆم و قارس سەرکردەیی ٥٠٠ جەنگاوەری کوردی کردووە.

٢٢ـ مەلا پەریشان ١٣٩٨/ ١٣٩٩ـ ؟ . کۆنترین شاعیرە، شیعری بە شێوەی هەورامی نووسیوە، زۆر شانازی بەکوردبوونی خۆیەوە کردووە و نازناوی مەلا پەریشانی کورد هەڵدەبژێرێت.

٢٣- گەنج عەلی خان: حەسەن فەهمی بەگی جاف دەڵێت "یەکێك لە بەگزادەکانی تایفەی فەیزوڵا بەگیی کەناوی گەنج عەلی خانە لە ساڵی ١٩٤٣ دا تصادفا ڕێ ی کەوتە ماڵی ئێمە لە هەڵەبجە، مودەتێ (١٥) ڕۆژ لە ماڵی ئێمە مایەوە. پاش ئەوەی کە گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆیان موکریان ئەم غەزەلەی بۆ

ناردبووم ئەم گەنج عەلی خانە کوڕی حاجی سەلیم خانی موکریانە. ماڵیان لە دێ ی ((جان بولاق))ە.وەك لە کۆتایی نامەکەدا دەردەکەوێت حەسەن بەگ گەنج عەلی خانی راسپاردووە کە نووسخەیەك لە کتێبێکی مێژوویی (بە داخەوە ناوی کتێبەکە نەنووسراوە) لە ئێران بۆ پەیدا بکات و بۆی بنێرێتەوە بۆ هەڵەبجە . ئەمیش هەرچەندە گەڕاوە لە ئێران دەستی نەکەوتووە. ئەمە دڵسۆزی و پەرۆشی حەسەن بەگ نیشان دەدات بۆ گەڕان بەدوای مێژووی کورددا کە خولیایەکی هەمیشەیی و پیرۆزی ئەو بووە.

**( ئەی نەسیمی سوبحەدەم )**

**ئەی نەسیمی سوبحەدەم، ئەی شارەزای دەشت و دەرە**
**وەی بە قوربانی شنەت بم، هەستە، زوو بەو، وا وەرە**
**زۆر دەمێکە ئارەزووم وایە بنێرم قاسیدێك**
**بۆ حوزری خۆشەویستم، بۆ سەرم تاجی سەرە**
**کاغەزێکت بۆ ئەنوسم زۆر بە شەوق و ئاب و تاب**
**ئەیدەمە دەستت بەلاّم توخوا زەریفی هەڵگرە**
**ئاوی بەفری شاخی کوێستان دێنە خوارێ شیو بە شیو**
**زۆنگ و کانیی هەڵقوڵیون، ئاو لە ئاو شیرین ترە**
**مەرکەز و پێتەختی دەشتی شارەزور لەم دەورەدا**
**پێت بڵێم شاری هەڵە بجەی پێدەڵێن و دڵگرە**
**نیشتیمانی میر و پاشای عێل و جافانە قەدیم**
**خەیمەگاهی گەورەیی کوردانە، جێی ئەسکەندەرە**
**دەچنە بەر دەرکی حەسەن بەگ میر و گەورە گەورەکان**
**دەرکی دەروازەی وەکو پێش دەرکی قەسری قەیسەرە**
**دەستەی بەگزادە سەفیان بەستووە بڕنەو بە دەست**
**دەستەی نۆکەر هەموو دەستیان لەسەر گۆی خەنجەرە**

(بڕوانە حەسەن فەهمی بەگی جاف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. غ، ق، ك، ل)

زۆری دیکەش هەن کەمتریان لەوانەی سەرەوە لەبارەوە دەزانین وەك شاپرتەوی هەکاری ١٨١٠.

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (بیارە) لە کتێبە بە نرخەکەیدا (علماؤنا في خدمة العلم) ژمارەیەکی زۆر لە زانا کوردەکانی دۆزیوەتەوەو زیندووی کردوونەتەوە، بۆ نموونە شێخ عەبدولقادری گەیلانی، وەیسی قەرەنی، مەلای ماوەران، زەهاوی، عەبدوڕەحمانی کەواکیبی وەك زانای کورد پێشکەش دەکات خزمەتی رووناکبیری بێگانەیان کردووە.

## چەند ئەستێرەیەکی پرشنگداری

## میر شەرەفخان

میر شەرەفخانی بتلیسی ١٥٤٣ـ ١٦٠٤ز.هەرچەند بە نازناوەکەیدا لە شاری بتلیس هاتۆتە دنیاوە بەڵام ڕاستییەکەی لە گوندی(گەمەرووی) سەر بە شاری قوم ـ ئێران لەدایکبووە، نەك لە کوردستانی باکوور . شەرەفخان کوڕی میر شەمسەدین خانی بتلیسە و هێشتا مێرد منداڵبوو، باوکی لە دەست زۆر و ستەمی سوڵتان سلێمانی عوسمانی خۆی و خێزانەکەی دەرباز دەکات و روو لە ئێران دەکەن و پەنا دەبەنە بەر شا تەهمان سپی یەکەم، ئەوەش بەو هۆیەوە بوو ناحەزانی بنەماڵەکە زمانیان لێدەگێڕن و سوڵتان سەلیمی عوسمانی گومان لە دڵسۆزییان پەیدا دەکات و فەرماندەدات میر شەمسەدین دەستگیر بکەن. خۆشبەختانە بەردەست ناکەوێت و رزگار دەبن، شای ئێرانیش بەهۆی پلەوپایەی زانست و کۆمەڵایەتی بنەماڵەکەوە ڕێزیان لێدەنێت و کارو فرمانی تایبەتییان لە دەرباردا پێدەسپێرێت. شەرەفخانیش لە بارەگا و کۆشکەکانی شا تەهمان سپیدا پەروەردەو فێرە خوێندن دەکرێت و دواتر چەند پۆستێکی گرتە دەست گرنگترینیان پۆستی میری میران بوو، بەرپرسی رێکخستنی هەموو کاروباری میر و میرنشینەکانی کورد بوو لەگەڵ دەرباری شای ئێراندا. نێزیکی و پلەوپایەی باوك و کوڕ لای شا، کاربەدەستانی دەربار و کۆشکەکان و لە هەموانیش زۆرتر قزڵباشەکان ئێرەییان پێدەبەن و دەکەونە پیلانگێڕان جێگەیان پێلێژ بکەن و بکەونە قۆرتێکەوە. پلانەکەش سەریگرت و شا، میر شەرەفخان دووردەخاتەوە بۆ دەڤەری نەخچەوان و هەرلەوێ دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٥٧٥ز، شا ئیسماعیلی صەفەوی ئاشتی دەکاتەوە و دەیهێنێتەوە ئەسفەهان و پایەو نازناوی میری میرانی هۆزەکانی کوردی سەربە ئیرانی دەداتێ، بەڵام شەرەفخان دڵی بەکارو فەرمانی دەربارەوە نەمابوو، دەست لەکاردەکێشێتەوە و کار کەنار خۆتەرخان دەکات بۆ پرۆژەیەکی زانستی گەورە و ئەرکێکی نەتەوەیی پیرۆز، نووسینەوەی مێژووی میر و میرنشینەکانی کورد بە نێوی شەرەفنامە و بەو زانیارییە وردانەی لەبەردەستییدابوون و ئەو هەموو رووداوانەی لە نێزیکەوە ئاگاداریان بوو، ١٥٩٢/١٥٩١دەست بە نووسین دەکات و دوای هەوڵێکی مەردانە ١٥٩٧/٨/٤ز پرۆژەکەی تەواو دەکات و دوایین وشەی شەرەفنامە دەنووسێت. میر شەرەفخان لەو جەنگەی مانگی١٥٨٧/٢لە نێوان عوسمانی وصەفەویدا روویدا، بە خۆی و ٤٠٠ چەکدارەوە لایەنگری عوسمانییەکان دەکات و پشتدەکاتە صەفەوییەکان، سوڵتان موورادی سێیەمیش ١٥٨٩ لە پاداشتی کارەکەیدا بە پۆستی میرایەتی (بتلیس ـ بەدلیس) خەڵاتیدەکات کە ئەو دەمە لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا بوو .

شەرەفنامە بە زمانی فارسی نووسراوە، بەڵام چ زمانێکی وێژەیی بەرز و پڕ هونەر. هەژاری موکریانی فارسی زان و شارەزای هۆنراوەو وێژەی فارس دەڵێت: (ئەگەر نووسینی نووسەرەکانی فارس لەو سەردەمەدا لەگەڵ نووسینی شەرەفنامەکەی بتلیسی بەراورد بکەین، شەرەفخان سەرتۆپی هەر هەموو نووسەرانە بە زمانی فارسی لەو کاتەدا). گەر سەرنج بدەین هەژاری موکریانی شەرەفخانی گەیاندۆتە ئاستی هەرە بڵندی توانای لێهاتوویی کەڵە نووسەرەکانی فارس و بێگانەشەوە کە بەرهەمەکانیان بە زمانی فارسی نووسیوە،

بۆ نموونە وەك هۆنەری بەرزی کورد نیزامی گەنجەیی کە هەموو گەلانی ئێران شانازی پێوە دەکەن.

میر شەرەفخان بە نووسینی ئەو شاکارە مەزنە مێژووی میرو میرنشینەکانی کوردی بەزیندوویی بۆ نەوەکانی جێهێشت و سنووری کوردستانیشی دیاریکردووە و زمانی کوردیش دابەشدەکات بەسەر چوار دیالێکتدا: کرمانجی (کورمانجی)، لوڕی، کەلهوڕی، گۆرانی (هەورامی) و بە شایستەییش بوو بە باوکی مێژوونووسانی کورد.

بایەخ و گرنگی شەرەفنامە لەوەدا دەردەکەوێت سێ جار بە زمانی فارسی چاپکراوەتەوە. جاری یەك٠ەم لە لایەن ڤلادیمەر ولیانۆڤ زرتۆڤ ١٨٦٠ پەتروسبورك ـ رووسیا. دووەم جار فەرەجوڵڵا زەکی کوردی ١٩٣٠ قاهیرە ـ میصر. سێهەم جاریش ١٣٤٣ك . هـ (هـ.ش) لەلایەن موحەممەد عەباس لە تاران ـ ئێران. دووجاریش بە عەرەبی چاپو بڵاوکراوەتەوە.

١٩٥٣ مەلا جەمیل رۆژبەیانی کردوویە بە عەرەبی و لە بەغدا چاپی کردووە.

١٩٥٨ موحەممەد عەلی عەونی کردوویە بە عەرەبی و لە قاهیرە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

دووجاریش وەرگێڕدراوەتە سەرزمانی کوردی و چاپو بڵاوکراونەتەوە:

مەلا موحموودی بایەزیدی لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا.

هەژار موکریانیش کە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی دوو جاران چاپ و بڵاویکردۆتەوە:

١٩٧٣ چاپخانەی نەجەف ـ عێراق.

١٩٨١ لە تاران ـ ئێران.

شەرەفخان رێچکەشکێن و رابەرە بۆ مێژوونووسانی دوای خۆی وەك عەبدولقادر رۆستەم بابانی، مەستوورەی کوردستانی، ئەمین زەکی، شێخ موحەممەدی مەردۆخ، پیرەمێرد، نەجمەدین مەلا، عارەب شامۆ، جەلیلی جەلیل، قەناتی کوردۆ، جێمس ریچ، دکتۆر کەمال مەزهەر، نەوشیروان مستەفا ئەمین، عەبدولڕەقیب یوسف، .... هتد، لەبەر رۆشنایی چرا گەشەکەی شەرەفنامەدا لاپەڕە فەرامۆشکراوەکانی مێژووی کورد هەڵدەدەنەوەو لەتاریکیی و لەنێوچوون و بیرچوونەوەی چەندین سەدەش قۆڵیان بۆ هەڵماڵی.

## شێخ مارفی نودێ

شێخ مارف ١١٧٥ـ ١٢٥٤ کۆچی، لە بنەماڵەی شێخانی سلێمانی و نەوەی سەییدەکانی بەرزنجە و شێخ عیسێ و موسێ یە. سەرەتای لاوێتی لە مزگەوتەکەی قەڵاچوالان کە ئەوکاتە پێتەختی فەرمانڕەوایی میرنشینی بابان بوو بە خوێندن و فێربوونی زانستە ئاینییەکان بەسەربردووە، کە ئیبراهیم پاشای بابانیش دامەزراندنی شاری سلێمانی تەواو دەکات و بنکەی دەسەڵاتی بابان لە قەڵاچووالانەوە دەگوزاێتەوە شاری نوێ، شێخ مارفیش دێتە سلێمانی و دەبێتە مامۆستاو پێشنوێژی مزگەوتی گەورە. شێخ مارف پەیڕەوی ئایینزای سوننە و رێبازی ئیمام شافیعی دەکردو لە رێبازە سۆفیەگەریەکانیشدا موریدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بوو لە نێو ئەو رێبازە سۆفیگەرییانەی کە لە کوردستان و دەرەوەیدا باو بوون وەك قادری،

صددیقی، تەیفووری و نەقشبەندی. ئاینزای سوننە و رێبازی قادری بە فەرمی لە دەوڵەتی عوسمانیدا پەیڕەو دەکران، بەو هۆیەوە هەستو سۆزی شێخ مارف لەلایەنی هەواداری رامیارییەوە روو لە سوڵتانەکان و لایەنگری عوسمانیەکان بوو دژ بە شاکانی ئێران، پشتگیری والیەکانی بەغدای دەکرد نەك میرنشینەکانی کورد. شێخ مارف زانایەکی ئاینیی پڕ بوو، بەرهەمی زۆرن و زۆریان لە نێوچوون، یەکەمین رێکخەری کتێبخانەی کوردییە، کتێبخانەکەی مزگەوتی گەورە کە پاشاکانی بابان بایەخیان پێدەدا و دەوڵەمەندیان دەکرد.

شێخ مارف فەرهەنگۆکێکی عەرەبی ـ کوردی بەشێوەی هۆنراوە رێکخستووە ١٤٧٥ وشەی لە خۆگرتووە بە نێوی کتێبی (ئەحمەدی)، بۆ ئەوەی بە بتوانێت بەئاسانی ئەحمەدی کوڕی فێرە زمانی عەرەبی بکات کە دواتر بە کاك ئەحمەدی شێخ ناوی دەرکردووە.سەردەمی مێردمنداڵیم ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو دەبوو شەوانە بەشێکی بۆ باوکم بخوێنمەوە، کە ئەویش تەواو دەبوو کتێبی ئاقییەی کوردی (عەقیدە ـ عەقیدەنامەی کوردی) بۆ دەهێنام، هەزار دروودی خوا لە گیانی پاك و پەپوولەئاسای، مرۆڤێکی یەکجار سادە بوو، زۆر بە مرۆڤی سەردەمەکەی نەدەچوو، دڵو دەروونی پاك وەك دڵو دەروونی ساواکان، چاوی لە سامان و ماڵی دونیاش نەبوو، پاروویەك نان و دوو چای خەست و شیرین و سەرینێك شانی لەسەر دابدایە سوپاسی یەزدانی دەکرد. باوکم شێخ کەریمی شێخ ئەحمەدی شێخ ئەمینی سەیید قاسم دەگەڕێتەوە سەر سەییدەکانی پیرخدری شاهۆ، ئەوە نازانم سەیید قاسم کەی ولاّتی ئەردەڵانی جێهێشتووە و هاتووەتە دیوی بابان و بەرووەووا مەڕداری و بازرگانی کردووە و شێخ ئەمینی کوڕی سەرەتای دوکاندارەکانی سلێمانی بوون و بە شێخ ئەمینی وەتراخچی ناسراوە، وەتراخچی فرۆشیاری پێویستییەکانی ناو ماڵە وەك فەرش و بەڕە و جاجم و بەرماڵ و.... هتد. شێخ ئەحمەدی کوڕیشی (شێخ ئەحمەدە رەش) سەردەمی تورك مامۆستای قوتابخانە بووە، صالی ١٩٧٦مامۆستای وانەبێژ بووم لە خوێندنگەکەی گوندی سیتەك ـ شارباژێڕ، دوای یەکترناسین دوو پیرە پیاو وتیان ئێمە هەردووکمان لای باپیرت دەمانخوێند، لێرە مامۆستای مەکتەب بوو، بەزمانی تورکی پێی دەخوێندین، پیاوێکی باڵا بەرزی بە شان و شەوکەت، کەواو صەڵتە و چاکەتی لەبەردەکرد، مشکی و جامانەی پێکەوە لەسەر دەبەست، دوو چاوی تیژی کاریگەری هەبوو (کاریان لە عەقڵو شعور دەکرد) هەندێکیش تووڕە و بەزەبر وداروەشێن بوو.

شێخ ئەحمەدی باپیرم دیوانی هۆنراوەی هەبوو، لە شوێنی دیکەدا بەسەرم کردووەتەوە.دیاری بابانی پۆرزام دەڵێت مامۆستا هەردی زۆربەی هۆنراوەکانی باپیرمانی لەبەربوو، زۆر جار دەیوت (وەرە بزانم دەزانیت ئەم شیعرە هی کێیە ؟)لەگەڵ شێخ مەحموود مەلیکی کوردستانیش نێوانی خۆش نەبووە، هەرچەند ئاشتیکردووەتەوە و وتوویەتی ئەحمەد ئێمە هەق بن ئامۆزاین، لە نێوان مزگەوتی کاك ئەحمەد و گەڕەکی مەڵکەندیدا بۆ خۆت و منداڵەکان بە کامی دڵی خۆت زەوی بپێوە و بیکەرە خانووبەرە، خوا پەکناخات. لە راستیشدا هەروابووە وەك بەتەمەنەکان دەیانگێڕایەوە بە گوریس زەوییەکی بەرفراوانی پێواوە و ئاوەدانی کردۆتەوە کە هەتا ئەمڕۆش سنووری دەرەوەی هەروەك خۆیەتی لە گەڕەکی شێخان ـ کارێزی ئەحمەد

زەنگنە.

فەرهەنگۆکەی شێخ مارف بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

**ألحمد لله على ما وهب　　　هدانا ألى لسان ألعرب**

**بنام خدا حی لا یموت　　　پەروەردگاری ملك و ملکوت**

**ئینجا دەڵێت:**

**(رأس)سەرە، (عێن) چاوە　　　(بڎن) قـالب، (أسم)ناوە**

**(أنف)لوتە، (حاچب) برۆ　　　(فَخذ) رانە، (رکبە) ئەژنۆ[٧]**

باوکم لە من خوێندەوارتر بوو، مەبەستی ئەوەبوو لە پاڵ پەرتووکەکانی خوێندنی سەرەتاییدا سەرچاوەی دیکەش بخوێنمەوە و هانیدەدام و گۆڤارەکانی گەلاوێژ، هیوا، شەفەق و پەیام ی بۆ دەهێنام، جگە لە باوکایەتییەکی پڕ لە میهر و خۆشەویستیی و قوربانیدان قەرزارباری ئەوەشم فێری خۆشەویستیی کتێب و خوێندنەوە و پاراستنیی کتێبی کردم و هەر لەو دەمەوە خولیای خوێندنەوە و کۆکردنەوەی کتێب و رۆژنامەی ژین و پاك راگرتنیان بووم و بوونە بەشێکی گرنگی ژیانم هەتا ئەمڕۆ.

شێخ مارفی نۆدێ رابەری رێبازی صۆفیگەریی قادریی (شێخ عەبدولقادری گەیلانیی) بوو لە کوردستانی باشوور و لە ململانێیەکی توندوتیژدا بوو لەگەڵ رێبازی صۆفیگەری نەقشبەندی ـ نەقشی (شاهی نەقشبەند) بەڕابەرایەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی شارەزووری.

شێخ مارف و موریدەکانی هەواداری دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتان و والییەکانی بەغدا بوون، بەڵام مەولانا خالید بەپێچەوانەی شێخ مارف و زۆربەی هەرە زۆری زانایان و پیاوانی ئاینەوە لە کوردستانی ئەو سەردەمەدا هەموو تواناکانی خۆی لە نێوان ئایینداری و پشتگیری میرنیشینی بابان و میرەکانیدا دابەشکردبوو، رووی لە کورد و پشتیکردبووە تورك و سوڵتان و والییەکان و بەئاشکرا و نهێنی دژایەتیدەکردن، ئەمەش سەرباری جیاوازی نێوان دوو رێبازەکە، بووە هۆی کێشە و ململانێی نێوانیان و بەتایبەتیش لە نێوان هەردوو رابەرەکەدا خەستبووەوە و والییەکانی بەغدا و سوڵتانەکانیش ئاگری دووبەرەکییەکەیان خۆشدەکرد.

شێخ مارف زۆر شانازی بەرەچەڵەك و باپیرانی خۆیەوە دەکرد کە دەچنەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) تانەو تەشەریشی لە مەولانا خالید دەدا، ناچێتەوە سەر ئەو بنەماڵە هەرە پیرۆز و خوێنە پاکەو رابەرایەتیی رێبازێکی ئایینیی (تەریقەت و ئیرشاد) نە کاری ئەوەو نە شیاوی ئەو کارەشە. دەڵێن شێخ مارف (کۆستە)بووە،بۆیە مەولانا لە وەڵامدا وتوویەتی:

**فەزیلەی ئەصل و فەصڵ کەس ناکاتە صاحێب فەزڵ**

**کە تۆ کۆستەی بە تۆ چی، مامە، ریشی باوو با پیرت**

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو رەخنە قورس و کاریگەرە دەڵێن چەکدارێکی نەناسراو لەبەردەرگای خانەقاکەی خۆیدا لە سلێمانی تەقە لە مەولانا خالید دەکات.. دۆستانی هەردوولا و چاکان دەکەونە نێوانەوە و دوای

ئاشتبوونەوە شێخ مارف گلەیی لە مەولانا دەکات لەو هۆنراوەیەدا مەبەستی ئەوە و بە کۆستە ناویبردووە (لەراستیشدا شێخ مارف کۆستە بوو) مەولانا لە وەڵامدا دەڵێت یا شێخ ئەوە کەوایەکە (بەرگێکە) و بڕیومە، بۆ هەر کەسێك دەگونجێت و پڕبەڕێتی پیرۆزی بێت!

## مەولانا خالیدی نەقشبەندی[٨]

مەولانا خالید ١١٩٣ـ ١٢٤٢ك. لە تیرەی جافی میکائیلییە، لە گوندی بەڵخەی قەرەداخ هاتۆتە دنیاوە و هاوژینی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەوڕەحمان پاشای بابانە، ڕێبازی صۆفیگەریی نەقشبەندیی نوێکردەوە و موریدێکی زۆری پەیداکرد کە تا ئەو کاتە هیچ شێخێکی تەریقەت ژمارەیەکی وەها زۆر موریدی لە نێو مەلا و زاناکانی ئایندا لە دەور کۆنەبووبوونەوە. مەولانا باوەرنامە (ئیجازە)ی لە شێخ قەسیمی مەردۆخی وەرگرت لە سنە و دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی وئەوڕەحمان پاشای بابانیش دەیکاتە مامۆستاو پێشنوێژی مزگەوتەکەی خۆی لە جێگەی سەیید عەبدولکەریمی بەرزنجەیی.

مەولانا ١٢٢٠کوچ دەچێت بۆ حەج و ١٢٢٥ چۆتە هیندستان و تەریقەت لە شێخ عەبدوڵڵای دەهلەویی وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە سلێمانی. سەردەمی ناو و ناوبانگی مەولانا هەمان سەردەمی کێشەی نێوان ئەوڕەحمان پاشای بابان و سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشا لە لایەك و ئەوڕەحمان پاشا و والی عوسمانیی بوو لە بەغدا لە لایەکی دیکەوە. شێخ مارفی نۆدێ لە نوێکردنەوەی ڕێبازی نەقشبەندیدا لەسەر دەستی مەولانا خالیدو ئەو هەموو موریدەی دەوریانداوە نارەحەت بوو، بە توندی بەربەرەکانێ و بەرەنگاریی دەکرد[٩]، میرەکانی بابان و والی بەغدا و زانا عەرەبەکانی عێراقیش پشتگیریی شێخ مارفیان دەکرد، بەڵام دەنگی زوڵاڵی مەولانا کپ نەدەکرا، بەناچاریی نێوانی لەگەڵدا خۆش دەکەنەوە و دڵی دەدەنەوە،سەردەمی مەحموود پاشای بابان خانەقایەکی بۆ دروست دەکات لە دامێنی شاری سلێمانی، ئێستەش هەر ئاوەدانە و ساڵی ١٩٧٠ بارزانی مستەفا فراوان و نۆژەنیکردەوە.

مەولانا خالید وەك زانایەکی ئایینی مەزن،رابەریی ڕێبازێکی صۆفیگەریی جەماوەریی فراوان بوو، نیشتمان پەروەرێکی بەباوەڕو هەڵوێستیش بوو، چاوی لە دواڕۆژ و چارەنووسی بابان بوو، لەوە دڵنیابوو بەردی بناغەی هێزو مانەوەی بابان وەك قەوارەیەکی رامیاریی کورد بەستراوە بە برایەتیی و هاوکاریی و دوورکەوتنەوە لەبەرژەوەندیی تەسکی میرەکان، بۆ ئەو ئامانجەش بە هەوڵو ماندووبوونێکی بەردەوام مەحموود پاشا، عوسمان پاشا و عەبدوڵڵا پاشا لە بەردەمیدا بەچۆکدا دێن و لەسەر دەستی ئەودا سوێندی گەورە دەخۆن بە قورئانی پیرۆز و بە تەڵاق و خەنجەری دەبان، دۆست و دڵسۆز و لە ئاست یەکتردا دڵپاك و پشتیوانی یەکتر بن، هیچکامیان ژێربەژێر هاوکاریی بێگانە نەکات دژی ئەوانیدیکە، هەر نامەیەك لە والی بەغدا و فەرمانڕەوای کرماشانەوە بۆیان دێت نەیشارنەوە و هەمووانی لێئاگادار بکەن... بەڵام نە مەولانا و نە میرەکانیش لە ناخی دڵدا باوەڕیان بەو ڕێککەوتنە نەبوو!! دوابەدوای خەستبوونەوەی کێشەکان و ململانێی نێوان مەولانا و شێخ مارف، مەولانا ناچار دەبێت سلێمانی و موڵکی بابان جێدەهێڵێت و ١٨٢٠ سەری خۆی هەڵدەگرێت بۆ بەغدا و ئیتر لەوکاتەوە هۆنراوەی بۆ میرەکانی بابان بەدەمدا نەهات و

پاشماوەی ژیانیشی سەرگەردان و بێئارام لە نێوان سلێمانی، بەغدا، قەرەداغ، هەمەدان، شام و هیندستان تێپەڕاند هەتا ١٨٢٧/٦/٧ لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا بە نەخۆشیی رشانەوە (تاعون) بە ناکامیی و هەناسە ساردیی لە دیمەشق سەردەنێتەوە و لە چیای قاسیون بەخاك سپێردرا. لەم سەردانەی دواییمدا بۆ کوردستان ساڵی ٢٠١٠ لە هەیوانە گەورەکەی خانەقای مەولانا خالید لە سلێمانی (دیوارکوتێك)م لە شێوەی کارتۆنێکی سپی گەورەدا بەرچاو کەوت، وتارخوێنەری خانەقاکە، یاسین دەروێش غەفور ئامادەی کردبوو، ژیاننامەی مەولانای چڕوپڕ لە چەند دێڕێکدا بە خەتێکی جوان نووسیبووەوە،لێرەدا وەك خۆی دەینووسمەوە:

مەولانا خالید ناوی خالید ئەحمەد حسێن، نازناوی ضیاءالدین و بە (ذوالجناحین) ناسراوە (ظاهر و باطن) (مەبەستی لە زانستە ئاشکراو نهێنیەکانە. ن. ك). لە تیرەی میکائیلی هۆزی جافە و بەرەگەز دەچێتەوە سەر عوسمانی کوڕی عەففان. دایکی فاتیمەیە و لە ساداتی پیرخدری شاهۆیە. "ساڵی لە دایکبوونی، ئەمین زەکی بەگ بە ١٨٣٧/١٨٣٦، سەججادی بە ١٨٣٠، کاکەی فەلاح بە ١٨٣٢/١٨٣١ مەزندەیانکردووە و لە تشرینی دووەمی ١٩٠٦ دا کۆچی دوایی کردووە".

مەولانا دوو برای هەبوو حەمەخان و مەحموود صاحیب کە خەلیفەیەکی بەهرەمەند بوو، مەولانا ١٢١٣ك.لە مزگەوتی ئەوڕەحمان پاشا لە سلێمانی بووە بە مودەڕیس، ١٢٢٠ك. چووە بۆ حەج، پێیانوتووە فەتحی تۆ لە هیندستانە، (مەبەست لە سەرکەوتنە ن. ك) دوای ساڵێك رێگا ١٢٢٢ك. دەگات و لەسەر دەستی شا عەبدوڵڵای دەهلەوی دامەزرێنەری رێبازی نەقشبەندی تەریقەتی وەرگرت و ساڵێك ماوەتەوە. لە گەڕانەوەدا شێخ موحەممەدی قەسیمی لە سنە باوەڕنامەی مەلایەتی پێداوە وهەر ئەویش یەکەمین موریدی مەولانایە. لە سنەوە دەگەڕێتەوە سلێمانی و ئەمجا بەغدا ولەوێ خانەقای خالیدییەی بۆ دروست دەکەن، ١٢٢٨ك. مەحموود پاشای بابان دەیهێنێتەوە سلێمانی و خانەقای مەولانای بۆ دروست کرد، لە هەولێر و شام و ئەستەمبوولیش تەکیە و خانەقای هەیە، بەرهەمی زۆری بە کوردی و عەرەبی و فارسی نووسیوە، لە ژیانی هاوسەریدا لە ئافرەتێکی خزمی خۆی، عەبدوڕەحمان شەهابەدینی بووە، هاوسەری دووەمی عەرەبی بەغدا و سێهەمیش فەلەستینییە.

## چیرۆکی مامەیارە ( نووسینی م.ج)[١٠]

هەڵکەوتی جوگرافیایی گردی مامەیارە:[١١] لە رۆژهەڵاتی سلێمانییەوە نزیك شار، گردێکی قوتی روت و لماوی هەیە، تەنیاو نەختێك لە گردەکانی تر، وەك پاڵەوانێکی بەهێزو فیز، لوتی بە چەشنێك بۆ ئاسمان بەرزکردۆتەوە هەروەکو بیەوێت بەو نزمی خۆیەوە (نزمیەی خۆیەوە ن.ك) شان لە شانی کوڕە کاژاوو پیرەمەگروون بدات. ئەم گردە بەفیزە (لوتبەرزە)[١٢] ئەگەر گلەییەکی لە بەختی خۆی بوویێت بەهۆی ناوەکەیەوەیە، هەتا نزیکەی سیوحەوت ساڵ لەمەوپێش پێیدەوترا گردی گۆڵان. بەڵام لەو ساڵانەدا خوا بەئاواتی خۆی گەیاندو بەناوێك شاد بوو، هەرچۆنێك پێوەی بنازێت بۆی رەوایە، گردی مامەیارە.

پیر مامەیارە کە ئێستا لە پلەی سەری گردەکەوە سەیری کردەوەکانمان دەکات بەلای زۆرێك لە لاوانی ئەمڕۆوە بۆتە کەسێکی دێرین، رەنگە هەندێکیان هەر نەیناسن، چونکە ژیانی (مێژووی ژیانی) مامەیارە و

مەزنەکانی گەلەکەمان ونبووە.[١٣] خۆشبەختانە من بە چاوپێکەوتنی شاد بووم، پیاوێکی باریکەلەی کەڵەگەت، دووچاوی تیژ و رووپەکی چرچ، ریش چەرمگ و بەرسمێڵکراو، دیمەنێکی سەیری هەبوو، رووخۆش و رەند بوو، لە جلوبەرگدا ئەنتیەکەخانەیەکی گیاندار بوو (زیندوو بوو)، رۆژانی هەینی و چراخان زرێ و کلاوزەڕی (کلاوزرێی) ئەپۆشی، جوتێك قەرەبینای زلی بە پشتیدا شۆڕ ئەکردەوە، دوو دەمانچەی ئەکرد بە بەریا (دوو دەمانچەی راست و چەپ ئەبەست) شمشێرێك بە پشتییەوە، رمێکی درێژ بە دەستییەوە و لەپێش موتەصەڕیف و کاربەدەستان و خەڵکەکەوە ئەڕۆیشت.

مامەیارە خۆشەویستی منداڵان بوو، ئەویش منداڵانی خۆشدەویست، شەوانی چراخان مامەیارە نەهاتایە و دەمانچەیەکی نەتەقاندایە زەماوەند دەستی پێنەدەکرد، بۆیە منداڵان چاوە چاوی هاتنی بوون، هەرکە پریشکی ئاگر لە لوولەی دەمانچەی ئەوەوە دەتروسکایەوە، ئاگربازی دەستی پێدەکرد. لەبیرم دێت هەرکاتێك ئێمەی منداڵ پێیدەگەیشتین بە چنگ شەکری (شیرینی) بەسەردا دابەشدەکردین، هەمیشە هەردوو گیرفانی پڕبوون لە شیرینی. چاك دێتەوە یادم دەستیشی ئەهێنا بەسەرماندا و دەیوت: "منداڵینە هیوام بەئێوەیە". ئێمەی منداڵ تەنیا دیوی دەرەوەی مامەیارەمان دەناسی و بەهۆی شارئاین[١٤] و بەرگی ئەنتیکە و دەمانچەکانی و چەرەی خۆش، خۆشمان دەویست، بەڵام کە گەورەبووین و دیوی ناوەوەی ئەم پیرە جوامێرە تێگەیشتین، خۆشەویستتر و گەورەتر بوو لامان، پیر مامەیارە ناوی یار ئەحمەد کوڕی خدر بەگی هۆمەر ئاغای گوندی وەنەرێنە (وەندەرێنە)ی شارباژێڕە، هۆمەر ئاغای باپیرەی یەکێکە لە دوازدە سوارەی مەریوان.

ئەوەندە لای ئەوڕەحمان پاشای بابان خۆشەویست و بەڕێز بوو، ئەو شمشێرەی فەتح عەلی شا، لە تاران پێشکەشی کردبوو، دەیداتێ. وەك بۆمان روون بۆتەوە یارئەحمەد ١٨٠٤ لە گوندی وەندرێنە لە دایکبووە، دواتر لەسەر رێوشوێنی باووباپیرانی دەبێتە نۆکەری (پیاوی) پاشای بەبە.

١٨٤٠ دەبێتە ئەفسەری تۆپچی (تۆپخانە)ی بابان و هەتا شەڕەکەی کۆیە لەو پۆستەدا بووە.

## چیرۆکی جوامێریی مامەیارە

ساڵی ١٨٤٧ نێوانی ئەحمەد پاشای بابان و دەوڵەتی عوسمانیی تێکدەچێت، تورك بە سەرکردایەتی سەرلەشکر نەجیب پاشا هێرش دەکاتە سەر میری بابان، لەشکری تورك و لەشکری بابان لە خۆرئاوای کۆیە بەرامبەر یەکتر دەوەستن، کات بەهارو مانگی گوڵانە (ئەپریل)، ئەحمەد پاشا بارەگای لە گردی ریزەو دامەزراندووە، لەشکری کورد ئەوەندە ورەیان بەرز بوو، دڵنیابوون لە شکاندنی لەشکری دوژمن، بەڵام داخی بەجەرگم بەختی رەشی کورد لێرەشدا نەیکرد، ئێوارەی رۆژی پێنجشەممەی کۆتایی مانگ، سەرباز چاوەڕوانی مووچەی مانگانە بوون، یەکێك لە وەزیرەکان (یارمەتیدەرانی میری بابان)[١٥] بە پاشا دەڵێت: "تووله هەتا برسیی بێت چاکتر راو دەکات"، پاشای بابان دەیسەلمێنێت و ئەو رۆژە مووچەی مانگانەی سەربازەکانی لەشکر نادەن، لەشکر پێیدەگاتەوە، قوڕەکە خەست دەبێتەوە:

١ـ دواخستنی مووچەی مانگانەی سەربازان.

٢ـ سووکایەتییکردن بە چەکدارەکان و چوواندنیان بە توولەو تانجی.

٣ـ کەموزۆر کاریگەری پڕوپاگەندەی تورك بەنێو لەشکری کورددا، گوایە رووبەڕووبوونەوەی لەشکری خەلیفەی مسوڵمانان پێچەوانەی ئاینی ئیسلامە، زەمینەخۆش دەکەن لەشکری بابان بێدەنگ بڵاوەی لێ بکەن و هەرکەس بچێتەوە ماڵی خۆی و ئاگردانی (تەقاندنی) گوللەتفەنگێك دەکەن بە پەرلەی نهێنی لە نێو خۆیاندا، بریندار ئاغای بینباشی پێدەزانێت، بەپەلە دەچێتە لای پاشا، هاوکات لەشکر تەقەی تفەنگێك دەبیستن کە پەرلەی نهێنی بڵاوەکردن بوو، تۆبڵی ئەو شەوە رەشەبایەکی توند بووە و تفەنگێکی هەڵواسراو بە کۆڵەکەی خێوەتێکەوە دەکەوێتە خوارەوە و دەتەقێت، لەشکر وادەزانن پەرلە نهێنییەکەیە، بڵاوەی لێدەکەن. ئەحمەد پاشای بەخت رەش کە ئەمە دەبینێت لەشکر پشتیان چۆڵ کرد بە چەند چەکدارێکەوە سەری خۆی هەڵدەگرێت و بەمجۆرە دوا فەرمانڕەوای میرنشینی بابان لە وڵاتی مادو ئاری دوور دەکەوێتەوە.لەشکری تورك ئاگادار نەبوون، لەشکری بابان بڵاوەی کردووە، سبەینێ دێنە پێشەوە، بەڵام بەرەنگارییەك نابینن و بێخەم پێشڕەوی دەکەن هەتا لە پڕێکدا گوللە تۆپ بەسەریاندا دەبارێت، سەرلەشکری تورك تێدەگات ئەوە چەند سەرباز و ئەفسەرێکی تۆپخانەی کوردە و ماونەتەوە ئەگینا لەشکری دوژمن و میری بابان کشاونەتەوە و بەرەی جەنگیان چۆڵکردووە، فەرمان دەدات گەمارۆیان بدەن و دەستگیریان بکەن. یارئەحمەدبەگی ئەفسەری تۆپخانەی بابان کەوتە دەست دوژمن. سەرلەشکری تورك

**نەجیب پاشا، ئەفسەری تۆپخانە بانگدەکاتە لای خۆی و دەپرسێت :**

**نەجیب پاشا: لەشکری پاشاکەتان بڵاوەی کرد بۆچی تۆ بە تەنیا بەرەنگاریت دەکرد؟**

**مامەیارە: من ئەفسەری بەرپرسی تۆپخانەم، فەرمانی جەنگم پێدراو ئەرکی خۆمم جێبەجێ دەکرد.**

**نەجیب پاشا: فەرماندارت سەری خۆی هەڵگرت، ئەی تۆش بۆ دەستت لەشەڕ هەڵنەگرت؟**

**مامەیارە: پێشتر وتم فەرمانی تۆپبارانم وەرگرتبوو بەڵام فەرمانی راگرتنی تۆپبارانم وەرنەگرتووە.**

**نەجیب پاشای سەرلەشکری تورك، مامەیارەی دەچێت بە دڵدا و دەڵێت:**

**بۆ ئەم جوامێرییەت دەمەوێ خەڵاتت بکەم، چیت دەوێ بیڵێ.**

**مامەیارە: خوا پاشای خۆمم بۆ بهێڵێت هیچم ناوێت.**

**نەجیب پاشا: پاشای خۆت رۆیشت، وڵاتتان کەوتە ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی، دڵخوازیت چییە؟**

**مامەیارە: دوای ئەوە ژیانم ناوێت تا ماڵی دنیام بوێت!**

**نەجیب پاشا بە چاوی پەسەندی و رێزلێنانەوە تەماشایدەکات و دەڵێت: باشە.**

هەرئەو رۆژەش نەجیب پاشا دەزانێت مامەیارە گوندی کانی دڕکەی سەگانی بە بەرات بەدەستەوەیە، فەرمانی بەراتەکەی بۆ نوێدەکاتەوە کە ئێستا بە دەست ئەحمەد ئاغای گوساڵەی خزمیوەیە. ئەو کەسەی ئێستا لەو گۆڕە تەنیاو تاریکەی گردی گوڵاندا ئەحەسێتەوە و گردەکە بەناوی ئەوەوە ناونراوە گردی مامەیارە، مامەیارەی کوردپەروەر، سی و حەوت ساڵە بە ئازارەوە چاوەڕوانی جەژنی سەربەخۆیی کورد دەکات.(١٦)

## بزاڤی چاکسازیی ئایین دژی کەنیسەی رۆما
## بە رابەریی مارتن لۆسەری ئەڵەمانی

## ١٤٨٣ــ ١٥٤٦

## بنەماو سەرەتای بزاڤی ناسیۆنالیزمە لە ئەوروپا،
## ئایدیای نەتەوەخوازیی
## جێگە بە ئایدیای ئاین لەقدەکات و
## شەش دەوڵەتی نەتەوەیی دادەمەزرێن،
## لە کوردستانیش ئەحمەدی خانیی
## دوای سەدەو نیوێك ئەو بانگە دەدات
## بە گوێی کورددا.

**ئەحمەدی خانی ـ ئەحمەد کوڕی ئەلیاس**

خانی ١٦٥٠ـ ١٦٥١ لەناوچەی بایەزیدی کوردستان(ی باکور) لە دایکبووە ١٧٠٦ـ ١٧٠٧ هەر لە بایەزید مردووە،[١٧] کوردێکی بە ئەمەك و نیشتمانپەروەرێکی خەمخۆر و دڵسۆز و هۆنەرێکی بە توانا و نووسەری شاکارەکەی مەم و زین کە چیرۆکێکی ئەویندارى تراژیدیایە و شان لە شانی رۆمیۆ جولیوت دەدات، ماندوونەناسێکی کورد، پیر رامیار و نووسەرو لێکۆڵەرەوە و یەکەمین کوردۆلۆژی کورد، پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال نەبەز شاکارەکەی ئەحمەدی خانی دەگۆڕێتە سەر زمانی ئەڵەمانی و ساڵی ١٩٦٩ یەکێتی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا (نۆکسە) چاپ و بڵاویدەکاتەوە و دووجاریش لەلایەن هەڤاڵە نەمساویەکانی گەلی کورد و ئەکادیمیای زانست و هونەری کوردەوە لە ١٩٩٤ دا چاپکراوەتەوە.

خانی مەزن ١٦٩٤ـ ١٦٩٥ لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا لە نووسینی شاکارەکەی دەبێتەوە،[١٨] خانی بە ناسۆر و دڵبرینداریی گلەیی و گازندە لە کورد دەکات بۆ بەو جۆرە مێژوو و کەلەپووری خۆیان لە بیرکردووە و خزمەتی بێگانە دەکەن و سەرمایەی زانست و بەهرەکانیان بە فیڕۆ دەدەن، خانی مەزن لەو سەردەمەدا هەست بە راستیبە تاڵەکان دەکات و کوردستان بە زیندانێکی گەورە دادەنێت بۆ کورد و دەڵێت ئێمە کە ناکۆك و ناحەزی یەکترین بووینەتە لەمپەر لە نێوان دوژمنەکانی کورددا، تورك و فارس و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەو دوژمنانەدا، خۆئەگەر وانەبوایە و کورد هاوکار و هاودەنگو یەکدڵ و یەکدەست بوونایە ئەوان خزمەتکاریی ئێمەیان دەکرد.

سەردەمی نووسینی مەم و زین سەردەمی میرنشینی بۆتانە و بە زمانی کوردی، دیالێکتی باکوور

نووسیوێتی و هەر هەموو پاڵەوان و کارەکتەرەکانی داستانەکەش کوردن "ئەز کوردم، ئەز چیاییم"، داستانی مەم و زین پانۆرامای ژیانی کوردە لە رووی فەلسەفی، رامیاری، کۆمەڵایەتییەوە، ئاوێنەیەکی بالانمای ژیانی کوردەواری و شێوازی بیرکردنەوەی زۆربەی کوردی باکوورە لەو سەردەمەدا،[١٩] خانی بەو داستانە مەزنەی مەم و زین و بەرهەمی دووەمیشی (لوغەتی نەوبەهاری) بەرلە ئەوروپا بیری لە ناسیۆنالیزمی لە مێشکدا خەملیوە و بڵاوکردۆتەوە کە ئەوروپا دوای شۆڕشی پیشەسازی و سەرنگوون بوونی رژێمی فیودالّ و پەیدابوونی چینی بورژوا و دامەزراندنی پەرلەمان لە ژێر سایەی قەراڵەکاندا ئینجا تێزی ناسیۆنالیزم لای ئەوان دوای شۆڕشی بورژوای ئینگلیز ١٦٤٠ــ ١٦٦٠ و شۆڕشی فەرەنسا و رووخاندنی زیندانە سامناکەکانی قەڵای باستیل ١٧٨٩ ئینجا لە ئەوروپا بڵاوبووەوە و هەموو ئەوروپا و ئەمەریکا و سەرەتای سەدەی بیستەمیش و دیارتر بڵێین لە ١٩٠٨وە بە ئاسیا و ئەفریقاشدا بڵاوبووەوە و رژێمە گەندەڵە حەوت سەد ساڵییەکەی دەوڵەتی عوسمانی هەڵتەکاندو ململانێی دوو رێبازەکەی ئاینی عێساییشی بەدوادا هات لە نێوان کەنیسەی کاسۆلیك و ئینگلیکیدا و سەرهەڵدانی رێبازی سێهەم و دامەزراندنی کەنیسەی پرۆتستانت کە رەنگدانەوەیەکی ئەنجامی ناکۆکیی و ململانێ ئاشکرا و نهێنییەکانی نێوان ئاینی عیسایی و ئیسلام بوو.

خانی هۆنراوەکانی بە دیالێکتی کرمانجی باکوور و شێوەزمانی ناوچەی هەکاری هۆنیوەتەوە و وشەی عەرەبیشی زۆر تێدان.[٢٠]

خانی بە ئاواتی رزگاری کورد بووە لە چنگی بێگانە و زۆریش پەرۆشی یەکگرتنی هێزەکانی کورد بوو کە گرنگترین فاکتەرەکانی سەرکەوتن و سەربەخۆیی هەموو گەلێکە (ئەگەر ئێمە لە ناوخۆماندا "ئیتیفاق" مان هەبوایە دین و دەوڵەتمان تەکمیل دەکرد، عیلم و مەعریفەتمان تەحصیل دەکرد و لە باتی ئەوەی وڵاتی ئێمە ببێتە بەرزەخ "لەمپەر" لە نێوان لەشکرەکانی رۆم و عەجەمدا و لە گۆمی خوێندا نقوم بێت، هەموو ئەوانە نۆکەرییان بۆ ئێمە دەکرد)[٢١]، بەڵام سەرانی کورد ئاوڕی لێنادەنەوە و بایەخێك بە ئامۆژگارییەکانی نادەن، بۆیە بە ناسۆرەوە دەڵێ:

**(مەزنی مە، کە ژێر و چاکەناسە بۆم تێنەگەیێندرا چ باسە)**[٢٢]

هەروەها دەڵێت:

**گەر دێ هەبووا مە ئیتیحادەك ویکرا بکرا مە ئین قیادەك**

**تورك و عەرەب و عەجەم تەمامی هەمیان ژ مەرا دکر غولامی**

گەرۆك و خۆرهەڵاتناسەکان بایەخی زۆریان بە هۆنراوەکانی خانی داوە، (چاپمان) دەستنووسەکانی دۆزییەوە، ئافرەتێکی کوردی رووسیا، مارگرێت، نامەی دکتۆراکەی لەسەر خانییە، یەکەمینجاریش خۆرهەڵاتناسی ئەڵەمانی لیرخ شاکارەکەی مەم و زین لە ٢٥٥ رووپەردا چاپ و بڵاودەکاتەوە و وەرگێڕدراوەتە سەر ئەم زمانانە:

١٩٥٨ بۆ زمانی عەرەبی

١٩٦٢  بۆ زمانی  رووسی

١٩٦٦ بۆ زمانی فارسی

١٩٦٨ بۆ زمانی تورکی

١٩٦٩   بۆ زمانی ئەڵەمانی

١٩٦٩  بۆ زمانی ئینگلیزی

١٩٧٦  بۆ زمانی  ئازەری

١٩٨٠  بۆ زمانی سویدی

٢٠٠٧  بۆ زمانی فەرەنسەیی

فەرهاد پیربالْ دەڵێت چیرۆکی مەم و زین (Legende kurde) ئەلێکسەندەر شابا، ساڵی ١٨٥٦ بە ئەلفبای لاتینی نووسییەوە و لە دیالێکتی کرمانجی باکوورەوە وەریگێڕایە سەر زمانی فەرەنسایی.

## محەممەد ئەمین زەکی بەگ

شۆڕەسواری رووناکبیران و مێژوونووسانی کورد موحەممەد ئەمین زەکی ١٨٨٠ ـ ١٩٤٨ لە شاری سلێمانی چاوی هەڵهێناوە و هەر لەوێش دوا ماڵئاوایی کرد. ئەمین زەکی ئەفسەرێکی ئازا و بە ئەزموون و پلەبەرزی لەشکری شەشەمی عوسمانی بوو، نیشتمانپەروەرێکی میانڕەو و سەرڕاست و دڵسۆزی نەتەوەکەی بوو، دوور لە هەست و سۆزی دەروون ریالیزمانە بیری دەکردەوەو هەر بەو چاوەیش دەیڕوانییە بارودۆخی کورد و وەك پزیشکێکی شارەزای جەستە زامدارەکەی کورد، دەستی لەسەر زامەکان دادەنا و دەرمانی بۆ دەدۆزییەوە کە تەنها جارێکیش بەکاری نەهێنا![٢٣] زەکی لەگەڵ ئەفسەرانی هاوڕێی، تۆفیق وەهبی و رەمزی فەتاح راپۆرتێك بۆ سەرکردایەتی سوپای تورك دەنووسن، ئەم جەنگەی دژی بەریتانیا دەکرێت بناغەکەی فشەڵە، ئێمە لە کوێ و ئەوان لە کوێ، ئەمە جەنگی نێوان نەزانین و زانین و زانستە، جەنگی نێوان تاریکی و رووناکییە، ئەمین زەکی و تۆفیق وەهبی دوو کوردی نێو لەشکری عوسمانی بوون لە جەنگی شوعەیبەدا بەهەر جۆرێك بوو دەنگی خۆیان بە شێخ مەحموود دەگەیەنن کە شەڕی بۆ سوڵتانی عوسمانی دەکرد دژی ئینگلیز (کوڕی کورد مەکەن بە قوربانی کچی خەڵکی) هەر بەو پێیەش شێخ لە شەڕەکە دەکشێتەوە.

ئەمین زەکی بە قووڵی رووچۆتە مێژووی گەلەکەی (بەڕاستی تاریخ ئاوێنەیەکی عیبرەتە و ئینسان و ئەقوام ئەبێ دائیمەن ئیستیفادەی لێ بکەن و لە سەبەبی سەرنەکەوتنی بەعضی ئیش و قیام باش وردبنەوە و تووشی عەینی نەتیجە و فەلاکەت نەبن، لەسەرەوە وتمان کە سەبەبی هەرە ئەساسی سەرنەگرتنی حەرەکاتی کوردی پێنەگەیشتنێتی، دوێنی وابوو ئیمڕۆش هەروایە، بۆ پێکەوەنانی ئیدارەیەکی سەربەخۆ (با خصوص لەم دەورەدا) لە پێش هەمووشدا دوو شت زۆر پێویستە: عیلم و ثەروەت . هەر قەومێك کە لەم دوو خەزێنەیە مەحروم بێ، سەربەخۆیی چنگ ناکەوێ. هەر هەوڵێکی کە بۆی ئەدا بە با ئەچێ و ضەرەری مالی و رۆحی ئەبێ. شایەد سیاسەتی عمومیە موساعەدەی بکا و بە مەقصەدیش بگا، لە غایەکەی خێر

نابینی و ناحەسیتەوە و بە نەوعێکی تر ئەسیر ئەبیٚ، بۆ ئیثباتی راستیەتی ئەم قاعیدەیە مثال زۆرە).

## دوانزە سوارەی مەریوان[٢٤]

## بە پیٚنووسیی پیرەمێرد

منالٚ بووم هەرچەند بەیتی دوانزەسوارەیان بۆ باس ئەکردم، بەو منالٚییە خۆم بە پالٚەوانێك ئەزانی، کە داراغاش ئەی وت: "کوڕگەل فیدای هەلٚمەتی شێرانەتان بم، رۆژێکە و ئەمڕۆ، رووی خاکەکەتان سپیکەن"، منیش بە خەیالٚ لنگم ئەداێی، یەکجار کە ئەیانخوێندەوە:

جوامێرئاغای رەنگێنە ❊❊❊ پلٚنگی چنگ بە خوێنە

من ئەوەندەی تر شەیدای ئەبووم، ئینجا زۆر ئاواتەخواز بووم بۆم هەلٚکەوێت ئەم دوانزەسوارە بنووسمەوە، بەلاٚم هیچ بەلٚگەو بناغەیەکم دەست نەکەوت، منیش راست و رەوان باوکم چۆن لە باپیرمی بیستووە و منیش چۆن لە باوکم بیستووە، وا نووسیمەوە..

شار قەلاٚچووالانە، ئەحمەد پاشای گەورە کە مەشهوورە بە "شاهی غازی ئەحمەدی لەشکرشکێن" حوکمڕانە، دەور دەوری شیر و قەلٚغانە، سوارەی بەبە، بەراستی مەردی مەیدانە.

ئێواران لە کەنار چەمی قەلاٚچوالان دیوان دەگیرا، پیاوماقولٚ و نۆکەر و ئاغالەر و چەکمە رەق کۆمەلٚ کۆمەلٚ لەو گویٚ ئاوەدا دادەنیشتن، تیٚ ئەفکرن وا پیاوێکی بە شکۆ و سیما، ریشێکی سپی تەنك و روخسارێکی ئەسمەر "گەنم رەنگ ن.ك" لۆزەندەرێکی کەلٚەگەتی چوارشانە لە پشتیەوە، تازە خەتی داوە، چاوی وەك ئەستێرەی سیوەیل ئەدرەوشێتەوە، کە ئەگەنە داوێنی دیوان بەشەرمەوە ئەپرسن "پاشا لە کوێیە؟ سەلیم بەگی مامی لە کوێیە؟" کە ئەحمەد پاشای پیشان ئەدەن، لە دوورەوە کڕنووشێکی بەندەیی ئەکێشێت، پاشا ئەپرسێت ئەوە کێیە؟ شاهم من مەلا هەمزەی ئەفغانیم ئەمەش بەندەزات ئەکرەمە، سەودای دلاوەری لەسەردایە، لە کابوولەوە ناوبانگی سەلیم بەگی بیستووە و بەلێنی بە خۆیداوە ئەگەر بەگ بتوانێت شێرەکەی هەلٚسوڕێنێت و دایوەشێنێت ئەبێتە نۆکەری. ئەحمەد پاشا سەرنج ئەدات ئەم کوڕە نەڕەدێوێکە و شیرەکەشی نیوە مشاکێکە، ئەلٚێت پەنا بەخوا، ئابزانن سەلیم بەگی مامم لە کوێیە بلٚێن میوانی هەیە. سەلیم بەگ دەستی مەلا هەمزە ماچ دەکات و دەست ئەکاتە ملی ئەکرەم، شیرەکەیی زۆر جوان دێتە بەرچاو، دەستوور دەخوازێت تەماشای بکات، لەکالانی دەرئەکێشیٚ و بەمشان و بەو شانا هەلٚیئەسووڕێنێت و هەلٚیئەدا بە ئاسمانا و ئەیگرێتەوە. ئەحمەد پاشا وەك گولٚ دەگەشێتەوە، ئەکرەمیش دلٚخۆشبوو ئاغای خۆی دۆزییەوە، دەستی بەگی ماچ کرد، سەلیم بەگ روویکردە پاشا: ئەمانە ئیتر میوانی منن بەلٚکو ئەکرەم دەستە برامە، ئەیانبەمە لای خۆم.

کوێخای بەکرئاواو کوێخای خورمالٚ ـ گولٚعەنبەر، دادیان لە زۆری بەراز کرد هیچی نەهێشتوون، پاشا هەموو صالێك بۆ راوە بەراز تەشریفی هێناوەتە شارەزوور، ئەمصالٚ کە تەشریفی نەهاتووە بەراز ئەمانخۆن، پاشا وتی کوا شیروەشێنەکان، هونەر نییە لە بەردەمی ئێمەدا شیر هەلٚسووڕێنن، بۆ پارێزگاری دێهاتەکان هونەرە، سەلیم بەگ تێگەیشت مەبەست لەوە، وتی توانج پیشەی پاشایان نییە و ترسان لە بەرازیش

پیشەی ئێمە نییە، روو دەکاتە کوێخا، تۆ لە پێشەوە برۆ، سبەی ئێوارە خوایاربێت لای تۆ میوانین. هەر بەو هەڵچوونەشەوە هەڵئەستێت ئەچێتەوە ماڵەوە و دووکەس ئەنێرن جوامێر ئاغای رەنگێنە، ئاغال ئاغای سیوەیل، زەینەڵ بەگی مەسرەف، مەحموود بەگی باشچاوەش، دارا ئاغای میرەدێ، فەراموورزی زەنگەنە، سوار ئاغای بلْباس، مەمەند ئاغای میراودەلی، شاپوورئاغای بەختیاری، زوڵاڵ ئاغای مەرگەیی، میران بەگی وەلەدبەگی، چەلەبی قەدیمی هەمەوەند کۆئەکاتەوە بەیانی زوو بە فێنکی لێرەوە سواربین لە دۆڵی گوڵاڵەوە بەسەر ئاوی سوبحان ئاغادا لە بنەی سەیدصادقەوە راو دائەبەستین، لەوێوە بەسەر تەپەکەل و هوشبارا ئەیانڕەوێنێن بۆ خوار بەکرئاوا.

هەر ئەو بەیانییە مەیتەر ئەچێت ئەسپ بۆ پاشا زین بکات، ئەسپ دەست ئەکات بە چەپۆکان، مەیتەرەکە قینی هەڵئەسێت لەبەرخۆیەوە ئەڵێت شیرەشیری چیتە، وائەزانی بۆ مەیدانداری زینت لێئەکەم، ئەم خەڵکانە راو ئەکەن. با، ئەم توانجە ئەدات بە گوێی ئەحمەد پاشادا، روو ئەکاتە سوپا، راو نییە، مردن مردنە لنگەفرتێ چییە، تا ئەم سەرە سەر بێت پشت ناکاتە دوژمن، یا عەلی، سواربن مەریوانە، رۆژی مەیدانە! لەشکر رووئەکاتە باسکە درێژی قەیماسە ئەبینن، دەستەسوارێك زرێ و کڵاوزرێ پۆش و دەستوقوچاغ و چوار ئاوێنەیان ئەدرەوشێنەوە. مامەند میراودەلی و سوارئاغای بلْباس لە پێشەوە لاوکی شەڕی قایغانی[٢٥] ئەڵێن و سەلیم بەگ شیری حەمایل کردووە و دەستی چەپی بە جلەوەیەو دەستی راستی قەبزە نوشتەیی لەسەر کەمەربەند و بە تەهەورێکەوە[٢٦] چاوی بڕیوەتە تاریدەر،[٢٧] ئەیەوێت بەزەبری چاو ئەو کێوە هەڵبکەنێت و بدات بەسەر دوژمنا. جوامێر ئاغای رەنگێنە کە دەڵێن پڵنگی چنگ بە خوێنە، قلیانی تێکردووە. پاشا کە ئەمە ئەبینێت ئەڵێت شەرتە مەیتەر خەڵات بکەم، ئەگەر من رامبکردایە، ئەمانە وا روویان کردۆتە لەشکری دوژمن گەڕانەوە، چیم بکردایە؟ بەهێمنی ئەگەڕێتە دواوەو بانگئەکات تەپڵی شادی لێدەن. ئەم عەزمو رەزمە (روزمەی ن.ك) لەم دەستەسوارەدا دەبینم (دەبیینم ن.ك) فەتح و سەرکەوتنە، نەقارەچی دەستئەکەن بە گرمو هوڕی تەپڵ. ئاوازی تەپڵی شادی بەو فێنکی بەیانییە ئەیدا لە شاخی کەتوو، دەنگی ئەدایەوە،[٢٨] سەلیم بەگ دەنگی تەپڵی ئەحمەد پاشا ئەناسێتەوە، نقامی فەتحە،[٢٩] بە خۆیی و یازدە سواری هاوڕێییەوە ئەگەڕێتەوە و لەسەر رێدا ئەوەستن، کە ئەحمەد پاشای برازای ئەبینێت سەری سوڕئەمێنێت، لە خۆشییانا هیچ قینێکی لە دڵا نامێنێت و هەموو گەردن کەچی بۆ پاشا ئەکەن و پاشا ئەڵێت وەك پێشکەوتن یاخوا هەمیشە پێشکەوتووبن، دەبڕۆن ئێوە پێشدارن[٣٠]، خێوەت و بارەگامان نەهێناوە، هەموو سەڵتە سوارین ئەبێ بۆ ئێوارە بگەینە مەریوان، شەو قەڵای مێردانە، بڕۆن لە پەنای یەزدانابن. دەمی ئێوارە نزیك ئۆردووی ئێران لە نەدیوێك خۆحەشار ئەدەن، نزیك بانگی شێوان بەرایی سوپای پاشا دەرئەکەوێت. پاشا دوای کەمێك حەسانەوە ئەفەرموێت بە سەلیم بڵێن ئەمشەو میوانی ئەوین، نان و ئالیکی ئۆردوو پەیداکات. بە چاوان بەڵام ئێستا لە خاکی ئێرانین، راهوڕەسمی (رێوڕەسمی) ئێرانیش شەو سەعات سێ نان ئەخۆن، ئێمەش ئەوکاتە هەموو فەرموودەیەك بەجێئەهێنین. سەلیم بەگ بانگ ئەکات ئەکرەم، ئەکرەم دیارنییە کە دەگەڕێتەوە لێی دەپرسێت لە کوێ بویت؟ چووم دەوران دەوری

ئوردووی ئێران گەڕام، بێباك لە ئاهەنگ و بەزمدان. سەلیم بەگ دەڵێت برادەر من و تۆ یەکەم هاوەڵێمانە، چی بکەین؟ پاشا لە قەیماسە فەرمووی شەو قەڵای مێردییە، وا بە چاك ئەزانم دوژمن شپرزەی نان و ئالیکن شتێکیان لێ بکەین، نێوە شەو ئەکەونە ئاگاداری، ئێمە دوانزە و ئەوان دوانزە هەزار بکەوینە رووناکی لێمان ناترسن، پەنابەخوا با تێیانهەڵکەین پەسەندە، دوانزە تەپڵ بە قەڵپۆزی زیندا دائەبەستن و سوار ئەبن، کانی و ئاوێکیان دێتە رێ، نوێژ ئەکەن و ئەپارێنەوە و سوار ئەبنەوە. ئەکرەم لە سەلیم بەگ ئەپرسێت: قوربان پیشەی تۆ لە شەڕدا چۆنە؟ شیر لە کوێ ئەوەشێنیت؟ من تا ئێستە شیرم لە سەری دوژمن داوە، بۆ ئەپرسیت؟ ئەمەوێ کردار و کوشتارمان دیار بێت، کەواتە من لەسەر شانی چەپ ئەدەم.

دوانزە سوارە دابەش ئەبن بەسەر دوانزە قۆڵاو لە دوانزە لاوە گرمەی تەپڵ و نەعرەتەی مەردان و بانگی ئامان ئامان تێکەڵ ئەبێت.[٣١] پێشتر جوامێر ئاغا بە سەلیم ئاغا ئەڵێت ئەبێت لە شوێنێکەوە بڕۆین هەتا دەگەینە قەڵای مەریوان و ئەچینە بندەستیان هەست نەکەن، قەڵاکە سەختە، بەری لای ئێمەش گۆلی زرێبار گرتوویەتی و رێگەی ئێمەی بەستووە، پشت بە خوا ئەوان بشکێن رێی راکردنی ئەوانیشی تەنگ کردووە، سەیری زات و ئازایەتی مەردان بکەن بە دوانزە کەسەوە چاویان لە شکاندنی دوژمن بووە. سەلیم بەگیش ئەڵێت بۆ ئێمە یەك رێ پەنا هەیە، ئەویش گوڵانە، گوڵان رێگەیەکە وەکو کۆڵانی زێراب، هەتا نەگەیتە بەر قەڵا ناتبینن[٣٢]. کە گەیشتنە داوێنی زرێبار لە (یەنگیجە) وە بەسەر (سێو)دا لەو تونکە تونکەی بەر گوڵانا بۆسە بخۆین[٣٣] پشت گوڵان شاخێکە باوەڕ مەکە ئەوان نەیانگرتبێت و لەو کێوە لەشکریان دامەزراندبێت، زۆر ستەمە بتوانین تێپەڕین، ئەبێت کە پاشاش گەیشتە بەرەوە، هەموومان بێدەنگ مۆڵ بخۆین هەتا شەو بەسەردا دێ،[٣٤] ئەوسا بەندە و ئەکرەم و چوار سوار دوو سەعات پێش شەبەیخوون دەوری زرێبار بدەینەوە،[٣٥] یەکێکمان لە (دۆڵاش) و (تەی)ەوە، دووەم لە (بەیزە)وە، سێیەم لە (مووسەك) و چوارەم لە (داسێران) وە، ئامادەبن هەتا من و ئەکرەم دەگەینە پشتی کێوەکە و پشتیان لێئەگرین، ئەوسا کە دەنگی تەپڵی ئێمەتان بیست و نەعرەتەی ئەکرەمتان هاتە گوێ، خۆت لە پێشەوە بەتاو بەرێی گوڵاندا لە ناوجەرگەی دوژمنەوە هەر شەشتان هەڵمەت بەرن و بدەن بەسەریاندا، لەشکری سەرکێوەکە ئەم هەرایە ببیەن نایەنە خوارەوەو بڕ ئەبن.

سەلیم بەگ ئەم راو دەستوورەی زۆر لا پەسەند بوو هێجگار (یەکجار راستترە .ن.ك) کە سەلیم بەگی بە مەرد دانابوو، بۆ خەتەری هەڵبژاردبوو، پێی خۆشبوو. (سەلیم بەگ ئەم راو دەستوورەی زۆر لاپەسەند بوو، هێجگار کە جوامێر ئاغا بەمەرد دایناوە و بۆ خەتەریی هەڵبژاردووە، پێی خۆشبوو ن.ك).

ئەکرەم و جوامێر ئاغا گەیشتنە شوێنی نەبەرد، جوامێر دەنگی زۆر خۆشبوو، موناجاتێکی بە دەنگی بەرز خوێند،[٣٦] ئەکرەم جۆشبەندو راستبووەوە سەرئاوزەنگی و کە نەعرەتەیەکی کێشا، بەجارێ داروبەرد و شاخ و کێو دەنگیدایەوە، خورپە کەوتە دڵی ئوردووەوە، ئێمە وەك ئێران ناڵێین (زهره شكاف شدند)، بەڵام زۆر داچڵەکین و پەشۆکان و هاتن بەیەکدا و ئەو شوێنەی ئەکرەم و جوامێر ئاغای گەیشتبوونێ لە سەلیم بەگەوە تیرهاوێژێ دوور بوو، سەلیم بەگ کە دەنگی ئەکرەمی هاتە گوێ، هێنایە هیوا و هەڵمەت و ئەویش

نەعرەتەیەکی لێدا،[٣٧] هەردوو سەدا (صەدا) بەرامبەر بەیەك دەنگیان دایەوە و مژدەی سەرکەوتنیان گەیاندە گوێی ئەحمەد پاشا، ئینجا سەلیم بەگ دای لە تەپڵ و کردی بە گەردش، هەرچەند ئاوزەنگی بە ئەسپەڕەشی سێ تەنگەدا ئەهێنا، کۆڕەی ئەسپ و تەقەی نالّی پۆلای، بەردی ئەو شاخە ئاگری لێ ئەبووەوە، پاشا کە ئەمەی بیست و بینی دەستبەجێ بانگیکردە نەقارەخانە و کەڕەنا بێنە گرمە و خۆشی سواربوو،[٣٨] بروسکەی چەخماخەی نالّی ولاّخی سوارانی لە ناوجەرگەی سوپای دوژمندا بینی، ڕوویکردە ئاسمان و پاڕایەوە، خوایە، شەڕی لابەلایە و ئەوان بە سەرما هاتوون، دەستگیری داماوان تۆی. پاشا خەریکبوو بە شوێنیانا بچێ، نایب و پیاوماقوولّەکان نەیانهێشت، لەسەر گردێك گوێیگرت، هەر لە کانی سانانەوە بە دەوری ئۆردووی ئێرانا گرمەی تەپڵی نەقارەخانەی خۆیی و نەعرەتەی دوانزە سوارە دێ، لاوکی شەڕی قایغانی دیسان هاتە گوێ، سەرینایە سوجدەوە، فەندەکێشێك سەری هەڵنەبڕی، کە سەری بەرزکردەوە بانگیکرد، باش چاوەش و دارائاغا، دەنگی لەشکر بدەن ڕێی ڕاکردنی ئۆردووی ئێران بگرن. شکان و خراپ شکان، بەشپرزەیی نازانن ڕووبکەنە کوێ، باش چاوەش (سوپا صالّر)ی ئەو دەورە خالید بەگی میرەدێ بوو، قەدارەی باش چاوەش لەگەڵ شمشێری سەلیم بەگا هاوشانی ئەکردو مەشهور بوو،[٣٩] جارێك لای وارماوە یەکانەیەك بەلەسە دەبێ، خالید بەگ هەڵئەکوتێتە سەری قەرارەیەك ئەدا لە گازەرەی پشتی لەژێر زگیەوە دێتەدەرێ. ئەو قەدارەیەی هەڵکێشا، کەوتە بەرلەشکر و بانگیکرد، کوڕینە، شەوێکەو ئەمشەو، لەو ڕۆژەوە خوا ئەم خاکەی ئافەریدە کردووە هەتا ئەمڕۆ شەڕێکی وای تیانەکراوە، سەلاّحەددین بە ئۆردوو سوپاوە ئینجا سەرکەوتنێکی وای بۆ ڕێکەوتووە، ئێمە دوانزەسوارمان ئەم (ئەو) ئۆردووەی پێچایەوە هەرچەند تا ئەم قەندەکێشە، بەشی ئێمەی تێنەخستووە بەلاّم وا نۆرەی چاك کەوتە بەر ئێمە، فیدای دەستو شمشێرو شان و باهووی دلێرتان بم، بەخوا ئەزانم زۆر کفتی ڕێگەن و یەك سەلەف و سەرەڕەو لە قەلاّچوالانەوە گەیشتوونەتە ئێرە و ماندوو و برسین، بەلاّم غیرەت ئەمانە لە بیر ئەباتەوە. شەپیوورچی! دەی فیدای کەڕەناکەت، پێشکەوە، پێشکەوە، کوڕگەل وا ڕۆییم دوامکەون. ئەمەی وت و ئاوزەنگی پیا هێنا، غولغولەی تەپڵ و گوڕەی کەڕەنا تێکەڵ بە (سەردەرکە و مالّ بسیارە) بوو بوو، بەراستی، سوارەی بەبە ئەو شەوە کارێکیان بە دوژمن کرد ئێستاش بەداستان ئەیگێڕنەوە.[٤٠]

سەلیم بەگ و پێنج سوارەکە، یەکسەر لە بەینی گوڵان و کێوەکەوە ڕژابوونە ناو سوپای ئێرانەوە، وایئەزانی کە تێیهەلّکردن ورە بەرئەدەن و ئەشکێن، بەلاّم وانەبوو، بارەگاو قەرارگایان بە ئاسانی بەجێنەهێشت، ئەیانزانی ڕابکەن خراپتریان بەسەردێت، ڕاستی لێبوردووانە شەڕێکی ئازانەیان کرد، بەلاّم سەلیم بەگ لەوانە نەبوو بگەڕێتەوە، ئاغای زەنگنە نوکتەچی و بێخەم بوو کردییە گاڵتە و وتی:

**هەرایە کوڕگەل، تاریکەشەوە**

**مەنجەڵی پلاّو وا لە پێشەوە**

**سەلیم بەگیش بە پێکەنینەوە وتی:**

**هەرایە کوڕگەل پالّەوانییە**

**رێ پاکەوەکەن نەوجەوانییە**

**واهەڵمەتیان برد یاران بەدەستە**

**شاخ و کێو لە ژێر پێیانا پەستە**

لەگەڵ ئەوەشدا دوژمن سەغڵەتی کردبوون و رێی لێبەستبوون، چاریان نەما، کەوتنە رایەڵە، بە شمشێر پاکۆیان ئەدا. سەلیم لەپێشدا بێلێکدانەوە دوژمنی بە سووك دەزانی، بێپەروا هەڵیکوتایە ناویان، لە سێ جێگەوە بریندار بوو، سەرشانی چەپی و لاڕانی برینەکانیان کەمبوو، بەڵام قۆڵی راستی گۆپاڵێکی توهمەتەنی بەرکەوتبوو تا دەهات سارد ئەبووەوە، ساخواو راستان سووکە سوارێ وەك شاهێن کە بکەوێتە ناو قازو قولنگەوە، لەبەرامبەرییەوە دەرکەوت، بە دوو لادا سوار و پیادە تەڕنینی لە خوێنی خۆیی و دوژمنا سوور بووە، چریکەیەکی شەهێنی کرد.

برینداری و ماندوویەتی و خەفەتباری سەلیم بەگ نەما (نەمان)، توومەز ئەمە جوامێر ئاغای رەنگێنە بوو لەگەڵ ئەکرەما لەو سەرەوە دەستئەکەن بە دڕدانی و تێئەفکرێ ئەکرەم هەر هەوڵی ئەوەیەتی لە جێدا بکوژێ و کوشتاری دیار بێت. خۆ ئەم شەڕەش شەڕی شڵەژان و لەشکرشکاندنە، وەستان کەڵك ناگرێ، بانگ ئەکا: ئەکرەم بەس بکوژە، سەلیم بەگ لە تەهلوکەدایە، ئەکرەم گوێی ناداتێ، ناچار خۆی تیپی لەشکر ئەدڕێ و ئەگاتە سەلیم بەگ، بەڵام خۆشی زۆر بریندار بوو، ئەگێڕنەوە کە دوژمن شکا، جوامێر ئاغا هات کەمێك بحەسێتەوە، قەندەیەکی بۆ تێئەکەن بە سواری بێکێشێت، نەفەس لە قەندەکە ئەدا، دووکەڵ لە برینییەوە یەتەدەرێ.

لەشکری دوژمن بە جارێ ورە بەرئەدەن و روو ئەکەنە قوتەکەی سەرکێوەکەو خەیمە و خەوگا و بارەگا و نانی پوخت و تەمیز جێئەهێڵن.

جوامێر ئاغا بەسەلیم بەگ ئەڵێ، سەلیم من تۆم خستە ئەم دەریای لەشکرەوە، زۆر پەشیمانم بەڵام لە کەسیترم رانەبینی هەتا بە خۆشما، توخوا راستم پێبڵێ برینەکانت چۆنن؟ ئەترسم زۆر برینداربی، ئاخ، ئەو جوانی و ئازایەتییە غروور ئەهێنێ، خۆ نەئەبوایە هێندە بێپەروایی و دوژمن بە سووکی بینی، سوێندم بە خوا مەردیی و دلاوەرییەکم لەم (لەو) ئۆردووەدا بینی خەنیمی هەر دوانزە سوارەکە بوون، بەڵام ئەو شەبەیخوونەیان بە بیردا نەهاتبوو،[٤١] کەس نەیبیستووە شەبەیخوون سەرلەئێوارە، راستییەکەشی ئێمە لێبوردووبووین، سوێندەکەی لەسەر میری سوور خواردمان ئێمەی شێت کرد بۆ سەر ئۆردووی ئێران، خەیاڵەکەمان عەینی موبالەغەی ئێرانیان بوو، توخوا لێکیبدەنەوە، دوانزە سوارە دوانزە هەزار کەس، ئەمە شیعری شانامە نەبێ چییە؟ پیاو کە نزیك مەرگ بووەوە دڵی پاك ئەبێ، لە خوا ئەپاڕێمەوە سەلیم نەکوژێ، جوامێری لەبەر گەڕێ، سەلیم سێ تەنگەیەکی تر نابێتەوە، بەڵام جوامێر زۆرە، توخوا سەلیم چی بە برازاکەت بڵێم؟ ئەگەر نەکەوتایەتە سەر سەودای رەوو بەرێکوپێکی بهاتایەتە مەیدان ئێمە بۆ تووشی ئەم تەهلوکەیە ئەهاتین و شێتانە خۆمان ئەخستە ناو دەمی نەهەنگەوە؟ ئەڵێن جەسارەت لە شێتەوە پەیا ئەبێ، ئەمڕۆ ئەگەر پاشا بە سیاسەت ئیدارەی لەگەڵ رۆم و عەجەما بکردایە، بۆ هەر رۆژە لە لایەکیانەوە

لەشکرمان ئەهاتە سەر؟ هێشتا برینی شەڕی وەزیری بەغدامان ساڕێژ نەبووە، وائەمجارەش لەشم بووە بە بێژینگ، خوا بکا سەلیم، سەلیم بیّ! سەلیم بەگ ئەڵیّ جوامێر، کاك جوامێر هێزی ئەژنۆ و هاناوی جەرگم (هەناوو جەرگم) ئەوە تۆ نیت ئەوە بڵێیت، بواری ئەوەم نییە زۆر بدوێم، بەڵام تا ئەمرم بەندەگی ئەحمەدی برازام ئەکەم کە ئێمەی هێنایە سەر ئەو قینەی بە دوانزە سوار، رووماننکردە دوانزە هەزار، ئەمە داستانێکە ناوی کوردستان زیندوو دەکاتەوە، راستت ئەویّ ئەمەمان بۆ ناموس و پارێزگاری خاکەکەمان کردووە، ئەگەر بمرین لە دڵی میللەتا ئەژین، ئەم خاکە کە سروشتمان لەوەو دایکی ئێمەیە و نیشتمانمانە فیدارکارییەکی بۆ نەکەین کەڵکی چیمان پێوەیە؟ بۆنی پلاوی سەدری یەتە لوت، تۆ بڵێی نەیانڕشتبیّ، چونکە بەڵێنمان بە پاشا داوە لەسەر نان و خوانی ئێران میوانمان بیّ، راستت ئەویّ من لەسەر ئەم برینداری و ماندوویيە ئەو نان و چێشتەم لەدەست بچیّ، دەستم هیچ ناگریّ، دڵنیام پاشا ساغە، باشچاوەشی خستۆتە شوێن شکستە.[٤٢] تۆخوا بامنیش سەریّ لە ئاشپەسخانە بەم دڵم ئۆقرە ناگریّ. جوامێر ئاغا پێکەنی و وتی ناهەقیان نییە ئەڵێن چڵێسە، بابە هەستە بڕۆ بەلای خۆت و نەوسنیتەوە، من ئەچم بەپێوشوێنی پاشاوە... وەك تۆ دڵت بۆ سەدری ناسرەویّ، منیش جەرگم بۆ سەدری کوردستان ئارام ناگریّ.[٤٣] سەلیم بەگ بینی نان و خوان لە جێی خۆی ماوە، بەڵام لەراستی خۆی تەریق بووەوە وتی یاران پاشا میوانە و دیار نییە، لەشکر تێکچراوە، جوامێر بە برینداری کەوتۆتە پێوشوێنی لەشکر، منیش لە شوێن نەوس بەکاسەو کەوچکەوە ئەگەڕێم، گەڕایەوە و هەر لە خۆیەوە لە تەپڵ ئەدا. زۆرینەبرد ئەکرەم پەیدا بوو، ئاغام تەنگانەی چاك ئەم دووەیە، هەرچەند دوژمن شکاوە و باشچاوەش شوێن شکستەی دوژمن کەوتووە، هێشتا زۆربەی لەشکر لە داسێران و ئەستێران ماوەتەوە، بێت و بجوولێن سوارەی ئێمە ئەکەونە ناوەڕاستی دوو لەشکرەوە، بزانن ئێمە کەمین هەموو رەنجمان بێهوودە ئەڕوات. من شارەزانیم، تیپی خۆشمان لەیەکتر دابڕاوین، سیّ چوار سوارەمان بدۆزییایەتەوە بە گوڕ و هەرای تەپڵ بەرلە دەستەی دوایی لەشکری ئێران بگرین کە دوابەدوای شکستەی خۆیان ئەگەڕێنەوە بخەینە رەتی ڕێی مووسەك، ئەم ترسەمان نەئەما، بەڵام من و تۆ چیبکەین. سەلیم بەگ ئەڵێت راست ئەکەی، هەردووکمان لە تەپڵ ئەدەین و رووئەکەینە پێش شکستەی دوایی دوژمن.

ئەکرەم هەرچەندە ئەمەی بە شێتی ئەزانی، بەڵام سەرپێچی نەکرد، هێشتا دوورنەکەوتبوونەوە، تیپێك سوارەی هەڵبژاردەی قوجاغ بێدەنگ لە دوایانەوە ئەهاتن، کە نزیك بوونەوە، سەلیم بەگ گەڕایەوە و تێی خوڕین.[٤٤] کە وردبووەوە راوەستا هەتا ئەحمەد پاشا گەیشتە بەرەوە، بانگیکرد: مامە تۆی؟ ماوی؟ سەلیم بەگ بە بینینی پاشا چاوی روون بووەوەو وتی: بەڵیّ قوربان، ساغم، جاریّ شوێنم بکەوە.[٤٥] پاشا نەیپرسی بۆ کویّ، کە گەیشتن خوا بۆی رێکخستن، پاش لەشکری ئێرانیان لەیەك پچڕاند هەتا پشت مووسەك و پتر دوایان نەکەوتن و گەڕانەوە، پاشا، زوڵاڵ ئاغا ئەنێریّ بە دوای باشچاوەشا، ئیتر دوایان نەکەوێت و بگەڕێتەوە و فەرمووی تەپڵی بازگەشت لێبەن بە هاتنە ناو بارەگای بەجێماوی ئێران.[٤٦] پاشا لە باتی رووخۆش و شادمان بیّ، دڵتەنگ و مات و مەلوول دانیشتووە، هەر سوارێك دەرئەکەوێت دڵی رائەچەنیّ و

هەواڵی جوامێر ئاغا ئەپرسی. روویکردە سەلیم بەگ و وتی مامە تۆ جوامێر ئاغات چۆن بینی، ئەترسم خوانەکردە جوامێرمان لە دەست بچێ، بە خوا سوێند ئەخۆم جوامێر بە هەموو لەشکرو کەسوکارم ناگۆڕمەوە، سەلیم بەگ بە گاڵتەوە ئەڵێت: سابەخوا پاشا شوکر برینەکانی لەوانەیە کە نەژی، تۆ ئەتەوێ نەکوژرێین و بە مەرگی خۆمان بمرین، بە خوا ئێمە ئەمانەوێ لەم نەبەردەدا بمرین تا لە دڵی میللەت و تاریخا بژین.

داستانەکەی دوانزە سوارەی مەریوان وەك لە کتێبێکی نەوشیروان مستەفا، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەم دا، کە وەك خۆی دەڵێت لاپەڕەیەك و چەند دێڕێکی کەمە و (کەچە دوانزە سوارەکەی لای خوم) ناچاربووم شێوە مۆنتاژێکم لەهەردووکیاندا کردو دڵنیام ناوەڕۆك و رۆحی داستانەکە نەشێواوە. بەڵام لەسەر دەقەکەی پیرەمێرد و دەقەکەی پاشکۆی دووەمی کتێبەکەی نەوشیروان مستەفا،چەند سەرنج و بۆچوون و روونکردنەوەیەك بخەمە بەرچاوی خوێنەی هێژا:

دەقی چیرۆکەکە وەك پیرەمێردی هۆنەر و نووسەر و فەیلەسوف و رۆژنامەوان و چاپەوان لە باوکی بیستووە و باوکیشی لە باوکی خۆی بیستووە، چەند کەلێنێکم تێدا بینی:

١ـ سەلیم بەگ و یازدە پیاوی هەرەبەرچاوی بابان دەچن بۆ راوە بەراز لە شارەزوور و بە کوێخا دەڵێت (کوێخای بەکراوا، یا خورماڵ!؟) سبەی ئێوارە لای تۆ میوانین، کەچی هەر لە خۆوە و سووك و باریك بێهۆ راوە بەراز هەڵدەوەشێتەوە و گەیشتوونەتە کەناری گۆمی زرێبار کە مەولەوی لە بارەیەوە بە شێخی سیراجددین دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **جۆی زرێباری فرمێسکم بەخوڕ** | **مەریوانی کرد بە لیتە و بە قوڕ** |
| **راوەستە تاکو هەناسەم لێیدا** | **سەهۆڵ ببیەستێ جا بڕۆ پێیدا**(٤٧) |

نەخێر نەخشەی پەلاماردان و گرتنی قەڵای مەریوان دەکێشن! ئەگەر بڵێین سەلیم بەگ لە رقی توانجەکەی ئەحمەد پاشا (کوا شیر وەشێنەکان) ئەوە دەکات کە پێی بسەلمێنێت نەك لە بەراز لە ئۆردووی ئێرانیش ناترسێت و بە دوازدە سوارەوە پەلاماری دوازدە هەزار سەربازی ئێرانیی دەدات، نەك هیچی بۆ ناسەلمێنرێت بەڵکو تاقیان ناگەڕێتەوە و تیادەچن، بەتایبەتیش وەك ئەحمەد پاشا وتی بار و بارگە و خێوەت و خواردنیان نەهێناوە، ئەوە جگە لەوەی چەك و خۆئامادەکردن بۆ جەنگ لە چەك و ئامادەکارییەکانی راو جیاوازە، ئەی چۆن هاتنە سەر ئەوەی جڵەوی ئەسپەکانیان رووە و مەریوان وەرچەرخێنن بۆ پەلاماردانی لەشکری ئێران لە قەڵای مەریوان کە هەر هەموویان جگە لە ئەکرەم هەموو شتێکیان لەبارەی هێز و تواناو ژمارەی سەرباز و قایمکاری و تەنانەت کاتی نانخواردنیشیان دەزانی و بە هەموو لێکدانەوەیەك ئۆپەراسیۆنێکی وەها ئەگەر خۆکوژی نەبێت ئەگەری سەرکەوتنی لە هەزاردا یەك کەمترە!

٢ـ ئەکرەم لەگەڵ باوکیدا لە ئەفغانستانەوە هاتوون ناوبانگی سەلیم بەگی بابانی بیستووە، ئەو لاوە زۆر بە خۆی دەنازێت، بەڵام نەناسراوە بە دوای مەردێکی مەیداندا وێڵە لە خۆی بە تواناتر بێت شایانی ئەوە بێت بیکاتە سەرکردە و لە خزمەتیدا بجەنگێت، ئەکرەم لە کوردستانی بابان بە ئاوات دەگات و ئەو

قارەمانە دەدۆزێتەوەو سەلیم بەگیش ئەو پەسەند دەکات و دەیکاتە دەستەبرا، کەچی لە هێرشەکەدا ئەکرەم دوور لە سەلیم بەگ و لە تەك جوامێرئاغادایە!

٣ـ دوای پەلاماردانی دوژمن و شپرزەکردنی هێزەکانی و راکردن و بەجێهێشتنی بارەگاو بارگە و بارخانە سەلیم بەگ دەچێتە بارەگای چۆڵ و سەرنان و خوانیان و سوپاساڵری بابان دوای پاشماوەی لەشکرە بەزیوەکە کەوتووە، ئەکرەم بە سەلیم بەگ دەڵێت: ئاغام تەنگانەی چاك ئەم دەمەیە، هەرچەند لەشکرشکاوە و باشچاوەش سەرشکستەنیشتووە،[٤٨] لەوە تێناگەم ئەو تەنگانەی راستەقینەیە چییە؟ ئەگەر هێزێکی دوژمنیش هێشتا ماوە مەترسی لێناکرێت.

٤ـ دوای دڵنیابوونی پاشا، لە سوپاسی یەزداندا فەندەکێشێکی چاك سەر لە سوژدە بەرزناکاتەوە،[٤٩] کەچی جوامێر بۆڵە بۆڵیەتی و بە سەلیم دەڵێت چیی بە برازاکەت بڵێم،[٥٠] ئەگەر ئەو (نەبوایە ن.ك) ئێمە بۆ (تووشی ن.ك) ئەم تەهلوکەیە ئەهاتین! برا تەهلوکەی چی، ئێوە بە راونانیش لە کوڵیان نابنەوە.[٥١]

٤ـ سەلیم بەگ برازای ئەحمەد پاشایە و وەك کەسی دووەمی میرنشینەکەیە و وەك جوامێر ئاغاش دەڵێت "سەلیم یەکێکە و نابێتەوە بەڵام جوامێر زۆرن"، کەچی دەبینین ئەو پلانی هێرشەکە بۆ سەلیم دادەنێت و ئەرکیشی بۆ دیاریدەکات!

٥ـ سەلیم بەگ بە ئەحمەد پاشا دەڵێت "بەڵێ، ساغم قوربان، جاریٚ شوێنم کەوە" بە هیچ داب و نەریتێك پاشایان ناگەنە ئەو ئاستەی کەسێکی هەرچەند نێزیکیش بێت پێی بڵێت "تۆ جاریٚ شوێنم کەوە".

٦ـ باوەڕناکەم لەو سەردەمەی باباندا، نیوەڕاستی سەدەی هەژدە دەستەواژەی ژیان لە دڵی میللەتدا، یا لە مێژوودا کەوتبێتە سەر زمانی کوردان.

بەسەرهاتی (کەچە) چیرۆکی دوازدە سوارەکەی لای خۆشم ئەوەیە، ساڵی ١٩٦٤ خالید زامداری خۆشنووس و وێنەکیش چیرۆکی دوازدە سوارەی مەریوان نوسینی پیرەمێرد،بووکی ژێر دەواری رەش، قەڵای دمدم لە نوسینی مستەفا صالح کەریم و چەند هەڵبەستێکی مەولەوی و گۆران و کامەران و عەلی باپیر ئاغا و جەمال شاربازێڕی و کۆمەڵێك پەند و قسەی نەستەق و وتەی مەزنەکانی وەك شکسپیر و غاندی و کۆنفۆشیۆسی لە پەراوێکی بەرگ ئەستووردا نووسیووەوە و لەسەر بەرگی یەکەمیش هێلکاری پۆرتریتێکی مەولەوی و مۆم و پەروانەکەی نەخشاندبوو، لەگەڵ چوار دیمەنی کوردستان لە بەهار و هاوین و پایز و زستاندا، لەسەر قەدی دار وێنەی کێشا بوون، پێشکەشی کردم، ١٩٩٤ کە هاتمە دەرەوە سپاردم بە ماڵەوە و تکام لێکردن بیانپارێزن، ئەوانیش کە ١٩٩٥ روویانکردە ئەڵەمانیا، وێنەکانیان هێنابوو، بەڵام پەڕاوەکە و هەندێك دەستنووسی تایبەتی نەوێرابوون بیهێنن نەبا تورك گێچەڵیان پیٚ بکەن، خۆم بەسەردان چوومەوە، خزمەکانم ساڵی ١٩٩٥ و بە دواوە هەندێکیان سوتاندبوو، هەندێکیشی جوان ئەپێچنەوەو لە چاڵێکی قووڵی حەوشەکەی خۆماندا شاردبوویانەوە، کە چاڵەکەم هەڵدایەوە جگە لە وێنەکەی مەولەوی کە بە بۆیەی زەیت کێشرابوو، نووسراوەکان پەریشان بوون، ئەوەی کەڵکی پێوە مابوو دوای وشککردنەوەی پەڕە پەڕە لە بەرگی نایلۆن دامدەنان، لەگەڕانەوەدا ئەوانە و دوو بەرگی وەرگێڕدراوی قورئان بە کوردی و

مێژووی ئەردەڵان و بیرەوەرییەکانی ئیسماعیل شاوەیس و شەش حەوت پەرتووکێکم لەنێو جانتاکەمدا دامەزراند.جەندرمەی تورك جانتاکانیان دەپشکنی، شەوبوو ئەو شتانەیان لەسەر زەوی بڵاوکردەوە، یەکێکیان هەر چاوی بە بنی جانتاکەی من کەوت، دەهری بوو، ئەو بە تورکی و من بە ئەڵەمانی، من هەرئەوەندە تێگەیشتم زوو زوو دەیوت "یاساغ" ئەویش دیارە وشەی قورئان، موبارەك، خواجا، لە من تێدەگەیشت. بە وێنەکەی شاوەیسی دەوت یابانچی، فەرماسیون(٥٢)... بە کورتی ئەوەی نەدەشیا، کردی، ئەوانی لە نایلۆن گیرابوون نەدەدڕان هەتا هێزی تێدا بوو لوولیکردن و تووڕیدان، پەرتووکەکانی شڕوپڕ کرد، دەستی بۆ دوو بەرگە قورئانەکە نەبرد بوو، ئافرەتێکی نەناسیاو لوولە نایلۆنەکە بە بێدەنگ لەو تاریکییەدا هەڵدەگرێتەوە و دەنگ ناکات هەتا فڕۆکەخانە، رووسووری دونیاو قیامەت بێت، بە زەردەخەنەیەکەوە بەرەو رووم هات، توورەکەیەکی خامی دایە دەستم و وتی برا! دوژمن دوژمنە و دۆست دۆستە، ئەوەم لێدزینەوە و بەڕێگاوە لەگەڵ منداڵەکاندا هەر خەریکبووین چرچ و لۆچەکانمان صاف دەکردەوە. ماڵی ئاوەدان بێت، منیش لە ماڵەوە کە تەماشا دەکەم پەڕەکان خۆی لە خۆیدا نەبوون رقو کینەی جەندرمە و دڵسۆزی ئەو خوشکەش پتر، لەناوەوە هەڵوەریبوون... ماوەی دوو هەفتەیەك خەریکیان بووم، چونکە دەقاودەق پیرەمێرد چۆن و بە چ رێنووسێك نووسیبووی زامداری هونەرمەندیش وەك خۆی نووسیبوویەوە، بۆ من گرنگییەکەی لەوەدا بوو، سەرباری ئەوەی دیاری هاوڕێیەکی منداڵیم بوو، چیرۆکەکە لە پاشکۆی میرایەتی بابان لە نێوان رۆم و عەجەم دا، لەبەردەستدایە، بەڵام دەقاودەق نەگوێزراوەتەوە، بۆ نموونە ئەبینیێ، لە دڵا، ئەیان رەوێنن، ئەهێنێتە دەرەوە، بەسەریانا، یەتەدەرەوە، یەتەدەرێ.. یەتەدەرەوە، لەگەڵ ئەکرەما، سەلیم بەگا، ئاگری لێ ئەبوەوە، بینی، نەبینی، نەئەبوایە، غرور ئەهێنێ، لە خۆم رانەدەبینی. هەندێك جاریش وشەکان وەك خۆیان گوێزراونەتەوە، وەك: ئەهێنا، بەسەرمانا هاتوون، بەشوێنیانا، دوژمنا (لە دەقەکەی پیرەمێردا بە "دوشمنا" نووسراوە. من لە گواستنەوەی چیرۆکەکەدا بەشێوەی زارزمانە کۆنەکەی سلێمانی و پیرەمێردا گواستومەتەوە و وشەلێکدراو ـ ئاوێتەکانیش وەك داراغا هەر بەشێوەی جوامێرئاغا، داراغا، بەکراوا ـ م بە دارائاغا و بەکرئاوا نووسیونەوە).

لەلایەنی رێنووسیشەوە بەگشتی لایەنی پێکەنووسینی جوت وشە گونجاوەکانم رەچاو کردووە، وەك خوا بۆی رێکخستن، بۆی، لێرەدا پێشگرە، وەك بۆم نەهات ـ بۆمنەهات، بۆی نەلوا ـ بۆینەلوا، بۆتان هات ـ بۆتانهات، بۆمان نەکرا ـ بۆماننەکرا. بەوپێیەش هەر بۆ نموونە: نەیان رشتبێ، بێ لێکدانەوە، تێ ئەفکرێ، لێ بەستن (نووسیومە) نەیانڕشتبێ، بێلێکدانەوە، تێئەفکرێ، لێبەستن، ئەگەرچی وشە و پێشگرەکەی جیا بەجیا واتایان هەبێت یا نەبێت، وەك ئاوێتەوشەی رێك کەوتن ـ رێککەوتن کە واتای بەرێکەوتن و جووڵان دەگەیەنێت، بۆ واتای پێکهاتن، ئاشتبوونەوە رێك کەوتن ـ رێککەوتن دروستە. دەمێنێتەوە ئەوەی یەك دوو جاریش لەو شوێنانەی بەپێویستم زانیوە یا بۆم ساغنەبوتەوە کورتە بازێکم داوە.

**ئیسماعیل شاوەیس**

**ئەفسەرێکی سوپای عوسمانی**

## پێشمەرگەیەکی شێخ مەحموودی نەمر
## ڕووناکبیرێکی پێشکەوتنخواز و ئازا
## قۆناغێکی گرنگی مێژووی کورد تۆمار دەکات

ئاوڕێـك لـە ئەفسـەرێکی لەشـکری عوسـمـانی و پێشـمـەرگەیەکی لەشـکری شـێخ مـەحموودی مـەلیك، نیشتمانپەروەرێکی ڕاستگۆ لەگەڵ خودی خۆی و دۆست و دوژمندا، بەهەشتیی ئیسماعیل حەققی شاوەیس ١٨٩٤ ـ ١٩٧٦/٥/١٢ وەك شارەزا و بەشدار و ئاگادارێك لە نێزیکی نێزیکـەوە زۆر بـە وردی وسـەلیقەی ڕووناکبیرێك بەشێك لە مێژووی شۆڕشـەکانی مـەلیکی کوردسـتان و فـراوانتریش شـۆڕش و ڕاپەڕینـەکانی باکووری کوردستان و ڕووداوەکانی بەچاوی کامێرا ئاسا، بۆ نـەوەکانی تۆمـار کـردووە، لـەم کتێبـەدا و لـە شوێنی خۆیدا وەك سەرچاوە پەنام بۆ بردووە، لێرەدا دەمەوێت کورتـەی کورتکراوەیـەك لـە بیرەوەرییـەکانی لەمەڕ باکووری کوردسـتان کـە لـە نـاوەڕۆکی کتێبەکـەدا جێگـەیان نەبۆتـەوە بـە بـەبیری خوێنـەری هێـژا بهێنمەوە.

کۆمـەڵێك شێخان و سەران و ڕووناکبیرانی کورد کۆمەڵەی بەرزی و پێشکەوتن (تەعالی و تـەرەقیی) بـە سەرۆکایەتی شێخ سـەعید دادەمـەزرێنن. دروشمـی کۆمـەڵـە قەڵـەمێك (دوو قەڵـەم ن.ك) بـەلای ڕاست و چـەپەوە، خاکـەناز و پاچـێك لەسـەریانەوە، قۆزاخەیـەك پـەموو (لۆکـە) و گوڵـە گـەنمێك و خەنجـەرێك لەناوەڕاستدا، خۆریش بەناو قەدی هەموویانەوە.[٥٣]

قۆچگیری وەك هۆز لـە چـەند تیرەیـەك پێکهـاتووە بـەناوبانگترینیان تیرەکـانی ئیبۆیـان، سـارۆیان، زازا، پالوو، کەوتەلی، ئیبۆیان لە هەموویان بەرچاوترن، خاکەکەیان دەکەوێتە خۆرئاوای باکووری کوردسـتانەوە، هەر لە سیواس هەتا ئـەرزنجان دەگرێتـەوە و شارەکانیشـی زارا، عیمرانییـە، قەرەجەوێرانـەن، دانیشـتوانی ناوچەکە بەرەگەز کورد و بە ئاینزا عەلەوین و بەقزلباش دەناسرێن،[٥٤](١٥٠) گوند دەبـن، کـارو پیشـەیان کشـتوکاڵ و ئاژەڵدارییـە، چـەند گونـدێکی تـورکی عەلەویشـیان لەناودایـە هـاوژین و هاوچارەنووسـن. ڕاپۆرتـەکانی تـورك ژمـارەی دانیشـتوانی قۆچـگیری بـە (٦٠،٠٠٠) هـەزار تۆمـار کـردووە و ڕووبـەری ناوچەکەشی بە ٢٥٠کم × ١٥٠ کم خەملاندووە (٣٧.٥٠٠کم$^{2}$) سەردارەکانی قۆچگیری مستۆ پاشازادە (حەیدەر بەگ) و عەلی شان بەگی برایی و حاجی برایم قایمقامی شاری ڕەفاهییە، کوڕانی گوڵ ئاغا عێزەت و موحەممەد، عەلی شیر، هەر هەمووشیان بەشداری شۆڕش بـوون و چـەك و تەقەمـەنییان ئامـادە دەکـرد. ڕۆژی ١٩٢٠/١٠/٢٥ قۆچگیری و ناوچەی خۆرئاوای دەرسیم تەلگرافێك دەکەن بۆ مستەفا کـەمال پاشا ـ ئەنقەرە بە مۆر و ئیمزای سەرۆکی قۆچگیری موحەممەد تـەقی، لـە سادات عـەلی شیری، لـە سـەردارانی مونزیر، مەحموود، سەید خان، مستەفا، سەرۆکی ئەرسەلان "ئەسلان" مەحموود: پەیمانی سیڤەر و سـوڵتان و کۆنگرەی ئەرزرۆم و کۆنگرەی سیواس مافەکانی کورد و سەربەخۆیی کوردستانیان سـەلماندووە، پێویسـتە ئێوەش بێنە پێشەوە بۆ جێبەجێکردن و دامەزراندنی حکومەتی کوردستان.

تەلگرافەکە وەڵامی نەبوو، مستەفا کەمال دەیویست هەتا بەهار کات بەسەربەرێت و دەستێکی قورس بوەشێنێت، لای کوردیشەوە عارەب گیر و مەلاتییەش پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکەن، سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدا سەرەتای ۱۹۲۱ شۆڕش بۆ ناچارکردنی دوژمن بکەن چیتر خۆی لە مافەکانی کورد نەخەپێنێت. کورد ئەمجارەش شۆڕشێکی چەکداریی راگەیاند، ۲۱/۳/٦ عیمرانییە، ۲۱/۳/۸ سێواس، ۳/۹ کەماخ بەسەرلەشکر و ئەفسەر و سەرباز و بەکرێگیراوانەوە کەوتنە دەست شۆڕش و خرانە بەردەم دادگای شۆڕش (دیوانی حەربی کورد). مستەفا کەمال و حکومەتەکەی ئەنقەرە پەرێشان بوون بە دەست چەندین دوژمنی ناوخۆ و دەرەوە. حکومەتەکەی سوڵتان لە ئەستەموول، ئۆپۆزسیۆن و نوێخوازان، یۆنان، کورد، ئەرمەن، لەشکری بەریتانیا، فەرەنسا، جگە لە ناحەزانی خودی خۆشی کە خۆیکردبووە کەڵەگاو بەچکە دیکتاتۆر بەسەریاندا، یاسای قەرەقوش (عورفی) بەسەر هەموو ناوچەکانی ئەنەدۆڵدا دەسەپێنێت، لە شار و گوندەکانی کوردستانیش هێرشێکی دڕندانەی رەشەکوژی دەست پێکرد، بەڵام ئەژنۆی شۆڕشگێڕانی کورد نەلەرزی، بەدەم هاواری یا عەلی یا هەق هێرشیان دەبرد، رێگای هاتوچۆی نێوان شارەکان دەبەستن، هێڵەکانی تەلەفۆن دەپسێنن، والی سێواس بۆ ساردکردنەوەی هەڵمەتەکانی شۆڕش و دووبەرەکی خستنە نێو رێزەکانەوە ۳/۱۲ برووسکەیەك بۆ سەرانی خۆرئاوای دەرسیم دەنێرێت هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر یاخیبووەکان روون بکەنەوە و ئەرمەنییە کافرەکانیش کە داڵدەتان داون بە پەلبەستراوی بدەنەوە دەست لەشکر. ۱۹۲۱/۳/۱٤ ئەم وەڵامەی بۆ رەوانە دەکرێت بۆ والی سێواس. بە دڵێکی پاکەوە بۆچوونی خۆمان دەردەبڕین، شەڕو خوێنڕشتن لە بەرژەوەندی نە کورد و نە تورکە، لەسەر بڕیاری مستەفا کەمال و دوو کۆنگرە هاوبەشەکەی تورك و کورد و بڕیاری حکومەتی ئەنقەرە پێویستە کوردستان لە رووی ئیداری، ئابووری، مەعاریف (بەڕێوەبردنی ئابووری و پیشەسازی و کشتوکاڵ و خوێندن و پەروەردە) سەربەخۆ بێت، سیاسەتی کۆنی سوڵتانی عوسمانی (سوڵتانەکانی عوسمانی ن.ك) بۆ کورد زیندوو مەکەنەوە، کورد و تورك هێرشێکی دڕندانەی رەشەکوژی دەست پێکرد، بەڵام ئەژنۆی شۆڕشگێڕانی کورد نەلەرزی، بەدەم هاواری (یا عەلی یا هەق) هێرشیان دەبرد، رێگای هاتوچۆی نێوان شارەکان دەبەستن، هێڵەکانی تەلەفون دەپسێنن، والی سێواس بۆ ساردکردنەوەی هەڵمەتەکانی شۆڕش و دووبەرەکی خستنە نێو ریزەکانەوە ۱۹۲۱/۳/۱۲ بروسکەیەك بۆ سەرانی راپەرینی خۆرئاوای دەنێرێت کە هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر یاخیبووەکان روون بکەنەوە و ئەرمەنییە کافرەکانیش کە داڵدەتان داون بە پەلبەستراوی بدەنە دەست لەشکر.

سەرانی خۆرئاوای دەرسیم دوو رۆژ دواتر بەمجۆرە وەڵامی بروسکەکە دەدەنەوە:

سەرکردایەتی خۆراوای دەرسیم

١٤ی مارتی ۱۹۲۱

بۆ والی سێواس

بە دڵێکی پاکەوە بیروباوەڕی خۆمانتان بەم جۆرەی خوارەوە پێشکەش ئەکەین

١ـ جەنگ و خوێنڕشتن بەرژەوەندی نە تورك و نە کوردی تیا نییە.

٢ـ لەسەر بڕیاری مستەفا کەمال پاشا و کۆنگرەکانی ئەرزرۆم و سێواس پێویستە زوو بەزوو جوگرافیای کوردستان جیا بکرێتەوە.

٣ـ بەپێی بڕیاری مستەفا کەمال و دوو کۆنگرە هاوبەشەکەی تورك و کورد و بڕیاری حکومەتی ئەنقەرە پێویستە کوردستان لە رووی (ئیداری و ئابووری و موعاریفدا (مەعاریف ن.ك) سەربەخۆیی و لەگەڵ تورکیادا چوونیەك سەیر بکرێ.

٤ـ نابێ سیاسەتی کۆنی خیلافەتی عوسمانی بۆ کوردستان زیندوو بکرێتەوە، پێویستە دان بنرێ بە مافی کورددا و کورد وەکو تورك چوونیەك تەماشا بکرێ و لە کاروباری دەوڵەتدا بەشدار بێ.

٥ـ بەرامبەر بە داخوازییەکانی کوردانی قۆچگیری، هێز بەکارهێنان ئەنجامی خراپ ئەبەخشێ و نەك هەر کوردانی قۆچگیری هەموومان لە ژێر باری باجی گرانا ژیانمان تاڵ بووە و تێکڕا ئێمەی کورد بێ قوتابخانە و بێ خەستەخانە و دکتۆرین و شەڕی جیهانگیری ماڵی وێران کردووین، لەبەرئەوە کوردستان پێویستی بە ئاوەدانکردنەوەیە.

٦ـ پێویستە هەموو بەندەکان بەربدەن وە نابێ لەشکری تورك وەك دوژمن سەیری کورد بکا، ئێمە بە نارەوا خوێن نارێژین.

٧ـ ئەو ئەرمەنییانەی لای ئێمە هەموو مناڵ و ئافرەت و پیرن و بێ چەکن و پەنایان بۆ ئێمە هێناوە و بێ گوناهن، لەبەرئەوە ئێمە نایاندەین بە دوەستەوە.

ئیمزا

سەرۆکایەتی رۆژئاوای دەرسیم

وێنەیەکی بۆ: مستەفا کەمال پاشا

ئەنجومەنی میللی [٥٥]

رەشید پاشای والی سێواس ئاگاداری ئەنقەرە دەکات لە ناوەرۆکی برووسکە وەڵامەکە و دەڵێت شۆڕشگێران بۆ رزگاری کوردستان خەبات دەکەن، ئەنقەرەش لەوەڵامدا پێداگری لەسەر ئەوە دەکات پێویستە رێگە نەدرێت ئەرمەنییەکان بەشداری شۆڕش بکەن و شۆڕشەکە فراوان بێت... والیەکانی سێواس، ئەلعەزیز، ئەرزنجان دەستدەکەن بە کۆکردنەوەی لەشکرو هەمانکات چەند دەستەیەك بەرێدەکەن بۆ ناوچەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوای بۆ پڕوپاگەندە کردن و لە خشتەبردنی جەماوەر و دوورخستنەوەیان لە شۆڕش و راپەڕین و زۆر ساویلکانە دەیانوت (تورکیش عەلەوین، عەلەویش نەبن ئیسلامن، بەتایبەتی مستەفا کەمال پاشا خۆی ئەڵێ "من شیعەم و کوردم خۆش ئەوێ، ئەگەر دوژمن بێتە ئەنقەرە، خۆم و لەشکری حکومەتی تورکیا دێینە و لە چیا بەفرینە جوانەکانی دا کورد و تورك پێکەوە ئەژین و ئەمرین و لە پاش دەرکردنی ئینگلیز و فەرەنسا و ئەمەریکا (حوکمی زاتی) بە کورد ئەدەم، لەبەرئەوە ئەم خوێن رشتنەی ئەمڕۆ بۆ هەردوولا زیانبەخشتە").

بەڵام کاربەدەستانی تورك وەك پیشەی دێرینیان پەنا دەبەنە بەر فرتوفێڵ و چاوبەست و نامەردانە لە

پشتەوە خەنجەری ژەهراوی وەشاندن... کاتێك ئەو گفتوگۆو بەڵێنانە بە کورد دەدەن هەمانکات ژێربەژێر سەرگەرمی ئامادەکاری و سازدانی لەشکر و پلانی هێرشێکی فراوان بوون نەك هەر شۆڕشی قۆچگیری خامۆش بکەن بەڵکو تەڕو وشك لەناوچەکەدا پێکەوە بسوتێنن و دەستێکی وەها بوەشێنن کورد چاوترسێن بکەن و زالم پاشا و عیزەت بەگ بەهێزێکەوە پەلاماری ناوچەی سنجاق سەر بە دیورێك دەدەن.

هێزەکەی تورك بەرگری بۆ نەکرا، خۆیان دا بە دەستەوە، لەگەڵ پەرەسەندنی هێرشەکان و سەرکەوتنی شۆڕشدا ئۆپۆزسیۆنی تورکیش پتر هاودەنگی کوردیان دەکرد و لە پەرلەمانیشدا چالاك بوون، وەزیری ناوخۆی حکومەتی ئەنقەرە فەرمان بە والی سیۆاس دەدات بە پەلە گیراوەکان ئازاد بکات نەبا مەترسیی روو لە ئەنقەرە بکات. کەمالییەکان شپرزە بوون، ناچار بایاندایەوە سەر فرتوفێڵ و ساردکردنەوەی گوڕوتینی شۆڕش، لێبوردنی گشتی بڵاوکردەوە و هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی بەرفراوان بە سەرپەرشتی رەشید پاشای والی سیواس گوایە مستەفا کەمال بڕیاری خودموختاری بڵاودەکاتەوە، پێویست بە شەڕ و خوێنڕشتن ناکات! سیخوڕ و بەکرێگیراوانیش دەهۆڵ و زوڕنایان بەو ئاوازە لێدەدا و چەند بەناو پەرلەمانتارێکی رووناکبیریی کوردیش لە هۆڵی پەرلەماندا کاوێژیان دەکردەوە و سوێند بە شەرەف و سەری مستەفا کەمال هەموو شتێك بڕیاردراوە و کاری کورد و سەربەخۆیی کوردستان "تەمام". تورك لەم هەوڵەیاندا زۆر سەرکەوتوو بوون، بەتایبەتیش کە لە یاسای بنەڕەتی حکومەتەکەی ئەنقەرەدا کە تورك بە (تشکیلات أساسی) ناویدەبرد و لە ١٩٢٠/٤/٢٣ بڵاوکرایەوە دان بەوەدا دەنێت تورکیا لە دوو نەتەوەی تورك و کورد پێکدێت، هەریەکەیان لە سنووری خۆیدا سەربەخۆیە و پارێزگاری کۆماری تورکیا دەکەن، تەنها هێزی سوپا و سیاسەتی دەرەوە بە تەنها لە دەست حکومەتی ناوەندداییە... ئەمانە هەمووی کاردانەوەی خراپیان لەسەر کوردی سادە و ساویلکەو خۆشباوەڕ بەهێزبوو، بەشێکی زۆر لە بەشدارانی شۆڕش بۆچوونێکیان لا دروست بوو، بۆ کوردێکی نەخوێندەوار و خۆشباوەڕ کە هەستی نەتەوەیی و وڵاتپارێزیشی سەرەتایی و نەگەیشتبووە ئاستی پێویست، بۆچوونێکی لادروستبوو، ئێمە کە هەموو مافێکمان هەبێت و خاوەن وڵات و سەربەخۆ بین و لەگەڵ تورکدا هاوبەش وهاوشان بین لە تورکیادا، ئیتر بۆ بەم چیا رەقوتەقانەوە برسی و تینو شەڕ بکەین. رابەرانی شۆڕشیش هەست بەو ساردبوونەوەو دوودڵییە دەکەن، بۆ راستکردنەوەی باری دەروونی و گەرمکردنەوەی هەستی چەکداران و چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان ١٩٢١/٣/٤ سەرکردایەتی گشتی لەشکری شۆڕش رووبەڕووی صادق بەگ دەکاتەوە و دەستەی ریش سپییەکانیش بانگەوازێکی هەست بزوێن بڵاودەکەنەوە بۆ گەلی کوردی مسوڵمان (... بەرامبەر بەزۆرداری ملکەچکردن کفرە، بێدەنگبوون شوورەییە، جوامێران هەڵسن راپەڕن، تا ئەمڕۆ عوسمانی و صەفەوی ئێمە دەخەڵەتێنن بەناوی ئاینزاوە "سوننە و شیعە" دەمانکەن بە گژ یەکتردا، تۆوی کوشتن و وێرانی کوردستان دەچێنن کە داوای مافی خۆمان دەکەین بە دز و رێگر و جەردەمان ناو دەبەن. تەماشاکەن چۆن خوێنی کورد و ماڵی کوردیان حەلالکردووە، گوندەکانمان دەسوتێنن، مرۆڤەکان رادەگوێزن. ئەمڕۆ رۆژی رزگارییە "یا ژیان یا مردن"، چارەنووسمان بەدەست خۆمانە، ئەبێ نەلەرزین و لە مردن نەترسین، ئاواتی ئەحمەدی خانی بهێنینە دی،

ئالای خۆمان هەڵکەین).(٥٦)

ناوەرۆکی بڵاوکراوەکە هەمووی راستە و چەندو چۆنی ناوێت، بەڵام ئاماژەیەکی بۆ کێشە هەنووکەییەکەی جووڵانەوەکە نەکردووە کە پڕوپاگەندەی دوژمن و چەواشەکردنی کوردە، کە بواری کاریگەرییەکی ئەوتۆیان بۆ نەهێشتبووەوە باری شۆڕش و ریزەکانی راستبکاتەوە، هەڵمەتی چڕوپڕی دوژمن و بەیتو بالۆرەی زوڕنا ژەنەکانی زاڵبوون، بەتایبەتیش کە ١٩٢١/٣/١٥ کەمالییەکان شاندێك بە سەرۆکایەتی شەفیق بەگ دەنێرن بۆ سیواس و لە (بوغازی وێران) میوانی حەیدەر بەگ بوون بە سەرۆکەکانی کورد دەڵێت: (بە فرمانی مستەفا کەمال هاتووم زۆر سڵاوتان لێدەکات). ئەم نامەیەشی بۆ ئێوە و حەیدەر بەگ ناردووە (بۆ حوکمی خۆیی کوردستان بڕیاردراوە، شەڕ بوەستێنن، زمانی کوردی رەسمی ئەبێ و ئابووری جیا ئەکرێتەوە، پیت و سامان و مەعدەنی کوردستان بۆ خۆی خەرج ئەکرێ و بەڕێوەبەرانی کوردستان هەموو کورد ئەبن)، حەیدەر بەگ بەو بەڵێنانە باوەڕ دەکات و شەڕی قۆچگیری دەوەستێنن، بەڵام دکتۆر نوری کە لە زیندان ئازاد دەکرێت دەبرێتە بەردەم رەشید پاشای والی سیواس (ئاغابەگ، دکتۆر تۆ خوێندەوارێکی زۆر بەرزی، دیپلۆمتان هەیە، زمانی فەرەنسی چاك ئەزانیت و لە جیهانی رامیاریدا ئاگاداری، لەم کاتەدا کە یۆنان هەڵمەتیان بردۆتە سەر تورکیا و حکومەتی میللیمان کە (حکومەتی تورك و کوردە و هیچ جیاوازییەکمان نییە) خۆشی و ناخۆشییمان یەکە، ئایا رەوایە لەم کاتەدا ئەم کوردانە شەڕ لەگەڵ حکومەت بکەن و داوای جیابوونەوە و دامەزراندنی حکومەتی کوردستان بکەن و بە پلانی ئەورووپا شەڕمان لەگەڵدا بکەن بۆ بەرژەوەندی یۆنان و ئەرمەن و ئێمەش بکەنە نۆکەر و مزگەوتەکانمان بکەن بە کەنیسە. یا کوردیش وەك عەرەب بە قسەی لۆرانس فریوی خواردووە؟ شەڕ ببرێتەوە هەموو شت بە دڵی کوردە. دکتۆر تۆ خزمەت و دڵسۆزیت بۆ تورکیا زۆرە و پاداشتیشت دراوەتەوە، ئەمڕۆش هەموو شتێك بۆ تۆ ئامادەیە تەنیا مەهێڵە کوردەکان شەڕ بکەن. دکتۆر تۆ بڕوانە ئەمە نەخشەکەی (لوید جۆرج)ە (وەزیری دەرەوەی بەریتانیا. ن.ك) تورکیا وەك پەڵەیەکی تاریك و رەش دەبینێت لەسەر نەخشەی جیهان و ئەڵێ گەرەکە ئەم پەڵە رەشە بە چەقۆ بکرێنرێت و سپی بکرێتەوە. بەریتانیا لە تەك ئەمەریکا و فەرەنسا و ئیتالیا (لە تەك فەرەنسا و ئیستالیا و رووسیا. ن.ك)دا دەیانەوێت تورکیا دابەش بکەن لە ئەدرنە هەتا قەفقاسیا و ناوەڕاستی دەریای رەش ئەرمەنستانێکی گەورە دروست بکەن و ئەستەمووڵ و دەردەنیل و ئەزمیریش بدەن بە یۆنان و کورد و تورك بکەنە نۆکەری خۆیان و مزگەوتەکانمان بکەن بە کەنیسە. نابێت کورد فریو بخوات وەك عەرەب بە قسەی لۆرانس فریوی خوارد، ئێمە باوەڕمان بە مافی کورد هەیە و دانمان پێداناوە، دوای پاککردنەوەی نیشتمان لە دوژمنان بە فەرمانی ئەتاتورك خودموختاری ئەدرێ بە کورد، بیوك میللەت مەجلیسی (پەرلەمان ن.ك) دانی بەو مافانەدا ناوە، لەبەرئەوە پێویست ناکات کورد شەڕمان لەگەڵدا بکات و دنیامان لێ پڕ بکات، چونکە دوای کۆتایی جەنگ (مەبەستی یەکەمین جەنگی جیهانە ن.ك) هەموو شتێك بە دڵی کورد دەبێت.(٥٧)

بەڵام دکتۆر نوری پتر گومان لە سیاسەتی چەپەڵی تورك دەکات بەرامبەر کورد بە سەرۆکی شاندەکەی

تورك شەفیق بەگ دەڵێت ئێوە دەست لە پەلاماردانی کوردستان هەڵبگرن و رەشبگیر مەکەن، دان بە مـافی کولتوری و ئابووری کورددا بنێن و ئەو خودموختارییەی باسیدەکەن بە رەسمی بـڵاوی بکەنـەوە و پەرلـەمان پەسەندی بکات و لە رۆژنامەکاندا بڵاوبکرێتەوە ئەگینا باوەڕ بە بەڵێن ناکەین، کوشـتار و تاڵانکردنـەکانی سەردەمی عوسمانیمـان هـەر لەبـەر چـاوە. ئـەم هەڵوێسـتەی دکتـۆر رابـەرانی شـۆڕش وریـا دەکاتـەوە کـە بڕیارەکەی حەیدەر بەگ بۆ وەستاندنی شەڕ هەڵەیە و خەریکبوو شاندەکەش دەستگیر بکەن... بەڵام شیرازە تێکچوو بوو، پشێوی نێو ریزەکـان کـۆنترۆڵ نـەدەکرا، چـەکدارەکان پـۆل پـۆل بـەرەوخوار دەبوونـەوە و ئـەم شۆڕشەش رۆژی ١٩٢١/٦/٥ دوا هەناسە دەدات و خالید بـەگی جـوبری کۆمیتـەی سـەربەخۆی کوردسـتان (استقلال کردستان) دادەمـەزێنێت بـە هاوکـاری یوسـف زیابـەگ و بەسـەرکردایەتی شـێخ سـەعید بڕیـاری شۆڕشێکی نوێ دەدەن و رۆژی ٢٥/٣/٢١ دیاریدەکەن، بەڵام هێزێکی تورك دێتە گونـدی پـیران و وادەزانـرا بۆ دەستگیرکردنی شێخ هاتوون، ناچار پەلاماریاندەدەن و شۆڕش لە ١٩٢٥/٣/٧ دا هەڵدەگیرسێت و چـەند ناوچەیەکی سعرت، ئال عەزیز و ئامەد رزگار دەکەن، بەڵام ناپاکی ناوخۆ و هاوکاری فەرەنسا و تـورك دژی کورد، کە هێڵی شەمەندەفەری حەلەب دەخاتە ژێـر دەسـتی لەشـکری تـورك، سـەربازەکانی بگوێزیتـەوە و پشت لە شۆڕشگێڕانی کورد بگرن... ئەم راپەڕینەش بە هەمان تراژیدیا دامرکایەوە و خالید بـەگ و زیـاء بەگ مانگی فێبروەری ١٩٢٥ لە گەرمەی خەبات و بەرەنگاریکردنی توركدا دەستگیرکران و گوللـەبارانیان کردن.

شێخ سەعید و شێخ عەبدولقادری شەمزینی و موحەممەدی کوڕی و پۆلێك لە هەڤاڵەکانیشیان ٢٥/٦/٢٧ دەبرێنە بەر پەتی سێدارەی دوژمن. شێخ سەعید دوایین وتەکانی ژیانی خۆی راگەیاند (بـە هـۆی خـەبات و تێکۆشان بـۆ رزگـاربوون لـە چەوسـاندنەوەو ژێردەسـتی ئێـوە هاتوینەتـە بـەر سـێدارە، ئـەرکی سەرشـانمان جێبەجێکرد، ئەرکی پیرۆزی هەموو کوردێکی دڵسۆزە بۆ بنبڕکردنی زۆرداری و بێدادی لەرادەبەدەری ئێوە، درێژە بە خەبات و قوربانیدان بدات)[٥٨]. شێخ عەبدولقادریش هاواریکرد، پیاوکوژان ئێمـە سـەربەرزین لـە پێناو سەربەخۆیی وڵاتدا هاتووینەتە بەرسێدارە، بـە لەسـێدارەدانی ئێمـە تـەنها رقو کینـەی کوردتـان بـۆ دەمێنێتەوە، بەدەستی خۆی پەتەکە دەکاتە ملی و دەڵێت لاپەڕەیەکی رەشی مێژووەکەتان دەنووسـن، بـژی کورد، بژی کوردستان. شێخانی نەهری شەمزینی نەوەی شێخ عەبدولقادری گـەیلانین، لـە مەزنـەکانی ئـەو بنەماڵەیە شێخ تەهای دووەمی کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری مابوو (لەگەڵ هۆزەکەیدا پەنا بـۆ شۆڕشـی ئەیلوول دەبەن و لە نێوچەی سیدەکان نیشتەجێ دەبن، پیاوانە بە دەنگ شۆڕشەوە دەچـن، دوای گەڕانـەوەی بۆ ئێران دەرمانخوارد کرا)،[٥٩] دوای ئەوانیش (٢٥٠) شۆڕشگێڕی کورد لە سێدارەدران وەك شێخ سـەعید، دکتۆر فوئاد، پارێزەر حاجی ئەختی، موحەممەد تۆفیق، ژەنەراڵ ئیسماعیل.

یاسای بنەڕەتی حکومـەتی مسـتەفاکەمال (تەشـکیلاتی ئەساسـی) ١٩٢٠/٤/٢٣ دەرچـوو، بڕگەیـەکی گرنگی ئەوەیە تورکیـا لـە نەتـەوەی تـورك و نەتـەوەی کـورد پێکدێت، هەریەکـەیان لـە سـنووری خۆیـدا سەربەخۆیە و پارێزگاری تورکیا دەکەن، جگە لە هێزەکانی سوپا و پەیوەندییە دەرەکییەکان کورد لە هەموو

بوارەکانی بەڕێوەبردن، خوێندن و پەروەردە، پیشەسازی، کشتوکاڵ و بازرگانیدا ئازاد و سەربەخۆن، بەڵام کە ١٩٢٣/١٠/١٠ کۆماری تورکیا دامەزرا، کەموزۆر ناوی کورد بە دەمدا نەهات، شەقێك لە پەیمانەکە هەڵدەدەن و دەکەونە دژایەتیکردن و قەڵاچۆی (گەلی کوردی براو هاوبەش و یەکسان لەگەڵ تورکدا!)، مستەفا کەمال کە دەستی لە دەسەڵات گیرکرد ئەو هەموو خزمەتو پشتیوانییەی کوردی لە بیرکرد، ئەوەشی لە یاد نەمابوو ١٩٢٠/٤/٧ بە عەلی شان بەگی نوێنەری کورد دەڵێت بەریتانیاو فەرەنسا دەیانەوێت وڵاتی تورك بدەن بە یۆنان، لە کوردستانیش دەوڵەتی فراوانی ئەرمەن دابمەزرێنن و هەردووولامان بخەنە ژێر دەستی خۆیان و یۆنان و ئەرمەن و عەرەبەوە. ئەوەشی لە بیر خۆی بردبوویەوە لەشکری تورك بەپشتیوانیی هێزەکانی کورد، گەلی ئەرمەن سەرکوت دەکەن و هەر لە ئەردەهانەوە هەتا یەریڤان لە دەستەڵاتی پارتی تاشناق و ئەرمەن رزگار دەکەن. بڕیارە ئاشکراکانی هەردوو کۆنگرەی ئەرزرۆم ١٩١٩/٧ و کۆنفرانسی سیواس ١٩١٩/٨ و (تشکیلات میللی) دەکات بە ژێر پێوە کە خۆی دایمەزراندبوون. هەر بەوەشەوە نەوەستا، دەستدەکات بە جێبەجێکردنی پلانێك بۆ چەواشەکردنی کۆنگرەی پاریس و گۆڕینی راستییەکان و ئاوەژووکردنەوەی داخوازی و ئامانجەکانی کورد و بڕیاری سەرکردەکانی و پووچەڵ کردنەوەی هەوڵ و کۆششی بەردەوام و سەرکەوتووی ژەنەراڵ شەریف پاشای خەندان. باڵوێزی پێشووی دەوڵەتی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم ـ سوید کە چەندین زمانی گەلانی ئەوروپای دەزانی و لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا ناسراوو بەڕێز بوو جگە لەوەی نوێنەری کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانیشە لە کۆمەڵەی گەلان و کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس، مستەفا کەمال برووسکەیەکی ساختە بەناوی هەر حەفتاو دوو نوێنەرەکەی کوردەوە لە پەرلەمانی تورکیادا بۆ پاریس دەنێرێت و بە هەموو ئەوروپای راگەیاند کورد جیابوونەوەی ناوێت و حەزدەکەن پێکەوە لەگەڵ برا تورکەکانیاندا بژین! کۆمەڵەی بەرزیی کوردستانیش ـ جمعیت تعالی کردستان برووسکەیەکی بۆ هەموو باڵوێزەکانی وڵاتان لە تورکیا نارد ئەو بڕیارەی پەرلەمانتارانی کورد، ساختە و هەڵبەستراوە و لە پشت نوێنەرانی کوردەوە رەوانە کراوە و ئەوان ئاگادارنین و ئەوە بڕیاری کورد نییە سەربەخۆییان نەوێت، ساڵی ٩٢١ یش گورگەبۆری تورك شاندێکی کارتۆنی بەناوی کوردەوە دەنێرێت بۆ بەشداریکردنی کۆنگرەی مسوڵمانانی خۆرهەڵات لە باکۆ، ئەویش بڕیارەکانی "تشکیلات میللی"، کۆبوونەوەکانی ئەرزرۆم ١٩١٩/٧ و سیواس ١٩١٩/٨ لنگەوقووچ هەڵدەواسێت. بارودۆخە نێودەوڵەتییەکە، کە سەرەتا لە بەرژەوەندی کوردو ئەرمەن بوو وەك لە پەیمانی سیڤەر ئاشکرا چەسپیبوو، رۆژ بە رۆژ لە بەرژەوەندی تورکیا سەواو مامەڵەی پێدەکراو گۆڕانکاری بەسەردا دەهات. سەرکەوتووەکانی یەکەمین جەنگی جیهان ناکۆکبوون لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتەکان، بەریتانیا و فەرەنسا هەردووکیان چاویان لە هەرێمی موصڵ "کوردستانی باشوور" و سامانی نەوتەکەی کەرکوك بوو، هەردووکیشیان دەترسان مستەفا کەمال بکەوێتە باوەشی سۆڤێتەوە و تورکیا بکاتە جێگەپێ بۆ دەستبەسەرداگرتنی تورکیا و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کۆمۆنیزم و گەیشتن بە دەریای سپی ناوەڕاست و کەنداو، بۆیە کەوتنە سەرەتاتکێ و چاوداگرتن و پشی پشی بۆ مستەفا کەمال، لەلایەکی دیکەشەوە

بەریتانیا دژی هەوڵەکانی شەریف پاشای نوێنەری کورد بوو، لەوە دەترسا پشتگیری فەرەنسا دەکات بۆ دەستبەسەراگرتنی هەرێمی موصڵ و خواردنی بەشە هەرە چەورەکەی میراتی عوسمانی کە پڕە لە نەوت و جۆرەها کانزا... ئەو هۆکارانە هەمووی لە بەرژەوەندی تورك بوون، پەیمانی سیڤەر کە مافەکانی کوردی بەرجەستە دەکرد زیندەبەچاڵکراو پەیمانی لۆزان جێگەی گرتەوە، کە مافەکانی هەردوو گەلی کورد و ئەرمەن پشتگوێ دەخات و ئاوات و ئامانجە دێرینەکانی تاساندن کە خەریکبوو پێی شاد دەبوون. تورکیا لەبەرامبەر ئەوەدا سەرکەوتووەکانی جەنگ ئەدرنە، دەردەنیل، ئەستەمبوول، ئەزمیر و بۆرسە بدەنەوە بە کۆماری تورکیای مستەفا کەمال، ئەویش دەست لە هەرێمی موصڵ هەڵدەگرێت بلکێنرێت بە دەوڵەتی عێراقەوە لە ژێر چاودێری بەریتانیاداو سووریا و لوبنانیش بۆ فەرەنسا و سوڵتانی عوسمانی و کورد و ئەرمەنیش مایەپووچ و هەناسەسارد و ئاو بێنە و دەست بشۆ، لەگەڵ ئەو نامرۆییەی مرۆڤخۆرەکان بەرامبەر کورد کردیان و بەرژەوەندی تایبەت ژیان و مافی گەلانی کرد بە ژێرەوە، کورد هەر هیوابڕاو نەبوو، کۆڵینەدا، سەید رەزا ی دەستیدایە چەك و پشت بە دڵسۆزانی گەلەکەیی و چیاکانی کوردستان ماوەی نێوانی ۱۹۳۱ ـ ۱۹۳۳ سەنگەری کوردایەتی و بەرگری لە تورك دەگرێت... ئەویش بە ئامانج نەگەیشت و لەگەڵ دە رۆڵەی شۆڕشگێڕدا چاو لە سەربەخۆیی کوردستان بە ناکامی گەردنیان بوو بە پەتی سێدارەی تورکەوە و بەو ئاواتەوە سەردەنێنەوە، ئەو هەموو کارەساتە دڵتەزێنانە، ئەو هەموو خوێن و قوربانیدانە نابێت ورەی نەوەکان بنەوێنێت و چۆکیان بلەرزێت وەك شاعیری مەزنی کورد شێرکۆ بێکەس کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو دەڵێت:

**هەورازی قووچ چاوی زا تمان ئەترسێنێ**

**تولەڕێی باریکی دوژمن بەسەرماندا ئەفیشکێنێ**

بەڵکو ببنە مەشخەڵێك و بەرچاومان روون بکەنەوە و شێوە خەباتی گونجاو بکەینە بەرنامەی کار بۆ گەیشتن بە ئامانج و پەند و ئامۆژگاری لە رابوردوو وەربگرین و یەکەم هەنگاویش دەردی خۆخۆری و ناکۆکی بنەبڕ بکەین.

## داستانی قەڵای دمدم

میری لەپزێڕین یا عومەری جەلالی، پاڵەوانی داستانە پڕشکۆکەی پاراستنی قەڵای دمدی کوردە کە هێماو سونبولی دەستەڵات و فەرمانڕەوایی میرێکی کوردە لە ناوچەیەکی بەرتەسکی کوردستاندا لە هێرشی دڕندانەی هێزێکی لەشکرە گەورەکەی شاعەباسی صەفەوی، کە یەکێکە لە هەرە دەسەڵاتدارە دلڕەقەکانی مێژوو، شا عەبباس وەچاخ کوێر نەبوو، سێ کوڕی هەبوو، بەڵام وەجاغکوێر دەکەوێت، چاوەکانی کوڕی یەکەم و دووەم هەڵدەکۆڵێت، کوڕی سێهەمیش سەردەبڕێت! ئەسکەندەر مونشی تورکمان، مێژوونووسی تایبەتی شاعەباس، خۆی لە شەڕەکەدا بووە و رووداوەکان و کارەسات و مەرگەساتی جوامێری کوردە قەڵانشینەکانی بە چاوی خۆی دیتووە، کە وەك پڵنگی زامدار هەتا هێزیان لەبەردا بوو شەڕی ژیان و مردنیان دەکرد.[٦٠] ئەسکەندەر رووداوەکانی لە کتێبەکەیدا (تاریخ عالەم ئارای عەبباسی)دا

نووسیوەتەوە[٦١] و ئەو راستییەش ناشارێتەوە، کوردەکان چەند مەردانە و گیان لەسەر دەست رووبەڕووی لەشکرە دڕندە و پڕ چەکەکەی شا عەباس دەبوونەوە، کە هەموویان قزلّباش و لە دەروێش و موریدە سەرگەرم و توندڕەوەکانی شا عەباسو بنەماڵەی صەفەوی بوون و چەند جار کوردەکان بەرووداوا دەیانگێڕانەوە و زیانی بەرچاو لە هەردوو لایەنی هێرشبەر و بەرگریکار دەکەوت، هەردوولاش بڕیاری خۆیان دابوو، قزلّباش، گرتنی قەڵا و کوردیش بەرگریکردن هەتا مردن لەسەربەرزی و سەربڵندی قەڵای سەربەخۆی کوردان.

ئەوانەی دواتر داستانەکەیان نووسیوەتەوە:

١ـ ئۆسکارمان بەتایبەتی بۆ موزەففەرەدین شای قاجارەکانی نووسیوەتەوە و کۆڕی زانیاری کورد لە ژێر ناونیشانی توحفەی موزەففەرییەدا (التحفه المظفرية)دا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

٢ـ مستەفا صالح کەریم دایڕشتۆتەوە بە نێوی شەهیدانی قەڵای دمدم، صاڵی ١٩٦٠ لە سلێمانی چاپیکردووە و ئەو سەردەمە هاندەرو هەست بزوێنێکی کاریگەر و بەتاموچێژ بوو بۆ خوێندەوار و رۆشنبیرانی کورد.

٣ـ قەناتی کوردو لە زمان عەلی سلو جەلالی چیرۆکەکەی نووسیوەتەوە و بە نێوی چیرۆك و گۆرانی پاڵەوانێتی کورد، صاڵی ١٩٦٢ لە مۆسکۆ بە چاپیگەیاندووە.

٤ـ عارەبی شەمۆ، ئەویش بە ناوی چیرۆکی دمدم، صاڵی ١٩٦٦ لە یەریڤان چاپیکردووە و دواتر شەکوور مستەفا گۆڕیویەتییە سەر کوردی و هێمن موکریانی پێشەکی بۆ نووسیوە و کۆڕی زانیاری کوردیش لە بەرگێکی قەشەنگدا چاپیکردووە.

٥ـ جابای رووسی لە فەقێ تەیرانەوە وەریگرتووە بە نێوی چیرۆکی نەبەردەکانی قەڵای دمدم دژی قزلّباش لە دەمی فەقێ تەیرانەوە، بڵاویکردۆتەوە.

٦ـ ئۆردیخانی جەلیل، داستانی پاڵەوانێتی خانی لەپزێڕین (دمدم) بە رووسی نووسیوە و صاڵی ١٩٦٧ لە مۆسکۆ بڵاویکردۆتەوە.

٧ـ جاسم جەلیل بە نێو گۆرانییەکانی چیا،[٦٢] صاڵی ١٩٧٠ لە یەریڤان بڵاویکردۆتەوە، شەکوور مستەفا کردوویەتی بە عارەبی و پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوول پێشەکی بۆ نووسیوە و پێیداچووەتەوە و صاڵی ١٩٨٨ لە بیروت چاپکراوە و منیش لێرەدا کەڵکی زۆرم لێوەرگرتووە لە پاڵ سەرچاوە کوردی و عارەبییەکانی دیکەدا بۆ داڕشتنەوەی لە دەقێکی کوردی پوختەدا.

٨ـ عومەر شێخەڵڵای دەشتەکی (عمر شيخ الله الدشتكى) بەناوی داستان لە فۆلکلۆری کورددا (الملحمة في الفولكور الكردي) صاڵی ١٩٧٨ لە ئەربیل ـ هەولێر چاپیکردووە.

٩ـ دەقێکی دیکەش هەیە (عبدالحميد الحسينى) نووسیویەتییەوە کە لە زمان ئەحمەد کەریم ملخوار وەریگرتووە و صاڵی ١٩٨١ لە ئەڵەمانیای خۆرئاوا چاپکراوە.

دەقی دیکەش نووسراون، بەڵام ناونیشانیان عومەری جەلالییە.

## چیرۆکەکە

پوختەی چیرۆکەکە هەر لەوێوە کە یەکەمین جار دوژمنێکی کورد نووسیویەتی تا دەگاتە نووسەرانی کورد و چیرۆکی دەماودەم و دەقە فۆلکلۆرییە گۆرانی ئامیزەکان، دەتوانین بەمجۆرە کورت بکەینەوە:[٦٣]

لە قوژبنێکی وڵاتی کوردانـدا، لە نێو چیا سەرکەشەکان و لاپاڵ و چەمو نزارەکاندا، سەردارێکی کورد بە نێوی عومەر لە تیرەو هۆزی جەلالیاندا هەڵدەکەوێت و لە چیرۆکەکاندا بە عومەری جەلالی ناوبراوە، لەگەڵ هۆزەکەیدا ژیانێکی سادەو ساکار بەسەردەبەن و بە کشتوکاڵ و مەڕو ماڵات بەخێوکردن بەڕێوەدەچوون، ناوچەکەشیان دەکەوتە سنووری سەرزەمینەکانی ژێر فەرمانی سوڵتانی عوسمانییەوە. ڕۆژێك لە ناکاو چەند جەندرمەیەکی عوسمانی بە فەرمانێکی ڕەشەوە خۆیاندەکەن بە نێو گونددا، فەرمانی سوڵتانە و داوای عومەر دەکات بە پەلە بگاتە ئەستەموول، دەمڕاست و ریشسپییەکانی هۆز کۆدەبنەوەو دەکەونە ڕاوێژ چۆن لەم بەڵایە رزگار بن. دوا بڕیاریان بەوە دەگات بە عومەر بڵێن ئەگەر بچیتە ئەستەموول بە زیندوویی ناگەڕێیتەوە و دەتکوژن، خۆئەگەر سەرپێچیش بکەیت ئەوە پەلامارمان دەدەن و دەمانکەنە نیشان بۆ گوللە تۆپەکانیان، ئینجا دەمڕاستی یەکەم ڕوو دەکاتە عومەر و دەڵێت: کوڕی خۆم، خاکی یەزدان فراوانە، لێرە نا، لەوێ، ئێرە بۆ تۆ ژیانی تێدا نەماوە، باڵی جەور و ستەمیش تا دێت درێژتر دەبێت و گەیشتۆتە گەردنمان، یەزدان پشتیوان بێت و سەرکەوتوو و سەربڵندت بکات. هەموویان ئەو ڕێگەچارەیە پەسەند دەکەن، عومەر ماڵئاوایی لە وردو درشتی هۆزەکەی دەکات و نیوەشەوێك دەکەوێتە پێش دایكو باوك و هاوسەر و منداڵەکانی و ڕێگای هاتوونەهات دەگرنەبەر، کە ڕۆژ هەڵدێت و بەرچاوی ڕووندەبێتەوە هەستدەکات لە سنووری دەستەڵاتی عوسمانییەکان دەرچوون و کەوتوونەتە سنووری فەرمانڕەوایی شاهەنشاهی ئێرانەوە لە هەرێمی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و نیزیك بە دەریاچەی ورمێ. بارو بارگەیان لە بەرزاییەکدا خست کە دەیڕوانی بەسەر ئاوە شین و سازگارەکەی دەریاچەکەدا، ڕاستە سوڵتانی عوسمانی دەستی بەوێدا نەدەگەیشت، بەڵام ئەوێش (مولکی) شا عەباسی صەفەوی شای ئێرانە و ئاگاداری خشەی مارو مێرووە، بەتایبەتیش کە خۆی دەگۆڕی و لە بەرگ و شێوەی دەروێش و چەرچی و بازرگاندا بە وڵاتدا دەگەڕا تا بزانێت دانیشتوان چیان لە ژێر سەرو لە بن زماندایە، ئاخۆ دڵسۆزو گوێ لە مستن یا سەربزێوو بەرهەڵستکارن و دژی ئەو دەدوێن. جارێك لەو جارانە کاروانێکی بازرگانی ڕێکدەخات و خۆی لە بەرگی بازرگانێکی دەوڵەمەنددا دەگۆڕێت. کاروان بە نیزیك هەواری عومەری جەلالیدا تێپەڕ دەبێت، شا، کە هەواری ئاوەدانی جەلالیان دەبینێت گرژ دەبێت، چۆن کەسانێکی غەوارە و نەناس لەم دەڤەرە نیشتەجێبوون و ئەو ئاگادار نییە، ئەمانە کێن و چ کارەن؟ تاوی ئەسپەکەی دەدات و بەتاکە سوارە دەچێتە بەردەم ڕەشماڵەکان و بانگ دەکات: کێ لە ماڵە جامێك ئاوم بداتێ، عومەر دێتە دەرەوە، جڵەوی ئەسپەکەی لێدەگرێت و پێشوازییەکی گەرمی دەکات و دەیباتە ماڵەوە، کاسەیەك دۆی ساردی بۆ دێنێت، دوای پشوویەك شا دەپرسێت: دەمێکە لێرەن؟ گەورەم صاڵێك پترە، دووبارە شا دەپرسێت: چۆن لەم چۆڵەوانییەدا هەڵدەکەن؟ ژیان دوور لە ئاوەدانی سەختە، عومەر لە وەڵامدا دەڵێت: من کوردم لە دەست زۆرداری و بێ

دادی تورك و چەوساندنەوە و دادۆشین رامکردووە و لەم دەڤەرە گیرساومەتەوە، کە سەرزەمین و مولّکی شای ئێرانە، خودا بیپارێزێت و سەرکەوتووی بکات، میوانەکە دەڵێت: کوڕی ئازا، دڵنیام سەر بە هۆزی جەلالییانیت، گەر شاهەنشا بزانێت لێرەیت بەشی خۆت زەوی و زارت پێدەبەخشێت ئاوەدانی بکەیتەوە، ئەی تۆ لە بەرامبەردا چی دەکەیت؟ بەڵام چاوەڕوانی وەڵامی خانەخوێیەکەی ناکات و دەڵێت: پشکۆیەك ئاگرم دەدەیتێ قلیانەکەم داگیرسێنم؟ عومەر دەستووبرد بەهەردوو پەنجە گەورە و پەنجەی شایەتمان کەڵەپشکۆیەکی گەشاوەی لە ئاگردانەکە دەرهێناو دەیخاتە سەرلەپی دەستی و لەبەردەمی میوانەکەدا رادەوەستێت. لەگەڵ ئەوەشدا شاهەنشا لە دڵسۆزی و میواندۆستی خانەخوێکەی سەری سوڕدەمێنێت کەچی بە ئەنقەست، بەهێمنی و بەکاوەخۆ توتنی دەکردە قلیانەکەی و چاویشی لەم کوڕە کوردە نەدەترووکاندا، بێباکە لەوەی ئەوە چەند خولەکێکە کەڵەپشکۆ دەستی دەبرژێنێت و بۆکڕوزی لێهەڵدەستێت. شا چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد عومەر بەرگە نەگرێت، هاوار بکات یا پشکۆکە بهاوێتەوە ئاگردانەکە، بەڵام نەء، وەك رم لە بەردەمیدا چەقیبوو، چاوەڕوان بوو میوانەکە قلیانەکەی داگیرسێنێت!

عومەر خۆیدەگرت، بەڵام شا لەوە پتر خۆی رانەگرت، بەرزەپێ هەڵدەستێت و هاوار دەکات، دەستت خۆش پاڵەوان، شیری دایکت پێ حەلاڵ بێت، ئەمجا قلیانەکەی پێدەکات و کیسەیەك زێڕ لە جێگەی پشکۆ ئاگرەکە دەخاتە مستیەوە و دەڵێت: شایانتە، نۆشی گیانت بێت، شا هەرئەوەندەی وت و سواری ئەسپەکەی دەبێتەوە و تێیتەقاند، عومەریش هەر لێکیدەدایەوە، ئەم میوانە کێ بوو دڵی لە بەرد رەقتر بوو؟ صالان هاتن و رۆیشتن، رۆژێك نێردراوێکی دەوڵەت دێت بە عومەر رابگەیەنێت شاهەنشای مەزن داوایدەکات لە دەربار ئامادە بێت. عومەر نەیدەزانی شای ئێران ئەوی بۆ چییە، بەڵام دەبوو بچێت، هەرکە گەیشتە دەربار و لەبەردەم شاهەنشادا راوەستا، شا، دەپرسێت: جوان تەماشا بکە، بزانم دەمناسیتەوە، پاڵەوانی جەلالیان، عومەر زوو ناسییەوە، لە وەڵامدا وتی: شاهەنشا تەمەن درێژ بێت، رۆژێك بە رێکەوت ئێمەتان بەسەرکردەوە و گەورە و شەرەفمەندتان کردین.

شاهەنشا: لە ئێستا بە دواوە کارمەندێکی لە دەربار.

قوربان من شایەنی ئەو پلەو پایەیە نیم، ئەگەر هەر دەبێت لە خزمەتتاندا بم، بفەرموون بە مەیتەری ئەسپەکانتان دابنرێم. شا: چۆن حەز دەکەیت با وابێت.

لەو رۆژەوە عومەر دەبێتە مەیتەری رەوە ئەسپە تایبەتیەکانی شاهەنشا.

عومەر دەمێکبوو دایك و باوك و منداڵەکانی نەدیبوو، دڵێکی هەر لای ئەوان بوو، وەهای بە بیردا هات رۆژێك رەوە ئەسپەکە بۆ دەوروپشتی دەریاچەکەی ورمێ بەرێت، بەیانییەکی زوو ئەسپێکی عارەبی رەسەن تاو دەدات و رەوە ئەسپەکە بەرەو ورمێ پێش خۆی دەدات، بەڵام بۆ نەگبەتی باندێکی دزو رێگر پەلاماری دەدەن، ئەویش هەر ئەوەندە فریا دەکەوێت پارێزگاری لە گیانی خۆی بکات و خۆی لە نووکی رم و شمشێرەکانیان بپارێزێت، بەڵام هەر ئەوەندەی کەبینی یەکێك لە رێگرەکان ئەسپەکان دەفرێنێت، عومەر دەبێتە ئاگر و دەچێتە گیانیان، بەراست و چەپدا دەستی دەوەشاند، ئەوانەی بەرنەکەوتن رایانکرد،

برینداره‌كانیش به ئازاره‌وه ده‌یاننالاند، عومه‌ر گالته‌ی پێكردن، هه‌ستی به برینه‌كه‌ی شانی نه‌كردبوو، خۆیگه‌یانده ره‌وه ئه‌سپه‌كه و داهاته‌وه بۆ رێگره‌كه، به‌لام ده‌ستی هه‌لنه‌هاته‌وه، كابرای رێگر هه‌ستیكرد زامداره په‌لاماریدا و له شوێنێكی دیكه‌وه زامداری كردو بۆیده‌رچوو، عومه‌ریش ره‌وه ئه‌سپه‌كه‌ی گێڕایه‌وه و خوێن له زامه‌كانی ده‌چۆڕا.

شا، هه‌واله‌كه‌ی وه‌ها پێگه‌یشت، عومه‌ر سه‌ربه‌خۆ ئه‌سپه‌كانی دوورخستۆته‌وه و رێگر په‌لاماریان داوه و ئه‌سپه‌كانیان به‌تالان بردووه و عومه‌ریش به كزی و داماوی و سه‌رشۆڕی گه‌ڕاوه‌ته‌وه. شا زۆر تووڕه ده‌بێت، بڕیارده‌دات بیكوژێت. كه عومه‌ریان هێنایه به‌رده‌م شا، هه‌ر هه‌موو كاربه‌ده‌ستانی ده‌ربار له ترسا ده‌له‌رزین، شا به عومه‌ر ده‌لێت: خوێڕی ترسنۆك كوا ئه‌سپه‌كانم، هه‌ر ئێسته پارچه پارچه‌ت ده‌كه‌م، شای مه‌زن پایه‌دار بێت، ئه‌سپه‌كان له ته‌ویله‌كاندان ئالیك ده‌خۆن، ته‌نها منی نۆكه‌رتان زامدارم و زامه‌كانیشم قوولن و خوێنم زۆر له‌به‌ر رۆیشتووه، شا، كه راستی رووداوه‌كه‌ی بۆ ده‌ركه‌وت دلگرانبوو، وتی: گیانی خۆت خسته قه‌بەلی شا، به‌لام شا ناچێته ژێر منه‌تی پاله‌وانان، له ئه‌مڕۆوه ده‌بیته خان و خانه‌دان لای من، بلێ بزانم داخوازیت چییه، عومه‌ر جه‌لالی، خانی له‌پزێڕین له مال و سامان له شاهه‌نشای خۆتی وه‌رده‌گریت.

شای مه‌زن ته‌مه‌ن درێژ بێت، مال و سامان گه‌وره‌یی و سه‌ربه‌رزی به مرۆڤ نابه‌خشن، مرۆڤ ده‌بێت بۆ ژیانێكی ئازاد و به‌ختیار بگه‌ڕێت، داواكارم له‌و هه‌واره‌ی لێی ده‌ژین شای مه‌زن هێنده‌ی كه‌ولی گایه‌ك زه‌ویم پێببه‌خشێت خانووبه‌ره‌ی لێدروست بكه‌ین‌و به دلنیایی و ئارامی بژین. شا، دایه قاقای پێكه‌نین و وتی برۆ ئه‌وه‌نده‌ی كه‌ولی گایه‌كم زه‌وی پێببه‌خشیت، به‌لام نه‌كه‌ی له‌وه پتر پێ درێژ بكه‌یت.

خانی له‌پزێڕین به شادمانیی و دلی پڕ له هیوا ده‌گه‌ڕێته‌وه نێو چیا و دۆل و دارستان و جه‌نگه‌له‌كانی كه‌ناری گۆمی ورمێ، دوور له ژیانی كۆشك و ته‌لار و ده‌رباری شا، كه ساتێك هه‌ستی به ئاسووده‌یی نه‌ده‌كرد.

خانی له‌پزێڕین گایه‌ك سه‌رده‌بڕێت، پێسته‌كه‌ی شیتال شیتال ده‌كات و وه‌ك گوریس درێژیده‌كاته‌وه و شوێنی قه‌لایه‌كی گه‌وره‌ی پێوانه كرد! شا، كه ئه‌وه‌ی بیسته‌وه زۆر پێكه‌نی و له ژیری و زرنگی خان سه‌ری سوڕما، ناردی به دواییدا پرسیاری لێده‌كات: خان، داواكاری دیكه‌ی هه‌یه، پله‌ی خان، بالاتر ده‌خوازیت؟ یه‌زدان پایه‌به‌رز و ته‌مه‌ن درێژتان بكات، خان یه‌كێكه له به‌نده و كۆیله‌كانتان، چیكه‌ی ناوێت جگه له ۳۰۰ سێصه‌د لاوی كورد بۆ دروستكردنی خانووبه‌ره بۆ خێلەكه‌م، شا مژێك له قلیانه‌كه‌ی ده‌دات و ده‌لێت: ئه‌وا سێصه‌د به‌نده‌ی كوردم پێدایت، برۆ ده‌ستبه‌كاربه خانی له‌پزێڕین.

سێصه‌د لاوی كورد، تازه سمێلیان بۆر كردبوو، ئازاو به هه‌لمه‌ت، كلاوی خوری له‌سه‌ردا، خه‌نجه‌ر به به‌رۆكه‌وه له به‌رده‌م خاندا په‌یمانیاندا یه‌كدلۆ یه‌كده‌ست كار بكه‌ن. خانیش ده‌لێت: براینه ئالێره‌دا قه‌لاكه‌مان هه‌لده‌چنین، به‌رله‌وه‌ی بیر له مردن بكه‌ینه‌وه، بیر له ژیان ده‌كه‌ینه‌وه، ئێره ده‌بێته ژینگه‌و گۆڕستانیشمان، لێره‌دا ده‌ژین و هه‌ر لێره‌شدا ده‌مرین، به‌رهه‌می ره‌نج و ده‌ستوبازووی خۆمان ده‌خۆین،

ئەوەی دەیکەین بۆ خۆمان و ماڵو منداڵ و نەوەکانمانە، ئەوە یاسای ژیانی ئێمەیە لەم شوێنەدا، با ناوی خودای لێبهێنین و دەستبەکار بین.

لاوەکان بە دڵ کاریان دەکرد، هەستیان بە ماندووبوون و کات نەدەکرد، زۆرانبازییان لەگەڵ گا بەردەکاندا دەگرت، بە هەوڵو ماندووبوونێکی زۆر خانووبەرەیان دروست کرد، قەڵاش بەرزبوویەوە، هێندە بەرز بوو تەنها ئاسمان لەو بڵند تر بوو، دامێنیشی شیوو دۆڵ و بێشەلان بوو، ئێستا هەر ئەوە ماوە ناوێك لەم قەڵایە بنێین شایانی بێت، چەندو چوونیان زۆر کرد، باوکی خان، تاوێرە بەردێکی لە قەڵاوە گلۆر کردەوە، بازدان و هەڵبەزو دابەزی تاوێرەکە لە چیاو دۆڵەکاندا دەنگیدەدایەوە، هەر جارێك بەرز دەبووەوە و دەکەوتەوە بە چیاکەدا، دەنگێکی وەك (دم)ی لیٚ بەرزدەبوویەوە، چەندبارە بوونەوەی ئەو دەنگی (دم)ە دەبوو بە دم دم دم.....

ژیان و بەرەوپێشچوونی ژیان بەستراوە بە خۆشەویستی و دڵپاکییەوە، لە هەرکوێ ژیان هەبێت خۆشەویستی و پێکەوەژیانیش هەیە، گوڵ و درەخت بە ئەوینی خۆرو ئاوو خاك دەپشکوێن و گوڵ و گەڵا دەکەن، چرۆکانیش لە عیشقی بەهارە خونچە دەکەن و دەگەشێنەوە و گوڵی رەنگاو رەنگ دەگرن، مرۆڤ بێ خۆشەویستی دەشکێتەوە، ئاگردانەکانیش بیٚ پشکۆ سارد دەبنەوە و دەکوژێنەوە.

خانی لەپزێڕین لەگەشتێکیدا رێگەی دەکەوێتە ناوچەی مەرگە، بەرێکەوت چاوی بە گوڵبەهار دەکەوێت، هەر لە یەکەمین نیگاوە شەیدای دەبێت، گوڵبەهار چی، رووی وەك مانگی تابان، ئەگریجەی وەك شەوی دەیجوور، چاوەکانی وەك تریٚ رەشکەی کوێستانەکان، گەش وەك خۆری نیوەڕۆی هاوینان، بالای بەرز و شلەك وەك بالای چناری گویٚ رووبارەکان.

کوڕانی قەڵا، سوارچاك و پڕ چەك، پۆشتەو خاوێن لە قەڵا دابەزین بەرەو مەرگە، بووك دەگوازنەوە بۆ سەرۆك... خانی مەرگە گرژ دەبێت و هەڵدەچێت، نەڕاندی: ئادەی کوڕگەل، نەهێڵن بووك بگاتە جیٚ، قەڵا بگرن و گوڵبەهارم بۆ بهێننەوە. چەکدارانی خانی مەرگە لەناکاو پەلاماری کەژاوەی بووك و کوڕانی قەڵا دەدەن، شپرزەیان کردن و دەستی کوشندەیان لێوەشاندن، بەڵام بوونی گوڵبەهار گوڕوتینێکی لەبەرنان، خۆیان کۆکردەوە، گوڵی دمدم نەکەوێتە دەست دوژمن، دوژمنیان شکاند، ئەوەی نەکوژرا رێگەیەکی لەبەردەمدا نەما جگە لە راکردن یان مردن. کوڕی خانی مەرگە یەکێك بوو لە دیلەکان، ئەو هاتبوو زەماوەندی کوردانی قەڵا بکاتە شین، بۆیە خانی لەپزێڕین لێی بەقینبوو، فەرمانیدا بیکوژن و سەرەکەی بنێرنەوە بۆ پیرەپیاوەکەی باوکی.

دمدم هەر قەڵا نەبوو، ولاتێك بوو پڕ لە ژیان، پەناو داڵدەی ئەو کوردانە بوو لە دەست ستەم و بێدادی شای ئێران یا سوڵتانی عوسمانی پەنایان بۆ دەهێنا.

خانی مەرگە بۆ تۆڵە دەگەڕا، بەڵام چۆن؟ بەرامبەر سەختی و سەربڵندی قەڵاو ئازایەتی قەڵاییان کارێکی پێنەکرا، بۆیە خۆی دەگەیەنێتە لای شا عەباسی صەفەوی، ژاری رەشی بندانی دەرێژێت:

ئاخۆ شاهەنشاهی مەزن ئاگادارە خانی کوردان ئەو قەڵایەی دژی ئێوە بەرزکردووەتەوە؟ شا، باوەڕ

دەکات، دەنێرێت بە دووی خانی کورددانڕا دەمودەست لە دەربار ئامادە بێت، ئەگینا خراپی بەسەر دێت، ئاخۆ بیری چووەتەوە ئێمە چاکەمان لەگەڵدا کرد. دووبارە فەرمانی ڕەشە و ئەمجارەیان لای شای ئێرانەوە، ریش چەرموو، پیاوماقوولان کۆدەبنەوەو دەکەونە راوێژ چۆن لەم بەڵایە رزگار بن، هەرچەند سوور دەیانزانی شا بەو وەڵامە قایل نابێت، بەڵام رێگەچارەیەکی دیکە نەبوو شەرەفی کوردان و سەربەرزی قەڵا لەکەدار نەکات، ناچار بەمجۆرە و لە زمان خانی لەپزێڕینەوە وەڵامیان بۆ شای ئێران ناردەوە: شای مەزن پایەدار بێت، بەندە شیاوی ئەوە نییە بێمە دەربار بۆ خزمەتتان، هەمیشە پێزان و بەئەمەك و دووعاگۆتانم.

کە نێردراوەکە بە تەنها گەڕایەوە، شا بەرچاوی تاریکبوو، فەرمانیدا قەڵا وێران بکەن، داری بەسەر بەردیەوە نەهێڵن، لەشکرێکی قەبەی ئامادەکردو خانی مەرگەش دەبێتە کراس سوری بەرلەشکر. لەشکر کەوتەرێ، وەك شارە مێرووله بەرەو قەڵا دەچجان. بارو بارگەیان لەو نزیکانە خست. خانی کوردان وەها رۆژێکی لەبەرچاو بوو، شەیپووری جەنگ لێدرا، کوڕانی کورد بۆ پاراستنی قەڵا و پووچەڵکردنەوەی نیازی گڵاوی خانی مەرگە کە هەر شەڕو دوژمنایەتی نییە، سووکایەتی کردنیشە بە خانی لەپزێڕین و ژاکاندنی گوڵبەهاری بووکی قەڵا بەزۆرەملێ. کەواتە سەر نەویناکەین، گەر دەمرین، بە سەربڵندی دەمرین بۆ ژیان. کەسێك لە قەڵاییان دەستەئەژنۆ دانەنیشت، هەریەکە و لەوەی لەبەردەستیدا بوو لە شمشێر و قەڵغان و رم و تیروکەوان و خەنجەر و تەور و تەنانەت بەردیش، خۆیان چەکدار کرد، عومەریش ماڵ بە ماڵ دەگەڕا و بەسەری دەکردنەوە، پێداویستی و کەموکوڕییەکانی جێبەجێ دەکرد، گۆشەو قولەکانی قەڵای دەپشکنی و چاوەڕوانیدەکرد، دوژمن چ نەخشەو پلانێکی داڕشتووە بۆ پەلامار، ئەو شەوە نەنووست، بەبێداری رۆژیکردەوە، هەواڵ گەیشت، دوژمن سبەینێ پەلامار دەدات. عومەر دەستپێشخەری کردو بەهێزێکەوە بە نهێنی لە قەڵا دابەزین، دوژمن لە خەودا بوو، تیرو رم و بەردیان بەسەردا دەباری ئادەی شێرەکوڕانی قەڵا، کاتی نەبەردییە، هۆ خانی مەرگە بزانم چ پیاوێکی، کە رۆژبوویەوە ئینجا دەرکەوت دوژمن چەند پەرێشان و شپرزەن، چ زیانێکی قورسیان بەرکەوتووە و کوژراوو برینداریان چەند زۆرە. خانی مەرگەش هەرگیز لەو باوەڕدا نەبوو بەمجۆرە شەرمەزاری بەردەم شا بێت، قەڵاییەکان بە سەرکەوتوویی کشانەوە نێو قەڵا، دوژمنیش کە هاتەوە سەر خۆی، گەمارۆیدان، گەمارۆیەك باڵدار بفڕێت باڵی دەشکێت، ناڵدار بڕوات ناڵی دەشکێت. خانی کوردان فەرمان دەدات دەرگای قەڵا بکەنەوە و بۆیان دابەزن. هێز بەرەو خوار بە گوڕو تین خۆیدا بە لەشکری دوژمندا، شەڕ بووە شەڕی دەستەویەخە، خوێن ناوچەی شەڕەکەی سوور کرد، کوژراوو بریندار لە ژماردن نەدەهات، دوژمن بە پەلەپرووزە هەڵدێن و لاشەی کوژراوەکانی و تاڵانییەکی زۆریان بەجێهێشت.

لەشکری قەڵاییان بە سەرکەوتوویی و دەستکەوتێکی زۆرەوە گەڕانەوە و خۆیان ئامادەکرد بۆ گوژمێکی دیکە ئەگەر دوژمن بگەڕێتەوە. شای ئێرانیش بۆ پشتیوانیی لەشکرەکەی و خانی مەرگە لەشکرێکی قەبەتر و هێزێکی تۆپخانە دەنێرێتە سەر قەڵا و رۆژانە بە ئاگری تۆپەکان دەیکوتا،(٦٤) بەڵام کاری لە قەڵای سەخت و سەربڵندی کوردان نەدەکرد، وورەی جەنگاوەران بەرز بوو، خواردەمەنی و ئازووقەش هێشتا زۆر

بوون، خۆفرۆش و بەکرێگراویشی تێدا نەبوو، سێوە لاسوورە چەند جوانە، بەڵام پەنا بە خوا کە کرم تێیدا و گەرای تێداخست، لە نێو قەڵاشدا مارێکی رەشی کوشندە پەیدا بوو، پەپکەیخواردبوو، مەحموود مەرکانی ناپاك دڵی بەگوڵبەهارەوە بوو، بەجۆرێك شەیدای بووبوو بڕیار دەدات بەهەر نرخێك بێت دەبێت بۆ ئەو بێت. بۆ ئەوەی رۆژانە گوڵە ببینێت، دەبێتە مەیتەری عومەر، بەڵام بەرگەی فوویەکی عومەر ناگرێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر ناپاکیی نیشتمان و خۆفرۆشی، هەرچۆنێك بوو نامەیەك دەنێرێت و خۆیدەگەیەنێتە بەردەم کۆشکی خانی عەجەم.

ـ فەرموو، وەرە پێشەوە، رێگەی بۆ بکەنەوە دانیشێت، قاوەی بۆ بێنن.

ـ گەورەم ژێر فەرمانی ئێوەم، بفەرموون بچمە خزمەت شای مەزن و هەرچی نهێنییەکانی قەڵاکەیە بیخەمە بەردەستیان. ئەو ناپاکە کە دەیبەنە بەردەم شا، دەڵێت:

شا پایەدار و تەمەندرێژ بێت، لەسەر رووی زەوی قەڵایەك نییە وەك قەڵای دمدم، هەروەك بەردەکانی بەسەر یەکتردا توابێتەوە و بووبێتە پۆڵا، خواردن و ئازووخەی دوو ساڵیشیان هەیە، خوا بتانپارێزێت، بڵێم چی، سەرداری قەڵاکە قارەمانێکی لەشکربەزێنە، بەڵام خاڵێکی لاوازی هەیە، کە بەندەی نۆکەرتان دەیزانێت و ناچار دەرگای قەڵاتان بۆ دەکاتەوە، خودا دەست بە باڵتانەوە بگرێت، ئاویان لە دەرەوەی قەڵاوە بە جۆگەیەکدا لە کارێزێکەوە راکێشاوە، ئەو سەرچاوەی ئاوەیان لێبگرین تینوێتی و بێ ئاوی کوێریان دەکات و لە برساندا دەمرن. شا فەرمانیدا بە پەلە بچنە سەرچاوەی کارێزەکە، هەڵیاندایەوە و پەرداخێکی زێڕیان بۆ شاهەنشا پڕ کرد، کە خواردییەوە لە مەحموودی ناپاك دەپرسێت:

چی پاڵپێوەنایت ناپاکی لەگەڵ ئەو پیاوە ئازایەدا بکەیت، چۆنیش پاداشت بدەینەوە، شای مەزن پایەدار و تەمەن درێژ بێت، مەبەستم تەنها ئەوەیە نۆکەریتان بکەم، خۆئەگەر دەفەرموون خەڵاتیش بکرێم گوڵبەهارم پێببەخشن.

شا نێوچاوانی گرژ بوو، تیلە چاوێکی تێکرد و پڕ لە رق و سووکایەتی و وتی:

تۆ کە رێگای ناپاکیت هەڵبژاردووە و شەرەفی خۆت بۆ ئارەزووی ئافرەتێکی مێردار دۆڕاندووە، نابیت بە پیاوێکی پیاوانە. ئادەی ئەسپێك ئامادە بکەن هەردوو لاقی ئەم خوێڕییەی لێببەستن هەتا دەتۆپێت. ئەوە سزای ناپاکییە، مەحموود زۆر پاڕایەوە، کەوت بەسەر پێڵاوەکانی شادا، کەڵکی نەبوو، ئەسپەکە بە دوای خۆیدا کێشیدەکرد بەسەر بەردو دار و بەرزی و نشێودا هەتا هەلا هەلا بوو.

ئاوی جۆگەکەیان بڕی، ژمارەیەکی زۆر مەڕو ماڵات و حوشتریان سەربڕی و خوێنەکەیان کردە جۆگەکەی بەرەو قەڵا، قەڵانشینەکان هەندێکیان دەشڵەژێن و سامێك دایاندەگرێت، دەکەونە نوێژ و پاڕانەوە لە پەیامبەران و پیاوچاکان، بەڵام پاڕانەوە کەڵکی چییە؟ زۆربەشیان ورەی بەرز بوو، شوورەییدەکرد بگری، ئەستێرك و مەشکە ئاوەکان پڕن، بارانیش بەڕێوەیە، هەرئەوەندەش دەنگمان بگاتە (وان) و (سیپان)، خزمانی جەلالی و برایانی کوردی دیکە فریامان دەکەون، عومەر وەها ورەی بەرز دەکردنەوە و ئاهێکی وەبەر شپرزەکاندا دەهێنایەوە، لەراستیشدا دوو نامەی بۆ وان و سپیان ناردبوو، بەڵام چوار لایەنی قەڵا

تەنرابوو، ئاوەکان کەوتبوونە دەست دوژمن و مژدەیان بە شا گەیاند، عومەر داوای یارمەتی کردووە، قەڵا دەکەوێت. شا پێکەنی، داوای یارمەتی و کۆمەکی لە کوردانی برا و هاوڕەگەزی کردووە، بەو خوێڕییەی کۆنە مەیتەری وڵاخەکانم بڵێن لە رووی شاهەنشادا دەوەستێتەوە، رۆژگاری ئەو تەواو، هەردوو نامەبەرەکەش سەربڕن و سەرەکانیانی بۆ بنێرنەوە با بزانێت سەرئەنجامی کارەکەی بەچیدەگات، دوای ئەم فەرمانە ئاگربارانی قەڵا دەستیپێکردەوە.

باوکی عومەر: کوڕینە ترسنۆکانە مەمرن، دوژمن بێتە نێو ماڵەکانتانەوە، با لێرەدا مەردانە لە برسان لە تینووان بمرین و کە هاتنە سەرمان سەگ و پشیلە لاشەیان خواردبێن، کەس فریامان ناکەوێت، لە قەڵا دادەبەزین و دوژمن دووردەخەینەوە، ئافرەت و کچۆڵان و زارۆکان دەردەکەین، ئەوان بەچکەشێرەکان پەروەردە دەکەن، بەڵکو لە ئێمە ئازاترن، ئەوانە رزگار دەکەین، بزانین یەزدان دەرووییەك بکاتەوە، کوڕینە دڵنیام ئەمە دواهەمین جەنگمانە، سەربکەوین یا ژێر بکەوین، با کات بەفیڕۆ نەدەین. عومەر بیریدەکردەوە، گوڵبەهاریش پەستو نیگەران بوو، عومەر بە سۆزێکەوە دەچێت بەلایەوە: ژیکەڵانەکەم، بۆ ئەوە هاتوویتە ژیانەوە بەسەر لوتکەی چیاکانەوە بژیت نەك لەنێو کۆشك و تەلاردا، تۆ مامزی ئەم چیاو هەردانەی وڵاتی کوردانیت، دوو کوڕمان هەیە، هەوڵبدە وەك بەچکە شێر پەروەردەیان بکەیت، هەموو خەموپەژارەکانت دەڕەوێننەوە، ئەوینی راستەقینە وەك شیری پاك وەهایە دڵنیام ژەهری تێناکەیت، کاتێك کارەکەش دەبێتە کاری شەرەف و سەربڵندی دەزانم چیدەکەیت، هەتا لە ژیاندا ماویت ئەم کاتە لەیاد مەکە، با منداڵەکانمان بزانن چیمان کردووە و لە بارودۆخی نالەبارمان ئاگاداربن. گوڵبەهار بە بێدەنگی دەگریا، دوو دڵۆپ فرمێسك بەسەر کولمە ئاڵەکانیدا هاتنەخوار و وتی: بڕۆ شێرە پیاوەکەم، پڕ دڵت ئەوین و خۆشەویستی بێت، گوڵبەهار بە قوربانت بێت، پیاوی قوربانی و خۆشەویستی نابەزێت، شێریش لە لانە هاتە دەر چ نێر بێت چ مێ، ناهێڵم دوو کوڕەکەمان هەتیوو بکەون، بە شیری مەردایەتی و بەرخۆدان پەروەردەیان دەکەم، سوێند بەو شمشێرەی دەستت هەر بۆ تۆ دەژیم و ئەو پیاوەی دەیەوێت جێگەی تۆ بگرێتەوە هێشتا لە دایك نەبووە، بێخەمبە، خوێنی شێر، نێر یا مێ نابێتە ئاو، بڕۆ یەزدان پشت و پەناو هاوکارت بێت.

تاریکی باڵی رەشی بەسەر قەڵا و دەووروبەریدا کێشا، دەرکەکان خرانە سەرپشت، لێشاوی کوڕانی جەنگاوەر وەك لافاو ئەودیو دەبوون، دیوارەکانی قەڵا لە هەندێك شوێنەوە رووخابوون، دوژمن چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد، شاڵاو نەبوو، لافاو بوو، هاژەی دەهات، دوژمن حەپەسان و کۆنترۆڵیان لەدەستدا، شەپۆلی هێرشی کوردان دیواری گەمارۆی دوژمنی رووخاند و کەلێنی خستە ریزەکانیانەوە، کوژراوو برینداەرەکانیان دەبوون بە ژێر پێوە، بەڵام مرۆڤ پۆڵا نییە، گۆشت و خوێنە، خوێنی کوردانیش تا قوڵپی دەدا شەڕی ژیان و مردنیان دەکرد..

دوژمن کە هاتنە نێو قەڵاوە، چۆڵ، سوتاو، لە هەموو لاوە گڕی لێهەڵدەستاو بەرەو ئاسمان بەرز دەبووەوە، وەك گلەیی لە یەزدان بکات ئەم بێدادییەی بۆ بەسەر کوردانددا هێنا. بەر لە تەقاندنەوەی قەڵا، ئافرەتێك لە

ژێر زەمینەکانەوە هاتە دەرەوە، دەستی دوو منداڵی گرتبوو، ڕێیاندەکرد و دوا ئاوڕیان لە قەڵای سەربەرزی و بەرخۆدانی کوردان دایەوە و روو لە چیاو دۆڵەکان بەرەو رەشماڵی جەلالیان، لە جەنگاوەرانی قەڵا کەسێك دیل نەکرا، باڵندەکانیش چیتر لەوێ هێلانەیان نەدەکرد و بولبولەکانیش لەوی نەیاندەخوێند تەنها دەنگی شوومی کوندەبەبوو دەبیسترا.

ژیان کۆتایی دێت بە خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە، هەزاران قەڵای سەخت و ئازایەتی وەك قەڵای دمدمی کوردانیش، بەڵام ئەوەی هەرگیز نامرێت هەستی خۆشەویستی مرۆڤ و وڵاتە کە بە ئێمە گەیشتن و بوونە چیرۆك و گۆرانی و بوونە مێژووی شانازی و سەربەرزییمان و وەك داستانی نەبەردی هەر دەیانڵێینەوە.

ئەحمەدی خانیی مەزن ١٦٥٠ ـ ١٧٠٧ز. ژیاوە، چل ساڵ دوای داستانی پاڵەوانێتیی و قوربانیدانی قەڵای دمدم لە شاکارە بەنێوبانگەکەی مەم و زیندا کە چیرۆکی ئەویندارییی وێژەی کورد دەباتە ئاستی رۆمیۆ وجۆلێت، هەستی وڵاتپارێزیی و کوردایەتیی زیندوو دەکاتەوە.(٦٥)

## نووسینەوەیەکی دیکەی داستانی قەڵای دمدم(٦٦)

زاناو مێژوونووسی گەورەی کورد محەمەد ئەمین زەکی پشت ئەستوور بە گێڕانەوەکەی ئەسکەندەر مونشی نووسەری تایبەتیی شا عەباسیی صەفەوی کە خودی خۆی لە شەڕەکەدا بووە، داستانەکە بە جۆرێکی جیاواز دەگێڕێتەوە. دەمەوێت سەرنجی خوێنەر رابکێشمە سەر ئەوەی دوو مەزنی کورد،میر عەبداڵخانی میری برادۆست و میرخانی لەپزێڕینی برادۆست، هەردووکیان نازناوی برادۆستییان پێوەیە، بەڵام عەبداڵخان کە لەگەڵ ئەحمەد پاشای کۆنە صەدری ئەعزەم (سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی عوسمیی) و دواتر والی هەرێمی وان نێوانیان خۆشبوو، دە رۆژ میوانی عەبداڵخان بوو بە خۆی و لەشکرو دەست و پێوەندەکانەوە کە یەکێکیان گەڕیدەی بەنێوبانگی تورك، ئەولیا چەلەبیی بوو، تێکەڵاویی و دۆستایەتیی خان و والی بە دۆستایەتییەکەی نێوان خەلیفەی عەبباسی هارون ئەلڕەشید و جەعفەری بەرمەکیی (کورد) دەچێت کە دەگاتە رادەیەك خەلیفە،جەعفەری بەرمەکیی بانگدەکاتە کۆشکی تایبەتیی و حەرەم سەرای خێزانی خۆی و لەگەڵ عەبباسەی خوشکیدا پێکەوە دادەنیشتن، دواتریش خەلیفە رقێك بەسەریدا زاڵ بوو فەرمانیدا چۆلەکە کوژ لە بەرەی بەرمەکیدا نەهێڵرێت، جەعفەری بەرمەکیش دەکرێت بە چەند پارچەیەکەوە هەر پارچەیەکی بەسەر یەکێك لە پردەکانی بەغدادا هەڵدەواسرێت! لەوەش سەیرتر، ئەو شمشێروەشێن(جەللاد)ەشی کوشت کە خۆی فەرمانیدا بوو جەعفەر پارچە پارچە بکات! دەیوت چاوم بەرایی نایەت کەسێك ببینم دۆست و هاودەمێکی ئازیزی کوشتووم!!

عەبداڵخانی میری بە توانا و هەڵکەوتووی بتلیس کە ئەولیا چەلەبی چی لە زانست و هونەر و لێهاتوویی و شکۆمەندیی و پێشکەوتنی شارستانیی ئەو میرە کوردە دەگێڕێتەوە جێگەی سەرسوڕمانی خۆی و ئەحمەد پاشای والی و سوڵتان مورادیش بوو، ئێرەیی بە پێشکەوتنی ئەو میرنشینە کوردە دەبەن و بە فرمانی سوڵتان موراد، ئەحمەد پاشا لە ١٠٤٥ کۆچیدا پەلاماری دەدات.... پاڵەوانی قەڵاکەی دمدیش عومەری جەلالی نێوانی لەگەڵ شا ئیسماعیلدا خۆشبوو، جێگەی باوەڕ و متمانەی شا بوو، بەڵام قزڵباشەکان چاویان

به هاتنه پێشەوەی میرێکی کورد و سوننە مەزهەب هەڵنەدەهات، دەکەونە پیلانگێڕان و درۆو دەلەسە هەڵبەستن و چاڵ هەڵکەندن بۆ لەنێوبردنی گوایە عومەری جەلالی میری کوردان لە دروستکردنی قەڵای دمدم نیازی سەربەخۆیی لە مێشکدایە، هەرچەند میرخانی برادۆست ١٠١٧ك مۆڵەتی دروستکردنی قەڵاکەی لە شا عەبباسی صەفەوی وەرگرتبوو. ئەمین زەکی چیرۆکەکە بەشێوەیەکی جیاواز لە دەقەکانی دیکەی داستانی قەڵای دمدم دەگێڕێتەوە و لێرەدا بە هەندێك دەستکارییەوە دامڕشتووەتەوە،کە پوختەکەی بریتییە لە[٦٧]: پاڵەوانی قەڵای دمدم یەکێك لە سەرۆك خێڵەکانی برادۆست بووەو لەگەڵ شا محەممەد بەگی میری برادۆستدا هەڵناکات.[٦٨] باردەکا و دووردەکەوێتەوە، ماوەیەك لەنێو میرەکانی کورددا بەسەردەبات و دواتر کەم یا زۆری خایاندبێت لە سایە وسێبەری عومەر بەگی میری سۆراندا دەگیرسێتەوە و لە شەڕێکی نێوان میرنشینی سۆران و دوژمندا،باڵێکیَ لە ئانیشکەوە بەر شمشێری دوژمن دەکەوێت و دەپەڕێت،بەو هۆیەوە لە نێو دۆستاندا بە میری یەکدەست و دواتر بە میر زێڕین و میری لەپزێڕین و لە نێو دوژمنیشدا بە (ئەمیر خان قولاچ)[٦٩] واتا میرە گۆجە ناو پەیدا دەکات.

ئەو کاتەی شا عەبباسی صەفەوی (شا عەبباسی یەکەم) لەشکر دێنێتە سەر نەخچەوان و ئەریوان، میری یەکدەست یا میرە گۆجە پەیوەندی دەکات بە شا عەبباسی صەفەوییەوە و دەچێتە ریزی لەشکرەوە. زۆری پێنەچوو بەرچاوی شا دەکەوێت، پێشیدەخات، بە رێزەوە تەماشای دەکات و لەخۆی نێزیك دەخاتەوە، سەرۆکایەتیی هۆزی برادۆست و ناوچەی برادۆستی بەرەو رووەدەکاتەوە و هەرێمی شنۆ و ورمێشی دەخاتە سەر و ژێردەستەڵاتییەوە و فەرماندەدات دەستوباڵێکی لە زیو بۆ دروست بکەن و نازناوی (خان)یشی پێدەدات، ئیتر لەوکاتەوە هەر بە میرخانی زێڕین یان خانی لەپزێڕین ناودەبرا و بەهرەکانی خۆیی، بیَ پشتیوانیی هیچ کەسێك لە لێپرسراوانی دەرباری شا بەڵکو ناحەزیی و دژایەتیکردنیشیاندا بەئاشکرا و نهێنی و پیلان و چاڵ بۆ هەڵکەندن، بەهرەکانی خۆیی دەنواند وبەشایستەیی جێگەی خۆی کردەوە. ئەو میرە هەڵکەوتووەی کورد بە ژیریی و زانست و وریایی و ئازایەتیی و بوێریی و دەمکوتکردنی نەیارەکانی بە کردار و رەفتاری جوان کە بەردڵی شا دەکەوتن و تا دەهات پتر نێزیکی دەخستەوە و گوێی بە ناحەزو نەیا رەکانی نەدەدا و پشتگیریی لێدەکرد، لە ماوەیەکی کورتدا دەبێتە دیارترین و مەزنترین میرەکانی دەوڵەتی صەفەوی بە فارس و کوردەوە و بە ئازایەتیی، ژیریی، راپەڕاندنی کاروبار پتر دەکەوێتە بەردڵی شا عەبباس. میرو سەرانی قزڵباش[٧٠] ناوبانگ و باڵادەستیی میرێکی کوردیان بۆ قوتنادرێت و زۆر لەسەر دڵیان گرانبوو، بەڵام میری کوردان گویَ بە جیقوفیقی ناحەزان نادات، شا عەباسیش تا دەهات پتر روویدەدایە، میریش هیچ هەلێکی لەدەست نەدەدا، چەندین تیرە و هۆزی کوردەکانی بندەستی عوسمانییەکانی لە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیدا کۆکردەوە، میرە بێهێزەکانی کوردیش بۆ خۆپاراستن لە هەردوو دەسەڵاتی عوسمانیی و صەفەویی دەچنە ژێر سایەو سێبەری میرەوە، بەڵام ناحەزەکانی لەم هێزو دەستەڵاتە فراوانە دەکەونە بەرمەترسیی لە دەستدانی پلەوپایە و بەرژەوەندییەکانیان، بۆیە هەموویان لەبەرەیەکدا کۆدەبنەوە و سەر دەنێن بەسەری یەکترەوە بۆ بێهێزکردن و لەناوبردنی میر. شا عەبباسی صەفەوی صاڵی

١٠٣٧ك. له شەڕی (چغاڵزادە) له تەوریزەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەلماس (شەلماش)، میر دیدەنی شا دەکات و مۆڵەت وەردەگرێت بگەڕێتەوە مەڵبەندی باووباپیرانی و قەڵایەکی گەورەش لەسەر چیایەکی بەرز و سەرکەش له نێزیك قەڵا رووخاوەکەی ورمیێ و له شوێن کۆنه قەڵایەکی دێریندا دروستبکات. پێشەنگی ناحەزانی میری برادۆست، فەرمانڕەوای تەوریز بوو، پیر بۆداق که دوژمنێکی بەدەست و سەرسەخت بوو، ناحەزانی کورد و سوننەش له دەرباری شا، که میر به هیچی نەدەزانین و دەمی چەور نەدەکردن پشتگیری پیربۆداق دەکەن، دروستکردنی قەڵا به جۆرێك دەخەنه بەرچاوی شا عەبباس که میری کوردان له خۆی گۆڕراوە و زیادەڕوویی دەکات و سەرەتای یاخیبوونیەتی... شا هەرچەند باوەڕینەدەکرد، بەڵام گومانێك پەیدا دەکات و بڕیاری دروستکردنی قەڵاکه هەڵدەوەشێنێتەوە. میر نیازی خراپی نەبوو، پارێزگاریی بەشێك له سنووری خۆرئاوای ئێران بەو سپێردرابوو که به وڵاتی عوسمانییەوە دەنووسا، هەرکاتێك لەشکری عوسمانیی لەو قۆڵەوە پەلاماری ئێران بدات بەسەر شنۆ، لاجان، ورمیێ و ناوچەکانی ژێر فەرمانی میردا پێشڕەوی دەکات، بۆیە میر پێویستی به قەڵایەکی سەربازیی پتەوو هەبوو بۆ پاراستنی ناوچەکه و دواخستنی هێرشی دوژمن هەتا هێزی فریاکەوتنی بۆ دێت. میر پاکانەی زۆر بۆ شا دەکات له نیازپاکی خۆی دڵنیای بکات، کەڵکی نەبوو، ئیتر رێگایەکی لەبەردەمدا نەما، به ملکەچیی خۆی دا بەدەستەوە و وەك میرەکانی بەرلەخۆی پێو گەردن له زنجیر و کۆت و پێوەند له زیندانی (قەقهەقە)دابێت هەتا دەمرێت یا شمشێری بەرەنگاری هەڵکێشێت و بەرگری له میرایەتییەکەی بکات.

لەم ماوەیەدا میر ئەبداڵ خانی برای شێخ حەیدەری میری موکریان له ئێران یاخیدەبێت و پەنا بۆ میری برادۆست دەبات، لەولاشەوە چواردە هەزار له جەلالییەکان له دەوڵەتی عوسمانیی یاخیدەبن و پەنا بۆ ئێران دێنن. شای ئێران بڕیاریدا ئەو پیاوخراپانه له خۆی دووربخاتەوە و له کوردستان دایانمەزرێنن و هەر زیان و خراپەکارییەکیان لەدەست دەقەومێت بۆ کورد بێت، بۆ ناچارکردنی میریش، بڕیار دەدات هەر میرو لێپرسراوێك کارئاسانییان بۆ نەکات و جێگەیان نەکاتەوە مۆڵکەکەی دەدرێتە ئەو پیاوخراپانە... میری برادۆست دەیزانی ئەم ماسته موویەکی تێدایە و هەر زوو له فیکەی خۆی تێدەگات، رێگەنادات ئەو بەڵایە روو بکاته کوردستان و میرنشینەکەی تووشی گەرِوگێچەڵ و شەڕی جەلالیی بێت.

جەلالی یا جەلالییەکان کۆمەڵێك مورید و دەروێشی کابرایەکن بەنێوی جەلال، لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی یاوزدا بانگەشەی پەیامبەری دەکرد گوایە موحەممەدی مەهدییە و دەرکەوتۆتەوە، گەلێك یاخیو پیاوخراپ پەیوەندی پێوە دەکەن، هێزی چەکدار پێکەوە دەنێن، قەرەحەسار داگیردەکەن و پێشڕەویدەکەن بەرەو ئەنقەرە... جەلال دەگیرێت و دەیکوژن، بەڵام مورید و دەروێشەکانی له ئەنەدۆڵ زۆر پەرەدەسێنن و ماوەی حەوت ساڵێك لەو هەرێمەدا کوشتوبڕ و تاڵان و دەستدرێژی دەکەن، دواتر دەچنه پاڵ فەرمانڕەوایی حەلەب. دوای کوژرانی جەلال، قەلەندەر ئۆغلی موحەممەد پاشا سەرکردایەتی دەکردن، صەدری ئەعزەم موراد پاشا له ١٠١٧ کۆچیدا لەشکریان دەکاتە سەر، له هەردوو شەڕەکانی ئەلبیستان و بایبورە دەیانشکێنێت و دەیانکات به خاکی ئێراندا و بەهۆی فەرمانڕەوای ئەریوانەوە، میرکۆنەخان، شا عەبباس

داڵدەیان دەدات.

میری برادۆست فەرمانێکی بۆ دێت بە ٢٠٠ـ ٣٠٠ جەنگاوەرەوە پەیوەندی بە هێزەکەی حەسەن خان بکات کە سەرپەرشتی جەلالییەکانی دەکرد، ئەگەر خۆی ناتوانێت، با کوڕێك و نوێنەرێك بنێرێت، میری برادۆست بەراشکاوی وەڵامیان دەداتەوە کە بە جوانی نازانین هاوبەشی لەشکرێك بکەین هەزارەها یاخیو خوێنرێژی جەلالی تێدا بێت، چاکتر ئەوەیە هێزی ئێمە لە دوای ئەوانەوە بین، ئەوانیش ئەمە دەکەنە بیانوو، بڕیاری شەڕ دەدەن و بەرەو قەڵاکەی دمدم دەجووڵێن، لە یەکەمین پێکهەڵپڕژاندا چەند کوژراوو بریندارێکی جەلالی لێدەکەوێتەوە، سەرکردەی جەلالییەکان قەلەندەر ئۆغلی بۆ تۆڵەسەندنەوە پەلاماری قەڵاکە دەدات، شا عەبباس ئەوکاتە لە ئەردەوێڵ بوو، فەرماندەدات بە حاتەم بەگی وەزیر (أعتماد الدوله) دڵنەوایی میری برادۆست بکات و جەلالییەکان لە قەڵا دووربخاتەوە و رێگە نەدات شەڕ بقەومێت.

ئەمین زەکی بەگ ئۆباڵی شەڕ دەخاتە ئەستۆی قزڵباشەکان و دەڵێت شا دڵپاك بوو، میری کوردانیش شمشێری لە رووی ئێراندا هەڵدەکێشا، بەڵام هەتا وەزیر فریا دەکەوێت حەسەن خان دەست دەکات بەدابەشکردنی زەوی و زارەکانی میر بەسەر جەلالییەکاندا، هاوکات سەردارێکی جەلالییەکان، موحەممەد بەگ ناوێك کە سەرکردایەتی ٣٠٠ سێ صەد سوارێکی دەکرد لە ترسی زەبرو زەنگی قەلەندەر ئوغلی پەنا دەباتە بەر میری برادۆست.

وەزیر دێتە تەورێز، لە هێزەکەی پیربۆداق، میروەلەد غازی بەگی کوردی فەرمانڕەوای شەلماش، هێزەکەی فەرمانڕەوای ئانزەل و صۆفای لەگەڵ دوو هەزار سوارێکی جەلالی لەشکرێك کۆدەکاتەوە و ٢٦ شەعبان ١٠١٧ کۆچی دەگاتە ورمێ و رۆژی دواتر باوەڕپێکراوێکی خۆی و مەلیك ئاغا موحەممەدی تسووحی دۆستی میری برادۆست دەنێرێت بۆ قەڵای دمدم، بۆ رێککەوتن. لە ئەنجامدا وەزیری شا و میری کورد لە دامێنی قەڵای دمدم کۆدەبنەوە و بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و چارەکردنی کێشەکە، میری برادۆست پارێزی خۆی پاکدەکاتەوە و بۆ پیشاندانی دڵسۆزی و ژێرفەرمانی خۆی و رەواندنەوەی گومانی ئەو پیلانەی ناحەزەکان بەردەوام لە دژیدا دەیگێڕن پێشنیار دەکات کوڕێکی بەدیارییەوە بنێرێتە خزمەت شای مەزن و خۆشی بەهارێ بە خزمەتیان بگات، بەڵام جەلالییەکان و قەلەندەر ئۆغلی سەرۆکیان و حەسەن خان ناحەزمانن، ناتوانم تێکەڵاوییان بکەم.

وەزیر بەسەرزارەکیی باوەڕ بە میردەکات، بۆ ئەوەی کەسیش وابیرنەکاتەوە میر یاخیبووە، سبەینێ بەدەست و پێوەندەوە بێنە خوارەوە و میوانی وەزیر بن و سەرانی جەلالیش بانگ ناکرێن. میریش لای خۆیەوە بەسەرزارەکی و لە رووداپێشنیارەکە پەسەند دەکات و کە دەگەڕێتەوە قەڵا لەگەڵ لێپرسراوان و دەمڕاستەکانی میرایەتییدا کۆدەبێتەوە و بە هەموویان بڕیار دەدەن نەچێتە ئەو میوانییە، چونکە وەزیر نیازی پاك نییە و هاتنەکەشی هەر بۆ ئەوە بوو بە فێڵ و تەڵەکەبازی میر بکەوێتە داوەوە و لەناویبەرێت یا پەلاماری قەڵا بدەن، بووچوونەکەشیان لە جێگەی خۆیدا بوو، وەزیر لە ئامادە نەبوونی میر ناپرسێتەوە، یەکسەر بە ٢٥ هەزار سەرباز و تۆپخانەوە پەلاماری قەڵا دەدات، کە هەر هەزار جەنگاوەری کوردی

تێدابوو بەرگری بکەن. خالّی لاوازی کورد لەم رووبەڕووبوونەوەیەدا ئەوەبوو هێزی نێو قـەڵا لـە چـاو هێـزی دوژمـندا کەمبوون و لە هەموو روویەکەوە دوو هێزی نابەرامبەر بوون، قەڵاکـەش هێشـتا تـەواو نـەبووبوو، هەموو پێداویستییەکانی بەرگری و خۆڕاگرتنی تێدا بێت، جگـە لـەوەی سەرچاوەی ئـاوی قـەڵاش کەوتـە دەست دوژمن، بەڵام میر چیبکات، ئەوە دوژمنە و یەخەی گرتووین، بەو حاڵەشەوە شەش حەوت مانگێـك مەردانە بەرگریدەکات و چەندین هێرش و پلانـی دوژمـن تێکدەشـکێنێت، بۆیـە دوژمـن پـەنا دەباتـە بـەر هەڵکەندنی تونێلێك لەژێر زەوییەوە خۆی بگەیەنێتە تاکە سەرچاوەی ئاوی قەڵاکە، کانیـاوی سـەولەق کـە دەکەوێتە دامێنی چیای ژێر قەڵاکەوە.

قزڵباشەکان دوای سێ مانگ ئابلۆقـە و بـەزیانێکی گیـانی زۆر دەستبەسـەر کانیاوەکـەدا دەگـرن، بـەڵام یەزدان یارمەتی قەڵانشینان دەدات و نێزیکەی مانگێك بەردەوام بارانێکی چاك دەبارێت و ئەستێرکی قـەڵا پڕ دەکات کە بەشی سێ مانگ پێویستییەکانی گەمارۆدراوەکانی دەکرد، بۆیە دوژمن زۆر چاوەڕوان ناکەن، بەهۆی تۆپبارانی خەست و بنکـەنکردنی قـەڵاوە دێنـە پێشـەوە، بـەڵام دەسـتیان نەدەگەیشـتە ئـەو قـەڵای سەربەرزی کوردە، وەزیریش بەو داخەوە شەوێك لە ناکـاودا دەمرێـت و سـەرکردەی قزڵباشـەکان موحەممەد بەگی شاملو سەرکردایەتی هێرشەکە دەکات. مـیر هێزێکـی ئـەوتۆی بـە دەسـتەوە نـەمابوو، هـەر صـەد جەنگاوەرێك دەبوون، دوای راوێژکردن بەهاوکارەکانی پەیامێك بۆ سەرکردەی دوژمن دەنێرێت کە ئامادەیـە خۆی بدات بەدەست ئەوەوە.

ئەسکەندەر مونشی دەڵێت دوایی بۆمان دەرکەوت میری برادۆست پلانێکـی لـە ژێـر سـەردا بـوو، بێتـە خوارەوە و لە کاتی دانیشتن و وتووێژدا پەلاماری سەرکردەکانی قزڵباش بدەن و بگەڕێنەوە (نارین قـەڵا)[٧١] ئەگەر رێگەی گەڕانەوەشیان نەبوو شەڕی ژیان و مردن بکەن (ژیانی خۆیان بە گران بفرۆشن). ئەبداڵ خـانی موکریانی و چەند هەڤاڵێکی لە نارین قەڵا دێنە خوارەوە و دەخرێنە ژێر چاودێری سەردارێکی قزڵباشەوە بە نێوی خەلیفە ئەلیاس، لەبەرامبەردا سەرداری صەفەوییەکانیش سەردەکەوێت بۆ قەڵا، بـۆ لای مـیر. مـیرو کوڕە گەورەکەی و جەنگاوەرەکان بە تەواوی چەك و قەڵغان و زرێپۆشەوە لـە قـەڵا دێنـە خـوارەوە و لەگـەڵ موحەممەد بەگدا رووەدەکەنە خێوەتی سەرلەشکر و سەرانی قزڵباشـیش بانگـدەکات بـۆ کۆبوونـەوە. حەسـەن خانی دوژمنی خوێنخۆری میر، دڵی موحەممەد بەگ کرمێ دەکات و دەڵێت چۆن خۆت و براکانت لـە نێـو ئەم یاخییە پڕچەکانەدا دادەنیشن، پێویستە لەیەکتریان دابـڕین و هەرچـەند چـەکدارێکیان لـە خێوەتێکـدا دابنێین و میرو کوڕەکـەی و چـەند چـەکدارێکیش لای تـۆ بـن. سەرلەشـکر بووچـوونەکە پەسـەند دەکـات و دەیکاتە بڕیار، میری برادۆستیش بەرلەوەی بڕیارەکەی پێبگات هەست بە شتێك دەکات و ناچێتە ژێـر ئـەو بڕیارە و لە یەکتر جیانابنەوە، لەو لاشەوە خەلیفە ئەلیاس دەیەوێت میر ئەبدال و هەڤاڵەکانی چەك بکـات، ئەوانیش دێنە دەست و چەند کەسێکیان کـوژراوو بریـندار دەکـەن و شـەڕ گـەرم دەبێت. مـیر دڵنیـا بـوو کەوتوونەتە داوەوە، پێکرا دوژمن دەدەنە بەر دەسترێژ و ئەوانەی دەورو پشتیان دەکوژن و هاوکات خۆشـیان دەکەونە بەر ئاگری تفەنگی دوژمن و لەو دۆزەخـەدا دێنـە دەرەوە و دەسـتەو یەخـە و بـەو ژمـارە کەمـەوە

دوژمن شپرزە دەکەن و لە داستانێکی نەبەردیدا شێر و پڵنگەکانی کورد دواهەناسە دەدەن و گورك و ڕێوی دەکەونە لوورە لوور.

## دابڕینی کورد لە یەکتر، ژێردەستی و چەوساندنەوە بەرنامەکانی ڕاگوێزان و تواندنەوە کارەکتەری مرۆڤی کوردی شێواندووە .

### گەلی باشکورد و کۆماری باشکورد بەرچاوترین نموونەی ڕاگوێزانی کورد

ئەمڕۆ لای دۆست و دوژمن روون و ئاشکرایە، کورد لە نەتەوە هەرە کۆن و دێرینەکانی سەرزەوییە و چوارەمین نەتەوەی خۆرهەڵاتی ناوەندەو گەورەترین نەتەوەی جیهانیشە لەسەر رووبەرێکی فراوانی خاکی خۆیان دەژین کە هیچ لەمپەر (سنوور)ێکی سروشتییان لە نێواندا نییە و وەك نەتەوەش خاوەنی زمان، کولتوور و مێژووی هاوبەشن، کەرتوپەرت و ژێردەستەو چەوساوەن و لە سادەترین مافە نەتەوەییەکانیان بێبەشن و لە نێوان تورك و فارس و عەرەب و رووسدا بوون بەژێرەوە. ژمارەی کورد لە کوردستانی باکووری بندەستی تورکیا و کوردستانی خۆرهەڵاتی بندەستی ئێران و کوردستانی باشووری بندەستی عێراق و بەشی خۆرئاوای بندەستی سووریا و بەپەرشو بڵاویش لە کۆمارەکانی قەفقاسدا ٤٠ ـ ٤٥ ملیۆن کەمتر نین، رووبەری وڵاتەکەشیان ٢٢٠ دووسەدو بیست هەزار میلی چوارگۆشە پترە، چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی و ستراتیژیش خەملاندوویانە زۆر نابات لەهەردوو وڵاتی تورکیا و عێراق دا ژمارەی کورد ئەوەندە هەڵدەکشێت دەبنە زۆرینە لەچاو سەرجەم دانیشتوانی ئەو دوو وڵاتەدا.

مێژووی کورد و رابردووە پرشنگدارەکەی نەنووسراوەتەوە و بزر بووە، ئەوەی نووسراویشەتەوە، نەتەوە سەردەستو داگیرکەرەکان بەو جۆرە تۆماریانکردووە لە خزمەت بەرژەوەندی خۆیان و درێژەپێدانی چەوساندنەوە و چەواشەکردن و سەرکوێرکردنی کورددا بێت بۆ تواندنەوەیان لە بۆتەی تورك، فارس، عەرەبدا، دوای شێواندنی کارەکتەری کورد، سڕینەوەی دابونەریتی کۆمەڵایەتی، لەبیربردنەوەی زمانی زگماكو بەکارنەهێنانی. ئاشکرایە ئەم هەوڵانە کەموزۆر کاری خۆیانکردووە لە نەتەوەیەك بەشی هەرە زۆرو بەرچاوی نزیکەی سێ هەزار ساڵی مێژووی خۆی بە کەرتوپەرتی و ژێردەستی و خزمەتکردنی نەتەوە دراوسێکانی و ئاینی ئیسلام بەسەربەرێت و هەر لە سەردەمی خوری ٣٠٠٠ـ ١٥٠٠ پز، گۆتی ٢١٥٠ـ ٨٢٨پز، کالدی،ماننس، لۆلۆ، سوبا ٩٠٠ـ ٧٣٦پ. ز، هەتا دەگاتە سەردەمی ماد ـ میدیا ٦٧٢ـ ٥٥٠ پز، کە تاکە دەستەڵات و قەوارەی نەتەوەیی کوردە و لەوە بەدواش فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئەخەمەنی (کەیانی) ٥٥٩ـ ٣٣٠ پز.

دەوڵەتی ئەرمەن ٥٥٩ـ ٢٢٣ پز، ئەشکانی ٢٤٧پز ـ ٢٥٠ز، ساسانی ٣٠٠ــ ٦٣٧ز، (٢٥٠ــ ٦٣٧ز)، رۆمی بیزنته ؟ ـ ٢٩-٥-١٤٥٣/١٤٥٤، دەوڵەتی ئیسلام ٦٣٧ـ ٦٦١ز، دەوڵەتی ئومەوی ٦٦١ـ ٧٥٠ز، دەوڵەتی عەباسی ٧٥٠ـ ١٢٥٠ز، هێرشی مەغۆل ١٢١٧ـ ١٣٨٢ز، هێرشی سەلجوقەکان ١٠١٩ـ ١١٩٦ز، (فەرمانڕەوایی سەلجووق لە عێراق و سووریا ٧٥٣ز)، دەوڵەتی عوسمانی ١٢٩٩ــ ١٩٢١ز، دەوڵەتی صەفەوی ١٥٠١ـ ١٧٣٦ز، دەوڵەتی زەند ١٧٥٣ـ ١٧٩٤ز، قاجار ١٧٩٤ـ ١٩٢١ز، ئێرانی نوێ (دەوڵەتی پەهلەوی ـ رەزا شا ١٩٢٣ـ ١٩٧٩)، کۆماری تورکیا بەسەرۆکایەتی موستەفا کەمال ١٩٢٣، شانشینی عێراق ١٩٢١ـ ١٩٥٨ و دانانی فەیصەڵی یەکەم ١٨٨٣ـ ١٩٣٣ بە شای عێراق بە هاوکاری بەریتانیا، هەتا ئەو کاتە و دواتریش وڵاتی کوردان بەردەوام مەیدانی سەرەکی ململانێ و پەلامارو پێکدادان و خوێنڕشتن و کاولکاری نەپساوەی نێوان ئەو هێزانە بووە و کوردیش دەبوون بە سوتەمەنی ئەو زۆرانبازییانە کە کەموزۆر بەرژەوەندی ئەوی تێدا نەبوو. ئەمە سەرەڕای ئەوەی چەندین جاریش دووچاری قەڵاچۆو پاکتاوی نەژادی و هەڵکەندن لە زێدی باووباپیران و دووخستنەوەش هاتوون.ئیبن خەلدوون ١٣٣٢ـ١٤٠٦ز.ئەوەی بۆ تۆمارکردووین کە دووای هێرشەکەی مەغۆل چەند هۆزێکی کورد پەرەوازەی وڵاتانی سووریا،میصر و جەزایر بوون .ئیبن بەتتوتەی مەغریبیش لە کتیبی(أخبارالملوك) دا خەلیفەی موسوڵمانان مەروان بە کورد داناوە، بەڵام ئەوەی زۆرتر سەرنج رادەکشیت ئەوەیە لە نیوان زمانی هەنگاری و دیالیکتی ناوچەی شەنگاڵ ـ باشووری کوردستان صەدەها ووشەی هاوبەش هەبن بهەمان واتاو بگرە بە هەمان فونەتیکیشەوە .! (بروانە سەلام ناوخۆش، ستانداردبوونی زمانی کوردی،چ١،هەولیر ٢٠١٠

راگوێزانی هۆزی هەمەوەند لەناوچەکانی چەمچەماڵ و کەرکووکەوە بۆ شارەکانی ئەدەنە، سێواس لە تورکیا و شارەکانی وڵاتی شام، یەمەن، میصر، لیبیا و جەزائیر نموونەی ئەو راستییەن. زۆربەی هەرە زۆری ئەو راگوێزراوانە هەر لەو وڵاتانە ماونەتەوە.(صەفەوییەکان بۆ پاراستنی سنوورەکانی خۆرهەڵاتیان لە مەترسیی هێرش و پەلامارداني رووسیای قەیسەری، بەردەوام پەنایان دەبردە بەر راگواستنی کورد لەکوردستانەوە بۆ ناوچەی خۆراسان . سەردەمی نادرشای ئەفشاریش، کورد لەلەشکرکیشییەکاندا بۆسەر هندستان بەشداربوون و وەك سەعید نەفیسی وتوویە،نزیکەی ٥٠٠٠ هەزار جەنگاوەریان نەگەرانەوەو بە هندستان و پاکستان و ئەفغانستاندا بلاوبوونەوە .) بروانە: عەبدلقادر رۆستەم بابانی، رەوشی کوردان (بە فارسی) کەریمی حیسامی کردوویە بە کوردی ل.٧ونوری کەریم وەریگێڕاوەتە سەرعەرەبی، وەریگرتووە لە (ألحرکە التأربخیە لاکراد خوراسان لمؤلفە کلیم الله التوحیدی) .

هەمەوەندەکان کە ئاوارەی میصر دەکرێن، بەشێکیان نەیانتوانی ٣٠٠٠ سێ هەزار کیلۆمەتر رێگای گەڕانەوە بۆ کوردستان ببڕن، هەر لەوێدەمێننەوە، ئەوانە نەوەکانی فەقێ قادری هەمەوەندی[٧٢] و مرۆڤگەلی دیکە بوون، میری شاعیرانی عەرەب ئەحمەد شەوقی، کەڵە نووسەرو زانای وەك عەبباس مەحمود ئەلعەقاد، تەها حسێن، شێخ موحەممەد عەبدەی زانا، هاوڕێ و هاوکاری جەمالەدینی ئەفغانی، موحەمەد عەلی پاشای والی میصر[٧٣]، سەرۆکی پێشوتری تورکیا، تۆرکۆت ئۆزال، یەکەمین سەرۆك کۆماری جەزائیر

ئەحمەد بن بیللا، سیاسەتمەداری ناسراوی میصرو باڵی راستی جەمال عەبدولناصر، زەکەریا محێدین، ئەکتەری ناسراوی سینەمای میصر مەحمود مەلیجی، سەرۆك وەزیرانی هەرە پێشووی ئوردون (وصفی التَّل)[٧٤] و زۆری دیکەش وەك تاك، خێزان و بنەماڵە، بەڵام لە رووسیا (گەل)ێك لەنێوچەی سیبریا دەژین لە بنەڕەتدا لە کوردستانەوە راگوێزراون و لەو کوردانە جیاوازن لە یەریڤان، ئەردەهان، قاقزمان سەربەناوچەی قارس دەژین یا ئەو کوردانەی دوای مۆرکردنی پەیمانی گوڵستان ١٥٢٤ کەوتنە رووسیاوە. (١٨٢٨ دوای هێرشی تورك، کورد لە وڵاتی فارسەوە هاتنە یەریڤان و ١٨٧٨ یش لە قارس و ئەردەهانەوە کۆچەدەکەن بۆ رووسیا)،[٧٥] یان بەشێك لە کوردستان دوای سەرکەوتنی رووسیا لە شەڕێکدا بەسەر تورکیا، ئێراندا بەپێی پەیمانێك دەبوو بە بەشێك لە رووسیا، ئەوەی رووسیا دانی پێداناوە ژمارەی کورد لە رووسیا (بەپێی سەرژمێرەکەی ساڵی ١٩١٠ تەنها سەدو بیست و پێنج هەزار بوو، بیستو پێنج هەزاریان یێزیدی بوون)[٧٦]، بەڵام ئەو (گەل)ی کوردەی لە سیبریا دەژی، بەر لە یەکەمین جەنگی نێوان رووسیا و تورك ١٦٧٦ ـ ١٦٨١ لەو ناوچەیە ژیاون، بەوپێیە ئەو جەنگانەی دواتریش لە نێوانیاندا روویانداو هەتا ١٨٧٨ی خایاندو پچڕپچڕ دوو سەد ساڵ و بەسەریەکیشەوە تێکڕا چل ساڵ درێژەیان کێشا، با بزانین ئەو گەلە، گەلی باش کورد لە سیبیریا کێن؟

لە یەکێك لە ناوچەکانی سیبریادا، نزیکەی ٤٠٠٠کم بەلای باشووری رۆژهەڵاتی مۆسکۆی پایتەختی رووسیادا کۆمەڵێك کورد نزیکەی ٤٠٠ چوار سەد ساڵێك لەمەوبەر لەو ناوچەیەدا گیرساونەتەوە و کردوویانەتە نیشتمانی خۆیان.

مێژوونووسی یۆنانی بەناوبانگ هێرۆدوتس باسیان دەکات و دەڵێت: ئەم گرووپە کوردن و لەگەڵ ئەو کوردانەی لە سەدەی بەردین و ناوەڕاستدا لە میسۆپۆتامیادا دەژیان یەك نەژادن.

ئەو هۆزگەلە کوردەی سیبریا، ئەمڕۆ ژمارەیان چەند ملیۆنێکەو دەکەونە نێوان ١٥٠ ملیۆن دانیشتوانی گەلانی جیاوازەوە کە زۆربەیان رووسن . ئەم بەشەی گەلی کورد لە سیبریا پارێزگاریی دابونەریتی باووباپیرانیان کردووە و شانازی بەوەوە دەکەن کە کوردن و لەناوچەکەدا بە (گەلی باش کورد) ناسراون و بە خاکەکەشیان دەوترێت وڵاتی باش کوردستان، پایتەختەکەشیان شاری (ئووفا)یە و رۆژنامەیەکیش دەردەکەن هەر بەناوی رۆژنامەی باش کورد.

باش کوردەکان وەك گەلانی دیکەی بندەستی یەکێتی سۆڤییەت داوای مافی ئۆتۆنۆمیان کرد، بەڵام کۆسپ و تەگەرەی زۆریان لەبەردەمدا قوتکردنەوە، ئاژانسەکانی دەنگوباس رۆژی ٢٠١٠/٧/١٦ هەواڵێکیان بڵاوکردەوە کە سەرۆك کۆماری باش کوردستان مورتەزا رەحیمۆف دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستی سەرۆکایەتی راگەیاندووە، ئەم هەواڵە ئاشکرا ئەوە دەردەخات باشکورد بوونەتە خاوەن کۆمارێکی سەربەخۆ.

سەرباری زنجیرەی بەردەوام و بەبەرنامەی ئەو کارەساتانەی بەسەر کورددا دەهێنران، بەتایبەتیش سەردەمەکانی حەوت سەد ساڵی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان و سەدو پەنجا ساڵێکی سەردەمی

فەرمانڕەوایی، صەفەوییەکان کە ئەوانیش کوردیان لە وڵاتی باپیرانی بەتۆپزی هەڵدەکەندو بۆ خوراسان و ناوچەکانی قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست رایاندەگوێزان.

دوای کوژاندنەوەی ئاگری یەکەمین جەنگی گەورەش ١٩١٤ ـ ١٩١٨ کۆماری تورکیا بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال (گورگەبۆر) ١٩٢٣ دادەمەزرێت و بە پیادەکردنی بەرنامەیەکی تۆرانی ـ شۆڤێنی بۆ لەناوبردنی کورد و تواندنەوەی لە نێو تورکدا هەوڵیدەدا و صڵی لە هیچ نەدەکردەوە.

رژێمی بەعسییەکانیش لە عێراق بۆ لەناوبردنی شۆڕشی رزگاریخوازی کورد هەر لە چەکی فەسفۆڕیی و بۆمبای ناپاڵم و دواتریش بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ بەشێوەیەکی فراوان لەناوچەکانی سورداش، شاربازێڕ، قەرەداغ، بادینان، دوای ئۆپەراسیۆنە بەدناوەکانی ئەنفالیش بەبەرچاوی هەموو جیهانەوە چەکی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجە بەکارهێناو لە چەند خولەکێکدا پێنج هەزار مرۆڤی بێتاوان کە زۆربەیان ئافرەت و منداڵ بوون، بوونە قوربانی.

ئەوە چەند وێستگەیەکی گرنگی مێژووی کوردن لە سەرەتای سەدەی یازدەوە هەتا دووا ساڵەکانی سەدەی بیست.

بەڵام ئەرمەن لە رووی روناکبیریی و هۆشیاریی نەتەوەیی و
وڵاتپارێزیی و بەرنامەرێژکردنی خەباتی رزگاریی و
کۆبوونەوە و خۆرێکخستن لە دوای پێشەوایەکەوە،
زۆر لە پێش کوردەوەیە،
١٧٩٤ رۆژنامە بە زمانی خۆیان چاپو بڵاودەکەنەوە
کە هێشتا ئەمەریکا فێری چاپ وبڵاوکردنەوەی رۆژنامە نەبووبوو.
ئەرمەن وەك کورد وڵاتی داگیرکراو چەند جارێك دابەشکرا،
خۆرهەڵاتی ئەرمەنستان وبەشێکی خۆرهەڵاتی کوردستانیش
١٨٢٩ کەوتنە بندەستی رووسیاوە، خۆرئاوای ئەرمەنستانیش،
سایکس ـ بیکۆ کردییە دیاری بۆ دیکتاتۆرەکەی گەلانی رووسیا، ستالین .

## بەركوڵێك لە مێژووی گەلی ئەرمەن

ئەرمەن نەتەوەیەكی دێرین و رەسەن و خاوەن شارستانین وەك كورد، هەروەك كوردیش دابەشكردنی نیشتمان و بڵاوەپێكردن و راگواستن و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و كۆمەڵایەتیی و ئاینیی و قەڵاچۆكردن و هەوڵی تواندنەوەو سڕینەوەی ناویان دەدرا.

وڵاتی ئەرمینیا كەوتۆتە خۆرئاوای ئاسیا و بەشی خۆرئاوای دەریای قەزوین و باكووری چیاكانی كوردستان و بەسەر توركیا و ئێران و رووسیادا،دابەشبوون. ئەرمینیای گەورە بریتییە لە شارەكانی یەریڤان، قارس، ئەكشیڤان، زولفە، وان.

دامەزراندنی یەكەمین قەوارەی نەتەوەیی گەلی ئەرمەن دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی پێش عیسا. هەر لە سەدەی چوارەمی عیساییشەوە (زایین) پەیڕەویی ئاینی عیسایی دەكەن. دوای ئەوەی سەربەخۆییشیان لەدەستداو وڵاتەكەیان داگیركرا لە نێوان رۆمە بیزەنتە و ئێراندا دەستاو دەستیان دەكرد. صاڵی ٣٨٧ز. نیشتمانەكەیان لە نێوان بێزنتەو ساسانەكاندا كرایە دوو كەرتەوە و لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەو دوو داگیركارەدا مایەوە هەتا سەرەتای سەدەی هەژدەهەم ئەرمینیا یا ئەرمەنستان دەكەوێتە بندەستی لەشكری مسوڵمانان و دەبێت بە بەشێك لە دەوڵەتەكەی ئیسلام و جارێكی دیكەش دەكەوێتەوە ژێر چنگی رۆمە بێزنتەكان بەرلەوەی توركە سەلجووقەكان لە ژێر دەستیانی دەربهێنن... ئیتر ئەرمەنستانیش وەك كوردستان دەبێتە گۆڕەپانی جەنگە خوێناوییەكانی نێوان تاتار و مەغۆل و عوسمانییەكان و ئێران. ئەمجارەش هەروەك كورد، چۆن دەوڵەتی صەفەوی و دەوڵەتی عوسمانیی لە ١٥١٤ زاییندا بۆ یەكەمین جار كوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشكرد هەر بەو جۆرەش ئەرمەنستانیان لە نێوان خۆیاندا وەك برا دابەشكرد. بەشی خۆرهەڵات بۆ صەفەویەكان و بەشی خۆرئاواش بۆ عوسمانییەكان كە ناوچە شاخاوییە سەختەكانی زنجیرە چیاكانی ئارارات دەگرێتەوە و ئێستا ئەرمەنیی تێدا نەماوە. لە جەنگی دوو صاڵەی ئێران و رووسیاشدا ١٨٢٦ ـ ١٨٢٨ز. دوای پەیماننامەی "توركمان چای" شەڕ كۆتایی دێت، چەند هەرێمێكی بەشی خۆرهەڵاتی ئەرمینیا كە لە ژێر دەستی ئێراندا بوو دەكەوێتە بندەستی رووسیا و بەشێكی كوردستانیشیان پێوە لوولدا و بەدانیشتوانەكەیەوە كەوتنە نێو سنوورو دەسەڵاتی رووسیای قەیسەرەوە.[٧٧] ئەو دەمە ژمارەی ئەرمەن كە لە ژێر چنگی دەوڵەتی عوسمانیدا مابوونەوە دەگەیشتە ملیۆنو نیوێك، بەڵام لە ناوچەیەكی دیاریكراودا نەبوون پێكەوەو لە پاڵ یەكتردا نیشتەجێ بن وەك كورد، بەڵكو پەرشوبڵاو لە هەرێمی ئەرزرۆم، وان، بتلیس، خەرپوت، ئامەد "دیاربەكر"، ترابزۆن، سیواس، ئەدەنە، حەلەب وەك ئاردی نێو دڕكان و لە نێو زۆرینەیەكی كورد و توركدا دەژیان. بەڵام سەردەمی باڵادەستییان كە خاوەن قەوارەی نەتەوەیی سەربەخۆ بوون، صاڵی ٨٣پز. تیغرای یەكەم لە شا مەزنەكانیان بوو توانیی هەولێر داگیر بكات، بەڵام نەیتوانی پارێزگاریی سەركەوتنەكەی بكات و بمێنێتەوە، كورد دەریانپەڕاند. پەنجا صاڵ دواتریش شا فەرهادی چوارەم ٣٣پز. ئازەربایجان (وڵاتی میدیای گچكە) داگیر دەكات، ئەویش نەیتوانی كۆنترۆڵی بكات هەر بەناو لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەرمەندا بوو، صەد صاڵێكیش

دواتر، شا تیغرای پێنجەم بە هاوکاری نیرۆن، ئیمپراتۆری رۆما هەرێمی سۆران کە ئەو کاتە بە "ئـەدیابین" ناودەبرا داگیر دەکات، کوردیش بە هاوکاری هاوڕەگەزە ئەشکانییەکانیان بەرەو دووا دەیانگێڕێتەوە، بەوەشەوە راناوەستن بە هێرشێکی بەربڵاو ولاتەکەشیان داگیر دەکەن و ئەمجارە ئەرمەن دەکەوێتە بندەستی کورد، سەردەمی نوێش سەرکردە سەربازییەکانی ئەڵمانیا پلانی دروستکردنی لەمپەرێکی بەهێزیان کێشا بوو لە هێرش و پەلاماری رووسیا پارێزگارییان بکات. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش دەیانویست ئەرمەن لە ئەرمەنستانی خۆرئاواوە راگوێزن کە سەرچاوەی مەترسی و تابووری پێنجەمن لەناو تورکیادا و تورك لەو هەرێمە نیشتەجێ بکەن، بەتایبەتیش دەیانویست کورد بکەنە مقاش و دەستیان بە تاوانەکە سوور بکەن و بکەونە بەر هێرشی تووڕەیی و شەپۆلی ناڕەزایی رووسیا و ئەوروپا کە گەلێکی دڕندە و خوێنڕێژن.... جا ئەو زلهێزانە چ زیانێك دەکەن، ئەوان وەك داشی دامە یاری بە خوێن و فرمێسك و چارەنووسی گەلان دەکەن، هەر ئەو رووسیای قەیسەرە دانی بۆ بەشە خۆرئاواییەکەی ئەرمەنستان تیژ دەکرد، لە جیاتی ئەوەی ئەرمەن ئەو هەموو هەستی سۆز و دۆستایەتییەی بەرامبەریان هەبوو هەر بەو هۆشەیەوە قەلاچۆ دەکرا، فرمێسکی بێوەژن و منداڵە بێ باوکەکانیان بسڕنەوە و پارێزگاریان بکەن، بەپێی پەیمانە رەشەکەی سایکس ـ بیکۆ ١٩١٥ ئەو بەشی خۆرئاوایەی ولاتی ئەرمینیای وەك حەلۆا گەزۆ قوتدا و ئەوەندەی دیکە هەناسەسارد و هیوابڕاوی کردن. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا سوڵتانی عوسمانی و دوای ئەویش سەرکردەکانی کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن بە بەکرێگیراوی رووسیایان دەژماردن و سێ جار و لە سێ هێرشی بەربڵاوی دڕندانەدا بێبەزەییانە قەلاچۆیانکردن.

قەلاچۆکردنی یەکەم لە هەرێمی سامسۆن بەڕێوەبرا و دە هەزار قوربانی لێکەوتەوە.

دووەمین قەلاچۆکردن مانگی٩/١٨٩٥، ئەرمینیای خۆرئاوای گرتەوە، بەتایبەت شارەکانی ئامەد (دیاربەکر) و مەرعەش و ٥.٥٠٠ پێنج هەزار و پێنج سەد مرۆڤیان بە دوو رۆژ تارومار کرد، جگە لە ئەستەمووڵ و شوێنی دیکە.

قەلاچۆ کردنی سێهەم مانگی ئەپریل ١٩٠٩ دەستی پێکرد و تەنها لە شاری ئەدەنە ٣٠.٠٠٠ سی هەزار ئەرمەنی کوژرا.

قەلاچۆکردنی چوارەمیش لەوانەی پێشتر دڕندانە و خوێناوی تر بوو، هەر لە بەهاری ١٩١٥وە هەتا سەرەتای ١٩١٦ی خایاند و ٦٥.٠٠٠ شەصت و پێنج هەزار مرۆڤیان بەپیاوو ئافرەت و منداڵەوە لە ئەرزرۆم، مەرعەش، بتلیس و مووش کرد بە نووکی قەمەوە و زۆریشیان وەك کارە کۆرپە سەربڕین، جگە لە تۆپبارانی خەست و بەردەوامی گوندەکان. زیانی گیانیی ئەرمەن بەسەریەکەوە گەیشتە یەك ملیۆن مرۆڤ!! ١٨٢.٠٠٠ هەزاریش خۆیان گەیاندە رووسیا، ٤.٢٠٠ هەزار لە رێگەی دەریاوە گەیشتنە میسر، ٢٥٠.٠٠٠ هەزاریش هیچ رێگەیەکی خۆرزگارکردنیان لەبەردەمدا نەمابوو جگە لە شایەتمان هێنان و بوون بە مسوڵمان و بۆ بژێوی ژیان، لە برسان نەمرن بوون بە خزمەتکارو کارەکەری ماڵان، تەنها لە ماڵەکانی شاری ئامەدا ٥٠٠٠ هەزار "خزمەتچی" مەمرەو مەژی هەموو کارێکیان دەکرد.[٧٨] جا وەرە خوێنەری

هێژا لە کەللەپوتی و شێوەی بیرکردنەوەی تورك وردبەرەوە، ئەرمەنە ناپاك و وڵات فرۆش و گاور (کافر)و بەکرێگیراوی رووسیای دوژمن لەوان گاورتر هەرئەوەندەی بەسەرزارەکی شایەتمانێك بهێنێت دەبێتە هاوڵاتییەکی باش و لە هەموو تاوانە نیشتمانییەکانی ئەستۆی پاکدەبێتەوە!!

لەو بوارەدا سەرانی کۆمەڵەی "یەکێتی" کە هەڵگری دروشمی ئازادی، برایەتی، یەکسانی، داد بوون هەزار بەردیان دابوو بەپشتی سوڵتان حەمیددا، کوردواتەنی "کوچك لە ئاگر گەرمتر"، دیارە ئەوەی بە ئەرمەن کرا، زۆر بە دڵی تەلعەت پاشای وەزیری ناوخۆی "یەکێتی" نەبوو و هێشتا ماویەتی. نامەیەکی سەرزەنشت بۆ والی حەڵەب دەنێرێت تیایدا نووسیویەتی:

(پێشتر پێتان راگەیەندرا بەپێی فەرمانەکانی کۆمەڵ بڕیاری کۆتایی تۆوبڕکردنی ئەرمەنەکانی نیشتەجێی تورکیا دراوە... بەهیچ جۆرێك گوێ مەدەنە ویژدان، تەمەن، پیاوو ئافرەت).(٧٩) سەرکردەکانی یەکێتی سەروماڵی ئەرمەنیان بۆ کورد حەڵاڵکردبوو، یەکەمجار سەر، ئەمجا ماڵ و سامان. دیارە هەندێك سەرۆك هۆزی کورد شتێك ویژدان و "جوامێرییان" تێدا مابوو هەر ماڵو سامانیان دەویست، نەیاندەکوشتن، بۆیە تەلعەت پاشا نیگەرانە و دەڵێت: (فەرمانمان پێداون تۆوی ئەرمەن نەهێڵن، بەڵام زۆرتر هەڵپەی تاڵانکردن و مشەخۆرین وەك لە کوشتن و قەڵاچۆکردن).(٨٠) تورك دەهری بوو بوون، پیاوکوژ و خوێنڕێژە پیشەکارەکان و سەربازە دڵڕەق و بێ ویژدانەکانیان کۆدەکردەوە وەك عەزیز یامولکی دەڵێت نەك هەر ئەوە بەڵکو (زیندانیەکان لە هەموو لایەکی وڵاتەوە ئازاد دەکران و پۆشاکی کوردییان لەبەر دەکردن و دەیاننااردن بۆ راوە ئەرمەن).

وەنەبێ سەرکردەکانی دیکەی "یەکێتی" لە تەلعەت باشتر بووبن، نەء، کارەکە لە سنووری دەسەڵاتی ئەودابوو، بەجۆرێکیش سووربوو لەسەر پیادەکردنی بڕیار و بەرنامەی ریشەکێشکردنی ئەرمەن زۆر بە وردی، بەراشکاوی دەیوت بەتەواوی نەیانهێڵن، بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی تێدایە، با رای گشتی جیهانییش بووروژێنین و دەنگی پرۆتستۆ بەرز بکەنەوە. بۆ ئەم ئامانجە گڵاوەش پلانێکیان داڕشت زۆر گڵاوتر لەوەی پێشوتر، کابینەی وەزارەت رۆژی ١٩١٥/٦/١١ بڵاڤۆکێکی رەش وەك قەتران دەردەکات (لەبەرئەوەی ئەرمەنەکان چەك و تەقەمەنی و پێداویستیەکانی وێرانکردنی وڵاتیان بەدەستەوەیە بۆ بەرپاکردنی شۆڕش و کوشتنی مسوڵمانان و یارمەتیدانی ئەو دوژمنەی بەرامبەری دەجەنگێن بڕیارماندا هەموویان کۆبکرێنەوەو بۆ ویلایەتی مووصڵ "کوردستانی باشوور" و دێرزور- سووریا راگوێزین و لەو شوێنانە نیشتەجێ بکرێن هەتا کۆتایی جەنگ، سەرو سامان و ئابڕووشیان دەپارێزین) ئەم بڕیارە هەتا ئەمڕۆ و هەتا هەتایە پەڵەیەکی رەشو چەسپاوە بە تەوێڵی بێشەرمی هەموو ئەوانەی مۆریانکرد و ئەوانەی ئەنجامیاندا.

وەك بڕیاردرابوو مەرگەساتێکی نوێ بۆ پاشماوەی ئەرمەنە چارە رەشەکان سازدرا، کەرەنای ترس و تۆقاندن وەك دەنگی شوومی بایەقوش و کوندەبوو بەرزبووەوە و زەنگی مەرگ لێدرا و کۆڕەوی دواساتەکانی ژیان دەستی پێکرد، هەزارەها پیاوو ئافرەت و پیرو پەککەوتە و زارۆکان لە باروودخێکی زۆر نالەبار و

سەختدا بەپێی پەتی و سەری قوتی، برسی و تینوو، ڕەنگی مردوویان گرتبوو، وەك ئاژەڵ پێشدران و بوونە نێچیرێکی دەستوپێ شکاوی دەم گەلەگورگ، جەردەو ڕێگر و سەربازەکان بە بەرچاوی یەکترییەوە کەوتنە گیانیان، ڕوتکردنەوە و باخەڵبڕین، کوشتن و گاڵەکردن بە ئافرەت و کچۆڵان... ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگای مەرگ ڕێچکەی لاشەی ساردەوە بووی ئاشکرا پێوەدیاربوو... سەرچاوەکانی تورك بێشەرمانە دەڵێن ئەوانەی سەریان تێداچوو هەر ۲۰۰- ۳۰۰ هەزارێك دەبوون، سەرچاوەکانی ئەوروپاش بە ۵۰۰- ٦۰۰ هەزار مەزەندەیانکردن. ئەم کارەساتە کەم وێنەیە ئەوروپای بە توندی هەژان و ئابڕووی تورك و ئەڵەمانیشی لە قوڕو چڵپاوو فرمێسك و خوێنی قوربانییەکان وەردا.

کریکۆر، پێشەوای ئەرمەنەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیادا بە توندی ڕەخنەی لە وەزیری ناوخۆ گرت و وتی ڕۆژێك ئەم حسابەت لەگەڵدا دەکەم، وەزیر بە گاڵتەپێکردنەوە دەڵێت کەی؟ لە کوێ؟ کریکۆر وتی لە پەرلەمان لەسەر ئەم سەکۆیە، کریکۆریش بووە قوربانی داکۆکیکردن لە گەلەکەی! ئەوە دوارۆژی تەمەنی بوو، بۆ سبەی ئیتر بڕای بڕ ونبوو، کەس نەیزانی چۆن سەریان کرد بە گۆمدا.(۸۱)

سەرکردەکانی تورك بەراستی وەچەی بەئەمەکی ماکیاڤیللی بوون، لە بێڕەوشتییدا هونەرمەند بوون، بۆ چەواشەکردنی رای گشتی جیهان و گومان خستنە سەر کارەساتەکان قەڵەمێکی بازاڕییان کڕی و نووسەرێکی فەڕەنسی قەڵەم فرۆش و وەك خۆیان بێڕەوشتییان دۆزییەوە ئەوەندەیان زێڕ بۆ هەڵڕشت،(پیلۆت) نامیلکەیەکی پڕ لە درۆو بەڵگەی هەڵبەستراوی بڵاوکردەوە ئۆباڵی کارەساتەکە دەخاتە گەردنی کوردە جانەوەر و دڕندە کێویەکان کە ئەو کوشتارەیان کردووە و سەرکردایەتی تورك بێتاوانن!(۸۲) بەڵام (پیلۆت)و سەرکردەکانی تورکیش هەر ڕووڕەشی و نەفرەتی گەلان و مێژوویان بۆ مایەوە، چونکە بە شایەتی ئەرمەن خۆیان و چەندین بێگانەی خاوەن ویژدانیش، کورد بە هەڵگرانی هەردوو ئاینی ئیسلام و عیساوە زۆر یارمەتی ئەرمەنیان داوە، شاردوویاننەتەوە بەردەست دوژمن نەکەون، گەرمیان کردنەوە و تێریان کردن، ئەوەی هەیانبوو پێکەوە دەیانخوارد، تەنانەت شەڕە تفەنگیشیان لەسەرکردن و خوێنی خۆیان کردە کاسە. برایم پاشای میللی کە زۆر گوێی بە فرمانەکانی سوڵتان نەدەدا کە خوێنڕشتنی ناڕەوای تێدا بێت دە هەزار ئەرمەنی لە کوشتن ڕزگار کرد، یەکێکی وەك مەحموود زادەی بەیتوڵڵابەگی لە شاری مکس سەنگەری لە سەرباز و جەندرمەی تورك گرت بۆ ڕزگارکردنی ئەرمەن، ۳۰۰ سێصەد لیرەی زێڕیشی وەك باربوو پێدان باخەڵیان گەرم کاتەوە.(۸۳)

مێجەرنوئێل لە یادداشتەکانیدا نووسیوێتی (کورد بۆ چەواشەکردنی تورك، ناوی کوردییان لە ئەرمەنە لێقەوماوەکان دەناو جلوبەرگی کوردییان پێدابوون و هەموو پێداویستییەکانیان بۆ دابین کردبوون) و هەر بۆ تاقیکردنەوە لە یەکێکیان دەپرسێت (کوردەکان باشبوون لەگەڵت؟ لەوەڵامدا دەڵێت: جا بۆ باشنابن، منیش کوردم)(۸٤)، بەوەی چاکە ئەو بەڵگە سەلمێنەرانە زۆرن، زۆربەی مێژوونووسانی ڕۆژئاوا کە هەندێکیان ڕاستییەکانیان بە چاوی خۆیان بینیوە دەڵێن سەرەڕای خوێنی ڕژاویش کوردو تورك دەتوانن پێکەوە بژین، چونکە ئەوەی ڕوویدا بە هاندان و فڕوفێڵی ئیسلام و گاورو سوڵتان حەمیدی (کوڕی کابرای ئەرمەن) و

سەرکردەکانی یەکێتی روویداو هەندێك سەرۆك هۆزی کوردیش لە رووی نەزانین و تێنەگەیشتنەوە تێوەگلان. کوردیش فریشتە نییە، مرۆڤە، مرۆڤیش هەڵە دەکات و نەزان و نەخوێندەواریش هەڵەی گەورەتر دەکەن، هەرچەند لە رۆژگاری ئیمرۆدا تاوانی زۆر گەورە، خوێندەوار نا، خاوەن دکتۆراکان دەیکەن، پێدەچێت دکتۆر ئەیمەنی زەواهیری نەرمۆڵەکەیان بێت!

کورد دەڵێت "با قسەیەکیش بۆ دز بکەین" بەو مانایەی رووداوەکە لەهەردوو لایەنەوە تەماشا بکەین، ئەرمەن بە هۆی پەیوەندی و سۆزی ئاینەوە لە مێژبوو چاوی هیوایان لە رووسیا بوو، سەرەتای هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگ هەلێکی چاکیان بۆ رەخسا، هێزەکانی رووسیا لە قەفقاسیا و ئێرانەوە بەرەو تورکیا پێشڕەوییاندەکرد و یارمەتی ئەرمەنەکانیان دەدا و هانیاندەدان بۆ راپەڕین و بەرگریکردن دژی تورك و پشتیوانیکردنی لەشکری رووسیا. ئەرمەن لە ماوەیەکی کورتدا خۆیان کۆدەکەنەوە، چەندین گرووپی چەکدار رێکدەخەن و پەلاماری گوندەکانیان دەدا، دەستیان لە کوشتن و دەستدرێژی نەدەپاراست، پردو هێڵەکانی شەمەندەفەریان تێکدەدا، هێڵەکانی تەلەگرافیان دەپچڕاند. رۆژی ٢٠/٤/١٩١٥ بە ٢٥٠٠ دوو هەزار و پێنجصەد چەکدارەوە هێرش دەکەنە سەر شاری وان، ئامەد، مەرعەش، سێواس، قەرەحەسار و دڕندانە خوێنی مسوڵمانەکانیان دەڕشت بە کوردو تورکەوە.

لەو هێرشەدا دەستێکی وەها قورسیان لە دراوسێکانیان وەشاند، تۆڵەی بەرودوایان لێکردنەوە و بەجۆرێك سەر بەرز دەکەنەوە یا چاکتر بڵێم شوولی لێهەڵدەکێشن بەشێکی کوردستانی باکووریان بە نیشتمانی ئەرمەن دادەنا و بانگەشەی وڵاتی ئەرمینیای نوێ و فراوانیان دەکرد. مێجەر نۆئێل لەوبارەیەوە لە یادداشتەکانیدا نووسیویەتی (ناوچەی بازارچیك، ئەرمەنەکان داوای دەکەن و بە خەیاڵی خۆیان بە ئەرمینیای تازەی دائەنێن، رووبەرەکەی ١٥٠٠ هەزارو پێنج سەد میل چوارگۆشەیەو ١٠٠ سەد گوندە و ٢٥ـ ٣٠ هەزار کەسێکن. ئەرمەن بەر لە جەنگ ٢٥ بیستو پێنج کەسێك دەبوون (تەنها ٢٥ بیست و پێنج ئەرمەنی . ن.ك) ئیتر بۆ دەرمان بگەڕێ ئەرمەنی تێدا نییە، کەی رەوای حەقو ویژدانە،گریمان تۆزێك خاوەن ویژدانین، ئەم هەموو خەڵکە بخرێتە ژێر رەحمەتی دەستەڵاتی ئەرمەنییەوە، با ئەو دەوڵەتە خاوێن و نیازپاکیش بێت).[٨٥]

نۆئێل هەروەها دەڵێت چاوچنۆکی و ترسنۆکیی رەوشت زەقی (زەقترین رەوشتی .ن.ك) ئەرمەنیەکانی ئەم ناوچەیەیە[٨٦] "ناوچەی بازارچیك" لەشکری رووسو ئەرمەنەکان ساڵی ١٩١٩، شەش هەزار کوردیان کوشت.[٨٧]

جا با بزانین تەلعەت پاشا کە یەکێکە لە "پاڵەوانەکانی" قەلاچۆکردنی ئەرمەن لە یادداشتەکانیدا دەڵێت چی: ئەرمەن و یۆنان ویستیان هەست و سۆز و بەزەیی وڵاتانی خۆرئاواو ئەمەریکا بەلای خۆیاندا راکێشن. من نکوولی لەوە ناکەم کە روویدا، بەڵام بەو جۆرە نییە، زۆری پێوەنراوە. ئەنجامی رقوکینەی پەنگخواردووی دڵودەروونی هەردوولا، پێشێلکردنی یاسا روویدا، لێپرسراویش هەن دەستەڵاتی خۆیان خراپ بەکارهێناوە. سزایان دەدەین. رای گشتیی تورك وروژا. پشێویی و نائارامیی و بێسەر و بەرەیی

بڵاوبووەوە، نەتەوە بوو بە دوو کەرتەوە لەکاتێکدا ئێمە پێویستمان بە یەکگرتنە. لەکاتی جەنگدا ئەو کارانە لە هەموو وڵاتێك روو دەدات، بەڵام بۆ نەگبەتی، جیهان جگە لەوەی لێرە روویدا، هیچیان نەبینی و هیچیان نەبیست، ئۆباڵەکەشی دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان (مەبەستی ئەرمەن .ن.ك) هاوکاریی رووسیایان دەکرد، کڵێساکانیان کردبوو بە جبەخانەی چەك و تەقەمەنی، رووسیان لەنێواندابوو، دژی کورد و تورك هانیدەدان. گریمان نیو ملیۆن تێداچوون و ٦٠٠ شەش صەد هەزاریش کوژران یان لە برساندا یا لە ماندوویەتیی و شەکەتیدا لەناوچون، ئەی دەزانن ئەوان چەندیان لەکوردو تورك کوشت و سەردەمی هێرشەکەی رووسیا و تاوانەکانی ئەنجامیاندان مووچرکە بەلەشی مرۆڤدا دێنێت کەنیزیکەی ملیونێك قوربانیی لێکەوتەوە،[٨٨] جا ئەگەر تورك لە قەلاچۆکردنی ئەرمەن بەرپرسیارە، ئەی ئەوان بۆ لە قەلاچۆکردنی کورد و تورك بەرپرسیارنین. ئاخۆ کوردو تورك لە دیدی مرۆڤایەتیدا لە مێشو مەگەز بێ نرخترن؟[٨٩]

کوردو ئەرمەن بەرژەوەندییەکیان لە دوژمنایەتیی و کوشتنی یەکتردا نەبوو، هەرچەندە لە ژێر پاڵەپەستۆی کۆمەڵێك فاکتەرو هۆکاری جۆراوجۆر و لەسەردەمی جیاوازدا کە شاراوە نین، هەردوولا تاوان وکاری نارەوایان دژ بەیەکتر کرد لە دەست قەوما، بەڵام هەرگیز لەسەر ئاستی نەتەوەیی نەبوون، بەڵکو لە سنووری دەستەو تاقمی گەورە یان بچووك دەرنەچوون، وەك هێزەکانی سوارەی حەمیدییەی کورد ـ سوڵتان حەمیدلەلایەك و گرووپە چەکدارەکانی ئەرمەن ـ رووسیا لەلایەکی دیکەوە، بۆیە دڵسۆزانی هەردوو نەتەوەی کوردو ئەرمەن دەتوانن پێکەوە بژین و هاوکاری یەکتر بکەن، دژی دوژمنی هاوبەش. لە راستیشدا گەشەکردنی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان کوردو ئەرمەن ئەو راستییەی بە دۆست و دوژمن سەلماند.

کوردو ئەرمەن بەردەوام کەوتبوونە بەردەم شمشێری رقوکینەی عوسمانیی و دواتریش کەمالیزم، بە جیا جیاش بەپێی هەڵوێستی رامیاریی و سەربازیی خۆیان دەکەوتنە بازنەی دۆستایەتیی یان دژایەتیی یەکێك یان پتری لایەن و دەسەڵاتدارانی ناوچەکەوە وەك بەریتانیا، رووسیا، فەرەنسا، ئەڵەمانیا. ئەرمەن نەتەوەیەکی رەسەن و خاوەن نیشتمانی دێرین و شارستانێتین وەکو کورد، بەڵام ئەوان وەکو کورد تاکو تەنها و بێ دۆست و پشتیوان نین، ئەوە لەلایەك لەلایەکی دیکەشەوە ئەرمەن لە رووی شارستانێتی نوێ و پێشکەوتنی زانستی و وێژەیی و هونەریی و رووناکبیریی و ئاستی خوێندەواریی و رۆژنامەگەریی و چاپو بڵاوکردنەوە و هۆشیاریی رامیاریی و بەرنامەرێژیی هەستیی نەتەوەیی و ئامانجە دوورو نزیکەکانیاندا و بە دەستهێنانی هاوکاریی و پشتیوانیی ئەوروپادا زۆر لە پێش کوردەوە بووە، هەربەو هۆیەشەوە بەر لە کورد بە ئامانج گەیشتن و بە شایستەیی باوەشێکی چاك مافەرەواکانی خۆیان نا بە سنگەوە کە کورد هێشتا هەر خەباتی بۆ دەکات و قوربانی لە پێناودا دەدات و جۆرەها شێوەکانی خەبات و بەپێی بارودۆخی هەر پارچەیەکی کوردستان، خەباتی پەرلەمانی و یاسایی و دیالۆگ لە باشووری کوردستان، خەباتی چەکداریی و شەڕی پارتیزانی لە باکوور و خۆرهەڵات، خەباتی کولتووری و خۆسازدان و هوشیارکردنەوە و خۆناسین و

ئاشناکردنی نەوەی نوێ لە مێژووی کوردو شۆڕش و ڕاپەڕینەکان و قوربانییەکانی لە پێناوی سەربەخۆیی و ژیانێکی شیاودا و دیاریکردنی شێوازەکانی قۆناغی داهاتوو و دەستنیشانکردنی دۆست و دوژمن لە کوردستانی خۆرئاوا.

ئەرمەن صالّی ١٨٨٧ کۆمەڵەیەکی مارکسیی دادەمەزرێنن بە ناوی هنجاك "زەنگ"، ١٨٩٠ش پارتی داشناق دادەمەزرێنن "یەکێتی" دەمێکیش بوو خاوەنی ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی خۆیان بوون، لەو بوارەدا دەیەمین گەلی ئەم سەرزەمینەن کە خاوەن ڕۆژنامەی تایبەتی خۆیانن و لەو لایەنەوە پێش وڵاتێکی وەك ئەمەریکا دەکەون و لە صالّی ١٧٩٤دا یەکەمین ڕۆژنامەیان بە زمانی ئەرمەنی چاپ کرد. هەر لە صالّی ١٩٢٠یشدا دەستیان لە مافە نەتەوەییەکانیان گیرکردو کۆماری ئەرمینیا لە چوارچێوەی یەکێتی سۆڤیەتدا دامەزرا و ئەریڤان پایتەختی بوو، لە کاتێکدا کوردی رووسیا بڵاوبووبوونەوە بە کۆمارەکانی ئەرمینیا، کۆماری گورجستان (جۆرجیا)، کۆماری ئازەربایجان، کۆماری تورکمانستان. کورد لە ئەرمینیا ژمارەیان کەمترەو بەپەرشو بڵاویش دەژین وەك لە کۆمارەکانی دیکە کە ژمارەیان زۆرترە مەڵبەندەکانیشیان پەیوەستن. لە جۆرجیا بە کۆمەڵ لە بتلیس دەژین کە پێتەختە. لە تورکمانستان لە شاری عیشق ئابادو دەوروپشتیدا دەژین، لە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتیش "ئازەربایجانی رووسیا" لە سێ مەڵبەندی سەرەکییدا دەژین: کەلبەجەر (کەوڵەژێر) و لاچین (شین)و قوباتلی، بەڵام ئەمانە بە پێچەوانەی کوردەکانی نیشتەجێی ئەریڤانەوە لە هەموو مافێك بێبەشن. ملیۆنێك پتر کوردیش لە هەرێمێکی سیبریای رووسیادا دەژین بەنێوی باش کورد، لە شوێنێکی ئەم کتێبەدا بەسەرم کردوونەتەوە.

سەردەمی رووسیای تزار (قەیسەری) لە صالّی ١٩١١دا لە ئازەربایجان پارتێکی رامیاری راستڕەوی کارتۆنیی دەرەبەگ ئامێز دامەزرا، هەموو بەرنامەو پرۆگرامیشی ئەوەبوو بە چاووڕاوو فێڵ و تەڵەکەبازی، موسڵمانانی رووسیا چەواشە بکات و لە ژێر ئاڵای قەیسەر "کایزەر نیکۆلا"دا کۆیانبکاتەوە دژی سوڵتانی عوسمانی، کە شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ش بەرپابوو ئەم کارتۆنییە بەکرێگیراوانە بە توندی دژی شۆڕش وەستان و کارێکی دیکەشیان ئەوەبوو کوردی موسڵمانیان لە مەڵبەندەکانیان دەرپەڕاند، بەڵام سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە رابەرایەتی لینین و دامەزراندنی گەورەترین رژێمی سۆسیالیستی لە مێژوودا کە لە سایەیدا چەندین کۆماری سەربەخۆ دامەزران و سەرتاپێی رژێمی کۆن و کلك و بەکرێگراوەکانیشی فڕێدایە سەرەنوێکڵی مێژووەوە.

هەر لەسەردەمی لینینی مەزندا، سەرکردایەتی سۆڤێت، گەلاوێژی ١٩٢٣ بڕیارێکی گرنگ دەردەکات بۆ دانیشتوانی هەرێمی ناگۆرناکەرەباخ و ناوچە کوردنشینەکان[٩٠] بە (دامەزراندنی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانو دیاریکردنی سنوورەکانی نێوانیان لەگەڵ سنوورەکانی کۆماری ناگۆرناکەرەباخی ئۆتۆنۆمیدا) بەپێی ئەو بڕیارە مرۆڤ دۆستانەیەی لینین شاری لاچین بوو بە پێتەختی قەوارە ئۆتۆنۆمییەکەی کورد کە ژمارەی دانیشتوانی ٣٨٠٠٠ هەزار مرۆڤ بوو، بەڵام ئەمجارەش (بەختی سیاسیی کورد) کە لەم نووسینەدا چەند لاپەڕەیەکم بۆ تەرخان کردووە... نەیهێناو بە مردنی لینین ١٩٢٤/١/٢١ گۆڕانکارییەکی چۆنیەتی

نێگەتیڤ بەسەر هەرهەموو کۆمارەکانی سۆڤێتدا هات و ستالینی دیکتاتۆر و ملهوڕ لە ١٩٢٩دا ئامانج و ئاوات و ئەو دەستکەوتە مەزنەی کوردی سۆڤێتی زیندەبەچاڵ کردو قەوارەکەی هەڵوەشاندەوە، کورد دەڵێت: "دوای مردن ڕەحمەت باشە"، بەڵام گەلانی سۆڤێت هەر لە سەردەمی نیکیتا خرۆشۆڤەوە ستالین ریسوادەکەن و سەردەمی گۆرباتشۆفی هەڵکەوتووش کە وەك هەر لە ئاسمانەوە دابەزیبێت یا وەك "خێری زیندە"ی کولتووری مسوڵمانان بە فریای هەر هەموو مرۆڤایەتی کەوت نەك هەر بە تەنها گەلانی یەکێتی سۆڤیەت و لە مێردەزمەی ڕژێمی لەرێگەلادەری تێزەکانی مارکسی ـ لینینی رزگاریکردن. جێگەی داخە گۆرباتشۆفی مەزن و رزگارکار و بەجەرگ و دەستپێشخەر مافی خۆی پێنەدراو لەبیرکراو ئێستە لە وڵاتی ئەمەریکا سەرقاڵی بەرێوەبردنی دەسگایەکی چاپو بڵاوکردنەوەیە، بەلای منەوە ئەو پیاوە دەهێنێت هەموو مرۆڤێکی مرۆڤ دۆست، ئاشتیخواز، مافپەرست و پێشکەوتنخواز لە دڵی خۆیدا لە گۆشت و خوێن پەیکەرێکی رێزلێنانی بۆ بخەملێنێت.

هەر لەنێو دراوسێکانی کوردی سۆڤیەتدا کۆمەڵێك بە نێوی موساوات "یەکسانخواز" هەڵتۆقین وەك قارچکی بەهارە، ئەوانە بەردەوام و بە توندی و شۆڤینیستانە دژایەتی کوردیان دەکردو گاڵتەیان بە زمان و کولتوور و دابونەریتی کوردەواری دەکرد، نوکتەی ساردو سڕو سووکیان لەسەر کورد دادەتاشی، بەڕادەیەك تەنگیان بە کورد هەڵچنی و زۆریان بۆ هێنان برێك لە کوردە بوودەڵەو ترسنۆکەکانی چەند گوندێك ئەوەندە سەرکوتکران سوێندیان خوارد ئیتر زمانی کوردی بەکارنەهێنن، ئەندام و لایەنگرانی "کۆمەڵەی داشناق"ی ئەرمەنی تەنها لەوەدا لەگەڵ کۆمەڵەی موساوات "یەکسانی"ی سۆڤێتییدا یەکیاندەگرتەوە کوردیان بە رەگەزێکی سەربەخۆ نەدەزانی و هەریەکەیان بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کورد لە خوێن و رەگەزی ئێمەن، ئەگینا ئەرمەن دۆستایەتی و هاریکاری خۆیان مەردانە بە کورد سەلماند.

ئەوە هەر کۆماری ئەرمینیا بوو ئەلفوبێی تایبەتییان بۆ کورد رێکخست و کتێبی قوتابخانەکانی کوردیان بە زمانی کوردی و بەو ئەلفو بێیە چاپکرد. پێنج قوتابخانەی سەرەتاییان کردەوە و وانەبێژی کوردیان بۆ ئامادەکرد، ساڵی ١٩٣١یش فێرگەی باڵای پەروەردەی کوردیان دامەزراند لە کاتێکدا هەتا ساڵی ١٩٢١ عەرەبی شامۆ، تاکە خوێندەواری کورد بوو لە ئەرمینیا. هەر بەدەستپێشخەری جوامێرانەی ئەرمەن ساڵی ١٩٣٤ لە نێو کوردی سۆڤیەتدا نەخوێدەوارێك نەما، فێرەخوێندن نەبێت، نووسەر و شاعیر و هونەرمەندی بەتواناشیان تێدا هەڵکەوت و ئەوانەش کە خوێندنی بەرزیان تەواو کرد مامۆستا و پزیشك و ئەندازیار، جۆرەها کەلێنی کۆمەڵی کوردەوارییان لە بواری پسپۆری خۆیاندا پڕکردەوە و سەرەتای قۆناغێکی نوێ دەستپێکرد و بە بازێکی درێژ کوردی سۆڤێت پێدەنێتە سەردەمی پێشکەوتن و ژیانێکی نوێوە و بە سەربەستی بە زمانی زگماك دەدووان و دەیاننووسی و رۆژنامەیەکیشیان دەردەکرد بە نێوی (رێیا تازە)و لە ئێستگەی رادیۆی ئەریڤان ـ یەریڤان ەوە گۆرانی و مۆسیقاو لاوك و حەیرانی کوردی پەخشدەکران. نەهرۆ دەڵێت: ئەگەر یەکێتی سۆڤێت دانەمەزرایە، دەبوو دایمەزرێنین ئەگینا گورگەکان ئێسك و پروسکیان دەهاڕین.

لەم کورتە بەسەرکردنەوەیەی گەلی ئەرمەن و پەیوەندی تاڵ و شیرینیان لەگەڵ گەلی کورددا، دەمێنێتەوە ئەوەی بڵێین کورد ئەگەر دۆستێکی راستەقینەی هەبێت ئەوە ئەرمەنە، هەرچەند ناهەقی زۆریان لێکرا، کوردیش بەوان دەوێرا و ناهەقی لێکردن. ترسنۆکیش نین وەك مێجەر نۆئێل دەیگێڕێتەوە بەڵکو جەربەزە و سەرسەختن بەرامبەر دوژمنەکانیان و نەیانهێشت سەرکردەکانی تورك سزای تاوانەکانیان بەسەرەوە بچێت و یەك بە دوای یەکتردا وەك زەردەزیرە چزەیان لێهەستاندن و گیانی نەحلەتییانیان بە دۆزەخ سپارد. ئاخۆ کورد تۆڵەی خوێنی خۆی لە چەند تاوانباری گەورەی وەك زەعیم صدیق و مولازیم موحسین سەندەوە؟!

ئەو دوو ساڵەی نێوان ١٨٩٤ ـ ١٨٩٦ سوارەی حەمیدییە بێ بەزەییانە ئەرمەنەکانیان دەچەوساندەوە، سەرۆك هۆزێکی کورد دەڵێت: "تورك رقیان لە ئەرمەنە، ئێمە رقمان لێیان نییە، تەنها پوول و ماڵاتمان دەوێت، هەرچی تورکە رۆحیشیان دەردەهێنن".

ئەرمەنەکانیش خۆیان کۆدەکەنەوە و لە ١٨٩٠ دا حیزبی تاشناق دادەمەزرێنن لە شاری تفلیس و ساڵی ١٨٩٧ تۆڵەی خۆیان لە هۆزی مەزریك دەکەنەوە و قەڵاچۆیان دەکەن.(٩١)

ئەرمەن هەرگیز دەستیان لە خوێنی خۆیان هەڵنەگرتووە و بەردەوامیش هەر وان، چەندیان توانیوە تۆڵەیان کردۆتەوە، شوێن پێی سەرکردەکانی یەکێتییان هەڵگرت، هەریەکەیان لە وڵاتێك تیرۆر کردن، بەڵام بەرامبەر بە کورد ئەوپەڕی لێبوردن و دڵپاکییان پیشانداوە و دەڵێن ئەوەی روویداوە لەلایەن چەند سەرۆك هۆزێکی نەفامەوە بووە، ئەگینا کورد لە رۆژانی رەشدا بە هەزارەها خێزانیان لە مردن رزگارکردین و ئێمەیان دەپاراست... هەردوو نەتەوەی برا قوربانیی دەستی تورکە خوێنمژەکان بووین، من لەوباوەڕەدام کورد ئەگەر دوو دۆستی راستەقینەی هەبێت، یەکەمیان ئەرمەنە.

پێویستە ئەو راستییەش نەشارینەوە کە سەرۆك هۆزەکانی نێو سوارەی حەمیدییە هەموویان پاشەڵ پیس و دەستدەخۆرو گوێ لەمشت نەبوون، گەلێك جار فەرمانەکانی سوڵتانیشیان پشتگوێ دەخست، برایم پاشای میللی سەرۆکی هێزێکی سوارەبوو، زۆریش لای سوڵتان لە پێش بوو، نازناوی پاشاشی پێدابوو، شەڕی یۆنانەکانی بۆ نەکرد، دوای ئەوەش سەرپێچی لە پەلاماردانی شۆڕشگێڕەکانی یەمەندا بەسەرۆکایەتی ئیمام یەحیا، کرد. ئیتر لەو کاتەوە سوڵتان فەرمانیدا تەنها لە کاتی مەشقکردن و جەنگدا چەکیان بەدەستەوە بێت.(٩٢)

کورد بەو هۆیەوە زۆربەیان مسوڵمان و سوننەن بەپێی بەرژەوەندی سەرۆك هۆزەکان لەگەڵ عوسمانی ـ تورك دا تا رادەیەك خۆیان دەگونجاند بەپێچەوانەی ئەرمەنەوە کە هەمیشە کاربەدەستان بە چاوی دوژمن و گاور و بەکرێگیراوی بەریتانیا و رووسیا تەماشایاندەکردن. ئەو بەرژەوەندییەی ژمارەیەك لەسەرۆك هۆزەکانی کورد کە هەریەکەیان سەرکردایەتی هێزێکی لەشکرە بەدناوەکەی سوارەی حەمیدییەی دەکرد دەستی باڵایان هەبوو لە کوشتوبڕو تاڵانکردنی ئەرمەندا، ئەوە راستییەکە و ناشاردرێتەوە، بەڵام سەرۆك هۆزی نێو هەمان هێزیش هەبوون دەستیان بەو تاوانە سوورنەکرد، جگە لە نیشتمانپەروەرانی وەك: (بەدرخان بەگ لە مەرگەوەڕ، موتیعوڵڵا لەمۆکس، حسێن پاشا لە ئەدیل جیواز، حاجی خان قایمقامی

نوردوز، ئیبراهیم پاشا لە شارویران لە کوشتوبڕەکەی ئەرمەندا ١٨٩٥ ـ ١٨٩٨ نەك بەشدارنەبوون بەڵکو ئامێزی برایەتی و دالدەدان و پاریزگاریش بۆ ئەو هۆزانەی ئەرمەن دەکەنەوە کە پەنایان بۆ کورد هێنا).[٩٣]
لایەنێکی دیکەی پەیوەندییە نێگەتیڤەکانی نێوان کوردو ئەرمەن لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەفسەرانی یەکێتی و پێشکەوتندا ١٩٠٨ ـ ١٩١٨ کوردیان هاندەدا بگوێزنەوە ناوچەکانی ئەرمەن و دەستبگرن بەسەر گوندەکانیاندا (موحەممەد صدقی ئاغا و سەیید تەها هۆزەکانی خۆیان پالدەنا گوندە چۆلکراوەکانی ئەرمەن پڕبکەنەوە، هەزار خێزانی جەلالی بنەوبارگەیان لە گوندەکانی ئەرمەنە هەڵاتووەکانی کەنار گۆمی وان دادەمەزرێنن).[٩٤] خانی ماکۆ سەرۆك هۆزی عەرووسانلی ناوچەی ئالان ـ باشووری کوردستان، هۆزەکەی دەگوێزێتەوە ناوچەی ئارژاك (ئەرشاك) و قەرەکۆنیس لە هەرێمی وان بۆ سەر ماڵ و حاڵی ئەرمەن. سمکۆی شوکاك بە درێژایی ساڵانی ١٩١٤ ـ ١٩١٨ کوشتار و چەوساندنەوەی ئەرمەن و نەستوورییەکانی بەڕێوەدەبرد و هەزار خێزانی کوردی هۆزی گەراڵی لە سەلماسەوە دێنە ئەرمەنستان. پێشەوای ئافرەتانی کوردی باشوور، شێرەژنی هەڵکەوتوو حەپسەخانی نەقیب ساڵی ١٩٢٠ بەدەربەدەری دەچێتە ماڵی سمکۆی شوکاك، لە گێڕانەوەی ئەو ماوەی دەربەدەرییەدا دەڵێت: (لە نەهری ژنو منداڵی ئاسوورییەکانم دی، بەو سەرمایە بە زۆر ئیشیان پێ ئەکردن بەزەییم پیادا هاتنەوە، بە سمکۆم وت قوربان ئێوە شەڕ لەگەڵ پیاودا ئەکەن، ئەو ژن و منداڵانە ئەسیرن، گوناهیان چییە؟ وە ناش بێت دیل وا معاملە بکرێت، سمکۆ ئاغا فەرمووی خانم تۆ نازانی ئەوان چیان بە ئێمە کردووە. چەند دیهاتیان وێران کردووین و سوتاندوویانە و منداڵ و پیرو ژنی سکپڕیان کوشتووە و سەربڕیوە... باش نییە من منداڵەکانیانم پاراستووە و فێری ئیشیان دەکەم)[٩٥].
عوسمان بەگی کۆنە یاوەری جەودەت پاشای نوێنەری والی وان، هۆزەکەی خۆی لە شاری قونیەوە دەباتە ناوچەی وان و لە شاری سەرای، هەزاران ئەرمەنی و نەستووری لە خوێندا گەوزاند[٩٦].
لایەنێکی دیکەی ئەو سەردەمەی نێوان کوردو ئەرمەن کێشەیەکی رەوایە و هەردوولا مافی خۆیانە داکۆکی لە خاکی خۆیان بکەن، شەریف پاشای خەندان لە نامەیەکدا رۆژنامەی Lematin رۆژی ٣/٨ و نامەیەکیش رۆژنامەی Temps رۆژی ٣/١٠ بلاویانکردنەوە نووسیویێتی دوای جەنگ وڵاتی کوردان بە تەواوی بۆتە نێچیر، رێکخراوەکانی ئەرمەن و هەندێك لە هاوپەیمانان مرخیان لێخۆشکردووە.[٩٧] پێدەچێت هەر بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو پلانە شەریف پاشا داوا لە هاوپەیمانان دەکات (کوردستان بکرێت بە دوو هەرێمی بەڕێوەبردنی سەربەخۆوە، هەریەکەیان لە ژێر چاودێری یەکێك لە دەوڵەتانی هاوپەیماندا بێت)[٩٨].
سوارەی حەمیدیە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٧٧ـ ١٩١٤ لە هەرێمی ئەنەدۆڵ، سامسۆن، مووش، وان و ئەرزرۆم دەستدرێژی و کوشتوبڕێکی زۆریان لە ئەرمەن کردو ١٠٠.٠٠٠ سەد هەزارێکیان تووشی کوشتن و دەربەدەری بوون و کوردەکان لەسەر ماڵ و موڵکیاندادەنیشن، جۆرەها باجو سەرانەی ئاسایی و نائاساییان لەسەر دانان... ئەرمەن دەیکردو ئەو کوردانە دەیانخوارد، بەم کارە ناڕەوایەش هەموو ئەورووپایان لە کورد وروژاند و هەتا کۆدەتاکەی کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن ساڵی ١٩٠٨ بەسەر سوڵتاندا و

هەڵوەشاندنەوەی هێزەکە و ئەمجا لە ژێر ناوی هێزی "چریك" دا بەکاریان دەهێنن، کە ئەوانیش رووخان بوونە هاوکاری کەمالییەکان و بەشێکی کارای هێزەکانی ئەنقەرە و سەرکەوتنی کەمال بەسەر بەریتانیا، فەرەنسا، یۆنان، ئەرمەن و سوڵتانیشدا هەر ئەو چریکە کوردانە بوون و رۆڵی بەرچاویشیان بینی لە رزگارکردنی تورکیا لە داگیرکاران و کەماڵ بەسەرشانی ئەواندا سەرکەوتو دەستەڵاتی گرتە دەست وکۆماری تورکیای دامەزراند.

ئەو کاتە مستەفا کەمال خودی خۆی و هاوکارەکانیشی نکولیان لەو راستیە نەدەکرد، کە ئەنجومەنی فراوانی نەتەوەییشیان دامەزراند یەك لەسەر سێی ئەندامەکانی کورد بوون، ئەوەش لە پاداشتی ئەو خزمەتە گەورانەی پێشکەش بە مستەفا کەمال و تورکیایان دەکرد.

ئەنجوومەنی فراوانی نەتەوەیی (بیوك میللی مجلسی) بڕیارێکی گرنگی لە بەرژەوەندی گەلی کورد دەرکرد:

ـ ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دیاریبکرێت زۆر فراوانتر لەو ناوچەیەی لە پەیمانی سیڤەردا دیاریکراوە ـ بۆ جێبەجێکردنی ئەم پەیمانەش ١٠/٨/١٩٢٠ لیژنەیەك لە شێخولئیسلام ئیبراهیم حەیدەری هەولێریی، ئەمین عالی بەدرخان و شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبێدوڵڵای نەهریی پێکهات و لەسەر دوو خاڵی گرنگ رێککەوتن:

١ـ تورکیا دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا دەنێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا.

٢ـ گەلاڵەکردنی رێوشوێنی پێویست بۆ جێبەجێکردن و بڵاوکردنەوەی بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان.

کورد دەستی بێخەم دەنێتە ژێر سەری و وادەزانێت مافەکانی بەراستی لە بەندەکانی ئەنجومەنی گەورەی میللەت (بیوك میللی مەجلیسی) دا چەسپاوە و پیادەکردنی مسۆگەرە. کورد خۆشباوەڕە، حوسەین عەونی لە وتارێکدا لە بەردەم شورای نیشتمانی تورکیادا دەڵێت: تەنها تورك و کورد بۆیان هەیە لەم سەکۆیەوە وتاربدەن. راگەیاندن و پڕوپاگەندەی کەمالییەکانیش جەختی لەسەر ئەوە دەکرد دوای رزگارکردنی "وڵات" برا کوردەکانمان گەر جیابوونەوە بە چاکتر بزانن لە ژیانی هاوبەش لەگەڵ تورکدا، ئێمە لاریمان نییە! سەیر لەوەدایە فەرید پاشای سەرۆك وەزیران رێککەوتنەکەی پەسەند نەکرد، بەڵام دەستبەسەرداگرتنی وڵات و شەرەفی سەربازی تورکی لە ژێر پۆستاڵی هاوپەیمانە داگیرکارەکانیدا مۆرکرد. راستە "حیز بە خاڵی خۆی فێرە". ئەمە لە تورکیا، لەملاشەوە ئوزدەمیر لە رەواندز دەیوت: تێناگەم شێخ مەحموود بۆ داوای نیمچە سەربەخۆیی دەکات (شێخ داوای لە تورك کردبوو، نیوەی ئەو سەربەخۆییەی ئێوە بماندەنێ بۆ کورد چاکترە لەو سەربەخۆییە تەواوەی بەریتانیا ئامادەیە بمانداتی). ئەمجا سەرۆك وەزیران دەفەرموێت: شێخ مەحموود دژی ئینگلیز هاوکاری ئێمەی کردووە، یەزدان لەو دنیا پاداشتی چاکەکەی دەداتەوە! "خوانەیبڕێت" مستەفا کەمال توانی ئەوە بە کورد بسەلمێنێت سەرکەوتنی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بەستراوە بە سەرکەوتنی کەمالیزمو تورکەوە، ئەوەشی چاك دەزانی کە سەرەتای یاخیبوونەکەی، جگە لە کوردستان (باکوور) نە ناوچەیەك هەبوو بیکاتە بنکەی راپەڕین نە ئەو هێزو توانایەشی هەبوو شەڕی کورد بکات و دەست بەسەر ناوچەکەیاندا بگرێت و بەزۆرەملی کۆنترۆڵی بکات... یاخیبوون و راپەڕینەکەشی

دەپووکایەوە و ئەویش وەك ئەنوەر و هاوڕێکانی لە دوورە وڵاتی سەریان تێدا دەچوو، ڕێڕەوی مێژووی ناوچەکەش بەئاراستەیەکی دیکەدا دەڕۆیشت و دواڕۆژی کوردیش تاریك و ڕەش نەدەبوو.

ڕاستەو نکولی لەوە ناکرێت مستەفا کەمال ئەفسەرێکی ژیرو وردبین و دووربین و بەجەرگ و بەکاربوو، دەیتوانی هەر زووش کار لەدەوروپشتەکەی بکات، بەڵام بەهرەیەکی دیکەشی هەبوو کە حەزدەکەم بە بەختی سیاسی ناوبنێم چونکە ئەگەر هەموو کات لە پشتییەوە نەبووبێت، بەزۆری هاوڕێی بوو.

١ـ ناحەزە دەسەڵاتدارەکانی کە هەمیشە لەگەڵیان ناکۆك بوو وەك ئەفسەرە تونڕەوەکانی سەرکردایەتیی یەکێتی وپێشکەوتن،گۆڕەپانەکەیان بۆ چۆڵکرد و سەریشیان نەگیرایە دواوە وهەر هەموویان لە نێوچوون.

٢ـ وەك ئەهریمەن بە گوێی سوڵتانیدا چرپاندبێت لە نێوهەموو ئەو ئەفسەرانەی بەردەستیدا،ئەو دیاریدەکات و ناردی بۆ ئەنەدۆڵ وئەویش یەکەمین هەنگاوی سەرکەوتنی لەوێوە هاویشت.

٣ـ بەو هۆیەوە گوێی لە کەس نەدەگرت و بیروڕای خۆی بەسەر هاوڕێکانیدا دەسەپاند، سەرکردەکانی لەشکر پلانی کۆدەتایەکیان ڕێکخست کە گومان لەسەرکەوتنی نەدەکرا، بەر لە شەڕەکەی سەکاریا جێبەجێی بکەن، کەچی پێوەنەبوو.

٤ـ لە چاوی هەموو تورکێکدا بوو بە فریشتەی ئاسمان و ڕزگارکاری وڵات لە دوژمنان... یۆنانەکان تەنها ٢٠ میلیان مابوو بگەنە ئەستەمبووڵ.

٥ـ بەرپابوونو سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ڕووسیا، هەرچۆن کە لە شەڕی یەکەمی جیهانی کشانە دوواوە و لەشکری شەشەمی عوسمانییان لە کارەساتێکی سەربازی گەورە ڕزگار کرد، لینینیش کە هاتە سەر کار بۆ بەرەنگاریکردن و دژایەتی هاوپەیمانان و گەیشتن بە دەریای سپی ناوەڕاست باوەشی بۆ مستەفا کەمال دەکاتەوە. هاوپەیمانانیش لە ترسی ئەوەی یەکێتی سۆڤێت تورکیا نەگرێتە باوەش و جێگە پێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندا بدۆزێتەوە، کەوتنە پشی پشی بۆ مستەفا کەمالو جێبەجێکردنی داواکارییەکانی و ژێرپێخستنی مافەڕەواکانی هەردوو نەتەوەی گەورەی کوردو ئەرمەن. ئەم هەڵوێستە نامرۆڤانەیەی هاوپەیمانان باری کەوتووی کەمال و تورکی تەواو ڕاستکردەوەو پەیمانی سیڤەر بە زیندوویی نرایە گۆڕ و پەیمانی (لۆزان)یش گورزێکی ئەوەندە قورسی لە کورددا، لە ماوەدایەکی نێزیکدا دەستی بەسەربەخۆیی نەگات.

٦ـ حکومەتەکەی سولڵتانیش لە ئەستەمبووڵ کە تا چەند ساڵێك لەمەوبەر لایەکی ئاسیا و ئەفەریقاو ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی لە ژێر چنگدا بوو ئێستە کزو لاواز و بێهێز کەوتووە و لە گەڵیانەڵادایە و چاوەڕوانی مەرگ و هەرەسی یەکجارەکی دەکرد.

کەمالیزم، یەکەمین هەنگاوی لە کوردستانەوە و بە پشتیوانیی کوردی باکوور هاویشت، بەڵام بە کاریگەری کورد نەکەوت، تەختو تاراجی سوڵتان وەرگەڕا، ئەمەش هەر بۆ نموونە، تەواو پێچەوانەی دەرکەوتن و سەرکەوتنی صەددام حسێنە کە بە کاریگەری کوردی باشوور و شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ هاتە سەر کار و هەر بە کاریگەری کورد و کێشە بەردەوامەکەشی نەك هەر خۆی بەڵکو بنەماڵەو حیزب و

ڕژێمەکەی و وڵاتی عێراقیشی قڵپکردەوە.

## ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کوردو ئەرمەن

کوردو ئەرمەن دوو نەتەوەی ڕەسەن و خاوەن مێژووی دێرین و جێگیری خۆرهەڵاتن، ئەرمینیا دەکەوێتە خۆرئاوای دەریاچەی قەزوین و باکووری چیاکانی کوردستانی نێوان ڕووسیا، ئێران، تورکیا و پێدەشتەکانی دامێنی ئارارات.

هەردوو نەتەوەکەش دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام و داگیرکردنی ئاسیای بچووك و ئاسیای ناوەند، بوون بە کۆلۆنیی دەوڵەتی خەلیفەکان و بەتایبەتیش سوڵتانەکانی عوسمانیی کە ئەوانیش خۆیان بە جێگری پەیامبەر دەناساند، کورد و ئەرمەن حەوت سەد ساڵێك پێکەوە و بە دراوسێتیی لەژێر جەورو ستەمی تورکدا دەیان ناڵاند،بە خۆیان و خاکیانەوە بوون بە بەشێك لە موڵکی تایبەتیی سوڵتانەکان. ئەو سەردەمانە هەردوو نەتەوەکە لە پاڵ نەتەوەی عەرەبدا، سێ نەتەوەی گەورەی ڕەسەنی گێتی بوون کە سەروماڵ و خاکیان داگیرکرابوو، ئەمڕۆ تەنهاکورد ئەو بەشە ڕەشەی بۆ ماوەتەوە. نەتەوەی ئەرمەنیش وەك کورد ئازاو جەنگاوەر و سەرگەرم و کەللەڕەقن، بەڵام لە ڕووی هۆشیاریی نەتەوەیی، ڕامیاریی،یەکڕیزیی،خوێندەواریی،ڕووناکبیریی و شارستانێتییەوە زۆر لە پێش کوردەوەن. کاتێك ئەرمەن ڕۆژنامەیان بە زمانی خۆیان چاپ دەکرد، چەندین گەلانی پێشکەوتووی ئەمڕۆ هێشتا خاوەن ڕۆژنامەی خۆیان نەبوون، لە بواری خەبات و جۆرەها چالاکیی ڕووناکبیریی، کۆمەڵایەتیی، ڕامیاریی و پەیوەندییەکانی دەرەوەدا هەر لە پێش کوردەوە بوون بەتایبەتیش کە دەردی ناکۆکیی و خۆخۆرییشیان لە نێودا نەبوو، هەمیشە یەکدڵ و یەکدەست و یەکڕیز تێدەکۆشان، هەربەو هۆیەشەوە خەباتی چەکداریی ئەرمەن کە لەگەڵ ئەو هەموو قەوارەو میرنشین و زنجیرە نەپساوانەی شۆڕشەکانی کوردا بەراورد ناکرێن درەختی هیوایان چرۆی کرد و بەریگرت،درەختی هیوای کوردیش زڕو بێ بەرهەم بوو. ئەوەندەی من بزانم یەکەمین ڕاپەڕینی ئەرمەن دژی عوسمانییەکان ١٨١٦ لە ناوچەی وان و ١٨٦٢ ڕاپەڕینی جوتیارانی زەیتوون و دواجاریش ماوەی نێوان ١٨٧٨ـ ١٨٨٤ سەریان هەڵدایەوە لە چاو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورددا لە ١٨٣٤ ـ ١٩٧٥و١٩٧٦ـ ١٩٩١ شتێکی ئەوتۆ نانوێنێت، بەڵام دەکاتە دەستمایەیەکی کەمو قازانجێکی زۆر بۆ ئەرمەن و دەستمایەیەکی زۆرو مایەپووچی بۆ کورد!

کرۆکی کێشەی نێوان کورد و ئەرمەن لە چەند خاڵێکەوە سەرچاوەیان گرت، هەردوولاش لەبەردەم مێژوودا بەرپرسیاری ئەو خوێنەن بە ناڕەوا لە نێوانیاندا ڕژا. سوڵتانەکانی عوسمانیی بەرووددوا بەپێی پلانە نەگریسەکانیان دەماری ئایندارییی و خواپەرستیی کوردیان دەگرت، هەستو سۆزی گەرم و بەتینی ئایین و ئاینزایان جۆشدەدا بەرامبەر هەموو گەلانی ناموسڵمان و بە سۆزی دەروێشیی و حاڵ لێهاتنەوە ڕەوانەی بەرەکانی جەنگی پیرۆز (غەزا و جیهاد)ی کافرانیان دەکردن لە پێناو ئاینی بەرزی ئیسلام و ڕەزامەندیی یەزدان و پەیامبەر و ماڵێك لە بەهەشت وئەو دنیا و ڕەزامەندیی و ئافەرینی سوڵتانیش لەم دنیا! بۆ نەگبەتیی کورد یەکێك لەو گەلە "کافرانە" ئەرمەن بوو کە دراوسێی کورد و لەویش چەوساوەو مافخووراو

تره گوایه دوژمنی ناوخۆن و لەسەر خاك و نیشتمانی موسڵمانان "دەڵەوەڕێن" و دەیانەوێت لەشکری بێگانە بهێننە ژوورەوە،خاکی ئیسلام داگیر بکەن و شوێنە پیرۆزەکان و جێنزرگەی پیاوچاکان و مزگەوتەکان بڕوخێنن و کلێسای لەسەر دروست بکەن و بانگی ئەڵلاهو ئەکبەر بگۆڕن بۆ زەنگی کلێسا، ئافرەتەکانمان ئەتك بکەن. سەردەمی کەمالیزمیش کە تورکیا لە نێوان سوڵتان لە ئەستەمبوولّ و مستەفا کەمال لە ئەنقەرە بوو بوو بە دوو بەشەوە و چەند هەرێمێکی تورکیا وەك ئەستەمبوولّی پێتەخت و بۆسفۆر و دەردەنیل و کلیکیا و ئەزمیر کەوتبوونە ژێر چەکمەی لەشکرەکانی بەریتانیا، فەرەنساو یۆنانەوە، گوێی کوردیان بەوە کەڕکردبوو کەئەرمەن بە پشتیوانیی رووسیا و بەریتانیا دەوڵەتی ئەرمینیای مەزن لەسەر خاکی کوردستان دادەمەزرێنن و دەیانەوێت کورد بکەنە نۆکەر و خزمەتکار،بەڵام خەیاڵیان خاوە ئێمە دەوڵەتی تورکیای نوێ دادەمەزرێنین، تورکیای هاوبەش و یەکسان لە نێوان هەردوو گەلی برا و موسوڵمانی تورك و کوردا دادەمەزرێنین وەك دەوڵەتە فیدراڵەکەی پرووسیای بەرلە یەکەمین جەنگی جیهان کە لە هەردوو ولاتی نەمساو هەنگاریا پێکهاتبوو. جا وەرە کوردی خۆشباوەڕ و سەرگەرمی ئاین، دەهریی مەبە و هەر بە قەڵەمباز رامەکە فریاکەویت بەشداریی ئەو جەنگە پیرۆزەت لەدەست دەرنەچێت! بۆ رووناکبیران و هۆشیارانیش دروشمە بریقەدارەکانی کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن "الإتحاد والترقی" کە دوای جوڵانەوە پێشکەوتنخوازەکەی مەشروتەی ۱۹۰۸ بەرزیکردنەوە: ئازادیی، دادی کۆمەڵایەتیی، یەکسانیی و برایەتیی، ئەوەندە هیوابەخش بوون هەر مەپرسە! کورد ئەمجارەش دەستی چوو بە تێزابدا.[۹۹] بەشێکیان لە پێناو سوڵتاندا و بەشێکیان لە پێناو مستەفا کەمالدا ئەوەندە سەرگەرم و بە باوەڕەوە دەجەنگان و قوربانییاندەدا، سەرکردەکانی تورك نەتوانن نکوولیی لێبکەن. وەزیری جەنگی تورکیا لەبەردەم گڵکۆی سەربازی نادیار "قارەمانی نادیار"[۱۰۰] دا دەڵێت: (پێدەچێت ئەم سەربازە کورد بێت)، دەوەرە کوردی باکووری کوردستان کە هێشتا سادەترین مافەکانت نەوەکانی ئەو وەزیرە پێشێلی دەکات، دین مەبە.[۱۰۱] ئەرمەنیش لای خۆیانەوە بە پلان و هاندانی هێزە دەرەکییەکان و چەك و کۆمەکیی دارایی،کرابوون بە مقاشی دەستی رووسیا و بەریتانیا و هەریەکەیان بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەوەندەی فریابکەوتایە دژی بەرامبەرەکەیی و دژی تورك و کوردیش بەکاریان دەهێنان لە ژێر پەردەی بەدیهێنانی ئاواتە دێرینەکانی ئەرمەندا کە لە ۱۹۱۳ وە داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوە دەکەن لە تورك و لە ۱۹۱۹ ەشەوە بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمینیای مەزنیان پێدرابوو لەو سەرزەمینەدا کە خاکی کوردە و سنوورەکەی لە ئەسکەندەروونەی کەناری دەریای سپی ناوەندەوە بۆ باکۆ درێژ دەبێتەوە، ئەرمەنیش لەو پێناوەدا ملیان لە چەقۆ دەسوو. سوڵتان عەبدولحەمید بەپێی یەکێك لە پلانە ستراتیژییەکانی لە ئۆکتۆبەری ۱۸۸۰ لەشکرێکی گەورە لە هۆزەکانی کورد پێکدەهێنێت بە نێوی سوارەی حەمیدیی، حسێن پاشای کورد سەرلەشکرێکی گەورەی ئەو هێزە بوو لە ناوچەکانی ئارارات، دەستی بەسەر ناوچەکانی بایەزید، ماك، رەواسییە، هەتا ورمێ رادەگەشت.

ئامانجەکانی دامەزراندنی هێزەکانی حەمیدیی:

١ـ راونان و تۆقاندن و سەرکوتکردنی ئەرمەن.

٢ـ کۆکردنەوەی هۆزەکانی کورد لە ڕێکخراوێکی سەربازیی نیمچە نیزامیدا کەبەردەوام لە ژێر چاودێری کردنی بەرپرسانی تورکدا بن و نەپەرژێنە سەر بیرکردنەوە لە چارەنووسی گەلەکەیان و خۆسازدان بۆ ڕاپەڕین.

٣ـ ناکۆکیی و دووبەرەکیی نانەوە لە نێوان سەرۆک هۆزەکاندا و دابڕینیان لە یەکتر بەهۆی پەلەقاژەی فراوانکردنی سنووری دەستەڵات و بەشێکی زۆرتر لە ماڵ و سامان و دارایی ئەرمەنەکان.

ئەنجامی ئەو پلانە نەگریسە ١٨٩٤ـ ١٨٩٥ کورد و ئەرمەن لە هەرێمەکانی سامسۆن و هەکاریی،دڕندانە پێکهەڵپژان. کە هێزەکانی ڕووسیاش ١٩١٤ دێنە نێو سنوورەکانی تورکیا، ئەرمەن ئەو هەلە دەقۆزنەوە و بە هاندان و پشتیوانیی ڕووسیا دەکەونە گیانی کوردو تۆڵەسەندنەوە، ماوەی نێوان ١٩١٤ـ ١٩١٨ لە خۆرهەڵاتی تورکیا حەفتا هەزار کورد بە دەستی ئەرمەن کوژران، گەورە بەرپرسانی کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن بۆ کەڵك وەرگرتن لە کوردو ئەرمەنیش ماوەیەك لەگەڵ سەرکردەکانی پارتی توندڕەوی ئەرمەن (تاشناق)دا،دژی کورد ڕێکدەکەون بۆ کپکردنی دەنگ و چالاکیی کۆمەڵە و ڕێکخراوە رامیاریی و کولتوورییەکانی کوردو گرووپی تایبەتیی چەکداریان دامەزراند بۆ تیرۆرکردن و تۆقاندنی ڕووناکبیرانی کورد، گۆڤارەکەی کۆمەڵەی کوردستان "رۆژی کورد" ١٩١٣ قەدەغە کرا، خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی ئەستەمبوڵ لە شوێنیدا "هەتاوی کورد" پەخشدەکەن، ئەویش ١٩١٣ داخراو بەشێك لە ڕووناکبیرانیی کورد لە ژێر کاریگەریی نێگەتیڤی ئەو پاڵەپەستۆ دوو لایەنییەدا پەیوەندی بە پارتی ڕزگاری دەکەن و بۆ درێژەدان بە خەبات دەچنە نێو ریزەکانی ئەو پارتەوە کە دوژمنی سەرسەختی پارتی یەکێتی بوو، باوەڕیان بە سەربەخۆیی کوردیش هەبوو لە چوارچێوەی تورکیا و لە ژێر سایەی سوڵتاندا... ڕووناکبیرە دڵسۆزەکانی کورد لە نێو ریزەکانی ئەو پارتەدا بە ئاشکرا و لە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی خۆشیاندا بە نهێنی خەباتیان دەکرد.

تورك بە بەرنامەیەکی داڕێژراوو زۆر فراوان ١٩١٥ـ ١٩٢٣ بە جۆرێك کەوتنە جینۆسایدی ئەرمەن لە هەموو ئەورووپاشدا دەنگی دایەوە. وەنەبێت کوردیش دەستی لە ئەرمەن پاراستبێت، هێزەکانی سوارەی حەمیدیی گاڵەیان پێکردن بەتایبەتیش تاڵانکردن و هەڵکەندنیان لە شوێنەکانیان. سەرۆك هۆزێکی کورد دەڵێت: ئێمە هەر سامان و ماڵاتی ئەرمەنەکان حەڵاڵ دەکەین، سەریان ئازادە، بەڵام تورك سەرو سامانیان حەڵاڵکردوون. درەنگانێك سەرکردە ژیرەکانی هەردوولا هۆشیاربوونەوە و لە فرتوفێڵی دوژمنان تێگەیشتن کەئاگری شەڕێکیان پێخۆشدەکەن بەرژەوەندی هیچ لایەکیانی تێدا نییە، بەڵکو لەبری دوژمنان وپاراستنی بەرژەوەندییەکانیان خوێنی یەکتر دەڕێژن، بەڵام کەی ؟ زۆر دوای ئەوەی کوردو ئەرمەن خۆبەخۆ و تورکیش لە هەردوو لایان، نیو ملیۆن کورد و ملیۆن و نیوێك ئەرمەن تێداچوون.سەرۆك هۆزی کوردیش هەبوو سەرو سامانی ٣٠٠٠٠ هەزار ئەرمەن دەپارێزن و لە گوندەکانی کوردستان شاردیاننەوە و کێشەی زۆریشی لەگەڵ لەشکری تورك بۆ دروست کردن، بەڵام چەند جارێك هێزەکانی تورکیان بە شەڕە تفەنگ دەگێڕایە

دواوە و تەنها ئەرمەنێکیان بە دەستەوە نەدان کە شمشێرە بە خوێن ئاودراوەکانیان بۆ گەردنیان تیژ کرابوو، کەچی نوێنەری کەمالییەکان عیصمەت ئین ئینۆ لە گفتوگۆکانی کۆنگرەی لۆزان ۱۹۲۳ لەسەر کێشەی کورد رووداکاتە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکانی جەنگ و دەڵێت(گەلی تورك کەموزۆر هیچ تاوانێکی کوشتاری ئەرمەنەکانی لە ئەستۆدا نییە، تاوانبار کوردە موسڵمانە کەم چیکڵدانەکانن)، ئەم چەند وشەیە بەجۆرێك داڕێژرابوون جادوو (سیحر) ئاسا، وەها کار لە هاوپەیمانەکان دەکات بەردێك بخەنە سەر کێشەی کورد هەتا (٦٨) صاڵ سەریان هەڵنەدایەوە!!

## پەراوێزەکانی بەشی شەشەم

١ـ عەبدلڕەقیب یوسف، بانگەوازێك بۆ رووناکبیرانی کورد، سلێمانی، ١٩٨٥، ل٨٥.

٢ـ فەرهاد پیربال، دکتۆر، کورد لە دیدی بێگانەکانەوە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل/٢١٥ـ ٢١٧.

٣ـ ئەمین زەکی، سەرجەم بەرهەمەکانی موحەممەد ئەمین زەکی بەگ، ئامادەکردنی سدیق صالح، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل/١٢٠ـ ١٢١.

٤ـ عەبدلڕەقیب یوسف، سەرچاوەی پێشوو، ل/٥١.

٥ـ حسین مدنی، کوردو ستراتیژی دەوڵەتان، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠١، ل/٣٦٠ـ ٣٦٢.

٦ـ عەبدلڕەقیب یوسف، سەرچاوەی پێشوو، ل/٥٢.

٧ـ بڕوانە لوغەت نامەی ئەحمەدی، راستکردنەوە و وێنەدارکردنی عەبدولڕەحیمی مەحموودی، انتشارات کردستان، ١٣٧٩هـ.ق.

٨ـ سەلام ناوخۆش دەڵێت دیوانەکەی مەولانا خالید ١٨٨٤ چاپکراوە.

٩ـ دەڵێن چەکدارێکی نەناسراو تەقەی لە مەولانا کردووە لەبەردەم خانەقاکەی خۆیدا

١٠ـ ئەفسەری شەهید مەحموود جەودەت سەرەتای دامەزراندنی یەکەمین کابینەی نووری سەعید لە سێدارە درا.

١١ـ لە زنجیرەی دارشتنی چیرۆکەکە لامداوە.

١٢ـ جوتکەوانەکان و نێوانەکانیان من دامناون. ن.ك.

١٣ـ کەسێکی دێرین: لەبیرچووەوە. مەبەستی لە صالانی ١٩٣٠.

١٤ـ شارئاین: تاج لەسەرشانی شا، چوونە سەر تەختی شاهانە (شا، پاشا).
١٥ـ لە میرنشینی باباندا پلەی پاشا، فەرماندار (حاکم) هەبوو، بەڵام هیچ میرێکی بابان پلەی وەزیری نەبووە وەك لە میرنشینی ئەردەڵاندا هەبووە.
١٦ـ چیرۆکەکەم لە نەوشیروان مستەفا، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەمدا ١٩٨٨ وەرگرتووە، بە هەندێك دەستکاری لە دارشتن و رێنووسدا و پەراوێزم بۆ داناوە.
١٧ـ لە هەندێك سەرچاوەدا ١٦٤١ـ ١٦٩٩ نووسراوە.
١٨ـ جمال نبز، الدكتور، المستضعفون الكرد واخوانهم المسلمون، لندن، ١٩٩٧، ص١٠٦، حاشية ٥٣.
١٩ـ بۆچوونی دکتۆر فەرهاد پیربالە.
٢٠ـ دەڵێن نێزیکەی شەش هەزار وشە.
٢١ـ نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.
٢٢ـ حسین مدنی، کوردستان لە ستراتیژی دەوڵەتاندا. ب٢، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠١، ل٣٦٧.
٢٣ـ پەرلەمانتارێکی بوێر و هۆشیارو دووجاریش پۆستی وەزارەتی لە دەوڵەتی عێراقدا وەرگرت، هەمیشەش ئەوەی بەلاوە گرنگبوو لە چ پۆستێکدا زۆرترین خزمەتی کورد بکات.
٢٤ـ سەردەمی داستانەکە بەبۆچوونی ستڤن هیمسلی لۆنگریك لەسەردەمی میری بابان سلێمان بەبەدا بووە کە هەتا ١٦٩٨ز فەرمانڕەوا بووە، بەڵام پیرەمێردی خۆمان دەیباتەوە بۆ سەردەمی ئەحمەد پاشای کوڕی خالید پاشا کە هەتا ١٧٧٨ میری بابان بوو.
٢٥ـ قەنعان ـ کەنعان ناوێکە لە نێو ئینگلیزدا باوە و ناوی کوڕە نەك کچ.
٢٦ـ تەهەوور (تَهَوّرَ) وشەیەکی عەرەبییە واتە هەڵەشەیی.
٢٧ـ تاریدەر، چیا سەختەکەی تاریەرە لە نێوچەی سیوەیل ـ سلێمانی.
٢٨ـ کەتوو، ئەویش وەك تاریەر لە چیا سەختەکانی هەرێمی سلێمانییە و مەیدانی زۆربەی شەڕەکانی نێوان خولە پیزە و هێزەکانی عێراق بوون.
٢٩ـ نقام (مەقام) ئەو شێوە مەقامەی لە کاتی پێشڕەویدا بۆ گرتنی شوێنێکی دوژمن دەنگخۆشەکان دەیانچڕی بۆ هاندان و بەرزکردنەوەی ورەی جەنگاوەرەکانی کورد، فەتح ـ رزگارکردنی یا دەستبەسەراگرتنی ناوچەیەکی یا شارێکی ژێردەستەڵاتی دوژمنە و یەکەمین جار لە (فتح مکـە) گرتن ـ رزگارکردنی شاری مەککەوە وەك زاراوەیەکی سەربازی کەوتە زمانی عەرەبەوە کە موسڵمانەکان شاری مەککە لە قوڕەیش رزگار دەکەن.
٣٠ـ پێشدار، پێشڕەو، هێزی دەستوەشێن.
٣١ـ لە دەقەکەدا نووسراوە (نەعرە) و (نەعرەتە) یەکەمین عەرەبی و دووەمیان کوردییە و جیاوازییشیان زۆرە لە مانادا.
٣٢ـ رێ پەنا، پەنا رێ، راستترە وەك پەنا بەرد، کوێرەڕێ.
٣٣ـ داوێن ـ دامێن، لای خواروو، بۆسەنجوێن، کەمین، تەپکە دانان بۆ دوژمن.
٣٤ـ لە شێوەی نووسینی دەقەکەدا نووسراوە (هەتا شەو بەسەرایەت).
٣٥ـ شەبەیخوون پەلاماردانی دوژمنە لە شەودا بە هێرشێکی کتوپڕو لەناکاو.
٣٦ـ پاڕانەوە و داواکردنی یارمەتی لە پەیامبەر لە شێوەی هۆنراوەدا و بەدەنگو ئاواز بخوێنرێت، ئەوە (موناجات)ە.

٣٧ـ پێشتریش چەند جارێك (نەعرە) نووسراوە لە جێگەی نەعرەتە.
٣٨ـ نەقارەخانە: تەپڵ کوتەکانی لەشکر، کەڕەنا ئامێرێکی موزیکە لە شاخی کەڵەکێوی چێدەکرێت و دەنگی زلە و لەکاتی دەستپێکردنی هێرشدا فووی پێدا دەکرێت.
٣٩ـ قەدارە: رمێکی درێژ و قورسە.
٤٠ـ هێرشبەران بە دوژمن دەڵێن (بۆ رووخاندنی ورە و ترساندن) خۆت رزگار بکە و کەلوپەل جێبهێڵە.
٤١ـ خەنیم: دوژمن، رکەبەر، ناحەز، میمڵ.
شەبەیخون: هێرشی لەناکاوی نیوەشەو بۆ سەر دوژمن.
٤٢ـ شکستە: شکاو، لەشکری بەزیوی راکردوو لە گۆڕەپانی جەنگ.
٤٣ـ وشەی سەدر لێرەدا یەکەمجار مەبەستی لە برنجی سەدرییە کە برنجێکی بەتام و بۆنخۆشە و سەدری دووەم مانای سەرۆك، سەرۆك وەزیر (ئەمەیان "صَدر"ە) بە (ص) دەنوسرێت وەك صەدری ئەعزەم.
٤٤ـ تێی خوڕین (تیخوڕین): دەنگیدان، ئەوە کێیە؟ کێی زەلام؟
٤٥ـ سەلیم بەگ برازای ئەحمەد پاشایە، نەك مام.
٤٦ـ بازگەشت: کۆتایی شەڕو گەڕانەوەی لەشکر بۆ بارەگا.
٤٧ـ مەبەستی لە گۆمی (زرێبار) نێزیك مەریوان کە لە زستانی سەختدا دەیبەستێت و مرۆڤ و گیانداران هاتوچۆی بەسەردا دەکەن.
٤٨ـ هێزی دوژمن راودەنێت.
٤٩ ـ قەندەکیش، قەند شەکرە، بەڵام قەندە ئامێرێکی سادەیە بۆ جگەرەکێشان، ماوەی سوتاندن و هەڵمژینی توتنی نێو قەندەکە چەند خولەکێك دەخایەنێت و لە کوردەواریدا بەوەها ماوەیەکی کورت دەڵێن قەندەکێشێك یا جگەرەکێشێك.
٥٠ـ مەبەستی ئەحمەد پاشایە کە مامی سەلیم بەگە.
٥١ـ تەهلوکە وشەیەکی عەرەبییە، کورد کردوویە بە تەهلوکە واتاکەشی کارێك یا بەرهەڵستێکی مەترسیدار و زیانبەخشە وەك لە قورئاندا هاتووە: (وَلاَ تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ) (البقرة: ١٩٥) خۆتان مەهاونە کارێك مردنی بەدواوە بێت.
٥٢ـ یاساغ: قەدەغە، یابانچی: بێگانە، فەرماسیۆن: ماسۆنی.
٥٣ـ ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ژیان و بەرهەمەکانی، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا هەولێر ٢٠٠٣.
٥٤ـ بزوتنەوەی قۆچگیری دوو قۆناغە، یەکەمیان ١٩٢٠/١/٣ ـ ١٩٢٠/٩/٢٦ و قۆناغی دووەم ١٩٢١/٢/٢٤ـ ١٩٢١/٦/٣ و بە بڵاوکردنەوەی لێبوردنی گشتی ١٩٢١/٦/٥ بزوتنەوەکەش دامرکایەوە. بڕوانە سەرچاوەی پێشوو.
٥٥ـ ئیسماعیل شاوەیس، هەمان سەرچاوە، ٥٤، ٥٥.
٥٦ـ ئیسماعیل شاوەیس، هەمان سەرچاوە.
٥٧ـ ئیسماعیل شاوەیس، هەمان سەرچاوە.
٥٨ـ بڕوانە: لمحات من تأريخ الإنتفاضات والثورات الكردية، إعداد أبو شوقي، ط١، بيروت، ١٩٧٨.
٥٩ـ بڕوانە: مەسعود بارزانی، البارزاني والحركة التحررية الكردية.
٦٠ـ مونشی (مُنشيء) وشەیەکی عەرەبییە لە چاوگی (إنشاء) (داڕشتن ـ دروستکردن) وەرگیراوە و

(مونشي ـ مُنشيء) ناوی بکەرە و واتای داڕێژەر، نووسەر دەگرێتەوە.
٦١ـ حسین حوزنی موکریانی وەریگێڕاوەتە سەر کوردی.
٦٢ـ ئەوە دکتۆرا نامەکەیەتی و صالّی ١٩٦٧ پێشکەشی کردووە.
٦٣ـ گۆڕینی دەقە عەرەبییەکە و کەڵکوەرگرتن لەو سەرچاوانەی لەبەردەستدا بوون بەتایبەتی ل٢٧ـ ٨٥ ئەو دەقەی جاسمی جەلیل ئامادەی کردووە (قارەمانێتی کورد لە داستانی قەڵای دمدمدا) و شەکوور موستەفا کردوویەتی بە عەرەبی سەرلەنوێ چیرۆکەکەم داڕشتەوە.
٦٤ـ یەکەمین داهێنانی تۆپهاوێژ لە مێژوودا ١٨٦٢/١١/٤ بوو.
٦٥ـ ڕووداوەکانی داستانەکە دەگەڕێتەوە بۆ صالّی ١٦٠٦ عیسایی.
٦٦ـ ئەمین زەکی لە نووسینەوەی داستانی قەڵای دمدمدا ناوی پاڵەوانی داستانەکە ناهێنێت!
٦٧ـ بڕوانە سەرجەمی بەرهەمی (بەرهەمەکانی) ئەمین زەکی، ئامادەکردنی: سدیق صالّح، ب١، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٩٣ـ ١٠٤.
٦٨ـ عەبدالّخانی میری برادۆست و میری لەپزێرین (زێڕیندەست) هەردووکیان نازناوی برادۆستیان هەیە.
٦٩ـ سیاحەتنامەکەی ئەولیا چەلەبی وەرگێڕانی بۆ کوردی سەعید ناکام، بەغدا ١٩٧٩، ل١٣.
٧٠ـ قزلّباش وشەیەکی تورکی عوسمانیە لە چەند سەرچاوەیەکدا بە کورد دادەنرێن.
٧١ـ نارین قەڵا بەشێك بوو لە قەڵا مەزنەکە.
٧٢ـ فەقێ قادری هەمەوەندی لە شاری (درنە)ی لیبیا کۆچیی دوایی کردو هەرلەوێش نێژراوە.
٧٣ـ موحەممەد عەلی پاشای میسر بەدەستی خۆی لە دەفتەری بەرباخەڵەکەیدا (دفتر مذکرات) لە یەکەم لاپەڕەدا نووسیوێتی بەشانازییەوە دەڵێم کوردم. بڕوانە درەخشان جەلال حەفید، ژیانی حەپسەخانی نەقیب، چ٢، سلێمانی ٢٠٠٨.
٧٤ـ محسن دزەیي، أحداث عاصرتها، ج٢، أربیل، ٢٠٠٢، ص١٢٩.
٧٥ـ مارف خەزنەدار، دکتۆر، تێبینی و وردبوونەوە، نووسینی مینورسکی، ل١٧٣.
٧٦ـ هەمان سەرچاوە، ل٣٣.
٧٧ـ ئەرمەنەکان چەند دەڤەرێکی کوردستانی باکوور بە خاکی خۆیان دەزانن و لە نەخشەکانیاندا لە سنووری ئەرمینیای گەورەدا دایانناوە.
٧٨ـ کمال مظهر احمد، الدکتور، کردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولی، ط٢، بغداد، ١٩٨٤، ص٢٥٠ـ ٢٥٦.
٧٩ـ هەمان سەرچاوە، ل٢٧٨ـ ٢٧٩.
٨٠ـ هەمان سەرچاوە، ل٢٨٢.
٨١ـ أستار جیان، تأریخ الأمة الأرمنیة، الموصل، ١٩٥١، ص٣٣٥.
٨٢ـ تکایە چاوێك بخشێنە بە یادداشتەکانی میجەر نۆئێل، ل٩١.
٨٣ـ بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل٩٢.
٨٤ـ بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل٨٧.
٨٥ـ بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل٢٧.
٨٦ـ ئەرمەن نەك ترسنۆك نییە بەڵکو جەربەزە و گیان لەسەر دەستن و لەپێناو مافەکانیاندا گیانی خۆیان لا هەرزانە.
٨٧ـ یادداشتەکانی نۆئێل، ل٢٧.

٨٨ـ سەرچاوە بێلایەنەکان، مەزەندەیان کردووە بە چل هەزار قوربانی.
٨٩ـ هێنری مورگنتو، مذکرات سفیر أمریکا في أستانه، ترجمة فؤاد صروف، قاهرة، ١٩٢٣.
٩٠ـ هەرێمی (ناگۆرِنا کەرەباخ)یش کوردی لێدەژیا و لەگەڵ کوردەکانی ئازەر هاوسێبوون.
٩١ـ مەزریك هۆزێکی کوردن.
٩٢ـ کمال مظهر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.
٩٣ـ مینورِسکی، تێبینی و وردبوونەوە، بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل١٥٣.
٩٤ـ فەرهاد پیربالّ، دکتۆر، هەمان سەرچاوە، ل١٤٤.
٩٥ـ درەخشان جەلال حەفید، ژیان و تێکۆشانی حەپسەخانی نەقیب، چ٢، سلێمانی ٢٠٠٨، ل١٣٥.
٩٦ـ فەرهاد پیربالّ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.
٩٧ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧.
٩٨ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩.
٩٩ـ پەندە کوردیەکە دەڵێت: دەستی چوو بە زاخدا.
١٠٠ـ سەربازی نادیار وقارەمانی نادیار۔ قارەمانی نەناسراو بە گونجاو دەبینم بەرامبەر سەربازی ون ـ ونبوو.
١٠١ـ دین لە زار زمانی کورمانجی ژووروودا واتا شێت.
١٠٢ـ سەرکەوتنی عیصمەت لە جەنگەکەی ئین ئۆنۆ، بوویە نازناو بۆی و بە عیصمەت ئین ئۆنۆ ناوی دەرکرد.
١٠٣ـ رەفیق حیلمی، یادداشت، ب١، بەغدا، ١٩٥٦، ل١٩٤.
١٠٤ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤ـ ١٩٧.

# بەرگی دووەم
# بەشی حەوتەم

## شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان ١٩١٤ـ ١٩٣١

**راستە ئەڵێن کوردایەتی نابێتە بیروباوەڕ**
**لای زۆربەی زۆری جەماوەر**
**خەڵکی بۆ شەڕ هەر لە بۆسە و ئارادایە**
**بۆ بێگانەی دژو بەدکار دەسکەلایە**

(کامیل ژیر)

کورد لە شۆڕششەکەی شێخ مەحموودی نەمردا :

* یەکەمین هێزی چەکداربوو تا ئەو سەردەمە ململانێیەکی درێژ لەگەڵ بەریتانیادا بکات.
* یەکەمین نەتەوەبوو بە ئیرادەی خۆی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دامەزراند.
* یەکەمین گەل بوو سەرکردەکەی مل بۆ دوو هێزی زەبەلاحی وەك عوسمانی و بەریتانیا دانەنەوێنێت.
*شێخ مەحمود یەکەمین سەرکردەبوو دوای زیندانیکردن دەست بکاتەوە بە شۆڕش.

( لە کتێبی حکومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی سیاسەتی بەریتانیادا )

**بنەماڵەی شێخانی سلێمانی( شێخانی بەرزنجە )**
**بڵاوبوونەوەی ( یەکێتی و پێشکەوتن ) بە کوردستاندا و شڵەقاندنی بارودۆخی رامیاریی**

**گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە مەریوانەوە لە نێوان هەڕەشەو دڵنەوابییکردنی توركدا.**

**حوكمدارێتی شێخ**

**ڕووبەڕووبوونەوەكەی دەربەندو دیلكردنی شێخ و**

**هەڵوێستی موشیری حەمەی سلێمان**

**حكومەتی مەلیك مەحموود**

**پەیمانەكانی سیڤەر، لۆزان، سایكس ـ بیكۆ**

**شێخ لەبەرامبەر ئینگلیز، عێراق، ئۆزدەمیر، تورك، سەرۆك هۆزەكان، سمكۆی شوكاك و سەیید تەهای نەهری**

**سەرژمێرییەكانی موصڵ و كەركووك**

**كێشەی ویلایەتی موصڵ و چارەنووسی باشووری كوردستان**

**تەونی جاڵجاڵۆكە و فایلی كورد و ئەرمەن كەوتنە ژێرەوە**

**بارودۆخی ئابووریی و كۆمەڵایەتیی كوردستان**

**ڕاپەڕینەكەی بەردەركی سەرای سلێمانی ٦ ئەیلوول ١٩٣٠ (شەڕی بەردەرگای سەرا)**

**دامركاندنەوەی شۆڕش.... لە چیاوە بۆ پەرلەمان، لە دەنگی تفەنگەوە بۆ دەنگی پەرلەمانتارانی كورد لە بەغدا**


ڕەچەڵەکی بنەماڵەی شێخانی بەرزنجە
موحەممەد (شێخ مارفی نۆدێ)
شێخ ئەحمەد (کاک ئەحمەدی شێخ)
شێخ موحەممەدە بچکۆلە
شێخ سەعید
موحەممەد
سەیید ئەحمەد
سەیید عومەر
سەیید حەسەن
مارف
مستەفا

## بنەماڵەی شێخانی سلێمانی

شێخ مەحموودی حەفید ساڵی ١٨٨٠/ ١٨٨١ز. لە گەڕەکی شێخانی شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە و ١٩٥٦/١٠/١٩ز. لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە. کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەممەدی کوڕی کاك ئەحمەدی شێخ ١٢٠٨ـ ١٣٠٥ك./ ١٧٩٠ـ ١٨٨٧ز.کوڕی شێخ مارفی نۆدێیە ١١٧٥ـ ١٢٥٤ك/ ١٧٥٣ـ ١٨٣٨ز. لە بنەماڵەی رەسەن و بەناوبانگی سەییدەکانی بەرزنجەن، بنەچەیان دەچێتەوە سەر بابەعەلیی هەمەدانیی (؟ ـ ١٣٥٩ز)، زاوای باباتاهیری هەمەدانیی عوریان ٩٣٥ـ ١٠١٠ز. کە ساڵی ١٣٥٩ز. لە بەرزنجە گیرساونەتەوە و ئاوەدانیان کردووەتەوە،هەر لەوێشدا جێگیردەبن و بەهۆی خۆتەرخانکردنەوە بۆ خواپەرستیی و دوورکەوتنەوە لە خۆشییەکانی ژیان ناوو ناوبانگ پەیدا دەکەن و پلەوپایەی ئاینییو کۆمەڵایەتییان هەڵدەکشێت و دەبنە یەکەمین ئەڵقەی بنەماڵەی نەوەکانی بابەعەلیی هەمەدانیی و شێخ عیساو شێخ مووسا (شێخ عیسیٰ و شێخ موسیٰ).

شێخ مارفی نۆدێ یا نۆدێیی بە لەخۆبوردن و دوای هەوڵو کۆشش و شەونخوونی بنچینەکانی تەریقەت لە شێخ عەلی دۆڵپەموویی مامی باوکییەوە وەردەگرێت کە کوڕی شێخ سمایلی قازانقایی (وڵیانی)یەو دەبێتە رابەری رێبازی سۆفیگەریی قادریی لە کوردستاندا لە پاڵ رێبازی سۆفیگەریی نەقشیی (نەقشبەندیی) بە رابەرایەتی خالیدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حسەینی میکائیلی ١١٩٣ـ ١٢٤٢ك./١٧٨٥ـ١٨٢٧ز. کە بە مەولانا خالیدی نەقشبەندیی ناوبانگی بڵاوبووەوە و لە زانا ئاینییە هەرە مەزنەکانی کورد و باپیرە گەورەی بنەماڵەی ناسراوی مەحوییە.[١]

شێخ مارف پیاوێکی سوور و سپی چاو پانی موو رەشی ریش پڕی روو جوانی تێکسمڕاوی ناوشان پانی باڵا رێك بوو، هەرچەند بەلای کورتیدا دەهاتە بەرچاو.)[٢] ساڵی ١٧٨٥ز. لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا لەگەڵ ئیبراهیم پاشای دامەزرێنەری شاری سلێمانیدا لە قەڵاچوالانەوە دێتە شاری نوێ و وەك مامۆستای وانەبێژو پێشنوێژ و سەرپەشتیکاری کتێبخانەکەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی (مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ) دادەمەزرێت.[٣] شێخ مارف زانایەکی ئاینیی هەڵکەوتوو و بە بەرهەم بوو وەك مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس روونیکردووەتەوە ٣٤ کتێبی لە جۆرەها زانستەکانی ئیسلامدا بە زمانی عەرەبی و فارسی نووسیوە و مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لیستی بۆ گرتوون کە بەرهەمە پارێزراوەکانی شێخ مارفن و دەڵێت: "یازدە کتێبیشی لەناوچوون".[٤]

دکتۆر جەمال نەبەزیش دەڵێت: "شێخ مارفی نۆدی پتر لە ٤٦ کتێبی داناوە"[٥].

شێخ مارف بەم جۆرە خۆی دەناسێنێت: بەلەدایکبوون نۆدێییم، بەنیشتەنیی سلێمانییەیم، بە بنەماڵە بەرزنجەییم، بە مەزەب شافیعیم، بەباوەڕ ئەشعەریم، بە رەچەڵەك حسەینیم،[٦] بە ئاینزا سوننە و بە سۆفێتیش قادریم. (نودهيٌ مولدا، سليماني موطنا، برزنجي نسبة، شافعي مذهبا، أشعري عقيدة، حسيني نسبا، سني مشربا وقادري طريقة).[٧]

هەردوو رێبازی سۆفیگەریی کورد، نەقشیی و قادریی، دوو رێبازی سۆفیگەرین تەنها لە نێو

کوردەواریدا بڵاوبوونەتەوە و هاوبیر و هەوادار کۆدەکەنەوە و ئەوانەی سەر بە ڕێبازی نەقشبەندیی بوون بە صۆفی و ئەوانەی ڕێبازیی قادرییان هەڵبژارد بە دەروێش دەناسران.

شێخ عەبدولقادری گەیلانیی ١٠٧٨ـ ١١٦٩ نازناوی گەیلانیی لە شاری گەیلان لە نێوچەی ڕەشت و گەیلان ـ باشووری کوردستان بەرکەوتووە، دامەزرێنەری ڕێبازەکەیە، هۆزی تاڵەبانی لە کەرکووك و هۆزی بریفکانیش لە ئامیدی دەچنەوە سەر قادرییەکان.

ڕێبازی نەقشبەندیش بەهادین ناوێك ١٣١٧ـ ١٣٨٩ز. لە بوخارا دایمەزراند، شێخانی شەمزین، نەهریی، بارزان و هەورامان لە بنەماڵە ناسراوەکانی نەقشین.

گەڕۆك و مێژوونووسی عەرەب، مەقدیسی ١٨٨٠ز. هاتۆتە کوردستان و چل صۆفی بینیوە بەرماڵیان لەبەردابووە (لە کۆڵدا بووە ـ ن.ك) و (بەڕوو)یان خواردووە. (دەشێت پێویست نەبێت)

شێخ سەعیدی حەفید شانازیی بەوەوە دەکرد نەوەی پەیامبەرە و نەقشییەکان ناچنەوە سەر بنەماڵەی پەیامبەر بەڵکو شێخی بەرماڵن.(٨)

لە گەرمەی ململانێی قادریی و نەقشیدا لە سلێمانی، مەحوی لە نرخی ئەو شانازیکردنە بە باوباپیرانەوە دادەبەزێنێت و لە هۆنراوەیەکدا کە مەبەستی لە شێخ سەعیدە (دەڵێن کۆستە بووە) دەڵێت:

**فەزیلەی ئەصڵ و فەصڵ ئینسانی پێنابێتە صاحیب فەزڵ**

**کە تۆ کۆستەی بەتۆ چی مامە ریشی باووباپیرت**

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو دوو بەیتە هۆنراوەیە لەبەردەم خانەقاکەی خۆیدا، مەحوی بەر گوللە دەدرێت، دوای ئاشتبوونەوە، مەحوی بە شێخ سەعید دەڵێت من مەبەستم کەسێکی دیاریکراو نەبووە، کەوایەکم بڕیوە بۆ هەر کەسێك دەگونجێت پیرۆزی بێت.

پلەو پایەی ئاینیی و کۆمەڵایەتیی شێخانی سلێمانی نەك هەر لە دەورو پشتی سلێمانی و کوردەواریدا بەهێز بوو، گەیشتبووە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و تورکیا و ئێران و دەستەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەش ڕێزیان لێدەگرتن، هەر بۆ نموونە کاتێك حەبیبوڵڵا خانی سەرۆکی باوەجانیی جاف لە ئێران زیندانی دەکرێت کە دۆست و دڵسۆز و خۆشەویستی حەمە پاشای جاف بوو، کاك ئەحمەدی شێخ نامەیەك بۆ فەرهاد میرزا دەنێرێت حەبیبوڵڵا خان ئازاد بکات، فەرهاد میرزا ئەوەندە بە تەنگ دڵی کاك ئەحمەدەوە بوو لە نامەیەکدا بۆ ئەمیر نیزامی گەرووس دەنووسێت، حەمەبەگی جاف هەزار تمەن و قەتارێك ئێستری پێشکەشکرد حەبیبوڵڵا ئازاد بکەم، نەمکرد بەڵام بەنامەیەکی کاك ئەحمەدی شێخ (قدّس الله سرَّه العزیز) ئازادمکرد.(٩)

شێخ مارف دڵی بە لای عوسمانییەکان و خەلیفەی موسڵمانانندا دەچوو لە ئەستەمبوول، لە نامەیەکدا کە بە عەرەبی بۆ والی بەغدای نووسیوە و دادوبێداد لە جەورو ستەمی دەوڵەتی ئێران دەکات کە خوێندنگەکەی ئاوەدان و لە هەموو لایەکەوە خوێندکاران ڕوویان تێدەکرد، بەڵام لە سەردەمی دەستەڵاتی ئێراندا لە کوردستان لە کۆی ٧٠ حەفتا خوێندکار تەنها دە خوێندکار ماونەتەوە (لەوەتەی شای عەجەم

دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتووە کاروباری دین و دنیا تێکچووە، گوندەکان نوێژی بە کۆمەڵ و ڕۆژانی هەینی تێدا ناکرێت، گوندە ئاوەدانەکان هەموو وێرانن، خوێندنگاکان داخراون، خوێندکارانیش تاکوتەرا ماونەتەوە، خوێندنگاکەی ئێمە حەفتا خوێندکار پتر تێیدا دەیانخوێند، ئێستا دە خوێندکار کەمترن.)(١٠)

شێخ مارف فەرهەنگێکی عەرەبی ـ کوردیش دادەنێت بۆ ئەوەی کاك ئەحمەدی کوڕی فێرە عەرەبی بکات و فەرهەنگۆکەش ناودەنێت "الأحمدية في ترجمة العربية بالكوردية" واتە فەرهەنگی ئەحمەدی بۆ گۆڕینی وشەکانی زمانی عەرەبی بە کوردی، کە لە نێو کوردەواریدا بە کتێبی (ئەحمەدی) ناو دەردەکات و شێخ مارفلە پێشەکییەکەیدا دەڵێت: سەرەتا بەمجۆرە دەست پێدەکات:

| | |
|---|---|
| **بنام خدا حی لا یموت** | **پروردگاری ملك و ملكوت** |
| **الحمد لله علی ماوهب** | **هدانا ألی لسان ألعرب** |
| **( رأس ) سەرە ( عین ) چاوە** | **( بدن ) قالب ( أسم ) ناوە** |
| **( أنف ) لوتە ( حاجب ) برۆ** | **( فخذ ) رانە( ركبه ) ئەژنۆ** |

چامە (قەسیدە)ی بوردییەش هەر دانانی شێخ مارفە.

ناوبانگی پایەبەرزیی شێخ مارف زوو دەگاتە بارەگای سوڵتانی عوسمانی لە ئەستانە (ئەستەمبووڵ) و چاوی ڕێزو بەخشینیان لە خۆی و نەوەکانی بووە و ئەوانیش پلەوپایەی ئاینی و کۆمەڵایەتی خۆیان خستۆتە خزمەت سوڵتانەکان و ئاینی ئیسلامەوە و لە ململانێی نێوان عوسمانی و صەفەویدا، لایەنی عوسمانی و پشتی سوڵتانیان گرتووە.

لەسەردەمی شێخ سەعیدەوە ململانێی دەستەلاتی ئاینیی،کۆمەڵایەتیی،خاوەندارێتی زەوی و زارو بەراو لە نێوان بنەماڵەی شێخان و هۆزەکانی جاف و هەمەوەندا هەبووە، بەڵام خۆشبەختانە هەرگیز نەگەیشتە ڕادەی پێکهەڵپرژان و شەڕو خوێنڕشتن. لەبارودۆخێکی ئاوهادا شێخ مەحموود پشت بە دەسەڵاتی ئاینیی و کۆمەڵایەتیی بنەماڵەکەی و هەڵکەوتوویی خۆی دەبەستێت، دەبێتە کەسایەتییەکی بەرچاوو دەستڕۆیشتووی دەڤەری سلێمانی و ناوبانگێکی فراوان پەیدا دەکات، زۆربەی هەرە زۆری چین و توێژەکانی ئەو ڕۆژگارەی کۆمەڵگای کوردەواریی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك بە ئاغا و دەرەبەگ و جوتیار و کرێکار و کاسبکار و ڕووناکبیرانەوە (منەووەر) جگە لە هۆزی جاف سەردەمانی فەرمانڕەوایی مەحموود پاشای جاف و بەشێکی هەمەوەند، ئیتر جگە لەوان هەمووان هاوبیرو هاوکار و چەکدار و پێشمەرگەی شێخ بوون، بەسەرومالّ و هەموو تواناکانیانەوە دوای کەوتبوون و هەرچییان هەبوو دەیانکردە قوربانی شێخ...

هەرچەند ململانێی شێخان لەگەڵ هۆزەکانی جاف، هەمەوەند، پشدەر و ئاغاکانی سیوەیل نەدەشاردرایەوە،جگە لەوەش شێخ لە ڕۆژگارێکدا هاتە گۆڕەپانەکەوە،نەخۆشی و پەتای تاعون و ڕشانەوە، گرانیی، پشێوی و نائارامیی و شپرزەیی باری ئاسایش باڵادەست بوون....

کونسوڵی فەرەنسا لە بەغدا، مسیۆ بۆنینۆن دەربارەی بارودۆخی عێراق بە گشتی، لەسەردەمی (سری پاشا)دا، لە ١٨٩١/١/٢٣دا نووسیویەتی: دزی و کوشتن بە ڕۆژی ڕووناك دەکرێت، تەنها لە ماوەی هەشت

مانگدا ۲۰۰ کەس کوژراون و تاوانکارەکانیش گەر دەستگیر بکرێن، بەو بیانووەی شایەتییان لەسەر نییە، ئازاد دەکرێن، هەر لە والیەوە بیگرە تا بچووکترین فەرمانبەر هەر هەموویان دزن، بەرەڵڵاییەکی تەواوە.

شێخ مەحموود هەر لە سەرەتای منداڵی و هەرزەکارییەوە، بزێوو سەرچڵ بوو، نیشانەکانی هەڵکەوتوویی و سەرکردایەتیی پێوە دیار بوو، لەش سووك و گورج و چالاك و ئازاو چاونەترس بوو، بەو هێزەی پێکەوەینابوو بەرەنگاریی دوان لە هۆزە هەرە گەورە و بەدەسەڵات و ئازاکانی دەوروپشتی خۆی دەکرد، هۆزی جاف و هۆزی هەمەوەند. جیابەجیاش دووجار ناخۆشییان لە نێواندا پەیدا بوو.

شێخ مەحموود دووجار هاوسەرگیریی کردووە، یەکەمین جار لەگەڵ بەهیەخانی بێوەژنی شێخ مستەفای نەقیب کە مامیەتی و دووەمیشیان ئایشەخانی بێوەژنی شێخ ئەحمەدی برای بوو، کە لە هەراکەی موصڵدا شەهید کرا. شێخ جەلالی حەفید کوڕە گەورەی شێخ ئەحمەدە و دەبێتە برازای شێخ مەحموود و زڕکوڕیشی. بابەعەلی کوڕە گەورەی شێخ مەحموودە لە بەهیەخان و شێخ لەتیفیش کوڕە گەورەیەتی (تاقە کوڕێتی) لە ئایشەخان و دایکبرای شێخ جەلال، شێخ بابەعەلی و شێخ لەتیفیش باوکبران.

کۆتایی سەدەی نۆزدە، نەتەوەکانی بندەستیی عوسمانییەکان ئەنجامی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕە پێشکەوتنخوازەکانی شۆڕشی فەرەنسا ۱۷۸۹ـ ۱۸۰۰ و ئەو گۆڕانکارییە مەزنانەی شۆڕشی پیشەسازیی ئەوروپا بەدووی خۆیاندا هێنایان جگە لەو بزوتنەوە پێشکەوتنخوازەی ۱۹۰۶ــ ۱۹۰۸ لە هەردوو وڵاتی عوسمانیی و ئێراندا سەریانهەڵدا و لە ئێران بە بزوتنەوەی (مەشروتە) و لە تورکیاش بە بزوتنەوەی چاکسازیی دەناسران، ئەو نەتەوانەی هۆشیار کردەوە بە خۆیاندا بێن و کۆمەڵە و ڕێکخراوی ڕووناکبیریی و رامیاریی و کۆمەڵایەتیی دابمەزرێنن بۆ داواکردن و دابینکردنی مافەکانیان و یەکسانبوونیان لەگەڵ تورکدا لەبەردەم یاسادا. بەهێزترینی ئەو کۆمەڵانە، کۆمەڵەی "تورکیای لاو" بوو، کە ۱۸۸۹ لە ئەستەمبوڵ دامەزرا لە ژێر سایە و پشتیوانیی جولەکە و کۆمەڵە ماسۆنییەکاندا و بە رابەریی چەند ئەفسەرێکی لاوو خوێنگەرمی سوپای عوسمانیی و چەند لاوێکی ڕووناکبیر و نوێخواز لە ژێر دروشمی بریقەدار و هەڵخەڵەتێنەری ئازادیی، داد، یەکسانی، کە ڕاستەو ڕاست لە ماسۆنیزم و دروشمەکانی شۆڕشی فەرەنساوە وەرگیرابوو. یەکەمین شانەی نهێنیی کۆمەڵەکە (دوو کورد دایانمەزراند، عەبدوڵڵا جەودەت خەڵکی عەرەبگیر و ئیسحاق سکۆفی دیاربەکریی. عەبدوڵڵا جەودەت "ڕۆژنامەی" "ئیجتیهاد ـ إجتهاد"یشی لە قاهیرە دەردەکرد)[11]. کۆمەڵەی تورکیای لاو، یەکەمین کۆنگرەی لە ۱۹۰۲دا لە پاریس دەبەستێت و ناوی کۆمەڵەکە دەبێت بە کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن و "برایەتی"یش دەخەنە سەر دروشمی سەرەکیی و دەبێت بە ئازادیی، داد، یەکسانیی، برایەتیی.[12] لەوێشدا (یەکێك لە ئەندامانی کۆنگرە ئەوڕەحمان بەدرخان بوو)[13] (کە تێکۆشەرێکی کوردە. ن.ك) رابەرە چالاکەکانی (یەکێتیی) ئەفسەران، ئەنوەر، جەمال، تەلعەت و نیازی بوون. زیاء گالووب کە ئەویش هەر کوردە، تێزی نەتەوەپەرستیی تورك گەڵاڵە دەکات و لە لاشەی ساردو سڕی عوسمانییەوە دەیگوێزێتەوە بۆ گیانی گەرموگوڕ و هەڵچووی ڕێکخراوی یەکێتی و پێشکەوتن ولە قالبێکی فەلسەفیدا دایدەڕژێت.

سەرانی یەکێتیی لە کۆنگرەدا بڕیاریاندا جموجووڵ و چالاکییەکانیان بگوێزنەوە دەرەوەی تورکیا، بۆ هەرێمی مەکەدۆنیا، کە هەرچەندە لە سنووری وڵاتانی بندەستی عوسمانیدایە، بەڵام دوورەدەستی چاودێریی سیخوڕەکانی سوڵتانە و سەرەڕای ئەوەش گرووپی جوولەکە و کۆمەڵە ماسۆنیەکان لەو هەرێمە لە ژێر چاودێریی ئیتالیا دابوون و بە هاوڵاتی ئیتالیا دەژمێردران،هێزەکانی سوڵتان مافی ماڵ پشکنین، دەستگیرکردن و دادگایی کردنیانی نەبوو، ئەمەش زەمینەیەکی لەباری بۆ "یەکێتیی" سازاند، ریزەکانیان پتەو بکەن،پەلوپۆ بهاوێژن،ڕۆڵی بەرچاو بگێڕن، "مەشروتە"[١٤] و بزوتنەوەی نوێخوازی(ریفریندۆم) بەنێو چینەکانی کۆمەڵدا بڵاوبێتەوە و تێکەڵ بە ژیانی دانیشتوان ببێت کە لە تورکیادا ئەفسەرانی سوپا و رووناکبیران رابەرییاندەکرد،دواتریش کە لە وڵاتی ئێران روویدا،رابەرانی شیعە و جەماوەرەکەیان پێشەنگیی دەکرد.[١٥] بزوتنەوەکە لە تورکیا تا دەهات گوڕو تینی پەیدا دەکرد و توندوتیژتر دەبوو لە نێوان یاساخوازان و لایەنگرانی ژیانی دیموکراتیی و پەرلەمانیدا دژی کۆنەپارێزان و دەستەڵاتی تاکڕەویی سوڵتاندا،سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز ململانێکە دەگاتە چڵەپۆپە و بڕیاری داگرتنی سوڵتان و دانانی موڕادی برازای دەدەن کە براگەورەی عەبدولحەمیدە، وەزیری جەنگ دەنێرن ئاگاداری بکات کراوە بە سوڵتان. ئەو داماوە لە شیرین خەودابوو، هەڵیدەستێنن،هەر تۆقی،زۆر دەترساو دەپاڕایەوە نەیکوژن، توومەز وایدەزانی سوڵتان عەزیزی مامی ئەم وەزیرەی ناردووە بیکوژێت! ئەو نەگبەتە تەنها شەش رۆژ فەرمانڕەوابوو، بە دەستی خۆی خۆیی کوشت!! مەدحەت پاشای یاساخوازو رامیارێکی زۆرزان و چالاکبوو، بەنهێنی پەیوەندی بە عەبدولحەمیدەوە دەکات، ئەویش خۆی وەها پیشاندەدات لەوان یاساخوازترێکە و هەرئەوەندە بکرێت بە سوڵتان هەموو یاساکانی ئازادیی و ژیانی پەرلەمانیی و ئازادیی رۆژنامەگەریی پیادە دەکات ورژێمی بەڕێوەبردنی وڵات نوێ دەکاتەوە. بەو جۆرە رێکدەکەون و حەمیدی دووەم ١٨٤٢ــ ١٩١٨ لە رۆژی ١٨٧٦/٨/٣٠دا دەبێتە سوڵتانی دەوڵتی عوسمانیی بەناوی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و هەتا ١٩٠٩ فەرمانڕەوایی دەکات و مەدحەت پاشاش رۆژی ١٨٧٦/١٠/٩ کابینەیەکی نوێی وەزارەت بەسەرۆکایەتی خۆی پێکدەهێنێت،رۆژی ١٨٧٦/١١/١٩ یاسای نوێی وڵات پەسەند دەکات و بڕیاری پێڕەوکردنی دەدات. ئەم ژیانی پەرلەمانیی و ئازادیی بیروڕا و رۆژنامەگەریی و مافی مرۆڤە لە وڵاتی عوسمانیدا لە بەرژەوەندی کایزەری رووسیا نەبوو، چونکە دەوڵەتی عوسمانی پتر دەخستە باوەشی بەریتانیا و فەرەنساوە، بۆیە مانگی مایسی ١٨٧٧ لەپەلامارێکی کتوپڕدا شاری ئەدرنە داگیر دەکەن، بەریتانیاش کەشتی گەلێکی جەنگیی دەنێرێتە دەریای دەردەنیل، بەڵام پێکدادان نەقەوما. دزرائیلی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا زۆری نەمابوو شەڕەکە بکاتە شەڕی بەریتانیا و رووسیا و تورکیاش تێوەبگلێنێت و بە یەکجارەکی تەختو تاراجی تێکبدات، بەڵام سوڵتان زوو فریای خۆی دەکەوێت،پەیمانی سان ستیڤانۆ مۆر دەکات لەگەڵیاندا و چەند هەرێمێکی قەفقاسیایان پێدەدات،کوردوتەنی حیزو سەلامەت.

مەدحەت پاشا زۆر بە هەڵەدا چوو بوو کە باوەڕی بە حەمید کرد و وایدەزانی پیاوێکی بوودەڵە و دەستەمۆیە و دەیکاتە داردەست و بەسەر شانیدا سەردەکەوێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیموکراتییەکانی،

بەڵام نەء، سوڵتان حەمید لە زۆرزانیدا هیچ رامیارێکی رۆژگاری خۆی شانیان لە شانی نەدەدا. هەر ئەوەندەی خۆیی دامەزراند و پێویستی بە مەدحەت نەما و ئامانجە راستەقینەکانی بۆ دەرکەوت کە رۆژ بە رۆژ دەستەڵاتەکانی کەمدەکردنەوە و زۆر ناخایانێت هەر ناوی سوڵتانی بۆ دەمێنێتەوە کە جار جارە فەرمانێك مۆربکات، بۆیە١٨٧٨/٢/١٣ یاسای بەڕێوەبردنی وڵاتی لە کارخست، مەدحەت پاشا دەستگیردەکرێت و فەرمانی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاند. باڵوێزەکانی وڵاتانی دەرەوە لە ئەستەمبووڵ بۆ رزگارکردنی گیانی مەدحەت پاشا،داواکارییەك بە دەستی باڵوێزی ئێران کە لە هەموویان بە تەمەنتربوو پێشکەش بە سوڵتان دەکەن بیبەخشێت، چونکە بەڵگەی تەواو لەبەردەستدا نییە بۆ تاوانبارکردنی. سوڵتان کە داواکارییەکە دەخوێنێتەوە دەڵێت سەرم لەوە سوڕماوە لە ئێران مرۆڤ رەشەکوژ دەکرێن و بێ دادگاییکردن هەڵدەواسرێن کەچی باڵوێزی ئێران ئەم داواکاریی لێبوردنە پێشکەشدەکات! باڵوێزی ئێرانیش لە وەڵامدا دەڵێت قوربان ئەو دادگاییکردنەی مەدحەت پاشا لە کۆشکی یلدز وێنەی نییە، ئەگەر خاوەن شکۆتان رووداوێکی هاوچەشنی ئەوە لە ئێران بخاتە روو سوپاسیان دەکەم. سوڵتان فەرمانی لێبوردنی بۆ مەدحەت پاشا دەرکرد بەڵام دووریان خستەوە بۆ وڵاتی حیجاز و دواتر کەللەسەری ئەو پیاوە مەزنەیان لە سندوقێکی بچکۆلەدا بە دیاری ناردەوە بۆکۆشکی یلدز! حەمیدی دووەم زۆر ژیر و کارزان بوو، بەڵام لە ژیانی خۆی زۆر دەترسا، باوەڕی بە کەس نەدەکرد،گومانی لە هەموو کەسێك و لە هەموو شتێك هەبوو، لە سێبەری خۆیشی دەسڵەمییەوە.یادی بە خێر پەروەردەکاری کورد مامۆستامحەمەدحەویز لەو رووەوە چیرۆکێکی سەیری بۆ دەگێراینەوە:

خوێندکارێکی تورك لە ئەوروپاوە دەگەڕێتەوە، سیخوڕەکانی سەر سنوور دەیپشکنن دەبینن کتێب و دەفتەرەکانی پڕن لە هێمای H2O، سەریان سوڕدەمێنێ، دەبێ ئەمە چیبێ؟ بێگومان شتێکی زۆرگرنگ ونهێنییە، بەپەلە سوڵتان ئاگاداردەکەن. ئافەرین بۆ ئەقڵی تورك کە نازانن ئەوە دووهایدرۆجین و یەك ئۆکسجینە کە ئاو پێکدەهێنن، سوڵتان کە تەماشای H2Oدەکات دەڵێت دۆزیمەوە،زۆر ئاسانە:H2مانای حەمیدی دووەم O مانای بۆمبا! ئەم خوێندکارە ناپاکە فەرمانی کوشتنی منی پێدراوە بە هۆی بۆمبێکی دەستییەوە(نارنجۆك)! قوڕبەسەر ئەو خوێندکارە نەگبەتە و گەلانی تورك و عەرەب و کورد و بالکان کە وەها پیاوێك سوڵتان و خەلیفەیانە.

زۆرانبازیی و ململانێی نێوان نوێخوازان و کۆنەپەرستان دوای مەدحەت پاشا خامۆش نەبوو، "یەکێتی" لەوپەڕی چالاکیدا بوو، ئەندام و لایەنگرەکانی خوێنگەرم و توندڕەو بوون، روو لە ئەوروپا و پشت لە ئاین و ئیسلامەتیی بوون، ئامانجیان دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵات بوو بەپێی بەرنامەی خۆیان، سوڵتانیش بۆ بەرەنگاریکردنیان فەرمانی دامەزراندنی "کۆمەڵەی موحەممەدی" دەدات و ئەوانیش دەکەونە چالاکی نواندن... ١٩٠٨/٤/١٣ هەر لەبەرەبەیانییەوە لە ئەستەمبول بوو بە تەقە و هەرا و دەهۆڵ کوتان، کۆمەڵ کۆمەڵ سەربازەکانی سوڵتان بە نێو پێتەختدا بڵاوبوونەوە، دەروێشەکان پێشیانکەوتبوون هاواریان دەکرد (بژی شەریعەت بمرێ تورکیای لاو). بە دوای ئەفسەرە لاوەکاندا دەگەڕان، ٣٠٠ ئەفسەریان

کوشت، پەلاماری یانەی یەکێتی و بارەگای رۆژنامەی تەنین (الطنین)[١٦] و یانەی سەربازان و یانەی ئافرەتان و ئەنجومەنی نوێنەران دەدەن و چەندین نوێنەری ئەنجوومەن لەتاوگیانی خۆیان لە پەنجەرەکانەوە خۆیان فڕێدەدایە خوارەوەو دەستو قاچیان دەشکان، هاوڕێکانیشیان لە ژوورەوە چاوەڕێی مردنیان دەکرد، وەزیری داد کوژرا، ئەمجا بە فەرمانی سوڵتان لە تەلاری ئەنجومەن دەکشێنەوە و روو دەکەنە شەقامەکان، پەلاماری ئەو پیاوانی شەپقەبەسەر دەدەن، قژی ئەو ئافرەتانەیان دەقرتاند رووپۆشیان نەپۆشیوە و خۆیان نەپێچاوەتەوە،سزای توندی مەیخۆرەکانیشیان دەدا.[١٧] ئیتر لێرەوە رووداوەکان تیژ تێدەپەڕین، ١٩٠٨/٧/٢٣ چەند ئەفسەرێك لە سەربازگەی سالۆنیك ـ یۆنان،سوڵتان وریا دەکەنەوە کە پێویستە یاسای بەڕێوەبردنی وڵات بخاتەوە گەڕ، سوڵتان گلۆڵەی کەوتبووە لێژیی، هەر لەو مانگەدا سەرلەنوێ یاسای بەڕێوەبردنی وڵات دەخاتەوەگەڕ.سەر لەشکرمەحموود شەوکەت بروسکەیەك بۆ ئەستەمبووڵ دەنێرێت کە بۆ چەسپاندنی یاسا و پاراستنی ئاسایش دەگەڕێتەوە بۆ پایتەخت، سوڵتانیش ئەم هەنگاوەی زۆر بە دڵبوو،بە شانازییەوە دەیوت لەشکرە ئازاکەمم بانگکردۆتەوە، سەری گێرەشێوان پان دەکەنەوە.

لەشکرەکەی مەحموود شەوکەت ١٩٠٩/٤/٢٣ لە ماوەیەکی ریکۆردا بە هەفتەیەك خۆیان گەیاندە بەرایی پایتەخت، ئەفسەران و لایەنگرانی "یەکێتی" لە کون هاتنە دەرەوە و سەریان بەرز کردەوە، دڕندانە کەوتنە تۆڵەسەندنەوە، لە هەردوو بەری پردی گەلەتەسەرای سێدارەیان دامەزراند و لەسەر سنگی قوربانیەکانیان دەنووسی ناپاك و دوژمنی ئازادی، لە پیاوانی ئاینیش ٣٠ رابەریان ناچارکرد نانی ژەهراوی بخۆن! ئەم شالاوی رقو قینە نەنیشتەوە، سوڵتانیش دەرەقەت نەدەهات، شیرازە تێکچوو،کار لە کار ترازا،کۆنترۆڵ نەدەکرا،سوڵتانیش هەرچی (سەگوگورگ) هەبوو بەریدابوونە گیانی ناحەز و نەیارەکانی و لە قوژبنێکی کۆشکی "یلدز" خۆی ماتکردبوو، پیاوە خەساوەکانی کۆشك رێگەیان بە هیچ کەسێك نەدەدا نێزیکی بکەوێت، تەنانەت وەزیرەکانیش لەودیو بەربەستێکەوە لەگەڵیدا دەدوان و چاویان پێنەدەکەوت![١٨]

سوڵتان جگە لەو ترسو گومانە ئەستوورە،تووشی گرێکوێرەیەکی دەروونیش هاتبوو کە لە باوکی خۆی نییە و بەرهەمی جوتبوونی پیاوێکی ئەرمەنیی چێشتکاری کۆشك و یەکێك لەکەنیزەکەکانی باوکێتی، هەرکە منداڵەکەش لە دایك دەبێت کابرای ئەرمەنی خۆی دەشارێتەوە، سوڵتانیش هەتا هەفتەیەك منداڵەکەی بە کوڕی خۆی نەدەژمارد، ئەە ئەو گرێکوێرەیە بوو مێشکی حەمیدی دەکرۆشت و هانیدەدا قەلاچۆی ئەرمەن بکات و دروشمی "ئەی موسڵمانانی جیهان یەکگرن" دژی گاورەکان لەهەرکوێ هەن بەرز بکاتەوە.

ئەفسەرەکانی "یەکێتی" ١٩٠٩/٤/٢٦ سوڵتان حەمیدی دوەم لێدەخەن، بەڵام بە رێزەوە لەگەڵ ٣سێ لە هاوسەرەکانی و چوار کەنیزەك و کۆمەڵێك دەستوپێوەندا رەوانەی سالۆنیك ـ یۆنان دەکرێن و هەتا ساڵی١٩١٣ بە دەستبەسەریی مایەوە و نیو ملیۆن لیرەی ئالتوون و بڕی ملیۆنێك پاوەنی ئیستەرلینیی خشڵی زێڕو دوو ملیۆن پاوەنیشی لە بانکەکانی ئەوروپادا دانابوو.ئەمە جگە لەو پارانەی بە قەرز دابووی بە کایزەری ئەڵەمان ولێم و ٢١٣ کەنیزەکیش لە کۆشکدا مابوونەوە بۆ "یەکێتی"، سەربازەکانیش لە

بەرەکانی جەنگدا ئەوەندەی بەدەستی دوژمن دەکوژران ئەوەندەشیان برسێتیی و سەرما و بێ بەرگیی دەیکوشتن.

سەرکردایەتی "یەکێتی" دوای ئەم کۆدەتا سەربازییە بە بەرژەوەندییان نەدەزانی دەستبەرداری رژێمی سەلتەنەت بن و کۆتایی پێ بهێنن، بۆیە محەممەدرەشادی برای حەمید دەهێنن و بەناوی سولتان محەممەدی پێنجەمەوە دەیکەن بە سولتان بەلام دەستەلاتی راستەقینە لەچنگی خۆیاندابوو،کابینەیەکی وەزارەت بەسەرۆکایەتی مەحموود شەوکەت دادەمەزرێنن، بەلام پێشهاتێکی کتوپڕیان بەرووداتەقییەوە، ئیتالیا ١٩١١/٩/٢٧ ئاگادارییەکی پێدان لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا و بێ ئەوەی چاوەرێی وەلام بکات تەرابلوسی رۆژئاوا(لیبیا) دەگرێت. زۆربەی ئەفسەرەکان ناچاربوون بە دزییەوە بپەڕێنەوە بۆ لیبیا و هێزی بەرگریکردن رێکبخەن، دوان لەو ئەفسەرانە ئەنوەپاشا و مستەفا کەمال بوون کە دواتر ئەنوەر دەبێتە وەزیری جەنگ، دەلێم جەنگ و نالێم بەرگریی، چونکە تورك بە درێژایی مێژوویان هەر پەلاماریانداوە،لەکۆتاییدا مستەفا کەمالیش بوو بە یەکەمین سەرکۆماری تورکیای نوێ.

ولاتانی بالکان دەمێك بوو بۆ هەلێك دەگەڕان، کێشەی نێوان عوسمانیی و ئیتالیا ئەو هەلە زێڕینە بوو کەچاوەڕوانییان دەکرد، هەر هەموو ناکۆکییەکانیان خستە لاوە،ئاشت بوونەوە،لەشکرەکانی بولگاریا، یۆنان، صربیا و چیای رەش سوپایەکی هاوکار پێکدەهێنن، تورکیاش نەیدەتوانی لە دوو بەرەدا بجەنگێت، بۆیە (ناچار بوو رۆژی ١٩١٢/١٠/١٨ لە ولاتی سویسرا لەگەل ئیتالیادا بکەوێتە گفتوگۆ و (لە ئەنجامدا . ن.ك) پەیمان دەدەن دەست لە لیبیا هەلبگرن بۆ ئیتالیا بۆ ئەوەی دەستیان والا بێت و بپەرژێنە سەر بالکانەکان).[١٩]ئەوانیش تەنها رۆژێك دوای پەیمانەکە و لە ١٩١٢/١٠/١٩دا بانگەوازی جەنگیان دژی دەولەوتی عوسمانیی راگەیاند و رۆژی ١٩١٢/١٢/٢٣ هێرش دەکەن و لە شەڕەکەی تراقیا (شەڕی کولەبەرغاز) دا بەجۆرێك لەشکری عوسمانیی شڕو وڕ دەکەن بە درێژایی مێژووی خۆیان شکستو شەرمەزاریی وەها ئابڕووبەریان بەسەر نەهاتبوو، دوژمن تەنها ٢٠ کیلۆمەتری مابوو بگاتە نێو ئەستەمبول، [٢٠] گەربێتو گشت هەوال و دەنگوباسەکانی تاوانەکانی شەڕی بالکان بسەلمێنین، دێینە سەر ئەو باوەڕەی تورك بە درێژایی ٥٠٠ صال چی بە بالکان کردووە، ئەوان لە ماوەی تەنها پێنج مانگدا کردیان و زۆرتریش!! بەشێکی تاوان و پێشێلکارییەکانیان بەر کوردیش کەوتن.

## شلەقانی بارودۆخی رامیاریی

"یەکێتییەکان" بارودۆخی ولاتی عوسمانیی خراپ دەشێوێنن و سێ شکستی گەورەیان بەسەر دەولەتەکەداهێنا:

١ـ دەستهەلگرتن لە چەند هەرێمێکی قەفقاسیا بۆ رووسیا.

٢ـ دەستهەلگرتن لە تەرابلوسی خۆرئاوا (لیبیا) بۆ ئیتالیا.

٣ـ ژێرکەوتنێکی سەربازیی زۆر قورس و گران لە بەرامبەر گەلانی بالکاندا، بۆیە جاوید پاشای سەرۆك وەزیران لە ١٩١٢/٧/٢٢ دا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی راگەیاند و کۆمەلەی ئازادییو پێکهاتن کە

ڕێکخراوێکی رامیاریی نوێ بوو، ١٩١١/١١/٨ کۆمەڵێك میر و خانەدان و کۆنە لێپرسراو و خانەنشینەکان دایانمەزراندوو و رابەڕییان دەکرد،داوای پیادەکردنی رژێمێکی فەرمانڕەوایی فرە دەسـتەلاتی وەك فیـدرالیزم دەکـەن کـە هـەر هـەرێمێك دەسـتەلاتێکی ئۆتۆنـۆمیی هـەبێت بـۆ بـەڕێوەبردنی خۆی،بـە پێچـەوانەی (یەکێتی)شەوە لایەنگیریی سولتانیان دەکرد،

دوای کابینەکـەی جاویـد پاشـاش، کابینەیـەك بـە سـەرۆکایەتی نـازم پاشـا پێکـدەهێنن هـەتا مـانگی سـیپتەمەری١٩١٢ مایـەوە، بـەلام "یەکێتییـەکان" نـازم پاشـا تـیرۆر دەکـەن و کابینەیـەکی نـوێ بـە سەرۆکایەتی مەحموود شەوکەتی سەر بە خۆیان پێکدەهێنن، کۆمەلەی ئـازادیی و پێکهـاتنیش لـە تۆلـەی خوێنی نازم پاشادا ١٩١٣/٦/١٢ مەحموود شەوکەوت تیرۆر دەکەن.

"یەکێتی" خوێنی سەرۆك وەزیرانەکەیان دەکەن بە "کراسەکەی عوسمان" و ئەفسەرە توندڕەوەکان جلەوی فەرمانڕەوایی ولات دەگرنە دەست، ئەنوەر دەبێت بە وەزیری جەنگ و تەلعەت بە وەزیری نـاوخۆ و جـەمال بە وەزیری هێزەکانی دەریا. سولتان دەرەقەت نەدەهات، کۆنترۆلی لە دەستدا نەمابوو، هەرچی سەگو گورگ هەبوو بەریدابوونە گیانی ناحەز و نەیارەکانی، بۆخۆیشی لە قوژبنێکی کۆشکی یلـدزدا خـۆی مـاتکردبوو، پیاوە خەساوەکانی کۆشك رێگەیان بە هیچ کەسێك نەدەدا نزیکی بکەونەوە، تەنانەت وەزیرەکانیش لـەودیو بەربەستێکەوە لەگەلیدا دەدووان و چاویان پێنەدەکەوت! چوار ئەفسـەرەکەش ئـەنوەر، جـەمال، تەلعـەت و نیازی بە تۆپزیی و بێ هیچ پاساوێکی دروست تورك و گەلانی ژێردەستەیان گلاندە دۆزەخی جـەنگێکی بـێ ئامانەوە تەڕو وشکی پێکەوە دەسوتاند و جگە لە فراوانخوازیی و پاوانکردنی دەستەلات و تێرکردنی حـەزو ئارەزووە دوژمـنکارانە و شەڕەنگێزیی و ناودەرکردن و مەزنایەتی خۆیان هیچ بەرژەوەندییەکی تورکیای تێدا نەبوو. رووناکبیرێکی ئەو سەردەمە زۆر جوانی بۆ دەچێت کە دەلێـت: ولاتـی عوسـمانی کەوتۆتـە بندەسـتی کۆمەلەی یەکێتیی و پێشکەوتن، کۆمەلەش لە ژێر دەستی سەرکردایەتی ناوەنداییە، ناوەندیش بـە دەسـت چوار ئەفسەرەکەوەیە، چوارەکەش بەدەست ئەنوەر پاشاوەیە بە ئارەزووی خۆی و بە تونـدیی دەیانبزوێنێت. پالنەری راستەقینەی ئەفسەرە راستڕەوەکانی یەکێتی، هەستی نەتەوە پەرستیی کوێرانە و بەرتەسك بوو لـە هزری تۆرانیزمدا خۆیدەنواند بە کاریگەریی پەیوەندیی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیانەوە بە ولاتانی ئـەورووپای رۆژئاواوە کە لەسەر بناغەی دەولەتی زلهێز و کۆلۆنیـالیزم و دابەشـکردنی ولاتـان و خێروبێـر و بازاڕەکـانی ساغکردنەوەی بەرهەمی کارگەکان دامەزرا، بیرۆکەی تۆرانیزم رەگوریشە دادەکوتێت،گەشـە دەکـات، وەك بەرنامەیەکی رامیاریی بـەربلاو پیـادە دەکرێت. هـەتا سـەردەمی سـولتان عەبدولحەمیـد ١٨٧٦ـ ١٩٠٩ هەلگرانی ئەو هزرە ژمارەیان کەمبوو، لە مانگی گەلاوێـژی ١٩١١دا کۆمەلـەی نیشـتمانیی تـورك (تـرك وەجاغی) دادەمەزرێنن و سەربەرزیی و شانازییەکانی رابوردووی باپیرانیان، جەنگیزخان، ئـەوغوز، هۆلاکـۆ و تەیموری لەنگ زیندوو دەکەنەوە، هەولدەدەن تورکەکانی دانیشتووی رووسیا،ئاسیای نێوەند،قەفقاس کـە ژمارەیان ٤٠ ملیۆنە لە سنوورێکدا کۆبکەنەوە و ولاتی تۆرانی مەزن دابمەزرێنن، ئەوانە مێشکی خوێندکار و لاوانیان بەم سرووده ئاودەدا:

مانای ئالاکانی جەنگیزخان بە شنەبای سەرکەوتن و نەمریی دەشەکێنەوە. سەرکردایەتی "یەکێتی" دەستەکەیان دەکەوێتە روو، ناوەرۆکی راستەقینەی تاکتیك و ستراتیژیان ئاشکرا دەبێت کە رێکخراوێکی سەربازین و بەرنامەیان کوشت و برِو تۆقاندن و پاوانکردنی دەستەلات و خوانەناسییو دروشمی "بەرلەوەی موسلمان بین تورکین"ە.بەردەوامیش جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کاری نەکردە (نامومکین، موستەحیل) لە فەرهەنگی ئێمەدا نییە، ئازادی هەر بۆ گەلی تورکە، گەلانی دیکەش هەر بە ژێرچەپۆکی و دواکەوتوویی مانەوە وەك سوتەمەنیی بۆ ئاگری جەنگ. خانوویان نەدەشیا لە خانووی تورك بلندتر بێت، ئەسپ سواریی و چەکی تایبەتیی هەلگرتنیش یاساغ بوو (قەدەغە بوو)،(٢٢) تەنانەت لە دادگاکانی تورکدا گاور (دیان، جوو، ئەرمەن) شاهێدییان لێوەرنەدەگیرا.نووسەری ناسراوی تورك، حسەین جاهید رابەرێکی ئەو هزرە تۆرانییە بوو،لە رۆژنامەکەیدا "تەنین" نووسیویێتی: نەتەوەی تورك لە ولاتی عوسمانیاندا سەردار و بالادەست بوون و هەر بەو جۆرەش دەبن، تورك هەندێك خەسلەتی جوێکەرەوە و تایبەت (أمتیازات خاصە)(٢٣)یان هەیە نیشانەی بەرزیی و بلندییانە و بە هێزی بازوو دەستو شمشێر ولاتانیان داگیرکردووە، بۆیە ناشێت و هیچ رێگەیەك نییە، دان بە یەکسانیی و چونیەکیی تورك و نەتەوەکانی دیکەدا بنێین و لە ئەنجامیشدا یاسای تورك دەبێتە یاسای تورکیا. کە یەکەمین جەنگی گێتی ١٩١٤ هەلگیرسا، تورك وەك هەنگوینیان لە کلۆرە داردا دۆزیبێتەوە لە پال ئەلەمانیادا خۆیان خزاندە جەنگەکەوە دژی هاوپەیمانان، هەرچەند ئەلەمانیا نە پێویستی بە تورك بوو، نە حەزیشی دەکرد بەشێك لە مەزنایەتیی سەرکەوتن و دەستکەوتەکانیان بەرکەوێت، ئەوە گەورەترین کارەسات و مالوێرانی بوو تۆرانیزم بەسەر خۆیان و گەلانی ناوچەکەیاندا هێنا. مستەفا کەمال یەکێك بوو لەوانەی بە توندیی دژی هاوبەشیکردنی دەولەتی عوسمانیی بوو لەو جەنگەدا، بە ئاشکراش گالتەی بەبیروبۆچوونە سەربازییەکانی چوار ئەفسەرەکە دەهات، چەندین جار ئاگاداری کردنەوە، چوونە نێو ئەو شەرِە مالوێرانیی بەدواوەیە، بەردەوامیش بە نێزیکەکانی خۆی دەوت: ئەنوەر چی دەکات، دەیانەوێت ولات کاول بکەن، ئەلەمان سەرناکەوێت!

تورك بە گشتی و گەلانی ژێر چەپۆکیان و سەرباز و چینە چەوساوەو رەشو روتەکەش بەتایبەتیی لەم کەین و بەینە تێنەدەگەیشتن، خوا پاروویەك نانی بدایە سوپاسیاندەکرد و بەدەم نزا و پارِانەوەوە روویان لە ئاسمان دەکرد: یەزدانی مەزن "دین و دەولەت" پایەدار بن و سولتان تەمەن درێژ و سەرکەتوو بێت.

یەکەمین جەنگی گێتی وەك ئاشکرایە ئەنجامی تیرۆرکردنی جێنشینی شای نەمسا و هاوسەرەکەی رۆژی ١٩١٤/٦/٢٨ لە سارایێڤۆ ـ یۆگسلاڤیا بەدەستی لاوێکی توندرِەوی صرب بە نێوی گابریلۆ هەلگیرسا. ئەوکات نەمسا و مەجەرِستان (هەنگاریا) یەك دەولەت بوون بەنێوی دەولەتی پرووسیا،لەگەل صربستان ناکۆکییان هەبوو، تیرۆرکردنی دۆق و هاوسەرەکەی کە بۆ سەردان چووبوونە صربستان، کاردانەوەیەکی توندو کتوپرِی بە نەمسا نواند، راستەوخۆ پەلاماری صربیا بدات و شەرِەکە تەشەنەی کرد و یەکەمین جەنگی جیهانیی هەلگیرساند و ماوەی نێوان ١٩١٤ ـ ١٩١٨ ی خایاند،٧٥ملیۆن سەرباز و ئەفسەر

بەشدارییان تێدا کرد، ١٠ ملیۆنیان کوژران و ٢٠ ملیۆن بریندار و ١٠ملیۆنیش لە برساندا مردن، ٦،٠٠٠ پاپۆڕی بازرگانیش بە بارەوە نوقمی بن دەریاکان بوون، ٢٠ هەزار کارگەش لەگەڵ زەویدا تەخت کران،نیوەی لاوانی فەرەنسا لەو شەڕە بێ ئامانەدا سەریان تێدا چوو، رووسیاش هەرچەندە کۆتایی ١٩١٧لەجەنگەکە کشانەوە کەچی هێشتا ٢.٣٠٠.٠٠٠ ملیۆن قوربانییان دا. بەپێی سەرژمێری کۆمەڵەی نەتەوەکان "عصبة الأمم" ١٣ ملیۆن جەنگاوەر و١٨ ملیۆن سڤیل بەهۆی شەڕەوە کوژران یا مردن، سەرچاوەی دیکەش هەیە قوربانییانی شەڕەکە بە ٣٤ ملیۆن سەرژمێری دەکات.

دوو لایەنی شەڕەکە ئەڵەمانیا و نەمسا بەرامبەر هاوپەیمانەکان بەریتانیا، فەرەنسا، رووسیای قەیسەریی و ئیتالیا، هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیش بێلایەن بوون.

سوڵتانی عوسمانی محەممەدی پێنجەم و کابینەی وەزارەت و گەلانی ژێر دەستیان،هەرهەموویان دژی ئەو شەڕە بوون و دەیانویست دوورەپەرێز بن، بەڵام ئەفسەرە خوێنگەرمەکان و بەتایبەتیش ئەنوەر، تەلعەت و نیازیی کە بە دوای ناوو ناوبانگ و دەستەڵات و داگیرکردنی وڵاتان و مەزنایەتیی مێژوویی‌و نەمرییدا دەگەڕان، بڕیاری خۆیان دابوو وڵاتانی عوسمانیی و گەلانی ژێر دەستیان راپێچ بکەن و لە پاڵ ئەڵەمانیای هەرە بەهێزدا بەشێکی دەستکەوتە چەورەکانی کۆتایی شەڕیان بەرکەوێت کە هیچ گومانێك لە سەرکەوتنی ئەڵەمانیادا نییە!

بەرلە هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ، تورك داوای کەشتیی جەنگییان لە کارگەیەکی بەریتانیا کردبوو، بەڵام کە شەڕ هەڵگیرسا، بە پێویستیان نەدەزانیی بیاندەنێ... ئەڵەمانیا ئامادەیی پیشان دا دوو کەشتیی جەنگییان بۆ بنێرێت کە ئەو کاتە بە دەریای سپی ناوەندا لە چالاکیدا بوون و هێزی دەریایی بەریتانیا بە دوویاندا دەگەڕا... بەپێی رێکەوتنێکی نهێنی نێوان ئەنوەر پاشای وەزیری جەنگی تورکیا و ئەڵەمانیا، هەردوو کەشتییەکە خۆیان دەکەن بە گەرووی دەردەنیل دا، جەمال پاشا وەزیری هێزی دەریایی تورك لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی[٢٤] "بەهاوڕێکانی وتووە دوو "تەڕڕاد"ە کە ئێستا بەفەرمانی من لەمدیو گەرووی دەردەنیل و لە ژێر چاودێری ئێمەدان، چونکە نەمدەتوانی دوو "تەڕڕاد"[٢٥]ی دۆست لە بەردەم مەترسییەکی راستەقینەدا جێبهێڵم، ئەمەش کێشەیەکی رامیارییە و پێویستە ئەم ئێوارەیە خۆمان ساغ بکەینەوە و (بڵاوی بکەینەوە) دوو (تەڕڕاد)ەکەمان کڕیون و کاپتن سۆشۆن و تیمەکەشی تەڕبووشیان لەسەر کردووە کە نیشانەی ئەوەیە بە فەرمیی ئەفسەری تورکن و ئەمجا گەڕاونەتەوە دەریای سپی و لەوێوە بۆ دەریای رەش و بەندەرێکی رووسیایان بۆمباران کردووە و چەندین پاپۆڕیان نوقم کردوون. ١٩١٤/١٠/٢٩ هێزەکە دەگەڕێتەوە و ئەمجا کەشتیگەلی تورکیا بەندەری ئۆدیسا تۆپباران دەکات.

ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی سەعید حەلیم پاشا کۆدەبێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە و بڕیاردان لەسەر هەڵوێستی تورك لەو شەڕەی بەرۆکی گرتوون وتەڕو وشك پێکەوە دەسوتێنێت.

زۆربەی هەرە زۆری وەزیرەکان دژی شەڕبوون، بەڵام ئەنوەر دەیویست شکستەکانی تورك لە بەرامبەر باڵکانەکاندا بکاتە سەرکەوتن و ئابرووی تکاویان بکڕنەوە.. جەمال و هاوڕێکانی لە کۆبوونەوەکەدا

نەبوون، بەڵکو جەمال کتوپڕ خۆی دەکات بە هۆڵی کۆبوونەوەکەدا و هەرکە وەزیری بەرگریش لە روویدادەوەستێت، جەمال دەستوبرد بەر دەمانچەی دەدات و هەرلەوێدا دەیکوژێت. هۆڵەکە دەشڵەقێت و زۆربەی وەزیرەکان رایانکرد.

دوا بە دوای ئەم کۆدەتا سەربازییە خێرایە کە تەنها چەند خولەکێکی خایاند، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دامەزراو کابینەیەکی نوێیان هەڵبژارد، ئەنوەر بوو بە وەزیری بەرگریی، جەمال وەزیری هێزی دەریایی، تەلعەت وەزیری ناوخۆ.

کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن لە پاڵ جەنگ و کەرەسەکانیدا پەنا بۆ چەکی ئاینیش دەبەن کە چەکێکی سووك و خۆشدەستەو پارە و پوولی ئەوتۆی ناوێت: گەلانی موسوڵمان برای یەکترین و بەپێی شەرع پێویستە ژێردەست و ملکەچی تورکیا بن کە بنکەی خەلافەت و جێگرەکانی پەیامبەرە. پیاوانی ئاینیش جەختی تەواویان لەسەر ئەو قەوانە دەکردەوە، چونکە باوەڕیان بە نەتەوەکان و سنووری سیاسیی نێوانیان نییە و هەر هەمووی بە وڵاتی موسڵمانان دەزانن و ئاین وەك شێخ مەهدی ئەلخالیسی دەخوێندنەوە کە: ئاین دوو رووی هەیە، ئاشکراکەیان شایەتمان،نوێژ،رۆژو،زەکات و حەج..... رووە شاراوەکەشی رزگارکردنی وڵاتی موسڵمانانە لە گاورەکان.

خالسی باوەڕی وەهابوو، فەرمانڕەوایەکی زۆردارو خوێنڕێژی موسوڵمان چاکترە لە فەرمانڕەوایەکی دادپرسی بێوەی کە گاور بێت (دیان، جوو)، ئەم بۆچوونەش پێچەوانەی فەتواکەی (أبن طاووس)ە کە دەڵێت: گاورێکی دادپرس لە موسوڵمانێکی ستەمکار چاکترە[٢٦].

بانگەشە و درۆو دەلەسەی تورك گەیشتە رادەیەك بەو خەڵکە ساویلکەو دەستەپاچەیان دەوت قەیسەری ئەڵەمانیا موسوڵمان بووە و ناوی خۆی کردوو بە محەممەد ولیەم و و بەمزووانە حەج دەکات ودەبێتە حاجی محەمەد ولیەم، بۆیە شەڕی ئینگلیزەکانیش دەکات، چونکە گەرەکیانە ئاینی ئیسلام لەناوبەرن. ئەوانەی باوەڕیان بەم چاوبەستە دەکرد کەمنەبوون هەروەك چۆن میسرییەکان ساڵی ١٧٩٨ز. باوەڕیان بە ناپۆلیۆن کرد گوایە موسوڵمان بووە.مەبەستی سەرەکیی ئەڵەمانەکان ئەوەبوو گەلانی موسوڵمان بکەنە دوژمنی بەریتانیا و هاوپەیمانەکان و شەڕەکە ببێتە شەڕی ئاین، ئەگینالەرووی سەربازییەوە پێویستیان بە لەشکری تورك نەبوو.

١٩١٤/١١/١٥بەریتانیا و رووسیا بانگەوازی شەڕ دەکەن بە سەر تورکیادا، تورکیاش بانگەوازی شەڕی پیرۆز و گیانبازیی راگەیاند لە رێگەی یەزداندا(جیهاد و غەزا).سوڵتان عەبدولحەمید لە یادەوەرییەکانیدا نوسیویەتی: (براکەم هەڵەیکرد، نەدەبوو بانگەوازی شەڕی پیرۆزی دژی گاور بکردایە، بەڵکو هەر بە تەنها هەڕەشەی پێبکردایە، ئێستەش کە کردوویەتی پەنا بەخوا ـ لا حول ولا قوه الا باللە)[٢٧]

عەبدولحەمید دەیزانی ئەوە شەڕی وڵاتانی پیشەسازیی و پێشکەوتووی زانست و تەکنۆلۆژیا و دابینکردنی پێداویستییەکانی شەڕن لە هەموو روویەکەوە، تورك دەگمەن کارگەیەکیان هەبێت، خواردن و ئازووقەی سەربازەکانیشیان بە زۆرەملێ لە دانیشتوان دەستێنن.

## بڵاوبوونەوەی یەکێتیی و پێشکەوتن لەکوردستان

کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن لە هەموو شارەکانی (عێراق) و کوردستان لقیان کردبۆوە، ئەوانەی لە شاری سلێمانی چوونە ئەو ڕێکخراوەوە بریتی بوون لە ئاغا و دەرەبەگ و بازرگانەکان و هەندێك ئەفسەری عوسمانیی کە نێوانیان لەگەڵ بنەماڵەی شێخاندا خۆش نەبوو،لە پەنای یەکێتیدا بەربەرەکانییان دەکردن و هانی تورکیان دەدا لە پلەوپایەی شێخان کەمبکەنەوە و لە هەلێکدا دەستێکیان لێبوەشێنن. زۆری نەخایاند پیلانێك ڕێکدەخەن، شێخ سەعید خۆی و هەردوو کوڕەکەی،شێخ ئەحمەد و شێخ مەحموود و دەستوپێوەندە نێزیکەکانی کە دەچوون بۆ دیدەنی سوڵتان، لە شاری مووصڵ گلدرانەوە تا هەلێك دێتە پێش لەناویان ببەن، ئەوەبوو بەزمێکیان سازکرد گوایە بەها ئەفەندی (کوردێکی خەڵکی کفرییە و فەرمانبەر بوو لە موسڵ) لە بازاڕ دەستدرێژی کردۆتە سەر ئافرەتێك و دووەم ڕۆژی جەژنی قوربانی ساڵی ١٩٠٨، هەر وەك ئاگر لە پووش بەربێت، کتوپڕ و خێرا ئەو کارەساتە دڵتەزێنە قەوما، کە بە هەراکەی موصڵ ناو دەبرێت.(جەندرمەی کورد و فەرماندەکەیان مەحموود خدر هەمەوەندی و چەکدارانی هێستر سواری کورد، بەرگریی لە شێخان دەکەن، زۆرێك لە هەردوولا کوژران، والی موصڵ زەکی پاشا سەر بە یەکێتی بوو (ئەو رقەی لە شێخان بوو کەکۆنەپارێز و دۆستی سوڵتانن) جەندرمەی کورد کشانەوە سەرای حکومەت، هەرچەند موصڵاویەکان داوایان کرد تۆڵەیان لێبکەنەوە،زەکی پاشا ڕێگەی نەدان،بەڵکو بەناوی پارێزگاریکردنەوە ناردی بە دوای شێخ سەعیددا، بەڵام کە گەیشت، دەرگای سەرایان لێنەکردەوە و خۆی و یاوەرەکانی کەوتنە بەر شاڵاوی موسڵاوییەکان و هەرلەوێدا شێخ سەعید شەهید دەکەن و شێخ ئەحمەدی کوڕە گەورەشی لە ماڵەوە شەهید دەکەن،بەوەش دڵیان ئاو ناخواتەوە، پەلاماری ئەو خانە دەدەن کە دەستو پێوەندەکانی شێخی تێدان، دەرگا دەشکێنن و هەموویان بێتاوان شەهید دەکەن، شێخ مەحموودی کوڕەبچکۆلە، هەندێك دەڵێن لە ماڵی مەحموود خدر هەمەوەند بووە و ئەوان ڕێگەیان نەداوە بێتە دەرەوە، هەندێکیش دەڵێن ئەویان لە تەکدا نەبووە).[٢٨] بەڵام شێخ لەتیف لە یادداشتەکانیدا کەبۆ شێخ کاوەی کوڕی دەگێڕێتەوە دەڵێت: (شێخ مەحموودی باپیرت و شێخ قادری مامت خۆیان لە نێو لاشەی کوژراوەکاندا شاردەوە.. و دواتر بە هۆی هەندێك پیاوماقووڵی موسڵەوە مەفرەزەیەکی دەوڵەت بە سەرکردایەتی مولازیمی یەکەم نوری سەعید ڕەوانەی هەولێریان کردن).[٢٩]

کوژرانی شێخان لە گشت لایەکی وڵاتی عوسمانیان دەنگیدایەوە و خودی سوڵتانیش دڵگران بوو، چونکە شێخ سەعید خۆشەویستی بوو، یەکەمین جار کە بانگی دەکات بۆ ئەستەمبوول، شێخ مەحموودی لەتەکدا بوو، شیفرەی تایبەتیان پێدەدات هەر کارێکیان هەبوو، بەو شیفرە نهێنییە تەلگرافی بۆ بکەن... بۆیە کاربەدەستانی تورك لە سلێمانی سڵیان لێدەکرد و هەمان کات لە هەلیش دەگەڕان داوێکی بۆ بنێنەوە.

شێخ مەحموود نەیدەتوانی بە تەنها بەرەنگاری هیچ کام لەو لەشکرانەی بەریتانیا، رووس، عوسمانیی بکات، ئەوەی هەستی کوردیشی دەخرۆشاند و هانیدەدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، تەنها هەستی ئاینیی و پاراستنی ئیسلام لە دوژمنە گاورەکان و بەرزیی و پایە بڵندیی و تەمەندرێژیی سوڵتان بوو، کە دەکاتە

هاوکاری تورك دژی هاوپەیمانە گاورەکان کە دەیانەوێت خاکی پیرۆزی موسـڵمانان گـلاو بکـەن، بۆیـە شـێخ دەبوو لە نێو سێ داگیرکاری زۆرداردا پاڵ بەوەیانەوە بـدات کـە لەگـەڵ رۆشـنبیریی کۆمـەڵی کـوردەواری و (خواپەرستییدا) دەگونجێت.گەر ئەمڕۆ خۆمان بخەینە جێگەی شێخ مەحموود و بە سـەنگ و تـەرازووی ئـەو کاتە بیر بکەینەوە، ئاخۆ بڕیارمان چی دەبێت؟ ئەوەشمان بیرنەچێت زۆربـەی هـەرە زۆری دانیشـتوانی نێـوان دوو رووبارەکە (عێراق) و لە پێشیانەوە زانایانی ئاینیی، ئینگلیز و رووسیان بـە دوژمنـی ئیسـلام و گـلاو دەزانی و پیاوانی ئـاینیی ئامـادە نـەبوون گفتوگـۆی ئاسـاییان لەگەڵدا بکـەن، شـێخ مەهـدی ئەلخالیسـی بەرچاوترین نموونەیە.

بەر لە جەنگی یەکەم، شێخ مەحموود لە مەریوان دادەنیشت، بەهۆی هەراکەی موصڵەوە دڵـی لـە تـورك رەنجا بوو، جەماوەری کوردیش داوای تۆڵەی خوێنی شەهیدەکانیان دەکرد... شێخ لە مەریوانەوە چاودێریی رووداوەکانی دەکرد، رێـڕەوی جەنگەکـە، چ ئاڕاسـتەیەك دەگرێـت، ئـەویش بـەو پێیـە و ئەوەنـدەی لەگـەڵ بارودۆخی کوردەواریدا بگونجێت، بڕیارێك بدات و خۆی بە لایەکدا ساغ بکاتەوە.

پێدەچێت شێخ لە ناخی خۆیدا، بەریتانیای بە چاکتر زانیـوە بـۆ کـورد و هیوایـەکی بـە وان هـەبووە کـە هێشتا پێیان نەناوەتە کوردستانەوە و دەستیان نەچۆتە خوێنی کـورد و ژێـر چەپۆکیشـیان نـەبوون... بـەلام دەیزانـی بـە دەنـگ بانگەوازەکـەی سوڵتانیشـەوە نەچـێت دوور نـەبوو خزمونێزیکەکانیشـی دوای نەدەکەوتن.ئاشکرایە لەو رۆژگارەدا بیری نەتەوەخوازیی و سەربەخۆیی بە پلانی "کافران" دادەنرا بۆ کەرت و پەرتکردنی وڵاتی عوسمانیی و بێهێزکردنی موسوڵمانان.

مەحموود خانی کانی سانان و مەحموود خانی دزڵی و سەرانی دیکەی کوردی ئێران و پیاوانی ئـاینیی بـۆ پشتگیری کردنی شێخ لە قەڵای مەریوان کۆدەبنەوە، دوو نامە بۆ باڵوێزی[٣٠] تورکیا و رووسیا و بـەریتانیا و فەرەنسا دەنێرن بۆ تاوتوێکردنی چارەنووسی کورد. هەرکە رووسیاش خۆرهەڵاتی کوردسـتانی داگیرکـرد، شێخ گەڕایەوە سلێمانی و هەستی ئاینیی کوردی ئێران و کوردی ژێردەستەی عوسمانیی هانیدەدەن دەست لە دژایەتی تـورك هـەڵگرێت و دژی رووسـەکان بجـەنگێت. کونسـوڵی ئینگلیـز لـە کرماشـان بـە والی سـنەدا نامەیـەك و هەنـدێك دیـاری بـۆ دزڵـی دەنێرێـت (حکومـەتی ئێـران بەرژەوەنـدی تـۆی دەوێ و وای نیـازە فەرمانڕەوایی بە تۆ بسپێرێت، تکایە بۆ وەرگرتنی فەرمانەکە وەرە بۆ سنە)[٣١].سەیرە، والی سنەبەدەسـتی خۆی نامەی ئینگلیز بۆ مەحموود خانی دزڵی دەهێنێت کەبێتە جێگەکەی، تومـەز خـەریکی پیلانگێڕانـە، ئەوەبوو دواتـر دزلی و کـانی سانانی بـە دوای یـەکتردا هێنایـە سـنە و دووریانخسـتنەوە بـۆ لای شـێخ لـە هیندستان.

دوای هەراکەی موسڵ و شەهیدکردنی باوك و برایەکی شێخ مەحموود، تورك بە دوای ئەویشدا دەگـەڕان، شێخیش، سلێمانی جێدەهێڵێت و لـە مـەریوان دادەنیشـێت، دەیتـوانی بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ تۆڵـەی شەهیدەکان لە تورك بکاتەوە، بەلام دەیویست تۆڵـە لـە تاوانبارەکـان بکاتـەوە، نـەك لەشـکری تـورك، لـە ئەنجامیشدا لەپێناو بەرژەوەندی کورددا دەسـت لـەو مافـەی خـۆی هەڵـدەگرێت کاتێـك هێزەکـانی رووسـیا

پێشڕەوییان دەکرد و نێوچەکانی بانە، سەقز، بۆکان، میاندوواو هەتا چیای تاریەر- دەڤەری پێنجوین داگیردەکەن بەرەو سلێمانی، شێخ لە مەریوانەوە دێتەوە ئەمدیو، پەلاماریان دەدات و لە بانە و مەریوان دەستێکی قورسی لێوەشاندن. هێزەکانی رووسیا لە رێگەی کرماشانەوە گەیشتنە سنووری خانەقین و دەیانەوێت کەڵك لەو "ساردییە"ی نێوان شێخ و تورك وەربگرن. ژەنەراڵ براتۆڤ و مارشاڵ بۆدینی بەهۆی عەبدوڵلا خانی گوڵانیی دانیشتووی سابلاخ ئەم نامەیە بۆ شێخ دەنێرن.

لە مارشاڵ براتۆڤەوە بۆ سەرۆکی هێزی کوردان شێخ مەحموودی حەفید

شەڕکردنتان لەگەڵماندا و یارمەتیدانتان بۆ تورك کە دوژمنی هەردوولامانە بە زیانی خۆتان کۆتایی دێت.. ئێمە چاومان نەبڕیوەتە وڵاتی ئێوە، ئامانجمان دەرکردنی تورکە ستەمکارەکانە لە هەموو زەوی رۆژهەڵاتدا... یارمەتی نەدانتان بۆ تورك کردەوەیەکی چاکە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیشتان، ئێمەش ئامادەین یارمەتیتان بدەین هەروەك چەند ساڵێك لەمەوبەر هەستی خۆمان بەرامبەر رووداوی دڵتەزێنی سووس دەربڕی و ئێستاش لەلایەن سەرکردایەتی لەشکرەوە شمشێرێکتان بە دیاری بۆ دەنێرم بە وەرگرتنی هیوامان بە دۆستایەتیتان پتەوتر دەبێت.[٣٢] مارشاڵ براتۆڤ چاوەڕوانی وەڵامی شێخ ناکات نامەیەکی دیکەشی بۆ دەنێرێت و گوایە نامەی سێهەمیشی بەدوادا هاتووە.[٣٣] هاوکات کە هێزەکانی رووسیا گەیشتبوونە سنووری خانەقین هێزەکانی بەریتانیاش شارەکانی خانەقین، کفری، دووز دەگرن و شێخ نامەیەك بۆ ویلسن دەنێرێت کە بایەخی زۆری پێدەدەن و ئاواتیان بوو ببنە دەمڕاستی کورد.

## ئەگەرەکانی بەردەم شێخ مەحموود

١- ئەگەر بچێتە پاڵ یەکێك لە هاوپەیمانان دژی تورك، کەس دوایناکەوێت، جگە لەوەی هاوپەیمانانیش لەناو خۆیاندا ناکۆکن و هەموو کات بەرژەوەندییەکانیان جوت ناوەستنەوە، دواتریش کە پێکدێن پێستی کورد کەوڵ دەکەن و دەیکەن بە دەهۆڵ.

٢- پاڵبدات بە تورکەوە، باوەڕیان پێناکات و زامی هەراکەی موصڵ هێشتا سارێژ نەبووە.

٣- سەرکەوتنە خێراو بەردەوامەکانی ئەڵەمانیا بەتایبەتیش دوای داگیرکردنی فەرەنسا، بەشێکی گێتی هێنابووە سەر باوەڕێك سەرکەوتنی ئەڵەمانیا وەك خۆری نیوەڕۆ دیارە و گومانی تێدا نییە هاوپەیمانان تێکدەشکێن.

بەریتانیا، دەوڵەتی عوسمانی، رووسیاش هەریەکەیان بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی، شێخ مەحموودیان هەڵدەسەنگاند، نەك هەر عوسمانییەکان بەڵکو بەریتانیا و رووسیاش لە دوو شت دڵنیابوون:

١- شێخ موسوڵمانێکی پاك و بێگەردە و توند دەستی بە ئاینەوە گرتووە.

٢- کوردێکی دڵسۆز و شۆڕشگێڕێکی سەرسەختە و ئاواتی دامەزراندنی دەستەڵاتی کوردە.

جا کۆمەڵەی یەکێتی و کەمالییەکانیش، باوەڕیان نە بە ئیسلام هەبوو نە بە مافی کورد، بەریتانیاش موسڵمانێتییەکەی شێخی بە دڵسۆزی نواندن بۆ تورك و خۆبەستنەوە بەوانەوە لێکدەدایەوە.

رووسەکانیش وایان دەخوێندەوە، تورك بە ناڕەوا باوك و برا و خزمەکانی شێخیان کوشت و فرمانی

خنکاندیان بەسەر خۆشییدا سـەپاند، کەچـی هـەر چاوی لـە تورکـەو بـیری دەچـێتەوە گرتیـان و فـەرمانی خنکاندنیان بۆدەرکرد، شەڕی شوعەیبەی بۆ کردن دژی بەریتانیا و شەڕی پێنجوێن و خانەقینیشی بۆ کردن دژی ئێمە و زیانیشـی پێگەیانـدین، بـەڵام لـە هـەردوو جارەکـەدا چـەندین سـەرداری کـورد، لـە دڵسـۆز و نزیکەکانی خۆی بە تۆمەتی کەمتەرخەمیی یا تاڵانکردن بە دەستی تورك تیربارانکران.

## رووسەکان باکوور وئینگلیز باشووری ئێران داگیردەکەن

١٩١٦/١/١٧ هێزەکانی رووس، شارەکانی ترابزۆن کە زۆربەیان ئەمەرنن و شاری شووش و بتلیس داگیر دەکەن کە هەر سێکیان دەکەونە خۆرئاوای گۆمی وان و لەوێوە چوونە نێو ئێرانـەوە و لەوێشـەوە خۆیـانکرد بە کوردستانی خواردوودا (باکووری عێـراق) رووە و رەوانـدوز و لـە ناوەڕاستیشـەوە رووە و باقوبە.ژەنـەراڵ باراتۆڤـــ گەیشـــتە ســـنوورەکانی خانـــەقین و ژەنـــەراڵ جنـــرازۆف، رایـــات و لـــەوێوە بـــەرەو رەوانـــدز و لـــە ١٩١٦/٥/١٣دا دەیگـرن، هەرچـەند مـانگێکی نـەبرد، تـورك پێیـان چـۆڵ دەکـەن و لـەو نـاوە دووریـان دەخەنەوە.١٩١٧/٤ رووسەکان دووبارە پەلاماری خانەقین دەدەن و هێزە قەوقازە دڕندەکان دەیگرن و تـورك پێیان چۆڵ دەکـەن و لـە کوشـتوبڕ و تاڵانکـاریی و دەسـتدرێژیدا خراپتریـان بـە دانیشـتوان دەکـرد و هـەتا ١٩١٧/٨ دەمێننـەوە، بـەڵام بـەو هۆیـەوە سـەرکردایەتی تـورك دەسـتی بـە هـەموو بـەرەکانی جەنگـدا نەدەگەیشت، ئازووقـەو تەقەمـەنییان پێنەدەگەیشت، ناچـار دەبـن دەسـت بـە خۆراکـەوە بگـرن، خـۆراکی سـەربازێکی لەشـکری شـەش، کرایـە ١١٠گـرام کـە دەکاتـە نیـو صـەموون و ئـالیکی وڵاخـیش بـوو بەنیوکیلوگرام.... لە بارودۆخێکی وەها نالەباردا هەزاران سەربازی عوسمانیی هەر لە برسان دەمردن.

لەشکری ئینگلیز کۆتایی ٩١٧ ناوچەکە داگیردەکات و گەلێك ناوچەی دیکەشـی کەوتـە دەسـت و هـەتا ئاگربەستی مودروس Modrus ٩١٨/١١ وڵاتی نێوان دوو رووبارەکـە (عێـراق)، سـەرەتا بـە رەهـایی و دواتریش بەشێوەی کاربەڕێوەبردنی کاتی (انتداب) کەوتە بندەستیان، هەرچەندە وەك خۆشیان دانیان پێدانا (عێراق) لە رووی ستراتیژی سەربازیی و بازرگانییەوە ئەو بایەخ و گرنگییەی نەبوو ئەو هەموو قوربانییـەی بۆ بدەن، تەنها زیانی گیانیی لەشکری بەریتانیا لە عێراقدا بەسەریەکەوە صەد هەزار کوژراوو بریندار بوو، پەرلەمانتارێك لە پەرلەماندا هەڵدەستێت و بـە راشـکاوی دەڵێـت خۆزیـا هێزەکانمـان هـەر نەچـوو نایەتـە عێراقەوە. ساڵی ١٩١٧ش بەریتانیا بە سەرکردایەتی ژەنەراڵ مـۆد بەغـدا دەگرێـت، سـەربازەکان زۆر بـە دڵساردییەوە دەڵێن: پیف لەم بەغدایە، ئەمەیە شـاری چـیرۆکەکانی هـەزارو یـەك شـەوە؟ ئەمـە شـارە یـا وێرانەیە؟ ناهەقیشیان نەبوو، ئەو شارە شەقامێکی تێدا نـەبوو، نـەخوازەڵا ئـوتێـل و چێشـتخانە و شـوێنی کات بەسەربردن... لە راستیشدا بەریتانیا لە داگیرکردنی (عێراق)دا هەڵەیەکی گەورەیکرد، چـونکە ئێـران بێلایەن بوو لە شەڕەکەدا، رووسیاش هاوپەیمانبوو، تورکیش نەیدەتوانی لە عێراقەوە بگاتە ئێـران و لـەوێوە پەلاماری رووسیا بدات، چونکە هاوپەیمانان زوتر ئێرانیان گرتبوو.

رووسەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا چوار شەڕی قورسیان دژی عوسمانی و دوو شەڕیان دژی ئێران کـرد، لـە هەمووشیاندا کورد هاوکاری عوسمانی یان ئێران بووە و شەڕی دژ بە رووسـیا کـردووە، شـەڕەکەی ١٨٧٧ی

رووس و عوسمانی له قەفقاسیا، ده هەزار سەربازی کورد و عەرەب و تورك کوژران یا له سەرما و برسێتیدا رەق بوونەوە و مردن.

## گەڕانەوەی شێخ له مەریوانەوە

هێزەکانی بەریتانیا و رووسیا سنوورەکانی رۆژهەڵاتی تورکیایان گرتبوو جگە له بەشێکی زۆری ناوەڕاست و خوارووی (عێراق) خانەقین و پێنجوێنی کوردستانی باکووریشیان بەدەستەوە بوو، لەم بارودۆخەدا عوسمانییەکان بیر له شێخ دەکەنەوە و به ناچاری بایاندایەوە بەلای کورددا.

که رەشید پاشا دەبێتە والی بەغدا له جێگەی زەکی پاشا، دێتە کەرکووك و دەنێرێت بە دوای شێخدا و له مەریوانەوە دەیهێنێتەوە و دڵنەواییەکی زۆری دەکات و ئاشتی دەکاتەوە، هەروەك عەبدلمونعیم غولامی دەڵێت، تاوانبارەکانی هەراکەی موصڵ دەگرێت و هەندێکیان به خنکاندن و هەندێکیان بە سزای قورس دەگەیەنێ و چاوپۆشی لەوەش دەکات دادگایەکی تورك پاشەملە سێ ساڵ زیندانی بۆ شێخ بڕیاردابوو بە تۆمەتی کوشتنی باوکی بەها ئەفەندی له کفری.

والی بەغدا ئەم دڵنەوایییە گەرمەی شێخی لەبەر دوو هۆ دەکرد:

١- هەراکەی موصڵ و ئەو ناهەقییەی له کورد کرا به شەهیدکردنی باوك‌و برا و خزمەکانی شێخ، هێشتا رقوقینی جەماوەر نەنیشتبۆوە و یەك دەنگ داوای تۆڵەیان دەکرد و سوارەی عەشایەر، بەتایبەتی هەمەوەند خۆیان ئامادە دەکرد پەلاماری موصڵ بدەن.

٢- هێزەکانی کورد بەڕابەریی شێخ دەتوانن رێگە لە هێرش‌و پەلاماری رووس بگرن و رێگەی هاتنە پێشەوەیان ببەستن و له ناوەوەش هاوپەیمانێکی دڵسۆزی تورك بن دژی ئینگلیز و پلانەکانی، ئەوە هەر لەشکری شێخ بوو له شەڕەکانی پێنجوێن، خانەقیندا رووسەکانی دەشکاند و بەروو دووا راویدەنان.

## کوردو شەڕەکەی شوعەیبە

بەریتانیا و رووسیا ١٩١٤/١١/١٥ بانگەوازی شەڕ دەکەن لە دژی تورکیای عوسمانی و رۆژی دواتر ١١/١٦ هێزێکی بەریتانیا بەندەری فاو دەگرن و پێشڕەوی دەکەن بەرەو خاڵێ ستراتیژی شوعەیبە لە باکووری رۆژئاوای بەسرە و له ١٩١٥/١١/١٢ دەستی بەسەردا دەگرن و دادەمەزرێن . تورك دەیویست بە هەر نرخێك بێت ئەو هێزە بگێڕنە دواوە... بانگی شەڕی پیرۆز و دەرکردنی کافرەکان درا. (سەید عەبدولڕەزاق ئەلحلو یەکەمین زانای شیعە بوو بە دەنگ بانگەوازەکەوە چوو، لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩١٦ دا کەوتە رێگا بەرەو شوعەیبە و له شاری سەماوەوە نامەیەك بۆ جاوید پاشای والی بەغدا دەنووسێت: بیکە بە خاتری پەیامبەر و بنەماڵەکەی و فاتیمەی زەهرا بەپەلە فریامان بکەون، بەسرە لە مەترسییدایە و ئێمەش زۆر پەرێشانین....

دوا بە دوای ئەو، کاروانی موجاهیدین پەیتا پەیتا دەگەیشتن و کاروانی کوردیش بە رابەری کاك ئەحمەدی شێخ (مەبەستی شێخ مەحموودە) گەیشتنە جێ و کە هێزەکەی شێخ هادی سەرۆکی سەماوەش

گەیشت پیاوەکانی هاواریان دەکرد (ثلثي الجنة لهادينا وثلث لكاك أحمد وأصحابه) دوو لە سێی بەهەشت بۆ شێخ هادی ئێمە و سێیەکیشی بۆ کاك ئەحمەدی شێخ و هاوڕێکانی).[٣٤]

بەڵام زاناش هەبوو وەك شێخ حەسەن ئەلصەدر ئەیوت بەریتانیا بەو هەموو پێشکەوتنی چەکە نوێیانەوە هەرچی لە رووبدا بوەستێت وەك خۆفڕێدانە نێو ئاگر وەهایە.(شێخ مەحموود بە هەزار سواری کورد و بە چەکی خۆیانەوە)[٣٥] و بەجلوبەرگی کوردی و کالەو پێتاوو نان و ئاوی خۆیان و توێشووی نانی نۆردووی خۆماڵی و خورمای عەرەبەوە.[٣٦]

شوکری مەحموود نەدیم دەڵێت: ٢٠٠٠ هەزار کورد و تورکمان و ١٢٠٠٠ هەزار عەرەب گەیشتنە شاری ناصریە[٣٧]، هەرچەندە بەپێی ئەو دۆکۆمێنتانەی د. کەمال مەزهەر بینیونی هێزەکەی کورد بە ٣٠٠٠ سێ هەزار چەکدار دەخەمڵێنن، بەڵام عەبدولرەزاق ئەلحەسەنی دەڵێت: ١٥٠٠ کورد بەشداری شەڕەکە بوون.هێزەکەی شێخ لە هۆزەکانی جاف، هەمەوەند، داودە و زەنگنە پێکهاتبوو، جا ژمارەیان هەرچەند بوبێت، عەرەبی (عێراق) ئەو هاوکارییەی کوردیان بەرز نرخاند بەتایبەت سەردارانی کورد، وەك: (سمایل بەگی داودە، نامیقی عەلی ئاغا ئامۆزای و سەید ئەحمەدی خانەقا)[٣٨] لە رێگەی دوورەوە هاتبوون و لە دوای شێخەوە ئامادەی خۆبەختکردن بوون، لەشکرەکەشیان کۆك و پۆشتە دەهاتە بەرچاوان. کلاو و مشکی و جامانەی هەڵپێچراوو ریش و دارو خەنجەری دەبان و قەزوێنی و بەپشتێن و جۆرەها تفەنگی وەك سێ تیر و پێنج تیر و داداش و ماوزەر و یایلی و فرۆکەشکێن و برنەوو بەشانەوە و بە سواری ماینی رەسەن و ئەسپی کەحیلەوە. (بەرلە تفەنگی یازدە تیری ئینگلیزی لە کوردستاندا ئەم تفەنگانە بەکاردەهێنران: وەرەندەڵ، حسکە، وەزر، حەمەتەقی، مەعدەن، لاکەل، ژێرساف، چەتە، سێ تیر، رووسی، قرینبەش لەوانەیە حسکەی لای خۆمان بێت کە تفەنگێکی کورتە و لە کوردەواری خۆماندا فیشەکیان بە تەرەقەی وەرەندەل بۆ پڕ کردووەتەوە)،[٣٩] هەندێك لەو تفەنگانە جۆری مارتینی، سنیدیو فینچستر، (قەپاغلی) بوون ناوی خۆماڵییان لێنرابوو، شێخ عوبیدوڵلای نەهری لە نامەیەکدا بۆ قائمقامی شاتاخ داوای هەندێك لەو تفەنگانە دەکات بەتایبەتی مارتینی.[٤٠]

هۆسە بەنێوبانگەکەی هۆزی شامییەی عەرەب بەڵگەیەکی بەهێزە، چونکە شێخ هادی مقەوتەر (مُقَوْطَرْ) دیارترین سەرداری شامییەکانە و سامان و دەسەڵاتیشی بێ سنوور بوو، بۆ دڵفرانی و بەخشندەییش بەتایبەتی لە پێناو شەڕەکەی شوعەیبەدا حاتەمی تەی پێنەدەگەیشت، ئەمەش لەبەر چاوو دڵی ئەندامانی هۆزەکەی و دۆستەکانیدا، ئەوەندەی دیکە بەرز و خۆشەویستی کردبوو، جا ئەگەر هەر لە چاوی هۆزەکەی ئەویشەوە ئەو پیاوە مەزنەی عەرەب و شێخی کوردان بەراورد بکەین، ئەوا شێخ زۆر لە سەرە.

بەرەبەیانی رۆژی ٩١٥/٤/١٢ تاریك و روون هێزەکانی عەرەب و کورد لە سێ قۆڵەوە پەلاماری دوژمن دەدەن، هەرچەند دکتۆر عەلی ئەلوەردی دەڵێت: شەڕەکە رۆژی ٩١٥/٤/٦ دەستی پێکرد و هەتا ٤/١٤ دەخایەنێت . شەڕەکە زۆرتر لە تۆپ بارانی ئینگلیزو هەوڵدانی هێرشبەران بۆ هاتنە پێشەوە تێپەڕی نەدەکرد لە رۆژی یەکەمدا، بەڵام دووەم رۆژ شەڕێکی قورس قەوما، هەرچەندە چەند کاتژمێرێکی خایاند،

عەرەب و کورد و تورکمانەکان بە جۆرێك شکان هەر فریای راکردن کەوتن و سەرکردەی گشتی هێزەکانی تورکیش (سولەیمان عەسکەری خۆی دەکوژێت)[٤١] و ئۆباڵی ئەو شکستەش دەخەنە ملی کورد بە گشتی و عەرەب بەتایبەتی و لەو رۆژەوە عەرەب بە ناپاك (عرب خیانَت) ناو دەبەن. (تۆفیق وەهبی لەبارەی شەڕەکەی شوعەیبەو کشانەوەی شێخ مەحمود و هێزەکەی بۆ شاری ناسریە دەڵێت: لە ناسریە تاوتوێ و پێشبینی جەنگەکەمان وەها دەکرد کە رەوتی رووداوەکە روو لە سەرکەوتنی ئینگلیزەکانە، بۆیە بڕیارماندا نامەیەکیان بۆ بنوسین و منیش بینوسم.) م.ر. هاوار. شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان. ب١، لەندەن ١٩٩٠ ل. ٣٤٦

حەوت سەرداری کوردی بەشداربووی شەڕەکەشیان بە تۆمەتی کەمتەرخەمی گوللەبارانکرد، رەفیق حیلمیش دەڵێت رەشید پاشای خەڵکی سلێمانی و کۆنە پارێزگاری مونتەفیك و نامیقی عەلی ئاغا و چەندین کوردیان کوشت.

ئەمین زەکی بەگ کە ئەفسەرێکی سوپای تورك بوو لە شەڕەکەدا، راپۆرتێك بۆ سەرکردایەتی لەشکری شەشەمی تورك دەنووسێت لە برگەیەکیدا دەڵێت: (شوعەیبە شەڕی نێوان زانست و نەزانینە، رێو شوێنی کۆن (ی لەشکری تورك ن.ك، بەرامبەر) لێهاتوویی و ئەزموونی چەند ساڵەی ئەفسەران فرای، میلس، دیلامین دا).[٤٢]هەروەها دەڵێت (سلێمان عەسکەری مێشکی بەوە ئاخنرابوو ئینگلیزەکان فرێبداتە ناو رووبارەکەوە و بیری هەر بەلای هێرشبردنەوە بوو نەك بەرگری و سەرکردایەتیش بە گوێیاندەکرد).[٤٣]

حەمە عەلی برای مەحموود پاشای جاف و کەریم بەگی فەتاح بەگ لە شەڕەکەدا بوون، مستەفای کوڕی کەریم بەگ لە دەمی باوکیەوە دەیگێڕێتەوە: کورد زیانێکی زۆریان بەرکەوت، تۆفیق وەهبی بەگ کە ئەفسەرێکی سوپای تورك بوو لە شەڕەکەدا، ئامۆژگاری شێخ مەحموود و حەمەعەلی دەکات، بە خۆڕایی کورد لە پێناو تورکدا بە کوشت مەدەن، ئەوانیش بە گوێی دەکەن و وەك عەرەبەکان دەکشێنەوە دواوە و دەگەڕێنەوە کوردستان. دیارە یەکەمجار کشاونەتەوە شاری ناصرییە، بۆیە تۆفیق وەهبی بەگ وتوویەتی (لە ناصرییە تاوتوێ وپیشبینی جەنگەکەمان وەها دەکرد کە رەوتی رووداوەکان روو لە سەرکەوتنی بەریتانیایە، بریارماندا نامیەك ئینگلیزەکان بنوسین و منیش بینووسم .) بروانە موحەممەد رەسوول هاوار، شیخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان . ب١،لەندەن ١٩٩٠

دەربارەی زیانی گیانی و قوربانییەکانی عوسمانی (تورك) و عەرەب و کورد لەو شەڕەدا شوکری مەحموود نەدیم دەڵێت زیانەکان دەگەیشتنە ٦٠٠٠ هەزار کوژراو و بریندار، [٤٤] لەوە ناچێت تورك زۆر گوێیان بە خوێنی ئەو خەڵکە دابێت و ژمارەی کوژراوو بریندارەکانیان تۆمار کردبێت، بەڵام (ئینگلیزەکان بەپێی راپۆرتی خۆیان، ژمارەی کوژراوو بریندارەکانی خۆیان بە ١٢٥٧ سەرباز و زیانی دوژمنیشیان بە دوو ئەوەندە داناوە)[٤٥].

پێدەچێت ئەو دەمە ئینگلیز کوردیان لە نێزیکەوە ناسیبێت، بۆیە لە بەڵگە نامەیەکیاندا بەناونیشانی (دوژمنە چاوەڕوان نەکراوەکانی وڵاتی میسۆپۆتامیا)[٤٦]دا دەربارەی سوارچاکی کورد لەو شەڕەدا

نووسیویەتی: (ئەوان شەڕکاری گورج و گۆڵ و دوژمنێکی ترسناکن). مامۆستا عەلائەددین سەجادی لە رشتەی مرواری بەرگی ١ ـ ٨ لاپەڕە ٢١٨ دا رووداوێکی نوکتە ئامێزمان لەمەڕ شەڕەکە بۆ دەگێڕێتەوە پڕ لەپەندو ئامۆژگاری: (لەشەری شوعەیبە ١٩١٤ ـ ١٩١٨ خەڵکێکی زۆریان ناردبوو بۆشەڕ، لەمانە گەلێکیان کوردبوون، لەشوعەیبە شکابوون و گەڕابوونەوە بەغدا، یەکێ لەکوردەکان ماینەکەی کوژرابوو بەپێ ئەڕۆشت و لەبەرخۆیەوە هەرئەیوت " دەك خوابتگرێ سولتان رەشاد! تۆ کە بەغات هەیە ئیتر بەسرەت بۆچیە واشەڕی لەسەرئەکەی و ئەم عالەمە بەکوشت ئەدەی .؟ ")

هەرچەندە تورك شەڕەکەیان بەناوی شەڕ لە پێناو یەزداندا (جیهاد) دەکرد، چەند رۆژێك بەر لەشەڕەکە لە رێگەی (عثمان مظهر)ەوە چل هەزار لیرەیەکی ئاڵتونیان بلاوکردەوە، بەڵام چەکدارانی هۆزەکانی عەرەب هەرئەوەندەی فڕۆکەیان بە ئاسمانەوە بینی، خۆیان خزاندە نێو دارخورماکان و کە تورکیش شکان، خێرا لە دواوە پەلاماریان دان و لە کوشتن و روتکردنەوەیان دەستیان نەدەپاراست، دەیانوت بەپێی سوورەتی (الرّوم) تورك لە نێو چەوانیان نووسراوە ژێر بکەون! ئەمجۆرە هەڵوێستە لە چەندین شەڕدا ئەوەندە تورك بێزار دەکات مۆری عەرەبی ناپاك (عَرَب خیانت) بنێن بە تەوێڵیانەوە و جەمال پاشا بڵێت تورك دە لە صەدیان ترسنۆکن بەڵام عەرەب دە لە صەدیان ئازان.[٤٧] ئەحمەد ئەوراق سەرکردەی پایەبڵندی سوپاش دەڵێت (دوای زاڵبوون بەسەر ئینگلیزدا لە شوعەیبە، نۆرەی عێراقییە خۆفرۆشەکان دێت .)[٤٨] ئەم کابرایە رۆژێك ئەم لێدووانەی داوە کەلە هەموو جەنگەکانی عوسمانیدا عەرەب و کورد قوربانی پتریانداوە وەك لە تورك!

شەڕی شوعەیبە چەند ناوەرۆکێکی گرنگی لەخۆگرتبوو، هەر بۆ نموونە:

١ـ ئەوە یەکەمین رووبەڕووبوونەوەی سەربازیی نێوان بەریتانیا و کورد بوو، سێبەری خۆیشی لەسەر پەیوەندی داهاتوویان دانا لەگەڵ ئینگلیز و تورکیشدا و تارادەیەك لە دەستی یەکتریش شارەزا بوون... ئینگلیز هەستیکرد پێویستیان بە کورد هەیە شەڕی تورکیان بۆ بکەن، تورکیش کوردیان بە بەشێك لە خۆیان دەژمارد! ئینگلیز گەر (عێراق)یشی داگیر نەکردبایە گرنگ نەبوو بەتایبەتی هێشتا نەوتە نەحلەتییەکە نەدۆزرابووە و چاوی هیچ داگیرکارێکی سوور نەکردبوو.... بەڵام لە دەستدانی (عێراق) خراپ بەسەر تورکدا دەشکایەوە و متمانەی موسڵمانانی ناوچەکەی بە توانا و دەسەڵاتی سوڵتانی موسڵمانان لەق دەکرد، بۆیە پێویستە بەهەر نرخێك بێت دوژمن بگێڕنە دوواوە و هیچ نەبێت لە کەنداوی فارس / عەرەب دا مۆڵیاندەن.

٢ـ شێخ گومانی لە سەرکەوتنی ئەڵمان و تورك پەیدا کردو ئەنجامی شەڕەکەی لە بەرژەوەندی بەریتانیا و هاوپەیمانەکانیدا دەبینی نەك وڵاتی عوسمانی نەخۆش و دەردەدار کە هەر پەلێکی بەدەست داگیرکارێکەوەیە، بۆسفۆر و گەرووی دەردەنیل و کلیکیا بەدەست فەرەنساوە بوو، (عێراق) بە عەرەبستان و کوردستانیەوە بەدەست ئینگلیزەوەیە، ئەزمیر و ناوچەیەکی فراوانی دەوروپشتیشی بەدەست یۆنانەوەیە.

٣ـ شێخ مەحموود ئاگاداری ئەوەش بوو کە ساڵی ١٩٠٩ سوڵتان حەمید لەسەر تەخت هێنرایە خوارەوەو سوڵتان رەشاد (موحەممەدی پێنجەم) لە جێگەی دانرا، موسڵمانان چۆن بە کوڵ دەگریان و خەمباری و

ماتەمینی خۆیان دەردەبڕی.(٤٩)

هەستە ئاینییە هەڵچووەکە لە چەند شتێکدا خۆیدەنواند: ١ـ سوڵتانی عوسمانی و خەلیفەی موسڵمانان سەرکەوتوو و تەمەندرێژ بێت. ٢ـ پاراستنی خاکی پیرۆزی موسڵمانان لە کافران و گڵاوی نەکەن. ٣ـ دوورکەوتنەوە لە ناوەرۆکی ئاینەکەو پەیڕەوکردنی کۆمەڵێك باوەڕی پڕوپووچ، بۆ نموونە، کە پەتای رشانەوە بڵاوبووەوە، کۆلکە مەلاکان رێگەی خۆپاراستن و چارەسەرکردن لەو خەڵکە بەستەزمانە دەگرن و دەڵێن ئەوە لە خواوە هاتووە، سوپاسی بکەن، دەنا لێتان دەڕەنجێت! ئەگینا هەر ئەوهەستی ئاینییە هەڵچووە و سوڵتان پەرستییە کە دژی هێز و توانای سەربازیی ئینگلیز بووەوە،ئینگلیز سەرکەوت، هەر ئەو هەستی سوڵتان پەرستییەش کە دژی تورکە شۆڤێنییەکان (کۆمەڵەی یەکێتی و کەمالییەکان) بووەوە شۆڤێنییەکان سەرکەوتن، هەروەها بەرامبەر بە گەلانی باڵکانیش هەر باڵکانەکان سەرکەوتن ولایەنگرانی سوڵتان و سەڵتەنەت ژێرکەوتن.

٤ـ دوورکەوتنەوە لە راستە رێگەی ئاینی پیرۆز، هەستێکی چەواشەی هێنابووە گۆڕێ، عوسمانییەکان بەرامبەر پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی ئەوروپا دەستەپاچە بوەستن و دەستەڵاتیان هەر بەسەر گەلانی نەخوێندەوار و دواکەوتەو بێهێزەوە هەبێت، کوردیش لە هەر سێ بوارەکەدا یەکەم بوو!!

ئەگەر هێز لە ئارادا نەبوایە رژێمی سەڵتەنەت بە ئاسانی نەدەڕووخا، لە کاتی دەنگدانی ئەنجومەنی نیشتمانیی تورکدا، بوو بە هەراو بێنە و بەردە لە هۆڵەکەدا، سەرۆکی ئەنجومەن بە ناچاری سووك و ئاسان رایگەیاند: بە زۆرینەی دەنگ سەڵتەنەت هەڵگیرا!!

ئەو توندوتیژییەی ئەوان بەرامبەر ئاین و هەستی ئاینی بەکاریان دەهێناو رێگەی چاوسوورکردنەوە و تۆقاندنیان دەگرتە بەر، شێخ پەیڕەوی نەدەکرد، بەراستی روو لە خوا بوو، دڵی نەدەهات ئازاری دەورو پشتەکەی بدات و ئەو هێزەشی نەبوو وەکو فەیصەڵی کوڕی حوسەین بە هەردوو چەکی دیپلۆماسی و سەربازیی کێشەکە لە بەرژەوەندی خۆی بەلادا بخات. شێخ دڵی نەدەهات لە گوڵ کالتر بە مستەفا پاشا بڵێت کە تورك بە خوێنی تینوو بوون و لە شێخیان دەویست رادەستی ئەوانی بکات.

کەواتە دەبوو شێخ چ تووڵە رێگەیەك بگرێت بیگەیەنێتە ئامانج؟ هەروەك بەهەشتیی شێخ لەتیفی کوڕی لە وەڵامی نامەیەکی شاعیری گەورەی کورد مامۆستا ئەحمەد هەردی دا بەپێنج خشتەکییەکی کوردی ـ فارسی کەکۆتایی هەموویان بەمجۆرەیە کە دەڵێت(٥٠):

**( حاڵ کە وایە ئەی برادەر چیست فەرمانی شوما )**

بەڕاستی شێخ مەحموودکەوتبووە گێژاوێکی قووڵەوە: عوسمانیەکان ئاسیا و بەشێکی ئەوروپا و چەند وڵاتێکی ئەفەریقایان بەدەستەوەیە، سوڵتانی تورك جێگری پەیامبەر و سێبەری یەزدانە، زلهێزێکی زەبەلاحی وەك ئەڵەمانیای لە پشتە، نیوەی کوردستان و عێراقیشی بەدەستەوەیە، ئینگلیز و رووسیاش هەریەکەیان بەشێکی کوردستان و عێراق و بەشێکی ئێرانیان بەدەستەوەیە، ئەڵەمانیاش هێزی سەربازی لە ناوچەکەدا نییە، بەڵام بە کرێگیراوو سیخوڕەکانی زۆر چالاکن.

هێزەكانی ئینگلیز زۆری نەمابوو شاری بەسرە داگیر بكەن، چەند زانایەكی ئاینیی شیعە لە نەجەفەوە بروسكەیەك بە مۆری هەموویان دەنێرن بۆ شێخ خەزعەلی میری ئەهواز ئەمە دەقەكەیەتی: (بەناوی شەریعەتی موحەممەدەوە پێویستە لەسەرتان لەگەڵ موسڵماناندا ڕاپەڕن و بە گیان و سامان پارێزگاری بەسرە بكەن نەكەوێتە دەست (كافران). ئەمە بڕیارێكی شەرعییە و هەموو موسڵمانانی ئێران و عوسمانی (موسڵمانانی سنووری دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی. ن.ك) دەگرێتەوە بێ جیاوازی، جەنگی پیرۆز بەرپا بكەن بە گیان و سامان، یەزدان هێزی سەركەوتنتان پێدەبەخشێت، ئەم بڕیارە بە هەموو هۆزەكان رابگەیەنن و بە پەلە ئاگادارمان بكەنەوە لە هەنگاوەكانتان)، بەڵام شێخ خەزعەل بایەخی پێنەدان و لەوەڵامدا دەڵێت بەوپێیەی لە ژێر چاودێری ئێراندام پێویستە بێلایەن بم. شێخ موبارەك میری كوێتیش لە كۆبوونەوەیەكدا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی عەرەبو بەریتانیا دەڵێت: من مسولمانێكی عوسمانیم، پەرۆشی ئاین و دەوڵەتەكەم، قینم لەو كەسەیە زیانیان لێدەدات، بەڵام لەگەڵ ئینگلیزیش لەسەر كارێك پێكهاتووم كەڵكی خۆم و میللەتەكەمی تێدایە، نامەوێت كەسیش تانە و تەشەریان لێبدات هەرچەند خۆشمناوێن و ئاینمان جیاوازە.[٥١] ئەو دوو سەركردە عەرەبە و شەریفی مەككە و كوڕەكانی و هیتریش بەرچاویان روونبوو، خۆیان بەلای بەریتانیادا ساغ كردبووەوە، ئەو دەمە میسر و هیندستانیش لە ژێر دەستی بەریتانیادا بوون . سەربازە هیندەكان خۆیان لە پێناو ئینگلیزدا بەختدەكرد، بەڵام سەبارەت بە داگیركردنی عێراق باوەڕیان وەهابوو ئەوە خاكێكی پیرۆزە و نابێت پۆستاڵی سەربازە ئینگلیزەكان گڵاوی بكەن، بۆیە سەرپێچی فەرمانەكانیان دەكرد و جار جارەش دەچوونە نێو (دوژمنەوە).

دوا بە دوای شەڕەكەی شوعەیبە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩١٤ و سەركەوتنی ئینگلیز، ئیتر پێشڕەویدەكەن بەرەو ژوور و لە ١٩١٥دا بەسرە، ناسرییە و كوتیش دەگرن و لە ١٩١٧دا دەتوانن بەغدادو لە ١٩١٨دا بەشێكی ویلایەتی موصڵیش داگیر بكەن و هەر لە ١٩١٥وە وڵاتی میسۆپۆتامیا (عێراق) بە گشتی لە توركەوە كەوتە دەست بەریتانیا كە دوو داگیركاری زۆر جیاواز بوون لە یەكتر و دانیشتوان بە گشتی لە هەموو روویەكەوە بووژانەوە، ئیشو كار گەشایەوە و بازاڕەكان جوڵان و پارە بڵاوبووەوە، ئینگلیزەكان هەموو شتێكیان دەكڕی و پارەی چاكیشیان دەدا، بەپێچەوانەی توركەوە كە پارەیان بە هیچ نەدەدا و زەوتیان دەكرد.

مانەوەی ئینگلیزەكان لە وڵاتەكەدا گۆڕانكاری بەرچاوی بەسەر ژیانی هاوڵاتیاندا هێنا و لەولاشەوە دوای مۆركردنی ئاگربەستی مۆدروس ١١/٩١٨ تورك خۆیان دایە دەست هاوپەیمانە سەركەوتووەكانەوە كە هێزەكانیان گەیشتبوونە پایتەخت و بارودۆخێكی رامیاری نوی هاتە كایەوە، یەكێتییەكان و بەتایبەت ئەفسەرەكانیان كون نەبوو خۆیانی تێدا بشارنەوە، جلو بەرگی سەربازییان لێ تەوق بوو فڕێیان دەدا، موستەفا پاشای یامولكی كوردی خەڵكی سلێمانیش سەرۆكی دادگای یاساكانی عورفیی (یاساكانی قەرەقوش) لە ٩٢٠/٥/٢٠دا فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ مستەفا كەمال دەركرد.

گەلانی چەوساوەی بندەستی توركیش بەتایبەت ئەرمەن و جولەكە سەر بەرز دەكەنەوە و دەدەنە پاڵ

هاوپەیمانان، ئەفسەرانی عەرەب و کوردی نێو سوپا دۆڕاوەکەی عوسمانییش کەوتنە شانازیکردن و خۆهەڵکێشان بە خالید و صەلاحەدینەوە، وەك چۆن پێشتر ئەفسەرە تورکەکان شانازییان بە جەنگیزخانەوە دەکرد، لەو ئەفسەرە کوردانە ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی و رەمزی فەتاح لە نێوان تورك و ئینگلیز و کورددا نیشتمانپەروەری کورد و هەواداری ئینگلیز بوون.

پەیمانی مۆدروس ١٩١٨/١١/٣٠ لەسەر پشتی کەشتییەکی بەریتانیا لە دەریای ئیجە لە نێوان هاوپەیمانان و تورکدا مۆرکرا، ئینگلیز رێگەی بە نوێنەری فەرەنسا نەدا تەنانەت لە مەراسیمی مۆرکردنی پەیماننامەکەشدا ئامادەبێت!!

بەندی حەوتەمی مۆدروس رێگە بە هێزەکانی بەریتانیا دەدات هەر ناوچەیەکی ستراتیژی لە وڵاتی عوسمانیدا داگیر بکات و بەپێی بەندی شازدەش هەموو هێزەکانی عوسمانی لە وڵاتی نێوان دوو رووبارەکەدا دەبێت خۆبەدەستەوە بدەن.

دوا بەدوای مۆرکردنی پەیمانی مۆدروس بە تورك، جاوید پاشای سەرۆك وەزیرانی سەربە "یەکێتی" دەست لە پۆستەکەی دەکێشێتەوە و تۆفیق پاشای سەر بە سوڵتان کابینەیەکی نوێی وەزیران دادەمەزرێنێت هەتا بەهاری ١٩١٩ کە فەرید پاشای زاوا (زاوای سوڵتان) پۆستی سەرۆکایەتی وەزارەت وەردەگرێت.

داگیرکردنی بەغدا گورزێکی گران بوو بەر عوسمانییەکان کەوت، متمانەی موسڵمانانی بە سوڵتان و لەشکرەکانی لەقکردبوو، بۆ سەندنەوەی ئەو خاکە پیرۆزە لە ژەنەراڵ مۆد کە صەد هەزار کوژراوو بریندار دابوو بۆ رزگارکردنی لە چنگی عوسمانییەکان (لەشکرێك لە ٣٨٠٠٠ هەزار سەرباز ئامادە دەکەن کە بەشێکی کوردبوو بە نێوی هێزەکانی هەورە بروسکە (ئیلدرم) لە ژێر چاودێری شەستوپێنج ئەفسەری ئەڵەمانیاو سەرکردایەتی فیلد مارشاڵ فالکینهاین کە پێشتر وەزیری جەنگی ئەڵەمانیا بوو، دوای سەرنەکەوتنی مارشاڵ فۆن مولتکە لە جەنگی مارن دا، وەك سەرۆك ئەرکانی لەشکرەکانی ئەڵەمانیا دەچێتە جێگەی ئەو، بەڵام ئەمیش لە شەڕەکانی ڤیردان دا لە ١٩١٦دا دژی فەرەنسا ٦٠٠.٠٠٠ شەش صەد هەزار قوربانیدابوو، بەو هۆیەوە لە سەرکردایەتی دووردەخرێتەوە، لە تورکیاش مستەفا کەمال لە کۆبوونەوە تایبەتەکاندا رەخنەی توندوتیژ و بەسفت و سوێی لێدەگرت).[٥٢]

ئینگلیز وەك لە رێککەوتنەکەی مۆدروس دا گۆڵێکی لە فەرەنسا کرد، دواتر لە کۆنگرەی "یاڵتا"شدا لەگەڵ فەرەنسادا دووبەدوو بێ ئاگاداری ستالین رێکدەکەون و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە نازییەکان رزگار دەکەن و گۆڵێك لە یەکێتی سۆڤێتیش دەکەن، ستالین زۆر نیگەران بوو، رەخنەی توندی لێگرتن و وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر هەڵوێستی نادۆستانەی هاوپەیمانەکانی لەبری ئەوەی بەپێی رێککەوتنی نێوانیان هێزەکانی بنێرێتە باشووری ئەڵەمانیای داگیرکراو، دەیانباتە بەرلینی پایتەخت و لە ئەنجامدا هەموو ئەڵەمانیا و بەرلینیش دەکرێن بە دوو کەرتەوە و کەرتی رۆژهەڵات راستەوخۆ کەوتە بندەستی سۆڤێتەوە و حکومەتێکی کارتۆنییان تێدا دامەزراند.

## پەیمانی سایکس بیکۆ و ویلایەتی موصڵ( باشووری کوردستان )

بەپێی پەیمانی سایکس بیکۆ کە ١٩١٥ لە نێوان نوێنەری بەریتانیا مارك سایکس جێگری وەزیری جەنگ و نوێنەری فەرەنسادا جۆرج بیکۆ وەزیری دەرەوەدا گرێدرابوو، بەریتانیا دەستبەرداری ویلایەتی موصلّ دەبێت بۆ فەرەنسا، چونکە نەیدەویست لە دەستکەوتەکانی جەنگدا ئەو ناوچانەی دەکەونە ژێر دەستیان بکەونە لا تەنیشت و دراوسێی ئەو ناوچانەی دەبنە بەشە دەستکەوتی رووسیا، بەڵام دواتر هەستیانکرد هەڵەیەکی گەورەیانکردووە و دەبێت بە هەر نرخێك بێت راستیبکەنەوە، بارودۆخە نێودەوڵەتییەکەش بۆ وەها کارێك لەباربوو، رووسیا بە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە هێزەکانیان لە بەرەکانی جەنگ کێشایەوە نێو سنوورەکانی خۆیان، فەرەنساش لە رووی هێزی سەربازیی وشکانی و دەریایی و دەستکردنەوەی دیپلۆماسییدا لەگەڵ بەریتانیا بەراورد نەدەکران، بەڵام داگیرکردنی ویلایەتەکەش لەلایەن بەریتانیاوە پێچەوانەی پەیمانی سایکس بیکۆ بوو، ئەوەش گرێیەك نەبوو ئینگلیز بۆینەکرێتەوە. لوید جۆرج دەڵێت: (کلیمنصۆ لە لەندەن پرسیاری لێکردم ئاخۆ داوای چی لە فەرەنسا دەکەم؟[٥٣] یەکسەر وتم ویلایەتی موصلّ، ئەویش بێ چەندو چوون پەسەندی کرد).[٥٤] بەم هۆیەوە بوو بەریتانیا هەرچەند لە ئەنجامی جەنگی یەکەم تەواو دڵنیاش بوو کەلە بەرژەوەندی هاوپەیمانەکانە کەچی زۆر بە پەلە و تەنگەتاو بوو، چەند هەفتەیەك بەر لە کۆتایی جەنگو راگەیاندنی پەیمانی مودروس و خۆبەدەستەوەدانی دەوڵەتی عوسمانی لە ١٩١٨/١١/٣٠دا، تەنها بۆ ئەوەی بەر لە راگەیاندنی کۆتایی جەنگ چەند هەنگاوێك لە موصلّ بچنە پێشەوە دوو هەزار سەربازیان بە کوشتدا و لە باشوور و باشووری خۆرهەڵاتی باشووری کوردستانەوە (ویلایەتی موصلّ) چەند فریاکەوتن پێشڕەوییانکرد و (١٩١٨/٤/٢٨ شاری کفری، ٤/٢٩ توزخورماتوو، ٥/٧ کەرکوك داگیر دەکەن هەرچەند سێ هەفتە دواتر تورك دەگەڕێنەوە و دەریاندەکەن، بەڵام ئەوانیش زۆر خۆیان نەگرت و دوای ماوەیەکی کورت چۆڵیانکرد).[٥٥]

دکتۆر لازاریف دەڵێت لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٠٨دا (بەهارێکی کورت) لە ژیانی کورددا دەستپێیکرد، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا شەریف پاشا و شێخ عەبدولقادری شەمزینی (شەریف پاشای خەندان و عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبێدوڵڵای شەمزینی . ن.ك) و ژمارەیەك سەرداری ناسراوی کورد کۆمەڵەی (تەعالی و تەرەقی کوردستان) دادەمەزرێنن و ئۆرگانی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی) بلاودەکەنەوە.[٥٦]

کورد کە لە ئینگلیزو تورك هیوابڕاوبوون، رووەدەکەنە رووسەکان و دڵێکیان بەوان خۆشبوو کە گوایە قەڵای ئاشتی و پشتیوانی گەلانی چەوساوەن، کۆمەڵەی نیشتمانیی کوردستان پەیوەندییان لە تەکدا دەبەستن و بەڵێنی سەربەخۆییان پێدەدەن و کوردیش لە بەرامبەردا کارئاسانییان بۆ دەکەن لە هەرێمەکانی ئازەربایجان و بتلیسەوە پێشڕەوی بکەن بەرەو قولایی کوردستانی باکوور و دەستبەسەر ناوچەیەکی فراواندا بگرن. هەر بەو هۆیەشەوە کورد توانی لە رێگەی رێکخراوە رامیارییەکانییەوە، وەك کۆمەڵەی بەرزی کوردستان (جمعیت تعالی کوردستان) وڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان (تشکیلات اجتماعیە) و کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان (جمعیت استقلال کوردستان) شەریف پاشا بکاتە دەمڕاست و بە ئاسانی دەنگی

کورد بگەیەنێتە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس و جەخت لەسەر ئەوە بکەن کورد نایەوێت چیتر لەژێردەستی تورکدا بژین. شێخ مەحموودیش لە سلێمانییەوە داواکارییەکانی کورد بە نوێنەرانی خۆیدا دەنێرێت بۆ شەریف پاشا، بیانخاتە بەردەم هاوپەیمانان، شەریف پاشاش خودی خۆی لە نێو هەر هەموو رووناکبیرانی کورددا هەر ئەو داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی دەکرد بۆ کورد، ئەوانیدیکە داوای مافی کولتووری، ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی لە چوارچێوەی تورکیادا دەکرد، شەریف پاشا بە زمانی ئەوروپاییەکان و بیرکردنەوەی خۆیان لەگەڵیاندا دەدوا، بە زمانی دۆکۆمێنت سنوورەکانی وڵاتی کوردستان دەخاتە بەرچاویان کە جوگرافیاناسی فەرەنسایی رێکلۆس لە سەدەی نۆزدەدا دیاریکردبوو، حوزەیرانی ١٩١٩ش سرپرسی کۆکس لە مەرسیلیا لەگەڵیدا کۆدەبێتەوە بەو مەبەستەی بەریتانیا بزانێت داواکارییەکانی کورد چین و بەر لە کۆبوونەوەکان راستەوخۆ ئاگادار بێت، بەمجۆرە شەریف پاشا مەردانە و دڵسۆزانە مافەکانی کورد لە برگەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ی پەیمانی سیڤەردا جێگیر دەکات و بە فەرید پاشای سەرۆك وەزیرانی تورکیاشی مۆر دەکەن.[٥٧] بەڵام لە بەختی تورك و نەگبەتی کورددا لە سەردەمی راسپۆتینداو لە بەهاری ١٩١٧دا لە شاری پیترۆسبۆرگی رووسیا شۆڕشێك هەڵدەگیرسێت.

لە پەیمانی نێوان بەریتانیا و فەرەنسادا کە ١٩١٥ لە نێوان نوێنەری بەریتانیا مارك سایکس جێگری وەزیری جەنگ و نوێنەری فەرەنسادا جۆرج بیکۆ وەزیری دەرەوەدا مۆرکرا و هەر بە ناوی خۆشیانەوە بە (سایکس بیکۆ) ناسراوە. سایکس لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت لەگەڵ جۆرج بیکودا میراتییەکەی دەوڵەتی عوسمانییان لەبەردەستدابوو، وەك قاڵبێك کێك بە چەقۆی بڕیارەکان میراتییەکەمان دابەش دەکرد. (کورد دەبێت بڵێت لەو قاڵبە کێکە گەورەو چەور و نەرمە تەنهاو تەنها هەر من بەشە هەتیوانەیەکیشم بەرنەکەوت! ن.ك.)

جەماوەری برسی و ستەمدیدەی ژێر چەپۆکی ئاسنینی قەیسەر رادەپەڕن و دەڕژێنە سەر شەقامەکانی شار و داوای نان دەکەن، سەربازەکانی قەیسەر فەرمانی تەقەکردن پشتگوێی دەخەن ـ قەیسەر ـ بە پەلە لە بەرەکانی جەنگەوە دەگەڕێتەوە و لە رێگادا دەستگیر دەکرێت و لەبەردەم دەستەڵاتی کاتیی وڵاتدا وازدەهێنێت لە دەسەڵات بۆ میخائیلی برای، ئەویش بۆ سبەینێ وازی هێناو نەچووە ژێر ئەو بارە قورسە، هەرچەندە حکومەتە کاتییەکە لاواز و بێ سەرو بەرەش بوو، رابەرەکەی پیاوێك بوو بەناوی کرنسکی، بەڵام پیاوی فەرمانڕەوایی نەبوو، هەرئەوەندە بوو وتاربێژێکی بە توانا بوو.... ئەڵەمانیا و رووسیا لە جەنگدا بوون دژ بە یەکتر.... ئۆلیانۆف ناوێکیان لە بەرلینەوە بە شەمەندەفەرێکی داخراو گەیاندە کەنارەکانی دەریای بەڵتیق بۆ دژایەتیکردنی قەیسەر و نەیاندەزانی ئەمە ئەو کەسەیە سەرکردایەتی گەورەترین شۆڕش دەکات لە مێژوودا و لە ماوەیەکی کورتدا دەوڵەتێکی زلهێز دادەمەزرێنێت بەنێوی یەکێتی سۆڤیەت و رێڕەوی مێژووی رووسیا و ناوچەکە و بگرە هەموو جیهانیش دەگۆڕێت، ئۆلیانۆف ئەو پێشەوا مەزنە بوو دواتر بە فلادیمێر لینین دەناسرێت.

کرنسکی هەر وتار دەخوێنێتەوە و جەماوەر دەهێنێتە جۆش و خرۆش، لینینیش بە هێمنی و لەسەرخۆ

کاریدەکرد و دووریش دەیڕوانی، نۆڤەمبەری ٩١٧ شۆڕشێکی بەسەر ڕاپەڕینەکەدا کرد،[٥٨] دەستەڵاتە کاتییەکەی هەڵوەشاند و بەڕێوەبەرایەتییەکی نوێی دامەزراند و یەکەم هەنگاویش لە جەنگی جیهانی یەکەم کشایەوە بۆ ڕزگارکردنی گیانی ئەو سەربازانەی لە پێناوی هیچدا دەکوژرێن و هێزەکانی گێڕایەوە ناو سنوور و بەم هەنگاوەش لەشکری شەشەمی تورکی لە قەفقاسیادا لە تێکشکانێکی گەورەی مسۆگەر ڕزگارکرد، چونکە لەشکری تورك ماندوو، نەخۆش، برسی و بێ ئازووقە بوون جگە لە گەندەڵی سەرکردەکانیش.

لینین وەك چاکەدانەوەی ئەڵمان، ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ چۆڵ دەکات و ئەردەهان و باتۆم و قارسیش دەداتەوە بە تورك، ئەنوەر پاشاش لەوێوە بەرەو باکۆ دەکشێت و هێزی ئەڵمانیاش دەگاتە قەفقاسیا و ئینگلیزیش ١٩١٨ شاری باکۆ داگیر دەکەن، ئەم ڕووداوانە لەبەرژەوەندی تورك بوون، هەموو ئەو ناوچانەی لە شەڕەکانی ١٨٧٧ و ١٩١٤دا لە دەستیاندابوو، وەریانگرتنەوە، بەڵام سەرئەنجام هەر هەموو وڵاتانی عەرەب و ویلایەتی موسڵ (کوردستانی خواروو) شیان لە دەست چوو.لەم گۆڕانکارییە گەورانەداو دابەشکردنی سەرزەمینەکانی بندەستی دەوڵەتە گەندەڵ و داڕزیو و ملهوڕەکەی عوسمانیدا،زەرەرمەندی هەرەگەورە و مایەپووچ گەلی کورد بوو.

## شێخ مەحموود لە نێوان هەڕەشە و دڵنەواییکردنی تورکدا

## ڕێککەوتنەکەی بەغدا لەنێوان

## بەریتانیا ـ فەیصەڵ ـ شێخ مەحموودا

## ڕووسیا و شێخ و نامەونامەکاریی

## یەکەمین کابینەی وەزیرانی حکومەتی مەلیك مەحموود

بەرلەوەی یەکەمین جەنگی گێتی لە ١٩١٨/١٠/٣١دا ڕابگیرێت، بەریتانیا بۆ دابینکردنی پچڕینی ویلایەتی موصڵ و لکاندنی بە عێراقەوە و چنینەوەی دەستکەوتەکانی جەنگ بەتایبەتیش دەستبەسەرداگرتنی بیرە نەوتەکانی کەرکوك کە بەشێکی گرنگی ویلایەتی موصڵەو تورك هێشتادەستی لێهەڵنەگرتووە، پێویست بوو بەریتانیا بۆ سەنگین کردنی تای تەرازووی خۆی چەند شارێك لە کوردستانی باشوور بگرێت و کارتی بەهێزی بەدەستەوە بێت بەرامبەر پلانەکانی تورك کە سیخوڕو چڵکاوخۆرەکانیان کلکیان لە کەرکوك و سلێمانی تۆزی دەکرد.[٥٩] ئەوەبوو ڕۆژی ١٩١٨/٤/٧ کەرکوك و هەولێر دەگرن، تورکیش دەیانویست دۆستایەتی شێخ مەحموود نەدۆڕێنن و لە ژێر باڵی خۆیاندا بیهێڵنەوە، نەبا ئینگلیز هەڵیفریوێنن و ڕوو بکاتە ئەوان، هەرئەوەندەشیان بۆ کرا بەرلە کشانەوەیان لە سلێمانی سەرپشکی بکەن بەناوی ئەوانەوە وەك نەقیبی سادات ناوچەکە بەڕێوەبەرێت، بەڵام شێخ لە دڵدا باوەڕی بە کۆمەڵەی یەکێتی نەبوو، هەرگیز خوێنی بەناهەق ڕژاوی شێخ سەعیدی باوکی و شێخ ئەحمەدی برای و خزمەکانی بیرنەدەچووەوە کە لە هەراکەی موصڵدا "یەکێتییەکان" شەهیدیان کردن.

شێخ مەحموود ئەو دەمە کەوتبووە قەیرانێکی رامیاریی قورسەوە لە نێوان دوو دوژمنی دەرەکیی بەهێز لەلایەك و ناحەزانی ناوخۆش لەلایەکی دیکەوەکە بەسەر دوو دوژمنە دەرەکییەکەدا دابەشبوو بوون.

شێخ دەیزانی نابێت هەموو هێلکەکان بخاتە سەبەتەکەیەوە، بەوپێیە بەناوی تورکەوە فەرمانڕەوایی دەکرد و لەژێریشەوە بەنهێنی نامەیەك بۆ ویڵسن دەنوسێت داوا لە بەریتانیا دەکات دەوڵەتێك بۆ کورد دابمەزرێنێت بە سەرۆکایەتی خودی شێخ و لە ژێر چاودێری ئەواندا، بەڵام هێزەکانی تورك کتوپڕ دەگەڕێنەوە کەرکووك و داگیری دەکەنەوە و دەستەکەی شێخ مەحموودیش دەکەوێتە روو، نامەکەش کە بە هۆی (عیزەتی تۆپچی "عێزەتی فاتە" و ئەحمەد فایق "ئەحمەدی تاپۆ")[٦٠] وە رەوانە کرابوو بەهۆی چڵکاوخۆر و جلخوارەکانەوە دەکەوێتە دەست تورك و هەر بە هاوکاری ئەوانەش بە فێڵ شێخ دەستگیر دەکەن و رەوانەی کەرکووك دەکرێت و لەوێشەوە دەدرێت بە دادگای سەربازی لە موصڵ و رۆژی ١٩١٨/٨/٣٠ فەرمانی لە سێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنن.

کاربەدەستانی تورك بەهۆی سیخوڕو بەکرێگیراوو جلخوارەکانەوە کەمو زۆر ئاگاداری چالاکییەکانی شێخ بوون و رۆژانە زانیارییان بۆ دەچوو، بەو جۆرە چەندین خاڵیان لەسەر تۆمار کردبوو وەك:

١- پەیوەندیکردن بە (سەرداری بۆکان و سەیفەدین خان و قازی فەتاح و محەمەد خانی بانە، ئەم سەرۆکانە لە میرەکانی کورد و تورکمانی کوردستانی رۆژهەلات و ئازەربایجان و سەرووی ئێرانن کە دەیانویست کوردستان و ئازەربایجان لە ئێران جیا بکەنەوە. (بەڵام) ئێران سوپایەکی گەورەی بردە سەر ناوچەکە و دڕندانە لە هەردوو گەلی کوردو تورکی دا...).[٦١]

٢- لەو کاتەوەی کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن لە تورکیا هاتبوونە سەرکار، رووسیا رۆژ بە رۆژ پتر مەترسیی لە تورکیا پەیدا دەکرد، بۆیە دەیانویست بەهۆی کورد و ئەرمەنەوە لە هەرێمەکانی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان) بنەوبارگە دابمەزرێنن و جێگە پێیەکیان هەبێت لە هەلێکی لەباردا پەلامار بدەن و دەستی بەسەردا بگرن. هەر بۆ ئەو مەبەستەش (ژەنەراڵ براتۆڤ نامەیەك بۆ شێخ دەنێرێت بەڵێنی هەموو یارمەتی و پێداویستییەکی جەنگ و پاڵپشتیکردنی رامیاریی پێدەدات، دوای رزگاربوونیش لە زۆرداری و ستەمی تورك دان بە حکومەتی کوردستاندا دەنێن بە مەرجێك گوێ نەدەنە جۆری سیستمی حکومەتەکە).[٦٢]

٣- پەیوەندیکردنی شێخ بە لیژنەی دیاریکردنی سنووری نێوان ئێران و تورکیا، شێخ لەو رووەوە دەڵێت: (خۆم چوومە سنوور، یادداشتێکم پێشکەش لیژنەکە کرد، کە هاتنە سلێمانیش میوانی عەبدوڕەحمان بەگی بانق بوون، یادداشتێکی دیم بە لیژنەکە دا، کە لە فەرەنسی و ئینگلیز پێکهێنرابوو، وتیان دیاری کردنی سنوور و پارچەکردنی کوردستان شتێکی براوەیە و بەدەست ئێمە نییە. کوردستانی باشوور خۆرهەڵات دەکەونە ژێر دەسەڵاتی رووسیای قەیسەری و عێراقی عەرەبیش دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز، لەبەرئەوە چی داخوازیتان هەیە داوا لە رووسیا بکەن، عەبدوڵڵا ئاغای حاجی حەمە سەعیدی باوەڕپێکراوی خۆمم نارد بۆ خانەقین و داخوازییەکانی گەیاندە رووس. دوای چوار مانگ (لەوەڵامدا ن.ك) وتیان پێویستە

نەخشـەکەتان بگـۆڕن و یادداشـت پێشـکەش بـە ئینگلیـز بکـەن، ئێمـەش لـە کـاتی خۆیـدا یارمـەتیتان دەدەین).[٦٣]

٤ـ شێخ و کۆمەڵێك سەرانی کورد (لە کۆبوونەوە فراوانەکەی قەڵای مەریواندا ١٩١٤ بڕیاریاندا شـۆڕش دژی تـورك بـەرپا بکـەن و بـۆ دیـاریکردنی چارەنووسـی کـورد، دوو نامـەی نـاڕەزایی (دژی تـورك ن.ك) پێشکەش بە دەوڵەتان (هاوپەیمانان ن.ك) دەکەن).[٦٤]

٥ـ کە ئەم زانیارییانە لە بارەی چالاکییەکانی شێخەوە دەچێتە بەردەم والی مووصڵ، مووەکـانی سـەری ڕاست دەبنەوە و کەللەیی دەبێت (داوا لە شێخ مارفی نەقیب دەکات[٦٥] (لە موصل ئامادە بێت ن.ك) دوای هەڕەشە و گوڕەشەیەکی زۆر، پێی دەڵێت ئەگەر لە پرسەدا نەبونایە شێخ مەحموودم دەگـرت و دەمکـرد بـە دار دا. بۆ دواجار پێتان ڕادەگەیەنم هەموو جوڵانەوەیەکی ڕامیاری یان پەیوەندیکردن بـە لایەکـەوە مانـای لەناوبردنی خۆتانە، کەس ناتوانێت لەم کارەدا بەرهەڵستیم بکات)[٦٦]. (بـەم هۆیـەوە شـێخ ناچـار دەبێـت ن.ك) ماوەیەك لە مزگەوتەکەی دوکان لەناو فەقێکاندا خۆی بشارێتەوە و دوای ساڵێك دەگەڕێتـەوە (دوای گەڕانەوەش پەیوەندی دەکات بە ن.ك) ئەفسەری تـورك (مەبەسـتی لـە ئەفسـەرێکی کـوردە لـەناو سـوپای تورکدا ن.ك) لە چەمچەماڵ، جەمال بابان، بابەکر ئاغای سـەرۆکی هـۆزی پشـدەر، ئەحمەد بـەگی تۆفیـق بەگ، ئەحمەد بەگی صاحبقران ئـەدیبی ناسـراو (مەبەسـتی شـاعیری ناسـراو حەمـدی سـاحێبقرانە ن.ك)، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، فایەق تۆفیق "تاپۆ")[٦٧] (دوای ڕاوێژ و لەسەر پێشنیاری ئەو دڵسۆزانە بڕیاری کۆبوونەوە فراوانەکەی قەڵای مەریوان هەڵدەپەسێرن ن.ك) یاخیبوونەکەیان دواخست و (لـەم کاتـەدا جـاڕێ هەر ن.ك) یاداشتی نهێنی پێشکەش بە کۆمەڵـەی دەوڵـەتان (کۆمەڵـەی نەتـەوەکان ن.ك) بکـەن کـە لـەو کاتەدا سنووری کوردستانیان لە نێوان ئێران و تورکیادا دادەنا و دەچەسپاند).[٦٨]

تورك لە خوێنی شێخ دەترسان و لەوەش دڵنیا نەبوون ئاخۆ بەرژەوەندییان لەوەدایە شـێخ لـەنێو بـەرن یـا زیندوو بێت؟ عەلی ئیحسان پاشا فەرماندەیەکی ئـازا و لێهـاتووی لەشـکری شەشـەمی تـورك بـوو، ڕۆڵـی بەرچاوی دژی رووسەکان گێڕابوو لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی سەر خاکی ئێراندا و بەو هۆیەوە بـەرزکرابووەوە و لە جێگەی خەلیل پاشای مـامی ئـەنوەر پاشـای پیـاوی هـەرە باڵادەسـتی "یـەکێتی" و وەزیـری جەنگـدا سەرکردایەتی لەشکری شەشەمی تورکیای پێدەسپێرن. عەلی ئیحسان لەوباوەڕەدا بوو پێویستیان بـە شـێخ مەحموود دەبێت پارێزگاری هـەرێمی سـلێمانییان بـۆ بکـات و دژی هێزەکـانی بـەریتانیا بـەکاری بهێـنن و کەڵکی لێوەربگرن، بەو نیازە شێخ لە زیندان و پەتی سێدارە ڕزگار دەکات. مامۆسـتا ڕەفیـق حیلمـی لـەو بارەیەوە دەڵێت: (لە موسڵەوە هێنایەوە و دوای دڵنەواییکردن و خەڵات و بەرات پێدان، پلەی سەرلەشکری (سقیل)ی پێدەدات و پێنج هەزار لیرەی ئاڵتوونیشی بۆ دەژمێرن و لە چەك و ئازووقە و پێویستیش هەرچی لە تواناادا هەیە بیدەنێ و بەم جـۆرە شـێخ لـە مـانگی ١٩١٨/١١ دا دەگەڕێتـەوە سـلێمانی و دەسـتبەکار دەبێت).[٦٩] بەڵام شێخ دڵی بەوە خۆش نەکرد، لەگەڵ سەردارانی کورد و ڕووناکبیراندا کۆدەبێتـەوە و بڕیـار دەدەن کورد بداتە پاڵ هاوپەیمانەکان و کوردستان لە تورك پاك بکەنەوە و سەربەخۆیی دەستەبەر بکەن!

(شێخ مەحموود کە گەڕایەوە سلێمانی (مەبەستی لە ئازادکردنێتی لە زیندانی تورکە عوسمانییەکان لە موصلّ و تشرینی دووەم /١٩١٨ دەگاتەوە سلێمانی ن.ك) لە کۆبوونەوەکەی ماڵی شێخ عومەری مامیدا بڕیاری راپەڕین دەدەن دژی تورك، بەهاوکاری بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی و شاندێك دەنێرنە کفری بۆ گەیاندنی داخوازییەکان بە ویلسن لە بەغدا. وەفدەکەش بە سەرۆکایەتی ئەحمەد فایەق تۆفیق تاپۆ و (ئەندامەتی) عێزەتی تۆپچی و تایەرە فەندی بوو لەسەر بڕیاری بەغدا (مەبەستی لە نوێنەری باڵای خاوەن شکۆی بەریتانیای مەزن و میر فەیسەڵە کە هێشتا نەبووبوو بە شای عێراق ن.ك) لەسەر ئەم بەندانە رێك دەکەون). [٧٠]

## بەندەکانی رێککەوتنی شێخ مەحموود و لێپرسراوانی بەریتانیا لە بەغدا:

١ـ هاوپەیمانەکان دوای دەرکردنی تورك دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا دەنێن بە مەرجێك حکومەتی کوردستانی خواروو (مەبەستی ئەو حکومەتەیە کە گوایە دادەمەزرێت ن.ك) راوێژکارە رامیارییەکانی و ئابووری زان و عەسکەرییەکان بۆ چەند ساڵێك دەبێت ئینگلیز بن، کۆنگرەی ئاشتی جیهانیش دەبێت یارمەتی وتەئیدی هاوپەیمانەکان بکات.(هاوپەیمانەکان هەر خۆیان ئەندامانی کۆنگرەی ئاشتی بوون .ن.ك).

٢ـ ئینگلیز (بەریتانیا) بۆی نییە دەست بخاتە ناو ئیشو کاری ناوخۆی وڵاتەوە (مەبەستی کوردستانی خوارووە ن.ك) ئەگەر رەزامەندی دەسەڵاتدارێتی نیشتمانی لەسەر نەبێت (مەبەستی سەرۆکایەتی حکومەتەکەیە کە بۆ کورد دادەمەزرێنرێت ن.ك).

٣ـ کوردەکان سنووری سروشتی خۆیان وەردەگرن کە ئینگلیز (بەریتانیا) چاودێری لێ دەکات و هەر ئەویش یارمەتییان دەدات بچنە کۆمەڵەی گەلانەوە بۆ ئەوەی مافیان بپارێزرێت.

٤ـ بەهۆی تەشەنەکردنی گرانیی و برسێتیی لە کوردستاندا دەوڵەتی ئینگلیز (بەریتانیا) دەبێ یارمەتی ئابووریی کورد بدات.

٥ـ دەبێت ئینگلیز (بەریتانیا) چەكو زەخیرەی جەنگ بە سوپای کورد بدەن.

٦ـ نابێت هێزی سوپایی بۆ کوردستان بنێرێت ئەگەر رەزامەندی هەردوولای لەسەر نەبێت (ئەم بەندە دووبارەکردنەوەی هەمان ناوەڕۆکی بەندی دووەمە. ن.ك).

٧ـ هەوڵدان بۆ یەکگرتنی کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراق لە کاتی باسکردنی مەسەلەی مافی چارەنووسی گەلاندا لە کۆنگرەی ئاشتی جیهانی و کۆمەڵەی گەلان لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە.[٧١] (نە بەریتانیاو نە هاوپەیمانەکانیشی بەوهۆیەوە ئێران لە جەنگدا بێلایەن بوو نەیاندەتوانی دەستکاری سنوورەکەی بکەن و بەشێکی بپچڕن و لەو رووەوە بڕیاری ئاشکرا و نەگۆڕیان دابوو ن.ك).

شێخ لەتیفی بەهەشتیی دەڵێت لەسەر نۆ خاڵ رێککەوتن، بەڵام هەر حەوت خاڵ یا حەوت بەندی نووسیوە، کە ئەویش لە راستییدا هەر بە پێنج بەند دەژمێردرێت.

رێککەوتنەکەش ئەگەر بوونی هەبێت لە رووی دارشتن و لایەنی یاساییەوە زۆر لاوازە، باوەڕناکەم لێپرسراوانی بەریتانیا لە عێراق و لەهەر شوێنێکی دیکەش کە زۆر بایەخ بە رازاندنەوە و دیباجەی قەبە و

عەنعەنە و تەنتەنە دەدەن، هەرگیز ناشێت لە ڕێککەوتنێکی وەها گرنگدا بنووسن ئینگلیز، لەکاتێکدا هەمیشە دەنووسن حکومەتی خاوەن شکۆی مەزنی بەریتانیا. جگە لەوەش تەنها بە ناردنی سێ نوێنەری کورد یا ڕاستتر بڵێین نوێنەری شێخ بۆ کفری و بە ماوەیەکی زۆر کورت ئەو دەستکەوتە گەورانە دێنەدی کە ئەگەر شێخ بە هەموو ویست و ئارەزووی خۆی و کوردیش داوای مافی بکردایە هەر ئەوەندەی داوا دەکرد. پرسیارێکی دیکەش ئەوەیە ئاخۆ "ڕێککەوتنەکە" نووسراو بووە و هەردوولا مۆریانکردووە؟ یان هەر زارەکی بووە؟ مامۆستا عەبدلڕەقیب یوسف شوێنەوارناسی ماندوونەناس، ئەنجامی گەڕان و پشکنینەکانی بۆ ڕزگارکردنی ئەوەی لە کەلەپوری کورد هێشتا لەنێو نەچوون، دەیەها کارەسات دەگێڕێتەوە بەشی هەرەزۆری کەلەپورو بەتایبەت بەڵگەنامە مێژووییە نووسراوەکان کە مشك خواردوونی یا سوتێنراون یا فڕێدراونەتە تەنەکەی خۆڵەوە.... بەڕاستی کارەساتن و ژان بە دڵی خەمخۆرانی کورد دەگەیەنێت. ئەمەش هەر نەگبەتی کوردە یەکێکی وەك بەهەشتیی شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموود بەهەر هۆیەکەوە بووبێت نەتوانێت دۆکۆمێنتەکانی مەلیك مەحموودی باوکی و شۆڕشەکانی بپارێزێت، ئەوەتا گومان لەو ڕێککەوتننامەیە دەکەین، چونکە ویلسن ناتوانێت گفتی وا بدات، گریمان توانیشی دەتوانێت هەر بە ناوی بەریتانیاوە بەڵێنی وەها گرنگ بدات، نەك بەناوی هاوپەیمانانەوە کە زۆر وریا بوون بەرامبەر عەرەب و کورد خۆیان نەخەنە ژێر گوشاری پەیمان و بەڵێنی سەربەخۆیی پێدانەوە و لەناوخۆشیاندا ئەوەندە کۆك نەبوون. شێخیش خۆی نەدەخستە ژێر باری هیچ داگیرکارێك و هەمیشە هەوڵیدەدا کەڵك لە ناکۆکی نێوان دوژمنەکان و پێشهاتە ڕامیارییەکان وەربگرێت و خۆی بە تەنها لایەنێکەوە نەبەستێتەوە.

دکتۆر عەزیز شەمدینی لە دکتۆرانامەکەیدا بەنێوی کوردستان و بزاڤی نەتەوەیی کورد، دەڵێت نوێنەری باڵای ئینگلیز لە عێراق و شای عێراق (فەیصەڵی یەکەم) لە بڕیارێکی فەرمیدا بە مۆری هەردووکیان ڕایانگەیاند (حکومەتی خاوەن شکۆ و حکومەتی عێراق مافی کوردەکان دەسەلمێنن کە لە چوارچێوەی عێراقدا نیشتەجێن، حکومەتی کورد لەو چوارچێوەیەدا دابمەزرێنن و هیوادارین لایەنە جیاوازەکانی کورد لەسەر شێوەی ئەو حکومەتە و سنوورەکەی لە نێو خۆیاندا ڕێکبکەون و بۆ وتوێژکردنیش لەبارەی پەیوەندی ئابوورییان بە حکومەتی خاوەن شکۆ و حکومەتی عێراقەوە نوێنەری خۆیان بنێرن)[٧٢](بۆ بەغدا ن.ك).

شێخ ئەم هەنگاوە گرنگە دەنێت، بەڵام بەرچاویشی ڕوون نەبوو، ئاگاداری کەینوبەین و ئامانجە ئاشکراو نهێنییەکانی دوژمنان نەبوو بەتایبەت دەرەکییەکان، چونکە هیچ پەیوەندییەکی دیبلۆماسی یا دۆستایەتی و هاوکاری فەرمی و نووسراوەی نەبوو چوارچێوەی پەیوەندییە ناچارییەکانی دیاری بکات، ئەو سەرکردە مەزنە بە ناچاری سەری بە کۆشی دوژمناندا دەکرد بۆ بەدەستهێنانی پەیمانێك، بەڵێنێك، بەڵام پەیوەندی لەو جۆرەیان لەگەڵدا نەبەست، بە زانیاری بەکەڵك و ڕاپۆرتی دەزگا هەواڵگرییە فراوانەکانیان بەرچاوی ڕوون بێتەوە و بارودۆخی عێراق و دراوسێکان و دەوڵەتانی پەیوەندیدار بەکێشەی گەلەکەیەوە ئاگادار بێت وەك ئینگلیز بۆ میری حیجازی دەکرد. نوێنەرێك، نامەبەرێك، یا تەتەرێکی شێخ هەتا دەگەیشتە شوێن مەبەست و دەگەڕایەوە بە پێ، یا بە سواری وڵاخ، زۆر جار بارودۆخەکە دەگۆڕا و کارەکە کۆن دەبوو،

گرنگییەکەی نەدەما، بەدرێژایی صالآنی شوڕشەکانی شێخ، سەرکردایەتی کورد کەڵکی لە بەکارهێنانی تەلەگراف، بێتەل، وەرنەگرت لەگەڵ تورکیا، بەریتانیا، رووسیا، ئێراندا، بیکاتە ئامرازی پەیوەندی بەردەوامو نەپساوە لە نێوانیاندا و بۆی نەڕەخسا هەر نەبێت بەهۆی لایەکیانەوە گەرماوگەرم ئاگاداری رووداوو پێشهاتەکان بێت، بەڵام ئەوان ئاگاداری هەموو نهێنی و هەست و نەستی شێخ بوون، بەهۆی مسوڵمانێکی خوانەناسی وەك راپۆرت نووسەکەی لەمەڕ دکتۆر کەمال مەزهەر یا وەك شێخ لەتیف لە یادداشتەکانیدا دان بەو راستییەدا دەنێت و دەڵێت لەناو خۆشماندا هەبوو ئەو هەواڵ و دەنگوباسانە بگەیەنێت.دەی برا، شێخ بە تەنها باڵ چیبکردایە، با راستتر بڵێم قوڕی بەردەرگای کام لەو مرۆڤخۆرانەی (نەك مرۆڤ دۆست) بکردایە بەسەریدا؟ کێ مابوو سەر نەکات بە کۆشیدا، تورك، رووسیا، ئینگلیز، ئەمەریکا (ویلسن)، عەرەب..... ماڵ نەما چ دۆست چ دوژمن سەری پێدانەکات، بەڵکو مافەکانی کوردی دەستکەوێت. چارەنووسی ئەو شەیدای کورد و مافی کوردە وەهابوو لەو شوێنەی خاکە، ئاو نییە، لەو شوێنەش ئاو هەیە بەردەڵان بێت! وەك شێخ لەتیف دەیگێڕێتەوە بۆ شێخ کاوەی شەهید و جوانەمەرگ، سەفوەت بەگی نوێنەری رووسیا نامەیەك و سەرلەشکری رووسیا، ژەنەراڵ براتۆڤ سێ نامە بۆ شێخ دەنێرن.(٧٣) نامەکەی صەفوەت بەگ لە ١٩١٨ دا بووە، شێخ ئەو سەردەمە روو لە تورك بووە و هیوایەکی پێیان هەبووە و بە چاکی نەزانیوە پەیوەندی بە رووسیای دوژمنی تورکەوە بکات، وەڵامنامەیەکی ووشك و رەق و گردە بڕی بۆ دەنووسێتەوە کە هیچ هیوایەکیان بە هێزەکانی ئەو نەبێت. نامەکانی ژەنەراڵ براتۆڤیش پشتگوێ دەخات و هەر وەڵامیشیان ناداتەوە نە بە چاك، نە بە خراپ، هەرچەند من بەشبەحاڵی زەینی کوێر و قەڵەمی کۆڵم باوەڕناکەم هیچ لێپرسراوێکی دەوڵەتێکی وەك رووسیا دوای دوو نامەی بێ وەڵام بۆ سەرۆکی هێزی کوردان، سێهەمین نامە بنێرێت، با کاریشیان پێی بێت، جیاوازی هێز و توانایان نێوان ئاسمان و رێسمانە، کە بارودۆخە نێودەوڵەتیەکەش سەرلەبەر دەگۆڕێت و پەیمانی سیڤەر زیندەبەچاڵ دەکرێت بۆ بەرژەوەندی تورکیای مستەفا کەمال و بۆ خاتری چاوی گورگەبۆر دەستی کورد لە باشوور و باکووریش دەکەن نەك بە زاخدا، بەڵکو بەتێزابدا، شێخ ناچار دەبێت ١٩٢٣(٧٤) و چوار صاڵ دوای نامەکانی رووسیا، نامەی پڕ لە رێزو شیرینیان بۆ بنێرێت و دەستەودامێنیان دەبێت کورد هیوای بە ئێوەیە، پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری ببەستین و کۆمەکی سەربازییمان بکەن، جێگەی سەرنجە نامەکانی رووسیاش جەختیان لەسەر پەیوەندی دوو قۆڵی و هاوکاری و دۆستایەتی دەکرد.

هەڵکەوتی جیۆپۆلۆتی کوردستان بەردەوام کورد و وڵاتەکەی کردۆتە جێگەی بایەخ پێدان و چاوتێبڕینی بێگانە، بەتایبەتیش رووسیای تزار، عوسمانی، فارس، ئینگلیز، سەرەك ئەرکانی هێزەکانی رووسیا لە ناوچەکانی قەفقاس ژەنەراڵ بیلیافسك، نەقیب ئەڤیریانۆڤ رادەسپێرێت کورتە مێژوویەکی گەلی کوردی بۆ بنوسێت، ئەڤیریانۆڤ لەو رووەوە وتوویەتی: مایەی شادییە ئەگەر کەڵك لەو تاقیکردنەوەیە وەربگرین کە ماوەی سەد صاڵێکە لەگەڵ کورددا هەمانە و بەخۆڕایی لە دەست نەچێت و بۆ چالاکییە جەنگییەکانی دواڕۆژمان لە ئاسیادا کەڵکی لێ ببینین(٧٥). هەر لەو سەروبەندەشدا ئەفسەرێکی لەشکری عوسمانی بەنێوی

صەفوەت بەگ رادەکات و پەیوەندی بە لەشکری کایزەری رووسیا (رووسیای قەیسەری)یەوە دەکات و دەبێت بە فەرماندەی هێزێکی لەشکر و نامەیەك بۆ شێخ مەحموود دەنێرێت کە **یەکەمین نامەی لێپرسراوێکی رووسیایە بۆ شێخ مەحموود نێرردابێت، نامەکەش بەمجۆرەیە:**

لە فەرماندە سەفوەت بەگ نوێنەری سوپای قەیسەری رووسیاوە

بۆ شێخ مەحموود

دوای رێز و سلاو "ئەحمەد سوورێنی"مان بە قورئانێکەوە نارده لاتان بۆ ئەوەی دڵنیا بن لە قسەکانی... لای جەنابتان ئاشکرایە حوکمی عوسمانی بەرەو نەمان و تواندنەوە دەڕوات، سوپا و دەزگای دەوڵەتیان بەرەو وەستان دەچێت، تەنیا "ئەگەر ن.ك" سوپای کورد نەبێت ئەوان ناتوانن بەرەنگاری سوپای قەیسەر بکەن. برام رووسەکان خاوەنی سوپایەکی مەزن و چەکی کوشندەن، دڵنیا بن کۆتایی جەنگ بەم زووانە لە بەرژەوەندی ئێمە دەبێت و بەسەرکەوتنی ئێمە کۆتایی دێت، لەبەرئەوە حەز بە برایەتیتان دەکەم، تکایە قسەمان وەرگرن و دەوڵەتی قەیسەریش ئامادەیە بە هەموو جۆرێك یارمەتیتان بدات... ئێمە پێویستمان بە یارمەتی ئێوەیە بۆ ئەوەی بە یارمەتی "هاوکاری ن.ك" هەردوولا تورك لە وڵاتەکەتاندا دەربکەین. من نامەوێت ئێوە دوژمنێکی بەهێز و توانای وەکو دەوڵەتی قەیسەرتان هەبێت. تکایە وەڵامم بدەرەوە.

سەفوەت بەگ ـ سەقز . ئەیلول ١٩١٥.[٧٦]

ئەمڕۆ کە بەڵگەی مێژوویی و دۆکۆمێنتەکانی شێخ مەحموود نەك لەبەردەستدا نین بەڵکو زۆر بەداخەوە ئەوانە و زۆر گەنجینەی سامانی نەتەوەییمان بوون بە خۆراکی مشك و مێروو، گڕی ئاگر، لە رووی نەزانی و گوێ پێنەدان و سووك تەماشا کردنیان وەك خاشاك و شتی بێفەڕ فڕێدراونەتە بەر دەرگا و تەنەکەی خۆڵ و بەشێکیان کەوتوونەتە دەست فرۆشیارە دەستگێڕەکانی گوڵەبەڕۆژە و دەنکە کوولەکە و پاقلە و شێلمی کولاو، مەگەر هەر مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف بەر لە هەموان هەستی بەو کارەساتە کردبێت و هەناسەی ساردی هەڵکێشا بێت. جا بۆیە نازانین هەلومەرج و تێڕوانینی شێخ لە بارودۆخەکە چۆن و چ هەڵوێستێکیان لێی دەویست، دەبێت بڵێین ئەوە هەلێکی لەباربوو بۆ کورد، رووسیا داوای هاوکاری لێ بکات، بەڵام شێخ وەڵامێکی وشك و گردەبڕیان بۆ دەنێرێتەوە، هیوایەکیان بە هاوکاری کورد نەبێت، دواتریش بایەخ بە نامەکانی براتۆڤ نادات بۆ هەمان مەبەست بۆ شێخی ناردوون.

**وەڵامی نامەکەی صەفوەت بەگ**

(لە شێخ مەحمودەوە

بۆ سەفوەت بەگی نوێنەری سوپای قەیسەریی

دوای سلاو، برام سەفوەت بەگ من نیشتمانم لە دڕندەیەتی سوپای قەیسەر دەپارێزم.[٧٧] هیواشم پێی نییە و پێویستیشم بە دیاری ئەو نییە، سوپای قەیسەری خوێنرێژ هەموو کوردی لەناوبرد، تۆ چاکم دەناسیت، من لەو دوژمنە ناترسم کە بیناسم... هەموو هیوام ئەوەیە کوردو کوردستان لەوانە رزگار بێت، ئەوەی دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکات دۆستمانە، وەڵامی دوژمنیشمان لە لوولەی تفەنگەکانمانەوە

دەدەینەوە. دڵسۆزت شێخ مەحموود.)[٧٨] لێرەدا نەك پێدەچێت بەڵکو من لەوباوەڕەدام شێخ بەدەستی ئەنقەست وەڵامنامەیەکی وەها وشك و رەق و دوژمنکارانەی نووسیوە بەو نیازەی بەشێوەیەکیش رەوانەی بکات کە بکەوێتە دەست بەرپرسانی تورك!

هەرچەند دەکەم باوەڕ ناکەم شێخ ئەوەندە سادە و ساکار و بێ ئەزموون بووبێت هەلێکی وەها لەدەست بدات، خۆئەگەر حەز بە هاوکاریش نەکات رووداوەکانی ژیان و شۆڕش لە نێو چەند دەوڵەتێکی بەهێز و دوژمندا ئەوەندەیان فێرکردووە وەڵامێکی دیبلۆماتێکی لاستیکی بداتەوە و بەشی ئەوەی تێدا بهێڵێتەوە بەپێی یاسایەکی رامیاری هیچ لایەنێك نە هەمیشە دۆست و نە هەمیشە دوژمنن، رۆژێك پێویستی بە رووسیا دەبێت، رووی ئەوەی هەبێت پەیوەندییان پێوە بکات. بەڵام نەء.

شێخ مانۆڕێکی ژیرانەی کردووە لەگەڵ تورکدا، بەبۆچوونی کۆڵەواری خۆم پێدەچێت شێخ ئەو نامەیەی بە نامەیەکی ساختە زانیوە کەلەلایەن صەفوەت بەگی فەرماندەی هێزێکی رووسیاوە نەهاتووە، بەڵکو تورك بەناوی ئەوەوە بۆیان ناردووە، یا راستە نامەی فەرماندەیەکی رووسیایە کە لە بنەوە هەر پیاوی تورکە! تۆ تەماشا، شێخ نووسیوێتی ئەوەی دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکات دۆستمانە، پێدەچێت ئەوەی دەستی یارمەتی بۆ درێژکردووین "تورك" دۆستمانە و وەڵامی دوژمنانیش "رووسیا" لە لوولەی تفەنگەکانمانەوە دەدەینەوە.

رووسەکان ئاگاداری راپەڕینەکەی شێخ مەحموود و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردبوون، زانیاری چاکیان لەسەر رووداوەکانی کوردستان هەبوو، وەك هەراکەی مووصڵ و خنکاندنی سەردارانی کورد لە شوعەیبە.

لازاریف دەڵێت: هەرچەندە چەند سەرۆکێکی کورد، وەك سەرانی جاف و هەمەوەند لە تورکەوە نزیکن و چەك و جبەخانە و پارەی زۆریان لێوەردەگرن، کەچی کورد هەر ناحەزی تورکن، سەرۆکی هۆزێك کە ژمارەیان دوو هەزار دەبێت دەڵێت: هۆزەکەم دەخوازن ببنە رەعیەتی (خێودار)ی رووسیا، چونکە داد پەروەری لەوێ زۆرترە، ئەمە نەك هەر ئێمە لەناوچەی ئەنەدۆڵ بەڵکو گەلێك لە هۆزەکانی کوردی (عێراق)یش ئەوە ناشارنەوە حەز دەکەن پەیوەندی لەگەڵ رووسیادا ببەستن.

شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودیش دەڵێت: فەرماندەی سەربازی رووس، ژەنەراڵ براتۆڤ سێ نامەی بەهۆی عەبدوڵڵا خانی گوڵانیی دانیشتووی سابڵاخەوە بۆ شێخ ناردبوو، نامەی دووەمیان بەمجۆرەیە:

لە مارشاڵ براتۆڤەوە بۆ سەرۆکی هێزی کوردان بەڕێز شێخ مەحموود

ئێمە کە دەستمان بەشەڕ کرد دژی تورك، بەهیوابووین کورد لایەنی ئێمە بگرن و یارمەتیمان بدەن، بەڵام بەداخەوە زوڵم و زۆرداری تورکتان بیرچۆتەوە دژ بە گەل و وڵاتەکەتان و شەڕ بۆ ئەوان دەکەن دژی ئێمە، (خۆ دەمێك نییە ن.ك) حەوت سەرۆك هۆزیان گەللەباران کرد. ئێمە چاوەڕوانمان دەکرد تۆڵەیان بکەنەوە و وڵاتەکەتان لە چنگیان رزگار بکەن. ئێمە داگیرکار نین، هاتووین رزگارتان بکەین و وڵاتی خۆتان بۆ خۆتان و (تەنها ن.ك) دەمانەوێت دۆستایەتییمان لەگەڵدا ببەستن..

گەر بەم شێوەیە بڕۆن بەڕێوە، رەنجتان بە با دەچێت و ئامانجتان نایەتە دی، دووریش نییە ژێر کەوتوو یا

سەرکەوتووەکان تۆڵەتان لێبکەنەوە!

شێخ هیچ بایەخێك بە رووسەکان نادات، بەڵکو کە سەرکەوتنەکانی ئینگلیز دەبینێت لە خوارووی (عێراق) و بەرەو ژووریش هەڵدەکشێن بۆ کوردستان، دەکەوێتە خۆی و بەرلەوەی بگەنە کەرکووك بە نهێنی نامەیان بۆ دەنێرێت و ئەوەیان بۆ روون دەکاتەوە کورد نەتەوەیەکی زۆر لێکراو و بێکەسە و ئاواتەخوازن ئینگلیز سەرکەوتووبن و لە ژێر کەڵبەی تورك رزگاریان بکەن و لەژێر سایەی ئێوەدا بحەوێنەوە و ئێمەش نەهێڵین تورك جارێکی دیکە بگەڕێنەوە ولاتمان و ئێوەش بڕیاری دامەزراندنی حکومەتی کوردستان بدەن.

نوێنەری باڵای بەریتانیای مەزن لە بەغدا، وێلسن پێشوازی لەم هەنگاوەی شێخ دەکات، پێویستیان بە کورد بوو، حکومەتی عێراق هێشتا دانەمەزرابوو، کێشەی موصل لە نێوان زلهێزەکاندا بەلایەکدا نەکەوتبوو، ترس و بینی جەورو ستەمی تورك لە دڵی خەڵکدا مابوو، وێلسن لە خوای دەویست ببێتە دەمڕاستی کورد و هانیان بدات تورك لە ویلایەتی موصڵ وەدەرنێن.

دەگەڕێمەوە سەر ئەنجامی هەنگاوەکانی شێخ بەرەو ویلسن ـ فەیصەڵ و گەڕانەوەی شاندەکەی کورد و بڵاوبوونەوەی هەواڵ و دەنگوباسی خۆش و مژدەی رێککەوتنی کورد و بەغدا لەسەر بنچینەی دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان (کوردستانی جنووبی) بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود (مەلیك مەحمود) لە هەموو لایەك دەکەوێتە سەر زاران، هێزەکەی تورك لە سلێمانی دەکەونە ترس و لەرز و دڵەڕاوکە و وورەیان دەنیشێتە سەر زەوی، سەربازە کوردەکانی نێو هێزەکەش مەردانە هەڵدەگەڕێنەوە و پاڵ دەدەن بە هێزەکانی شێخەوە و ئەوەی مایەوە لە هێزەکەی تورك بە فەرماندە و ئەفسەر و سەربازەوە دوای چەککردن دەنێردرێنەوە نێو کەسوکاریان (فەرماندە و ئەفسەرانی تورك لە سلێمانی تەسلیم بوون و شێخ مەحمود هەتا دۆڵی سورداش رەوانەی کردن) وەك شێخ لەتیف لە یادداشتەکانیدا نوسیوێتی و چارەنووسی ئەو هێزە تورکە چەککراو و شاربەدەر کراوەشمان بۆ روونەدەکاتەوە و دەڵێت:

(بەڵام عەشایەری جاف زۆربەیان کوشتن و تورك لە کەرکووك و هەولێر و موصڵ چوونە دەرەوە)،(٧٩) ئەم رووداوە یا سەرکەوتنە هەرچەند لە رواڵەتدا رووداوێکی ئاساییە لە شەڕدا، بەڵام گرنگییەکی مێژوویی تایبەتی هەیە و خاڵی وەرچەرخانێکی سەرنجڕاکێش و پرشنگدارە لە مێژووی کورددا کە لەو رۆژەدا و شێخ بە پلانێکی تۆکمە کۆتایی بە چوار سەد ساڵ فەرمانڕەوایی تورك هێنا لە باشوور و پەردەی بەسەر سەردەمانێکی رەش و بێزراویاندا دادایەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت. ئەو رووداوە چیرۆکێکم بە بیر دەهێنێتەوە هەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایی تورك بووە لە باشوور، لێپرسراوێکی گەندەڵ و مشەخۆری تورك (جا کامیان گەندەڵ و مشەخۆر نەبوون) چەند جەندرمەیەکی چەکمە رەق دەنێرێتە سەر شارە دێیەکی ناوچەی سلێمانی و داوای پارەو پوولێکی زۆر دەکات هەر ئەو رۆژە کۆی بکەنەوە و بە جەندرمەکاندا بینێرن ئەگینا دوابکەوێت خراپیان بەسەر دەهێنێت. دانیشتوانی گوندەکە ئەو پارە زۆرەیان بۆ هەڵناسوورێت، لە کوێی پەیدا بکەن. دێنە سەر ئەو بڕیارەی سەرپێچی بکەن و چی دەبێت با ببێت. ریش چەرموویەکی ژیر و بە ئەزموونی گوند دەڵێت نا کوڕەکانم نا، کاری وا نەکەن من تەگبیرتان بۆ دەکەم.

مەڕێك بۆ جەندرمەكان دەكوژێتەوە، نان و خوانێكی تێرو پڕیان بۆ ئامادە دەكات و داواكارییەكەشیان جێبەجێ دەكەن و بڕێك پارەش دەكەن بە گیرفانی سەرگەورەكەیاندا و بەرێزێكی زۆرەوە بەڕێیان دەكەن. هەرئەوەندەی ئەوان لە ئاوایی دەردەچن چەند كوڕێكی هەڵبژاردە و كردە و دەستوەشێن دەنێرێت دوور دوور لە ئاوایی گوند بۆسەیەكیان بۆ بنێنەوە، هەر هەموویان بكوژن جگە لە تاقە یەكێكیان، پارە و چەك و وڵاخەكانیشیان بهێنن و لێگەڕێن رزگاربووەكەش بەپیادەیی بگەڕێتەوە! جەندرمە نیوە گیانەكە بەلێپرسراوەكە دەڵێت قوربان بەراستی دانیشتوانی گوندەكە ئەوپەڕی رێزیان بۆتان هەبوو دوعای خێریان بۆ دەكردیت و دەیانوت سەرمان لەرێی بەگدایە، ئەوەندەشیان رێز لە ئێمە گرت شەرمەزاریانكردین و پارەكەشیان بە تەواوی پێداین بەڵام... لێپرسراوەكە دەڵێت ئێ كوڕی صەگ بەڵام چی؟ جەندرمەكە دەڵێت قوربان لە رێگە تووشی جەردە و پیاوخراپ هاتین كەمینیان بۆ دانابووین كەوتینە بەردەستیان، منیش بە هەزار دەردەسەری رزگارم بوو، هەر خوا نەیكوشتم، رۆژم تەواو نەبووبوو. جا خوێنەری هێژا لەو دوو رووداوەدا پلانەكەی شێخی نەمرو ریش چەرمووی گوندەكە لە یەك سەرچاوەی ژیرییەوە هەڵنەقوڵاون؟!

بایەخو گرنگییەكی دیكەی ئەو رووداوە مێژووییەی دەرپەڕاندنی هێزەكانی تورك لە باشوور ئەوەیە بەر لە گرتنی كەركووك ١٩١٨/٤/٧ لەلایەن هێزێكی سەربازیی بەریتانیاوە، شێخ مەحموود دەستێكی لە تورك شۆردبوو نە هەردووك دەست و بە ئاگاداری و هاودەنگی ژمارەیەكی بەرچاو سەردار و سەرۆك هۆز و خانەدان و رووناكبیران و ئەفسەران كە بەشێوەیەكی نهێنی پەیوەندی بە ویلسنەوە دەكات، ویلسن هەڵوێستێكی ئاشكرا نانوێنێت و بەرلەوەی بڕیارێك بدات چاوەڕوان دەكات ئاخۆ پەیوەندی نێوان شێخ و تورك بە كوێ دەگات. هەر ئەو رووداوەش بوو دڵنیای كرد شێخ دەستی لە تورك شۆردووە و لە وڵات ئەودیوی كردوون ئینجا ئاسوودە دەبێ و مێجەر نۆئێل دەنێرێت بۆ گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵیدا. ئەوكاتەش مێجەرنۆئێل دەگاتە كەركووك، بەڵام نێزیكتر نابێتەوە هەتا شێخ دەستەیەك سوار دەنێرێت بە دوایدا و مژدەی دەداتێ تورك لەو دەڤەرە نەماون و ملیانشكاند.[٨٠] نۆئێل لەتەك سوارەكانی شێخدا سەرەتا دێتە سلێمانی و لەوێشەوە بۆ دیدەنی شێخ دەچێتە داریكەلی و دواتر پێكەوە دەگەڕێنەوە سلێمانی و دەستدەگرن بەسەر چەكو جبەخانە و سایلۆكانی ئازووقە و خۆراكدا و لە كۆبوونەوەیەكی جەماوەری فراواندا بە ئامادەبوونی سەرداران و زانایانی ئاین و خانەدانەكان، نۆئێل وتارێك بە زمانی فارسی دەخوێنێتەوە و وەك نوێنەری ویلسن[٨١] بڕیاری دیاری كردنی شێخ مەحموود بە حوكمداری (فەرماندە، فەرماندار، فەرمانڕەوای) سلێمانی و دانانی مێجەر نۆئێل بە راوێژكاری تایبەتی شێخ بۆ كاروباری رامیاریی رادەگەیەنێت.

ئەم رۆژی سەركەوتنەی كورد لە سەرچاوەكاندا جیاوازن و بە ١٩١٨/١٠/٣٠ و ١٩١٨/١١/١١ دیاری كراوە. شاعیر و رۆژنامەنووسی "كورد" شوكری فەزڵی[٨٢] بۆ ئەمڕۆژە بووە، یا رۆژی دامەزراندنی دووەم حكومەتی كوردستانی باشوور، دڵسۆزانە و بە ناسكیی روو لە خودی شێخ مەحموود دەڵێت:

ئیش كە ئەمڕۆ روو لە هەورازە سەرەوژێری نەكەی

فیکری ووردیشی ئەویّ هەر بە دووعا و نویّژی نەکەی[٨٣]

ئەحمەد خواجەش کە یەکێك بوو لە نیزیکەکانی شیّخ و ئاگاداری رووداوەکان بوو لە کتێبە مێژووییە یادەوەر نامە ئاساکەیدا (چیم دی) لە بارەی رێککەوتنەکەی شیّخ و کورد لەگەڵ ویلسن و بەریتانیادا دەڵێت: ویلسن نوێنەری باڵای خاوەن شکۆی بەریتانیای مەزن لە عێراق نامەیەکی بە زمانی فارسی بۆ شیّخ نووسیبوو [٨٤] (لە حکومەتی صاحب الجلالەوە (خاوەن شکۆ) فەرمانم پێدراوە ئاگادارتان بکەم لەم رۆژانەدا وتوویژ لە سەربەستی و ئیستقلالی کوردستان تەواو دەبێت، کوردستان سەربەخۆ و ئێوەش بە حوکمدار ناسراون). لێرەدا پێویستە دان بەوەدا بنێین ئەو نامەیەی نوێنەری باڵا و راگەیاندنەکەی مێجەر نوئێل سەرکەوتنێکی گەلێك مەزن بوو بۆ بزوتنەوەکەی شیّخ و دوارۆژی کورد و مژدەی زۆر شتی دەدا، بەڵام ئەو پرسیارەش دێتە گۆڕێ، "سەربەستی و ئیستیقلالی کوردستان" وەك ناو زۆر بریقەدار و هیوابەخشە، ئەی لە ناوەرۆکدا چی دەگەیەنێت؟ سنووری ئەو کوردستانە کوێ دەگرێتەوە، هەر سلێمانی یا کەرکووك و کفری و کەلاریش، ئەگەر نەڵێین هەولێر و دهۆکیش؟ ئەگەر ناوەرۆکەکە ئەمەیە دەبێت شیّخ بە "شا" بناسرێت نەك "حوکمدار".

ئەگەر مەبەست هەر هەرێمی سلێمانیشە، ئەی هەرێمەکانی کەرکووك و هەولێر و دهۆك چارەنووسیان چییە؟ کوردستانی باشووریش دەکرێت بە دوو بەشەوە و جگە لە سلێمانی بەشە زۆرەکەی دەلکێنرێت بەعێراقەوە؟! راستییەکەی کورد واتەنی "ئەم ماستە موویەکی تێدایە".

## یەکەمین کابینەی وەزیرانی حکومەتی مەلیك مەحموود

دوای راگەیاندنەکەی مێجەر نوئێل و ناساندنی شیّخ مەحموود بە فەرمانڕەوای کوردستان، شیّخ وەك یەکەمین دەستەڵاتی رامیاری کورد لەو کاتەدا، کابینەیەکی بەڕێوەبەرایەتی بەمجۆرەی خوارەوە دامەزراند:

(سەید عومەری مامی شیّخ — موتەسەڕیف (پارێزگار ن.ك).

حاجی سەید حەسەن (حەسەنی) مامی شیّخ — حاکمی شەرع

شیّخ قادری برای شیّخ — سەرلەشکر

سەید عەلی بسم الله — ئەفسەری پۆلیس

مانگانەی شیّخ پانزە هەزار رووپیێ بوو).[٨٥]

دوابەدوای دامەزراندنی حکومەتەکەی شیّخ، چل سەرداری کوردی خۆرهەڵات و باشوور بە هەولێریشەوە نامەیەك مۆر دەکەن و دەینێرن بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس، داوای دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆ دەکەن. رەفیق حیلمی لەوباوەڕەدایە شیّخ مەحموود لە کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات و حکومەتدا کەم ئەزموون و لە مەیدانی رامیاریشدا بێکەس و پشتوپەنا بوو.[٨٦] گریمان ئەم بۆچوونەی بەهەشتیی رەفیق حیلمی کە دڵنیام لە رووی دڵسۆزییەوە دەربڕیوە راستەو لە جێی خۆیدایەتی، ئەرێ لەو میر و سەردار و "شۆڕشگێڕانە"ی سەردەمی شیّخ مەحموود، وەك شەریف حوسەینی مەککە، شیّخ ئەحمەدی میری کوەیت، شیّخ خەزعەل میری ئەهواز (حوێز)، فەیسەڵ کوڕی شەریف حوسەین و براکانیشی عەبدوڵڵا و عەلی و

زەید، شێخانی عەرەبی عێراق بەتایبەتیش شێخ عەبدولڕەحمان گەیلانی یەکەم سەرۆك وەزیرانی عێراق و شێخ تالیب نەقیب بەدەستەلاٌترین وەزیری کابینەکەی گەیلانی.... هتد کامیان لە بەڕێوەبردنی ولاٌتدا لە مەلیك مەحموود شارەزاتر و لە بواری رامیارییدا بە ئەزموونتر بوون، بەلاٌم بێکەس و بێ پشتیوان بوو، ئەوەیان زۆر راستە .لورانس دەلٌێت شەیدای خۆشەویستی عارەبم و خەمخۆری هەر کارێکم کەلٌکیان پێبگەیێنێت. ئەمە ئەو هەلە زێرینەیە بۆی دەگەڕێم ئاواتەکانم بێتە دی و کارێکی مەزنیان بۆ بکەم بەتایبەتیش بۆ عارەبی عێراق کە سەربەخۆییان دەستکەوێت.(٨٧)

رۆژی ١٩١٩/١٢/١٢ فەیصەلٌ کوڕی شەریف حوسەین لەگەلٌ لۆرانس دا چاوپێکەوتنیان هەبوو لەگەلٌ جۆرجی پێنجەم شای بەریتانیای مەزن. لۆرانس وەك وەرگێڕ هاتبوو، بەلاٌم سەرتاپا بەرگی عارەبیی پۆشیبوو، بۆیە یەکێك لە بەردەستەکانی شا سەرزەنشتی دەکات و دەلٌێت کۆلۆنێل لۆرانس (ئایا دروستە بەرخێوێکی(٨٨) شای مەزن کە ئەفسەریشە بە بەرگ و پۆشاکی بێگانەوە بێتە خزمەت شای بەریتانیای مەزن؟)(٨٩) لۆرانس زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ دەلٌێت: (ئەگەر مرۆڤێك لە خزمەت دوو گەورە دابێت و ناچاریش بێت یەکێکیان زویر بکات، چاکتر ئەوەیە بەهێزو دەستەلاٌتدارەکەنیان زویر بکات.... من وەك وەرگێڕ لەگەلٌ میردا هاتووم کە ئەم بەرگە دەپۆشێت)(٩٠) چاوپێکەوتنەکە بێ کێشەو چورتم کۆتایی هات و شا ملوانکەی فکتوریا پێشکەش بە میر فەیسەلٌ دەکات وەك رێزلێنان و پێزانینی ئەو قوربانییانەی پێکەوە لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا داویانە و بە میر دەلٌێت دەست لە هاوکاری و کۆمەکی باوکتان و هەموو عارەب بەرنادەین، دلٌنیابن بەریتانیا هەموو کاتێك پشتیوانتانە.(٩١)

مسز بیل رازگری بیرۆی نوێنەری بالاٌی بەریتانیا بوو لە عێراق، ئافرەتێکی کارامە و لێهاتوو بوو، رۆلٌی گرنگی هەبوو لە رووداوەکانی عێراقدا، سەردەمی یەکەمین جەنگی گێتی و دواتریش، بەتایبەتیش دامەزراندنی حکومەتی عێراق و ئامادەکردنی فەیصەلٌ بۆ تاجوتەختی شای عێراق. مسز بیل لە یەکێك لە نامەکانیدا کە بۆ باوکی دەناردن لە لەندەن نووسیوێتی ئامادەکردنی فەیصەلٌ بۆ شای عێراق زۆر ماندووی کردم، هەرگیز جارێکی دی هاوبەشی ئەو جۆرە کارانە ناکەم. جا شێخ مەحموودێکی بێکەس، دۆست و دلٌسۆز و پشتیوانێکی چالاك و بالاٌدەستی وەك لۆرنس و مسز بیلی لە کوێ بوو؟!

مێجەرنۆئێل راوێژکاری رامیاری حوکمدارییەکەی شێخ مەحموود، ئەفسەرێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، دلٌە ناسکەکەی شێخی چاك رادەگرت، بێ پرس و ئاگاداری ئەو کارێکی سەربەخۆی نەدەکرد، ئەفسەرێك بوو دوور لە لوت بەرزی و تڕوتۆپی ئینگلیزەکان و شارەزای داب‌و نەریتی کوردەواری و خووڕەوشتی کوردانیشی بەدلٌدا چوو بوو، دۆستی کورد بوو بە دوو چاوی ژیری و دلٌسۆزی لە دوارۆژی کوردی دەڕوانی، لەوباوەڕەدا بوو مافەکانی کورد هەر بە شەڕە تفەنگ دەستەبەر ناکرێن، پێویستە رابەرەکەی کورد لە شۆڕشگێڕ و (پیاوی چیا) وە (چیایی راستترە ن.ك) بکاتە پیاوی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنی ولاٌت، ئەمەش کاری بەردەوام و پشوو درێژی و خۆڕاگرتن و هاوپەیمانییەکی راستەقینەی بێ ئەمبەر و ئەوبەری گەرەکە، مێجەرنۆئێل خوازیاری ئەوەبوو بۆ کورد ئەرکێك بخاتە سەرشانی وەك ئەوەی لۆرانس بۆ شەریف

حوسەین و کوڕەکانی ئەنجامیدا و تاجی شاهانەی سێ وڵاتی تازە دامەزراوی سوریا و عێراق و ئوردونی کردە سەریان، عەبدوڵڵا لە سوریا و فەیصەڵ لە عێراق و زەید لە ئوردون.

بەرنامەی ئینگلیز وەها بوو نەدەچوونە ژێر باری پەیمان و بەڵێنی راشکاو، بەڕێوەبەرایەتی هەرێمێکیان بەرەو رووی کورد کردبۆوە، بەڵام وەك رووداوەکان دەریدەخەن مافی سەربەخۆییان نەدابوونێ هەرچەند لەبەرنامەشیاندا بوو (لە شارەکانی دیکەی کوردستان لەم جۆرە بەڕێوەبەراتییە (حوکمداریێتی ن.ك) دابمەزرێنن و لەگەڵ کوردستانی نوێ لێکیان بدەن و هەرچی پێویستە بیکەن).[٩٢] ئاخۆ مەبەستی ئینگلیز لە (شارەکانی دیکە) چییە؟ هەولێر و کەرکوك و مووصڵ و دهۆك، یا پێنجوێن و هەڵەبجە و رانیە و کفری و کەلار و رەواندز و چوارتا؟نوئێل بەوپەڕی توانایەوە کاری بۆ ئەو بەرنامەیە دەکرد لە مێشکی خۆیدا داڕشتبوو، هەتا رەواندزیش چوو بۆ بەستنەوەی ئەو هەرێمەش بە دەستەڵاتی شێخەوە، دواتریش بە گەشتێکی نهێنی دەچێتە کوردستانی باکوور بۆ رێکخستنی راپەڕین دژی کەمالییەکان.

گەر رۆژگار بە دڵی مێجەر نۆئێل تێپەڕییایە گومانم نییە بناغەی کوردستانی گەورەی دادەمەزراند. کارەکانی نۆئێل ئاشکرا و دیار بوون روو لە کوێ دەکەن، هانەهانەی شێخی دەدا داواکارییەك بە دانیشتوانی ناوچەکە مۆر بکات بۆ شەریف پاشای خەندان لە پاریس لەگەڵ نامەیەکی تایبەتی (شێخ خۆیدا ن.ك) هەردوو نامەکەش حیلمی بە دەستی خۆی نووسیبوونی و بە رەشید کابان و سەید ئەحمەد بەرزەنجییدا (بەرزنجەیی) رەوانەی پاریس دەکرێن.[٩٣]

ئارنۆڵد ویڵسن بەرلەوەی پۆستی یەکەمین نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراق وەربگرێت ئەفسەرێکی دەزگای رامیاری بەریتانیا بوو لە حەلەب (رۆژی ١٩١٩/٦/١٣ پێشنیارێکی پێشکەش بە ولاتەکەی کردبوو کوردستانێکی سەربەخۆ لە تورکیا (کوردستانی باکوور) دابمەزرێنن لە ژێر چاودێری بەریتانیادا لەو ناوچانەی دەوروبەری وان، بتلیس، دیاربەکر، معمورة العزیز)[٩٤] راستتر ئەوەیە بڵێین لەناوچەکانی وان، بتلیس، دیاربەکر (ئامەد)، مەعمورەت ئەلعەزیز (جزیرە ـ جزیرەی ئیبن عومەر) ئەگینا ئەو ناوچانە ناگرێتەوە کە کوردستانن بەڵکو دەوروپشتی ئەو ناوچانە دەگرێتەوە!

## پەیوەندییەکانی نێوان شێخ و رووسیا

دوای ئەوەی شێخ لە بەریتانیا و تورکە کەمالییەکان هیوابڕاو دەبێت روو دەکاتە رووسەکان و لە ١٩٢٣/٦/٢٠دا نامەیەك بۆ باڵیۆزی سۆڤیەت لە ئازەربایجانی سۆڤیەتیی دەنێرێت.

بەڕێز کونسوڵی رووسیای سەرکەوتوو لە ئازەربایجان

بەڕێزەوە سلاومان پێشکەش دەکەین

گەلانی سەرزەمین صاڵی ١٩١٧ دەنگی راستی و رزگاربوونی گەل و نەتەوە ژێردەستەکانی لە چنگی داگیرکارە تاوانبارەکان بەرگوێ کەوت و بەپیرییەوە چوون... ئەوەی پەیوەندی بە مافی کوردەوە هەیە لە زۆربەی رۆژنامەکاندا بینراوە، چۆن بەریتانیا تینووی خوێنی گەلانە و چۆن بە تۆپی قورس و بۆمبای سوتێنەر صاڵی ١٩١٩ دەستی کوشندەیان لە کورد وەشاند بێ گوێدانە ئافرەت و مندال و پیر ... گەلی

کوردی چەوساوە شەرەفمەندە بۆ ئەم مەبەستانە روتان تێ بکات:

گەلی کورد لە خوارووی کوردستان ئاواتەخوازی برایەتی و دۆستایەتی و هاوکاری حکومەتی رووسیان و بەسەر و سامان قوربانی لەو پێناوەدا دەدەن و وەك مەرجێکی دۆستایەتیش لە ئێوە دەخوازێت بە فەرمی دان بە مافە نەتەوەمەییەکانیدا بنێن بۆ ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوانمان بۆ گشت جیهان، بۆ بەهێزکردنی توانا و دەستەڵاتی سەربازیشمان و بێهێزکردنی دوژمن، پێویستمان بە (تۆپ و رەشاش و فرۆکە و چەکی دیکە و پێداویستییەکان هەیە، عەقید (سەرهەنگ) رەشید ئەفەندی و عارف ئەفەندی سکرتێرم بە دەمی لە روونکردنەوەی پێویست ئاگادارتان دەکەن. ئەمجا دەڵێت بەو هۆیەوە کە هەتا ئێستا لەگەڵ حکومەتی سۆڤێتی کە بە پشتوپەنای کوردی دادەنێین پەیوەندی دیپلۆماسیمان لەنێواندا نییە، ناتوانین لە هەموو شتێك ئاگادارتان بکەین، بەڵام دەتوانم بڵێم زۆر پێویستمان بە یارمەتی و دامەزراندنی پەیوەندی بە پەلەیە لەگەڵتاندا.ئەگەر پەیوەندی نێوانمان بەهێز بێت و رەگ داکوتێت، ئەو هاوکارییەی خەوی پێوە دەبینم هاتە دی، کورد ئازاد دەبێت و هەوڵ و کۆششی هەردوولامان لە مێژوودا بە پیتی زێڕین دەنووسرێنەوە.(٩٥)

هەرچەندە نە رووسیای قەیسەریی و نە رووسیای سۆڤێتی لە بەرنامەیاندا نەبووە بەو جۆرە خەستە هاوکاریی کورد بکەن و هاوپەیمانان و دراوسێکانی کورد لە خۆیان بوروژێنن، بەڵام کورد واتەنی سیروان لێتیش نەدەم هەر دەمبەیت. شێخ پەنای بۆ ئەهریمەنیش دەبرد ئاورێك لە کورد بداتەوە.. هەموو ئاواتی سەربەخۆیی کورد بوو، بۆ ئەوە ژیاو هەر بۆ ئەوەش مرد.

ئەم جۆرە هەنگاوانەی شێخ، بەریتانیا دەخاتە ترس و دڵەڕاوکێ، باری شێواوی ناوەڕاست و خوارووی (عێراق)یش بەرەو سەقامگیربوون دەچوو، بۆیە بڕیاری لێدانی شێخ دەدەن و رۆژی ١٩٢٣/٥/٤ شاری سلێمانییان بۆردومانکرد، شێخ پێشتر هێزەکانی کێشابووەوە و دوای بۆردومانەکە گەڕانەوە(٩٦)... هێزەکانی ئینگلیزیش ٢٣/٧/٩ دیسان هاتنەوە شار و شێخ بە بەشێك لە هێزەکەیەوە چوونە دیوی کوردستانی رۆژهەڵات.لەبارەی بەکارهێنانی هێزی ئاسمانیی بەریتانیاوە بۆ لێدانی شار و گوندەکانی کوردستان، دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێت: ئەنجومەنی کرێکارانی بەریتانیا یادداشتێك پێشکەش سەرۆك وەزیران دەکات، تێیدا هاتووە: ئەو ملیۆن پاوەندەی بۆ بۆردومانکردنی (پیاوی چیای عێراق) خەرجکرا، بۆ مەبەستێك خەرجکراوە لەگەڵ سیاسەتی پارتی کرێکاراندا بگونجێت.

شێخ مەحموود تەنها ئامانجێکی هەبوو، رزگارکردنی کوردستان، لەو پێناوەشدا بە هەموو لایەکدا هەڵپەی دەکرد، باوەڕی بە تورك نەبوو، بەڵام سۆزی ئاینیی کوردەکە دەستی بەستبوو، پشت لە تورك و سوڵتان و خەلیفەی موسڵمانان نەکات. تۆ بڵێی ئەوەندەی سەرۆکی بەشی سەربازیی رووسیا لە قەفقاسیا شارەزای هەست و نەستی گەلەکەی خۆی نەبووبێت کە نووسیوێتی زۆربەی کورد هیچ هەستێکی خۆشەویستیی و برایەتیی بەرامبەر حکومەتی تورك نییە کە هیچ چاکەیەکیان لێنەدیون و هەر چاوەڕوانی خراپەیان لێدەکەن.(٩٧) ئەو رێگەیەش دەگرێتەبەر و ١٩٢٣ هەوڵدەدات لەگەڵ بەدرخانەکاندا هێزو توانایان یەکبخەن لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان و روو لە رووسیاش دەکات (کە

بەدرخانەکان پەیوەندییان لەگەڵدا دامەزراندبوون .ن.ك) بۆ یارمەتیدان و هاوکاریی.[٩٨]

رووسیای قەیسەریی - تزاریی و بە دوای ئەویشدا دامەزراندنی یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤێت بەسەرکردایەتی لینینی مەزن بایەخێکی بەرچاویان بە نامە و داواکارییەکانی شێخ مەحموود و ئامانجەکانی کوردەکانی باشوور دەدا، چونکە سەربەخۆیی کورد لە تاکتیك و ستراتیژدا زیانێکی بە بەرژەوەندییەکانیان نەدەگەیاند لە ناوچەکە و سەر سنووره فراوانەکانیادا لەگەڵ تورکیا و ئێران، بەڵکو ئەو جێگەپێیەی هەر لە دەمێکەوە عەودالّی بوون لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەندا ئەگەر لە پارچەیەکی کوردستانی ئازادا بێت کە وڵاتی نەتەوەیەکی بێهێزو پشت و پەناو دواکەوتووشە لەچاو تورك و عەرەب و ئەرمەن و کلد و ئاشووردا، ئەوە زۆر لە بارتر دەبوو بۆ سۆڤێت، بەڵام مەخابن ئەو جارەش ئەوەی من بە بەختی سیاسیی ناوی دەبەم پشت لە کورد دەکات، ١٩٢٤/١/٢٠ لینینی مەزن دەمرێت و جۆزێف ستالین جێگەی دەگرێتەوە. ستالین رووس نەبوو، خەڵکی گرۆزنی و قەفقاسییایە کە پیرە پیاوو پیرەژنەکانی هێشتا زمانی رووسییان نەدەزانی و هەر بە زمانی ناوچەکانی خۆیان دەدووان. ستالین و ئەدۆڵف هیتلەر و صەددام حسێن هەر بۆ نموونە لە ریزەکانی دوواوەی پارتەکانیانەوە هاتنە پێشەوە و دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن و نەیارەکانیان لەنێو دەبەن، بەڵام ئەو سیانە پێکەوە بەراورد ناکرێن، سەددام لەچاو ئەواندا بە حەوت ئاو شۆردرابووەوە، هەستێکی گونجاوی بەرامبەر کورد و جۆرێك لە مافەکانی هەبوو بە مەرجێك سەر بە بەرەی دوژمن نەبێت، دوژمنی خودی خۆی! بەڵام دیکتاتۆرە ملهوڕەکەی سۆڤێت ستالین،کوردی بە نەتەوە نەدەژمارد و هیچ مافێکی پیّ رەوا نەدەبینی، بە بۆچوون و تێزە سەقەتەکانی خۆی ئەوەندەی مەرج و مەرجکاریی بۆ نەتەوە بچووکەکان دانابوو، پارتە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانیش بەتایبەتی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و سووریا و تورکیاوئێران کە زۆرێك لەسەرکردەکانیان کوردبوون وەك خالید بەگداش "بەکتاش"، بەهادین نووری، عەزیز محەمەد، کەریم ئەحمەد، ئەحمەد حەللاق، جەمال حەیدەری،عەزیز حاجیش کوردی شەبەکە.ئەمانە جگە لە بەهادین نوری سەردەمانێك چاویان لەو هەموو خەبات و تێکۆشانەی کورد و زنجیرەی شۆڕش و راپەڕینەکان و قوربانییە بەردەوامەکانی لەپێناو سەربەخۆییدا دەنووقاند و بە پلانی ئیمپریالیزم و کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانی نەوت تەماشایان دەکرد و بە هەموو تواناوە هەوڵیان دەدا کورد چەواشە بکەن گوایە ئاسنی سارد دەکوتێت، سەربەخۆیی کوردستان و مافی چارەنووس گەمەی وڵاتانی خۆرئاوایە و کورد مقاشە! خەباتگێڕانی کورد پێویستە هەتا زووە هۆشیار ببنەوە و دەست بخەنە دەستی خەباتکاران و ئازادیخوازان و ئاشتیخوازانی گەلانی داگیرکاریی کوردستانەوە، تورك، فارس، عارەب و خەباتی خۆی بە خەباتی چینایەتیی ئەوانەوە جۆش بدات لە پێناو سەرکەوتنی بەرەی گەلان و قەڵای ئاشتیخوازانی گێتی "مۆسکۆ" و سەرکەوتنی سۆسیالیزم و دەسەڵاتی رەوای چینی پرۆلیتاریا. بەهادین نوری تەمەندرێژبێت کە ئێستا لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدایە و تەندروستیشی سازنیە شەوی ١٩/١٨-٢ -٢٠١٣ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی سپێدە وتی: یەکێك لەو کارانەی لێی پەشیمانم هەڵوێستی حیزب (حشع ن.ك) بوو بەرامبەر کورد دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ و دەبوایە ئەوکاتە من حیزب جێبهێڵم.

لینین زۆر بەراشکاوی بەرپەرچی ئەو بەناو کۆمۆنیستانە دەداتەوە و لە بارەی خەباتی نەتەوایەتیەوە دەڵێت: "ناسیۆنالیزمی بۆرژوازیی هەموو نەتەوەیەکی زۆرلێکراو نێوەرۆکێکی دیموکراتیی گشتیی هەیە کە دژی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەیە و ئێمە بە تەواوی پشتیوانیی لەو نێوەرۆکە دیموکراتیە دەکەین" هەروەها دەڵێت: "هەندێك جار کۆمۆنیستەکان لە دژایەتی کردنی بۆرژوازیی ناسیۆنالیزمی نەتەوەکەی خۆیدا مەترسیی شۆڤێنیزمی نەتەوەی سەردەست پشتگوێ دەخات بەو کارەش لە ریزەکانی نەتەوەکەیان جیا دەبنەوە و رێگە بۆ بەهێزبوونی بۆرژوازی قەومی لە بزوتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتیدا خۆش دەکات". لینین کۆمۆنسیتەکان لەو مەترسیە ئاگادار دەکات: " لەبریی ئەوە کە لایەنی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی نەتەوەی زۆرلێکراو بگرن، لایەنی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی فەرمانڕەوا و تەنانەت کۆنەپەرستترین و رەشترین شێوەی ئەو ناسیۆنالیزمە دەگرن." جگە لەمانەش بە ریفۆرمخوازان و لادەرەکان دەڵێت: " مافی چارەی خۆنوسین جیابوونەوەی رامیاریی نەتەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆیە و ئەو مافە کە بەشێکە لە بەرنامەی مارکسیزم لەلایەنی مێژوویی و ئابوورییەوە تەنها یەك مانای هەیە ئەویش سەربەخۆیی ڕامیاریی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە." بڕوانە کیتێبی **حق الامم في تقرير مصيرها، المؤلفات** ج ٢٠ ص ٤٠٣ **الطبعة الجيكية**. گەلانی چەساوە و بەتایبەتیش گەلی کورد نازانن پرۆلیتاریا بەری بەکوێوەیە و ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت ئەو چینە کە زۆربەی کورد بۆ قەشمەری دەیانوت پروپاتاڵ، هەر نەبێت هێشتا لە نێو کۆمەڵگەی کورد، عەرەب، گەلانی ئێران، تورکدا سەریهەڵنەداوە و سەریش هەڵنادات. هەردوور نەڕۆین کوردی هەرێمی کوردستان بە "دەفتەر" و لەوان ساماندارتر بە "بلۆك" و لەوانیش زەنگینتر بە "لادیوار" دەدوێن لە ژماردنی دۆلاردا. بەرنامەی کۆمۆنیستەکان وەهابوو هەرکەسێك وەك ئەوان بیر نەکاتەوە و قوڵ بۆ ئەو خەیاڵ پلاوە هەڵنەماڵێت دواکەوتوو، کۆنەپارێز، بەکرێگیراو،ئەڵقە لەگوێ و کورتکراوەی هەمووشی کە زۆرتر بەسەرزاریانەوە بوو، لە عێراق (رەجعی) و لە ئێران (مورتەجیع)بەکاردەهات و نیشتمان پەروەرانی پێ تاوانباردەکرا. هەژار موکریانی شتێکی سەیر لەوبارەیەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت کورد لەو سەردەمانەدا بۆ ئەوەی بە رووناکبیر و پێشکەوتنخواز بناسرێت دەبوو ئەو دروشمە بێناوەرۆك و مانایانە وەك توتی بلێتەوە و بانگەشەیان بۆ بکات،نەیارەکان بە مورتەجیع تاوانبار بکات. رۆژێك لە کۆبوونەوەی شانەکەیدا پرسیاری لێدەکرێت ئەرێ کاك هەژار مورتەجیع چییە تۆ ئەوەندەی بەکار دەهێنیت؟ لەوەڵامدا دەڵێت: ئەوی راستیی بیت نازانم، پرسیار لە سەرووی خۆم دەکەم! لە کۆبوونەوەی خۆیدا بە بەرپرسەکەی دەڵێت پرسیاری مورتەجیعیان لێکردم، نەمزانی چییە، داخۆ پێم نالێیت؟ کابرا دەڵێت ساوەڵڵا هەژار منیش نازانم! بەرەکەتدا، شێرە بەفرینەکە تووایەوە، سەرکردەی مێژوویی مەزن گۆرباتشۆف هەست بەو چەواشەکاریی و پێشێلکردنەی مافی مرۆڤ و گەلان دەکات و بوێرانە بڕیارێك دەدات کەم وێنەیە لە مێژوودا، سەرلەبەر بارودۆخی رامیاریی، سەربازیی، ستراتیژیی دوو جەمسەرەکە، جەنگی سارد، نەتەوە ژێر دەستەکانی نێوان بەرژەوەندییەکانی ئەو دوو جەمسەرە هەرە بەهێزە، بلۆکی خۆرهەڵات بەڕابەریی کرملین ـ مۆسکۆ و بلۆکی خۆرئاوا بە رابەرایەتیی واشنتۆن ـ ئەمەریکا بوو بوون بەژێرەوە و کورد

بەرچاوترین و داماوترینی هەموویان بوو، لەو گۆڕانکارییە مێژووییەدا ئاهێکی پێدا هاتەوە و ناوی هاتەوە نێو ناوان و هەرێمی دژە فڕین و پاراستنی کورد لە جینۆساید و بەڕێوەبەرایەتیی هەرێم و دواتر حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی باشووری لێڕەخسا. لەگەڵ هەموو قومێك ڤۆدگای گۆرباتشۆف دا دروودو رێزلێنان و پێزانینی بۆ دەچێت.

دەگەڕێمەوە سەر کرۆکی باسەکە، ماوەی شازدە ساڵ شۆڕشی شێخ مەحموود، رووداوەکانی ناوخۆ، شێوەی بەڕێوەبردن، کۆبوونەوە و بڕیارە نهێنییەکان، پەیوەندییەکانی شێخ بە تورك، بەریتانیا، رووسیا، حکومەتی عێراق، مۆسکۆ، ئێران و ئەو هەموو نامە و نامەکارییەی لەنێواندا بووە ئەوەندەی لێ نەپارێزراوە ببێتە هەوێن و کەرەسەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی لە ژیانی تایبەتیی شێخ چجای شۆڕشەکە. هۆیەکانیش ئاشکران وەك:

١ـ ژێردەستەیی و قەدەغەکردنی هەر نووسراوێك بۆنی شۆڕشی کوردایەتی لێ بێت نەك لە بازاڕ و کتێبخانەکاندا لە ماڵان و کتێبخانەی تایبەتیشدا. چەندین کەس لەسەر بلاڤۆکێك، نامیلکەیەك، کتێبێك، وێنەیەك گوللەباران کران. ئەوە هۆیەك بوو بەتایبەتی لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١وە بەردەوامبوو هەتا راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ کە هێرشی فراوان دەکرایە سەر شارەکان و زۆرتریش شاری سلێمانی و لەناکاودا گەڕان و هاتوچۆ قەدەغە دەکراو سوپای عێراق ماڵ بە ماڵی زۆر بە وردی دەپشکنی. بەشێك بەڵگەنامەو کەلەپوری نەتەوەیی،خاوەنیان لە ترسی گیانی خۆی دەیسوتاندن و تەنانەت وێنەی یادگاریی و نامەی تایبەتیش لەو جۆرە رۆژە رەشانەدا گەرماو،یان تەنووری نانکردنیان پێگەرم دەکرد!

٢ـ سووك تێڕوانین و نەزانینی نرخی مێژوویی و زانستیی دۆکۆمێنت و کتێب و دەستنووسەکان کە جێگە دەگرن و کەڵکیشیان نییە، تەنانەت وەك مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف دەڵێت مامۆستایەکی هێژای وەك غەفوری مەلا عەلی مەڵکەندیش کەوتۆتە ئەو هەڵە گەورەیەوە.

٣ـ خۆپەرستیی و بەرچاو تەنگیی خاوەن دۆکۆمێنتەکان کە بە موڵکی تایبەتی خۆیانی دەزانن و شاردوویانەتەوە و ناهێڵن رووناکیی ببێنێت و نووسەر و توێژەرەوەکان کەڵکی لێوەربگرن.

٤ـ هێرشی سوپا و تۆپباران و بۆردومانی فرۆکە و سوتاندنی گوندەکان و ئاوارەبوونی دانیشتووان کە زۆرجار بەسەری قوتی و بەپێی پەتی دەرباز دەبوون.دوور نەڕۆین شێخ ئەحمەدی شێخ ئەمینی باپیرم ١٨٧٩ ـ ١٩٥٢ کەسایەتییەکی ناسراوی شاری سلێمانی و رووناکبیر (منەوەر) و هۆنەر بوو بە نازناوی شیعریی (فەوزی)،هاوڕێی و هاودەمی هەردوو هۆنەری ناسراوی کورد،بێخود و زێوەر بوو، زۆربەی کاتیشیان پێکەوە بەسەربردووە، بەڵام نێوانی لەگەڵ شێخ مەحمووددا خۆشنەبووە هەرچەند بە ئارەزووی دڵی خۆی زەوییەکی فراوانی بە گوریس بۆ دەپێون و دەیکاتە خانوویەکی زۆر گەورە بۆ خۆیی و چوار کوڕ و شەش کچەکانی تێیدا دەژیان، رووبەرەکەی رووبەری یەکیکە لە هەرە فراوانترین خانووەکانی سلێمانی لە کۆن و نوێدا و ئێستە هەروەك خۆی ماوە لەگەڕەکی شێخان ـ کارێزی ئەحمەد زەنگەنە و بەش بەش نەکراوە ـ بەڵام لە هەڵوێستی رەخنەگرتن لە شێخ سارد نەبووەوە و روو لە شێخ لە هۆنراوەیەکدا وتوویەتی:

**مشتی بوخلی هێندە توندە          هەرزنیش بێت ئەیگرێ**
**کار کە وا بڕوات عەزیزم          دیارە هەر سەرناگرێت**

ئەم نیوە دێڕەم لە یاد ماوە لە هاوڕێیەکی مامەکانم بیستووە،خوالێخۆشبوو عوسمان دەروێش کارمەندی بانکی رافیدەین.ئەوەشم لە ئاسۆس هەردی،ڕێبین هەردی و ئاری بابانی پورزام بیستووە کە مامۆستا هەردی زۆرێك لەو هەڵبەستانەی لەبەربووە. چەند جارێك دەستەو دامێنی مامەکانم بووم بەرهەمەکانی لەنێو نەچن و تەنها مولکی ئێمە نین مولکی نەتەوەیەکن، با شەن و کەوێکیان بکەین و بڵاویان بکەینەوە و ڕووناکبیرانی کورد پتر ساغیان بکەنەوە و کات و شوێن و بۆنەی وتنی هۆنراوەکان بدۆزنەوە ئەگەر نەنووسرابن. مەخابن تۆز لە دەریا هەڵناسێت. بەنیازم ڕوو لە هەموو ئەو خزمە خەمساردانە بکەم ئەمە خوایە خەمخۆر و کراوەبن . نووسەری بەبرشت و ناسراوی کورد، سەعید ناکام لە لاپەرە ٥٢ی بیرەوەرییەکانیدا بەمجۆرە باسی ئەو شاعیرە گومناوە دەکات (...لە چوارتا، شەوانە دەستەیەك لە خویندەوارو ئەدەب دۆستەکان دەهاتنەلام بە خویندنەوەی شیعرو گێرانەوەی قسەی خۆش رامانەدەبوارد، لەوانەی دەهاتن شیخ ئەحمەدی شیخ غەنی نووسەری قایقام کە شاعیربوو بەنازناوی(فەوزی)،شیعری ناسك و جوانی دەنووسی،مەلاکاکە حەمەی ئیمام،برایم ئەدهەم،میرزامەنگوری نووسەری شارەوانی چوارتا، بەریوەبەری قوتابخانەی چوارتاش .) زۆرێك کورد هەن ئەو سوێیە چووە بەدڵیاندا، کاشییەك، جامێك، چرایەکی دیوارکوت، سەماوەرێك، وێنەی دەگمەن و یادگاری ئازیزان، تا دەگاتە دەستنووس و کتێب و دۆکۆمێنتی بە نرخی بزر نەکردبێت یا بە دەستی خۆی لەنێوی نەبردبێت. سەیدا عەبدولڕەقیب یوسف دەڵێت: (کۆمەڵێك بەڵگەنامەی گرنگ و نامەی شێخ مەحموود بۆ شێخ فەرەجی بانی بنۆك، شێخ مەحموودی کوڕی، کە مشك تێیدا بوون سوتاندوونی)[٩٩] هەروەها دەڵێت شێخ فەرەج لە پێنجوێن، بانە و سەقز شەڕی ڕووسی کردووە و هێندێك لەو شتانەی لە "بناوە سوتە" لە ڕووسەکانیان گرتبوون هێشتا لە کن ئەو بنەماڵەیە ماون و بەرچاومان کەوتن. شێخ مەحموود بەشێك لە شتە نهێنییەکانی لەلا دائەنان وەکو "مەکینەی سکە" بۆ گۆڕین و لێدانی لیرەی تورکی و پارەی ئێرانی "مەبەستی تمەنە". سەلیم خانی ئەفغانی زۆر بە نهێنی لە ماڵی شێخ فەرەجدا ئەو کارەی دەکرد.[١٠٠] (ئینگلیز دوای دیلکردنی شێخ مەحموود ١٩١٩ دێتە سلێمانی هەموو ئەو کتێبانەی لە ماڵە شێخەکاندا بوون، کوردە نۆکەرێکی ئینگلیز و ئەفسەری لیڤی "رەشەی بەکر ئەفەندی" لە حەوشەی مزگەوتی گەورەدا ئاگری تێبەردان، تەنیا "٤٠٠" کتێب بەردەست نەکەوتبوون).[١٠١] جا خوێنەری هێژا ئەوانە بەپێوانەی مێژوو دوێنی بوون و تا رادەیەك هۆشیار بوون، ئاخۆ سەردەمانی پێشتر چ کارەساتێك بەسەر کەلەپووری کورددا هاتووە و دڵسۆزان ئەوەندەی بتوانن کتێبخانە و ئەرشیفەکانی وڵاتانی دراوسێ و ئەوروپا بپشکنن و تیشك بخەنە سەر لایەنە تاریك و نەزانراوەکانی مێژوومان و ڕووناکی بکەنەوە یا موعجیزەیەك ڕوو بدات و حەزرەتی عیسا کەلەپوورە مردووەکانی کورد زیندوو بکاتەوە.

سەیدا عەبدولڕەقیب یوسف لەو بوارەدا جێگە دەستی دیارە و چەندین کەلێنی پڕکردۆتەوە و

بەردەوامیشە، بەڵام ئاخۆ تەنها دڵسۆزێك و ماندوونەناسێك لەو بوارەدا فریای نەتەوەیەك دەکەوێت.

## تەرازووی هێزی سەربازیی نێوان

## بەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانی ١٩١٥ ـ١٩١٧

هەردوو وڵاتی ئێران و(عێراق) دەکەوتنە سنووری لەشکری شەشەمی تورك بە فەرمانـدەیی نووردەدین پاشا،دەسەڵاتەکانیشی فراوانتر و ئەرکەکانیش قورستربوولە چاو لەشکرەکانی دیکەدا، نەدەپەرژانە سەر دابینکردنی هەموو پێداویستییە سەربازییەکان،سەرجەم لەشکرەکانیش پێویستیان بە نوێکردنەوە و بەکارهێنانی پلانە سەربازییە نوێیەکان هەبوو، بۆ ئەم مەبەستە پەنا دەبەنە بەر ئەڵەمانیای هاوپەیمان و لە ١٩١٥/٩/٢٣دا (فێلدمارشاڵ فۆن دوغولتز) دانرا بە فەرماندەی گشتیی لەشکری شەشەمی عوسمانیی و ٣٠ ئەفسەری ئەڵەمانیش هاوکارییان دەکرد. مارشاڵ تەمەنی ٧٢ ساڵ بوو، یەکێك بوو لە هەرە سەرلەشکرە مەزنەکانی ئەوروپا، لە ناوچەکەدا بە قلیچ پاشا دەناسرا، بەو هۆیەشەوە کە "شڤوول" بوو، خەڵکی بەغدا گەلێك شتیان لێدەگێرایەوە.

نووردەدین پاشا پلانەکانی مارشاڵی نەدەسەلماند و دەیوت لەشکرێکی موسوڵمان کە لە رێگەی یەزداندا شەڕ دەکات، ناشێت لەژێر سەرکردایەتی دیان (ناموسڵمان)دا بێت.(١٠٢) بەڵام نوردەدین خۆیشی هیچی بۆ نەدەکرا، چەند جارێك پەلاماری سەربازگەکەی شاری کوت دەدات و هەموو جارێك بە زیانێکی زۆرەوە دەکشێتەوە، بۆیە دەروازەی باڵا دووریان خستەوە بۆ بەرەی قەفقاسیا و خەلیل پاشا لە جێگەکەی دادەنێن کە لەگەڵ مارشاڵ دەگونجاو پشتگیریی پلانەکانیشی دەکرد.مارشاڵ لە بری پەلاماردانی سەربازگەکە، ئابلۆوقەی دەدات و دوای پێنج مانگ سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر ئینگلیزدا تۆمار کرد.پەنجا رۆژەکانی کۆتایی گەمارۆدانەکە بۆ ئینگلیزەکان زۆر دژوار بوو، برسێتیی و نەخۆشیی سکچوون و زەردوویی بڕشتی لێبڕیبوون، جگە لەو ٣سێ سەگەی ئەفسەران تۆنزند و ملیس،سەگ و پشیلە لەو دەڤەرەدا نەمان،سەربازی برسیی هەموویان خواردن! تۆنزند ناچار بوو ئەسپ و ئێسترەکان سەربڕێت، بەڵام سەربازە هیندییەکان و بەتایبەت هندۆسەکان هیچ جۆرە گۆشتێکیان نەدەخوارد، سەربازە موسوڵمانەکانیش وتیان حەرامە، هەرچەندە بەپێی شەرع بێزراوە (مکروە) نەك حەرام و هەربەپێی شەرعیش مرۆڤ لەکاتی ناچارییدا دەشێت هەر گۆشتێك یان هەر شتێك بخوات.

ئەم گۆشت نەخواردنە، سەرکردایەتی سەربازگەکەی تووشی کێشەیەکی گەورە کرد، بەپەلە فەتوای شەرعی باندی مەزن و پێشنوێژی هەینیی مزگەوتی دەلهی بەهۆی ئامێری بێتەلەوە دەگات، بەڵام هیندەکان باوەڕیان پێنەکرد، چونکە بە ئامێری بێتەل هاتووە و مۆری پێوە نییە! تۆنزند فەرمان دەدات: هەر سەربازێك گۆشت بخوات پلەیەك بەرز دەکرێتەوە،ئەوەی نایخوات پلەیەك نزم دەکرێتەوە،ئەوەش کەڵکی نەبوو، هێشتا زۆرێك لەسەربازە موسوڵمانەکان هەر نەیاندەخوارد و رۆژانە سەرجەم ١٥ سەرباز لە برساندا دەمردن... ئیتر چارەسەرێك بەدەستەوەنەما جگە لە دابەشکردنی حەبی ئەفیوون بۆ خۆڕاگرتن دژی ئازاری برسێتی، بەڵام هەڵاتنی سەربازان دەستی پێکرد بۆ نێو لەشکری دوژمن، سەرکردایەتی سەربازگەکەش بۆ

ڕێگەگرتن لەو دیاردە ترسناکە بڕیاریدا بۆ چاوترساندن سێ سەربازیان گوللەبارانکرد.(١٠٣)

پلانی گەمارۆدانەکەی (غۆلتز)ی ئەڵەمانی سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر هێزەکانی بەریتانیادا تۆمارکرد لە عێراق. ئەو سەربازگە سەرەکییەی بەریتانیا لە کوت ـ عێراق،ڕۆژی ١٩١٦/٤/١٩ ئاڵای سپی بەرزکردەوە. دکتۆر عەلی ئەلوەردی دەڵێت سەرجەم١٣،٠٠٠سیازدە هەزار ئەفسەر و سەرباز، ٨٧٠،٢ هەزار ئینگلیز و ١٠.٤٤٠ هیندستانی خۆیان دا بەدەست لەشکری شەشەمی تورکەوە.ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا ئەوەبوو مارشاڵ غۆڵتز، پاڵەوانی ڕاستەقینەی سەرکەوتنەکە ئەنجامی پلانەکەیی نەبینی، دە ڕۆژ پێشتر لە ١٩١٦/٤/٩دا بە نەخۆشیی گرانەتا(تیفۆئید) گیانی لەدەستدا، بەڵام ناوناوبانگ و ئاڵای بڵندی هەردەم شەکاوەی بەریتانیای مەزنی لە قوڕولیتە وەردا کە لەندەن هەوڵی دەدا بەهەر جۆرێك بێت ئەو ڕۆژە ڕەشەیان بەسەردا نەیەت، وەزیری بەرگریی بەریتانیا بڕیاریدا هەتا ملیۆنێك جونەیهی ئیستەرلینی بەرتیل بدەن بە خەلیل پاشای سەرلەشکر ئابڵوقەکە هەڵگرێت و ئینگلیز بێ ئابڕووچوون بکشێنەوە، بەڵام خەلیل پاشای مامی ئەنوەر پاشای وەزیری بەرگری نەیکرد، دواتر ئامادە بوون دوو ملیۆن پێشکەش بکەن، بەڵام ئەنوەر هەر نەیکرد. دوا هەوڵی سەرکردایەتی بەریتانیا لە لەندەن هاتە سەر ئەو بڕیارەی دوو هەفتە بەرلە ئابڕووچوونە سەربازییەکەی کوت ڕۆژی ١٩١٦/٤/٥ ئەفسەری هەواڵگریی بەناوبانگ لۆرنس ڕادەسپێرن پەیوەندی بە سەرۆك هۆزەکانی عێراقەوە بکات بەناوی شۆڕشی عەرەبەوە دژی تورك ڕاپەڕینێك بەرپا بکەن وەك چۆن لە حیجاز میر حسەین کوڕی عەلی شەریفی مەککەی هاندا بوو شۆڕش دژی تورك لە وڵاتی شام و سەرکەوتووش بوو.

سەختترین شکست و ژێرکەوتنی هێزەکانی تورکیاش لەو هەفتەیەی نێوان ڕۆژانی ١٨ـ ١٩١٧/١٠/٢٦دا بوو کاتێك فەیلەقێکی سوپای تورك بەسەرکردایەتی ئیسماعیل حەقی بەگ لەبەردەم لەشکری ئینگلیزدا خۆیناگرێت و ئاڵای سپی بەرزکردەوە. ئەمە لە کاتێکدا ڕوویدا دانوستاندنەکانی نێوان هاوپەیمانەکان و تورکیا لە دورگەی مودروس خەریکبوو کۆتایی دەهات، گەر بهاتایە و فەیلەقەکەی تورك تەنها یەك ڕۆژی دیکە خۆی ڕابگرتایە زۆر شت لە ئاکامەکانی یەکەمین جەنگی جیهان بەجۆرێکی دیکە دەکەوتنەوە.هێزەکانی بەریتانیا گەیشتنە گەییارە کە تەنها چل میل لە شاری موصڵەوە دوورە و پێویست بوو لەوە پتر نەچنە پێشەوە، بەڵام کاپتن لچمەن گوێ بەهات و هاواری تورك نادات و ناچاریان دەکات بەپەلە مووصڵ چۆڵ بکەن و بەهیچ جۆرێکیش مافیان بەسەر ئەو هەرێمەوە نەماوە. کاپتن لچمەن شارەکەی داگیرکرد و هەر خۆیشی دیاریکرا بە فەرمانڕەوای هەرێمەکە.

کۆمەڵناس و توێژەری ناسراوی عەرەب دکتۆر عەلی وەردی دەڵێت ساڵی ١٩١٩ ساڵی شۆڕش و ڕاپەڕین بوو لە ناوچە کوردنشینەکاندا "مەبەستی باشووری کوردستانە" کە گرنگترینیان شۆڕشی حەفید بوو (مەبەستی شێخ مەحموودی حەفیدە. حەفید و سەید نازناوی نەوەکانی بنەماڵەی پەیامبەرە لای کوردان وەك حەسەنیی، حسێنی، شەریف، سەید، مەولا، لای عەرەب بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێت. ن.ك.) کە خۆی بە حوکمداری کوردستان ناساند و ئاڵای تایبەتیی هەڵکرد "مەبەستی ئاڵا تەخت سەوزەکەیە، هەیڤ و

ئەستێرەیەکی سووریش لە ناوەندیدا بوون. ن.ك." پوولی پۆستەشی چاپدەکرد، بەڵام ئینگلیز سەردەکەون و ڕۆژی ١٩١٦/٦/١٨ دیلی دەکەن و دەینێرنە هیندستان. عەبدولرەقیب یوسف دەڵێت شێخ مەحموود دەسگای دراولێدانیشی هەبوو بۆ کۆپیکردنی لیرەی تورکی و تمەنی ئێرانی.

کە شۆڕش لە ناوچەکانی فوراتی نێوەڕاست هەڵگیرسا تەنها لە نێو کوردەکانی دیالەدا دەنگی دایەوە، ناوچەکانی دیکە هێز و توانایان نەمابوو.... هۆزی (دلۆ- دەلۆ) کە لە نزیک خانەقین نیشتەجێن بە سەرکردایەتی کەریم خەسرەو بەگ رادەپەڕن و دوای بەرپابوونی شۆڕش لە شارەبانیش ١٩٢٠/٨/١٤ شاری خانەقین دەگرن و شۆڕشگێڕانی کورد دەست دەگرن بەسەر دامودەزگاکانی میریدا و ئاڵای بەریتانیا دەهێننە خوارەوە و ئاڵای عوسمانیی هەڵدەکەن و خورشید بەگی سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەی موجاهیدینی سەردەمی دەسەڵاتی تورك بە فەرماندار دادەنێن و کڕین و فرۆشتن دەگەڕێتەوە سەربەکارهێنانی لیرەی تورکی.. هێمنی و ئاسایش بڵاوبووەوە، شەو ماڵان دەرگایان دانەدەخست، هەرکەس لیرەیەکی بدزرایە، صەد رووپیەی وەردەگرتەوە، هەرکەسیش دەرگای ماڵی خۆی داخستایە صەد لیرە سزایان لێ دەستاند)!!(ئاوها، ئەوە سەردەمی مەهدی بووە، بەڵام خەڵکەکە نەیاندەزانی!! ن.ك).

هەروەها دکتۆر عەلی ئەلوەردی دەڵێت جەنگاوەرانی سەنجاب و کەڵهور بوونە هۆی گەڕانەوەی ئینگلیز بۆ خانەقین، ئەمجا برایم خانی دلۆ (دەلۆ)[١٠٤] لەناوچەی کفری رادەپەڕێت و لە شۆڕشی تەلعفەریشدا یەزیدییەکان (مەبەستی ئێزدییەکانە) لایەنگر و پشتیوانیی هێزەکەی ئینگلیز دەکەن. شێخ ڕەزای تاڵەبانی نوکتەیەکی خۆش دەگێڕێتەوە، کۆمەڵێك سواری دەلۆیی دەبنە میوانی، دەڵێن یا شێخ، ئالیك بۆ ئەسپەکانمان، خواردنی چاك و نوێنی گەرمیش بۆ خۆمان. شێخ لە وەڵامدا دەڵێت کارکارێکی (کارەکەر) (دەلۆیی)م لایە، هەریەکەتان لۆیەکی بدەن بە خۆتاندا!

شێخ مەحموودکە بە حوکمدار ناسرا، پێدەنێتە قۆناغێکی رامیاریی نوێوە زۆر جیاواز لە قۆناغی راپەڕین و شۆڕشی شاخ، بەڵام هەلومەرجی دەرەکیی بۆ نەڕەخسابوو، هۆکارە ناوەکییەکانیش کەم نەبوون، وەك:

١- دەورو پشتەکەی شێخ وەك خۆیان نەشارەزا بوون، ڕێگەیان بە خوێندەوار و رووناکبیر (منەوەر) و ئەفسەرەکانیش نەدەدا بێنە پێشەوە و هەمیشە ئەوەیان بەبیر شێخ دەهێنایەوە کە ئەمانە ئەندامەکانی لقی سلێمانی کۆمەڵەی یەکێتین کە بوونە هۆکاری هەراکەی موصلّ.

٢- هەندێك لە خزمانی شێخ یا سەردار و سەرۆك هۆزەکان حەزیان بە سەرۆکایەتی دەکرد و نەدەچوونە ژێر سایەی شێخەوە، وەك بابەکری سەلیم ئاغای پشدەر، مەحموود پاشای جاف، چەند قلێك لە هەمەوەند، سەردارانی ناوچەی کفری. لەوانیش زۆر بەرەوخوارتر هەبوو حەزیدەکرد کوێخای گوندێك بێت نەك فەرماندەیەکی لەشکر یا لێپرسراوێکی حکومەتەکەی شێخ مەحموود.

هۆکارە دەرەکییەکانیش وەك:

سیخوڕ و چڵکاوخۆرەکانی تورك کە نیشتمان پەروەرانی کورد بۆ سووکایەتی بە جلخوار ناویانەدەبردن بە کوردستان و عێراقدا بڵاوبووبوونەوە و لە چالاکیدابوون بۆ دووبەرەکی نانەوە، ساردکردنەوەی کورد لە بیری

کوردایەتی وسەربەخۆیی،دڵکرمێ کردنیان لە شێخ گوایە بووە بە پیاوی کافران! ئـەوە جگـە لـە هەڵکەوتـە جیۆپۆلەتیکە نەحلەتیەکە، کە هەر چوار لا دوژمن و ناحەزن.

بەڵام مێژەرنۆئیل دۆستی شێخ بوو، بـە پلانـی خـۆی و ئاگـاداریی ویلسـن هـەوڵی زۆریـدا لـە باشـوور و باکووری کوردستاندا کورد لە ژێر ئالای شێخ مەحموود یا هەر سەردارێکی کورددا کۆبکاتەوە، هەر بۆ ئـەو مەبەسـتەش بـە نهێنـی دەچـێتە بـاکووری کوردسـتان و پەیوەنـدی بـە بەدرخانـەکان و سـەرۆك هـۆز و دەسترۆیشتووەکانی کورد و رووناکبیر و نیشتمان پەروەران و ئەفسەرە کوردەکانی نیشتەجێی ئەستەمووڵەوە دەکات بە هەوڵی هەموان داواکارییەکانی کـورد بەرنـە پێشـەوە، بـەڵام ئـاش لـە خـەیاڵێك و ئاشـەوان لـە خەیاڵێك. شێخیش لای خۆیەوە وایدەزانی گرەوی لە ئینگلیز و تورکیش بردۆتەوە و هـەموو دەسـتەڵاتێکی لە دەستدایە و هەرواش دەمێنێتەوە. میجەر نۆئێلیش کە راوێژکاری رامیاریی شێخ بوو، ئاگادار بوو، ئـەو بێسەرو بەرییەشی بە دڵ نەبوو، بەڵام ئەوەندەی بۆیکرا نەیدەهێشت پارسەنگی پەیوەندییەکانی نێـوان شـێخ و نوێنەری باڵا لە بەغدا تێکچێت. بە بۆنەی ئەو بێسەر و بەرییەوە بوو حەمدی بەگی صاحیبقڕان رەخنە لە دەوروپشتەکەی شێخ مەحموود دەگرێت و پوخت و رەوان دەڵێت:

**جائیزە بۆ میللەت وکوردایەتی بێ رەشبەڵەك بێ قەزابێ باجی رەحمە نایەڵێ رێك هەڵپەڕین**[١٠٥]

مێژوونووسی گەورەی کورد مامۆستا رەفیق حیلمی وەهـای بـۆ چـووە کـە بەریتانییـەکان و بەتایبـەتیش مێجەرنۆئێل دژی عوسمانیی و تورك بوون نەك لە یەکەمین جەنگی جیهاندا، بەڵکو لە کاتی ئاشتیشدا و لە بەرنامەیاندا بووە کوردستانی گەورە دابمەزرێنن. بەڵام من دەڵێم ئەوان دەیانویست کوردی باکوور و باشوور پێکەوە لە دژی تورك راپەڕن پشت بە ئەفسەر و خوێندەوارەکان و دامەزرانـدنی حکومـەتی کوردسـتان بـۆ بەرژەوەندی خۆیان، ئەوەش بە کەڵکی شێخ نەدەهات، چونکە نە سەرانی باکوور دەهاتنە ژێر باڵی شێخ، نە شێخیش دەچووە ژێر فەرمانی ئەوان.

مێجـەر نۆئێـل بـەکارێکی تایبـەتی و نهێنـی رۆژی ١٩١٩/٧/٣٠ دەگاتـە ئەسـتەمووڵ و چـاوی بـە سـەرکردەکانی کـورد دەکـەوێت (مەبەسـتی سـەرکردەکانی بـاکوورە وەك شـێخ عەبـدولقادری شـەمزینی، جەلادەت بەدرخان، عەلی بەگ بەدرخان، کامەران عالی بەدرخان، ئەکرەم بەگی جەمیل پاشای دیاربـەکر، عەبدولڕەحیم ئەفەندی . ن.ك) و لەسەر پێشنیازی ئەوان کۆمەڵێك رێکدەخەن پێکەوە بەناوچەکەدا بگەڕێن (مەبەست پێکهێنانی شاندێکە بە یاوەری نۆئێل بە ناوچەکانی باکووری کوردستاندا بگەڕێن کە بریتی بوون لە. ن.ك) دوو کوڕی ئەمین عـالی بـەدرخان، سـەید مـوعین زاوای شـێخ عەبـدولقادری شـەمزینی و سـەید ئیبراهیم ناوێك کە پیاوقوڵێکی ە.[١٠٦]

وەك بە ناوەکاندا دەردەکەوێت، شاندەکە لە ئاسـتی سـەرانی کـورددا نـەبوو، نۆئێـل لـەو رووەوە دەڵێـت: (دڵگران نەبووم کە شێخ عەبدولقادر لەگەڵ مندا نەهات، چونکە هەرچەندە پیاوێکی رووخۆش بـوو، بـەڵام کەللەڕەق و رەشبین و ئاسۆ تاریك بوو... زۆر ئارەزووم دەکرد ئـەمین عـالی بـەدرخان لەگەڵمانـدا بهاتایـە، چونکە جگە لەوەی سادە و رووخۆش بوو پیاوێکی گران و سەنگینیشە، بەراستی پیاوێکی وەهـا بـە سـام و

هەیبــەت دارێــژراوی بیروهۆش،ســرمە خاوێن،هــەموو مــەرج و پێداویســتییەکی ســەرکردایەتیی تیــا ئەدرەوشایەوە.)

کارەکەی میجەر نوئێل بۆ هەر مەبەستێك بووبێت، رێکخستنی ماڵی کورد و یەکخستنی تواناکانیان و هاندانیان بوو بەیەك دەنگ داوای مافەکانیان بکەن یا هەر بۆ ئاژاوەنانەوە و کێشە و سەرئێشە دروستکردن بوو بۆ تورك و بەکارهێنانی کارتی کـورد بـۆ گوشـار خسـتنە سـەریان لـە دانوسـتاندنەکانی بەلاداخسـتنی کێشەی موصلدا... کارەکە بە رواڵـەت بـۆ سـەرژمێرکردنی کـورد و ئەرمەنـەکانی بـاکووری کوردسـتان و دیاریکردنی ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەیان کورد، ئەرمەن یا تـورکن و ئامـانجێکی رامیـاریی لـە پشـت کارەکـەوە نییـە، بـەلام دەسـتەلاتدارانی تـورك ئاگـاداری هاتوچـۆو جوولانـەوەکانی بـوون و بەچـاوی گومانەوە سەرنجیاندەدا.نۆئێل لەو رووەوە نووسیویەتی ١٩١٩/٧/٢٣ بە فڕۆکە گەڕامەوە بۆ حەڵـەب و لـە دیمەشقەوە بۆ بەغدا و ٨/١٩ دیسانەوە گەڕامەوە حەڵەب.

مێجەرنۆئێل وەك ئەفسەرێکی پایە بڵندی ئینگلیز، بەڵام بەپێچەوانەی زۆربەی ئەو ئەفسەرانەوە راستگۆ و بێلایەن و بەویژدانەوە هەرچیەکی بەچاوی خۆی بینیـوە یـا بـە گـوێی خـۆی بیسـتوویەتی بـۆ پیشـاندانی بارودۆخی دیمۆگرافی باکووری کوردستان، پەیوەندی کورد و تورك، کورد و ئەرمـەن، هەستونەسـتی سـادە و ساکاری کوردە گوندنشینەکان بەرامبەر بە تورك بە گشتی و کاربەدەستە زۆردارە ستەمکارە دڵڕەقـەکانیان بەتایبەتی لە یادداشتەکانیدا تۆمار دەکات کە هەر هەمووی بەڵگەی زیندوو حاشا هەڵنەگرن و ئاوێنەیەکی بالا نمای چەوساوەیی و کوێرەوەری و دەردەدڵی دانیشتوانە بە کورد و ئەرمەنـەوە بەدەسـت جـەورو سـتەمی تورکەوە، بەڵام جێگەی داخە ئەرمەن کە دەبینن دەوڵەتی عوسمانی لەسەرەمەرگدایە و لەولاشەوە هێزەکانی رووسیا صاڵی ١٩١٩ دێنە پێشەوە، سەربەرز دەکەنەوە و دەکەونە جموجووڵ و بە چەك و تەقەمەنی رووسیا لە هەرێمەکانی قەفقاسیا و لەناو تورکیاشەوە لە هەرێمەکانی باکووری کوردستانەوە دەست بە پەلاماردانی کوردی برا و دراوسێیان دەکەن و شەش هەزار کوردێکیان کوشت و تۆڵەی تاوانەکانی سوارەی حەمیدییە لە دانیشتوان دەکەنەوە و ئەوە لەبیر خۆیان دەبەنەوە کـورد چـەندین خێزانـی ئەرمـەرنییان لـە مـاڵی خۆیانـدا دەشاردەوە و میهرەبانی زۆریان لەگەڵدا نواندن و لە شمشێری بێبەزەیی تورك رزگاریان کردن.... بەهـەرحاڵ پلانەکەی مێجەر نۆئێل سەرینەگرت، چونکە:

١ــ لێپرسـراوانی دەوڵـەتی تـورك لـە هاتنەکـەی ئاگـاداربوون و زۆرینـەمابوو کەمالییـەکان هـەموویان دەستگیربکەن.

٢ـ هەندێك سەرۆك هۆزی کورد نەدەهاتنە ژێر ئالای شێخ مەحموودەوە، شێخیش ئەم یاخیبوونەی ئەوانی بە فیتوپلانی ئینگلیز دادەنا و هەوڵیدەدا لە رێگەی دەم چەورکردنەوە کاریان تێبکات و هەرنەبێت دژایەتی نەکەن و بێلایەن بن. مامۆستا رەفیق حیلمی لەوبارەیەوە دەڵێت: (دەنگ وا بڵاوبـوو ئـەو ٣٠٠.٠٠٠ سـێ سەد هەزار رووپیەی لە خەزێنەی حوکمەتدا بوو (مەبەستی لە خەزێنـەی ئینگلیـز بـوو لـە سـلێمانی دوای کشانەوەی ئەفسەر و سەربازەکانیان لە شار بەرەو کەرکوك. ن.ك) بـە تـەکبیری شـێخ و پاشا (مەبەسـتی

شێخ مەحموود و موستەفا پاشای یامولکییە. ن.ك) بەسەر هەندێ لە گەورەکانی عەشایر دابەش کراوە کە لەو رۆژانەدا هاتبوونە سلێمانی)[١٠٧]. (مەبەستی لە بابەکری سەلیم ئاغا و کەریم بەگی هەمەوەندو سەردارانی ناوچەی رانیەیە. ن.ك.)

٣ـ بنەماڵەی بەدرخانەکان و بنەماڵەی شێخانی شەمدینان ناکۆك بوون،[١٠٨] سەرانی بەدرخانییەکان ئەو ناحەزیی و رێکنەکەوتنەی شێخانی شەمدینانیان بە پلانی کەمالییەکان دادەنا.

٤ـ سەرانی کورد لە باکوور و باشووری کوردستان بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان لە پێش بەرژەوەندی گەل و نەتەوەوە دانابوو.

٥ـ ئەو دووبەرەکیی و دەستخستنە خوێنی یەکترەی بەپلانی چەپەڵ و رەشی عوسمانیی و کەمالییەکان لە نێوان کوردو ئەرمەندا خۆش دەکرا، لای هاوپەیمانان و رۆژنامەکانی ئەوروپا وەها خراپ بەسەر کورددا شکایەوە، کورد ئەرمەن دەچەوسێنێتەوە و ئەگەر ئەمڕۆ وەها بکەن سبەی رۆژ دەوڵەتیان هەبێت هەر بەجارێك رەگوڕیشەیان دەردەهێنن. چاویان لەوەش دەنووقاند ئەرمەن بە پشتیوانی رووسیا ساڵی ١٩٠٩ چۆن بەوپەڕی خوێن ساردی هەزاران کوردی بێتاوانیان قەڵاچۆ و رەشەکوژ کرد.

پلانەکەی مێجەر نۆئێل پلانێکی فراوان و گرنگ بوو، کورد لە باشوور و باکووری کوردستان یەکدەست لە تورك راپەڕن، لە باشوور بیانگێڕنەوە باکوور و لەوێش جگە لە کورد، دەکەونە بەر هەڕەشەو مەترسی هێرشی یۆنان، ئەرمەن، پاشماوەی هێزە هاوکارەکانی سوڵتان، لەشکرەکانی بەریتانیا و فەرەنساش. جا کەمالییەکان لەو بارودۆخە نوێیەدا کە بنکە و بارەگای سەرکردایەتی و حکومەتەکەشیان لە باکووری کوردستان و لەنێو کورددا دامەزراندبوو، هەموو هێرش و پەلامارەکانیشیان دژی دوژمنەکانیان هەر لە کوردستانەوە رێکدەخران و بەڕێدەکران، دەکەوتنە بەر ئاگری ئەو هەموو دوژمنە و وەك پۆڕی خوراویان لێدەهات، بەڵام زۆر جێگەی داخە سەرانی کورد ئەو هەلە زێڕینەیان لە دەستدا.

تورك و ئینگلیز هەردوولایان، رێزیان لە شێخ دەگرت، بەڵام ئینگلیز شارەزای داب و نەریتی نەتەوە موسڵمانەکان نەبوون، لەسەر هەندێك شتی ئاسایی دڵی خەڵکیان ئازار دەدا و دەیانکردنە ناحەز و بە کافر و گڵاو سەیریان بکەن، هەر بۆ نموونە کە کەسێك خۆی لە سەگی ئەفسەرێکی ئینگلیز دەپاراست، تووڕە دەبوون و بە کابرایان دەوت، سەگەکەم لە تۆ پاکترە، من زوو زوو دەیشۆم! بەڵام لە پاڵ رێزگرتنەکەدا پارەو پوولیشیان بڵاودەکردەوە بۆ دەم چەورکردن و کڕینی سەرۆك هۆزەکان و هەڵگێڕانەوەیان لە شێخ بۆ ئەوەی شێخ نەگاتە ئاستێك منەتیان لێنەزانێت و پێ لەسەر داخوازییەکانی کورد دابگرێت، یا نەیاندەویست ئەوەندە بەهێز بێت، بێتە نێو گەمە سیاسییەکەوە، بەڵکو هەر لە بازنەی بەرژەوەندییەکانی ئەواندا هەڵسوڕێت... شەریف حوسەین و مستەفا کەمال لە گەمە نێودەوڵەتییەکەدا نەبوون، بەڵام هەریەکەیان دروست لە بارودۆخەکە تێدەگەیشتن، پلانەکانیان بە سەرکەوتن دەشکێنەوە و وەك یاریزانێکی سەرەکی جێگەی خۆیان لەسەر مێزە سەوزە نەحلەتییەکە دەگرن. مستەفا کەمال بە هەموو ئامانجەکانی گەیشت، بەڵام شەریف حوسەینی مەککە لەو دواییانەدا وەك شێخ مەحموود بیری دەکردەوە، کورسیەکەیان لێسەندەوە

و دایان بە کوڕەکانی و دووریشیان خستەوە بۆ دوورگەی قوبروس و بە دەردێکیان برد هەزار نەحلەت لەو ڕۆژە بکات تێیدا لە دایك بووە. شەریفی مەککە لە کاتێکدا سێ لە کوڕەکانی شای هەریەك لەعێراق و سوریا و ئەردەن بوون، لەسەر کرێی ئەو خانووەی تێیدا دەژیا،خۆی و هاوسەرەکەی(شا و شاژن) دەبرێنە بەردەم دادگا! جارێکیش خەنجەرەکەی بەرۆکی لای دوکانداریك دادەنێت بە بارمتەی کیلۆیەك قاوە... خوێنەران بەلایانەوە سەیر نەبێت، چونکە کاربەدەستانی ئینگلیز لە قوبروس، ئەو پارەیەی بە پۆستدا بۆ شەریف دەهات لای کوڕەکانییەوە، بە دەستی ئەنقەست چەند مانگێك گلیاندەدایەوە و لە کاتی خۆیدا نەیاندەدایە!

نێوانی شێخ و ئینگلیز ساردیی تێدەکەوێت و متمانەیان بە یەکتر نامێنێت، چونکە:

١ـ شێخ کاری بنەڕەتیی و پەیمان و ڕێککەوتنی ڕاستەقینەی دەویست لە هەردوو هەرێمی سلێمانی و کەرکوك دەستی والا بێت، ئەوانیش پەیمان و بەڵێنی سەربەخۆییان بە کورد، عەرەب، ئەرمەن دەدا، بەلام بەشێوەیەکی تەمومژاوی و لاستیکیی کە دواڕۆژ دەستیان نەبەستێت.

٢ـ هەوای سیاسەتی نێودەوڵەتی هەر ڕۆژە و لە لایەکەوە هەڵیدەکرد و پشتی پێنابەسترێت. سەرکردە و پێشەوا پێویستە چەند ململانێ لەگەڵ دوژمندا دەکات لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانەکانیشی پشتێنی لێ نەکاتەوە.

٣ـ لەو دوو بۆچوونە جیاوازەی سەرەوەدا نوێنەری بالا لە بەغدا دڵنیابوو کە شێخ مەحمود ئەو هەویرە قوڕینەیە نییە هەڵیشێلن و پاشای کوردستانی بە دڵی خۆیان لێدروست بکەن، بە کەڵکی خۆیان و کوردیش بێت وەك فەیصەڵی کوڕی حسەین. ئەوەش کارێکی ئاسان نییە، مسز بیل، سکرتێری بەڕێوەبەرایەتی بەریتانیا لە (عێراق) ئەو ڕاستییە دەردەخات کە پێگەیاندن و ئامادەکردنی فەیسەڵ بۆ پاشایەتیی و تەخت و تاج کارێکی سەخت و دژوار بوو، دەڵێت هەرگیز جارێکی دیکە بەشداریی کارێکی وەها ناکەم.

٤ـ هەرچی کاری گرنگ هەبوو لە حوکمدارێتییەکەی شێخدا بە دەست ئینگلیزەوە بوون و پیاوی خۆیان بەڕێوەیان دەبرد، لەبەر زۆری سەربازی هند، سیك، گورگە، عەرەب و ئەفغان،ئەرمەنی،جوولەکە و فەلە، سەرباز و کاربەدەستی کورد هەر دیار نەبوون.

٥ـ *بەریتانیا* بەرنامەی رامیاریی خۆی بەرامبەر شێخ دەگۆڕێت، نوێنەری بالا میستەرویلسن، مێجەرسۆن وەك ڕاوێژکاری شێخ دەخاتە جێگەی مێجەر نۆئێل .ئەحمەدتەقی دەڵێت:(نۆئێل کە دڵنیابوو ناتوانێت ئینگلیزو شێخ بگەیێنێتە لێکتێگەیشتن،داوای دەست لەکارکێشانەوە دەکات (لەپۆستەکەی) و گەڕانەوە بۆ بەغدا،ویلسن نوێنەری بالاش ئاواتە خواز بوو میجەر سۆن بخاتە شوێنەکەی ـ بڕوانە خەباتی گەلی کورد لەبیرەوەرییەکانی ئەحمەد تەقیدا.لاپەڕ٢٣ ـ٢٤ ستۆکهۆلم ١٩٨٨) ئەو دوو ئەفسەرە بەرامبەر کورد لە چەندین لایەنەوە جیاواز بوون، سۆن ٣٠ ساڵێك لەمەوبەر لە ژێر پەردەی بازرگانێکی شیرازیدا بەنێوی غولام حوسەینی شیرازی لە هەڵەبجە ژیاوە و هاتۆتە سلێمانیش و بەپیادەیی بە دەربەندی بازیاندا تێپەڕیوە بێئەوەی کەسێك هەست بەوە بکات ئەم بازرگانە ئەفسەرێکی بەشی هەواڵگریی لەشکری

بەریتانیایە.

مێجەر سۆن هەر لەو ڕۆژەوەی گەیشتە سلێمانی لە ١٩١٩/٢دا دەستی بە پیلانگێڕان کرد، ناحەزی شێخ و دەورو پشتەکەی بوو، هەروەك چۆن دوژمنێکی سەرسەختی ئەو کوردپەروەرانەش بوو کە لەگەڵ سیاسەتی ئینگلیز هاوبیر نەبوون و دوژمنێکی دڵڕەقی تورکیش بوو.

مێجەر سۆن سنووری راوێژکاری شێخ دەبەزێنێت و فەرمانڕەوای باڵادەستی هەرێمەکە هەر خۆی بوو.

حیلمی دەڵێت: کابرایەکی ڕۆح زل و لوت بەرز بوو، ئەمین زەکیش دەڵێت: (ئەم فاضلە (پیاوخاس.ن.ك) وەك کورد کوردی دەزانێت، بگرە لە گەلێك زانای کوردیش شارەزاترە تێیدا).[١٠٩]

دیارە ئەمین زەکی بەگ هەروا ماشەڕایی ئەو بڕیارەی نەداوە، سۆن یەکەمین کەسە کە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی گۆڕیوەتە سەر زمانی کوردی، کوردییەکی پاراوو بێ گرێوگۆڵ و ساڵی ١٩٢٠ لە بڵاوکراوەی پێشکەوتن دا بڵاویکردۆتەوە کە مستەفا پاشای یامولکی دەریدەکرد، لە راستیشدا سۆن هەر خۆی سەرپەرشتیی و ئاڕاستەی (پێشکەوتن)ی دەکرد و نووسینی تێدا بڵاو دەکردەوە. بەجۆرێکیش نووسەرانی کوردی هاندەدا بە کوردیی پەتی بنووسن، هەر یەکێکیان لاپەڕەیەك بە کوردیی پەتی بنووسێت ٢٠- ٣٠ رووپیێ پاداشتی وەردەگرت، ئەم هاندان و دڵسۆزییەش بوو بە هۆکارێکی گرنگ بۆ سەرەتاکانی نووسین و داڕشتن و دەربڕینی زمانی هاوچەرخی کوردو جگە لەوەش (مێجەرسۆن گەلێك ڕێگاوبانی هاتوچۆی کردەوە و هێمنی و ئاسایشی بە هەموو لایەکدا بڵاوکردەوە و ئازووخەیەکی زۆریان بەسەر زۆربەی خەڵکی بێ دەرەتانی شاری سلێمانی بەخشییەوە.[١١٠] بەڵام رەوشتی زۆر نزم بوو، بەهەر لایەکدا بڕۆیشتایە سێ ئافرەتی رەوشت نزمی لەتەك خۆیدا دەبرد، تیاترۆخانەیەکیشی کردەوە، بەرامبەر ناودارانی کوردیش توندوتیژبوو، ئەحمەد بەگی جاف لە گوندی ریشێن دەکوژێت، سەرانەشیان لە حامید بەگی جاف و داود بەگ سەند بە تۆمەتی ئەوەی یارمەتی شۆڕشی شێخ مەحموودیان داوە).[١١١] مێجەرسۆن لە کوردستان (بەجۆرێك کاری دەکرد لە کەرکوك و هەولێر و موصڵ و کفری و خانەقین،کورد (مەبەستی شێخ مەحمووده) ئیشی نەڕوات، بە کوردی ئێرانی دەوت مانەوەتان لەگەڵ ئێران چاکترە. ویلسنیش دەیوت شێخ مەحموود مووچەخۆرێکی ئێمەیە نابێت لە فەرمانمان دەرچێت).[١١٢]

مێجەرسۆن وەك لێپرساوێکی بەریتانیا مانگی کانوونی دووەمی ١٩١٩ هاتە سلێمانی و وەك راوێژکاری شێخ دەست بەکار بوو، ئەرکی سەرەکی و گرنگیشی ئەوەبوو ئەو هەوڵانە پووچەڵ بکاتەوە شێخ و چل سەرداری کورد لە باشوورو خۆرهەڵات بە گەرمی خەریکی بوون بۆ ئامادەکردن و پێشکەش کردنی داواکارییەك بە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس بۆ بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی قەوارەیەکی رامیاریی سەربەخۆ بۆ کورد بە رابەری شێخ مەحموود، بەڵام ئینگلیز هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی ئەوەی کورد بۆیان دەکات ئەوە ناهێنێت بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە رۆژهەڵاتی ناوەندا بخەنە مەترسییەوە و ناوچەکەش ئاژاوە و نائارامی تێدا بڵاو ببێتەوە، ئەوەبوو دەستیانکرد بە پیادەکردنی بەرنامەی بێهێزکردنی شێخ و هەڵگێڕانەوەی سەرانی کورد، بۆ ئەو مەبەستەش کاپتن بیل و کاپتن پارکەر دەنێرنە لای سەرۆك هۆزەکانی رانیە و پشدەر بۆ

هاندانیان دژی شێخ و دۆست و هاوکارەکانی لەو ناوچەیەدا و بڵاوکردنەوەی پارە و پولێکی فرە و بەڵێنی زەوی و زار پێدان و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و پۆستی بەڕێوەبردن و مووچەی چەور، بەڵام غەفور خانی یەندزە لە پارێزدابوو، مەردانە دێتە گۆ، بە سەرۆك هۆزەکانی مەنگور، مامەش، بلباس، ئاکۆو پشدەر دەڵێت: (وتم باوەڕ بە ئینگلیز ناکرێت و هاکا ئاشکرا بوون، مەردی خوابن با مەردایەتی خۆمان پیشان بدەین، با نەڵێن ئەو کوردانە پەیمان و شەرەفیان نییە و کەر و دڕندەن و تەنها بۆ پارەوپوول و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان تێدەکۆشن. وەرن رووبەڕوویان بوەستین و پشتی شێخ بەرنەدەین بۆ ئەم کافرانە).(١١٣) بەو وتارە ئامۆژگاری ئامێزو ویارکردنەوەیەی غەفوور خاندا ئاشکرا دیارە ئەو سەرۆك هۆزانەی کورد، هەموویان یان هەندێکیان دڵیان لە شێخ گۆڕیوە و سەنگەریان گوێزاوەتەوە پاڵ ئینگلیز. پێویستە ئەوەش نەشارینەوە با نەوەی نوێ ئەو راستییە بزانن کە ئەو سەردارانەی کورد بەوهۆیەوە هەڵوێستیان گۆڕی لە سیاسەتی شێخ و بەرنامەکانی و دەورو پشت و دەستوپێوەندەکەی رازینەبوون، بەڵام ئەوەشیان نەکرد وەك سمکۆی شوکاك رووبەڕوو بە راشکاوی گرێی دڵ بۆ شێخ بکەنەوە... یا هەر بەرژەوەندی تەسکی تایبەتی و پارە و پوول و دەستەڵاتی ناوچەگەری پاڵی پێوە دەنان حەز بە کەوتنی شێخ مەحموود بکەن؟ ئەمە پرسیارێکی گرنگە، بەڵام وەڵامەکەی زۆر گرنگترە!

هۆکارەکان هەرچی بوو بن، هەرچەند شاردراوەش نین، بەڵام سەریان لە شێخ شێواندو رێگەیان لەبەردەمدا نەهێشتەوە جگە لە پەنابردنە بەر تورك و ئەو کارەساتانەش کە بە دووی خۆیدا هێنانی و سزا و تاڵاوو ئۆباڵە مێژووییەکەشی هەر بەتەنها شێخ دەینۆشێت.

ئەم رووداوە روون و ئاشکرا دەیسەلمێنێت لە بواری پلانگێڕاندا دژی دوژمن و نەیاران ئینگلیز لە تورك چالاك و کارامەتر بوون و توانییان بەشێك لە هۆزەکانی جاف، هەمەوەند، پشدەر وەك وەسمان پاشای جاف، مەحموود ئەفەندی هەمەوەند، بابەکری سەلیم ئاغای پشدەر تەفرە بدەن و هەتا کۆتایی ژیانیان بە دڵسۆزی لەگەڵیاندا مانەوە و کەموزۆریش بەربەرەکانی شێخیان دەکرد، هەرچەند خۆشبەختانە نەیاندەگەیاندە ئەوەی رۆژێك لە رۆژان لوولەی تفەنگ بکەنە یەکتر و هەرئەوەندەشیان پاساو هەبوو بە شێخ بڵێن: راست و دروست ئێمە باوەڕ بە تورك ناکەین.

شێخیش وەك کاردانەوەیەك، بەنهێنی لەگەڵ شێخ قادری برایدا رێکدەکەون، گوایە شێخ قادر لە شێخ جیابووەتەوە و هێزێکی تایبەت دادەمەزرێنێت لەهەرهەموو ئەوانەی سیاسەتی شێخیان بەدڵ نییە و دڵیانی رەنجاندووە بەتایبەتیش ئەفسەران و خوێندەواران.(١١٤)

پلانەکە سەردەگرێت، شێخ قادر بە هاوکاری میجەر دانلیس و پارەو پولی ئینگلیز دەستدەکەن بە دامەزراندنی هێزێکی سوارە و پیادە لە ژێر فەرماندەیی شێخ قادردا. کەڵکی ئەم کارە بۆ شێخ مەحموود لەوەدا بوو هەردوو گرووپەکەی هەوادارانی ئینگلیز و تورکیشی دەمکوت دەکرد، هەوادارانی ئینگلیز وایاندەزانی ئەمانیش بوونەتە هێزێك لە کوردستاندا و لە شێخ جیابوونەتەوە، هەوادارانی تورکیش کە بەزۆری دەوروپشتەکەی شێخ بوون دڵیان خۆش بوو لەوانە رزگار بوون و هەر خۆیان نزیك شێخ مەحموودن و

دەوروپشتیان تەنیوە.

دوورکەوتنەوەی سەرکردە باڵادەستەکانی کۆمەڵی یەکێتی و پێشکەوتن مژدەیەکی خۆشبوو بۆ مستەفا کەمال، لەوەش خۆشتر سوڵتان بڕیاریدا بینێرێتە ئەنەدۆڵ (ڕۆژهەڵاتی تورکیا) بۆ ڕێکخستنەوەی لەشکرە دۆڕاوو هەڵوەشاوەکەیان لەو دەڤەرە فراوانە. ئەمە هەلی زێڕین بوو، بۆ مستەفا کەمال، چاکترین و لەبارترین هەرێمی تورکیای کەوتە بندەست کە بۆ ڕاپەڕین بگونجێت دژی سوڵتان و هێنانەدی ئامانج و پلانە نهێنییەکانی کە هێشتا ئاشکرای نەکردبوون... بەڵام تورك گورزێکی دیکەشی بەردەکەوێت، کاتێك سیاسەتمەداری ناسراوی یۆنان (وەنیزەلۆس) لەوەدا سەرکەوت ویلسنی سەرۆکی ئەمەریکا و لوید جۆرج سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا و کلێمەنصۆی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا قایل بکات دەستی ئاوەڵا بکەن شاری ئەزمیر داگیر بکەن. مستەفا کەمال ١٨٨١ـ ١٩٣٨/٩/١٠ ڕۆژی ١٩١٩/٥/١٥ دەگاتە ناوچەی ئەنادۆڵ، یۆنانیش لەهەمان ڕۆژدا ئەزمیر لە چنگی تورك ڕزگار دەکەن.

مستەفا کەمال پەیوەندی بە گشت ئەفسەرانی لەشکر و چینە ڕووناکبیرەکانەوە دەکات و هانیاندەدات لەشکرو جەماوەر ڕێکبخەنەوە و لەپێناو تورکیادا نەك لە پێناو سوڵتاندا! پلانەکەشی بەسادەیی خستە بەردەستیان:

هەنگاوی یەکەم ساردکردنەوە و ڕاگرتنی هێرشی لەشکری یۆنان.

هەنگاوی دووەم پەلاماردان و دەرکردنیان لەناوچەکە و ڕزگارکردنی شارە جوانەکەی ئەزمیر.

نە سوڵتان و نە هاوپەیمانەکان ئاگادارنەبوون مستەفا کەمال چی لەژێر سەریدایە، بەڵام گومانیان لێدەکرد، بۆیە سوڵتان ناچار دەکەن فەرمانی بۆ دەربکات بە پەلە بگەڕێتەوە ئەستەمبوول، بەڵام مستەفا کەمال ناچێتە ژێر ئەو فەرمانە، بەپێی خۆی بچێتە بەردەم دوژمنەکانی... لە سوڵتان و هاوپەیمانەکانیش یاخیی بوو! لەناوچەی ئەرزرۆم و سیواس چەندین کۆبوونەوەی جەماوەری فراوان دەبەستێت بۆ جۆشدانی جەماوەر و هەڵگێڕانەوەیان لەو سوڵتانەی بووە بە داردەست و گوێ لە مشتی داگیرکارانی وڵات... مانگی حوزەیرانی ١٩١٦ جەماوەرەکەی سەربەکەمال لە سیواس لەنێو خۆیاندا کۆمیتەیەکی سەرکردایەتییان هەڵبژاردو کورد زۆر بە گەرمیی و بە گیان و دڵ کاری بۆ دەکرد و سەریخست کە لە مێژوودا بە کۆنگرەی سیواس تۆمارکراوە. (سوڵتان فەرمان بە والی ئەرزرۆم دەدات سوارێکی زۆر لەو کوردانە کۆبکاتەوە کە جێگەی متمانەن، بیاننێرێتە سەر مستەفا کەمال لە سیواس، دوای سەرکەوتنیش پولێکیان پێوە بنێت و هێزێك لە تورك دروست بکات، چونکە ئەوانە سبەی وەرەقی لێ هەڵئەگێڕنەوە و داوای مافی نەتەوەیی خۆیان دەکەن).(١١٥) کورد بەرژەوەندییەکانیان لە پەلاماردان و دژایەتیکردنی مستەفا کەمالدا نەدەبینی، گوێ بە فەرمانەکەی والی نادەن، والیش لای خۆیەوە پەلاماردانی مستەفا کەمال بە چاك نازانێت و زۆر لە کوردەکان ناکات، مستەفا کەمالیش لەو داوە ڕزگار دەبێت کە نازانرێت ئەنجامەکەی چ کاریگەرییەکی لەسەر دوارۆژو چارەنووسی تورکیا دەبوو، بەڵام ئەوە دەزانرێت سوڵتان کەوتبووە ڕۆژگارێکەوە والی ئەرزرۆم بایەخ بە فەرمانی هۆمایۆنی نەدات.

جگە لەوە سوڵتانیش لای خۆیەوە وەك هەنگاوێك لە دژی کۆمیتەی نوێنەرایەتییەکەی کەمالیەکان و درێژەپێدانی دەسەلات و فەرمانڕەوایی خۆیدا لە ١٩٢٠/١/٢٠ کۆمیتەیەکی کارتۆنی بەناوی "پەیماننامەی میللی"یەوە قوتکردەوە و چەند بڕیارێکی بڵاوکردەوە کە باس لە عەرەب و کەمایەتییە نەتەوەییەکان دەکات و کەموزۆر ناوی کوردی تێدا نییە.

**بەندە گرنگەکانی پەیماننامەکە بریتییە لە:**

بەندی یەکەم: دەوڵەتی عوسمانی دەست لەو ناوچانە هەڵدەگرێت کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی سەرپشك دەکرێن لە هەڵبژاردنی ئەو سیستمی بەڕێوەبەرایەتییەی دەیانەوێت.

بەندی سێهەم: کەمایەتییە نەتەوەییەکان بەپێی ڕێوشوێنێکی دیاریکراو بەڕێوە دەبرێن، بەمەرجێك کەمایەتییە موسڵمانەکانیش لە وڵاتی بێگانەدا بەهەمان شێوە بەڕێوە ببرێن.

بەندی پێنجەم: دان بە بوونی ئەرمەندا دەنێین لە تورکیادا، تەنها لە ناوچەکانی قارس، باتۆم و ئەردەهان و لە دوارۆژیشدا راپرسی دەکرێت ئاخۆ دەیانەوێت لەگەڵ تورکدا بمێننەوە یا جیا دەبنەوە.

لەو بڕیارانەدا کە تەنانەت  هەر بە ناوهێنیش ناوی کوردی تێدا نەهاتووە، ئاشکرا دەردەکەوێت کوردیان لە تورك جیانەکردۆتەوە و هەر بە یەك نەتەوەیان داناون. کە یاسای بنەڕەتیش دەرچوو لە بەندی ٨٨دا نووسراوە:

"دانیشتوانی تورکیا، رەگەز و ئاینیان هەرچی بێت هەر تورکن"، تۆرانییەکانیش بە ئاشکرا دەیانوت: (نامۆکانی) سەر نیشتمان دوو رێگەیان لەبەرە: ببنە تورك یا بمرن! ئەو گەل و نەتەوە (نامۆ)یانەش کە ئامادە نەبوون لەنێو تورکدا بتوێنەوە، رێگەیەکیان لەبەردەمدا نەما جگە لە راپەڕین و شۆڕش.

وڵاتی عوسمانی تووشی رۆژێکی رەش هاتبوو، سوڵتان وایدەزانی تەنها بە هێمای پەنجەیەك هەرچی موسڵمانی سەر گۆی زەویە کە ژمارەیان ١٦ ملیۆن دەبێت رادەپەڕن و داگیرکاران لە وڵاتی موسڵمانان وەدەردەنێن، بەڵام بە هەڵەدا چووبوو، نیوەی لەشکرەکانی هەڵگەڕانەوە، پاشماوەکەشی بەتایبەت ئەفسەران خۆیان شاردبووەوە، نەکەونە بەردەستی دوژمن و ناحەزان. ئینگلیزەکانیش مەستی سەرکەوتنەکانیان بوون و تەنگیان بە تورکەکان هەڵچنیبوو، سووکایەتییان پێدەکردن و دەستدرێژییان بۆ سەر شەرەف و نامووسیشیان دەکرد.

سەرەك وەزیران (صەدری ئەعزەم) عەلی رەزا پاشا دژی دەستدرێژییەکانی ئینگلیز و چاوشۆڕی سوڵتان دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە. رۆژی ١٩٢٠/٤/٣ سوڵتان وەحیدئەلدین پۆستەکەی دایە فەرید پاشا کە سیاسەتمەدارێکی نەرم و دەستەمۆ بوو، دڵی سوڵتان و هاوپەیمانان رادەگرێت و دژی نیشتمان پەروەران و کەمالیەکان دەجوولایەوە.

رۆژی ١٩٢٠/٤/١١ (پشت بە فەتوای شێخ الاسلام دری عبداللە زادە ئەفەندی)[١١٦] لەشکر کۆکرایەوە بۆ پەلاماردانی مستەفا کەمال کە دژی خەلیفەی موسڵمانان و جێگری پەیامبەر ئالای یاخیبوونی بەرز کردۆتەوە، هاوکات دادگایەکی قەرەقوشی (عورفی) بە سەرۆکایەتی ژەنەراڵ مستەفا پاشا یامولکی دامەزرا

و لە پاشملە بڕیاری سزای مردن بۆ مستەفا کەمال و یاریدەدەرەکانی، فوئاد پاشا لیوا، قەرە واصیف بەگی میر ئالای، مستەفا پاشای فەریق، دکتۆر عەدنان و حسێن فەوزی وەزیری پێشووی هێزی دەریایی دەردەکات.(١١٧)

## داگیرکردنی ئەستەموول

یەکەمین جەنگی جیهان بەپێی پەیمانی مودروس لە ١٩١٨/١١/١١ دا رادەگیرێت و بڕیاری ئاگربەست راگەیەندرا. هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان مەرجەکانی خۆیان بەسەر تورکیاو ئەڵەمانیای دۆڕاودا سەپاند و لەشکرەکانیان هاتنە نێو ئەستەموولی پایتەختەوە، وەزارەتەکەی کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتنیش بە سەرۆکایەتی جاوید پاشا لە ٩١٨/١١/٣٠ لە کارکەوت و کابینەیەکی سەر بە سوڵتان بە سەرۆکایەتی تۆفیق پاشا هەتا بەهاری ٩١٩ مایەوە و دوای ئەویش کابینەکەی فەرید پاشای زاوا دامەزرا، سەرکردە باڵادەستەکانیش وەك ئەنوەر، جەمال، تەلعەت، نیازی خۆیان گەیاندە دەرەوەی وڵات و سەرکردەی لەشکری بەریتانیا، ژەنەراڵ ولسن دێتە ناو پایتەخت و ١٩٢٠/٣/١٦ دەیخاتە ژێر فەرمانی سەربازییەوە و دەستی بەسەر هەموو کاروبارەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سوڵتاندا گرت و یەك دەنگو یەك هەڵوێست سوڵتانیان هاندەدا لەشکر بنێرێتە سەر مستەفا کەمال و بواری نەدات یاخیبوونەکە پەرە بسێنێت و بەهێزتر بێت، لەو کەسانەش گومانیان لێ دەکرا سەر بە کەمالییەکانن یا دژی هاوپەیمانان و سوڵتانن ٦٦ لێپرسراوی باڵادەستیان دەستگیر کرد لە سڤیل و هێزی سەربازی و هەندێکیان رەوانەی دورگەی ماڵتە کردن و کۆمیتەی نوێنەران هەڵوەشا و ئەوانەی بەردەستیش نەکەوتن خۆیان گەیاندە مستەفا کەمال لە ئەنقەرە.

شێخ باوەڕی بە ئینگلیز نەمابوو، مێجەرسۆن و کاپتن بیلی یارمەتیدەری بە ئاشکرا دژایەتییان دەکرد، تەنانەت لە کۆڕو کۆمەڵدا دەیانوت: (شێخ مەحموود کێیە؟ ویلسنیش دەیوت شێخ مووچەخۆرێکی ئێمەیە نابێت لە فەرمانمان دەربچێت)،(١١٨) ئەنجامی سووکایەتی پێکردن و زیندان و ئاوارەیی و فرمانی خنکاندن و هتد، شێخ بە تورك دەڵێت (ئەو هەموو جەورو حەقارەتەی ئینگلیز بە منیان کردووە) و بە هەموو لایەکدا هەڵپەی دەکرد ناحەزەکانیان کۆبکاتەوە و بنزمانی سەرۆك هۆزەکان بزانێت، چونکە زۆر لەو کوردانەی بە دروشمە بریقەدارەکانیان خەڵەتابوون کە رزگارکاری گەلان و پشتیوانی مافەکانی مرۆڤن، کە هیوابڕاو بوون بایاندایەوە بەلای تورکدا و نێوانی شێخ و ئینگلیزیش تەواو تێکچوو، کار گەیشتە هەڕەشە و گوڕەشە ئەگەر شار چۆڵنەکات بۆمبارانی دەکەن. شێخ بۆ پاراستنی سەروماڵی دانیشتوان، شار چۆڵ دەکات و دەکشێتەوە داریکەلی، بەڵام هاوکار و دڵسۆزی وەك مەحموود خانی دزلی و کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند و هەباسی مەحموود ئاغای پشدەری هەبوون سەروماڵیان لە پێناوادا بەخت دەکرد. بەتەنها هێمایەکی شێخ، مەحموود خانی دزلی بە ٣٠٠ سوارەوە بەناوی زیارەتی کاك ئەحمەدی شێخەوە روویکردە سلێمانی.. ئینگلیز هاواری لێ بەرز بووەوە، دەبێت شێخ رێگەی لێبگرێت! شێخ دەڵێت نەبۆتە باو، رێگە لە میوانەکانی کاك ئەحمەد بگیرێت. شەوی ٢٠ لەسەر ١٩١٩/٥/٢١ لە سووکە شەڕێکدا لە دەوروپشتی شار، هەرئەوەندە چەند سەربازێك کوژران، ئینگلیزەکان دەشکێن و سەربازە کوردەکان پاڵیاندا بە هێزەکەی

کوردەوە و دزلّی بە سەرکەوتوویی هاتە نێو شارەوە و هەرچی سەرباز و ئەفسەری تێدا بوو وەك دیل کرانە (دەبۆ)کەوە (ئێستا بازاڕی دەبۆکەیە لە ناوەڕاستی سلێمانیدا ن.ك) کە یەکێکیان مێجەر دانلیس بوو، بەڵام مێجەرسۆن وەك پێشبینی رووداوەکەی کردبێت کاپتن گرینهاوس دەکاتە جێگرو ١٩١٩/٥/٢١ خۆی دەگەیەنێتەوە کەرکووك).(١١٩) ئەو هێزەی لە کەرکووکیشەوە بۆ فریاکەوتنیان دەهات کەوتەبەر پەلاماری هێزەکەی شێخ و بە زیانێکی زۆرەوە گەڕانەوە دواوە و دەستکەوتی چاکیشیان لە دوا جێما بۆ شۆڕشگێڕانی کورد. جێگری نوێنەری باڵای تاجی بەریتانیا لە عێراق، ویلّسن بە فڕۆکە دێتە سەر ئاسمانی سلێمانی و بەچاوی خۆی دیلەکان دەبینێت لە سەربانی (دەبۆ)کە (شێخ بە ئەنقەست لەسەربان رایگرتبوون)، بڵاوکراوە بۆ شێخ بەردەداتەوە کە لە بەغدا ئامادە بێت بۆ گفتوگۆ! لەوێشەوە دەفرێت بۆ سەر هەڵەبجە، نامەیەك بۆ فەرماندارەکەی (فەرمانداری شار. ن.ك) لیس، بەردەداتەوە کە ناتوانم بنیشمەوە و لە هەڵەبجە مەمێنە و خۆی (خۆت . ن.ك) دەرباز بکە، بەڵام (لیس) دەستگیرکرا و دواتر بە هۆی خانمی وەسمان پاشای جافەوە ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە کەرکووك.(١٢٠) هەرئەم ماوەیەش وەك مامۆستا رەفیق حیلمی دەڵێت (حەوت فڕۆکە لە هەورامان بەردرانەوە)(١٢١) و هەر رۆژەش لەلایەکەوە ئەفسەرێکیان دەکوژرا. بارودۆخەکە زۆر گرژە، بە هەموو مەزندەیەك دەبوو کێشەکان تەنها بەشەڕ یەکلایی بکرێنەوە.

مەحموود خانی دزلّی مەردانە و بە پەلە بەدەنگ داواکاری شێخەوە دەچێت و دەگاتە سەر هێزەکەی ئینگلیز کە لە دەوروپشتی سلێمانی و (پەلاماری هێزەکەی ئینگلیز دەدات بەبیانووی زیارەتەوە. لەو کاتەدا خۆپیشاندانێك دژی ئینگلیز لە سلێمانی بە رابەری عیزەت نەجیب بەرەو سەرای سلێمانی هاواریان دەکرد فێڵبازەکان دەمانەوێ ئاڵای کورد هەڵ بکەین، ژیانمان دەوێت، سەربەخۆییمان دەوێت، بە شێخیش دەڵێن شێخ مەحموود لەگەڵ تاجی بەریتانیادایت یان لەگەڵ ئێمە؟ شێخ لە وەڵامدا دەڵێت بە خوا هەتا دواهەناسەی ژیانم لەگەڵ ئێوەدام و دەچێتە ناویانەوە و دەنگی داگرتنی بەیداخی ئینگلیز و هەڵکردنی ئاڵای کورد بەرز بووە. شێخ روو دەکاتە جەماوەر: تاجم ناوێت.. رەزابوونی گەل رەزای منە، هەر سەربەخۆییەك ئینگلیز بیدات توانەوەمانە).(١٢٢) هێزەکەی ئینگلیز کە هەواڵی خۆپشاندانەکەی پێدەگات (لە قەراخ شارەوە ویستی بێتە ناو شار بۆ دامرکاندنەوەی راپەڕینەکە، بەڵام مەحموود خان کۆتایی بە دوا سەربازیان هێنابوو جگە لەوانەی هەڵاتن یا دەستگیر کران).(١٢٣)

## رووبەڕووبوونەوەکەی دەربەندی بازیان

سەرکردایەتی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق بۆ ئابڕووکڕینەوەی خۆیان و تۆڵەسەندنەوەی ئەو شکستە سەربازییە گەورەیە هێزێك لە کەرکووکەوە بەسەرکردایەتی فرایزەر بەرەو سلێمانی دەنێرن. هێزەکە بە ١٠٨ سەربازهەڵگر و هەشت تانکەوە رۆژی ١٩١٩/٥/٢٥ هەر ئەوەندە گەیشتە تاسڵووجە، هێزێکی کورد بە سەرکردایەتی شێخ قادری برای شێخ بە حەفتا تفەنگەوە لە پارێزدابوون، لە پێکدادانێکی قورسدا کە هەتا نیوەڕۆی خایاند کوردەکانی ناو دوژمن هاتنە پاڵ براکانیان، زیانی دوژمن فرە زۆر بوو، ئەوەی دەربازیش بوو بەرلەوەی بگاتە چەمچەماڵ کەوتنە بۆسەی هێزێکی دیکەوە. کاپتن لود بۆ فریاکەوتن گەیشتە

گۆڕەپانی شەڕەکە، ئەویش هەشت کوژراوو بیست بریندار پتری زیـان بەرکـەوت و بـەتاریکیی شـەو خۆیـان گەیاندەوە چەمچەماڵ. ئینگلیز لەم دەستوەشاندنە لەناکاوەی کوردو سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی جەماوەر لە شار زۆر دەترسان شۆڕش و راپەڕین هەموو لایەك بگرێتەوە و کوردی خۆرهەڵاتیش لە ڕێگـەی خانەقینـەوە پەلاماریان بدەن و لەولاشەوە سەرکردەی هێزێکی تورك گەیشتبووە بەرایی ڕەواندز، بۆیە بـە پەلـە پلانێـك دادەنێن، هێزێك بەسەرکردایەتی بریدجس دەگاتە ناوچەی شەڕەکە، هێزێکی قەبەش بە پشتیوانیی فڕۆکـەی جەنگیی و بە سەرکردایەتی فرایزەر دەنێرن بۆ چەمچەماڵ.

بۆ ڕێگەگرتن لە یارمەتی هاوکارەکانی شێخیش لە دیوی ئێران تیپێك سەرباز بە سـەرکردایەتی ژەنـەڕاڵ مۆد بەرەو خانەقین، لونگرێك بە هێزی لیڤییەوە بـەرەو تاسـڵووجە، بـەڵام تووشـی سەرشـۆڕییەکی قورسـتر هاتن، بریدجس بە هەزار دەردی سەری گیانی خۆی رزگار دەکات و لەگەڵ هێزەکەی (مان)دا لە چەمچەماڵ یەکدەگرنەوە. زیانی دوژمن هەشت کوژراوو ١٢ بریندار و ١٤ بێسەر و شوێن بوو. ئەمجارەش دوژمن خـۆی کۆدەکاتەوە و تیپی هەژدە دەگاتە قەرەهەنجیر و هێزەکانی شێخ قادر و مەحموود خـانی دزڵـی مـاوەی سـێ ڕۆژ گیانبازییان لەگەڵدا کردن و فڕۆکە جەنگییەکانیش بۆمبـارانی بارەگـای شـێخ مـەحموودیان دەکـرد لـە هەردوو گوندی (بنە) و برایم ئاوا.[١٢٤]

ئینگلیز دەسـتی لـە (عێـراق) گیرکردبـوو، دامەزرانـدنی دەوڵـەتی عێراقیشـی گەڵاڵـە کردبـوو، دەسـتی خستبووە نێو کاروباری عەشایەرەوە، کۆمەڵێکی چاك ئەفسەر و خوێنـدەوار و کـارگێڕی بـەڕێوەبردنیان لـە خۆیان کۆکردبوویەوە. ڕێگری گەورە لە (عێراق)دا هەر شێخ بوو، نە بۆیان دەستەمۆ دەکراو نـە دەیـانتوانی لە نێوی بەرن، بەرژەوەندی ئینگلیزیش ئەوەی دەخواست هەمـوو بەشەکانی (عێراق) هێمن و ئارام بێـت بـۆ ئەوەی بتوانن ویلایەتی موصڵ لە تورکیا دابڕن و بیلکێنن بەو عێراقەوە کە خەریکە دایدەمەزرێنن، بـەڵام ڕاپەڕینەکەی شێخ کارەکانی ئەوانی تێکدەدا.

ئینگلیز هەموو تواناکانی خستبووە گەڕ لە پێناو ئەوەدا باشووری کوردستان خامۆش و باکوور پشـێویی بێت، کە گوایە هیچ کێشەیەکیان نییـە و دەیانـەوێت هەرێمەکـە بلکێـت بـە عێراقـەوە. تـورکیش زۆر بـە گەرمی هەوڵیدەدا باکوور خامۆش بێت کە گوایە شادمانن لەگەڵ تورك بژین، باشووریش پشێوی و ڕاپەڕین بێت کە گوایە ناخوازن لەتەك عەرەبدا بژین و دەخوازن بگەڕێنەوە باوەشی دایکی نیشتمان. ئینگلیـز بڕیـار دەدەن مەکۆی کوردایەتی دژ بەوان لە کوردستانی خواروو تێکبدەن و هەرچۆنێك بێت شێخ مەحموود بهێننە سەر چۆك! ئەمە بەشی یەکەمی پلانەکەیان بوو دژی شێخ و هیوا و ئاواتـەکانی کـورد، بەشـی دووەمیشـی هاوکاریی و پشتیوانیی سەرانی کوردبوو لە کوردسـتانی بـاکوور، بەدرخانـەکان و شـێخانی نـەهریی. شـێخ مەحموود دەکەوێتە خۆی (فەرمانیدا بەشێخ قادری برای بە ٥٠٠ سوارەوە ڕێگـای کـەرکووك ـ چەمچـەماڵ ببەستێت و ڕێگە نەدەن هێزە گەمارۆدراوەکەی چەمچەماڵ کۆمەکییان لە کەرکووکـەوە پـێ بگـات. شـێخ قادر لە (بنە)ی سەرووی چەمچەماڵ و ٢٤ میل دوور لە کـەرکووك دەسـتێکی چـاك لـەو کاروانـە چـەك و ئازوقەیە دەوەشێنێت بۆ چەمچەماڵ ڕەوانە کرابوو، دەستی بەسـەردادەگرێت. لەولاشـەوە میجـەر جەنـەراڵ

تیـودۆر فرایـزەر لـە موسـڵەوە بەسـەرکردایەتی تیپـی ١٨ هاتـە دەوروبـەری خانـەقین ڕێگـە لـە هاوکـاری (دانیشتوانی ن.ك) خانەقین، کفری، کوردی سنووری ئێران بگرێت کە یاخیبوون و داوای حکومەتی کـوردی دەکـەن لەگـەڵ شـێخ مـەحموود خـانی دزڵـی سـێ ڕۆژ گـەمارۆی فرایـزەر دەدات و زیـانی زۆریـان پێدەگەیەنێت). [١٢٥]

ئینگلیز دەبوو بەرپەرچی دەست وەشاندنەکانی شێخ بدەنەوە، لە کەرکووکەوە هێزێکی گـەورە بەڕێدەکـەن بەتانك و زرێپـۆش و فرۆکـەی جەنگییـەوە و (هەرئەوەنـدەی گەیشـتنە تاسلۆوجە، کتـومزرەقی پـەلاماری هێزەکانی شـێخ دەدەن، بـەڵام خـراپ دەشـکێن و شـێخ دێتـە بازیـان)[١٢٦] و لـە زارکـی دەربەنـد سـەنگەر لێدەدەن.شێخ ئابڕووی بەریتانیای مـەزنی بـرد، بـەو هـەموو چـەك و تۆپخانـە و فرۆکەیـەوە لـە بەرامبـەر هێزێکـی بچـووکی کـورددا دۆش دادەمێنێـت و بـەزیانێکی زۆرەوە دەکشـێتەوە، ئەمـەش بـۆ ئینگلیـز سـەرئەنجامێکی گـەلێك ترسـناکی لێدەکەوێتـەوە و ئـیتر لـە کـەرکووك و هەڵەبجـەش پـەلاماردەدرێن و دۆستەکانیش سەنگەر دەگوێزنەوە لای شێخ، بەتایبەت کە (وتە وتێك هەبوو، ئینگلیـز بـەنیازن دەسـت لـە کوردستان هەڵبگرن)[١٢٧]دوای ئەم شکستە سەربازییە قورسەی ئینگلیز بە دەسـتی پێشـمەرگەکانی شـێخ، هێزێکی ئەوەندە زۆریان هێنایە دەربەند بتوانن ئابڕووی خۆیان بکڕنەوە.

شـێخیش بـۆ دڵنیـاکردنی تـورك و سـەلماندنی هێـز و توانـای پێشـمەرگەکانی بەهـەردوولایان لەوپـەڕی ئامادەییدا بوو، دڵنیاش بوو لە سەرکەوتن و بەزاندنی دوژمن.

ئەو هێزانەی دواتر و بەرووددوا بـۆ شـەڕی چارەنووسسـازی دەربەنـدی بازیـان کۆکرانـەوە (١٩١٩/٥/٢٣ کۆلۆنێل بریدجس بەهێزێکی گەورەی گەڕۆك و لقێك لە بەتالیۆنی مەهراناسە هیندەکان کە فەرمانی گرتنی سلێمانیان پێدرابوو، بەزیانێکی زۆرەوە و بە شپرزەیی دەکشێنەوە و دوو (تانك)یش بەجێـدەهێڵن جگـە لـە چەك و ئازووقەیەکی زۆر و چەندین کوژراوو بریندار.

لۆنگریك کە یارمەتیدەری فەرمانداری سیاسی کەرکووك بوو، ئەویش بە هێزێکی (لیڤی)یەوە کە زۆریـان کوردبوون و بەپارە چەکیان هەڵگرتبوو، ١٩١٩/٥/٢٥ لە هەموو لایەکەوە گـەمارۆدران و کوردەکـانی نێـو هێزە لیڤییەکە پەیوەندی دەکەن بە شێخ مەحموودەوە.

تۆمسن و کۆلۆنێل (مـان)یش هەریەکـەیان بەهێزێکـەوە گەیشـتنە چەمچەماڵ، ژەنـەراڵ سـاندەرس بـە سەرکردایەتی هێزێك لە پردێوە دێت کۆنترۆڵی ڕێگاکانی نێوان کەرکووك و چەمچەماڵ بکات. هێزی لیڤـی بەشێوەیەکی بنچینەیی لەو ئاشوورییانە پێکهێنرابوو لە جەور و ستەم و چەوساندنەوەی تورك ڕزگاربووبوون و لێپرسراوانی ئینگلیز ڕایاندەگوێزن بۆ ناوچەکانی بادینان و دواتریش لە کەرکووك نیشتەجێیان دەکەن و لە دوو بواردا بـەکاریان دەهێـنن، بەرهـەمهێنانی نـەوت و بەگژداچـوونی شـێخ مـەحموود. هاوکـات ئینگلیـز هۆزەکانی عوبید و جبوریش لە حەویجە و دەوروبـەری کـەرکووك نیشـتەجێ دەکـەن. هـەژاری موکریـانیش دەڵێت: ساڵی ١٩٣١ ئینگلیز بە نیازبوو ئاسوورییەکان لە بارزان نیشـتەجێ بکـات و شـەڕی مسـوڵمان و گاور لەو ناوەدا هەڵگیرسێنێت و بەناوی پاراستنی ئاسوورییەکانەوە بەهانەی بەدەستەوە بێـت بارزانییـەکان

قەلاچۆ بکات و تۆویان لەو ناوەدا نەهێڵێت، بەڵام ئاسووری شەڕیان نەکرد و بارزانیش دەستی لە خاکی خۆی بەرنەدا.[١٢٨]

زیانەکانی ئینگلیز لەم ماوە کورتەدا بریتیببوون لە کوژرانی ٨ سەرباز و ئەفسەرێکی کەتیبەی ٢٣ بەنێوی پۆڵ. بریندارەکانیشیان ١٢ سەرباز و دوو ئەفسەر، کاپتن جیسۆلم و ئەفسەر ریکسن، جگە لە ١٤ سەربازی بێسەرو شوێن.

ئۆباڵی ئەو خوێنەی لەهەردوولاش رژا دەکەوێتە ملی ئینگلیز کە لە بەڵێن و پەیمانەکانیان ژووان بوونەوە و شەڕیان بە کورد دەفرۆشت.

ئەوەتا مامۆستا ئیسماعیل شاوەیس مارتی ١٩١٩ وەك نوێنەری شێخ دەچێتە کەرکووك بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ژەنەراڵ فرایزەر و مێجەرسۆن دا، لەوبارەیەوە دەڵێت:(بەڵام ئەوان کوردیان بە جەردە و دز و رێگر تەماشا دەکرد و دەڵێن یەك ملیۆن رووپیە و چەك و تەقەمەنییتان بردووە، هەموو دیلەکان ئازاد بکەن و بێ چەندو چوون خۆتان بە دەستەوە بدەن و دەستەڵاتی ئینگلیز بگەڕێتەوە سلێمانی ئەوجا ئامادەین گفتوگۆ لەسەر مافی کورد و ئازادی کوردستان بکەین!

شاوەیس: ئێوە جەنگتان دژی ئێمە بەرپاکردووە کە پێشێلکردنی پەیمانی نێوانمانە، ئازادی کوردستان بپارێزن، ئێوە بەرپرسیاری زیانی گیانی و ماڵین و بەرامبەر بەو خوێنەی رژاوە حکومەتی کوردستان و مەلیك مەحموود بەرپرس نین.

فرایزەر: سوپای ئێمە بەهێزە، ئەگەر پێویستیمان بوو لە بەغدا، بەسرە و هیندستانەوە هێز دەهێنم و سلێمانی دەگرین.

شاوەیس: بەخوێنێکی زۆر دەتوانن بیگرن، بەڵام هەرچی بکەن دڵ و دەروونی کوردتان بۆ داگیر ناکرێت.

فرایزەر: ئەی دیلەکانتان بۆ کوشتن؟

شاوەیس: دیلمان نەکوشتووە و زیندوون و وەك پێویست مامەڵەیان لەتەکدا دەکەین، پارە و چەك و تەقەمەنیش دەسکەوتی شەڕن و بەخوێن گرتوومانن.[١٢٩]

دیارە مامۆستا شاوەیسی کوردپەروەر و مرۆڤ دۆست و هەمیشە خاوەنی هەڵوێستی جوامێرانە، گومانی لەوەدا نەهێشتووەتەوە کە دوژمن هەر بەپێچ و پەنا لەگەڵ کورددا جوڵاونەتەوە و لەبیانوو گەڕاون، ئەگینا بەپێی بەڵگەنامەکانی ئینگلیز خۆیان، (وێلسن بە فڕۆکە بە ئاسمانی سلێمانیدا گەڕابوو)،[١٣٠] بەچاوی خۆی دیلەکانی بینیبوو کە شێخ بە ئەنقەست دەیانباتە سەربانی دەبۆکەی سلێمانی بۆ دڵنیاکردنی ئینگلیز کە کورد دیل ناکوژن.[١٣١]

هەرچەند فڕۆکەکانی ئەو رۆژگارە لە چاو فڕۆکەکانی ئەمڕۆدا بە گالیسکەش ناچن، بەڵام لای عەرەب و کورد شتێکی سەر سوڕهێنەر بووە و هەرچەندیان کردووە لەو نهێنییە تێنەگەیشتوون تەنێکی زەبەلاح لە تەختە و ئاسن دروستکراوە، وەك باڵندە بە ئاسماندا دەسووڕێتەوە و ئاگر فرێدەدات... پیاوێکی ژیر و خاوەن ئەزموونی خەڵکی بەغدا، مەتەڵەکە هەڵدەهێنێت و نهێنییەکە ئاشکرا دەکات و دەڵێت: ئەوە

جادووە جادوو، ئەگینا ئەم چەکوشەش لە دار و ئاسن دروستکراوە، ئەی بۆ نافڕێت؟!

(ڕۆژنامەی) تێگەیشتنی ڕاستیش دەنووسێت: (جاران مودەتی سەفەر لە قاهیرەوە بۆ بەغدا لە بەینی دوو سێ هەفتەدا بوو)،[١٣٢] بەڵام کۆلارەیەکی ئینگلیز توانی ئەو ڕێگە دوور و درێژە بە (٢١ سەعات و ٣٥ دەقیقە تەی بکات).[١٣٣]

پێویستە ئەو ڕاستییەش بخەینە بەرچاو کە:

فڕۆکە بۆ یەکەمین جار بە ئاسمانی عێراقەوە ڕۆژی ١٩١٩/٧/٥ لە بەغدا بینرا. دەستگیرکردنی فڕۆکەوانیش (یەکەمین دەستگیرکردنی فڕۆکەوانان .ن . ك)لە عێراق ڕۆژی ١٩١٩/١٢/١٣ ڕوویدا و دوو فڕۆکانی بەریتانیایی پێکەوە لە سەلمان پاك (سلێمان بەگ) دەستگیرکران.

یەکەمین پەلاماردانی عێراقیش لە ئاسمانەوە، فڕۆکە جەنگییەکانی بەریتانیا ڕۆژی ١٩١٦/١١/٢٠ بۆردومانی بەغدایانکرد.

هەموو لەشکرەکان بەرامبەر یەکتر لەوپەڕی ئامادەباشییدا بوون، ئەوان تەنها بە سەرکەوتن باری کەوتوویان ڕاستدەبێتەوە، شێخیش هێزوتوانای کورد بە دۆست و دوژمن بسەلمێنێت کە دەتوانن دوژمن لە وڵات وەدەرنێن.

گرنگی سەربازیی دەربەند لەوەدایە، هەر لە دێرەوە و ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت، (هیچ داگیرکارێك هەتا لە دەربەندی بازیان نەپەڕێتەوە، دەستی بە سلێمانی ناگات) [١٣٤]، هەر لەبەرئەوەش بوو (هەردوو لەشکرەکەی ئینگلیز و کورد لە ئەمدیو ئەودیوی ئەو دەربەندەدا دامەزران کە بەرزاییەکەی ١٠٠٠ پێیە و چوار هەزار پێش لە رووی دەریاوە بەرزە).[١٣٥]

دەربەند بەربەستێکی سرووشتیی سەختە،هەر دوژمنێك قۆچی لێبدات قۆچی دەشکێت.

پلانی هێرشەکەی دوژمن لە دوو قۆڵەوە بوو، لە چەمچەماڵەوە بەرەو دەربەند (هێزێکی تێکەڵ بوو، لە، سیك، گورگە (لە هندستانەوە هێنرابوون ن.ك) و کاجنیس کە ئەوانیش لە مەغۆلەکانی بۆرما بوون و بەشمشێر وەشاندن ناوبانگیان دەرکردبوو، بەپشتیوانی تۆپی دوورهاوێژ دێنە پێشەوە و تێکەڵ بەهێزەکانی کورد دەبن و دەبێتە شەری دەستەویەخە. گورگە بە کێرد و قەمە درێژ و تیژەکانیان و کۆکریس و کاجنیسیش بەشمێرە پان و قورسەکانیانەوە، کوردیش بە خەنجەری سووکەڵە و جەوهەرداری (دابان و قەزوێن)ەوە پێکداهەڵدەپژێن و کارەساتەکەی کەربەلا لە کوردستان دووبارە دەبێتەوە. شێخ لەدوو لاوە بریندار دەبێت، ٤٨ شەهیدیش کە دوانیان حاجی سەید حەسەنی مامی شێخ و تایەرە فەندی بەڕێوەبەری پۆلیس بوون لەو ناوەدا کەوتن، جگە لە ژمارەیەکی زۆر بریندار و ١٢٠ پێشمەرگەش بەدیلی کەوتنە دەست دوژمن).[١٣٦]

هەرچەند شێخ هێزێکی چاکی دانابوو بەرگری هاتنە پێشەوەی دوژمن بکەن، گریمان نەیانتوانی هێرشەکە بگێڕنەوە، خۆ دەیانتوانی بکشێنەوە و خۆیان لەو کارەساتە رزگار بکەن.

کەواتە هۆی کاریگەری کارەساتەکە ئەو هێزەی دوژمن بوو کە لە قۆڵی دووەمەوە بەنهێنی لەبەردەمی

دەربەندەکەوە بە دیوی چەمچەماڵدا بە بەرزاییەکاندا هەڵدەگەڕێن و دەچنە سەرەوە و پشت لە هێزەکانی شێخ دەگرن و پەلامارێکی کتوپڕو خێرایان دەدەن.

هێرشەکەی ئینگلیز لەسەر پلانێکی داڕێژراو و کاری زۆری بۆ کرابوو، رەچاوی هەردوو لایەنی کتوپڕی و خێرایی تێدا کرابوو، لە رووی هەواڵگریشەوە پارە و پوولیان بڵاوکردبووەوە و بەکرێگیراوو ناپاکیان دۆزیبووەوە ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە ئەفسەری وەك مێجەر سۆنیان لەگەڵدا بوو، کە ٣٠ ساڵ لەوەوبەر بە سیخوڕی هاتبووە ناوچەکە و شارەزای ئەمدیوو ئەودیوی دەربەندیش بوو، بۆیە ژەنەراڵ فرایزەر توانی لە ماوەیەکی کورتدا ئەو شەڕەی لە ١٩١٩/٥/١٩ تاوەکو ١٩١٩/٥/٢١ بەردەوامبوو بە سەرکەوتنی خۆیان و بەشێوەیەکی دراماتیکی کۆتایی پێ بهێنێت و پشتی هێزەکانی کورد بشکێنێت و شێخیش بە بریندار ی دەستگیر بکات.

هێزەکانی شێخ وەها شپرزە دەبن کەسێك ناپەرژێت بگەڕێتەوە سەر شێخ و دەربازی بکات، تەنانەت حەمەی نێرگەلەش وادەزانێت شێخ شەهید کراوە، هەرئەوەندە فریا دەکەوێت تاو بداتە ئەسپەکەی شێخ و خۆی رزگار بکات!

موشیری حەمەی سلێمان دەڵێت: (لەگەڵ زرمەی تۆپ و قرمەژنی گوللەدا، دوای مۆڵەتی دوو سەعات و نیو هێرش کراو شەڕ تەواو بوو)[١٣٧]، ئیتر لێرەوە ناوی موشیر دێتە گۆڕێ و تێکەڵ بە کارەساتەکە دەبێت و لەو رۆژەوە بەهەق بێت یان ناهەق پەنجەی تاوانی بۆ درێژکراوە... جا ئایا موشیر ناپاکی لە کورد و لە شێخ کردووە یان نا، ئاشکرا نییە، بەڵام ئەوەی ئاشکراو بەڵگەنەویستە، هێزەکانی شێخ چاوەڕوانیان دەکرد دوژمن لە پێشەوە هێرش بکات، کەچی لە پشتەوە و لە شوێنێکیشەوە هەرگیز بە بیریاندا نەدەهات پەلاماردران.

موشیر ئەوە ناشارێتەوە کە نێوانی لەگەڵ شێخدا خۆش نەبووە و دەڵێت (راستە شێخ مەحموود لەگەڵمدا باش نەبوو)[١٣٨].

هەروەها گلەییشی لێدەکات کە هەر خزم و کەسی خۆی دەبن بە شت و هەر بەوەشەوە نەوەستاوە لەگەڵ شێخدا روو بەڕوو یەکلایی کردۆتەوە و یاخیبوونی خۆی راگەیاندووە (قوربان شێخ مەحموود، ئەمە ناحەقییە، ئەگەر وابێت لەم رۆژەوە لەگەڵت نیم و لە پشتی تفەنگەوە نەبێت نامبینیت)[١٣٩]. بۆ پاساودانی یاخیبوون و هەڕەشەکردنەکەشی کە هیچ کوردێك بەرامبەر شێخ نەیکردووە دەڵێت: (حەقی خۆم بوو، من دوژمنی کورد نەبووم، گوناحم بە ملی شێخ مەحموود (کردمی بە دوژمنی کورد ن.ك) برالە، خواش موعارزی هەیە کەوا شەیتانە (کەواتە بە دان پێدانانی خۆی بەرهەڵستکار و رکەبەری شێخ بووە ن.ك)، ئیتر گەورە نابێت هەر خۆی و کەس بە پیاو نەزانێت)،[١٤٠] جگە لەمانە بەدەستو تفەنگی خودی خۆیەوەش بەشداری شەڕەکەی کردووە و ژێر فەرمانی ژەنەراڵ فرایزەریش بووە، ئەوەتا فرایزەر داوای لێدەکات: موشیر، لە کانی بناوەوە سەرکەوە!

موشیر دەڵێت: (هەرچەند بەرز بوو، وتم سوار ناتوانێت لە پلەکان دابەزێت، دوایی،چەکداری شێخ

مەحموود لەوێدا زۆرە. فرایزەر وتی: مەترسێ چەکدار هیچ نییە و سەرشاخەکان هەمووی پیاوی خۆمانە و ئابلۆقە دراون و ئاگایان لە خۆیان نییە)،[١٤١] (پیاوی خۆمانن مانای کوردی بەکرێگیراو، ناشێت کاك موشیر ئاگادار نەبووبێت، جگە لەوەش شێخ شەڕەکەی بەو هۆیەوە دۆڕاند پشتی چۆڵ بوو، نەك چەکداری زۆری لەوێدا نەبووبێت. ن.ك) وەك کاك ئازاد هەمەوەندی نووسیویەتی موشیری حەمەی سلێمان رووداوەکەی بەمجۆرە گێڕاوەتەوە: (خوا ئاگای لێیە بۆ قەومەکەم راستی دەڵێم، چوار پێنج جار بانگکرا، موشیر، کوڕە موشیر! ٤٨ کوژراو کەوتبوون گورگە و سیخ بە نووکی قەمە دەیانپلاننەوە مردووە یا بریندارە بە دیل بیگرن، دەنگەکە بە کەریم یا یەکێتر تێگەیشتم نزیك بوومەوە حەپەسام، شێخ گیان بۆ جێماویت؟ حەمەی نێرگەلەی خوێری ماینەکەمی فراند! موشیر لێم دوورمەکەوە نەك سیخ و گورگە لەڕق و کینەدا زگم بە قەمە هەڵدڕن و بڵێن کوژراوە! نەخێر چیت دەوێت بۆت دەکەم. بڕۆ بانگی (رەنگە مێجەر سۆن یا ئەدمۆنس بووبێت. ئازاد هەمەوەندی) برادەرمە با ئەم پیسانە لە پاڵ ئەم بەردەدا نەمکوژن. رۆیشتم بانگم کرد، ئەفسەرەکە دەستی لە مل کرد منیش چوومە ژێر باڵی و بەرزمانکردەوە و کەوتینەڕێ، خوا ئاگای لە خشەی مارو مێروو هەیە، راستە شێخ مەحموود لەگەڵمدا باش نەبوو، بەڵام (خزم گۆشتەکەت بخوات ئێسکت ناشکێنێت) من لە دڵەوە پێم ناخۆش بوو سەرکردە و سەرداری کورد لە پاڵ تاشەبەردێکدا زەلیلی دەستی دوژمنی قەومەکەی بێت).[١٤٢] بەڵام یووسف ئەمین دەڵێت (موشیر کە شێخ بە برینداری دەبینێت، گورج بە ئەفسەرە ئینگلیزەکان دەڵێت و ئەدمۆنس دەباتە سەری و دەڵێت ئەمە شێخ مەحموودە).[١٤٣] مامۆستا ئیسماعیل شاوەیسیش لەو باوەڕەدا بوو بەهۆی ناپاکێکەوە هێزەکانی شێخ شکان و شێخیش بە برینداری دەستگیر کرا.

شێخ لەتیفی کوڕی شێخیش کارەساتە جگەربڕ و پشت شکێنەکەی دەربەندی بازیان لە یادداشتەکانیدا بەمجۆرە دەگێڕێتەوە کە رۆژی ١٩١٩/٦/١٨ لە شێخ مەحموود و کورد قەوما (دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر (دەستپێکردنی .ن.ك) شەڕەکەدا، سوپای کورد سەرباری ئەوەش کە کەمبوون دەستەویەخە کەوتنە شەڕی مردن و ژیانەوە، لەگەڵ دوژمنەکانیدا، خەنجەری کورد بەرامبەر قەمەی ئینگلیز وەستایەوە... ئەگەر خیانەتی هەندێك لە سەرەك کوردە خۆفرۆشەکان نەبوایە وەك موشیر ئاغا و هەندێك لە خزمەکانی شێخ مەحموود، وا بەم شێوەیە ئینگلیزەکان سەرکەوتنیان بەدەست نەدەهێنا و گەمارۆی سوپای کورد و شێخ مەحموودی سەرۆکیان نەدەدا، لە رێگەیەکەوە هاتن ئینگلیز لەوەوبەر نەیدەزانی، رێ پیشاندەرە خۆفرۆشەکە رێگای بۆ دوژمن ئاسان کردو دەوری سوپاکەی شێخ مەحموودیان گرت، داوایان لە شێخ و سوپاکەی کرد خۆیان بە دەستەوە بدەن، بەڵام شێخ رازی نەبوو، داواکەیانی دایە دواوە. لێرەدا قوماندان حاجی سەید حەسەنی مامی شێخ کە لە ریزی پێشەوەی شەڕەکەدا بوو شەهید کرا، هەروەها باوەڕپێکراوی نهێنی (مەبەستی ـ رازگر ـ سکرتێرە . ن.ك) حکومەتیش، تایەر ئەفەندی، ئەویش پێکراو چووە ریزی شەهیدانەوە، لەکاتی پێکراندا بە شێخی وت: ئەوەی لەسەر شانم بوو بەجێم هێنا، گەورەم تکام وایە خۆت لە مەیدانی جەنگ بکێشێتەوە و برۆیتە دواوە، مانەوەت بۆ ئێمە شتێکی چاکە. شێخ بەجێی نەهێشتوو

دای بە شانیدا بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە شوێنێکی دوور لە شەڕ، بەڵام شێخ مەحموودیش دوو فیشەکی بەرکەوت و بریندار کراو کەوتە سەر زەوی، خێرا شێخ موحەممەد غەریب هەڵی گرت تا بیباتە شوێنێکی ئەمینەوە، بەڵام ئەویش پێکراو فیشەکێك بەر دەمی کەوت. لەم کاتەدا سەدوپەنجا سەربازی کورد لەگەڵ سێ ئەفسەر هاتنە پێشەوە، بەڵام زۆر زوو حەفتایان لێکوژرا، سییان لێ بریندار کرا ئەوانەش مانەوە بە دیل گیران، بەڵام بەرەی لای راست لە لەشکری شێخ، رازی نەبوون خۆیان بەدەستەوە بدەن تا دواکەسیان کوژرا، شەڕیان کرد.سەعید ناکام لەبارەی رووبەڕووبوونەوەکەی دەربەندی بازیان دەڵێت (... یەك لەو فرمانانە ئەوەبوو بچمە گوندی مورتکەی بازیان و لەگەڵ ئاغاکانی هەمەوەندا لەبارەی کۆمەڵەوە قسەبکەم،ئەم پێشنیارە لەلایەن مەحموود فەهمی هەمەوەندەوە کرابوو، کە فەقێ محەممەدی باوکی بە نەخوێندەواری کرابوو بە مودیری ناحیەی بازیان، ئەم هاتنە پێشەوەیەی هەمەوەندەکان سەبارەت بە ناکۆکییان لەگەڵ دەسەڵاتی شێخ مەحموودی گەورەدابوو، چونکو هەندێ لە دێهاتی شێخ، بەتایبەتی گوندی داریکەلی کەوتۆتە ناوچەی بازیانەوە و لەکاتی شۆرشی شێخ دژی ئینگلیز هەندێ لە سەرۆکەکانی هەمەوەند خیانەتیان لە شێخ کردو چوونە لای بێگانەی داگیرکەر .) بڕوانە بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، ل ٣٥.

زیانی سوپاکەی کورد گەیشتە پێنج سەد کوژراو سێ سەد دیل، لە ئەنجامدا ئینگلیز توانی سوپای کورد بشکێنێت، بەنزینیان کرد بەسەر بریندارەکاندا و سوتاندنیان.. شێخ لەم کاتەدا بریندار بوو، ئەمەی بەچاوی خۆی دیووە و گێڕاویەتییەوە بۆم. موشیر ئاغا لەناو بریندارەکاندا شێخ مەحموودی پیشانی ئەدمۆنس ئەفسەری ئینگلیز داو پێ وت: ئەوە شێخ مەحموودە.. کاتێك شێخ دەگرن پێیان دەڵێت: ئەمەیە دیموکراتییەکەتان؟! ئەمەیە مرۆڤایەتییتان؟ ئەئاوا پارێزگاریمان لێ دەکەن؟! ئایا هیچ یاسای نیودەوڵەتان هەیە بۆ جەنگ کە رێبدات بریندار بسوتێنرێت؟! ئەفسەرە ئینگلیزەکە لەم کارە تووڕە دەبێت، ئیتر ناهێڵێت لاشەی سەربازە کوردەکان لەوە زیاتر بسوتێنرێت. لەو کوردە ناودارانەی لەم شەڕەدا شەهید کران، شێخ تەها شێخ عەلی بەرزنجی و شێخ مارف شێخ مستەفا و دوانزە سەربازی دی کە نەدەناسرانەوە لەگەڵ سەدان بریندار.سوپای ئینگلیز بە یارمەتی هەندێك پیاوانی عەشیرەتی هەمەوەند توانیان ناوچەکە داگیر بکەن. ئینگلیز بۆ بەرەڵاکردنی دیلەکانیان (لە سلێمانی) بەرەو سەرای حکومەت رۆیشتن، پاسەوانە کوردە نیشتمان پەروەرەکان رازی نەبوون دیلەکانیان بۆ بەرەڵا بکەن، شەڕیان لەگەڵدا کردن هەتا دوا کەسیان کوژرا. دوای ئەوە موتەسەڕیفی (موتەسەڕریف) سلێمانی حاجی سەید عومەری مامی شێخ مەحموود گیرا و ئەوەندەیان بە دار لێدا تا گیانی دەرچوو، دوای ئەمانە دەستیان کرد بە ئەزیەتدانی خەڵکی بێتاوانی شارەکەو کەلوپەل تالآن کردنیان)[١٤٤]، موشیری حەمەی سلێمان جەنگاوەرێکی لەشکری شێخ بوو، لایەنی شێخ بەردەدات و هەڵدەگەرێتەوە بەلای دوژمندا، ئەمە چەندو چوونی ناوێت، ئەوەی جێگەی مشتومڕە و هەتا ئەمرۆش لەنێوان دوو بۆچوونی جیاوازدا ساغ نەبۆتەوە ئەوەیە ئایا موشیر ناپاك و تاوانبارە یان پاك و بێتاوانە؟ ئاخۆ هۆی کارەساتەکەی بەردەقارەمان و دەربەندی بازیان لە ئەستۆی ئەودایە، کە ئەگەر شێخ

بەسەر دوژمندا سەربکەوتایە، ڕووداوەکانی دواتریش بە ئاقارێکی جیاوازدا دەڕۆیشتن لە بەرژەوەندی کوردابن.

شێخ هێشتا زامەکانی ساڕێژ نەبوو بوون، بەڵام چۆن لە شۆڕشدا ئازاو بەهێز و بە وورە بوو لە دادگاشدا وەك (پڵنگی نێو قەفەز) [١٤٥] مەردانە و خۆی ئاسا، داکۆکی لە خۆی و شۆڕش و مافی ڕەوای کورد دەکرد.دادگاکەی ئینگلیز ئەم تاوانانەی دایە پاڵ شێخ و هاوڕێکانی (چەکهەڵگرتن دژی بەریتانیای مەزن کە بووە هۆی خوێنڕشتن و زیانێکی زۆر. داگرتنەخوارەوەی ئاڵای بەریتانیای مەزن و دڕاندنی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە شوێنیدا. شێخ نە خۆی بەتاوانبار دەزانی نە باوەڕیشی بەو دادگایە کرد، هەربۆیەش داوای پارێزەری نەکرد و بەجۆرە بەرگری لە خۆی و هاوڕێکانی و کێشەی ڕەوای نەتەوەکەی دەکرد، من کە ڕاپەڕیم دژی هەڵوێستی دوژمنانەی ئینگلیز و شکاندنی پەیمانی نێوانمان ڕاپەڕیوم و لەپێناو دەستخستنی مافەکانی گەلەکەمدا، ئەو خوێنەی ڕژاویشە لە ئەستۆی ئینگلیزدایە). [١٤٦]

دادگاکە، کە بڕیاری سزای خنکاندنی بۆ خوێندنەوە. شێخ بە (زەردەخەنەیەکی پڕ لە مانا) [١٤٧] سەیرێکیان دەکات و چاوێکی پڕ لە سووکایەتیش بە شایەتەکاندا دەگێڕێت کاریگەرتر لە خەنجەر.ئەو بە جوامێری ژیابوو، هەربەو جوامێریەش کە بەرامبەر ئەفسەر و سەربازە دیلەکانی ئەوان نواندبووی، دوژمنی شەرمەزار کرد و ژیانی خۆی و هاوڕێکانی دەکڕێتەوە.

ڕاستی و دروستی کارەساتەکە هەرچۆنێك بووبێت، بوو، شێخی کوردان و ڕابەری شۆڕش بە برینداری و تەنها لە پەنا کێوە بەردەکەی دەربەندەدا کە لەو ڕۆژەوە بە بەردە قارەمان ناودەبرێت و هێشتا کورد ئاورێکی لەو شوێنەوارە پڕ شانازییە نەداوەتەوە کە سونبولێکی زیندووی گیانی بەرەنگاریکردنی دوژمنان و خەباتی درێژخایەنی کورد و سەرکردەیەکی ئازای نەتەوەیەکی هەژار و دواکەوتەو بێ پشت و پەنایە بۆ دەستخستنی مافە ڕەواکانی بەرامبەر گەورەترین هێزی سیاسیی و سەربازیی ئەو ڕۆژگارە کە ئاڵاکەی لەهەر چوار قورنەی جیهاندا دەشەکایەوە و هەرگیز خۆر لەو ئاڵایە ئاوا نەدەبوو! [١٤٨]

هۆیەکی گرنگی سەرکەوتنی دوژمن فڕۆکە جەنگییەکان بوون کە هەر لە خۆرهەڵاتنەوە تا تاریك دادەهات وەك واشە بە ئاسمانی کوردستاندا دەگەڕان بۆ هەواڵگریی و تۆقاندنی دانیشتوان و لێدانی هێزەکانی شێخ. پیرەمێردی نەمر لەوبارەیەوە بە شانازییەوە دەڵێت:

ئاخ سا، با، ڤڕەی نەیێ تەیارە          حیزی و ئازایی ئەوسا دیارە

ڕەشید شێخ عەبدلرەحمان یادەوەرییەکی خۆی دەگێڕێتەوە کە ئەوکات تەمەنی حەوت ساڵان بووە (پایزی ساڵی ١٩٢٤ شاری خورماڵ لە بناری شارەزوور کەوتە بەر هێرش و پەلاماری لەشکری لیڤی بەریتانی، لە ئاکامدا پتر لە ٨٠ کوژراویان پێ جێهێشتن... جارێکی تر بە فڕۆکەی جەنگی و ئەسپ سوار لە ئاسمان و زەوییەوە پەلاماری دایەوە، خورماڵیان تاڵانکرد، ماڵ و جێگەو ڕێگە و سامانی ئەوانەی لەگەڵ شۆڕشی حوکمداری کوردستان شێخ مەحموودی نەمردابوون کرایە خۆراکی ئاگر و ڕوو دەکەنە ناوچەی مەریوان. خێزانی ئێمە لە هەموان زیاتر کەوتەبەر ئەو هێرش و پەلامار و ئاگرە...). [١٤٩]

ڕۆژی ١٩١٩/٦/١٨ شێخ بە زامی دوو برینەوە، دەکەوێتە دەست دوژمن، جگە لە شێخ حەمەغەریبی زاوای و ئەفسەرانی لەشکرەکەی (قادر ئەفەندی قەرەداخی، عیزەتی تۆپچی، قالەی ئایشەخان، رەشید جەودەت، رەشید غەفور و ئەدهەم ئەفەندی)، رەوانەی بەغدا دەکرێن و دەدرێن بە دادگایەکی سەربازیی ئینگلیز.(سەرۆکی دادگاکە، دادوەرێکی هەتا بڵێیت داخ لە دڵ و ناحەزی کورد و رابەرەکەی بوو، لە هۆڵی دادگادا نامەردانە سووکایەتی بە شێخ دەکات، ئەویش هیچی بەردەست ناکەوێت، پڕ دەکات بە کڵاوو جامانەکەیداو دەیگرێتە سەرو پۆتەڵاك و دەموقەپۆزی و بەداشۆرین دادەبەزێتە سەری).[١٥٠]

(کاپتن بۆند، فەرمانداری رامیاریی چەمچەماڵ، بەزۆر یا خوایشت کۆمەڵێك کورد دەکاتە شایەت بەسەر شێخەوە و دەیانباتە بەغدا و لە دادگادا زمانیان بە خراپ لە دژی شێخ دەگێرا، ئەوانەش حاجی مەلا سەعیدی کەرکووکی، عیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف، شێخ نەجیب قەرەداغی، عەونی ئەفەندی یۆزباشی، حەمەبەگی قادر پاشا، حاجی ئاغای حەسەن ئاغا و میرزا فەرەجی حاجی شەریف)،[١٥١] هەرچەند لە حەوت شایەتەکە تەنها شێخ نەجیب شایەتی دژی شێخ مەحموود دەدات و نامەیەکی لە باخەڵی دەرهێنا کە شێخ تیایدا داوای لێکردووە هێز کۆبکاتەوە و پەلاماری ئینگلیز بدات، بەڵام دادگا سووربوو لەسەر ئەوەی بڕیاری لەسێدارەدان بەسەر رابەری شۆڕش و شێخ حەمە غەریبی زاوای و سزای زیندانی کردن و کاری گرانیش بەسەر ئەفسەر و یاریدەدەرەکانی شێخدا بدات لە ١٩١٩/٧/٢٥دا.[١٥٢]

بەرلە دادگاییکردنی، شێخ لە نەخۆشخانەیەکی بەغدا بووە بۆ چارەسەری زامەکانی، ویلسن هەرچەند دوژمنێکی سەرسەختی کورد و کۆسپێکی گەورەی بەردەم ئاواتەکانی بوو، رقو کینەیەکی ئەستووریشی لەدڵدا بوو بەرامبەر شێخ، دەڵێت "لە نەخۆشخانەی بەغدا چوومە لای، ئازاو بە کوڵ و دڵ دەیوت نەك دادگای سەربازی ئینگلیز، بگرە هیچ دادگایەك مافی ئەوەی نییە دادگایی من بکات، من بەپێی مافە رەواکانی گەلەکەم کە(حلفاء ـ حولەفا ـ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان) سەلماندوویانە لە رێی کورد و کوردستاندا بەرەنگاری ئینگلیزم کردووە، خۆم بەخت کردووە و دەیکەم. شێخ بازوبەندێکی لە باسکدا بوو کردبیەوە و ١٤ پرنسیپەکەی (وێلسۆن)ی سەرۆکی ئەمەریکا و بڕیارەکەی ئینگلیز و فەرەنسەی بۆ خوێندمەوە دەربارەی مافی نەتەوە بچوکەکان کە لە ساڵی ١٩١٨ بڵاوکرانەوە".[١٥٣]

ئاشکرایە ئەو ١٤ پرەنسیپە و بڕیارەکانی هاوپەیمانان و بڕگەکانی پەیمانی سیڤەر، مافی هەر هەموو گەل و نەتەوە ژێر دەستەکانی زامن کردبوو بە بڕیاردانی مافی چارەنووس و جیابوونەوە لە داگیرکارەکانیان و دامەزراندنی قەوارەی رامیاریی سەربەخۆ، ئەمەش لە ناوەڕۆکدا عارەب، کورد و ئەرمەنی دەگرتەوە.

ئینگلیزیش وەك تورك، هەردووکیان لە خوێنی شێخ دەترسان، بۆیە هەردووکیان و لە دوو سەردەمی جیاوازدا و بەدوو شێوەی ناجۆر، هەریەکەیان توانی دەستگیری بکات، بەڵام هیچکامیان پرکێشی ئەوەی نەدەکرد کۆتایی بەژیانی بهێنێت! ئەوەبوو تورك ئازادیان کرد و ئینگلیزیش سزای خنکاندنەکەی بۆ سوك دەکەن بە دە ساڵ زیندانی و دواتر ئەوەشیان کەمکردەوە بۆ دوو ساڵ زیندانی لە دوورگەی هەنجام لە هیندستان بەسەری بەرێت. حەمدی شاعیر، کوردستان بێ شێخ مەحموود وەها دێتە بەرچاوی کە

دەفەرموێت :        **وەك مەدینە، بێ، نەبیی بێ        یا نەجەف بێ، بێ عەلی**
**شاری غەزنەش بێ مەحموو        وەك ئێستەی داریکەلی**

زیندانی (سەمەربۆر)ش یەکێك بوو لە زیندانە گەورەکانی بەریتانیا لە هیندستان، جێگەی ١٤.٠٠٠ زیندانی تێدا دەبووەوە، تەرخانکرابوو بۆ ئەوانەی لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتدا دژی سیاسەتی بەریتانیا دەوەستان، ساڵی ١٩١٩ لەو زیندانەدا شەڕێکی قورس لە نێوان ئەرمەن و کورددا دەقەومێت، شیعە عەرەبەکانی خەڵکی نەجەف لە تەك کوردەکاندا دەچن بە گژ ئەرمەنەکاندا، کەچی ئەرمەنەکان لە کاتی لێکۆڵینەوەدا لەبەردەم لێپرسراوانی زیندانەکەدا هیچ شتێکیان دژی کوردەکان نەدرکاند و هەموو ئۆباڵەکەیان خستە ملی شیعەکان.

کوردی باشوور و خۆرهەڵات بە گشتیی بە هەست و سۆز و هاوخەمیی و پاڕانەوە لە یەزدان (دەم بە دوعا بوون) بۆ رزگاربوونی شێخ لە (ئەسارەت ـ دیلی)، هەرئەوەندەشیان لە دەست دەهات، بەڵام سەرانی کورد پێکراو جیاجیا بەکردەوە و لە لوولەی تفەنگەوە داوای ئازادکردن و گەڕانەوەی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان دەکەن. (بەپێی بیرەوەری شێخ حسێن کوڕی سەید موحەممەدی جەباری لە هاوینی ١٩٢٢ کۆبوونەوەیەك لە گوندی ژاڵەی لای کرپچنە سازکرا، کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند، سەید موحەممەدی جەباری، شێخ مستەفای شێخ قادری گوللەنەبڕ، ئاغاکانی زەنگنە عەبدولکەریم وادی ئاغا، عەزیز جاسم ئاغا، رۆستەم ئاغا، تێیدا بەشداربوون و بڕیاریان دا بۆ گەڕاندنەوەی شێخ دژی ئینگلیزەکان بجەنگێن.[١٥٤] صالح بەگی خۆرانی بەچوار چەکدارەوە هەرکە چاوی بە کاپتن هی دەکەوێت تێیدەخوڕێت دەی بەزوترین کات شێخ لە هیندستانەوە بگەڕێنەوە.. لەم کاتەدا خورشید ئاغای دزەیی دەگاتە ئەوێ دەڵێت ئەوە چییە؟ کاپتن هی دەڵێت صالح بەگ هەڕەشەم لێ دەکا و پێی لێ کردوومە کەوش و شێخی لێم دەوێ. خورشید روو دەکاتە صالح بەگ: ئەگەر لە هەولێر نەچیتە دەرێ، کارێك دەکەم خوێنی دزەیی و خۆشناوەتیان تێکەڵ بێ. صالح بەگ هەڵدەستێ و دەڕوا (تەور کلکی لە دار نەبوایە داری نەدەبڕی. ن.ك). ئەحمەدی حەمە ئاغا و نامیقی حسێن ئاغای هەمەوەندی ١٩٢٢/٦/١٨ ئەفسەرێك "ئەفسەرێکی ئینگلیز. ن.ك" لە بازیان و کەریم بەگیش ئەفسەرێکی دیکە لە بازیان دەکوژن.[١٥٥] جووڵانەوەی رەواندز جێگەیەکی دیاری لە نێو ئەو رووداوانە دا هەیە، هێزی کوردانی رەواندز، سوورچی، خۆشناوەتی بە فەرماندەیی ئەحمەدی حەمەئاغا و نامیقی حسێن ئاغای هەمەوەندی، نووری باوێڵ ئاغا (مەبەستی لەو هێزانەیە لەوێ کۆبووبوونەوە. ن.ك) تا گەیشتنە دەوروبەری هەولێر بۆ ئازادکردنی، لە هاوینی ١٩٢٢ شەڕێکی گەورەی لە دەربەندی رانیەدا کرد کە بووە هۆی دەرپەڕاندنی ئینگلیز لە رانیە و کۆیە و هەمان کات هاتنە قەمچووغەی نیزیك سلێمانی و توانی مل بە ئینگلیز شۆڕ بکا و ناچاری کرد شێخ لە هندستانەوە بهێنێتەوە. ئەوکاتە رەواندز بووبووە بنکەی جووڵانەوەی نەتەوایەتی کوردو پەناگەی کوردە دەرکراوەکانی ناوچەکانی تر کە لە ترسی ئینگلیز ناوچەکانی خۆیانیان چۆڵ کردبوو، وەك غەفوورخانی ناو دەشت، سەید موحەممەدی جەباری، کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند و هتد.[١٥٦] بەڵام لە هەولێر

دزەییەکان بە شاردا بڵاوبوونەوە و پشتگیری کاپتن هی یان دەکرد.[157] حاجی عەبدوول رەباتی و نوێنـەرانی خێڵی رەبات و روغزایی و میکایەلی (میکاییلی) و شێخ قادری گوڵلەنەبڕ.. زیاد لە پێنج صەد سوار و لە کرپچنە دەوری سێ صەد سوار کۆبوونەوە، ئامانجیان گەڕانەوەی شێخ مەحمود بوو، لە کرپچنە دەوری سـێ صەد کەسیان لە هێزی ئینگلیزەکان بەدیل گرت.[158]

## ئازادکردنی شێخ لە زیندان و گەڕانەوەی بۆ کوردستان

لێپرسراوانی ئینگلیز لە لەندەن لەسەر راسپاردە و راپۆرتەکانی هێزەکانیان لە (عێراق) و نوێنەری بـاڵای حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیای مـەزن لـە بەغـدا، بڕیـار دەدەن شـێخ ئـازاد بکـەن و دوای سـێ صـاڵ زیندانی نێوان ساڵانی ١٩١٩ ـ ١٩٢١ کە لە زیندانەکانی هەنجام لە هیندستان بەسەری دەبـرد، بگێڕنـەوە کوردستان و بەپێی پلانێك لە ٩٢١/٩/١٢دا لە هیندستانەوە بەرێگەی دەریاییدا دەگاتە میرنشینی کوێـت و لەوێشـەوە رۆژی ٩٢٢/٩/١٢ دەگاتـە بەغـداو دواتـریش رۆژی ١٩٢٢/٩/٣٠ دوای سـێ صـاڵ زینـدان و دەربەدەری و دووره وڵاتی گەیشتەوە زێدی باووباپیرانی لە سلێمانی.

وەك دکتۆر عەلی وەردی دەڵێـت رۆژی ١٩٢٠/١/٣١ پۆسـتەیەك لـە زیندانییـە عێراقییـەکانی زیندانـە گەورەکەی هەنجام ئازاد کران وەك شێخ ئەحمەد داوود، جەعفەر شەبیبی و نوری فەتاح و بە دوای ئەوانیشدا بە لێبوردنی گشتی شێخ قادری حەفید (مەبەستی شێخ مەحموودی حەفیـدە. ن.ك) و شـێخ حەمەغـەریب، ئەحمەد ئەفەندی، موحەممەد ئەفەندی و تۆفیق ئەفەندی رۆژی ١٩٢٠/٧/٣ ئازاد دەکرێن.

(کۆتایی ساڵی ١٩٢١ بەریتانیا بە ناچاری شێخ مەحموود لـە زینـدان ئـازاد دەکـەن، ١٩٢٢/١/١٣ لـە بەندەری بۆمبی بەرێدەکەوێت و ١٩٢٢/١/٢٨ گەیشتە کوێت).[159]

شێخ ئەحمەدی میری کوێت یەکێك لە پیاوەکانیشی نانێرێت بۆ پێشوازیکردن، یا دواتر خۆش هـاتنی لـێ بکات، بەڵام شێخ ئەو هەلە لە دەست نادات و بە نیازی دیدەنی روو دەکاتە کۆشکی میر، ئـەمجارەش مـیر، دیارە لە ترسی ئینگلیز ناوێرێت پێشوازی شێخی کوردان بکات و بە یەکێك لە بەردەستەکانی بەنێوی مەلا صالح دەڵێت (بەو کوردانە بڵێ کاتێکی کە بێنەوە)[160] شێخ گوێی لە فەرمایشتەکەی میر دەبێـت لەگـەڵ شێخ حەمەغەریبدا بە دڵشکاوی دەگەڕێنەوە. نوێنەری باڵای بەریتانیا بە توندی سەرزەنشتی مـیری کوێـت دەکات بۆ ئەو ساردو سڕییەی لەگەڵ شێخدا نواندوویەتی، بۆیە میر دەنێرێت بـە دوای شـێخدا، ئـەویش بـە هەمان سارد و سڕی و بەنابەدڵی دەچێتەوە بۆ لای، بەڵام کە قاوەی بۆ دەهێنن نایخواتەوە و دەڵێـت (بمبـورن من کوردم، کوردیش لای هەنـدێ مـیری عـەرەب شـایانی ئـەوە نـین لـە مەجلیسـیاندا قاوەیـان پێشـکەش بکرێت)،[161] نوێنەری باڵای بەریتانیا لە مەبەستی شێخ تێـدەگات و رووەکاتـە شـێخ مـەحموود (جـەنابی شێخ تۆ نەناسراو نیت، کەس ئینکاری پایە و مەقامت ناکات، تۆ یەکێکیت لە سەرداره هەره گەوره و پایە بڵندەکانی کورد)،[162] شێخ لە وەڵامدا دەڵێت (جەنابی نوێنەر سوپاسی لوتفتان دەکـەم، مـن زۆر شـانازی بەوە دەکەم کوردم و سەرداری کوردم)[163] ئەمجا روو دەکاتە شێخ ئەحمەدی میری کوێت و دەڵێت بەڵام (ئەی شێخ ئەمەوێ سەرباری فەرمایشی نوێنەر، شتێکتان بۆ روون بکەمەوە، بەخۆهەڵکێشان نەبێت سەردەستەی

کوڕانی ئادەمم)،[١٦٤] شێخ مەبەستی لەوە بووە سەردەستەی سادات و نەوەی پەیامبەرە، میر زۆر تەریق دەبێتەوە و ئەوەندە شەرمەزار دەبێت دەم هەڵناهێنێتەوە شتێك بڵێت.. دەچێتە سەردانی شێخ و داوای لێبوردن دەکات.

تورك لە ئازادکردنی شێخ ئاگادار بوون، لەو کاتەوە دەگاتە کوێت ئەمانیش دەکەونە خۆیان، مستەفا کەمال و عیسمەت پاشا سەرگەرمی راستکردنەوەی باری لاری تورکیا بوون، هەڵپەیاندەکرد.. ساڵی ١٩٢١ ئیتالیا بڕیاریدا هەموو کەرەسە و پێداویستەکانی جەنگ بۆ حکومەتی ئەنقەرە دابین بکات، ئەم هەڵوێستە ناوازەیە ئاشکرا دەریدەخست هاوپەیمانان لەنێو خۆیاندا کۆك نین و بەرامبەر کەمالیزم (حکومەتی ئەنقەرە) و سوڵتانی عوسمانی (حکومەتی ئەستەموول) و یۆنان، هاوبیر نین و بۆچوونەکانیان جوت ناوەستێتەوە و زۆریش لە یەکدی دوورن.. فەرەنسەش ژێر بەژێر لەگەڵ هەردوو شاندی نوێنەرایەتی ئەنقەرە و ئەستەموولدا لە گفتوگۆو دانوستاندا بوو... لەنێو هاوپەیمانەکاندا هەر بەریتانیا بوو تەنها باڵ و بێپەروا دژایەتی خواست و داواکارییەکانی مستەفا کەمال گورگە بۆری دەکرد لەهەردوو گۆڕەپانی سەربازیدا بەهۆی ژەنەراڵ ملن و لە گۆڕەپانی دیبلۆماسیشدا لوید جۆرج و لۆرد کرزن بە گەرمی خەریکبوون. ملن کە دەستبەسەر ئەستەموولدا دەگرێت و وڵاتەکە دەخاتە ژێر یاسای زۆرەملی ـ قەرەقووش (عورفی) و گاڵەی بە ئەفسەرانی تورك و تورکە رەگەزپەرستەکان کرد. پاڵەوانەکانی یەکێتی و پێشکەوتن ترسنۆکانە دوای ئەو هەموو قوربانی وماڵوێرانی و ژێردەستەییەی بەسەر تورك و گەلانی دیکەیاندا هێنا، سەری خۆیان هەڵگرت. مسیۆ میلرات سەرۆك کۆماری فەرەنساش لە کۆبوونەوەکەی ٩٢١/٤/٢٤ی کۆشکی ئەلیزێ، سووکایەتییەکی بە شاندەکەی بەکر سامی کرد، ئابڕوتکێن، بەڵام گورگە بۆر بەراستی سەرکردەو رابەر بوو، شیاوی خۆیەتی تورك پێی دەڵێن باوکی تورکان (ئەتاتورك)، ئەو پیاوە لەو جۆرە سەرکردانە نەبوو ئەژنۆی بلەرزێت و چۆك دابدات، لە رۆژانی سەختدا ورەی بەرزتر دەبووەوە و دەستی دادەگرت، دوور دەیڕوانی و بەرەوپێش شەقاوی گەورەی دەهاویشت.. هەر ئەویش بوو شەرواڵی داکشاوی تورکی هەڵکێشایەوە.. چاوەڕوانی ئەنجامی گفتوگۆکانی نەدەکرد، ئەو خاکانەی رزگار دەکرد لە دەستیاندابوو، ٩٢٢/٩/١٩ شاری ئەزمیریش رزگار دەکات و هێزەکانی روو دەکەنە ئەستەموول و بەرەو سەرکەوتنی یەکجارەکی.. شاندەکەی بەکر سامی بەندەکانی پەیمانی سیڤەری هەڵوەشاندەوە و زیندەپەچاڵیشی دەکات.. (عیسمەت ئین ئینۆ)ش وەك تاکە نوێنەری تورکیا لە بڕیارەکانی پەیمانی لۆزاندا کە ١٩٢٢/١١/٢٠ لە جێگەی سیڤەری جوانەمەرگ قوتکرایەوە، سنگی دەبردە پێشەوەو داوای بەشی تورکیای دۆڕاوی دەکرد لە دەستکەوتەکانی جەنگەکەدا!! هەروەك ئەوەی تورکیاش وەك بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا براوە بێت و مافی لە دەستکەوتەکاندا هەبێت.

ئەو بێشەرمی و کەرێتییە ئەوەندە لۆرد کرزنی نوێنەری بەریتانیا و سەرۆکی کۆبوونەوەکانی لۆزان تووڕە دەکەن، چەند جارێك بەدەم هەڕەشە و گوڕەشەوە دەگەڕێتەوە لەندەن.

بەهاری ساڵی ١٩٢١ هێزێکی بچووکی تورك دەگاتە شەمدینان و قۆناغ بە قۆناغ هەتا ساڵی ١٩٢٢ و

دەمەدەمی گەڕانەوەی شێخ لە هیندستانەوە، هێزەکەش لە ژێر فەرمانـدەیی ئـۆزدەمیردا دەگاتـە ڕەوانـدز، ئینگلیزیش وەك کاردانەوەی ئەو هەنگاوەی تورك، بەهۆی هێزی لیڤـی و ئاشـوورییەکانەوە هـەردوو شـاری هەریر و باتاس دەگرن، بەڵام هێزە تێکەڵاوەکەی کوردو تورك لـە دەسـتیانی دەسـەندنەوە و شـێخ ئەحمـەدی بەرزانییش لە دژی خراپەکاری دیانەکان کـە بـە پـلان و پاڵپێوەنـانی ئینگلیـز لـەو دەڤـەرە ئەنجامیانـدەدا، ڕادەپەڕێت و دەچێتە نێو هێزەکەی کوردو تورك. ئینگلیزەکان بەجۆرێك شپرزە دەبـن، کـاپتن کـۆك، فـەتاح بەگ دەگرێت و بە بەرچاوی خەڵکەوە بەردەمانچەی دەدات و لەوێـدا دەیکوژێـت.. فـەتاح بـەگ کـوردێکی هەڵکەوتووی خەڵکی سلێمانی بوو، لە ناوچەی پشدەر دادەنیشـت، یەکـەمین ڕکەبـەر و ملـۆزمی بابـەکری سەلیم ئاغا بـوو کـە لەگـەڵ هەباسـی مەمەنـد ئاغـای ئامۆزایـدا بەدەسـەڵاتترین دوو پیـاوی پشـدەرایەتی بوون،(١٦٥) بابـەکر هاوکـاری ئینگلیـز و هەباسـیش سـەرومڕ هاوکـار و دڵسـۆزی شـێخ و جارجـارەش ژێـر فەرمانی تورك بوو.

وەنەبێت فەتاح بەگ هەر دژایەتی بابەکر ئاغای کردبێت، بەڵکو لە چەندین ناوچەی کوردسـتانی خـواروو بێپەروا لە چالاکیدا بوو دژی ئینگلیز و کۆکردنەوەی هۆزەکان بۆ هاوکاریکردنی تورك.. پیاوی تـورك بـوو، ئەویش وەك چەندەهای دیکە باوەڕیان بە ئینگلیز نەدەکرد و باوەڕیان وەهابوو بەرژەوەنـدی کـورد لەوەدایـە هاوپەیمان و هاوسەنگەری تورك بێت. دوور نییـە ڕۆڵـی گرنگـی لـە تیرۆرکردنـی ئەفسـەرانی ئینگلیزیشـدا گێڕابێت لەناوچەکانی بادینان و سنووری ئێران، وەك تیرۆرکردنی کاپتن بیرسن ١٩١٩/٤/١٤ لە زاخۆ.

ئوزدەمیر جموجوولێکی فراوانی دەست پێکرد بەرێککەوتن لەگەڵ سەردارانی کـورد، هێزەکـانی هەباسـی مەمەند ئاغا و کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند و غەفور ئاغای ناودەشـت ١٩٢٢/٨/٢٣ دوو هێـزی لیـوی (لیڤی) تێکدەشکێنن و هێزەکانی ئینگلیزیان لـە ناوچـەکانی پشـدەرایەتی و کۆیـە دەرپەڕانـد و هـەر لـەو ماوەیەشدا کەریم بەگ کاپتن بۆند و کاپتن مالن دەکوژێت و تۆڵەی ئـەوەی لـە بۆنـد کـردەوە کـە کۆمـەڵێك کوردی بردە بەغدا، لە دادگا شایەتی لەسەر شێخ بدەن.

ئەم چالاکیە سەربازیانەی سەرۆك هۆزەکان کەڵکێکی بـە کـورد نەدەگەیانـد، بـەڵکو دەبوونـە بەڵگەیـەك بەدەست تورکەوە کە گوایە دانیشتوانی ویلایەتی موصڵ (کوردستانی باشوور) لە عەرەب و ئینگلیز بێزارن و دەخوازن ڕۆژێك زوتر بگەڕێنەوە باوەشی تورکیای دایك و بەهیچ جۆرێك نایانەوێت بلکێنرێن بەو وڵاتـەوە کە هەنوکە بەناوی شانشینی عێراقەوە، بەریتانیا دایمەزراندووە و فەیصـەڵی کـوڕی شـەریف حوسـەینی لـە دەشتەکانی حیجازەوە هێناوە کردوویەتی بە (شا). پێشـتر فەیصـەڵ لـە کـانونی دووەمـی/١٩١٨ وە هـەتا تەمموزی ١٩٢٠دەبێتە شای سووریا، کە یەکەمین وڵاتی عەرەبی بوو سەربەخۆیی وەرگرت.

شێخ لەتیف لە یادداشتەکانیدا چـمکێکی ئـەو لایەنـە لـەباری سـەرنجی خۆیـەوە ڕووندەکاتـەوە و دەڵێـت تورکیا هێزێك دەنێرێتە کوردستان بەسەرکردایەتی ئـوزدەمیر پاشـا و بەیارمـەتی هەنـدێك لـە کوردەکـانی سەرسنوور، ڕەواندز دەگرن، فڕۆکەکانی بەریتانیاش بـەردەوام ڕەوانـدز بۆردومـان دەکـەن... لـە سـلێمانیش فەرمانەدەی گشتی ئینگلیز میجەرسۆن شار بەجێدەهێڵێت و کاپتن بۆن (بۆند) و مـازۆر مایکل وەك ڕاوێژکار

و جێگری راوێژکار دیاری دەکات. کاپتن بۆن لەگەڵ دانیشتواندا خراپ دەجووڵایەوە و هەڕەشەی لێدەکردن، جارێکیان هەڕەشەی لە دایکم کردو وتی: دەست لەو هەڵسوکەوتانەت هەڵنەگریت دەتخەمە بەندیخانەوە، کەریم بەگی فەتاح بەگ کە ئەو هەواڵە دەبیستێت زۆر نیگەران دەبێت... کاپتن بۆن بە ناوچەی چەمچەماڵدا دەگەڕاو رۆژێك لەوێوە دەچێت بۆ گوندی مۆرتکە لە رێگای تووشی کوردی هەمەوەندی ئازا دەبێت... کوردستان و پیشەواکەتان گرتین، رۆژانە منداڵەکانیشمان دەکوژن، هێشتا بەرامبەر خێزانی سەرۆکمان زماندرێژی دەکەن؟ دەبگرە لە دەستم! کاپتن دەڵێت تۆزێ وەرە سەرخۆت و فەرمانیش بە پیاوەکانی دەدات بیگرن، بەڵام کەریم بەگ لە چاوتروکانێکدا ساردی دەکاتەوە و بە سەربازەکانیش دەڵێت بێنە پێشەوە چارەنووستان وەك ئەم دەبێت، ئەمجا بە هاوکاری موحەممەد ئیمامی خزمی، جێگری حاکمیش دەکوژن و پیاوەکانیشیان چەك دەکەن.[١٦٦]

شێخ مەحموود رۆژی ١٩٢٢/٩/١٢ لە کوێتەوە دەگاتە بەغدا و نزیکەی سێ هەفتەیەك دەمێنێتەوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ شای عێراق فەیصەڵ و نوێنەری باڵای حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیای مەزن ویلسندا.

وەك مامۆستا رەفیق حیلمی لە کتێبی عێراق و کۆمەڵەی نەتەوەکان وەریگرتووە L. Iraq et La Societe des Nateus

دەڵێت: شێخ بە فەیسەڵ و ویلسن و کاربەدەستانی وتووە: "پەیمانی سیڤەر قەت سەرناگرێت، لەبەرئەوە نەك سەربەخۆیی تەواو تەنانەت موختاریەت (موختارییەتیش . ن.ك) بۆ کوردستان بە بیردا نایەت".[١٦٧]

دکتۆر کەمال مەزهەریش دەڵێت: گوایە شێخ لە بەغدا وتوویەتی سیڤەر هەرگیز سەرناگرێت.

ئەو دەمەی شێخ گەیشتە بەغدا، هێزەکانی ئینگلیز کتوپڕ شاری سلێمانی چۆڵ دەکەن و دەکشێنەوە کەرکوك و لیژنەیەك بەسەرۆکایەتی شێخ قادری برای شێخ دادەمەزرێنن بۆ پاراستنی ئاسایش و هێمنی شار.. کەریم بەگی هەمەوەندیش لەناکاو پەلاماری سلێمانی دەدات و دەستی بەسەردا دەگرێت، مستەفا پاشای یامولکیش دەستگیر دەکات کە بیداتەوە دەست تورك، ئەو مستەفا پاشایەی فەرمانی لە سێدارەدانی مستەفا کەمالی گورگە بۆری دەرکردو تورك ناویان نابوو نەمرود و بەخوێنی سەری تینوو بوون.

هەوادارانی تورك (جلخوارەکان) ئاهێکیان پێداهاتەوە، کەوتنە جرت و فرت و هەڕەشەیان لە کوردپەروەران و ئەوانە دەکرد کە چاوەڕوانی گەڕانەوەی شێخ بوون و بەوە چاوترسێنیان دەکردن، هاکا لەشکری تورك هاتنەوە... بەتایبەتیش مەبەستیان مستەفا پاشا و شێخ قادر و حەپسەخانی هاوسەری بوو، کە بە حەپسەخانی نەقیب ناسراوە، کچی شێخ مارفی نەقیبە و دەبێتە ئامۆزاو هەمانکات براژنی شێخ مەحموود. حەپسەخان لە هەرە ئافرەتە بەناوبانگەکانی کوردە، ژیر و هۆشیار و کارامە و بە تەکبیر و خاوەن ئەزموون بوو، لە بەخشندەیی و دەستو دڵ فراوانیشدا هاوتای کەمبوون.

ئەو گۆڕانکارییە ترسناکانەی سەرەوە بوونەتە هۆی ئەوەی مامۆستا رەفیق حیلمی ئەوە بدرکێنێت کە شێخ مەحموود دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی هەروەك چووبێتە خەڵوەت، ماوەی دە رۆژ کەس نەیدەبینی!

نیگەران و بێئارام و دوودڵ، ناهەقیشی نەبوو، لەوە دەچوو کۆدەتای بەسەردا کرابێت.

(دوای مەراسیم دە ڕۆژ خۆی لە کەس نەگەیاند، بێ ئۆقرە و کەم باوەڕ دەهاتە بەرچاوم، لەسەر بڕیارێك نەدەمایەوە).[١٦٨] حیلمی بەهەڵەدا نەچووبوو، شێخ هێشتا لە بەغدا بوو هەستیکرد لێپرسراوانی ئینگلیز لە عێراق و هەندێك سەرانی کورد و بەکرێگیراوان ژێربەژێر شتێکیان لەژێر سەردایە و کەینوبەینێکیان سازکردووە. ئەو ڕاستییە دواتر دەردەکەوێت وەك شێخ لەتیف نووسیوێتی (دوای داگیرکردنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیز و بەکرێگیراوانییەوە گەلێك مووچەخۆری دەرەبەگی (دەرەبەگی مووچەخۆری . ن.ك) سەربەخۆیان لە دایەرە و دەزگا میرییەکاندا دامەزراند و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە حاکمە سیاسییەکانی ئینگلیزەوە هەبوو، ڕووپییەکی زۆریشیان بەناو پشدەرییەکان و شێخەکانی سەرگەڵوو و سەنگاودا بڵاوکردەوە).[١٦٩]

شێخ لەتیف، هەروەها دەڵێت (سۆن سەرۆکی جافەکان و شێخ و مووچەخۆرانی ناوچەی پشدەر و ڕانیە و سلێمانی هان دەدا دژایەتی شێخ مەحموود بکەن و گوێ نەدەنە فەرمانەکانی. ئەو مووچەخۆرانە کە هاوپەیمانی ئینگلیز بوون گوێیان نەدەدایە فەرمایشتەکانی شێخ و بە قسەیان نەدەکرد، ئینگلیز بەرهەڵستی حکومەتی کوردیان دەکردو نەیاندەهێشت ئاڵای کورد. ن.ك) هەڵبکرێت)،[١٧٠] هەرچی ڕووناکی ماڵانی کوردە لەم سەرزەمینەدا بڕژێتە گۆڕی پیرۆزیان، حیلمی چاك بۆی چووە، شێخیش چۆن بێ ئۆقرە نابێت.

## شێخی کوردان دەگەڕێتەوە سلێمانی

بۆ بەپیرەوچوون و پێشوازی شێخ مەحموودی ڕابەری شۆڕش، چەکدارانی هۆزەکان و جەماوەرێکی زۆر کە ژمارەیان دەگەیشتە ٢٠ هەزار هەتا نزیك کفری و هەندێکیشیان هەتا نزیك بەغدا دەچن بەپیر ئەو شۆڕەسوارەوە کە دوای سێ ساڵ زیندانی دوورە وڵاتی و ئازار و ئەشکەنجە و مەینەتی و کەساسی وەك (شاهێك لە ١٩٢٢/٩/٣٠ گەیشتەوە سلێمانی)،[١٧١] ئەمجا مامۆستا حیلمی بە چاوێك وەك چاوی کامێرا، بە هەستێکی کوردانەی پاك و بەسۆز و ئەوینێکی بێگەردەوە وێنەی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە پیرۆزەی بۆ تۆمارکردووین و دەڵێت: سلێمانی پێشوازییەکی شێخی کرد بێ وێنە بوو، گەورە و بچووك، نێرو مێ ڕژانە بەردەم مزگەوتی گەورە، ئەفسەر و سەربازەکان (صەف صەف) لە ئامادەباشیدا وەستابوون، هەزاران کوڕو کچ بە بەرگی کوردییەوە، قوتابیان سروودی کوردستان و سروودی خۆشهاتنەوەی شێخیان دەچڕاند کە هەڵبەستی مامۆستا زێوەر بوو، ئاڵای کەسکی کوردستان مانگ‌و ڕۆژێك لە ناوەڕاستییدا بۆ یەکەمین جار بەسەر سەری ئەو جەماوەرە چاو لە دووەوە دەشەکایەوە، گیانی خۆشی و هەڵهەلەی شۆڕە ژنانی مێخەکبەند لەمل و هەیاسە لە پشت، دەستەی کچۆڵە خنجیلانە و ئێسك سووك و پەنجە خەناوی، گوڵبارانی شێخیان دەکرد، چەپڵەڕێزانی هەزارەها ژن و پیاو بەدەم هاواری هەربژی (قارەمان، هەربژی مەلیکی کوردستان .ن.ك)، چریکەی شێرانەی ئەفسەرەکانی کورد و سیرەی هەڵکێشانی شمشێرە بریقەدارەکانیان، تفەنگ خستنە سەر شانی سەرباز، ڤڕەی ئۆتۆمبیل، دەستڕێژی دەمانچە و تفەنگ، گرمە و ناڵەی تۆپ گوێیان کپ

دەکرد و مرۆڤ لە خۆشییاندا لەهۆش خۆی دەچوو.(١٧٢)

رەفیق حیلمی مێژوونووس و هاوکاری دڵسۆزی شێخ مەحموود لەبارەی ئەو ماوە کورتەوە نووسیویەتی:

ژەنەراڵ مستەفا پاشا، کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان لە ١٩٢٢/٧/٢١ دادەمەزرێنێت و رۆژنامەی بانگی کوردستان ئۆرگانی کۆمەڵەکە بوو.. ١٩٢٢/٩/٢٢ ئینگلیز ناچار بوون شێخ مەحموود لە هیندستانەوە بگێڕنەوە بۆ کوردستان و بە رەزامەندی شا فەیصەڵ بیکەنەوە بە فەرمانداری کوردستان. بەرلەوەی شێخ بگاتەوە سلێمانی، ١٩٢٢/٩/١٧ ئالای کوردستان بەرەسمی هەڵکرا و ١٩٢٢/١٠/١٠ شێخ کابینەیەکی هەشت نەفەری دیاری کرد.(١٧٣)

شێخ مەحموود هەر ئەوەندەی گەیشتەوە سلێمانی دەچێتە داریکەلی و لەوێوە دەستەیەك سوار دەنێرێت بە دوای مێجەر نۆئێل دا و دڵنیایەکات ترسی لە تورك نەبێت، دەتوانێت بێ لەشکر بێتە سلێمانی.. رەفیق حیلمی لەیادداشتەکانیدا نووسیوێتی شێخ مەحموود و مێجەرنۆئێل پێکەوە گەیشتنە سلێمانی و یەکسەر دووبەدوو کۆبوونەوە و سەرەڕای ئەو خاڵانەی لە بەغدا لەسەریان رێککەوتبوون، رێنمایی نوێشی لە نۆئێل وەرگرت. مێجەر نۆئێل لە بەڕێوەبەرایەتییەکەی ساڵی ١٩١٩ی شێخدا راوێژکاری رامیاری بوو، ئەفسەرێکی هێمن و لەسەرخۆ و پشوو درێژ بوو، دڵی شێخی رادەگرت و هەوڵیدەدا نێوانی لەگەڵ ویلسن رابگرێت و کێشە نەکەوێتە پەیوەندییەکانیانەوە، لەوانەش گرنگتر نۆئێل لەوە نەدەسڵەمییەوە شێخ بانگی حکومەتی کوردستانی هەڵداو ئالای کوردستانی بەرزکردەوە و کابینەی وەزیرانی پێکهێنا و پوولی پۆستەی کوردستانیشی دەردەکرد.

## یەکەمین فەرمانی مەلیکی کوردستان وتارێك بوو بۆ گەل

**پشت بە خوا**

**فەرمانی حوکمداری**

ژمارە: ١

١٨ی سەفەری ١٣٤١

٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢

لە مەملەکەتی سلێمانیدا نوسرا

لە مەحموود کوڕی سەعیدەوە بۆ هەموو گەلی کورد

گەلی کوردی خۆشەویست! داوای خۆشی و بەختیاری و ئازادیتان لە خوای گەورە دەکەم، بەداخەوە بڵاوی دەکەمەوە، ماوەیەکە لەبەر هەندێ رووداوی رامیاری لێتان دوور کەوتبوومەوە، نەم دەتوانی لە خزمەت و تێکۆشانی رێگەی رزگاربوونماندا بەردەوام بم لەبەرئەوەی بەندکرابووم و دوورە وڵات بووم، بەڵام بەهۆی

ئازایـەتی و یارمــەتی و راســتگۆیی ئێــوە وبەرەکــەتی خــواوە گەڕامــەوە ناوتــان و گەیشــتینە ئــەم ڕۆژە سەرکەوتوانە (ڕۆژی سەرکەوتنە. ن.ك) سەرکەوتن بەسەر دوژمنــدا و ئــازادی و ســەربەخۆیی کوردســتانیش لەگەڵ خۆمدا بێنمەوە.. بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری دەوڵـەت و پارێزگـاری کـردن لـە سـەربەخۆییمان هـەوڵ دەدەم . دەبێت هەموو کاتێك بۆ بەدەستهێنانی بەختیاری گەل تێ بکۆشین و درێژە بەم ڕۆژە خۆشە بـدەین، ئەمەش بە توانای ئێوە دەکرێت.. دەبێت هەموو یەك بگرن و یەك قسە بن بۆ ئەوەی مافی ڕەوامان دەسگیر بکەین. ئەو مافەی بـە خـوێن بەدەسـتمان هێنـا.. مـژدەتان دەدەمــێ کـە دەوڵەتـە گـەورە و هاوپەیمانـەکان بڕیاریان داوە دان بە مافی کورد و هەموو گەلانی گێتییدا بنێن و خۆیـان حـوکمی خۆیـان بکـەن. براکـانم.. ئێمــەی کــوردی هاوزمــان و هــاوخوێن و هاوڕەگــەز و یــەك نیشــتمان بــۆ بەدەســتهێنانی مــافی ڕەوامــان قوربانییەکی زۆرمان داوە تا گەیشتینە ئەم ئامانجە پیرۆزە.. ئێستاش مەرجی سەرەکی ئەوەیە هەموو یەك دڵ و یەك زوبان و یەك لاشە بین.

براکانم: دڵنیاتان دەکەم بەیارمەتی خوا و ئێوە هێزێك لە دنیادا نییە بەسەرماندا زاڵ بێت و وڵاتمان داگیر بکات. من تا دوا تنۆکی خوێنی خۆم و منداڵەکانم و هەروەها ماڵ و سامانیشم لەپێناوی بەختیاری ئێوەدا بەخت دەکەم، زۆر قوربانیم دا و بەردەوامیش دەیدەم لە پێناوی هەموتاندا. بەتەمای ئازایەتی و راستگۆیی و شەهامەتتانم و سەرکەوتنیش هەر لە خواوەیە.

حوکمداری کوردستان

مەحمود(١٧٤)

دوابەدوای وتاری حوکمداری کوردستانی خـواروو بـۆ گـەلی کـورد، شـێخ بڕیـاری دامـەزرانـدنی کابینـەی وەزارەت دەدات (کابینەی حکومەت).

## دووەمین کابینەی وەزیرانی حکومەتی شێخ مەحموود

### فەرمانی حوکمداری

ژمارە: ٢

ڕۆژی ١٩ی سەفەری ١٣٤١ی ؟ (کۆچی.ن.ك)

١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢

لە مەملەکەتی سلێمانیدا نوسرا

بۆ تەشکیلاتی حوکومەتی کوردسـتان،(١٧٥) نەسـب و تـەعینی ئـەم زاتانـەم لـە قابینـەی حوکومەتـدا موناسیب دی:

| | |
|---|---|
| ١ـ شێخ قادری شێخ سەعیید | سوپاسالار |
| ٢ـ شێخ محەمەد غەریب | ڕەئیسی داخلیە |
| ٣ـ عەبدولکەریم عەلەکە | ڕەئیسی مالیە |
| ٤ـ میرلیوا مستەفا پاشا یامولکی | ڕەئیسی مەعاریف |

٥ـ شێخ عەلی ئەفەندی قەرەداغی رەئیسی شەرع و عەدل
٦ـ ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ رەئیسی گومرگ
٧ـ سەیید ئەحمەد بەرزنجی رەئیسی ئەمنی عام
٨ـ میر لیوا صدیق قادری پاشا موفەتیشی گشتی حوکوومەتی کوردستان
٩ـ محەمەد ئاغای عەبدولڕەحمان ئاغا رەئیسی نافیعە

هەرکەسە مەقام و وەزیفەی خۆیم پێ سپاردن و داوا دەکەم کە لە ئێستاوە دەست بە ئیش بکەن. سەرکەوتنیش هەر لە خواوەیە.(١٧٦)

کابینەی دووەمین حکوومەتی کوردستان وەك لە "بەڵگەنامەکەی" لای شێخ لەتیف نووسراوەتەوە لەگەڵ "بەڵگەنامەکانی" لای رەفیق حیلمی و سەرچاوەی دیکەش چەند جیاوازییەکیان تێدایە، وەك:

١ـ شێخ قادری شێخ سەعید. سوپاسالار، لە سەرچاوەکانی تردا نووسراوە شێخ قادری حەفید، رئیس رؤساء و سوپا سالار کە دەکاتە سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگری.

٢ـ شێخ عەلی ئەفەندی قەرەداغی و میر لیوا صدیق قادر، لە سەرچاوەکانی حیلمی و ئەوانی دیکەدا نییە.: لای مامۆستا رەفیق حیلمی و سەرچاوەی دیکەش لەبریی شیخ عەلی قەرەداغی (قەراخیی) و میر لیوا صدیق قادر پاشا، حاجی مەلاسەعیدکەرکوکلی زادە بەسەرۆکی دادگاکانی شەرع و عەدل و صالح زەکی صاحێبقڕان بەسەرۆکی قیوای میللی (بەرگریی نیشتمانی) دانراون .

٣ـ حاجی مەلا سعید کرکوکلی زادە، بەسەرۆکی دادگاکانی شەرع و عدل و صالح زەکی صاحبقران بە سەرۆکی قیوای میللی (بەرگری نیشتمانی) دانراون .لای مامۆستا رەفیق حیلمی و سەرچاوەی دیکەش لەبریی شیخ عەلی قەرەداغی (قەراخیی) و میر لیوا صدیق قادر پاشا، حاجی مەلاسەعیدکەرکوکلی زادە بەسەرۆکی دادگاکانی شەرع و عەدل و صالح زەکی صاحێبقڕان بەسەرۆکی قیوای میللی (بەرگریی نیشتمانی) دانراون .

هەردوو فەرمانەکەی حوکمداری کوردستان و وتارەکەشی بۆ گەل لە رووی داڕشتن و وشەو زاراوەکانی ئەو سەردەمەدا جێگەی سەرنج و پرسیارن. خوێنەری هێژا دەتوانێت بەچاوپێداخشانێکی فەرمانی حوکمداریی، ژمارە چوار، جیاوازییەکی زەق ببینێت.

**پشت بە خوا**

**فەرمانی حوکمداری**

ژمارە: ٤

٣٠ی سەفەری ١٣٤١

٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢

لە پایتەختی حوکوومەتی کوردستان لە سلێمانی نوسرا

ئیرادەم کرد مستەفا بەگی عەبدوڵڵا عوسمان پاشا بە تەعیین کردنی بۆ مودیری یەت فەوقەلعادە بە

مانگی ٣٠٠ سیسەد روپیە بۆ ناحیەی پێنجوێن لەبەر وەرگرتنی تەعلیمات و ئەوامیر لازمە بەخێرایی ئەبێ موراجیعەت بە ریاسەتی داخلی یە بکرێ.

حوکمداری کوردستان

مەحمود[١٧٧]

لە فەرمانی ژمارە "٣"ی حوکمدارییشدا چەند کۆپلەیەك دەگوازمەوە:

بیل عومووم روئەسا.. ئەبێ لە دایەرەی خصوصی خۆمدا ئیجتیماع بکەن بۆ عەرزو حەللی مەسائیلی موهیممە و ئوموری حوکوومەت[١٧٨]... لە ئەحوالی فەوقەلعادەدا عیندەلحاجەت هەر رەئیسێ و لەهەر وەقتێکا حەقی مولاقاتی لەگەڵ مندا هەیە.. تەنسیقات بە موافیقی ئەحواڵ واریداتی مەملەکەتە.. تەرجیحا ئیستیخدام کردن ئەربابی سەداقەت عیففەت و ئیستیقامەت لەپاش تەرتیب و تەئکیلی ئەم نەوعە ئیجرائاتانە ئەبێ جەداویل و ئەوراق تەقدیم بکرێ[١٧٩].. ئیتر وەك کورد دەڵێت مشتێك نموونەی خەروارێکە.

حکوومەتەکەی شێخ بەپێی توانا کاری ئاوەدانی و خزمەتگوزاری دەبێت کردبێت، ئەوەی زۆر لەبەرچاوە لە بواری خوێندندا چەند فێرگەیەکی لە سلێمانی کردەوە: خوێندنگەیەکی ناوەندی چوار پۆلی بەناوی ئەعدادی مەحموودییە و روشدییەی قادری یە و دوو خوێندنگەی سەرەتایی بەناوی رەئووفیە و لەتیفیە. خودی شێخ لەتیفیش یەکێك بوو لە خوێندکارەکانی خوێندنگەی لەتیفییە، خوالێخۆشبووی باوکم هاوپۆلی شێخ لەتیف بوو، دەیوت شێخ لەتیف کوڕی مەلیك بوو لە ریزی هەرە پێشەوە دادەنیشت، جلوبەرگو دەفتەر و قەڵەمیشی لە هی ئێمە چاکتر بوون، بەڵام زیرەك نەبوو. چەند جارێکیش دەستم لە قەڵەمە چاکەکانی وەشاند. خوا لێیان خۆش بێت. (لە تەرەف ریاسەتی مەعاریفی کوردستانەوە لە سلێمانیدا لە ژێر ئیدارەی مودیر رەفیق حیلمی ئەفەندی کە لە راستی یا لە گەنجە زیرەکەکانی نیشتمانە،مەکتەبێکی ئەعدادی حەوت پۆلی (٣ پۆلی روشدیەیە)[١٨٠] بەناوی موبارەکی حەزرەتی حوکمدار، یانی (ئەعدادی مەحمودی) و مەکتەبی روشدی یەی نوێ بەناوی جەنابی سوپا سالار شێخ عبدالقادر ئەفەندییەوە، یانی (روشدی یەی قادری) یەوە دوو مەکتەبی سەرەتایی بەناوی مەخدومانی حەزرەتی حوکمدارەوە (رەئوف)ی یە و (لەتیف)ی یە).[١٨١] (مەبەستی کوڕانی شێخ مەحموودە. ن.ك) .جگە لەمانەش حکوومەتەکەی شێخ لە بواری رۆژنامەگەریی و هۆشیارکردنەوەی جەماوەردا دوو "رۆژنامە"ی چاپ و بڵاوکردەوە، کوردستان و ئومید استقلال.

یاداشتەکانی شێخ لەتیف بەڵگەنامەیەکی فرە گرنگ و ناوازەی تێدایە، من بەش بەحاڵی خۆم لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەمدیوە، نامەیەکی مێجەر نۆئێل دەخاتە بەردەستمان کە هیچ گومانم لە راستییەکەی نییە، رۆژی ١٩٢٢/١١/١٥ خشت مانگێك و پێنج رۆژ دوای دامەزراندنی کابینەی حکومەتی کوردستان لە بەغداوە بۆ حوکمداری کوردستانی ناردووە،بەڵام نازانین بە چ زمانێك نووسراوە.

پایەبەرز حاکمی گشتی کوردستان شێخ مەحموودی بەڕێز

دوای پێشکەشکردنی وەفای هاوڕێیەتیمان ماوەیەکە دەمەوێت لەبارەی ئەو وتووێژەی کە بۆی چوومە بەغدا هەواڵتان پێ بگەیەنم، بەڵام لەبەرئەوەی نەگەیشتینە دوا بڕیار و قسەش تەواو بوو، بۆیە نامەکەم دواکەوت.. بەڵام لە ماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا ئەوەی بۆی تێدەکۆشام دەستم کەوت. بەپێویستم زانی هەواڵتان پێ بگەیەنم! کاتێك گەیشتمە بەغدا، بە گورجی پەیوەندیم بە مەندووبی سامییەوە کرد و بۆی باس کردم کە ئێستا ناتوانین مەوزوعی سەربەخۆیی کوردستان کۆتایی پێ بێنین ئەگەر مەلیك فەیسەڵ و حوکوومەتی عێراق ڕازی نەبن، بۆ ئەمە بەشێوەیەکی نهێنی پەیوەندیم بە مەلیك فەیسەڵەوە کرد، گەیشتینە پەیمانێك بەم زوانە بە ئاشکرا بڵاودەبێتەوە، ناوەڕۆکی ئەمەش ئەوەیە کە کوردی عێراق بۆی هەیە حوکوومەتێکی سەربەخۆی کوردی لە چوارچێوەی سنووری عێراقدا دابمەزرێنێت. منیش دڵنیام ئێوەش لەگەڵماندا یەك دەگرنەوە و ئەم دان پیانانە و بڵاوکردنەوەی بەم شێوەیە مژدەیەکی گەورەیە بۆ دوارۆژی کوردستان، هەروەها خاوەن شکۆ لەبارەی دانانی سنووریشەوە وتی، ئەگەر کوردەکان تەماعی سەربەخۆیی تەواویان هەیە، هەندێك ناوچە هەیە پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری عەرەبەوە هەیە، پێویستە لە سنووری عێراقدا بمێننەوە، ئەگەر کوردەکان ئارەزوو دەکەن و دەیانەوێت پەیوەندییان بە حوکوومەتی عێراقەوە هەبێت دەتوانن داوای ئەو ناوچانەش بکەن کە حەزی پێ دەکەن.

هەروەکو ئاشکرایە لاتان وتووێژ کردنی ئەم باسانە پێویست بەوە دەکات نوماینەدەی ڕەسمی کورد لێرە هەبێت و لەگەڵ حوکوومەتی عێراقدا بکەوێتە گفتوگۆوە، چارەنووسی کوردستان گەیشتە ئەم قۆناغە هەروەکو بۆم باس کردیت.. داوای خۆشی و سەرکەوتنت بۆ دەکەم.

نۆئێل

١٩٢٢/١١/١٥

وەك پێشتر وتم گومان لەوە ناکەم ئەو نامەیە، نامەی مێجەر نۆئێلەو ناردوویەتی بۆ شێخ، بەڵام هەر لەو نامەیەوە لە دۆستایەتیی و دڵسۆزیی نۆئێل دەکەومە گومانەوە بەرامبەر کورد و شێخ، ئەوەش لەبەر چەند هۆیەك:

١ـ لە مێژووی داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتن و فەرمانڕەوایی کردنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بەریتانیا لە ئێران، وڵاتانی عەرەب، میسر، سووریا، لوبنان، فەلەستین، عێراق، ئەستەمبوولی پایتەختی سوڵتان، کوردستانی باشوور، ڕوونەداوە ئەفسەرێك یا فەرمانبەرێکی دەزگای سەربازی، هەواڵگری، بەڕێوەبردن بەنهێنی و لە پشت لێپرسراوانی سەروخۆیانەوە سەربەخۆ هەنگاوێکی گرنگ بنێن یا پەیوەندی بە لایەنێك، کەسایەتییەکی ئاینی، ڕامیاری، کۆمەڵایەتییەوە بکەن، چ جای ئەوەی مێجەر نۆئێل بێ ئاگاداریی نوێنەری باڵا لە عێراق کە ئەو کاتە هنری دوبس بوو، پەیوەندی بە فەیصەڵی شای عێراقەوە بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردیش.

٢ـ نامەکەی نۆئێل بۆ شێخ ١٩٢٢/١١/١٥ نووسراوە و پەیمانی لۆزانیش ڕۆژی ١٩٢٢/١١/٢٠ مۆرکراو جێگەی پەیمانی سیڤەری ١٩٢٠/٨/١٠ی مژدەبەخش و پڕ لە هیوا و ئاوات و سەربەخۆیی کوردستان

دەگرێتەوە.. ماوەی نێوان نووسینی نامەکەی نۆئێل و مۆرکردنی پەیمانی لۆزانیش تەنها پێنج رۆژە! خۆ پەیمانێکی وەها گرنگ و چارەنووسساز هەروا کتومزرەقی مۆرنەکرا، دەمێك بوو هاوپەیمانان جگە لە ستالین لەگەڵ مستەفا کەمالدا خەریکبوون تورکیا دەستهەڵگرێت لە هەرێمی مووصڵ و بەریتانیا بیلکێنێت بە عێراقی فەیصەڵەوە، ئەوانیش لە پاداشتی ئەو لەیەکتر تێگەیشتنەو بەرژەوەندی هاوبەشدا ناوی هەردوو گەلی کورد و ئەرمەن و مافە رەواکانیان و فایلەکانیان لە ناوەندەکانی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس لەسەر مێزی گفتوگۆوە بچێتە ژێر زەمینەکانی ئەرشیفەوە. نوێنەری باڵا لە عێراق و شا فەیصەڵی عێراق و عەبدورەحمان گەیلانی سەرۆك وەزیرانیش ئاگاداری تەواویان لە هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پەیمانەکە هەبوو کە رۆژ بە رۆژ بەرەوپێش دەچوو، ئەمانیش لە عێراق و کوردستان بەوپێیە هەڵوێستیان دەنواند. کەواتە نۆئێل مەبەستی لەو نامەیە چیبوو جگە لە خافڵاندن و کات بەسەربردن و چاوبەست و دڵخۆشکردن و کڵاو لەسەرکردن هەتا سیناریۆی قوڕە رەش بەسەردا کردنەکەی کورد و ئەرمەن ئامادە دەکرێت.

٣ـ هەربەوپێیەش هەڵوێستی "دۆستانەی بەردەوامی" نۆئێل بەرامبەر شێخ و کورد، چەند پەردەیەکی شانۆگەرییەك بوون، نۆئێل رۆڵی ئەکتەری سەرەکی تێدا دەبینی و بە بەرگی فریشتەوە لەهەرە ژێ ناسکەکانی دەروونی شێخی دەدا کە کورد زۆر بایەخ بە دۆستایەتی و رێزگرتن دەدات و لە رووی سۆزی دەوونیشەوە هەرکەسێك رێزی بگرێت بە دۆستی دەزانێت و ئەوەندەش خۆشباوەڕە، زوو باوەڕ بە پەیمان و بەڵێن دەکات و خۆی دەهاوێتە باوەشی "دۆست"ەوە، کاتێك بەخۆی دەزانێت هەیهوو هەیهوو، کار لە کارترازاوە. نۆئێل زۆر بەلێهاتوویی کەڵك لەو لایەنە سایکۆلۆژییەی کورد وەردەگرێت و ئەو پلانەی لەشکری بەریتانیا لە عێراق و کوردستان بەتۆپ و تانك و زرێپۆش و فڕۆکەی جەنگیی ئەنجامینەدا، بەڵکو بە تەنهاخودی خۆی بەشێکی ئەنجامدەدات هەر بە قسەی لووس و دڵڕاگرتنی شێخ و پەیڕەویکردنی داب‌ونەریتی کوردەواری.. شێخ مەحموودیش لە بەغدا لەهەر سەرچاوەیەکەوە بوویێت، ئەفسەرە ئازادیخوازەکان، تورك، ئەڵەمان، رووس **کەموزۆر** شتێکی لەبارەی لۆزان بیستبوو، بۆیە کە دەگەڕێتەوە بێ ئارام و لەسەر بڕیارێك نەدەمایەوە، چونکە بەتاقیکردنەوە بۆی دەرکەوتبوو روو لەهەر کوێ دەکات هەر تاریکستان و جەنگەڵی دڕندانە، ئەی باوەڕی بەکێ بکردایە و لەنێو ئەو هەموو ئەهریمەنەدا کی دۆستەو کی دوژمنە؟ بەراستی نە شێخ و نە هیچ کوردێکی دڵسۆز دۆست و دوژمنی بۆ جیانەدەکرایەوە!

## کۆتایی شۆڕشەکانی شێخ
## و داخستنی فایلی کوردستانی باشوور

گەر بە وردی رووداوەکانی ساڵی ١٩٢٢ هەڵسەنگێنین باوەڕ بە خۆمان ناکەین، نە وتووێژەکانی شێخ ـ ویلسن ـ فەیسەڵ و نە رێککەوتنەکەش بناغەیەکی پتەوی هەبوویێت، بەڵکو هەر لایەنە و بۆ مەبەستێك کردیان.. شێخ دانرا بە سەرۆکی میللی کوردستان و ئەفسەرە کوردەکانی نێو سوپای عێراقیشیان بۆ نارد یارمەتی بدەن لە دەرکردنی ئۆزدەمیردا لە زاخۆ.. هەرچەند ویلسن هەرزوو بۆیدەرکەوت شێخ مەحموود ناونیشانی سەرۆکی میللی کوردستانی بەدڵ نییە و زۆر لەوە بەرزتر دەفڕێت، بۆیە بە بڕیارێکی نوێ بەرزی

کردەوە بۆ پلەی حوکمدار (فەرمانڕەوا)، بەلاّم شێخ خۆی لە فەیصەڵ بە کەمتر نەدەزانی کە کراوەتە مەلیکی عێراق، ئەمیش خۆی کردە مەلیکی کوردستان.

فەیصەڵ گفتی ئەوەشی دابوو بە هەوڵ و کۆششی هەموان تورك لە هەرێمی مووصڵ وەدەرنێن، دوای ئەوەش بە هاوکاری بەریتانیا کێشەی ویلایەتی مووصڵیش لەگەڵ تورکیادا یەکلایی بکەنەوە و دوای یەکلایی کردنەوە و لکاندنی بە عێراقەوە بڕیاری مافی ئۆتۆنۆمیش بۆ کورد بدرێت یا راستتر بۆ کوردستانی خواروو.

خۆزگەو هەزار خۆزگە، ئەو شێخەی فەیصەڵی شای عێراقی چاك دەناسی و هەر بە فەیسەڵە.... ناوی دەبرد، گرنگی بەناونیشان نەدایە، دەستخستنی مافەکانی لا گرنگتر بوایە، خۆ میری ئەهواز (حویزە) و میری کوێتیش تەنها پلەی حوکمدار (حاکم) یان پێدرابوو، ئەهواز کەوتە بندەستی ئێران و حوکمدارەکەشی وەك شێخ مایەپووچ دەرچوو، کەچی کوێت بوو بە دەوڵەت!

دکتۆر عەزیزی شەمزینی لەنامەی دکتۆراکەیدا دەڵێت: ویلسن و فەیصەڵ لە بەیاننامەیەکی (بڕیار) فەرمیدا و بە مۆری هەردووکیان لە ١٩٢٢/١٢/٢٢ دامەزراندنی حکومەتی کوردستان دەسەلمێنن: هەردوو حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و حکومەتی (عێراق) دان بەوەدا دەنێن ئەو کوردانەی لە سنووری عێراقدا نیشتەجێن، بۆیان هەیە حکومەتی کورد لە نێو ئەو چوارچێوەیەدا دابمەزرێنن و هیوادارێشین گشت لایەنەکانی کورد لە نێو خۆیاندا لەسەر شێواز و سنووری ئەو حکومەتە رێکبکەون و نوێنەری خۆیان بنێرن (بۆ بەغدا. ن.ك) تاوتوێی پەیوەندی ئابووریان بکەن لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆی (عێراق)دا.[١٨٢] شا فەیصەڵ وتاك تاکی بنەماڵەکەشی جگە لە عەبدلئیلا، نیشتمان پەروەرو سەربەخۆبوون و لەهەموو دڵەوە ناحەزی ئینگلیز بوون، بۆخۆرزگارکردنیش لەوخۆسەپاندنە بەسەریاندا زۆربەنهێنی پەیوەندییان بە ئەڵەمانیاوە کردبوو ... شافەیصەڵی یەکەم و شاغازی هەردووکیان بەپلانی ئینگلیز لەنێوبران، یەکەمیان دەرمانخوارد کراو دووەمیش بەرووداوی هاتووچۆ.! منیش وەك ئەو خەڵکە گومانم لە مردنیان هەبوو، بەڵام کەبیرەوەرییەکانی ئەفسەرو کەسایەتی ناسراوی کورد، لیوافوئادعارفم خوێندەوە لەزۆر لایەنی حکوومەتی پاشایەتی عێراق یا دروستتربڵێم شاکانی عێراق بەوردی تێگەیشتم و نووسەرگەلێك گرێ کوێرەمان بۆدەکاتەوەو پەردە لەسەر چەندین نهێنی لادەدات و بەوهۆیەوە یاوەری (مرافق) شاغازی و جێگەی باوەڕو متمانەی شاوشاژنیش بوو، هەگبەکەی پڕە.شا فەیصەڵی یەکەم تووشی جۆرێك دوودڵی و دڵەراوکەی رامیاری وبگرە ترسێك هاتبوو لەمەر باسوخواسی دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی باشوور، ترسەکەشی لەوەبوو ببێتە بنکەیەك کوردەکانی خۆرهەڵات و باکووریشی لێکۆببێتەوەو نەخشەی دیمۆگرافی (عێراق) لەبەرژەوەندی کوردوسوننە بگۆڕێت و نوێنەرانی سوننە لە پەرلەماندا ببنە زۆربە . ئەوەشمان لەیاد نەچێت شا فەیصەڵ وبنەماڵەکەی دروست سوننە نەبوون، بەسەرێك دەچنەوە سەر پەیامبەر (د.خ) وبەسەرێکیش دەچنەوە سەر ئیمام عەلی (خ .ل) .

لێرەدا بە چاکی دەزانم بەبیری خوێنەری هێژای بهێنمەوە کە میسۆپۆتامیا، یا وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە

(عێـراق) هـەر لـە صـاڵی ١٥١٧وە بـە هـەردوو هـەرێمی کوردنشـین و عـەرەبنشـینەوە لـە ژێـر دەسـتی عوسمانیەکاندا بوو، بەسەر چوار هەرێمدا (ویلایەت) دابەشیانکردبوو، ویلایەتی بەغدا، بەصرە، مووصـڵ، شارەزوور. هەرێمەکەی شارەزوور بنکـەی بەڕێوەبەراتییەکـەی شـاری کـەرکووك بـوو، بـەڵام صاڵی ١٨٧٩ شارەزووریان خستە سەر ویلایەتی مووصڵ و لە بندەستیاندا مایەوە هـەتا مـۆرکردنی پـەیمانی ئاگربەسـتی مۆدروس لە ٣١/١٠/١٩١٨داو کۆتایی شەڕی گێتی یەکەم.(١٨٣)

پەیوەندییەکانی شێخ مەحمود بە بەریتانیا، تورکیا، رووسیا و تەنانەت ئەڵەمانیاش بە مەزنـدەی خـۆی ئەوەندە نهێنی بوون لە دوو سێ کەس بەولاوە کەس نەیدەزانی، بەڵام خۆفرۆش و زۆڵە کورد هیچیان لـێ ون نەدەبوو.

لە نێوان ئینگلیز و شێخدا نیازپاکی بەدینەدەکرا، ئەوان باوەڕیان بەوە هێنا، شێخ دەستەمۆ ناکرێت بـێ چەندو چوون خزمەتی بەرژەوەندییـەکانیان بکـات، شـێخیش وایـدەزانی بـە بـەردێك دوو نیشـانی پێکـاوە، حوکمداری لە ئینگلیز سەندووە و لە ژێریشـەوە هاوپـەیمانی تورکـە (شـێخ هێشـتا نەگەیشـتبووە سـلێمانی پەیوەندی لەگەڵ تورك نوێ دەکاتەوە) ئەوان لە هەر کوێیەك لە کوردسـتان بـەرەنگاری بکرانایـە بـە فیتـی شێخیان دەزانی، ئەمیش تۆمەتی فریودان و هەڵگێڕانەوەی هەنـدێك سـەرۆك هـۆزی پاڵیـان بـە مەبەسـتی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی و قوتکردنەوەی چەند دەسـتەڵاتێك لـە روویـدا بـە فیتـی بـەریتانیا دەزانـی، وەك مەحموود پاشای جاف و دواتر بەشێك لە جاف و بابەکری سەلیم ئاغاش لە پشدەر و هەوڵدانی بەردەوامیش پیاوێکی بەهێز بدۆزنەوە جێگەی بگرێتەوە و بیکەنە دوومـان (بـەدیل)، سـەرئەنجام بڕیـار دەدەن شـێخ لـە هاوکێشەکە دەربهێنن. ویلسن بە ئاوات بوو لاشەی شێخ بە مردوویی ببینێت و رەخنەی لە لەندەن دەگـرت (مانەوەی شێخ مەحموود بە زیندوویی هیوایەکە بۆ دۆسـتەکانی (مەبەسـتی تورکـە.ن.ك) و مەترسـییەکی گەورەشە بۆ دوژمنەکانی (کە ئێمەین. ن.ك)... تا شێخ زیندوو بێـت کوردسـتان (باشـوور.ن.ك) هێمنـی و ئاسایش بە خۆیەوە نابینێت).(١٨٤) ویلسن نوینەری باڵای بـەریتانیا لـە عـیراق ١/١٢/١٩٢٠کـە هاتـە سلێمانی، وەك هەموو ناحەزانی کورد کەئەیزانی ئەو شارە قەڵایەکی سەختە،سەرۆك هۆزەکانی لەخشتەبردو داواکارییـەکی خسـتە بەردەسـتییان وبـە ٦٢ سـەرۆك هـۆزی مـۆرکرد کـە ئەمـە دەقەکەیـەتی (ئێمـە سەرکردەکانی گـەلی کـورد، خوازیـاری دامەزرانـدنی دەوڵـەتییکی سـەربەخۆین لـەزیر سـایەی بـەریتانیای مەزنداو لەگەڵ دەولەتی عیراق تیکەڵ بکریت . ویلسن دوواتر دان بەوەدا دەنێت کە هەوڵی لاوازکردنی شێخ مەحموودیان داوە بۆ جێگیرکردنی دەستەڵاتی خۆیان، لەمێجـەر سـۆن باشتریشـیان نەدۆزییـەوە رووبـەڕووی شێخ ببێتەوەو ئاگاداری هەمووهەڵسوکەوتێکی بێت . هەروەها دەڵێت: کوردەکان بەهیچ شـێوەیەك دژمـان نەبوون،(بەڵام . ن .ك .) جارێکی دیکە تووشی گومان و دڵە ڕاوکە بوون و بۆیـان روونبـووەوە ئـەو گفتـەی هەندێك لێپرسراوی نابەرپرس بەوانیان دابوو، بێ بناغەیە ... ئێمە وامان لێکردبوون پشت بکەنـە تـورك و پاشان لەگەرمەی گێرمەوکێشەکاندا لێمان خۆش نەبوون و تا سـاڵانی دوواتـریش هـەر دوژمنمـان بـوون .) بروانە مەحمود مەلا عززەت، هەمان سەرچاوە، ل ٩٣. و٩٤ و٩٦ .

مێجەر ئەندریۆ یۆنگ دەربارەی دانیشتوانی شارەکانی باشوری کوردستان دەڵێت: دایشتوانی شاری سلێمانی زۆر کەلە رەق و دڕن، کەرکوك بە ئاشکرا سەر بە تورکیایە، هەولێر بە شا فەیصەڵ رازین جگە لە چەند شوێنێکی زۆر کەمی لای چەپی رووباری دیجلە ئەوانش رازین ئەگەر عێراق لەژێر سایەی بەریتانیادا بێت. زاخۆ، دهۆك، ئاکرێ هەمیشە لەژێر دەسەلاتی موصلدابوون دەیانەوێت هەروا بمێننەوە، زۆر نابەدڵن بچنە ژێر سایەی شا فەیصەڵ.دەکرێت جگە لە سلێمانی بێنە ژێر بار. فەیصەڵ لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ مێجەر ئەندریۆ یۆنگ دەستی برد بۆ ڕیشی و وتی "بەخوا پیاو نیم ئەگەر نەتوانم خەڵکی سلێمانی وا لێبکەم دژی تورکەکان بوەستن". مەحمود مەلا عیززەت، هەمان سەرچاوە، ل. ١٨٦، ١٨٧)

شا فەیصەڵ بەپێی ئەزموی دورودرێژی خۆی لە شۆڕش و حوکمڕانی و پەیوەندیەکانیدا لەگەڵ لێپرسراوانی بەریتانیاداچەند بیرۆکەیەکی گەلاڵە کردبوو:

- عێراق پێویستی بە سوپایەکی هێندە بەهێزە بتوانێت لە دوو بەرەدا بجەنگێت، بەومانایەی حوکم بەدەست سوننەوەیە دژی شیعە و کورد.
- لە وڵاتانی جیهاندا وڵات سوپای هەیە بەڵام لە عێراق سوپا وڵاتێکی هەیە.
- من شای وڵاتێکم کە هاوڵاتی راستەقینەی تێدا نیە بەمانا فراوانەکەی هاوڵاتی.
- شێخ مەحموود و بەریتانیا و تورك و شای عێراق زۆر چاك لە یەکتر تێگەیشتبوون، ئەوان دڵنیا بوون لەوەی شێخ نە دەتوانێت بەرژەوەندییەکانیان بخاتە مەترسییەوە، نە دەتوانێ بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێت، بۆیە ئەوەی لە نێواندا بوو هەر گەمەی رامیاری و مانۆر بوو، ئەوەندە کاریان بەشێخ بوو وەك سەنگێکی ورد ـ بچووك سووکیی و قورسیی تەرازووی سەربازی ناوچەکە و هاوکێشەکانی نێو پلانەکانی خۆیانی پێڕاستەدەکردەوە. شێخ لە توانایدا بوایە دەستبەسەر باشووردا بگرێت دەیتوانی پلانەکانیان تێکبداتەوە و ئەوانیش گەمەکە بکەن بە راست وەك بە ناچاری لەگەڵ مستەفا کەمالدا کردیان. کارتی هەرە بەهێزیش لە دەستی بەریتانیادا بوو (کێشەی مووصڵ). بەشێخی دەوت تورك لە کوردستان دەربکە ئەوکاتە دەتوانین ڕێکبکەوین. شێخ لەوە دەترسا لەهەردوو جەژنەکە بێت.

ئینگلیزەکان شێخیان تاقیدەکردەوە، ئاخۆ بەراستی بەڵێنەکانی دەباتە سەر، ئۆزدەمیر لە کوردستان دەردەکات؟ خۆ ئەوە دەزانین ئەوان دەمێك بوو ئەو پلانەیان لەژێر سەردا بوو، هێشتا شێخ لە بەغدا بوو، ئەوان کتوپڕ سلێمانییان چۆڵکرد بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو سەردارانەی کورد خوێنی یەکتر بڕێژن کە چوونەتە پاڵ ئۆزدەمیر، گەر شێخ لەوەدا سەرکەوت و تورکەکانی دەرکرد، هێزەکەی ئەوەندەی زیان بەردەکەوێت بەمەرجەکانی ئەمان قایل بێت جگە لەوەی دۆست و هاوکارەکانی تورکیشی لەناوبردووە و ئینگلیزیش بەڵگەیان بەدەستەوەیە کە بێلایەن بوون و لەناوچەی شەڕیشەوە دووربوون.

١ـ تورکیش گومانی لە شێخ پەیدا کردبوو، بۆ لە هیندستانەوە هێناویانەتەوە؟ گەر بۆ دوژمنایەتی نەبێت... ئەوانیش خستیانە بەر تاقیکردنەوەی موسڵمانێتی کە پێویستە دژی کافران پاڵبدات بە تورکەوە و نەهێڵێت چیتر خاکی پیرۆز گڵاو بکەن.

هەردوو لایەنە داگیرکارەکە، ویلسن و ئۆزدەمیر دەیانویست:

١ـ ئەرکی ئەو شەڕە لەکۆڵ لەشکرە ماندووەکانی وڵاتەکەیان بکەنەوە کە بەهۆی شەڕەکانی دوای ئاگربەستەوە، ناپەرژێنەر سەر (عێراق).

٢ـ هەتا کێشەی مووصڵ بە لایەکدا دەکەوێت، شێخ هاوپەیمان بێت دژی دوژمن.

شێخیش باوەڕ و متمانەی بە هیچکامیان نەدەکرد، بەڵام رووی بکردایەتە کێ؟ کام هەنگاوی پێش بخستایە؟ بێ چەندوچوون کورد فاکتەری سەرەکی بەلاداخستنی کێشەکە بوون، ئا، یان نەئی کورد دەیسەپاند مووصڵ بدرێتەوە بە تورکیا یا بە عێراقەوە بلکێنرێت.

شێخ لەم بارودۆخەدا گەڕایەوە کوردستان، ئەمە ئەو داوی جاڵجاڵۆکەیە بوو، لە دڵە ناسکەکەی شێخی کوردانەوە ئاڵا بوو.

## کێشەی موصڵ

سەردەمی عوسمانییەکان وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە (میسۆپۆتامیا)یان بۆ ئاسانکردنی بەڕێوەبردن دابەشکردبوو بەسەر چوار هەرێمدا (ویلایەت)، ویلایەتی بەغدا، بەصرە، مووصڵ، شارەزوور. شارەزوور بنکەی بەڕێوەبردنەکەی شاری کەرکوك بوو، بەڵام موتەصەڕڕیف لە جێگەی والی بەڕێوەی دەبرد، دواتر ساڵی ١٨٦٤ بەپێی یاسای نوێی ویلایەتەکان لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز ١٨٦١ ـ ١٨٦٧/٥/٣١ ویلایەتی شارەزوور دەخرێتە سەر ویلایەتی مووصڵ. والی بەغدا پلەوپایەی لە والی بەصرا و مووصڵ بەرزتر بوو، بەڵام سەردەمی ئومەوی و عەبباسی والی کووفە و هەندێکجار والی بەصرە باڵادەستی والییەکان بوون. هەرێمی مووصڵ (کوردستانی باشوور) گرنگییەکی ستراتیژی تایبەتی هەیە لە رووی پیت و فەڕی خاکەکەی و سەرچاوەکانی نەوت و ئاوو کانزاکانەوە جگە لەوەی خاڵی یەکگرتنەوەی رێگاکانی بازرگانی نێوان ئێران و عێراق و تورکیا و خۆرهەڵات و خۆرئاواشە و شوێنێکی زۆر لەباریشە بۆ بەریتانیا و فەرەنسا لە نزیکەوە چاودێری سۆڤێت بکەن و لەو ناوچەیەدا بەربەستێك دامەزرێنن لە رووی چالاکییە نهێنییەکانی سۆڤێت و بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی کۆمۆنیزم. هاوپەیمانەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی سێ ساڵێك بەرلەکۆتایی جەنگەکە دەوڵەتە پان و بەرینەکەی عوسمانییان لەنێو خۆیاندا دابەش کردبوو. مایك سایکس نوێنەری بەریتانیا و پسپۆڕ لە کاروباری خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا و جۆرج بیکۆ نوێنەری فەرەنساو کونسوڵی گشتی وڵاتەکەی لە بێروت و وەزیری دەرەوەی کایزەری رووسیا، سازانۆڤ ١٩١٦/٣/١٠ لە شاری پەترسبۆرگ رێککەوتنێکی نهێنی مۆر دەکەن و دەوڵەتی عوسمانییان بەمجۆرە دابەش کردبوو (هەروەك قاڵبێك کێك بەچەقۆیەك بیکەیت بەچەند قاشێکەوە):

١ـ نێوەڕاست و خواردووی عێراق، خۆرهەلاتی ئوردون، بەندەرەکانی حەیفا، عەککا، بۆ ئینگلیز.

٢ـ ئەستەموول، کەنارەکانی بۆسفۆڕ، هەرێمەکانی ئەرزرۆم، قارس، وان، بتلیس، ترابزۆن و ئەرمەنستان جیاکرانەوە بۆ رووسیا.

٣ـ بەشی فەرەنساش بریتی بوو لە سووریا، لوبنان، ئەدەنە، ماردین، ئامەد (دیاربەکر)، ئورفە، غازی

عەنتابو هەموو باشووری کوردستان (ویلایەتی مووصڵ). شاری قودس و دەوروپشتەکەی ناودەنێن ناوچەی ناوکۆیی (نێودەوڵەتی). دوای کۆتایی هاتنی جەنگەکەش سەرانی بەریتانیا و فەرەنسا بەشەکانی خۆیان ئاڵوگۆڕ کرد و ویلایەتی موصڵ دەکەوێتە بندەستی بەریتانیاوە و زۆر بە شارەزایی وەك بەهێزترین کارتی دەستەکەیان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە گلاوەکانیاندا لەرووی داواکارییەکانی تورکیا ـ مستەفا کەمال و عێراق ـ شا فەیصەڵ و کوردستان ـ شێخ مەحموود بە هەموو بارێکدا بەکاریان دەهێنا و سەرئەنجامەکەشی رازیکردنی مستەفا کەمال بە زیندەبەچاڵکردنی پەیمانی سیڤەر و مافەکانی کوردو ئەرمەن، دەستەمۆکردنی فەیصەڵ و حکومەتە دامەزراوەکەی عێراق و هەڕەشەی لکاندنی ویلایەتی مووصڵ بە تورکیاوە ئەگەر ملکەچ نەبن بۆ مەرجەکانی مانەوەی عێراق لە ژێر چاودێری بەریتانیا و مۆرکردنی پەیمانی باڵادەستی نوێنەرەکانیان لە کاروباری ئابووری ـ نەوت و پەیوەندییەکانی دەرەوەدا بۆ ماوەی بیست ساڵ. کوردو شێخ مەحموودیش "قازانج سەری مایەی خواردو" و مایەپووچ مانەوە و دەستیان بەهەر چڵەپووشێکەوە دەگرت.

ویلایەتی موصڵ لە نێو ئەو هەموو ویلایەتانەی بندەستی عوسمانییەکاندا بۆچی بوو بە کێشە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ:

١ـ بەرلەوەی دەوڵەتی عوسمانی ئاڵای سپی خۆبەدەستەوەدان بەرز بکاتەوە و مل بۆ هەموو مەرجە قورسەکانی هاوپەیمانان شۆڕ بکات و پەیمانی مودروس لە ١٩١٨/١٠/٣١ مۆر بکات هێزەکانی بەریتانیا لە ١٩١٧/٣/١١وە لە کەنداوی عەرەبەوە بەرەو باکوور پێشڕەوییاندەکرد بۆ داگیرکردنی هەرێمی موصڵ و دەستبەسەراگرتنی چاڵە نەوتەکان، کە هەتا ئەو کاتە هەر لەنێوچەی کەرکوك دۆزرابووەوە. دوای داگیرکردنی بەغدا، کەرکووك و هەولێر ئەو هێزەی بەرەو موصڵ پێشڕەوی دەکرد تەنها دوازدە میل لە شارەکەوە دووربوو، پەیمانی مودروس مۆرکرا، بەندە هەرە گرنگەکانی ئەمانەبوون:

لەشکرەکانی لایەنەکانی بەشداربووی جەنگ لەو شوێنانەی ئێستادا دەوەستن و پێشڕەوی ناکەن، بەڵام هاوپەیمانان بۆیان هەیە هەر شوێنێك داگیر بکەن مەترسی دەخاتە سەر هێزەکانیان و پێویستە لەشکرەکانی عوسمانی خۆیان رادەستی نزیکترین سەرکردەی هاوپەیمانان بکات. شەرمەزاری وەها ئابڕوتکێن لە سەدەی بیستەمدا شەرەفی سەربازیی سەرکردەکانی یابان، ئەڵەمانیا، تورکیا و فەرەنسای لەکەدار کرد.

٢ـ بەر لە بڵاوبوونەوەی پەیمانی مۆدروس سەرکردایەتی بەریتانیا ژەنەراڵ ستانلی مۆد ئاگادار دەکات کە بەپێی پەیمانەکە پێویستە لە دوازدە کیلۆمەتری دوور لە شاری موصڵ بوەستێت، پەیمانی ئاگربەست بەڕێوەیە، هەتا زووە و ئەوەندەی دەتوانرێت بچێتە پێشەوە. بەڵام ژەنەراڵ ولیام بەپەلە شارەکەشی داگیرکرد و پەیمانی ئاگربەست بڵاوکرایەوە. تورك بارەی لێهەستا موصڵ لە شەڕدا نەگیراوە و دەبێت بدرێتەوە بە تورکیا و هەتا ئەمڕۆش بالۆرەی ئەو خەیاڵپڵاوە دووبارە دەکەنەوە، ئاڵۆزییەکەش لە سەرچاوەکاندا هەیە ئاخۆ موصڵ لەکات و ساتی مۆرکردنی پەیمانەکەدا داگیرکراوە یا هەژدە رۆژ دواتر و لە ١١/١٨/ ١٩١٨دا؟ هەرچۆنێك بێت داڕشتنی پەیمانەکە بەشێوە لاستیکیی و تەمومژاوییەکەی ئینگلیز (هێزەکانی هاوپەیمانان بۆیان هەیە هەر شوێنێك داگیر بکەن مەترسی دەخاتە سەر هێزەکانیان) داواکارییەکانی تورك پووچەڵ دەکاتەوە.

پێویستە ئەو پرسیارەش لە خۆمان بکەین بۆ ئایندەی کورد و کێشەی سەربەخۆیی، خۆ وڵاتەکەی هەر دابەشکرا و دووبارەش دابەشکرایەوە، بەرژەوەندی کورد لە چیدا بوو؟ بەعێراقەوە بلکێنرێت (١٩٢٥/١٢/١٦ لکێنرا بە دەوڵەتی عێراقەوە کە ١٩٢١/٨/٢٣ دامەزرا)، یا بە تورکیاوە، لە پراکتیکدا ئازادکردنی خاك و نەتەوەیەکی دابەشکراو بەسەر سێ داگیرکاردا لەبارترە یا چوار؟

گفتوگۆکانی ئاشتی لە پاریس بایەخێکی چاکی بە بەندەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ دابوو، کە مافە رەواکانی کوردی وەك نەتەوەیەکی بەشخوراو لە پەیمانی سیڤەردا چەسپاندبوو، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و کۆششی بەردەوامی ژەنەراڵ شەریف پاشای خەندان، بەڵام هەلومەرجە ناوەکی و دەرەکییەکان ئاڵۆزبوون:

١ـ وتوویژەکانی مایس/ ٩٢٤ لەمەڕ بەلاداخستنی کێشەی موصڵ لە نێوان بەریتانیا و تورکیادا بەوهۆیەوە هەردوولا پێیان لەسەر داواکارییەکانی خۆیان دادەگرت، بە ئەنجام نەگەیشت.

٢ـ کێشەکە رووبەڕووی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الأمم) کرایەوە کە نیشانەی ئەوەبوو تورکیایەکی دۆڕاوو هەڵوەشاو لە شەڕەکەدا لە بەرامبەر بەریتانیای مەزن و سەرکەوتووی شەڕەکەدا چۆك دانادات و دوو کارتی بەهێزی لەدەستدایە: کورد و نزیکبوونەوە لە سۆڤیەت.

٣ـ هێزی ئاسمانی و پیادەی بەریتانیا سلێمانی دەگرن و کارتی ئاشووریەکان کە لە ساڵی ١٩١٦دا لە ناوچەکانی ژووررووی هەرێمی موصڵدا ئاوارە کرابوون و ئەمەریکا چاودێری دەکردن دەچێتە جێگەی کارتی کورد.

٤ـ دەرهاوردنی کارتی کەرکوك لەو هەرێمەی ژێر دەسەڵاتی شێخ و ئەو قەوارەیەی بەنیازبوون دابمەزرێت.

٥ ـ هەردوو لایەنی ئینگلیز و تورك هێزی سەربازییان لە کوردستاندا هەبوو، بەهۆی سیخوڕ و بەکرێگیراوەکانیانەوە لێدانەکانی دڵی شێخیشیان دەژمارد، نامە نهێنییەکانیش کەبەهۆی نوێنەری باوەڕپێکراوەوە بە ئەملاو ئەولادا دەیناردن، بەر لە گەیاندنیان دەخرانە یا دەکەوتنە بەردەستی کاربەدەستانی تورك یا ئینگلیز .

٦ـ هەردوو لایەنی ئینگلیز و تورك هێزی سەربازییان لە کوردستاندا هەبوو، بەهۆی سیخوڕ و بەکرێگیراوەکانیانەوە لێدانەکانی دڵی شێخیشیان ئەژمارد، نامە نهێنییەکانیشی کە بە هۆی نوێنەری باوەڕپێکراوەوە بە ئەملاو ئەولادا دەیناردن، بەر لە گەیاندنیان دەخرانە بەردەم دوژمن، ئینگلیز یا تورك!

٧ـ هێزەکانی ئینگلیز هەتا چەمچەماڵ هاتبوون، هەڵەبجەیان بەدەستەوە بوو، لەناوچەکانی پشدەرایەتی، کفری و کەلار پیاویان هەبوو، ئەمە جگە لە هەندێك هەمەوەند و جافیش.

هەر شوێنێکیش دەستیانی پێنەدەگەیشت کلکیان لەوێ تۆزی دەکرد. شێخ وەك عەرەبەکەی بەسەرهاتبوو کە دەڵێت: "العَینُ بصیرة والیدُ قَصیرة". چاوم تیژە، دەستم کورتە.

شێخ گەر دژی بەریتانیا رادەپەڕێت ئەوە خزمەتێکی گەورەی تورك دەکات بۆ وەرگرتنەوەی موصڵ، گەر دادەنیشێت دەبێتە هۆیەکی کاریگەر بۆ سەرکەوتنی بەریتانیا و فەیصەڵ و لکاندنی موصڵ بە عێراقەوە. دژی تورکیاش بوەستایە هەر لە بەرژەوەندی ئینگلیز بوو، نەشیکردایە کارێکی ئەوتۆیان پێی نەمابوو،

منەتباری نەدەبوون.

شێخ کە لە ڕێککەوتنی بەریتانیا و عەرەب دڵنیابوو، هەردوولا بە ئامانجەکانی خۆیان گەیشتن، ئینگلیز دەستی لە نەوتەکەی عێراق گیرکردو لەسەر بیرە نەوتەکانی کەرکووك دانیشت، عەرەبیش تەختوتاجی سێ شانشینیان دەستکەوت لە سێ وڵات کە ناونران: سووریا، عێراق، ئوردون... دەبوایە شێخیش وەك ئەوان ڕێگای ڕێککەوتنی هەڵبژاردایە نەك تازە بە تازە و "لە دوای باران کەپەنگ" شاند بنێرێتە ئەنقەرە بۆ داواکردنی مافەکانی کورد، بەڵکو ئەوەخوایە، کەمالییەکان نیمچە سەربەخۆییەکی پێ بدەن.

هەرچەند لەوەش دڵنیام ئەوەشی بکردایە، ئەمڕۆ بە جۆرێکی دیکە دەمان لێدەکردەوە و ڕەخنەو گلەیی و گازندەمان ئاراستە دەکرد.

مامۆستا ئیسماعیل شاوەیس ئەفسەرێکی لەشکری عوسمانییەکان بوو، هاوبەش و هاوژینی ڕووداوەکانیشە، دەڵێت: پارلەمانی قیوای میللی (مەبەستی لە مجلس قیوای میللی ئەنقەرەیە. ن.ك) لە ئەنقەرە لە گفتوگۆ و چەنەحەلێدا بوو، چونکە لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی ئەرزرۆم لە مانگی تەمموزی ١٩١٩ و شاری سیواس لە مانگی ئابی ١٩١٩ داو تشکیلاتی ئەساسی ١٩٢٠/٤/٢٣ (مەبەستی یاسای بنەڕەتی تورکیای کەمالییەکانە. ن.ك) جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە کۆماری تورکیا لە دوو نەتەوە پێکدێت، تورك و کورد و هەریەکەیان لە سنووری خۆیدا سەربەخۆیە و پارێزگاری کۆماری تورکیا دەکەن و هێزی سوپا و سیاسەتی دەرەوەی لێدەرچێت، لە لایەنەکانی ئابووری، فێرکردن.... سەربەخۆن (دیارە ویلایەتی موصڵیش بە بەشێك لە تورکیا دەزانن و ئەم بڕیارانە کوردی باشووریش دەگرێتەوە.ن.ك).

کە شاندەکەی شێخ دەگاتە ئەنقەرە، سەرەك وەزیرانی کەمالییەکان دەڵێت:

عیصمەت پاشا (عیصمەت ئین ئینۆ) لە لۆزان خەریکی یەکلاییکردنەوەی کێشەی موصڵە و گومانیشی تێدا نییە دەگەڕێتەوە باوەشی دایکی نیشتمان و کوردەکانیش بە ئامانجی خۆیان دەگەن و جەنابی شێخ مەحموودیش کە هاوکاری کردووین، یەزدان پاداشتی چاکەی دەداتەوە!!

بەڵام هەرئەوەندە کەمال ئەتاتورك (گورگە بۆر) لە ١٩٢٣/١٠/٣٠دا کۆماری تورکیای دامەزراند، شەقێکی لە پەیمان و بەڵێنەکان هەڵداو یاسایەکی نوێ دەنووسێتەوە نەك ناوی کوردی تێدا نییە، بەڵکو کەوتە هەوڵی لەناوبردنیشی.

ئۆزدەمیریش دەڵێت: شێخ مەحموود با نیازیشی پاك بێت، کۆنگرەی گەورەی گەل (بیوك میللی مجلیسی) ناونیشانی پاشا و حوکمداری تێدا نییە (کە شێخ داوای دەکات. ن.ك)، هەرچەند دەکەم تێناگەم بۆ داوای نیوە سەربەخۆیی دەکات.

شێخ مەبەستی لەوەبووە بە تورك بسەلمێنێت کە ئینگلیز سەربەخۆیی تەواومان دەداتێ، بەڵام ئێمە نیمچە سەربەخۆییەك بە چاکتر دەزانین تورك بیدات!

خوالێخۆشبوو تورکۆت ئۆزاڵ سەرۆك وەزیرانی تورکیا ١٩٨٣ـ ١٩٨٩ دوای تێپەڕبوونی حەفتا ساڵێك بەسەر دامەزراندنی کۆماری تورکیادا لە بەرنامەیدا بوو سیستمی وڵات بکات بە فیدراڵی و داوای هەرێمی موصڵیشی دەکردەوە و بە بەدیهێنانی ئەو دوو ئامانجە مافی زەوتکراوی کورد زیندوو بکاتەوە، بەڵام مردن

بیٚ قەزا بێت مۆڵەتی نەدا و ئەو تروسکاییەش کوژایەوە.

دکتۆر بلەچ شێرکۆ (سورەیا بەدرخان) دەڵێت: سەرانی هاوپەیمانان لە پاریس بە گەرمی داوای ئەوەیان لە ژەنەراڵ شەریف پاشای نوێنەری کورد دەکرد، کورد بۆ گەیشتن بە ئامانج پێویستە کرپێت و هەر کارێکی پێچەوانەش داواکارییە نیشتمانییەکانیان دەخاتە مەترسییەوە. (هنری دوبز، سێهەمین نوێنەری باڵای بەریتانیا لەعێراق لە نامەکانیدا بۆ وەزیری کۆلۆنییەکان چەرچل، وەزیری ساردەکردەوە بەرامبەر ئامانجەکانی کورد ودەیوت بەکاربردنی زاراوەی خودموختاری بۆکوردستان پرە لە مەترسی بۆ سیاسەتی بەریتانیا... ١٢/١٠/١٩٢٢ئەو راسپاردەیە لەکۆبوونەوەکەی چەرچل و هنری دوبز و یاسین هاشمیی سەرۆك وەزیرانی عیراقدا بووبە بڕیارو بنجبەستیشکرا .) (بڕوانە مەحمود مەلا عززەت، حکومەتی کوردستان سلیمانی ٢٠٠٦، ل ١٠٣.

لێرەدا ئاشکرا دەردەکەوێت ئینگلیز مەبەستی ئەوەبوو لە کۆنگرەی ئاشتییدا بیسەلمێنێت کورد لەگەڵ شانشینی عێراق پێکهاتوون و بەبەشی خۆیان رازین و بێدەنگ دانیشتوون . (سەرۆکی دەستگای هەواڵگری بەریتانیا لە عێراق بەدگومان بوو لە شێخ مەحموود و دەیوت فایلەکەی لەسەردەمی تورکدا جێگەی دڵنیایی نییە کە بەردەوام لە شۆڕشدابووە دژ بە تورك و خاوەن دەسەڵات وبەهێزیشە و زۆرتریش بەرزدەبیتەوە(کەواتە بەکەڵکی ئینگلیز نایەت بیکەنە مەلیکی دەستەمۆی کوردستان . ن . ك .) هەروەها دەڵێت دوواکەوتن، نەخوێندەواری، نەبوون و خراپی رێگاوبانەکان، ناکۆکی هۆزەکان و سەررکردەکانیان کە جگە لە کاروباری خێڵ هیچ باری سەرنجێکی تریان نیە . ئەمانە رێگرن لە دامەزراندنی دەوڵەتی کورد، هەرچەندە شانازی بە ئەصڵی خۆیانەوە دەکەن وبە درێژایی سەدەکان کەسایەتی نەتەوەیی خۆیان و داب و نەریتیان پاراستووە کە بەڵگەی بوونیانە وەك نەتەوە، بەڵام نەتەوەیەکی بیٚ سەرکردە) بڕوانە مەحمود مەلاعززەت، حکومەتی کوردستان، ل. ١١٠

ئەفسەری دەزگای هەواڵگریی بەریتانیا کاپتن بیل لە حەلەب بەرِازگری کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان (جمعیت استقلال کردستان)سورەیا بەدرخان دەڵێت (گەورەترین خزمەت پێشکەش بەکورد بکرێت ئەوەیە داوای لێبکرێت هێمن و کرپێت).

ئاخۆ مەبەستی ئەوە بوویێت کورد لە باکووریش هێمن بن، چونکە وەك لە چاوپێکەوتنەکەی شەریف پاشا و کۆکس دەردەکەوێت، ئاژاوە لە تورکیا لە بەرژەوەندی بەریتانیادایە. فەرماندەی گشتی لەشکرەکانی بەریتانیاش لە کوردستانی باکوور، ژەنەراڵ ئەندرۆ ئاگادارییەکی بە زمانی کوردی بڵاوکردەوە (چارەنووسی ئەو زەوییانەی دەوڵەتی عوسمانی کە زۆرینەی دانیشتووەکانی کوردن، لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس یەکلایی دەکرێتەوە و بڕیاری لەسەر دەدرێت، هیواو ئاواتەکانی نەتەوەی کورد و مافە سروشتییەکانی کوردستانیش بەرجەستە دەکات، بۆیە پێویستە هێور و لەسەرخۆبن و لە دادپەروەری بەریتانیا دڵنیا و پشت ئەستوور بن مافەکانیان دابین دەکات).(١٨٤)

هەر ئەوەندەی کورد هاتنە سەر ئەو باوەڕەی بە شۆڕشێکی بەرفراوان و سەرکەوتوو نەبێت مافی کورد لەدوژمن ناسەندرێت، کاپتن بیل، مێجەر نۆئێل دەنێرێت بڵاوە بە شۆڕشگێران بکات و لەشاری حەلەبیش

ڕێگـە لەبڵاوکردنـەوەی بلاڤـۆکێکی کـوردی دەگرێـت جـەماوەری هۆشـیار دەکـردەوە بـە پـەیمان و بـەڵێن دەستخەڕۆ نەبن و کاری ئەکتیڤ بکەن بۆ بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنـۆمی و سـەربەخۆیی، بـەڵام دەسـەڵاتدارانی بەریتانیا لەو کاتەدا نەیاندەهێشت کورد ئەو خەباتە دژی تورکیاش بکـەن!! هـەموو جوڵانەوەیـەك یـا هـەر کارێك ئارامیی ناوچەکە بشێوێنێت بۆ بەرنامە و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا مەترسیدار بوو! تەنانەت سووکە شەڕێکی نێوان هۆزی تاڵەبانی و هۆزی جاف وەها کۆلۆنێل لاین سەغڵەت دەکات (بە پەلە داوای کەریم بەگ و داوود بەگ دەکات بۆ کەرکوك. دوای هەڕەشەیەکی زۆر و قسـەی ڕەق،بـە داوود بـەگ دەڵێت: جارێکی دیکە شەڕ لە نێوانتاندا روو بدات رەوانـەی خـوارووی ئەفـەریقاتان دەکـەم، ئەگـەر تـۆ بـە تفەنگ دەنازیت، من سەدان تۆپ و فڕۆکەم هەیـە). [١٨٥] ئینگلیـز زۆرتـر پەرۆشـی ئەوەبوون،نـەکا وەزیـری ڕاگەیاندنی ئەڵەمانیا (غۆبلز) ئـەو ڕووداوە بچـووکانەش بقۆزیتـەوە و بیکاتـە بەڵگـە کـە عێـراق شۆڕشـی چەکداری تێدا بەرپابووە دژی بەریتانیا. [١٨٦] داوود بەگی جاف دواتر دەبێتە (پەرلەمانتارێکی عێراق، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز، دژ بـە یاسـای چاکسـازی کشـتوکاڵ (زەوی و زاری کشـتوکاڵ راسـترە. ن.ك) چـووە ئێران، سالاری کوڕی وەزیر بوو لە سەردەمی شادا (شای ئێران)، ١٩٧٩ خومەینی ئیعدامی کرد). [١٨٧]

وەك ڕووداوەکان دیاریاندەخست هاوپەیمانە "گەلان و مـرۆڤ دوسـتـەکان"یش بەرهەڵسـتی داخوازییـەکانی کورد و ئەرمەنیشیان دەکرد و شانبەشانی تورکیای کەمالیست کورد بە پـەیمان و بـەڵێن چەواشـە دەکـەن و نامەردانەش جارێك و دووان و سیان لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوی لە گازەرەی پشتی نوقمدەکەن.

## ئەفسەرانی بەریتانیا بە ئاشکرا و بەنهێنی لە کوردستان

لەو ئەفسەرانەی لەشکری بەریتانیا کـە بـەنهێنی یـا ئاشـکرا هاتوونەتـە کوردسـتان و بـەپلانی دەوڵـەت ئەرکی دیاریکراویان پێسپێردراوە، بەو ناوچانەی کوردستاندا گەڕاون مەبەستیان چیی بووە، وەك:

١ـ کلۆدیۆس جێمس ریچ، نوێنەری کۆمپانیـای پـیترۆلی هنـدی خۆرهـەڵات "خۆرهـەڵاتی هینـد" بـوو، نووسەری کتێبی "گەشتی ریچ بۆ عێراق" کە سەرچاوەیەکی بەنرخی مێژووی کوردە.

میستەر ریچ ئەوەندە باڵادەست بوو لە ئێران و عێراقیش، سلێمان پاشای گەورە "بیوك سلێمان" میستەر ریچ پشتیوانیی لێکرد ئینجا سوڵتانی عوسمانی فەرمانی والی عێراقی بۆ دەنووسێت.

٢ـ مێجەرسۆن، ١٨٨١/٨/١٦ـ ١٩٢٦ نوێنەری کۆمپانیای پیترۆڵی ئێـران ـ بـەریتانیا بـووە لـە ئێـران، نێوان ساڵانی ١٩٠٩ ـ ١٩١٣ لە ئێرانـەوە هاتۆتـە کوردسـتانی باشـوور و خـۆی بـەناوی مـیرزا حوسـەین غوڵامی شیرازی ناساندووە و چەند ساڵێك وەك (چەرچی) بە کوردستاندا گەڕاوەو و ماوەیـەکی زۆریـش لـە دیوەخانەکانی پاشاکانی جافدا لە هەڵەبجە چایچی بـووە. سـەردەمی حکومـەتی دووەمـی شـێخ مـەحموود "مەلیك مەحموود" لە جێگای مێجەر نۆئێل دەبێت بە راوێژکاری شێخ و هەوڵی ئاژاوەنانەوە و دووبەرەکیی و هەڵگێڕانـەوەی سـەرۆك هۆزەکـان دەدات لـە دژی شـێخ و هەڵوەشـاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکـەی (حکومەتەکەی).

سۆن دوژمنێکی سەرسەختی شێخ و سەربەخۆیی کوردبوو، بەڵام لەلایەنی کۆمەڵایەتی و رووناکبیرییـەوە

خزمەتی فرە بەرچاوی کوردی دەکرد، نۆ کتێبی بەنرخی لەسەر کورد نووسیوە، هەردوو بڵاوکراوەی (تێگەیشتنی راستیی و پێشکەوتن هەر بە هیممەتی ئەو دەردەچوون)[188] و لە پاڵ خزمەتکردنی زمان و وێژەی کورددا، خزمەتی بەرنامەی رامیاریی بەریتانیاشی دەکردو لە پڕوپاگەندە و چەواشە کردندا گاڵەی بە کوردی خۆشباوەڕ دەکرد. بڵاوکراوەی تێگەیشتنی راستیی، سەردێڕی یەکەمین ژمارەی بەم دروشمە نەخشاندووە: (رۆژنامەیەکی (بەپێوانەی ئەمڕۆ رۆژنامە نەبوو بەڵکو بڵاوکراوە بوو.ن.ك) رامیاریی کۆمەڵایەتییە لەپێناو یەکێتیی کوردو رزگاریاندا)[189] (مەبەستی لەوەیە هۆزەکانی کورد بەئاشتیی بژین و میللەت لە نەخۆشی و نەخوێندەواری وهەژاریی رزگاربن .ن.ك) جەختی لەسەر ئەوەش دەکرد (تەنها بەریتانیای مەزن دەتوانێت) ئەم (ئامانجە پیرۆزانە بێنێتە دی)[190] و کوردی وریاکردەوە (کارێك نەکەن هەتا هەتایە لێی پەشیمان بن).[191]

٣- هیید ١٨١٧ سەردانی بەغدا، سلێمانی، کفری کردووە.

٤ـ میللنگن: ئەمیش ئەفسەرێکی بەریتانیایە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدە بەناوچەکانی کوردستاندا گەڕاوە و کتێبی (ژیانێکی ساکار لە نێو کورددا)ی نووسیوە.

٥ـ لۆنگریك: دوای داگیرکردنی بەسرە و بەغدا لەلایەن لەشکری بەریتانیاوە سەرەتای یەکەمین جەنگی گێتی و پێشڕەویکردنی ئەو لەشکرە بەرەوژوور بۆ کوردستانی باشوور و داگیرکردنی کەرکوك، لۆنگریك دەبێتە ئەفسەری رامیاری بەریتانیا لەو ناوچەیەدا. لە ژیانی کوردەواری و مێژووی عێراقدا پسپۆڕە. لونگرێك بۆچوونی توندوتیژی بەرامبەر سەرانی کوردو عەرەب دەربڕیوە.

لەبارەی کوردەوە دەڵێت: (کورد دواکەوتە و بەتەماعە (چاوچنۆك. ن.ك) رقی لە تاعەتە (گوێڕایەڵی و ژێر فەرمانی. ن.ك) رابەرانی بزافی رزگاری کورد چەتە و رێگرن).[192] ناتۆرەی نەشیاویش دەخاتە پاڵ مەزنەکانی کورد وەك شێخ ئەحمەدی بارزانی و شێخ مەحموود. لە یادداشتەکانی رۆژی ١٩٢٣/٤/١٢شدا لەبارەی سەردار و مەزنەکانی کوردەوە نووسیوێتی (پیاوی ئاینی (پیاوی ئاینیی.ن.ك) نیمچە خوێندەوار و نیمچە برسی و دڕندەن، هەریەکەیان چەند رقی لە شەیتانە هێندەش رقی لەوانی ترە... جا چۆن دەتوانین دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنین).[193] تەماشاکەن شاعیری کوردپەروەر و شەیدای کوردستان شەهید ئەحمەد موختار جاف ١٨٦٩ـ ١٩٣٤ لەو سەردەمەدا چۆن، مۆر نیشان دەپێکێت کە وتوویەتی:

**ئەم قەراری عوسبەیە وا خەڵك ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ**

**هەر قسەی روتە قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە.**[194]

شاعیری نیشتیمانیی کورد شەهید ئەحمەد موختار جاف کوڕی وەسمان پاشای جاف و عادیلە خانم (خانمی وەسمان پاشا)یە، ساڵی ١٩٣٤ لە کەنار رووباری سیروان لە رووداوێکی نادیاردا شەهید کرا، هەر ئەویش هۆنراوە پڕ لە سۆزەکەی "لەخەو هەستن"ی وتووە:[195]

**لە خەو هەستن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە**

**هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە**

**دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیب و بێکەس و مەزڵووم**

**بە گورجی بیبڕن ئەو ڕێگە دوورەی وا لەبەرتانە**

**ئەمجا دەڵێت:**

**بەبێ قەدری بەسەریا رامەبوورن حورمەتی بگرن**

**گوڵاڵە سوورەی ئەو دەشتە کە خوێناوی جگەرتانە**

**بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان**

**هەموو ئان و زەمانێ چەشنی قەڵغان و سوپەرتانە**(١٩٦)

٦ـ مایك سایکس، بەریتانیاییە و لەگەڵ جۆرج بیکۆی فەرەنساییدا بەجوتە پەیمانە بەنێوبانگەکەی سایکس بیکۆ ١٩١٥دادەڕێژن کە هەر بەناوی خۆشیانەوە بڵاوکرایەوە. مایك سایکس ماوەیەك بە کوردستاندا گەڕاوە و چەند کتێبێکی چاکی لەسەر کورد نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە.

٧ـ زانای ئیتالیایی ماوریزۆ کارزۆنی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی میرنشینی باباندا ماوەی هەژدە ساڵ لە ئامێدی ژیاوە.

ئەمانە و زۆری دیکەش هەریەکە و بەبیانوویەکەوە بە کوردستاندا گەڕاون و ئەرکی تایبەتیی خۆیان ئەنجامداوە و لەلایەنی مێژوو و کولتوورەوە خزمەتی کوردیان کردووە و بەرهەمەکانیان سەرچاوەی دەوڵەمەند و باوەڕپێکراون لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کورد.

٨- تۆرتیر ١٨١٨ بەغدا، کەرکوك، سلێمانی گەڕاوە و لەوێوە چووە بۆ سابلاخ و تەورێز.

٩- فرایزەر ١٨٢١ – ١٨٢٢ پەیوەندیی بە زۆرێك لە سەرۆك هۆزەکانەوە کردووە.

١٠- کاپین میگنان ١٨٣٠ لە کفری، سلێمانی، بانە، میاندواو، تەورێزەوە چووە بۆ روسیا و بەهەمان ڕێگەشدا گەڕاوەتەوە.

١١- ڕۆلینسۆن ١٨٣٤ – ١٨٣٦ سەرپەرشتیی مەشقی سەربازیی هێزێکی سوپای ئێرانی دەکرد کە لە کورد پێکهاتبوو، ١٨٣٨ یش جارێکی دیکە چۆتەوە ئێران.

١٢- دکتۆر براد: کونسوڵی بەریتانیا لە ئەرزروم، گەشتی دورودرێژی بە کوردستاندا کردووە.

١٣- فرانسیس ڕۆدن جسنی: باکور و خۆرهەڵاتی کوردستان گەڕاوە و هەوڵیداوە هاتوچۆی سەربازیی و بازرگانیی بە دیجلە و فوراتدا بۆ کەنداوی (فارس-عەرەب) خۆش بکات.

١٤- دەبلیو ئاڕ های: دوو ساڵ لە کوردستان ماوەتەوە و کتێبی (دووساڵ لە کوردستان)ی نوسیوە.

١٥- ئارنۆڵد توین بی: پێداگربوو لەسەر ئەوەی پێویستە کوردستانێکی خودموختاری دابمەزرێت.

١٦- ئەدمۆندز: نوسەری کتێبی کوردو تورك و عەرەب،سەرومڕ دژی کورد وشێخ مەحمود و شورڕشەکەی بوو.لەو کتێبەدا دەڵێت: کورد خۆشیی بوایە و ترشی بوایە سلێمانی و کەرکوکمان دەخستە سەر عێراق.

ئەوە جگەلە مێجەر نۆئیل، لۆنگریك، هاملتۆن کە لە ناوبانگدا کەچیان لە مێجەرسۆن و نۆئیل کەمترنیە. (مەحمود مەلا عیززەت، هەمان سەرچاوەی پێشو، ل. ٥١)

**بیرۆی هند و بیرۆی قاهیرە**

سەرکردەکانی دەوڵەتی خاوەن شکۆی بەریتانیای مەزن لە خۆرهەڵات سەر بە دوو قوتابخانەی جیاواز بوون و هەر گرووپێکیان پەیڕەوی لەیەکێك لە دوو بیرۆ سەرەکییەکەی بەریتانیا لە خۆرهەڵاتدا، بیرۆی هند، یا بیرۆی قاهیرە دەکرد لە تێڕوانین و هەڵوێستیاندا لەمەڕ کێشەکانی ناوچە بەرفراوانەکانی خۆرهەڵاتی سەرزەمین.

سەرکردەکانی بەریتانیا لە بەسرە سەر بە قوتابخانەی هند بوون کە ناحەزی عەرەبن و باوەڕیان پێ ناکەن و نایانەوێت هیچ پەیوەندییەکیان لە تەکدا ببەستن، تێڕوانینی نێگەتیڤیان بەتایبەتی بەرامبەر هۆزەکانی عەرەب هەیە و دەڵێن ئەوانە لەگەڵ رۆژدان، کێ لە سەرەوە بێت دووی دەکەون، بێبەزەیی و دڕندانەش لەژێر کەوتوو هەڵدەگەڕێنەوە و پەلاماری دەدەن، پەیمان و بەڵێن ناپارێزن و زوو لە بیری دەکەن، لە گفتو رێککەوتنندا سەرڕاست نین. لەم تێڕوانینەوە ئەفسەرانی سەر بەم بیرۆیە هەوڵەکانی کۆلۆنێل لۆرانس ئەفسەری بەنێوبانگی دەزگای هەواڵگریی بەریتانیایان بەدڵ نەبوو، ئەوەندەی بۆیان بکرایە کۆسپو تەگەرەیان دەهێنایە بەردەم بەرنامەکانی.

کاپتن بێل فەرمانبەرێکی رامیاریی بەریتانیا بوو لەعێراق لە کتێبەکەیداکە ساڵی **١٩٢٣**بڵاوکرایەوە دەڵێت: عێراقییەکان (پێدەچێت مەبەستی هەر لە عەرەبی عێراق بێت نەك کورد)، بەتایبەتیش پێڕەوکارانی ئاینزانی شیعەگەرێتی توانای بەڕێوەبردنی وڵاتیان نییە (ئەنجامی ئاگاداریی و بەدواداچوونی ورد باوەڕێکی پتەوم هەیە کە ئاینی ئیسلام پێشکەوتنخواز نییە،کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر کارەکتەری مرۆڤ هەیە،هەموو هەستێکی هاوڵاتێتیو پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی تێکدەدات. لەوباوەڕەدام بێل بەو بڕیارە بێ بەڵگەیە تەنها مەبەستی لە لایەنی کۆمەڵایەتیی نێرو مێ بێت لە نێو موسڵماناندا و رێگە گرتنی ئاین لە سەربەستیی تێکەڵاوبوونی ناشەرعیی نێوان ئەو دوو رەگەزە.

بەهۆی ئەو خاڵانەی سەرەوە هەردوو لەشکری بەریتانیا و تورك لە ساڵانی یەکەمین جەنگی گێتی **١٩١٤ـ ١٩١٧** و ساڵانی دواتریش هەتا **١٩٢٢** ئەوەندەیان زیان بە دەستی هۆزە عەرەبەکان بەرکەوت، هەردوو لایەنی دوژمن هاتنە سەر ئەوەی ماوەیەك شەڕی نێوانیان رابگرن و بەهەردوو لەشکرەوە هۆزە عەرەبەکان قڕ بکەن و ئەمجا سەرلەنوێ دەست بکەنەوە بەشەڕ.

ئەفسەران وکاربەدەستانی بەریتانیاش کەسەر بە قوتابخانەی قاهیرە بوون،کەموزۆر هەست وسۆزیکی پۆزەتیڤیان هەبوو لەهەڵس وکەوتیاندا لەمەر مافەکانی کورد. ماوەی نێوان ١٢- ٣٠ / مارت /**١٩٢٣**کۆنگرەیەکیان بەسەرۆکایەتی چەرچڵ بەست بۆ تاوتوێ وگەیشتنە بۆچوونیکی هاوبەش و گەیشتنە ئەنجامێك بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد،لەکۆتاییدا دوو بۆچوون بەرجەستەبوون،یەکەمیان ئەوانەی سەر بە قوتابخانەی قاهیرە بوون وەك: خودی چەرچڵ،سێر پرسی کۆکس،مێجەر نۆئیل،کۆلۆنیل ویلسن،مێجەر یۆنگ،رووەو پشتگیریی کوردو هاندانیان بۆ جیابوونەوە و نەکەوتنەوە بندەستی تورك یا عەرەب ودامەزراندنی دەولەتی کوردستان. چەرچڵ لەکۆبوونەوەکەی قاهیرە و دەرەوەشیدا دەڵێت "پێویستە سیاسیەتی بەریتانیا هیوا و ئاواتەکانی گەلی کورد پشتگوێ نەخات بەڵکو لەبەرچاوی بێت و حسابی بۆ بکات، پێویستە هەردوو لا (کوردستانی باشور و میزۆپۆتامیا) بەدوو شێوەی جیاواز بەڕێوەببرێن و هەوڵ

بدرێت به شێنەیی له یەکتر نزیك بکرێنەوە." له تەلەگرافێکدا بۆ سێر پێرس کۆکس دەڵێت دوای ئەوەی باسی ڕاوبۆچونەکانی کۆنگرەی قاهیرە و هەستکردن بەوە کە مەندوبی سامی چارەسەرێکی مامناوەندی دیوەتەوە (بەلای منەوە وا باشه کەرکوك له عێراق جیا بکرێتەوە) . هەر لەو تەلەگرافەدا دەڵێت: ئێمە دەمانەوێت حکومەتێکی تەواو لەمیزۆپۆتامیا دروست بکەین بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەو حکومەتە دروستکراوە پەل بۆ ئەو ناوچانە بهاوێژێت که عەرەب نین، شارەکانی هەولێر و کفری و کەرکوك بە هیچ جۆرێك عەرەب نین با هەموشیان کوردی تەواو نەبن (له شوێێکی تردا دەڵێت ئەو سێ شارە بەتەواوەتی کوردنشین نین) بۆیە دەبێت هێزەکان لەو ناوچانەدا لەژێر فەرماندەیی ئەفسەرانی بەریتانیادابن نەك عەرەب. م.ر.هاوار، هەمان سەرچاوە، ل.١٢٧، ١٢٦.دووەمیش ئەوانەی سەر بە قوتابخانەی هند بوون کە بریتیبوون لە ئەدمۆندز (ئەدمۆنس)، مێجەر سۆن، هنری دۆبز، مس بیل، کاپتن بێڵ،جەنەراڵ هالدن،کاپتن لاین،توێنبی،پارکەر،پیداگریی و جەختیان لەسەر لکاندنی باشووری کوردستان بەعێراقەوە دەکرد . هەر لەوسەرو بەندەشدا (سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا،کلیمنصۆ زۆر بەراشکاوی و بەناوی هاوپەیمانانی سەرکوتوو لەجەنگدا وتی: تورکیا لەو ئاستەدا نیە متمانەی پێبکریت میللەتێك بەڕێوەبەرێت (غەیرە تورك)ونابێت قەومێك که تورك نیە (کورد) تا ئەمڕۆ لەبندەستیدابووە، دووبارە بیخەینەوە بندەستی.) تکایە بڕوانە مەحمود مەلا عزت، حکومەتی کوردستان،لا.٥٠

## داوە قرچۆکەکەی نێوان شێخ و ئینگلیز

نوێنەری باڵای بەریتانیا له عێراق نەیدەتوانی لەگەڵ شێخدا بیگوزەرێنێت، داوە قرچۆکەکەی نێوانیان دەپسێت، نۆئێل ئەمجارەش هیچی بۆ ناکرێت، کاپتن چەپمەن دەکاتە جێگر و خۆی دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووك. کاربەدەستانی کورد دەبخەنە ژێر چاودێری و له (بانگی کوردستان)یشدا بلاّوی دەکەنەوە، کەس پەیوەندی پێوە نەکات، ئەویش سلێمانی جێدەهێڵێت و مێجەر سۆن دەبێتە ڕاوێژکاری شێخ هەرچەند لە ڕاستییدا نوێنەری ئینگلیز بوو له سلێمانی. مێجەر سۆن له هەموو روویەکەوە تەواو پێچەوانەی مێجەر نۆئێل بوو کە لە بواری رامیارییدا دۆست و سۆزداری کورد و ناحەزی تورك بوو کە بە ئاشکرا لە یادداشتەکانیدا رەنگدەداتەوە. بەڵام سۆن هەرچەندە ناحەزی شێخ و خواستەکانی کورد بوو کەچی خزمەتێکی گەورەی زمان و نووسین و رۆژنامەگەریی کوردی کردووە، پێویستە لەبەرچاومان بێت. بارودۆخی سلێمانی گۆڕا وەك ئەوەی دوو حکومەتی تێدا بێت کەسیان نامەی ئەویدی نەدەخوێندەوە! کارە گرنگەکان بەدەست ئەوان و رووکەشەکانیش بە دەست کوردەوە بوون.. شێخیش وایدەزانی گرەوەکە دەباتەوە، ئێواران دەچووە سەرووی شار بۆ کات بەسەربردن لەگەڵ دەستو پێوەندو پیاوخاسەکانیدا و له ژێر دارتوویەك دادەنیشتن کە هەر لەو رۆژەوە بە تووی مەلیك ناودەبراو دواتریش لەو جێنزرگەیەوە هەتا دەگاتە بناری شاخ و چەندین گەرەگ دەگرێتەوە هەر بە تووی مەلیك ناودەبرێت.(١٩٧)

لەو رۆژەوە میجەر سۆن هاتە سلێمانی، ئیتر نە خۆی، نە دەسەلاّتی کەرکووك و نە بەغداش بڕای بڕ، شێخ وەك حوکمداری کوردستان تەماشا ناکەن، بەڵکو وەك دەستنیێژو داردەستی تورك دەیانخوێندەوە و جگە

له ناحەزی و بەربەرەکانی شێخ و کورد، شتێکی دیکەیان بۆ کورد لە
هەگبەیاندا نەبوو.هارولد نیکولسۆن دەڵێت:(ئەورۆژەی ئێمە بە کوردەکانمان دەگوت وەرن ببنە دەوڵەت، هیچ خۆیان بۆ ماندوونەکرد، کەچی ساڵی ١٩٢٢ لەناکاو چاردە بەندەکەیان لێداواکردین،بەڵام یەراستی ئیتر درەنگ بوو .) د. قاسملو، هەمان سەرچاوە، ل. ٨٢

**دیفاع ئەکەم بە هیممەتی حەیدەر حقوقی کورد**
**یا رۆحی خۆم وئالی پێغەمبەر فەنا ئەکەم**
**گەر مانعی حقوقی میللەتی کورد بن، عەرەب**
**بێشك نوێژەکانم بەکوردی قەزا ئەکەم**

**(شێخ مەحموود)**

## بارودۆخی ئابووری وکۆمەڵایەتی کوردستان

وڵاتی ئێران پێشکەوتنی شارستانی نوێ و داهێنانەکانی بواری زانست و تەکنەلۆژیای پەیوەست بە پیشەسازی، کشتوکاڵ، تەندروستی و دەرمانسازی و چاپ و بڵاوکردنەوە و هتد لە رووسیای دراوسێ و ئەڵەمانیا و ئەمەریکاوە پێدەگەیشت. تورکیاش لە ئەوروپاوە، کوردیش لە رێگەی ئێران و تورکیاوە پریشکێکی بەردەکەوت. بارودۆخی نالەباری کوردستان بواری بەکورد نەدەدا بنکە و ژێرخانی ئابووری دابمەزرێنێت یا پەیوەندییەکی ئەکتیڤی بازرگانی و هاوردنی ئامێر و کەرەسەی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی بەرهەمو کاڵاکان لەگەڵ دراوسێکانیدا بکات و کەڵك لە قووڵایی ستراتیژی هەڵکەوتە جوگرافیا نایابەکەی کوردستان وەربگرێت کە ئاسیا و ئەوروپا پێکەوە دەبەستێتەوە. هەتا ئەمڕۆکەش لە کوردستان شارێکی پیشەسازی یا بازرگانی بەنێوبانگ هەڵنەکەوتووە ژێرخانی ئابووری لەسەر دابمەزرێت و ببێتە هۆی پێشکەوتن و گەشەکردنی کورد لە لایەنەکانی ژیاندا. هەموو بنکە پیشەسازی و ئابوورییەکانی کوردستانی باشوور هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لەژێر سفرەوە بوو، تەنانەت کارگەیەکی دەستیی شەکری کەللەی تێدا نەبوو کە شەکری وردە لە شێوەی قاڵبدا داڕێژێت.(١٩٨)

دروستکردنی بەربەستی (بەنداو)ی ئاوی دوکان لەسەر زێی بچووك ساڵی ١٩٥٢ لە لایەن "کۆمپانیای دۆمێز باڵۆ"وە دامەزراو بەنداوی دەربەندیخان ١٩٦١و کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار ـ سلێمانی ١٩٥٩، کارگەی بژار و پوختەکردنی توتن و پیشەسازی جگەرەی سلێمانی ١٩٦١، کارگەی بیبسی کۆلای بانی خێڵان ـ سلێمانی، کارگەی مافوور و چنینی هەولێر، کارگەی بەرهەمهێنانی دۆشاوی تەماتەی قوتوو لە دهۆك، کارگەی کۆکاکۆلا لە کەرکووك و کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە ـ سلێمانی ١٩٨٢ و کارگەی جلوبەرگی ئامادە ـ سلێمانی ١٩٨٤. ئەم کارگانەش جگە لە چیمەنتۆ و جگەرە بەرهەمەکانیان لە بازاڕدا نەدەبینران. لەو دواییانەشدا چەند پرۆژەیەکی سەرنەکەوتووی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت بۆ بەرهەمهێنانی مریشك و هێلکە دامەزران، بەرهەمی ئەو پرۆژانەش ئەوەندە کەمبوون دەستدار دەیبردو

بێدەست تەماشای دەکرد!

گەشەنەکردنی پیشەسازی و ئابووری لە کوردستاندا بەهۆی چەند فاکتەرێکەوەیە:

١ـ دۆخی رامیاری و ژێردەستەیی و بەستنەوەی شارەکانی کوردستان بە توونـدی بەپایتەختـەکانی ئەنقەرە، تاران، بەغداو دیمەشقەوە.

٢ـ کوردستان بەردەوام گۆڕەپانێکی بێ خاوەنی جەنگ و پێکدادان و هێرش و کشانەوەی هێزەکانی دوژمن بوو کە سەرەڕای وێرانکردنی وڵاتەکە ئەرکێکی زۆریشی بە تۆپزی دەخستە سەرشانی دانیشتوان وەك بێگارو ئەو کەمە پیشە دەستییە سەرەتاییانەش کە هەبوون، وەستاکان راکێشی بەرەکانی جەنگ دەکران یا دەزگاو دووکانیان دەپێچایەوەو سەری خۆیان هەڵدەگرت.

٣ـ وڵاتی کوردستان بە گشتیی چیای سەرکەش و زستانان بەفری ئەستوور و بەرزایی و لوتکەی هەڵەموت و دۆڵ و گەلیی و دەربەندی سەخت و دژوارە و نەبوونی رێگاوبان و هۆی گواستنەوەی گونجاویش سەرباری ئەوانە بواری نەدەدایە بەرهەمهێنەران یا راستتر بڵێم خاوەن بەرهەمە سروشتیی و کشتوکاڵییەکان بەرهەمەکان بۆ دەوروپشت و نێزیك و دوور ودوورتر بنێرن و پەیوەندی راستەوخۆ بە دراوسێکان و ئەوروپاوە بکەن.

٤ـ داگیرکارانی کوردستان لەمێژە گوێز ومازوو، بادەم، توتن، پێستەو خووری و ڕیخۆڵە و نیسك و نۆك و هتد،لەبەروبوومی کوردستان دەنێرنە بازاڕەکانی جیهان.

٥ـ پێکەوەنەنانی سەرمایەی گەورە و نەبوونی پرۆژەی هاوبەش بەهۆی حەرامکردنی پارە وەرگرتن لە بانکەکان.

ئەو چوار ساڵەی شەڕی یەکەمی جیهانی ١٩١٤ـ ١٩١٧ کورد بە گشتی لە باشوور و باکوور لەوپەڕی برسێتی و دەستکورتی و پەرێشانیدا بوون، سەرەڕای قاتوقڕی و گرانی و بڵاوبوونەوەی پەتای رشانەوەش کە گاڵەی بەو خەڵکە داماوو دەستبەستراوە دەکرد، ئەو کەمە بەروبوومی کشتوکاڵەش کە بە هەزار دەردی سەری دەهاتە بەرهەم کاربەدەستانی تورك بە ناوی باربووی لەشکرەوە دەستیان بەسەردا دەگرت و بەشی هەرەزۆری لە بازاڕدا بە نرخێکی گونجاو دەفرۆشرایەوە و خۆیان و کۆمەڵێك بازرگانی بێویژدان و چاوچنۆك کیسەیان هەڵدەدروو و سامانێکی خوێناوی رەشیان کەڵەکە دەکرد، ئەوانەی توانای جوتکاری و چاندنیشیان هەبوو دەگیران و بەزۆرەملی رەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکران.. (هۆقەیەك ئاردی تێکەڵە و پڕ لە خاك و خۆڵ گەیشتە لیرەیەك).[199] (هۆقە ٣سێ کیلۆگرام ونیوە. ن.ك).

ساڵی ١٩١٦ نرخی تەنێك گەنم لە ٤٠ لیرەوە گەیشتە ١٢٠ لیرەی ئاڵتون، هەژار و دەستکورتەکان لە شارێکی وەك سلێمانی کە (ئاردە برنج و مێووژ و تووە وشکە نەمان، کەوتنە خواردنی ئاردی بەڕوو، ناوکی پەموو، نانی وشك و پاقلەی کوڵاو دەست هەموو کەس نەدەکەوت، لاشەی مردووەکان زەندەقی زیندووەکانیان دەبرد لە کۆڵانەکاندا، رەوشتو خووی بەرز نەوی بوو بوو، دڵسۆزی و داوێن پاکی بە زۆربەی خەڵکەوە نەمابوو، لە ئێرانیشەوە پۆل پۆل **کاروانی** برسییەکان دەگەیشتە سلێمانی و هەندێکیان لەش

فرۆشییان دەکرد).[٢٠٠]

موحەممەد تۆفیق ووردی دەڵێت بە چاوی خۆم دیومە دایك و باوك لەتاو نەبوونی منداڵی خۆیان دەفرۆشت.

تورك کە ئەو خەڵکەیان تووشی ئەو مەرگەساتە کردبوو هیچ بایەخێکیان بە دەردو ئازاری کەس نەدەدا، خۆیان تێربوون چش لە میللەت، ئینگلیزەکانیش نەدەپەرژان و شێخیش لە هەموو لایەکەوە قوڕی بۆ گێڕابووەوە دەرەقەت نەدەهات. بە کورتی هەرکەس خەمی خۆی بوو بە هەر شێوەیەك بێت برسێتی گیانی دەرنەهێنێت.

لەولاشەوە خۆدزینەوە و راکردنی سەربازەکانی لەشکری تورك پەرەیسەند و لە ٣٠٠ هەزار سەربازی ساڵی ١٩١٧وە لە هاوینی ١٩١٨دا ژمارەیان گەیشتە نیو ملیۆن سەربازی راکردوو کە زۆربەیان دەستیان دەدایە دزی و جەردەیی و راوو روت.

مامۆستا حیلمی دەڵێت: خەڵك لە ئینگلیز داخ لەدڵ بوون، توخنیان نەدەکەوتن و خۆیان لێ دەپاراستن، بەشەرمیان دەزانی کارمەندو فەرمانبەرو مووچەخۆری میری بن، زۆر شوورەیی بوو بچیتە سەرای حکومەت مەگەر ناچار بوویتایە، خەڵك زۆر خۆیان دەپاراست قسەیان دوا نەکەوێت "خەڵکی ئەو رۆژە خاوو سادە و راست و بێ غەش بوون، ئەوانەی سیخوڕ و بەکرێگیراویش بوون پیاوی پیاوانە، نە سڵاوی لێدەکردن نە سڵاویشی دەسەندنەوە، ئەوانە کاریان ئەوەبوو تۆمەت بۆ ئەو کوردانە بدۆزنەوە ناحەزی ئینگلیزن.[٢٠١] دیاردەی سووك تێڕوانینی سیخوڕ و بەکرێگیراوو کاسەلێسان تا دەهات بەهێزتر و بەتینتر دەبوو، هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولی ٩٦١وە هەتا هەرەسەکەی ١٩٧٥ زۆر بە زەقی لە کوردستانی باشووردا دەبینرا و هیچ ناپاك و داردەستێك لە نێو کۆمەڵدا جێگەی نەدەبۆوە، ئینگلیز لەو رۆژگارەدا بۆ چەواشەکردنی کورد و سوککردنی نیشتمان پەروەرانی کورد بە هەر بیانوویەك بوایە هەر جارە و لەگەڵ دڵسۆزێکی کورددا خۆیان پیشانی جەماوەر دەدا بۆ ئەوەی خەڵکەکە دڵ لەو دڵسۆزو کوردپەروەرانە کرمێ بکەن و متمانەیان بەیەکتر نەمێنێت و بڵێن خۆ ئەوانە بوونەتە پیاوی دوژمن.

مێجەر نۆئێل لە یادداشتەکانیدا چەند لایەنێکی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کوردی باکوور بە سەلیقەیەکی وردەوە رووندەکاتەوە هەر بۆ نموونە دەڵێت لە قەزای بازارجیك سەر بە پارێزگای مەرعەش (لە کۆی ٢٣٨٦٨ مسوڵمانی ئەو ناوچەیە کە ئەرمەن مرخی لێ خۆش کردبوو لەو بڕوایەدا بوون بەشێکی تەواوکەری ئەرمینیایە، سەرژمێرە رەسمییەکانی تورك بەمجۆرەیە:

موسڵمانەکان ٢٣٨٦٨، ئەرمەن ٣٧، تورك چواردە هەزار، کوردەکان دە هەزار، بەڵام لە راستییدا رێژەی تورك (لەو ناوچەیەدا. ن.ك) ٥٥٪ە)[٢٠٢]، هەروەها دەڵێت:

(کوردەکان بە سووکی و رقەوە تەماشای تورکەکان و کرداریان دەکەن).[٢٠٣]

(جوتێك گا، زەوی بۆ ١٠٠٠کغم گەنم یا جۆ دەکێڵێت، ئەم ساڵ (ئەوبەرە تۆوە.ن.ك) بوو بە ٥٠٠کغم، بەرهەمی گەنم و جۆ لە دەشت یەك بە دەیە، لە قەدپاڵ و بەرزاییەکاندا یەك بە هەشتە، بەر لە جەنگ

"جەنگی یەکەمی گێتی" هەموو خێزانێکی عەشرەتی گورجیك کە ٢٥٠٠ "دوو هەزار پێنج سەد" خێزان پترن لە ٣٨ گونددا، ٤٩٥ خێزانی تورکیش لە چوار گوندی ئەواندا دەژین، "هەموو خێزانێکی" عەشرەتی گورجیك بەلای کەمەوە خاوەنی جوتە گای خۆی بووە، دوای جەنگ ٤٠٪ کەمی کرد. ڕێژەی ئاژەڵداری خێزانێکی دەوڵەمەند دوو سەد سەر پترە، خێزانێکی ناونجی ٥٠ـ ٦٠ سەر و خێزانی هەژاریش لە ٢٥ سەرەوە هەتا کۆتایی جەنگ نیوەی مایەوە. ڕێژەی مەڕ لەچاو بزندا یەك بۆ نۆیە. مەرێك ساڵانە یەك کیلۆو سێ لەسەر چواری کیلۆیەك ڕۆنی هەیە.(٢٠٤)

مێجەر نۆئێل لە بارەی دراوو نرخی کڕین و فرۆشتنیشەوە زانیاری چاکمان دەداتێ:

لیرەیەکی ئالتوون دەکاتە ٧و ١/٢ — ٧و ٣/٤ مەجیدی (حەوت و نیو ـ حەوت و سێ چارەك)

یەك مەجیدی دەکاتە ٢٠ — ٢٣ قرۆش

یەك لیرەی کاغەز (مەبەستی بانك نۆتە .ن.ك) دەکاتە ٣٧ — ٣٨ قرۆش.

کیسەیەك لیرە،پێنج لیرەی ئالتوونە.(٢٠٥) مووی بزن کیلۆی بە پازدە مەجیدی، خووری شۆراوە کیلۆی بە بیست و پێنج مەجیدی، مازوو کیلۆی بە شەش مەجیدی.

سەرێك کاوڕ (مەڕی یەك ساڵە) بە ١٤- ١٥ مەجیدی (٢٠٦)

سەرێك شەك (مەڕی دوو ساڵە) بە ١٧ مەجیدی (٢٠٧)

کۆدێك گەنم (١/٤ تەن) بە ٢٨- ٣٠ مەجیدی، تەنێك بە ١٢٠ مەجیدی

تەنێك جۆ بە هەشتا مەجیدی (١٤٤ رووپیە).

تفەنگێکی تورکی بە هەشت پاوەند (١٢ لیرەی ئالتوون)

تفەنگی کورت بە پازدە لیرەی ئالتوون

فیشەکدانێك بە ١٠٠ فیشەکەوە بە ٥ — ١٠ مەجیدییە (حەڤدەو نیو)

باجی زەوی هەشت یەکە، باجی ئاژەڵ هەر سەرێك ١٧ قرۆشە، باجی داهات ٥٪.

گوندی بریمان (پێدەچێت برایمان بێت.ن.ك) ٢٢ ماڵە، ٥٨ ولاخی جوتی هەیە، ساڵانە "١٤٥٠" قرۆش باجی داهات دەدەن.(٢٠٨)

(یەکێك لە ئەندامەکانی تورکانی لە تورکیا "ی سەردەمی عەبدولحەمیددا . کەمال مەزهەر" دەڵێت: تاقە ڕێگەیەك تاقە ئامانجێك مابووەوە: کۆکردنەوەی پارە و خەرجکردنی بە سەفاهەت، بەڵام بۆ گەیشتن بەوە دەبوو ببی بە پیاوی کۆشك و دڵسۆزی خۆت بۆ دەوڵەت بەگوێ نەدانە باوك و برا و هاوڕێ و بیر و ویژدان و هەموو هەستێکی نیشتمانی و مرۆڤایەتی ساغ بکەیتەوە).(٢٠٩)

سەردەمی فەرمانڕەوایی دیکتاتۆرە ملهوڕەکان لە مێژووی هەموو گەلاندا هاوشێوە و چوونیەکن، سی و پێنج ساڵی فەرمانڕەوایی بەعسییەکانی عێراق بەشی هەرەزۆری گەلانی عێراق و بەتایبەت گەلی عارەبیان بە شیعە و سوننەوە خەساند و بەرنامەی پەرستنی تاکە سەرۆك و شاسوار و پاڵەوانی نەتەوەییان وەك بەرنامەکەی ستالین و مستەفا کەمال پیادە دەکرد و پیرە پیاوی عەرەبی عێراق بۆ ئافەرینێکی سەرۆکی

فەرماندە جگەرگۆشەی خۆی کوشت و بەو دەستی خوێنـاوی تاوانـەوە بـۆ سـەلماندنی دڵسـۆزی خـۆی چـووە بەرپێی صەدام حوسەین.

ئـەوە بەرنامـە کۆنەکـەی خەسـاندنی پیـاوان و زینـدانیکردنی ئافرەتـانی سـەردەمی سـوڵتان و خەلیفـە خوانەناسەکان بوو زیندوو کرابـووەوە، ئـەگینا ئـەوەی گـەلانی عێـراق بـۆ صـەدامیان دەکـرد بەتایبـەتیش عەرەبی شیعە مەزەب بۆ ئافەرینێکی صەدام و نیشانەیەکی ئازایـەتی کـە نـەك نیشـانەی ئازایـەتی بگـرە نیشانەی شەرمەزاری بوو یا بۆ وەرگرتنی ماشینێکی بەرازیلی بێ پـەروا خـوێنی بـرا شـیعە ئێرانییـەکانی دەڕشـت. تورکومانـەکانی عێـراق کـە هـەموو دەسـەڵاتدارێکی عێـراق بـە داگیرکـاری هـەرێمی موصـڵ (کوردستانی باشوور) دەژمێرن کە ئەوان بـە بەشـێك لـە نیشـتمانی دایـك ـ نیشـتمانی تـورکی دەزانـن لـە عەرەب خراپتر کەوتبوونە بەرپێی صەدام، چۆن هەر ئەوان و بەشێکی کوردیش لەو شەرمەزارییە مێژووییـە بێبەش نەبوون، کـە صـەدامی سـەرۆکی فەرمانـدە و بـاوك گلۆڵـەی کەوتـە لێـژی بـە هـەمان کـوڵ و دڵ و سەرگەرمی و گـوڕو تـین و کـەفوکوڵی دەروونییـەوە ڕژانـە سـەر شـەقامەکان پەیکـەری بتەکـەیان بـەپێڵاو دەکوتایەوە و کێ ئازا بێت پاشەڵی پیسی خـاوێن کاتـەوە کـە لـە هـەر شـوێنێك خـاوێن بکرێتـەوە لەسـەر رووپەرەکانی مێژوو هەر بە رەشی و پۆخڵی دەمێنێتەوە و مێژوو بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە و هیچ تاوانێك بۆ هیچ ملهوڕێك ناشارێتەوە چ جای پیاوی خەساوو فەریکە پیـاو و کاسـەلێس و جامبـاز و هەلپەرسـت و کوڕی رۆژ. کورد لە پەراوێزدا دانانێم، فریشتە نین، مرۆڤن، چاکیش دەکەن و خراپیش، بـەڵام هـەرگیز لـەو رووەوە لەگەڵ عەرەب و تورکوماندا بەراورد ناکرێن.

لە جەنگی رووسیا و عوسمانییەکانی ۱۸۷۹ ـ ۱۸۸۲ دا سوڵتان بەناوی شـەڕی پـیرۆز و پارێزگـاریکردنی خاکی پیرۆزی موسڵمانان لە سوپای "کافران" شێخ عوبێدوڵڵای نەهری فریو دەدات و لەشکری کورد دەباتە پێشەوە، بەڵام دەبینێت (هەموو بنەماڵەیەك "خێزان دروستە. ن.ك" لە سنجاقی بایەزید ئەبوو دوو بـەران و چەند هۆقە رۆن و دوو جوت گۆرەوی بە لەشکر بدەن یا لەبری ئەوە پارە بدەن جگە لەوەی سـەربازەکانیش بەسەر ماڵەکاندا دابەش دەبوون، چونکە چەند مانگ بوو مووچـەیان لـە کـاتی خۆیـدا نـەدەدرا، ئـەوانیش دەکەوتنە دزی و راووڕوت و چاویشیان لێدەپۆشرا. شێخ عوبەیدوڵڵای کـورد بـۆی دەرکـەوت ئـەوە جـەنگی پیرۆز و غەزا نییە، جەنگێکی چەپەڵ و چەوسانەوە و خوێنمژینی موسـڵمانان و خـواردنی سـەروماڵیانە لـە پێناو ئامانجێکی شێتانەدا جگە ماڵوێرانی و قوربانیدانی بێهودە خێرێکی تێدا نییە، گۆڕەپـانی شـەڕ چـۆڵ دەکات و کوڕی کورد بە کوشت نادات، چەکە کۆنەکانیش فرێدەدەن و چەکی نوێ هەڵدەگرن).[٢١٠] سەرۆکی بەشی سەربازی قەفقاسیای لەشکرەکانی رووسیاش هەر لە بۆنەیەکی وەهادا نووسیوێتی: زۆربەی کورد هیچ جۆرە هەستێکی دوستایەتی و برایەتی بەرامبـەر حکومـەتی تورك نییـە کـە هـیچ چـاکەیەکیان لێنـەدیون و هەر چاوەڕوانی خراپەیان لێدەکەن.[٢١١] مێجەر نۆئێـل لـە کوردەکـانی باشـوور دەپرسـێت ئایـا حکومـەتی تورکیاتان خـۆش دەوێـت؟ پیرەمێردێـك وتـی وەهـا چـاکترە بڵـێین خۆشـمان دەوێ.[٢١٢] دانیشـتوانی گونـدی "تەبلا"ش دەڵێن ئەو تورکە مەلعوونانە لەم دێیەدا ئازادی و سەربەستییان لێ زەوتکردووین.[٢١٣]

دکتۆر کەمال مەزهەر لە "تێگەیشتنی راستییدا" دەڵێت نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، خوێندن لەسەر شێوەی نوێ گەیشتە کوردستان، بەرلە یەکەمین جەنگی گێتی ژمارەی قوتابی "خوێندکار.ن.ك" بەمجۆرە بوو:

| | |
|---|---|
| عەقرە "ئاکرێ. ن.ك" | ٣٠ سی. |
| زاخۆ | ٤٠ چل |
| عەمادیە "ئامێدی.ن.ك" | ٤٥ چل و پێنج |
| رەواندز | هەر ٤٥ چلو پێنج |
| دهۆك | ٥٠ پەنجا |
| کۆیە | ١٢٥ سەدو بیست و پێنج |
| سلێمانی بە شاربازێڕەوە | ١٤٠ سەدو چل |
| هەولێر | ١٥٥ سەدو پەنجاو پێنج |

سەلاحییە (؟) ١٥٠ سەدو پەنجا قوتابی (خوێندکار) لە فێرگەکانی میری (میرییدا.ن.ك) دەیانخوێند.(٢١٤) خواجەئەفەندی بۆ هاندانی لاوانی کورد بەنێر و مێوە بچنە بەر خوێندن و فێربوون دەیزانی چۆن کوردی دواکەوتەی روو لە ئاین بدوێنێت، هەستیارترین ژێی هەست و سۆزی دەبزواندن و دەیوت (لە رۆژی قیامەتدا "رۆژی زیندووبوونەوە. ن.ك" نەخوێندەوار بە کوێری دەسووڕێتەوە).

زمارەی دانیشتووانی شارنشینی سلیمانی لەمانگی گەلاویزی١٩٢٤دا،دابەزیبووە ٧٠٠حەوت صەد کەس،بەڵام لەنۆفەمبەرداجاریکی دیکە گەیشتەوە ٢٠.٠٠٠هەزار.کۆی دانیشتووانی لیوای سلیمانی وقەزاکانی چەمچەماڵ،قەڵادزێ(پشدەر)وشاربازیر،دوواترجاریکی دیکە دابەشکران بۆ١٧ناحیەو کۆی دانیشتوانەکەشی ساڵی ١٩٢٤، ١٨٩.٠٠٠هەزار کورد،١.٥٥٠هەزارجوولەکە و٧٥عەرەب بووە .بروانە ف .مینورسکی،سەرچاوەی پیشوو ل ٦١.

کوردستانی باشوور نێوان ١٩٢٨ـ ١٩٣١ ژمارەی دانیشتووانی ٨٠٠.٠٠٠ هەزار بوو، ٧٩ فێرگەی تێدا بوو، تەنها ٢٧ فێرگە بە زمانی کوردی بوون ئەوانی دیکە بە زمانی عەرەبی و چەند وانەیەکی بە تورکمانی بوو. ئەو ٢٧ فێرگە کوردییەش ١٦یان یەك پۆلی و ئەوانی تر سەرەتایی و ئامادەیین لە پاڵ دوو فێرگەی ناوەندی پڕ کەموکوڕی لە سلێمانی و هەولێر، لە هەموو باشووریشدا هەشت فێرگەی کچان هەبوو ئەویش هەر یەکێکیان وتنەوەی وانەکانی بە زمانی کوردی بوون ئەگینا کتێب و بەرنامەکانی عەرەبی بوون. هەمان ئەو ساڵانەش ئەلبان ٥٢٨، فەلەستین ٤٣٢ فێرگەی تێدا بوو(٢١٥) "بە زمانی زگماك. ن.ك".

دکتۆر کەمال لە رووی ئاستی خوێندن و پەروەردەوە دەڵێت ساڵی ١٩٤٠ ژمارەی خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لە عێراق ١٤.٠٠٠ چواردە هەزار خوێندکار بوو، سلێمانی تەنها ٣١٣ سێ سەدو سیازدە خوێندکاری قۆناغی ناوەندی تێدا بوو، ١٨ هەژدە ناوەندی کچانیش لە عێراق هەبوون، هێشتا لە هەولێر ناوەندی کچان نەکرابووەوە. سلێمانی هەتا ١٩٣٤ کتێبخانەی گشتی تێدا نەبوو، هەولێرییەکان بە پارەی

خۆیان کتێبخانەیان دامەزراند. کتێبخانەی گشتی بەغداش تاکە کتێبێکی بە زمانی کوردی تێدا نەبوو لە کاتێکدا "١١٦" کتێبی فارسی و "٧٥٢" کتێبی بە زمانی تورکی تێدا بوو.

لە سییەکانەوە تا ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستەم تەنها (١٠٠) کتێبی کوردی چاپکران "ئەو ماوەیە بەلای کەمەوە دە صالّ پترە و سەرجەم لە صالێکدا دە کتێب چاپکراوە، ئەوانیش جگە لە دیوانی شاعیران بەزۆری چیرۆکەکانی ئەمیر ئەرسەلان، لەیلاو مەجنوون لەیل و (مەجنوون ـ قەیسی عامیری)، شیرین و فەرهاد،دز و قازی، حیکایەتی چل توتی، زادیج، مەولوودنامە، کتێبی ئەحمەدی... هتد. ن.ك". سلێمانی ١٩٣٦ نەخۆشخانەیەکی "٣٤" قەرەوێڵەیی و دوو پزیشك و دوو برین پێچی تێدا بوو، لە هەموو هەرێمی هەولێر "پزیشکێکی تێدا نەبوو.ن.ك" تەنها یەك برین پێچ هەبوو بەسەر ناوچەکاندا دەگەڕا. ١٢٪ی دانیشتوانی کەرکوك زمانی تورکمانیان بەکاردەهێنا، ٢٨ فێرگەی تێدا بوو، سێ فێرگە بە کوردی دەیخوێند، جگە لەیەك دوویەك ئەویدی بە تورکی دەیانخوێند (ئەم وەزعە وادەکات کورد منالّ نەنێرنە بەر خوێندن و پێچەوانەی مافی کورد و زانستەکانی پەروەردە و فێرکردن فێری تورکمانی بکرێن کە بەرژەوەندی حکومەتیشی تێدا نییە، بەلاّم (تەشجیعیان ئەکا بۆ ئەم زمانە و بلاّوبوونەوەی تا ضەربە(زەڕبە) لە کورد بدا، و تورکمان ئامادە بکا بۆ ئەوەی زیاتر لە ئێستە بەسەر کورددا زالّ بن).[٢١٦]

سەرۆکوەزیرانی عێراق عەبدولموحسین سەعدوون ١٩٢٦/١/٢١ لە بەردەم شوورای نوێنەراندا وتی (گەورەکانم ئەگەر حوقوقی هەموو عەناصیری عێراق نەدرێ مومکین نییە مەملەکەت بژی... ئەبێ حوقوقی کورد بدرێ و ئەبی مەئمووریان لە خۆیان بێ و ئەبێ زمانیان زمانێکی رەسمی بێ بۆیان، منالّیان لە مەکتەبدا بە زمانی خۆیان دەرس بخوێنن..)[٢١٧] هەرچەند یەکێك لە بڕیارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ١٩٢٥/١٢/١٦ بڕیاریدا کە زمانی کوردی لە باشووری کوردستان زمانێکی فەرمی خوێندن و فێرکردن و پەیوەندییەکانی نێو دەزگا میرییەکانە (حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی .... هەتا ئێستا هەر لەسەر کاغەز ماوەتەوە)،[218] لەگەڵ ئەوەشدا کەش و هەوای خوێندن بە زمانی کوردی بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینی (لەناوچە کوردنشینەکاندا لە (٢٥) فێرگە (١٦)یان بە کوردی دەخوێنن، گاورەکانیش "عیسایی" لە (٥) فێرگەدا بە زمانی کلدانی، عەرەبی دەخوێنن، لە تێکڕای ژمارەی مامۆستایانی وانەبێژیش (٥٢) مامۆستا، (٤٤) مامۆستایان کورد بوون.

دیارە تورکمانەکان چوار فێرگەیان بۆ کراوەتەوە و یەك دوو وانەبێژ.[219] (نووسین بە زمانی کوردی هێشتا لە لیوای موصلّ بلاّونەبۆتەوە، تورکی و عەرەبی بەکاردەهێنن، لە لیوای هەولێر وردە وردە بلاّوبووەتەوە، لە بەغدا بە زمانی کوردی دوو جەریدە دەرئەچێ (دەرئەچن) و ئێستاکە نەك بە دانی حورییەتی ئیستعمالی زمانی کوردی بەڵکو بۆ تەشویقاتی ئیستیعمالی ئەوەی پێویست بێ (بە) دڵسۆزی ئەکرێ).[220]

**بە مەعموری کە مەشهووری جیهان بو خاکی کوردستان**[221]

**هەمووی وێرانەیە ئێستا لە زوڵم و وەحشەتی تورکان**

لەبەر لاشەی بەنی ئادەم چ مومکین هاتوچۆ کردن

لە نەعرەی برسیەتی قابیل نییە ئینسان نەبێ حەیران[222]

ئەمجا دەڵێت:

کە ئینسان ئەفزەلی مەخلووقە هیچ فەرقی نییە ئەمڕۆ[223]

لەگەڵ حەیوانی ناهیق هەردوو بونە مەئکەلی گورگان[224]

تەماشا ئەهلی لادێ کەن هەموویان بونە سلقی روت

لەدەس یەغماگەری ژاندرمە و مەئموری بێ ئیمان[225]

بە زیندوو ئیکتیفا نەکرا تەعەروز کرایە شەخس و پیر

نە شێخی نۆدێ مەحفوز، ما نەقەبری حاکمی بابان

هۆنەری نابینا، مەلا حەمدوون یەکەمین جەنگی گێتی وەها هاتۆتە بەر دیدەی خەیاڵی:

ئەم رۆژە چ رۆژێکە کە دنیا شڵەژاوە *** هەرکەس بەجەخاریێ جگەری قیمە کراوە

ژاندرمە ئەسورێتەوە وەك واشەی برسی *** بۆ لاشەیی میللەت بەفڕو فێڵی غەزاوە

فەوتاوە لەبەر سوخرە کەرو قاتر و یابۆ *** وشتر سەقەت و شەل بووە گا پشتی شکاوە[226]

پیرەمێردی فەیلەسوف و دانا ( حاجی تۆفیق ) ١٨٦٧ ـ ١٩٥٠ دەڵێت:

ئێستەش لە کەللە قوللە دەکەن دوژمنی بێ ئیمان

زگیان دڕا بە سوننییەوە تیفلی بێ زمان

هەرچی رەئیسی کورد بوو بەسێدارە کرا

باقی بە ماڵی خواشەوە سوتان لە ئاگرا

حەمدی "ئەحمەد بەگی صاحیبقڕان" ١٨٧٨ ـ ١٩٣٦ بۆ کوردی باکوور دەگری:

درزی ئەرزێ نییە ئێسکێکی کوردی تیا نەبێ

سەگ نییە نە یخواردبێ گۆشتی ژنێکی یا منداڵ

## رێککەوتنەکەی بەغدا

## لە نێوان شێخ مەحموود و نوێنەری باڵا و شای عێراقدا

پەیمانەکەی ساڵی ١٩٢٧ وەك لایەنی دووەم دەڵێت گرنگترین بەندی ئەوەیە شێخ مەحموودیش بڕیاری لەسەرداوەو هەردوولایەنیش مۆریانکردووە کە شێخ مەحموود:

ـ لە دەرەوەی سنووری عێراق دابنیشێت .

ـ"هەقی بەسەر سیاسەتەوە نەبێت".

ـ دەست لە کاروباری ناوخۆ وەرنەدات، ئەمەش وادەگەیەنێت بزوتنەوەکەی شێخ گەیشتۆتە قۆناغی هەرە کۆتایی ولە پراکتیکدا لەگەڵ دوژمنەکانیدا کێشەیان لەنێواندا نییە! ئەمەش لەراستیشدا وەك ئەوەیە سەردەمی شێخ بەسەرچووبێت و بووبێتە بەشێك لەرابوردوو.

رووناكبیران و نیشتمانپەروەرانی كورد بەتایبەتیشی لە سلێمانی كە هەندێكیان لە شۆڕش وحكومەتەكەی مەلیك مەحموود دوور بوون، كۆمیتەیەك رێكدەخەن بەنێوی هەیئەی وەطەنییە. بەرنامەی گشتییان دوو هێڵی سەرەكیی بوو، سەربەخۆو بێ كاریگەریی شێخ كار بكەن و شۆڕشی چەكداریی بگۆڕن بە جۆرە خەباتێكی هێمن و دوور لە توندوتیژی و شاربكەنە بنكەی چالاكیی،لە رێگەی بلاڤۆك، كۆبوونەوەی جەماوەر وخۆپیشاندان وبەرزكردنەوەی دروشمی ماف و داواكارییەكانی كوردی باشوور و پێشكەشكردنی بۆ جێبەجێكردنی مافە سەلمێنراوەكانیان بەپێی بڕیارەكانی كۆمەڵەی گەلان و بەریتانیا و حكومەتی عێراق، پەیتا پەیتاش لەشێوەی نامەی داواكاریی، بیرهێنەرەوە، برووسكە و تەلگرافیان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەكان یا هەر ئەندامێكی هاوپەیمانە سەركەوتووەكان لە جەنگدا دەنارد. ئەو شێوە نوێیەی خەباتی كوردایەتی كە ولاتپارێزانی كورد لەو سەردەمەدا پیادەیان دەكرد، كاریگەرییەكانی لە تفەنگەكانی لەشكرەكەی شێخ مەحموود كەمتر نەبوو، راپەڕێنەرانیشی كەسانی ناسراوو بوێر و قسە لە روو بوون، هەندێكیشیان ئاستی رووناكبیریان بەرزبوو، چەندو چوونی یاسایی و مێژوویيان لەگەڵ نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراق و سەرۆك وەزیراندا دەكرد و مافەكانی كوردیان بە دیالۆگی شارستانی و لۆجیك دەسەلماند. گرنگترین رووداوەكانی نێوان ١٩٢٧ ـ ١٩٣٠بریتیبوو لە:

ـ دوورخستنەوەی شێخ بۆ گوندی پیران ـ ئێران.

ـ راپەڕینە جەماوەرییەكەی بەردەرگای سەرای سلێمانی ١٩٣٠/٩/٦.

ـ پەیماننامەی نێوان حكوومەتی خاوەن شكۆی بەریتانیاوحكوومەتی عێراق .

ـ سەردانەكانی شا فەیصەڵ و سەرۆك وە زیران و وەزیرانی عێراق بۆ شارەكانی كەركوك،هەولێر،سلێمانی،وتار و لێدوانەكانیان .

ـ دانیشتنەكانی پەرلەمانی عێراق و مشتوومڕی نوێنەرە بوێرەكانی كورد لەگەڵ سەرانی دەوڵەتدا كە بەردەوام پێداگرتن و داكۆكیكردن بوو لەو مافانەی كۆمەڵەی گەلان بڕیاری لەسەر داوون و حكومەتی عێراق و نوێنەری باڵای بەریتانیاش لە عێراق سەلماندوویانە و لای خۆشیانەوە دووبارە بڕیاریان لەسەر داوە و كوردیان بە نامەی فەرمی ئاگاداركردووە نوێنەری خۆیان بنێرنە بەغدا بۆ دانانی رێوشوێنی پێویست بۆ دامەزراندنی حكومەتی كوردستان. بەلام سات و سەودای نێودەوڵەتان و فڕوفێڵی ئینگلیزو تورك و چەواشەكردنی گەلی كورد هەر هەموو مافەكان هاتنە سەر خوێندن بە زمانی كوردی و بەڕێوەبەر و فەرمانبەرانی "ناوچە كوردنشینەكان" هەموویان كورد بن. ئەوەش وەك گوێز بە گوومەزدا هەڵدەیت خۆینەگرت و بوو بە خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لە سلێمانی بە كوردی بێت و فەرمانبەرانی ئەو ناوچانەش كە زۆرینەی دانیشتوانی كوردن، بەشی بەڕێوەبردنی ئەركەكانیان زمانی كوردی بزانن و مەرج نییە لە رەگەزی كورد بن، جگە لەوەش پێویستە كورد دڵسۆزی ولات و شای عێراق بێت. (227)

ئەو كۆمەڵە سەرچاوەیەی رووناكی دەخەنە سەر ئەو سەردەمەی باشووری كوردستان وەك بەرهەمەكانی ئەحمەد خواجا، ئەحمەد تەقی، ئەدمۆنس، نۆئێل، شێخ لەتیفی كوڕی شێخ... هتد. جگە لە بەرهەمەكانی

ئەمین زەکی، دکتۆر کەمال مەزهەر، عەبدولرەقیب یوسف، زانیاریی گرنگ وبەنرخمان دەخەنە بەردەست، بەڵام لە رووی زمانی ژمارە و دۆکۆمێنتی سەلمێنەرەوە لاوازن. خۆشبەختانە ئەمین زەکی لە رووداوەکاندا ژیاوە و وەك سەردەمێك وەزیر و سەردەمێك پەرلەمانتار لە نیزیکەوە ئاگاداری رووداوەکان بووە و کاریان تێکردووە و جێگە دەستیشی بەسەریانەوە زۆر لەبەرچاوە. دکتۆر کەمالیش بە لێکۆڵینەوە و پشکنینی کتێبخانەکانی ئەوروپا و دۆکۆمێنتە ئازادکراوەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و پەیمانگا زانستیی و ئەکادیمییەکانی سۆڤیێتی جاراندا کەلێن و کەلەبەری قووڵ و تاریکی بۆ رووناك کردوینەتەوە. نەوشیروان مستەفاش کارێکی چاکی کردووە، بەو دەستەڵاتەی هەیەتی و ئەو دەزگا و هاوکارانەی لەبەردەستیدان و دیارە ئەرشیفێکی دەوڵەمەندیشی هەیە لە دۆکۆمێنتی دانسقە کە بەردەست هەموو کەسێك ناکەون، زۆر لایەنی "شاردراوە" کە شاردراوە نەبوون بەڵکو کەمتەرخەمیی رووناکبیران و توێژەرەوەکانمانە دەستیان نەگەیشتووەتە "رۆژنامەکانی" ژیان و ژیانەوە و ژین کە هەر لە سلێمانی چاپ و بڵاودەکرانەوە و ماڵە خوێندەوارێك لەوشارەدا نییە ژمارەکانی نەبووبێت، جا ماون یا لەنێوچوون ئەوە باسێکی دیکەیە، بەڵام لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی هەرهەموو ژمارەکانی هەتا بەر لە راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١یش هەرمابوون.

فەرەج ئەحمەدی خالۆم،ناسراو بە مامۆستا فەرەج بابان لەکەسایەتییە ناسراوەکانی سلیمانییە، زۆربەی ژمارەکانی هەبوون، لەگەڵ کتێبخانەکەیدا ١٩٩٣ پێشکەشی کرد بە جەلال تاڵەبانی. نەوشیروان موستەفا لەو لایەنەشەوە لەکتێبی(کوردستانی عێراق، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات ١٩٢٧ ـ ١٩٣٠)کەلێنێکی دیکەشی لە مێژووە پڕ کۆن و کەلێنەکەمان پڕکردۆتەوە، هەرچەند شەقڵی جۆرێك سەرپێی و پەلەپەلی پێوە دیارەو وەك بەرهەمەکانی دیکەی لەناوەرۆکدا زەنگین و لەشێوەدا(دارشتن،زمانەوانیی،رێنووس) هەژارن، بریا بایەخی بەولایەنەش بدایە.پێویستە ئەوەش بڵێین کەکورد لە بواری پاراستن و تۆمارکردن و بایەخدان بە رابوردوو کەلەپووری نەتەوایەتیی و ئاوڕدانەوە لە شوێنەوارە دێرینەکاندا لە ریزی پێشەوەی نەتەوە دواکەوتە و دەستکورتەکانی سەرزەمینە، هەرهەوڵێك لەهەر بوارێکدا بدرێت جێگەی رێزلێنانە، با کەموکورتییەکیشی هەبێت "کوڕە شوان کە دەچێتە زەماوەند، هەر کڵاوی نەدڕابێت". بە بۆچوونی کورتبینی خۆم هاودەنگی عەبدولڕەقیب یوسفیش نیم کە لەوباوەڕەدایە زمانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی مێژوو، کەلەپوور، مەرج نییە زمانی وێژە و دەربڕینی هونەری بێت. مێژووی مرۆڤایەتی هەر کوشتار و خوێنرشتن و کاولکاری و کۆت و پێوەندی زۆرداران نییە لە گەردن و پێی گەلانی زەبووندا. دەشێت رووداوەکانی جەنگ بە نووکی شمشێر و رم و خوێن بنووسرێتەوە، بەڵام مێژوو هەرئەوەندە نییە، بەشدارەکانی، پاڵەوانەکانی، سەرکەوتوو و ژێرکەوتووەکان دەروونیان پڕە لە هەست و سۆز، خۆشەویستی و رق، پاکی و پەیمان، ناپاکی و بێئەمەکی، هەستی زاڵبوون و سەرکەوتن، هەستی دۆڕان و ژێرکەوتن، هەستێکیش لە نێوان ئەو دوو هەستەدا ئامانجی نە سەرکەوتن و نە ژێرکەوتنە! پێدەچێت خوێنەری زیتەڵە بڵێت ئەوە چ هەستێکە؟ ساڵی ١٩٨٦ صەدام حسێن لە ژێر پاڵەپەستۆی توێژەکانی گەلانی عێراقدا

بڕیاریدا مامۆستایانی خوێندنگاکانیش هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە هەتا زانکۆکان چەك هەڵبگرن و هاوبەشیی قادسیەی صەدام بکەن. ٩٠٪ی مامۆستایان سەربازییان نەکردبوو، بۆ ئێمەی مامۆستایانی وانەبێژ زۆر دژوار بوو، بەو دیسپلینە سەختە رانەهاتبووین، زۆر جار دەکەوتینە سنووری سەرپێچیکردن و سزادانەوە، هەندێك لە ئەفسەران زۆر دڵ رەق و هەندێکیشیان لە ئێمە پتر بێزاربوون،چاوپۆشییان دەکرد. سەرەتای بەهار بوو لە سلێمانییەوە بۆکەرکووك و لەوێشەوە بردیانین، بەڵام نازانین بۆ کوێ... لەبەردەم سەربازگەی سارداو دابەزین و دوای چەند سەعاتێك چاوەڕوانی برسی و تینوو سواری پێنج شەش لۆری زیلیان کردین کە بۆ ناوەوە رووە و باکووری خۆرئاوا، لەگەڵ چەند برادەرێك خۆمان خزاندە لۆرییەکەوە نەماندەزانی دوو ئێستری بارکردووە. خوا هەڵناگرێت هەستیان بەنامۆیی ئێمەکرد ... لە گوندی قزلەر دابەزین و ماڵئاواییمان لە ئێسترەکان کرد، ئەوان بۆ دوورتر دەچوون. ئێمە بە هەمووومان ٤٠ــ ٥٠ مامۆستا دەبووین، هەموو یەکترمان دەناسی، هەمووی کوردی پاكو بێگەرد و دوژمن نەناس، خانووی پێشمەرگەکان تێکدرابوون، لێرەولەوێ تەنەکەی بەتاڵی رۆن و نەوت و بەنزینمان دەبینی کرابوون بە ئینجانە و هێشتا گوڵە زەردە پایزەکانی "هەتا پایز وشك نابن" وەك ئەوەی ئەوەندە ئاوی دەستی پێشمەرگەیان خواردبێتەوە، کوردی پاكو دۆستی شۆڕش و پێشمەرگە بناسن و بڵێن گەڵۆ "مزگەوت رووخاوە میحرابی ماوە". سەربازە عەرەبەکان تەنووریان گەرم بوو، پەیتا پەیتا کولێرەی جوانیان دەبەشییەوە، لە دوێنێ عەسرەوە هیچمان نەخواردبوو، وەك هار بەربووینە کولێرە بازاری پێخۆری ناوێت، هەرچۆنێك بوو چایەکیشمان کرد بە سەرداو هەر دووان و سیان لەپەنا بەردێکدا شانمان لێدادا، بەوەی چاکبوو وەك جێگە خەو، نوێن و پێخەف نەبوو، دیسپلینیش نەبوو، بەڵکو هەروەکو پێشمەرگایەتیی دیسپلینێکی سادە پیادە دەکرا یا نەدەکرا. چوار هاوڕێی زۆر دۆست و نێزیك بگرە هەتا ئاستی خزمایەتی سەرمان پێکەوە نابوو، لەو ئاگرەمان دەڕوانی لە دەڤەری لای پیرەمەگروونەوە دەگڕا، لە سەربازێکی عەرەبمان پرسی ئەو ئاگرە چییە؟ بە چرپە وەڵامیدایەوە (کاکات!)(٢٢٨) ئەوان سەرگەرمی باسو خواس بوون... مامۆستا شێخ سەلام، کەریم صاڵح شەریف،عوسمان سەعید (عوسمانی مام سەعید) لە پڕێکدا وتیان ئەوە بۆ دەنگت نییە،چۆنی تێدەگەیت؟ وتم براینە ئەوە پاشماوەی ئەو پێشمەرگانەن ماونەتەوە و چەند گرووپێکی بچووکن لە دەوروبەری چیای پیرەمەگروون، دۆڵی جافەتی و دەورووبەری سەرگەڵو و بەرگەڵوو، ئەوانە هەرە پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردن، دەشێت لەم بارودۆخە سەختەی ئەمڕۆدا توانای رووبەڕووبوونەوەی دوژمنیان نەبێت، بەڵام بوونی خۆیان دەسەلمێنن، کوانووی کوردایەتی پشکۆی لێدەبڕێت، بەڵام هەرگیز بێ ژیلەمۆ نەبووە. ئەوان گڕ وگڵپەی تەنوورەکەی ئێرە "نەك ئێمە" دەبینن، ئێمەش گڕی ئاگرەکەی ئەوان دەبینین، پێدەچێت پلانێك بێت ئەم هێزەی قزلەر بۆیان دابەزن، ئەوانیش لە شوێنی گونجاودا بۆسەیان ناوەتەوە، خۆ نازانن زۆربەی هێزەکە کوردی دڵسۆز و پشتیوانی شۆڕش و پێشمەرگەن و چەندین ساڵە مەردانە لە سەنگەری پۆلەکاندا بە چەکی پێنووس و دەباشیرەوە دەجەنگن و سەریان بۆ دوژمن نەوینەکردووە.. دەبێتە تەقە و پێکدادان، کێشەکە بۆ ئێمە برایان لەوەدایە دەستت ناچێتە گیانی

پێشمەرگە، بەڵام کە ژیانت دەکەوێتە مەترسی مەرگەوە، بگرە مەرگ یەخەت دەگرێت یاساکانی خۆشەویستیی ژیان و مانەوە ناچارت دەکەن دەست لەو تفەنگانەی بەرامبەرت بکەیتەوە جا هەر کەسانێك بن، چونکە مەودای چەندوچوون و یەکترناسینەوە هەڵگیراوە، دەشێت تۆیەکی سەربازی میری هاوار بکەیت گەلۆ دەست بپارێزن کوردین، دۆستین ـ هەر دەموودەست لێپرسراوانی هەواڵگری ـ ئەندامانی گرووپی مەرگ ساردت دەکەنەوە... ئەمە کێشەیەکی راستەقینەیە و تێڕامانێکی قووڵ دەخوازێت بەرلەوەی بقەومێت کە هیوادارم نەقەومێت، کاردانەوەی بۆچوونەکەم لەسەر هاورێکانم جۆراوجۆر بوو، بەڵام دڵنیام هیچ یەکێکمان نەگەیشتە بڕیارێك ئەگەر قەوما چی بکات، چونکە زۆر ستەمە لە هەڵوێستێکی وەها یەکتر نەخوێندنەوەدا بڕیاری دروست بدەیت، هەر بڕیارێك بدەیت هەڵەیە، نادروستە ئەگەر بەتاوانیش لەسەرت نەنووسرێت، ئەوە ئەو هەستە مرۆڤ دۆستانەیە کە دەڵێم لە نێوان سەرکەوتن و ژێرکەوتندا ناخوازیت لایەنێك بێت، نە سەرکەوتوو نە ژێرکەوتوو کە لەو نموونەیەی هێنامەوە کورد خوێنی کورد دەڕێژێت و بە هەموو پێوانەیەك بۆ دوژمن بردنەوە یا دۆڕانە، بەڵام بۆ کورد هەر دۆڕان و قووڵبوونەوەی برینەکانە. مەبەستەکەم لە گێڕانەوەی ئەم رووداوە ئەوەیە زمانی وشك و زبری مێژوو ئە و هەستانە دەرنابڕێت، زمانی وێژە و هونەری دەربڕینی هەست و نەستی پێدەوێت، خۆزمانی زانستەکانی ماتماتیك و فیزیك و کیمیا نییە، دوور لە هەست و سۆز، کۆمەڵێك ژمارە و هێما وهاوکێشەی وشك و بێگیانن.

## ماسی لە گەرووی نەهەنگدا

ئەو ئاوردانەوەیەی دەوڵەتی عێراق لە لایەنەکانی خوێندەواریی،زمانی کوردی ودامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد زۆری نەخایاند و گەڕانەوە سەر تەسککردنەوەی ئەو بوارانە و دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم بڵاوبوونەوەی خوێندن و پەروەردە لە فێرگەکاندا بەزمانی کوردی و بەڕێوەبردنی ناوچەکە بە هۆی فەرمانبەرانی کوردەوە. هەڵسەنگاندنە وردو زانستییەکانی ئەمین زەکی بەگ، نوێنەرێکی سلێمانی لە پەرلەماندا بەڵگەی سەلمێنەرن (مەغدوریەتی فەرمی کورد لە مەنطیقەی موصلا هەر مەحوی زمانی کوردی نییە لە تەدریساتدا بەڵکو هەروەکو لیوای کەرکوك لەگەڵ جیهەتی تریشەوە وەك تەوظیف و تەمثیلی فەرمی کورد لە مەجلیسی مەبعوثاتا وە حەقیقەتەن ئەبینین کە لەم پێنج قەضای شیمالیەدا لە ٦٦٪ی مەئمورەکانی کوردنین..)[٢٢٩] هەروەها دەڵێت: (کاغەزی مودیری مەعاریفی مەنطیقەی موصل کە بە تەئریخی ٩٣٠/١١/٢ ژمارە ٣٥١/١ بۆ مودیری مەعاریفی عامی نوسیوە بە ئاشکرا پێی لێ ئەنێ لە مەنطیقەی موصلدا مەکتەبێکی تیا نییە بە کوردی دەرس بخوێنن.. ئەگەر تەماشای مادەی ٩ی خوطبەی وەزیری موستەعمەرات بکەین ئەبینین ١٣ مەکتەبی کوردی تیا باس کراوە.. خۆم بیلنەفس لە ساڵی ١٩٢٧دا "١٥" مەکتەبی کوردیم لە مەنطیقەی موصلدا دیوە.)[٢٣٠] لە خاڵێکی دیکەدا بۆ نیشاندانی حکومەتی عێراق کە بە چاوێك تەماشای نەتەوەکان ناکات و مافەکانی کورد پێشێل دەکات دەڵێت (حکومەت لە مسئەلەی تەوظیفدا بەرامبەر ئەقوامی عیراقی عەدالەت و موساوات ریعایەت ناکا. ئەگەر تەماشای وەثائیقی رەسمیە بکەین ئەبینین نیسبەتی موەظەفین لە لیوای کەرکوك بۆ کورد ٢٤.٥٪، بو

تورکمان ٥٦.٥٪، بۆ عەرەب و عەناصری تر ١٩٪یە وەلحال بەپێی ئەو ئیحصایە کە لیوای کەرکوك بەپێی ئارەزوی خۆی تەنظیمی کردوە نیسبەتی نفوس لەم لیوایەدا وەکو خوارەوەیە:

کورد ٥١٪

تورکمان ٢١.٥٪

عەرەب ٢٥٪

ئەقوامی سائیرە "جگە لەوان. ن.ك" ٧٥٪)[231] "کۆی ئەو رێژانە دەکاتە "١٠٥" پێدەچێت هەڵەی چاپ بێت یا رێژەی کلد و ئاشوور و جولەکە ٢.٥٪ بێت .ن.ك" هەروەها لە پۆستەکانی بەڕێوەبەرە گشتییەکاندا پۆستێك بەر کورد نەکەوتووە (لە دەوڵەتی عێراقدا بیست بەڕێوەبەرایەتی گشتی دامەزرابوون بەڕێوەبەرەکانیان عەرەب و تورك بوون.. تەنیا یەك دانە کوردی تیا نەبوو).[٢٣٢]

ئەمین زەکی بەگ ئەنجامی خۆماندوکردن و پشکنین و بەدواداچووندا لە ٢٠/ك٢/١٩٣٠و ك١/١٩٣٥دا ئەم راستیانەش دەخاتە بەرچاوی شافەیسەڵ و نوێنەری باڵای ئینگلیز لە عێراق لە شێوەی خشتەیەکدا رێژەی فەرمانبەرانی کورد بەراورد دەکات بەرێژەی تورکمان و عەرەب و کلد و ئاشور و جولەکەوە پێکەوە لە چاو دانیشتوانی کەرکووکدا لە ساڵی ١٩٢٦ و ١٩٣٠دا:

| وەزارەت | فەرمانبەران ١٩٢٦ | | | فەرمانبەران ١٩٣٠ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کورد | غەیری کورد | هەمووی | کورد | غەیری کورد | هەمووی |
| مالیه و داخلیه | ٤٣ | ٤١ | ٥٧ | ٤٤ | ٧ ٢ | ٧١ |
| عەدلیه | ١٠ | ٠٣ | ١٣ | ٠٩ | ٠٧ | ١٦ |
| وەزارەتەکانی تر | ٣٨ | ١٧ | ٥٥ | ١١ | ٤٠ | ٥١ [٢٣٣] |

رێژەی فەرمانبەرانی کورد و (ناکورد ـ بێگانە) لە چاو رێژەی کورددا لە ناوچەکانی کوردستانی باشووردا:

| لیوا | نیسبەتی سەدانی کورد | | نیسبەتی موظفینی ئێستا | نیسبەتی عادیله به گوێرەی نفوس | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کورد | غەیری کورد | کورد | غەیری کورد | |
| سلێمانی | ٩٩ | ٦٤ | ٣٤ | ٩٩ | ٠١ [٢٣٤] |
| کەرکوك | ٥١ | ٢٤ | ٧٦ | ٥١ | ٤٩ |
| هەولێر | ٧٩ | ٦٠ | ٤٠ | ٧٩ | ٢١ |
| موصل(زاخۆ،دهۆك،عەمادیە،عەقرە،زێبار.[٢٣٥] | | ٣٤ | ٦٦ | ٧٠ | ٣٠ |

پۆستی باڵوێز و دیپلۆماسی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەت، کەموزۆر کورد نەخوێنرابووەوە (هیچ فەرمانبەرێکی دیپلۆماسی کورد لە دەرەوە نییە).[٢٣٦]

بەپێی راپۆرتێکی کۆمەڵەی گەلان ژمارەی کورد لە چاو عێراقدا ١٨٪یە و دەبێت لە ٨٨ نوێنەری پەرلەمان، کوردی عێراق ١٦ نوێنەری هەبێت، بەڵام بە نیوە کوردەکانیشەوە (وەك وەزیری موستەعمەرات ناوی ناون) لە ١١ نوێنەر تێناپەڕێت.[٢٣٧] جگە لەوەی (٢٥٠٠٠) کوردیش لە بەغداد دەژین و رێژەی

١٠٪ی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە پێکدەهێنن و (ژمارەیەکی زۆر کوردی ڕەسەن لەسەر بنچینەی ئاینزای سوننە و شیعە بە عەرەب نوسراون)[٢٣٨] لە هێزە چەکدارەکانی عێراقشدا، سوپا، پۆلیس، پۆلیسی نهێنی، ڕێژەی کورد لە هێزەکانی (پۆلیس ٢٤٪ و سوپا ١٤٪ بوو)[٢٣٩] بەڕێوەبەرایەتی هێڵەکانی شەمەندەفەریش ٢٣٪ی کوردبوو وەك کۆڵهەڵگر و پاسەوان دامەزرابوون و بە فەرمانبەر ناژمێردرێن.[٢٤٠]

بەهۆی داگیرکردنی وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە ـ میسۆپۆتامیا ـ عێراق سەدان ساڵ لە لایەن تورکە عوسمانییەکانەوە زمانی تورکیشیان بەسەر دانیشتواندا سەپاند بوو بەتایبەتیش کە زمانی والیەکانی بەغدا و موصل و شارەزوور و بەصرە بوو، لێپرسراوان و فەرمانبەران و بازرگانان و ئەهلی بازاڕ و کڕین و فرۆشتنیش ناچار بوون بەو زمانە بێگانەیە بدوێن، ئەمەش وەك دیاردەیەکی نامۆ یەکێکی وەك ئەفسەری بەریتانیا مێجەرسۆن بە هەڵەدا دەبات و ژمارەیەکی چاك لەو کوردانەی بە تورکی دوواون لەسەر ڕەگەزی تورکمان تۆماری کردوون و بەمجۆرە سەرژمێری دانیشتوانی کەرکوك دەکات و (عەینەن "دەق.ن.ك" لەلاپەڕە ١٥، ١٦ کتێبەکەیدا ئەڵێ: تورکمان ١٣٠٠٠، کورد ٥٠٠٠، مەسیحی ٥٧٠٠، جوولەکە ١٠٠٠، لە ئاڵتوون کۆپریش "پردێ" ٢٠٠٠ تورکمان و ١٠٠٠ کورد هەیە) [٢٤١] جگە لەو هۆیانەی سەرەوە ئەمین زەکی هۆیەکی دیکەش دەستنیشان دەکات کە ئاسانکاریی حکومەت بۆ زمانی تورکی نابێت لەسەر حسابی زمانی کورد بێت (زۆرم پێ ناخۆشە بڵێم ئیهمالی حکومەتی چەند ساڵێك لەمەوبەر بۆتە یاریدەدەر بۆ پەل بڵاوکردنەوەی ئەو زمانە بەسەر هەموو ئوموری حکومەتی هەموو لیواکەدا وە بە ئیدارەی مەکتەبەکان و مەحاکیمەوە بۆتە لیوایەکی تورکی تەواو. وەلحاڵ ئەبینین وەضعیەتی قەومی "ئەنتوگرافی" کورد ٥١٪، تورکمان ٢١٪، عەرەب و غەیرە موسلیم ٨٪. لە ٢٤ مەکتەبیش ٣ بە کوردیە، مەئمورانیش ٥٦٪ تورکمان، ٢٤٪ کورد، ٢٪ عەرەب و غەیرە ئیسلام).[٢٤٢]

ئەمین زەکی بەگ پەرلەمانتارێکی ژیر و لێهاتوو بوو، پێشینەی زۆر هەبوو لە کاروباری دەوڵەتدا و لە دەوڵەتی عوسمانیشدا چەندین پۆستی گرنگی وەرگرتووە، سەرژمێرییەکەی "خەملاندن"ەکەی مێجەر سۆن بە بەڵگە پووچەڵ دەکاتەوە و دەڵێت: (دەلیلی بەقوەتی ئەمەش ئەو مەعلوماتەیە لە مەئمورێکی گەورەی کەرکوکم وەرگرتووە، وتی بە گوێرەی ئیحصائی بەلەدیە نفوسی شاری کەرکوك ئەمساڵ ١٩٣٥ گەیشتۆتە ٣٥.٠٠٠ هەزار، لەمە ٢٢٠٠٠ هەزار کورد، ٧٠٠٠ تورکمان، ١٠٠٠ هەزار جولەکە. گەرەکەکانی کەرکوك، ئیمام قاسم، ئاخی حوسین، بلاق، ئاوچی، پیریادی هەموو کوردن لەگەڵ بەشی زۆری گەڕەکەکانی چەقورە(کورد بە گەڕەکی قۆریە ناوی دەبات. ن .ك)، مەسك، چای هەر کوردن).[٢٤٣] کەچی بەو حاڵەشەوە چ نامرۆییەك بەرامبەر سادەترین مافە ڕووناکبیرییەکانی کورد کراوە لە لایەن دەستەڵاتدارانی بەریتانیا و عێراقەوە، هەر بۆ نموونە (ئەو مەکتەبانەی لە شاری کەرکوك مەوجودن ژمارەیان ئەگاتە (١٠) مەکتەب، شەشیان بۆ تورکمان و دوانیان بۆ گاور و دوانەکەی تریان بۆ جولەکە، بەڵام نصیبی ئەکسەریەت یەعنی کورد لەم مەکتەبانە غەیری صفر هیچی تر نییە).[٢٤٤] ئەمین زەکی خۆی ئاسا، هەر بە زمانی ژمارە و بەڵگەی سەلمێنەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەردوو دەستەڵاتەکەی حکومەتی عێراق و نوێنەری باڵای

بەریتانیا دەهێنێتە گێرو گازو دادگاییکردن، چۆن لە هەموو روویەکی شارستانییەوە گەلی کورد پشتگوێ دەخەن و لەگەڵ هەموو ناوچەکانی دیکەی عێراقدا بەگشتی خراوە تە دوای دواوە و چەند بەڵگەیەکی بەهێز بە رووی حکومەتدا دەدات. لایەنی داهاتی ئابووری لیواکانی عێراق ساڵی ١٩٣٠ و چەند لەو داهاتەی هەر لیوایەك بۆ خوێندن و پەروەردە کردن خەرج دەکرێت:

| لیواکان "پارێزگاکان" | ئەو رێژەیەی لە داهاتەکەی بۆ خوێندن تەرخانکراوە |
|---|---|
| سلێمانی | ١٪ |
| هەولێر | ٥.٢٪ |
| بەغدا | ٣٨٪ |
| موصڵ | ٨.٢٪ |
| کەربەلا | ١٨٪ |
| بەصرە | ٢١٪ |
| کەرکوك | ٢١٪ |
| دیوانیە | ٢.٥٪ [٢٤٥] |

تکایە سەرنجێك لە جیاوازی ئەو رێژانەی سەرەوە بدەن لە نێوان سلێمانی و کەرکوکدا، کە ئاشکرا دەریدەخات بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی تورکی و زاڵکردنی بەسەر زمانی کورددا بەڵکو بیربردنەوەشی تا چ رادەیەك لایەنگیری تورکمان کراوە. لەکردنەوەی قوتابخانەشدا بەشی کورد باشتر نەبوو، ئەمین زەکی ئەوەشی وەك هێلکەی پاککراو خستۆتە بەردەم دۆست و ناحەز، ژمارەی قوتابخانەکانی هەر لیوایەکی لەچاو ژمارەی دانیشتواندا بەمجۆرە پۆلێن کردووە، کە چەند هەزار کەس یەك خوێندنگای بەردەکەوێت:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | بۆ کوللی | ٤٨٠٠٠ | کەس | مەکتەبێك |
| دیوانیە | بۆ کوللی | ٢٥٠٠٠ | کەس | مەکتەبێك |
| حلله | بۆ کوللی | ٢٩٠٠٠ | کەس | مەکتەبێك |
| عەمارە | بۆ کوللی | ٢٥٠٠٠ | کەس | مەکتەبێك |
| مونتەفیك و دلێم | بۆ کوللی | ١٧٤٠٠ | کەس | مەکتەبێك |
| هەولێر | بۆ کوللی | ١٥٣٠٠ | کەس | مەکتەبێك |
| موصڵ | بۆ کوللی | ٠٤٢٥٠ | کەس | مەکتەبێك |
| دیالە | بۆ کوللی | ٥٠٠٠ | کەس | مەکتەبێك [٢٤٦] |

بەصرە و کەرکوك بۆ کوللی ١٤٠٠ کەس مەکتەبێك مەوجودە. لەو خوێندکارانەی بۆ تەواوکردنی خوێندن نێردرانە دەرەوەی عێراق ژمارەیان (١٢٠) خوێندکار بوو تەنیا دوو کوردی تێدا بوو.[٢٤٧]

لێرەشدا با لە شارەکانی دیکە بگەرێین، هەر سەرنجێکی خێرا لە هەولێر و کەرکووك بدەین کە بەشێك لە دانیشتوانی بە تورکی دەدوان چ جیاوازییەکی فراوانی لەگەڵ سلێمانیدا هەیە بۆ پیادەکردنی ئەو بەرنامە

چەپەڵەی لە هەولێر و کەرکوك پشتیوانی زمانی تورکی بکەن و لە سلێمانیش گەشە نەکات و لەبیر دانیشتوانی ببەنەوە. بێهیوایی کورد لە پەیمان و بەڵێنەکانی کۆمەڵەی گەلان و بەریتانیا و عێراق لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی عێراق و باڵادەستی عەرەب و تورك، نیشتمان پەروەرانی کورد و دەمڕاستەکانیان خۆیان بە هاوڵاتی عێراق نەدەزانی و وەك گەلی کوردی کوردستانی باشوور و ئێستا دانیشتووی عێراق خۆیان دەناساند. ئاشکرابوونی نیاز و بەرنامەی بەریتانیا و عێراق کوردی باشووری لە زاخۆوە بۆ خانەقین هەژاند، بەریتانیا لە سوریاوە فەیصەڵ دەهێنێت و دەیکاتە شای عێراق و کوردستانی باشووریشی پێوە دەلکێنێت و دەبنە دەوڵەت و سەردەستی کورد و ئەو هەموو خەبات و قوربانیدانەی کوردیش گوڵێك ناگرێت.

لێپرسراوانی بەریتانیاو عێراق بۆ هێورکردنەوەی کورد بە شارەکانی کوردستاندا دەگەڕێن و داوایان لێدەکردن دڵسۆزی وڵات و شا فەیصەڵ بن و بە فیتی ئاژاوەگێڕان نەخەڵەتێن، کورد هەموو مافێکی پارێزراوە و ڕێزی لێدەگیرێت (بەریتانیا و عێراق بڕیاریانداوە مەسەلەکان لە کورتی ببڕنەوە و داواکارییەکانی کورد فەرامۆش بکەن، چونکە جێبەجی کردنیان مەحاڵە)(٢٤٨) کوردیش پتر سوور دەبوو لەسەر مافەکانی کە کۆمەڵەی گەلان سەلماندوویەتی و بەریتانیاو عێراقیش بڕیاریان لەسەر داوە(٢٤٩)....

لە وەڵامدا بە کوردیان دەوت ئێوە ئەو بڕیارانەتان بە خەیاڵی خۆتان لێکداوەتەوە و چیتر ئەو بانگەشەیە مەکەن، ئەوەی بڕیار دراوە جێبەجێکراون و بەردەوامیشن. عێراق دڵنیابوو دەتوانێت هەوڵەکانی کورد پووچەڵ بکاتەوە، چونکە کۆمەڵەی گەلان هەر بڕیارێکی لەبارەی کوردەوە دەرکردبوو، ڕاستەوخۆ بەرەو رووی نوێنەری باڵای بەریتانیای دەکرد لە عێراق، سەرنج و بۆچوونی خۆی دەربڕێت، هەموو ئەو داواکاری و برووسکە و تەلگرافانەش سەرانی کورد دەیانناردن هەرهەمووی لە ڕێگەی نوێنەری باڵاوە رەوانە دەکران و دژی خواستەکانی کورد تێبینی لەسەر دەنووسین ئەمجا دەیناردن و بۆ کپکردنی دەنگی نارەزایی هەموو ڕێگەیەکیان تاقی دەکردەوە و بەریتانیا خۆیکردە چاوساغ و دەمڕاست و چاودێری کوردیش وەك عەرەبی عێراق و کورد لە نەتەوەیەکی خاوەن نیشتمانەوە بوو بە کەمینە، دەنگی ئازادیخوازان و وڵاتپارێزانیشی بە دەنگی هەموو کورد نەدەزانی، نەیاریی چەند سەرۆك هۆزێکی بادینان بوو بوون بە بەڵگە، جگە لەوانەش کورد لە توانایدا نییە و کادیری بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمی یا حکومەتی سەربەخۆی نییە هەرچەند پەیمانێکی نێودەوڵەتی لە ئارادا نییە جۆرێك لەو سەربەخۆییەی بۆ کورد تێدا بێت جگە لە مافی بەکارهێنانی زمانی کوردی و بۆ پەرەپێدانی برایەتی عەرەب و کوردیش فەرمانبەرانی کورد کە عەرەبی بزانن لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق دادەمەزرێنین (ئەمەش زۆر باشترە لەوەی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەی کوردنشین بدرێتە دەست فەرمانبەری کورد)(٢٥٠) بەڵگەی یاساییش بەدەستیانەوە ڕاسپاردەکانی لیژنەی سنووردانانی نێوان تورکیا و عێراق بوو کە هەردووکیان پێنج شەش ساڵ بوو دامەزرابوون (پێویستە داواکارییەکانی کورد بەهەند وەربگرین، زمانی کوردی زمانی فەرمی بەڕێوەبردنی ناوچەکەیان بێت، فەرمانبەران بە رەگەز کوردبن، کردنەوەی قوتابخانە و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بە زمانی کوردی و دابەشکردنی داهاتی عێراق بە

یەکسانی).[٢٥١]

چاکترە لێرەدا کێشەکەی کوردستانی باشوور کە بە کێشەی ویلایەتی موصڵ ناسرا کورت بکەمەوە. دوابەدوای پەیمانی مودروس ١٩٩٨/١٠/٣١ و ئاگربەستی یەکەمین جەنگی گێتی ١٩١٤ــ ١٩١٨، هێزەکانی تورك لە موصڵ ئاگاداری پەیمانی راگرتنی جەنگ نەبوون، هێزەکانی بەریتانیاش بەپەلە بوون ساتێك زوتر شارەکە داگیری بکەن وەك ئەوەی لە کاتی جەنگدا لە تورکیایان سەندووە و ئیتر بە خاکی عوسمانی ناژمێردرێت. هێزەکانی بەریتانیا موصڵ دەگرن و تورك دەردەپەڕێنن، ئەوانیش هەر هات و هاواریان بوو بەریتانیا چۆڵی بکات. کێشەکە لە کۆنفرانسی لۆزان چارەسەر نەکرا، رووبەڕووی کۆمەڵەی گەلان کرایەوە.

کۆمەڵەی گەلان بۆ تێگەیشتنی خواستی دانیشتوانی هەرێمەکە کە زۆرینەی کوردە، تا بدرێتەوە بە تورکیا یا بخرێتە سەر عێراق کۆمیتەیەکی سێ قۆڵی ناردە هەرێمەکە بۆ ئەوەی لە نیزیکەوە گوێ لە راوبۆچوونی دانیشتوانی موصڵ، هەولێر، کەرکوك و سلێمانی رابگرن.. لە راپۆرتەکەیاندا کە پێشکەش کۆمەڵەی گەلانیان کرد، هەرێمەکە بخرێتە سەر عێراق بە چاك دەزانن بە مەرجێك دەوڵەتێکی گەورە هەتا (٢٥) ساڵ چاودێری بکات و داخوازییەکانی کوردیش بەهەند وەربگرن، دوای بەسەرچوونی پەیمانی چوار ساڵەی نێوان بەریتانیا و عێراق ئەگەر بەڵێنی خۆبەڕێوەبردنی هەرێمایەتی بە کورد نەدرێت، زۆر لە دانیشتوان تورك لە عەرەب بە باشتر ئەزانن.

کۆمەڵەی گەلانیش لەبەر رووناکی ئەو راسپاردەیە لە برگەی سێهەمی بڕیارەکەیدا دەڵێت حکومەتی بەریتانیا کە دەوڵەتی چاودێر و خەملاندنی دەوڵەتی عێراقە پلان و رێوشوێنی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمەکە بخاتە بەردەست کۆمەڵەی گەلان بۆ دڵنیاکردنەوەی دانیشتوانی کورد لەو خاڵانەی لە راپۆرتەکەی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی سنووردا دیاریکراون و زامنکردنی "دامەزراندنی دەزگای بەڕێوەبردنی هەرێم"[٢٥٢] بەریتانیاش بە چەواشەکردنی کورد و ئەمڕۆ یا سبەی دەستخەڕۆی کرد هەتا دەوڵەتی عەرەبی عێراقی بەپێی بەرژەوەندی خۆی دامەزراندو کەوتە سەرپێ، دەستی لە نەوتەکەی کەرکوك گیر کرد، پەیمانی دووقۆڵی بە عێراقی مۆرکرد و خۆی لە هەموو مافو داخوازییەکانی کوردیش دزییەوە... شێخ مەحموود ناچار کرا لە دەرەوەی باشووری کوردستان لە گوندی پیران ـ خۆرهەڵاتی کوردستان دابنیشێت، بەڵام هەر نەبێت لە دیدی خۆیەوە چەکی دانەنابوو، لەشکرەکەی بڵاوبووبوونەوە و هەستی نائومێدی دزەی کردبووە دڵو دەروون و ورەیان، عێراق و ئێران ئەوپەڕی هاوئاهەنگییان هەبوو بۆ سەرکوتکردنی هەر "بزێوی"یەکی شێخی کوردان، بەشێك لە سەران و سەرۆك هۆزان و بەتایبەتیش رووناکبیرە سەربەخۆکان دەیانویست دوور لە شێخ خەبات بکەن کە ژمارەیەکی بەرچاویان لە کۆمیتەی نیشتمانی "هەیئەی وەطەنیەدا" بوون و لەهەرە چالاکەکانیش بوون، هۆنەری نەتەوەیی کورد فایەق بێکەس داینەمۆی خۆپیشاندانە توندوتیژەکان بوو، سەر بە شێخ و سەر بە کۆمیتەی نیشتمانیش نەبوو، بەڵام دەیتوانی جەماوەر بهەژێنێت و گردیان بکاتەوە دژی رژێم، دوکاندارێکی عیسایی لە شەقامی صابوونکەران هێشتا

زمانی پاك نەبوو بووەوە بە کوردی شایەتیەکی مێژوویی داوە (هەر وەقت فائیق ئەفەندی لە جادە هات، جەریدە لە دەستی، فەرتەنە قەوما) ئەندامانی کۆمیتەی نیشتمانیش باوەڕیان بە توندوتیژی نەبوو، شێوە خەباتی دیموکراسی و لە یەکتر تێگەیشتنیان کردبووە بەرنامە و لەو ڕێبازەشدا کەمتەرخەم نەبوون، جێگە دەستیان دیارە و جێگەی ڕێزلێنان و شانازین وەك رەمزی فەتتاح، میرزا تۆفیق قەزاز، عەزمی بەگی بابان، عیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف، شێخ قادری برای شێخ مەحموود، حەمەی ئەورەحمان ئاغا، مەجید ئەفەندی حاجی رەسوول ئاغا، ئەوە جگە لە جوامێرانی وەك تۆفیق وەهبی، مەعروف چیاووك، ئیسماعیل بەگی رەواندزی، صالڕ جەعفەر سولڵتان، خضر بەگی ئەحمەد پاشای دزەیی، ئەحمەد ئەفەندی ئەعیان ـ هەولێر ـ خۆ چەم بێ چەقەڵ نابێت، زڕە کورد و زۆڵە کورد و کوڕانی دوو رەگ و سێ رەگی دلڕەش هەبوون لە کەرکووك و هەولێر سەرومڕ دژایەتی کوردیان دەکرد و نوێنەری کورد "بەناوی کوردەوە" لە پەرلەماندا هەبوو وەك داود حەیدەری دژی بەکارهێنانی زمانی کوردی بوو لە خوێندن و نووسیندا، تۆرانییەکانیش لە دژی کورد و هەر بۆ ئەوەی کورد سادەترین مافەکانی دەستگیر نەبێت هیچ داواکارییەکیان نەبوو جگە لە عیراق، بژی شا، بمرن دوژمنانی، ئیتر کەری دێز تۆپینی خۆیی و زیانی خاوەنی دەویست کە ئەمڕۆ لە سایەی کوردەوە کورسییەکی پەرلەمان و رادیۆ و تەلەفزیۆن و بڵاوکراوە و خوێندنگایان بە زمانی خۆیان هەیە و هێشتا "باقیشیان دەوێتەوە".

## ئاش لە خەیاڵێك و ئاشەوان لە خەیاڵێك

کێشەی گەلی کورد و مافە رەواکانی، مافە سەلمێندراوەکانی لە پەیمانی سیڤەر و بڕیارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا لە هەراو هوریا و کێشمەکێشی نێودەوڵەتان و سەودا و مامەڵەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتاندا ئیمپریالیزمی جیهانی و تۆرانیزمی تورك و شۆفێنزمی عەرەب بە جۆرێك کردیان بەژێرەوە هەتا شەست ساڵێك مەودای سەربەرزکردنەوەی نەبێت، ئەوە ئەو بارودۆخە نێودەوڵەتییە ناهەموارە بوو کورد بە گشتی و شێخ مەحموود بەتایبەتی خۆیان تێدا بینییەوە، بەڵام هەر کۆڵیان نەداو دەستیان بۆ چلەپووشێکی رزگاربوون درێژ دەکرد. دوژمنانیش بەپێی کات و شوێن دەرزیی هێورکردنەوە و بگرە نوستنیان لە کورد دەدا، یاسای زمانە ناوچەییەکان وەك کوردی، تورکی، ئاسووری، جیاکردنەوەی دەزگای پەروەردە و فێرکردنی هەولێر لە موصڵ و سلێمانی لە بەغدا و دامەزراندنی بەڕێوەبەراتییەك بۆ ناوچە کوردنشینەکان لە کەرکووك. نووری بەرزنجەیی پشکنەری دەزگاکە بوو، چەند کتێبێکی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی کران بە کوردی و چاپکران لە بابەتەکانی دین "ئاین"، علوم "زانست"، جغرافیە "جوگرافیا"، تاریخ "مێژوو"، هندسە "ئەندازەکاریی"، رۆژنامەی کەرکووك کە حکومەت بە تورکی دەریدەکرد چوار لاپەڕەی کرایە کوردی، دامەزراندنی تۆفیق وەهبی بەموتەصەریف لە سلێمانی،[٢٥٣] عەبدولحەمید عەبدلمەجید لە هەولێر، رەشید نەجیب لە کەرکوك، صالح زەکی بەگ یارمەتیدەری بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی ناوخۆ، ماجید مستەفا قائیمقامی ئامێدی، بەڵام نیشتمان پەروەرانی کورد چاوەڕوانی دەستکەوتی رامیاری بوون.[٢٥٤]

ئەندامە چالاکەکانی "هەیئەتی وەطەنییە" وەك فایەق بێکەس ئەموستی بە چاوی "ئەدمۆنس" دا

کردوو رووبەڕوو وتی:

**بیست و حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم ... بە نان و ئاوو جلوبەرگی خۆم**

**خزمەتم کردوویت لە ئێران و رۆم ... کەچی هێشتا هەر دیل و رەنجەڕۆم**

**گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم ... لە نێو گەلاندا وا سووکت کردم**

هەر بەو تینوتاوە شۆڕشگێڕانەوەو بەو هەست سۆزە کوردانەوە، بەو جوامێری و دەست لە خۆبەردانەوە حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا و هاوڕێکانی رووبەڕووی شاندەکانی میری عێراق دەبنەوە:

(ئێمە کوردین و کوردستان عیبارەت نییە هەر لە سلێمانی، لە زاخۆوە هەتا خانەقین کوردەوارییە و نایانەوێ لەگەڵ عێراقدا بژین و حکومەتێکی موستەقیللەی کوردیمان ئەوێ لە ژێر "سایەی" ئینتیدابدا، ئەگەر ئینگلیزیش نامانداتی موراجەعەت بە "کۆمەڵەی گەلان" دەکەین).(٢٥٥)

عیزەت بەگی وەسمان پاشاش بە وەزیرەکانی بەغدا دەڵێت: (میللەتی کورد تەنها عیبارەت نییە لە سلێمانی لە زاخۆوە تا خانەقین هەموو داوای ئەم حەقە ئەکات و هیچ کوردێك کەرەتێکی تر لەگەڵ عێراقا ناژی، بۆ ئیحقاقی حەقمان موراجەعەت بە حکومەتی مونتەدەبە ئەکەین، ئەگەر ئەویش نەپپرسێ شکایەت ئەبەینە بەر عیصبەتول ئومەم، کورد حکومەتێکی موستەقیللەی ئەوێ لە ژێر ئینتیدابدا بە هەموو هێزمانەوە بۆ ئەم غایە سەعی ئەکەین، ئەمجارە سیلاح و تفەنگمان قەڵەم و موراجەعاتە)(٢٥٦)

مەجید ئەفەندی حاجی رەسووڵ ئاغا بەرژەوەندییە جیاوازەکانی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب دەتەقێنێتەوە (بەڵێ کورد دائیمەن مەعروضی زوڵمی عەرەبەکان بووە، پار کەلەبەینی عەرەبەکانی فەلەستین و سەهیۆنییەکان دا شەڕ بوو، عەرەبی عێراق بە یەکجار کەوتنە تەعزییەوە "پرسە و سەرەخۆشی" ئەنواعی موراجەعات و موظاهەراتیان کرد، کەچی ئێستا هاوخوێن و براکانمان لە کوردستانی شیمالی لەلایەن تورکەوە سەرئەبڕڕێن، غەزەتەکانی بەغدا بە ئاشکرا تەقدیری تورکەکان ئەکات و بەیانی شادمانی دەرئەکاو بەتۆپ و تفەنگ و مەترەلۆز تەهدیدی ئێمە ئەکات کە ئەڵێ لەگەڵ تورکا "مەبەستی لەوەیە بە هاوکاری لەگەڵ تورکدا دژی کورد .ن.ك" ئەتان پلیشێنینەوە و عەرەب هیچی لە تورك کەمتر نییە "کە نەتوانێت کورد بپلیشێنێتەوە ن.ك").(٢٥٧) مەجید ئەفەندی (غەزەتەکانی "رۆژنامەکانی" بەغدا کە عەلەیهی "دژی" حکومەت مەقالەیەکیان نوسی گورج دای ئەخەن، بەڵام کە تەهدیدی کوردەکان بکات و لە عەلەیهی ئێمە بنوسن تەشویقیان "پشتگیرییان" ئەکەن و پارەیان ئەدەنێ).(٢٥٨) جەعفەر پاشای ئەعیان نوێنەری هەولێر روو لە جەعفەر پاشا سەرۆکی وەزیران دەڵێت: (پاشا تۆ بۆ عەرەبەکان دوو پەنجەت دانا، ئێمەش بۆ حەقی خۆمان، لەرێی ئەم حەقەی میللەتەکەمانا رۆحی خۆمان فیدا ئەکەین).(٢٥٩)

نوێنەرانی کورد هۆشیار و زرنگ بوون، رەمزی فەتاح بە سەرۆك وەزیرانی عێراق دەڵێت (لە بیدایەتی حەربی عومومی دا "جەنگی یەکەم" وەضعی ئیقتیصادیمان لە ئەمڕۆ گەلێ باشتر بوو.... جەعفەر پاشا ئەفەرموێ بە "لەك" پارەمان بۆ ئوموری نافیعی کوردستان صەرف کردووە... ئەو قەڵا و ئیستیحکامانە بۆ موحافەظەی جەیشەکەی خۆتانە، لە باتی ئەمە مەکتەبتان بۆ بینا بکردینایە... سەرۆك وەزیران بە

پەژارە و هەڵچوونەوە دەڵێت براکانم بزانن لەم دەمارانەدا خوێنی کوردیشم تیایە، لاکین "بەلاّم" من عەرەبم، بۆ کەڵکی ئێوە قسە ئەکەم، بە حیسسیات "سۆزی دەروون" حەرەکەت مەکەن، مەبن بە ئالەت بە دەست خەڵکەوە.. ئەوا لە سەرەوە "باکووری کوردستان" کوردەکان پارچە پارچە ئەکەن و سەریان ئەبڕن... ئاشکرایە کورد میللەتێکی دیندارە، لەبیرتان نەچێ دینتان عەرەبیە، قورئان عەرەبییە، موحەممەد عەرەبە و فەیصەڵ کوڕی موحەممەدە، براکانم تکاتان لێ ئەکەم فاجیعەی "کارەساتی" کەربەلا دووبارە مەکەنەوە. شێخ قادری حەفید لە وەلاّمدا دەڵێت جەعفەر پاشا بە فاجیعەی کەربەلا هەڕەشەمان لێئەکات، ئەبێ بزانێ ئەگەر ئینگلیز لە بەینا نەبێ عەرەب ناتوانێ بێتە خاکمانەوە. رجا ئەکەم سوئی تەفاهوم "لەیەکتر تێنەگەیشتن" پەیدا نەبێت، مەبەستم هەڕەشە نییە. رەمزی فەتتاح بە حیدەتەوە "بەسەرگەرمی" دێتە پێشەوە، پاشا، دین، ئیمان، مەفکورەی میللی "هزری نەتەوەیی" حکومەتێکی میللی کوردی ئەوێ.. پاشا ئەم قسانەت ناچێتە جەواڵی کوردەوە، ئەمە هەمووی ئیغفالاتە "چاوبەست و دەستخەڕۆکردن" بیخەرەوە جەواڵەکەی خۆتەوە و دەرگای ببەستەوە.. تۆفیق قەززازیش دەڵێت ئێستا دیانەت بابەتی باسەکە نییە، مەسەلەکە میللەت و دامەزراندنی حکومەتی کوردییە، ئەگەر بە، دین بێ ئەبێ ئێرانیش داخلی حکومەتی عێراقی بێ، ببورە، باسەکە مەگۆڕە. جەعفەر پاشا لەوەلاّمدا دەڵێت قیاس مەعەل فاریق کردن زۆر بێ مەنطیقیە "ئەم بەراوردە جیاوازی زۆرەو لۆجیکی نییە" ئێرانییەکان دوو هەزار ساڵ زیاترە کە دامەزراوە "ئێران بەرلە دوو هەزار ساڵ پتر دامەزراوە". تۆفیق قەزاز: ئەگەر لەبەر دین لازمە ئێمە تابیعی "ژێردەست" ئێوە بین، لە هەموو عالەم ئاشکرایە کورد زۆر دیندارە، بینائەن عەلەیهی "بەوپێیە" پێویستە عەرەب لە ژێر ئیدارەی ئێمەدابێ. رەمزی فەتتاحیش دەڵێت خەلافەتی عەبباسی لە کۆتایی سەڵتەنیدا دەستی کرد بە بەکارهێنانی کاربەدەستانی تورك، فارس و کورد "بەکارهێنان و دامەزراندیان لە پۆستی گرنگدا دژی عەرەبە ناحەزەکانیان" ئەمە بوو بە یەکەم سەبەبی ئیضمیحلالیان "لەناوچوون"، حەز ئەکەم حکومەتی عێراق ئەم تاقیکردنەوەیە دووبارە نەکاتەوە و کاربەدەستانی کورد لەناو خۆیانا بەکارنەهێنێت "بەکارهێنانی کورد دژی کورد" چونکە ئەبێ بە سەبەبی ئینحیطاطی "داڕمان، سەرەوژێربوون"، هەروەها بەکارهێنانی "دامەزراندنی" کاربەدەستی عەرەبیش لە کوردستانا...).[٢٦٠]

## کۆتایی سەردەمی شێخ ١٩١٤ ـ ١٩٣١
## و داخستنی فایلی کوردستانی باشوور

رووناکبیرانی کورد، ئەندامەکانی کۆمیتەی نیشتمانی "هيئة وطنى" وەك رەمزی فەتتاح، تۆفیق قەززاز، حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا، مەعروف چیاووك لێپرسراوی کۆمیتەکە لە هەولێر، شێخ قادری برای شێخ، مەجید ئەفەندی حاجی رەسوڵ ئاغا، عێزەت بەگی وەسمان پاشا، عەزمی بەگی بابان و رەشید نەجیب.

رووناکبیرە سەربەخۆکان وەك ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی، فایەق بێکەس. زۆربەی سەرۆك هۆزەکانی پشدەر، جاف، هەمەوەند، هەورامان، ئەحمەد ئەفەندی ئەعیان، دزەیی وەك خضر بەگی ئەحمەد پاشای دزەیی، رەواندز وەك ئیسماعیل بەگی رەواندزی، جەماوەری کورد بە گشتی، پاشماوەی هێزەکانی شێخ

مـەحموود، حەپسـەخانی نـەقیب هـەوڵ و کۆششـەکانیان لـە سـنووریکی دیـاریکراودا گـەرمتر دەکـرد و پەیوەندییەکانی نێوان کوردی باشوور و حکومەتی عێراق و بەریتانیا و کۆمەڵەی گـەلانیش تـا دەهـات بـە دوو ئاڕاستەی جیاوازتردا بەردەوامبوون:

١ـ ١٩٣٠/٣/٢٣ مەعروف چیاوك، نوێنەری هەولێر لە پەرلەماندا "نوێنـەرێکی هـەولێر" لـە سـەرۆك وەزیرانی عێراق نووری سەعید دەپرسێت، پێشنووسی رێککەوتنەکەی بەریتانیا ـ عێراق ناوی کورد نابات. سەرۆك وەزیران بە تووڕەبوونەوە دەڵێت ئەمە رێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتییە، پێویسـت ناکـات کێشـەی ناوخۆی تێدا بێت.(٢٦١)

٢ـ ١٩٣٠ پەرلەمانتارێکی دیکە داوا دەکات بڕگەیەکی پەیمانەکەی بـەریتانیا ـ عێـراق بـۆ چەسـپاندنی مافەکانی کورد تەرخان بکرێت، سەرۆك وەزیران جەعفەر پاشـا" بـە رق و لـەخۆبایی بوونـەوە دەڵێـت مـن بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان ناسەلمێنم "ئیعتیرافی پێناکـەم" بۆیـە ناکرێـت هـیچ شـتێك لـەبارەی کێشـەی کوردەوە بخرێتە نێو بەندەکانی ئەو پەیمانەوە.(٢٦٢)

٣ـ هەڵوێستی کۆمەڵەی گەلانیش بەمجۆرە بوو: بەردەوام کار دەکەین بۆ رێزگرتنی مافەکانی کورد ئەگەر دڵنیا بین دڵسۆز و پشتیوانی سەرکەوتنی دەوڵەتی عێراقە.(٢٦٣)

٤ـ بەریتانیا، عێراق، تورکیا، ئێران پەیوەندی هاوکاری و یەکدەستیان دامەزراند بۆ کوژاندنەوەی ئـاگری هەر یاخیبوونێك و دەستگیرکردنی ئەو کوردانەی سنوور دەبەزێنن بەتایبەتیش دژی شێخ مـەحموود و شـێخ ئەحمەدی بارزان.

٥ـ رێگا بە رۆژنامەکانی بەغدا نەدەدرا راستیەکانی هەڵوێستی کورد و رەوایـی مافـەکانی بڵاوبکەنـەوە کە لە کوردستانەوە دەنێردران، دەنگی کورد بە ئاستەمیش بـەدەرەوە نەدەگەیشـت، دوای ژەنـەراڵ شـەریف پاشای خەندانیش دڵسۆزێکی لە ئەوروپا و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا نەبوو لە کاتو شوێنی خۆیـدا هەڵوێست و گۆرانکارییەکان گەرماو گەرم بەهـەردوولا بگەیـەنێت، بەوهۆیـەوە سـەرانی کـورد لـە باشـوور نەیاندەزانی "لە دیوەخان چ باسە" بۆیە بڕیار و هەڵوێستی کوردی باشـوور بەگشـتی هەرچـەند داواکردنـی مافێکی نەتەوەیی بوو ئاو لێڵ ناکات، بـەڵام کـات درەنـگ و کارلـەکار ترازابـوو کـورد بڵێـت لەمـەودووا کوردی باشوور ناتوانێت لەگەڵ عەرەب بە یەکگرتوویی و لە دەوڵەتێکدا بمێنێتـەوە، دەوڵـەتی سـەربەخۆی دەوێت لە چوارچێوەی سنووره سرووشتییەکەیدا لە زاخۆوە هەتا ئەولای خانەقین لە ژێر چاودێری بەریتانیادا هەتا دوا بڕیاری کۆمە ڵەی گەلان دەردەچێت.

٦ـ هەوڵـەکانی تۆفیـق وەهـبی لـە کـاتی خۆیـدا بوایـە بەرهـەمی دەبـوو، بـەو هۆیـەوە رووناکبیرێکی هەڵکەوتوو، پێشتر ئەفسەرێکی باڵای سوپای عوسمانی، خاوەن ئەزموون، چەند زمانێکی بێگانەی دەزانی و بارودۆخی نێودەوڵەتانیش شارەزا بوو، بە زمانی دیپلۆمات و بەڵگەی سەلمێنەر و ئـەنجامگیری زانسـتی لـە بەغدا و بەیروتەوە بەو زمانە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدار و خاوەن بڕیارەکاندا دەدووا کە تێیدەگەن و تێبینـی و بۆچوونەکانی نوێنەری باڵای بـەریتانیای لـە عێـراق میسـتەر هـەمفریس پووچـەڵ دەکـردەوە و بەرچـاوی

کۆمەڵەی گەلانی ڕووندەکردەوە لەمەڕ ئەو تەمومژوو چەواشەکاری و هەڵگێڕانەوەی ڕاستییەکاندا کە نوێنەری باڵا بەردەوام دژی دۆزی کوردی باشوور دەزگا نێودەوڵەتییەکانی پێ هەڵدەخەڵەتاند.(٢٦٤) تۆفیق وەهبی دەیزانی هەلی مێژوویی دامەزراندنی دەوڵەتی کورد لەدەستچووە لە هیچ بەشێکی کوردستاندا ئەگەری هێنانەدی مەحاڵ و کاری نەکردەیە ئێستا و لە داهاتویە کی نێزیکیشدا بۆیە جەختی لەسەر دوو تەوەری سەرەکی دەکرد:

أ- کورد کەمینە نییە، گەلێکی ڕەسەن و دێرین و خاوەن خاك و نیشتمانی خۆیەتی (ئینگلیزێك چەند دەچێتەوە سەر ڕەگەزی ئاری، کوردیش هەر ئەوەندە دەچێتەوە سەر عەرەب یا هاوڵاتییانی عێراق،حکومەتی عێراق حکومەتێکی عەرەبییە، کوردستانی عێراقیش باشووری کوردستانە).(٢٦٥)

ب - لەو ڕۆژەدا داوای بڕێك مافی دەکرد ئەگەری دەستکەوتنی هەبێت، مافی خۆبەڕێوەبردن لە چوارچێوەی عێراق و لە ژێر سایەی شای عێراقدا. نوێنەری ئاسوورییەکان و میر جەلادەت بەدرخانیش وەك نوێنەری کۆمەڵەی خۆیبوون لە باکوور پشتیوانی پرۆژەکەیان کرد.

٧- شێخ مەحموودیش کە بەریتانیا ناچاری کردبوو لە گوندی پیران - خۆرهەڵاتی کوردستان دابنیشێت "هەقی بەسەر هیچەوە نەبێت" دەگەڕێتەوە ئەمدیو سەرلەنوێ هێز کۆدەکاتەوە و وەك نوێنەری ٨٠٠.٠٠٠ کورد، دەستی بەهەرکوێ بگەیشتایە داواکارییەکانی کوردی باشوور و چۆڵکردنی کوردستان لە دامودەزگا و هێزی بێگانە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دەکرد.

حەپسەخانی نەقیبیش وەك شێرە ژنێکی کورد ١٩٣٠/٩/٧ بەرچاوخستنێك پێشکەش کۆمەڵەی نەتەوەکان دەکات.

٨- ڕۆژی ١٩٣١/٦/١٠ شا فەیصەڵ دێتە سلێمانی و هەر ئەو ڕۆژەش زیارەتی پیرۆزگای کاك ئەحمەدی شێخ دەکات لە مزگەوتی گەورە. ڕۆژانی دواتری سەردانە سێ ڕۆژییەکەی دەچێتە هاوینەهەواری سەرچنار و خورماڵ و هەڵەبجە و ٦/١٣ دەگەڕێتەوە بەغدا. لە وتاری ماڵئاواییدا بۆ یەکەمین جار چەند نهێنییەکی زۆر گرنگ ئاشکرا دەکات وەك بۆمبایەك لە هەناوی دڵسۆزانی کورددا تەقییەوە و هیوابڕاوی کردن:

أ- (وەضعییەتی مەملەکەتەکەمم تەقەڕوڕو تەعین کردووە، مەجالی ئەوە نەماوە تەبدیل و تەغیر بکرێت)(٢٦٦) واتا شانشینەکەمم جێگیر و چەسپاو کردووە و مەودای دەستکاریکردن و گۆڕانکاری تێدا نەماوە، ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوە هەتا دەمێك لەوەبەر مەودای دامەزراندنی حکومەتی کورد هەبووە.

ب - خاڵی پێشوو ڕوونتر دەکاتەوە و دەڵێت (حکومەتی عێراق قبوڵی تەجزیئەو تەفریق ناکات).

ج - (دین بۆ یەزدانەو **وطن** بۆ هەمووان)(٢٦٧) ئاین ئاینی یەزدانە و نیشتمان، نیشتمانی هەمووانە، (دین و مەزهەب، ئەمانە عائیدن بە خواو لازمە لە بەینی عەبدو مەعبوودا، لەناو دیواری مزگەوت و کڵێسادا بمێنێتەوە(٢٦٨) "بمێننەوە"). ئاینو ئاینزاکانیش دەگەڕێنەوە بۆ یەزدان "بەڵام ئاینزاکان مرۆڤکردن ن.ك" پێویستە لە نێوان یەزدان و بەندەکانیدا، لە نێوان پەرستراوو پەرستاردا لە چوار دیواری مزگەوت و کڵێسادا نەچنە دەرەوە.

دـ سوپاسـی وتاربێـژەكانیش دەكـات بەرامبـەر هەسـتی بـەرز و دڵسـۆزی و پابەنـدبوونی میللەتـەوە و پێشانتاندا، "دیارە لە وتارەكاندا شتێكی تیانەبووە بە دڵی شا فەیصـەڵ نـەبووبێت". ئـەمجا دەڵێـت حـەزم دەكرد بتوانم بە هەمان زمان "زمانی كوردی" وەڵامیان بدەمـەوە، بـەڵام زۆر بـە هیـوام لـە داهـاتوودا بـە ئاسـانی بتـوانم، چـونكە ئێسـتا بـێ تـەرجومان هەرچیتان بـە كـوردی وت تێیگەیشـتم)[٢٦٩]. "ئـەوەش نیشانەیەكی لاوازی و كەمدەستی زمانی كوردی بووە لەو سەردەمەدا".

بەشێكی وتارەكەی شا فەیصەڵی یەكەم وەك نەخشی سەر بەردبوو، ئەوەتا دوای هەشتا ساڵ لـەو ڕۆژەوە هێشتا ئەو دەوڵەتی عێراقەی بە تۆپزی و بێ ویست و ئارەزووی كورد باشووری وڵاتەكەیی وەهـا تونـدوتۆڵ پێوە لكێنرا هەتا ئەمڕۆش لە لێكترازان نایەت.

## هۆزی جاف گەورەترین هۆزی كورد

## هەتا توانیم نەمدەزانی، كە زانیشم نەمدەتوانی

(مەحموودپاشای جاف)

هۆزی جاف ئەو ناوەی چۆن بەسەردا بڕاوە و یەكەمین ئەڵقەی زنجیرەی بنەماڵەكـەش كێیـە و كـەی و لـە كوێی و چۆن دامەزراوە؟. ئەوە كۆمەڵێك پرسیارن و وەڵامدانەوەیان لە توانای گەدایەكی دەست سپیی وەكو مندا نییە، نووسەر و زانایانی ناسراوی وەكو مستەفا جەواد و موحەممەد جەمیل ڕۆژبەیانی و ئەمین زەكـی شتێكی ئەوتۆیان بۆ ساغنەكرایەوە.. بەڵام چنگەكرێیەك لەگەڵ زانیارییەكانەدا دەكەم لەبەردەستدان. وشەی جاف وشەیەكی عەرەبییە و مانا فەرهەنگییەكەی ووشك، بێبارانی، خاكێكی بێ ئاو و تینوی وشـكهەڵاتوو دەگەیەنێت وەك قلم جاف، كلام جاف، مكان جاف، موسم جـاف، هـواء جـاف، أرض جافـة. ئـەی دەبێـت پەیوەندی چی بێت بە هۆزێكەوە لە كـەناری رووبـاری سـیروان ژیـاوون. ئەگـەریش ناوەكـە دەچێتەوە سـەر نازناوەكەی موحەممەدی كوڕی عەلی گاوانی، جا وشەی گاوان بە واتای شوان و شوانكارەیی یا كـورتكراوەی جوانڕوو (رووجوان) یان جوانڕۆ (شینوڕۆ بۆ جوانێك، مردن و لەدەستچوونی جوانێك، جوان ـ جوانەمەرگ)ە و بەتێپەڕبوونی كات و لای عەرەب بووە بە (جَوّان) لەسەر كێشی (جوّال) و بۆ زمانسـوكی كردوویانـە بـە جاوان، بەو جۆرەش هێشتا زۆر دوورە لەوەی ببێتە جاف مەگـەر وەك ڕۆژبـەیانی دەڵێـت وشـەی جـاوان لـە دیالێكتی كورمانجی باكووردا دەبێتە جاڤان، هۆزی بەنی ئەسەد كـە عـەرەبن و لەگـەڵ جاڤـان پێكـەوە لـە شاری حیللە دادەنیشتن وایاندەزانی هۆزی جاڤان لە دوو هۆز پێكهاتووە (جاڤ + ئـەلف و نـوون دەبێـت بـە جاڤان، دوو جاف .ن.ك) بەڵام كە زانییان جاڤان یەك هۆزە (جاڤان بەلێكردنەوەی ئـەلف و نوونەكـە دەبێـت بە جاڤ، لە زمانی عەرەبیشدا پیتی ڤـ نییە.ن.ك) بەناوی هۆزی جاف ناویانـدەبرن. بـەڵام ئـەو بۆچـوونەی (هۆزی گاوانی كوردن و لە چیاوە هاتوونەتە پێدەشت و شاری حیللە دروست دەكەن..)[٢٧٠] چیا لـە كـوێ و پێدەشتی نێوەڕاستی عێراق لەكوێ؟ پێدەچێت بە زۆرەملێ ڕاگوێزرابن.

موحەممەد جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێت دواتر بوون بە سێ بەشەوە، جافی جوانڕۆ سەر بە دەوڵەتی صەفەوی، جافی موڕادی سەر بە دەوڵـەتی عوسـمانی، جـافی میكـاییلی. ئـەم پیرە میكاییلە كـوردێكی شـارەزووری

پیاوچاك و دەستوداوێن پاك بووە و دەروێش و موریدی کۆکردۆتەوە و بەناوی ئەوەوە بە میکاییلی ناسراون، مەولانا خالیدی نەقشبەندیش لەو تیرەیەی جافە.

دکتۆر مستەفا جەواد دەڵێت هۆزی جاوانی لەسەرەتادا لە کەناری رووباری سیروان و گوندی قەرەتەپە ژیاون و دوای هێرشەکەی هۆلاکۆ و رووخاندنی دەوڵەتی عەبباسی، جاوانەکان بوون بە عەرەب و تێکەڵاوی هۆزەکانی فوراتی ناوەڕاست دەبن.[٢٧١] لێرەدا پیویستە ئەو راستییەش لەبەرچاو بگرین ناوچەی شارەزوور و چیا سەختەکانی پەناگەیەکی ئارام بووە بۆ خۆپاراستن لە جەور و ستەمی زۆرداران، بۆ نموونە موحەممەدی کوڕی بیلالی هزبانی سالی ٩٠٥ز لە هەولێر و خۆرهەڵاتی موصڵ شۆڕشێکی دژی خەلیفەی عەبباسی موکتەفی بیللا بەرپاکرد و کە زۆریان بۆ هێنا دەکشێتەوە ناوچەکانی شارەزوور و دواتر دوورخرایەوە بۆ ئازەربایجان.

مستەفا جەواد و هەژاری موکریانیش لەوەدا هاودەنگن (ئەم هۆزە لە کۆندا هەبوون و نەماون)[٢٧٢] ئەگەر ئەوە بسەلمێنین جاوانەکان (سەردەمی خەلیفەی عەبباسی موستەنصیر بیللا، لە شاری حیللە بوون و سەرکردەکەیان عیمادەددین لە نەبەردێکدا دژی مەغۆل کوژراوە) دەبێت ئەو بۆچوونی (لە کۆندا هەبوون)ە سەردەمی هێرشی مەغۆلەکان بێت ١٢٠٧ـ ١٣٨٢، ئەوەش لەگەڵ (دوای کەوتنی عەبباسییەکان گەڕانەوە شارەزوور، جوانڕۆ، قەراغ ئاوی سیروان و لە سەردەمی عوسمانیدا سەریان هەڵدایەوە)[٢٧٣] ناگونجێت کە وەك دەزانین دەوڵەتی عەبباسی ١٥٢٠ رووخاوە و دەوڵەتی عوسمانیش ١٢٩٩ـ ١٩٢٣ فەرمانڕەوا بوو، عێراقیش بە کوردستان و عەرەبستانییەوە ١٥١٧ کەوتۆتە بندەستی عوسمانی. حەسەن مەحموود حەمەکەریم دەڵێت (جاوانی لە فوراتی ناوەڕاستەوە دەگەڕێنەوە، بەشێکیان بۆ ئێران و بە جافی جوانڕۆ ناسران و بەشێکیان بۆ عێراق و خۆی ناودەنێت جافی مورادی)[٢٧٤]. لێرەدا ئاشکرا دیارە کۆمەڵەی دووەم خۆیان بە ژێر فەرمانی سوڵتان موراد زانیوە و شانازییان بەناوەکەشیەوە کردووە بۆیە لکاندوویانە بە ناوی هۆزەکەیانەوە (جافی مورادی) کە زۆرتر سوڵتان مورادی چوارەمە کە ١٦٣٨ بەغدای لەژێر دەستی ئێران دەرهێنا.

بەگزادەکانی جوانڕۆ ئەنجامی کێشەیەکی گەورە لەگەڵ میری ئەردەڵان یا دەسەڵاتدارانی ئێران زێدی باپیران چۆڵ دەکەن و گیانی خۆیان رزگار دەکەن یا بەهەر هۆیەکەوە بوویێت زۆربەی هۆزەکەش دوویاندەکەون و روو دەکەنە وڵاتی بابان. زاهیر بەگ بە سەد خێزانەوە پەنا بۆ ئەحمەد پاشای بابان دەهێنن، بەڵام پاشا نیازی حەواندنەوەیانی نەبووە و لەوەش خراپتر زاهیر بەگ و ٣٩ سەرداری جوانڕۆ دەکەونە بەر پەلاماری چەتە و رێگر و لە رووداوێکی تەمومژاویدا لە موڵکی باباندا دەکوژرێن و هەر لەو شوێنەشدا کە ناسراوە بە (گۆڕی کوڕگەل) دەنێژرێن.. ئەحمەد پاشا بۆی دەردەکەوێت جوانڕۆییەکان بێتاوانن و جێگەی گومان و ئەو چارەنووسە نەبوون، بۆ دڵدانەوەیان ناوچەی دزڵی بەرەورووی قادر بەگی کوڕی زاهیر بەگ دەکاتەوە و هەر لە باخەکانی قزراباتەوە هەتا پێنجوێن و سنووری ئێران دەکەوێتە ژێر دەستی هۆزەکانی (میکاییلی، گەڵاڵی، رۆغزایی، هاروونی، شاتری، تەرخانی، یەزدان بەخشی، کەماڵەیی، نەورۆڵی، باشلی،

تیلەکۆ، سەدانی، تاوگۆزی، بەداخی، یارەویسی، شێخ سمایلی، عیسایی، سۆفی وەن، بێ سەری، سمایل عوزێری، بۆسۆجانی، پشت ماڵە، جافی کەلان، زەردوویی، ئاغا سووری. هەندێکیش لەبەر زۆرداری میرەکانی ئەردەڵان کۆچیان کرد بۆ ناو تیرە و هۆزەکانی گۆران، وەك قادر میرەویسی، تایشەیی، خەڵخان جاکی، یوسف یارئەحمەدی، کۆیك، تێرجی، کرکایشی و بەشی سییەمیش بە پەرەوازەیی لە جوانرۆمانەوە وەك قوبادی، باوەجانی، وەلەدبەگی، ئیناخی، ئیمامی، دارواشی، دیلانیجی، دێنبڕی، نامداربەگی، میرەبەگی، دڵەتازەیی).(٢٧٥)

هۆزی جاف بە گشتی هەتا سەرەتای سەدەی هەژدە و سەردەمی موحەممەد پاشا خاوەنی زەویوزارێکی فراوان و هێزی چەکدار و سامانێکی دەوڵەمەندی ئاژەڵداری بوون و کاروباریان لە دەستی سەرداری هۆزەکەدا بوو.

هۆزی جاف لە گەورەترین و بەهێزترین هۆزەکانی کوردە، لە پانتاییەکی فراوان و بەربڵاوی هەردوو دیوی خۆرهەڵات و باشووری کوردستاندا هەر لە دێرزەمانەوە نیشتەجێن، شوێن پەنجەشیان بە رووداوەکانی ناوچەکەوە دیارە بەتایبەتیش لەو سەردەمەوە کە حەمە پاشای جاف سەرۆکایەتی هۆزەکەی کەوتۆتە دەست. حەمەپاشا ؟ ـ ١٩٣٤ دوو کوڕی هەبوو، مەحموود پاشاکوڕە گەورەیەتی و وەسمان پاشاش دوو ساڵ لەو بچووکترە، ئەو دوو برایە نێوانیان خۆشنەبوو. عادیلە خانمی هاوسەری وەسمان پاشاش لە ریزی پێشەوەی ئافرەتە هەڵکەوتووەکانی کوردە، وەك خانزاد و قەدەمخێر و حەپسەخانی نەقیب و ئایشە خان. عادیلەخانم بە خانمی وەسمان پاشا دەناسرا، لە بەڕێوەبردنی هۆزی جاف و هاوکاری وەسمان پاشادا ئەکتیڤ و خاوەن بڕیار بوو، شوێن پەنجەی بە رووداوەکانی سەردەمی خۆیەوە نەخشاندووە. شاعیری نیشتمان پەروەری کورد، شەهید ئەحمەد موختار جاف رۆڵەی ئەو دایك و باوکەیە، دوای دامەزراندنی شانشینی عێراق ١٩٢١، ئەندامێکی پارلەمان بوو، خاوەنی هۆنراوە بەنێوبانگەکەی "لەخەو هەستن"ە:

**لەخەوهەستن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە**

**هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە**

**بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان**

**هەموو ئان و زەمانێك چەشنی قەڵغان و سوپەرتانە**

**ئەمجا دەڵێت:**

**بەبێ قەدری بەسەریا رامەبوورن حورمەتی بگرن**

**گوڵاڵە سوورەی ئەم دەشتە کە خوێناوی جگەرتانە**

ئەو چەند دێڕەم لە بیرەوەری رۆژانی خوێندنی سەرەتایی دێتەوە یاد کە مامۆستا نیشتمان پەروەرەکانی قوتابخانەی غازی، بەیانیان ریزیان دەکردین و قوتابییەکی پۆلی شەشەم "هۆشیار" بە دەنگە زوڵاڵەکەی ئەو هۆنراوەیەی دەخوێندەوە.

هۆزی جاف لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچییەوە زانا و مێژوونووسەکانی عەرەب ناوی هەندێك

تیرەی جاف دەهێنن. ئەلقەشقەندی لە کتێبی "صبح الأعشی"دا باسی تیرەی گەلاڵی کردووە.(٢٧٦)

نووسەر و مێژوونووسی کورد مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی لەبارەی ناوی جافەوە دەڵێت: ناوی هۆزەکە لە "جاوان"ەوە هاتووە لە کورمانجی ژووروودا دەبێتە جاڤان، لای عەرەب بە جافان و جاف.

(مەسعوودی)ش دەڵێت جاوانییەکان لە هۆزە هەرە بەنێوبانگەکانی کوردن و لەناوچە شاخاوییەکانەوە بەرەو خواربوونەتەوە.(٢٧٧) جاوانییەکان لە ئێرانەوە کۆچیان کردووە بۆ باشووری عێراق و لەگەڵ هۆزی "بەنی ئەسەد" دا شاری حیللەیان دروستکرد، پاشماوەشیان لەناوچەی "دەماوەند"ی ئێران دەژین.(٢٧٨)

لە پاداشتی ئەو ئازایەتییەی جەنگاوەرانی هۆزی جاف لە پەلاماردان و گرتنی بەغدا و رزگارکردنی لە چەنگی ئێران سوڵتانی عوسمانی (موورادی چوارەم لەقەبی موورادی (موورادیی . ن.ك) پێدان بۆ هاوکاری و گیان فیداییان لە گرتنی بەغدا لە دەستی ئێران. موورادی چوارەم حەڤدەمین سوڵتان بوو لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بوو بە سوڵتان ١٦٣٨/ ١٦٣٩ز.(٢٧٩)

لەبارەی پەیوەندی نێوان میرنشینی بابان و هۆزی جافیشەوە ئەمین زەکی بەگ دەڵێت (لەشکری نەجیب پاشای والی بەغدا، دێتە سەر پاشای بابان و ناچاری دەکات خۆی بگەیەنێتە ناو جاف و پەنایان بۆ بەرێت، بەڵام حەمەبەگی جاف بەدەنگییەوە ناچێت هەرچەند پێشتر ئاشتبوونەوە).(٢٨٠) حەمە پاشای جاف و جوامێر بەگی هەمەوەند دوو سەرۆك هۆزی بەدەست و هەڵکەوتووی کورد بوون لە سەردەمی خۆیاندا ترس و لەرزیان خستبووە نێو لەشکری ئێرانەوە. مەحموود پاشای کوڕە گەورەی حەمەپاشاش لەگەڵ عوسمانییەکاندا نێوانیان تێکدەچێت (قایمقامی هەڵەبجە بوو عوسمانییەکان ١٨٨٩/١٨٨٩ز لایدەبەن و عوسمان (وەسمان پاشای جاف.ن.ك) دادەنێن لە جێگەی بۆ سەرۆکایەتی جاف، مەحموودیش دەبێت بە موتەسەریفی ئورفە، بەڵام تورك دەیزانی مەحموود موتەسەریفی ناوێت، لە غەریبی و دوور لە شارەزوور و جاف، لە ئەستەموول دەستبەسەریانکرد و نەدەبوو لە ئەستەموول دووربکەوێتەوە).(٢٨١)

حەمە پاشای جاف و مەحموودی کوڕی هەریەکەیان لە سەردەمی خۆیدا هاوپەیمانی شێخ عوبیدوڵلای نەهری بوون و لە راپەڕینە مەزنەکەی ١٨٨٠ــ ١٨٨٢دا. دوای دامرکاندنەوەی راپەڕینەکەش شێخ عەبدولقادری نەهری و بەدرخانەکان چالاکی رامیاری لە باکووری کوردستان دەبووژێننەوە و شانبەشانی میللەتانی ژێر چەپۆکی رەشی تورك ساڵانی ١٨٨٢ـ ١٩٠٨ خەباتیان دژی سوڵتان عەبدولحەمید دەکرد. مەحموود پاشا بە ژیانی دەستبەسەری رانەهاتبوو، لەبەردەم سوڵتاندا بچەمێتەوە و دەست بەستراو دانیشێت، نامەیەکی ئابڕوبەر بۆ سوڵتان عەبدولحەمید دەنێرێت، تیایدا نووسیویەتی: تۆ ستەمکار و خوێنڕێژیت و لەخوا ناترسیت، هیچ سەرم سوڕ نامێنێ، چونکە زۆڵ و حەرامزادەیت و کوڕی عەبدولمەجید نیت(٢٨٢).. سوڵتانی جائیریش بە گوێرەی شەرع (واجب الطاعة) "گوێڕایەڵیکردن ن.ك) نییە، تۆ پیاوێکی پەککەوتەی، هەر ژنی پێزانراو، سێصەد ژنت هەیە کە نە لەگەڵ شەرع و نە لەگەڵ رەوشتی مرۆڤایەتیدا یەکدەگرنەوە.. دوای ناردنی نامەکە بە پاپۆڕێك لەدەریای رەشەوە دەگاتە قەفقاس و لەوێوە بۆ باکۆ و لەوێشەوە خۆی گەیاندەوە کوردستان. سوڵتانیش فەرمانێکی رەشی دەرکرد بۆ هەردوو والی موصڵ و

بەغدا بۆ گرتن یا کوشتنی.[٢٨٣] مەحموود پاشا لە دەربارى سولّتان دۆست و یارمەتیدەرى هەبوون، پێدەچێت هەر بە کۆمەکی ئەوانیش رزگار بووبێت کە لە بارەگای سولّتان پایەدار و یەکجار خاوەن فەرمان و دەستڕۆیشتوو بوون (دەروێش پاشای زاوای سولّتان و شێخولئیسلام ئەبولهودای کوردی لوبنان. ن.ك)، ئاگاداری پەرپوتی و گەندەڵی عوسمانییەکان و چالاکی رێکخراوە کۆمەلایەتی و رامیارییەکانیش بوو دژی سولّتان.. ماوەی دەستبەسەرکردنەکە و ئازاری دوورە ولاتیشی لە دلّدا بوو، بۆ تۆڵەسەندنەوە دەستدەداتە جموجوولّی رامیاری کە توانای رابوردووی هێرش و پەلاماردانی نەمابوو، لە ژیانی خۆی زۆر دەترسا، جگە لە پیاوە خەسەواکانی باوەڕ و متمانەی بە هیچ کەسێك نەبوو، گومانی لە وەزیر و یارمەتیدەرەکانیشی دەکرد، لە پشت بەربەستێکەوە لەگەلّیدا دەدوان! ژیانی رۆژانەی سولّتانی مەزن هاتبووە سەرئەوەی لە چ قوژبنێکی کۆشکدا خۆی بپارێزێت! مەحموود پاشا وەك بەشێك لە بەرنامەی دژایەتیکردنی سولّتان، کۆبوونەوەیەکی فراوان لەسەرچاوەی زەلّم ـ شارەزوور، ساز دەکات.

پیرەمێردی شاعیرونووسەر ورۆژنامەوان یەکێك بوو لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە، لە رۆژنامەی ژیان، ژمارە٤٩٧ صالّی ١٩٣٦ لاپەڕەی/٤دا باسی کۆبوونەوەکە دەکات و بە مەحموود پاشا دەلّێت گوندی کەناروێ لەیەك کاتدا سێ کوێخای هەبوو.[٢٨٤]

هەردوو هۆزی بەهێز و بەنێوبانگی کورد، جاف و هەمەوەند رۆلّی کاریگەریان هەبووە لە راگرتن یا لاسەنگیی پارسەنگی تەرازووی هێز لە نێوان بەریتانیا وعوسمانییەکان و ئێراندا لە باشووری کوردستان. حەمە پاشای جاف و جوامێر بەگی هەمەوەند دوو سەرۆك هۆزی هەلّکەوتوو بوون، لە رۆژگاری خۆیاندا ترس و لەرزیان خستبووە ریزەکانی لەشکری ئێرانەوە، بەلّام ئاخۆ رۆلّی جاف و هەمەوەند لە چوارچێوەی فەرمانڕەوایی میرنشینی باباندا لە بەرژەوەندی دوژمنانی کورد، جا عوسمانی بووبێت یا ئێران نەدەشکایەوە؟ یا هەر لە بنەڕەتدا هێز و دەسەلاتی میرنشینەکانی کورد و هۆزە گەورەکانیش هەر لە ململانێی ئەو دوو زلهێزەدا لە کوردستان سەریهەلّدابوو، رووداوەکانی مێژوو دەیسەلمێنن هیچکام لە میرنیشنەکانی کورد بێ پشتیوانی یەکێك لەو دوو زلهێزە خۆی بەرامبەر هەڕەشە و هێرشی لایەنەکەی دیکەدا رانەگرت، چونکە چارۆکەی کەشتییەکەی کورد هەموو هەلّوێست و پێشهاتەکانی ناوچەکە لە دوور و نێزیکەوە کاریان تێدەکرد و رێڕەوەکەیان دەگۆڕی. پەیدابوونی موحەممەد عەلی پاشای والی میسر وەك ملّۆزم بۆ سولّتانی عوسمانی هەرچەند دووریش بوو لە کوردستانەوە، کاردانەوەی خۆی بەسەر بارودۆخی رامیاری و سەربازی کوردەوە رەنگیدەدایەوە، میری سۆران هەرکە دەبیستێت والییەك لە سولّتانی عوسمانی یاخی بووە و ولاتی میسری بۆ خۆی جیاکردۆتەوە و لەشکرەکەی سولّتانی بەزاندووە کەوا دەزانرا هەرگیز نابەزێت، میری سۆران پشت بە پەیوەندییەکانی لەگەلّ برایم پاشای کوڕی موحەممەد عەلیدا دایمەزراندبوو، خولیای سەربەخۆیی دەکەوێتە سەریەوە.

پاشا و بەگزادەکانی جاف بە گشتی خۆیان لە بنەمالّەی شێخانی سلێمانی و فەرمانڕەوایی شێخ مەحموود و کاربەدەستانی عوسمانی ـ تورك ـ ئێران بە کەمتر نەدەزانی، ئەوەش بەشێکی گرنگی دەردە کوشندەکەی

کوردبوو.

کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف لە کتێبەکەیدا، ماڵی ئاوەدان بێت چەند لاپەڕەیەکی مێژووی نەتەوەکەمانی بۆ پاراستین و وەك زۆر لاپەڕەی گرنگ لە فەوتان رزگاری کرد، دەڵێت: (بۆ موحافەزەی تێکنەچوونی ئیستقلالی بابان زۆر بەگزادە لە بەگزادەکانی جاف و پیاوی چاکی جاف کوژراون و بەم رەنگە رۆیون و خۆیان فیدای وەتەنی کورد کردووە وناویشیان نییە، ئەمەش بە واسیتەی ئەمەوەیە ئومەرا و پاشاکانی کورد موبالاتیان بە تەئریخی کورد نەداوە..).[٢٨٥]

هەتا سەردەمی موحەممەد پاشای جاف، تیرەی موراد بەگی دەستەڵاتی تەواویان بەسەر هەموو تیرەکانی جافدا هەبوو. کوڕانی موحەممەد پاشا، وەسمان پاشا، مەحموود پاشا و عەلی بەگ دوای مردنی باوکیان نێوانیان خۆشنەبوو، هەڵپەی پلەوپایەی دەستەڵات و سەرکردایەتی هۆزەکە، (ماڵە گەورە)کەی جاف دابەش دەکەن:

وەسمان پاشا: ناوچەی هەڵەبجە، خورماڵ و شارەزوور. عەلی بەگ: زەوی و زارەکانی قزرابات. مەحموود پاشاش کاروباری هۆزەکەی بەڕێوەدەبرد و گەرمیان و کوێستانی لەتەکیاندا دەکرد.[٢٨٦] بەڵام (بەرامبەر هەندێك تەماعی خۆی وازی لە سەرۆکایەتی جاف هێنا)[٢٨٧] دوای مردنیشی لە ١٩٤٠ دا هۆزەکە روو لە بێهێزی دەکات، مێجەر سۆن شەش حەوت مانگێك لە ماڵی تایەر بەگی کوڕی وەسمان پاشا ژیاوە، پاشا زوو زوو دەچووە موصڵ و کەرکوك و سلێمانی، عادیلە خانمی هاوسەری ١٨٥٩ـ ١٩٢٤ زۆر بە لێهاتوویی کاروباری هۆزەکەی بەڕێوەدەبرد، زیندان، دادگا، قەیسەرییەکی گەورە و دوو کۆشکی گەورەی لە سەر شێوەی هونەری بیناسازی سنە لە هەڵەبجە دروستکرد. میجەرسۆن دەڵێت: (بەراستی لە کۆمەڵی ئیسلامیدا ئافرەتی وەها، بێ وێنەم کەم دیوە، بەدەگمەن ئافرەتی وا خاوەن دیوان و دەسەڵاتدار و شارەزای چەك هەڵدەکەوێ. جاف هۆزێکی رەسەن و خاوەن مێژوو، یەکێتی سەرۆکەکانی،دەگمەن لەناو گەورە و سەرۆکەکانی کوردا بەدی دەکرا).[٢٨٨]

مەحموود پاشای جاف سەرداری گەورەترین هۆزی کوردە کە لە چەندین ناوچەی بەربڵاوی هەردوو دیوی کوردستانی رۆژهەڵات و خواروو نیشتەجێن، پاشای جاف کەسایەتییەکی بەهێز و سەنگین بوو، دۆست و دوژمن دەیانخوێندەوە، جگە لەوەش سەردارێکی ژیر و بە دەست و بە ئەزموون بو،هەرچەند بەرلەوەی ساڵی١٩٢١کۆچی دوایی بکات لەسەرەمەرگدا دان بە راستییەکدا دەنێت ودەڵێت: "هەتا توانیم نەمدەزانی کە زانیشم نەمدەزانی"[٢٨٩] تۆ تەماشا ئەم وتە بەنرخە، ئەگەر لە زمانی کوردێکەوە نەبوایە وەکو پەندەکانی برناردشۆ هەتا هەتایە بە نەمریی دەمایەوە.

هەتا ئینگلیز نەهاتبوونە وڵاتەوە، پاشای جاف دۆستایەتی و هاوکاری عوسمانییەکانی دەکرد، هەر لە سنووری ئەو هاوکارییەدا لەشکر کۆدەکاتەوە و پەلاماری رۆژئاوای ئێران و بەتایبەتی شاری کرماشان دەدات، بەڵام سەرنەکەوت و لەبەرامبەر هۆزەکانی سەنجاوی و قەڵخانی و هۆزە هاودەنگەکانیاندا دەشکێت.

بەرلەو شەڕە، سەنجاویەکان بەسەرکردایەتی عەلی ئەکبەر خان دژی تورک رادەپەڕن و فەرماندەیەکی سەربازیی شاری کرند و دوو سەرلەشکر دەکوژن کە سەدان کوردی بێتاوانیان کوشتبوو، وەك لەسێدارەدانی سەرداری بۆکان.

عەلی ئەکبەر کە لە دەست رەزا شای ئێران هەڵدێت پەنا بۆ مەحموود پاشا دەبات، بەڵام مەحموود پاشا، قینی شکستەکەی زووی لەدڵدا مابوو، بایەخێکی ئەوتۆی پێنادا.

صاڵانی ١٩١٨ـ ١٩١٩ پیری و نەخۆشی پەکی پاشای جافیان خستبوو، بڕشتیان لێ بڕیبوو، بەربەرەکانی دوژمنەکانی بۆ نەدەکرا.. ئینگلیز بڕیار دەدەن دەستەڵاتی جاف لە سنوورێکی تەسکدا بهێڵنەوە، لەو ماوەیەدا مەحموود پاشا دوو نامە بۆ شێخ مەحموود و حاجی سەید عومەری مامی شێخ کە (حاکمی وڵات) بوو دەنووسێت، هەرچەند هەرگیز نێوانیشی لەگەڵ شێخدا ساز نەبوو، نامەکانیش بەشێخ سەلامی شاعیردا دەنێرێت.. ئەو دەمە شێخ مەحموود سەرقاڵی شەڕەکەی دەربەند بوو.. دواتر پاشا زۆر پەرۆشی ئەوەبوو ئایا شێخ کوژراوە یا گیراوە، کە شێخ سەلام دڵنیای دەکات بە بریندار دەستگیر کراوە، پاشای جاف دەڵێت: شێخ مەحموود بوو بە پیاوێکی گەورە و هاوشانی ئێمەمانان نییە.(٢٩٠) پیرەمێردی خۆشخوان لە هۆنراوەیەکدا بۆ دوو ئاوانەکەی شوێن ماڵە گەورە "هەواری مەحموود پاشای جاف" کە هونەرمەندی ناسراوی کورد رەفیق چالاك بە سۆز و ئەندێشەوە چڕیویەتی، لێرەدا من هەر ئەوەندەم دێتەوە یاد:

**دوو ئاوانەکەی شوێن ماڵە گەورە *** بەرەو خوار ئەڕۆی بە پێچ و دەورە**

**تۆ بە رووناکیی وێنەی بلووری *** ئاوی زیندەگیی گشت شارەزووری**

**بە راگوزەرتا بە دڵەی پرخەم *** رۆژی رووناکم لێ بووە بە تەم**

**تۆخوا ئاوەکەی بۆن گوڵاوەکە *** بۆ سەرچاوەکە کەمی لاوەکە**

**بزانە ئاخۆ جامی فۆتۆگراف *** پیشانم نادا وێنەی ئێلی جاف**

هێزەکانی ئینگلیز لە (عێراق) هەوڵێکی زۆریاندا سەردارانی کورد لە خۆیان کۆبکەنەوە، یا بەلای کەمەوە لایەنی شێخ و تورك نەگرن و بێلایەن بن.. مەحموود پاشا هاوکاریی ئینگلیزی دەکرد و ئاشکراشە هۆکەی چیە! کەچی هەر ئەو مەحموود پاشایەی جاف کە مێجەر نۆئێل دەبێتە میوانی لە (دوو ئاوانەکەی شوێن ماڵە گەورە) پاشا ناچێت بەرەوپیری بەڵکو بەرگی پاشایانەی عوسمانی دەپۆشێت و هەر میدالیا و نیشانێك ئەوان پێیان بەخشیوە دەکات بە سنگ و بەرۆکیدا و چاوەڕوانی هاتنی نۆئێل دەکات.

**نۆئێل: جەنابی پاشا، دەزانن مەبەستم لەم دیدەنیە چییە؟**

**پاشا: بیشزانم حەزدەکەم لە زمان خۆتانی ببیستم!**

نۆئێل: ئینگلیز دەیەوێت خزمەتی ناوچەی کوردستان بکات و یارمەتی گەلی کورد بدات ولە دەست زوڵم و زۆری عوسمانیەکان رزگاری بکات، چاوەڕوانی هاوکاری کردنی پیاوێکی وەك بەڕێزتانە کە سەرۆکی هۆزی جافن.

پاشا: بەداخەوە ناتوانم هاریکاریتان بکەم، چونکە:

١ـ زۆر بـاوەڕم نییـە، ئـەوە مەبەسـتتان بێـت، ئـەگینا هـەزاری وەك منیشـتان لەگەڵدا نـەبێت هـەر سەردەکەون.

٢ـ من موسڵمانم و باوەڕە ئاینییەکەم ڕێگەم نادات هاوکاریتان بکەم (کە ئێوە دیانن).

٣ـ پیربووم و توانای هەڵسوکەوتم نەماوە بۆ کارێکی وەها دەست بدەم.

ئاخۆ ئەو ساردی و سڕی و گوێپێنەدانەی پاشا و ئەو وەڵامە رەق و وشکانە بـەهۆی ئـەوەوە بـوو، نۆئێـل شێخی کردبوو بە حوکمدار یا نۆئێل ویستوویەتی تواناکانی جاف لەگەڵ شێخدا یەکبخات دژی تـورك و لـە ژێر سایەی حوکمـداری کوردسـتاندا و کوردسـتانی خـواروو لـەو فـرە کوێخایەتییـە رزگـار بکـات کـە وەك پیرەمێرد دەڵێت کەنارووێ لەیەك کاتدا سێ کوێخای هەبوو! یا ئەوەبوو پاشا مەبەستی ئەوە بێت ئینگلیـز تێبگات کە دۆسـت و دڵسـۆزی ئەوانـە و ناحـەز و رکەبـەری تـورك و شـێخ مـەحموودە، ئـەو شـێخەی کـە سەنگەری لە ئینگلیز دەگرت، ئەمڕۆ ئەو حوکمدار بێت و من بچمە ژێر سایەی ئەوەوە. هەر ئەم ئەنجامەش بوو ئینگلیز پڕکێشی نەکات بۆ هەمان مەبەست روو لە بابەکری سەلیم ئاغا بنێت.

## پرو پاگەندە و باڵۆرەی دامەزراندنی حکومەتی کورد

بەرلە پێچانەوەی دامودەزگـای خەلافـەتی ئیسـلام لـە ئەسـتەموولّ لـە ١٩٢٢/٦/١دا، بـەریتانیا و شـا فەیسەڵی عێراق هاتنە سەر ئەوەی لە باشووری کوردستان حکومەتێك بەناوی کوردەوە دابمەزرێنن و بیکەنە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر دژی تورکیا کـە کـورد دەیانـەوێت لـە چوارچێوەی عێراقـدا بمێننـەوە و نایانـەوێت بچنەوە ژێر دەستی تورك. تورکیـاش بـۆ سـەلماندنی پێچـەوانەی بەرنامەکـەی ئینگلیـز هـەموو هـەوڵێکی لەگەڕدا بوو، عیسمەت ئین ئۆنۆی نوێنەری تورکیا لە کۆنگرەی نەتەوەکاندا دەیوت: کەمینـە چـەکدارەکان لە ژێر سایەی تورکیادان و لەدوارۆژی خۆیان زۆر شاد و گەشبینن. هەر سـێ لایەنەکـەش، بـەریتانیا و شـا فەیسەڵ و تورکیا پشی پشییان بۆ شێخ مەحموود دەکرد کە لایەنێکی گرنگی کێشـەی کوردسـتانی باشـوور بوو کە ئەوان بە ویلایەتی مووصڵ ناویاندەبرد و بەردەوامبوونی شۆڕشی کورد لـە باشـوور لـە بەرژەوەنـدی تورکە کەمالییەکان بوو، بەڵام لە باشوور دابمرکایەتەوە و هەر لە باکوور بەردەوامبوایە ئەوە لە بەرژەوەندی بەریتانیا و شای عێراق فەیسەڵی یەکەم بوو، کوژاندنەوەشی لە هەموو لایەکی کوردستان بە دڵی هەموویان بوو. کەمالییەکان بە ئاگر و ئاسن و بەکارهێنانی گازی ژەهراوی صاڵی ١٩٢٥ شۆڕشـەکەی شـێخ سـەعید دادەمرکێننەوە، لە ئینگلیزیان دەویست ئەویش شۆڕشەکەی شێخ مـەحموود کـپ بکاتـەوە، بـەڵام بـەریتانیا کاتێك ئەوەی دەکرد بەرژەوەنـدی تێدا بێـت، دەمێکـیش بـوو بەرنامـەی کوژاندنـەوەی شۆڕشـەکەی شـێخ مەحموودی داڕشتبوو، کاری چاکیشی بۆ کردبوو کە هەر کاتێك هەڵوێستی شێخ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا جوت نەوەستایەوە، دوورخستنەوەی لە گۆڕەپانەکە ئەرکێکی زۆر و قوربانیدانێکی قورسی نـەوێت، لـەوەش دڵنیابوون شێخ لەگەڵ شەریف حوسەین بەراورد ناکرێت کە بە خۆی و کوڕەکانییەوە لـە تـورك یـاخیبوون و ئاڵای شۆڕش و بەرەنگاریان بەرزکردەوە، یەکبینەش لایەنی بەریتانیایان بەرنەدا و هەتا سەر بێ ئەمبـەر و

ئەوبەر کردن بە دڵسۆزی مانەوە.. بۆیە لەندەن بڕیاریدا کەرکووك لە دەرەوەی سنووری موصڵ جێگیر بکەن و بیلکێنن بە عێراقی عەرەبەوە، ئەمەشیان بۆ ئەوە کرد ئەگەر ئەو حکومەتەی گوایە بۆ کوردی دادەمەزرێنن لە هەرێمی موصڵدا و دەبێت بە دڵی خۆیان بێت نەك کورد، سەرینەگرت و بە هۆی ناکۆکییەکانیانەوە لەگەڵ فەرەنسا و سۆڤیەتدا لەسەر دابەشکردنی میراتی عوسمانییەکان موصڵ درایەوە بە تورکیا کەرکووکی دەوڵەمەند بە سامانی نەوتی ژێر زەوی بەرنەکەوێت و هەر لە ژێر دەستی خۆیاندا بێت کە ئەو کاتە کانگەی سەرەکی نەوت بوو لە ناوچەکەدا.. ئیتر لە ساڵی ١٩٢١ەوە هەتا ئەمڕۆ کەرکووك بوو بە کێشەی هەرە گرنگی کوردی باشوور و دوژمنەکانی و هێشتا هەر بەبێ چارەسەریش ماوەتەوە. ئەدمۆنس کە سەردەمێك فەرمانەدەی گشتی ئینگلیز بوو لە کوردستان لەو رووەوە دەڵێت: هەر حکومەتێکی عێراق رێزی خۆی بگرێت، کەرکووك لە سنووری ناوچە کوردنشینەکان جیا دەکاتەوە.(پەیمانی سایکس بیکۆش، ئەو خودموختارییەی بۆ کوردستانی باشووری بڕیاردابوو،کەرکووك و هەولێر وپردێی نەدەگرتەوە، بەڵام ناوچە کوردنشینەکانی سیرت، ورمێ ومەهابادی دەگرتەوە .!) بڕوانە مەحمود مەلا عیززەت،سەرچاوەی پێشوو، ل.٤٤

عەرەب بە گشتی و دەسەڵاتدارانی تورکیا، ئێران و سووریەش بەتایبەتی، هەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ەوە بەردەوام و بە هەموو توانایەکیانەوە دژی هەر نزیکبوونەوە و پێکهاتنێکی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق بوون، بەتایبەتیش ئەگەر ناوی کەرکووکی تێدا هاتبێت هەرچەند چمکێکی بچووکیشی بێت.

سەردەمی هاتنە سەر کاری بەعسییەکانیش ساڵی ١٩٦٨ هەتا کەوتنی سەدام و رژێمەکەی لە ٢٠٠٣/٩/٤دا ئەو دراوسێیانە ترس و دڵەڕاوکێی خۆیان بە صەدام دەگەیاند، نەبا ناچاریی پاڵی پێوە بنێت بۆ تاکتیکیش بێت هەنگاوێکی وەها بهاوێت.

لە ئەنجامی کۆبوونەوەکەی شێخ مەحموود و سەردارانی کورددا، شێخ نامەیەك بۆ شەریف پاشای خەندان دەنووسێت و لەگەڵ بەڵگەنامەیەکدا بە مۆری ٢٦ سەرداری کورد بە رەشید کابان و سەید ئەحمەد بەرزنجەییدا بۆی دەنێرێت کە هەموویان هەڵیانبژاردووە بە نوێنەری کورد لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گەلاندا، بەڵام دەسەڵاتدارانی فەرەنسا لە حەلەب دەستدەگرن بەسەر نامە و بەڵگەنامەکەدا و نامەبەرەکانیش بەروودووا دەگەڕێننەوە.

ئەم هەڵوێستە نامرۆڤانەیەی فەرەنسا هەر دژی کورد نەبوو، دژی بەریتانیاش بوو، لەو روانگەیەوە ئەگەر کورد دەنگی بگاتە کۆمەڵەی نەتەوەکان، ئەوە دەبێتە پشتیوان کورد لە تورکیا جیابێتەوە و هەرێمی موصڵ کە بەشێکی وڵاتەکەیانە لە تورکیا دادەبڕێت و دەلکێنرێت بە عێراقەوە و نەوتەکەی کەرکووکیش دەکەوێتە بندەستی بەریتانیا و فەرەنساش مایەپووچ دەمێنێتەوە.

شەریف پاشای خەندان ١٨٦٥ـ ١٩٤٥ لە لەشکری عوسمانیدا بووە بە پلەی ژەنەراڵ، سەردەمێکیش باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی بووە لە ستۆکهۆڵم ـ پایتەختی سوید. رامیارێکی بە توانا و خاوەن ئەزموون بوو

چەند زمانێکی ئەوروپاییەکانیشی دەزانی، پەیوەندی لەگەڵ نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا هەبوو، گوێیان لێدەگرت، ئەندامی کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتنیش بوو بە ناوی نهێنی "کوردە" وە، خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵەی بەنێوبانگی موحەممەد عەلی پاشای میسریشدا پەیدا کرد بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە، دووەمین هاوسەری ژیانی کچی ئەو بنەماڵەیەیە و خوشکەزایەکی شا فاروق، دوا شای میسر بوو.

شەریف پاشاکوردێکی هەڵکەوتوو، دڵسۆز و ماندوونەناس بوو. ماوەیەك دەگەڕێتەوە سلێمانی شاری دێرینی باوو باپیرانی.

شەریف لە هەوڵەکانیدا بەردەوامبوو، رۆژی ۱۹۱۹/۳/۲۲ لەگەڵ کلمێنصۆی وەزیری دەرەوەی فەرەنسادا کۆدەبێتەوە، بەناوی مافەکانی گەلی کوردەوە داواکارییەکی بە زمانی فەرەنساوی پێشکەش دەکات و لەگەڵ نوێنەری بەریتانیاشدا کۆدەبێتەوە و پێشنیازێکی دەخاتە بەردەست، بەریتانیا پشتیوانی مافەکانی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بکات، کوردیش لە هەموو لایەکی کوردستان دژی تورکیا راپەڕێت.

شەریف پاشا پێشتریش لە ۱۹۱۸دا سێر پرسی کوکس لە مەرسیلیا ـ ئیتالیا دەبینێت و هەمان پێشنیازی خستبووە بەردەمی ئەویش. هەوڵ و کۆششی بەردەوامی ئەو پیاوە مەزنەی کورد بەردەگرن و بەرێکی چاکیش کە هەرگیز بێ دڵسۆزی ئەو نەدەچوونە بەندەکانی پەیمانی سیڤەری مژدەبەخشەوە. (کلێمنصۆ، سەرۆك وەزیرانی فەرەنسازۆر راشکاوانە بەناوی هاوپەیمانەکانییەوە دەڵێت: تورکیا(عوسمانی) لەو ئاستەدا نییە متمانەی پێبکرێت میللەتێك بەڕێوەبەرێت (تورك نییە) ونابێت قەومێك کە تورك نییە (کورد) وتائەمڕۆ لەژێر چەپۆکیدابووە، دووبارە بخرێتەوە ژێرچەپۆکی) بەناوی هەندێك لە سەرکردەکانی رێکخراوی خۆیبوون لە باکوور پەیوەندی بە شێخ مەحموودەوە دەکەن بۆ یەکخستنی هێز و توانایان دژی تورك، بەڵام شێخ دەبوو رێبازی خۆی بگۆڕێت و رەپ و راست دژایەتی تورك بکات لە پێناو ئینگلیزدا، بۆیە پێدەچێت ناردنی نوێنەرێکی خۆیبوون هەر بۆ ئەوە بووە شێخ لە تورك دوور بخەنەوە پاڵ بدەن بە ئینگلیز و رووسیاوە کە خۆیبوون پەیوەندی لەگەڵ دامەزراندبوون. (شێخ میرۆز سەرۆکێکی ئێزدیانی غەرزان، شێخ عەبدوڕەحمانی گارسی بە نوێنەرایەتی خۆیبوون هاتوونە لای شێخ مەحموود. گارسی لە شۆڕشی ۱۹۲۵دا بەشداریکردووە و لەنێوان سووریا و تورکیا و عێراقدا هاتووچۆی کردووە تا کاتێك لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێکدا بۆ کۆمەکی شۆڕشەکەی ئاگری داغ دەچوون لە ناوچەی بۆتانی ژووروودا شەهید کرا).

## رێککەوتن و پەیماننامەکانی
## سیڤەر، لۆزان، سایکس بیکۆ[۲۹۲]

هاوپەیمانە سەرکەوتووەکانی یەکەمین جەنگی گێتی، بەریتانیا، فەرەنسا، رووسیا و ئیتالیا بەسەر ئەڵەمانیا، نەمسا، دەوڵەتی عوسمانیدا، دوای مۆرکردنی پەیمانی مودروس و راگرتنی شەڕ، دەوڵەتی عوسمانی ناچار دەکەن ۱۹۲۰/۸/۱۰ مل بۆ پەیمانی سیڤەر شۆڕ بکات و سەرۆك وەزیران، فەرید پاشای زاوای سوڵتان وەحیدەدین پەیمانەکەی مۆر کرد.

بەشی سێهەمی دەرکەی سێهەمی پەیمانەکە هەرهەمووی تەرخان کرابوو، بۆ کێشەی کورد لە ژێر

ناونیشانی کوردستان دا، بڕگەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ دەگرێتە خۆی کە هەرزوتر هاوپەیمانان لە پەیمانی سان ریمۆن کە ١٩٢٠ بەسترا ئاماژەیان بۆکردبوو .

بڕگەی ٦٢: ئینگلیز و فەرەنسا و ئیتالیا لیژنەیەکی سێ قۆڵی پێکدەهێنن کە بارەگاکەی لە ئەستەموول دەبێت و لەماوەی شەش مانگدا لە رۆژی جێبەجێکردنی ئەم پەیمانەوە پرۆژەیەکی ئۆتۆنۆمی گەلاڵە دەکەن بۆ ئەو هەرێمانەی زۆرینەی دانیشتوانی کوردن و دەکەونە رۆژهەڵاتی رووباری فورات و باشووری سنووری ئەرمینیای باکوورەوە (کە دواتر دیاری دەکرێت) و باکووری سنوورەکانی تورکیا لەگەڵ سووریا و میسۆپۆتامیا بەشێوەیەك لەگەڵ خاڵکانی (١، ٢، ٣) ی بڕگەی ٢٧دا بگونجێت.ئەگەر بۆچوونی جیاوازیش لەو رووەوە هاتە پێش، سێ ئەندامەکە کێشەکە دەبەنەوە بەردەم حکومەتەکانی خۆیان، ئەم پلانە دەبێت زامنی پاراستنی کلدۆ ئاشوورییەکان و کەمایەتیە رەگەزی و ئاینییەکانی ناو ئەو ناوچانە بکات. لیژنەیەکیش لە بەریتانیاو فەرەنسا و ئیتالیا و ئێرانییەك (نوێنەرێکی ئێران. ن.ك) و کوردێك دەچنە شوێنەکان بۆ تاوتووێکردنی ناوچە سنوورییە هاوبەشەکانی ئێران و تورکیا و تاوتوێکردنو دەستکاریکردن و بڕیاردان لەسەر دەستکاری کردنەکان ئەگەر پێویست بوو.

بڕگەی ٦٣: دەوڵەتی عوسمانی هەر لە ئێستاوە پەیمان دەدات ئەو دوو لیژنەیە پەسەند بکات کە لە بڕگەی ٦٢دا دەستنیشان کراون و لە رۆژی ئاگادارکردنیەوە هەتا شەش مانگ جێبەجێی بکات.

بڕگەی ٦٤: ئەگەر کوردەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچانەی لە بەندی ٦٢دا دیاریکراوە لە رۆژی جێبەجێکردنی ئەم پەیمانەوە هەتا ساڵێك پەیوەندییان بە کۆمیتەی نەتەوەکانەوە کرد و روونیان کردەوە کە زۆربەی هەرە زۆریان دەیانەوێت لە تورکیا جیابنەوە و ئەگەر کۆمیتەش بە شایانی سەرخۆییان بزانێت و راسپاردەی ئەوەیکرد سەربەخۆییان بدرێتێ، ئەوە تورکیا لە ئێستەوە دەبێت پەیڕەوی ئەو راسپاردەیە بکات و دەست لە هەموو مافەکانی و ئەو دۆکۆمێنتانەش هەڵبگرێت کە لەدەستیدایە (بۆ سەلماندنی خاوەندارێتی ناوچەکە. ن.ك) وردەکارییەکانی ئەم دەستهەڵگرتنەش دەبێتە بابەتی رێککەوتنێك لە نێوان هاوپەیمانە سەرەکییەکاندا.

ئەگەر ئەو دەست هەڵگرتنەش ئەنجامدرا و (لەو کاتەدا کە تیایدا روو دەدات؟!) هاوپەیمانە سەرەکییەکان کۆسپ و تەگەرە ناخەنە بەردەم کوردەکان کە لەو بەشەی کوردستان دەژین کە هێشتا لە سنووری ویلایەتی موصڵدایە، بەویست و ئارەزووی خۆیان بێنە سنووری ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیەی کوردەوە.(٢٩٣)

کورد بۆ گەیشتن بەم سەرکەوتنە مێژووییە و هاتنە دی هیوا و ئاواتەکانی و رزگاربوونی بۆ هەتا هەتایە لە ژێر دەستی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی تەنها پێویستی بە دوو هەنگاو هەبوو:

١ــ هاوریزیی و یەکدەنگی گشت چین و توێژەکان و بەلاوەنانی بەرژەوەندی تەسکی هۆز و سەرۆك هۆزەکان لە پێناو چارەنووسی نەتەوەی کورددا و هاوکاریکردنی هاوپەیمانان.

٢ـ بەڵگەنامەیەکی مۆرکراوی سەردارانی کورد بخەنە بەردەست کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس بیسەلمێنێت کورد دەخوازێت لە تورك جیابێتەوە.

جێگەی داخە هیچ کامیان وەك پێویست نەکران!

پەیماننامەی سیڤەر ۱۹۲۰/۸/۱۰ لە شارۆچکەی سیڤەر ـ فەرەنسا مۆرکرا، کارگەیەکی بەرهەمهێنانی شووشەی تێدا بوو، بۆ دروستکردنی چینی و فەخفوری (فەرفووری)[٢٩٤]، هەر بەوهۆیەوە سەرۆك کۆماری فەرەنسا، پوانکارێ کە هەتا ۱۹۲۰ لە پۆستەکەیدا مایەوە، پەیمانی سیڤەر بە گوڵدانە شکاوەکە ناو دەبات. پەیمانی سیڤەر کوردی بە ئاوات دەگەیاند ئەگەر مستەفا کەمال لەو سەردەمەدا هەڵنەکەوتایە، لە سوڵتان یاخی بێت و لەشکرە شڕو وڕەکە ڕێکبخاتەوە، بەژیری و پلانی دروست و وڕەی بەرزو خۆشەویستی تورکیا بتوانێت ساڵانی ۱۹۲۱ و ۱۹۲۲ بەسەر هەرهەموو دوژمنەکانیدا سەرکەوێت، کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن، کۆمەڵەی پێکهاتن و ئازادی، شکاندنی یۆنانەکان لە ئەنەدۆڵ، تزاکیا و ئەزمیر، فەرەنسە و ئەرمەن لە کلیکیا، ئەرمەن لە یەریڤان و قەفقاس، بەشێك لە میسۆپۆتامیا کە کوردیشی دەگرتەوە و بەداگرتنی سوڵتانیش کۆوتایی بەو سەرکەوتنانە هێنا.

گەر گورگە بۆر نەبوایە سیڤەر بەسەر سوڵتاندا دەسەپێنراو کوردیش وەك گەلانی دیکەی ژێر چنگی عوسمانی سەرفراز دەبوو، تورکیش مەگەر هەر سیر بخوات و زوڕنا لێبدات یا هەر بڵێت ئەم نانە بەو ڕۆنە! بەڵام مستەفا کەمال نەك مل بۆ سوڵتان نادات بەڵکو تەخت و تاراجی سەڵتەنەت و خەلافەتیشی لە ڕەگ و ریشەوە دەرکێشا و هاوپەیمانان ناچاری سازش دەکات و سیڤەر وەك بەفری بەرخۆرەتاو تەواوە و کۆنگرەی لەندەن ۲/۲۱ـ ۱۹۲۱/۳/۱٤ بەندەکانی ٦۲، ٦۳، ٦٤ی هەڵوەشاندەوە و لەجێگەی سیڤەر پەیمانێکی نوێ مۆر دەکەن بە ناوی پەیمانی لۆزان، ئەگەری سەربەخۆیی کوردی ئەوەندە دوورخستەوە ئەگەر نەڵێم نەیهێشت وتەنها وەك کێشەیەکی ناوخۆیی حکومەتە داگیرکارەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا تەماشا دەکراو زلهێزەکانیش ئەوەندە کێشەیەکی ئاڵۆز بوو بەلایانەوە کە هەردەستی لێنەدرێت یا وەك بەرمیلێك باروت لە دوورەوە تەماشایان دەکرد و هەرگیز ڕێگەیان نەدا پریشکی ئاگرێکی وەهای بگاتی باروودۆخی ناوچەکەیان لێ بشێوێنێت. چاکترین نموونەش دان پێدانانی کۆنە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکایە هنری کیسنجەر بەو ڕاستییەداو بەبێ ڕەوشتیان بەرامبەر ئاوات و ئامانجی کوردی باشوور و شۆڕشە مەزنەکەی ئەیلوول.

گەر پرسیارێك لە زلهێزە سەرکەوتووەکانی یەکەمین شەڕی گێتی بکەین، ئێوە توانیتان بەسەر ئەڵەمانیای زەبەلاح و دەوڵەتی عوسمانی فراوان و پانوپۆڕدا سەربکەون کە پازدە ملیۆن هەر موسڵمانی لە پشتەوە بوو، ئەی بۆ لە بەختی ڕەشی کورد و ئەرمەن لە بەردەم مستەفا کەمال (گورگە بۆر)دا دەست لەسەر دەست وەستان و واقتان وڕمابوو کارێکتان لەدەست نەهات؟ دەترسان خۆی بهاوێتە باوەشی سۆڤێتەوە؟ گەر ئێوە سەریتان پاندەکردەوە، نەماری تۆپیو دەگەزێت نە مردووش خۆی دەهاوێتە باوەشیان. جگە لەوەش ئەگەر هاوپەیمانان و بەتایبەتیش بەریتانیا کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە کوردەوە هەبوو، دۆستی گەلانی چەوساوە و ڕزگارکاری مرۆڤ بوون، کورد یەکەمین پشتیوانتان بوو بۆ لەناوبردنی مستەفا کەمال کە سەرەتاو بنەتای هێزەکەی کورد بوو، گۆڕەپان و چەقی یاخیبوون و ڕاپەڕینەکەشی هەر کوردستان بوو، ئەمە ڕاستییەکی مێژووییە، چاو لەوەش نانوقێنین مستەفا کەمال سەرکردەیەکی هەڵکەوتوو بلیمەت بوو، دوژمنێکی

سەرسەخت و پشوو درێژ بوو، لەو سەرکردانەش نەبوو ورە بەربدا و چۆکی بلەرزێت، بەراستی رۆڵەی دڵسۆزی تورك بوو، بەڵام هەرگیز لە ئەڵەمان بەهێزتر نەبوو کە توانیان دووجار بیکەنە پۆڕی خوراو لە هەردوو یەکەمین و دووەمین جەنگی جیهاندا!

بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا هەریەکە و هەوڵیدەدا بە جۆرێك هاوکاری تورکە کەمالییەکان بکەن و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بەرجەستە بکات و نەهێڵن پەنا بەرێتە بەر سۆڤیەت، کەمالییەکانیش وەك سەگی چوار چاو بەهەموو لایەکدا هەڵپەیان دەکرد و بە هەنگاوی خێرا و بە پەڵەش لە سۆڤیەت نزیك دەبوونەوە، ئەوانیش زۆر لە مێژ بوو چاوەڕوانی هەلێکی وەهابوون لەو ناوەدا جێگە پێیەکیان دەستکەوێت و دەستیان بگاتە دەریای سپی نێوەراست و بتوانن ئێرانیش لوول بدەن.. ئامانجەکانی رووسیای کۆن و نوێ، سەردەمانی قەیسەر و سەردەمی لینین یەکیاندەگرتەوە، بەڵام بۆ ئەوروپا کارەسات بوو، بۆیە بەهەر نرخێك بێت ناهێڵن ئەو ئاواتەی رووس بێتە دی، ئەو نرخەش تەنها کوردو ئەرمەن دایان، کوردی بێ پشتوپەنا، نەشارەزا و بێ ئەزموون لە گەمە نێودەوڵەتییەکاندا حەپەسابوو، سەری لێدەرنەدەکرد، ئەو یاریزانە بەهێزانە نەك هەرهەموویان گۆڵیان لە کورد کرد، بەڵکو بەریتانیا گۆڵی لە فەرەنسا و تورك و کورد کرد، فەرەنساش لە عەرەب و کوردو تورك، تورکیش لە فەرەنسا، یۆنان و کورد و ئیتالیاش گۆڵی خۆی لە یۆنان و ئەردەن و کورد کرد، کوردیش گۆڵی تەنها لە خۆی کرد. رووداوەکانی ئەو یارییانە هاوکێشەیەك بوون بەمجۆرە:

فەرەنسا دژایەتی بەریتانیای دەکرد، ویلایەتی موسڵ نەکەوێتە بندەستی.

ئیتالیا هاوکاریی کەمالییەکانی دەکرد دژی یۆنان.

بەریتانیا سیڤەر هەڵدەوەشێنێتەوە بەرامبەر دەست هەڵگرتنی ئەتاتورك لە موسڵ.

بەریتانیای مەزن لەوە دەترسا، کەمالییەکان کتوپڕ هێرشێکی بەربلاو بکەنە سەر ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور) و دەستی بەسەردا بگرن. خۆ ویلایەتی موصڵ هەر هەمووی کورد بوون و شۆڕشەکەی شێخ مەحموودیش بەشێکی فراوانی لە ژێر دەستدا بوو ئەمدیویشی کوردی باکوور و دوژمنی تورکیا و کەمال بوون و خۆیان بۆ شۆڕش و راپەڕین سازدابوو، کاپتن بیل، میجەر نوئێل دەنێرێت بە بیانووی ئەوەی کورد ئەگەر هێمن و هێور نەبن کۆسپ لە رێگەی ئاوات و ئامانجەکانیان دروست دەکەن و میجەرنۆئێل بلاوەیان پێدەکات.. ئەوەش هەر راستییەکی مێژووییە، سفۆرزا وەزیری دەرەوەی ئیتالیا ناحەزی یۆنان بوو، بە بەرچاوی بەریتانیاوە، فەرەنسا رازیدەکات پێکەوە هەوڵبدەن یۆنان ناوچەی بۆرسە چۆڵ بکات بۆ کەمالییەکان لە دوو دانیشتنی ١٩٢١/٣/١٥دا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی هەردوو گەلی بەشخوراوی کورد و ئەرمەن بە ئامادەبوونی نوێنەری دەوڵەتی یۆنان، گالیگروپۆلۆس و نوێنەری ئەرمەنەکانی تورکیا و یەریڤان، بۆگۆس نۆبار پاشا، ئیتالیا بە گەرمی هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەری دەدا، خۆ بەریتانیا لە بواری کەین و بەین و ئاڵوێردا پسپۆڕە، بۆ بەرژەوەندی خۆی چەندین پێگۆڕکێی بە فەرەنسا کرد، بەمەرجێك ئیتالیا لە کێشی فەرەنساشدا نەبوو، سەر بۆ مستەفا کەمال شۆڕ بکەن و لە

کۆبوونەوەکاندا نوێنەری سوڵتان وەك حکومەتی ئەستەموول و نوێنەری مستەفا کەمالیش وەك حکومەتی ئەنقەرە بەفەرمی بناسن و گفتوگۆیان لەتەکدا بکەن، بە چ یاسایەك هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان بەسەر تورکیای دۆڕاودا دوو حکومەت و دوو شاندی دانوساندنی لێدەسەلمێنن. ولیام ئیگلتن جوانی بۆ هاتووە و مۆر لە نیشان دەدات کە وتوویەتی (پەیمانی سیڤەر بە مردوویی لە دایکبوو، چونکە مستەفا کەمال مێژووەکەی بە ئارەزووی خۆی نووسییەوە). موحەممەد داینی یەکێکە لەسەرکردەکانی بەرەی دیالۆگ بەسەرکردایەتی صالح موتلەگ، لەبارەی پەیمانی سیڤەرەوە لە گۆڤاری لڤین ژمارە ٤٥ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ دا دەڵێت (لەپەیمانی سیڤەردا سلێمانی بە پارێزگایەکی ئێرانی لەقەڵەمدراوە بەڵام لەبەرئەوەی زۆرینەی سونەیە، گەڕێنرایەوە بۆ عێراق وئەهواز لەبری درا بە ئێران . کوردەکان دەیانەوێت بڵێن کەرکوك سەر بە سلێمانی بووە، بەڵام من پێیان دەڵێم ئەسلەن سلێمانی بەشێك نەبووە لە عێراق .) هەروەها موحەممەد ئەلحەمیداوی سەرکردەیەکی حیزبی فەزیلەی ئیسلامی و پەرلەمانتارێکی پەرلەمانتارێکی عێراقە لەسەر لیستی ئیئتیلافی نیشتیمانی لەهەمان ژمارەی لڤیندا وتوویەتی (... هەولێریش شارێکی کوردی نییە بەڵکو شارێکی .) وادیارە ئەم بەڕێزە ئاگاداری مێژووی ناوچەکە نەبێت بۆیە نازانێت کە هەرێمی سلێمانی بە پێی خاڵی یەکەمی ڕێککەوتننامەی ئەرزرۆمی دووەم کە ١٨٤٢ـ ١٨٤٧ ی خایاند و ئینجا مۆرکرا، ئێران یەکجارەکی دەستبەرداری هەرێمی سلێمانی و دەوروبەرەکەی دەبێت بۆ دەوڵەتی عوسمانی و بەو ئەنجامەش کورد ناچارەکەن خۆی لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و صەفەویدا ساغبکاتەوە، روونتر بڵێم گەرەکیان بوو بریاربدا ئایا حۆی بەعوسمانی دەزانێت یا ئێرانی ؟ ئەوەش بۆکورد مەرگەسات بوو، هەرکامیان هەڵبژێرێت مەترسییەکی گەورەیە و بزرکردنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی بەدوواوەیە . عەرەب دەڵێت (خیاران أهونهما مر) لەو دووانە یەکێکیان هەڵبژێرە کە باشەکەیان وەك ژەهر تاڵە . لەوکاتەوە هەرێمی سلێمانی هەتا کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهان و ئاگربەستی مودروس لە ٣٠/ ١٩١٨/١٠ لەبندەستی تورکدا مایەوە، ئیتر چۆن و (گەڕێنرایەوە بۆ عێراق و لەبری ئەوە ئەهواز درا بە ئێران) ی چی .؟

ڕێککەوتنی لۆزان نەیتوانی کێشەی ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باکوور) چارەسەر بکات، بۆیە فایلەکە رووبەڕووی ئەنجومەنی گەلان دەکرێتەوە، ئەویش لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەنێرێتە هەرێمەکە بۆ ساغکردنەوەی باری دیمۆگرافی ناوچەکە و تێگەیشتنی نیازی دڵی دانیشتوان لە نزیکەوە، ئایا بلکێنرێ بە عێراقی تازە کوورەی فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسەینەوە یا بدرێتەوە بە تورکیا..

لیژنەیەکی سەر بە بەریتانیا و لیژنەیەکی سەر بە تورك دوای سەرژمێرییەکی سەرانسەری لە هەرێمەکەدا بەم ئامانجانە گەیشتن:

| لیژنەکە | ژمارەی کورد / هەزار | ژمارەی تورك / هەزار | ژمارەی عەرەب/ هەزار |
|---|---|---|---|
| بەریتانیا | ٤٥٤.٠٠٠ | ٠٦٥ | ١٨٥.٠٠٠ |
| تورکیا | ٥٦٣.٠٠٠ | ١٤٦ | ٠٤٣.٠٠٠ |

سەرنج بدەن لای بەریتانییەکان کورد چوار ئەوەندەی تورك و سێ ئەوەندەی عەرەبن.
لای تورکەکان کورد نزیکەی دوو ئەوەندەی تورك و نزیکەی حەوت ئەوەندەی عەرەبن.

**بەم پێیە ڕێژەی ئەو سێ نەتەوەیە لە کوردستانی باکوور بەم جۆرە بوو:**

ڕێژەی کورد ٤٨٪ دوای تەعریب بوو بە ٢٨٪

ڕێژەی عەرەب ٢٨٪

ڕێژەی تورك ٢١٪

نادیار ٣٪ کە ٥٠٠٠ دانیشتووی کەرکووك بوون زمانی دایکیان ئاشکرا نەبوو:

**سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ی حکومەتی پاشایەتی عێراق**

| ڕێژەی | لە کەرکووك | لە مووصڵ |
|---|---|---|
| کورد | ٤٨٪ | ٤٢٪ |
| عەرەب | ٢٨٪ | ٥٦٪ |
| کلدو ئاشوور و تورکمان | ٢٤٪ | ٠٠٪ |

ساڵی ١٩٥٧ و لە کاتی سەرژمێرییەکەدا ڕووبەری کەرکووك ١٩٠٠٠ کم$^2$ بوو، دوای گۆڕینی باری دیمۆگرافی شارەکە، تەنها ٩٠٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشەی دەمێنێتەوە، بەوهۆیەوە کە:

قەزای چەمچەماڵ، کەلار، سەنگاو، ئاغجەلەر، پێباز، باوەنوور، خرانە سەر پارێزگای سلێمانی.

قەزای کفری، شێروانە، جەبارە، قەرەتەپە، لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە خرانە سەر دیالە.

قەزای دوزخورماتوو، قادرکەرەم، ئامرلی، نەوجۆڵ خرانە سەر تکریت و کرایە پارێزگای سەلاحەددین.

لیوای کەرکووکیش لە تۆمارەکانی دەوڵەتدا ١٩٧٢/٦/١ گۆڕدرا بە پارێزگای تەئمیم.

زانای گەورەی ئیسلام عەبدولرەحمان کەواکیبی ١١٨٥٥ـ ؟ لە یەکێك لە کتێبەکانیدا بەناوی دایکی شاران، دانیشتووانی ویلایەتی مووصڵ بەمجۆرە مەزندە دەکات:[٢٩٥]

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|
| ١٦٨٨ | ١.٣٧٠.٠٠٠ |
| ١٨٧٢ | ١.٨٠٠.٠٠٠ |
| ١٨٧٦ | ١.١٤٠.٠٠٠ |

ئەو زانا مەزنە بە ڕەگەز دەچێتەوە سەر سەفەوییەکان کە خۆیان کرد بە نەوەی ئیمام مووسای کازم، هەرچەند سەفەوی، ئەردەبیلیینو بەبنەچە ئازەرین و پایتەختی ئێرانیان لە تەورێزەوە گواستەوە ئەسفەهان.

مێژوونووسی ئێرانی، کیسرەوی لە کتێبی (مێژووی پێنج سەد ساڵەی خوزستان) دا کە ساڵی ١٩١٥ لە تاران چاپی کرد، دەڵێت: سەفەویەکان بە ڕەگەز کوردن، بەڵام گەلێك بنەماڵەی کورد لە دەست جەور و ستەمیان چوونەتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان وەك هۆزی حەیدەری کە سەردەمی شا ئیسماعیل

مەهابادیان جێهێشت.

سەرژمێرییەکانی بەریتانیا ماوەی نێوان ساڵانی ١٩١٨ـ ١٩٢٥ لە سێ شاری هەرێمی مووصڵ (باشووری کوردستان) جگە لە مووصڵ خۆی، ئەنجامیداوە بەمجۆرەیە:

| نەتەوە | هەولێر | کەرکووک | سلێمانی |
|---|---|---|---|
| عەرەب | ٥.١٠٠ | ١٠.٠٠٠ | تێیدا نییە |
| تورك | ١٥.٠٠٠ | ٣٥.٠٠٠ | ١.٠٠٠ |
| کورد | ٧٧.٠٠٠ | ٧٥.٠٠٠ | ١٥٢.٠٠٠ |
| کلدان | ٤.١٠٠ | ٠٠.٦٠٠ | ٠٠٠.١٠٠ |
| جوو | ٠٤.٨٠٠ | ٠١.٤٠٠ | ٠٠١.٠٠٠ |
| تێکڕا | ١٠٦.٠٠٠ | ٩٢.٠٠٠ | ١٥٥.٠٠٠ |

هەرلەو ساڵانەشدا ڕێژەی تورك(تورکمان)لە چاو تێکڕای دانیشتوانی عێراقدا ٢.١٪ ـ ٢.٤٪ بوو.(٢٩٦)

تێکڕا(مەجموع) ی سەرژمێرییەکە وەك لەو دۆکۆمێنتەدایە هەڵەیە:(تێکرای هەولێر کە١٠٦،٠٠٠هەزارە،دروستە بەڵام تێکڕای کەرکووك دەکاتە١٢٢،٠٠٠هەزارنەك ٩٢،٠٠٠ وتێکڕای سلێمانیش دەکاتە ١٥٤،١٠٠هەزار، نەك ١٥٥،٠٠٠. ن .ك)

بەپێی سەرژمێرییەکانی ساڵی ١٩٥٧ کە دەوڵەتی عێراق کردوویەتی و ١٩٧٧ کۆماری عێراق ئەنجامیداوە، ڕێژەی سەدی نەتەوە/ کەمایەتی لە کەرکووك بەمجۆرە بوو:

| نەتەوە | سەرژمێری ١٩٥٧ | سەرژمێری ١٩٧٧ |
|---|---|---|
| کورد | ٤٨.٣٪ | ٣٧.٥٣٪ |
| عەرەب | ٢٨.٢٪ | ٤٤.٤١٪ |
| تورکمان | ٢١.٤٪ | ١٦.٣١٪ (٢٩٧)، (٢٩٨) |

ڕێژەی تورکمان لە هەولێریش لە چاو تێکڕای دانیشتوانی لیوای/ پارێزگای هەولێردا لە سێ سەرژمێری یەك لە دوای یەکتردا بەمجۆرە بوو:

| | سەرژمێری ١٩٥٧ | سەرژمێری ١٩٦٥ | سەرژمێری ١٩٧٧ |
|---|---|---|---|
| ڕێژەی تورکمان | ٥٪ | ٦٪ | ١.٧٪ |

**زمانی دایك لە سەرژمێرییەکەی ساڵی١٩٥٧دا بەمجۆرە تۆمار کراوە:**

| زمانی دایك | شاری کەرکووك | لیوای کەرکووك | تێکڕا |
|---|---|---|---|
| عەرەب "عەرەبیی.ن.ك" | ٢٧.١٢٧ | ٨٢.٤٩٣ | ١٠٩.٦٢٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کورد "کوردیی. ن.ك" | ٤٠.٠٤٧ | ١٤٧.٥٤٦ | ١٨٧.٥٩٣ |
| تورکمان "تورکمانیی.ن.ك" | ٤٥.٣٠٦ | ٠٣٨.٠٦٥ | ٨٣.٣٧١ |
| کلدانی و سریانی | ٠٠.٠٠٥[٢٩٩] | ٠١.٩٠٩ | ١,٩١٤ |

له سەردەمانی کۆندا بە شاری کەرکووك دەوترا کەرخە و دوواتر بووە بە کەڵخە و قەلعە کە وشەیەکی ئارامییە. کەرکووك تەنها بە قەڵاکە دەوترا نەك شارەکە.

فەرمانبەران و ئەفسەرانی کورد هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بە لێهاتوویی خۆیان نەك وەك مافی کورد لە بەڕێوەبردنی شارەکەدا پۆستی گرنگیان وەرگرتووە، خوالێخشبووان سەعید قەزاز کە دواتر بوو بە وەزیری ناوخۆ، رەشید نەجیب و مستەفا قەرەداغی لە سەردەمی جیاجیادا موتەسەریفی کەرکووك بوون. فەریق روکن بەکر صدقی و لیوا صالح زەکی بەروودووا فەرماندەی تیپی دووی لەشکری عێراق بوون کە بارەگای سەرکردایەتییەکەی لەناوجەگەری شاری کەرکووکدا بوو، زۆربەی ئەفسەران و سەربازەکانیشی کوردبوون.

فەریق روکن بەکر صدقی هەواداری ئەڵەمانیا و تورکیا بوو، ساڵی ١٩٣٦ بە کۆدەتایەکی سەربازی دەست بەسەر حکومەتدا دەگرێت و حیکمەت سلێمان رادەسپێرێت کابینەیەکی نوێی وەزیران دامەزرێنێت .

کەرکووك لە مێژوودا چکێك دوای هەولێر ئاوەدانکراوە و لە دێرینیدا زۆر لە دوای هەولێرەوە نییە. هەولێر پێتەختی مەملەکەتی "ئەدیابین" بوو کەرکووکیش پێتەختی مەملەکەتی "گەرگین" بووە لە نیوەی سەدەی سێهەمی زایندا و لە ژێر فەرمانڕەوایی ساسانەکاندا بوون.

دوای مردنی تەیمووری لەنگ، هۆزەکانی ئاق قۆینلو (ئاق قۆنیللو ـ مەڕدارە سپییەکان) کۆتایی بە دەستەڵاتی هۆزەکانی قەرەقۆنیلۆ (قەرەقونیللو ـ مەرداره رەشەکان) دەهێنن و دەستبەسەر کوردستانیشدا دەگرن کە هەتا ئەوکاتە لە ژێر دەستیاندا بوو، هەردوولاشیان لەسەر رێبازی شیعەگەرێتی بوون.

هەتا ناوەڕاستی سەدەی پازدەیەم کوردستانی خواروو بە ویلایەتی شارەزوور ناودەبرا، لە ٢٢ سەنجەق پێکهاتبوو، پێتەختەکەی کەرکووك بوو، پاشای شارەزوور لەوێوە فەرمانڕەوایی ویلایەتەکەی دەکرد لە ژێر سایەی عوسمانییەکاندا هەتا شا ئیسماعیلی صەفەوی ١٥٧١ داگیریدەکات و هەتا ١٦٣٨ لە ژێر فەرمانیدا دەمێنێتەوە و لەو ماوەیەدا ئەو کۆشکە گەورەیەش دەڕوخێنێت کەبەناوی شارەکەوە ناونرابوو کۆشکی کەرکووك. لەوێشەوە هەتا ١٧٣٢ ویلایەتی شارەزوور دەکەوێتە ژێر چەپۆکی عوسمانییەکان هەتا ساڵی ١٥١٦، نادر شای ئەفشار زۆر هەوڵیدا بیخاتەوە ژێر دەستی ئێران، ١٧٣١ ئابڵووقەی کەرکووك دەدات و ١٧٣٢ لەشکری تورك لە ناوچەکەدا شڕ دەکات و کەرکووك دیسانەوە دەکەوێتە بندەستی ئێران هەتا رێککەوتنەکەی ١٧٤٦ی نێوانیان ئێران دەستبەرداری کەرکووك دەبێت و هەتا مانگی ١٩١٨/٥ بەشێك بوو لە سەرزەمینەکانی سوڵتانی عوسمانی.

مامۆستا عەبدورەزاق حەسەنی لەوباوەڕەدایە (تورکمانەکانی عێراق دوای شەڕەکەی ١٦٣٨ی نێوان ئێران و عوسمانیەکان لەسەردەمی سوڵتان موردای چوارەمدا کە عێراق لە ئێران دەستێنێتەوە، بۆ پارێزگاریکردنی

پەیوەندی ئیالەتەکانی باشوور و باکوور، تورك (بەکاردەهێنن.ن.ك) لەو ناوچانەدا ماونەتەوە).[٣٠٠] یا تورکمانەکانی کوردستان پاشماوەی ئەو تورکانەن کە بەکرێدەگیران بۆ خزمەتکردنی خەلیفەکانی دەوڵەتی عەبباسی، یا لە سەردەمی ئومەویەکانەوە بۆ خزمەتکاری هێناویاننە عێراق؟ هەرچۆنێك بێت ئەوانە بە هۆی تێکەڵاوبوونەوە لەگەڵ گەلانی دانیشتووی رەسەنی عێراق بە کوردستان و عەرەبستانیسەوە بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە لەناویاندا توانەوە و تۆویان نەما..

ئینسکلۆپیدیای ئیسلام لەو رووەوە دەڵێت: (دەسەڵاتدارانی راستەقینەی ئەم هەرێمە "مەبەستی باشووری کوردستان و خۆرهەڵاتە .ن.ك" میرو سەرداره کوردەکانی ئەردەڵان بوون، عوسمانیش هەر پشت بە پاشاکانی ویلایەتی شارەزوور دەستیان بەسەر کەرکووکدا گرت).[٣٠١] ئینسکلۆپیدیای عوسمانیش "قاموس الاعلام ١٨٦٩ أسطنبول" نووسیویێتی کەرکووك دەکەوێتە دووری ١٦٠ کیلۆمەتری باشووری خۆرهەڵاتی شاری مووسڵەوە لەبەردەم زنجیرەیەك بەرزایی وەك شاخۆڵکەو لە رووی بەڕێوەبردنەوە سەر بە ویلایەتی مووسڵە و پێتەختی سەنجەقی شارەزوورە "ویلایەتی مووسڵ دوای هەڵوەشاندنەوەی ویلایەتی شارەزوور دامەزراوە ن.ك" ژمارەی دانیشتوانی کەرکووك ٣٠٠٠ و قەڵایەك و ٣٦ مزگەوت و ٧ قوتابخانە و ١٥ تەکیە و خەناقا و ١٢ خان و ١٢٨٢ دوکان و پیشە کار و ٨ گەرماوی تێدایە. سێ چارەکی دانیشتوانی کوردن و چارەکێکیشی تورك و عەرەب و جوولەکە و کلدانین، ٧٦٠ جوولەکە و ٤٦٠ کلدانی.

رێژەی ژمارەی عەرەب لە چاو کۆی ژمارەی هەموو دانیشتوانی عێراقدا بەرلەوەی ویلایەتی مووسڵ ساڵی ١٩٢٥ بدرێت بە عێراق ٩٥٪ بوو، بەڵام ئەو رێژەیە دابەزی بۆ ٨٠٪، بۆیە کاربەدەستانی عێراق پەنا دەبەنەبەر بەرنامەی بە عەرەب کردن و لە دەرەوە و ناوەوەی کەرکووك و مووسڵیش بە پەنا سنوورەکانیان لەگەڵ تورکیا و سووریادا و شارەکانی تکریت و بەدرە و جەسان و باقووبەش لەسەر سنوورەکانی عێراق ـ ئێران. ئەوانەش ناوچەی بیرە نەوتەکانی کوردستانن کە رێژەی پترە لە ٦٩٪ هەموو نەوتی عێراقی تێدان.[٣٠٢]

لەم دواییانەدا کە خەریکی سکێنکردنی بەرهەمەکە بووم لە گۆڤاری گوڵان ژمارە/٢٧١ رۆژی ٢٠٠٠/٣/٢٠ چەند زانیارییەکم لەمەڕ سەرژمێرکردن و رێژەی نەتەوەکان لە ویلایەتی مووسڵ (مووسڵ، هەولێر، کەرکووك، سلێمانی) بە گشتی و لە پارێزگای کەرکووك بەشێوەیەکی تایبەتی پیشاندەدات:

ژمارە و رێژەی تورکمان لە ویلایەتی مووسڵ ساڵی ١٩٢٤ بەپێی تۆمارەکانی هەرسێ دەوڵەتی تورکیا، بەریتانیا، عێراق جیابەجیا:

| دەوڵەت | ژمارەی تورکمان بە هەزار | رێژەی سەدی لەچاو کۆی دانیشتواندا |
|---|---|---|
| تورکیا | ١٤٦.٩٦٠ | ٢٩٪ |
| بەریتانیا | ٠٦٥.٨٩٥ | ٨.٤٪ |
| عێراق | ٠٣٨.٢٥٢ | ٤.٨٪ |

ژمارە و رێژەی نەتەوەکانی نیشتەجێی لیوای (پارێزگا)ی کەرکووك لەنێوان ساڵانی ١٩٢٢ــ ١٩٢٤

بەپێی تۆمارەکانی حکومەتی عێراق و بەریتانیا:

| نەتەوە | خەملاندنی عێراق | رێژەی صەدی | خەملاندنی بەریتانیا | رێژەی صەدی |
|---|---|---|---|---|
| کورد | ٤٧.٥٠٠ | ٪٤٢.٥ | ٤٥.٠٠٠ | ٪٤٨.٩ |
| تورکمان | ٢٦.١٠٠ | ٪٢٣.٤ | ٣٥.٠٠٠ | ٪٣٨ |
| عەرە ب | ٣٥.٧٥٠ | ٪٣١.٩ | ١٠.٠٠٠ | ٪١٠.٩ |
| نەتەوەی دیك | ٢٤.٠٠٠ | ٪٢.٢ | ٠٢.٠٠٠ | ٪٢.٢ |
| کۆی گشت | ١١١.٦٥٠ | ٪١٠٠ | ٩٢.٠٠٠٠ | ٪١٠٠ |

بەڵام ژمارە و رێژەی تورکمان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧ـ ١٩٧٧ بەجۆرەی خوارەوە بوو:

| ساڵ | ژمارەی تورکمان لە کەرکووك و دەوروبەری (لیوای کەرکووك) | رێژەی صەدی |
|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٨٣.٣٧١ | ٪٢١.٤ |
| ١٩٦٥ | ٩٢.٤٢٩ | ٪١٩.٥ |
| ١٩٧٧ | ٨٠.٣٤٧ | ٪١٦.٣ |

## پەیمانی نهێنی سایکس بیکۆ ١٩١٥

پەیمانی سایکس بیکۆ بریتییە لە رێککەوتنێکی دوو قۆڵی و نهێنی نێوان نوێنەرێکی بەریتانیا مایك سایکس و نوێنەرێکی فەرەنسا جۆرج بیکۆ لە ١٩١٥/٩/١٥دا بۆ دابەشکردنی دەستکەوتەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی کە دەکاتە میراتییەکەی سەڵتەنەتی عوسمانی دۆڕاوو هەڵوەشاو. گەلانی چەوساوەی بندەستی عوسمانی، کوردی باکوور بە رابەری بەدرخانەکان و شێخانی شەمزین، کوردی باشوور بەسەرکردایەتی شێخ مەحموود، عەرەب لە ژێر ئالای شەریفی مەککەدا و ئەرمەنەکان بە پێشەوایەتی بۆگۆز ئۆبار پاشا کەموزۆر ئاگایان لە بەستنی ئەم پەیمانە نەبوو کە چارەنووسیانی دیاری دەکرد و پاشماوەی وڵاتانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی بە جۆرێك دابەشکردبوو، سایکس بڵێت لەسەر مێزی دانوستاندن نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەند وەك قاڵبێك کێك لەبەردەستماندا بوو بە چەقۆی بڕیارەکان لەت لەتمان دەکرد.

١ـ بەرکەوتی بەریتانیا: ویلایەتی بەغدا، بەصرە، بەندەرەکانی حەیفا و عەککای فەلەستین.

٢ـ بەرکەوتی فەرەنسا: ناوچەی کلیکیا و بەشێك لە ئەنەدۆڵ و بەشێکی خۆرئاوای سووریە.

٣ـ وڵاتی شام، حەڵەب، ویلایەتی مووصڵ "کوردستانی باشوور" لە ژێر چاودێری فەرەنسادا دەبێت.

٤ـ ناوچەکانی نێوان "عێراق" و فەلەستین دەوڵەتێکی عەرەبی تێدا دادەمەزرێت لە ژێر چاودێری بەریتانیادا.

٥ـ فەلەستین وەك نێوچەیەکی نێودەوڵەتی دەمێنێتەوە (هەتا خاوەنی پەیدا دەبێت. ن.ك).

رێککەوتنەکە لە سەرەتادا زۆر بە دڵی بەریتانیا بوو، بەڵام زوو هەستیان بەوە کرد تەنها بۆ ئەوەی بەشە دەستکەوتەکانیان نەکەونە تەنیشت رووسیاوە، ویلایەتی مووصڵی بە نەوت دەوڵەمەندیان لە فەرەنسا پیرۆز کرد. ئەوەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و بەهەر نرخێکە دەبێت راست بکرێتەوە.. بەدڵی خۆشیان راستیان

کردەوە و فەرەنساش لەوەدا زۆر بەخشندە و دڵفراوان بوو، هەڵبەت ئەویش بەرژەوەندی خۆی لەوەدا دەبینی. بەو جۆرە پەیمانەکە لە ۱۹۱۹/۹/۱۵دا ئەم گۆڕانکارییانەی بەسەردا هات، ڕۆژی کردە شەوەزەنگ.

دوور نییە ئەو پرسیارەش بکەین ئاخۆ عێراق و ویلایەتی مووصڵ هەر لە ژێر چاودێری "دەستبەسەراگرتن"ی فەرەنسادا بمایەتەوە بۆ کوردی باشوور چاك بوو؟ دوور نییە لە وەڵامیشدا کوردواتەنی بڵێین: بە با بێت یا بە باران هەر لە بەفر کەمدەبێتەوە.

۱- فەرەنسا لەبری وڵاتی شام، کە سووریا و لوبنان و ئوردوون و فەلەستین دەگرێتەوە و ویلایەتی مووصڵیش (باشووری کوردستان) تەنها سووریا و لوبنان لەژێر چاودێری ئەودابن.

۲- بەریتانیا عێراق و ویلایەتی مووصڵ و فەلەستینی لەژێر چاودێریدا دەبێت.

پەیمانەکە زۆر بە نهێنی بوو، بەڵام کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ۱۹۱۷ لە رووسیا سەرکەوت لینین هەر هەموو دۆکۆمێنتە نهێنییەکانی رووسیای کایزەری (تزاری) ئاشکرا کرد. کوردی باکوور لە رووی ژمارەی دانیشتووان و رووبەری خاکەوە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان پتر بوون و لەرووی رامیاریشەوە لە نێوان سوڵتانی عوسمانی و کەمالییە یاخییەکاندا بوو بوون بە دوو بەشەوە. ئەوانەی ئەستەموول بەگشتی هەتا دوارۆژەکانی سوڵتان پشتیان بەرنەداو بە دڵسۆزی مانەوە بەتایبەتیش سوارەی حەمیدییە کە هێزێکی پرچەك و کۆك و پۆشتە بوون و هەمیشە لە چاوەڕوانی فەرمانی سوڵتاندا بوون وەك چەکوشی ئامادە بۆ داپڵۆسین و سەرکوتکردنی ئەرمەنەکان و قەڵاچۆکردنیان. سوڵتان حەمید لە پشتی باوکی خۆی نییە و بەرهەمی جوتبوونی چێشتکارێکی کۆشك و یەکێك لە کەنیزەکە جوانەکانی باوکێتی.. ئەمەش گرێکوێرەیەکی دەروونی بۆ درووستکرد، ئەو هەموو خوێنە بەناهەق رژاوەی ئەرمەنەکان کفتووکۆی دڵی دانەدەمرکاندەوە. ئامانجێکی دیکەی دامەزراندنی لەشکری حەمیدیە چاودێریکردنی سەرۆك هۆزەکانی کوردبوو لە نزیکەوە خەریك کردنیان بە جۆرێك نەپەرژێنە سەر بیری راپەڕین و خۆرێکخستن و داواکردنی مافی یەکسانی و هەمیشەش چاو لەدەستی سوڵتان بن و وەك هێزێکی ئامادەش لەسەر سنوور بن بۆ خاوکردنەوەی هەر هێرشێکی رووسیا.

سەرۆك هۆزەکانیش جگە لە پلەوپایە و دەستکەوتی تایبەتی، هێزەکەیان بۆ مەرامی تایبەتی خۆشیان بەکاردەبرد، بۆیە ئەو ئەرکە پۆخڵەیان زۆر بە دڵ بوو بە سوڵتان حەمیدیشیان دەوت باوکی کوردان.

## شێخ مەحموود، سمکۆی شوکاك، حەمدی بابان

**( صەبا، هەستە دەخیلت بم بڕۆ بۆ (چار)ی لای سمکۆ**
**بڵێ تاوییدا ئەسپی، هەتا تەوریز و قافلانکۆ**
**هەموو کرمانج و کرماشان بە ئاواتن بە گیان و دڵ**
**سنە، حازر هەموو خەڵقی دەڵێن بێ لەشکری سمکۆ )**

نوێنەری باڵا و ئەفسەرانی پایە بڵندی ئینگلیز لە بەغدا، مافەکانی کوردیان لەبەرنامەدا نەبوو، یا

نەمابوو، تەنها پێویستیان بە شێخ هەبوو، بێدەنگ دانیشێت و ئارامیی و ئاسایشی باشووری کوردستانیان بۆ بپارێزێت، ئەوانیش ئەو ئارامیی و ئاسایشە بکەن بە کارتی گوشار خستنە سەر تورك لە کۆنگرەی ئاشتییدا لە پاریس و بە هەموویانی بسەلمێنن کورد لە ژێر سایەو سێبەری حکومەتی عێراقدایە و هیچ کێشەیەك لە ئارادا نییە و دەیانەوێت ولاتەکەیان (ویلایەتی موصلّ) بخرێتە سەر عێراق لە ژێر چاودێری بەریتانیای مەزندا و کارتی کورد نەکەوێتە دەست تورك کە ئەوانیش بۆ هەمان مەبەست بەکاریان دەهێنا دژی بەریتانیا و هانی شێخیان دەدا هەموو توانای بخاتە کار دژی ئینگلیز و فەیصەڵ. کێشەی باشوور و ئارامیی یا پشێوی هەرێمەکە بۆ هەردوولا گرنگ بوو، کارتی کورد بەدەست هەر لایەکیانەوە بێت، تای تەرازووی لە پاریس سەنگین دەکات و ئەم کارەش بە خودی شێخەوە بەسترابوو، شێخیش ئامادەبوو هاوکاری شەیتانیش بکات بە مەرجێك مافەکانی کوردی دەستکەوێت، رێگایەکیش نەما نەیگرێتە بەر و تاقی نەکاتەوە.

لێرەدا ئەگەر گلەییەك لە شێخ بکەین و بەناسکی پرسیارێك بکەین:

صالانی نێوان ١٩١٩ـ ١٩٢٢ بەوەی گوایە نوێخواز و دیموکراسی تورك "یەکێتی و کەمالی" بەدەست دوژمنەکانیانەوە لایەنگرانی سولتان، یۆنان، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەرمەن، شۆڕشی صالّی ١٩٢٠ی عەرەبی عێراق، شۆڕشی یەمەن بە سەرکردایەتی ئیمام یەحیا، شۆڕشی عەرەب لە حیجاز بە سەرکردایەتی حسێن و کوڕەکانی گیریان خواردبوو، لەهەموو لاوە پەلامار دەدران، نەدەکرا کوردیش خەباتی خۆی بەو بەرەیەوە گرێبدات و وەك ئەوان بە ئامانج بگات؟

ئینگلیز دڵنیا بوو شێخ ئەو کارتەیان ناداتێ، پێویستە بۆ کەسێك بگەڕێن جێگەی ئەو بگرێتەوە و کارتەکەیان بخاتەوە دەستەوە، ئینگلیز و فەیصەڵ بڕیار دەدەن سێ پلان دارێژن و لەیەککاتدا کار بۆ هەرسێکیان بکەن، هەرکامیان سەرکەوتنی بەدیهێنا، کاریان لە عێراقدا وەك ئاو دەڕوات و کێشەی مووصڵیش کۆسپ و تەگەرەی لە رێگەدا نامێنێت.

پلانی یەکەم: دوورخستنەوەی شێخ لە تورك. پلانی دووەم: بێهێزکردنی یا لەناوبردنی و کپکردنی شۆڕشەکەی. پلانی سێهەم: هێنانە پێشەوەی کەسێکی شیاو جێگەی ئەو پڕ بکاتەوە.

لە سنووری پلانی یەکەمدا، شۆرەسواری کورد، سمکۆی شوکاك بە ئاگاداری ئینگلیز دەگاتە سلێمانی بۆ دیدەنی شێخ و هەوڵێکی زۆر دەدات دڵی لە تورك کرمی بکات و شۆڕشێکی فراوان و هەمە لایەنە لەهەر سێ لاوە دژی تورك بەرپا بکەن، بەلاّم رێکنەکەوتن، هۆیەکەش وەك مامۆستا حەمەبۆر صالّی ١٩٣٩ لە قوتابخانەکەی کەشتی نووحی مامۆستا نەجمەددین مەلا، لە مەلا مەحموودی شاعیر (بێخوود)ی بیستووە ئەوەیە سمکۆ بە شێخ دەڵێت:

پێشەکی دەمەوێت بە سەربازێکی بچووکی خۆتم وەربگریت، منیش هەموو توانای سەربازیم دەخەمە ژێر فەرمانی تۆوە و خەباتمان یەکدەخەین دژی دوژمنی هاوبەش و بەریز لە لاوازیانەوە دەست پێدەکەین بەو مەرجەی رێڕەوی ئێستای شۆڕش بگۆڕێت کە لەشکرەکەت بە خۆیان و ولاّخەکانیانەوە بەسەر سکی

ڕەشوروتی گوندەکانەوەن و خۆماڵە خۆماڵە دەڕۆیت بەڕێوە. ڕاستە هەموومان مسوڵمانین بەڵام ئاین بەجێی خۆی، دەبێت لە ڕووی بەرژەوەندی نەتەوەییەوە بڕوانینە شۆڕشەکەمان و بەڕاوێژ بڕۆین بەڕێوە نەك بە چرپە و پسەپسی ئەموئەوی کولێرە کوژ، لە پەیکاری یەکخستنی کوردەکاندا بین بۆ ئامانجی گشتی، دووبەرەکی نەهێڵین و بێگانەش هەر بە بێگانە بزانین و بەس، نابێت هەل لە دەست بدرێت، پێویستە کەڵك لەبارو هەڵوێستی دەوڵەتان وەربگیرێ، ئەمجا ڕۆچینە شۆڕشگێرییەکی زانستییانە و دوور لە سۆزو بەزەیی .. کە زانیت قالەی برات، لەتیفی کوڕت ناپاکییان لێدەرکەوت لەسەریان مەوەستە و بەرلە هەرکەس، خۆت بیانشێلە، ئاوها دەگەیتە ئامانج و منیش بەڵێنت دەدەمێ ساجە قوڕت بۆ دەگرمەوە بیگرە سەرت و بکەوەرە ڕۆڵە ڕۆ برا ڕۆ...(٣٠٣)

ئەو بەرنامەیەی سمکۆ دەیخاتە بەردەستی شێخ لە ڕووی تیۆرییەوە زۆر پەسەندە و هیچ کوردێك لاری لێی نییە، بەڵام لە پراکتیکدا هەزار و یەك کۆسپ لە ڕێگەیدا قوتدەبنەوە و هەر بەدەم ئاسانە.

ئینگلیز دەیزانی سمکۆی شوکاك پڵنگی چیایە و ڕام ناکرێت، کە هاوکاریشیان دەکات لە پێناوی کوردایەتی و سەربەخۆییدایە و گورزی جگەربڕیش لە ئێران و تورك بوەشێنێت، بەڵام ئینگلیز هیوایەکیان بە سمکۆ هەبوو، ئەگەر بەهێزی ئاسمانی و بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکانیان و کاولکردنی گوندەکان و تۆقاندنی دانیشتوان، شێخیان لە کۆڵ بووەوە، ئەوکاتە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی دوای شێخ دروست دەبێت کەڵکی لێوەربگرن، هەر بۆ هەمان مەبەست (حەمدی بابانیش لە ئەوروپاوە دەهێننەوە، حیزبی هیواش یارمەتی بدەن).(٣٠٤) مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەوبارەیەوە دەڵێت (حەمدی بابان بەشیر و شەکرلەمە بەخێو کرابوو لە ئاوریشم و لۆکەدا دەنووست، هێشتا بۆنی باروت نەچووبوو بە لوتیدا، ئینگلیز پیاوێکی وەها ئەرستۆکراتیان دەویست). کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستانیش کە ڕەفیق حیلمی، مەحموود جەودەت و ماجد مستەفا لە ئەندامە چالاکەکانی بوون و تۆفیق وەهبیش وەك دۆست هەر لە دوورەوە هاوکاری دەکردن، بڕیار دەدەن حەمدی بابان بکەنە شاناز سەرۆکی کۆمەڵە و نوێنەری کورد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئینگلیزدا... لە بەدبەختی کوردی هەمیشە نەگبەت لەو کاتەدا حەمدی بابان نامەیەکی دۆستانەی لە ئۆزدەمیر پاشاوە بۆ دێت، جا بەڕاستی نامەی ئەو بوو، یا ئینگلیز بە ناوی ئەوەوە نووسیبوویان بۆ تاقیکردنەوەی حەمدی بابان.. وەڵامی نامەکە دەنووسێتەوە کە ئامادەیە هاوکاری و پشتگیری تورك بکات، ئیتر ئینگلیز دەست لەویش دەشۆن کە دوور نەبوو کەموزۆر شتێکی بۆ کورد تێدا بێت.(٣٠٥)

بنەماڵەی سمکۆ لە دێرەوە برا گەورەی هۆزی شوکاك بوون و جڵەوی سەرۆکایەتییان بەدەستەوە بوو، مەڵبەندی هۆزەکە ناوچەکانی خۆرئاوای گۆمی ورمێ دەگرێتەوە، شوکاك بەردەوام دژی دەوڵەتی قاجار بوون. سمکۆی شوکاك ١٨٧٥ـ ١٩٣٠ دوای مردنی باوکی هۆزەکەی گەیاندە ئاستێك لە مێژووی خۆیدا خاوەن هێز و لەشکر و ناوچەیەکی ئەوەندە فراوان نەبوو، سەربازە کوردەکانی نێو لەشکری تورك کە لە جەنگی ڕووسەکاندا شکان بە کۆمەڵ هاتنە نێو لەشکرەکەی سمکۆوە، کە سوپای ڕووسیاش دوای سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر لە ئێران دەکشێنەوە و دەسەڵاتی سمکۆش فراوانتر بوو، جگە لەوەش

پەیوەندی خزمایەتی نێوان شوکاك و شەمزین کە سمکۆ کچێکی شێخ موحەممەد صددیقی کوڕی شێخ عوبیدوڵڵای شەمزینی مارە کرد، پشتیوانێکی گەورەی لە هەرێمەکەدا بۆ پەیدا کرد بەتایبەتی هاودەنگی و هاوکاری نێوان سمکۆ و سەیید تەهای شەمزینی کوڕی شێخ عوبێدوڵڵا کە کاربەدەستانی رژێمەکەی رەزا شا مەترسییان لێدەکرد و هەوڵیاندەدا سەرکردەکانیان بەهەر شێوەیەك بێت لەنێو بەرن. جەوهەر ئاغای برا گەورەی سمکۆ لە نێوچەی چهریك (سەلماس یا کەنگرلو) جار جار لە چیا دەهاتە خوارو دەوڵەمەندەکانی تالان دەکرد و بەشی هەژارانی لێدەدا.. پارێزگاری ئازەربایجان بانگی دەکات بۆ تەورێز و بە قورئان سوێندی بۆ دەخوات نیازی پاکە. جەوهەر ئاغا هەشت پاسەوانی لەتەکدا بوو، تفەنگەکانیان ئامادە و لەسەرپێ، چاویان لە سەرکردەکەیان نەدەترووکاند، بەڵام نامەردانە لەسەر پلیکەکانی بارەگای پارێزگا کەوتە بەر دەسترێژی گولله و خۆیی و دوو پاسەوانی کوژران. هەر ئەو رووداوە بەمجۆرەش دەگێڕنەوە: والی ئازەربایجان لە تەورێز نیزام سەڵتەنەت بەناوی میوانداریەوە جەعفەر جەوهەر ئاغای برا گەورەی سمکۆ بانگ دەکات بۆ تەورێز و نامەردانە دەیکوژێت. جێگرەکەشی پلانێك بۆ تیرۆرکردنی سمکۆ دادەنێت، سمکۆ بەرنەکەوت، برایەك و چەند پێشمەرگەیەك کوژران. مینۆرسکی دەڵێت بە چاوی خۆم سمکۆی بەنێوبانگم بینی قەوانە فیشەکێکی کرد بە چڵی درەختێکەوە و لە دوری (١٥٠) هەنگاوەوە تەقەی لێکرد و مۆر لە ناوەڕاستی نیشانەکەیدا.[٣٠٦]

وڵاتانی فەرەنسا لە سەردەمی ناپۆلیۆن و وڵاتی رووسیای تزار لە سەردەمی نێکۆلا و بەریتانیاش لە سەردەمی شاژن (جۆلینا)دا، هەریەکەیان بۆ مەبەستێك لە سەردەمی حوکمڕانیی فەتح عەلی شا کوڕی شا موحەممەدی قاجاردا، دەست لە کاروباری ناوخۆی ئێران وەردەدەن. فەتح عەلی شا لە هەرە شا گەندەڵەکانی ئێران بوو، ویستی رووی خۆی سپیبکاتەوە و پاڵەوانێتییەك پیشان بدات و گورجستان لە چنگی رووسیا رزگار بکات. ساڵی ١٨٠٤ پەلاماریدا بەڵام نەك هەر بۆی رزگار نەکرا بەڵکو بە جۆرێك ژێر کەوت "پەیمانی گوڵستان"یشیان بەسەردا سەپاند کە ١٨١٣ مۆرکرا و بەپێی پەیمانەکە:

١- دەستی لە مافی ئێران بەسەر گورجستانەوە هەڵگرت بۆ رووسیا.
٢- چەند مەڵبەندێکی ژێر فەرمانڕەوایی ئێرانیش وەك باکۆ دەدات بە رووسیا.
٣- هێزی دەریایی ئێران لە دەریای خەزەر بکشێتەوە.
٤- رووسیا پشتگیری شازادە عەبباس دەکات ببێتە جێنشینی فەتح عەلی باوکی.[٣٠٧]

گەریدەی بەریتانیایی فرایزەر لەبارەی فەتح عەلی شاوە دەڵێت: (ئەو کابرایە! بەو جۆرە چاو لە ئێران ناکا وڵاتی خۆیەتی و دەبێ خۆشی بوێ و خزمەتی بکا و پێشی بخات، پێی وابوو ملکێکە بە ئیجارەی هەڵگرتووە).[٣٠٨]

راپەڕین و شۆڕشەکەی سمکۆی شوکاك سەردەمی ئەو شا بێفەڕە و پەلەقاژەی مەرگی دەوڵەتی قاجار و بنەماڵەکەیاندا چەخماخەیدا کە هەموو هێزی سەربازیی ئێران دوازدە هەزار جەندرمە و حەوت هەزار قەفقاسی بوو بۆ پاراستنی ناوخۆو دەرەوەی ئێران! بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی جەنگەڵ بەرپابووبوو،

پەرەیدەسەند. خالۆ قوربان کرێکارێکی کوردی کرماشان، پەیوەندی بە کوچك خانەوە دەکات کە رێبەرێکی بزوتنەوەکە بوو، پێدەچێت هەر بە پیلان هاتبووە پاڵ بزوتنەوەکە، چونکە دەستێکی قورسی لە بزووتنەوەکە وەشاند و چووە پاڵ رەزا شا، لە پاداشتدا پلەی سەرهەنگ لە سوپای ئێراندا وەردەگرێت و بە چوار هەزار سەربازەوە دەچێتە سەر سابلاخ "مەهاباد" کە سەید تەهای شەمزینی خەریکی پاکسازی بوو دژی دەوڵەت و پێشڕەویدەکرد بۆ رزگارکردنی شارەکە. پایزی ١٩٢١ سمکۆ سابلاخ دەگرێت، (٥٥٠) جەندرمەی تێدا بوو "تیپی تابان" هەموویانی قڕ کرد. بەڵام هەڵەیەکی گەورەشی کرد، شارەکەی تاڵانکرد گوایە سابلاخیی نەچوون بەدەنگییەوە، هەرچەند دواتر هەستدەکات کارێکی ناڕەوای کردووە، داوای لێبووردنی لێکردن و دڵنەواییان دەکات.[٣٠٩] سابلاخ بووە پێتەختی فەرمانڕەوایی سمکۆ (سۆمارا هەتا سەقز).[٣١٠] هەمزاغای مامەش نوێنەری سمکۆ بوو لە سابلاخ.

شارەکانی ئازەربایجانی خۆرئاوا وەك میاندواو، مەراغە، بناو، ئامادەبوون بێنە ژێر فەرمانی سمکۆ.

هۆزەکانی هەرکی، برادۆست، مامەش، دێبوکری، مەنگوڕ، زەرزا، سەرداری موکری، فەیزوڵڵابەگی پێکەوە لەشکرە چوار هەزار سەربازییەکەی خاڵە قوربان تەفرو توونا دەکەن و خۆشی کوژرا و چەك و تەقەمەنییەکی زۆریش دەست کورد کەوت. ئەستێرەی سمکۆ لە بەرزی دەدرەوشایەوە، داوا لە مەحموود خانی کانی سانان و مەحموود خانی دزڵی و سەردار رەشید دەکات شاری سنە رزگار بکەن، دزلی و کانی سانانی دوو دۆست و دڵسۆزی شێخ مەحموود بوون. هۆزەکانی لوڕیش ئامادەبوون بێنە ژێر ئاڵای سمکۆوە، کوردی باکوور و باشووریش بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی نەتەوەیی سەرتاسەری بە رابەرایەتی سمکۆ لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵیدا. ساڵی ١٩٢٢ سابلاخ بوو بووە پێتەختی حکومەتێکی بەهێز، سنوورەکەی لە خۆی هەتا سەقز درێژ دەبۆوە. رۆژنامەی "کورد"یش هەرلەوێ دەردەچوو، رۆژنامەی بانگی کوردستان کە حکومەتەکەی مەلیك مەحموود دەریدەکرد لە ژمارە پێنج رۆژی ١٩٢٢/٩/٤ چوار خشتەکییەکی بڵاوکردۆتەوە خۆشەویستی کورد بۆ سمکۆ دەردەبڕێت:

**صەبا، هەستە دەخیلت بم بڕۆ بۆ (چار)ی لای سمکۆ**

**بڵی تاوییدا ئەسپی هەتا تەوریز و قافلانکۆ**

**هەموو کرمانج و کرماشان بە ئاواتن بە گیان و دڵ**

**سنە، حازر هەموو خەڵقی دەڵێن بێ لەشکری سمکۆ**[٣١١]

سمایل خانی شوکاك "سمکۆ" نێوان ساڵەکانی ١٩٢٠ـ ١٩٢٥ ناوبانگی بە هەموو لایەکدا و بەنێو دۆستو دوژمندا بڵاوبووەوە، تورك ئەو هەلە دەقۆزنەوە بە تیرێك دوو نیشان بپێکن.

نێوانی کورد و ئاشووری تێکبدەن و ئاگری دوژمنایەتی هەڵگیرسێنن و سمکۆ بکەنە مقاش بۆ لێدانی ئەرمەن کە بەردەوام هاوکاری و پشتیوانی ئینگلیز و رووس و هەموو "کافرێك" دەکەن دژی تورکیا.

وێنەی پڕ شکۆی سمکۆ لەبەرچاوی هاوپەیمانان و هەموو جیهانی عیسایی ناشیرین بکەن کە کابرایەکی جەردە و پیاوکوژێکی دڵڕەقە.

پلانە چەپەڵەکەی تورك سەرکەوتوو بوو، یەکەمجار ئەرمەن بوون بـە تەڵەکـەوە، برایـەکی سمکـۆ دەکـوژن، ئەویش لە تۆڵەی خوێنی براکەیدا رۆژی ١٩١٨/٣/١٣ (٣١٢) لە گوندی کۆنـە شـار مـار شـەمعوون و چـەند سەرۆکێکی دیکەی ئەرمەن دەکوژێت و دەستیان لێناپارێزێت.

دەگێڕنەوە دەڵێن ئەرمەن ریز دەکات یەك لە دوای یەکەوە، تفەنگ لەسەر دڵی یەکەمین ئەرمەنی ریزەکە دادەنێت بزانم تفەنگی تۆڵە دڵی چەند دوژمن دەپێکێ!

سمکۆ دەستبەسەر هەرێمی ورمـێ "رەزائییە"شـدا دەگرێـت و دەیکاتـە بنکـەی فـەرمانڕەوایی و لـەوێوە سابلاخ و سەردەشت و بەشێك لە تەورێز دەخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە و لە ئەنجامی ئـەم هێرشـانەدا چـل هەزار ئاشووری دەربەدەر دەبن و پەنا دەبەنە بەر هێزەکانی بەریتانیا و کۆتایی ١٩٢١ لە ناوچـەی باقووبـە نیشتەجێکران هەتا هـەلێکی لـەبار دێتـە پـێش‌و لـە ناوچـەیەکی ویلایـەتی مووصـڵ یـەکجارەکی جـێگیر دەکرێن.

لەم رووەوە بۆچوونیش هەیە کە لە ناوچەی کەرکووك نیشتەجێکران و ئینگلیز دوو سـەرە بەکاریـدەهێنان لە بەرهەم هێنانی نەوت و چەکدارکردنیان لە هێزی لیوی ـ لیڤی دا بۆ دژایەتییکردن و بـەرەنگاری کردنـی هێزەکانی شێخ مەحموود و لە هەردوو بوارەکەشدا لێهاتووبوون بەتایبـەتی لـە شـەڕدا گـورج و سـووکەلە و جەنگاوەری ئازا و بە ئەزموون بوون. بەرچاویشم کەوتووە ئینگلیز دەیانباتە ناوچەی بارزان بـۆ خۆشـکردنی شەڕی ئاینیی نێوان ئیسلام و دیان و پشتگیری کردنی ئاشوورییەکان هەنگاو بە هـەنگاو بـەهاوکاری هـۆزە نەیارەکانی بارزان، بارزانییەکان لە بارزان دوور بخەنەوە بە رەحمەتی "بەزەیی" دوژمنەکانیان کـە بـەزەییان پێیاندا نەدەهاتنەوە و بۆ رۆژێکی وەهـا دەگـەڕان. راسـترینی ئـەو بۆچـوونانە ئەوەیـە سـیر برسـی کـۆکس نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراق دوای باقووبە ساڵی ١٩٢١ دەیانهێنێتە کەرکووك بە کرێکار و کارمەند لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووك دادەمەزرێن و بەشێکیشیان دەخرێنە هێزە لیڤییـە تایبەتەکـەوە بـۆ لێـدانی رزگـاریخوازان و بەتایبـەتیش شـێخ مـەحموود. سمکۆ نهێنـی رووداوی کوشـتنی بنیـامین مـار شـەمعوون و یاریدەدەرەکانی لە ٢٥ رەشەمە ١٢٩٦/ ١٩١٧ز. (لای مستەفا پاشای یامولکی درکاندووە کە لەسەر ئەو پەیمان و بەڵێنانەی کاربەدەستانی ئێران دابویان ئەو کارەی کردووە).(٣١٣)

سەردەمی فەرمانڕەوایی لینین بەپێی پەیمانێکی نێوان رووسـیای سـۆڤێتی و ئێـران لـە فێـبروەر/١٩٢١دا پەیمانەکەی نێوان کایزەر ئەلیکساندەر و فەتح عەلی شا هەڵوەشایەوە و بەندەکانی پەیمانە نوێیەکـە بـەمجۆرە بوو:

١ـ هەموو قەرزەکانی لەسەر ئێران دەسڕێتەوە.

٢ـ ئێران مافی هاتووچۆکردنی دەریایی لە دەریای خەزەردا هەیە.

٣ـ دۆرگەکانی دەریای خەزەر دەدرێنەوە بە ئێران.

٤ـ سۆڤێت مافی دامەزراندنی بنکەی سەربازیی هەیە لە خاکی ئێراندا و لەوێوە بەرگری لە سـنوورەکانی بکات لەهەر هێرش و پەلامارێکی دوژمن.

٥ـ شای ئێران ڕێگا نادات لە نێو سنووری وشکانی و دەریایی ئێراندا بنکەی بێگانە دابمەزرێت بۆ پەلاماردانی یەکێتی سۆڤێت.

ئەم ڕێککەوتنەی نێوان سۆڤێت و ئێران گورزێکی کوشندە بوو بۆ کورد، هیوابڕاوی کردن لە سۆڤێت، بەریتانیانش بەرنامەی بێهێزکردن و لە مەنگەنەدانی ئێران دەگۆڕێت بە بەرنامەی کارکردن بۆ دامەزراندن و پشتگیری حکومەتێکی بەهێزو ئێرانێکی ئارام و لە هەمانکاتیشدا گوێ لە مست و ژێر فەرمان. ئێرانیش بەخۆیدا هاتەوە و باری لاری ڕاستکردەوە. سمکۆش بۆ ئاوەژووکردنەوەی ئەم پێشهاتە رامیارییە نوێیە ئامادەبوو بە گژ کەمالییەکاندا بچێت کە مەترسییەکی گەورەبوون بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز و میراتگری عوسمانیش بوون لە کێشەی هەرێمی مووصڵدا "باشووری کوردستان" و لەو دەقەرە دووریانبخاتەوە، بەڵام ئینگلیز لە سەوداو مامەڵەی هەرێمی موصڵدا بوو لەگەڵ مستەفا کەمالدا بەپێی یاسای "شتێك بدەو شتێك وەربگرە" بۆیە ئیتر زۆر بایەخ بە سمکۆ نادەن بەڵکو لە نێوان ترس و هیوادا دەیهێڵنەوە بۆ کاتی پێویست وەك ئەوەی ناردیانە لای شێخ مەحموود بیهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی دەستبەرداری تورك بێت. لەم ماوەیەدا لە ئێران ڕەزا خان ناوێك لە پڕێکدا پەیدا بوو، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا لە سەربازێکی دوو پلێتەی هێزە قەفقاسەکەی رووسیای قەیسەرەوە بوو بە سوپاساڵاری لەشکری ئێران و ئەمجا سەرۆك وەزیران و دواییش هەروەك کوڕەکەچەڵەی چیرۆکە ئەفسانەییەکانی گوێ ئاگردان دەبێتە شای ئێران و خۆی ناودەنێت ڕەزا شای پەهلەوی.

ڕەزا خانی سوپاساڵاری ساڵی ١٩٢٢ لەشکر ئامادە دەکات بۆ لەناوبردنی سمکۆ و رزگارکردنی ئەو بەشە خاکەی ئێران کە داگیریکردووە (لەشکری ڕەزا خان بۆ سەر کوردستان پازدە هەزار "سەربازو لەشکری سمکۆ دە هەزار "جەنگاوەر" بوون... وەك شەڕی نێوان دوو دەوڵەت.... هێزی کوردستان "سمکۆ" هێشتا ژێرکەوتنی بەخۆیەوە نەدیبوو).(٣١٤)

ئێران وتورکیا دەمێك بوو ترسیان لەم سەرکردە هەڵکەوتووەی کورد پەیدا کردبوو، بەڵام تورك بۆ بەرژەوەندی خۆیان دژی ئێران و رووسیا بەپێی کەش و هەوا و بارودۆخی رامیاری ـ سەربازی ناوچەکە چاویان لە سمکۆ دەنووقاند و چەك و تەقەمەنیشییان پێدەدا بەتایبەت بۆ بەکارهێنانی دژی دیانەکان، ئەرمەن و ئاشووری، بەڵام ئێرانی ڕەزاخان بەرنامەی تواندنەوەی کورد، عەرەب، بلووچ... هتد پیادە دەکرد بەتایبەتیشی کە سمکۆی شوکاك وەك سەرۆکی حکومەتی کورد بەشێك لە خاکی ئێرانی داگیر کردبوو.(٣١٥)

ڕەزا خان یا ڕەزا شا لەشکرێکی قەبە دەکات بە گژ سمکۆدا، ١٩٢٢/١/٢٥ قەڵای چهریك بنکەی چوار ساڵی فەرمانڕەوایی سمکۆ بەسەر هەرێمێکی فراوانی کوردستانی خۆرهەڵاتدا دەکەوێتە دەست دوژمن و سنکۆ بە هێزێکەوە دەکشێتەوە بەرەو تورکیا بەو نیازەی بە هاوکاری مستەفا پاشای یامولکی و ئەفسەرانی سەر بە کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان "جەمعیەت ئیستیقلال" شۆڕش لە باکووری کوردستان هەڵگیرسێنن و بەپێی ئەو پلانەش ئەفسەرە کوردەکان گەیشتنە سەقز، بەڵام سمکۆ و هێزەکەی

کەوتنە بەر هێرشێکی چاوەڕواننەکراوی لەشکری تورك، چونکە تورك پێشتر ئاگاداری خۆرانەگرتنی هێزەکانی سمکۆ بوون لە بەرامبەر ئێراندا، نامەردانە پەلاماریدا و لە رووبەڕووبوونەوەیەکی نابەرامبەردا تەنها سمکۆ خۆی و برایەکی و چەند پێشمەرگەیەك رزگار دەبن، یەکێك لە هاوسەرەکانی دەکوژرێت و خەسرەوی کوڕی و هەرچی سامان و دارایشی هەبوو کەوتنە دەست دوژمن. ئەو دەستە قورسەی لە سمکۆی وەشاند دەمێکبوو خۆیان بۆ ئامادەکردبوو، چونکە زۆر چاك تێگەیشتبوون سمکۆ کێیە. صەبری بەگی قومانداری لەشکری تورك لە نامەیەکدا بۆ ئۆزدەمیری نووسیوە:

سمکۆ فێڵبازە، ئەو خەنجەرەی بەرپشتێنەکەیی هەڵگرتووە بۆ کاتی خۆی، بیری سەربەخۆیی کورد لە مێشکیدایە، دەیەوێت لەگەڵ ئێمەدا خۆی بگونجێنێت هەتا لە ئێران خۆی بەهێز دەکات. سەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی ئەو لە نێو هۆزەکانی کورددا لە بەرژەوەندی حکومەتی میللی نییە (مەبەستی حکومەتی کەمالییەکانە لە ئەنقەرە. ن.ك) بەلام لەم کاتەدا ناکرێت بیوورووژێنین، ئەگەر بتوانن سەرۆك هۆزەکانی لێهەڵگێڕنەوە و بە پڕوپاگەندە ناوی بزڕێنن کە بە پارەی ئینگلیز و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و ئەوان کورد بە کوشت دەدات.(٣١٦)

سەرکردایەتی سەربازیی تورکە کەمالییەکان هێزێکیان لە ژێر فەرمانڕەوایی ئۆزدەمیردا ناردبووە رەواندز، هێزێکی بچووك بوو، رەواندز دەگرێت و خۆی دادەمەزرێنێت، ئامانجی ئەوەبوو بە هاوکاری شێخ مەحموود باشووری کوردستان بە ئینگلیز چۆڵ بکەن و جلخوارەکان ئاهێکیان پێدا بێتەوە و هیوا بە گەڕانەوەی دەسەلاتی تورك پەیدا بکەن کە دەتوانێت نەك باشووری کوردستان، هەموو عێراقیش داگیر بکاتەوە.

ئامانجێکی دیکەشیان ئەوەبوو ئاژاوەو گێرەشێوێنی و نائارامی لە ناوچەکەدا ساز بکەن و کێشەی لاوەکی و سەرئێشە بۆ ئینگلیز دروست بکەن و سەرۆك هۆزەکانیان لێ تیژ بکەن و لەهەرکوێ دەکرێت دەستیان لێبوەشێنن و دڵی شێخ مەحموود و سەرکردەکانی ئینگلیز لە عێراق لە یەکتر کرمێ بکەن. شێخ مەحموودیش لای خۆیەوە ئەوەندەی دەیتوانی کەڵکی لە دامەزراندنی هێزەکەی تورك لە رەواندز وەردەگرت و وەك کارتێکی گوشار خستنە سەر ئینگلیز بەکاری دەهێنا، ئەگینا دەیتوانی بە ئاسانی بیانکاتەوە بەو دیو سنووردا، بەڵام دەیزانی هیچ بەرژەوەندییەکی کوردی تێدا نییە، نەك هەرئەوە بەڵکو ئینگلیز لە باشوور کۆسپێك لە رێگەیاندا نامێنێت و سواری سەری کورد دەبن و هەموو مەرجەکانیان بەسەر شێخدا دەسەپێنن، هەرئەوەش لەو دواییەدا بوو بە هۆیەکی سەرەکی نێوان شێخ و ئینگلیز، ئەوان دەیانویست شێخ پەلاماری تورك بدات و لەو دەڤەرە نەمێنن، شێخیش کە ئەوان لە بەڵێنەکانیان ژووان بوونەوە و چارەسەری کێشەی کوردیان مرداری کردەوە دەیوت تورك لە خاکێك دەردەکەم لە ژێر فەرمانڕەوایی خۆمدا بێت.

سمکۆی شوکاك دوای دوو تێکشکان بەرامبەر ئێران و تورکیا پلانێکی نوێ گەڵاڵە دەکات و بە ئاگاداری هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق روو دەکاتە باشوور بۆ دیدەنی مەلیکی کوردستان مەحموود کوڕی سەعید کە لەوپەڕی دەسەلاتی خۆیدا بوو، لەشکرو کابینەی وەزیران، ئالاشی هەڵکردبوو. سمکۆ لە هەولێرەوە بە

تەلگراف برووسکەیەك بۆ شێخ دەنێرێت: (سلێمانی ـ حاکمی کوردستان. گەورەم ئەمڕۆ هەموو کاروبارێکی کورد بەدەست تۆوەیە، وامان بەباش زانی دەست نەدەینە هیچ کارێك بێ پرسی تۆ، تکام وایە دڵت بۆ ئێمەی لێقەوماویش بسوتێت و بۆ رزگارکردنی کوردستانی گەورە یارمەتیمان بدەیت. دڵسۆزت. سمکۆ).(٣١٧) ئەم "بروسکەیەی سمکۆ" لەگەڵ وتووێژەکانیدا لەگەڵ شێخ جیاوازن، لێرەدا چەند خاڵێکی "بروسکەکە" کە ١٩٢٢/١/١٤ نێردراوە زۆر گرنگن و تێڕامانی دەوێت.

"ئەمڕۆ هەموو کارێکی کورد بەدەست تۆوەیە" بۆیە "وامان بە باش زانی" مانی سمکۆ هەر خۆی نییە "بێ پرسی تۆ" مانای راوێژ و بیرو راگۆڕینەوە نەك کارێکی هاوبەش و یەکدەست و دڵ. تۆ بە ئامانج گەیشتوویت "دڵت بۆ ئێمەی لێقەوماویش بسوتێت و بۆ رزگارکردنی کوردستانی گەورە"، کە ئێمە تەواوی دەکەین بەرابەری خۆمان "یارمەتیمان بدەیت" یارمەتی و هاریکاری نەك شۆڕشێکی سەرانسەری هاوبەش کە باشوور بنکەی بێت و بە هاودەنگی و هاوکاری لە ژێر سایەی ئاڵاکەی سەربانی بارەگای مەلیکی کوردستاندا هەڵگیرسێنن کە سمکۆ بە "حاکمی کوردستان" ناوی بردووە.

مەلیکی کوردستان هەمان رۆژ وەڵامی سمکۆ دەداتەوە، بەڵام لە رووی سەرکردەیەکی وەك سمکۆدا نووسیوێتی (بۆ قارەمانی کوردستان سمایل خان سمکۆ ـ هەولێر. ئێوە دەزانن بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیمان گەلێك چەرمەسەری و ناخۆشی هاتە رێگەم، ئەمڕۆ کە لە خۆشیدا دەمبینن ئەوەی لە توانادا بێت درێغی ناکەم بۆ یارمەتیدانتان.... بەڵام ئەگەر بمانەوێت کارێکی تازە دەست بدەینێ و بەبێ پاڵپشتێك ئەوا گەلەکەمان دەخەینە نارەحەتییەوە، هەتاکو ئێستاش بەشێوەیەکی رەسمی بەیانی سەربەخۆیی کوردستانیان دەرنەکردووە تاکو بتوانین بەرهەڵستی دەوڵەتە دراوسێکانمان بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا چەند جارێك هەڵخەڵەتاین، بەڵام لە داواکردنی مافمان دەست هەڵناگرم.

وا سێ مانگ بەسەر ئەو پەیمانەی حکومەتی بەریتانیا، دابووی دەربارەی مەسەلەی کورد، رابورد، تاکو ئێستا هیچ بەندێکی جێبەجێ نەکراوە تا بۆ گەلەکەمانی بڵاو بکەینەوە، لەبەرئەوە من ئامادەم بۆ جاری دووەم لە پێناوی حەقدا شەڕ بکەمەوە، ناشمەوێ خوێنی گەلەکەم هەروا بە فیڕۆ بڕوات. ئەگەر توانیمان مافی رەوامان بەدەست بخەین ئەوا لە دوژمنەکانمان دوور دەکەوینەوە و لەسەر فەرمانەکانی دەوڵەتی بەریتانیاش لە سنووری یاسادا جێبەجێ (ی) دەکەین.... ئەگەر دەتانەوێت لەسەر باسەکە زیاتر بڕۆین، ئەوا دەتوانن بێنە سلێمانی و چاوتان پێمان بکەوێت.

مەحموود

سلێمانی ١٤/کانوونی یەکەمی / ١٩٢٢

**دوای وەڵامەکەی شێخ، سمکۆ بروسکەی دووەم دەنێرێت:**

سلێمانی ـ حاکمی کوردستان. من وائەبینم جگە لە ئینگلیز کەس مافمان ناداتێ، شتێکی سروشتییە ئەوانیش چاوەڕێی پاداشت بکەن!! ئەگەر بەڕێزتان بە باشی زانی، من ئامادەم بێ خوێنڕشتن مافمان وەرگرین... باشتریشە دوژمن لە خاکماندا دەربکەین و داوای یارمەتیش لە عەرەب و ئینگلیز بکەین.

دڵسۆزت. سمکۆ.[٣١٨]

سمکۆ لەم بروسکەیەدا بەرنامە نوێیەکەی تەواو ئاشکرا دەکات کە پشت بەستنە بە ئینگلیز کە تاکە دۆستی کوردە و هەر ئەویش بە ئاشتی و بێ خوێنڕشتن مافەکانی کورد دەستەبەر دەکات وەك ئەوەی پەیمان و بەڵێنی وەرگرتبێت بە دڵنیایی دەڵێت "من ئامادەم بێ خوێن رشتن مافمان وەرگرین" لە بەرامبەریشدا تورك لە باشوور دوور بخەینەوە. شێخ مەحموودیش لە وەڵامدا ئەمجارە نووسیویێتی (لە مەلیکی کوردستانەوە بۆ قارەمانی کوردستان سمایل خانی سمکۆ ـ هەولێر.

هەموو بەدەستهێنانێك سوپاسی دەوێت، بەڵام خۆبەکوشت دان لە رێی بێگانەدا بە خۆڕایی دەڕوات. من لەگەڵتام جگە لە ئینگلیزەکان کەس مافمان ناداتێ و هەر خۆیشیان هاتنە پێشەوە و بڵاویان کردەوە کە مافمان دەدەنێ، لەگەڵتام ئەوەی کۆسپ بخاتە رێمان بۆ بەدەست هێنانی مافمان پێویستە بەرهەڵستی بکەین. ئەگەر ئەوان ئامادەن مافمان بدەنێ منیش ئامادەم بۆ پاداشت دانەوەیان. تاکو ئێستا نازانم کێ دوژمنمانە و ئەو دەوڵەتە کامەیە کە مافمان دەداتێ، یان لەگەڵ کێ بین مافی لێ وەرگرین؟ یان بۆچی دەبێت شەڕ بکەین؟ بۆ ئەوەی زیاتر خوێن نەڕژێت و دوژمنایەتی لەگەڵ کەسدا نەکەین، وای بەباش دەزانم ئێستا هەروا بمێنینەوە.

ئیمزا مەحموود)

سەید تەهای شەمزینی کە نەك هەر بە ئاگاداری ئینگلیز لەگەڵ سمکۆدا هاتبوو بەڵکو بەتایبەتی بانگکرابوو بیکەن بە قائمقامی رەواندز بەرامبەر ئۆزدەمیر. ئەویش بروسکەیەکی بۆ مەلیکی کوردستان ناردووە: (پێخۆشحاڵم بم خەنە ژێر سێبەرتانەوە، سمایل خانی سمکۆش ئاگاداری هەموو شتێکە گەورەم)[٣١٨]

پێویستە ئاماژە بەوە بکەم گەشتەکەی مێجەرنۆئێلیش بۆ باکوور بە یارمەتی و چاوساغی بەدرخانەکان و شێخانی شەمزینی هەر لە بازنەی بەرنامەکەی ئینگلیز ـ سمکۆ ـ شێخ تەهادا بوو.

ئەوەی لە وەڵامی دووەم بروسکەی سمکۆدا ئاشکراو روون و بێ تەمومژ و پێچوپەنا گرێی دڵی خۆی بۆ سمکۆ دەکاتەوە و کوردواتەنی "بووکێ لەگەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێ بێت!" بۆ ئینگلیزیش، کە لەگەڵ ئەو بەرنامەیەی ئینگلیز ـ سمکۆ ـ سەید تەهادا نییە. شێخ و سمکۆ لە دوو جەمسەری جیاوازەوە پەتەکەیان رادەکێشا، ئەوان دەیانویست شێخ لە تورك دووربخەنەوە و پێگەیەکی تورك لە کوردستاندا نەمێنێت، شێخیش دەیویست سمکۆ و تورك ئاشت بکاتەوە چیتر گوێ لە ئینگلیز نەگرێت، تورك ئامادەیە خەسرەوی کوڕی ئازاد بکات و سامان و داراییەکەشی بێ کەموکورتی بداتەوە.

سمکۆ شۆڕشگێڕێکی جەربەزە و دەستوەشێن بوو چاوی نەدەپۆشی لە دوژمن و نە لە دۆستی ناپاك.

سمکۆ وەك شێخ بە ئاواتی رزگارکردنی کوردستانەوە بوو، بەڵام لەو دوواییانەدا کزو لاواز بوو، مانگی گەلاوێژی ١٩٢٢ تورك دەستێکی قورسیان لێوەشاند جەرگی کردە خوێناو! ئەو دەمە زۆر پەرۆشی تۆڵەسەندنەوەیەکی زۆر قورستر بوو لە تورك بیسەلمێنێت سمکۆ کێیە.

سمایل خان رۆژی ١٩٢٢/١٢/٨ دەگاتە سلێمانی پایتەختی کوردستانی خواروو بۆ پیرۆزبایی دامەزراندنی

حکومەت و دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ مەلیکی کوردستاندا کە لەوپەڕی باڵادەستییدا بوو لە هەموو ساڵانی شۆڕشدا. لەلایەن کۆمەڵانی خەڵك و مەلیك مەحمود و وەزیران و لێپرسراوانەوە پێشوازییەکی لێکرا مەگەر هەر بۆ شێخ کرابێت دوای سێ ساڵ دەربەدەری و زیندانی و ئازار و دەردەسەری زیندانەکانی هندستان، کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان خۆشیان دەویست و هیوا و باوەڕیان پێی هەبوو. مەحمود خانی دزڵی و مەحمود خانی کانی سانان، نوێنەرانی ناوچەکانی سەقز، بۆکان، کرماشان، بابەکری سەلیم ئاغای پشدەر، هەباسی مەمەد ئاغا.... بۆ پیرۆزبایی لە مەلیکی کوردستان و پێشوازی سمکۆ هاتبوونە سلێمانی پایتەخت. سەرۆکی سەرۆکان شێخ قادر، سەرۆکی ناوخۆ، کاپتن چەپمەن... هتد. هەباس ئاغا و بابەکر ئاغا دەچن بەپیر سمکۆوە لە دەرەوەی شار... دوای دەستوموچ و خۆشی و چۆنی و خۆشهاتن، ئەوان بە سواری و سمکۆ بە ئۆتۆمبیلەکەی شێخ لەتیف ١٩٢٢/٢/٨ گەیشتنە سلێمانی. دوای زیارەتی گۆڕی کاك ئەحمەدی شێخ لە مزگەوتی گەورە، سمکۆ وتارێك بۆ هەموان پێشکەش دەکات:

(لەسەر دەعوەت و فەرموودەی حەزرەتی جەلالەتی مەلیکی کوردستان و سەیدی سادات جەنابی مەلیك مەحمودی یەکەم دامە شەوکەتوهو بە کەمالی شەوق و شەتارەتەوە (پێدەچێت بەشارەت بێت. ن.ك) بۆ کەسبی شەرەفی زیارەتی حەزرەتی مەلیکی گەورە هاتمە سلێمانی، لە هەموو روویەکەوە مەزهەری تەوجیهات و عینایاتی حەزرەتی ملووکانە بووم لەبەرئەوە بە هەموو مەوجودیەتمەوە عەرزی تەشکور و ئیفتیخار ئەکەم و لەشێوەی ئینسانیەت و حسسیاتی قەومیەت پەروەرانەی لە مەراسیمی پێشوازی دا لە تەرەف رەئیسول روئەسا و مەئمورانی عەسکەری و مولکی حکومەت و ئەشراف و منەوەران و ئەهالی کوردستانەوە دەرحەق بە شەخسی من رەوا بینرابۆ، کۆڵێ موتەشەکیر و موفتەخیرم(پێدەچێت بە کوللی، کلاً، کلیاً، بێت کە سێ وشەی عارەبین چونکە لەو سەردەمەدا دەربڕینی کۆڵی موتەشەکیرم باو نەبووە. ن.ك) بەڵکو هەر فەلاکەت و ئەزیەتی لە رێگای خزمەتی ئازادی و رزگاری ئەم میللەتەدا بەسەرم هاتووە لەبیرم چووەتەوە بە واسیتەی رۆژی کوردستانەوە بەیانی مەمنونییەت و مەسروری لە هەموو برادەرانی کوردی سلێمانی ئەکەم خودا هەموو لایەکمان موفەق بکات). [٣١٩]

مامۆستا رەفیق حیلمی لە شێخەوە نێزیك بوو، هەر لە گەیشتنی کەژاوەی سمکۆوە هەتا کۆتایی ئاهەنگەکە بە سەلیقەی وردی خۆی ئەوەی بۆ تۆمار کردووین بەچاوو گوێی خۆی بینیویەتی یا بیستوویەتی: لەپر، ئۆتۆمبیلێك گەیشتە پێشەوە و لەبەردەمی ئاپووڕەی جەماوەرەکەدا رایدەگرێت، سمکۆ بە تەنیشت شێخ قادرەوە بە باڵای بەرز و قەدی شمشاڵییەوە دەرکەوت، پلنگی کوردستان لە بەرگی ژەنەراڵیدا هاتە پێشەوە، هەردوو دەستی بەرز کردەوە بۆ سلاوکردن، گرمەی تۆپ و هەڵهەلە و چەپڵەڕێزان و گوڵبارانکردن و دەنگی هەر بژی، هەر بژی[٣٢٠] ناوبانگی ئازایەتی و جوامێری سمکۆ وەك قارەمانێکی کورد، دەمێك بوو بەنێو هەموو کوردستاندا بڵاوبووبووەوە، خۆشیان دەویست و چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرد بتوانێت رێبازی شۆڕشەکەی شێخ لە زۆر لایەنەوە بگۆڕێت!

سمکۆ هەتا گەیشتە سلێمانی چەندین نامەی بۆ سەردارەکانی کورد رەوانە کردبوو ئاگاداریان دەکات،

پلانێکی گەورە بەدەستەوەیە، (دیارە بە هاوکاری ئینگلیز) بریتیە لەوەی سمکۆ (پەلاماری رەواندز بدات، ئەوانیش بەناوی فریاکەوتنی ئوزدەمیرەوە بچنە رەواندز و ئۆزدەمیر بگرن، سمکۆش رەواندز بگرێت و لە تورك پاکی بکاتەوە و سەرباز و ئەفسەرەکان بکوژن)[٣٢١] جا ئەگەر شێخ ئەو بەرنامەیەی بکردایە "کە نەیدەکرد" و وەك هێشتنەوەی رێگای گەڕانەوە و خۆدەرباز کردن لە لێپرسینەوەی تورك و پیشاندانی ئاگادار نەبوون لە پلانەکە لە دوورەوە تەماشا بکات ئەوە چاکە، خۆ ئەگەر هاوبەشیش بکات ئەوە هەزار جار لە بەرژەوەندی ئینگلیز بوو. بەڵام نامەکانی سمکۆش وەك نامەکانی شێخ خراونەتە بەردەستی دوژمن و شێخیان ئاگادارکردووە سمکۆ تەنها بە دوای تۆڵەدا دەگەڕێت، پێدەچێت هەر ئەوەش بووبێتە هۆ، شێخ نەچێتە ژێر داواکانی سمکۆ و خۆی لە هەردوو جەژنەکە نەکات.

بەڵام ئینگلیز کە لە چالاکییەکانی ئۆزدەمیر لە نێو سەرۆك هۆزەکاندا بێ ئارام بوون ئەم هەڵوێستەی شێخیان بیر نەچووەوە. شێخ رێزێکی زۆر لە سمکۆ دەگرێت وەك میوان و چاکەی ئەو پیاوەتییەی بداتەوە کە خێزان و ماڵ و منداڵی شێخ بە ئاوارەیی روویان لە ئێران کردبوو پەنا دەبەنە بەر سمکۆ و مەردانە حەواندبوونییەوە و بەپێوە لە بەردەمیاندا دەوەستێت و دەڵێت ئێوە خاوەن ماڵن و فەرمان بکەن بیخەمە سەرچاوم.

سمکۆ هیچ لە شێخ ناشارێتەوە لە میانەی گفتوگۆیاندا، وەك سەرکردەیەکی سوپایی شارەزاو بە ئەزموون و هەڵسەنگاندنی هێزو توانای دوژمنەکان دەڵێت: ئینگلیز زۆر بەهێزن، پەلاماری تورك دەدەین کە لە چاو ئەواندا بێهێزن و ئێران دەکەینە بنکەی راپەڕین.

ئەو پلانەی سمکۆ یەکێکە لە تیۆریە سەربازییە هەرە سەرکەوتووەکانی ناپۆلیۆن پۆناپارت کە هەتا ئەمڕۆش پەیڕەو دەکرێت و بریتییە لە: بە گەورەترین هێزت پەلاماری لاوازترین هێزی دوژمن بدە. سمکۆ دەبوو رەچاوی ئەوەش بکات تورك بنکەیەکی جەماوەری فراوانیان لەنێو گەلانی مسوڵماندا هەبوو. مامۆستا ئەحمەد تەقی دەڵێت خەڵك لەو رۆژەدا جگە لە وشەی تورك، عوسمانی، خەلافەت، ئیسلامییەت شتێکی دیکە نەدەچووە مێشکی کوردەوە. نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عیچراق، کۆکس لەگەڵ وەزیرێکی عێراقدا لەبەردەرگای مزگەوتی کازمییە چاوەڕوانی شێخ مەهدی خالیصی دەکەن بە خزمەتی بگەن! شێخ دێت، وەزیرەکە بەرەو پیری دەچێت و دەڵێت قوربان، بەڕێز نوێنەری باڵا.... شێخ هەر گوێی لە "نوێنەری باڵا" دەبێت ناهێڵێت تەواوی بکات، سەری خۆی بە عەباکەی دادەپۆشێت و وەك ئەوەی تەنها بینینی نوێنەری ئینگلیز گوناهێکی گەورە بێت. ئەوانیش بە حەپەساوی گەڕانەوە،[٣٢٢] هەر ئەو ماوەیەش موجتەهیدی گەورەی شیعە میرزا موحەممەدی شیرازی فەتوا دەدات بەلشەفییەکان دۆست و پشتیوانی ئاینی ئیسلامن!! بەراستی زانای مەزنی ئیسلام و رابەر هەروا دەبێت. خۆ ئەوە زۆر ئاشکرایە بەلشەفیك باوەڕیان بە بوونی یەزدان و هیچ ئاینێك نییە و ئاین بە تلیاکی گەلان دەزانن. جا وەرە مسوڵمانی داماوو سەرکوێر کراو سەر لەم مەتەڵە دەربکات.

ماوەیەك شیعە و سوننەکانی عێراق زۆر کۆك و تەبا بوون، هەر جارە و نوێژی هەینی لە مزگەوتی یەکتر

دەکەن، سوننەکان دەستی زانا شیعەکانیان ماچدەکرد، کەچی هەر ئەو شیرازەییەی لەمەڕ بەلشەفیك، ڕەخنەی توندوتیژ لە دوو زانای شیعە دەگرێت و سەرزەنشتییان دەکات: ئێوە چۆن دەچنە مزگەوتی ئەو صەگانەی سووکایەتییان بە عەبباس و حوسەین کردووە؟ فەرمانی دا بە بەرچاوی خەڵکەوە هەریەکەو ٣٠٠ داریان لێدان! ئەی ئەمەیان چەنەدی بە چەند؟

پێشتر کۆبوونەوەکانی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستانمان لە زاری مامۆستا حەمەبۆرەوە روونکردەوە کە بە ئەنجامێك نەگەیشت وەك سمکۆ بەهیوابوو، شێخ ناهەقی نەبوو، ئاخر چۆن هەموو شتێك بۆ بەرژەوەندی ئینگلیز بکات، بەڵام ئەوان هەنگاوێك بۆ بەرژەوەندی کورد نەیەنە پێشەوە... لەگەڵ ئەوەشدا چاو لە تالّی تروسکاییەك دەبڕێت ئەگەرهاتو هەنگاوێکی گونجاو بۆ بەرژەوەندی کورد بنێن، شێخیش هێزو تواناکانی لەگەڵ ئینگلیز ـ سمکۆ ـ سەید تەهادا یەکدەخات و بۆ دوارۆژی کورد دژی تورك رادەپەڕێت. هەر بە هیوای ئەو تروسکاییەش شێخ کۆبوونەوەیەك رێکدەخات بە ئامادەبوونی وەزیران، لێپرسراوان، خانەوادەکان و رووناکبیرانی کورد بڕیار دەدەن شاندێك بنێرنە بەغدا. بۆ کارئاسانی شاندەکەش شێخ، راوێژکاری ئینگلیز و سەرپەرشتیاری بەڕێوەبردن بانگدەکاتە دیوان و ئەم گفتوگۆیە لە نێوانیاندا کرا:

(شێخ: دەڵێن دەچیت بۆ بەغدا هیوادارم بەڵێنەکانتان بەرامبەر کورد لە بیر نەکەن.

چەپمەن: ئێوە لە لایەکی دیکەوە کاری خۆتان جێبەجێ دەکەن!

شێخ: ئەگەر ئێوە راستگۆ بن (لەگەڵماندا . ن.ك) ئەم باسە لای کەس ناکەین (مەبەستی شێخ ئەوەیە پەیوەندی بە لایەنێکی دیکەوە ناکەین. ن.ك).

چەپمەن: وتیان میوانتان هاتووە، دەزانم ئەفسەرانی تورکن، من وای بۆ دەچم ئەمە پیلانێکی لەپشتەوە بێت.

شێخ: ئەوانەی تۆ دەیلێیت ئەفسەرانی کوردن و پەیوەندییان بە تورکەوە نییە.

چەپمەن: من ئەڕۆم بۆ بەغدا و ناگەڕێمەوە سلێمانی.

شێخ بە تووڕەییەوە: شەڕ تازە مەکەنەوە، ئەگەر بەڵێنەکانتان جێبەجێ نەکەن بە هێزی بازوو لێتان دەسێنین، لاپەڕەی مێژوو بە کرداری خراپتان ناشیرین مەکەن.

چەپمەن: من پەیوەندی بە لێپرسراوانەوە دەکەم و قسەی ئێوەشیان پێ دەگەیەنم، بەڵام تکام وایە رێگە بە پیاوانی سەر بە فەرمانڕەوایی تورك نەدەن).(٣٢٣)

ئەوە حالوباری شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان بوو بە دەست ئینگلیز و تورکەوە، حەزدەکەم خوێنەری هێژا بزانێت هەر تفێك هەڵدەین ریشی خۆمان دەگرێتەوە، دوای شکستەکەی سمکۆ لە ١٩٢٥/٤/٣دا دووبارە لە شوێنی خۆی هەڵکەنراو لە سێکۆچکەی دالانپەر ـ سێ سنووری ئێران، عێراق، تورکیا سەرگەردان دەخولایەوە.

ڕەزاخانیش کە بوو بوە شای ئێران و ڕەزا شای پەهلەوی، پەیمانی پێنج ساڵەی ویدادییە و تامینییە "ودادية و تأمينية" لەگەڵ تورکە کەمالییەکان مۆر دەکات بۆ هاوکاری هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا

بۆ راونان و بەدواداگەڕانی یاخی و ئاژاوەگێڕان و دابینکردنی ئارامی و ئاسایش لـە ناوچـە سـنوورییەکاندا کە مەبەستیان لە کورد و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و شـێخ مـەحموودی مـەلیکی کوردسـتان و سمکـۆ، پڵنگە بریندارەکەی کوردستان بوو. لەولاشەوە پەیمانی سیڤەر بە مسـتەفا کـەمال فرۆشـرا و پـەیمانی لـۆزان جێگەی دەگرێتەوە کە هەر هەموو هیواو ئاواتەکانی کـورد و ئەرمـەن دەکاتـە قوربـانی بەرژەوەندییـەکانی بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی و خـەبات و قوربانییـەکانیان دەدات بـەدەم رەشـەباوە و چارەنووسـیان مۆلـەق و نادیار بەجێ دەهێڵێت و هەرێمی مووصلێش "باشووری کوردستان" بە زۆرەملـێ دەلکێنرێـت بـە عێراقـی تازە کـوورە و بـاکووری کوردسـتانیش دەکەوێتـە ژێـر کەڵبـەی کەمالییـە رەگەزپەرسـتەکان و خۆرهـەڵاتی کوردستانیش بێمنەت بۆ (رەزا باشچاوەش) کە ئەو دەمـە بـوو بـووە شـای ئێـران. مـەلیکی کوردسـتانیش گلۆڵەی دەکەوێتە لێژی و رۆژگارێکی تاریك بۆ خۆی و گەلەکەی لە کوردستانی باشـوور چـاوەڕوانیدەکردن. سمکۆی شوکاکیش ١٩٢٣/٢/٢٨ دەگەڕێتەوە دیوی ئێران دوای مـۆرکردنی پـەیمانی لـۆزان ١٩٢٢/١١/٢٠ شێخ مەحموود ئـەو بایـەخ و قورسـاییەی پێشـووی لای بـەریتانیا نامێنێـت و دەکەونـە بڕوبیـانوو گـرتن و کەمکردنەوەی سنووری دەستەڵات و بێهێزکردنی.

سمکۆش توانای مانۆری رامیاری و سەربازیی لەدەستدەدات و رووسـیای سـۆڤێتیش هیچـیان بـۆ نـەکرد، بەڵکو دووریانخستەوە بۆ جۆرجیا.[٣٢٤] لە سەردارانی کوردیش رەشید ئاغا هەرکی لەسێدارە دەدەن.[٣٢٥]

سمکـۆ روونـاکیی هیوایـەکی لـە داهـاتووی شۆڕشـەکەیدا نـەدەبینی، هەرئەوەنـدەی پێـدەکرا هەوڵبـدات بگەڕێتەوە زێدی خۆی و سەرماڵ و مڵکەکانی، ئەو دەمـە رەزاخـانی سـوپا سـالاری لەشـکرەکانی ئێـران و دواتر سەرۆك وەزیران فەرماندەدات بە سەرلەشکری خۆرئـاوای ئێـران عەبـدوڵڵا خـانی ئـەمیر تەهماسـەبی ئامادەکاری بۆ بکات بە سەردان دەچێتە شاری شەلماش. لەو سەردانەدا رەزاخان چاوی بە سمکۆش دەکەوێت (بەڵام چۆن چاوپێکەوتنێك، کتوپڕ. ن.ك) بە چەند کەسێکەوە خۆیان لە نێو ٨٠٠ چەکداری کـوردا دەبیـنن لە پشت سمکۆوە. رەزاخان ترسی لێدەنیشێت، سەری لە کەرێتی سەرلەشـکرەکەی سـوڕدەمێنێت تووشـی چ رۆژێکی کرد.. سمکۆ کە ١٩٢٤ تێهەڵدەچێتەوە دژی ئێران بە باوەڕپێکراوێکی خۆی دەڵێت (زۆر پێدەچێت لەوەی شەڕەی بشکێم و تێدا بچم، بەو حاڵەش شەڕەکەی هەردەکەم، چونکە رێگای دیکەم نییە و دەبێ مل بۆ چارەنووسی خۆم راکێشم ئەگینا ئەو شەوەی سەرداری سپە (سـەرداری سـوپا ـ سـوپا سـالار، رەزاخـان. ن.ك) و عـەبدوڵڵا خان لەگەڵ چەند کەسێکی دەست و پێ بەستراو (بێدەسەڵات ن.ك) وە کۆمـەڵی بـێ پـەڕو باڵ لە داوم کەوتبوون، هەق وابوو لە بەختی خۆم کەڵکم وەرگرتبـا و هـەموانم کوشـتبا، چـونکە شـەقم لـە بەختی خۆم هەڵ داوە مـەحکووم بەلەبەین چوونم).[٣٢٦]

هەوڵ و کۆششەکانی سمکۆ سەرکەوتوو نـەبوون، نـەیتوانی شـێخ بهێنێتـە سـەر بیروبۆچـوون و پلانـەکانی خۆی، لەولاشەوە هەر هەمـوو پەیوەندی و نامە نهێنییەکانی دوور نییە کەوتبنە دەست دوژمن، ئەوەش بەو هۆیەوە بوو لەو رۆژگارەدا سیخوڕو بەکرێگیراوانی تورك و ئینگلیز و ئەڵەمان و رووسیش بە هەمـوو سووچ و قوژبنێکی کوردستاندا بڵاوبووبوونەوە، زۆر روویاندەدا.

دکتۆر عەلی ئەلوەردی ڕووداوێکی سەیر دەگێڕێتەوە: دەزگاکانی سیخوڕی و هەواڵگری ئینگلیز نامەیەك بەناوی مستەفا کەمالەوە دەنێرن بۆ شێخ مەهدی خالیصی کە بەوە ناسرابوو دۆست و لایەنگری تورکە، نامەیەکی راستەقینەشی لە کاربەدەستێکی تورکەوە بۆ دێت، دەکەوێتە ژێر دۆشەکەکەیەوە، سیخوڕێکی ئینگلیز لەوێ دەبێت (٥٠٠) رووپیێ دەدات بە بەردەستەکەی شێخ مەهدی، نامەکەی بۆ بدزێت، کابرا تووڕە دەبێت و دەریدەکات. دوای ماوەیەك سیخوڕەکەی ئینگلیز دێتەوە و بە بەردەستەکە دەڵێت نەك ئەو نامەیە، چەند نامەیەکم بە (١٠٠) رووپیێ دەستکەوت.

دکتۆر عەلی وەردیش هەروەها دەڵێت چەندین نامەی نێوان تورك بەتایبەتی ئۆزدەمیر و سەرۆك هۆزەکان، زۆرتریش سەرۆك هۆزەکانی کورد ساڵی **١٩٢٣** کەوتنە دەست ئینگلیز.

مستەفا کەمال **١٩٢٢** سەرکەوتنی گەورە و کۆتایی بەسەر یۆناندا تۆمار کرد، ئەمجا هێزەکانی لەسەر سنوورەکانی باکوور کۆدەکاتەوە بۆ سەندنەوەی هەرێمی مووصڵ و گەر بکرێت هەموو عێراق لە ئینگلیز.

ئۆزدەمیریش لە رەواندزەوە پەلاماری سەربازگەکان و بنکەی فڕۆکەوانی زاخۆ دەدات.(٣٢٧)

ئێران.. رەزا شا و سەرکردە سەربازییەکانی وەك پیشەی دێرینیان، هەر کاتێك ناتوانن سەرکردە و شۆڕشگێڕێکی کورد لەناوبەرن، پەنا دەبەنە بەر فێڵ و پلانی نامەردانە.. سمکۆ هێمن دەکەنەوە و بەناوی دیدەنی و میواندارییەوە بانگی دەکەن بۆ شنۆ، رۆژی **١٩٣٠/٦/٢١** دەگاتە شنۆ و لەکاتی چوونە ژوورەوەی کۆشکەکەدا لە ناوەوە و لە هەموو لایەکەوە دەیاندەنە بەر شیلگەی ئاگری تفەنگ. هرچۆ هەرکی، دڵسۆز و نزیکی هەوڵ دەدات سمکۆ نەکەوێتە دەست دوژمن، بەڵام سمکۆ دەڵێت:

(دەردم کارییە، کەڵکی بردنم پێوە نەماوە) ئەگەر دەتوانیت (سەعات و ئەموستیلە و خەنجەر و تەسبیحەکەم بگەیەنە بە گوڵیزاری خوشکم (هاوسەری سەید تەهای شەمزینی بوو ن. ك) سەعاتەکە هی باوکمە، خەنجەرەکە هی جەوهەر ئاغا (برای سمکۆیە ن.ك) و تەسبیحەکەش هی گوڵیزارە)، با دەست دوژمن نەکەون).(٣٢٨)

نوێنەری باڵای حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا لە عێراق و شا فەیصەڵی یەکەم دڵنیا بوون هەروا ئاسان ناتوانن شێخ مەحموود لە تورك دووربخەنەوە ئەگەر مافەکانی کورد دەستەبەر نەکەن، هەروەها ناتوانن یەکجارەکیش بەسەریدا سەرکەون، لەولاشەوە بەردەوام پەلاماردانی کاروانە سەربازییەکان و تیرۆرکردنی ئەفسەرەکان چالاکی و ئەرکە سەربازی و هەواڵگری و هەڵگێڕانەوە و کڕینی سەرۆك هۆزەکانی لە ناوچەکەدا پەك خستبوو و کۆنترۆڵیان لەدەستدا نەمابوو کەوتبووە دەست تورك. جگە لەوەی لەدەستدانی ئەفسەرانی پسپۆڕ و کارامە و بە ئەزموون ئازارو ژانێکی بەسوێی دەنا بە دڵی سەرکردایەتی و هاوڕێکانیاندا. بۆیە دەبوو سەرکردایەتی چارەسەرێك بدۆزێتەوە، لیژنەیەکی هەرە باڵایان پێکهێنا لە سەرۆك وەزیرانی عێراق عەبدلموحسین سەعدوون کە هەتا ئێستەش کۆتەڵەکەی لە شەقامی رەشیدە لە شاری بەغدا، راوێژکاری نوێنەری باڵا کۆرۆتوالیس، سیر هنری دوبس و خودی نوێنەری باڵاش بەرودووا گەیشتنە سلێمانی، بەڵام کەسێك نادۆزنەوە جێگەی شێخ مەحموود پڕ بکاتەوە، بۆیە ناچار دەبن هێزەکانیشیان

١٩٢٣/٧/١٧ دیسانەوە شار چۆڵ بکەن.. کەریم بەگی فەتاح بەگیش دەستبەسەر سلێمانیدا دەگرێت و بەناوی شێخەوە شارەکەی بەڕێوەدەبرد. ئیتر ئینگلیز چارەسەرێکیان نەدۆزییەوە جگە لەوەی نوێنەری بالا پەنا بۆ میرزا رەشیدی مەهابادی، ناسراو بە سەیید تەهای شەمزینی ببات و بانگیدەکەنە بەغدا و وەك مێملی ئۆزدەمیر و تورك دەیکەن بە قایمقامی رەواندز بۆ دانانی سنووریك بۆ چالاکییەکانی ئۆزدەمیر لە ناوچەکەدا و پووچەڵکردنەوەی پلانەکانی و هەڵگێڕانەوەی سەرۆك هۆزەکان و پارەو پوول بلاوکردنەوە و هاندانیان دژی ئینگلیز. مانگانەش هەزار رووپیێ بۆ سەیید تەها دیاری دەکەن کە دوو ئەوەندەی مانگانەی ئاسایی ئەو پۆستە بوو. ئەم سەیید تەهایە، سەیید تەهای دووەمە، کوڕی شێخ عوبێدوڵلای شەمزینی، نەهری، کوڕی شێخ تەهای یەکەم، کوڕی شێخ حسێنی شەمزینییە. شێخ عوبێدوڵلا دوو کوڕی هەبوو، شێخ عەبدولقادر و ئەم سەیید تەهایەی باسەکەمان کە دەبێتە کوڕەزای سەیید تەهای یەکەم. شێخ عەبدولقادر وەك باووباپیرانی شۆڕشگێڕ و روو لە سەربەخۆیی کوردستان بوو، جێگەیان لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردو شۆڕشەکاندا دیار و مایەی شانازین، بەلام لەگەڵ بەدرخانەکاندا رێکنەدەکەوتن، ئەوەش زیانی گەورەی بە خەباتی کوردی باکوور گەیاند و هێز و تواناکانی کز دەکردن و شۆڕشی تووشی نیسکۆ و هەرەس دەکرد.

شێخ عەبدولقادر صالی ١٩٢٣ دەبێتە ئەندامی شوورای نوێنەرانی تورکیا "مەجلیسی مەبعووسین ـ مجلس مبعوثین"... دوای هەرەسی شۆڕشەکەی شێخ سەعید ١٩٢٥ لەگەڵ موحەممەدی کوڕیدا تورکە فاشستەکان لە سێدارەیان دان.

شێخ عوبیدوڵلای باوکیشی (لە جەنگەکانی نێوان رووسیا و عوسمانییەکاندا بەتایبەت جەنگەکانی بەهاری ١٨٧٧ـ ١٨٧٨ گوایە جەنگی پیرۆزە دژی کافران)[٣٢٩] لە ژێر ئالای سولتان عەبدولحەمیدا دژی رووسیا دەچێتە سەنگەرەوە، بەلام هەر زوو درۆو فیشاڵ و چاووراوی بۆ دەردەکەوێت و دێتە سەر ئەو باوەڕەی رووسیای "کافر" لە سولتانی موسڵمانان بۆ کورد و ئامانجەکانی لەبارترە، بۆیە (شێخ و پێشمەرگەکانی شەڕەکە جێدەهێڵن و دەکشێنەوە، چەکە کۆنەکانی دەستیان فرێ دەدەن و چەکی نوێ هەڵدەگرن و سەنگەر دەگوێزنەوە.

صالانی ١٨٧٩ـ ١٨٨٢ شۆڕشی کورد لە باکوورەوە دەگەیێنێتە خۆرهەلاتی کوردستان و صالی ١٩١٧ش پەیوەندی بە رووسیاوە دەکات و لە پاڵ ئەواندا دژی تورك دەجەنگێت.[٣٣٠]

مەسعوود بارزانی دەڵێت (سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ سەیید تەها لەگەڵ هۆزەکەیدا پەنا بۆ شۆڕش دەهێنن و پیاوانە بە دەنگ شۆڕشەوە دەچن. دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران دەرمانخوارد کرا).[٣٣١]

گەورە مێژوونووسی عێراقی عەبدولرەزاق حەسەنی پتر رووناکی دەخاتە سەر پەیوەندی ئەو ماوەیەی نێوان کوردو بەریتانیا ـ عێراق و دەڵێت ئینگلیز صالی ١٩١٩ ئیسماعیل سەعید بەگ دادەمەزرێنن بە فەرمانڕەوا (حاکم) ی رەواندز، دوای ئەو سەیید تەهای شەمزینی دێت (مەبەستی لەوەیە دەبێتە فەرمانڕەوا یا قائیمقام ن.ك). ئیسماعیل سەعید بەگ لە نەوەکانی میرانی سۆرانە، بوو بە قوربانی دوژمنایەتییە

دێرینەکەی نێوان بنەماڵەکەی لەگەڵ بنەماڵەی باویل ئاغادا و لەو بۆسەیەدا "کەمین" لە کاتی گەڕانەوەیدا لە هەولێرەوە لە خەلیفان بۆیان دانابوو. ئیسماعیل بەگ لاوێکی نیشتمان پەروەر و دڵسۆزی نەتەوەکەی بوو، خاوەن ئاستێکی بەرزی رووناکبیر ی بوو، یەکێك بوو لەوانەی مانگی شوباتی ١٩١٩ داوکارییەکیان خستە بەردەم سەرۆك وەزیرانی عێراق، بریتیبوو لە:

١- بەرزکردنەوەی بوودجەی خوێندەواری و زانست لە کوردستاندا.

٢- پێکهێنانی هەرێمی بەڕێوەبردنی کورد - وحده إداریه کردیه. (بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کورد راستتر و مەبەستی نووسەرە ن.ك) لە سلێمانی، ئەربیل، کەرکووك و لە قەزاکانی "شارۆچکەکانی" لیوای "پارێزگا"ی مووصڵیش لیوایەکی نوێ پێکبهێنرێت لەلایەن سەرپەرشتیارێکی "بەڕێوەبەرێکی" کوردەوە بەڕێوە ببرێت کە هەر ئەویش ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ئەم ناوچەیە "کردستان" و حکومەتی بەغدا.(٣٣٢)

پارەوپوولی بەرژەوەندییە گشتییەکان "خزمەتگوزاری ن.ك" لە کوردستان. حکومەتی عێراق بەپێی یاسایەك، زمانی کوردی کردە زمانی فەرمی ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانی کوردن.

سەیید تەهاش بەشێوەیەکی فەرمی داواکارییەکانی کورد پێشکەش نوێنەری باڵا و شای عێراق دەکات کە بریتی بوون لە:

١- (دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بە بەشی ئێرانیشەوە (مەبەستی یەکخستنی رۆژهەلات و باشووری کوردستانە لەشێوەی ئۆتۆنۆمییەکی فراواندا).

٢- لێبوردنی گشتی (بۆ هەموو ئەو کوردانەی چەکیان دژی بەریتانیا و عێراق هەڵگرتووە).

٣- ئەرمەن و ئاشوریەکان دژایەتی ئەم دەستەڵاتە نەبن.

٤- بەریتانیا چۆن کۆمەکی پێشکەش بە عێراق دەکات بە کوردیشی بکات.

٥- پەیمانێکی نووسراو لە بەیندا بێت.

نوێنەری باڵا وەڵامی پرۆژەکەی شەمزینی بەمجۆرە دەداتەوە:

داواکارییەکانی کورد پێشکەش کۆنگرەی ئاشتی کراون و دەخرێنە بەرچاو و بەپێی هەق و عەدالەت ئەوەی بە چاك بزانرێت بڕیاری لەسەر دەدرێت).(٣٣٣)

سەرنجێك لەو وەڵامە بدەین، دەبینین ساردو سڕو بێ ناوەڕۆکە، ئاخۆ (هەق و عەدالەت) یا (ئەوەی بە چاك بزانرێ) لە دیدوبۆچوونی ئەواندا چییە؟

مسز بیل ئافرەتێکی کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی بەریتانیا بوو لە بەغدا، ساڵانی ١٩١٦- ١٩٢٢ سکرتێری کاروباری رۆژهەلاتی نێوەراست بوو، زۆر ناوچەی عەرەبستان و دەشت و بیابانەکانی گەڕابوو، شارەزاییەکی باشی دەربارەی عەرەب و هۆزەکان هەبوو،، پەیوەندی و هاتوچۆی بەردەوامیشی لەگەڵ سەرۆك هۆزەکاندا هەبوو.. بەوهۆیەوە قسەوباسێکی زۆری بەدواوە بوو. ساڵی ١٩٢٦ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد. مسز بیل دەربارەی سەید تەهای شەمزینی دەڵێت: (سەیید تەها لە کاتێکی چاکدا گەیشتە بەغدا، کە سەرەتای دەستپێکردنی ئاژاوەیە لە سلێمانی.. مەبەستی هاتنەکەشی پێداگرتنە لە ئینگلیز،

کوردستانێك لە ژێر چاودێری خۆیاندا دابمەزرێنن کوردی ئێرانیش بگرێتـەوە، بەراشـکاوی تێیانگەیانـد کـە هیچ یارمـەتییەکی نادەین بۆ جیاکردنەوەی پارچـەیەك لـە ئێـران. هەرچـەند سـەیید تـەها بـەم وەڵامـە زۆر نیگەران بوو، هیوابڕاو نابێت و دەڵێت: بـا ئینگلیـز یارمـەتی کـورد نـەدات یـا کۆسـپ و تەگـەرە بێنێتـە ڕێگای، چارنییە کوردی ئێران هەر دەبێت جیابکرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێنیدا چەند بتوانێت یارمەتیمان بـدات و بـەردەوام هـەوڵی دامەزرانـدنی ئـەو کوردسـتانە بـدات لەگـەڵ هاوبیرەکانیـدا بڕیاریانـداوە. چـەند داواکارییەکیشی هەبوو).[٣٣٤]

ئاخۆ مسز بیل کە دەڵێت (چەند داواکارییەکیشی هەبوو) مە بەستی لە داواکارییەکەی سە ید تەها بێت کە بریتی بوو لە پێنج خاڵ؟

ئاخۆ سەیید تەها هەستی کردبێت و بە ئەنقەست (جیابکرێتەوە) بەکاردەهێنێت وەك چەرچڵ کـە دەڵێـت (جیادەکرێنەوە) و زۆر جیاوازە لە (جیادەبنەوە) کە ئەوەیان بە دەستی کورد خۆی دەکرێت؟

مسز بیل قاڵبووی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو، ئەزموونـە دەوڵەمەنـدەکانی لەسـەر عـەرەب، کورد، ئەرمەن، تورك و بگرە گەلانی قەفقاسیای ژێردەستی ڕووسیاش فێریان کردبوو هەمیشە وردبین بێـت و بە قووڵایی ڕووداوەکاندا شـۆڕبێتەوە... ڕۆژی ١٩٢٣/١/٣٠ نووسـیوییەتی (ئایـا ئێمـە لەبـەر مەترسـی داگیرکردندانین، ئەگەر وایە هەر بە تەنها دەمێنینەوە و بەو توانایەی لەبەردەستدایە پارێزگاری لـە خۆمـان بکەین.. ئەگەر تورکەکان یەك، دوو لەشـکر (فەیلـەق) نـەنێرن، ئـە وە چـاکە، ئـەگینا جـۆرێکی دیکەیـە، هەرچەند عیصمەت پاشا زۆر خۆی هەڵدەکێشێت، بەڵام ئەوان پەلامار نادەن، بـەڵکو دەیانـەوێت هێزەکـان دەست پێشخەر بن، ئەوانیش ڕارا و دوودڵن. تورکەکان ئەگەر چاوبەستمان لێدەکـەن، ئێمـەش چاوبەسـتیان لێ دەکەین، بەڵام ئەگەر بە ڕاستیان بێت، ئێمە دەستێکی دۆڕاومان هەڵگرتووە)[٣٣٥] . هەر ئەو ڕۆژەش لە یاداشتەکانیدا نووسیویە (ئەمڕۆ، شا، بـانگیکردم بـۆ چـا خواردنـەوە، بـێ ئـارام و لـە دڵـەڕاوکێ دا بـوو، دەیویست بزانێت، ئێمە ئامادەین پارێزگاری وڵاتەکەی بۆ بکەین یا ئـەو کـارە بـۆ ئـەو جێـدەهێڵین، وتیشـی لەکاتی پێویستدا لاری نییە لە ئەنجامدانی ڕاپرسی گشتی لەژێر چاودێری وڵاتێکی بێ لایەندا بە مـەرجێك ئـەو ناوچـانەی تورکیـاش بگرێتـەوە کـە زۆرینـەی دانیشـتوانەکەی عـەرەبن وەك (نَصـیبین) و مـاردین و کشانەوەی هێزەکانی هەردوولا. داوای هەڵگرتنی ڕژێمی چاودێری (انتداب)یش کـرد بـۆ بـەهێز نیشـاندانی خۆی.[٣٣٦]

شێخ مەحموود ئاگاداری ئەم گۆڕانکارییانە بوو، بەتایبەتی کە سـەید تـەها پرسیارێکیشـی لێنـەکردووە، خۆی بە خاوەن ماف دەزانێت ئینگلیز کێشەکە لەگەڵ ئەمدا یەکلایی بکەنەوە، نـەك سـەید تـەها یـا هـەر کوردێکی دیکە، بۆیە سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت و ناچـاریان دەکـات بـۆ چارەسـەرێکی مامناوەندی بگەڕێن کە بریتییە لە:

سلێمانی جگە لە پێنجوێن، هەورامان، کفری و کەلار و سورداش جگە لـە سـەرگەڵوو لـە ژێـر فـەرمانی شێخدا بن (دەست لە کاروباری ناوچەکانی ڕانیە، قەڵادزێ، چەمچـەماڵ، هەڵەبجـە، قـەرەداغ، سـەرگەڵوو،

ماوەت، سەنگاو وەرنەدات ئەگینا بە توندی لێیدەدەن).[٣٣٧]

ئەم بڕیارەی ئینگلیز سەرەرای ئەوەی پێچەوانەی (بەڵێنەکانیان) بوو، دارشتنەکەشی خۆسەپاندن و دوژمنکاری بە ئاشکرا پێوە دیاربوو. ئەی بەڵێنەکانی چەرچڵ لە کۆبوونەوەکەی نوێنەرە باڵاکانی ئینگلیز لە رۆژهەڵات کە ساڵی ١٩٢١ لە قاهیرە بەسترا چی بەسەرهات کە وتی: ئەگەر کوردەکان بە عەرەبەوە نەلکێن، جیا دەکرێنەوە و بڕیاری جۆرێك فەرمانڕەوایی تایبەتییان بۆ بدەین.

بەهاری ساڵی ١٩٢٥ ئەو لیژنەی لێکۆڵینەوەیە کە کۆمەڵەی نەتەوەکان ناردی بۆ موسڵ بۆ ساغکردنەوەی بارودۆخی دیموگرافی، سیاسی هەرێمەکە، فەتاح بەگی ژنبرای شێخ مەحموودیش ئەندامێکی شاندی تورکیا بوو لەو لیژنەیەدا، کۆتایی بەهار راپۆرتێکیان پێشکەش کرد: ئەگەر مافی نەتەوەکان پیادە نەکرێت، ویلایەتەکە بخرێتە سەر تورکیا چاکترە، کە لەچاو عێراقدا دەوڵەتێکی دامەزراوو پێشکەوتووە.

نوێنەرانی موصڵ، هەولێر و سلێمانی بەردەوام داوای جێبەجێ کردنی راسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلانیان دەکرد کە مافەکانی کوردی بەرجەستە دەکرد، بەڵام نوێنەرانی وڵاتانی خاوەن بڕیار لە جنێف (هیچ) لە جانتاکانیاندا نەمابوو بۆ کورد.

شاعیر و نیشتمان پەروەری کورد ئەحمەد موختار جاف ١٨٦٩ــ ١٩٣٤ لە هەموان زوتر هەستی بەو (هیچ)و مایەپووچییەی کورد دەکات کە دەڵێت:

**ئەم قەراری عوسبەیە خەڵكی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ**

**هەر قسەی روتە، قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە**[٣٣٨]

## شێخ مەحموود تەنها باڵ بەرامبەر ئینگلیز، فەیصەڵ، ئۆزدەمیر، سەرۆك هۆزەکان سمکۆ، سەیید تەهای نەهری

### سەرەتای دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە

کێشەی سەربەخۆیی کورد بەتەواوەتی کەوتبووە نێوان بەریتانیا و تورکیای کەمالییەوە، کامیان هەنگاوێکی راستەقینە بەرەو ئەو ئامانجەی کورد دەنێن. بڕیارو هەڵوێستی بەڕێوەبەرایەتی ئینگلیز لە بەغداد گۆترەکاری نەبوو، لە بچووکترین کارمەندەوە تا دەگاتە نوێنەری باڵا، فەرمانەکانی لەندەنیان جیبەجێدەکرد کە لەبەر رۆشنایی راپۆرتەکانی نوێنەری باڵا، توێژینەوەو راسپاردەو بیرۆی قاهیرەو هیندستان و راپۆرتە هەواڵیەکانی ئەفسەرە هەواڵگرەکانیان دادەرێژا لە بارەی (عێراق) و کوردەوە، بە پێچەوانەی رای مامۆستا حیلمی کە دەڵێت نوێنەرەکانی ئینگلیز و تورك زۆرترین نوێنەری خۆیان بوون، وەك نوێنەری حکومەتەکانیان، بەڵام دەربارەی نوینەری تورك لە رەواندز، منیش دەڵێم چاك بۆی چووە و بگرە مۆر

پێکاویەتی. بۆچوون و بڕیارەکانی ئـوزدەمیر (ئەگـەر خـاوەن بریـار بوبێـت) لەگـەڵ بۆچـوون و بڕیارەکـانی سەرکردایەتییەکەیدا زۆر جیاواز بوون، باوەڕ ناکەم تورك، بەتایبەتیش کـەمال گورگـە بـۆر پلـەی سـەرۆکی کۆمیتەی نوێنەرانی کورد (رئیس مجلس هیئت تمسیلیە)[٣٣٩]، بەشێخ مەحموود رەوا ببینێت، وەك ئوزدەمیر بەئاسانی دەیدات بەشێخ و لە فەرهەنگی سیاسی توركدا ئەو حكومەتـە کاتییەیەکـە مسـتەفا کـەمال لـە ئەنقەرە بەرامبەر حكومەتی سوڵتان لە ئەستەمبووڵ، دایمەزرانـدو دوای دەرکردنـی یۆنـان لـە وڵات، نـاونرا (بیوك ملت مجلس حوکمتی) بەسەرۆکایەتی مستەفا کەماڵ.[٣٤٠]

دەمەدەمی گەڕانەوەی شێخ لەکوێتەوە بۆ بەغداد و گفتوگۆکانی لەگەڵ نوێنـەری بـاڵای بـەریتانیاو شـای (عێراق) فەیصەڵ، بارودۆخێکی نوێ لـە ناوچـەکانی سـەر بـە سـلێمانی هاتـە پێشـەوە کـە بەرلـەوەی دژی بەریتانیا و (عێراق) بێت، راستەوخۆ دژی شێخ و دەستەڵاتی فەرمانڕەواییەکەی بـوو لـە کوردسـتان، ئـاخۆ درەنگ ئاگادارکرا بێت، وا (بەپەلە بوو بۆ گەڕانەوە لـە بەغـدادەوە بـۆ سـلێمانی) و (رێگـای گەڕانەوەشـی گۆڕی) یا رێکەوتنێکی نێوان خۆیان بوو، سەرۆك هۆزەکـان کـەریمی فـەتاح بـەگ، هەباسـی مەمـەد ئاغـا، غەفوورخانی ناودەشت، فەقێ مەحموودی هەمەوەند، سەید موحەممەدی جەباری، جگە لـە بابـەکری سـەلیم ئاغا کەبەئاشکراو هـەتا سـەر هاوپـەیمانی ئینگلیـز بـوو، ناوچەکەشـی چـۆڵکردو بەخاووخێزانـەوە دەچـێتە سەردەشـت لەکوردسـتانی رۆژهـەڵات، ئـەوانی دیکـە ناوچـەکانی خۆیـان لـەئینگلیز پاکدەکەنـەوەو دەریاندەپەڕێنن بۆ کەرکوك و هەولێرو هێزەکەی سلێمانیش بەپەلەپروزە بەفڕۆکە خۆیـان دەربـازکرد، دەنـا ئەوانیش دەگیران.

ئەو کشانەوە بێدەنگـەی بابـەکر ئاغـاش گومـانی ئـەوەی لێـدەکرێت لەگـەڵ هـەباس ئاغـای ئامۆزایـدا، ئینگلیزو تورکیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردبێت، هەرچەند ساردییەکیش لەنێوانیاندا هەبووە، بەوهۆیەوە ئینگلیـز بابـەکری بەیەکـەمین سـەرۆکی پشـدەر دادەنـا و تـورك و شـێخیش هـەباس، ئـەگینا چۆن دواتـر هەردووکیان پێکەوە بۆ بەخێرهاتنەوەی شێخ و پیرۆزبایی دامەزراندنی حكومەتی دووەمی کوردستان هاتنە سلێمانی و بڕێکی باشیان لەو پارەیە وەرگرت کە لەخەزێنەی ئینگلیزەکاندا بەجێمابوو). هـەباس ئاغـا بـە لەچمەن دەڵێت: (زۆرینەی کورد لەداخی ئێوە تورکیان هێنایە رەواندزو رانیە) وەك ئەحمەد تەقیش دەڵێـت، لەچمەن لەوەڵامدا وتوویەتی، دەریان بکەن چیتان دەوێت بۆتان دەکەین. پێدەچێت هەر مەبەستی پـارەوپول بووبێت. لێرەدا پێویستە ئەوەش روون بکەینەوە چوار کوچکەی ئینگلیز، تـورك، شـێخ مـەحموود، سـەرۆك هۆزەکان چۆن هەڵدەسوڕان.

١ـ ئینگلیز ئەوەی لە شێخ دەویست، ئوزدەمیرو هێزەکەی تـورك لەڕەوانـدز بکاتـەوە بـەودیوداو هـێمنی کوردستان بپارێزێت و پشت بەو سەقامگیرییەی کوردستان و ١٤ خاڵەکـەی ویلسـنی سـەرۆکی ئەمـەریکاو بەندەکانی پەیمانی سیڤەرو راگەیاندنـەکانی چەرچـڵ و کلێمنصـۆ، کـارتێکی بـەهێزی بەدەسـتەوە بێـت بـۆ بەلاداخستنی کێشەی موصڵ لەبەرژەوەندی خۆی و لکاندنی بەعێراقی عارەبەوە.

٢ـ تورکیش دەیویست بەخوێن، کورد ئینگلیز لە هەموو ناوچەکان وەدەرنێن و رێگەی گەڕانەوەیان نەدەن

و کورد بەوە چەواشە بکەن ولاتی عوسمانی (نەك ولاتی تورکیا) خاکی دێرینـەی هـەردوو نەتـەوەی تـورك و کوردە دەبێت سەر و سامانی لەپێناودا دابنێن و بەدرۆو فیشاڵی بێگانە نەخەڵەتێن کـە هەرهـەمووی بلقـی سەرئاون و مەبەستیان ئەوەیە تورك و کوردی موسوڵمان و برا لەیەکتری دابڕێن، ئـەوەی راسـت و چەسـپاوە خاکی هاوبەش و مافی چوونیەکی هەردوو نەتەوەی برایە.

٣- شێخ کە سێ ساڵ بوو دوور لەکوردستان لەزیندانی دەربەدەریدا بوو، دڵەڕاوکەی ئەوەی بوو، ئوزدەمیر و سەرۆك هۆزەکان گەلەکۆمەیەکیان لێکردبێت و هـەتا دەگاتـەوە سـلێمانی شـێوە کودەتایـەکیان بەسـەردا کردبێت، چونکە لەگەڵ بەغداد رێکەوتووە، دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرن و ئەمیش بێ پشت و پـەنا وەك میوانێـك بێتـەوە سـلێمانی و ئینگلیـزیش ئـەم گۆڕانکارییـەی لا نـاخۆش نابێـت، شـێخ دەسـەڵاتی بەدەستەوە نەمێنێت، سـەرۆك هۆزەکـان بەئاسـانی دەسـتەمۆ دەکـرێن، بۆیـە هێشـتا شـێخ نەگەشـتبووەوە سلێمانی بەنهێنی پەیوەندی بەتورکەوە دەکات و پەیمانیان لەگەڵ نوێدەکاتەوە.

٤- سەرۆك هۆزەکان هەتا شێخ لە دەبەرند نەشکاو بەبرینداری رەوانەی زیندانی هەنجام نەکرابوو، بـەدڵ و گیان لەدوایەوە بوون، بەڵام ئەمڕۆ کەش و هەوایەکی دیکەیە...ئاخۆ سەنگەری لێدەگرن؟ یان مـەیدانی بـۆ چۆڵدەکەن و دەگەڕێنەوە ژێر باڵی.

هەرچەند بەش بەحاڵی خۆم بەزەینی کزو کوێرەوە، ئەوانـە هـەمووی بەسـیناریۆ دێنـە بەرچـاوم، بابـەکرو هـەباس، شـێخ و عەشـایەر، شـێخ و شـێخ قـادری بـرای و لەهـەموو شـتێك گـرنگتر گەڕانـەوەی شـێخ و رێکەوتنەکەی بەغدا، هەرهەمووی سەرکەوتنە کاتییەکەی سەرۆك هۆزەکان بۆ ئەوە بوویێت وەك کـارتێکی گوشار بەدەست شێخەوە بێت، ئەگینا چۆن باوەڕ بەخۆمان بکەین، ئوزدەمیرێك نەهێزێکی ئەوتۆی سەربازی لەبەردەستدا بووە، نە چەك و جبەخانەیەکی پۆشتەو نە پـارەو پـولیش، تەنانـەت دووای راکردنـی سـەربازە جەزائیرییەکان تەنها ٨٠ سەربازی لەبەردەستدا مایەوە، صاڵێك بوو داوای تۆپێکی دەکرد، تەنها ئەوەندەی دەستکەوت (وەستایەك دەنێرین شکاوەکە چاك بکاتەوە)[٣٤٢] (هەر هەوڵێکیشی دا لەگـەڵ سـەرکردایەتیدا لـە جزیـرە، ١٥٠ سـەدوپەنجا نەفـەریان بـۆ نـەنارد)[٣٤٣] ئـیتر هـاواری لـێ هەڵدەسـێت و بەڕاشـکاوی بـۆ سەرکردەکانی دەنووسێت (بەم مستە عەسکەرەوە کە هەمـە چۆن بجوڵێمـەوە، نـازانم، بەڕاسـتی سـەرم لـێ شێواوە روو بۆ کام لا بکەم)[٣٤٤] دەست بەسەر ئەو هەموو سـەرۆك هـۆزە بەهێزانـەدا بگرێـت کـە بەرگـەی هێرشی هیچ کامیانی نەدەگرت، بابەکر گرەوی لە شەیتان دەبـردەوە، کـەریمی فـەتاح بـەگی دەسـت وەشـێن چاوی هەڵۆی دەردەهێنا، ئەوەندە دەستەپاچە بوون؟

پێدەچێت هەردوولا، لە فیکەی یەکتر تێگەیشـتبن، سـەرانی کـوردیش ئـەویان بـەوە دەسـتخەڕۆ کردبێـت لەناوچەکانی سلێمانی، هەلێر، پشـدەر، خۆشـناوەتی و بادینـان دەسـت لـەئینگلیز دەوەشـێنن و بـەرەودووا دەیانگێڕنەوە.

شێخ مـەحموود ئـەم مـەتەڵە هەڵدەهێنێت و ئوزدەمیر دەخاتە بەر تاقیکردنەوە، ئایا دەتوانێت یا دەیـەوێت بەرنامەیەکی بخاتە بەردەست، سەرۆکایەتی کۆمەڵی سەربەخۆیی کوردسـتان (جەمعییـەتی ئیسـتقلال) کـە

ئوزدەمیر بە (رئیس هیئة تمثیلي كوردستان جنوبی) ناوی دەبرد. نوێنەرەكانی ئوزدەمیر، فەوزی، رەمزی و ئەحمەد تەقی لای شێخ بوون، ئاگاداریان دەكات كە بەناوی سەرۆكی كۆمەڵەوە دانووستان دەكەم و وەك بەڵگەی پشتگیری سەردارانی كوردیش (مەزبەتەی ٢٦ سەرۆكی كورد، وەك سمكۆی شوكاك، بابەكر ئاغا، هەباس ئاغا، حەمەی ئەورەحمان ئاغا، جافەر سوڵتان، ئەمین مەحموود ئاغای هەمەوەند)[٣٤٥] دەنێرێت بۆ ئوزدەمیر كە چەند مەرجێكیشی تێدابوو، وەك بناغەی هاوكاری و پێكەوەژیانی كوردو تورك بەڕابەری شێخ. بەڵام هەموو پلان و كارە نهێنییەكانی شێخ بەهۆی كوردێك وەك راپۆرت نووسەكەی لەمەڕ دكتۆر كەمال مەزهەر لای ئینگلیز ئاشكراكراوە. بێگومان توركیش لەو جۆرە راپۆرت نووسەیان هەبووە، وەك شێخ لەتیف دەڵێت ((لەناو خۆشماندا هەبوو ئەم هەواڵانەیان دەگەیاندە تورك)). بەرنامەی ئەمجارەی شێخ بریتی بوو لەوەی مافەكانی كورد لە سیڤەردا چەسپاوە، هاوپەیمانان و بەتایبەت بەریتانیا كوردستانێكی سەربەخۆ دادەمەزرێنن، بەڵام من پەلپ و بیانوویان پێدەگرم و كۆسپ دەهێنمە رێگایان، ئەوەش لەپێناو ئاینی پیرۆزی ئیسلام و برایەتی هەردوو نەتەوەی تورك و كوردو مێژووی دێرینەی خەباتی هاوبەش و پێكەوەژیانیان بە سەربەخۆییەكی كەمتر لەگەڵ ئێوەدا دەسازێین و دووژمن لە وڵات دەردەكەینە دەرەوە.

كۆبوونەوەكەی سەردارانی كورد لەگەڵ شێخدا بڕیاری بەڕێوەبەرایەتییەكی سەربەخۆی هەرێمی كوردستانی دابوو، هەردوو لایەنی دوژمن بە كورد و دوژمن بەیەكتریشی دەخستە بەردەم دووڕیانێك، پەسەندی بكەن و پشتگیری بكەن، یان بیگێڕنەوە دواوە و دژی بوەستنەوە.

كاردانەوە و وەڵامی ئینگلیز ئەوە بوو وەك پێشتر باسمان كرد سەید تەهای شەمزینی بانگدەكەنە بەغدا، ئەمەش هەلێكی لەباربوو شێخ مانۆری رامیاریی بكات و باڵۆنێك هەڵبدات، سەید عەبدوڵڵای جێگری (موتەسەریف)ی سلێمانی و شێخ حەمە غەریبی وەزیری ناوخۆ، لەسەر بڕیاری شێخ هەریەكەیان نامەیەك بۆ ئوزدەمیر دەنووسن و مەجیدبەگی حاجی رەسوڵ بەگ كە پێشتر ئەفسەرێكی سوپای عوسمانی بوو، نامەكان دەگەیەنێت. سەید عەبدوڵڵا نووسیوویەتی (ئیمڕۆ (ئەمڕۆ) هەواڵمان بۆ هات، ئینگلیزو سەید تەها لە بەغدا رێكەوتوون هێزو چەك و جبەخانەیەكی زۆرو ملیۆنێك رووپیەشیان پێداوە بۆ دەركردنی ئێوە لەڕەواندز یا لەناوبردنتان، سێ رۆژی دیكە دەگاتە كەركوك ... شێخ مەحموود هەرچی پێویست بوو، بۆ بەرەنگاری هێزەكەی سەید تەها كردوویەتی).[٣٤٦]

ئوزدەمیریش بەخەستی پڕوپاگەندەی ئەوەی دەكرد لەشكرەكانی بەریتانیا هیلاك و ماندوون و لەشەڕ بێزارن، خەزێنەشیان چۆڵەو پارەوپوولی ئەم شەڕە درێژخایەنەی بۆ دابین ناكرێت و ئەمڕۆ و سبەی لە كوردستان و عێراقیش دەكشێنەوەو ویلایەتی موسڵ دەچێتەوە باوەشی نیشتمانی دایك، گەر بەشەڕیش نەیسەنینەوە، ئەڵەمانیای هاوپەیمانمان لەگەڵ بەلجیكادا بە بەریتانیای دەگۆڕێتەوە.

شێخ رێگەیەك نەمابوو نەیگرێت، بەتایبەتیش ئەم ماوەیە جگە لەو مانۆڕانەی سەرەوە، سیاسەتێكی دوولایەنەشی پەیڕەو دەكرد، لایەكیان بەهۆی شێخ قادری برای و مستەفا پاشای یامولكییەوە، وەك دۆست و لایەنگری بەریتانیا، لایەنی دووەمیش بەهۆی سەرۆك هۆزەكان و سكرتێری تایبەتی خۆی، تایەری ئەمین

ئەفەندی مەسرەف کە تورك خوازێکی توندڕەو و پێشەنگی ئەو باڵەبوو، هەرچەند مامۆستا حیلمی دەڵێت (کوردێکی پاك بوو).

فەتاحی ئەمینی عەتاریش، ژنبرای شێخ، کە ئەفسەر بوو لە سوپای تورکدا هەر سەر بەم باڵە بوو، بەپلانێکی ژیرانە وەك مامۆستا حیلمی دەیگێڕێتەوە، گوایا لە سوپای تورك هەڵهاتووە، ئینگلیز دەخەڵەتێنێت بەڕێگای موصڵدا کە لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا بوو دەگاتە سلێمانی. فەتاح نیازی دڵی ئینگلیزەکانی بۆ دەردەکەوێت، بەهاوکاری تایەر ئەفەندی، سمکۆ دەخاتە سەر باوەڕێك کە تورك خەسرەوی کوڕی ئازاد دەکەن و ٢٠ بیست هەزار لیرەو موڵکەکانیشی دەدەنەوەو هەرێمێکی شەمدینانیشی بەرەوڕوو دەکەنەوە.

پەیوەندی شێخ تا دەهات لەگەڵ تورك گەرم و لەگەڵ ئینگلیز سارد دەبووەوە، تورك و تورکخوازەکانیش، نیشتمانپەروەرانی کوردو رووناکبیرەکانیان وەکو ئینگلیز تەماشا دەکردو بەجۆرێك شوڵیان هەڵکێشا، جەمال عیرفان شەهید بکەن، هەرلەبەر ئەوەی پیاوی کورد بوو، هەوڵێکی زۆرشیاندا بۆ دەستگیرکردن یا لەناوبردنی مستەفا یامۆلکی کە لەجاران زیاتر دژایەتی تورك و تورکخوازەکانی دەکرد، بەلام شێخ مەحمود لەو پیاوانە نەبوو سەوداو مامەڵە، لەسەر کوردپەروەران بکات.

ئوزدەمیریش لای خۆیەوە وەلامی داواکارییەکانی (پرۆژەکەی) شێخ و سەرانی کورد دەداتەوەو (١٠) دە مەرجی خستۆتە پاڵ، ئەگەر پەسەندیان کرد بەمۆرکراوی بەدوو باوەڕپێکراوا بینێرنەوەو ئەویش نوێنەرێکی خۆی دەخاتە تەکیان و رەوانەی ئەنقەرەیان دەکات بۆ وەرگرتنی رەزامەندی کۆمیتەی فراوان (بیوك مجلسی).

شێخ بەفەوزی بەگ دەڵێت: (من موسوڵمانم و خادم و عەبدی دەوڵەتی عوسمانیم، ئەو جەورو حەقارەتەی ئینگلیز بەمنی کردووە قەت لەبیرم ناچێتەوە، من لەکاتێکدا چووم بەگژ ئینگلیزدا زۆربەی هێزەکانیان لەعێراقدا بوون، بەلام عەشایەری کورد لەپێشا سەرپاکیان سوێندخۆری من بوون، شەڕیان بۆ کردم، لەدواییا لێم تەکینەوە، لەمەیدانا بەتاقی تەنیا مامەوەو بوون بەهۆی ئەوەی کە صاڵەها لەوڵاتی بێگانەدا دەردی دیلی بچێژم، لەبەر ئەوە ئەبێ بزانن کەپشت بەعەشایەر نابەسترێ و بەهێزی عەشایەرەوە ئاژاوەنانەوە ئەنجامێکی باشی لێ پەیا نابێ، بەتایبەتی ئاژاوەیێ کە بەتەنیا بەهێزی عەشایەر بکرێ، مەبەستێکی میللی یا نەتەوەیی هانە هانەی نەداو هێزێکی دەوڵەت پشتی نەگرتبێ، سەری قەت نەگرتووەو ناگرێ).[٣٤٧]

بەدوای ئەوەشدا، شەڕەکەی دەربەندی بازیان دەکاتە نموونەو دەڵێت (بەناموسترینی ئەو سەرەك عەشیرەتانە، کە دوێنێ لەگەڵ ئێوە لەدەربەندا شەڕیان کردبوو، گوللەیان نابوو بەئینگلیزەوە، ئیمڕۆ لەژێرەوە لەگەڵ مێجەر نۆئیل کەوتوونەتە ئاڵوگۆڕی نامەو بەنهێنی پارەو مەعاشی لێوەردەگرن، لەگەڵ ئەمەش بەسەرزاری هەر خۆیان بەدۆستی ئێوە ئەژمێرن و واتان ئەبەنە مێشکەوە کەئامادەن بۆ یارمەتیتان...مەبەستم ئەوەیە لەم وڵاتەدا تەنها دۆستایەتی بەس نییە، هێزو پارەش پێویستە... ئێمە بێتو هێزێکی کەمیشمان هەبێت زۆرمان ئیش پێ ئەکرێ، چونکە لەچەند حاکمێك بەولاوە وڵاتەکەمان

ئینگلیزی تیا نەماوە، ئەوەی پێویستە چاوی چەند سەرەك عەشیرەتێك بترسێنە، هێزێکی بچووکی دەوڵەتیش ئاسایشی شار رابگرێ، ئەوانەی پێ سزا بدەین لەژێر بۆمبارانی ئینگلیز، کاتی پەشۆکاوی خەڵك بەهەلی ئەزانێ و ئاژاوە ئەنێنەوە).(٣٤٨) شێخ بەردەوام دەبێت و بە فەوزی بەگ دەڵێت (ئینگلیز، کەرکوك، هەولێر تا عەقرە هەموو ئەو ناوچانەی لە سنووری ویلایەتی موسڵدایەو کوردزمانن دەخەنە سەر کوردستان (مەبەستی لە سنووری حکومەتەکەی دووەمی سلێمانییە. ن. ك) بەو مەرجە منیش داوای رەواندزتان لێ بکەم یان لەخۆتانەوە بۆم چۆڵ بکەن).(٣٤٩)

شێخ مەحموود بەفەوزی دەڵێت (ئێوە کەوەك باوەڕپێکراوێ بۆ ئەوە نێراویت کە لە بیروباوەڕی من تێ بگەن، تکا دەکەم قسەکانم بەبێ کەم و زیاد بە ئوزدەمیرو بە گەورەکەت بگەیەنە).(٣٥٠)

دووای ئەمە شێخ لەبنی هەمانەکە دەدات و بەشێوەیەکی کاریگەر دەڵێت، باوەڕم بەئینگلیز نییە، هەر پەیمانێکیشیان داوینێ بۆ ئەوەیە بمانکەن بەدوژمنی تورك، بەڵام من نامەوێت بەئاشکرا کۆسپیان بێنمەڕێ و سەرپێچی بکەم، کەم و زۆر تا بتوانم تەفرەیان ئەدەم و کاریان پێ ئەبەمە سەر، تا ئێوە بڕیارێك ئەدەن و رێوشوێنێکی پوختەو تایبەتیم بۆ دائەنێن و ئاگادارم ئەکەن. شێخ لەوێشدا چوار داواکاری دەخاتە بەردەست کاربەدەستانی تورك:

١ـ ئەگەر هێزێکی (نیزامی) وەهاتان بەدەستەوەیە بتوانێت شارەکانی سلێمانی و کەرکووك هەتا سنووری حەمرین بگرن و کۆنترۆڵی بکەن، بەبێ راوەستان وەرنە سلێمانی، منیش مستەفا نەمروودو هاوبیرەکانی بەدەست بەستراوی دەدەمە دەستتان، دوای ئەوەش پێکەوە یا هەر بەهێزەکانی خۆم شارەکانی دیکەتان بۆ دەگرم.

٢ـ ئەگەر ئەو هێزەتان بەدەستەوە نییە و هەر ئەوەندەتان لە من ئەوێت خزمەتی دوژمنەکەتان نەکەم یا دڵسۆزی خۆمتان نیشان بدەم، ئامادەم هەر ئێستەو بەم شەوە بە ماڵ و منداڵمەوە لەهەر جێگەیەك دادەنیشم حکومەتی تورك دەستنیشانی بکات.

٣ـ ئەگەر ئەوەش بەچاك نازانێت و دەیەوێت بەجۆرێکی دیکە کەڵکی پێ بگەیەنم، ئەوە ئامادەم، ئەگەر ناتوانن هێز بنێرن، دەتوانن بەهۆی چەند ئەفسەرێکەوە کە گوایا لە سوپا هەڵهاتوون و بەچەك و جبەخانەیەکی تەواوەوە چوونەتە ناو کوردەوە، یارمەتیم بدەن و منیش بەهێزی کوردو ئەو چەکانە بەئامانجتان دەگەیەنم.

٤ـ ئەگەر ئەوانەش لەبەرژەوەندی ئێوەدا نین، بەچاکی دەزانن و باوەڕم پێدەکەن، ئەو هێزە کەم و ناتەواوەتان بکشێنەوە بۆ ناو تورکیا، بەجۆرێك رێکیان بخەنەوە کە بۆ گورزێکی جگەربڕ دەست بدات، هەتا ئێوە ئەوە دەکەن منیش لەگەڵ دوژمن دەیگوزەرێنم و بەشی خۆم پێویستی سەربازی و پارەشیان لێوەردەگرم و لەوپەڕی ئامادەباشیدا دەبم هەر ئێوە هاتنەخوارەوە، هەر بەچەکەکانی خۆیان بکەومە گیانیان.(٣٥١)

٥ـ فەوزی بەگ لەدوادێڕی نامەکەیدا بۆ ئوزدەمیر نووسیوویەتی وا تێدەگەم شێخ مەحموود لەپاداشتدا

نیازی هەیە بکرێتە والی، جا والی موسڵ بێت یان سلێمانی، بۆ ئەو هەریەکە!

ئوزدەمیریش دەقی نامەکەی فەوزی دەنێرێت بۆ سەر لەشکری بەرەکانی شەڕ لە خۆرهەلاَت و جزیرەو لەژێریدا نووسیوویەتی چاوەڕوانم زۆر بەپەلە ڕێوشوێنی پێویستم بۆ دیاری بکەن و ئاگادارکردنم بفەرموون وەلاَمی شێخ مەحموود بدەمەوە.

کەمالییەکان بۆ گەرادانان لە باشوور کە بیکەنە بنکەیەکی (ڕەسەن) لە کوردستان، کۆمەڵەیەکی نهێنی دادەمەزرێنن بەناوی کۆمەڵەی پاراستنی مافی کەرکووك (كركوك مدافعه حقوق جمعيتي) کە ئەندامەکانی دانیشتووانی کەرکووك بوون و خۆیان بەتورك دەزانی (تورکمان) و بەشێکیان کوردبوون، ئوزدەمیر لە وەلاَمی نامەیەکی نهێنی ڕۆژی ۱۹۲۸/۱۱/۲۳ی ئەو کۆمەڵەیدا ئاگاداریان دەکات:

۱- هەتا ئەمڕۆ لەشکرەکانمان چاوەڕوانی ئەنجامی کۆنگرەی ئاشتی دەکەن، بەئاشتیش بێت یا شەڕ موسڵ دەستێنینەوە.

۲- ئینگلیزەکان بۆ لەکارخستنی داواکاری نوێنەرەکانمان لەو کۆنگرەیەداو بەلاداخستنی کێشەی موسڵ لەبەرژەوەندی خۆیان، بەنیازن ڕاپرسییەکی گشتی ئەنجام بدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش خەریکی دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆن لە کوردستانی جنووبی، بۆ ئەوەی ڕێژەی کورد لەتورك زۆرتر بێت و موسڵ بدەن بەزۆرینەو ئەندامانی کۆنگرەی ئاشتی بە زۆرینەی کوردو سەربەخۆیی کوردستان تەفرە بدەن. شێخ مەحموودیش کە هەتا ئەمڕۆ لەگەڵ ئێمەدا بووەو لەدۆستایەتیمان کەمتەرخەمی نەکردووە، هەندێك ناپاکی خەڵکی سلێمانی خەریکن تەفرەی بدەن و بیخەنەسەر بیری دوژمنایەتیکردنی ئێمە بەو بیانووەی ئینگلیز سەربەخۆیی تەواویان دەداتێ کە لەڕاستیدا هەر بۆ دەم کوتکردنی نیشتمانپەروەرانی کوردە، شێخ مەحموودیش ئێستا داوای نیمچە سەربەخۆیی لە ئێمە دەکات.

۳- بنەڕەتەکانی کۆمیتەی فراوانی گەل و یاسای بنەڕەتی وڵاتیش ناونیشان و پلەی شا و حوکمداری تێدا نییە، تێناگەم چۆن و لەبەرچی شێخ مەحموود جەخت لەسەر ئەم ناونیشانانە دەکات. بۆ لەدەست نەدانی شێخ مەحموودو نەشکاندنی لەبەردەم ئەوانەدا کە هەوڵدەدەن لە ئێمەی دووربخەنەوە، داوامکرد نوێنەری باوەڕپێکراوی خۆی بنێرێتە ئەنقەرە بۆ گفتوگۆ دەربارەی کوردستان و بۆ ئەو تشکیلاتە (دیارە مەبەستی بەڕێوەبەرایەتی هەرێمەکانە. ن. ك) کە لەوانەیە لەیاسای بنەڕەتیدا، یا حکومەتی تورك بڕیاری لەسەر بدرێت بۆ ئەم وڵاتە. ئەوەشم بۆ نووسیووە هەتا ئەو ڕۆژەی دواین شێوەی بەڕێوەبردنی دەخرێتە بەردەستی نوێنەرەکانی، دەتوانێت کۆمیتەیەکی نوێنەران بەسەرکردایەتی خۆی دابمەزرێنێت و وڵاتەکەی پێ بەڕێوە بەرێت، وەك ئەو کۆمیتەیەی کە هێشتا تورکیا لەژێر چنگی داگیرکاردا بوو، لەنوێنەری شارەکان پێکهات لە ئەنەدۆڵ، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری وڵات و دوای ڕزگاربوون بوو بە ئەنجومەنی فراوانی گەل بە سەرکردایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورك. ئێمە ئەم پلەوپایە دەدەین بەشێخ مەحموود، پلەیەکی لەوە بەرزتر نییە هەتا بیدەینێ...ئێوەش لەهەر قەزایەکی کەرکوك ۱-۲ نوێنەری خۆتان بنێرنە لای شێخ مەحموود... ئەگەر خوانەکردە ڕێکنەکەوتین هەرچەند پێچەوانەی پێشبینیەکانن، ئێمەش لە شێخ مەحموود جیادەبینەوەو

ئاگاداریشتان دەکەین.[٣٥٢]

بەرلەوەی شێخ بگاتەوە سلێمانی، هێزەکەی ئینگلیز بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ڕۆژی ١٩٢٢/٩/٥ لەسلێمانی دەکشێنەوەو لیژنەیەك بەسەرۆکایەتی شێخ قادری برای شێخ پێکەوە دەنێن بۆ پاراستنی ئاسایشی شار.

مامۆستا حیلمی دەڵێت: شێخ بەڕاستی لەگەڵ ئینگلیزو فەیسەڵ ڕێکەوتبوو، بیری لەوە نەدەکردەوە جارێکی تر بچێتەوە بەگژیاندا، بەڵام هێشتا بەڕێگاوە بوو، ئەوان لە بەڵێن و پەیمانە نەنووسراوەکانیان ژوان دەبنەوە کە گرنگترینیان دانانی شێخ بوو بەسەرۆکی ئەنجومەنی سڤیل (رئیس المجلس المدنی). لەکاتێکدا (شێخ لەگەڵ سیاسەتی بەریتانیای گەورە، دەربارەی کوردستان بەتەواوی هاوبیروباوەڕە).[٣٥٣]

کەچی ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق، مێجەرسۆن لەو وتارەی لە ڕۆژنامەی The Milde Est Jornal دا بەناونیشانی The Kurds of Iraq بلاویکردووەتەوە کۆپیەکی بۆ مامۆستا حیلمی ناردووە، نووسیوویەتی (بەڵام هەوای نەشئەبەخشی کێوەکانی سلێمانی، شێخ مەحموودی (مەحموودیان) سەرمەستکرد، لەبەرئەوە هەر گفتێك دابووی و هەر پەیمانێکی لەگەڵ گەورەکانی حکومەتی بەغدا کردبووی لەبیری چووەوە، زۆری پێنەچوو ناوی خۆینا (مەلیکی کوردستان) و دەستی کرد بەداواکردنی شارە کوردەکان و هەموو ئەو خاکەی بەکوردستان ناوئەبرێ تا سنووری (جەبەل حەمرین درێژ ئەبێتەوە)[٣٥٤] ئەوەندەی من ئاگادارم، هەتا ئەمڕۆ شێوەی ڕێکەوتنەکەی بەغدای نێوان ئینگلیزو فەیسەڵ و شێخ مەحموود ئاشکرا نییە، بەهۆیەوە بزانین چ لایەنێك پەیمان شکێن بووە، بەڵام ئەوە دەزانین کە ئینگلیز هەمیشە پەیمانی لاستیکی و تەمومژاوی و بێ ناوەڕۆکیان بەعارەب و کورد داوە، چاکترین نموونەش نامەکانی (مەکماهون)ن لەبارەی سەربەخۆیی عارەبەوە بۆ حوسەین کوڕی شەریفی دەنارد.[٣٥٥] جێگەی ئاماژەیە هەرچەندە بێگومان شێخ محمود بەهیچ جۆرێك ئاگاداری نامەکانی حسین- مکماهون (٢٤ ئوکتوبر ١٩١٥) نەبوو کە بەڵێن بە حسین دراوە زۆربەی ناوچەکانی سلێمانی، ئاڵتون کۆپری بخرێنە سەر ئەو ناوچە عەرەبیەی کە سەربەخۆ دەبێت بەڵام ئەو بەڵێنە لە ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆدا باس نەکراوە بەڵکو دامەزاندنی جکومەتێکی عەرەبی جێگەی گرتەوە. (مەحمود مەلا عیززەت، حکومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی .. ل ٤٣)

لە نامەیەکی دیکەی مەکماهوندا بۆ شەریف حسین لە ١٩١٥/١٠/٢٤ دا بەڵێنی پێداوە زۆربەی ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر و پردێ بخرێنە سەر ئەو ناوچە عەرەبیەی سەربەخۆ دەبێت، مانگی شوباتی ١٩١٩ کەرکوك و کفری لەژێر دەسەڵاتی شێخ مەحموددا نەمان. ئەدمۆندز لەوبارەیەوە دەڵێت: (ئەو بەیانیە چوم بۆ کەرکوك دوو دەسەڵات هەبوو، لایەك سەر بە شێخ مەحمود، لایەك سەر بە سمکۆ و سەید تەهای شەمزینی) بڕوانە م.م عیززەت، هەمان سەرچاوە ل. ٢٣٣ و١٠٨.

لەگەڵ شێخیشدا هەروا بووە، ڕێوشوێنێکیان بۆ داناوە پەیڕەوی بکات، کورد سەربەخۆیی دەستگیر دەبێت، بەڵام ڕێوشوێنێکی بێ ناوەڕۆك و تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان بووە، ئەگینا لە سلێمانی دەمانەوە بۆ

پشتگیریکردنی چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی، نەك کتوپڕو بەر لەوەی بگاتەوە سلێمانی هێزەکەیان بگێڕنەوە کەرکووك. شێخیش لەنیازی دڵیان تێگەیشتووەو زانیوویەتی چی لەژێر سەریاندایە، بەسەرزارەکی لەگەڵیاندا ڕێکەوتووە هەتا دەستی دەگاتەوە سلێمانی...ئیتر لێرەش بەدوواوە ڕووداوەکان تیژ تێدەپەڕن، شێخ لەجیاتی ئەنجوومەنی سڤیل، ڕۆژی ١٩٢٢/١٠/٢٢ دووەم بەڕێوەبەرایەتی حوکمداری خۆی لە سلێمانی دادەمەزرێنێت و زۆری نەخایاند مانگی ١٩٢٢/١١ وەك مەلیکی کوردستان بەناوی مەلیك مەحموودەوە خۆی ناساندو ئاڵای ئینگلیزی داگرت و ئاڵای کوردستانی بەرزکردەوەو داوای هەموو شارەکانی باشووری دەکرد. جگە لەمانەش نامەیەك بۆ ڕووسەکان دەنووسێت و داوای یارمەتی قورسیشی لێکردوون.[٣٥٦]

لەولاشەوە نوێنەرانی تورك بەنهێنی دەگەنە بارەگای مەلیکی کوردستان و نامەو نامەگۆڕینەوە دەست پێدەکات. بەو هۆیەوە ئەڵەمانیا جموجوڵێکی بەرچاویان هەبوو لە ئێران و سیخوڕەکانیان دەهاتنە ئەمدیو بۆکوردستانی باشوور و عارەبستان و بەندوباوی ئەوەیان بڵاودەکردەوە قەیسەر ولیم موسوڵمان بووەو ئێستا ناوی (موحەمەد ولیم)ەو دەشچێتە حەج و ناوەکەی دەبێت بە حاجی موحەمەد ولیم و هاوکاریی موسوڵمانان دەکات بۆ دەرکردنی ئینگلیزە کافرەکان. ئەڵەمانیاش وەك ڕووسیا پێویستییەکی زۆری بەکورد هەبوو، بەهاوکاریی کورد ڕێگەی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی و لەشکرکێشیی لەیەکتری بەبەستن وکورد بکەنە لەمپەرێك... چەندجار لە شەهیدی جوانە مەرگ شێخ کاوە بیستوومە دەیوت: ئەڵەمانەکان ئاڵای خۆیان بۆ باپیرم ناردبوو، وەك نیشانەی دۆستایەتی، ئەویش ماوەیەك بەسەر پشتێنەکەیدا دەیبەستێت، ئاڵاکە هەر ماوە، باوکم لە سنووقێکی تەختەدا هەڵیگرتووە.

کەواتە دەرگایەك نەماوە شێخ سەری پێدا نەکات و لەیەك کاتدا پەیوەندی لەگەڵ ٤-٥ وڵاتی دژ بەیەکتر هەبووەو پشتی بە ١٤ خاڵەکەی بڕیارە هەر بەناوبانگەکەی سەرۆکی ئەمەریکا، ویڵسن و بەندەکانی پەیمانی سیڤەرو لێدوانەکانی لوید جۆرج و کلیمنصۆ ئەستوور بوو. بۆ نموونە کلیمنصۆ بەناوی هاوپەیمانەکانەوە دەڵێت (متمانە بەحکومەتی تورك ناکرێت و نابێت دووبارە نەتەوەیەك کە تورك نییە بخرێتەوە ژێر جەورو ستەمی).

خاڵێکی پرەنسیپەکانی ویڵسنیش دەڵێت (هەموو نەتەوەیەك مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە). نوێترین پڕوپاگەندەی تورکیش دەگاتە سلێمانی، ئەحمەد تەقی ١٩٢٣/١١/٧ لە ئەنقەرەوە دەگەڕێتەوەو رایدەگەیەنێت (ویلایەتی موسڵ بێ سێو دوو دەگەڕێتەوە دەست تورك، حکومەتی بەریتانیا دەپاڕێتەوە بۆ بەشێك نەوتی هەرێمەکەو راکێشانی هێڵێکی شەمەندەفەر، منیش فەرمانی ئۆتۆنۆمیم بۆ شێخ هێناوە).[٣٥٧] کوردیش بەگشتی زۆر دڵیان بەو قسانە خۆش دەکردو چاوەڕوان بوون سەربەخۆیی بەپێی خۆی بێتەوەماڵەوە، بەڵام شێخ بەو قسانە دەستخەڕۆ نەدەبوو، ئەگینا پەیوەندی تەنها لەگەڵ یەك لایەندا دەبەست و دوواڕۆژی خۆی و کوردی دەخستە قەبەڵی یەکێکیان. هەزار جاران یادت بەخێر شێخی نەمر، هەرچیت دەکرد بۆ کوردت دەکردو (تاڵو کرمێش لەسەرخۆت) و کۆڵت نەدەدا، کاسەکەش هەر لەسەری تۆدا شکا.

ڕێکخراوێکی سیاسی کە لەگەڵ شێخدا بگونجێت، دەیتوانی باری لاری خواری کورد ڕاست بکاتەوەو نەهێڵێت بکەوێت، وەك کەوت. کۆمەڵەی سەربەخۆیی کە مستەفا یامولکی دامەزرێنەرو سەرۆکی بوو، مامۆستا بەبەڵگەوە دەڵێت دەستنیژی ئینگلیز و لە خزمەتی ئەواندا بوو، حیزبی هیواش کێشەی ناوخۆو ململانێی سەرۆکایەتی لاوازی کردبوو، بۆیە جلخوارەکان سەربەرز دەکەنەوەو دەست دەکەنەوە بەجرت و فرت و هەڕەشەکردن لە کوردپەروەران و ڕۆژبەڕۆژ جلخوارو هەلپەرستەکان زۆرتر لە شێخ دەچوونە پێشەوە. عارەب دەڵێت "خراپترین بەلا، ئەوەیە دەتخاتە پێکەنین". یەکێك لەخزمانی شێخ لەگوندی حاجی مامەند ڕاستدەبێتەوەو دەڵێت: خولەی شێخ سەعید کێیەو من کێم؟ منیش مەلیکی کوردستانم! ئەی بۆ نا، گوندی کەناروێ لەیەك کاتدا سێ کوێخای نەبوو، وەك پیرەمێردی مەزن دەڵێت؟

دەشێت شێخ مەحموود، وەلامی مێجەرسۆنی دابێتەوە کە بێ بەڵێنەو لەخۆی بایی بووە، داوای هەموو کوردستانی خواروو دەکات، نەخێر، بەڵکو خۆی لە حوسەین و کوڕەکانی بەکەمتر نەزانیووە، لەڕووی ئاینییەوە ئەمیش نەوەی پەیامبەرە، لەڕووی ڕامیاریشەوە وەك ئەوان بەرەنگاری ئینگلیزو تورکی کردووەو گفتو بەڵێنی سەربەخۆیان پێداوە...ئەوان بوونە خاوەنی تەخت و تاجی سێ وڵات، بەلام لەچاکترین باردا لەسلێمانی بەولاوەیان بەشێخ ڕەوا نەدەبینی، دوور نیە ئەوەشیان تەنها وەك زێوان و چاودێریکردنی مزگەوتی گەورەی کاك ئەحمەدی شێخی باپیری تەماشا کردبێت.

میر حوسەین ڕۆژی ١٩١٦/٦/١٠ لەتورك هەڵدەگەڕێتەوەو بەئاشکرا دەچێتە پاڵ لەشکری بەریتانیاو بەچەك و ئازوقەی زۆرو بەخەروار لیرەی ئاڵتوونی ئەوان و بەپێی چەند مەرجێکی لاستیکی و پڕ لەتەمومژ. هەمان کات شێخ طالب النقیب لە بەسراو شێخ خەرعەل لەئەهوازو شێخ موبارەك لەکوێت هاوکاری ئینگلیزیان دەکرد بۆ بەرپاکردنی بزوتنەوەیەکی چەکداریی فراوانی نەتەوەخوازی عارەب دژی بەرەی ئیسلامی نەتەوەکانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی کە سوڵتان داوای دامەزراندنی دەکرد دژی هاوپەیمانان. دوواتر کوڕی سعود جێگەکەی شێخ طالب دەگرێتەوەو بەهەموو توانایانەوە لەڕووی تورکدا رادەوەستن لەپێناو پارێزگاریکردنیان لە تورك و پشتاوپشت فەرمانڕەواو سەرداری ناوچەکانیان بن و لەهەموو باجێك ببەخشرێن. لەوە بترازێت هاوپەیمانان و بەتایبەتیش ئینگلیز خۆیان نەدەخستە ژێر باری بەڵێنێکی روون و ئاشکرای سەربەخۆییەوە، چونکە نەیاندەزانی میراتی پیاوە نەخۆشەکە چۆن بەش دەکرێت و لەنێو خۆیاندا کێشەیان زۆر بوو، رووسیا بەتەمای کوردستانی باکوور و دەرووە ئاوییەکانی ئەستەمبووڵ بوو، بەریتانیا بەتەمای کوردستانی خواروو لەگەڵ بەشێك لەکوردستانی رۆژهەلات بوو، هەرچەند ئێران لەشەڕەکەدا بێلایەن بوو، بەو پێیە نابێت دەستکاری خاکەکەی بکەن، فەرەنساش هەر بەتەمای کوردستانی باکوور و سوریا بوو.

عارەب باوەڕێکی پتەویان بە (عەدالەتی) بەریتانیا هەبوو، دەست لەتورك و خەلیفەی موسوڵمانان دەشۆن و چارەنووسی خۆیان بەئینگلیزی (کافرەوە) دەبەستن، بەلام بارودۆخی کورد لەزۆر لایەنەوە جیاوازبوو.

١ـ جگە لەعارەبە عیساییەکانی لوبنان هەر هەموو عارەب و نیوەی موسوڵمانانیش پشتیوانی میر حوسەین و کوڕەکانی بوون.

٢ـ پیرۆزی مەککە و مەدینە.

٣ـ ئەفسەری بەنێوبانگی دەزگای هەواڵگری بەریتانیا، لۆرانس، کە بەتەنها ئەوەندەی هەرهەموو عارەب خزمەتی کێشەی نەتەوایەتی و سەربەخۆییانی کرد.

بەڵام سیاسەت و بەرژەوەندییەکان ئامانیان نییە، حوسەین وایدەزانی نامەکانی ماکماهۆن کلیلی هەموو دەرگاکانن، وەك کورد کە وایدەزانی بەڵێنەکانی تورك یا هاوپەیمانان چارەسەری هەموو کێشەکان دەکەن. شەریف خۆی و ژن و کچەکانی دووردەخرێنەوەو خۆیان لەدوورگەی قوبروس بینییەوە، خاووخێزانی شێخ مەحموودیش بەدەربەدەری کەوتنە دیوی ئێران و سمکۆی شوکاك نەبووایە لەبرسان دەمردن، جگە لەزیندان و دەربەدەری خۆی لە هندستان و خوارووی عێراق. رەنگە خوێنەر باوەڕ نەکات، حوسەین لەسەر کێشەی خانوو، خۆی و ژنەکەی لەبەردەم دادگایەکی قوبروسدا لەتەنیشت خاوەن خانووەکەوە رادەگرن، جارێکیش خەنجەرەکەی بەرۆکی لەبارمتەی کیلۆیەك قاوەدا لای دوکاندارێك دادەنێت. ئەو کاتە شێخ مەحموود بێپەرواو ئەمبەرو ئەوبەر دژی بەریتانیا دەجەنگا، سەرۆك هۆزە عارەبەکان و سەرکردە رامیاری و ئاینییەکانیان لەکوێوە با بهاتایە لەوێوە شەنیان دەکرد، پارەوپولیان لە تورك، ئینگلیزو ئەڵمانیش وەردەگرت، هەبوو لەهەرهەمووشیانی دەخواردو مێشیش میوانی نەبوو. سیخوڕێکی ئەڵمانیا (زگمایەر) دەکەوێتە داوی تورکەوە، لەدەفتەری یادەوەرییەکانی باخەڵیدا نووسیبووی دوو هەزار پاوەنی داوە بە (موجتەهید)ێکی کەربەلا (هۆزی کەڵهوڕیش کاپتن شولتس و هاوکارە ئەڵمانەکەی ١٢ دوازدە هەزار لیرەو ٨٠٠ هەشت سەد تفەنگیان پێ بوو) بەسەر سەرۆك هۆزەکاندا دابەشی بکەن.[٣٥٨]

وەك وتمان ئەڵمان پارەوپولێکی زۆریان هەڵدەڕشت، مەبەستی سەرەکییان لەگەڵ یەك پیاوی بەهێزی تورکیادا ئەنوەر پاشا ئەوە بوو لەڕۆژهەڵاتەوە، لەبەرەی قەفقاسەوە پەلاماری رووسیا بدەن و تورکیش لەوێوە دەستی بگاتە گەلانی تۆرانی ئامۆزایان و لەژێر دەستی قەیسەر دەریان بهێنن. ئەنوەر زۆر پەلەی ئەو پەلامارەی بوو، (١٥٠) هەزار سەربازی ناردە بەرامبەر (١٠٠) هەزار سەربازی رووسیای قەیسەر، تورك خراپ دەشکێن، بەڵام شۆڕشی دەریاوانەکانی رووسیادژی قەیسەری روسیا،لەشکرەکانی عوسمانی لەکارەساتێکی سەربازیی گەورە رزگارکرد. دواتریش کە لینینی مەزن جڵەوی کار دەگرێتە دەست دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، هانی موسوڵمانانی جیهانی دەدا دژ بەئیمپریالیست و داگیرکارانی وڵاتەکانیان راپەرن. دروشمی (ئاین تلیاکی گەلانە)ش بەم دوو فاقییە قاقا پێدەکەنی.

دوای شەڕەکەی شوعەیبەی کۆتایی ساڵی ١٩١٥ی هێزەکانی تورك بەهاوکاری هۆزەکانی عارەبی عێراق و کورد و سەرکەوتنی هێزەکانی بەریتانیا، گەورە سەرکردەیەکی تورك (ئەحمەد بەگی ئەوراق) لەکۆبوونەوەیەکی فراوانی هۆزە عارەبەکاندا بەڕاشکاوی دەڵێت: شوعەیبەو بەسراشمان بگرتایە، دەبوو هەموو هەرێمی فوراتی ناوەڕاست و بەتایبەتی هۆزەکانی هەردوو کەناری رووباری دیجلەش بگرین، چونکە

ناپاك و خۆفرۆشن. (بدر الرميض) یەكێك لەسەرۆك هۆزەكانە وەڵامی دەداتەوە: ئێوە لەگەڵ ئیسلامدا ناپاكن، بەئاشكرا دژایەتی عارەب دەكەن، ئێمە پێویست بوو دژی ئێوە شەڕ بكەین نەك بەریتانیا، بەڵام فەتوای زانا ئاینییەكان ئێمەی هێناوە لێرە شەڕ بكەین).(٣٥٩)

ئەفسەرانی عارەبی نێو لەشكری تورك، نامەیەكی سەركردایەتی دەوڵەتیان بەردەستدەكەوێت، فەرمان بە سەرلەشكرەكان دەدات لەشەڕدا عارەبەكان بخەنە بەر ئاگری دوژمن و بەكوشتیان بدەن، زیانیان زۆرترە لەكەڵك، بەڵام كوردەكان با بمێنن، بۆ لەناوبردنی ئەرمەنییەكان بەكاریان دەهێنین.

ئەم سیاسەتە چەوت و نامرۆڤانەیە دەبێتە هۆی ئەوە سەرداری بەدەستەڵات و بەنێوبانگی كەنداوی عەقەبە، شێخ (عودە أبوتايه) تورك وەك مارومێرو تەماشا بكات. شێخ عودە جوامێرێكی هەڵكەوتوو بوو، دەستەڵاتی بەسەر گشت ناوچەكانی نێوان مەككەو بەسراو حەڵەبدا دەڕۆیشت، لەو هەموو دەستكەوت و تاڵانییەی لەپەلامارەكانیدا كۆیدەكردنەوە، هیچی گل نەدەدایەوە بۆ خۆی، سەرپاكی لەڕێگەی هۆزو میوان و ڕێبوارانـدا خەرج دەكرد، لەو شەڕانەی سەركردایەتی كردبوون بەدەستی خۆی ٧٥ كەسی كووشتبوو، بەڵام چەند توركی كوشتووە، ژمارەی نەكردبوون، دەیوت شایەنی ژماردن نین، ئەویش ١٩١٧/٤/٥ پەیوەندی بەڕاپەڕینی عارەب دەكات دژی تورك.

سەركردایەتی تورك دەیانویست حەقی بەرەودووا لەعارەب بكەنەوە، شاری حیللە كەوتە بەر شاڵاوی رق و كینەو تۆڵەسەندنەوە، ئەمجارە خۆیان بۆ شاری پیرۆزی نەجەف ئامادە دەكەن، هۆزەكانی ناوچەی فوراتی ناوەڕاست لەنەجەف گردبوونەوە پلانی پارێزگاریكردنی شارەكە دابنێن، (مبدر الفرعون) سەرۆكی هۆزی فەتلە، وتارێك دەدات: هەمووومان ئاگادارین چیان بەشاری حیللە كرد لەكوشت و بڕو نامووس بردن، سوێند بەیەزدان مردن لەم سەرشۆڕییە چاكترە. تورك دەیەوێت قەڵاچۆمان بكات، ئازادو سەربەخۆ بژین و سەر نەوی مەكەن، بۆ داوای مافی خۆتان ناكەن و پارێزگاری شەرەف و نامووس و خاكی وڵات بكەن؟

مرۆڤ خۆی بۆ سێ شت بەكوشت دەدات، ئاین، نامووس و سامان، تورك هیچ بایەخێك بە ئاین نادەن، ڕێز لە مانگی رەمەزانی پیرۆز ناگرن، كابەی شەریفیان تۆپ بارانكرد، گومەزەكەی مەزاری سەروەری لاوە شەهیدەكانیان رفاند، كوشتن و تاڵانكردن و راووڕوت و دەستدرێژیكردنە سەر ئافرەتان، ئەوە هەر مەپرسە، هەركەس گوێڕایەڵی ئەم دەوڵەتە زۆردارە بێت غیرەتی عارەبی تێدا نییە، ڕۆژنامەكانیان ناخوێندنەوە چەند سووكایەتیمان پێدەكەن، بە سەگی رەش دەڵێن عارەب.(٣٦٠)

داوە قرچۆكەكەی نێوان بەریتانیاو شێخ پچڕاو چالاكانە كەتنە پیادەكردنی پلانی دووەم كە بریتییە لەدوورخستنەوەی لە سلێمانی و بەردەوام چاودێری بكەن و فڕۆكەی بەسەرەوە بێت و لەهەرشوێنێك هەڵیان بۆ هەڵكەوت ئاگری بۆمباو شەست تیرەكانیانی بەسەردا ببارێنن، گوشاریش بخەنە سەر گوندنشینەكان داڵدەی نەدەن، هەر گوندێكیش سەرپێچی بكات كاول دەكرێت. (پایزی ساڵی ١٩٢٤ بوو، شاری خورماڵ لەبناری شارەزوور كەوتە بەر هێرش و پەلاماری لەشكری لیڤی بەریتانی، لەئاكامدا پتر لە (٨٠) هەشتا كوژراویان پێ بەجێهێشتن، بەڵام لەشكری بەریتانی كۆڵی نەدا، بایەخی بەگیان و ژیانی لەشكرەكەی و

دانیشتووان نەدا. جارێکی تر بە بەکارهێنانی فڕۆکەی جەنگی و ئەسپ سوار لەئاسمان و زەوییەوە پەلاماری دایەوە...کەوتنە تالانکردنی شاری خورماڵ، ماڵ و جێگەو ڕێگەو سامانی ئەوانەی لەگەڵ شۆڕشی حکومداری کوردستان شێخ مەحموودی نەمردا بوون کرایە خۆراکی ئاگر...خێزانی ئێمە رووماندکردە مەریوان).[٣٦١]

مزبیل لەیەکێك لە نامەکانیدا کە بەردەوام دەیناردن بۆ باوکی لە لەندەن، نووسیوویێتی (مارشاڵ جۆن سالمۆند، سەرکردەی هێزی ئاسمانی لەعێراق چۆن وویستوویەتی سەری شێخ بکا بەدیاری جەژنی صالّی نویّ و بیباتەوە بۆ لەندەن...زۆر بەنهێنی و بەفڕۆکە ئاسمانی سلێمانی و لەبەرزاییی تەنها (١٥٠) پێوە دەیداتە بەر ئاگری بۆمباکانی و (مەبەستی لەشوێنێکی دەستنیشانکراوە لەسلێمانی کەشێخ لەوێ بووە. ن.ك)و وایدەزانی ئەو گەوجەی گۆڕبەگۆڕ کردووە).[٣٦٢]

پەیوەندییەکانی ئینگلیزو فەیسەڵ لەگەڵ مەلیکی کوردستان رۆژ بەڕۆژ گرژتر دەبوو، هەردوولاش دڵنیابوون بەهۆی پێداگرتنیانەوە لەسەر مەرج و داواکارییەکان لەبەرامبەرەکەی، ڕێککەوتن و پێکەوە گونجانیان مەحاڵە. سەرەتای بەهاری ١٩٢٣ فڕۆکە جەنگییەکانی بەریتانیا بلاّقۆکی هەڕەشەئامێزیان بەسەر سلێمانیدا دەخستەخوارەوە، دانیشتووانیان ئاگادار دەکردەوە شار بۆردوومان دەکەن. مەلیکی کوردستان و حکومەتەکەی سەرەتا بایەخێکی ئەوتۆیان بە هەڕەشەو گوڕەشەی ئینگلیز نەدا، بەلاّم لەپێناو پاراستنی سەروماڵی دانیشتواندا ١٩٢٣/٣/٢ دەکشێنەوە داریکەلی نزیك سلێمانی و ئینگلیز ١٩٢٣/٣/٤ شار بۆمباران دەکات و هەردووای بۆردومانەکەش شێخ دەگەڕێتەوە شار، دوژمنیش هەر بەپشتیوانی هێزی ئاسمانی لەکەرکووکەوە پێشڕەوی دەکەن رووەو سلێمانی و دووبارە سلێمانی بۆمباران دەکەنەوەو ئەمجارە شێخ بارەگای حکومەت دەگوێزێتەوە ئەشکەوتەکانی جاسەنەـ سورداش، ئینگلیزیش دوای بۆردومانەکەی شار ١٩٢٣/٧/٢٩ دەگەڕێنەوەو (هەوڵێکی زۆریاندا دانیشتوان رازی بکەن بیانخەنە سەر عێراق ((مەبەستی ئەوەیە لەڕاپرسییەکەدا دەنگ بدەن بۆ لکاندنی هەرێمی موسڵ بەعێراقەوە. ن.ك)) ژمارەیەك پیاوی خۆفرۆشیان کڕی و کردیانن بەموچەخۆرو مەنسەبی ((پلەوپایەی فەرمانبەری بەڕێوەبردن. ن. ك)) گەورەیان دانی وەك قایمقام و بەڕێوەبەری ناوچە)[٣٦٣] بۆ ئەوەی پشتی مەلیکی کوردستان و حکومەتەکەی چۆڵ بکەن. شێخ هەر لە ئەشکەوتی جاسەنە ١٩٢٣/٣/١٨ یەکەمین ژمارەی بلاّوکراوەی ((ڕۆژنامە)) بانگی حەق چاپ و بلاّودەکاتەوە. لەژێر ناوەکەیدا نووسرابوو (ناشکیّ بەتۆپ و بۆمبا سەرفرازە بانگی حەق)[٣٦٤] لەژێر ئەویشدا نووسراوە (غزتەیەکی رسمیە لە قرارگاهی عمومی ئوردوی کوردستان طبع دکري، غاية و أمالي أستحصال حقوق کوردە)[٣٦٥] ((هەرچەند ئەوکات ووشەی ئۆردو، غایە، کورد، سەرفراز، بانگی حەق بەشێوە ڕێنووسی ئەو سەردەمە بەم شێوەیە دەنووسران أُردو، غایت، کرد، سرفراز، بانگ حق. ن. ك)) دکتۆر کەمال مەزهەر مێژوونووسی بەبەرهەمی کورد دەڵێت (هەر شێخ مەحموود، بانگ کوردستان لە ١٩٢٢/٨/٢ و رۆژی کوردستان ١٩٢٢/١١/١٥ دەردەکات).[٣٦٦] هەروەها دەڵێت (سمکۆی شۆکاکیش رۆژی کورد شەوی عەجەمی دەرکرد، دوواتر بوو بەڕۆژی کوردو لە ورمیّ

چاپدەکرا).[٣٦٧] بارەگای سەرکردایەتی شێخ لە جاسەنەو هێزەکەشی بەناوچەی سورداشدا بڵاوکردبۆوە (صاڵح زەکی ساحبقران فەرماندەی بەرگری بەرەی دەربەندی بازیان و دەربەند کلێسەو سورداش پشتی بە هۆزەکانی جافە رەشکەو شیلانەو ژمارەیەك پشدەری بوو، کەڵکی لەدەسەڵاتی شێخ حسامەدینی عەواڵان و شێخ فەتاحی کوڕی وەردەگرت و رێگەی دەربەند کلێسەو ئاغجەلەری بەوان سپارد. صاڵح زەکی بەگ لەراپۆرتەکەیدا بۆ شێخ نووسیوویەتی: دوژمن جێگا گرنگەکانی دەربەندی گرتووە، فەرمانم بە هێزی سوارەو پیادە دا، شەڕی بەرامبەر نەکەن و بکشێنەوە، هێزەکانی عەشایەر درۆیان لەگەڵدا کردین، بۆ شەڕ رێگایان بۆ دوژمن چۆڵ کرد بەهێزێکی زۆرەوە بەرەو دۆڵی سورداش هاتن. بارەگای لەشکرمان گواستەوە هەڵەدن و خێزانەکانیشمان روویانکردە گەلاڵەی ماوەت و سەفرەو زەروون).[٣٦٨]

١٩٢٣/٧/٢٣ شێخ لە جاسەنەوە دەگەڕێتەوە شار، دوژمنیش دوای هەفتەیەك لە ١٩٢٣/٧/٢٩دا دەگەڕێنەوەو ١٩٢٤/٤/٢٠ هەڕەشەنامەیەك بۆ شێخ فڕێدەدەنە خوارەوە کە پێویستە هەتا ١٩٢٤/٥/٢٢ لە بەغدا یان کەرکووك بێ دواکەوتن ئامادەبێت. ئەم (بێ دواکەوتن ئامادەبیت)ە زەنگی ترس و دووا قۆناغەکانی شەڕەو دوژمن دەستی لە شێخ شتووە کێشەکە بە هێزی سەربازی و فڕۆکە جەنگییەکان بەلادا دەخات. شێخ ١٩٢٤/٥/٢٣ بەم نامەیە سەرپەرشتیاری بەڕێوەبردن لە بەغدا ئاگادار دەکات کە (من حەزدەکەم بەهەموو جۆرێك رێگەی رێککەوتن و ئاشتی بگرم...ئامادەم بۆ چەمچەماڵ بێم، بەڵام دەترسم...ئاژاوە دووبارە بێتەوەو ناخۆشییەکە گەورەتر بێت و دڵی حکومەتی بەریتانیام لێ بڕەنجێت، بەڵام بۆ ئەوەی فەرمانەکەی حکومەتی بەریتانیا جێبەجێ بکرێت ئێستا بەرەو قەراخ دەکەومەڕێ لەوێ ئامادەی بەیەك گەیشتنم. وەکو دەزانن قەراخیش سەر بەلیوای کەرکووکە. مەحموود مەلیکی کوردستان ١٩٢٤/٥/٢٣).[٣٦٩]

مینۆرسکی ماوەی ئەو چوارپێنج ساڵە بەمجۆرە کورتدەکاتەوە: (ئەم مفاوەزاتە رەسمیانە لەگەڵ تەنگانە ناوخۆییەکان (مەبەستی لە کیشەکانە .ن.ك.) تیکەڵ بوون بەشیوەیەك کە سلیمانی نەك هەر رەتیکردەوە لە کانوونی دووەمی١٩٢١ دەنگ بۆهەلبزاردنی مەلیك فەیسەڵ بدات، بەلکو بووبە کوانۆی زۆر نیگەرانی. دینەمۆی یەکەمی بزوتنەوە چەکدارییە ئیسلامییەکە(کە .ن . ك .) بە ئاشکرا مەبەستی دامەزراندنی دەولەتیکی کوردی بوو،شیخ مەحموود بەرزنجی بوو کە لە ٢١ی ئایاری ١٩١٩ئالای یاخیبوونی بەرزکردەوە و سەرۆکی هەورامانیش یاریدەی دا . سەربازانی بریتانی جاریکی دیکە لە ١٨ی حوزەیران شاری سلیمانی یان داگیرکردەوە و شیخ مەحموودیان دوورخستەوە بۆ هیندستان، بەلام چەمچەماڵ ورانیە هەرەشەی شۆرشیان کرد و ئینگلیز ناچار بوو لە ٥ی سیپتامبەری١٩٢٢ سلیمانی چۆلبکات و رێگە بە شیخ مەحموود بدات بگەریتەوە بۆ سلیمانی . شیخ لە مانگی ئۆکتۆبەر خۆی وەکو (حوکمدار)ی هەموو کوردی عیراق ناساند.هەلویستی گوماناوی شیخ بووە هۆی ئەوەی لە ٣ی ئازاری١٩٢٣ئینگلیز بە فرۆکە بۆمبارانی سلیمانی بکات و ئەو کاتە شیخ پەنای بردە بەر سورداش و لە ٢٦ی ئایاری١٩٢٣ئینگلیز سلیمانی داگیرکردەوە و پاشان چۆلکرایەوەو

شیخ بۆ جاری سێیەم لە١١ی تەمموز گەرایەوە و دەسەڵاتکارانی بەغدا دانیان پیدانا. هەوڵدانی شیخ بۆ گرتنەوەی ناحیەیەکی دابراو لەسلیمانی بووە هۆی ئەوەی دووبارە شارەکە بە فرۆکە بومباران بکرێ (١٦ی ئاب،٢٥ی دیسامبەر٢٥،١٩٢٣ی ئایاری١٩٢٤) و لەم هیرشانەدا بارەگای سەرکردایەتی شیخ تیکدران و خۆشی بۆ سنووری ئیران راونرا.) ف.مینورسکی،هەمان سەرچاوە،ل ٦١.

ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و رێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیزو عێراق لە کۆبوونەوەیەکدا بە سەرۆکایەتی شێخ بڕیار دەدەن شاندێك بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ مستەفا پاشای یامولکی و ئەندامێتی وەزیری دارایی کەریمی عەلەکەو عیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف و وەزیری کاروباری ئاوەدانی ((نافعە)) حەمەی ئەوڕەحمان ئاغاو کۆمەڵێك رووناکبیران.[٣٧٠]

دوژمن هیچ نەمابوو بیشارێتەوە، رووی راستەقینەی خۆیان و دووا هەنگاوی پلانەکانیان ئاشکرا دەکەن و راستەو راست بەدانیشتووانی سلێمانی رادەگەیەنن ئەگەر شێخ بەر لە پێش نیوەڕۆی (١) شەممە ٢٥ی ئەم مانگە (مەبەستی ١٩٢٤/٥/٢٥ ن. ك) لە چەمچەماڵ یان کەرکوك دەخالەت بکات، شار بۆردوومان ناکەین، ئەگەر نا، بۆردوومانی قورس ئەکرێت.[٣٧١] لێرەدا دوو خاڵ سەرنج رادەکێشن، یەکەم شێخ پەرۆشی سەرومالی کورد بووە، ئینگلیزیش ئەوەیان چاك دەزانی بۆیە نامەردانە کەڵك لەو جوامێرییەی شێخ وەردەگرن و لەکاتێکدا شێخ و هێزەکانی دوورن لە سلێمانی، ئەوان بۆ ناچارکردنی بەخۆبەدەستەوەدان هەڕەشەی بۆمبارانی قورس لە سلێمانی دەکەن!

دووەمیش داواکردنی شێخ بۆ بەغدا، کەرکوك، یان چەمچەماڵ بێئەوەی هۆیەك دیاری بکەن کە شێخ بۆ ئەنجامدانی بچێتە بەغدا، کەرکوك یان چەمچەماڵ، ئەو جۆرە داواکردنە کە ئەو سەردەمە پێیاندەوت "ورقە جلب" تەنها بۆ لێپرسینەوە، گرتن، سزادانە. هەرواش دەرچوو! داواکردنەکەش دەگۆڕن بە "دەخاڵەت" مانای دەستەودامێن بوون، پەنابردن، داوای یارمەتی یا لێبووردن. ئاشکرایە شێخ خۆی ناخاتە داوی دوژمنەوە، رای گشتی نوێنەرەکانی گەل و پێشمەرگەو هاودەنگەکانی شێخ هاتە سەر ئەوەی ئەگەر مافەکانی کورد ئەمە بێت و حکومەتی کوردستانیش هەر بریتی بێت لە سلێمانی نامانەوێت. شێخیش دەڵێت (کەوابوو دەبێت بیسەلمێنین، ئێمە هەر خوا یارمەتیدەرمانە... بڕیارمدا بڕۆم بۆ کەرکوك و بەبازوی کورد ئەیخەمەوە سەر کوردستان و نەخشەی هەموو کوردستانی خواروو بەدنیادا بلاودەکەمەوە...).[٣٧٢] شێخ بۆ پاراستنی شارو گیانی دانیشتووان شەوی ٢٥ لەسەر٢٦ی مانگی ١٩٢٤/٥ لەگەڵ هێزەکاندا شار چۆڵدەکەن بەرەو دۆڵی سورداش، لەگەڵ ئەوەشدا دوژمنی قین لەدڵ ١٩٢٤/٥/٣١ ئەمجارەش سلێمانی بۆردومان دەکەن.[٣٧٣] شێخ مەحموود لە دۆڵەکانی سورداشەوە روودەکاتە خۆرهەڵاتی کوردستان، هێزەکانیشی لەمدیو، لە باشوور شەڕ گەرم دەکەن، لەکاروانێکی چەك و تەقەمەنی دەدەن لە کەرکوکەوە دەهات و دەستی بەسەردا دەگرن. گەمارۆی شارۆچکەی هەڵەبجە دەدەن و فەرمانڕەواکەی دەستگیر دەکەن، هێزەکانی پشدەر و رانیە بەسەرکردایەتی هەباسی مەمەد ئاغا و غەفوور خانی ناودەشت هێزەکانی دوژمن هەتا کۆیێ راودەنێن و لەوێش خۆ ناگرن، خۆیان گەیاندە سلێمانی.

لەنێوچەی هەورامانیش چەکدارانی جافرسان حەوت فڕۆکەی ئینگلیز بەردەدەنەوە (حەوت فڕۆکە لە شاخەکانی هەورامان کەوتن).[٣٧٤]

کامیل ژیر لەبارەی هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی هێزی ئاسمانی بەریتانیاوە بۆ سەر شارو گوندەکانی کوردستان و هێزەکەی شێخ مەحموودو بنکەکانیان دەڵێت نێوەڕاستی ئەیلوولی ١٩٢٠ دوو فڕۆکەی بەریتانیا بۆردومانی بارام ئاواو بەڵخە و چەند گوندێکی ناوچەی هەورامانیان کردووە. وەك باوکم بۆی دەگێڕامەوە هەمووی شازدە صالێك لەمەوبەرو لە ١٩٢٣/٣/٣ فڕۆکەکانی ئینگلیز ئەم شارەیان بۆردومان کردووەو هەر لەو صاڵەشدا ماڵی باپیرم شێخ جەلال لە سیتەك کە موفتی شارباژێڕ بوو، کەوتۆتە بەر بۆردومانی فڕۆکەکانیان. ڕۆژی ١٩٢٤/٥/٢٠ شاری سلێمانی بەخەستی بریندار دەکەن، بەر لەوەش ناوچەکانی بادینان بۆردومان دەکەن، ڕۆژی ١٩٣١/٣/٩ چوار هەزار گوللەی ڕەشاش و بیست و پێنج بۆمبیان لەدوورەوە گرتۆتە شۆڕشگێڕانی کورد، ١٩٣١/٣/٢٣ دەوروبەری خانەقین و بەتایبەتی هۆزێن و شێخان و کانی کرمانج و شاهوازی و باخ و هەنارو بێلوولەو قۆرەتوو، گوندەکانی عوسمان بەگی سەرۆك هۆزی شەرەف بەیانی و چیای سورخ و ناوچەکانی سەر رووباری عەبباسی بۆردومان کران. ڕۆژی ١٩٣١/١٢/٢٤ دوو فڕۆکەی ئینگلیز لەدوو جێگەوە پەلاماری هێزەکانی شێخ مەحموود دەدەن. ڕۆژی ٣/٣٠ چەند گوندێکی باشووری چیای قەرەداغ بۆمباران کران.

بەپێی بەڵگەنامەکانی ئینگلیز تەنها ئەو ڕۆژە ٩٥٢٠٠ گوللە ڕەشاشیان گرتۆتە سێ گوند لەو گوندانە، ١٩٣١/٤/١٥ هێزی ئاسمانی بەریتانیا بەتوندی و بێ بەزەیی بۆمبارانی ناوچەی ئاوباریك دەکەن. فڕۆکەوان گ.گاردنەر ڕۆژی ٤/٥ نزیکەی ٦٠ـ١٠٠ شۆڕشگێڕو ژمارەیەك وولاخی قەڵتاخ کراو بەدیدەکات لەناو دارودرەختەکانی باشووری ئاوباریکداو پەلاماریان دەدات و فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی پۆلی ٣٠، ٥٥ بەدرێژایی ئەو ڕۆژە ناوچەکە بۆمباران دەکەن. هەر ئەو فڕۆکەوانەش بوو ٣/٣٠ شۆڕشگێرەکانی لەگوندی بانی مورت دۆزییەوەو ڕۆژی ٤/٥ دەستنیشانی شوێنی شێخ مەحموودی کردووە لەئاوباریك و پەلاماری داون، ٤/١٧ بۆردومانی گوندی سەرکان و ٤/٢١ گوندی سیاگوێز دەکات و بەرامبەر ئەو هێرشانە بۆ سەر نەتەوەیەکی لێقەوماو و دابەشکراو و لاوازو بێ چەك، گاردنەر میدالیای ئازایەتی پێ دەدرێت.

فڕۆکەوان سیدنی جۆزیف کار، لەهێرشکردنە سەر ئاوباریك، بانی مورت و گوندەکانی ئەو ناوە ١٨٥ کاتژمێر فڕینی تۆمارکردووە. بۆردومانکردنی ماڵی شێخ مەحموود لەسلێمانی جۆنس ولیەمز، جێمس ڕۆب لە جەژنی کریسمسی ١٩٢٣ ئەنجامیاندا.[٣٧٥]

مامۆستا ئەحمەد خواجا دەڵێت (ئەو کاتەی شێخ سلێمانی چۆڵکردو روویکردە شاخ، بۆ راستکردنەوەی باری شێخ، سەید موحەممەد جەباری سەرلەشکری شێخ لە ناوچەی کەرکوك رادەپەڕێت و سوارەی جاف بەسەرۆکایەتی کەریم بەگ و تیرەکانی جاف و تیرەی سۆفیوەندی و ڕۆخزایی و تەڕخانی بەسەرۆکایەتی خەلیفە یونس و حمە علی ڕۆستم لەئاوباریك کۆدەبنەوە، سمایل عوزێریش بەسەرۆکایەتی محمودی فاتێ بەشێکی گرنگی هێزەکانی شۆڕش بوون).[٣٧٦] مامۆستا حیلمی لە هەڵسەنگاندنی شێخدا دەڵێت: شێخ

لەبەڕێوەبردنی کاروباردا کەم ئەزموون بوو! قوربان مامۆستای هێژا زویر مەبن، گەر وابووایە چۆن دەیتوانی ئەو هەموو سەردارەی کورد لەژێر سایەو فەرمانی خۆیدا کۆبکاتەوە. لەنێوان ئینگلیزو تورکیشدا ماوەیەك بەڕیشی هەردوو بەتایبەتیش لەوکاتەدا کە گلۆڵەی کەوتبووە لێژی و باری لاربوو چۆن ٢٦ سەرداری بەهێزی کورد بە سەرۆك و پێشەوای کوردستان هەڵیدەبژێرن؟ لەو باوەڕەدام ئەمڕۆ لەژیاندا بوویتایە و ئەو کەموکەیەت دەخوێندەوە لەسەر شێخ نووسراوە، بۆچوونێکی پێچەوانەتان دەبوو، زۆر رووناکبیری کورد لەوەدا هاوبیرت بوون و پەشیمان بوونەوە، هەر بۆ نموونە، مامۆستا تەهابان جوامێرانە وتی زۆر ناحەقیمان لە شێخ کرد.

مستفا کەمالی گورگەبۆر هەنگاوێکی نوێی بەجەرگی هاویشت و ١٩٢٤/٣/١ رژێمی خەلافەتی ئیسلام لەرەگوڕیشەوە دەردەکێشێت و سوڵتان و خەلیفەی موسوڵمانان، وەحیددین هەر دیکۆرەکەی دەمێنێتەوە. عەبدوڵڵای کوڕی شەریفی مەککە باوکی هاندەدا ئەو هەلە لەدەست نەدات و ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە بەپشتیوانیی بەریتانیا دژی تورك، بەڵام شەریف بەدەست ئینگلیزەوە ئەوەندە ناکامی بەسەرهاتبوو دوودڵ و شپرزەو بێ وورە بوو، چەندی دەکرد باوەڕی بەخۆی نەدەکرد بتوانێت پشت بەئینگلیز ببێتە خەلیفە. مێژوونووسی ئەڵەمانی فۆت میکۆت دەڵێت: لە ئەنجامدا ١٩٢٤/٣/٢٥ زۆر لەخۆی دەکات و بڕیاریدا لەجێگای وەحیددین بانگی خەلافەت بدات. ساڵی ١٩٢٥ ئینگلیزەکان دەستیان بەسلێمانی نەدەگەیشت، وەك رێگاچارەیەك مەجید یاقوبی لە شێخ مەحموود توندەکەن کە دوژمنێکی سەرسەخت و خوێنەخۆری بوو، دەیکەنە موتەسەرِیفی کەرکوك، بەڵام هەر ئەوەندە هەڕەشەنامەکەی کەریم بەگ و سەید موحەمەد جەباری پێدەگات، ١٩٢٥/٩/٢١ بە پەلە بە ماڵ و منداڵەوە خۆی دەگەیەنێتەوە بەغداد.[٣٧٧]

بەریتانیا توانی کێشەی موسڵ لەبەرژەوەندی خۆی بەلادا بخات، رۆژی ١٩٢٥/١٥/١٢ ویلایەتەکە خرایە سەر (عێراق) و شێخ هەر ئەوەندە فریا دەکەوێت پێیان بسەلمێنێت پەیوەندی لەگەڵ تورکدا پچڕاندووەو نوێنەرەکانیشی ناردوونەتەوە، بەڵام هەر ئەوەندەی تورکەکان ساڵی ١٩٢٦ بەفەرمی دەستیان لەموسڵ هەڵگرت ئیتر ئینگلیز کارێکیان بەشێخ نەمابوو، سووك و ئاسان ئاگاداری دەکەن لەقوژبنێکی دوورەدەست لەئێران دانیشێت، ئەوەش لەگەڵ عیززەتی نەفسی شێخدا نەدەگونجا.

**ئەوەندە بەرزو بڵندە ئاشیانی عیززەتی نەفسم**
**بەعاری تێدەگەم بوونم لەژێر تەئسیری دەورانا**

دوای ئەوەی شێرەکەی ئینگلیز، مەجید یاقوبی هەر زوو دەبەزێت، ئینگلیز مێجەر ئەدمۆنس سەرپەرشتیاری بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی دەهێننە بەرامبەر شێخ کە زۆر لە یاقوبی پتر ناحەزی شێخ بوو، وەك دەڵێن شێخ لەکاتی باڵادەستیدا، لەسزای چەند کارێکی نابەجێدا ئەدمۆنس، پشتاوپشت سواری گوێدرێژ دەکات و بەنێو شاردا گێڕاویانە! ئەدمۆنس یەکەمین هەنگاوی ئەوە بوو، نامەیەکی توندوتیژو هەڕەشەئامێز دەنێرێت بۆ شێخ کە لە هەموو ژیانیدا نامەی وەهای بۆ نەنووسرابوو: ئێوە کە پەناتان بۆ حکومەت نەبردووە، دووای چواردە رۆژ لەوەرگرتنی ئەم نامەیەوە هەرچیتان هەیە دەستی بەسەردا دەگیرێت

و بەئاشكرا دەفرۆشرێت.

هێزەكانی شێخ لەو دەمەدا، ساڵی ١٩٢٥ لەكورتی و بێ هێزیدابوو، بەسەریەكەوە بریتی بوو لە ١٠٠ تفەنگی سروچك، ٨٠ تفەنگی بەرزنجە، حەفتای هەمەوەندو پەنجای شارباژێڕ، گەرمیان و پشدەریش هەر (٥٠٠) چەكدار دەبوون. تەنها لە شەڕەكەی كەناروێدا بیست پێشمەرگەیان شەهید دەبن كە بەشایەتی ئینگلیز خۆیان، هەریەكەو چەند فیشەكێكیان لەفیشەكداندا مابوو.

هێزە ئاشوریەكەش (لیڤی) كەهێزێكی تایبەت بوو، ئەركەكانی ئەوە بوو چاودێری و سۆراخی هێزەكەی شێخ بكات و رێگاكانی هاتوچۆكردن و ئەو گوندانەی تێیدا دەمێننەوە دیاری بكات. هێزە لیڤییەكە لە ٢٠٠ سوارو ٥٠ پیادەی تێروتەسەل و پڕ چەك و تەقەمەنی و ئازووقەی چاك و وولاخ دامەزرابوو، خەلاتێكی ٢٠ هەزار روپێ بۆ گرتن یا كوشتنی شێخ و (١٠) هەزاریش بۆ كەریم بەگ و سابیری كوڕی تەرخانكرابوو لەماوەی شەش مانگدا جێبەجێ بكرێت.

نوێنەری بالای بەریتانیا لە بەغدا، كۆتایی ساڵ ١٩٢٦ لە خورماڵ چاوی بە شێخ دەكەوێت و پێی دەڵێت: (ئیتر بەسیەتی بەگوێم بكەو بچۆ لەئێران دانیشەو داهاتی موڵكەكانت بۆ دەنێرین، خۆ ئەگەر ئەوەش ناكەیت بچۆ لە بەغدا دانیشە).

هەرچەند شێخ توانای بەرەنگاریكردنی نەمابوو، بەلام دەیویست بەهێزو دەسەلاتێكەوە لە پێنجوێن دانیشێت، ئەوەش بۆ ئەوان دەستی نەدەدا، شەڕ دەست پێدەكاتەوە... زۆری بۆ دەهێنن دەچێتە ئەودیو سنوور و لە هەورامان و مەریوان خەریكی كۆكردنەوەو رێكخستنەوەی هێز دەبێت سەرلەنوێ پەلامار بداتەوە، بەو هۆیەوە نێوانی لەگەڵ شای ئێراندا خۆش بوو، رێگەیان لەو جموجولەی نەدەگرت، بەلام بۆ كلۆڵی شێخ دوو سەردارو خاوەن لەشكرو لەهەرە دڵسۆزەكانی، مەحموود خانی دزلی و مەحموود خانی كانی سانان كە هەمیشە پشتوپەنای بەهێزی بوون بەهۆی شەڕی نێو خۆیانەوە ناپەرژێنە سەر شێخ. لەولاشەوە فەیسەڵی شای عێراق بۆ چاوپێكەوتنی شای ئێران دێتە مەریوان و داوا دەكات رێگەی نەدەن بنكەو بارەگاكانیان لە ئێران دامەزرێنێت و لەژێر باڵی ئێوەدا پەلامارمان بدات.

مانگی ١٩٢٨/٤ هێزەكانی بەریتانیا و عێراق دەست بەسەر پێنجوێندا دەگرن و لەگەڵ شێخ لەسەر ئەوە پێك دێن لە گوندی پیران دانیشێت و بێ رەزامەندی نەیەتەوە ئەمدیو دەست نەخاتە كاروباری ولاتەوە، موڵكەكانی دەدرێنەوەو بابە عەلی كوڕیشی دەنێرن بۆ خوێندن.

خوێنەر بەسانایی هەست دەكات، دوژمن زۆر بەنەرمی لەگەڵ شێخ دەجوولێنەوە، هۆیەكەش ئەوەیە، گەر بیگرن یا لەنێوی بەرن، ئەو خوێنەیان بەئاسانی لەمل نابێتەوە بەڵگەی ئەوەش دەداتە دەست تورك كە كوردی باشوور لە ژێر فەرمانی حكومەتەكەی عێراق نارازین، فەیسەڵیش كە سیاسەتمەدارێكی بە ئەزموون بوو نەیدەویست پەیوەندی لەگەڵ شێخ بپچڕێنێت، بەڵكو دانیشتنەكەی بكاتە بەڵگە كە مافەكانی كوردی وەرگرتووەو ئیتر پێویست بەدرێژەپێدانی مانەوەی ئینگلیز ناكات، كە بۆ زیاتر مانەوەی خۆی حەزی بەووردە شەڕو نائارامی دەكرد.

کە شێخ چەکی دانا، خەباتی جەماوەری دەست پێدەکات، دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێت سەدان دۆکیۆمێنتی بەریتانیەکانی لەبەردەستدایە، کە ژمارەیەك ڕێکخراوی نوێ دامەزران و لەهەموو لایەکەوە بروسکەیان بۆ بەغدا، لەندەن، کۆمەڵەی نەتەوەکان دەنارد داوای جێبەجێکردنی مافەکانی کوردیان دەکرد.(٣٧٨)

پەیمانەکەی ساڵی ١٩٣٠ نێوان بەریتانیاو عێراق یەکێك لە ئامانجەکانی پێشێلکردنی مافەکانی عارەب و کوردو درێژەدان بوو بەماوەی سەرپەرشتیکردنی کاتی (وصاية) عێراق، بۆ ئەو مەبەستەش دەستیان لەکارەکانی ئەو لیژنەیە وەردەدا کە کۆمەڵەی گەلان ناردبوونیە کوردستان، ئەگینا کۆمەڵەی گەلان دانی بەمافەکانی کوردا نابوو، چاوەڕوانی ساغکردنەوەی چەند لایەنێکی دیمۆگرافی و رامیاری دەکرد بۆ بڕیاردانی

## دامرکاندنەوەی شۆڕشەکانی مەلیکی کوردستان

شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان لەو رۆژگارە سەختەدا، بەسەر حکومەت و شۆڕشەکەیدا هات و لەو هەلومەرجە ناوەکی و دەرەکییە نالەبارەی گەمارۆی کوردی دابوو هێشتا چۆکی نەلەرزی و وورەی بەرنەدا، دووا تیری لەکەوان هاویشت ئاڕاستەی سنگی دوژمنی بکات. لە کۆبوونەوەکەی گوندی (وڵەژێر) بەئامادەبوونی سەرۆك هۆزەکان، سەردارو سەرکردەکانی لەشکر، خانەدان و ناودارانی کورد و رووناکبیران، شێخ بارودۆخی شۆڕش و بەرنامە هەنووکوییەکەی دەخاتە بەردەم هەمووان (وەزعی گشتی کوردستانی تێگەیاندن و پێی وتن ئەگەر فریای خۆمان نەکەوین هیچ کەس فریامان ناکەوێت، پێویستە دەستێکی گەورەو گران لە دوژمن بوەشێنین، چونکە وەزعی شۆڕشەکەمان باش نییەو تا بێت بەرەو خراپتر دەڕوات. پێویستە هێزەکانمان کۆبکەینەوەو لەژێر فەرماندەیی ئەفسەرە شارەزاکاندا پەلاماری دوژمن بدەین لەناوچەی پێنجوێن و شارباژێڕیشیان (شارباژێڕی) لێ بسێنینەوە... بۆ ئەوەی ناچار بێت گفتوگۆمان لەگەڵدا بکات و دان بەمافەکانماندا بنێت).(٣٧٩)

نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراق و شا فەیسەڵ کوڕی حوسەین پێکەوەو جیاجیاش جۆرەها پلانیان لەژێر سەردابوو، شێخ ئەو رابەرە نەبوو ئەوان بۆی دەگەڕان، ئەو کاتێك لەوپەڕی بێ هێزیشدا بوو هەر سوور بوو لەسەر مافەکانی کوردو ئامادەی سازش نەبوو، بۆیە دەستی لێ دەشۆن و هەموو پەیوەندییەکیان لەگەڵدا پساندو بەئاشکرا کەوتنە پلان گێران و ئەو کوردانەش کە چەند ساڵێك بوو خەریکی رامکردنیان بوون و بەخەروار رووپێیان(٣٨٠) بۆ هەڵدەڕشتن و دژی شێخ بەکاریاندەهێنان. ئەوانە لەڕێبازەکەی شێخ و شۆڕش لایانداو چوونە پاڵ دوژمن (بەشێك لە پشدەرییەکان بوونە لایەنگری ئینگلیز، شێخە چەفتە زلەکانی سەنگاوو قەرەداخ، تاڵەبانی و هەندێك لە عەشرەتی داوودە، شێخانی جەباری، کانی کەوە، کرپچنەی لێدەرچێت، بوون بەنۆکەری دەسەڵاتدارانی ئینگلیز لە کەرکوك و کفری).(٣٨١) هەرچەند هەموو ئامادەبووەکانی کۆبوونەوەکەی گوندی وڵەژێر (سوێندیان خواردبوو، تەنها لەشکری مەریوان و هەورامان و حەمە کەریم بەگی کانی هەرمێ و شێخ محەمەد سەعیدی کۆنە پۆش ئامادەبوون و راستیانکرد "دڵسۆز بوون").(٣٨٢) بەهەشتیی شێخ لەتیف لە یادداشتەکانیدا بۆ یەکەمجار نهێنیەکی گەورە دەخاتەڕوو،

نووسیوویەتی (ئەم ئەفسەرانەی لەشکری کوردیش خیانەتیان لە سەرکردایەتی شۆڕش کردو بە ٧٠٠ حەوت سەد سەربازی کوردەوە چوونە ناو لەشکری ئینگلیز:

١ـ خالید سەعید ٢ـ رەشید سۆفی غەفوور ٣ـ عەلی کوردی

٤ـ ئیبراهیم زووری ٥ـ عەبدولعەزیز ئەفەندی ٦ـ فوئاد مەستی

٧ـ مەجید خانەقینی. شێخ قادری برای شێخیش واز لە شۆڕش دەهێنێت (چەك دادەنێت) و لەگوندی تەنگیسەری قەرەداخ دادەنیشێت، لەولاشەوە دەسەلاتی ئوزدەمیر لەڕەواندزو ناوچەی رانیە بلاوبووبووەوە[٣٨٣]... ئەم هۆیانەو گەلێك هۆی دیکەش بوونە هۆی (سەرنەگرتنی پلانی هێرشە گەورەکە).[٣٨٤]

دووا بڕیاری نوێنەری بالای ئینگلیز لەعێراق، ویلسن بەرامبەر شێخ هاتە سەر ئەوەی لەقوژبنێکدا لەئێران یا عێراق سەری خۆی کز بگرێت و دانیشێت، دەست بەکلاوی خۆیەوە بگرێت، ئەوانیش تۆلەی راپەڕین و دژایەتیکردنی بەریتانیای مەزن و ئەو خوێنەش کە رشتوویەتی لێناکەنەوە ئەگەر مل لەچەقۆ نەسوێت و پارێزگاری ژیان و تەندروستی خۆی بکات (دەبێت نەچێتە ناو ئیش و کاری سیاسییەوە، باسی مەسەلەی مافی کوردیش نەکەیت و هەتا سێ ساڵی تر لەگوندی پیران ئەمێنیتەوە "بمێنێتەوە")[٣٨٥] ئەوجا دووای ئەو سێ ساڵە چاوەڕوانی بەزەیی و دلفراوانی ئێمە بکە! شێخ لەبەرامبەر هەلوێستی دوژمنانەی ئینگلیزدا ساڵی ١٩٢٧ و دووای ئەوە دوو ساڵ پتر بەدوورخراوەیی لەگوندی پیران لەسەر سنووری ئێران و عێراق بەسەر دەبات نامەیەك بۆ راوێژکاری کاروباری بەڕێوەبردن لەعێراق، کاپتن هۆلت دەنێرێت کە بەهەشتیی شێخ لەتیفی کوڕی شێخ لە یادداشتەکانیدا بەم جۆرە نووسیوویەتی: (زۆر بەپێویستم زانی بەچەند کەلیمەیەك خۆم مەوزوعتان بۆ بکەمەوە، ئومێدەوارم بەنەزەری دیققەت و مەرحەمەتی ویژدانیتان مولاحەزەی بفەرموون. ئەوەندە پەیوەندیم بەسیاسەتی نیشتمانپەرستییەوە هەیە وا بۆ چەند ساڵێك کە حکومەتی فەخیمەی بەریتانیا وە خاسەتەن جەنابی عالیتان زۆر چاك شارەزای رەوشت و وەزعی من بوون کە لەهیچ کاتێکدا دەست لەحەقی میللەتەکەم و لوتفی ئێوە هەلناگرم، عەلاوەتەن من لەو رۆژەوە ئینتسالی (ئیمتیسالی ـ أمتثال. ن. ك) ئەمری مەقامی مەندوبی (سامی)م کردووە تەقریبەن سێ ساڵە لەسەر وەعدی وەعیدی موفەووەزی حوکومەتی فەخیمە تەبلیغ کرام کە ئەم حەقە سەریحە کە بە قەومی کورد دراوە لەپاش دوو ساڵ ئەدرێ... (دەی هەزار سلاو لەگیانی شێخی نەمرو شاعیری کوردپەروەر شەهید ئەحمەد موختارجاف کە فەرموویەتی:

**(ئەم قەراری عوصبەیە خەلکی ئەلێن بۆ کورد ئەبی**

**هەر قسەی روتە قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە)**

من لەو تەئریخەوە لەسەر ئەمری فەخامەتی مەندوبی سامی حەرەکەتم کردووەتە حدود، وا دوو ساڵ تەواو بوو، بوو بە (٣) ساڵ وەعدی حکومەت نەکەوتە فیعلەوە، جارێ من هەر چاوەڕوانم بە خۆشی لوتفتان. بینائەن عەلەیهی گەلی جار عەرزم کردوون کە من ئەم مەوقیفەم بۆ شەرەف و بۆ حقوقی قەومی کورد ئیختیار کردووەو لەزەتی دنیاو زینەتی (زیللەتی. ن. ك) مەحزوونیم بۆیە حاسلّ کردووە بۆ رۆژێك کە

کوردستان بەکورد بدرێتەوە. عەجەبا حەیاتی من لێکبدەنەوە چ نزارێك (نەزەرێك. ن. ك) تەسەور ئەفەرموون. من هەموو کاتێ دۆستایەتی جەنابتانم پێ خۆشە، بۆیە سەدەماتی (پێدەچێت خەلەجات یا خوتوورات بێت. کە لە عارەبیدا " خَلَجات، خواطِر"ە و کورد لەو سەردەمانەدا بەختوورە وەك دڵت ختوورە نەکات یا خوتوورات وەك ختوورات بەدڵتدا نەیەت. ن. ك) فیکری خۆشتان (خۆمتان) عەرز دەکەم. ئەمە موددەی صالێکە لەگەڵ جیهەتی ئیسلامی و عەرەبییەوە ئەیانەوێ دۆستایەتییان بکەم، هەتا (مەبەستی لە حەتتاـ حَتی ـ تەنانەت. ن. ك) عیراقییەکان بۆ ئەم خوسووسە هەر لەگەڵم خەریك بوون کە مومکینە لەسەر ئیعازی ئێوەش بووبێ، بەڵام شتێك ئایا لەتەرەفی برایانی عەرەب و ئیسلامەوە، وە یان لەلای ئێوەوە کە حقووقی میللەتەکەم مسۆگەر نەکات قەتعییەن من ناتوانم دەستی هاوکاری بۆ درێژ بکەم...

ئەمڕۆ میللەتانی عەرەب حەقی داوای حەقی (حقووقی. ن. ك) خۆیان هەیە لەئەرزی خۆیانداو هەروەها میللەتانی تریش داوای سیادەت و حەقی خۆیان ئەکەن. تەبیعی حکومەتی فەخیمەی بەریتانیا بڕوام نیە ویجدانی خۆی موعەززەب بکات و رێگەی ئەوە بدات کە حەقی میللەتێکی تر بخاتە قورگی میللەتێکی ترەوە. ئەو میللەتانەی داوای بەشی خۆیان دەکەن ئەوەندەی ئێمە شەهیدی وەتەنیان نیە، کە نەبێ (کە هەر نەبێت) هەموو بەردێك لەم شاخانەدا شاهیدی ئەم کەلیمەیەی منە (منن)، عەجەبا حوکومەتی بەریتانیا چۆن قوبووڵ ئەکات قەومێك کە لەعێراقدان بەمەعنای (عِرق) لە جنسی موتەنەوویعەن ئیدیعا حوقووقی وەتەنی (وەتەنیی. ن. ك) خۆیان بکەن لە جیهەتێکەوە، وە لە جیهەتێکی ترەوە ئێمە کە کوردین ئەجنەبیمان تێدا نییە لەولاتی خۆماندا ئەبێ بۆچی گرفتاری ئیتاعەی ئەمری ئەقوامی تر بین...من ریعایەتی ئەمری ئێوەم کردووە، وەکو جاران لەتەبیعەتدا عەسەبی نیم و لەو کەرەتەوە چاوم پێتان کەوتووە ئارەزووی دۆستایەتی و ئیتاعەی تەواوم هەیە بەمەرجی کەرۆشنایەك تەسبیت بکرێت بۆ قەومەکەم. هیوادارم لە جوابی ئەم نامەیەدا نابێ عاجز بن وە بەچاوێکی مەرحەمەت موتالەعەی ئەم چەند کەلیمەیەم بفەرموون. ئومێد ئەکەم و چاوەڕوانی جەوابم.

مەحموود

کۆتایی کانوونی یەکەمی ١٩٢٧ [٣٨٦]

## سەبارەت بەو نامەیەی سەرەوە دەمەوێت دوو خاڵ روون بکەمەوە:

یەکەمیان، نامەکە وەك دەقێکی دۆکومێنتی خراوەتە بەردەست خوێنەران، لەڕاستیشدا شەقڵی قەڵەمی شێخی پێوەیەو پێدەچێت بەدەستی پیرۆزی خۆی نووسیبێتی کە خوێندەوارییەکی چاك و دەستی هۆنراوەشی هەبووە. لەکۆتایی نامەکەشدا ورەی بەرزو کۆڵنەدان و بەردەوام پێداگرتن لەسەر مافەکانی کورد ئاشکرا دیارە کە هەست و نەستی خودی شێخ و بەرنامەی بوو لەژیان و خەباتداو وەك کاکڵەو ناوەڕۆك زادەی بیروبۆچوونی ئەو شۆڕشگێڕە سوارچاکەی کوردە، نامەکەی نەخشاندووە، گەر وابێت ئاخۆ لەو رۆژە رەشەدا چاوەڕوانی چی لەسەرکردەیەك دەکرێت لەبەرامبەر دوژمنێکی زلهێزی وەك بەریتانیای مەزندا تووشی هەرەس بووبێت پتر لەو جوامێریی و سەربەرزییەی شێخ.

دەگەڕێمەوە سەر چەند کۆپلەیەکی نامەکە ((لەهیچ کاتێکدا دەست لەحەقی میللەتەکەم و لوتفی ئێوە هەڵناگرم))، ((...حوقوقی میللەتەکەم مسۆگەر نەکات قەتعییەن من ناتوانم دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەم))، ((لەولاتی خۆماندا ئەبێ بۆچی گرفتاری ئیتاعەی ئەمری ئەقوامی تر بین))، ((ئارەزووی دۆستایەتی و ئیتاعەی تەواوم هەیە بەمەرجێك رۆشناییەك تەسبیت بکەیت بۆ قەومەکەم)) بۆ دڵنیاکردنیشیان کە وەك جاران سەرگەرم و کەم چیکللانە نیە، دان بەوەدا دەنێت کە ((وەکو جاران لەتەبیعەتدا عەسەبی نیم)).

دووەمیان: نامەکەم وادێتە بەرچاو شێخ لەتیفی بەهەشتیی کاتی خۆی لە سەردەمی باوکیدا خوێندوویەتییەوەو دواتر بەهۆی ئەو هەموو چەرمەسەرییەی بەسەر خێزانەکەیدا هات نامە ئۆرگیناڵەکە لەناوچووە، یان هەر لەدەمی شێخی بیستووەو لەکاتی نووسینەوەی بیرەوەریەکانیدا ئەوەندەی لەبیر ماوە، یان بەو جۆرە لە مێشکیدا رەنگیداوەتەوە، دوای مەرگی شێخ لەتیفیش لە ١٩٧٣دا بە ٢٢ بیست و دوو ساڵ بەڕێز کەمال نوری مەعروف یادداشتەکانی ساغکردووەتەوەو کەم و زۆر بەناچاریش لەڕووی دڵسۆزییەوە بەپێی یاسای "ڕزگارکردنی ئەوەی دەتوانرێت رزگار بکرێت" لەلایەن شێخ لەتیفەوە، یان کاك کەمالەوە، یان هەرکەسێکەوە، پینەوپەڕۆ کراوە، ئەوەش بەوهۆیەوە کە بەشێکیان دڕابێت، یا سوتابێت، یا مشك و مارو مێرو خواردبێتی، شێ و دڵۆپەو شاردنەوەی لەژێر خاکدا دەستی خۆی لێوەشاندبێت. خوێنەری ژیر کە ئاگاداری شێوەنووسین و دەربڕین و ڕێنووسی سەردەمی شێخ مەحموود بێت، هەستدەکات ئەو دەقانەی دوتوێی یادداشتەکان، مەبەستم دۆکۆمێنتەکانە، هەردوو شێوەی کۆن و نوێی تێدایە، وەك چۆن شوێنەوارێکی دێرین کە بەشە رووخاوەکانی چاکدەکرێتەوە، ئاشکرا دوو جۆر کەرەسەی بیناسازی پێوە دیارە. بۆ نموونە: دەستی یارمەتی، مسۆگەر، چاوەڕوانی، ئارەزوو، ولات، مەرج، کات، رەوشت، کانوونی یەکەم... ئەو جۆرە ووشانە لەسەردەمی شۆڕشەکانی شێخدا هێشتا بەکار نەدەهێنران بەڵکو بەرامبەر دەستی یارمەتی ((موعاوەنەت))، مسۆگەر ((زامن))، چاوەڕوانی ((ئینتیزار ـ أنتظار))، ولات ((وەتەن))، مەرج (شەرت ـ شرط))، کات ((وەقت))، رەوشت ((أخلاق))، چەك (سیلاح))، کانوونی یەکەم ((کانون أول))...هتد. ئەو ووشانەش زۆرتر خوێنەوارەکان و رووناکبیران ((مونەوەر ـ منۆر))و لە نووسینی رۆژنامەکاندا بەکاردەهێنران.[٣٨٧] باسەرنجێك بدەین چۆن شاعیرانی کورد دوای سەردەمی شۆڕشی شێخیش وەتەن بەمانای ولات بەکاردەهێنن:

بێکەس: ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە
وەقتی بەندیتی و ئەسارەت پێ بەندو کۆتەوە
بێخود: چەند شیرینە لام داروبەردی وەتەنم
بەفیدای ئەکەم سەرو گیان و بەدەنم
شاعیرانی دیکەش وتوویانە:
ئارەزووی فیکری سیاحەت ناکەم ئیتر ئەی وەتەن

تۆ لەجێگەی قاهیرەو تاران و بەرلینی منی
وەتەنی من کوردستانە لانەی شێری ئەجدادمانە
یا ئەی وەتەنی کوردی عەزیز...

دەڵێم ئەو ووشە گەلی، دەستی یارمەتی، مسۆگەر، چاوەڕوانی، ولات، لەو نامەیەدا لەگەڵ ووشەگەلی جەنابی عالی، نەزەر، دیققەت، عەجەبا، موتەنەوویعە، کەلیمە، قەتعییەن، خوسوسەن، قەوم، ئەقوام کە ئەو سەردەمە بەمجۆرە دەنووسران: جناب عالی، نظر، دقت، عجباً، متنوعە، کلمە، قطعیاً، خصوصاً ـ خصوصن، قوم، أقوام، پێکەوە لەگەڵ وەعدی وەعید، ئیمتیثال، فەخیمە، بینائەن عەلەیهی ناچنە جەواڵێکەوەو دەگەڕێنەوە بۆ دوو سەردەم یان قۆناغی جیاواز و پێش و پاشی یەکتر، ئەوەشمان بیر نەچێت ووشەی مەوقیف ـ موقف وەك زاراوەیەکی رامیاری هێشتا لەزمانی عارەبیشدا بەکار نەدەهات. وەك نموونەیەکی زیندووی بیرەوەری خۆمیش، جوان دێتەوە یادم شێوەی نووسین و دەربڕین و رێنووس جگە لە پەرتووکی قوتابخانە سەرەتاییەکان،(٣٨٨) لەساڵی ١٩٥٦دا کە شێخ مەحموودی نەمر ماڵئاوایی لە کورد کرد، من تەمەنم نۆ ساڵان بوو، باوکم کە نامەی خزمانی بۆ دەهات یان بۆی دەنووسین بەمجۆرە بوون:

سەرەتای نامەکە دەنووسرا بۆ جەنابی موحتەرەم یان بۆ برای عەزیزم...

پاش عەرزی دوعاو سلام أگەر أحوالمان سؤال أکەن الحمد لله ساغو سلامتین سلامتی أیوش لەخوای گەورە طلب أکەین... لەکۆتایی نامەکەشدا دەنووسرا: باقی حورمت. مخلص فلان. ئەم شێوە نووسین و رێنووسە بەگشتی لەناو کورددا باو بوو هەتا بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوولی مەزنی ١٩٦١ کە گۆڕانێکی بنەڕەتی و خێرای لەگەڵ خۆیدا بەسەر شێوەی دەربڕین و نووسین و رێنووسدا هێنایە ئاراوەو بۆ نموونە ئەم ووشەگەلەی خستە نێو زمانی گفتوگۆو ئاخاوتن لەجێگەی ووشە کۆنەکان:

شۆڕش، شۆڕشگێڕ / سەورە (ثورة)، سەوری (ثوري)

پێشمەرگە (پ. م) / فیدایی (فِدائي ـ أنصار)

چەك، ئازووقە / سیلاح (سِلاح) زەخیرە (ذَخیرة)

لەشکر، لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان (ل. ش، ك) / جەیش (جیش، جیش تحریر کوردستان) (ج، ت، ك)

هێز ـ ئامیرهێز (فەرماندەی هێز) / لیوایەکی سەربازی. آمر لِواء

بەتالیۆن ـ ئامیر بەتالیۆن (فەرماندەی بەتالیۆن) / فَوج، آمر فَوج

لق ـ سەرلق / سریە، ئامیر سریە

پەل، سەرپەل / فەصیل، ئامیر فەصیل

دەستە، سەردەستە / حەزیرە، ئامیر حەزیرە

سەنگەر / خەندەق (خَندَق)

هێرش، کشانەوە ـ پاشەکشە/ هجووم (هجوم)، ئینسیحاب (أنسحاب، تراجُع)
بەرگری، بەرگریکردن/ دیفاع (دفاع)، مقاوەمە (مقاؤمة، نَصَدّي)
سەرۆك، پێشەوا / رەئیس، زەعیم
لیژنە، رێکخراو، پلە/ لیجنە، موننەززەمە، مەنسەب
ناوچە، لیژنەی ناوچە، لیژنەی لق/[٣٩٨] مەنتیقە، لیجنەی محللی، لیجنەی لیوا
شانە، ئەندام، پاڵێوراو، لایەنگر، دۆست/ خەلییە، عوزو، مورەششەح، موئەیید، موتەعاتیف
کۆبوونەوە، ئابوونە، رێکخەر / ئیجتیماع، بەدەل عوزوییەت، مونەززیم
باوەڕ، بیروباوەڕ، راپۆرت / فیکر، مەبدەء، تقریر ـ مەحزەر
گەل، نەتەوە، جەماوەر، دروشم، خۆپیشاندان/[٣٩٠] شەعب، ئوممە، جەماهیر، شیعار، موزاهەرە
نهێنی، نهێنی شەو، خەباتی نهێنی/ سڕ، سڕللەیل، نیزالی سڕی
تێ بینی (تێبینی)/ مولاحەزە
ناپاك، جاش، تابووری پێنج، هێڵی لار/ خائین ـ غایەن، غەیرە نیزامی، موندەس، خەت مائیل
زیان، تۆڵە، قوربانی، قوربانیدان، شەهید/ زەرەر، ئینتیقام، زەحییە، تەزحییە، شەهید
پلان، تاکتیك، ستراتیژ/ خیتتە، هەدەفی مووەققەت، هەدەفی سابیت
فەرمان، بڕیار، سزا، سەرزەنشت، پۆزش/ ئەمر، قەرار، جەزا، تەوبیخ، عوزر
پارتیزان، شەڕی پارتیزانی (شەڕی چەتەگەری)/ عیصابە، حەربی عیصابات
سەرباز، سەربازگە، ئەفسەر، تانك، زرێپۆش[٣٩١]/ عەسکەر ـ جوندی، مەعەسکەر، موسەففەحە، مودەررەعە، دەبابە
بروسکە، بێتەل، تەتەر/ بەرقییە، لاسلکی ـ جیهاز، پوستەچی سڕی
بەیانی باش...شەوباش / مەرحەبا ـ سەلاموعەلەیك
سوپاس، تکایە، ببورە، بەیارمەتی / تەشەکور، مەمنوون، عەفو، بەموساعەدە
ئەرك، ئەرکی سەرشان، ئەرکی نیشتمانی / واجب، وەزیفە، واجبی وەتەنی[٣٩٢]
ئەرك و ماف، ئەرکی ماڵەوە، دیسپلین / حقوق و واجبات، سەعیکردن، زەبت و رەبت
دیاری، پێشکەش، نامە، نامەهەڵگر، نامەبەر/ هەدییە، تەقدیم، کاغەز، پۆستەچی
پرسیار، وەڵام، تیپ، پیت، ووشە، رستە/ سوئال، جواب، فیرقە، حەرف، کەلیمە، جوملە
کار، ناو، ناوبانگ، کارو فرمان/ فیعل، ئیسم، شوهرەت، عەمەل (نامەی ئەعمال)
قوتابخانە، مامۆستا، قوتابی، وانە/ مەکتەب، موعەلیم (ئەفەندی) مەکتەبلی، دەرز
پێنووس، پەڕاو، پەرتووك، تەختەڕەش/ قەڵەم، دەفتەر، کتێب، سەبوورە، لەوحە
نامە، پەڕە، ئێستگە، هەواڵ، دەنگوباس/ کاغەز (قاقەز)، وەرەقە، محەتتە، ئیخبار
بەڕێز، ئاڵا/ موحتەرەم، بەیاخ، بەیداخ، عەلەم

هەق، ماف، ئۆتۆنۆمی، داخوازی / حەق، حوکمی زاتی، مەتالیب

لێرەدا نابێت رۆڵی گرنگ و پرشنگداری بەرچاوی رۆژنامەو گۆڤارەکانی بەر لە شۆڕشی ئەیلوولبیش لەبەرچاو نەگرین بێپەروا لەچەندین لایەنی زمانەوانی، وێژە، مێژوو، کەلەپووری نەتەوەییەوە چەند شارۆیەکیان خستە سەر خەرمانی کەلەپوورەکە، کە سەرەتای ئەو هەولانە بوون دوواتر لەسەردەمی چەند ساڵێکی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨و پانزە ساڵ تەمەنی پڕ شکۆی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ درێژەیان پێداو بەرەو تەواوکردنیان دەبردو شارۆی خۆیان هاویشتە سەر... وەك گۆڤاری گەلاوێژ، هیوا، شەفەق، شارەوانی سلێمانی و رۆژنامەی ژیان، ژیانەوە، ژین، خەبات و رۆژی نوێ... لەو بوارانەدا جێگە پەنجەی ئێستگەی رادیۆی کوردی لە بەغدا و بەرنامە سەرکەوتووەکانی و دەنگی بێژەری هەڵکەوتوو شێخ حوسەین قەرەداخی و ووشەکانی هەواڵ و دەنگوباس و کورتەو درێژەی هەواڵەکان و ئاژانس و هتد و دەنگە بەسۆزەکەی هونەرمەند رەفیق چالاك لە "تەمسیلی" ئەحمەد بەگی کۆماسیدا کە دەیچڕان:

خالۆ هۆ خالۆ، خالۆی تفەنگ لە شان

بۆ گەرمیان ئەچی یاخود بۆ کوێستان

لەدوورەوە هاتووم بناسە دەنگم

خۆڵی غەریبی نیشتووە لەڕەنگم

یا دەنگە بەسۆزەکەی دوو ئافرەتی هونەرمەندو رێچکەشکێن بەیجەخان و دایکی جەمال، دەنگی هونەرمەندان قەرەداخی و چالاك و هاوکارەکانیان ئێستاش لەگوێدا دەزرنگێنەوەو[٣٩٤] دەنگە بەسۆزەکەی شوکروڵڵای بابان لەڕادیۆی کرماشان و شێوە بەسۆزەکەی هۆنراوە خوێندنەوە یادێکی زیندووە. ساڵی ١٩٧٠ و چوار ساڵەکەی ماوەی جێبەجێکردنی رێککەوتنەکەش جولاندنەوەو چالاکی رووناکبیری کورد لەگشت لایەنەکانی زمان، زمانەوانی، رۆژنامەگەری، هونەر، وێژە، مێژوو، لێکۆڵینەوەی ووێژەیی و هونەری و زانستی، هەنگاوی گورج و بڵاوی هاویشت و لەو ماوە کورتەدا هێندەی هەموو مێژووی چاپەمەنی کوردی تا ئەو کاتە، رۆژنامەو گۆڤارو کتێب چاپ و بڵاوکرانەوە.[٣٩٥] ئەو قۆناغەش باوەشێك ووشەو دەستەواژەو زاراوەو دەربڕینی نوێی چەسپاند، بۆ نموونە ووشەی ماف وەك زاراوەیەکی کۆمەڵایەتی، یاسایی، رامیاری ـ کودەتا، راسترەو، چەپڕەو، بلۆکی خۆرهەڵات ـ کۆمۆنیزم، بلۆکی خۆرئاوا- کاپیتالیزم، سەرمایەداری، هونەر، وێژە، مێژوو، مێژوونووس، رۆژنامە، گۆڤار، نووسەر، سەرنووسەر، ستوون، چیرۆك ـ چیرۆك نووس، رۆمان، خۆشنووس، نواندن، شانۆ، ئەکتەر، کاراکتەر، زانکۆ، خوێندنی باڵا، پارێزەر، پرۆفیسۆر، زمانەوان، زمانەوانی، دادگا، دەرمانخانە، درمانگرەوە،[٣٩٦] تیمار، تیمارکردن، چارەسەر، چارەسەرکردن، برینپێچ، پزیشك، دەرزی،[٣٩٧] یاسا، یاساو رێسا، شیتەڵ، شیکردنەوە، پەرەپێدان، فەرمانبەر، بەڕێوەبەر، بەڕێوەبەرایەتی، بەردەست، مووچە، مووچەخۆر، کارگێڕ، پەروەردە، زانکۆ، سەرەتایی، ناوەندی، دوواناوەندی، باخچەی ساوایان، پۆل، رابەری پۆل، وانە، ئاین، ژمێرە، ئەندازە، مێژوو، کۆمەڵایەتی، خوێندنەوە، هونەر، وەرزش، سروود، وێنەو ئیشی دەست، کشتوکاڵ، رێزمان[٣٩٨]...

میریی، یەکێتی مامۆستایان، کرێکاران، جوتیاران...[٣٩٩]

سەرم لێی دەخورێت قوولتر لەو بابەتە بدوێم، بەلام لەراستە رێگەی کتێبەکە لادەدەین و دووردەکەوینەوەو ئەم لاپەڕانەش جێگەی ئەوە ناکەنەوە، خوا یاربێت بۆ دەرفەتێکی گونجاو، بەلام ئەوەندە رێگە بەخۆم دەدەم بلێم کۆمەلێك ووشەی کوردی رەسەن و چەسپاویش لەم قۆناغەی دوواییدا پشتگوێ خران و بەرامبەرە عارەبییەکانیان بەکاردەهێنران وەك ترومبێل ـ تورومبیل، ئوتومبیل (ئۆتۆمبێل) بوو بە سەییارە، سێدارە کرا بە ئیعدام، گوللەباران و دەستدرێژ جێگەیان بۆ رەمی ـ رەمیکردن و صەلیبە چۆلکرد، فرۆکەو بالەفرو کۆلارەو پاپۆریش بوون بە تەیارەو باخیرە. ئێستەش بنەمالەیەکی سلێمانی بەناوی کاك عەبدوللای دووەم شۆفێری سلێمانییەوە هەر بە "مالی عەبەی تومبێلچی" بەناوبانگن، کاك صەلاحی کوڕیشیان هەر بە "صەلاحی عەبەی تومبێلچی" ناسراوە. یەکەمین ئوتومبیلچی سلێمانیش کاك غەفوور هیندی باوکی مامۆستا کەمال غەفوور مکورجی یە کە بە رەگەز هیندین و لە سلێمانی نیشتەجێ بوون و شۆفێری تایبەتی شێخ مەحموودی نەمر بوو کە ژمارەی ئوتومبیلەکەی ((سلێمانی ١)) بوو، دوواتر بوو بەژمارەی ئوتومبیلە ئۆپلە زەردە ئالتوونییەکەی بەهەشتیی شێخ لەتیف و دووای ئەویش سوپەرە سپییەکەی شەهیدی جوانە مەرگ شێخ کاوەی کوڕەزای مەلێکی کوردستان،دووای ئەویش ئەو ژمارەیە کەوتە دەست خوالێخۆشبوو عەلیی حاجی عەبە گۆڕێ ((عەلیی بۆسکانی)).

لەئوتومبیل و فرۆکەو پاپۆرو سێدارەو بۆردومان... سەیرتر، کۆلکە خوێندەواری کورد "هەرچەند هەندێکیان باوەڕنامەی خوێندنیشیان هەیە" ووشەی دەنگ، مۆسیقاژەن کە دوو ووشەی خۆمالی و رەسەنن و ووشەی تەپل کەچەسپاوەو بۆتە مولکی کورد، بەتایبەتیش ووشەی دەنگ کە ئەوەتەی زمانی کوردی رسکاوە، کورد ووشەکەی بەچەندین باردا بۆ مەبەستی جیاجیا بەکارهێناوە وەك دەنگ خۆش، دەنگە دەنگ، دەنگدان بەمانای زەلام کێی؟ دەنگدان بەمانای هەلبژاردن، دەنگوباس، دەنگ نەکردن بەمانای بەرپەرچ نەدانەوە، بەزین، قڕوقەپ، فزە نەکردن، دەنگ لێبڕین بەمانای زویربوون یان پەیوەندی پچڕاندن بەکەسێکەوە، لە زمانی خواروخێچی ئەو کولکە خوێندەوارانەوە بووە بەصەوت، عازیف، زەڕب!! ووشەی لێکدراوی وێنەگرو وێنەگرتن و چاوساغ و شەمەندەفەرو سەربان و بنمیچ و ژێرزەمین و بروسکەو هاتونەهات و یاریزان و پالەوان و گەشتوگوزارو دابەشکردن و زۆری دیکەش هەر بەو زنجیرەیە بەجۆرە بەکاردەهێنرێن:

مصەوەر، تەصویر، دەلیل، قیتار، سەقف،[٤٠٠] سەرداب، بەرقییە، موخاتەرە ـ موجازەفە، لاعیب، بەتەل، سیاحەت، تەوزیع ـ تەقسیم!!

گلەیی لەکەس ناکرێت ئەو ووشانە، دەستەواژانە، زاراوانە، کە لەکوردیدا نین، یان بەرامبەرێکی رەسەن یان گونجاوو لەباریان نەبن نەك داتاشراو بەکاربهێنن، بەلام ئەوانەی بەدوو چاوی زەقەوە بەسەر ووشە رەسەنەکانی باوو باپیراندا بازدەدەن هەروەك بەدەستی ئەنقەست ووشەی بێگانە بەکاردەهێنن بەلای کەمەوە وەك ئەوەی کوردن بەرامبەر ئەرکی سەرشانیان کەمتەرخەمن، خوا یارمەتییان بدات نەبا ووشەی وەك رێباز، بەردەباز، بووار، کەروێشکەخەو، بینایی، مالئاوایی، بانیژە، پەیژە، رێبوار، چەم و رووبارو[٤٠١]

چەندی دیکەش لەو ووشە خۆماڵییە جوانانە بکرێنە چەفتەو عەگاڵ بەسەر. ئەرێ براینە ئەوە بۆ ناپرسن ژنهێنان و شووکردن و زەماوەند بۆچی سووك و ئاسان بوو بە زەواج و حەفلەی زەواج؟ ئاخۆ ئەوانە هەر ئەو دێڕە هۆنراوەیەی مەحوی لوتکە ۱۸۳۱/۳۲ـ۱۹۰٦ کە لەسەردەمی باپیرو باپیرە گەورەکانی ئەواندا هۆنیویەتییەوە ئەوەندە پوخت و پەتی و خۆماڵییە گەلێك خوێنەر هان دەدات بەزمانی گفتوگۆی رۆژانەدا بچنەوەو برەو بەزمانی باوباپیران بدەن و هەر بۆ نموونە ئەو دێڕە هۆنراوەیە بکەنە سەر مەشق، مەحوی دەڵێت: **کە خوا بیدا، لە هێلێکی ئەدا، سەیری هەیە رێکەوت وەنەوزم دا، نیگارم دی، من ئەمشەو خەوم پێکەوت**

دەگەڕێمەوە سەر دامرکاندنەوەی شۆڕشەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودو نامەکەی بۆ کاپتن هۆڵت ی ناردبوو، ئەویش لەبەغداوە بەرلەوەی سەردانێکی دەرەوەی عێراق بکات وەڵامیداوەتەوەو رۆژی ۱۹۲۸/۱/۲٥ دەگاتە دەستی شێخ، بەڵام کورد وتەنی "ئەوەش ئاشکرا دەریدەخست شتێك لەنێوانیاندا نەماوە پێویست بەوەڵام بکات، ئەوەندەش شێخ هیوابڕاوو بێهێز بکەن کە ئەگەر رۆژێك لەڕۆژان کارێکیان بەو هەبوو بەهەڵەداوان بەرەو پیریان بچێت.

سەرکردایەتی بەریتانیا لە عێراق بۆ گوشار خستنە سەر شای عێراق و وەزارەتەکەی کە پەیمانی دوو قۆڵی نێوان هەردوولایان بۆ چاودێریکردنی عێراق بۆ مۆر بکەن کە عێراق بۆ ماوەیەکی درێژ بە رەو رەوەی سیاسەتی ئەوانەوە دەبەستەوەو شا فەیسەڵیش خنەخنی تێدا دەکرد، بەهۆی چەند کەسایەتییەکی کوردی دوور لە شێخەوە کارتی کورد بەڕووی حکومەتی عێراقدا بەرز دەکەنەوە و هەڕەشەی بەکارهێنان و کەڵك لێوەرگرتن لەو کارتە گرنگە بەشێوەیەکی وەستایانەو ناڕاستەوخۆ پێشان دەدەن، چونکە زۆر چاك بۆیان دەرکەوت شێخ نە سەردەمی بالادەستی و نە کاتی کەمدەستیش هەرگیز ئامادە نییە رۆڵی کارت بۆ هیچ لایەك بگێڕێت. ئەم نهێنییە لەگفتوگۆ دووقۆڵییەکەی شێخ و کۆلۆنێل لاین دا ئاشکرا دەبێت کە کاپتن لاین بەهەر هۆیەکەوە بوو بەڕاشکاوی و بێ پەردە دەیدرکێنێت و لەگوندی وەڵەسمت، شێخ لەتیف لەنێزیکیانەوە گوێی لێ دەبێت بەشێخ دەڵێت (من بەڕاستی وەك دۆستێك پێت دەڵێم ئەم جموجوولە سیاسیانەی ئێستا هەیەو حکومەتی ئێمە هێناویێتییە گۆڕێ شتێکی کاتییە، وەکو دۆستێك پێت دەڵێم حەقت بەسەرییەوە نەبێت، چونکە هیچی بۆ کورد تیا نییە، بەڵام رەنگە لەدواڕۆژێکی نزیکدا حکومەتی ئێمە ئیشی بکەوێتە تۆ، ئەوسا من زۆر بەگەرمی تێدەکۆشم ئەم تاجی ئازادییە کەلەسەری کوردمان داگرتووەو ناومانەتە سەر مەلیك فەیسەڵ لێی بسەنینەوەو بیخەینە سەر خاوەن هەق کە تۆی شێخ مەحموود. شێخ لەوەڵامدا پێکەنی و وتی: من سوپاسی دۆستایەتی و قسەی بەئاشکراتان دەکەم، بەڵام تاجێك بەهێزی کورد نەسەندرێت نادرێت. من تاجێکم ناوێت کە هەموو رۆژێك بسەندرێتەوە، ئەو تاجەی ئێوە بەکوردی ئەدەن ئەگەر راست ئەکەن بیکەنە سەر شوانێکی کورد من دەبمە سەربازی ئەو شوانە. کۆلۆنێل لاین وتی: تکام وایە بەقسەی کەس تەفرە نەخۆیت، فرسەتی رامیاری کە هات خۆی دیارە... ئێستا ژیانی خۆت بپارێزە.)[٤٠٢] مەبەستی ئەوەبووە بەتەنگ تەندروستی و لەشساغی خۆتەوەبە، مەبەستی پاراستنی گیان نەبووە.

## راپەڕینە جەماوەرییەکەی ٦ ئەیلوول ۱۹۳۰

**(شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی)**

حکوومەتی عێراق کە ٢٥/١٠/١٩٢٠ بەپێکهێنانی یەکەمین کابینەی وەزارەت بەسەرۆکایەتی عەبدولڕەحمانی گەیلانی دامەزرا هەتا کەوتە سەرپێی خۆی و پێویستییەکی ئەوتۆی بەبەریتانیا نەبوو پلان و ستراتیژی خۆی لەکورد دەشاردەوەو ماوەی دووازدە ساڵێك چەواشەی دەکردو بە پەیمان و بەڵێنی شیرین و پڕ هیوا دەستخەڕۆی کرد هەتا ١٩٣٠/١٩٣٢ پێویست بەو چاوڕاوە نەما، راست و دروست لەگەڵ بەریتانیای هاوپەیمانیدا خستییانە دەستی کوردەوە (ئەوەی هەردوو حکومەتی عێراق و بەریتانیا حەزئەکەن ببینن، پێشکەوتنی سوڵحپەروەرانەی عێراقی یەکگرتووە کەلەوێ ((؟!)) هەموو ئەو عونصورە موختەلیفانەی ئەهالی تەشکیل دەکەن غەرەزی زۆر موهیمیان ئەوەبێ کە ببن بەعێراقییەکی چاك)[٤٠٣] بۆ پیشاندانی بۆچوون و تێڕوانینی عارەب لەدۆزی کوردو کێشەی هەرێمی موسڵ "باشووری کوردستان و" شۆڕشەکانی شێخ مەحموود چەند نموونەیەك لەوتوویژەکانی رۆژی ٢٩/٣/١٩٣١ کۆمیتەی پیاوماقولان "مجلس الاعیان" دەکەم بە بەڵگە. ئەندامێکی کۆمیتەکە وەك نوێنەرێکی لیوای دیوانییە دەڵێت (من ناتوانم لەکێشەی شێخ مەحموود تێ بگەم. لە هەموو هەڵێکدا بەرگری ئەکاو هێمن ئەبێتەوە، پەیمانی "پەیمانێك" یا رێکەوتنی نەوت دێتە کایەوە، شێخ مەحموود رائەپەڕێ بۆیە ئەبێ لەپێش هەموو شتێکدا شێخ مەحموود لەکۆڵ بکەینەوە، یا سەربەخۆیی بدەینێ، یا راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەگەڵی تێك بگەین. ئایا شێخ مەحموود تا هەتایە ئاسایش تێکبداو هەر رۆژێ عێراق ئەچێتە پێشەوە شێخ مەحموود بەدوو دەستی ئاسنین ئەیهێنێتەوە دوواوە... وەزیری دیفاع ئەبێ پێ لەوە بنێ کە ئەم جەیشە "دە هەزار سەربازو هەشتا هەزار پۆلیس. ن. ك" کارامە نییە، بڵێن هێزەکەی شێخ مەحموود لە ٤٠٠ ـ ٥٠٠ کەس زۆرترەو دەرەقەتی نایەین و پێویستمان بەچەندین ئەستوول "ئوستوول"و لەشکری زل هەیە. نوێنەری لیوای حیللە، سەلمان بەڕراك دەڵێت نازانم شێخ مەحموود جەردەو رێگرە، شێخ مەحموود پێی ئەوترێ شۆڕشکار "شۆڕگێڕ" دژی حکومەتی عێراق، دوێنێ گەمارۆی زرێپۆشەکانی داین، ئەوەی کرد کە کردی "مەبەستی زیانی زۆرە. ن. ك". ئەحمەد ئەلجەلیل نوێنەری موسڵ: رووداوەکانی سلێمانی "ناوچەکانی سلێمانی. ن. ك" رووداوی شێخ مەحموود نین... دەسکەلایەکی رووخێنەرە کە بێ شەرەفی "دەبێت هەڵەی چاپ بێت ئەگینا بەبێ شەرەفی یا بێ شەرەفێ ـ بێ شەرەفێك بۆ ئەو شوێنە دروستەو مەبەستیشی لە همفرس نوێنەری باڵای بەریتانیایە لە عێراق. ن. ك" بۆ لێدانی عێراق بەکاردەهێنرێ. شێخ مەحموود کێشەی شۆڕشێکی سادە نیە، مەسەلەیەکە لەسەر رەفە دانراوە هەرکات پێویست بوو پێی ئەڵێن هەڵسە حکومەت درێغی کردووە.[٤٠٤] دڵسۆزانی کورد لە موسڵ، هەولێر، کەرکووك، سلێمانی گومانیان لەوە نەما، گەلی کورد هیچ مافێکی دەسگیر بێت. کۆمەڵەی گەلان و بەریتانیاو عێراقیش وەك دوو دەوڵەتی هاوپەیمان هیچیان بەکورد رەوا نەدیت جگە لەوەی وەك پێی بڵێن دانیشە بەدەردی خۆتەوە، سەرکزو بێدەنگ دەست بگرە بەکڵاوی خۆتەوە با نەیبات، هاوڵاتییەکی دڵسۆزی خاك و دەوڵەت و شای عێراق بە، ئیتر چیت دەوێت!

لەنێو شارەکانی کوردستانی گەورەدا تەنیا سلێمانی بوو نەك هەتا کۆتایی ١٩٣٠ بەڵکو ١٩٥٦یش

گوڕوتینو وورەی ڕاپەڕین و بەرەنگاری تێدا مابوو،[٤٠٥] بۆ هەلێك دەگەڕا بڕژێتە سەر شەقامەكان و دەنگی بێزاری بەدوژمن بگەیەنێت و بەلێن و درۆكانی بیربخاتەوەو پڕۆتستۆی پەیمانەكەی بەریتانیا ـ عێراق بكەن كە چاك و خراپ ناوی كوردی تێدا نیە. سەرانی هەیئەتی وەتەنی ـ كۆمیتەی نیشتمانی (شەوی ١٩٣٠/٩/٤ لەمالی عەزمی بەگی بابان كۆبوونەوەو بڕیاریاندا بەشداری هەلبژاردنەكانی كۆمیتەی نوێنەران نەكەن).[٤٠٦]

نووسەرانی كورد كە لەسەر ڕاپەرینەكەی بەردەركی سەرایان نووسیووە بەگشتی بەم جۆرەیە: جەماوەری سلێمانی بەهەموو چین و توێژەكانییەوە ڕۆژی ١٩٣٠/٩/٦ دژی پەیمانی ١٩٣٠ دەڕژێنە سەر شەقامەكان و ڕادەپەڕن و لەگۆڕەپانەكەی بەر سەرادا یەكدەگرنەوەو داوای جێبەجێكردنی مافەكانی كورد دەكەن، پەیمانی سیڤەر، بڕیاری كۆمەڵەی گەلان، چواردە خاڵەكەی پرەنسیپەكانی سەرۆكی ئەمەریكا ویلسن و لێدوانەكانی سەرانی هاوپەیمانان و بەریتانیاو عێراقیش وەك "كەرو خۆڵەمێش" دوو دەوڵەتی هاوپەیمان سەلماندوویانە. جەماوەرە ڕاپەڕیوەكە دەچنە ناو سەراوەو بەردبارانی پۆلیس دەكەن. ئەفسەرو سەربازە كوردەكانی سلێمانی وەك مولازم عیززەت نەجیب و هەڤالانی دەچنە پاڵ جەماوەر... كاربەدەستانی بەریتانیاو عێراق دڕندانە لەڕووی ڕاپەڕیووەكاندا دەوەستنەوەو لولەی گوللەپرژێنەكانیان تێدەكەن و بەڕەشەكوژی ژمارەیەك شەهیدو بریندار دەبنە قوربانی و ژمارەیەكی زۆریش ڕاپێچی زیندان دەكرێن. عەولە سیس و هەڵۆ بەگ و عومەری حاجی ڕەسوڵی وەندەرێنەیی وحاجی فەقیی خانەقا لەنێو شەهیدەكاندا بوون.

**هۆنەری گەورەی كورد، عەبدوڵڵا گۆران هۆنراوە بەسۆزەكەی بۆ هەڵۆ بەگی جوانە مەرگ وتووەو دوواتریش یەكێك لەكوڕەكانی ناودەنێت هەڵۆ.**

**بڵێن بەو بووكی تازەی یەك شەووم گەر هاتە سەر نەعشم**
**نەڵێ خۆی بۆ وەتەن كوشت و لەڕێی عەشقی منا نەژیا**
**وەزیفەم بوو لە پێناوی میللەتێكا سەرم بەخشم**
**كەتۆی پەروەردە كرد بۆ من لەدامێنی چیاو كەژیا**
**ئەگەر خوای گەورە بەخشی پێت هەتیوێ پێی بڵێ ڕۆڵە**
**لەمن فرمێسكی ویست باوكت لەتۆش داوا ئەكا تۆڵە**

دوای ڕوداوەكانی بەردەركی سەرای سلێمانی,جەماوەری شار داوای تۆڵەی زوبەزوی خوێنی شەهیدەكان دەكەن،شێخ محمود ناچاردەكات(دەست بداتەوە چەك هەتا مارتی١٩٣١و هەولێدەدا كەركوكیش ڕزگار بكات، بەلام كەركوك كە تازە نەوتی لێدۆزرابۆوە(١٩٢٢ن.ك) ناپاكیی دەرەبەگەكان ناچاری دەكەن (ئەمجارەش ن.ك)دەست لە خەبات(ی چەكداریی. ن.ك) هەڵبگرێت.(د.قاسملو،هەمان سەرچاوە, ل.٨٢)

پیرەمێردی نەمریش كە دەبینێت كۆمەڵێك لەپیاوماقوڵانی سلێمانی دەچن بۆ بەغدا بۆ بەخێرهاتنەوەی شا فەیسەڵ لە ئەوروپاوە كە چوار مانگی خایاندو پیاوێكی ناسراوی وەك مەجید بەگی حاجی ڕەسوڵ بەگی ئەندامی هەیئەتی وەتەنییە ـ كۆمیتەی نیشتمانیش هاوبەشی هەڵبژاردنە ساختەكە دەكات و خۆشی كاندید

کرد وەك نوێنەرێکی سلێمانی.

**پیرەمێرد شاکارەکەی "وەفدی کوردستان "ی پڕ بە پێستی ڕووداوەکە هۆنیوەتەوەو بێکەسیش کردوویەتی بە پێنج خشتەکی و ئەوەندەش سەرکەوتوو بووە هەر دەڵێی هۆنەرێك هۆنیوێتییەوەو ئەندامانی شاندەکەی سلێمانی و هەولێرو کەرکووك سووك و ریسوا دەکات:**

**قەدری میللەتتان بەجارێ شکان نەحەیاتان ما ,نە ناوونیشان**
**وەفدی کوردستان میللەت فرۆشان هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان**
**حاجی توتنەکەت مادام فرۆشرا ڤیروسیا لەصەد کوشتن و هەرا**
**دەخیلە هەستە رێکەوە خێرا دەسکێ لەو گوڵەی باخەکەی سەرا**
**کەوا بەخوێنی لاوان ئاودرا**

**تاقمێ رێکخەن زۆر بە پەرلاقی بە بەزم و رەزم و ئاهەنگ و ساقی**
**بۆ ئەوەی بکەن دەفعی مەراقی بیبەنە بەردەم عەرشی عێراقی**
**بڵێن یار باقی و هەم صوحبەت باقی**

**نە بارانتان دی، نە با ئەی فەقیر نە لاوان کوژران بەگوللەی شەست تیر**
**نە پێی نازداران خرایە زنجیر پەردەو تارای سوور بەرن بۆ ئەمیر**
**بڵێن دووای کوشتار هێشتا تۆی دڵگیر ؟!**

**هاوار بەماڵم چیمان پێکرا لەچارەکێکا صەدمان لێخرا**
**هێشتا خەڵاتیان ئەکەن بە بەرا دەك خەجاڵەت بن لەڕووی مەحشەرا**
**ئێمەش خاکی خەم ئەکەین بەسەرا**

**قەت وا تێنەگەن چاومان شکاوە کوشتن و بڕین دایم بۆ پیاوە**
**لەناو پێخەفا کەی هەق سەنراوە خەیاڵتان خاوە کورد نەفەوتاوە**
**بەراتی نەجات بەخوێن نووسراوە(٤٠٧)**

فایەق بێکەس، هۆنەری چاونەترسی کوردایەتی و راپەڕین یەکێك بووە لەهاندەرە سەرەکییەکانی هاندانی جەماوەر بۆ خۆپیشاندان و هاوبەشی نەکردنی هەڵبژاردنە ساختەکەی نوێنەران و رابەرایەتیکردنی راپەڕینەکەو یەکێك بوو لەوانەی کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و زیندانیکردن، ئەوە یەکەم جارو دوواجاری چەرمەسەری و شەق و تێهەڵدان و زیندانی کردنی نەبوو، دەڵێن کە ئازاد دەکرا لێفەو دۆشەکە شڕەکەی نەدەبردەوە، بەپاسەوانەکانی دەوت با لێرە بن، چاوێکتان لێی بێت، هاکا هاتمەوە!

**هۆنراوە بەنێوبانگەکەی ( ئەی وەتەن ) لەگۆشەیەکی زیندانە تاریکەکاندا هۆنیوویێتییەوە کە سەرلێوان شەیدایی وڵات و کێوێك ورەو هیوایە بەدوارۆژو سەرکەوتن:**

**ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە کاتی بەندێتی و ئەسارەت پێ بەبەندو کۆتەوە**
**من لەفیکرو زیکری تۆ غافڵ نەبووم وا تێنەگەی حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە**

**بێ قسووره، چەند جەسووره صەد شوکور ئەولادەکەت        وا لەڕێی تۆدا لەخوێنا سەیری چۆن ئەتلێتەوە**
**بەسیە تەعنەم لێمەدە هەر ڕۆڵەکەی جارانتم        هێندە حیلمت بێ هەتاکو دەست و پێم ئەکرێتەوشەرتە**
**شەرتی پیاوەتی بێ گەر خودا دەستم بدا        دوژمنت پەتکەم وەکو صەگ بیخەمە ژێر پێتەوە(٤٠٨)**

مەحموود ئەحمەد تەها ((ئەخۆل)) باوکبرای هەریەك لە نوری ئەحمەدی تەها، ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری پدك ئاب/١٩٤٦و تێکۆشەرێکی ماندوونەناسی ڕێبازی کوردایەتی و کامەران موکری هۆنەری شۆڕش و بەرخۆدان و عەلی ئەحمەد تەها دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری یانەی وەرزشی سلێمانی لەنێوەڕاستی صالآنی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوواو حەمەی ئەحمەدی تەهای خۆشنووسی بەنێوبانگی کورد، سۆزی دەروونی سەر ڕێژ دەکات و خامە بەبڕشتەکەی دەنووسێت:

**(بەجارێ ماڵی وێرانم سلێمانی خرۆشاوە        بەسەر هیچ کەس نەیێ خوایە ئەوەی لەم شارە قەوماوە**
**بەیانی بوو شەشی ئەیلول لەناکاو گوللە وەك باران        ئەباری بۆ قڕی میللەت، ئەوی پیرە ئەوی لاوە**
**بەدەم شەست تیرەوە لاشە وەکوو زۆربەی گەڵاڕێزان        لەوێدا عەینی ئەتوت بەردەبازی جۆگەلەی ئاوە**
**لەبەردەرکی سەرا دیارە لەهەرلایەك تەماشاکەی        سەراسەر پڕ لەلاشەی مردووە، شێلراوە، کوژراوە**
**دەمەو ئێوارە ئەتنواڕی بەوێنەی ڕیچکە میروولە        بەڕیز تابوتی کوژراوان بەرەو سەیوان ملی ناوە**
**چ قینێکە، چ زوڵمێکە، چ کوشتارو بڕینێکە        ئەبێ قەت بیر نەچێ ئەی کورد هەتا کورد زیندووەو ماوە)(٤٠٩)**

نەوشیروان مستەفا لە کتێبی کوردستانی عێراق سەردەمی قەڵەم و موراجەعات ١٩٢٧_١٩٣١دا، بەگەڕان و پشکنین و پێداچوونەوەی ژمارەکانی ژیان، ڕۆژنامەکانی بەغدا، ڕاگەیاندنەکانی دەزگای چاودێریی چاپەمەنی ((ملاحظة المطبوعات)) چەندین لایەنی شاردراوە(کە لەراستیدا شاردراوە نەبوون بەڵکو کەمتەرخەمیی نووسەرانە) و نەزانراوی ڕاپەڕینەکەی ئەیلولی ١٩٣٠ ڕوونکردووەتەوە، بەڵام جێگەی داخە ناوی شەهیدەکان، زامدارەکان، خۆشاردنەوەو تیمارکردنیان لەدوو تویی بیرچوونەوەدان و ئەگەر شەقام و گۆڕەپان و هتد ناویانی پێوە نەبێت و کۆتەڵ و تابلۆی دیواریان بۆ ناکەین ناویشیان بزر ئەکەین کە هەتا ئەمڕۆ ئەوەندەی من بزانم تەنها سێ شەهید دیارن، عەبدوول ناسراو بە عەولە سیس، هەڵۆ بەگ و عومەری حاجی ڕەسوڵی وەندەرێنەیی. دەشێت ژمارەیەك لەوانەی بەشداری ڕاپەڕینەکە بوون یان دوورو نێزیك ئاگاداربوون، بینویانە یان بیستوویانە کە ئەو کات تەمەنیان ٢٠_٢٥ صاڵان بوویێت هەتا صاڵی دوو هەزارو چاپکردنی کتێبەکە لەژیاندا بووبن کە دەکاتە ٨٥_٩٠ صاڵ تەمەن.

نەوشیروان پشت ئەستوور بە بەڵگەو دۆکیۆمێنتی سەلمێنراو، ڕاپەڕینەکەی سلێمانی ٦ ئەیلولی ١٩٣٠ کەهەندێك بەهەرای بەردەرکی سەراو هەندێکیش بەتایبەتی ڕۆژنامەی خەبات و ڕۆژی نوێی بەرلەشۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ بەڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلول ناویاندەبرد. سەرەتاو بنەتای ڕاپەڕینەکە وەك نەوشیروان تۆماری کردوونەتەوە، کورت دەکەمەوە: (شەوی ٤/ ئەیلوول ١٩٣٠ ئەندامانی هەیئەتی وەتەنی لەماڵی عیزەت بەگی وەسمان پاشا کۆبوونەوەو بڕیاریاندا بەشداری لەهەڵبژاردنی نوێنەراندا نەکەن. لەو شەقامەی نێوان مزگەوتی گەورەو سەرای سلێمانیدا کۆببنەوەو داخوازییەکانی کورد بەرز بکەنەوەو پەیمانی ١٩٣٠ی

نێوان بەریتانیا- عێراق بەشێوەیەکی هێمن و دوور لەتوندوتیژی شەرمەزار بکەن، بەڵام کۆنترۆڵی جۆش و خرۆشی جەماوەرو هاندانی فایەق بێکەس نەدەکرا کەپێش جەماوەرەکە کەوتبوو هانی دەدان... نزیکەی ٥٠ خوێندکار بە بازاڕدا بڵاوبوونەوە دوکاندارەکان هاندەدەن دوکان دابخەن و بچن بۆ خۆپیشاندان. ریزێك پۆلیس رێگە بەجەماوەرەکە دەگرێت، بەڵام خۆیان لەبەر شاڵاوی تورەیی جەماوەردا ناگرن، دەڕژێنە حەوشەی سەرای سلێمانی.

جێگری موتەصەریفی سلێمانی داوای سەد سەربازی بێ چەك لە بنکەی سەربازی دەکات بۆ هاریکاری پۆلیس، چەکی دەستی راپەڕیووەکان بەردو کورسی چایخانەکان بوو، چەند پۆلیسێك بریندار بوون. جێگر داوای سریەیەك سەربازی چەکدار دەکات، دەرگاو پەنجەرەکانی سەرا بوونە نیشانی بەردەفڕکێ، جێگر داوای فەوجێك سەرباز دەکات بۆ پشتگیری سریە سەربازەکە. ژمارەی دانیشتوانەکە بەر لەگەیشتنی فەوجە سەربازەکە دوو هەزار دەبوون بەبەردو تێڵا هێرشیان دەکرد، دروشمی بڕوخێ هەڵبژاردن دروشمی سەرەکی بوو. ((ئەو سەردەمانە سەربازو هێزی چەکدار سامێکیان هەبوو هەتا سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١یش ئەو ترس و سامە بەگشتی مابوو. ن. ك)). هەندێك لە بەشداربووانی راپەڕینەکە دەکشێنەوە، سریە سەربازەکە کەوتە بەر شاڵاوی دارو تێڵاو بەردەباران کە زۆربەیان دەمانچەو خەنجەرو تێڵایان هەڵگرتبوو ((ژمارەیەکی زۆر کەم، کەمتر لە پەنجەکانی دەستێك دەمانچەیان هەڵگرتووە. ن. ك)) لەپڕێکدا چەند تەقەیەك دەکرێت، سەربازێك دەکوژرێت و دوو سەرباز زامدار دەبن، هێزەکەی سوپاش تەقە لە جەماوەر دەکەن، لە ماوەیەکی کورتدا چوار سەربازو نۆ پۆلیسیش بەبەردو تێڵاو یەکێکیان بەخەنجەر زامدار دەکرێن ((ئەوە خەنجەرەکەی عەولە سیسی قارەمان بووە. ن. ك)) ١٥٣ شووشەی پەنجەرەکانی سەراو هەژدە گڵۆپ شکان. لە ئەهالیش سیازدە کوژراوو سی و پێنج بریندار. ئەم نیشتمانپەروەرانەی شاریش بەر شاڵاوە بەرفراوانەکەی گرتن کەوتن: شێخ قادری برای شێخ مەحموود، میرزا تۆفیق قەززاز، رەمزی فەتتاح، حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا ((خەزوری کاك ئیدریس بارزانی و باپیرەی کاك نێچیرەڤان. ن. ك)) عەزمی بەگی بابان، عیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف، ئەوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا، موحەمەد صالح بەگ، مەجید ئەفەندی کانێسکان، فایەق بەگی بابان، شێخ موحەمەدی گوڵانی ((باوکی ئەفسەری پۆلیس شێخ رەزای گوڵانی کە هەر لەسەرەتاوە پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلولەوە کردو ١٩٧٠-١٩٧٤ بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەولێر بوو وەك پۆستێکی شۆڕش. ن. ك))و بێگومان فایەق بێکەسیش لەنێو گیراوەکاندا بووە.

لێرەدا شتێکم بیرهاتەوەو دەیگێڕمەوە، بێکەس ئەوەندەی لەهونەری هۆنراوەو بوێریدا باڵادەست بوو، ئەوەندەش لەپارەوپول و دارایيدا کەمدەست بوو، ژیانێکی کولەمەرگی دەژیا، چوار سەر خێزان و هەموو ئێوارەیەك چارەکێك ئارەق و کڕینی کتێب و رۆژنامەش زۆر لەداهاتی مانگانەی بەرزتر بوون... رۆژێك دەچێت بۆلای نیشتمانپەروەری ناسراوو زەنگینی سلێمانی، تۆفیق قەزاز و دووای دانیشتن وخۆشهاتن، دەڵێت:

ــ فایەق، خێربوو، کارێکت هەیە بەمن بکرێت؟

ـ وەڵڵا میرزا پەکم کەوتووە بۆ نیو دینار، هەفتەیەك نابات دەتدەمـەوە. بەسەرچـاو، ئـەوە نیـو دینـار، بێکەس دووای سێ چوار ڕۆژ پارەکە دەباتەوە و دەڵێت میرزا ماڵ ئاوەدان بیت ئەوە نیو دینارەکە. تـۆ بڵـێ بێکەس دان بۆ میرزا ڕۆ دەکات کە سەر ڕاستەو قەرز کوێر نییە. دووای ماوەیەك دووبارە دەچێتەوەو دەڵێت میرزا هاتووم بۆ دوو دینار. میرزا تۆفیقیش دەڵێت بێکەس، پێیناوێت، نیو دینارەکەی هێناتەوە نەمخستەوە باخەڵم، ئەها لەژێر ئەو کتێبەدا بۆم داناویت هەڵیگرەو خـوا حـافیز بـەخوا دوو دینـار نـادەم! ئـەم ڕووداوە خۆشە، ساڵی ١٩٦٨ ڕۆژێك چوومە دیدەنی هۆنەری مەزن و ڕووناکبیرو خەباتگێڕی کورد شێرکۆ بێکەس کە ئەو کاتە تۆمارکاری گشتی زانکۆی سلێمانی بـوو، یـەکێك لەمیوانـەکانی ئـەو ڕووداوەی دەگێڕایـەوە، ئەوسا کاك شێرکۆ دوور لە ئێستا، هاوبیرێکی چالاك و بەهەڵوێسـت و بـوێری کاژیـك و لەرێکخستنیشـدا بەرپرسی لقی سلێمانی و لێپرسراوی منیش بوو لە شانەیەکی دووکەسیدا.

بەپێویسـتی دەزانم لێـرەدا دوور، زۆر دوور لەبانگەشـەی بێـزراو و هەسـتنەکردن بەبەرپرسـی و ئـەرکی مێژوویی سەرشانمان، دوور لە بەندو باوی قێزەونی سۆران و بادینان و ناوچەگەرێتی و ئـەم شـارو ئـەو شـار، ئەو ڕاستییە دووبارە بکەمەوە کە سلێمانی وەك یەکێك لەگـەورەترین شـارەکانی کوردسـتانی گـەورە، دووا شار بوو هەتا ساڵی ١٩٣٢ بەردەوام و بەگەرمی هەتا دەگات بە ساڵی ١٩٥٦و کۆچـی دووایـی مـەلیکی کوردستان گوڕوتینی ڕاپەڕین و بەرەنگاری تێدا مابوو، ١٩٥٦ لەهێنانەوەی تەرمی پیرۆزی شێخ مەحموودا، شەوی ٢٠ لەسەر ١٩٥٦/١٠/٢١ ئەو بۆنـە ماتەمینییـە دەکاتـە خۆپیشـاندان و ڕاپـەڕین و دەیسـەلمێنێت هێشتا گوڕوتینی بەرگری تێدا ماوە، ئەو شەوەم بـیر دێتـەوە، هەشـت نـۆ سـاڵان بـووم، گـەورەو بچـووکی خێزانەکە دەگریان منیش نەمدەزانی چ باسەو پرسیاریشم نەدەکرد، هـەروەك مـەحوی لوتکـە دەفـەرموێت:

**لەکێ پرسم دڵی بۆ پر لەخوێنی حەسرەتە یاقوت ** عەزا پۆشیی چییەو کێیە، جلی پیرۆزە بۆ شینە**

باوکم و مامـەکانم و پورەکـانم بـەرگی ڕەش و "عـەزاپۆشیان" بـۆ شـێخ پۆشـیی، یەکـەم وەك مـەلیکی کوردستان و دووەمیش وەك خزم و پەیوەندی بنەماڵەی سادات. دووای ئەو ساڵەش تـەنها دوو سـاڵ جـۆرە خامۆشییەك بەسلێمانییەوە دیاربوو کە خامۆشی ژیلەمۆی ئاگردانێکی گڕگرتوو بوو لە ١٩٥٨وە سەرلەنوێ گەشایەوەو مەشخەڵان بەرز بووەوەو چووە ئاسمان و هەڵگیرساندنی شۆڕشی مـەزنی ئـەیلوولی ١٩٦١. ئـەو ڕۆڵە گرنگ و پێشەنگییەی سلێمانی بۆ چەند فاکتەرێکی ڕەگەز، مێژوو، کولتوور دەگەڕێتەوە، ٩و٩٩٪ ی دانیشتووانی سلێمانی بەشـارو شارۆچـکەو گوندەکانییـەوە یـەك ڕەگـەزو یـەك زمـان و یـەك ڕەسـەنن هـەر لەسەرەتای دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەیەوە هەتا ئەمڕۆ هەمـوو هێما سەرەکییو ڕەسەنەکانی کۆمەڵگای کوردەواری کوردستانی گەورەی تێدا کۆبووبووەوە وەك سەربێژنگی ڕوونـاکبیری، هونـەرو هـۆنراوە دۆسـتی، زانست و زانست پەرەوەری، شۆڕشـگێڕی و بـەرگری و بەگژداچـوونەوەی دوژمنـان و قوربانیـدان و بـەردەوام قوربانیدان و هەرگیز کۆڵنەدان. هەرکەسێکی بە ویژدان لە کورد و لە بێگانەش لـەو لایەنانـەوە هەسـت بـە جیاوازییەکی فراوان دەکات لەنێوان سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستانی گەورەدا کـە شـیاوی نازنـاوی شاری هەڵمەت و قوربانیدانی بەبالا بڕاوە، ئەو شانازییەش هەر بۆ سلێمانی نییە بەتەنیا بـۆ هـەموو شـارو

شارۆچکەو گوندێکی کوردستانە، ئەوە یەکێکە لەیاسا سروشتییەکان لەنێو زیندەوەردا بەباڵندەو چوارپێ و خشۆك و مرۆڤەوە پێشەنگ و پێشەنگایەتی، رابەرو رابەرایەتی هەر هەبووە، بابل، نەینەوا، سۆمەر، ئەسینا، رۆما، پەکین، بەغدا، دیمەشق، ئوورشەلیم، کوستەنتینا، ئیسلامپول ((ئەستەموول))، ئەصفەهان، تاران، لایبزیگ، پاریس و هتد. چۆن ناویان پەیدا کردووە؟ صەدام حوسەین پێدەچێت تاکە کەسێکی بێگانە بووە ئەو راستییە دەدرکێنێت و بەراشکاوی دەڵێت هەردوو شاری سلێمانی و نەجەف لەو شارانەن خۆیان بەدەستەوە نادەن ((السليمانية والنجف هما من المدن الصعبة)) هەر بەو هۆیەشەوە هەولێر دەکاتە پایتەختی بەڕێوەبەرایەتی ئۆتۆنۆمی کوردستان، پێدەچێت باکووریش رزگار بێت، ئامەد ـ دیاربەکر ئەبێتە پایتەختی باکووری کوردستان، ئەویش لەو شارە سەختانەیە خۆبەدەستەوە نادەن. وەنەبێت بەبالای سلێمانیدا هەڵبدەم بەڵام دوو سەد سێ سەد ساڵ بنکەی بەڕێوەبەرایەتی میرنشینی بابان بوو، حەڤدە ساڵ بنکەی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودو پێتەختی حکومەتی کوردستانی باشوور و مەلیك مەحموود بوو، دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨یش کوانووی رێکخستنی جەماوەرو سازدانی شۆڕش و شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ بوو، هەر سلێمانیش دەرکەی راپەڕین و نگرۆکردنی رژێمی صەددام حسێن بوو لەراپەڕینە جەماوەرییە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١دا، یەکەمین تیپی مۆسیقا ((تیپی مەولەوی))و تیپی گۆرانی و مۆسیقا ((تیپی سلێمانی))و یەکەمین تیپی شانۆ ((تیپی شانۆیی کۆمەڵی هونەرە جوانەکان)) بەرابەری هونەرمەندی مەزنی کورد رەفیق چالاك، یەکەمین دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کورد ((چاپخانەی پیرەمێرد)) جگە لە یەکەمین کارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ، پاکژکردنی توتن و دروستکردنی جگەرە، یەکەمین کارگەی بەرهەمهێنانی شەکر، یەکەمین تیپی وەرزشی تۆپی پێ کە لەئاستی هەرە تیپە بەهێزەکانی ئەو سەردەمەی عێراقدا بوو، وەك تیپە بەهێزەکانی هێزی ئاسمانی، نەوتی کەرکوك، هێڵی شەمەندەفەر، پۆلیس، بەغداد، بەسرا. بەبیرم دێتەوە تیپی تۆپی پێی شۆڕشگێڕانی جەزائیر بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ شۆڕش دژی فەرەنسا هاتنە عێراق سێ یارییان کرد لەگەڵ هەڵبژاردەکانی عێراق، بەسرە، سلێمانی، تیپێکی زۆر بەهێز بوون، بەهەشت گۆڵ بەرامبەر گۆڵێك بەسەر سلێمانیدا سەرکەوتن. ئەوەش داگیرکارانی کوردستان، بەدرێژایی مێژوو، چەند لەناوخۆیاندا ناکۆك و دژیەك بوون، هەمیشە دژ بەگەلی کوردو مافە رەواکانی دامرکاندنەوەی شۆڕش و راپەڕینەکانی و سەرکوتکردنی، هەموو کێشەکانیان خستووەتە لاوەو هاودەنگ و هاوکارو یەك هەڵوێست دژی کورد وەستاون، ئەمەش وەنەبێت جارێك و دوو، سێ جاران بووبێت، نا، هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت هەرچەندبارە دەبێتەوە، نموونەی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودو بارزان، راپەڕینی سمکۆی شوکاك، کۆماری مەهاباد، شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١، دەستگیرکردنی ئۆجەلان، پلانی ئاشکراو نهێنی گەمارۆدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەباربردنی تاقیکردنەوەی رژێمی پەرلەمانی و پێکەوەژیانی فیدراڵی، نموونەی بەڵگە نەویستن و هەر لەپیادەکردنی ئەو بەرنامە چەپەڵەشدا، وەزیری بەرگری ئێران نامەیەکی (دۆستانە)ی ناسك دەنێرێت بۆ شێخ مەحموودو بەرێزەوە داوای لێدەکات خۆی بەدەستەوە بدات. پلانی نێودەوڵەتی نێوان بەریتانیا ـ عێراق ـ ئێران کارێکیان کرد، دنیایان

لەشێخ کردە چەرمی چۆلەکەو بستێك زەوی نەما بیکاتە بنکەو بارەگاو لەوێوە درێژە بەخەبات بدات. لەگەڵ ئەوەشدا سەری بەرزی نەوی نەکرد و ئەژنۆی جوامێری و مەردانەی نەلەرزین، بەجۆرێك وەڵامی وەزیر دەداتەوە، خۆی ناکاتە هاوشانی ئەو و دەڵێت: شا، کە دۆستی خۆشەویستمە بەم کارە رازی نابێت، شێخ ئاگاداری ئەوە نەبوو (هێزەکانی ئێران ئامادەبوون رۆژی ١٩٣٠/٥/١٤ هێزەکانی لەئێران بکەنەوە بەعێراقدا، هێزەکانی عێراقیش لەمدیووەوە ئامادەبوون.)[٤١١] هەروەك ئەوەی لەنێوان هەردوو هێزەکەدا وەك کێچ بیپروێنین، چۆن ١٩٤٧ سێ قۆڵی لەگەڵ شۆڕشگێڕانی بارزاندا کردیان و ١٩٧٥یش لەهەرەسی شۆڕشی ئەیلولدا سێ بارەیان کردەوە. ئەندامێکی بەناو پەرلەمانی عێراق، سەعد صالح هەرچەند ناحەزو قین لەدڵ بوو لە کورد لە هۆڵی پەرلەماندا دەڵێت (بەر لەهەمووشتێك دەبێ لەدەست شێخ مەحموود قوتار بین، ئەگەر دەرەقەتی نایەین ئەوا پێویستە سەربەخۆیی بدەینێ، ئەگەر دەرەقەتیشی یەین ئەوا پێویستە یەکجارەکی لەناوی بەرین).[٤١٢]

(زامل منّاع) سەرۆکی هۆزی ئەجوەد کەنوێنەری شاری (منتفك) بوو لە پەرلەماندا، ئەویش دەڵێت (ئەم حکومەتە حکومەتێکی عەرەبی سەربەخۆیەو هیچ کەس لە رەعیە، بۆی نیە یاری بەچارەنووسی بکا. غیاسەدینی نەقشبەندی نوێنەری موسڵ وەڵامی دەداتەوە: ئەم حکومەتە هی هەمووانە...نوێنەرە کوردەکان خوا هەڵناگرێ ئەرکی چەپلەلێدانیان کێشا...خوا نەیبڕێ).[٤١٣] حەمە بەگی جاف و مارف چیاووك دوو پەرلەمانتاری کورد بوون، نامەیەکی بەهێزو پێز پێشکەش نوێنەری باڵا، سێر فرانسس همفرز دەکەن. شێخ مەحموود لەو دەستدرێژییە ناڕەوایەی دوژمن لەداستانەکەی بەردەرگای سەرای سلێمانی و خوێنی بەناهەق رژاوی شەهیدو زامدارەکان بێدەنگ نەبوو، دێتەوە گۆڕەپانەکەو هەڕەشە لە دوژمنان دەکات، دەست لەخاکی کوردان هەڵبگرن و چالاکیەکانی دەگوێزێتەوە هەرێمی گەرمیان کە دەنگوباس و دەنگدانەوەکانی راستەوخۆ دەگاتە شارەکانی نێوەڕاستی عێراق و بەتایبەتیش پایتەخت.

ئینگلیز کۆنترۆڵی راپەڕینی هۆزەکانی عارەبی کردبوو، چەند مەرجێکی قورسیشی بەسەریاندا سەپاندو ئیتر تەواو بەخۆیدا رادەپەرموو، لەگەڵ شێخ مەحموودیشدا یەکلایی بکاتەوە، بەمۆری چاودێری بەڕێوەبەرایەتی کەرکوك، نامەیەکی بۆ دەنێرن کە زەنگی مەترسی بوو، دەستیان لەشێخ شۆردووەو بەهاوکاری سەرۆك هۆزەکان، ناوچەی دەسەڵاتی یان راستر بڵێین ناوچەی جووڵانەوەو هاتوچۆی زۆر تەسك بووەتەوە (جەنابی کۆمیسێری بەرز، بیستوویەتی گەڕاویتەوە سلێمانی، دەستووری پێداوم ئاگادارت بکەم، بەڕێوەبەرایەتیمان لە قەزاکانی رانیە، قەڵادزە، چەمچەماڵ، هەڵەبجە، قەرەداغ، سەنگاو، ناحیەی ماوەت رێکخستووە، بەهیچ جۆرێك دەست لەکاروباری ئەو ناوچانەو گوندەکانی ساداتی سەرگەڵوو وەرنەدەن، خوا نەکردە پێچەوانە بجوڵێنەوە بەتوندترین شێوە لەگەڵتان دەجوڵێینەوە.دۆست و دڵسۆزی شێخ لەگەرمیان، هۆزەکانی جاف، هەمەوەند، تاڵەبانی، زەنگنەو جەباری بوون، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبێت!شێخ رەزای تاڵەبانی، جوانی بۆ هاتووە کەوەستایانە پەنجە درێژ دەکات بۆ ئەو هۆزانەی لەدوژمن کۆبوونەوەو مانگانەیان بۆ دەبڕنەوە، دوواتر کاریان بەوانە نامێنێ، مانگانەکەش دەبڕن، شێخ رەزا لەفۆرمێکی جواندا

زۆر ناشیرین بەهۆزی جەباری دەڵێت:

**وام ئەزانی ئێوە ساداتن معاشتان نابڕن ** داخی داخانم جەباری خۆ لەئێوەشیان بڕی**

میری زوو فریای خۆی دەکەوێت، بەهەر شێوەیەك بێت دەسەڵاتی شێخ نەگەڕێتەوە ناوچەکە، دەست پێشخەری دەکات و ڕۆژی ١٩٣١/٤/٥، ٢٠ کم لەڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی دووز، لەو شوێنەدا کە بەئاوباریك ناودەبرا، شەڕێکی قورس دەقەومێت کە لەمێژوودا بەشەڕی ئاوباریك نووسراوە. ئینگلیز زۆرتر پشت بەفڕۆکە جەنگییەکانی دەبەستێت بۆ لێدانی شۆڕشگێران و چاودێریکردنی جموجوڵەکانیان و دۆزینەوەی حەشارگەو شوێنی حەوانەوەیان و هەروەك سێبەر بەسەر پارتیزانەکانەوە بوون و هەمان کات لایەنی تۆقاندنی گوندنشینەکان و دوورخستنەوەیانی لە شێخ ڕەچاو دەکرد.

شەڕ هەتا دەمەو ئێوارە بەردەوام بوو، زیانەکانی هێزەکەی کورد زۆر زۆر بوو، کە زۆربەیان شەست تیرەکانی فڕۆکە پێکابوونی و ژمارەیان ٣٧ شەهید بوو. لێپرسراوانی سەربازیی بەریتانیا لەعێراق دانەنێن بەو ڕاستییەدا، کاریگەری هێزی ئاسمانی نەبووایە، بەسەر شێخدا سەرنەدەکەوتن.[٤١٤] هەرچەند زیانەکانیشیان لەچاو ئەو چەکانەی بەدەست کوردەوە بوون کەم نەبوون، تەنانەت ئەو تفەنگانەی بەدەست شۆڕشگێڕەکانەوە بوون وەك بڕنەو، ئینگلیزی، سێ تیر، پێنج تیر، داداش، یایلی، ساچمەزەنگ و تاپڕ، جۆرێکیان فڕۆکەکانی ئینگلیزیان چاك دەپێکاو بەتفەنگی فڕۆکەشکێن ناوی دەرکرد. فڕۆکەوانێکیان نزیکەی پەنجا جار فڕۆکەکەی دەپێکرێت. (کۆتایی مانگی یەکەمی ١٩٢٣ فڕۆکەیەك لە سەرچنار و یەکێك لە تاسڵوجە لەیەك کاتدا بەردرانەوە، ١٩٢٤/٤/١ فڕۆکەیەك لەکاتی نیشتنەوەدا لەهەڵەبجە تەقییەوە، مانگێك پێشتریش فڕۆکەیەك بەئاسمانی شەمێرانەوە پێکراو بەناچاری نیشتەوە).[٤١٥]

دوو هەفتەیەك دوای شەڕەکەی ئاوباریك، شێخ و ئەو پارتیزانانەی مابوونەوە ڕۆژی ١٩٣١/٤/٢١ دەکشێنەوە ئەودیو سنوور و شەوی ٢٢ لەسەر ٤/٢٣ دەگاتە گوندی پیران کە دەکەوێتە هەشت میل باشوری ڕۆژهەڵاتی پێنجوێن.

١٩٣١/٥/١٣ بڕیار دەدات چەك دابنێت و بگەڕێتەوە، بەڵام نایەوێت ئەو بڕیارە لە خاکی ئێرانەوە ئاشکرا بکات یان هێزەکانی ئێران بیگرن و ڕادەستی عێراقی بکەن، بۆیە هەر بەو شەوە دێتەوە ئەمدیو و لەدەوروپشتی پێنجوێن ڕۆژ دەکاتەوە. دەسەڵاتدارانی ئینگلیزیش، لایەنی دەست هەڵگرتن و ڕێککەوتنی یەکلایەنەی بۆ دەهێڵنەوە و وەك شەرەفمەندییەك (١٩٣١/٥/١٤ دێتە پێنجوێن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەرزترین ئاستی دەسەڵاتی بەریتانیا لەعێراق، نوێنەری باڵا، سێر فرانسیس همفرز، کاپتن هۆڵت و پارێزگاری سلێمانیشیان لەگەڵدا بوو. ڕۆژی ١٩٣١/٥/١٥ شێخ بەهاوڕێیەتی کاپتن هۆڵت دێتەوە سلێمانی و لەوێشەوە دەچێتە بەغدا).

کاپتن هۆڵت دەڵێت (شێخ مەحموود ئازایانە، خاوێن و مەردانە دەجەنگا، (مەبەستی شەڕی سوارچاك و جوامێرەکانە، وەك میرەکانی ئەوروپای سەدەکانی نێوەڕاست، صەلاحەدینی ئەیوبی، کە کاری نامەردانە ناکەن و دیل ناکوژن وەك شێخ و فڕۆکەوانە دیلەکان. ن. ك). کە شەڕەکەشی دۆڕاند، ناوی لەناو کوردا

نـەزرا، گوندنشـینەکان پـۆل پـۆل دەهاتنـە پێشـوازیکردن و دەسـتیان مـاچ دەکـرد، زۆربـەیان بەچـاوی پـڕ لەفرمێسك و هەنسکی گریانەوە مالّئاواییان لێدەکرد... دەڵێن دلّڕەقە. کێ شایەتە؟ ئەو کاتەی کوردەکـان پالّەپەستۆیان بوو فریابکەون دەستی ماچ بکەن، فڕۆکەوانە ئینگلیزەکانیش کە دووانیـان لەدیلـەکانی شـێخ بوون، خوازیـاربوون لـەو کـاتی شکسـتەیدا دلّنـەوایی بکـەن. راسـتە شـێخ ((طمـوح و کبریـاء))ی هـەبوو ((بەرزەفڕ بوو. ن.ك)) بەلاّم سـەربەرزی و سـەربەخۆیی و پێشـکەوتنی بـۆ کـوردیش دەویسـت)، هـەر ئـەو بەتەنها لەمێژوودا سەرکردەیەکی بـەرزەفڕ نـەبوو، ئەسـکەندەر، کـۆرش، صـەلاّحەدین، نادرشـای ئەفشـار، بسمارك، گاریبالّدی، ناپلیۆن، ستالین، هیتلەر، مستەفا کەمال، تیتۆ، جـەمال عەبدلناصـر، چاوچیسـکۆ، رەزا شـای ئێـران و حەمـەی کـوڕی، وایزمـان، بنگۆریـۆن، ئـەنوەر سـادات، قـازی موحەممـەد، بـارزانی مستەفا...هتد. هەموویان سەرکەوتن و هەریەك لەئاستێکدا گەیشتە "هەوای خۆی" بەلاّم ئایا هـەموویان هەتا سەر بەسەرکەوتوویی و لەبەرزاییدا مانەوە؟ دیارە نەخێر.

هەندێکیان بەسەربەرزی و دلّێکـی ئاسـوودەو دلّنیـایی مالّئاواییـان لـەژیان کـردو شـانازییان بـۆ گـەل و نەتەوەکانیان تۆمارکردو جێگەی خۆیان لەسەر لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێـژوو تۆمـارکرد وەك ئەسـکەندەر، صەلاحەدینی ئەیوبی، بسمارك، ناپلیۆن، گاریبالّدی، تیتۆ، هەندێکیشیان دوای سـەرکەوتن نـووچ دەدەن و تووشی هەرەس هاتن، بەلاّم هەمان شانازی و سـەربەرزییان پـێ بـڕا هەرچـەند بـەناکامی و چـاو لـەئاواتی بەرزیان مالّئاواییان کردو چوونە مێژووی سەروەری و پڕ لەشانازی گەلەکانیانەوەو وەك سـونبول بەبـەرزی و پیرۆزی و نەمری دەمێننەوە، وەك عومەر موختار، شێخ، سمکۆ، عبدالناصـر، قـازی موحەممـەد، بـارزانی مستەفا، جیڤارا. گرووپێکیش شەرمەزاری مێژووی مرۆڤایەتی بوون و هەر لەلاپـەڕە رەشـەکاندا جێگـەیان دەبێتەوە، وەك هیتلەر، مۆسۆلۆنی، ستالین، چاوچیسکۆ...هتد. کاپتن هۆلّت ئەفسەری ئینگلیـز، لـەبارەی شێخ مەحموودەوە وتوویەتی: (ئەگەر هەردوو جەمسەری مەسەلەکە بخوێنینەوە گونجاوترین حوکم بەسـەریدا ئەوەیە گەورەترین هەلّەی "خالّی لاوازی نەك هەلّە"، چونکە مرۆڤ بەدەست خـۆی نییـە لـە چ سـەردەمێکدا لەدایك دەبێت. ن. ك" ئەوەیـە دەبـوو سـەدەیەك زوتـر بێتـە دنیـاوە).[٤١٦] کـاپتن هۆلّـت ئـەو راسـتییەش دەردەخات ئەگەر هێزی ئاسمانی بەریتانیا نەبوایە هەرگیز نەماندەتوانی بەسەر شێخ مەحموودا زالّ ببین.

دەی هەزار رەحمەت لەشیرت ئەفسەری بەویژدانی لەشکری ئینگلیز کە چەند صالّێك لەگیانبازیدا بوویـت بەرامبەر شێخ، تۆ لەسەنگەری دوژمنەوە پیرەمێردیش لەسەنگەری کوردەوە لەو خالّەدا هەمان بۆچـوونتان هەیە. **پیرەمێردی کورد دەڵێت:** **ئاخ گەر نەدەبوو ڤرەی تەیارە** **حیزی و ئازایی ئەوسا دیارە**

شێخ مەحموود دوای مانگی مایسی ١٩٣١ هەتا مایسـی ١٩٤١ دە صـالّی رەبـەق بەدەستبەسـەری لـە شارەکانی ناسرییەو حیللە بەسەربرد. سەردەمی راپەڕینەکەی رەشـید عـالی گـەیلانی ١٩٤١ هـەلێکی بـۆ هەلّدەکەوێت و دەگاتە سلێمانی (ئەفسەرێکی سەرکردایەتی راپەڕینەکە فەهمی سەعید کە بەرەگەز کوردە، کارئاسانی بۆ کردووە بەو نیازەی ئەگەر راپەڕینەکەیان سـەرنەکەوت پـەنا بەرنـە بـەر کوردسـتان و لـەوێوە یارمەتی و کۆمەکی هەمەجۆری ئەلّەمانیایان لەرێگەی ئێرانەوە ئاسانتر پێ دەگات).

پزیشکی تایبەتی خێزانی شا فەیسەڵی دووەم، دکتۆر سندرسن کۆنترۆڵێکی ئاسایی تەندروستی بۆ شێخ مەحموود دەکات، لەو رووەوە لەیادداشتەکانیدا نووسیوویەتی: لوویەکی بچووکم بەپشتییەوە بینی، کە پرسیارم لێکرد وتی: ئەوە گوللەیەکی ئینگلیزە، کتومت لە خۆتان دەچێت، بچنە هەر شوێنێکەوە مەگەر شەیتان دەرتان بهێنێت.(٤١٧)

مامۆستا عەلائەدین سەججادی لە لاپەڕە٧٥١ی شاکارەکەی رشتەی مرواریدا لەمەڕ دووا رۆژەکانی ژیانی مەلیکی کوردستانی باشوور، نهێنییەك دەدرکێنێت من بەشبەحاڵی خۆم لەهیچ سەرچاوەیکی خۆماڵی یا بێگانەدا نەمدیوە (ساڵی ١٩٥٦ رۆژی ١٠ / ٨ ی ئەو ساڵە بوو، من لە مزگەوتە شڕەکەم بووم لە بەغدا، دەمەدەمی نیوەڕۆ بوو، دەورەی مزگەوتەکە پڕبوو لە خەڵك، ئەوەندەم زانی شێخ مەحموودی حەفید بە پێ پیلکەکانا سەرکەوت و سەری کرد بە ژوورەکەی منا،ئەو شێخ مەحموودە کە وەختی خۆی ئەت وت شێرە، لاواز و باریك بوبوو، هەر ئەو نەخۆشییەی بوو کە لەو ساڵەدا بەهۆیەوە کۆچی دوایی کرد . هەر من و ئەو بووین لەژوورەکەدا،حەوشەو دەوری مزگەوت پڕبوبوو لە خەڵك،چونکە شێخ مەحموود هاتۆتە ئەوێ و ئەیانەوی چاویان پێ بکەوێ . وردە وردە دەستی کرد بە قسەکردن و بە دەردەدڵ کردن، فرمێسك بەسەرگۆناکانیا هاتە خوارەوە وتی: زابتەکان و زۆرتر لەوانەی کە لەگەڵمابوون هەموویان خیانەتیان لەگەڵ کردم، فرمێسکیش بەسەر گۆنایا هەر دێتەخوارەوە،لەگەرمەی ئەو قسەکردنەیا،ئەوەندەم زانی لەگەڵ ئەو بی هێزیەشیا هەستاو ناوچەوانی ماچ کردم و وتی: رۆڵە هومێدم بەکەس نەماوە بە تۆ نەبێ . وتم: یا شێخ! ئەوە چی ئەفەرمووی ؟ من چیم،چ کەسم،چ پشت و عەشرەتێکم هەیە ؟ وتی: رۆڵە تۆ قەڵەمت بەدەستەوەیە، قەڵەم لەشیر بە بڕشت ترە،ئەمەی وت و هەستا، وتم: یاشێخ! وەختی نوێژ هاتووە، نوێژ ناکەی لێرە ؟ وتی: بەرێ وەڵڵا .ئیتر چووینە خوارەوە نوێژمان کرد و ئەو رۆیشت . بەڵام لەبەر زۆری خەڵك کەبۆ چاوپێکەوتنی شێخ مەحموو هاتبوون، زۆر بەزەحمەت دەربازبوو.) مامۆستا سەججادی لە لاپەڕە ٧٦٥ یشدا لەزمان (جەمال عارف!)ەوە رووداوێکی ناوازەو سەرسرهێنەر دەگێڕێتەوە: (جەمال عارف بۆی گێرامەوە وتی: ساڵی ١٩٣٢ لە سولەیمانی بەناوی مەولوودییەوە کۆبوونەوەیەك لەمزگەوتی گەورەداکراو هەندی قسە و باسی نهێنی لەگەڵ چەند کەسێکا کرا . شێخ مەحموود کاغەزێکی بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی و هەندێ لەسەرۆك عەشرەتەکانی وڵاتی بادینان نووسی کە ئەوان لەو وڵاتەو شێخیش لەوڵاتی ئەم لا،قۆڵ بکەن بەقۆڵی یەکاو بەهەموویانەوە بچن بەگژ حوکومەتی ئەو وەختەدا(رژێمی پاشایەتی عێراق . ن . ك .) بۆ وەرگرتنی حەقی کورد. وتی: ئەم کاغەزە درا بەمن کە بچم بیگەیەنم و وەڵام بێنمەوە . وتی: رۆیشتم بەبێ دەنگی و چاوم بە گەلێ لەو رەئیس عەشرەتانە کەوت و کاغەزم دانێ . ماجد مستەفا ئەو وەختە قائمقام بوو لە ئامێدی، بەناوی هاوڵاتی و زابتی و دۆستایەتییەوە بووم بە میوانی ئەو . پێی وتم جەمال چۆن هاتووی بۆ ئەم وڵاتە؟ وتم بۆ گەڕان و بۆ دیدەنی تۆ . یەك دوو رۆژی تری پێچوو دیسان لێی پرسیمەوە ... منیش هەر بەوجۆرە وەڵامم دایەوە و مانەوەشم ئەوە چەند رۆژە لەوێ بۆ ئەوە بوو کەرەئیس عەشرەتەکان هەموو پێیان وتم ئێمە لەگەڵ ئەم بزوتنەوەیەداین،پاش چەند رۆژێك وەرەو جوابی

کاغەزەکەشت ئەدەینەوە، بیبەوە بۆ شێخ مەحموود .وتی ئەوەندەم زانی ماجد دەستی برد یەکە یەکە ئەو کاغەزانەی کە من هێنابووم بۆ سەرۆکی عەشرەتەکان و زۆر بە نهێنیش ئیشەکەم گرتبوو، دەریهێناو ختستییە بەردەستم، هەروا لە شوێنەکەی خۆم وشك بووم . بەشوێن ئەوەدا دەستی برد کاغەزێکی تری دەرهێنا کە لە لایەن " موتەسرفی " موسڵەوە نێرراوەتە سەر ئەو کە بمگرێ و بەباڵبەستی بمنێری بۆ موسڵ و لەوێوە بمنێرن بۆ بەغدا . کە ئەمەم دی هەر بەجارێ وشك بووم، لەترسی گرتنەکە نەبوو، لەوە بوو کە من ئەم ئیشەم زۆر بە نهێنی گرتووە،کەچی بەمجۆرە بڵاوبۆتەوە .ماجد پێی وتم: جەمال ئەگەر تۆ راست ئەکەی وەرە ئەوا ئێستە من پیاوی حوکومەتم . لەم دەقیقەیە زیاتر نییە تفەنگ ئەکەمە شانم، ئەوا ئارارات دیارە پێکەوە ئەچین و ئەدەینە شاخ، چیمان پێ بکرێ ئەیکەین، خەڵکی تریش لەوێ هەیە لەگەڵ ئەوان دەست ئەکەین بە ئیش کردن . تۆ هاتوویت بۆ لای ئەمانە؟ ئەمانە هەموو درۆ ئەکەن،لەژێرەوە لەگەڵ حوکومەتن.یەکەیەکە ئەو کاغەزە نهێنییانە کەتۆ هێناوتە، هەموویان هێناوە بۆ من،بەوەشەوە نەوەستان خەبەری ئەم هاتنەتیان گەیاندۆتە موتەسرفی موسڵ، ئەویش بەفەرمانێکی رەسمی کردوویەتە سەر من کە بتگرم و بەباڵبەستەیی بتنێرم . ئەمەیە حاڵی ئەم سەرۆکانە.بەبێ چرپە بەو شوێنەدا کە هاتوویت، هەر بەو شوێنەدا بگەڕێوەو خەبەرەکە بەرەوە بۆ شێخ . منیش ناتگرم ئەگەرسەریشم تێدا چووە . هەندێ پارەی دامێ، خۆی لەگەڵم هات تا قەراخی شارەکە بەبێ ئەوە پۆلیس بزانێ رەوانەی کردم،خستمیە سەر لاڕێگەیەك و وتی لێرەوە برۆ. تا لەسنووری ئامێدی دەرچووم هەر بە لاڕێگاو بەترسەوە ئەهاتم . بەوجۆرە گەیشتمەوە وڵاتی سلێمانی و چوومە وە بۆلای شێخ و کارەساتەکەم تێگەیاند .)

دووای ژیانێکی پڕ لەڕووداوو کارەسات، تاڵ و سوێر، بێ پشوودان، دڵە پڕ لەهیواو ئاواتەکەی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودی حەفید زادەی بەرزنجەیی بەماندوویەتی (٧٥) ساڵ تەمەنەوە شەوی ١٩ لەسەر ٢٠/١٠/١٩٥٦ (لە نەخۆشخانەی حەیدەری لە بەغدا کاتژمێر ٣:٥ دووای نیوەشەو)[٤١٨] لە لێدان دەکەوێت و گیانی پاکی بۆ ئاسمانی بەرین و دڵ و دەروونی کوردان دەفڕێت. دوژمن باوەڕیان نەدەکرد شێخ لەژیاندا نەمابێت، هێشتا هەر دەترسان، لەهێنانەوەی تەرمی پیرۆزیدا بۆ سلێمانی، شار دەخرۆشێت، بەپیرەوەچوونی تەرمەکە بوو بەخۆپیشاندان، جەماوەر پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی رژێم دەدەن، داوای ئازادکردنی شێخ لەتیفی کوڕی شێخیان دەکرد لە زیندان، هاوبەشیی ماتەمینییەکە بکات، شەو بوو، بوو بەتەقە، پۆلیس و سیخوڕەکان دەستیان نەدەپاراست، شێرەژنێکی کورد، ئەختەری رەشۆڵ لەڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندەرەکاندا بوو، شەهیدکرا.[٤١٩] چەند گوللەیەکی ترسنۆکی نامەردانیش بەشەرمەزارییی لە جەستەی شێخدا ساردبوونەوە . یەکێك لە پێشمەرگە تایبەتەکانی شێخی نەمر، عوسمانی حەمەنادرە کە پیاوێکی ناسراوی شاری سلێمانییە، ئەو شەوە رۆڵی بەرچاوی بینیوە و پێشتر و پاشتریش لەریزی پێشەوەی دڵسۆزانی شێخدابوو لەم دوواییانەدا و دووای تێپەڕبوونی پتر لە نیوسەدە ئەو نهێنییە گرنگەی درکاندووە کە لەکاتی شتنی تەرمەکەدا،زامەکانی جەستەی شێخ هێشتا خوێنیان لێدەچۆڕاو بەڕاستیی کفنەکەی گوڵگوڵ بوو بەخوێن . ئەو پیاوە یەکێك بوو لەوانەی شتن و کفنکردنی تەرمەکەیان ئەنجامدابوو،چاویان بەسەر ئەو

نهێنییە ترسناکەدا ئەبلەق بوو کە شێخ هێشتا زیندووبووە،ئەوانەی لەبەغدا (دەرزی مەرگ) یان لێدابوو، ویستوویانە هەتا زوترە بینێرنەوە،ئەوانە باوەڕیان نەدەکرد، بەو جۆرەش هەرلێی دەترسان،بەمەزندەی خۆیان لەسنووقێکی داخراودا هەتا دەگاتەوە سلێمانی گیانی دەردەچێت و کێشەیەکی لێناکەوێتەوە،ئەو تاوانکارانەی حکومەتی عێراق هەرگیز ئەوەیان بەبیردا نەهاتبوو تەرمەکە بکەوێتە بەر گوللەی پۆلیس و ئاسایشی حکومەتی عێراق لە سلێمانی. ئەوەی دەبێتە رەخنە لەو پیاوە،دووساڵ کەمتر دوای شەهید بوونی شێخ حکوومەتی پاشایەتیی عێراق لە ١٩٥٨/٧/١٤دا رووخا، ئەی ئەو نهێنییەی بۆ ئاشکرانەکرد ؟! سبەینێ تەرمی شێخی نەمر لە مزگەوتەکەی باپیریدا، مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ ((مزگەوتی گەورەی سلێمانی)) بەخاك سپێردرا لەدڵی دایکی نیشتمان و باوەشی کاك ئەحمەدی شێخ و شەهید شێخ سەعیدی باوکی و شێخ ئەحمەدی برایدا کە موصلاوییەکان لە هەراکەی موصلدا شەهیدیان کردن. ئافرەتان سەر لەقوڕ دەگرن و ئاودامان بەرگی شین و پیاوان رەش دەپۆشن، هەتا ئەمڕۆش سوێند بەگۆڕی پیرۆزی دەخۆن.

**حەمە صالح دیلانی شاعیر شیوەنە شیعرێکی بەسۆزو پڕ لەهونەر بۆ شێخی کوردان و مەلیکی ناکامی کوردستان دەهۆنێتەوە :**

**لەکێ بپرسین هەواڵی راستی — دیارە نزیکتر هەر بەرانانە**
**بەرانان دەخیل دراوسێی دڵسۆز — شێخ لەوێ ماوە یا لە پیرانە**
**ئێستا ئاوباریك وەك بومەلەرزە هەر — هەڵدەلەرزێ یا لەووەستانە**
**بەردە قارەمان لەجێی خۆی ماوە — هەر لەدەربەندە یا لە "کێوانە"[٤٢٠]**
**ئێستا سێبەری سەر جەستەی کفتی — هەتاوی سوورە یا ئەرخەوانە**

**دوواتر دەڵێت: کوردستان بگرە چە پکە نێرگزێ — سوك دای بهێڵەو بیخە گوڵدانت**
**بنوو نووستنی دووای هیلاکی رێ — پرخەت بگاتە گشت کوردستانت**

هێزەکەی شێخ مەحموود باڵادەستیی بەسەر سوپای عێراقدا هەبوو کە لە ١٩٢١/١/٦وە دامەزرابوو، بەڵام هێشتا بەخۆیدا رانەدەپەرموو رووبەڕووی لەشکری شێخ ببێتەوە، لەبری ئەوان هێزەکانی ئینگلیزو هێزی لیوی ـ لیڤی کە زۆربەیان ئاسووری و عارەب و کوردیشی تێدابوو، بەکرێگیراوێکی ئینگلیز بوون، هەندێك فاکتەری نێگەتیڤ نەبوونایە وەك ناحەزی شێخانی سەرگەڵو، جیابوونەوەی موشیری حەمەی سلێمان و نەگونجاوی چەند خزمێکی شێخ، شۆرش لە توانایدا بوو کۆڵ بەهێزەکانی دوژمن بدات و ناچاری گفتوگۆو دانوستان بن. نوێنەرێکی عارەب لە پەرلەماندا دەڵێت (ئەگەر دەرەقەتی شێخ مەحموود نایەن با مافەکانی بدەینێ) لەئەنجامیشدا بەپلان و هاوکاری سێ قۆڵی بەریتانیا ـ عێراق ـ ئێران دەرەقەتی هاتن. سەرکەوتنی کودەتا سەربازییەکەی ١٩٣٦ی بەکرصدقی کە ئەفسەرێکی کوردی نێو سوپای عێراق و سەر بەئەڵەمانیا و دژی سیاسەتی ئینگلیز و دامودەستگاکانی و دەست و پێوەندەکانی و کاسەلێسەکانی بوو لەعێراق، باری کەوتووی شێخی راستدەکردەوە ئەگەر شۆڤێنیزمی عارەب و دەستکەلاکانی ئینگلیز و بەتایبەتیش نوری سەعید، هەر ئەو ساڵە لە فڕۆکەخانەی موصڵ تیرۆریان نەکردایە کە دەیویست بۆگفتوگۆو هاوئاهەنگی لەگەڵ مستەفاکەمال و ئەدۆلف هێتلەردا سەردانی ئەنقەرەو بەرلین بکات .لیوا

فوئادعارف چەندین لایەنی کەسایەتی و پیشەیی ئەو ئەفسەرە کوردە هەڵکەوتووجەربەزەیە لەلاپەڕەکانی ٨٨ ـ ٩٥ دا دەخاتە روو: (دێتەوە یادم تازە وەك ئەفسەری پلە دوو (ملازم ٢) دەستبەکاربووم، هێشتا تیپەکانی سوپای عێراق دانەمەزرابوون، فەریق بەکر صدقی فەرماندەی بەشی خۆرهەڵاتی کەرکووك بوو، بەردەوام دەهات بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشق و راهێنانەکانمان و بایەخێکی تەواوی بە راهێنانی سەربازی دەدا... بەکر صدقی بەدانپێدانانی هەموو ئەو ئەفسەرانەی ناسیویانە، لەتوانای جەستەیی و زانستەکانی سەربازیدا ئەفسەرێکی هەڵبژاردەبوو، وەکی دیکەش زۆر سادەوساکاربوو لەگەڵ ئەفسەرانی خوارخۆیی و ژێرفەرمانیداو دانیشتنی دۆستانەی لەگەڵ دەکردن و لەباروددۆخی ژیان و کێشەکانیانی دەپرسی وهاوکاریدەکردن، هەمووشمان دەمانزانی زۆر لەسەر پێیە هەرکاتێك پێویست بێت یا ناهەقییەك لە ئەفسەرێکی بکرێت دەست لەکاربکێشێتەوە، لەیادمە لەسەربازگەی ئاغجەلەربووین، مەشقی جەنگی چیامان دەکرد، منداڵانی خوێندنگەکەی گوندی عەسکەر،کە بەکر صدقی و جەعفەر عەسکەری لەو گوندە لەدایکبوون هاتنە دیدەنیمان و بەکرصدقیش خزمانی خۆیی و خزمانی جەعفەرعەسکەری و ژمارەیەك دانیشتووانی گوندەکەو گشت ئەفسەرانی سەربازگەکەی بانگهێشتکرد، دووانێکیدا لەبارەی رۆڵ و گرنگی رووناکبیری و زانست لەپێشکەوتنی گەلانداو روویکردە ئێمەی ئەفسەرومنداڵەکان ومامۆستاکانیان وخەڵکەکەو وتی" بڕوانن "... نەجدەت فەتحی صەفوەت لە کتێبی (ألعراق فی ألوپائق ألبریگانیە سنە ١٩٣٦) نووسیوێتی: بەڵگەنامەیەکی بەریتانیایی تایبەت بە بەکر صدقی دەڵێت:" ساڵی ١٨٩٠ لەشاری بەغداو لەدایك و باوکێکی کورد لەدایکبووە و ساڵی ١٩٠٨ لەکۆلێژی سەربازیی تورکی دەرچووە لە ئەستەمووڵ و لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهاندا پلەی موقەددەم وەردەگرێت و لە ئەرکانی گشتیدا دادەمەزرێت، ١٩٢١ دەچێتە سوپای عێراقەوە و ١٩٣٢ لەکۆلێژی ئەرکان دەخوێنێت لە کمبرلی ... پێدەچێت باشترین فەرماندە بێت لەسوپای عێراقدا." بەلاّم سەرهەنگ صەلاحوددین ئەلصەبباغ هەرچەند رقیشی لەبەکر صدقی بوو، چونکە(باوەڕی بە عەرەبایەتی عێراق نییە) لە کتێبەکەیدا (فرسان ألعروبە فی ألعراق) دەڵێت:" بەکر صدقی ئەفسەر روکنێکی بەتووانای هەردوو سوپای عەسمانی و عێراق بوو، بەرزە فڕ بوو، دژی ئیمپریالیزم و رقی لە ئینگلیزو بەکرێگیراوەکانیان بوو ." بەدوای ئەویشدا شۆڕش و کودەتا سەربازییەکەی رەشید عالی گەیلانی هەر سەر بەئەڵەمانیا دەسەڵاتەکەی زۆری نەخایاند کە رووناکییەکی بۆ کورد تێدابوو. هاوپەیمانان سەرکەوتنی کۆتایی جەنگەکە بەدەستدەهێنن وبەشی شێریش لەمیراتیەکەی دەوڵەتی عوسمانی پێدەبڕێت ودەوڵەتی عێراق بەدڵی خۆی دادەمەزرێنێت ,باکوری کوردستانی پێوە دەلکێنێت ,دەست بەسەر نەوتەکەشدا دەگرێت و لەسەر چاڵە نەوتەکان دادەنیشێت.(٤٢١)

ئەوە ئەنجامەکانی ئەوجەنگە بو کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانی جیهانی سەرمایەداریی هەڵیگیرساندو نێوان ساڵانی١٩١٤ ـ ١٩١٧نێزیکەی ٧٥ ملیۆن سەربازو ئەفسەر کەوتنە دۆزەخەکەیەوە، دە ملیۆنیان کوژران، بیست ملیۆن بریندار، دە ملیۆنیش لەبرساندا مردن. رووسیا کە هەر زووش کشابووەوە هێشتا ٢.٣٠٠ ملیۆن قوربانیدا.

شێخ مەحموود لایەنی سەربازیی ململانێکەی دۆڕاند، لەشکرەکەی بێ رابەر سەرگەردان پەرش و بڵاوبوونەوە، شێخ تفەنگەکەی هەڵپەسارد، بەڵام کوردایەتی و سەربڵندی سەرکردەی شۆڕشەکەی نەدۆڕاند، نووچیدا، بەڵام ئەژنۆی نەلەرزی، وورەی نەنەوی هەر بەئاواتی سەرکەتنەوە بوو، سەرکەوتنی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت. ئەو فایلەی دکتۆر کەمال مەزهەر لە ئەرشیفی پارتی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی رووسیادا بینیویەتی، نامەیەکی شێخی تێدایە بەهۆی حاجی بابە شێخ بۆ پێشەوا قازی موحەمەدی ناردووە دەستەودامێنی دەبێت دەستبەرداری رووسیا نەبێت و بە (وادەی شیرین و درۆو دەلەسە نەخەڵەتێ "کە چاکیان دەناسین"و دەیانەوێت کورد هەمیشە ئالەتێك بێت بەدەستیانەوە) روون و ئاشکرا دەیسەلمێنێت شێخ ئەو کاتەش چەند پەرۆشی کوردو بزوتنەوەی کوردایەتی و خەمخۆری سەرکردەکانی بووەو بەرچاویان روون دەکاتەوە نەکەونە ئەو داوەوە ئەو تێیکەوت.

خاڵی لاوازی شێخ لەچەند لایەنێك تێپەڕ ناکات:

١ـ کەم شارەزایی لەسەر هێزی دوژمن وایدەکرد هەمیشە دوژمن بەکەم بگرێت.

٢ـ جیهان نەبینی یا خۆنەگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشهاتە نوێیەکانداو سەنگ و سووکی تەرازووی هێزەکان لەناوەوەو ناوچەکەو دوورتریشدا.

٣ـ بەپێی پەیمانی سیڤەر هەر بۆ نموونە، دەشیا هاوپەیمانان لە کوردستانی باشوور و باکوور دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێنن، بەڵام ئەو لەبری ئەوەی پشتی سورەیا بەدرخان و شێخ عەبدولقادری شەمزینی بگرێت کە سەرکردایەتی باکووریان دەکرد، هەوڵی دەدا دەوڵەتی کورد لە باشوور و رۆژهەڵات دابمەزرێنێت لەکاتێکدا هاوپەیمانان بەهیچ جۆرێك دەستکاری یەك پارچەیی ئێرانیان نەدەکرد، چونکە لە جەنگدا بێلایەن وەستابوو.صاڵێك دووای دامرکاندنەوەی شۆڕش، دوژمن لەوە دڵنیابوو وەك لەبەڵگەکانی بەردەست دکتۆر کەمال مەزهەر کەوتوون: بەرپابوونی شۆڕشێکی ترسناك چاوەڕوان ناکرێت لەکوردستان هەڵگیرسێت. شێخ مەحموودو شێخ ئەحمەدی بارزانی دوو مەلی شووم بوون بەئاسمانی کوردستانەوە لە چەند مانگی داهاتوودا دووەمیش بەدەردی یەکەم دەچێت. دوای ئەو دوو یاخییە کەسێك لەگۆڕەپانەکەدا نامێنێت ئالای شۆڕشی پێ بەرزبکرێتەوە.(٤٢٢)

کە شێخ مەحموود لەململانێکە دوورخرایەوە شێخ ئەحمەدی بەرزانیش دەربەدەر بوو لە سنوورەکانی نێوان عێراق و تورکیادا، ئینگلیز دەگەڕان بەشوێن سەردارێکی کوردا بۆشاییەکە پڕ بکاتەوە، بەڵام نەبوو! ئینگلیزو عێراق وایاندەزانی کەس ناتوانێت سەر بەرز بکاتەوە، مرۆڤی سادەو خۆش باوەڕ دەیانوت نوری سەعیدی سەرۆك وەزیران وتوویەتی ئەوەی لەڕووی مندا دەوەستێتەوە هێشتا لەدایك نەبووە! ئایا لەڕاستیدا ئەوە بوون یا هەر بۆ گەلانی عارەب و کورد... برسی و نەخوێندەوارو دواکەوتەو ناحەزو دوژمن بە یەکترو لە هەموو پێشکەوتنە زانستی، ئابووری، پیشەسازی، سەربازی بێبەش، ئازا بوون؟ ئەرێ ئینگلیزو دام و دەزگاکانیان لەکوێ خەوتبوون کە ئەفسەرێکی کوردی پایە بڵندی سوپای عێراق، ئەو سوپایەی هەر لەدامەزراندنیەوە لە ١٩٢١/١/٦دا خۆی بەکورد تاقیدەکردەوەو بەکوشتنی شۆڕشگێڕەکانی شێخ مەحموود

لەدەڤەری سلێمانی و کەرکووك و شۆڕشگێڕە بارزانییەکان لەدەڤەری بارزان خۆیان فێری شەڕ دەکرد. وتم دوژمن لەکوێ خەوتبوو کە بەکر صدقی ١٩٣٦ کودەتایەکی سەربازی بەسەردا کردن و کابینەی وەزارەتەکەی یاسین هاشمی ١٩٣٦/١٠/٢٩ هەڵوەشاندو کابینەیەکی نوێی سەر بەخودی خۆی و تورکیاو ئەڵەمانیای دامەزراند بەسەرۆکایەتی حیکمەت سلێمان هەرچەند ئەفسەرە نەتەوەخوازە توندڕەوەکانی نێو سوپا پلانێکی نامەردانەیان بۆ داڕشت، کاتێك بەکر صدقی وەزیری بەرگری دەچێتە فڕۆکەخانەی موصڵ لەوێوە بفڕێت بۆ تورکیاو راستەوخۆ پەیوەندی بەسەرانی تورکیاو ئەڵەمانیاوە بکات، بەپێی پلانەکەی سەلاحەدین صەبباغ و هاوڕێکانی کێشابوویان، یەکێك لە پاسەوانە تایبەتەکانی بەکر صدقی گوللەیەك دەنێت بە کەللەی سەرییەوەو تیرۆری دەکات، بەکر صدقی بەو کودەتایەی بەتەنها باڵ کردی، لەگەڵ شای عێراق غازیش ناکۆك بوو، ئەفسەرە شۆڤێنییە عارەبەکانیشی لە سوپا وەدەرنا، بەلام بۆی نەچووە سەر ئەگینا پێدەچێت بەهاوکاری ئەڵەمانیای بەهێز، کورد دەستی لە شتێك گیربووایە .ئەفسەری ناسراوی سوپای عێراق لیوا فوئادعارف لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: (بەکرصدقی بەوەناسرابوو هەڵوێستی نێگەتیڤی بەرامبەر سیاسەتی بەریتانیاهەبوو لایەنگری سیاسەتی ئەڵەمانیاوهاوپەیمانەکانی (میحوەر) بوو،بۆیە هەستماندەکرد دەستی لێدەوەشێنرێت،ئەوسەردەمەی وەزیری بەرگری بوومەلیك غازی زۆر هاندەدا وکاریگەری بەسەر سیاسەتی وڵاتیشەوە هەبوو...بەپێچەوانەی پەیماتی عێراق ـ بەریتانیاوە،عێراق بڕیاریدا چیتر چەك لە ئینگلیز نەکڕێت، شاغازیش ڕەزامەندی پیشاندا لەسەر کڕینی پۆلێك فڕۆکەی (بریدا) لە ئیتالیاو پێنج فڕۆکەی بۆمب هاوێژی جۆری (سافۆی)،ئەمە جگەلە سنوردارکردنی دەستەڵاتەکانی نێردە سەربازییەکەی بەریتانیا،بەڵکو پەکخستنی چالاکییەکانی .لەولاشەوە گروپەکەی نوری سعید گەرەکی بوو بەهەر شێوەیەکە بەکرصدقی لەنێوبەرن بۆیە ئێمەمانان چاوەڕوانی ڕوودانی تیرۆرکردنیمان دەکرد بەڵام وەك من بزانم ئەو گوێی بەوە نەدەدا پێدەچێت بەو هۆیەوە بوبێت باوەڕی نەدەکرد تیرۆر بکرێت، ئەگەر هەوڵیش بدرێت سەرناگرێت چونکە وەك دێتەوە یادم لەماڵەوەش پاسەوانییەکی ئەو تۆی نەبوو،تەنانەت ئەوڕۆژەی تیرۆریشکرا پاسەوانە تایبەتەکەیی لەتەکدا نەبوو کەسەریازێکبوو بەپلەی (عەریف) زۆر دڵسۆزو سەرساميشی بوو، لەوڕۆژانەدا گەڕابوەوە بۆ سەردانی خێزانەکەی بەڵام لەو ماوەیەدا بەکرصدقی لەیانەی سەربازی هێزی ئاسمانی عێراق تیرۆرکرا ...(عەریفەکە) کەگەڕایەوە و بەکر بەمردوویی دەبینێت خۆیی بەر گوللەدا بەڵام نەمرد،کەچاك بووەوە و لەخەستەخانە دەرچوو ئەمجارەیان بەتەواوی خۆی کوشت . لیوا فوئاد عارف وردەکاریی تیرۆرکردنەکەو چەند نهێنییەکیش لە لاپەڕەکانی ٨٤ ـ٩٥ ی بیرەوەرییەکانیدا دەخاتە روو:(ئەو کاتە موقەددەمی فڕۆکەوان مووسا عەلی فەرماندەی بنکەی هێزی ئاسمانی دەڤەری مووصڵ بوو، رووداوەکەی بەمجۆرە بۆ خاوەن شکۆ گێرایەوە، وتی محەمەد عەلی جەواد دەچێت بۆلای بەکر صدقی لە مووصڵ و دووای نیوەڕۆ پێکەوە دەچن بۆ یانەی هێزی ئاسمانی و کەدادەنیشن بۆچاخواردنەوە، مووسا چاوی لێدەبێت کە مەحموود هندی، ئاماژە بۆ عەریفێك دەکات، وەك بیناسێت کە بەکرصدقی ئائەوەیە! ئەمانیش وادەزانن کابرا داواکارییەکی هەیە پێشکەش بەکرصدقی دەکات، بەلام دەمانچەیەکی

لەژێر داواکارییەکەدا شاردبووەوە و هەر کە نزیك بوەوە دەمانچەکەی ئاراستەی بەکرصدقی کردومحەممەد عەلی جەوادیش شالآوی بۆ کابرابرد کە من گوێم لێبوو دەیوت: گەورەم تۆ هەقت نەبێت و صدقی بەرگوللەدا و کە هەستیششکرد محەممەد عەلی جەواد هەوڵدەدات دەمانچەکەی لەدەست دەربهێنێت یا بیکوژێت، تەقەی لەویشکردوکوشتی .) عەقیدی فڕۆکەوان مووسا عەلی تەییاریش رووداوەکە بەمجۆرە دەگێڕێتەوە: (لەفڕۆکەخانەی مووصڵ، لەگەڵ بەکرصدقیدا پێکەوە لەبابەتی دیکە دەدواین، ئەوەندە بەئەسپایی قسەیدەکرد ناچاربووم سەربنێم بەسەریەوە، کەچی دەنگی محەممەدعەلی جەواد هاتە گوێم دەپرسێت چیت دەوێت ؟ کەئاوڕمدایەوە سەربازێکی سوارەی سەرڕوتم بینی، پێنج مەترێك لەولامانەوە وەستاوەودەستی خستوتە پشتییەوە، من وامزانی سەربە صدقییە و بۆکارێك هاتووە، بەلآم بەکر صدقی ئاوڕینەداوە، لە پشتمانەوە بووبەتەقە، کەئاوڕمدایەوە سەربازەکەم بینی رووەو من بەدەمانچەکەی تەقەدەکات و بەکرصدقیش تەنها یەك نالەی لێوەهات و جووڵەی لێبڕا، هەمانکات محەممەد عەلی جەواد لەجێگەکەی راپەڕی ولەنێوان بەکرو بکوژەکەدا راوەستا، هەردوو دەستی بەرووی بکوژەکەدا بەرزکردەوە،کەچیتر تەقەنەکات ... منیش راپەڕیم وباوەشم پێداکردو دوورمخستەوە، بەلآم هەستمکرد خۆیناگرێت و هەردوکمان کەوتین و محەممەد وتی دووگوللەم بەرکەوتووە ... ئینجا سەری منی بردە لای سەرییەوەو وتی: "مووسا من تەواو" سوێند بخۆ بۆم کە ناهێڵێت هێزی ئاسمانی لەنێوبچێت ... زۆرینەبرد هەستمکرد باڵەکانی لەسەر سنگم شلبوون وسەریشی کەوت بەلای چەپداوگیانی سپارد ... بەلآم بەکرصدقی هەردەمودەست دووای نالەکەی گیانی دەرچووبوو، زامەکانی کوشندەبوون، مۆخی بڕبڕەی پشت و دەماخی پێکابوو، محەممەدیش زامەکانی بەدڵ ویەکێك لە سییەکانییەوەبوو.) هۆکارەکانی تیرۆرکردنەکەش بەبۆچوونی لیوا فوئادعارف لە سێ خاڵدا خەستدەبنەوە:

١ ـ ئەفسەرە عەرەبە نەتەوە خوازە سەرگەرمەکانی نێو سوپا.

٢ ـ کەسانێکی سڤیل و ئەفسەرانێك کەهەواداری ئینگلیز و بگرە بەکرێگیراوی باڵوێزخانەکەشی بوون .

٣ ـ چەندین ئەفسەری ناحەز، کە بە هۆکاری دور لەسیاسەت لەگەڵیدا پێکهەڵپڕژابوون، دژایەتییاندەکردو بەدوای تۆڵەسەندنەوەدا دەگەڕان.

بەکر صدقی شەوێك بەرلەتیرۆرکردنەکەی، دەمەو عەسر دێتە کۆشکی گردە خوێ (قصر تل ألملح) دوا کۆبونەوە لەگەڵ شاغازیدا دەکات بۆ وەرگرتنی رەزامەندی چوونە تورکیاو ئامادەبونی مانۆڕێکی سەربازیی و لەوێشەوە بچێتە ئەڵەمانیاو چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەدۆلف هیتلەردا بکات، بەلآم شاغازی حەزی بەو سەفەرە نەدەکردو پێیدەڵێت: (بەکر مەڕۆ، بارودۆخەکە لەبەرژەوەندی تۆ نییە ... بەکر! مستەفا کەمال ئەتاتورك لەوەتەی هاتۆتە سەرکار لە تورکیا نەچۆتە دەرەوە .) ئەویش وتی: (گەورەم، شاکیر وادی وسمایل ئاغا لێرەن و من دڵنیام شتێك ناقەومێت ... دوو دەبە عەمبەشم کڕیوە بەدیاری دەیبەم بۆ مستەفاکەمال، یەکێکیان بەناوی ئێوەو یەکێکیان بەناوی خۆمەوە .) لێرەدا هەستم بەوەکرد کە خاوەن شکۆ رایسپاردووە بەناوی ئەوەوە دانوستاندن بۆ پڕچەککردنی سوپا و پەیوەندیکردن بە هاوپەیمانەکانی ئەڵەمانیاوە ...ئیتر لە

ئێمە دووركوتنەوەو دووبەدوو قسەیاندەكرد، بەلاّم خاوەن شكۆ نەیدەتوانی دلّەڕاوكەوبێئارامی خۆی لەمەر ئەوسەفەرە بشارێتەوە . بەكر صدقی دوونامەی پێبوو، یەكەمیان بۆ هێتلەر و دووەمیان بۆ مۆسۆلۆنی سەرۆكی ئیتالیا سەبارەت هاوكاریكردن لەگەلّ ولاّتانی میحوەردا، ئەو دوو نامەیە لە جانتا تایبەتەكەی بەكر صدقیدابوون و دووای تیرۆركردنەكە جانتاكەش دیارنەما، شاغازیش زۆر نیگەران و بێئارامبوو، دوواجار كاتژمێر دووی دووا نیوەشەو هەوالّگرە تایبەتەكانی هەوالّیاندایە كە ئەفسەری هەوالّگری بەریتانیا، میستەر تۆمسۆن لەرووباری گوێر پەڕیوەتەوە بەرەو مووصلّ، لێرەدا ئیتر شاغازی تەواو بێهیوابوو لەجانتاو نامەكان .دۆستایەتی هیتلەرو شاغازی گەیشتبووە ئاستێك، هیتلەر ئوتومبیلێكی تایبەتی جۆری مێرسیدس و بیرەی تایبەتی بۆدەنێرێت كە هەمووشووشەكان پیتی (غ) ی لەسەرنووسرابوو . شاغازی (عێراقییەكی) نیشتیمان پەروەروئازاد بوو، لە نزیكبوونەوەشدا لە ئەلّمانیا كەمكردنەوەی دەستەلاّتی بەریتانیاوكزو بێهێزكردنی خۆسەپاندیانی دەبینی بەسەر گەلێك لە خاوەن پۆستەبالاّكانی دەولّەتدا، زۆربەی كابینەكانی وەزارەت كە دادەمەزران و هەلّدەوەشانەوە هەر بە فیت ودەستتێوەردانی راستەوخۆی بالّوێزخانەی بەریتانیا بوو لە بەغدا.) شا غازیش ١٩٣٩/٤/٣ بەتەنها بەئوتومبیلەكەی دەگەڕا، خۆی دەدات بەدارتەلێكی كارەباداو دەكەوێتە ژێری و مرد. صالّی ١٩٤١ سەركردەی ئەفسەرە توندڕەوەكانی عارەب لە عێراق، صەلاّحەددین صەبباغ كودەتایەك دەكات و رەشید عالی گەیلانی پۆستی سەرۆك وەزیران وەردەگرێت، شا فەیسەلّی عێراق هێشتا لاو بوو لەژێر چاودێری عەبدلئیلای خالّۆیدا بوو ١٩٤١/٤/٣ هەریەكەو سەرەو خوار، فەیسەلّ بۆ كوردستان و پەنا دەباتە بەر خانەوادەی مەلا فەندی لە باداوا ـ هەولێر، خالّۆشی هەلّدێت بۆ بەسرا. ئەو دەمە مێژوونووسی گەورەی كورد ئەمین زەكی بەگ جێگری سوپا سالاری عێراق بوو، ماجد مستەفا پارێزگاری عەمارە، تۆفیق وەهبی بەگ پارێزگاری حیللە، هەردووكیشیان دوواتر بوون بەوەزیر، پارێزگاری بەسراو فەرماندەی لەشكری بەسراش عەمید مەجید عەلی هەر كوردبوون، دوواتر بابە عەلی شێخ مەحموود و حەمدی بابان و مەحموود جەمیل بابان و سەعید قەزازیش بوون بە وەزیر، كورد كێش و قورسایی خۆی هەبوو لە دەولّەتدا، بەلاّم كەلّكیان لێ وەرنەگرت.لیوا فوئاد عارف لەبیرەوەرییەكانیدا دەلّێت: (دووای تیرۆركردنی بەكرصدقی هەموولایەنگران وهەوادارەكانی لەسوپادا گوێزرانەوە بۆ بەصرا و ژمارەشیان زۆربوو. ئەو كاتەی شاغازی فرۆكەخانەی بەصرا دەكاتەوە، گوێم لێبوو موتەصەرریفی بەصرا تەحسین عەلی كە لەدووای شاوە وەستابوو وتی (دەبوو ئەمڕۆ بەكر صدقیش لەگەلّماندا ئامادەبووایە، چونكە ئەو رەنگرێژی ئەم فرۆكەخانەیەبوو، شوێنەكەشی بۆهەلّبژاردبوو، هەر ئەویش زۆر پەرۆشبوو بەصرا فرۆكەخانەی هەبێت .) كابتن هۆلّت یەكسەر بەمجۆرە وەلّامی دایەوە و هەموومانی نیگەرانكرد (حكومەتی بەریتانیا بڕیاریدا بەكر صدقی لابدات و بمرێت، نیو ملیۆن دینار بۆ كوشتنی تەرخانكرابوو بەلّام تیرۆركردنەكەی تەنها ٧٠٠٠٠ حەفتا هەزار دیناری تێچوو، باقییەكەشی گێڕدرایەوە بۆ خەزێنەی بەریتانیا) دێتەوە یادم موتەصەڕیف (پارێزگار) لەو دەربڕینەی كابتن هۆلّت زۆر دلّگرانبوو.)

١٩٤١/٥/٢ شەڕ لەنێوان هێزەکانی ئینگلیزو شای عێراق دژی کودەتاچییەکان هەڵگیرسا. سەیرەکە لەوەدا بوو ئەوانیش هەر هەواداری ئەڵەمانیاو تورکیا بوون دژی ئینگلیز، دانیشتووانی موصڵ کونسوڵی بەریتانیا لەشارەکە دەکوژن لە تۆڵەی شا غازیدا، گوایە دەستی ئینگلیزی تێدابووە، ڕەشید عالی و هاوپەیمانەکانی سەرکەوتووبوون چەند فڕۆکەیەکی ئینگلیزەکانیان لە حەببانییە خستەخوارەوە، سەرکردایەتی بەریتانیا لە میسر و هیندستانەوە هێزی فریاکەوتنی گەیاندە عێراق و دوای ئەوەی هەراکەی ڕەشید عالی کوژایەوەو جگە لە صەڵاحەددین صەبباغ کە لەڕێگای کوردستانەوە خۆی گەیاندە تورکیا و لەوێشەوە گەیشتە بەرلین هاوڕێکانی هەر هەموویان دەستگیر کران و ئەفسەران فەهمی سەعید کە بەڕەگەز کوردەو باوکی زۆر دۆستی شێخ مەحموود بوو، مەحموود سلمان، یونس سەبعاوی ١٩٤٢ و کامیل شەبیب ١٩٤٤ لەسێدارە دران. عارەبی دژ بە ئینگلیزیش داخی دڵیان بە جووەکانی عێراق دەڕێژن، ژمارەیەکی زۆریان کوشتن و ماڵ و سامانیان زەوتکردن کە دەبێتە هۆی ئەوەی لە ١٩٥٠وە عێراق ڕێگا بەکۆچکردنی جوو بدات بۆ ئیسرائیل. کورد واتەنی خافڵگیر کەوتمە ئەم باسەوە، کەواتە با ئەو دە پازدە ساڵەی کۆتایی تەمەنی ڕژێمی شای عێراق و ئینگلیز ١٩٣٦ـ١٩٥٨ زۆر بەکورتی تەواو بکەم. کۆتایی ١٩٤٨ ئینگلیزو حکومەتی عێراق زۆر پەرۆشی چالاکی کۆمۆنیستەکانی عێراق بوون کە بەهێزترین پارتی رامیاری گۆڕەپانەکە بوو، هەر نیشتمانپەروەرێکی دیکەش دژی ئینگلیزو حکومەت بجوڵایەوە یەکسەر مۆری کۆمۆنیستییان بەنێو چاوانیدا دەکوتا. هەندێك لە سەرکردە باڵاکانیان لەزینداندا بوون، بەڵام پلەوپایەیان نەدەزانرا، دەسەڵاتی عێراق و پۆلیسی نهێنی توانیان ئەندامێکی سەرکردایەتی (عەبدولوەهاب عەبدلڕەززاق) دەستگیر بکەن، لەژێر ئازارو ئەشکەنجەی دڕندانەدا خۆی نەگرت، هەرچییەکی دەزانی درکاندی، مالیك یوسف و یەهودا صدیقیش لەحەشارگەیەکی زۆر نهێنیدا دۆزرانەوە. دەوڵەت وایدەزانی یەهودا سکرتێرە، وورەیان رووخاند، ئەویش هەرچیەکی دەزانی ((هەموو نهێنییەکانی دەزانی)) دەیدرکێنێت و دەڵێت مالیك لێپرساوی یەکەم ((سکرتێر)) ی حیزبە . چاپخانە نهێنییەکە گیراو رایەڵی رێکخستنەکان ئاشکرابوون. ئەوانەی نێو زیندان کە هیچیان لەسەر ساغ نەبووەوە سەرلەنوێ دادگایی کرانەوەو دەرکەوت سکرتێری یەکەم ((فەهد))ە. بەرەبەیانی ١٩٤٩/٢/١٥ لەگەڵ دوو ئەندامی پولیت بیرۆ، زەکی بەسسیم و حسێن شەبیبی لەسێدارەدران.

ئەمجارەش پرسیارەکە دەکەمەوە ئینگلیزو دامودەزگا سیخوڕەکانیان لەکوێ وەنەوزیان دەدا کە سەرلەشکری لیوای ٢١ی سوپای عێراق بەهەر ئامانجێك بوو، لیواکەی بەرەو بەغداد خستەڕێ بێ ئەوەی هەست بکرێت بەرەبەیانی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ گەیشتە بەغداو پەلاماری کۆشکی شاهانە (کۆشکی زهوور) دەدات، هەموو جەبەڕوتی بەریتانیاو عێراق پازدە خولەك خۆیان ڕانەگرت، لەچاو تروکانێکدا عێراق بوو بەکۆماری عێراق و عەبدلکەریم قاسم سەرلەشکری لیوای ٢١ بوو بەرزگارکاری عێراق و ئیمپریالیزم بەزێن و کوڕی گەل و سەرۆکی تاقانەو...هتد. من بەش بەحاڵی خۆم ڕێزم بۆ ئەو پیاوە هەیە، پیاوێکی ڕاست و دروست، دوور لەحیزبایەتی و نەتەوە پەرستی و ڕاستڕەوی و چەپڕەوی و میانڕەوی. دۆستی گەلانی

عێراق و بەتایبەتی گەلی کورد، هێشتا کورد هیچ داواکارییەکی پێشکەش نەکردبوو، ئەو پیاوە مەزنە، خۆ بەخۆ لەیاسای کاتیدا، بەندی سێهەم چەسپاندی: کوردو عارەب لەم نیشتمانەدا هاوبەشن، مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرای بەپارتی دیموکراتی کوردستانیش دا، رۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێ بەئاشکرا دەردەچوون، بەوپەڕی شادومانی و شانازییەوە رێگەی بەبارزانی مستەفاو هەڤاڵەکانیدا لە سۆڤیێتەوە بگەڕێنەوە بەگەرمی پێشوازی و دیداری لەگەڵ "مستۆ" کرد.[٤٢٣] بەڵام خوا پیاوی خراپ بگرێت، سەریان لەو پیاوە تێکداو چەواشەیان کرد، ئەوەندەیان هاوارکرد کوڕی گەل، رۆڵەی گەل، سەرۆکی تاقانە، دوژمن بەزێن، بکوژەو ببڕە گەل لەدوواتەوەیە...هتد. لەخۆشمان هەبوو دەیوت کەریم گۆشت و ئێسقان نیە، کەریم هەر بیروباوەڕە! کابرا لەخۆی گۆڕاو پشتی کردە بارزانی مستەفا و روو لە دوژمنە دێرینەکانی، چاپکراوە کوردییەکانی داخست، مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرای لەپارتیش سەندەوە دوای ئەوەی چەند ساڵێك بەکوڵ و دڵ هاواریان دەکرد: **هەڵپەڕن دەی هەڵپەڕن ئەمڕۆ رۆژی شادییە رۆژی ئیجازەدانی پارتی دیموکراتییە**

**هەڵپەڕن دەی هەڵپەڕن، هەڵپەڕن خوشك و برا مژدەبێت لەگەلی کورد ئیجازەی پارتی درا**

جگە لەگەلی کورد، پارتی و بارزانی، کۆمۆنیستەکانی عێراق، دانیشتووانی سادەو ساکار، ئیتر نەتەوە پەرستەکان، پاشماوەی رژێمی کۆن، بەعسییەکان، تورکمان...هتد. دژی ئەو پیاوە بوون، ئەویش پیاوێکی چاك و جوامێرو ئازاو دۆستی کورد بوو، بەڵام بەداخەوە پیاوی فەرمانڕەوایی گەل و بەڕێوەبردنی وڵات نەبوو، پارتی کۆمۆنیستی عێراقیش ماڵیان...ئاوا بێت رێگەی راستیان پیشان نەدا، لەئەنجامدا سەری ئەو پیاوەیان خوارد، خۆیان تووشی رۆژێکی رەش کرد، کوردیشیان ناچاری شۆڕش کرد کە هێشتا خۆی بۆ ساز نەدابوو، دوژمنانی گەلانی عێراق و عارەب و کورد، دوژمنانی عەبدولکەریم، پارتی، کۆمۆنیست ١٩٥٩ رادەپەڕن بەسەرۆکایەتی عەبدوالوەهاب شەوواف کە ئەفسەرێکی توندڕەوی نەتەوە پەرستەکانی عارەب بوو، (مستۆ) فریاکەوت بەهێزێکی بارزانییەوە تارومارکردن،[٤٢٤] بەڵام دەسەلاتی عەبدولکەریم لەگرێژەنە چووبوو بەعسییەکان بەسەرۆکایەتی عەبدلسەلام عارفی کۆنە هاوکاری عەبدلکەریم قاسم ١٩٦٣/٢/٨ کودەتایەکی سەربازییان کرد وسەری عەبدلکەریم قاسمیان خوارد،خوێنی کۆمۆنیستەکانیشیان حەڵاڵ کرد،کوردیشیان پاڵنا بەناچاریی شەڕی ژیان و مردن لەناو ئەو شۆڕشەدا بکەن ١٩٦١ بەکاڵوکرچی بەرپایان کرد.عەبدلسەلام عارف لەنێوان بەسراو قورنەدا فرۆکەکەی سوتاو بوو بە قەرەبروت ١٩٦٦/٤/١٣. ئەورەحمانی برای جێگەی دەگرێتەوە هەتا کودەتای ١٧/گەلاوێژی ١٩٦٨ کە بەعسەکان هەتا ٣٠/ گەلاوێژ کردیانە ئازایەتی خۆیان و ناویان لێنا شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموزی ١٩٦٨و سەرکردە راستەقینەکانی کودەتاکەیان بەفڕۆکەیەکی تایبەتی لە عێراق دوورخستەوە بۆ لەندەن کە پلانڕێژی کودەتاکە بوون. وڵاتی عێراق کەوتە بندەستی بەعسییەکان، ئەحمەد حەسەن بەکر دەبێتە سەرۆك کۆمارو صەددام حسێن کە هەتا ئەو کاتە ناوێکی نەبوو دەبێتە جێگری سەرکۆمار هەتا ساڵی ١٩٧٩ بەسوکە پاڵێك ئەحمەد حەسەنی دوورخستەوەو هەر هەموو پۆستە گرنگەکانی گرتە ژێر دەست، سەرۆك کۆمار، رازگری سەرکردایەتی بەعس ـ هەرێمی عێراق، سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق و جەنگی هەشت ساڵەی عێراق ـ

ئێران ١٩٧٩ـ١٩٨٨ هەڵدەگیرسێنێت کە ئەوروپا بەجەنگی کەنداو ناوی دەبرد و لەدوورەوە تەماشایان دەکرد... داگیرکردنی کوێتیش لەلایەن عێراقەوە جەنگی دووەمی کەنداوی بەدوای خۆیدا هێنا... تێکشکانی سوپای عێراق، راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی کوردو عارەب لە باشووری عێراق و کوردستان، نشوستی عارەب و سەرکەوتنی راپەڕینی کوردی باشوور و کشانەوەی صەددام لە بەشێکی کوردستان، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ١٩٩٢و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و کەوتنی دامودەزگاکانی بەعس و رژێمەکەی لە ٢٠٠٣دا. ئەگەر لە بابەتەکە دوور نەکەوتبمەوە دەڵێم هێزو توانا ئابوری و سەربازی و جەنگییەکانی ئەوروپاو بەتایبەت بەریتانیا دەستیان بەگەلی کورد فێربوو گوندەکان وێرانبکەن و شۆڕشگێڕانی کورد لەدەڤەری سلێمانی ـ کەرکووك، بارزان بەپشتیوانیی فڕۆکە جەنگییەکان گوللە پرژێنیان بکەن و گیانی پیرو ئافرەت و زارۆك دروێنە بکەن، سەرانی کورد زیندانی و دەربەدەر بکەن، چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی شۆڕشی بارزان و کۆماری کوردستان ـ مەهاباد نامەردانە لەسێدارە بدەن کە بەپێی خۆیان گەڕابوونەوەو خۆیان بەدەستەوە دابوو، خەیروڵڵا عەبدلکەریم، عیزەت عەبدلعەزیز، مستەفا خۆشناو، موحەمەد قودسی. ئەفسەری شەهید خەیروڵڵا لەدوای هەرەسی کۆماری کوردستانەوە نەخۆشییەکی سەخت دەگرێت هێزو توانای لێ بڕیبوو، دەمێك بەکۆڵی هەڤاڵەکانی، دەمێك لەسەر پشتی ووڵاخ و دەمێك لەسەر داربەست بەنێو ئەو هەموو هەڵەت و چیا سەخت و شیو و دۆڵانەی نێوان رۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا نیوە گیان گەیشتە سەر سنوورو لەیەکەمین خاڵی سەرسنوور خۆیان بەدەست پۆلیسی عێراقەوە دەدەن... خوانەناس و دوژمنەکانی مرۆڤ ئەو قارەمانەی کورد هەر لەسەر داربەست دەبەنە بەردەم سێدارە، ئەوەندەی دەمی گۆیکرد بەمردن پێدەکەنی لەگەڵ هەڤاڵانیداو لاپەڕەیەکی پڕ لەشانازی و یادەوەرییەکی نەمریان لەمێژووی کوردا بۆ نەوەی نوێ تۆمارکرد. لیوا فوئاد عارف لەبیرەوەریەکانیدا دەڵێت (دوای کەوتنی کۆماری مەهاباد ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانی کوردی عێراق ناچاربوون بگەڕێنەوە کەژمارەیان بەپێی سەرژمێریی فەرمی: ١٥٥٠ پیاو،١٦٨٦ ئافرەت و ١٣٢٩ منداڵ کەلەنێویاندا چوار ئەفسەری سوپای عێراقیشی تێدابوو: عیززەت عبدلعەزیز،خەیروڵڵا عبدللکەریم، مستەفا خۆشناو، محمد قودسی، یەکسەر دەستگیرکران ئەوان پێشتر لە ١٩٤٥ دا پاشەملە بڕیاری لەسێدارەدانیان دەرچووبوو دادگاش ئەو بڕیارەی پەسەند کردوو بەرەبەیانی رۆژی ١٩٤٧/٦/١٩ لەسێدارەدران، مستەفا خۆشناو و محمد قودسی لە سلێمانی و عیززەت عبدلعەزیز لە ئامێدی و خەیروڵڵا عبدللکەریم لە هەولێر بەخاك سپێردران .) بڕوانە بیرەوەرییەکانی فوئاد عارف،هەولێر ٢٠٠٦ ل.١١٩ . خۆ هەر ئەو مرۆڤ خۆرانانەن، ئەو زلهێزە زەبەلاحانەن بەنوێترین تەکنەلۆجیای چەك و ئامێرەکانی مەرگەوە، بەتۆڕە بەربڵاوەکانی هەواڵگرییەوە لەبەرامبەر چەند گرووپێکی چەکداردا لە ئەفغانستان و عێراق دەستەپاچەو دۆش داماون، پەلاماردانی کتوپڕو تەقینەوەو خۆتەقاندنەوەو دەستبەسەرداگرتنی شارو شارۆچکەو... سەرزەمینی ئەفغانستان و عێراقیان لە هێزەکانی بەریتانیاو ئەمەریکا کردۆتە چەرمی چۆلەکەو وەك سەگی چوار چاویان لێهاتووە نازانن هەر رۆژەو کەی، چۆن، لەکوێیەوە زریکەیان لێ هەڵدەسێنن. ئاخۆ ئەو پیلانە نێودەوڵەتییە، ئەو

گەلە کۆمەکە نامەردانەیەی لە عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان کرد، ئەی لە ئوسامە بنلادن و ئەیمەن زەواهیری بۆ ناکەن؟ ناتوانن یا ماستەکە موویەکی تێدایە؟ کۆتایی سەدەی رابردوو، سەرەتای سەدەی نوێ دیاردەیەکە خەریکبوو دەبووە یاسا. دوو سەردەم وا بەسەر دەچن و جارێکی دیکە ناگەڕێنەوە، سەردەمی شۆڕشی چەکداری و سەردەمی دیکتاتۆرە ملهوڕەکان، سەرەتاو هەتا چەند ساڵێکیش نیشانەکان دروستی ئەو بۆچوونەیان دەسەلماند، لە بواری شۆڕشی گەلاندا لەپێناو رزگاریدا، شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان، شۆڕشی فەلەستین، شۆڕشی باکووری ئیرلەندا "سوپای رزگاریخوازی ئیرلەندا"، شۆڕشی باشووری سودان، شۆڕشی بیابانی خۆرئاوای مەغریب، شۆڕشی کوردی خۆرهەڵات، هەردوو حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵە، شۆڕشی کوردی باکوور، پێکەکە. شۆڕشی رزگاریخوازانی ئیسپانیا، شۆڕشی هۆزەکانی یەمەن، شۆڕشی موسوڵمانی قەفقاس..

دیکتاتۆرە ملهوڕەکانیش چاوچیسکۆ رووخاو سەری تێداچوو، میلۆسۆڤیچ دەستگیرکراو صەددام حوسەین لەسێدارە درا. ئەمەریکاو ئەوروپا بەپۆزلێدان و کەش و فشی یاریزانێکەوە لەماوەیەکی کورتدا چەند گۆڵێکی لەچەند شوێنێکی سەختەوە تۆمار کردبێت هێمای سەرکەوتنی یەکجارەکی راگەیاندو مژدەی بەدەستهێنانی کاسەکەی بەسەر لێوەوە بوو. ئەمەریکا پشت ئەستوور بەو سەرکەوتنانە یاسای نوێی جیهان و رژێمی نوێی جیهانگیری ناوچەکانی رۆژهەڵاتی نێوەندو بەشێك لە باکووری ئەفریقای راگەیاند کە پێویست بەنوێبوونەوە دەکەن کە لەپراتیکدا دەیکردە لادانی بنەماڵەی سعود، ئال صەباحی کوێت، بنەماڵەکانی میرەکانی کەنداو، خێڵی ئەسەد لە سوریا، حوسنی موبارەك لە میسر، ئاخوندەکان لە ئێران، یاسر عەرەفات و گرووپە چەپڕەو و رادیکاڵەکانی فەلەستین، لەنێوبردنی ئۆجەلان، بن لادن و ئەیمەن زەواهیری و مەلا عومەر لە ئەفغانستان و هتد... بەڵام کارەساتە مەزنەکەی ((سێپتەمبەر ووریای کردەوە کە زۆر بەهەڵەدا چووە!)) هەرواش بوو، تەنانەت لە سۆماڵ هێزەکانی ئەمەریکا بەسەری شکاو و قوونی دڕاوەوە دەربازبوون، لە ئەفغانستان و عێراق و دوواتر پاکستانیش کەوتنە زۆنگاوێکەوە، ڤێتنام لەچاویاندا بەحەوت ئاو شۆردرابووەوە، بگرە سەیران بوو، ئەوکات ئەمەریکا لە ڤێتنام بکشایەتەوە هەر سەرشۆڕییەکەی پێدەبڕا، بەڵام ئەمڕۆ لە ئەفغانستان و عێراق بکشێتەوە جگە لە شەرمەزاری و سەرشۆڕی هەستیارترین بەرژەوەندییەکانی لەناوەوەو دەرەوەی ئەمەریکا دەدات بەدەم گورگەوە... نامەوێت زۆر قوڵ بەو بابەتەدا شۆڕ ببمەوە، بەڵام گەلانی چەوساوەی وەك کورد، فەلەستین، هۆزەکانی یەمەن، ئیرلەندای باکوور، باشووری سودان، بیابانی مەغریب و هتد لەنێوان دوو جەمسەرە سەرەکییەکەی بلۆکی خۆرهەڵات ((سۆسیالیزم))و بلۆکی خۆرئاوا ((رژێمی ئازاد))دا هەناسە ساردبوون، ئەمڕۆ لە سیستەمی تاك جەمسەریدا ئاهێکیان وەبەردا هاتۆتەوە، هەرچەند لەژێر سایەی ئەو سیستەمە و بەرژەوەندییەکانیدا بە ئاوات نەگەیشتوون و راستەوڕاست بەرەو ئەوێ شایەتمان ناهێنن، بەڵام کێشەکانیان لەبەردەستدایە، کراوەو کراوەتر و ئامادەترن بۆ چارەسەر، هەر بۆ نموونە وەك کێشەی کورد لە باشوور و باکووری کوردستان، بڵێن ئامین. **وەك (مەدینە) بێ (نەبی) بێ یا نەجەف بێ بێ عەلی**

**شاری غەزنەش بێ مەحمود وەك ئێستەی داریكەلی**

**چەن جوانی بۆ هاتووە حەمدی صاحێبقران :شاری مەدینەی پیرۆز، بێ پەیامبەر, شاری غەزنەی ئەفغانستان بێ سوڵتان مەحمودی غەزنەیی وەك گوندی داریكەلی وەهایە ، بێ شێخ مەحمودی مەلیكی كوردستان .**

بۆپێچانەوەی دووا رووپەڕی ئەم بەشە، شۆڕشەكانی شێخ مەحمودی مەلیكی كوردستان ١٩١٤ـ١٩٣١، نیشتمانپەروەرو دۆستی دڵسۆزی شێخ، هۆنەری گەورەی كورد ئەحمەد بەگی ساحێبقران ((حەمدی))بەشایستەیی بكەینە سەردەستە، بەسەلیقەی ووردو پسپۆڕیی دەروونناسێك، كارزان و شارەزایەكی جەنگ و رامیاریی، بەرنامەو هەنگاوەكان و هەڵوێستەكانی شێخ بخوێنێتەوەو بەسەنگ و تەرازو و ژیریی خۆی پێوانەیان بكات كە توانیوویەتی هەموو ئەوانەو ئامۆژگارییەكی رەخنەئامێزی ناسكیش لەتەنها یەك دێڕە هۆنراوەدا بخاتە بەرچاو:

**( بەسواری چڵ بەتوندی،گوڵ كە هات زانیم كەتێ ئەگلێ لەباخی عالەما جەولان ئەبێ بكرێ بەهێواشی )**

جا تۆ تەماشا، هەوڵێك دەدەم هێماكان ئاشكرا بن، گوڵ (شێخ)، بەسواری چڵ (بە لەشكرەوە)، بەتوندی هات (بەگوڕو تین و سەرگەرمیی و كورت بینیی) زانیم كە تێدەگلێ (هەستمكرد دەكەوێت)، لەباخی عالەما (لەجیهانی رامیاریی و جەنگدا كە تەواوكاری یەكترن)، جەولان (بزوتنەوە، شۆڕش و بەرنامەو ئامانجەكانی)، دەبێ بكرێ بەهێواشی (بە راوێژو پرسوڕا، لێكدانەوەی گشت ئەگەروپێشهاتەكان، لایەنەكانی دۆست و دوژمن،لەسەركەوتنا بوغرامەبە،لەژێركەوتنیشدا ورەبەرمەدە). بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنی كۆمەڵایەتی شۆڕش و حكومەتەكەی كوردستانی باشووریش پێدەچێت لەمەشدا زۆر سەركەوتوو وەك تیر ئەندازێك نیشانەی پێكابێت:

**( جائیزە بۆ میللەت كوردایەتی بێ رەشبەڵەك بێ قەزا بێ باجی رەحمە نایەڵێ رێك هەڵپەڕین )**

## بنەماڵەی دەسەڵاتدارانی دەشتەكانی حیجاز

## ئەشرافەكانی شاری مەككە

## بنەماڵەی عەبدولعەزیز ـ وەهابییەكان

## كێشەكانی نێوان حسێن كوڕی عەلی و عەبدولعەزیز كوڕی سعوود

## ڕۆڵی بەرچاوی ناسراوترین

## ئەفسەری دەستگای هەواڵگری بەریتانیا، ئێدوارد لۆرانس

## ئەشرافەكانی شاری مەككە

هەتا سەدەی چوارەمی کۆچ ئەشرافەکانی مەککە دەسەڵاتێکی ئاینیی، کۆمەڵایەتیی، رامیارییان نەبوو، لەگەڵ سادەی دانیشتوواندا جیاوازییان هەر ئەوە بوو لەبنەماڵەی پەیامبەرن و بەدوو نازناوەوە بوو بوون بەدوو بنەماڵەی سەرەکیی نەوەکانی پەیامبەر: (حەسەنیی ـ حەسەنییەکان) ئەوانە بوون دەچوونەوە سەر حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبوتالیب و حسەێنیی ـ حسێنییەکانیش دەچوونەوە سەر حسەینی کوڕی عەلی و لەوڵاتانی ئیسلامدا بەچەند نازناوێك دەناسرێن. لەخوارووی ئەفەریقاو خۆرهەڵاتەکەی بە مەولا دەناسران. لەوڵاتی حیجاز بەحەسەنی دەوترا شەریف و بە حسێنیش دەوترا سەیید. لەمیسرو مەغریب بەنازنازی شەریف بانگدەکران. لەتورکیاو بەشێکی هیندستان بە میر ناودەبرێن، لەعێراق، ئێران، یەمەن، مالیزیا، ئەندۆنیزیاش نازناویان (سەید)ە. لەسەردەمی خەلافەتی مەئموونی کوڕی هاروونە رەشیدیشدا لەبری سەرپێچ (عەمامە)ی رەش کە هێمای عەباسییەکانە، فەرمانیداسەرپێچی سەوز ببەستن، ئەوەش دوای مردنی عەلی ئەلریزای کوڕی مووسای کازیم گەڕایەوە سەر رەنگی رەش.[٤٢٥] ململانێی نێوان حەسەنییەکان کە لەشاری مەککەو حسێنییەکان کە لەشاری یەثریب (مەدینە) دەژیان، ململانێیان لەسەر دەسەڵات هەر بەردەوام بوو،(بە تایبەتیش لەنێوان محەمەد و سولەیمان) داهەتا محەمەد ئەبولهاشیم بەسەر نەیارەکانیدا (سولەیمانییەکان) زاڵ دەبێت و فەرمانڕەوایی خۆی و نەوەکانی بەناوی شەریفی مەککەوە دەسەپێنێت هەتا قوتادەی کوڕی ئیدریس ٥٩٨ك/١٠٢٢ز. کۆتایی بەدەسەڵاتیان هێنا.[٤٢٦] صالّی ٩٦٩ك/١٥٦٢ز. حەسەنییەك بەنێوی جەعفەری کوڕی حەسەن شێوە میرنشینێکی دامەزراندو هەتا ١٩٢٥ ز. فەرمانڕەوا بوو، دوای خۆی عیسای کوڕی بوو بەمیرو ٣٧٠ك/ ٩٨٠ ز. دەمرێت و حەسەنی برای ناسراو بە ئەبولفتووح[٤٢٧] جێگەی دەگرێتەوەو لە مەددینەو یەمەن چوو بەگژ حسێنییەکانداو دەیویست ببێتە خەلیفەی موسوڵمانان وەك خەلیفەی عەباسی لە بەغداد و خەلیفەی فاتمییەکان لە میصر، بەڵام بەو ئاواتەوە ٩٤٠ك/١٥٣٤ ز. سەری نایەوە و شاکیری کوڕی بوو بە میر و نەیارە حسێنییەکانی لە مەدینە شکاندو شارەکەی کەوتە بندەست، شاکیر تەنها کچێکی هەبوو، کە ٤٥٢ك/١٠٥٢ ز. مرد ناکۆکییەکانی نێوان هاشمی و سلێمانی سەرلەنوێ دەتەقێتەوەو دووای جەنگێکی درێژ هاشمییەکان سەردەکەون و ٥٩٨ك/١٢٠٢ ز. شەرافەتی مەککەیان کەوتەدەست و لەنێوان خەلیفەی عەبباسی و فاتمییدا ئەمبەرو ئەوبەریان دەکرد، کێ زۆرتر پولێیان بداتێ. سوڵتان ئالب ئەرسەلانی سەلجوقی ٤٥٨/١٠٦٧ ـــ ٤٦٣ك/١٠٧١ ز. ناچاری کردن وتاری نوێژی هەینی بەنێوی خەلیفەی بەغدا بخوێننەوە، بەڵام نەچوونە ژێر ئەو فەرمانەو دۆعایان بۆ شەش خەلیفەی عەبباسی نەکردو بانگی نوێژیش هەر بەشێوەی بانگی شیعەکان مایەوە بە سێ شایەتمانەوە بۆ یەزدان و موحەمەدو عەلی. شایەنی وتنە ئەبوولفتووح شیعەبوو، بەڵام

لەسەر ڕێبازی زەیدیی کەڕێبازێکە لـە سـوننەوە نێزیکـە و ئەبوبـەکر و عومـەر بـەدوو جێگـری دادپـەروەر دەناسێت. لەسەردەمی ئەودا (میصرییەك هاتبوو بۆ حەج بە پارچـە ئاسـنێك بەردەبێتـە بـەردە ڕەشـەکەی کەعبەو هاواریدەکرد هەتا کەی ئەم بەردە دەپەرستن و ماچی دەکەن، مـن ئـەمڕۆ ئـەم ماڵـە دەڕوخێـنم... ئەوانەی ڕووداوەکەیان بینی دوورکەوتنەوە، کابرای میصری سێ پارچەی لەبـەردە ڕەشـەکە شـکاند، دوواتـر چەسپیان کردەوە، بەڵام جێگاکانیان هـەر دیـارە. یەمەنییـەك خـافڵگیر بـەر خەنجەریـداو ئینجـا خەڵکەکـە کۆبوونـەوەو پارچـە پارچـەیان کـردو هاوکارەکانیشـیان کوشـتن و هەرهـەموو حاجییـە میصرییەکانیشـیان تاڵانکرد). [٤٢٨] دەوڵەتی عوسمانی صاڵی ٥٩٨ك/١٢٠٢ ز. لەشکرێکی ناردە سەر ئەبوو قوتادەی یەنبوعی و شاری مەککە داگیر دەکەن و هاشمییەکانیان دەرکرد. ئەبو قوتادە بەرز دەفڕی، دەیوت مـن لـە خەلیفـەی بەغداد شیاوترم، یەکێك لەنەوەکانی ئەبو قوتادە بەنێوی ئەبو نەمی لە ٦٥١ك/١٢٨٥ زاینییەوە پەنجا صاڵ فەرمانڕەوا بوو هەتا ٧٠١ك/١٣٠٣ ز. دەمرێت و سی (٣٠) کوڕی هـەبوو کەوتنـە گیـانی یـەکتر، صـاڵی ٧١٥ك/١٣١٤ ز. حومەیزە ئەبو غەیثی برای سەردەبڕێت و براکانی دیکەی بانگدەکات بۆ نانخواردن، کەللە سەری براکەی بەکوڵاوی لەبەردەمدا دانان و هەریەکەیان شمشێر بەدەستێك بەسەر سەرییەوە ڕاوەستابوو هەر کامیان لەو سەرە نەخوات سەری دەخورێت!

لەبراکاندا، رومەیثە پەنا دەباتە بەر شای میصرو حومەیزەی دەرپەڕاند،ئەویش ڕوویکردە بەغـدادو پـەنا بۆ سوڵتان خودابەند دەبـات کـە چـووبووە سـەر ڕێبـازی جەعفـەری. [٤٢٩] رومـەیثـە خودابـەنـد هـان دەدات مەککـەو مـەدینـە بگرێـت ٧١٦ك/١٣١٨ ز. لەشـکر جـولا، هێـزی عـارەبی خێڵەکیشـیان لەتەکـدا بـوو، بەتایبەتی هێزی خەففاجە بەڵام کە گەیشتنە ئەو دەڤەرەی ئەمڕۆ وڵاتی کوێتە، هـەواڵی مردنـی خودابـەنـد کەبەنیازبوو ئێسك و پروسکی هـەردوو خەلیفـە ئەبوبـەکرو عومـەر لەمەدینـە بگوێزێتـەوە، گەیشتەسـەر لەشکر کە "سوڵتان" بە نەخۆشی کـولێرا مـردووە. [٤٣٠] لەشـکر بـڵاوەی کـرد، خێڵەکییـەکان ڕۆژیـان بـوو پەلاماریان دا و ڕوتیان کردنەوە، سامان و دارایی، کەنیزەکەکان و ووڵاخە ڕەسەنەکانی حـەمیزەیان بـەتاڵان برد و هیچیان بۆ نەهێشتەوەو رومەیثە بوو بە میر. [٤٣١] حومـەیزە دووبـارە هێـز کۆدەکاتـەوەو رومـەیثـەی شکاندو ڕایکردە میصر، هێزێکی هاوردو حومەیزەی ڕاونا بـۆ یەمـەن و لـەو سـەرەوە ٧٢٠ك/١٣١٩ ز بـە لەشـکرێکەوە هاتـەوە، بـەڵام لـەڕێگادا یـەکێك لـە خولامـەکانی لەشـیرین خـەودا دەیکوژێت. حـەمیز، هاوسەرێکی عارەبی عێراقیشی هەبوو، کوڕێکی لێی بـوو بـەناوی موحەمـەد، لـە نەوەکانیشی عـەطیـف بەناوبانگ بوو، کە شا ئیسماعیلی صەفەوی ٩١٤ك/١٥٠٨ز. بەغداد دەگرێت زەوی و زارێکی زۆری پێدا، ئێسـتاش هـەر بـەو نـاوەوە یەکێکـە لەگەڕەکـە کۆنـەکانی بەغـدا، گـەڕەکی عـەطیفییـە لەسـەر کـەناری دەستەڕاستی رووباری دیجلە، لەنێوان بغداو کازمییەدا. [٤٣٢] صاڵی ٩٣١ك/١٥٢٣ز. ئەبو نەمی دووەم هەتا ٩٩٢ك/١٥٨٥ز. و نەوەکانیشی هەتا ١٩٢٥ ز. فەرمانڕەوا بوون بەر لەوەی کـوڕی سـعود بەسـەریاندا زاڵ بێت.

## وەهابییەکان و وەهابیزم

ڕێبازی وەهابی (ئوصوولی) یا گەڕانەوە بۆ بنەڕەتە دەستکاری نەکراوەکان و خاوێنکردنەوەی ئیسلام لەو پۆخلیانەی راستییەکانی دەقەکانی قورئان دەشێوێنن وەك پاڕانەوەو داوای یارمەتی کردن لەپەیامبەرو پیاوچاکان، رازاندنەوەی گۆڕی پیاوچاکان و چوونە سەرگۆڕستان و پیرۆزی مردووان. ئەوان دەڵێن یەزدان فەرموویەتی (إنما المساجد لله فلا تدعوا مَعَ الله أحدا) و (إذا سألك عبادي عنّي فإني قريب أُجيبُ دعوة الداعي) یەکەمیان واتا مزگەوتەکان ماڵی یەزدانن، جگە لەیەزدان لە کەس مەپاڕێنەوە، دەقی دووەمیش دەڵێت، ئەی موحەمەد بەندەکانم بۆ من دەگەڕێن، من نێزیکم و وەڵامی هەر بەندەیەکم دەدەمەوە. هەر بەو پێیەش وەهابییەکان دەستەواژەی (یا رسول الله) و (یا أرحم الراحمین) بەلادان دەزانن لەفەرمانەکانی یەزدان و زۆر بەتوندیش بەگژیدا دەچن. ڕێبازەکە شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب ناوەڕاستی سەدەی ١٨ دایمەزراند کە ساڵی ١٧٠٣ز. لەشاری نەجد هاتۆتە دنیاوە و لە مەککە و مەدینەو بەسرە خوێندوویەتی، هەر زوو بیری نوێکردنەوەی ئاینی ئیسلام دەبێتە کەڵکەڵەو هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات، کە دەیبینی بەسراییەکان هاواریان بۆ موحەمەد دەکردو دەپاڕانەوە یارمەتیان بدات یان مەولویان بۆ دەکرد، پەست دەبوو دەیوت ئەوە کارێکی چەوتە، ئێوە هاوبەش بۆ یەزدان پەیدا دەکەن. ڕێبازی وەهابی بەناوی دامەزرێنەرەکەیەوە دامەزرا (بۆ بڵاوکردنەوەی تێزەکانی، سی زانای خۆیان ناردە شاری مەککە بۆ بەرامبەریکردن لەگەڵ زاناکانی مەککەو مەدینەدا، قازی یەکەم، بڕیاریدا بیروباوەڕیان پیس و خۆشیان کافرن. زۆربەیان خرانە زیندان و ئەوانی دیکە دەرباز بوون).[٤٣٣] شەریفی مەککە، مەسعود هەتا ١٧٨٨ز ڕێگەی پێنەدان حەج بکەن، دوای ئەویش غالب بوو بە شەریف، چەند جارێك پەلاماری شاری نەجد دەدات، بەڵام ئەنجامێکی نەبوو، ١٧٩٨ز بەپێی ڕێکەوتنێك ڕێگەیان پێدرا حەج بکەن. وەهابییەکان لەشکریان پێکەوە نابوو، دڕو سەرسەختیش دەجەنگان، ١٨٠٢ز. دڕندانە پەلاماری چەند شارێکی عێراق و بەتایبەتیش کەربەلا دەدەن، خەڵکەکە قەلاچۆ دەکەن، مەزاری پیرۆزی حسێن تالاندەکەن، کە گەڕانەوە شاری طائیف دەگرن و لەوێش ڕەشەکوژییەك دەکەن بەر لەوەی شاری مەککەش کۆنترۆڵ بکەن ئەمجا شاری نەجد. بەر لە توێژینەوەو تەتەڵەکردنی ئاینیی (ئیجتیهاد)و سەردەمی فەتح عەلی شا، هەردوو ڕێبازەجیاوازەکەی: شرۆڤەو شیتەڵکردن گێڕانەوەی ڕووداوەکان وەك چۆن لە هەزارو چوار سەد ساڵ لەمەوبەرەوە بیستراوە (ڕێبازی سەلەفی) و ڕێبازی گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی ئاینی ئیسلام، قورئان و لێکدانەوەی دروست، شەن و کەوکردن و لەبێژنگدان و تەتەڵەکردنی فەرموودەکانی پەیامبەرو جیاکردنەوەی هەڵبەستراوەکان و دەرهاوردنیان لە خەرمانی فەرموودە پیرۆزەکان (مەبەستم فەرموودەکانی یەزدانە(الحدیث القدسي) نەك قورئان. لەڕاستیدا وەك بەرنامەو لێکۆڵینەوەی زانستی و پەنا بردنە بەر لۆجیك، تێزی وەهابیەکان لە هەندێك لایەنەوە لەگەڵ لۆجیکدا جوت دەوەستێتەوەو لەهەندێك لایەنی دەستگرتن بەڕووکەش و دیووی دەرەوە وەك هێشتنەوەی ریشێکی چڕوپڕو درێژو شێواو و سمێڵ تاشیندا، پۆشینی بەرگ و پۆشاکی ئەفغانی، لایەنە زانستییەکانی تێزەکانیان کاڵدەکەنەوەو دەمانخەنە بەر پرسیارێك ئاخۆ خواپەرستی ڕووکەشە یان تێزێکی فەلسەفییە بۆ ئاسودەیی مرۆڤ و رزگارکردنی لەهەموو جۆرە

چەوسانەوەیەك، ئاخۆ خواپەرستی هەر نوێژو و رۆژوو ئەركەكانی دیكەیە وەك حەج و زەكات یان ئەو ئەركانە كۆرسێكن بۆ ئامادەكردنی مرۆڤی موسوڵمان بۆ كاری چاكەو رەنگدانەوەی ئەركە ئاینییەكان لەهەڵسوكەوتی رۆژانەدا. یەزدان پێویستی بەنوێژو رۆژووی مرۆڤێكی درۆزن و دەستبڕو داوێن پیس و ناپاك و وڵات فرۆش و سەنگ و تەرازو نادروست نییە، پێویستی بە حەج و عەمرەی بازرگانان و فەرمانڕەوا پشت لەفەرمانەكانی یەزدان و پەیامبەرەكەی نییە، ئاخۆ پەنجا ساڵ نوێژ و رۆژووگرتنی ووشك و بێ ناوەرۆكی كەسێك چ پاداشتێكی یەزدانی دەستدەكەوێت كە ئەو كەسە ئامادە نەبێت بۆ خوا نەك مەبەستی تایبەتی و گلاو ئاور لەبێوەژنێكی لێقەوماو و هەتیوێكی بێكەس بداتەوە. ئاخۆ هەرهەموو مزگەوتەكانی كوردستان و ئەورووپاش هەر بۆ نموونە ئەوەندەی تەنها رۆژێكی خانەقاكەی شێخ عوسمانی بیارە ـ تەوێڵە ـ دووڕووە، كۆمەكی لێقەوماوانی كوردیان كرد لە توركیا كە رێگەی هات و نەهاتیان گرتبووە بەر بەرەو هەندەران. كام مزگەوتی ئیسلام دڵی لێقەوماوێكی خۆشكرد بە نانێك، ئاوێك، كراسێك، ئەی كام كڵێسای ((كافران)) دەستی بەرووی لێقەوماوێكەوە نا سەر بەهەر نەتەوەو ئاین و ئاینزایەك بێت، ئەوە هۆكارەكەیە لاوانی موسوڵمان روو لەمزگەوت ناكەن، مرۆڤ هەر مرۆڤێك سەر بەهەر نەتەوەو ئاین و ئاینزایەك بێت یاسایەكی گشتی خۆپەرستی و گەڕان بەدووای بەرژەوەندیدا هەست و سۆزی دەجولێنێت ((بۆیە پێتدەڵێم كاكە،كە چۆلەكەم بۆ بگریت)) دەی مزگەوت و بنكەو دامەزراوە ئیسلامییەكان لەدەرەوەو ناوەدا چۆلەكە هەر بۆ خۆیان دەگرن، بۆیە زۆربەمان پێیان ناڵێت كاكە! هیوادارم خوێنەری زرنگ بەهەڵەدا نەچێت، دەتوانێت لەسەرو هەموو دامودەزگا ئیسلامی و كۆمەڵایەتییەكانەوە موسوڵمانێكی نموونەیی بێت. چ فەرمانێك بەسەر كابرایەكی عارەق خۆردا بدەین لەسەر ئەركی خۆی بنكەیەكی خێرخوازی دەكاتەوە، خوێندنگایەك، خەستەخانەیەك، كارگەیەك، باربووكردنی هەتیوو و بێوەژن و لێقەوماو لەگەڵ كابرایەكی خووگرتوو بەنوێژو رۆژوو ویردو صەڵاوات خوێندنەوە وەك خوو،نەك خواپەرستیی و كەسێك رۆژووی لەماڵی ناشكێت. سەلەفییەكان لەبڕیاردانی شەرعیدا پشت بەگێڕانەوەكانی سەردەمی پەیامبەرو پێشەواكان دەبەستن، چۆن هاتوون و چ گۆڕان و كەم و زیادكردنێكی تێدا كراوە دەبێت ملكەچ بین، لێكدانەوەو شەن و كەوكردن و هەڵێنجانی ئەنجام زیانبەخشن و بەرنامەی زانستیی بەهیچ جۆرێك قبوڵ ناكەین و هەمیشە "نەقڵ" لەعەقڵ پەسەندترە! باشە من فرۆشیاری بەڕەو راخەرم، ئەگەر خەوشێك لەكاڵاكاندا نابینم، كڕیار بۆ بەئارەزووی دڵی خۆی ئەمدیو ئەودیوی نەكات و دڵنیابێت كاڵایەكی دروستی لەقەدەر نرخەكەی دەستكەوتووە، ئەو ترسە زیانبەخشەو كاڵاكان بێ كڕیار دەهێڵێتەوە، جا بزانە! كێ هەیە لەبچوكترین كاری رۆژانەدا چەندو چوون و بۆ؟ كەی؟ چۆن نەكات؟ دەی سەلەفییەكان باوەڕییان بەلۆجیك، لێكدانەوە، چەندو چۆن نییە. روون ئاشكراو بێ پەردە دەڵێن (من تمنطق فقد زندق) هەركەس بەیاساكانی لۆجیك مامەڵە لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامدا بكات كافرە(فەلسەفە و فەلسەفەكاریی كفرە!) هەر لەوێشەوە جیاوازییەكان دەركەوتن و لەشێوەی باوەڕی حەنابیلەو موعتەزیلەدا رەنگیاندایەوەو موعتەزیلەكان لەسەدەی سیازدەی كۆچدا كێشە متەكانیان تەقاندەوەو لە سەردەمی خەلیفە مەئموندا بانگەشەی دروستكردنی قورئانیان

دەکرد (پەنا بەخوا).

حسێن کوڕی عەلی شەریفی مەککە هەستی بەمەترسی دەکرد بەرامبەر وەهابییە هەڵچووەکان و پێویستی بەوە بوو هێزەکانی بەریتانیا لەو نزیکانە هاوکاری بکەن، بەڵام بەریتانیا ئەوەی نەکرد! لەولاشەوە بەشێك لەدانیشتووانی (جدة) چاوەڕوانبوون هێزەکانی بەریتانیا لەمەترسی دەستدرێژی حسێن پارێزگارییان بکات. ئەو ململانێ توندەی نێوان هێزەکانی ناوچەکە، بنەماڵەی شەریف حسێن کوڕی عەلی، عەبدولعەزیز کوڕی سعوود، عوسمانی و سەفەوی و بەریتانیاش جەمسەربوون و هیچ لایەکیان لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیدا فووی لەدۆ نەکرد. ساڵی ٩٨٢ ز. قەوانێك خرایە گەڕ، حەجکردنی شیعە پووچەڵە ئەگەر کابە پیس نەکات؟ ساڵی ١٠٨٨ك/١٦٧٧ ز. فیتنەیەك روویدا (بەردە رەشەکە، مینبەر، دەروازەی کابەو رووپۆشەکانی کابە (کِسوة)لەشەوێکی ئەنگوستە چاودا پیسکران. وتیان تورك کردوویەتی بۆ ئەوەی بیکات بەبیانوو بۆ پەلاماردانی شیعە).[٤٣٤] بەو هۆیەوە شیعەکانیان لە مەککە وەدەرنا، دووای روتکردنەوەو تاڵانکردن و کوشتنی هەندێکیان. ساڵی ١٩٤٢ ز. کابرایەك بەنێوی سەید ئەبوو تالیبی یەزدی بەو کارە تاوانبارکراو لەنێوان صەفاو مەڕوادا ملی کرا بەپەتدا، دەڵێن عەبدولعەزیز کوڕی سعود ١٠٠،٠٠٠ ریاڵ دەدات بەخێزانەکەی! جا ئەمە چەندی بەچەند؟ حسێن کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵڵای هاشمییە، عەبدوڵڵا باپیرە گەورەی بنەماڵەی شاکانی سووریاو ئوردون و عێراقە، هەر لەزووەوە لەسەر خاوەندارێتی کلیلەکانی مەککەو مەدینە لەگەڵ عوسمانییەکاندا ناکۆك بوون، هەوڵیاندەدا بەهاوکاری بەریتانیا راپەڕن و مافەکانیان لەتورك وەرگرنەوەو حیجاز لەژێر فەرمانڕەوایی راستەوخۆی خۆیاندا بێت. میر عەلی لەگەڵ خێزانەکەیدا لە ئەستەموڵ دەستبەسەر بوون، دواتر حسێن بەفرمانی سوڵتان دەبێتە میری حیجاز دووای حەڤدە ساڵ ژیانی کولەمەرگی و دووری وڵات لەسەردەمی بڵاوکردنەوەی یاسای نوێی تورکیادا ١٩٠٨/٧/٢٤ و کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سوڵتان. حسێن پێنج کوڕی هەبوو، حەسەن، عەلی، عەبدوڵڵاو فەیصەڵ لەدایکێکن و زەید لەهاوسەرێکی چەرکەسە. حسێن بەفرمانی سوڵتان عەبدولحەمید دەبێتە میر، لەکاتی ماڵئاواییدا بە سوڵتان ئەڵێت (ئەگەر لێتان قەوما وەرنە لای ئێمە، باجتان بۆ کۆدەکەینەوەو ملی یاخییەکانتان کەچ دەکەین "مەبەستی لە یاساخوازەکانە. ن. ك" سوڵتان چاوی پڕ دەبێت لەفرمێسك و دەڵێت (سوپاس، سوپاس، هەر بمێنیت، هێشتا کاتی نەهاتووە)[٤٣٥] میر حسێن پیر رامیارێکی هەڵکەوتووی ناوچەکە بوو، ئەزموونەکانی ژیان فێریکردبوو چۆن کەڵك لەبارودۆخی ناوچەکە وەردەگرێت لەنێوان سوڵتان و سەرکردەکانی کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتنداو لەنێوان ئەوان و بەریتانیادا بۆ رزگارکردنی وڵاتەکەی لە تورك و زاڵبوون بەسەر وەهابییەکانیشدا کە فەرمانڕەوایی بەشێکی حیجازیان دەکرد.

عەبدولعەزیز ئال سعود ١٨٠٣ ز. وەك میری ناوچەی نەجد متمانەی دانیشتووانی ناوچەکەی بەدەستهێنا، لەسەردەمی ئەودا وەهابییەکان بەدەم تەپڵ لێدان و جنێودانەوە گومەزی هەرهەموو گۆڕە پیرۆزەکانیان تێکدا، یاسای قەدەغەکردنی چوونە سەر گۆڕی مردووان، پاڕانەوەو داوای یارمەتیکردن لە

مەخلوق، دەستەواژەیەکی بانگ (الصلاة والسلام علی محمد)، (یا أرحم الرّاحمین)، مەولوود خوێندنەوەو نەزرکردن و مەڕ سەربڕین، داگیرساندنی مۆم و چرا لەسەر گۆڕی مردووان، جگەرەو نێرگەلە کێشان، ڕێگەیان بەو کەسانەش نەدەدا ریشیان نەهێشتۆتەوە بێن بۆ حەج، بەو هۆیە میصری و شامییەکان نەدەهاتن بۆ حەج. لەوانەش خراپتر کابەی ماڵی یەزدان و ژوورەکەی پەیامبەریش تاڵانکرا بەو هەموو زێڕ و گەوهەرو زمرۆتەوەی تێیدابوو. عەبدولعەزیزی یەکەم (ئەبو سعوود) ١٨٠٣ ز. لەکاتی نوێژدا کوژرا. مەلا عوسمان ناوێکی ئەفغانی، هەندێك دەڵێن کەربەلاییە، بەبەرگی دەروێشییەوە لەدوای عەزیزەوە نوێژ دادەبەستێت و لەتۆڵەی کوژرانی هاوسەرو منداڵەکانیدا لە کەربەلا، دەیکوژێت. برایەکی عەزیزیش هەر لەوێدا دەروێش دەکوژێتەوە. دەوڵەتی عوسمانی ئەبو سعوود دوور دەخاتەوەو لە ئەستەموول دەست بەسەر بوو، لەبارودۆخێکی سەختدا دەژیان، جارێك شمشێرەکەی بەبارمتەی نرخی دوو کیلۆ قاوە، لای دوکاندارێك دادەنێت. عەزیز کوڕی سعود بەچەند چەکدارێکەوە خۆی گەیاندەوە نەجد و بەهۆی وەهابییەکانەوە دەسەڵاتی خۆی سەپاند.

## کێشەکانی نێوان حسێن و عەبدولعەزیز کوڕی سعود

سەرەتای ١٩١٠ کێشەکانی نێوان حسێن و عەزیز و حسێن و تورك سەریانهەڵدا، حسێن و عەزیز دوو میری حیجاز بوون، کەسایەتی و ڕەوشتییان جیاوازبوو، حسێن پیاوێکی ڕاستگۆو خاوەن هەڵوێست و جوامێر بوو، قسەی لەڕوو بوو، شەرمی لەدەروازەی باڵا نەدەکردو مەرایی بۆ نەدەکرد، سامانێکی زۆرو پێنج کوڕی پێگەیشتبوون، بەڵام کوڕی سعوود کابرایەکی مایکاڤیلی بوو، نموونەیەکی موعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان بوو، لەپێناو بەرژەوەندیدا هەموو ڕێگەیەکی دەگرتەبەر، لەگەڵ دوژمنەکانیدا تورك، ئینگلیز، حسێن نەرمی پیشاندەداو مەرایی بۆ دەکردن هەتا هەلێکی گونجاوی بۆ هەڵدەکەوت و دڕندانە پەلاماری دەدا، حسێن هەڵەیەکی کوشندەی کرد کە باوەڕی پێدەکات هەتا کۆتایی گوێڕایەڵ دەبێت و سەرپێچی ناکات. کێشەکانی نێوانیان لەماوەی پازدە ساڵدا بەردەوام لەهەڵچوون و داچووندا بوو. حسێن بەفرمانی سوڵتان ڕەششاد پەلاماری عەزیزی کوڕی سعوود دەدات. سەعد بە دیل گیرا، حسێن نامەیەکی نووسی، ئێمە لە (نەجد) دەکشێینەوە، براکەت لای ئێمە دەبێت هەتا داوای ڕێکەوتن دەکەیت. عەبدلعەزیز لەوەڵامدا دەنووسێت ئێمە لێرە خزمەتکاری ئێوەین و فەرمانتان لەسەر چاومانە.[٤٣٦] لەولاشەوە هەمان ئەو ساڵە حسێن بەفەرمانی سوڵتان لەشکر دەکاتە سەر شۆڕشگێڕەکانی یەمەن و بەسەرکردایەتی موحەمەد ئیدریس بەڵام کە دڕندەیی لەشکری تورك دەبینێت دەگەڕێتەوە. چوار جاران لەچوار جێگەی جیاواز لاشەی کوژراوی یەمەنی بینی لەپشتەوە کۆڵەکەی خێوەتیان پێداکردبوو لەدەمیانەوە دەرچوو بوو لەسەر ئاگر دەبرژان.

**والی تورك بۆ پێشوازی حسێن ناحەزێکی ئەوی لەتەکدا بوو کە بڵاوی کردبووەوە هێزەکە شکاوەو حسێنیش کوژراوە، حسێن زۆر پەست بوو فەرمانیدا دەریکەن. والی دەڵێت قوربان ببوورن، ئەو لەگەڵ مندا هاتووە.**

**حسێن: با لەگەڵ تۆشدا هاتبێت!**

**والی: من نوێنەری سوڵتانم لێرە، ئەمەش سووکایەتییە بۆ سوڵتان.**

**حسێن: ئێوە شتێکتان لەسوڵتان هێشتۆتەوە،سووکایەتیتان پێ نەکردبێ؟** مـن لێـرە نوێنـەری سـوڵتانم نـەك ئێـوە.[٤٣٧] دیارە والی هەر ئەو رۆژە دەروازەی باڵا ئاگادار دەکـات، تـەلگرافێك بـۆ حسـێن هـات (ئـەوەمان بـەرگوێ کەوت لەئێوەی هاشمی بەڕێزەوە بەرامبـەر شـەریف ناصر کـرا، کـە بەهەڵـەداوان هـاتبوو بـۆ پێشـوازیتان، سوڵتان دەخوازێت بانگی بکەن و ئاشتی بکەنەوە)، حسین لەوەڵامدا دەنووسێت (ئەو هۆیانـەی بوونـە هـۆی ترۆکردنی شەریف ناصر پەیوەندی بەخودی خۆمەوە نیە، پەشیمانیش نیم، لەبنکـەی والییـەوە ئاگـادارکرام هەواڵی لەنێوچوونی بڵاوبۆوە بۆ ئاژاوە نانەوەو هەڵگیرساندنی ئاگری شۆڕش، والی ئەوەش دەزانێت و لەتەك خۆیدا دەیهێنێتە بەردەمم، ئەو دوو روویـی و بـێ رەوشـتییە لـە مـن ناوەشـێتەوە). برووسـکەی دووەم لـە وەزیرەکەیەوە هات (دەروازەی باڵا ناتوانێت چاوپۆشی لەشـکاندنی خواسـتی سـوڵتان بکـات، خـودی خـۆی چاوەڕوانی وەڵامە). حسێن تەلگرافێك بەمجۆرە دەنێرێت (ئابڕۆی خۆم خۆشدەوێت و رێزی خۆم دەگرم. بـاوەڕ ناکەم سوڵتان بیەوێت ئێمە تێك بشکێنێت، ئێوەش کە ناتوانن چاوپۆشی بکەن، سەربەستن. تورك بێدەنگی لێکرد، دووای چوار رۆژ کەشتییە جەنگییەکانی ئیتاڵیا بنکەکانی لەشکری تورك لەکەناری دەریـای سـوور بۆمباران دەکات، مەلا ئیدریسی یەمەنیش کەوتەوە پـەلاماردانی هێزەکـانی تـورك. تـەلگرافێك بـۆ والـی هات، شەریف ناصر بچێتە خزمەتی میر حسێن و داوای لێبووردن بکات.[٤٣٨] عەبدلعەزیز سعوود هێزێکی گـەورەی وەهابییـەکانی بـەدوواوە بـوو دەیویسـت خەلافـەتی ئیسـلام لـەتورك وەربگرێتـەوەو لـە نەجـد دابمەزرێنێت، زانای ئایینی مەحموود شوکری ئالووسیش لە عێراق. حسێن هەسـت بـەو مەترسـییە دەکـات کەوتە نامەو نامە گۆڕینەوە لەگـەڵ سـێر هنـری ماکمـاهۆن بـاوەڕپێکراوی بـەریتانیا لـە قـاهیرە، بـۆ ئـەو مەبەستە لەشکرێکی قەبە کۆ دەکاتەوە بۆ دژایەتی ئینگلیز، بەڵام بـۆ دەرپەڕانـدنی تـورك بـوو لـەحیجاز. ئەوە سەردەمی ئەفسەرە توندڕەوەکانی تورك بوو، ئەنوەر پاشا وەزیری جەنگ و جەمال پاشـا فـەرمانڕەوای هەموو وڵاتی شام بوو.

## لۆرانسی عەرەب

کۆلۆنیل لۆرانس ئەفسەرێکی زۆر چالاکی دەسگای هەواڵگریی بەریتانیا بوو لەخۆرهـەڵاتی ناوەنـد، بـوو بەفریشتەی ئاسمان بۆ عارەب و پشتگیریی شۆڕشەکەی حسـێن و کێشـەکەی لەدامێنـەوە گەیانـدە لوتکـە، بەریتانیا ئامادە نەبوو شەش گوللەپرژێن بە فەیصەڵی کوڕی حسێن بدات، هەوڵـەکانی لـۆرانس فەیصـەڵی گەیاندە کۆنگرەی پاریس وەك نوێنەری باوکی، میدالیای رێز لێنانی لە مەلیك جـۆرج وەرنـەگرت، چـونکە بەریتانیا خەریکە دەستبەرداری عارەب دەبێت بەهۆی پەیمانی(سایکس ـ بیکۆ)وەو دەڵێت من میرێك بـووم لەنێو عارەبداو دەمەوێت هەتا سەر لەتاڵی و شـیرینیدا لەپاڵیانـدا بم، پێویسـتیش بکـات بـۆ رزگـارکردنی سوریابەرەنگاریی فەرەنسا دەکەم. لـۆرانس، حسـێن ئاگـادار دەکـات ١٩١١/١١/٢٤ کـۆنگرە دەبەسـترێت بەپەلە یەکێك لەکوڕەکانی بنێرێت وەك نوێنەری خۆی.(٢٥/ت١٩١٩/٢ لۆرانس لە مەرسیلیا پێشوازی لـە فەیصەل و نووری سەعید دەکات)، (ئەفسەرێکی عارەبی لەشکری تـورك بـوو پەیوەنـدی بەشۆڕشـی حسـێن

کردبـوو، دوواتـر بـوو بەسـەرۆك وەزیرانـی عێـراق و لەشۆڕشـی ١٤ی تـەموزی ١٩٥٨دا کـوژرا)، لـۆرانس بەبەرگی سـەربازیی و چـەفتەو عـەگالّی عارەبـەوە دەچـێتە دیـدەنیی کۆلۆنیـلّ بریمۆنـد، ئـەویش ساردوسـڕ پێشوازی کـردن و بـە فەیصـەلّ دەلّێـت وەك میـوانێکی ئـازیز پێشـوازیتان دەکـەین، بـەلاّم هـیچ پلەیـەکی دیپلۆماسیتان نییە (نوێنەری باوکی نییە لە کـۆنگرەدا)، رووداکاتـە لۆرانسـیش: کاتێـك حکوومـەت وەك ئەفسەرێکی بەریتانیا پێشوازیت دەکات، بەرگێکی پۆشیبێت لەگەلّ پلەی ئەفسـەرییەکەیدا بگونجێـت نـەك خۆی لەبەرگی عارەبدا بگۆڕێت. لۆرانس توڕەبوو، هەر ئـەو ئێوارەیـە گەڕایـەوە فەرەنسـا و میـدالیای ڕێـز لێنانەکەی ئەوانیشی گێڕایەوە).[٤٣٩] لۆرانس بۆ جاری دووەمیش پشتگیریی تـەواوی خـۆی لـە عـارەب بـۆ بەریتانیا و فەرەنساو ئیتالّیا و تورك پیشاندەدات ١٩١٩/١/١٢ لەگەلّ فەیصەل دەچێت بـۆ چاوپێکەوتنی مەلیك جۆرج، ئەمجارە سەرتاپا بەرگی عارەب دەپۆشێت، یەکێك لەبەرپرسانی کۆشکی ئەلیزێ سەرزەنشتی ئەکات (کۆلۆنێلّ لۆرانس، ئایا رەوایە ژێرسێبەرێکی شا، کـە هـەمانکات ئەفسەریشە بەبـەرگی بێگانـەوە بچێتە بەردەم شا؟[٤٤٠] لۆرانس بەهێمنی دەلّێت ئەگەر کەسێك لەبەردەستی دوو گـەورەدا بێـت و پێویسـت بکـات یـەکێکیان بڕەنجێـت، چـاکترە ئەوەیـە بەهێزەکـەیان زویـر بکـات. مـن وەك وەرگێـڕی زمـان (تەرجومان)لەتەك میر فەیصەلّدا هاتووم و ئەمەش پۆشاکی ئەوە).[٤٤١] مەلیك جۆرج دوای کۆبوونەوەکـە میدالیای فیکتۆریا دەکات بە بەرۆکی فەیصەلدا بۆ بەرزنرخاندنی قوربانیانی عـارەب لـە جەنگـەکانی دژی تورکداو دەلّێت دەستبەرداری باوکت و عارەب نابین، دلّنیابە بەریتانیا پشتیوانتانە.[٤٤٢]

(بۆ کۆبوونەوەکانی فرسای، فەرەنسا کورسی بۆ فەیسەلّ تەرخان نەکردبوو، لۆرانس دەچێتە لای مـەلیك جۆرج و دوو کورسی بۆ وەردەگرێت و بەچەفتەو عەگالّی عارەبەوە لۆرانس دەچێتە هۆلّی کـۆنگرە)[٤٤٣]و بـۆ جاری سێهەم پشتیوانیی خۆی لەعارەب پێشاندەدات.

فەیصەلّ کوڕی حسێن کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش و کاریگـەربوو، گـەورە ئەفسـەری بـەریتانیا، سـتۆرز شەیدای دەم و دووی شیرینی بوو کە حەوت چامە هەلّواسراوەکە(المعلقات السبعة)ی دەخوێندەوە، هاوسەری سەرۆکی ئەمەریکا وەك حەزلێکردن دەیوت میر فەیصەل رووی لەڕووی مەسیح دەکات. چەندین نامەشی بۆ نووسی و کاریگەری لەسەر هاوسەرەکەشی هەبوو بۆ بەرژەوەندی عارەب.[٤٤٤]

عارەب بەمجۆرە یەکەم دەولّەتی عارەبی لەسـوریاو دووەم و سـێیەم لـە ئـوردون و عێـراق دادەمـەزرێنێت. سوریا یەکەمین ولاّتی عارەبە دووای یەکەمین جەنگی جیهانی لەژێر دەستی عوسمانی رزگاربوو دەولّـەتێکی سەربەخۆی دامەزراند بەسەرۆکایەتی شا فەیصەلّ کوڕی حسێن و ماوەی نێـوان ئۆکتۆبـەری ١٩١٨ــ یۆلیـۆ ١٩٢٠ وەك دامـەزرێنەرو یەکـەمین شای سەربەخۆی عارەب سوریا بەڕێوە دەبات بەر لـەوەی ناکۆکییـەکانی لەگەلّ فەڕەنسادا تەواو قولّ بێتەوە:

فەڕەنسا سووربوو لەسەر ئەوەی شا فەیصـەلّ لـە سـوریا جێگـەی نابێتـەوە، فەیصـەلیش لـە بەرامبـەردا دەیوت تاج و تەختی ولاّتێکم ناوێت لەژێر چاودێری فەڕەنسادا بێت (هیچ جـۆرە دەسـەلاّتێکی فەرەنسـا لـە سوریادا ناسەلمێنم، یارمـەتیش تـەنها لـە بـەریتانیا وەردەگـرم). لـۆرانس بـۆ پەردەپۆشـکردنی هەلّوێسـتی

دۆستەکەی دەڵێت لەبیرم کرد ئاگاداری شا فەیصەڵ بکەم، وڵاتی سوریا بەپێی پەیمانی سایکس ـ بیکۆ، بەشی فەرەنسایە لەدەستکەوتەکانی جەنگ. بەڵام لەئەنجامدا ویستی فەرەنسا سەرکەوت و فەیصەڵ لە سوریا دەردەکەن و بەریتانیا دەیکات بە شای عێراق. خۆ بەستنەوەی بنەماڵەی شەریف حسێن بە بەریتانیاوە و دەرنەچوون لە بەرنامەی ستراتیژی بەریتانیا لە نێوچەکەدا (شەریف حسێن بوو بە شای حیجاز، کوڕەکانیشی، عەلی لە ئوردون، فەیصەل لە عێراق، عەبدوڵڵا لە سووریا بوون بە مەلیك). [٤٤٥] شیعەو کورد لە یەکەمین ڕۆژی دامەزراندنی شانشینی عێراقەوە دژایەتی بەریتانیا دەکەن و بەو هۆیەوە هەشتا ساڵ دەسەڵات کەوتە دەست سوننەو خۆیان بەسەر شیعەو کوردا سەپاند، ئەوە هەڵەیەکی مێژوویی بوو لە ئاییندەیەکی نێزیکدا ئاسەوارەکانی ناسڕدرێنەوەو لەچوارچێوەی ئەو سنوورەی ئێستادا، دامەزراندنی عێراقێکی هاوبەش و دیموکراتی و ئارام و هێمن کارێکی ئاسان نیەو مۆزاییکە جۆراوجۆرەکەی پێکهاتەی ئەتنی گەلان و ئاین و ئاینزاکان لەسیناریۆی لێکهەڵوەشان و جیابوونەوە نزیکترە وەك لەیەك پارچەیی و پێکەوەژیان. کارتی قورس و کاریگەری گەمەی نێودەوڵەتی لە عێراقدا جاران بەدەست ئینگلیزەوە بوو، ئەمڕۆ ئەو کارتە بەدەست ئەمەریکا، ئێران، تورکیاوەیە، بەرژەوەندییە ئاڵۆزەکانیش هێشتا ڕێگەی بە هیچ لایەکیان نەداوە دەستەکەی خۆی ئاشکرا بکات.

## کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان و پەیمانە نێوخۆییەکان

هەتا ئەمڕۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکەی نەتەوەی کورد کە نیشتمانەکەی کەرت و پەرت کراو و لەژێر دەستی داگیرکاراندایەو هەر چمکێکی بەدەست چەن ڕژێمێکی شۆڤێنی و دوواکەوتووەوەیە کە هەتا ئێستاش دەمارگرژی بیری ناسیۆنالیزم و لوتبەرزی و خۆ بەزلزانین ڕێگەی نەداون دروست بیربکەنەوەو بەپێی سەردەم بیسەلمێنن مرۆڤ هەموو یەکسانن و مافی ئازادی و سەربەخۆییان هەیە و ئەو سەردەمە تێپەڕی نەتەوەیەك بەناوی داگیرکردن، ئاین، ئاینزاو برایەتی (کەڵەگایەتی و ملهوڕی برا گەورە) مافە سروشتییەکانی نەتەوەیەك قوتبدات هەرچەند بچووك و بێهێزیش بێت. مارکس دەڵێت قوڕ بەسەر ئەو نەتەوەیەی نەتەوەیەك ژێر چەپۆك دەکات. تۆ تەماشا ستراتیژی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر نەتەوە ژێر دەستەکانی ئێران ئەوەیە کە ئێمە هەموومان موسوڵمانین و خاکەکەش خاکی موسوڵمانانە. قەوانی جیابوونەوەو سەربەخۆیی کورد، عارەب، بلوچ ئیستکباری جیهان هێناویەتە پێشەوە بۆ ئەوەی بەشەڕی ناوخۆوە خەریك بین و نەپەرژێینە سەر بەرەنگاریکردنی ئەو و زایۆنیزم و ڕزگارکردنی قودسی پیرۆزمان لەبیر ببەینەوە.

ناسیۆنالیزمی تورکیش هەتا ئەمڕۆ سوورە لەسەر ئەوەی تورکیای نیشتمانمان یەك وڵاتە، خەڵکی دیکەشی تێدا دەژین و ئەوانەش نەوەی تورکن، ئیتر لەمە بترازێت شتێکی دیکە لەئارادا نییە و هەرکامیان خزمەتی گەلی تورك و وڵات بکات هاوڵاتییەکی دروستە، ئەگەر نا، بەکرێگیراو و ناپاکە. ڕژێمی عەفلەقی سووریاش پێشتر باسکراوە، کورد لەو وڵاتەدا میوانن و میوانیش مافی هەیە، بەڵام مافی خاوەندارێتی و برا بەشی نییە و هەر خەیاڵێکی خراپی لەمێشکدا بێت (خوێنی خۆی لەسەر خۆی). لەنێو داگیرکارانی

کوردستاندا، رژێمەکانی عێراق و بەتایبەتیش رژێمی بەعس ـ بەکر ـ صەدام لەچاو رژێمەکانی تورکیا و ئێران و سووریادا بە حەوت ئاو شۆردراونەتەوە. ئەوەش شاردراوە نییە تورك هەتا ئەمڕۆش خۆی بەمیراتگری خەلافەت و پێشڕەویی و رابەرایەتی موسولمانان دەزانێت و هەواو کەلکەلەی گێڕانەوەی رۆژگاری سولتانەکانی عوسمانی لەسەردایە. تورك و فارس هەتا هەلگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهانیش خوێنخۆری یەکتر بوون و دوژمنایەتی قوول و دێرین و لەشکرکێشی و پەلاماردانەکانیان هەر نەبڕایەوەو بەو پێیەی تورك پێشەوای سوننەو فارس پێشەوای شیعەگەرین چەندجار هەر لایەکیان لەتەنها رۆژێکدا هەزاران مرۆڤیان گۆشاوگۆش سەردەبڕی بەتاوانی ئەوەی لەسەر رێبازی سوننە ـ ئیمام حەنەفی، یا رێبازی شیعە ـ دووازدە ئیمامن. مێژووی ململانێی خوێناوی تورك و فارس پڕە لە نموونەی سەلمێنراو لەسەردەمی شا عەباسی صەفەویدا هەر ئێرانییەك جنێوی پیس و ناشیرینی بە سێ جێگرەکەی پەیامبەر، ئەبو بەکر، عومەر، عوسمان نەدایە دەمودەست ملیان دەپەڕاند، کەچی بۆ سەرکوتکردنی گەلی کورد دەبوونە دۆست و هاودەنگ و موویان بەنێواندا نەدەچوو، هەر بۆ پێستی کورد چەندین پەیمانیان مۆر کرد.

## پەیمانی ئاماسییە ١٥١٢ـ١٥٢٣

جەنگە بەردەوام و خوێناوییەکانی نێوان عوسمانی و صەفەوی، بەتایبەتیش جەنگی ٢٠ـ٣٠ ساڵەکەی نێوانیان هەردوو دەوڵەتەکەی شەکەت کردبوو، بۆ ماوەیەکی ئاشتی و هێمنی دەگەڕان پشوویەك بدەن و چارەسەری کێشە لاوەکییەکانیش بکەن هەردوولا تووشی بووبوون، تورکیا لوتی نابوو بە ئەوروپای خۆرئاواوەو گەمارۆی شارە جوانەکەی ڤییەنای پایتەختی نەمسای دابوو، هێشتا سەرکەوتنێکی دەست نەکەوتبوو، ولاتانی ئەوروپا و قەڕاڵەکانیشیان ئەو زەنگی ترسە بەهەند وەردەگرن هەتا زووە چارەسەرێکی گونجاو و دەستوبرد بۆ کزکردن و دانانی سنوورێك بۆ فراوانخوازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی دابنێن، دەوڵەتی ئێرانیش بەدەست ئۆزبەکەکانی ئەفغانستانەوە ماندووبوو بەتایبەتیش کە دەستیان بەسەر شارە پیرۆزەکەی طووس دا گرت کە گۆڕی پیرۆزی عەلی کوڕی موسا رەزای تێدایەو یەکێکە لە سێ شارە پیرۆزەکەی ئێران دوای قوم و مەشهەد. شا ئیسماعیل دەیویست شیعەکان لەبری مەککە و مەدینە لەو شارانەی ئێران حەج بکەن ئەگەر رێگەی نەجەف و کەربەلا و گەڕانەوە مەترسیدار بوو.(٤٤٦) شیعەکان بێ جیاوازی و بێ چەندو چوون حەجی نەجەف و کەربەلا سەدان جار لە حەجی مەککە و مەدینە پیرۆزترو پێویستتر دەبینن، بۆ سەلماندنیش چیرۆکێك دەگێڕنەوەو کردوویانەتە بەلگەی سەلمێنەر. کابرایەکی عارەب بە پەیامبەر دەلێت سامان و ماڵی دنیام زۆرەو هێشتا حەجم نەکردووە، دەترسم بمرم و بەو ئاواتە نەگەم، ئاخۆ لەسەر فەرمایشتی تۆ دەتوانم حەجێك بۆ خۆم بکڕم؟ پەیامبەری ئیسلام لەوەلامدا دەلێت کابرا تۆ لەگوێی گادا نووستوویت، بەبارستایی ئەها ها ئەو کێوە سامان و دارایی، حەجێکت دەست ناکەوێت. ئەو موسولمانەی بەدەوری کەعبەدا دەگەڕێت هەتا چوار مانگ فریشتەکان گوناهی لەسەر نانووسن! جا بزانە حەج چەند گەورەیە! تەواوکردنی چیرۆکەکەو مەبەستی شیعەکان لەگێڕانەوەی لەوەدایە کەکابرایەك رۆژێك دێتە لای ئیمام صادق و دەلێت قوربان نۆزدە جار چوومەتە حەج، تۆ بلێیت لەگوناهەکانم پاکژ بووبمەوە؟ ئیمام صادق

دەڵێت نۆزدە جار حەجت کردووە بیکە بە بیست بەڵام هێشتا ناگاتە زیارەتێکی گۆڕی پیرۆزی ئیمام حسێن! جا وەرە شیعەی قوڕبەسەر هەموو ساڵێك لەڕۆژی عاشوورادا ئەوەندە سنگ مەکوتەو زنجیر مەوەشێنە هەتا "شەهید" دەبیت و لەو شوێنە هەرە پیرۆزەدا دەچیتە ژێر خاك. چەندجارێك لە نەنکم، نەنە حەبێ یادی بەخێر بیستوومە دەیوت پیاوێکی شیعەی خەڵکی ئەو خوارانە (مەندەلی و خانەقین)) لە سلێمانی دەمرێت، کەس و کاری کە هاتن تەرمەکەی ببەنەوە خەمی مردنەکەیان نەبوو ئەوەندەی پەرۆشی شوێنی مردنەکە بوون، بەناسۆرەوە دەیانوت، لە مەشهەد نەمردی، لە نەجەف نەمردی، لە کەربەلا نەمردی، دە بمر بمر گوورِ وەگوورِ.(٤٤٧) لەم بارودۆخەدا بوو سوڵتان سلێمان و شا تەهماسەب کەوتنە پەیوەندی کردن و نامە گۆڕینەوە و پەیماننەکەش " ئاماسییە" سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم ١٥١٢ـ١٥١٩ ز. و شا ئیسماعیلی صەفەوی ١٥٠١ـ١٥٢٣ ز. لەسەر بنچینەی ڕێکەوتنەکانی ١٥٦٨ـ١٦١٣ز. و دووای چەندین ڕێکەوتنی جیاجیاو سەربەخۆ گەیشتنە ئەنجامی ئاگربەست و ئاشتی و لەسەر چەند خاڵێك پێکهاتن:

١ـ عوسمانی بەفەرمی دەوڵەتی صەفەوی ئێران وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆو میراتگری ئاینزای شیعەگەرێتی دەناسێت.(٤٤٨)

٢ـ موڵکی میرنشینی بابان کە ئەو کاتە بریتی بوو لە شارەزوور، شارباژێڕ، قەرەداغ، بەردەوڵەتی عوسمانی تورك دەکەوێت، موڵکی میرنشینی ئەردەڵانیش، هەورامان، مەریوان، سنە، بانە، سەقز بەردەوڵەتی صەفەوی ئێران دەکەون.

٣ـ هەردوو دەوڵەت یاخی و ڕاکردووەکان دەسگیر دەکەن و رادەستی لایەنی پەیوەندیداریان دەکەنەوە.

٤ـ گورجستان و ئەرمەنستان و بەشێك لەخاکی عارەبیش کران بەدوو بەشەوە.(٤٤٩)

پەیمانی ئاماسییە بۆ گەلی کورد لەهەردوو دیوی ئێران و عێراق گورچکبڕبوو، لەبواری جیۆپۆلەتیکدا سەرزەمینی میرنشینەکانی بابان، سۆران و ئەردەڵان و موکریان لەیەکتر پچڕان و ئەگەری زەمینە خۆشکردن، یان هەڵکەوتنی میرێکی کوردو بەهێزتر لەمیری سۆران هەر نەبێت کوردی باشوور بخاتە سەر ڕێبازی یەکگرتن و یەك هێزی و دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ کە ببێتە چاوگ و ڕووناکی بەخش بۆ خۆرهەڵات و باکور، ڕێکەوتنی ئاماسییە ئەو ئەگەرەی زۆر دوور خستەوەو ئەو هیوایەی تاساند. ئاماسییە ٨٤ ساڵی تێپەڕاندبوو، سارد بووبووەوە و ناوەڕۆکێکی زیندووی تێدا نەمابوو، سەردەمی سوڵتان حەمیدو ناصیرەددین شا کاری پێ نەکرا.

## پەیماننامەی زەهاو ١٠٤٨ك.١٦٣٨/١٦٣٩ز.

سوڵتانی عوسمانی، مورادی چوارەم شاری بەغدا دەگرێت و ویلایەتی بەغدای لە ئێران سەندەوەو ناوچەیەکی فراوان لە عێراقی عەجەم و عارەب کەوتنە بندەستی عوسمانییەکان و بەو هۆیەشەوە میرنشینی بابان فراوانترو میرنشینی ئەردەڵان بەرتەسك دەبێتەوە، زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دەبنە لەمپەرێکی سروشتی، خۆرهەڵاتی چیاکە بۆ ئێران و خۆرئاواشی بۆ عوسمانییەکان. بەمجۆرە هەرێمەکانی باشوور و خۆرهەڵاتی کوردستان لە نێوان تورك و فارسدا دابەشکران و کوردستانی گەورە بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا

١٦٣٩ دەكرێت بەدوو بەشەوە، باشوور و باكووری كوردستانی بچووك كەوتنە ژێردەستی عوسمانی و خۆرهەڵاتیش بەر ئێران دەكەوێت. زنجیرە چیاكانی زاگرۆس وەك سنوور دەسەڵاتی تورك و فارسی جیاكردەوە، هەردوو میرنشینی بابان و ئەردەڵانیش لەیەكتر دادەبڕێت. ئەو ناوچانەی كەوتنە بندەستی عوسمانییەكان:

١ـ قەڵای زەڵم و چیاو بەرزاییەكانی دەوروپشتی.

٢ـ شارەكانی بەدرە، جەسسان و مەندەلی تا دەگاتە دەرەتەنگ و پێدەشتەكانی درتە، شارەدێی قزڵجەو دەوروپشتی و گوندەكانی خۆرئاوای قەڵای زنجیر. زۆربەی تیرەكانی هۆزی جافیش وەك هارونی و زیائەددین كەوتنە ژێر فەرمانی توركەوەو چەندین كێشەیان بۆ هەردوو دەوڵەتەكە ساز دەكرد.(٤٥٠)

ئەو ناوچانەی كەوتنە بندەستی ئێرانیش:

١ـ قەڵای هەورامان و گوندەكانی دەوروپشتی.

٢ـ شاری مەریوان و دەوروپشتەكەی.

٣ـ چیاكانی دەڤەری بەدرەو جەسسان و مەندەلی.

هەردوو دەوڵەت بڕیاری وێرانكردنی قەڵاكانی زنجیر، قوتوور، ماكو لەهەرێمی وان و قەڵای موغازبرد لەهەرێمی قارس دەدەن. بەڵام ئێران قەڵای قوتووری نەڕوخاند.

## پەیمانی گوڵستان ١٥٢٤

سەرداری كورد كەریم خانی زەند هەر لە ١٧٤٨وە لاوازی و كەمدەستی شاكانی ئێران دەبینێت كە بەوپەڕی بێهێزی گەیشتووە، شارۆخ شا تەنها هەرێمی خۆراسانی بەدەستەوە مابوو. ئەو هەڵكەوتووەی كورد بەهێزی بازوو، ژیری و لێهاتوویی خۆی دەگاتە دەسەڵات، وڵات یەكدەخاتەوەو هێزو توانای جارانی پێدەداتەوەو ماوەی نێوان ١٧٥٣ـ١٧٩٤ فەرمانڕەوایی سەر لەبەری وڵاتی ئێران دەكات، بەڵام بەناوی شای ئێرانەوە نا، بەناوی بریكاری گەلەوە (وكيل ألرعيە)، لەوەشدا ئەوپەڕی ژیری و ووردبینی ڕەچاوكردبوو، كەریم خان هەرچەند شیعە مەزهەب بوو بەڵام چونكە كوردبوو شیعەكان بێپەروا بەربەرەكانێیان دەكردو ژێر بەژێر پلانیان بۆ دادەڕشت لەهەڵێكدا دەسەڵاتی وڵاتی ئێران لەكورد وەرگرنەوە. رابەری دوژمنەكانی كەریم خان، ئاغا موحەمەدی قاجار بوو لەدەڤەری دەریای قەزوین، نیشتمانی دێرینی مادـ میدیا. ئاغا موحەمەد بەڕەگەز تورك بوو، توركەكانی گرد كردەوەو هێزێكی چاكیان لێدروست دەكات و كەریم خان لەنێو دەبەن، كوڕی كەریم خانیش دووای مردنی باوكی نەیتووانی پارێزگاری دەوڵەتی زەند بكات، ئاغا موحەمەدی قاجارـ تورك بەسەر ئەویشدا سەركەوت و هەردوو چاویشی هەڵدەكۆڵێت و ساڵی ١٢٠١ ك. دەوڵەتی قاجار دادەمەزرێنێت و پێتەختیش لە ئەصفەهانەوە دەگوێزێتەوە بۆ تاران. قاجارەكان بنەماڵەیەكی ناسراو نەبوون، سەردەمی صەفەوییەكان چوونە هێزەكانی قزڵباشەوەو كە هێزیان پەیداكردو پلەوپایەیان دەستكەوت لەنادر شای ئەفشار هەڵدەگەڕێنەوەو ساڵی ١٢١١ ك. لە تەمەنی (٥٢) ساڵیدا كوشتیان و فەتح عەلی شای ئێران ماوەی (٣٥) ساڵ فەرمانڕەوایی دەكات و هەرێمی گورجستانیشی لە

رووسیا سەندەوەو لەسەردەمی شاژن کاترین دا، بەلاَم هەرێمەکانی ئەریڤان و نەخچەوان لەسەر رووباری ئاراس کە دانیشتووانەکانی ئەرمەن بوون هێشتا لەژێر سایەی رووسیادا بوون کە ئێران بەموڵکی خۆی دەزانین و ناچاربوو بۆ سەندنەوەیان داوای یارمەتی لە قەڕالی فەرەنسا، ناپلیۆن و دەوڵەتی بەریتانیا بکات، بەلاَم جەنگەکەی دۆڕاندو ناچار پەیمانی گوڵستانی ١٥٢٤ بۆ دوژمن مۆر دەکات و دوواتریش لە ١٨٢٨دا کە ئێران تا رادەیەك بەخۆیدا هاتبووەوە بۆ راستکردنەوەی تەرازووی هێزو سەنگ و سووکی نێوان ئێران و رووسیا پەیمانی تورکمان چای ١٨٢٥ مۆر دەکەن.

## پەیمانی یەکەمی ئەرزرۆم ١٨٢٣( ٢٧/٧/ ١٧٢٣)

ئەم پەیمانە بەهاندان و دەستپێشخەری و نێوبژیوانی رووسیاو بەریتانیا، کێشەکانی سنوور، بازرگانی، حەج و زیارەتی شوێنە پیرۆزەکانی عێراق، رێوشوێن دانان بۆ گەرمیان و کوێستانکردنی خێڵە کۆچکردووەکانی سەر سنوورەکانی نێوان عوسمانی و ئێران، رادەستکردنی یاخییەکان بەلایەنی پەیوەندیدار.[٤٥١] ئەوەی پەیوەندی بەکێشەکانی سنووری نێوان عوسمانی و ئێرانەوە بوو هەر کورد بوو، بەزاندنی سنوور، ئەمبەرو ئەوبەر کردن و سەنگەرگۆڕکێ و کەڵك وەرگرتن لەناکۆکیەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە. شێخ مارفی نۆدێ نامەیەکی بۆ مەحموود پاشای بابان ناردووە کە کورد هەمووی بکەوێتە بەری عوسمانی باشترە .

## پەیمانی دووەمی ئەرزرۆم١٨٤٢ ـ ١٩١٨

ئەرزڕۆمی دووەم چەند خاڵێکی ئاڵۆز لەنێوان دوو دوژمنە دێرینەکەیدا خاو دەکاتەوە:

١ـ ئێران یەکجارەکی دەستبەرداری هەرێمی سلێمانی و دەوروپشتەکەی دەبێت بۆ دەوڵەتی عوسمانی و لەو گۆڕانکارییە نوێیەشدا کورد ناچاردەکەن خۆی لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی ـ تورك و دەوڵەتی ئێران ـ فارسدا ساغ بکاتەوە، عوسمانیە یان ئێرانیە. ئەمەش بۆ کورد کارەساتێکی گەورە بوو، هەرکام لەو دووانە هەڵبژێرێت ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بزر دەکات و یەك لەیەکیش خراپترن .عارەب دەڵێت (خیاران أهوُنُهُما مرٌّ) دوو ئەگەرت لەپێشە، باشەکەیان تاڵە وەك ژەهری مار.

٢ـ ئێران دەستبەرداری ئەو ناوچانە دەبێت کەوتوونەتە خۆرئاوای زەهاو، عوسمانیش دەست لە چیاکانی خۆرهەلاَت هەڵدەگرێت بۆ ئێران. وەك دەکەوێت لەم پەیمانەدا عوسمانییەکان خۆیان بۆ ئێراییەکانیان شلکردبوو، بەڵێن دەدەن بەندەر عەبباس، عەبادان، موحەممەرە، دورگەی ئەلخزرو خۆرهەلاَتی شەتتولعەرەب بە موڵکی ئێران بناسێت، جگە لەوەش خۆرهەلاَتی کرند، قەسری شیرین بۆ ئێران و خۆرئاوای شەتتەکەش دەبێتە موڵکی عوسمانی.

٣ـ هەرێمی سلێمانی موڵکی تایبەتی هۆمایونەو ئێران بەهیچ جۆرێك دەست لەکاروباری ناوخۆی میرنشینی بابان وەرنەدات.

٤ـ (هەردوو دەوڵەت بەهاوکاری و هاوئاهەنگی لەو هۆزە کوردانە دەسرەوێنن لەسەر سنوورەکان دەژین و گەرمیان و کوێستان دەکەن و ئاژاوەش دەنێنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەردوولا لەشکر لەسەر

سنوورەکان جێگیر بکەن).[٤٥٢] ئەم پەیمانە جۆرێك ئاشتی و ئارامی هێنایە ئاراوە لـەنێوان تـورك و ئێرانـدا بتوانن بەهاوکاری بەریتانیا و رووسیا دەسەلاتی میرەکانی کوردو عارەب بنبڕ بکەن و بەتایبەتیش لەبابان و موحەممەرە.(سەرلەشکری ئێران حیساموملولك رۆڵی بەرچاوی لەو کارەدا گێڕا)[٤٥٣] کـە لەناوەڕۆکدا پلانـی رووخاندنی میرنشینەکانی کوردبوو. لەپاڵ ئەو پلانەشدا سەرۆك هـۆزو ئاغـاو پیـاوانی ئاینییـان دەم چـەور دەکرد. مەدحەت پاشای والی بەغدا هـەتا ١٨٦٩ دەسـەلاتی هـیچ مـیرو سـەردارێکی کـوردو عـارەبی لـە عێراقدا نەهێشت. زەوی و زارو دێم و بەراوێکی زۆری بـۆ دەمکـوتکردنی نـەیاران دابەشـکرد، بەشـێك لـە بنەماڵە دەوڵەمەندو خاوەن زەوی و زاری و بەراوو دێم و جۆگەو کارێزو کانیاو لەوێوە هەڵتۆقێن ئـەگینا نـە کاروکاسپی نە بازرگانییان هەبوو، هەڵێك بوو، لرفیان لێداو خواردیـان و کەسـیش نـەیوت سـەروی چـاویان برۆیە

## رێککەوتننامەی سایکس بیکۆ

ئەم ریککەوتنە صالی ١٩١٦ بەنهێنی لە نێوان نوێنەری بەریتانیا مارك سـایکس و نوێنـەری فەرەنسـا جۆرج بیکۆ بەستراو دووبەدوو هەروەك قالبێك کێك قاشبکەن، بە ئارەزووی خۆیان دەستکەوتەکانی جەنگی یەکەمی جیهان بەسەر ٣ سێ مەڵبەندا دابەشدەکەن:

١ ـ مەڵبەندی سوور: بریتی بوو لە نێوان دوو روبارەکە (بەشی عەرەب نشینی عێراق هەتا خواروی کویت مەڵبەندی نفوزی بەریتانیایە)

٢- مەڵبەندی شین: بریتیە لە هەردو ولاتی سوریا و لبنـان و بەشـی خـواروی رۆژهـەلاتی تورکیـا (بـانی کوردستانی شیمالیی رۆژئاوا) دەگرتەوە، مەڵبەندی نفوزی فەرەنسابوو. سازانۆڤ وەزیری دەرەوی روسیا کـە هەستی بە پەیمانە نهێنیەکە کرد لە ١٩١٦/٤/٢٦ دا رایگەیاند کە روسیا بەو پەیمانـە رازیـە بـە مـەرجێك مەڵبەندەکانی شیمالی رۆژهـەلاتی تورکیـای بـدرێتێ کـە بریتیـە لـە ترابـزۆن و بەشـی شـیمالی رۆژئـاوای کوردستان (باکوری کوردستان ن.ك.)(د.قاسملو،هەمان سەرچاوەی پێشو،ل.٤٨) ئەم رێککەوتننامەیە بۆنی دژایەتی بەریتانیای لێنەدەهات بۆ کـورد تەنانـەت لـە بەشـکردنی میراتیەکەشدا باشـوری کوردسـتان بـەر فەرەنسا و باکوریش بەر روسیا دەکەوت. سـایکس دەیویسـت ئەرمەنسـتانێك لـە کلیکیـا لـەژێر چـاودێری فەرەنسادا دابمەزرێت و ولاتێکی کـورد-ئەرمـەنیش لـە دەریـای رەشـەوە تـا سـیرت و ئوورفـە دابمـەزرێت و سەرەنجام لە باشور دەولەتێکی خودموختاری بۆ کورد دابمەزرێت بەلام کەرکوك و پردێ و هـەولێر نەگرێتـەوە کە دانیشتوانی تورکمانی زۆرە، بەلام ناوچە کوردنشـینەکان هـەتا سـیرت و ورمـێ و مـەهاباد بگرێتـەوە. (مەحمود مەلا عیززەت، حکومەتی کوردستان لەناو مەتەلی .. ل ٤٣، ٤٤)

## رێککەوتنامەی مودروس ١٩١٨/١٠/٣٠

## (ئاگربەستی یەکەمین جەنگی گێتی ١٩١٤ـ١٩١٨ ز.)

دووا رۆژەکانی جـەنگی یەکـەم و بگـرە چـەند کاتـژمێرێك دووای مـۆرکردنی پـەیمانی خۆبەدەسـتەوەدانی دەوڵەتی عوسمانی و هەڵوەشاندنەوەی تەلارە رزیوەکەی پیاوە نەخۆشـەکە، لەشـکری عوسـمانی لـە هـەرێمی

موصلّ ئاگاداری هیچ نەبوون، هێزەکانی بەریتانیا بە پرتاو بەرەو موصلّ دەکشان بۆ ئەوەی ساتێك زوتر بیگرن بۆ ئەوەی لەدووا رۆژدا بلێن کاتی جەنگ گرتوومانەو دەستکەوتی جەنگە. تورك جیقوفیقیان زۆر کرد، کەلکی نەبوو، موصلیان چۆلکرد بۆ بەریتانیا یان راستتر بلێین بەریتانیا پاشەکشێی پێکردن و کارتی داگیرکردنی موصلی بەدەستەوە بوو، لەپەنای هەزارو یەك فێلّ و تەلّەکەبازی بەریتانیادا کە گەورەترین هێزی هەموو گێتی بوو، ١٩٢٥ هەرێمی مووصلّ کە ئەوان بەکوردستانی باشوریان دەوت لکێندرا بەدەولّەتی عێراقی تازە دامەزراوەوە کە شایەکیان لە سووریاوە بۆ هێنابوو. تورك بەناچاری ١٩٢٦ بەفەرمی دەست لە ویلایەتی موصلّ هەلّدەگرێت دوای ئەوەی ئیمپراتۆریەتییە فراوان و بەرینەکەی دابەشکراو ولاّتانی سووریا، عێراق، ئوردون، لوبنان، فەلەستین و ولاّتانی بەلکان و قەفقاس لەجێگەی ئەودا هەریەکەیان بوون بەدەولّەتی سەربەخۆ و تورك هەر ئەم تورکیایەی ئەمرۆی بۆ مایەوە دوای دۆڕاندنی جەنگ لەپالّ ئەلّەمانیا و نەمسا و پروسیاداو ئەم مەرجانەشیان بەسەردا سەپاند:

ڕووخاندنی دەولّەتی عوسمانی و پێچانەوەی سەردەمی سولّتان و خەلیفەی ئیسلام.

دەست بەسەردا گرتنی شوێنە ستراتیژییەکان.

کشانەوەی هێزەکانی تورك لە قەفقاسیا و چەککردنی لەشکرەکانی تورك.

هێلّەکانی شەمەندەفەر لەژێر دەستی هاوپەیمانان‌دا بێت.

جیاکردنەوەی گەلانی عارەب لە تورك.

هەرێمە ئەوروپاییەکەی تورك بخرێتە سەر ولاّتی یۆنان.

دامەزراندنی دەولّەتێك بۆ ئەرمەن و دەستەلاّتێکی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد.

چاونووقاندن لەو ناوچانەی یۆنان لەتورکیای داگیرکردووە، ترابزۆن، ئەرزرۆم، وان، بتلیس کە پتر لەنیوەی خاکی کوردن و بەپێی ڕێکەوتنی سیڤەر درابوون بە یۆنان.

## کۆنگرەی فەرسای ـ پاریس ١٤ـ١٨/١٠/١٩١٩

لایەنە سەرکەوتووەکانی جەنگ بۆ پاراستنی مافی نەتەوە بچوکەکان وەك کوردو ئەرمەن و رزگارکردنیان لە چەوسانەوەی بندەستی تورك لاپەڕەکانی هەردوو فایلی دوو نەتەوەکەی هەلّدەدایەوەو تاوتوێی دەکردن و وەك کێشەیەکی نێودەولّەتی دەیخوێندنەوە کە پێویستیان بە چارەسەرێکی یاسایی و هەنووکەیی هەیە. نوێنەری کورد، شەریف پاشای خەندان و نوێنەری ئەرمەن، نۆباز پاشا هاودەردو هاودەنگ بوون دژی تورك. لەهەموو ناوچەکانی کوردستانیشەوە پەیتا پەیتا تەلەگراف بەڕێوەبوو بۆ پشتیوانیکردنی شەریف پاشا و پێداگرتن لەسەر سەربەخۆیی کوردستان. شەریف پاشا خەلّکی شاری سلێمانی و کونسولّی تورکیا بوو لەولاّتی سوید، لەکۆڕو کۆمەلّە نێو نەتەوەییەکاندا ناسراو بوو، چەند زمانێکی ئەوروپاییەکانیشی وەك ئاو و دۆ دەزانی، لە لایەن گشت سەرۆك و سەردارانی کوردیشەوە بەنوێنەرو دەمڕاستی کورد دەستنیشان کرابوو، دەسەلاّتی تەواوی پێدرابوو بەنێوی گەلی کورد لە تورکیا، عێراق و ئێران کارەکان بەڕێوە بەرێت و بڕیاری گونجاو بدات. بەلاّم کەمالییەکان تەگەرەی زۆریان خستە بەردەم ئەو ئەرکە پیرۆزەی شەریف پاشاو

چەند کەسێکیان لەخشتەبرد خۆیان بەنوێنەری کورد بناسن و داواکارییان ئەوە بێت ژیان و مردنیان لەگەڵ توركدایەو هەرگیز نایانەوێت لە براکانیان جیا ببنەوە.

## پەیمانی سیڤەر ١٩٢٠/٨/١٠

برگەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤، ٦٥ی ئەم پەیمانە، سەربەخۆیی کوردستان دەسەلمێنێت، بەلام هاوپەیمانەکان چیتر بەربەرەکانێی مستەفا کەمالیان پێ نەدەکرا، لایەنی هەق و راستی بەردەدەن، کوردو ئەرمەن دەکەنە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان. هەرچەندە بناغەی بەندەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ پێشتر لەرێککەوتننامەی سان ریمۆن ١٩٢٠ دا هاوپەیمانەکان دەستنیشانیان کردبوو.

لە سیڤەردا دان بە مافەکانی کورد و دامەزراندی دەوڵەتی سەربەخۆشدا نرابوو، رەشنووس و پاکنووسی پەیمانەکە کە ئینگلیزەکان نوسیویانە لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەیاندا پارێزراوە. (بڕوانە مەحمود مەلا عیززەت، حکومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی .. ل ٤٤)

## پەیمانی لۆزان ١٩٢٣/٦/٢٤

سیڤەر هیواو ئاواتەکانی کورد و ئەرمەنی بەرجەستە کردبوو، بەلام هەر لەسەر کاغەز مایەوەو پراکتیزە نەکراو بەرەو رووی لۆزان کرایەوەو سیڤەر بەبڕیاری بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، یۆنان، تورکیا زیندەبەچاڵ کراو کێشەکەیان خستە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، ئەویش شاندێکی ناردە کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەو بیستنی داخوازی دانیشووان، زۆربەی سەرانی کورد داوای سەربەخۆیی کوردیان دەکرد، هەندێکیش مافی ئۆتۆنۆمی، مافە کولتوریی و رووناکبیرییەکاندا وەلامی شاندەکەیان دایەوە. ئەویش لەدوو راپۆرتدا بۆ کۆنگرەی گەلان راسپێری ئەوە دەکات کورد نایەوێت بەتورکیاوە بلکێنرێت و مانەوەیان لەقەوارەیەکی سەربەخۆدا بەلاوە چاکە لەژێر سایەی یەکێك لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا. بەکورتی ئەنجامەکە بەوە دەگات برگەکانی ٣٨، ٣٩ی لۆزان چەند مافێکی رووناکبیری بۆ کورد دەستنیشان دەکات. بەریتانیاو هەموو ئەوانی دیش دووای بەرژەوەندی خۆیان کەوتبوون، چارەنووسی گەلانی ژێردەست بایەخێکی نەبوو. بەریتانیا بۆ ئەوەی هاوپەیمانەکانی لە بڕیارەکانی لۆزاندا هاودەنگی بن، فەرەنساو ئەمەریکا دەکاتە هاوبەش هەریەکەیان بەشێکیان لە کۆمپانیای نەوتی موصڵ (تورکش پەترۆلیۆم) بۆ دابین بکات. عیصمەت پاشا (عیصمەت ئین ـ ئینۆ)ش وەك نوێنەری کەمالییەکان لەکۆبوونەوەکانی لۆزاندا دوو کورد لەگەڵ خۆیدا دەبات. ئەو دوو زۆڵە کوردە لەوەلامی پرسیارێکدا ئایا کورد دەخوازێت لە تورکیا جیابێتەوە، وتیان ((ئێمەو تورك براین، هیچ جیاوازییەکمان لەنێواندا نیەو نامانەوێت لەتورك جیابینەوە))، ئیتر ئەمە بۆ مستەفا کەمال زۆر بوو بەهاوپەیمانان بسەلمێنێ کورد دەوڵەتی سەربەخۆی ناوێت و دەیانوێت لەگەڵ تورکدا بژین و پێکەوەش بمرن! لەهۆڵی کۆبوونەوەکانیشدا عیصمەت پاشای نوێنەری کەمال زۆر بە لەبلەبانی دەدواو کاری لەهاوپەیمانەکان دەکرد، بەچەند ووشەیەکی ژەهراوی بیروڕای نوێنەرەکانی بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەبەرژەوەندی تورکیاو دژ بەکێشەی کورد گۆڕی، کاتێك وتی (کوشتارو قەلاچۆکردنی ئەرمەن بەهیچ جۆرێك نایەتە سەر تورك، ئەوە کوردە موسوڵمانە کەم چیکڵدانەکان بوون و ئەوان

تاوانبارن). تۆ تەماشا بێڕەوشتی، تورکە عوسمانییەکان چەند سەدەیەك شەڕی ئەوروپاییە (کافرەکانی) دەکردو سەرو ماڵی حەڵاڵ کردبوون، ئێستە کوردە موسوڵمانە کەم چیکڵدانەکان دەدات بەگوێی ئەوروپیەکانداو تیژیان دەکات دژی کورد وەك ئەوەی بڵێت کوردەکان سەرگەرم و توندڕەون و بەهەر چوار پەل خۆیان بەئیسلامەوە بەستووەتەوەو کوشتن و قەلاچۆکردنی ناموسوڵمان و حەلالکردنی سەرو ماڵ و خاو و خێزانی بەجەنگی پیرۆز دەزانن. وەك ئەوەی کورد لەوانەوە فێری ئەو کارە ناپەسەندانە نەبووبێت. ئەو چەند ووشەیەی نوێنەری کەمالییەکان ماڵی کوردی وێرانکرد و وەك چۆن لاوەکان دەڵێن فیلمی سوتاند. ئیتر دووای ئەو کۆبوونەوەیە فایلی کوردو سەربەخۆیی کورد بەردێکی خرایە سەر، عارەب دەڵێت دەستدارو بەهێز شمشێر هەڵدەکێشێت و دەچێتە پێشەوە، لاوازو دەست کورتیش بەدوای شایەتدا دەگەڕێ! کورد خاوەن ماف بوو مافی دەستنەکەوت، تورك جەنگێکی جیهانی دۆڕاندبوو، مافێکی نەبوو، کەچی زۆربەی خواستەکانی هێنایە دی، چونکە کورد جگە لەژەنراڵ شەریف پاشای خەندان کەسێکی نەبوو بتوانێت سەر بەو هۆڵانەدا بکات و بەرامبەر هاوپەیمانان داکۆکی لەمافەکانی کورد بکات، شەریف پاشاش هەر ئەوەندەی بۆ دەکرا کە کردی، کورد نەیتوانی بەهاوپەیمانان بسەلمێنێت کوشتارو قەلاچۆی ئەرمەن بە بەرنامەو فەرمانی سوڵتان حەمید بەڕێوە دەچوو. ئەو کوردەی ئەرمەنێکی دەکوشت، ئەو کوردە نەبوو هاودەردو هاودەنگی ئەرمەن بوو، وەك دوو گەلی چەوساوە و مافخوراو بەدەست تورکەوە، ئەوانەی دەستیان دەچووە خوێنی ئەرمەن بەکرێگیراوەکانی سوارەی حەمیدی بوون دەستیان دەچووە خوێنی کوردیش و ناووناوبانگی کوردیشیان لەناوەوەو دەرەوە لەکەدار دەکرد. کورد بەر لەو سەردەمەوەوە ئەوە تازە پیرەو پەکەوتووە و دارەدار دەکات شۆڕش هەر تفەنگ نییەو تەواوکاری دەوێت، زۆر خاڵی گرنگ لەسەر مێزی دانوستاندن و هۆڵی پەرلەماندا دەبنە دەستکەوت. لەجەنگ و شەڕە تفەنگدا تەنها دوو جەمسەر هەیە، سەرکەوتن یان ژێرکەوتن، پێشڕەویی کردن یان پاشەکشە، مەودای خەباتی دیموکراتی زۆر فراوانترەو دوو لایەن یان پتر ململانێکە دەتوانن بگەنە ئەنجامێك هەریەکەیان بەرژەوەندی و دەستکەوتی تێدا ببینێت. تورکە کەمالییەکان بەو جۆرە گرەویان لە کورد بردەوەو هەر ئەوەندەی کۆماری تورکیا دامەزرا بەسەرۆکایەتی مستەفا کەمال ١٩٢٤، بەو بیانووەی لەوڵاتی تورکیادا تەنیا تورك دەژین، ئاخاوتن بەکوردی، خوێندن بەکوردی، بەرگ و پۆشاکی کوردی، کۆڕوکۆبوونەوەو ڕێکخراوی زانستی، کۆمەڵایەتی، رامیاری هەرهەمووی قەدەغە کران و سەرپێچیکار بەر سزای توند دەکەوت. سەرۆك وەزیرانی فەڕەنسا، کلیمنسۆ بەناوی هاوپەیمانەکانەوە دەڵێت: "تورکیا (دەوڵەتی عوسمانی) لەو ئاستەدا نیە متمانەی پێبکرێت میللەتێك بەڕێوەبەرێت (غەیرە تورك) و نابێت قەومێك کە تورك نیە (کورد) و تا ئەمڕۆ لەژێر چەپۆکیدابووە دوبارە بخرێتەوە ژێر چەپۆکی. (مەحود مەلا عیززەت، کوردستان لە مەتەڵی .. ل ٥٠)

## ڕێککەوتنی سەرۆك کۆماری عێراق و بارزانی مستەفا ١٩٦٦/٦/٢٩

سەرۆك کۆماری عێراق و زۆرینەی کابینەی وەزارەت گەیشتنە ئەو ئەنجامەی شۆڕشی کورد بەبەکارهێنانی ئاگرو ئاسن ناکەوێت و حکومەتیش لە توانایدا نەماوە درێژە بەو جەنگە بدات..

(١٩٦٦/٦/١٦ عميد مەجيد عەلی (خانەنشين)، ئەحمەد کەمال، ئەکرەم جاف و زەيد ئەحمەد عوسمان وەك شاندی حکومەت لە بەغداوە دەگەنە گەلاڵە...بەدوای ئەوانيشدا شاندێکی بەرزترو فراوانتر ١٩٦٦/٦/١٨ هاتن، شاندی شۆڕشی ئەيلووليش نافيز جەلال، صالح يوسفی، حەبيب موحەمەد کەريم و عەلی عەبدوڵڵا ٦/٢٢ گەيشتنە بەغداد، ٦/٢٩ رێککەوتنێك مۆر کرا بەپەيمانی ٢٩ی حوزەيران، بەيانەکەی بەززاز يان پەيمانی لامەرکەزی ناوەبراو خودی ئەورەحمان بەززازی سەرۆك وەزيران لەرادیۆو تەلەفزیۆنەوە خوێندييەوە،خاڵە هەرە گرنگەکانی:

١ـحکومەت بنەبڕ,دان بەنەتەوەی کوردا دەنێت لەياسای کاتيی ولاتداو ئامادەيە لەياسای هەميشەييشدا بيچەسپێنێت کە عێراق لەدو نەتەوە سەرەکييەکە پێکهاتووە،عارەب وکورد،لە ماف وئەرکيشدا يەکسانن.

٢ـ هەڵبژاردنی پەرلەمان و نوێنەرانی کورد تێيدا بەپێی رێژەی ژمارە کورد دەبێت لە عێراقدا.

٣ـ ناردنی خوێندکاری کورد بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لەدەرەوە.

٤ـ زانکۆی بەغدا بايەخی تەواو دەدات بە وتنەوەی زمان و وێژەو کولتووری کوردو پرۆژەيەکيش "زانکۆيەك" لە باکوور دەکاتەوە کە پارەی پێويست هەبوو!

٥ـ فەرمانبەران لەشارو شارۆچکەو شارە دێکاندا لەڕەگەزی کورد دەبن و مەگەر بەرژەوەندی هەرێمەکە بخوازێت ئەگينا هەر ئەوان دادەمەزرێنرێت.

٦ـ بەپێی ژيانی پەرلەمانی، کۆمەڵەو رێکخراوی راميياری دياريکراو دادەمەزرێن و رۆژنامەو چاپەمەنيش مافی دەربڕينی هەست و بيرو داخوازييەکانی گەلی عێراقی دەبێت.

٧ـ دوای ئاگربەست لێبووردنی گشتی بۆ هەموو بەشداربووانی رووداوەکانی باکوور دەردەچێت و فەرمانبەران دەگەڕێنەوە شوێنەکانی جارانيان و هەوڵدەدرێت کرێکارانيش بگەڕێنەوە سەر کارەکانيان.

٨ـ ئەوانەی لەهێزە چەکدارەکانەوە رايانکردبوو لەماوەی دوو مانگدا دەگەڕێنەوە بنکەکانی پێشوويان بەمەرجێك بەو چەکانەوە بگەڕێنەوە بردبوويان.

٩ـ تيپەکانی سوارە (جاش) دەگەڕێنەوە بنکەکانيان هەتا چەك دەکرێن.

١٠ـ ئاوەدانکردنەوەی باکوور.

## رێککەوتنی ١١ ئازار ١٩٧٠

## صەددام حسێن ـ بارزانی مستەفا

هەتا ئەمڕۆش رێککەوتنی١١مارتی١٩٧٠گرنگترين و پڕدەستکەوترين پەيمانی کوردە لەگەڵ دوژمندا، بەشێکی بەرچاوی لەمافەکانی کورد لەباشووری کوردستان هێنايە دی کە لە ياسای ئۆتۆنۆمی کوردستاندا رەنگيدايەوە و دەربڕينی باکووری عێراق لەدەزگاکانی دەوڵەتدا بوو بە هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان.

## پە يمانی جەزاير لە نێوان صەددام ـ شای ئێران ١٩٧٥/٣/٦

بەپێی ئەو پەيمانە شومە، حەمە رەزای شای ئێران، پشتدەکاتە شۆڕشی کوردی باشوور و سنوورەکانی لە

رووداو داخست بەرامبەر دەستهەڵگرتنی عێراق لەپانتاییەکی فراوان لەووشکانی و ئاوی عێراق بۆ ئێران.

## ڕێککەوتنی عێراق ـ تورکیا ١٩٧٨

بەپێی ئەم ڕێککەوتنە عێراق ڕێگە بە سوپای تورکیا دەدات سنووری نێوانیان لەئاسمان و زەوییەوە ببەزێنێت و لەمەودای قوڵایی ١٥ کیلۆمەتردا ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دژی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ـ پێکەکە ـ بکات.

## کۆنگرەی ناسنامەی فەرهەنگیی و مافی مرۆڤی کورد ١٩٩٠

کۆنگرەکە بەهەوڵ و کۆششی دڵسۆزانەو سەرپەرشتیی دۆست و پشتیوانی ڕاستەقینەو چالاکی کورد خاتودانیاڵ میتران وهاوکاریی چەندین زانایانی ناسراوی بوارە جیاجیاکانی زانست سازدرا وەك دکتۆر گەستریان،پرۆفیسۆرلازاریف، ئەکادیمیکاری کورد نادری نادر،بونیر هاوسەری زانای مەزنی سۆڤیێت و دۆستی کورد پرۆفیسۆر زاخارۆف.

## پەیمانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی ـ کورد (سوڵتان سەلیم و مەلا ئیدریس) ١٥١٥

٣سێ هیرشی گەورەو بەربڵاو لە ساڵانی نێوان ١٠٥١ــ ١٤٠٢ز. ژیان و باری گوزەران و هێمنی و کشتوکاڵ وبازرکانیی و هتد. دانیشتووانی کوردستان بەتایبەتی وهەموو هەرێمەکانی ئاسیای نێزیکی شێواندبوو . دەڵێم بەتایبەتی کوردستان چونکە کەرت و پەرتبوونێ هێزی کوردو دووبەرەکی و خۆخۆری گەورەو سەرکردەکان ئەگەری بەرگریکردنی نەهێشتبووەوە بەرەنگاری هێرشەکانی،:تورکە سەلجووقەکان لە ١٠٥١، مەغۆلەکان ١٢٣١، تەیمووری لەنگ ١٤٠٢. لە هێرشەکانی مەغۆل بەدوواوە دوژمنانی کورد بەرنامەی کەڵکوەرگرتن لە تواناو ئازایەتی کورد وەردەگرن بۆ دژایەتیکردن و بەگژداکردنی نەتەوەکانی دیکەو بەگژداکردنی کوردو کوردیش . سوڵتان سەلیمی عوسمانی هەست و سۆزی ئیسلامەتی کوردە سوننە مەزەبەکانی بەکاردەهێنا دژی دەوڵەتی صەفەوی شیعە مەزەب و ئەوپەڕی کەڵکیشی لێوەرگرتن و لە جەنگە چارەنووسسازەکەی (چاڵدیران)دا کە ٢٣ ئاب ١٥١٤لەباکووری خۆرئاوای شاری ورمێ قەوما، بەشتیوانی جەنگاوەرە سەرسەخت و دەست وەشێنەکانی کورد لەشکرەکەی شا ئیسماعیلی صەفەوی تێکشکاند و سەرئەنجامەکەشی گەورەترین کارەساتی مێژوویی بەسەر نەتەوەی کورددا هێناو کوردستان لەنێوان عوسمانی و صەفەویدا دابەشکرا و بەشەگەورەکەشی کەوتە بندەستی دەوڵەتی عوسمانی ـ تورك بەڵام دابەشکردنەکە لە ساڵی ١٦٣٩ دا بەفەرمی لەنێوان سوڵتان مورادی عوسمانی و شاعەبباسی صەفەویدا مۆرکرا . کارەساتی لەوەش گەورەتر، ئەوەبوو دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی جەنگی جیهانی یەکەم جارێکی دیکەش کوردستان دابەش بکرێتەوە و ئەمجارەیان خاکو وڵاتی کوردان چوارکوتکرا بەسەر تورکیا، ئێران، عێراق و سوریادا .کارەساتی ئەو دووجار دابەشکردنەی کوردستانی گەورە بۆ چوار بەش وکاریگەرییە نێگەتیڤ و پێشهاتەکانی بەسەرتاپای ژیانی رامیاری، کۆمەڵایەتی، ئابووری،زانستی ودەروونییەوە روون و ئاشکرا دیارەو لەداهاتوویەکی نزیکیشدا نارەوێتەوە .جێگەی خۆیەتی لێرەدا رووداویکی گرنگ بخەمە بەر

چاوی خوێنەری هێژا، (گەورەو سەردارانی کورد پێشنیارێك پێشکەش بە شا ئیسماعیلی صەفەوی ١٥٠٢ ـ ١٥١٨ دەکەن هاوکاری لەشکری ئێران بکەن دژی عوسمانییەکان لەسەردەمی سولتان سەلیمدا، بەڵام شا ئیسماعیل بەشێوەیەکی چاوەروانەکراو نەك هەر پێشنیارەکەی رەتکردەوە و بەڵکو فەرمانی دەستگیرکردنیشی بۆ دەرکردن .!) بروانە د. قاسملو، هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ٤٠ . دیارە صەفەوییکان سزای ئەو هەڵەیەیان وەرگرت و سولتان سەلیمیش (سەلیم دلرەق) فەرمانێکی دەرکرد، سەرپەرشتیکردنی میرنشینەکانی کورد دەسپێریت بە مەلا ئیدریسی بتلیسی، ئەویش *هۆزە کوردەکان لەسەر سنوورەکانی نیوان عوسمانی و صەفەویدا نیشتەجێیکرد و هەموو خەرج و باجێکیشی لەسەرلابردن بەمەرجێك لەشکرێکی ئامادە دابمەزرێنن بۆکاتی پێویست* .

هەوڵێکی دووردرێژ زانای گەورەی کورد مەلا ئیدریسی بتلیسی بەئامانج دەگات و ژمارەیەکی چاك میرو سەردارانی باکوور یەکدەخات و لەهێزێکی هاوبەشدا لەسەر ئەو زەمینە پتەوە پەیمانێك لەگەڵ سولتان سەلیمی یاوز "دڵرەق" دەبەستێت، کە کورد لەولاتی عوسمانیدا لەگەڵ تورکدا یەکسان بن و دەوڵەتێك لەشێوەی رژێمی کۆنفیدراڵیدا لەژێر سایەی سولتاندا دابمەزرێنن. کورد بەگەرمی بەپیر پرۆژەکەوە چوون و سەرکەوتنەکەی سولتان بەسەر ئێراندا لە جەنگە چارەنووسسازەکەی چالدێران ١٥٠٤ بەسەرگەرمی و قوربانیدانی کورد بۆ سولتان نووسرا.

ئەو هەموو پەیمان و رێککەوتنانەی لەچەندین قۆناغی جیاجیای شۆرش و خەباتی گەلی کوردا بۆ هەر یەکێکیان صالانێك قوربانی و ماڵوێرانی گەرەك بوو جێگەی خۆی و هەندێك لەمافەکانی لەو رێکەتنانەدا بکاتەوەو داخوازییە نەتەوەییەکانی بەدوژمنان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بسەلمێنێت، هێشتا نەگەیشتبوونە قۆناغی رزگاربوون لە میردەزمەی چەوساندنەوەو تۆقاندن و مرۆڤ تووشی سەرسورمان دەبێت شای بەریتانیا جۆرجی پێنجەم بروسکەی پیرۆزبایی بۆ شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان دەنێرێت (ئێمە پیرۆزبایی سەربەخۆیی و بەختیاری کوردستان دەکەین)،[٤٥٧] بەلام هەر دەنگێك بوو رەنگی نەبوو، تەنانەت دووای زیندەبەچاڵ کردنی پەیمانی سیڤەر و تاساندنی بریاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد، بریارەکانی پەیمانی لۆزانیش جێبەجێ نەکران کە جێگەی بریارەکانی سیڤەری گرتەوە:

بەندی ٣٧: تورکیا بەرپرسە لەیاسای بنەرەتیدا، بەندەکانی ٣٨ـ٤٤ بچەسپێنێت و پێچەوانەی ئەو بەندانە کار نەکات.

بەندی ٣٨: تورکیا بەرپرسە لەپاراستنی ژیان و دابینکردنی مافی ئازادی هاولاتیانی سەر بەهەر نەتەوەو زمان و ئاینێك بن.

بەندی ٣٩: تورکیا رێگە لەبەکارهێنانی هیچ زمانێك نەگرێت لەکاروباری ئاینی و خواپەرستی، چاپەمەنی و کۆرو کۆبوونەوەی گشتییدا. بەلام تورکیا ئەوانەشی پشتگوێ خست و تەنانەت بەرگ و پۆشاکی کوردیشی قەدەغە کرد. های Hay ئەفسەرێکی دەزگای هەواڵگریی بەریتانیایە دەڵێت کورد ووریا بێتەوەو ستراتیژێکی نوێ پیادە بکات، داگیرکارانی کوردستان لە تورکیا، ئێران و عێراق هێز و

پیزیکیان نامینیت.[٤٥٨] ئەوە زۆر راستە بەڵام بۆ کورد هەر بەدەم خۆشە.

## پە یماننامەی نێوان دەروازەی باڵا ـ کورد ١٩١٩

سەرەتای ساڵی١٩١٩ ودەق لە مانگی کانوونی دووەمدا، دەروازەی باڵای عوسمانی (سەرۆکایەتی وەزیران) چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ نوێنەرانی کوردی باکوور: سسەیید عەبدلقادری شەمزینی، ئەمین عالی بەدرخان و مورادخان کەهەرسێکیان لەسەرانی (جەمعیەتی تەعالی کوردستان) بوون پێکهێناو دەروازەی باڵا بریاریدا کورد مافی ئۆتۆنۆمی پێدەدرێت بۆ بەڕێوەبردنی باکووری کوردستان، بەمەرجێك لە (جامیعەی ئیسلامیدا) بمێنێتەوە وپشتیوانیی لەسیستمی خەلافەت و سەڵتەنەت بکات و بەهەموتوانەیەوە دژی ناحەزانی سوڵتان بوەستێت .

هەرچەند نازانین ئایا سوڵتان کە ئەوکاتە گلۆڵەی کەوتبووە لێژی، لەباوەڕبوونەوە بەمافەکانی کورد ئەو بڕیارەیدا، یا تەنها بۆراکێشانی کوردبوو بەلای خۆیدا دژی حکوومەتەکەی مستەفا کەمال کەلە ئەنقەرە وبە هاوکاریی و پشتیوانیی کاراو چالاکی کورد دامەزراندبوو.؟ هەرچۆنیك بێت بۆ کورد خراپ شکایەوە، نوێنەرانی کورد هەر زوو ناکۆکی و ململانێی (زەعامەت) ریزەکانی تێکدان و ئەوەند کۆمەڵەو ڕێکخراوو دەستەو تاقمی جۆراوجۆر دامەزران و هەریەکەشیان لەئاوازێکی دەخوێند ... ئەمین عالی بەدرخان: (جمعیت تشکیلات أجتماعیە)،مەمدووح سالم و هەڤاڵانی: پارتی دیموکراتی کورد، سورەییا بەدرخانیش (حیزب أستقلال کوردستان) دادەمەزرێنن .

## دامەزراندنی شانشینی عێراق

بەریتانیا چونکە چاوی لە خێروبێری کوردستانی باشوور بوو بەتایبەت نەوت کە هەتا ئەو دەمە تەنها لە کەرکوك دۆزرابووەوە، هەر زوو نوێنەری باڵایان لە عێراق سر برسی کۆکس، لە ساڵی ١٩١٩وە کەرکوك بە بەشێك لە ویلایەتی موصڵ دانانێت کە هاوپەیمانان و تورك و نوێنەری کورد لە پاریس لە موو باریکتر گفتوگۆو دانوستاندنیان لەسەر دەکرد، هاوکات ئەڵەمان و رووسیای سۆڤێتی و تورك هاوکاری و کۆمەکی هەرلایەکیان دەکرد دژایەتی ئینگلیز بکات.

فەیصەڵ کوڕی شەریف حسێن رۆژی ١٩٢٠/٣/٨ کرایە شای ئەو حکومەتە عارەبییەی لە دیمەشق، بەریتانیا دایمەزراند، بەڵام فەڕەنسا لەگەڵیدا نەدەگونجاو بەدەرکردن دەریانکرد. بەریتانیا بەهەوڵ و کۆششی بێ پسانەوەی لۆرانس دەیهێنێتە (عێراق)و راپرسییەك دەکەن بۆ هەڵبژاردنی شای عێراق. ١٩١٨/١١/٣٠ لەندەن نوێنەری باڵا ویڵسنی ئاگادارکردبوو راپرسییەکی پاك بکرێت، بەڕاستی رەنگدانەوەی خواست و ئامانجەکانی عێراقییەکان بێت، بەڵام کۆکس زۆر پەیڕەوی نەکرد و رێگەی دەنگدانی بە نەیارەکان نەدا، لەسەرۆك هۆزو جەماوەری سادەیان پرسیاردەکرد چ رژێمێکی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردن دەخوازن؟ لەوەڵامدا دەڵێن: (اللە والینا، مُحَمّد نَبِیُّنا، کوکس حاکمنا).[٤٥٩]

دەمڕاستێکی عارەبی عێراق: ئێمە ئەوەمان بەلاوە سەیرە ئێوە پرسمان پێدەکەن چ جۆرە حکومەتێکمان دەوێت، هێشتا شتی وەهامان نەبیستووە، پەیوەندی بەمنەوە چییە، هەرکەس دادەنێن دیان بێت یان جوو

یان کۆیلەیەکی حەبەشی، من بە حوکمەتی دەزانم.(٤٦٠)(محمد البصیر)یش نووسیوویەتی: خەڵکەکە دەڵێن ئینگلیز بەم راپرسییە تاقیمان دەکاتەوە، دۆست و دوژمنەکانی بناسێت.(٤٦١)(علوان الیاسری) سەرکردەیەکی شۆڕشی ١٩٢٠ دژی بەریتانیا لەو رووەوە دەڵێت: (ئێمە ساڵەهای ساڵە دوور لەسەربەخۆیی ژیاوین، ئێوە هاتن و بەڵێنی سەربەخۆییمان پێدەدەن کە داوامان نەکردووەو بگرە خەویشمان پێوە نەدیوەو ئێمەتان خستووەتە سەر ئەو کەڵکەڵەیە، ئێستاش کە داوای دەکەین دەمانخەنە زیندانەوە).(٤٦٢)

نوێنەری باڵا، ویڵسن ئەفسەرێکی لاو بوو، فەرمانڕەوایی میسۆپۆتامیا (عێراق)ی دەکرد، لەو باوەڕەدا بوو، خەڵکەکە نەزان و نەخوێندەوارن، کەڵکی خۆبەڕێوەبردنیان پێوە نییە، جارێ با لەژێر سایەو چاودێریدا بن هەتا فێری هونەری فەرمانڕەوایی دەبن، هەڵەیە لەندەن بەڵێنی فەرمانڕەواییان بداتێ. ویڵسن دەیویست حکومەتێکی بەڕووکەش نیشتمانی و لەبەرگێکی عارەبیداو لەناوەڕۆکدا بەریتانی دابمەزرێنن.

بەڵام هەر بۆ چاوو راو ئەوەشیان بەو خەڵکە سادەیە دەوت: ئێمە سەرو سامانی خۆمان لەم شەڕەدا بەخت کرد، تورکمان تێکشکاند، ئایا دەخوازن لەژێر سایەی بەریتانیادا بن یا دەسەڵاتێکی نیشتمانیی عارەب، بڕیارێکی بنبڕمان بدەنێ.(٤٦٣)

## چەند نموونەیەك لە هەڵوێستی عارەبی عێراق بەرامبەر تورك و ئینگلیز

جەنراڵ مۆد، سەرکردەی ئەو لەشکرەی بەریتانیا کە رۆژی ١٩١٧/٣/١١ شاری بەغدای داگیرکرد، دانیشتووانی بەغداد کۆتەڵێك (پەیکەر) بەپارەو پوولی خۆیان بۆ یادگارو بیرنەچوونەوەی داگیرکاری شارەکەیان لەناوەڕاستی بەغدادا دروستدەکەن و پردێکی گرنگی سەر رووباری دیجلەش ناودەنێن پردی مۆد، کۆتەڵەکەی مۆد هەتا بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ هەر بەپێوە بوو، ژەنراڵ مۆد بەپەرداخێك شیری نەکولاو تووشی کۆلێرا دەبێت و رۆژی ١٩١٧/١١/١٨ هەر لە بەغدا دەمرێت.

مەدحەد پاشای والی بەغدا، ساڵی ١٨٦٩ ئەندامانی بەناو ئەنجومەنی ویلایەت کۆدەکاتەوە بۆ مەبەستێکی تایبەتی، داوا دەکات داواکارییەك بنووسن بۆ دەروازەی باڵا، داوای بەرزکردنەوەی باج بکەن لەسەر میللەت! (ئەو نوێنەرە دڵسۆزانەی میللەت. ن.ك) داواکارییەك دەنووسن و هەموویان مۆری دەکەن. ئەمجا والی دەڵێت ئێستا داواکارییەکی نوێ بنووسن، ئەمجارە داوا بکەن باج کەم بکرێتەوە لەسەر گەل (ئەو نوێنەرە دەستەمۆیانە. ن. ك) ئەوەش دەکەن. والیش هەردوو داواکارییەکە بەبەرچاوییانەوە دەدڕێنێت(٤٦٤)!

سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر وڵاتانی ژێردەست لەڕۆژهەڵاتی ناوەندو ئەفەریقادا لەبەر رۆشنایی راپۆرتە هەواڵ و شیکردنەوەو بۆچوونی شارەزایانی رامیاری و ستراتیژی و سەربازیی دوو رێبازی جیاواز دادەڕێژرا، بیرۆی هیند، بیرۆی قاهیرە.

ئەفسەرانی سەر بەبیرۆی هیند لە عێراق: بەریتانیا نێوان دوو رووبارەکەی بەبێ یارمەتی عارەب داگیرکردووە، یارمەتی ئەوان زیانی زۆرترە وەك لە قازانج، چونکە دووایی زێدەڕۆیی دەکەن لە داواکارییەکانداو گرێ و گۆلیش دەخەنە کاروبارەکانی دووای ئاگربەست و کۆتایی شەڕ، ویڵسن یەکێك بوو لەوانە، هەوڵی دامەزراندنی (عێراق)ێکی یەك پارچەی دەدا لەژێر سایەو سێبەری راستەوخۆی بەریتانیاداو

بایەخ نەدان بەهاشمییەکان، بەڵکو بەنهێنی پەیوەندی بەشەریف حوسەین بکەین و کۆمەکی فرەو چەك و پارەو مانگانەی بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی دژی تورك راپەڕێت، بێ ئەوەی پەیمانی سەربەخۆیی بدرێتێ: بەم هۆیەوە هەموو ئەفسەرە عارەبەکانی نێو سوپای ئینگلیز، گەڕانەوە لای تورکەکان، پێکەوە دوژمن لەوڵات وەدەرنێن.ئەفسەرانی بیرووی هند، کەسەربەکۆمپانیای پەترۆڵی بەریتانیا ـ فارس وخاوەن پشکەکانی بوون

بیرۆی قاهیرە: لۆرانس لەهەرە ئەفسەرە بەناوبانگەکانیان بوو، هەروەها ماکماهۆن، ستورز، سایکس، کلایتون، هۆگارت، کورنوالیس سەر بەو بیرۆیە بوون و باوەڕیان وابوو پێویستە هانە هانەی بیری نەتەوایەتی لەنێو عارەبدا بدەین دژی بیروباوەڕی ئاینی و شەڕی کافران و پشتگیری عارەب بکەین بە سەرۆکایەتی کوڕانی شەریف حوسەین، خواروی عێراق بەسەرۆکایەتی میر عەبدوڵلا، ژوروی عێراق بە سەرۆکایەتی میر زەید،سوریاش بەسەرۆکایەتی فەیسەڵ و باوکیشیان پلەوپایەی رۆحی هەبێت.شۆڕشی حیجاز بەسەرۆکایەتی شەریف و هەڵگەڕانەوە لە تورك دەستنێژی ئەو ئەفسەرانەو بەتایبەت "لۆرانس"ە.

میر عەبدوڵلا دەستی لەمافی خۆی هەڵنەدەگرت بۆ فەیصەڵی برای، کە فەرەنسا لە سووریا دەریکردبوو، دەیویست ببێتە شای عێراق، بۆ ئەو مەبەستە دەچێتە دیدەنی چەرچل، بەڵام کابرا دەڕوخێت بەسەریداو بەزمانێکی زبرو دەنگی بەرز بەسەریدا دەنەڕێنێت: یا هاوکاری هەموو هاشمییەکان دەکەین، یا هاوکاری هیچ کەسێکیان ناکەین، فەیسەڵیش دەبێتە شای عێراق هەرچەند دەزانم تووشی (ئاژاوەگێڕانیش) دەبێت، بەڵام بەرەنگاریان دەکەم.. ئەو ووشانە میری شڵەژاند، باسەکە دەگۆڕێت و دەڵێت (وەزیری بەڕێز لای عارەب، فەلەستین لەپێش هەموو شتێکەوەیە، وەك زانیومە وەك جوولەکە چاویان لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی یەهودییە لەو ناوچە ئازیزەی خاکی عارەبداو دەرکردنی عارەبەکان، خۆ ئێمە هاوکارو هاوپەیمانی بەریتانیاین، ئایا عارەبی فەلەستین وەك کۆمەڵە درەختێك تەماشا دەکەن کە دەشێت ببڕدرێتەوە). صەموئیل وەڵامی دەداتەوە: (میری بەڕێز، لەبەرنامەی ئینگلیزدا نییە، درەختەکانی فەلەستین ببڕێتەوە، بەڵکو سوورە لەسەر ئەوەی جۆری دیکەشی تێدا بنێژێت و بەنرختری بکات). هەرتزل رابەری رامیاری وکاروباری دەرەوەی زایۆنیزم، مانگی تەمووزی ١٩٠٢ داوەتنامەیەکی بەدەست گەیشت سەردانی لەندەن بکات ... لەگەڵ رۆتشیلد کۆبووەوە، رۆتشیلد پێشنیاریکرد لەجیاتی فەلەستین، جوولەکەکان بنێرن بۆ وڵاتی ئۆغەندا. لۆرد کیرزونیش دەیوت عەرەب ١٥٠٠ هەزارو پینج صەد ساڵە لە فەلەستین ژیاون و فەلەستین تووانای بەخێوکردنی ئەو ژمارە زۆرەی جوولەکەی نییە، سەرەڕای ئەمەش دامەزراندنی دەوڵەتی زایۆنیزم خەونێکە نایەتەدی . (بڕوانە: بونداریفسکی،سیاستان أزا ألعالم ألعربی، ترجمە خیری الصامن، دار ألتقدم ١٩٧٥، ألاتحاد ألسوفیتی،ص١٠٣ .بەڵام سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لوید جۆرج دەڵێت: (بەیاننامەکەی بلفۆر، خاکی فەلەستینی بەپێی تەورات دیاریکردووە لە بانیاسەوە ـ بئر ألسبع). هەمان سەرچاوە ل.١٠٤ . رۆژی ١٩٢١/٨/٢٣ فەیسەڵ کوڕی شەریف حوسەین دەکرێت بە شای ئەو وڵاتەی هەتا ئەو رۆژەش هەر بە میسۆپۆتامیا "نێوان دوو رووبارەکە" ناودەبراو بەناوچەکانی دیالەو باقوبەش دەوترا خۆراسان .

ڕاپرسییەکی رووکەشیش کرا، گوایە فەیسەڵ بەڕاپرسی بووە بە شا، هەرچەند سلێمانی دەنگی نەدا. کەرکووك چاوەڕوانی دەکرد، هەولێرو موسڵیش هاوبەشییەکی بەرچاویان نەکرد. سەرەتا لە موصڵەوە (٦٨) فۆرم پڕ کرابوونەوە، شەش فۆرم جەخت لەسەر مافی کورد دەکات، حەوت فۆرم داوای مافی کەمایەتییەکان دەکات لەژێر چاودێری بەریتانیادا، دە فۆرمیش داوای بەکارهێنانی زمانی کوردی دەکەن لەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتووانی کوردن و چەن مەرجێکیشیان دیاریکردووە. بەرپرسانی بەریتانیا بەهەموو شێوەیەك هەوڵیاندەدا گەلانی عێراق خۆشی بێت یان ترشی دەنگ بۆ فەیسەڵ بدەن، ئەو ئامانجەشیان بەهەڵبژاردنێکی پاك و ئازاد دەست نەدەکەوت، بۆیە سڵیان لەهیچ جۆرە ساختەکارییەك نەدەکردەوەو سێر برسی کۆکس ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی بڵاوکردەوە گوایە ٩٠٪ی دەنگدەران فەیسەڵیان هەڵبژاردووە بە شای عێراق! ئەویش بۆ تاج خستنە سەر و چوونە سەر تەخت ـ عەرش، بەدەستی ئەنقەست و بۆ مەرامی رامیاری رۆژی ١٩٢١/٨/٢٣ بەرامبەر ١٨/زیلحیجە دیاری دەکات کەڕۆژی جەژنی "غەدیر"ی شیعەیە گوایە پەیامبەر لەو رۆژەدا بوو ئیمام عەلی کردووە بەجێگری خۆی. دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و سەپاندنی کەسێکی نامۆی ناعێراقی بەسەریدا بەرهەمێکی پەیوەندییە نهێنییەکانی شەریف حوسەینی باوکی فەیسەڵ بوو لەگەڵ بەریتانیاو بەرپاکردنی شۆڕش دژی شۆڕش بەپێی بەرنامەی ئەفسەرە بەرپرسەکانی بەریتانیا لەقاهیرە ((قوتابخانەی قاهیرە)) ماکماهۆن، ستۆرز، سایکس، کلایتۆن، هۆگارت، لۆرانس و کۆرنوالیس کە بەرنامەکەیان بریتی بوو لە هاندانی عارەب داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە تورك بکات و دەست بداتە چەکی شۆڕش دژی بانگەوازو بەرنامەی ئایینی تورك. ئەفسەری بەنێوبانگی دەزگای سیخوڕی بەریتانیا، لۆرانس داوایدەکرد عێراق بکرێت بەدوو شانشین ((مەملەکەت)) عەرەب نشینەکەی میر عەبدوڵڵای لەسەر دابنرێت و کوردنشینەکەش میر زەید، سوریاش بۆ فەیسەڵ و شەریف حسێنی باوکیشیان دەسەڵاتێکی رۆحی و داناییان هەبێت. مافەکانی گەلی کوردیش لەنێو بازاڕی بەرژەوەندی و سات و سەودای بەریتانیا، فەرەنسا، تورك و عارەبدا مافەکانی پێشێلکران و هەموویان لەسەر حسابی کورد بەئامانجی خۆیان گەیشتن و بەریتانیاش بەشی شێری بەرکەوت و وەك خۆیان دەیانوت گرنگترین فاکتەرەکانی سەرکەوتنی وڵاتێك لەجەنگدا ئازایەتی و خۆڕاگرتن وەك تورك، ئامادەکاریی سەربازیی و چەکی ئەڵەمان، دادوەری و سەرڕاستی ئینگلیز. سەرکەوتنی هەر فاکتەرێکیش نیشانەی ئەوەیە تایبەتمەندی ئەو گەلە وەك چەکێکی ستراتیژی لەچەکی دوژمنەکانی کاریگەرترو بڕیاردەری سەرکەوتنی کۆتاییە وەك ئێمەی ئینگلیز ئەنجامان دا.

کورد دەڵێت کەس بەماستی خۆی نالێت ترشە. ئینگلیز یان سەرکردەکانی ئینگلیز بەو جۆرە خۆهەڵدەکێشن پیرۆزیان بێت، ئەی بۆچی لایەك لە بێ رەوشتییە رامیارییەکانیشیان ناکەنەوە کە سەرتاپای مێژوویانی لای گەلانی خۆرهەڵات و بەتایبەتیش هەردوو گەلی کوردو ئەرمەن کە هەردووکیان مارەنگازو قوربانی پلانە گڵاوەکانی ئەوان بوون، وڵاتە زلهێزەکانیش ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەشێکی مێژوویان داگیرکاری و ژێر چەپۆك کردنی گەلان و پەڵەی پۆخڵ و شەرمەزارییە، هەر بۆ نموونە سیڤەر بڕیاری

دامەزراندنی دوو دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ کوردو ئەرمەن دابوو، بەڵام بەرژەوەندییەکانی فەرەنساو بەریتانیا لەناوچەکەدا ناوەرۆکی ئەو پەیمانە پوچەڵدەکەنەوە و پەیمانی لۆزان لەجێگەیدا قوتدەکەنەوە کە هەموو مافەکانی کورد و ئەرمەن دەخاتە ژێر پێی تورکە کەمالییەکانەوە. بۆ پینەکردنی ئەو هەڵە مێژووییە کە ئێستاش بەریتانیا و ئەمەریکا گیرۆدەی بوون بەپێی پلانێکی نەگریس و نامرۆڤانە بەوە دڵنەوایی ئەرمەن دەکەن کە دەوڵەتەکەیان لەسەر خاکی کورد دابمەزرێنن و چش لە کورد بکەن و بە بریندار سەری ببڕن!

ناوەڕۆکی پلانەکە ئەوە بوو ئەوروپا جێگە پێیەکی ئایینی ـ عیسایی لەنێوچەکەدا هەبێت بەهۆی ئەرمەنەکانەوە و کە دەبێتە پاساوی تاوان و ناپاکییەکان بەرامبەر ئەرمەن و راستکردنەوەی هەڵەکەو دڵدانەوەیەکیشەو لەهەمان کاتدا کارتێکی گوشاریشە بۆ سەر مستەفا کەمال. بۆ ئەو مەبەستە ئەرمەنییەکان هاندەدا پێچەوانەی راستییە مێژووییەکان بانگەشەی ئەوە بکەن ئەو هەرێمانەی کوردی تێدا دەژین خاکی ئەرمەنن و ناوچەکانی وان و بتلیس لە خاکی ئەرمەن ئەرمەنیترن و باوباپیرانیان ئاوەدانیان کردووەتەوە، بەڵام فەرمانڕەواکانی موسوڵمانان بۆ دژایەتیکردنی ئایینی عیسایی، کوردیان لە خاکی ئێمەدا دامەزراندووەو بەزۆری شمشێریش دەیانکردینە موسوڵمان، بەڵام ئەمڕۆ جیاوازەو کورد وەك رەگەز و رەگوڕیشەی زمانەکەشی کە هەردوولامان ئاری و زمانمان هندو ئەوروپاییە لە ئێمەوە نزیکترن وەك لە تورك. بەداخەوە دەبێت بڵێین دەستخۆش مستەفا کەمال ئەو پلانەت پووچەڵکردەوە. هەڵەی دەوڵەتەکان وەك هەڵەی تاکەکانی مرۆڤ هەتا ماون لەکۆڵیان نابنەوە، ئەوەتا هەڵەی لۆزان، دووەم دابەشکردنی کوردستان دووای یەکەمین دابەشکردن لە ١٦٣٩ زاینیدا، جەنگەکانی ڤێتنام، ئەفغانستان، عێراق چەندین کارەسات و مەرگەساتیان بەدووی خۆیاندا هێنا، گەلانی ئەفغانستان و عێراق رۆژانە خوێنیان لێ دەچۆڕێت و کەس نازانێت ئەنجامەکانی ئەو ((هەڵەو)) خۆ تێهەڵقورتاندنانە چیدەبێت کە وەك یاری لگاو وەهایە پێنج رووی لەبەرژەوەندی خاوەنەکەی و تەنها روویەکی لەبەرژەندی ئەو نییە.

شا فەیسەڵ رۆژی ٨/٢٣ دیاریدەکات بۆ تاجگوزاری. مەبەستیشی لەهەڵبژاردنی ئەو رۆژە ئەوە بوو شیعەکان دڵنیا بکات و بیسەلمێنێت نەوەی ئیمام عەلییە.[٤٦٥]

یەکەمین کابینەی وەزارەتیش لە ١٩٢٠/٦/٢٥ بەسەرۆکایەتی (عبدالرحمن النقیب) لە ٩ وەزیری کارگێڕو ((وەزیری بێ جانتا پێکهات، یەکێکیان حەمدی بابان بوو، بەڵام پۆستەکەی وەرنەگرت. مانگانەی سەرۆك وەزیران ٧ هەزار رووپێ (روپیە)و وەزیران و راوێژکارەکانیشیان هەریەکەی ٣ هەزار روپێیان بۆ بڕینەوە. بارەگای وەزارەتیش قشڵەکەی گەڕەکی (جدید حسن پاشا) بوو.[٤٦٦]

سوپای عێراقیش کە ٩٢١/١/٦ دامەزرا دەستی خۆی بەکوردی باشوور تاقیدەکردەوەو بەکوشتن و وێرانکردنی گوندەکان خۆی فێری شەڕ دەکرد هەتا فەرماندەی تیپی دووەمی سوپای عێراق کە ئەفسەرێکی کورد، بەکر صدیق یەکەمین کودەتای سەربازی لەناوچەکەدا ئەنجامداو جێگەی وەزیری بەرگری گرتەوە بەڵام زۆری نەخایاند لە فڕۆکەخانەی موسڵەوە بەنیازبوو بفڕێت بۆ ئەستەموڵ یەکێك لە پاسەوانەکانی کە عارەبێکی شۆڤێنی بوو تیرۆری کرد. (بەریتانیاش رۆژی ١٩٢٥/٣/١٤ بەدووەم ئامانجی خۆی گەیشت

لەعێراقداو دەستی لە نەوتەکە گیرکرد)[٤٦٧]. بەڵام کورد هێشتا گیانی بەرگری تێدا مابوو، چۆکی دانەدا...بەریتانیاش کەوتە ژێر گوشاری جەماوەرەوە بۆ ئازادکردنی شێخ مەحموود و هێنانەوەی لەهیندستانەوە، زۆرتریش بەو هیوایە بوو بەو هەنگاوە پشتیوانی کورد زامن بکات بۆ بەلاداخستنی کێشەی مووصڵ لەبەرژەوەندی خۆی و لکاندنی بەعێراقی فەیسەڵەوە. عارەبیشیان بەجۆرێك سەرکز کرد بووبوون بەماستی مەییو، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکیش بێت.

دەوڵەتی عێراق لەڕۆژی دامەزراندنیەوە هەتا ئەمڕۆ لەماوەی ٨٧ ساڵدا لەهەردوو سەردەمی شانشینی عێراق (مەملەکەتی عێراق)و رژێمی کۆماریدا، پۆستی شای عێراق و سەرکۆماری عێراق بەمجۆرە دەستاودەستی کردووە:

شا فەیصەڵی یەکەم ١٩٢١/٨/٢٣ ـ ١٩٣٣/٩/٨ دەرمانخوارد کرا

شا غازی کوڕی فەیصەڵ ١٩٣٣/٩/٩ ـ ١٩٣٣/٤/٤ بەپلانی ئینگلیز لەڕووداوێکدا مرد

شازادە عەبدلئیلا ١٩٣٣/٤/٥ ـ ١٩٣٩/٤/٤ جێنشینی عەرش ١٩٥٨/٧/١٤ کوژرا

شا فەیصەڵی دووەم ١٩٣٩/٤/٤ ـ ١٩٥٨/٧/١٤ بێتاوان شەهیدکرا

سەرکۆمار عەبدلکەریم قاسم ١٩٥٨/٧/١٤ ـ ١٩٦٣/٢/٨ شەهیدکرا.

عەبدلسەلام عارف ١٩٦٣/٢/٩ ـ ١٩٦٦/٤/١٣ لەڕووداوی گڕگرتنی فڕۆکەکەیدا سوتاو مرد

عەبدلڕەحمان عارف ١٩٦٦/٤/١٦ ـ ١٩٦٨/٧/١٧

ئەحمەد حەسەن بەکر ١٩٦٨/٧/١٧ ـ ١٩٧٩/٧/١٥

صەددام حسێن ١٩٧٩/٧/١٦ ـ ٢٠٠٣/٤/٩ لەسێدارە درا

غازی عجە ییل ئەلیاوەر ٢٠٠٤/٦/٢٨ ـ ٢٠٠٥/٤/٥

جەلال تاڵەبانی ٢٠٠٥/٤/٦ ـ هێشتا لەپۆستەکەیدایە.

## پەراوێزەکان بەشی حەوتەم

١ـ ڕێبازی صۆفیگەری قادری بەنێوی دامەزرێنەرەکەیەوە شێخ عەبدلقادری گەیلانی ناسراوە، گەیلان ـ گیلان شارێکی بەنێوبانگی خۆرهەڵاتی کوردستانە. ڕێبازی نەقشیش دەگەڕێتەوە سەر شاهی نەقشبەند لە هندستان و مەولانا خالید لەکوردستان نوێیکردەوە.

٢ ـ عەبدالکریم المدرس، علماؤنا في خدمة العلم ط بغداد، ١٩٨٣ ص ٥٧٢.

١. شێخ مارفی نۆدێ لەگردی سەیوان و لەپەنا ئیبراهیم پاشادا نێژراوەو لەوکاتەوە ئەو بەشەی سەیوان بووە بەگردی شێخ مارف.

٢. عبدالکریم المدرس، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٥٧٤، ٥٨٠.

٣. جمال نبز، المستضعفون الکرد واخوانهم المسلمون. لندن ١٩٧٧ ص ٣٨.

٤. مەبەست حوسەینی کوڕی ئیمام عەلییە.

٥. عبدالکریم المدرس، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٥٧٣.

٦. شێخی بەرماڵ بەوانە دەوترێت سەیید نین، بەڵکو لەڕێگەی خواپەرستییەوە پێدەگەن و دەناسرێن بەشێخ.

٧. بڕوانە دیوانی مەولەوی تاوگۆزی، گۆڕینی لەگۆرانییەوە سەید تەهای هاشمی.

٨. عبدالکریم المدرس، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧٧.

٩. کەمال مەزهەر، دکتۆر. تێگەیشتنی راستی بەغدا ١٩٧٨، ل٥٨.

١٠. کۆمەڵەی تورکیای لاو (ترکیا الفتی) دروستە.

١١. کەمال مەزهەر، دکتۆر. هەمان سەرچاوە، ل٥٦.

١٢. مەشروتە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بوو لەتورکیاو دواتر لەئێران و لەپێناو چاکسازی لەسیستەمی بەڕێوەبردنی وڵاتدا.

١٣. مەهدی خالیصی رابەری عارەبەکانی عێراق بوو.

١٤. لەسەرچاوە عارەبییەکاندا نووسراوە (الطنین) واتا دەنگ بەڵام (تنین) واتا ئەژدیها.

١٥. علی الوردی، الدکتور لمحات من تأریخ العراق م٢ ج٣ ٢٠٠٥.

١٦. هەمان سەرچاوە ل/ ١٦١ ـ ١٦٢.

١٧. سەرەتای مانگی سێپتەمبەری ٢٠٠٨ سەرۆکی وەزیرانی ئیتاڵیا ئامادەیی پیشاندا داوای لێبووردن لە لیبیا بکات کە چەندین ساڵ داگیرو ژێر چەپۆکی کردبوو، هەروەها قەرەبووی زیانەکانیش بکاتەوە.

١٨. یوسف البستانی، تأریخ حرب البلقان، القاهرە، م٢، ج٣، ص ٩١، ١٧٠.

١٩. بۆ کورتکردنەوە لەبری ئەو کۆمەڵەیە بۆ یەکێتی و پێشکەوتن (یەکێتی)و بۆ ئازادی و پێکهاتن (ئازادی) بەکاردەهێنم. پێکهاتن گونجاوترە بۆ ووشەی ائتلاف کە واتا فەرهەنگییەکەی لە ألیف، ألفە، تولیف هاتووە بەواتای هۆگری، گونجاندن، گونجاندنی چەند بیرێکی جیاواز لە ڕێکخراویدا.

٢٠. ووشەی یاساغ هەتا سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولیش بەکاردەهات، بەڵام لەبری قەدەغە، ووشەی مەمنوع جێگەی گرتەوە.

٢١. ووشەی (أمتیاز) هێشتا لەزمانی کوردیدا بەرامبەرێکی پڕ بەپێستی خۆی نییە.

٢٢. مذکرات جمال پاشا، ترجمة علی أحمد شاکر. بغداد ١٩٦٣ ص ١٣٥.

٢٣. تەڕڕاد جۆرە پاپۆڕێکی جەنگییە.

٢٤. لەکوردەواریدا بە عیسایی ـ کریست دەوترا گاور ـ دیان، مەسیحی وەك شاری دیان ـ دیانە بەنێوی دانیشتووانەکانییەوە ناونراوە، گەڕەکی گاوران لەسلێمانی، گاورباغی لە کەرکووك.

٢٥. مجلة الأسرار، عدد یوم ١٩٣٨/٥/٣.

٢٦. ڕەفیق حیلمی یادداشت ب١ بەغداد ١٩٥٦ بڕوانە ل ٣٩ ـ ٤٨.

٢٧. یادداشتەکانی شێخ لەتیف ل/ ١٩ بەڵام ئەو کاتە نوری سەعید ئەفسەرێکی هەڵاتووی عوسمانی بوو،

یاوەری تایبەتی میر فەیصەڵ بوو لە حیجاز.
٢٨. باڵوێز ووشەیەکی ئیتاڵییە، ئاڵەمان و ئینگلز کونسوڵ بەکاردەهێنن.
٢٩. شێخ لەتیف، یادداشتەکانی شێخ لەتیف حەفید چ١، ١٩٩٥ ل/ ٦٧، ٦٨.
٣٠. هەر ئەو سەرچاوەیە ل/ ٢٨.
٣١. هەر ئەو سەرچاوەیە ل/ ٣٠.
٣٢. عبدالعزیز القصاب، من ذکریاتي، بیروت ١٩٦٢ ص/ ١٠٨ ـ ١٢٠.
٣٣. ڕەفیق حیلمی، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٤٩ ـ ٥٠.
٣٤. نانی نۆردوو یان ئۆردوو جۆرێك نانی کوردە هەر بەگەرمی چوار قەد دەکرێت، دوو سێ هەفتە دەمێنێتەوە کەڕوو ناکات و بە نمێك ئاو تەڕ دەکرێت، بۆ بارسووکی لەکاتی جەنگ و لێقەوماواندا ئامادە دەکرێت.
٣٥. محمود شکری ندیم، حرب العراق ١٩١٤ـ١٩١٩، بغداد، ١٩٧٤ ط٨، ص/٢٩ـ٣٠.
٣٦. کەمال مەزهەر. چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد. ئامادەکردنی عەبدوڵلا زەنگەنە ب٢، هەولێر ٢٠٠١ ل/ ١١٨.
٣٧. نۆئێل، مێژەر. یادداشتەکانی مێژەر نۆئێل لە کوردستان. وەرگێڕانی حسین احمد جاف/ حسین عثمان نیرگزەجاڕی، بەغداد ١٩٨٤ ل/ ٢١٤ پەراوێزی ١٠١.
٣٨. جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ١٨٨٠ وەرگێر لە رووسییەوە دکتۆر کاوس قەفتان، بەغداد ١٩٨٧ ل/ ١٤٧.
٣٩. کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو ل/ ١٩.
٤٠. ڕەفیق حیلمی، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٥٠.
٤١. محمد طاهر العمري، مقدرات العراق السیاسیة. بغداد ١٩٢٥ ص/ ١٠٢.
٤٢. محمود شکری ندیم، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٢٩ ـ ٣٠.
٤٣. کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو لەلاپەڕە (١٩)وە وەرگیراوە.
٤٤. سەرچاوەی پێشوو ل/ ٢٢.
٤٥. سەرچاوەی پێشوو ل/ ٢٢.
٤٦. مزهر آل فرعون (فریق) الحقائق الناصعة ج١ بغداد ١٩٥٢ ص/ ٣٩ ـ ٤٠.
٤٧. سوڵتان عەبدلحمید ١٨٤٢ـ ١٩١٨ ژیاوەو ١٨٧٦ ـ ١٩٠٩ سوڵتان بوو.
٤٨. ئەو هۆنراوانەی بەدوو زمان یان پتر هۆنراونەتەوە لەوێژەی عارەبدا بەهۆنراوەی بریقەدار (مولەمەع) ناودەبرێن.
٤٩. بیل، مسز. فصول من تأریخ العراق الحدیث، ترجمة جعفر الخیاط، بیروت، ١٩٧١، ص/ ٧.
٥٠. کمال مظهر، الدکتور. کردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولی. ترجمة محمد الملا عبدالکریم ط٢ بغداد ١٩٨٤ ص/ ١٨٠ ـ ١٨٢. هەروەها تێگەیشتنی راستی ل/ ١١٦.
٥١. کلیمەنصۆ سەرۆکی وەزیرانی فەرەنسای سەردەمی جەنگ.
٥٢. کەمال مەزهەر، دکتۆر. تێگەیشتنی راستی ل/ ١٩٥.
٥٣. کمال مظهر، الدکتور. کردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولی ط٢ بغداد ١٩٨٤ ص/ ١٨٥.
٥٤. کەمال مەزهەر، دکتۆر. تێگەیشتنی راستی، ل٧٣.
٥٥. ئەو رۆڵە دڵسۆزو بەئەمەکەی کورد وەك دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێت لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا لەشاری ناپۆلی ـ ئیتاڵیا گیانی سپاردو تەرمی پیرۆزی ١٩٥١ گوێزرایەوە بۆ میسر.
٥٦. شۆڕشەکە بەو هۆیەوە بەشۆڕشی ئۆکتۆبەر ناسراوە چونکە روسیا پەیڕەویی ساڵنامەی خۆرهەڵات دەکەن و ١٣ رۆژ لە ساڵنامەی خۆرئاوایی دوا دەکەوێت.
٥٧. ئەوانە لەنێو کوردپەروەراندا بە (جلخوارەکان) ناو دەبران.
٥٨. ڕەفیق حیلمی، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٥٧.
٥٩. یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، ل٣٣.

٦٠. هەر ئەو سەرچاوەیە ل٢١.
٦١. هەر ئەو سەرچاوەیە ل٢٣.
٦٢. هەر ئەو سەرچاوەیە ل/ ٢٤.
٦٣. شێخ مارفی نەقیب مامی شێخ مەحموودە.
٦٤. مەبەستی پرسەی شێخ سەعید و شێخ ئەحمەدی کوڕی و خزمەکانیانە کە لە هەراکەی موصڵدا بەناڕەوا شەهید کران.
٦٥. لەدۆستە دڵسۆزەکانی شێخ مەحموود بوو.
٦٦. یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید ل/ ٢١ ـ ٢٤.
٦٧. ڕەفیق حیلمی سەرچاوەی پێشوو ل/ ٥٣ ـ ٥٤.
٦٨. یادداشتەکانی شێخ لەتیفی جەفید ل/ ٣٦ ـ ٣٧.
٦٩. هەمان سەرچاوە ل / ٣٧.
٧٠. أبو شوقي، لمحات من تأريخ الانتفاضات والثورات الكردية، بيروت ١٩٧٨ ص/ ١٣٢.
٧١. حیلمی سەرچاوەی پێشوو ل/ ٥٩.
٧٢. ئەو نامەیە بەدوو شێوەی جیاواز بەڵام هەمان ناوەڕۆك لە یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید ل.١١٢ـ١١٣ڕۆژی٣٠ك٢ی١٩٢٣ولای دکتۆرشەمزینی١٩٢٨/٣/٣٠نووسراوە، ئەوەی شەمزینی جێگەی باوەڕە.
٧٣. جەلیلی جەلیل. سەرچاوەی پێشوو. بڕوانە ل/ ١٣ ـ ١٤.
٧٤. شێخ لەتیفی حەفید، سەرچاوەی پێشوو ل/ ١٨٦ ـ ١٨٧.
٧٥. لەشکری رووسیا لە کوردستان دەستدرێژیان دەکردە سەر ئافرەتیش.
٧٦. شێخ لەتیفی حەفید، سەرچاوەی پێشوو ل/ ١٨٧.
٧٧. هەر ئەو سەرچاوەیە ل/ ٣٨.
٧٨. لە یادداشتەکانی رەفیق حیلمیدا، مێژەر نۆئێل و شێخ سلێمان بەیەکتر دەگەن دووای گەڕانەوەی شێخ لە هندستانەوە.
٧٩. خۆزگە ئەو بڕیارە مێژوویە ئینگلیزێکی کوردیزانی وەك مێژەر نۆئێل بەزمانی کوردی بیخوێندایەتەوە.
٨٠. شوکری فەزلی، ناوی شوکری و دانیشتووی گەڕەکی فەزڵ ـ فضل بووە لە بەغدا و ناوی گەڕەکەکەی وەك نازناو بەسەردا دابڕاوە، ساغ نەبۆتەوە کوردە یان عارەبە، بەڵام کوردیزانێکی چاك و هۆنەرێکی بەرزو دڵسۆزێکی کوردە.
٨١. مارف خەزنەدار. دکتۆر. لەبارەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە بەغداد ١٩٨٤ ل/ ٥١ پەراوێزی ١.
٨٢. ئاخۆ هۆی چی بوو لێپرسراوانی بەریتانیا زمانی کوردی یا تورکی لەنامەکانیاندا بەکارناهێنن.
٨٣. ڕەفیق حیلمی، سەرچاەی پێشوو ل/ ٦٢.
٨٤. هەر ئەو سەرچاوەیە ل/ ٦٧.
٨٥. علی الوردی، لمحات م٢ ج٣،٤ ص ٣١٤ ـ ٣١٦.
٨٦. بەرخێو بەگونجاو دەزانم لەجێگەی رەعیەت.
٨٧. علی الوردی، سەرچاوەی پێشوو م٢ ج٦ ف٢ ص/ ١٠٠.
٨٨. هەر ئەو سەرچاوەیەو هەمان لاپەڕە.
٨٩. سليمان الموسى، الحكومة العربية. بيروت ١٩٧٠ ص/ ٤١٧.
٩٠. ڕەفیق حیلمی سەرچاوەی پێشوو لە ل / ٦٢ وەرم گرتووە بەدەستکارییەوە.
٩١. هەر ئەو سەرچاوەیە، بڕوانە ل/ ٦٥ ـ ٦٩.
٩٢. مێژەر نۆئێل، هەمان سەرچاوە ل/ ١٢.
٩٣. علی الوردی، هەمان سەرچاوە ل/ ١٣٤ ــ ١٣٧. هەروەها دکتۆرا نامەکەی عەزیز شەمزینی، یادداشتنامەکانی شێخ لەتیف ئەو دوو نامەیە بە ناوەڕۆکێك و دوو شێوەی داڕشتن دەخەنە بەرچاو، بەڵام شەمزینی لە فایلەکانی نوێنەری کۆمارەکانی سۆڤێت لە تەوریز وەریگرتووەو جێگەی باوەڕن.

٩٤. شێخ مەحموود ١٩٢٣/٣/٢ شاری سلێمانی جێدەهێڵێت بەرەو جاسەنە.
٩٥. كمال مظهر، الدكتور. كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى ط٢ بغداد ١٩٨٤ ص/ ١٠٧.
٩٦. هەر ئەو سەرچاەیەو هەمان لاپەڕە.
٩٧. عەبدلرەقیب یوسف، بانگەوازێك بۆ رووناكبیرانی كورد سلێمانی ١٩٨٥ ل/ ١٠.
٩٨. هەر ئەو سەرچاوەیە ل/ ١١ .
٩٩. هەر ئەو سەرچاوەیە ل/ ١٤.
١٠٠. شكری محمود نەدیم، هەمان سەرچاوە ل/ ٧٨.
١٠١. چارلس تونترند، محاربتي فى العراق. ترجمە جرجيس عبدالمسيح وزير، بغداد ١٩٢٣ ص/ ٤٨٨ ـ ٤٩٢.
١٠٢. ڕاپەڕینەكەی برایم خانی دلۆ بۆ ئازادكردنی شێخ مەحموود بوو لە زیندان.
١٠٣. ئەحمەد بەگی ساحێبقران ١٨٧٦ ـ ١٩٣٩ دۆست و دڵسۆزو باوەڕپێكراوی شێخ بوو، باجی رەحمە ئافرەتێكی چالاك و لێهاتوو بوو، ناسرابوو بە رەحمە كانیسكانی و لەدیوانی مەلیكی كوردستاندا پۆستێكی تایبەتیی هەبوو!
١٠٤. مێژەر نۆئێل، سەرچاوەی پێشوو ل/ ١٣ ـ ١٤، وەرگێرانی ئەم كتێبە یەكێكە لە وەرگێردراوە چاك و سەركەوتووەكان بۆ زمانی كوردی.
١٠٥. هەمان سەرچاوە ل/ ١٤.
١٠٦. ڕەفیق حیلمی، یادداشتەكانی ب٢ بەغدا ١٩٥٧ ل ٥٣٤.
١٠٧. شێخانی شەمدین ـ شەمزین، بنەماڵەی شێخانی نەهرین.
١٠٨. أمين زكى، خلاصة تأريخ الكرد والكردستان، ترجمة محمد على عونى، القاهرة ١٩٣٦ ص/ ٣٢٥.
١٠٩. بریا مێژەر نۆئێل لەجێی ئەو كارە كۆمەڵایەتییانە لەڕووی رامیارییەوە دەستی كوردی بگرتایە وەك لۆرانس بۆ عارەبی كرد.
١١٠. شێخ لەتیفی حەفید، یادداشت ل/ ٦٠ ـ ٦١.
١١١. هەر ئەو سەرچاوەیە ل/ ٥١.
١١٢. رەفیق حیلمی، هەمان سەرچاوە ب١ ل/ ٩٨ ـ ٩٩.
١١٣. رەفیق حیلمی، هەمان سەرچاوە ب١ ل/ ٨٣ ـ ٨٦.
١١٤. مێژەر نۆئێل، هەمان سەرچاوە ل/ ٨٠.
١١٥. ڕەفیق حیلمی، هەمان سەرچاوە، ل / ١٧.
١١٦. مستەفا پاشا یامولكی خەڵكی سلێمانییە.
١١٧. شێخ لەتیف هەمان سەرچاوە، ل/ ٥١.
١١٨. ڕەفیق حیلمی، هەمان سەرچاوە ب١ ل/ ١١٤ ـ ١١٥.
١١٩. ڕەفیق حیلمی هەمان سەرچاوە ل/ ٣٦، ١١٦.
١٢٠. هەمان سەرچاوە ب٢ ل/ ٤ ـ ٥.
١٢١. شێخ لەتیف، یادداشت ل/ ٥٣.
١٢٢. همان سەرچاوە ل/ ٥٤.
١٢٣. هەمان سەرچاوە ل/ ٥٦.
١٢٤. ڕەفیق حیلمی هەمان سەرچاوە ب١ ل/ ١٣٢ ـ ١٣٣.
١٢٥. هەمان سەرچاوە ل/ ١٢٨.
١٢٦. هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.
١٢٧. بڕوانە هەژاری موكری، پێشەكی شەرەفنامە.
١٢٨. ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ژیان و بەرهەمەكانی، ئامادەكردنی ئومێد ئاشنا، هەولێر ٢٠٠٣، ل/ ٢٢ ـ ٢٤.

١٢٩. ڕەفیق حیلمی هەمان سەرچاوە، ل / ٣٦.
١٣٠. (دەبۆ)کەی سلێمانی ئێستا بازاڕێکی گەورەیە لەسەر شەقامی مەولەوی بەنێوی بازاڕی دەبۆکە.
١٣١. کەمال مەزهەر. دکتۆر. تێگەیشتنی راستی لەڕۆژنامەی تێگەیشتنی راستی ژ/ ٥٨ رۆژی ٩/ک١٩١٨/٢ وەرگیراوە.
١٣٢. هەمان سەرچاوە، لەژمارە / ٥٣ رۆژی ٤ ت٢ ١٩١٨ وەرگیراوە.
١٣٣. بەهاری ١٩٩١ دوای رزگارکردنی کەرکوك، هێزەکانی رژێمی بەغداد گەڕانەوە و هێزەکانی بەرەی کوردستانی پاشەکشەیان کرد، سەرکردەکانی هێزی پێشمەرگە بایەخێکی زۆریان بەتۆکمەکردنی هێڵی بەرگری دەربەندی بازیان دەدا (بۆ ئەوەی سلێمانی نەکەوێت)، وەك لەنامەیەکی مولازم عومەری حاجی عەبدوڵلادا کە بۆ عومەر فەتاحی ناردووە کە ئەو کاتە نوێنەری (ینك) بوو لەسەرکردایەتی بەرەی کوردستانی وبەندەش نوینەری پاسۆك بووم و نێچیرڤان بارزانیش ئەو رۆژە لەویبوو، ئەویش نامەکەی خوێندەوە، هەر ئەو کاتەش کوڕوکاڵ بەهاوار هاوار بەبەردەمی بارەگای سەرکردایەتیدا تێپەڕین لە تەلاری رۆشنبیری جەماوەر ـ سلیمانی، وەك بێتەوە یادم دەیانوت: بەعس هێزی نەماوە عیزەت دووری گیراوە
نێچیرڤان و عومەر فتاح نانیان دەخوارد، من بەڕۆژو بوم، روویکردە من و وتی ئەوە چ دبێژن؟ وتم پێدەچێت کەرکوك کەوتۆتەوە دەست دوژمن، ئەمانەش ورەی جەماوەر بەرز دەکەنەوە! ئەو نامەیەو چەندین بەڵگەنامەو وێنەی دەگمەنی ئەو رۆژانە، کوردێك لە مۆسکۆ زۆر نامەردانە لێی دزیم.
١٣٤. ڕفیق حیلمی، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل/ ١٣٦
١٣٥. سەرچاوەی پێشوو ب١، ل/ ١٣٧.
١٣٦. گۆڤاری رەنگین، ژمارە /١٠٩ مانگی ١٩٩٨/٢.
١٣٧. هەمان سەرچاوە.
١٣٨. هەمان سەرچاوە.
١٣٩. ئازاد هەمەوەندی، هەمان سەرچاوە.
١٤٠. هەمان سەرچاوە.
١٤١. هەمان سەرچاوە.
١٤٢. گۆڤاری رەنگین، ژمارە/ ١٣٠ مانگی ١٩٩٩/١١.
١٤٣. شێخ لەتیفی حەفید، یادداشتەکان ل/ ٥٧ ـ ٥٩.
١٤٤. ڕەفیق حیلمی، هەمان سەرچاوە ب١ ل/ ١٧٨.
١٤٥. هەمان سەرچاوە ل/ ١٧٦ ـ ١٧٧.
١٤٦. هەمان سەرچاوە ل / ١٧٩.
١٤٧. عبدلرەقیب یوسف، سەرچاوەی پێشوو، بەردە قارەمان بەناوی شێخ مەحموودەوە نییە، بەناوی سەرکردەیەکی کۆنی ناوچەی دەربەندی بازیانەوەیە.
١٤٨. ڕەشید شێخ عەبدلرەحمان/ مێژووی زاگرۆس هەولێر ٢٠٠١ ل/ ٥.
١٤٩. بڕوانە مێژووی کوێت ل/ ٩٨.
١٥٠. ڕەفیق حیلمی، سەرچاوەی پێشوو، ب١ ل/ ١٥٧.
١٥١. شێخ لەتیفی شێخ مەحموود، یادداشتەکان، ل/ ٦٤ ـ ٦٥.
١٥٢. ڕەفیق حیلمی، سەرچاوەی پێشوو ب١ ل/ ١٨١.
١٥٣. عەبدلرەقیب یوسف، سەرچاوەی پێشوو، ل/ ٤٤ ـ ٤٥.
١٥٤. هەمان سەرچاوە ل/ ٤٠.
١٥٥. هەمان سەرچاوە ل/ ٣٨.

١٥٦.  هەمان سەرچاوە ل/ ٤١ ـ ٤٢.
١٥٧.  هەمان سەرچاوە ل/ ٤٥.
١٥٨.  مارف خەزنەدار، دکتۆر. سەرچاوەی پێشوو ل/ ٢٨.
١٥٩.  هەمان سەرچاوە ل/ ٢٩.
١٦٠.  هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە ٣١.
١٦١.  هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە ٣١.
١٦٢.  هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە ٣١.
١٦٣.  هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە ٣١.
١٦٤.  زستانی ٢٠٠٨ لەدانیشتنێکی تایبەتدا لەشاری ئاخن، لەماڵی فەرەیدون خەسرەو رانیەیی لە مەمەندی عباس ئاغای ئاکۆم بیست ئەو دوانە ئامۆزا نین.
١٦٥.  شێخ لەتیف حەفید، هەمان سەرچاوە ل/ ٨٠.
١٦٦.  ڕەفیق حیلمی، هەمان سەرچاوە ب٢ ل/ ٥٤٨.
١٦٧.  هەمان سەرچاوە ب٢ ل/ ٥٤٣.
١٦٨.  شێخ لەتیفی حەفید، هەمان سەرچاوە ل/ ٦٠.
١٦٩.  همان سەرچاوە ل/ ٥١.
١٧٠.  ڕەفیق حیلمی هەمان سەرچاوە ب٢ ل/ ٥٣٨.
١٧١.  ڕەفیق حیلمی هەمان سەرچاوە ب٢ ل/ ٥٣٨ ـ ٥٣٩.
١٧٢.  ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب١ بەغداد ١٩٦٨ ل/ ١١٦.
١٧٣.  شێخ لەتیفی حەفید، هەمان سەرچاوە ل/ ٨٩ ـ ٩٠.
١٧٤.  شێخ لەتیفی حەفید، هەمان سەرچاوە ل/ ٩١.
١٧٥.  شێخ لەتیفی حەفید، هەمان سەرچاوە ل/ ٩٧.
١٧٦.  ئەو سەردەمە دەنووسرا أجتماع، حکومت.
١٧٧.  شێخ لەتیفی حەفید سەرچاوەی پێشوو ل/ ٩٤.
١٧٨.  ئەو سەردەمە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی ـ بنەڕەتی پۆلی یەکەم ـ پۆلی چوارەم بوو، پۆلی پێنجەم و شەشەم قۆناغی (ئیعدادی) بوو وەك قۆناغی ناوەندی ئێستا.
١٧٩.  شێخ لەتیفی حەفید، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٩٧ـ ٩٨ لە رۆژنامەی بانگی کوردستان ژ/ ١٣ رۆژی ٣ ـ٢ ١٩٢٢ وەرگیراوە.
١٨٠.  بڕوانە دکتۆرانامەکەی عەزیز شەمزینی (کوردستان والقضية القوميه الکوردیه).
١٨١.  لەهەندێك سەرچاوەدا ١٩١٨/١١/٣١ نووسراوە.
١٨٢.  ڕەفیق حیلمی. سەرچاوەی پێشوو، بڕوانە ب١ ل/ ١٨١.
١٨٣.  أبو شوقي. لمحات من تأريخ الانتفاضات والثورات الكردية، بيروت ١٩٧٨، ص٨١.
١٨٤.  گۆبلز (غۆبز) وەزیری راگەیاندن و پڕوپاگەندەی ئەڵەمانیای نازی.
١٨٥.  ئومێد کاکەڕەش. دیوانی شێخ سەلام. سلێمانی ١٩٩١ ل/ ٣٦.
١٨٦.  کەمال مەزهەر، دکتۆر. تێگەیشتنی راستی ل/ ٩٥.
١٨٧.  هەمان سەرچاوە ل/ ١٩١.
١٨٨.  هەمان سەرچاوەو هەمان ئەو لاپەڕەیە.
١٨٩.  هەمان سەرچاوەو هەمان ئەو لاپەڕەیە.
١٩٠.  هەمان سەرچاوەو هەمان ئەو لاپەڕەیە.

١٩١. کەمال مەزهەر، هەمان سەرچاوە ل/ ١٥٦.
١٩٢. هەمان سەرچاوەو هەمان ئەو لاپەڕەیە.
١٩٣. مارف خەزنەدار لەبارەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، ل١٣٥.
١٩٤. دیوانەکەی شاعیرم لەبەردەستدا نییە، ئەوەندەم لەیادە.
١٩٥. ئەو دارتووە دەکەوتە بەرامبەر زیندانی سلێمانی و چەند هەنگاوێك خوارووی خوێندنگەی بنەڕەتی پیرەمەگرون.
١٩٦. شەکری کەڵلە لەشێوەی گوللە تۆپدا دادەڕێژراو لەشێوەی کلۆی بچووکدا دەیانشکاند بۆ چای (دیژلەمە).
١٩٧. ڕەفیق حیلمی ب١ ل/ ٣٠.
١٩٨. هەمان سەرچاوە ل/ ٣٩.
١٩٩. هەمان سەرچاوە ل/ ٢٤٩.
٢٠٠. هەمان سەرچاوە، هەر ئەو لاپەڕەیە.
٢٠١. مێژەر نۆئێل، سەرچاوەی پێشوو ل/ ١٣٧.
٢٠٢. مێژەر نۆئێل، سەرچاوەی پێشوو ل/ ١٨٤.
٢٠٣. مێژەر نۆئێل، سەرچاوەی پێشوو ل/ ١٣٥.
٢٠٤. مێژەر نۆئێل، سەرچاوەی پێشوو ل/ ١٢٠ ـ ١٢٥.
٢٠٥. مەجیدی دراوێکی عوسمانی بوو، بەنێوی سوڵتان عەبدلمەجیدەوە.
٢٠٦. مێژەر نۆئێل، سەرچاوەی پێشوو ل/ ١٢٠.
٢٠٧. هەمان سەرچاوە ل/ ١٢١.
٢٠٨. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی راستی ل/ ٥٣.
٢٠٩. جەلیلی جەلیل، دکتۆر. راپەڕینی کوردەکان ١٨٨٠ ل/ ٥٢ ـ ٥٤.
٢١٠. هەمان سەرچاوە ل/ ٥٤.
٢١١. نۆئێل، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٢٢.
٢١٢. نیشانەی پرسیارەکە من دامناوە، شار، شارەدێ، گوندێك بەو ناوەوە لەکوردستاندا نییە.
٢١٣. کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٥٠.
٢١٤. نەوشیروان مستەفا، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، ٢٠٠٠ ل / ١٧١.
٢١٥. ئەمین زەکی، سەرجەمی بەرهەمەکانی ل/ ٤٣.
٢١٦. هەمان سەرچاوە ل/٥٣.
٢١٧. گومان هەیە.
٢١٨. ئەمین زەکی، سەرجەمی بەرهەمەکانی ل/٥١
٢١٩. بە مەعموری: بەئاوەدانی.
٢٢٠. نەعرە: نەعرەتەیە: هاوار، نەڕاندن.
٢٢١. ئەفزەلی خەلق: باڵاترین زیندەوەر (مرۆڤ). أفضل الخلق.
٢٢٢. حەیوانی ناهیق: گوێدرێژ.
٢٢٣. یەغماگەری، بێگار، سوخرە.
٢٢٤. بۆ دەقی هۆنراوەکان، بڕوانە دکتۆر مارف خەزنەدار، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە. بەغدا ١٩٨٤ ل/ ١٣١، ١٣٣، ١٣٤، ١٤٢، ١٤٣، ١٦٠.
٢٢٥. ئەمین زەکی، سەرجەمی بەرهەمەکانی ل/٥٥
٢٢٦. ئەو وەڵامەی عارەبێك نیشانەی دۆستایەتیکردنی کوردە، ئەگینا دەیوت (موخەڕیبین).

٢٢٧. سەرجەمی بەرهەمی ئەمین زەکی ل/ ٤٤ ـ ٤٥.
٢٢٨. هەمان سەرچاوە ل/ ٤٤.
٢٢٩. هەمان سەرچاوە ل/ ٤٠.
٢٣٠. نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٢٦٩.
٢٣١. سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەمین زەکی ل/ ٣٧.
٢٣٢. ئەو دوو ڕێژەیە، صەد پڕ ناکاتەوە دەشێت ٦٦ بە ٣٤ یان ٣٤ بە ٦٦ بێت.
٢٣٣. سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەمین زەکی ل/ ٣٩.
٢٣٤. نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٢٧٠.
٢٣٥. ئەمین زەکی، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٤٢.
٢٣٦. نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٢٧٠.
٢٣٧. ئەمین زەکی سەرچاوەی پێشوو ل/ ٥١.
٢٣٨. هەمان سەرچاوە ل/ دووبارە ل/ ٥١.
٢٣٩. هەمان سەرچاوە ل/ ٦٠ ـ ٦١.
٢٤٠. هەمان سەرچاوە ل/ ٦٠.
٢٤١. هەمان سەرچاوە ل/ ٦١.
٢٤٢. هەمان سەرچاوە هەمان لاپەڕە.
٢٤٣. هەمان سەرچاوە ل/ ٦٤.
٢٤٤. هەمان سەرچاوە ل/ ٧٣.
٢٤٥. نەوشیروان مستەفا، هەر سەرچاوەی پێشوو ل/ ٢٧٢.
٢٤٦. هەمان سەرچاوە ل/ ٢٥٣.
٢٤٧. کۆبوونەوەکان و مۆرکردنی پەیمانی بەریتانیا ـ عێراق ١/٤ـ١٩٣٠/٦/٣٠ی خایاندو نوری سەعید پاشا هەتا ١٩٣٠/٧/١٨ ڕۆژی مۆرکردنی پەیمانەکە لە لەندەن مایەوە.
٢٤٨. نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو ل٢٤٠.
٢٤٩. عبدالرزاق الحسني، العراق في ظل المعاهدات. لبنان، ١٩٥٨ ط٣ ل/ ١٣٣.
٢٥٠. هەمان سەرچاوە ل/ ١٢٩.
٢٥١. دووای تۆفیق وەهبی، ئەحمەد بەگ و ئەمجا ئەحمەد عوسمان موتەصەریفی سلێمانی بوون.
٢٥٢. نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٥٥ ـ ٥٦.
٢٥٣. نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٢٨٨.
٢٥٤. سەرچاوەی پێشوو ل/ ١١٩.
٢٥٥. سەرچاوەی پێشوو ل/ ١٢٠.
٢٥٦. سەرچاوەی پێشوو هەر ل/ ١٢٠.
٢٥٧. سەرچاوەی پێشوو ل/ ١٠٨.
٢٥٨. سەرچاوەی پێشوو ل/ ١٢١ ـ ١٢٤ نێوان جوت کەوانەکان من دامناون. ن. ك.
٢٥٩. سەرچاوەی پێشوو ل/ ٥٤.
٢٦٠. سەرچاوەی پێشوو ل/ ٢٥٢.
٢٦١. هەمان سەرچاوە ل/ ٢٤٠ ـ ٢٤١.
٢٦٢. تۆفیق وەهبی بەگ ١٨٩١/١١/١ لەسلێمانی هاتۆتە دنیاوەو ١٩٨٤/١/٥ لە لەندەن کۆچی دووایی کردو لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لەچیای پیرەمەگرون- لەگوندی زێوێ نێژراوە.

٢٦٣. نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو ل/٢٣٠.
٢٦٤. هەمان سەرچاوە ل/ ٢٢٠.
٢٦٥. هەمان سەرچاوەو هەر ئەو لاپەڕەیە.
٢٦٦. جگە لەنێوان دوو کەوانەکان بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل/ ٢١٩ ـ ٢٢٠.
٢٦٧. نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەڕەکانی ٢١٩ ـ ٢٢٠.
٢٦٨. حەسەن مەحمود حەمە کریم، خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی کورد /٣ چ٣ ١٩٨٨ ل ٢٥.
٢٦٩. هەمان سەرچاوە ل/ ٢٤.
٢٧٠. هەمان سەرچاوە ل/ ٢٤.
٢٧١. هەمان سەرچاوە ل/ ٢٤.
٢٧٢. هەمان سەرچاوە ل/٢٥.
٢٧٣. هەمان سەرچاوە ل/ ٢٧ ـ ٣٠.
٢٧٤. القشقندی، صُبح الأعشی ج٤ ص ٣٧٣.
٢٧٥. کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تەئریخی جاف چ١ بغداد ١٩٩٥ ل/ ٢٣.
٢٧٦. هەمان سەرچاوە ل/ هەمان لاپەڕە.
٢٧٧. ئەمین زەکی، تأریخی سلیمانی ولاّتی. بەغداد ١٩٣٩ ل ٧٩.
٢٧٨. ئەمین زەکی، تأریخ الدول والامارات الکردیة. ترجمة محمد علي عونی. القاهرة ١٩٤٥ ص ٤٢٢.
٢٧٩. ئەمین زەکی، مشاهیر الکرد وکردستان ج٢،القاهره ١٩٤٧، ص ١٨١
٢٨٠. سولّتان عەبدلحەمید ١٨٤٢/٩/٢٢ هاتۆتە دنیاوەو لەبەرهەمی جوتبوونی کەنیزەکێکی چەرکەسی لە کەنیزەکەکانی باوکی بەنێوی تیری موژگان و چێشتلێنەرێکی ئەرمەنی کۆشك. سولّتان عەبدلحەمید هەتا هەفتەیەکیش بەکوڕی خۆی نەدەزانی!
بڕوانە علی الوردی، الدکتور. لمحات من تأریخ العراق المعاصر ج٣ بغداد ١٩٧٢ ص ١٢. هەروەها بڕوانە أُرخان محمد علی، السلطان عبدالحمید. بغداد؟ ص ٨٢.
٢٨١. کەریم بەگی فەتاح بەگ، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٦٩ ـ ٧٠.
٢٨٢. بۆ چەند چمکێکی ئەم باسە بڕوانە کەریم بەگی فەتاح بەگ ل/ ٧٣، ٧٤.
٢٨٣. هەمان سەرچاوە ل/ ٥.
٢٨٤. هەمان سەرچاوە ل/ ٧٦.
٢٨٥. مەحموود حسن عەزیز، کورتەیەك لە مێژووی جاف. سلێمانی، ١٩٨٥ ل٥٨.
٢٨٦. سۆن ـ مێژەر. رحلة متنکر الی بلاد ما بین النهرین و کردستان ـ ترجمة فواد جمیل ص ٢٤٩.
٢٨٧. کەریم بەگی فەتاح بەگ. سەرچاوەی پێشوو ل/ ٧٦.
٢٨٨. دیوان شێخ سەلام. ئومێد کاکە ڕەش. سلێمانی ١٩٩١ ل/ ٣٦.
٢٨٩. عەبدالرەقیب یوسف، بانگەوازێك بۆ ڕووناکبیرانی کورد. سلێمانی ١٩٨٥ ل/ ٣٧.
٢٩٠. سیڤەر شارۆچکەیەکە لەنزیك پاریس و لۆزان شارێکە لە سویسرا. (سایکس) نوێنەری بەریتانیا و (بیکۆ)ش نوێنەری فەرەنسایە و بەدوو قۆلّی و بەنهێنی ئەو ڕێککەوتنەیان مۆرکرد کە بەناوی خۆیانەوە ناسراوە.
٢٩١. کمال مظهر، کردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولی. بغداد ١٩٨٤ ص ٣٤٦ ـ ٣٤٧.
٢٩٢. چینی لەکوردەواریدا بەو دەفرانە دەڵێن لەکارگەکانی دەرەوە دروستدەکران و دەهێنرانە بازاڕەکانی کوردستان، چینی و فەخفوریشی پێدەوتراو ناوەکەشی لەوەوە هاتووە لەوڵاتی چین بەرهەم دەهێنران.
٢٩٣. الاعمال الکامله للکواکبی ص ١٣٨، ١٨٥، ١٨٦.
٢٩٤. نوری تاڵەبانی، دکتۆر. ناوچەی کەرکووك و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە. کتێبی ئەرزان

١٩٨٨ ل/٣٠.

٢٩٥. تورکمانەکانی عێراق بەڕەگەز تورکمان نین، بەڵکو وەچەی فەرمانبەرە تورکەکانی سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانین لەعێراق و بەرامبەر کورد و عارەبیش دڵڕەش و ناحەزو تورکخوازن.

٢٩٦. نوری تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٨٢.

٢٩٧. هەمان سەرچاوە ل/ ٨١.

٢٩٨. عبدالرزاق الحسني. العراق في ماضيها و حاضرها. صيدا ١٩٥٦.

٢٩٩. نوری تاڵەبانی، هەمان سەرچاوە ل/ ٢٤.

٣٠٠. كمال مظهر احمد. الدكتور. كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، بغداد ١٩٨٤ ص١٨٥.

٣٠١. بڕوانە حەمە بۆر. گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە ٧٥ ك٢ ١٩٩٥

٣٠٢. ڕەفیق حیلمی یادداشت ب١ ل/ ٣٢٠.

٣٠٣. ڕەفیق حیلمی یادداشت ب٢ ل/ ٣٤٠ـ٣٤١.

٣٠٤. مینورسکی. الاكراد. ص ١٤٣ ـ ١٤٧.

٣٠٥. حسین مدنی کردستان و ستراتیژی دەوڵەتان. ب٢ ستوکهۆڵم ٢٠٠١ ل/ ٧ ـ ٩.

٣٠٦. هەمان سەرچاوە ل/ ١٤.

٣٠٧. هەمان سەرچاوە ل/ ٨٣ ـ ٨٥.

٣٠٨. حسین مدنی وەهای نووسیووە، بەڵام ورمێ بەگشتی و چهریق بەتایبەتی بنکەی دەستەڵات بوون.

٣٠٩. حسین مدنی، سەرچاوەی پێشوو ب٢ ل/ ٨٥ ـ ٨٨.

٣١٠. لەهەندێك سەرچاوەدا وەك حسێن مەدەنی بۆ نموونە لە ب٢ ل/ ٧٦دا دەڵێت مارشەمعوون و هاوەڵەکانی ڕۆژی ٢٥ ڕەشەمە ١٢٩٦/١٩١٧ کوژران.

٣١١. هەمان سەرچاوە ب٢ ل/ ٦٧.

٣١٢. هەمان سەرچاوە ب٢ ل/ ٩٤.

٣١٣. ئەوە لەڕوانگەی سەربازێکی دوو پلێتەی وەك ڕەزاخانی چاوەشەوە ئەگینا ئەو ناوچانە خاکی کوردبوون.

٣١٤. بڕوانە حسێن مدنی ب٢ ل/ ١٠٦.

٣١٥. شێخ لەتیف، یادداشتەکان ل/ ١٠١.

٣١٦. هەمان سەرچاوە ل/ ١٠٢ ـ ١٠٣.

٣١٧. ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان ژمارە ٨/ی ١٩٢٢/١١/١٥، بڕوانە شێخ لەتیف سەرچاوەی پێشوو ل/ ١٠٧ ـ ١٠٨ بەڵام دەستکاری ڕێنووسەکەی کراوەو لەگەڵ وشە گەل و زاراوەو دەربڕینەکانی ئەو سەردەمەدا ناگونجێن. ئەوەی زۆر زەق دیارە (وو، ر، ۆ، ێ) پشتگوێیم خستن، چونکە کەسمان باوەڕ ناکەین (ڕۆژی کوردستان) ەکەی شێخ مەحمود بەو شێوەیە نووسیبێتی.

٣١٨. ڕەفیق حیلمی ب٢ یادداشت ل/ ٦٠٢.

٣١٩. ڕەفیق حیلمی ب٢ یادداشت ل/ ٦٣٥.

٣٢٠. کەمال مەزهەر. چەند لایەنێك لەمێژووی گەلی کورد ل/ ٤٥.

٣٢١. شێخ لەتیف، یادداشت ل/ ١٠٩.

٣٢٢. كمال مظهر احمد. الدكتور. كردستان في سنوات الحرب الاولى ص / ١٦٥.

٣٢٣. هەمان سەرچاوە ل/ ١٧٠.

٣٢٤. حسین مدنی، سەرچاوەی پێشوو ب٢ ل/ ١٠٨.

٣٢٥. علي الوردي، الدكتور. لمحات من تأريخ العراق م٤ ج٦ ف١ ص/ ٢١٢.

٣٢٦. حەمە بۆر، گۆڤاری ڕەنگین ژمارە / ٧٥ی ك٢/ ١٩٩٥.

٣٢٧. جەلییلی جەلیلی، راپەڕینی کوردەکان ١٨٨٠ ل/٥٠.
٣٢٨. هەمان سەرچاوە ل/ ٥٤.
٣٢٩. مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية ج٣ أربيل ٢٠٠٣
٣٣٠. کەوانەکە مێژوونووس حەسەنی دایناوە. جێگەی داخە زۆربەی هەرە زۆری نووسەری کوردیش ووشەی کورد، کوردستان کە بەعارەبی دەنووسن دەبنە کرد، کردستان تەنانەت زانایەکی مەزنی وەك پرۆفیسۆر جەمال نەبەزیش کەوتۆتە ئەو هەڵەیەوە.
٣٣١. عبدالرزاق الحسني، تأريخ العراق السياسي الحديث. صيدا ـ لبنان ١٩٤٨ ص ٢٩٠.
٣٣٢. مسزبيل. مراحل من تأريخ العراق. گۆڕینی جەعفەر ئەلخەییات ل/ ١٠٩.
٣٣٣. علي الوردي، الدكور. م٤ ج٦ ف١ ص/ ٢١٢.
٣٣٤. هەمان سەرچاوە ل/ ٢١٢.
٣٣٥. هەمان سەرچاوە ل/ ٣٩.
٣٣٦. بڕوانە دیوانی ئەحمەد موختار جاف. دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول بەغداد ١٩٨٦ ل/ ٣٧.
٣٣٧. بەڕێنووسی عارەبی دەنووسرێت: رئيس مجلس الهيئة التمثيلية.
٣٣٨. کۆمیتەی باڵای دەسەڵاتی گەل.
٣٣٩. سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولی١٩٦١ بەتاوانی پەیوەندیکردن بەڕژێمی بەغداوە لەشاری سلێمانی تیرۆر کرا.
٣٤٠. ڕەفیق حیلمی، یادداشت ب٢ ل/ ٦١٢.
٣٤١. هەمان سەرچاوە، بڕوانە ل/ ٦٤٣ پەراوێزی ((١)).
٣٤٢. هەمان سەرچاوە ل/ ٦٢٠.
٣٤٣. هەمان سەرچاوە ل/ ١٢٦ ـ ١٢٧.
٣٤٤. هەمان سەرچاوە ل/ ٦٤٢ ـ ٦٤٣.
٣٤٥. هەمان سەرچاوە ل/ ٦٢١ ـ ٦٢٣.
٣٤٦. هەمان سەرچاوە ل/ ٦٢٣.
٣٤٧. هەمان لاپەڕە.
٣٤٨. هەمان لاپەڕە.
٣٤٩. هەمان سەرچاوە ل/٦٢٤ ـ ٦٢٥.
٣٥٠. هەمان سەرچاوە ل/ ٦٢٥ ـ ٦٣٧.
٣٥١. هەمان سەرچاوە ل/ ٥٤٩.
٣٥٢. هەمان سەرچاوە ل/ ٥٣٣.
٣٥٣. ئەو نامانە بریتین لە پێنج نامەی شەریف حسێن و پێنج وەڵامنامەی مەکماهۆن.
٣٥٤. عەزیز شەمزینی، دکتۆر. نامەی دکتۆراکەی! ل/ ٤٥ ـ ٥٠ و ١١٤ ـ ١١٦.
*٣٥٥*. کەمال مەزهەر، دکتۆر. چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد. ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە ب٢ ٢٠٠١ هەولێر ل/٧٦.
٣٥٦. *كمال المظهر، الدكتور.* كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى ط٢. بغداد ١٩٨٤ ص ١٧٧.
٣٥٧. مزهر آل فرعون. الحقائق الناصعة ج١ بغداد ١٩٥٢ ص ٤٠.
٣٥٨. هەمان سەرچاوە ص ٤٤ ـ ٤٥.
٣٥٩. شێخ رەشید عەبدلرەحمان، مێژووی زاگرۆس. هەولێر ٢٠٠١ ل/ ٥.
٣٦٠. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك...ل/ ٤٢ هەروەها مسزبیل، فصول من تأريخ العراق، تأريخ جعفر الخياط ل/ ١٠٩، دانیشتووانی بەغداد گۆرانییەکیان پێدا هەڵدابوو (هلة بالحلوة مسزبيل خلينا نروح الأوتيل).

٣٦١. شێخ لەتیف شێخ مەحموود، یادداشت ل/ ١١٩.
٣٦٢. بانگی هەق ژمارە/ ٣ رۆژی پێنج شەممە ١٩٢٣/٤/١٢، بڕوانە تێگەیشتنی راستی ل/ ٨٤.
٣٦٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو هەر ئەو لاپەڕەیەش.
٣٦٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل/ ٨٥.
٣٦٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل/ ٧٩.
٣٦٦. شێخ لەتیف شێخ مەحموود، سەرچاوەی پێشوو ل/ ١١٩.
٣٦٧. هەمان سەرچاوە ل/ ١١٤ ـ ١١٥.
٣٦٨. بڕوانە هەمان سەرچاوە ل/ ١١٠.
٣٦٩. هەمان سەرچاوە ل/ ١١٦.
٣٧٠. هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.
٣٧١. هەمان سەرچاوە ل/ ١١٧.
٣٧٢. ڕەفیق حیلمی سەرچاوەی پێشوو ب٢ ل/ ٥٤.
٣٧٣. کامیل ژیر، کوردایەتی بیروبزاڤە ـ سلێمانی ٢٠٠٦.
٣٧٤. ئەحمەد خواجە، چیم دی. ب٢ ١٩٦٩ ل/ ١٣.
٣٧٥. بڕوانە کمال مظهر. کردستان في سنوات... ص ٤٦.
٣٧٦. هەمان سەرچاوە ل/ ٤٧.
٣٧٧. شێخ لەتیف، سەرچاوەی پێشوو ل/ ١٤٧.
٣٧٨. رووپی (رووپییە) دراوێکی عوسمانی بوو، هەتا شەستەکانیش وەك دووەم ناو بۆ ٧٥ فلسی عێراقی بەکاردەهێنرا. سەرەتای دامەزراندنی عێراق مانگانەی پۆلیسێك دە رووپی (٧٥٠ فلس) بوو.
٣٧٩. شێخ لەتیف، سەرچاوەی پێشوو ل/ ١١٨.
٣٨٠. شێخ لەتیف، سەرچاوەی پێشوو ل/ ١٤٧.
٣٨١. بارەگاکەی ئۆزدەمیر لە رەواندزو بڵاوبوونەوەی دەسەڵات بەو ناوەدا کارتێکی باش بوو بەدەست شێخەوە بۆ گوشار بردنە سەر ئینگلیز.
٣٨٢. شێخ لەتیف، یادداشتەکان ل/ ١١٨.
٣٨٣. شێخ لەتیف، یادداشتەکان ل/ ١٩٢.
٣٨٤. شێخ لەتیف، یادداشتەکان ل/ ١٨١ ـ ١٨٢ سەردەمی شێخ دەنووسرا کانون أول.
٣٨٥. ووشەکانی لاکین (لکن)، فەقەت (فقط) هەتا کۆتایی صاڵی حەفتای سەدەی رابردووش بەکاردەهێنرا.
٣٨٦. لەو سەردەمەدا زمانێکی گونجاوبوو، بەڵام ناوی کتێبەکان یا بابەتەکان (وانەکان) هەر بۆ نموونە (ئەشیاء وصیحە) لە پۆلی چوارەمی سەرەتایدا دەمانخوێند، (تأریخ)، (رسم و أعمال)، (حساب)، (أملاء)، (نَشید)...خۆ دەتووانرا بکرێتە کوردییەکی رەوان و بێ گرێ و گۆڵ. مەحوی لوتکە لە هەندێك هۆنراوەدا بەزمانێکی ئەوەندە پوخت و پاراو دەدوێت سەرت سوڕدەمێنێت.
٣٨٧. ڕێکخستنەکانی پدك لە پێنج لق پێکهاتبوون: لقی یەك ـ هەولێر، لقی دوو ـ مووصڵ، لقی سێ ـ کەرکوك، لقی چوار ـ سلێمانی، لقی پێنج ـ بەغداد.
٣٨٨. زۆرێك لەو ووشانە رەنگدانەوەی زمانی نووسینەکانی رۆژنامەی خەبات و رۆژی نوێ بوون کە پدك دووای شۆڕشی ١٤ گەلاوێژ ١٩٥٨ چاپ و بڵاویدەکردنەوە.
٣٨٩. ووشەی ئەفسەر لەسەردەمی کۆماری کوردستانەوە لەزمانی کوردیدا بەکاردەهات و هەر لەوێشەوە گەیشتە باشوورو بەقوماشی خاکی یا زەردی تاریك دەوترا ئەفسەریی.
٣٩٠گۆران دەڵێت: وەزیفەم بوو لەپێناوی وڵاتێکاسەرم بەخشم * کە تۆی پەروەردەکرد بۆمن لەدامێنی چیاو کەژیا

٣٩٣ـ بۆ بەرزی وەتەن بەیداخ نیشانە بۆ سەلامی ئەو وەستان زۆر جوانە
٣٩٤ـ لەم سەردەمەدا کە بەراوردی بێژەرەکانی کەناڵەکانیTV دەکەین بەو هەموو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو توانایەی لەبەردەستیاندایە، هێشتا بەتۆزی پێی ئەواندا ناگەن! ڕۆژنامە نەبوون، هەفتانە یان مانگانە یا وەرزی بوون، جگە لە التأخی بە عارەبی و پاشکۆی برایەتی.
٣٩٥ـ ئەمانە ڕۆژنامە نەبوون.
٣٩٦ـ پێشتر ئەجزا خانە ـ ئەجزاچی و دوواتر صەیدەلی ـ صەیدەلانی بەکاردەهێنرا وەك لەسلێمانی بەیەکەمین دەرمانسازی شارەکە دەوترا نووری عەلی ئەجزاچی و بەدووەمیشیان دەوترا ڕەوفی صەیدەلی.
٣٩٧ـ پێشتر دەوترا شرینقە.
مامۆستای کوردپەروەر نوری عەلی ئەمین کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابوردو کتێبی (کتێبی ڕێزمانی کوردی) چاپ و بڵاوکردەوە، سەرچاوەیەکی زێدە گرنگ و بگرە تاقانەش بوو لەبەردەست خوێندکارو لاوانی ئەو سەردەمەدا بۆ فێربوون و هەمانکات پڕیش بوو لەوانەی کوردایەتی.
٣٩٩ـ سەرەتای ١٩٥٨ دامەزرابوون، نەقابە (نقابة، أتحاد، جمعية) بەکاردەهات.
٤٠٠ـ گوایە لیژنەکە کوردیزانن و پەرتووکەکانی خوێندن لەعارەبییەوە دەگۆڕن بۆ کوردی، بەرەکەتداو لەشیان ساغ بێت لەبری کۆنکرێتی موسەللەح (کونکریت مسلح) کۆنکرێتی چەکداریان دانابوو!
٤٠١ـ زۆرجاران لەڕەوەندی کورد دەبیستم دەڵێن: بەحر، بوحەیرە، موحیط، فەیەزان.
٤٠٢ـ شێخ لەتیف، یادداشتەکان ل/ ١٨٤ ـ ١٨٥.
٤٠٣ـ ڕۆژنامەی ژیان ژمارە ٢٥٨ ڕۆژی ١٩٣٠/٨/٢٨ (بڕوانە نەوشیروان مستەفا، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات ل/ ١٢٧).
٤٠٤ـ نەوشیروان مستەفا، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات ل/ ١٧٠ ـ ١٧١.
٤٠٥ـ خۆپیشاندان و پێکهەڵپژانی پۆلیس و جەماوەری شاری سلێمانی لەپێشوازیکردنی تەرمی شێخی کوردان.
٤٠٦ـ نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو ل/ ٦٥.
٤٠٧ـ لەهەندێك سەرچاوەدا (لەناو دۆشەکا) نووسراووە.
٤٠٨ـ ئەوە چەند کۆپلەیەکی هۆنراوەکەیە.
٤٠٩ـ مارف خەزنەدار، دکتۆر. لەبارەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە بەغداد ١٩٨٤ ل/ ١٣٨.
٤١٠ـ نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو ل/ ١٣٤ ـ ١٣٨.
٤١١ـ هەمان سەرچاوە ل/ ٦١.
٤١٢ـ کەمال مەزهەر، دکتۆر. چەند لاپەڕەیەك لە ...ل/ ٥٤ ـ ٥٥.
٤١٣ـ هەمان سەرچاوە ل/ ٧٩.
٤١٤ـ هەمان سەرچاوە، ل/ ٦٢.
٤١٥ـ ڕەفیق حیلمی، یادداشت، ب٢، ل٤٣.
٤١٦ـ کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١ـ ٦٤.
٤١٧ـ سندرسن پاشا، مذكرات طبيب العائلة المالكه في العراق، ١٩١٨ ـ ١٩٤٦. ترجمة سليم طه التكريتي، ط٢، بغداد، ١٩٨٢، ص١٣٩.
٤١٨ـ شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ ڕەوفی کوڕی سەیید نوری نەقیب کە ئێستا لە ئەڵەمانیا دەژی لەپشتی ئەو وێنەیەی نووسیووە لەخزمەتی شێخدا گرتوویەتی.
٤١٩ـ شێرە ژن شەهید ئەختەر، هاوسەری هونەرمەندی گۆرانی بێژ ڕەشۆڵ.
٤٢٠ـ دیوانی (شێخ مەحموودی زیندوو) لەبەردەستمدا نییە، گومان لەدروستی ووشەی (کێوانە) دەکەم.
٤٢١ـ بەریتانیا ١٩٢٣/٩/٤ مافی گەڕان و پشکنین و بەرهەمهێنانی نەوتەکەی عێراقی وەرگرت.
٤٢٢ـ کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.
٤٢٣ـ بارزانی مستەفا حەزیدەکرد بە (مستۆ) ناو ببرێت نەك سەرۆك و پێشەواو... زۆریش لەو کەسە پەست و

دڵگیر دەبوو بە (مامۆستا) ناوی ببات.

٤٢٤ـ بارزانی بۆ پیشاندانی ئەوپەڕی هاوکاری و پشتگیریکردنی کۆماری عێراق بە سەرۆك کۆمار دەڵێت (ئێمە جوندی زەعیمی جمهورین) میرحاج ئاکرەیی کە پێشتر ئەفسەرێکی سوپای عێراق بوو بەپلەی سەرهەنگ و سێ حکوومەتی عێراق و ئێران و تورکیایان تووشی شەرمەزاری کردبوو، نیگەران دەبێت و بەهەڵچوونێکەوە دەڵێت ئەز جوندی نینە! بارزانی دەڵێت (میرۆ کرِبە!).

٤٢٥ـ علي الوردی، الدکتور. لمحات من تأريخ العراق الحديث، ج٦، ق٢، ف٣، ٢٠٠٥، ص ٨.

٤٢٦ـ احمد السباعي. تأريخ مكة، ١٣٧٢هـ. ص١٣٥.

٤٢٧ـ ئەم ئەبولفتووحە خۆی ناودەنێت خەلیفە ئەلراشید و پەلاماری شاری مەککەی پیرۆزیداو کابەی تالانکرد بەو هەموو زێڕو گەوهەرو زمروتەی تێیدابوو، شمشێرێکیشی هەڵگرت و وتی ئەمە زولفیقارەکەی ئیمام عەلییە...دووای مەککە وڵاتی یەمەنیشی داگیرکرد.

٤٢٨ـ عبدالملك العصامي، سمط النجوم العوالي. ج٤، ص١٩٦.

٤٢٩ـ خودابەند بە سێ پشت دەچێتەوە سەر هۆلاکۆ.

٤٣٠ـ عباس العزاوي. المحامي. تأريخ العراق بين أحتلالين، ج١، بغداد، ١٩٣٥، ص٤٤٥.

٤٣١ـ ناوچەیەك لەنێزیك بەغدا هەیە بەنێوی رومەیثە.

٤٣٢ـ یەکتر دەرپەڕاندنی براکان هەر لەنێو میرانی باباندا رووی نەداوە.

٤٣٣ـ محسن الأمين، كشف الأرتياب، ط٣، ص٧.

ساڵی ١٧٤٣ نادر شای ئەفشار کۆنگرەیەکی لەشاری نەجەف رێکخست بۆ ئاشتبوونەوەو پێکهاتنی زاناکانی شیعەو سوننە، بەڵام زاناکانی رێبازی وەهابی، تاوانی (فاسید) دەدەنە پاڵ شیعەکان و رێگەی حەج کردنیشیان لێدەگرن.

٤٣٤ـ عبدالملك العصامي. سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢٩.

٤٣٥ـ عبدالله بن حسين، مذكراتي. القدس، ١٩٤٥، ص١١ـ١٣.

٤٣٦ـ أمين الريحاني، تأريخ نجد. بيروت، ١٩٥٤. بڕوانە ل١٩٢ ـ ١٩٣.

٤٣٧ـ عبدالله بن حسين، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦ ـ ٦٨.

٤٣٨ـ هەمان سەرچاوە، ل٧٠.

٤٣٩ـ علي الوردی، سەرچاوەی پێشوو، ج٦، ق٢، ف٣، ل٩٦ ـ ٩٧.

٤٤٠ـ خێودار ـ خاوەندار لەجێگەی (رعية ـ رعايا)ی عارەبی بەپەسەند دەزانم.

٤٤١ـ علي الوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.

٤٤٢ـ سليمان الموسى، الحركة القومية العربية. بيروت، ١٩٧٠، ص٤١٧.

٤٤٣ـ خيرية قاسم، الحكومة العربية في دمشق. القاهرة، ١٩٧١، ص٩٥.

٤٤٤ـ علي الوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

٤٤٥ـ محمد حسنين هيكل، مدافع آية الله، ص٤٦.

٤٤٦ـ ئەو کەسانە گوایە چوونەتە حەج بەڵام لەبری (حاجی) بە (مەشهەدی) و (قومی) ناودەبران.

٤٤٧ـ بەدیالێکتی ئاخاوتنەکەدا پێدەچێت ئەو کابرایە خەڵکی خانەقین یان مەندەلی بووە.

٤٤٨ـ سەرنجێك لەوە بدە هەتا سەردەمی ئەو پەیمانەش، سوڵتانی عوسمانی،دەوڵەتی ئێران بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ نابینێت!

٤٤٩ـ کەڵکم وەرگرتووە لە نەوشیروان مستەفا،میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی رۆم و.. ١٩٨٨، ل/ ٣٩.

٤٥٠ـ علي شاكرعلي،تأريخ العراق في العهدالعثماني.بغداد،١٩٨٤ص٨٠ كذلك مشير الدولة، ص. ٧٤ ـ ٧٨.

٤٥١ـ ئەو دوو دەوڵەتە شۆڕشگێڕانی کوردو هۆزە یاخییەکانیان بە (ڕاکردوو ـ راکردوو لەسزای یاسا) ناودەبرد.

٤٥٢ـ کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تأریخی جاف. بەغداد، ١٩٩٥، بڕوانە ل/ ٤٨.

٤٥٣ـ علي الوردی، سەرچاوەی پێشوو، م٢، ج٣،٤. ٢٠٠٥، ل/ ١٣٦.

٤٥٤ـ كەریم بەگی فتاح بەگی جاف، سەرچاوەی پێشوو، ل/ ٥٩.
٤٥٥ـ صاڵی ١٩٦٦ حکوومەتی عێراق پارەی کردنەوەی زانکۆیەکی نەبووە!
٤٥٦ـ مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، أربيل، ٢٠٠٣، ص٥٤٨ ـ ٥٥٠.
٤٥٧ـ بڕوانە رۆژنامەی خەبات ـ پدك ـ ١٩٦٠.
٤٥٨ـ دوو صاڵ لەکوردستان، ل/ ٣٦.
٤٥٩ـ عبدالرزاق آلحسني،تأريخ الوزارات العراقية،ج١،ص٤٣+علي الوردي،سەرچاوەی پێشو،ج٦، ق٣، ص٣١٢.
٤٦٠ـ سەرچاوەی پێشوو، ج٦، ف١، ص٣١٢.
٤٦١ـ محمد البصير، تأريخ القضية العراقية، بغداد، ١٩٢٣، ص٨١.
٤٦٢ـ عبدالرزاق الحسني، سەرچاوەی پێشوو، م١، ج٦، ف١، ص ٣١٢.
٤٦٣ـ مزهر آل فرعون، الحقائق الناصعة. بغداد، ١٩٥٢، ص ٧٥.
٤٦٤ـ سليمان البستاني، عبرة و ذكرى القاهرة، ١٩٠٨.
٤٦٥ـ على الوردى، سەرچاوەی پێشوو، م٤، ج٦، ف١، ص ١١٩.
٤٦٦ـ هەمان سەرچاوە، ل/ ١١٩ ـ ١٢٠.
٤٦٧ـ عبدالرزاق الحسنى، سەرچاوەی پێشوو، ل/ ٢٦ ـ ٢٩.